وە لجنە بڕیاری دا کە هەر ئەندامێک ئەو نەزەریەی جاوەری یاسم دەرنەکاتەوە، بەدلۆڤیان جەولی ئەدات بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی بۆ ڕوزگار کردنی حزب لە مەترسیەکانی انعزالیەت، بەدەرئەخات کە حەقی ئەندامێتی حزبی نیە وئەبێ ئارەزووی بێ دەست لاتی خۆی دەربخات، بۆ ڕزگار بوون لە دەردی ئنعزالی، وە پێویستە لە ڕیزی حزب دەربکرێت.

چوارەم — مەسەلەی فلاحو شیعارەکانی حزب لە ناویاندا :

ئەو مقالەی کە لە ژمارە (٢٢) ی ڕوژنامەی مەرکەزی حزب (القاعدة) دا بڵاوکرایەوە لە ژێر عنوانی (چەند مشکلەیەکی فلاحەکانی شمال) ئەو وەی بە کوردی ترجمە کراو بڵاوکرایەوە لە ئازادی ژمارە (٣) ی ساڵی ئەمسادا بە شێوەیەکی گشتی مسئلەی فلاحی لە شمالدا ڕوشن ئەکاتەوە. وە لجنەی فرع داوا ئەکات لە هەموو مسئولو ئەندامەکان کە ئەو مقالە بخوێنن و بۆی تێ ئەگەن بکەن وە هەروەها داوایان لێ ئەکات کە مساهمە بکەن لە پێکەوەنانی دراسەیەکی دەورو دریژدا دەربارەی مسئلەی فلاحی، لەسەر ڕوشنایی نشرەکەی حزب بە عنوانی (شێوەی دراسەتی مسئلەی فلاحی).

وە لەسەر ڕوشنایی دراسەتی مشکلەی فلاحی لە شمالدا، وە لەسەر ڕوشنایی ئامۆژگاریەکانی مارکسی — لنینی — ستالینی وە ئامۆژگاریەکانی حزبەکەمان، لجنەی فرع موتی حزب دەرئەخات بەرامبەر مسئلەی فلاحی بەم ڕووە تەنگی خوارەوە.

١— بەرز کردنەوە و تحلیل پێکردنی شعاری دابەشکردنی زەوی زاری ئمیریو دەرەبەگیو زەوی زاری ملاک گەورەکان بەسەر فلاحەکاندا بە خۆرایی، لە دێهاتو لەو ناوچانەدا کە زەوی زارەکانیان ئمیریە یا هی دەرەبەگو ملاکە گەورەکانە.

٢— بەرز کردنەوەی شعاری "پاراستنی ملکیەتی زەوی زاری بچوک" لە و دێهاتو شوێنانەدا کە زەوی زارەکانیان هی فلاح یاهی ملاکە بچوکەکانە، لە وانەی ئەکە وتە بەر پەلامار داتو زەوت کردنی دەرەبەگو ملاکە گەورەکان بە پشتگیری حکومەت.

٣— تێکوشان بۆ نەهێشتنی ئەو ضریبەو سەرانانەی کە دەرەبەگەکان بەسەر فلاحەکانیاندا یرریبون، وە بۆ کەم کردنەوەی ملکانە، بە نزیکبوونەوە — وە بە تالکردنەوەی قانونی ضریبەی دەخل کە حکومەت بە ناحق لە فلاحەکانی ئەستێنێت لە ڕێگەی گەورانی لجنەکانی تخمینەوە بە ناو دێهاتەکاندا.

٤— تێکوشان بۆ زیاد کردنی کرێی کرێکارە زراعیەکان وە چاک کردنی شروطی ئیش کردنیان، وە بە تایبەتی هی ئەوانەی لە ناو زەوی زاری ئمیریو زەوی زاری دەرەبەگو ملاکە گەورەکان ئیش ئەکەن.

٥— تێکوشان بۆ ڕاکێشانی کولاکو فلاحە دەولەمەندەکان بۆ تێکوشان لە ضدی دەرەبەگایەتی کە وەکو حکومەت بە شەرتی دەوری کولاک بە شێوەیەکی ڕاست تقدیر بکرێت لە جوولانەوەدا بە ومی کە سوێند خوریکی وە قتین بۆ فلاحو بۆ جوولانەوەی نیشتمانی وە پێویستە بە جدی اهتمام بدرێت بە ڕێک خستنو توجیه کردنی فلاحە هەژارەکان بە وەی کە سوێند خوریکی رئیسی چینی کرێکارن.

٦— تێکوشان بۆ ڕزگار کردنی فلاحەکان لە ڕوتانەوەی سودو سەلەم خورو بازرگانە ماعکارەکان، یارمەتی مادیو ثقافیان بدرێتی لە لایەن حکومەتەوە وەکو تۆو پارەیە قەرز — وە بۆ پێکەوەنانی کومەلی یارمەتیدانو نقاباتو مۆسساتی خوێندەواریو لەش ساغی لە دێهاتەکاندا.

٧— حل کردنی مشکلەی تووتنو انحصار حەلێکی تەواو بۆ مصلحتی فلاحو زراعەکان.

٨— وە پێویستە تێکوشانی فلاحەکان لە ڕێگەی داخوازیە تایبەتیەکانی خۆیاندا ببەسترێتەوە بە تێکوشانی میللەتەکەمان لە ڕێگەی ئاسایشو داخوازیە اساسیەکانی میللەتو سەربەخۆیی نیشتمانی، وە پێویستە کە ئامانجی ئاشکرا بکرێت کە ملی لە ناو فلاحەکاندا پێکهێنانی یەکێتی بەیەکی کرێکارو فلاحەکان بێت بە سەرکردەیی چینی کرێکار.

٩— تێکوشان بۆ خولقاندنی هەندێک شتی پێویست بۆ دەرکردنی نشرەیەکی دەوری تایبەتی بۆ فلاحەکانی شمال.

پێنجەم — مشکلەی کیانو ڕێگەی مشاکلی تطبیقی

(لجنە باسی ئەم مسألانەی کرد، وە چەند بڕیارێکی دەرکرد لەسەر ڕێبازو ئامۆژگاریەکانی حزب، وە هیچ شتێک لە وانە لێرەدا بڵاو ناکرێتەوە).

شەشەم — نشاط دەربارەی منظماتی دیموکراتی غەیرە حزبی :

لجنەی فرع اهتمامی منظماتەکانی پێش ئەستەدا دەرکەوتن ئەکرد بۆیە منزاو اهمیتی پێکەوەنانو بەهێز کردنی منظماتەکانی دیموکراتی غەیرە حزبی بۆ گەنجان، ئافرەتان، کرێکاران، فلاحەکان، ئافرەتەکان ... هتد.

پێکەوەنانو بەهێز کردنی منظماتی دیموکراتی غەیرە حزبی، بە تایبەتی یەکێتی گەنجانی دیموکراتی، منظمەیەکی تنظیمو سیاسی گەورەی هەیە، ئەو پێشڕەوانە ئەوەی کە حزبی سیاسی — وە بە تایبەتی ئەم وڵاتەدا کە وتوەتە ژێر ڕووی صناعتەوە — ناتوانێت، وە هیچ لە مصلحتی نیە لە وجماهیرە زۆرەی منظمات ڕێک بخات لە ژێرە کانی خۆیدا، بەڵکو ئەتوانێت بەهەر چاکترین تێکوشەران لە کرێکارو

—٤—

فلاحوغه یری ئه وان له رریزی خویدا وه رنگریت ، وه ئه گه ر بیتو منظماتي دیموکراتي غه یره حزبي بو هه موو میله ت ك نه بیت ، وه بیبـ نابیه تي بو گه نجه کورده کان ، دیاره حزب ناتوانیت بحاشیر رریك بخات وه بلاناتي خوی پیوه به هیز بکاته وه بیبیون ئه گروی تیازیشان به بیئه وه ی که رریزه کاني خوی به عناصری بیگانه پرربکاته . وه شتیکي آشکرایه که به ده ست زوران له نیشتمانپروه ران گه نج کان قبولیان ئه وه ئه که ن به شداربن له تیکوشانداد ژی أستعمار ، له پیناوی آسایشو ئازادی خوی نیشتماني و نه پیناوی حقي تقریری مصیردا ، به حقي جیا بونه وه وه ، بو میلله تي کورد . به لام ئه وانه ئاماده نیت ریا حزبه که مان خزمتیه ویت ببنه رریزه کاني حزبه وه . که وابي چوون ئه تونییت ئه وانه رریك بخرین وه تیکوشانه کانیان توجیه بکرین ، بی ئه وه ی رراپیکیشرینه ناو رریزه کاني حزبه وه ؟ ئه وه ئه توانریت له رریگای پیکه وه نانو به هیزکردني منظماتي دیموکراتي غه یره حزبي بو گه نجه کان له کوردستان وه بو نیشتمانپروه ره کان بي جیاوازی له به ینی بیروباوه ری سیاسییاندا .

وه به گویره ی ئه و لجنه ی فرع بریاری دا ، وه داوا ئه کات له هه موو مسؤولو ئندامه کاني که هه ستدی بیکه ن ، ئه وه به هیز کردني منظمات دیموکراتي غه یره حزبي بشرینه به یه کیك له واجباته مهمه کاني ئیستایان . وه پیویسته له سه ریان زوّر به جدی ره به ت هه موو رریگه و توانایه ك ئیش بکه ن بو هه لسان به م واجبه .

وه لجنه ی فرع آموزگاری هه موو مسؤولو ئندامه کاني ئه کات که ( أنجاز ) ی ژماره شه شت که نشره به کي ناو خوی حزبه بخوینن، وه ن بو خویانو غه یری خویان ، بو ئه وه ی که بشتنو بیه نو فتاربي کردنی له ئیشو کاردا له ناو منظماتي دیموکراتي غه یره حزبیدا .

حه وته م ـ مسأله ی کوردیو موقفي حزب ده رباره ی ئه م مسأله یه :

حزب أعتراف ئه کات به حقي تقریری مصیر ، به حقي جیا بونه وه ، بو میلله تي کورد ، که ئه مه ش حقیکي طبیعیه بو میلله تي کورد که نه وبه تیکي برایانه بیه ئه هینیت له گه ل میلله تي عربو ئه و قومیه ته بچوکانه ی له عراقدان و له تیکوشاندا دژی أستعمار ، له پیناوی آسایشو سه ربه خویو دیموکراتیه تدا . به لام حزبه که مان ئه بینیت که حقي تقریری مصیر به حقي جیا بونه وه وه ، به میلله تي کورد نادریت وه ده رگیز جی به جی ناکریت ته نیا له ژیر سایه ی حوکمي چیني کریکاراندا نه بیت . جا موقفي حزبه که مان به رامبه ر مسأله ی کورد ی ، ئیستا به م جوره یه : أعتراف کردن به بی چه ندو چوون ، به حقي تقریری مصیر ، به حقي جیا بونه وه وه ، بو میلله تي کورد ، وه تیکوشان ـ له م وه خته ی ئیستادا ـ بو به هیز کردني گیانی برایه تیو یه کیتي له تیکوشاندا له به ینی میلله تي کوردو عرب و هه موو قومیه ته بچوکه کاني تر له نیشتمانه که ماندا ، بو تیکوشانیکي یه کگرتوو له دژی أستعمار و کونه په رستي عراق له عربو کورده کانو غه یری ئه وان ، له رریگای آسایشو سه ربه خویو دیموکراتیه تدا وه له رریگای خلقاندني ئه و ظروفه دا که میلله تي کورد حقي تقریری مصیری خوی تیا وه ربگریت ، به حقي جیا بونه وه وه .

وه حزبه که مان بروچان ني ئه کوشیت له دژی هه موو بیرو باوه رریگایه هه موو مشروعیك که نیازی سه ربه خویي کوردستانه " له م رروژه دا له ژیر سایه ی سیطرتي أستعماردا ، وه حزبه که مان ئه م جوره بیرو باوه ره به شتیك دائه نیت که له دژی مصلحتي میلله تي کورد و هه موو عراقیه به شه ره فه کانه . وه هه ر أستعماریه أمریکاییه کانن که ئه م بیرو باوه ره ئه ده ن له پیناوی آماجه چه ره یی سه فه ته کاني خویاندا ، وه بو چرپني کوردستاني عراق له ژیر چنگي أستعماری أنگیزیو وه بو ئه وه ی أحتکاراتي أمریکي ده ست بکیشیت به سه ر نه وته زوره که ی کوردستاني عراقدا . وه بورجوازیه کانو ده ره به گه کان که له ده ره به گه کوردن ، ئه مانه ش لایه نگری سه ربه خویي کوردستان ئه که ن وه ئیشي له پیناودا ئه که ن له ژیر سایه ی سیطره تي أستعماردا ، ئه مانه ده وی آماجي جینایه تیو شخصي خویان که ونون بسو چه وساندنه وه ، وه ئه مانه ته نیا سه ربه خویيان بو خویان ئه ویت ، نه ك بو میلله تي کورد ، نه ك بو کریکارو فلاحو جماهیری کورد .

هه شته م ـ موقفي حزب ده رباره ی پاشماوه ی جماعه تي پارته که نو ده رباره ی تیاراتي أنتهازی :

کومه لی " پارتي دیموکراتي کورد " بو به چه ند به شیکه وه وه په شوّوه کاني له رابه رو زیاتر له جماهیر دوور که وتونه وه ، وه ئه مه ش ئه و دواروژه بو که بو " پارتي دیموکراتي کورد " دانرابو ، که نتیجه یه کي حتمي رره وشتي سیاسیو أنتهازیانه بو وه له به ر صفه تي تخریبي سه رکرده که ی بو ( سه رکرده ی حمزه عبد الله ) . وه هه موو عناصره به شه ره فه کاني تواناده ی " پارتي دیموکراتي کورد " بسه رره وشتي سه رکرده که ی خویان زانی جا بویه به جییان هیشتو رریبازي أنتهازیو تخریبیان به جی هیشت . وه لیره دا هه ندیك عناصری أنتهازی هه یه له گه وره کاني پارته ده ست به رداری تاقمه که ی " حمزه " بون نه ك له دلسوزیه کي رراسته وه بلکو له به ر ده رکه وتني أنتهازیه تیو خیانه تي " حمزه " وه له به ر ئه وه ی که جماهیر به تاقمه که ی حمزه و ئه وانه ی له گه لین هه لناخه له تیت .

حزبه که مان له به ر ئه و أنتهازیو جاسوسانه ئه وه ستیت ئه وانه ی که نه گه وره کاني " پارت " بون ، وه که حمزه عبد الله و عوني یوسف ، وه له دژی ناوه رراسته کانیان ئه وه ستیت بو خوشاندني حالاّت به جما هیره وه و بو هه لخه له تاندني عیچ أنسانیکي کورد ی به شه ره ف ، وه له هه ینی وه قتدا حزبه که مان ده ستي یارمه تي بو رریز ئه کات بو هه موو ئه و نیشتمانپروه رو دیموکراتیه به شه ره فانه ی که ئه ندامبوون له " پارت " دا بیبون وه به ته واوی به جییان هیشتو یا ئه وانه ی ئیستاش نه یانپاشماوه کاني جماعاتي پارتن به لتنگیان ئه کات

—٥—

کە زیاتر دەوربکەونەوە لە جەماوەرە کانو بلاوکەرەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی ، وە بۆیە گرتن لەگەڵ شیوعیەکان دەیو تێکوشەرە کاندا لە ضدی ئستعمار لە جبهەیەکی نیشتمانیدا لە پێناوی ئاسایشو ئەموازەکانی میللەتەکەماندا .

نۆهەم — تەماشای ئەمریکییەکانو نوکەرەکانیان لە پێناوی مشروعی سەربەخۆیی کوردستان ،

وە موقفی حزب لە بارەی ئەمەوە :

لە سەرەوەدا بەیان خستمان کە ئستعماری ئەمریکی — بە نیازی بەرەپێ سەندنی دەسەلاتی — لە گەڵ هەندێک لە دەرەبەگو بورجوازیە کوردەکان بیروباوەڕی « سەربەخۆیی کوردستان » ئاوێتە دەکەن و ئەبێتی لە پێناودا ئەکەن لە ژێر سایەی سیدارەتی ئستعمارا وە ئەم « سەربەخۆییەش » — ئەگەر بێتە جات — ئستعماری ئەمریکی پێمان ئەبەخشێت کە ئەیەوێت ئستعماری ئەنگلیزی شەریکی دەرکات لە هەموو شوێنێکدا — لە کوردستانی عێراقیشدا — وە ئەیەوێت جێگای ئەو بگرێتەوە . وە بە شێوەیەکی تایبەتی هەندێک لە دەرەبەگەکان کورجوو کەڵی ئەبینین بەدوای ئەو نیازەدا ، ( زەکرو شێخ بابا علی کوڕی شێخ محمود ) ئەوانەی کە ئەیانەوێ بەگەوردی حکومەتێکی کوردی لە دەرەبەگەکان لە ژێر چاودێری ئستعماری ئەمریکادا ، بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری مصلحەتی خۆیان بکەن وە زەوی زارو سەروەت و سامانی خۆیان زیاتر بکەن . حزبەکەمان زۆر بە توندی تی ئەکۆشێت لە ضدی ئەم پیلانە کە سەری نەگرێتەوە ، وە تێئەکوشێت لە لایەکەوە لە بەرپەرچدانەوەی کانی میللەتی کورد وە لە لایەکی تریشەوە لە بەر ئاگرکێ بەینی ئستعمارەکانی ئنگلیز و ئەمریکا . وە پێویستە تەفسیرێکی ڕاستی ئەم مادەیە رابانە بکرێت ، نە بە کەم کردنەوەی خەتەرە تیان وە نە بە مبالغە پێ کردنیان .

دەیەم — مشکلەی تووتنو ئنحصار :

ئەم مشکلەیە یەکێ گەورەیە لە مشکلەکانی فلاحو زراعەکانی لیوای سلێمانی و هەولێر . لە رابوردودا ، پێش دامەزراندنی مشروعی ئنحصاری تووتن « کە شەریکێکی حکومەتیە » فلاحەکان ... بە تەنیا نێچیری بە ردەوستی تالان کردنو رووتاندنەوەی دەرەبەگو شەد و سەلەم خۆرو بازرگانە تەماعکارەکان بوون ، بەلام ئەمرۆ بوون بە نێچیری تالان کردنو چەوساندنەوە لە دوو سەرەوە : هەم لە لایەن چەوسێنەرەوەکانی کۆنیانەوە وە هەم لە لایەن حکومەتو ئەمیرو پیاوەکانیەوە لە دائیرەی ئنحصار ، وە بیجگە لە مەش حکومەت لە سەر سیاسەتێکی ئەدوێتو ئەروا بەریوە کە پێچەوانەی مصلحەتی تووتنەوانەکانە لە فلاحو ملاکە بچوکەکان ، بەوەی کە تحدیدی دەستی بۆ چاندنی تووتن وە ... حدی تاریزکردوە وە ، وە جارێ لە گەڵ جار نرخی تووتن کە ... کە بۆ خۆشی ئەیکرێت ، وە بە رێلێکی زۆر لە فلاحەکان ئەستێنێت وە معاملەی فحصی تووتنەکە یانو پارەپێدانیان بۆچەند حەفتەو مانگێک دوا ئەخرێت ، وە لەبەردا هیچ جۆرە تشجیع کردنێک نیە بۆ چاک کردنو تەرەقی پێ کردنی زراعەتی تووتن . وە لەم ساڵەدا پۆلیسەکانی حکومەت تالە زۆر دەبیهاتدا تووتنی فلاحەکانیان هەلکیشا بەبیانووی ئەوەی کە گوایا زیادە لە ... بۆیان دانرا تووتنیان چاندوە .

حزبەکەمان تی ئەکۆشێت بۆ حەل کردنی مشکلەی تووتنو ئنحصار حەلێکی تەواو ، وە تی ئەکۆشێت لە پێناوی :

١ — تحدید نەکردنی دونمو جێگا بۆ چاندنی تووتن ، و ناردنی ئەو تووتنە کە لە خواردنی ناوخۆمان زیاترە و ئەمینێتەوە بۆ بازارەکانی عالەم لە دەرەوەی عێراق .

٢ — زیاد کردنی نرخی تووتن ... لە هەردوو نەوعی ( ڕەشو کیو سامسون ) ، وە لە هەموو درجاتەکانی بە نسبەتی ٥٠٪ .

٣ — ... مراکزی لجنەی فحص کردنی تووتن لە قضاو ناحیەکانیشدا ، نەک هەر لە مرکزی لواکان .

٤ — ... لجنەی فحص لە فلاحو زراعەکان بە ... دوشمنەکانیان کە ئەوانیش دەرەبەگو ملاکی گەورە و بازرگانە تەماعکارەکانو ... لە ... بە زیڵ خۆرەکانی حکومەت ...

٥ — بە تەواوی ئەهمیەت ... بەهێنرێتە عێراقەوە ... صناعەتی جگەرەی ناوخۆ چاک بکرێت .

٦ — ... حکومەت ... بە فلاحو تووتنەوانەکان ... وە فلاحەکان رزگار بکرێن لە تالان کردنی دەرەبەگو ملاکی گەورە و سەلەم خۆرەکان ، ئەوانەی کە هەر بە مەوزی تووتنەکەیان ئەکەن بە مالی خۆیان بە چاوەرێکی نرخی .

یانزەهەم — بلاو کردنەوەو ترجمە بە زمانی کوردیو تورکیو عەرەبی ئەمانە :

جماهیری میللەتی کورد محرومە لە نشراتو ... سیاسیو عەرەبی سیاسی ، وە لە سەرچاوەکانی تی گەیشتنو زانستی بە زمانی خۆی ، بە شێوەیەکی کەم نەبێت ، لە بەر ئەوە ، وە لە بەر ئەوەی کە نشراتو سەرچاوەکانی تی گەیشتن ئەهمیەتێکی گەورە یارمەتی بلاو کردنەوەی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و ... [illegible]

-٦-

بەزووباتی کوردی ، وە بە زیرکردنی سەرچاوەکانی تیگەیشتنێکی گشتی بو میللەتی کورد .

أمّا جماهیری تورکمان هەر بە جارێک بی بەش لە هەموو جیرە نشرو کتیبێکی تندمی بە زوبانی تورکی ، جا لە بەر ئەوەی کە تورکمان لە کوردستانی عیراقدا ئەژین ، وە بە گوێرەی ئامۆژگاری حزب ، لجنەی فەرعیە زۆر شەدائەبوو دەرکردنی نشراتی حزبی بە زووبانی تورکیش .

* * *

دوای ئەمانە لجنەی فەرعی لە آخری کوبونەوەکەیدا باسی جبهەی نیشتمانی کرد و بڕیاری دا کە بە گوڕ و بە گوڵی ئیش بکرێت لە ڕێگەی جی بە جی کردنیدا ، لە پیناوی جبهە جی کردنی ئەو میثاقەی کە حزب بڵاوی کردەوە .

وە هەروەها لجنە باسی ستراتیجی حزب و تاکتیکی کرد لەم ئونانەدا .

""""":"""""""""""""

بو بەستنی مۆتەمەری میللەتان لە پیناوی آسایشدا

لە دوانزەی کانونی یەکەمدا لە ڤیینا ، مۆتەمەری میللەتان ئەبە ستریت بو دفاعکردن لە سەر آسایش ، وە هەموو آسایشپەروەران لە لە دنیادا زۆربەگەرمی هەوڵ ئەدەن لە ڕێگەی سازکردنی نوینەرەکانیان بو اشتراک کردنیان لە و مۆتەمەرە گەورەیەدا ، وە حقیقتی ئەو مۆتەمەرە و آمانجە بەرزەکانی لە ناو جماهیری میللەتاندا بڵاو ئەکەنەوە .

بی گومان ئەو مۆتەمەرەی کە ئە بەستریت اهمیەتێکی یەکجار گەورەی عالەمی هەیە ، بە تایبەتی لەم کاتەدا کە خەتەری هەڵگیرسانەتی شەڕێکی گەلەمی یەتەواوی دیارە لە بەر دەوام بوونی شەڕی استعماری لە کوریا و ڤیتنام و مالایو و بورما و فلیپیندا ، وە لە زۆرکخستنی مشاریعی تکتلاتوبە یمانی جەنگی ، وە لە زیندوو کردنەوەی ڕێتنی فاشستی و عسکری لە ألمانیا و یاباندا ، وە پشتگیری کردنی نظامە کۆنە پەرستەکان شەی میللەتان ، وە هەروەها بەتا برەندە بە رفاشستیەتو ارهابو دکتاتوریەتی ڕوو هەڵماڵراو بە لیازی پاراستنی ئەو نظامە احتکاریەی کە لە سایەی شەڕو کوشتارەوە بازاڕو قازانجێکی بی شوماری دەستگیرئەبیت لە سەر حسابی بە قوربانو کوشتنی ملیۆنەها خەڵکی بی تاوان لە مەیدانی شەڕدا ، یا لە سایەی برسیەتی دەردە ڕیو بوبیا بارانەوە .

[illegible] میللەتان نوینەرانی خویان بەرە و مۆتەمەری ڤیینا ئەنێرنەوە بو ئەوەی پڕیە دەم هاوار بکەن [illegible] شەڕمان ناویت بەڵکو آسایشێکی [illegible] ئەبیمان [illegible] لە پیناوی پاراستنی آسایشدا کە [illegible] بە زۆرترینو گەورەترین آمانجی هەموو میللەتانی دنیایە ، [illegible] ڕەخنە [illegible] لگیرسیانە رانی ئەمریکا و انگلیز و بەرەدەستەکانیان [illegible] سازکردنی چەقە سابخانە بەکو خوینێتی گەورەن بو هەموو میللەتان ، وە بە و گوناهبارانە [illegible] کە هیزو تواناى میللەتان لە پیناوی پاراستنی آسایشدا تا چە ڕادەیەکە .

لە و مۆتەمەرەدا هەموو جورە أصنافێکی آسایشپەروەر اشتراکی تیدا ئەکات بی جیاوازی لە بەینی دینو زوبانو بیرو باوەڕیو مەیلی سیاسیدا لە هەر چوار گۆشەی دنیاوە ، [illegible] پول پول نوینەرانی آسایشپەروەری میللەتان بەرەو مۆتەمەری ڤیینا ئەڕوون بو بەجی [illegible] سەر [illegible] .

میللەتی عیراقیش [illegible] لە پیناوی دفاعکردن لە سەر آسایش ، چونکە ئیستاش زۆر چاک لە بیری ماوە کە [illegible] بە سەر [illegible] وە هەروەها دووچاری [illegible] ئیستاش بە سەر [illegible] لە شارو دیهاتەکانیدا [illegible] گونەکانیان بە رە و ڕووی [illegible] استعمار [illegible] وە نیرکەکانیشە [illegible] کرد [illegible] بانوستغوسەن [illegible] بە دە ڕ برسیەتیو دە ربە دە رە وە کە چەند زەد نریکەکان خەڵکو [illegible] حاصلاتی [illegible] بارکە بغی [illegible] پینج سەدە کە میان لی مردون وە [illegible] گوڵانەکانیدا ، [illegible] سفرولکدا [illegible] ئیستعماری [illegible] پیشتر [illegible] هەموو سەرێکە وە [illegible] [illegible] ئەبیت [illegible] کوڕ [illegible] ، کە ئەو تیا بوبوایەکی ڕ [illegible] بە سە بووران [illegible] بارانیک بە سەیبوو خاپوور کردنی [illegible] هەموو شاری [illegible] .

جا پیوستە لە سەر هەموو آسایشپەروەرێک [illegible] پو بڵاو کردنەوەی بیرو باوەری آسایشو آمانجەکانی مۆتەمەری [illegible] میللەتان لە ناو جماهیردا [illegible] لە پیناوی آسایشدا ، بە جیبەرکردنی جوولانەوەیەکی [illegible] [illegible] مشاریعی بازرگانەکانی شەڕ [illegible] آسایشپەروەران بیت لە پیناوی آسایشدا بو بەستنی ئەو [illegible] ناردنی نوینەران بو ، وە چە بو بەرابەری [illegible] میللەتی آسایشی ئەکات .

(( چاپخانەی آزادی ))

# رزگاری




رەمزی برایەتی کوردو عەرەب سەروکی خوشەویست




١ـ ئەم لاپەڕەیەی بەرگەکە خۆی سپی بووە، دوا بەرگیشی هەر سپی بووە.
٢ـ ئەم گۆڤارەی رزگاری لە ئەرشیفی کاک مومتاز حەیدەری وەرگیراوە، بڵاوکراوەکانی دیکەش لە ئەرشیفی، کاک محەمەدی مەلا کەریم وەرگیراون.

# ئامانجمان

دەرهینانی روژنامەیەکی سیاسی ، یاهەر هیچ نەبی ، گوڤاریکی هەفتەیی ، بەزمانی کوردی وعەرەبی یەکیکە لەو ئاواتانەی لەسەرەتای دامەزراندنی یەکیەتی عیراقی‌یەوە لە دلی هەموو خوینده واریکی کوردی دلسوز ونیشتمان پەروەردا خول ئەخون • ئامانجي هەموانیش ، هەمیشە ، لەهینانە دی ئەم ئاواتە تەنیا نەك هەر بەربەستکردنی ئەو بەندوباوە ژەهراویانە بووە کەوائیمپریالیزم خوی ونوکەرە نیشتمان فروشەکانی عەرەب وکوردی ، بەنیازی چاندنی تووی ناکوکی‌و دووبەرەکیەتی لە نیوانی کوردو عەرەبدا ، بلاویان ئەکردەوە • بگرە ئەوەش بوو کە زمانیك پەیدا بکری بو لـەیەکتری گەیشتن : تاوەکو براعەرەکانمان دەردوئازار وکار وباری کورد وکوردستان تی‌بگـەن • وەبرا کوردەکانمان لـە حالی گەلی عـەرەب و وولاتی شارەزابین • تەجروبەی خەباتی لەگەل یەك بگوردنەوە • هەر دوولا تی‌بگەن نەك کەهـەر هیچ هویەکی ناکوکی وناریکی نی‌یـە لەناویاندا بگرە میژووی ، پر لە ئاشتی وبرایەتی دووررودرژیان ، لـەرابووردووا ، وەهاودەردی ئیستەیان لەرووی ژیردەستی ودواکەوتن‌و پارچە پارچەیی یەوە لەگەل‌هاو ئامانجی‌یان لەگەیشتن بە رزگاری وئاشتی‌دا هەزارو یەك هون بو پتەوکردن وفراوا نکردنی برایەتی نیوانی هەر دوو نەتەوە کە وە بو یەکخستنی خـەباتیان وریکخستن و ئاراستە کردنی بەرامبەر بە دوژمنی خوینە خوی‌ی هەر دوو لایان کە ئیمپریالیزم وکونە پەرستی‌یە وبو گەیشتن بە ئامانجی هەردوکیان کە ئاشتی ودیموکراسی وئازادی‌یە • چونکە شتیکی ئاشکرا وتاقیکراوەیە کەتەنیا لەسەر بنچینەی یەکتری ناسینیکی تەواو ، وەئاگادار بوون وە گویدانـە ئاوات وئازاری یەکدی ، وەپی‌لینانی هەقی دەسەلاتداری نەتەوایـەتی ، وە وەکیـەکی راستەقینـە ئەتوانری برایەتی نیوگـەلان دابمـەزرینریت وپایـەدار وپتەوتر بکریت •

جا لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم ونوکەرە نیشتمان‌فروشەـ کانی ، لـەدەوری پاشـایی دووا براوا ، دەسـتووری داگیرکەرانەی « جیاکەرەوەو زال‌بە » یان‌کرد بووە بناغەی ئەگور درلوی سیاسـەتیان بەرامبەر بەپیکەوە ژیانی کورد وعەرەب بەتایبەتی وەبو هەلسووراندنی کاروباری عیراق بەگشتی بویە بەبیردا نەئەهات ماوەی‌هینانە دیی ئەم‌چەشنە ئاواتە بدەن • چونکەزور چاك ئەوەیان ئەزانی‌کەوا هەموو لەیەك گەیشتنیکی کورد وعەرەب بومبایەکی ویرانکەرە ئاراستەی بناغەی ریژیمە بوگەنەکەیان ئەکریت • وەئەوەیان وەك روژلا روون بوو کـە برایەتی راستەقینەی کورد وعەرەب تاوبری ووردو خاشکەری ئیمپریالیزم وپروژەو نوکەرانیەتی•بویەشتیکی زور ئاشکراو دیاربوو کە ئاواتی ئەمە ئامانجي بیت ، وەکوو هەموو ئاواتەکانی کەی گەلی عیراق ، لەو سەردەمەدا هاتنە دیی لەچارە نەنوسریت •

بەلام ئیستە دووای ئـەوەی شورشـی چواردەی تەمووزی پیروز ریژیمی بوگەنی پاشایی لـەرەگوریشە هەلکەند ودووایی‌هینا بەسیاسـەتی دوژمنایەتی بەرامبـەر بەکورد وعـەرەب ونوکـەری ئیمپریالیزم • وەعـیراق لەحکومەتیکی کونەپەرستی بوگەنی بـە پاشکوی ئیمپر یالیست بەستراوەوە بوو بە جەمهووریەتیکی دیموکراتی پیشکەوتوی سـەربەخو • دووای ئەوەی لەبنکەیەکی شەری داگیر کـەرانـەوە کەهـەرەشەی پی‌ئـەکرا لەبزووتنەوەی ئازاد کەرانەی کوردو عەرەب وهی‌هەموو گەلانی کەی روژهەلاتی نزیك وناوەراست وەلە ئاسایش وئاشتی دنیـابووە قەلایەکـە سەختی ئازادی وئاشـتی ودیموکراسی • وەلەزیندانی ئازادیخوازانی خویەوە بوو

-١-

بەپـــەنای ئازاد یخوازانی هـــەموو هـــەریمی روژهەلاتی ناوەراست ، وە لە نیزامیکەوە کەبو چەوساندنەوە وبەگژ یەکاکردنی کوردو عەرەب وبەتالان بردنی سەروەت وسامانی وولاتە کەیان دامـــەزرابوو گوردرا بەنیزامیکی لەســـەر برایەتی راستەقینە وپەیمان لەهەقی یەکتری دانراو . ئالەم روژەدا شتیکی زور ئاشکرا ودیارە کە ئەم ئاواتە بیتە دیی وە نەك هەر گوڤار یاروژ نامەی سیاسی کوردی ماوەی درچوونی بدریتی . دەروازە بخریتە سەرپشت بو ئەوەی « رزگاري » خوشەویست بیپەردە بیتە کایەوە .

جا لەم روژەدا کە بەسایەی شورشی پیروزی چواردەی تەموزەوە ، بە سایەی مـــەردایەتی لەشکر وفیداکاری گەلەوە ، بەسایەی بلیمەتی وئازاي قارەمانی تاقانە مانەوە ، بویەکەمجار گوڤاری رزگاری دیتە روو خوی بە قەرزاری گەل وشورش ولەشکر وسەروك ئەزانی بویە لەهـــەموو کاتیکی کەی سوورترە لە سەر خەباتکردن لەپیناوی ئامانجە کانیا وە بەلین ئەدا بەگەلی مـــەزنی عیراق ، بـــە کورد وبەعەرەبیەوە ، کە لەو ئامانجانە لانەدات وە بەهـــەموو هیزوتوانایەوە تیبکوشی وخەبات بکات لەپیناوی پتەوکردن وبە هیزکردنی برایەتی کوردو عەرەبدا وبو فراوانتر کردنی بنچینەی ، لەسنووری یەکیەتی عیراقیدا ، لەبەر تیشکی مادەی سییەمی دەستووری عیراقی ئەوبرایە تیەی کـــە بەردی بناغەی لەرووخان نە هاتووی جەمهووریە تەلاوە کەمانە .

تی بکوشی وخەبات بکا لە پیناوی بـــە هیزکردن وپتەو کردنی جەمهووری یەتەلاوەکەمان وپاراستنی ئیتجاهە دیموکراتی یەکەیا ـ ئەو جەمهووریەی یەتەلاوەو ئـــەو ئیتجاهە دیموکراتی یەی کـــە تەنیا لەژیر سیبەری ئەواندا نەتەوەی کورد وعـــەرەب و هـــەموو دانیشتوانی عیراقی خوشەویست ئەتوانن پیکەوە بگەنە ژیانیکی کامـــەران وخوش وســـەر بەزرانـــە لـــەنیشتمانیکی ئازادو ئاوا سەرفرازدا .

# پیشەوای گەل

شعرو ئاوازی ــ خالد دلیر ــ

عەبدولکەریم تو پیشەوای　　دوژمنی کـــاری نارەوای<br>
عەبدولکەریم تو پیشەوای

---

لاوانی کوردستان هـــەمو　　سەربازی توێ سەربازی تو<br>
پیشمەرگەنە بو ریی ژیان　　دررکن لـــە چاوی دوژمنان<br>
عەبدولکەریم ، عەبدولکەریم

---

کوردو عەرەب هەر دو براێ　　شورەێ لەدەورەی پیشەوان<br>
بەشیرو خـــەنجەری دەبان　　ئـــەپاریزن کومـــاریانـــ<br>
عەبدولکەریم ، عەبدولکەریم

---

ئامانجی ئـــەم یەکگرتنـــە　　پیلان وفیـــل گوررکردنە<br>
بو هـــەردوولا ئازادیـــە　　ئاشـــتی وژیانو شـــادیە<br>
عەبدولکەریم ، عەبدولکەریم

---

تیبکوشی وخەبات بکات بەرامبەر بـــە ئیمپریالیزم ونوکەرانی کونـــە پەرست وبەکری گیراویو رمـــاندنی پیلان وتەگبیری دوژمنانەو هەر انیرەوە وشەرهەلگیرسینەـ رانەی ــ ئەو ئیمپریالیزم وکونە پەرستییەی کەوا دوژمنی خوینەخوری گەلی کوردو عەرەب وهەموو گەلانی سەر رووی زەمین ودوژمنی ئاشتي وئاسایشی دنیان .

ئیتر بوپیشەوە بـــەرەو پایـــە دارکردن وخـــەملاندن وگەشەپی کردنی جەمهووریەتە دیموکراتی یەکـــەمان ؛ جەمهووری یەتی عەرەب وکورد بەسەروکایەتی قارەمانی خوشەویستی گەل . هەوینی برایەتی هەتاهەتایی کورد وعەرەب عەبدول کەریم قاسم .

دەست لەدەست وهیز لەگەل

رزگاری

# بی کەسی نەمر

«ئەم نووسراوە وینەی نامەیەکە کەوا لەلایەن رولەی خەباتکەری نەبەزی کورد مستەفا بارزانییەوە بو لاوانی دیموکراتی کوردستان نیردرابووە بەبونـەی ییرەوەری دەساڵەی شاعیری نەمری کورد بیکەسەوە .»

زورم پی‌ناخوش‌بو ، کەنەم توانی بەشداربم لەو مهرجانەی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەیگیرن بەبونەی ییرەوەری شاعیری گەورەی کورد و کوردستان ، فائق بیکەسی نەمر . بەراستی بی کەس ، شاعیریك‌بو هەمو کوردیکی دلسوز فەخری پیوەئەکات چونکە بولبولی گولزاری کوردستان بو ، هەمیشە بەپەروش‌بو بو خەلکە مەزارە مەظلومەکەی ، نەشیدی رزگاری وسەربەستی بودەخویندن وەهەرچەندە کوردستان تائیمرو زور شاعیری نیشتمان پەروەری لی‌هەلکەوتوە بەلام بی‌کەس لەناویاندا جیگەیەکی تایبەتی دیاری هەبو . بی‌کەس لە کوردایەتی‌دا راست‌ونەبەزبو ؛ ئازارورو داری ئیستعمارو نوکەرانی بەندیخانە ومەنفادورە کانیان قەت نەیتوانی ئەوەندەی توزیك کاربکاتە سەر گیانی جوامیرانەی بەلکوزیاتریان هانەدا بوخەبات لەپیناوی میللەت‌و نیشتمانی خوی‌دا بویە بیکەس لەدلی هەموماندا جیگایەکی بەرزی بوخوی گرتووە . سەد مەخابن بیکەس نەژیا تابەچاوی خوی روژی رزگار بونمان لەئیستعمار وحوکمی بو گەنی پاشایەتی ببینی ، تاببینی میللەت جەمهوریەتی عراقی خوی داناوە وەوا لەسیبەریا کوردو عەرەب وەك دوو نەتەوەی براو هاوبەش بناغەی ژیانی بەختیاری ومساوات وسەربەخویی دادەریژن .

لەم جەمهوریەتە دیموکراتیەماندا کەلاوانی کوردستانیش وەك براعەرەبەکانیان مەجالیان هەیە کاربکەن بو خزمەتی جەمهوریەتی خوشەویست ومیللەتە کەیان زور جیی خوی بو کەبەریکخستنی ئەم کوبونەوەیە هەلسان بویاد کردنەوەی بیکەس ووەدەرس وەرکرتن لەخەبات وشیعرو رەفتاری جوانی،چونکە بیکەس هەقی بەسەر هەمو کوردیکی بەشەرەفەوە هەیە چونکە کوردیش وەکو هەمو میللەتیکی‌تر لازمە قەدری شاعیرو ئەدیبەکانی بگری .

ئەی لاوانی شاری سەربەرزی سلیمانی : تکام‌وایە قەت بیکەس و رەفتارەکانیتان بیر نەچیت ، وەدایم وەك ئەو بەجوش بن ، بو میللەت‌و نیشتمان ، وەهەمو دەم بوپاراستنی جەمهوریەتی عیراقی خوشەویستمان بە سەروکایەتی زعیم عبدالکریم قاسم کوشش بکەن ، هەروەك هیوادارم زور شاعیری وەك بیکەس تان لی‌هەلکەویت کەبوکوردو کوردستان دلسوزو تی‌کوشەربیت ، تاجیگای بیکەس چول نەبی ...!

لەدوایدا دل‌نیام کە لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکیەتی خویان بەهیزترئەکەن وەشان بەشانی براعیراقیەکانی تریان دریژە دەدەن بەخەباتی خویان بو چەسپاندنی جمهوری‌یەتی دیموکراتی عیراقمان ، وهینانە دی‌هیواوئاتەکانی میللەت ، هەروها بی‌گومان بیکەس لەدلی هەمولا یکماندا وەلە دلی گەورەی کوردستاندا هەر زندو ئەبیت .

( مصطفی‌بارزانی )

- ٣ -

بەبونەی روژی لەشکرەوە نوسراوە

# یەکیەتی لەشکروگەل

ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد

یەکەمینجارە لە میژووی لەشکری ئازای عیراقدا کەوا لە ئاهەنگی بیرەوەری روژی دامەزراندنیا دلی هەموو عیراقییەك پرە لەخوشەویستی وشانازی پیوەکردن بەرامبەر بە لەشکرە تەبەزەکەی • ئەمەش لەو رووەوەیە کە کاربەدەستانی دەوری دووابراو ، هەمیشە ، خەریکی ئەوە بوون کە بیبەنە میشکی گەلەوە کەوا ئەو لەشکرەی کە پیویستە تاقە فرمانی پاراستنی سنووری وولات وخوبەخت کردن بی لە پیناوی سەربەخویی و سەربەستی و سەربەرزییا کوتەکیکە بەدەست ئەوانەوە بەئارەزووی خویان بەکاری ئەهینن بو پلیشانەوەی هەر بزووتنەوەیەك کەوا دوژمنایەتی لەگەل ریژیمە پاشایەتییە ـ دەرەبەگییە ـ ئیمپریالستییەکەیان بکات • وەهەرەشە بەلەشکرەوەکردن وەپیوەخورین یانکردبوو بە خیو بو توقاندنی گەل • نەك هەرئەمە بەراستی خەریکی ئەوەبوون کە لەشکرەکەمان بکەن بە ئەداتی کوژاندنەوەو شیلانی بزووتنەوەی ئازادی خوازی نەك لەعیراقدا بگرە لەهەموو وولاتە عەرەبییە دەستەخوشکەکاندا • وبیکەن بەمایەی شەروئاژاوە لە سەرانسەری هەریمی روژهەلاتی نزیك و ناوەراستدا • کە ئەمحالە دلی هەموو سەروازیکی دلسوزو هەموو هاونیشتمانیکی باشی پرکردبوو لە دەردو داخ •

بەلام وەنەبی کە کاربەدەستانی سەردەمی دووابراو نیازیان لەم هەرەشەو گورەشەی بەلەشکرەوەئەیانکرد تەنیا ترساندنو توقاندنی گەل بووبی • جگە لەوەش ئەیانویست کە بەمچاووراوو بەندوباوە بەئەندازەیەك گەلو لەشکرەکەی لەیەك دووربخەنەوە کە تەنیا بیرکردنەوە لە تەقەلادان بو پشتییەكگرتنیان بەگەوجیو شیتییەکی تەواو بزانری • وە بەمە ئەو یەکگرتنە پەكبخەن کە لەم دنیایەدا لە هەموو شتیکی کە زیاتر لیی ئەترسان • وە کە بەلایانەوە ـ هەروەك بەراستیش ـ تاقە هیزیکە کە بتوانی خەباتی ئازادکەرانەی گەل سەربخات و دووایی بهینی بەحوکمی ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی کەوا عیراقیان کردبوو بە زیندانیکی گەورە بو ئەو گەلەی لە کەمترین هەقی دیموکراسی تا لەهی مروڤایەتیش بیبەشیان کردبوو ، هەرچی دەردوئازارو کویرەوەی هەیە ئەیانکرد بەگەرووییا • رەشوورووت وبرسی خیروبیرو سەرەوەت و سامانی وولاتیش کومپانیا ئیحتکاری یە خوینمژەکان بوخویان ئەیانبرد بەتالان وە ئەوانیش هەقی پاسەسەگانەیان لیوەرئەگرتن • وە عیراقیان بوکردبوون بە قەلایەکی سەختی ئیمپریالیزمو کونەپەرستی ، وە دزکوشکەیەك بوئەوپیلانوتەگیر وپەیمانە شەرـ هەلگیرسینەرانەیان کەوا بەپیچەوانەی سەربەخوییو ئاشتی وئاسایشی گەلانی روژهەلاتی نزیكو ناوەراست ئەیانگیرا •

بەلام ، وەکوو بو دنیا دەرکەوت ، ئیمپریالیستەکانو نیشتمانفروشە بەکریگیراوەکانیان • راستییەکی پچووکیان لیوون بووبوو ئەویش ئەوەبوو کە هەرەشە بەلەشکرەوەکردن کە کاربەدەستان ئەوەندیان ووتبووەوە خوشیان بروایان پیکردبوو بەلای گەلو بەلای لەشکریشە وە گەمەو گالتەبوو • چونکە گەل لەگانگای دلەوە ئەیزانی کەوا هیچ هیزیکنیە لەسەر ئەرزا کە بتوانی لەشکری عیراق والیبکات لەگەل بدات نەك هەرئەمە هیچ

هیزێك نی‌یه كه بتوانی پەكی یەكگرتنی لەشكرو گەل بخات كەوا پالاوتەی گیان‌و سەرپەرەی خەبات‌و نیشانەی تاسەو تی‌كوشانیەتی بو ژیانیكی سەربەستانە بە سەربەرزوی كامەرانی .

بویە بەپیچەوانەی هەموو ئەو پروپاگاندەیەی كە كاربەدەستانی سەردەمی دوابراوو ئیمپریالیزمی ئاغایان ئەی‌كرد لەبارەی ئامادەیی لەشكری عیراقەوە بو خوبەخت‌كردن لەپیناوی پاریز گاری رژیمی پیسی كون دلبەندی‌یان بە تەخت‌و تاجی هاشمی شلوقەوە وراوەستانیان دەست بەتوفەنگەوە بو لەناوبردنی ئەوانەی دی‌بەدلیانا سەركەشی بكەن لەعاستیان . سەررای ئەم چاووراوانەو هەر لەپەنای داروپەردووی ئەم درووده‌لەسانەی دوژمن‌دا گەل‌و لەشكرەكەی یەكیەتی تەبیعی‌و راستەقینەی خویان پیك‌هینایەوە وپتر بەهیزو پتەویان‌كرد وە ئەوەبوو شورشی ١٤ ی تەمووزی پیروز نوبەرەی ئەم یەكگرتنەبوو ، ئەو شورشەی كە بەنهینیەتی تەواو و پیلانی وورد ، وریكوپیكی لەئەندازە بەدەرو خیرایی وەك بروسكەی‌دا ــ بووە مایەی سەرشوری‌و سەرسورمانی دوژمن‌و سەربەرزی‌و شانازی دوست لە هەموو شوینیكی دنیادا . بە داپلوسینیكی لەناكاو نیزامی ئیمپریالیستی ــ پاشایی‌و دەرەبەگی دەستەی بەكری گیراوانی عەرەب‌و كوردی لەناوبرد . هەر بەیەكجارەكی ئیمپریالیزمی دەرپەراند لەنیشتمانەكەمان كەوا دەستی‌نابووە بینی گەل‌و وولاتمان . وەهەموو رولەكانی گەلی عیراقی لە یەكیەتی‌یەكی خەباتی‌دا كوكردەوە وە بیرای‌بر ریگەی كوردو عەرەب بەگژیەكاكردنی لە ئیمپرلیستەكان بەستەوە بەوەی كە بەسەربەستی وئاشكرا لە دەستووری تازەی جەمهووری‌یەتە دیموكراتی‌یە كەماندا دانی‌نا بە سەرەتای هاوبەشی لەنیشتماندا ، وە وەكیەكی لە هەقە نەتەوایەتی‌یەكاندا لەبینی نەتەوەی عەرەب‌و كوردا ، لە سنووری یەكیەتی عیراقی‌دا . وەپشتی دەرەبەگی شكاند كە پشتیوان ودوستی دیرینی ئیستعماربوو ، بەوەی كە قانوونی چاككردنەوەی كشتوكالی دانا . وەسەربەستي هەقی داگیركراوی گیرایەوە بو هاونیشتمانان . وە گەلی ئیشی‌كەی‌كرد كە زورترن لەوەی بەم‌پەلەیە لەم شوینەدا باسی‌بكری .

بەلام ئەوەی كە هیچ گومان‌و قسەی تیانی‌یە ئەوەیە كە فرمانەكانی شورشەكەمان هیشتا دوورن لە تەواوبوون . وە خراپەو پاش‌ئاخوری چل سال حوكمی ئیمپریالیستی ، پاشایی ، دەرەبەگی بوگەن لەوانەنی‌یە لەم‌ماوە كەمەی تەمەنی شورشەكەماندا تەنیا هەر لاش‌ببرین .

نەك هەرئەمە ئیمپریالیزم وكلكەكانی ئەو كاسی‌یەیان نەماوە كە كوتوپری لیدانەكە تووشی كردبوون وە گەلی دررترو پیستر لەجاران كەوتوونەتە پیلان‌وتەگیبر نەك هەر بو بەربەستكردنی پیشكەوتنی شورشەكەمان‌و لادانی لەریگەی راستی خوی بگرە بو لەدەست‌سەندنەوەی ئەو سەركەوتنانەش كە تائیستە پیكهاتوون تاوەكوو بمان‌گیرنەوە دەوری دیلی‌و چەوساندنەوەی ئیمپریالیستی ودەرەبەگی .

جا شتیكی ئاشكرایە كە لەحالیكی‌وادا دوژمن نیشان‌ئەگریتە بناغەی دورستكراوە تازەكەمان ، یەكیەتی ریزی خەباتیمان . بوئەوەی گورچوومان ببریت . وە هەر لەبەرئەمەیە كەوا ئەبینین بەهەموو هیزو توواناییەوە لەسەریكەوە خەریكی ئەوەیە كەیەكگرتنی نیوانی لەشكرو گەل بی‌هیزكات وەلەسەریكی كەوە ئەیەویت ئاگری دوژمنایەتی‌و ناخوشی لەبەینی كوردو عەرەبدا هەلگیرسینیت وە لەلایەكی‌تریشەوە ئەیەوی كەلین بخاتە نیوانی ئەو هیزە نیشتمانی‌یە دوژمنی ئیمپریالیستانەی كەوا لەژیر ئالای بەرەی یەكگرتنی نیشتمانی‌دا كوبوونەوە . چونكە ئیستە ئەوە زور چاك ئەزانن ، ئەگەر لەمەوپیشیش نەیانزانی‌بی كەوا یەكگرتنی گەل‌ولەشكر ، ویەكیەتی خەباتی بی كەلینی هیزە نیشتمانی‌یەكانی بەرەی یەكگرتوو ، وەبرایەتی كوردو عەرەب ئەم « سی كوچكە پیروزە » ئەو تاویرە

- ٥ -

# کوردی یەکگرتنی سوڤیت

ژمارەی ئـەو کوردانەی لەیەکگرتنی سوڤیاتیدان ئەگاتە ( ١٢٠ ) سەدو بیست هەزارکەس ئەوانەش لـە جەمهووریەتەکانی ئەرمەنیا وجورجیاو ئەزربایجاندائەـ نیشن • هەریەکە لەم جەمهووریەتانە نزیکەی ( ٤٠ ) چل هەزار کوردیکی تیائەژی •

ئەو کوردانەی لە ئەرمەنستانی سوڤیاتی دائەنیشن لەدیهاتدا ئەژین ژمارەی هەموو گوندەکانیان ( ٣٥ ) دی ئەبیت کەگەورە ترین کومەلە گوندیان حەوت دیەبەلام گوندەکانی تر بلاو بوونـەوە بـەنیو جەمهووریـەتی ئەرمەنستاندا •

کوردەکانی جورجیا شارنشینن وەبەشـی زوریشیان لەشاری (تفلیس) و (باتوم) دائەژین وبەزووری (یەزیدین) • بەلام لە ئەزربایجان لەلادیولە شاریشدا ئەژین ، ژمارەی هەموو گوندی کوردەکان لەئەزربایجەدا ئەگاتە ( ٢٥ ) بیستو پنج دی وەبەشیکی زوریشیان لەشاری ( باکو ) دائەژین کەپایتەختی ئەزربایجانە •

ژمارەی ئەندامـانی کـوردی پارتیکومیونیست لەئەرمەنستانی سوڤیاتیدا کە هەموویان ( ٤٠ ) چل هەزار کەسیکن ( ٣٢٤ ) سیسەدوبیستوچوارە • وە ژمارەی قوتابیانیکورد ، ئیستاکە ، لە جامیعەی ( یەریڤان )دا (١٠٠) صەد قوتابییە کەبەش بوون بەسەر هەموو کولیج ( کلیە ) کانیا بەوینە لەکولیجی جوغرافیادا تاقە یەك قوتابی وەـ لەکولیجی حقوق (٣) قوتابی ولەلقی زمانیئەرمەنیدا دوو قوتابی وەلەکولیجی میژوو دوو قوتابی ئەخوینیت ••

کوردەکانی ئەرمەنستانی سوڤیتی روژنامەیەکیان هەیە بەزمانی کوردی هەفتەی دووجار بە ( ٤ ) لاپەرە هەزارو

---

سەختەیە کە ئیمپریالیزمو نوکـەرو پروژەکانی لەسـەر ووردوخاش ئەبی •

جا ئەمە پیویستیئەکات لەسەر هەریەکیکمان ، لەسەر هەموو عیراقییەکی بەشەرەف ، کە تیبکوشین بو بەهیزـ کردنی ئەو یەکگرتنە توندەی لەمیانی گـەلو لەشکرە نەبەزەکەیدا هەیە ، وەبوبەهیزکردنو پتەوکردنی برایەتی کوردو عـەرەب ، وەبوزیادکردنو پەرەسـەندنی هیزی بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی • چونکە ئـەم خەباتە لـەم پیناوەدا تەنیا ریگایەکـە بو پاراستنی جەمهووریەتـە دیموکراتییەکەمان وپایەداریو خەملاندنی بەسەرکردەیی سەروکی خوشەویستمان عەبدولکەریم قاسم کە نەك هەر سەرکردەی لەشکرو سەروکیشورشە دیموکراتییەکەمانە پیشاندەریکیزیندووی راستی هەموو رەوشتە مروڤایەتییە باشەکانی ، وەگشت ئیتجاهە رزگارکەرانە روشنکەرەوەـ کانیەتی کە بەراستی رەمزە بو یەکگرتنی لەشکرو گەل ، وەبویەکیەتی هیزە نیشتمانییەکانی دوژمنی ئیمپریالیزم ، وەبو برایەتی هەتاهەتایی کوردو عەرەب •

بژی لەشـکری نەبـەزمان پاسـەوانی دلسـوزی جەمهووریەتە نەمرەکەمان •

بژی یەکگرتنی توندوتولی نیوانی گەلی قارەمانو لەشکرەکەی •

بژی برایەتی کوردو عەرەب •

بژی بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی •

بژی جەمهـووریەتـە دیموکراتییـەکەمـان ، جەمهووریەتی کوردو عەرەب ، بەسەروکایەتی عەبدول کەریم قاسم •

-٦-

حەو سەد دانەی لی‌دەرئەچی • ناوی ( ری یاتازه )یـه سەرەك نووسەری پاریزەر میرو مستویه وەله کاروباری ؛ وسین‌دا لیژنەیەك یارمەتی ئەدات کەله ( نوروی‌ئەسەد ، و حاجی جندو ، وشاکیرخدو ، و شەرەف چەچان ، وقچاغ مرادوف ، وعـەلی مەمەدوف ، و ئەمین عـەبدال ) پیك هاتووه • ئەمی‌دووایی‌یان نووسەر وشاعیرەو پالیوراوی‌ـ علومی (فیلولوگیا ) وماموستاشه له ئەکادیمی ئەرمەنستانی سوڤیتی‌دا وەخاوەنی گەلی کتیب وناميلكەيه •

ئەم روژ نامەیه یەکەمجار لەسالی ۱۹۳۰دا دەرکراـ وەهەتا سالی ۱۹۳۸ مایەوەئەوسا له دەرچوون کەوت تابو دووەمجار لـه ۱۹۵۵/۱/۱دا هـەتەوه کایه • بەشـی ئایدیولوجی ( بیروباوەر ) وپارتایەتی روژنامەکە لەلایەن ( جاسم جەلیل وخەلیل سرادوف )ەوه ئەنووسریت • روژ نامەکەخوی بەوئەلفوبی کوردی‌یه ئەنووسریت‌کە لەسالی ۱۹۲۱ دا دانرا •

کوردیش وەکوو نەتەوەکانی کەی‌جەمهووری‌یەتەکە ژن وپیاوی هونەرمەندی تیا هەلکەوتووه وەکوو گورانی‌ـ بیژ ئەحمەد چلو کەواهونەرمەندیکی گەلی‌یه لەجەمهووری یەتی‌ئەرمەنستانی سوڤیاتی‌دا وئەم‌بوو کە سترانی موسکو وه لەشکری سووری‌دانا • وەهونەرمەندی گەل ( نازی شیرا )کەوا لەجوقەی ( سیرکیسی یەریڤان )دائیش ئەکات وهونەرمەندی گەل (سەرتیپ عەلی) • هەروەها شەخسیاتی سیاسی وپارتی‌مـەزن هـەن لەناوکوردەکـاندا وەکوو سیامەندوف هەمەد عـەلی کەوائیستەوەکیلی وەزارەتی کشتوکالـە لەئەرمەنستانی سوڤیتی‌دا وئەندامی کومیتەی ناوەندی‌یەلـە پارتی‌کومیونیستی ئەرمـەنی‌دا وقارەمانی یەکگرتنی سوڤیته لەپاراستنی موسکوو رووسیای‌سپی‌داو بوهەشت‌سال هـەلبژیردرا بەئەندام‌له مەجلیسی‌ژووروی سوڤیتی یەکگرتنی سوڤیتدا لـەموسکو • وئـەندامی مەجلیسی ژووروی سوڤیت‌بو لەجەمهووریەتی ئەرمـەـ نستانی سوڤیتی‌دا بوماوەی ( ۱۲ ) دوازه سال‌له (یەریڤان)

و ( مەحمودوف نادوی خدو ) کەئەندامی کومیتەی ناوەندی پارتی‌کومیونیستی ئەرمەنی‌یه وهەلـسوورینەری دامەزراوی ئابوری هەموو ئەرمەنستانه ویەکیکه لەشەش ئەندامەکەی سەروکایەتی ژووروی سوڤیت‌له ئەرمەنیای سوڤیتی‌دا •

و ( چتوف خالیـد مرادوف ) کـەپالیوراوی‌علومی میژوویی وسکرتیری یەکەمی یەکی‌لەلیژنەناوچەیی یەکانی پارتی یه له ئەرمەنستاندا وەچگە لەمانه شەخسیاتی‌تری‌ـ کوردیش هەیه وەکوو ئەوەی داواکەری گشتی هـەموو ئەرمەنستانی سوفیتی یەکیکی کورده •

لەسەرەتای ووتارەکەمانەوه ووتمان کەوا کوردەکانی ئەرمـەنستانی سوفیتی‌له دیهاتـدائەژین بویه وایاسی‌ژیانی یەکی لەم‌گونده کوردانه ئەکەین بوئەوەی ببی‌بەنموونه بو ژیانی جووتیارانی کورد له یەکگرتنی سوڤیتدا :

لەگوندی ( رالەگز) داکیلگەی (کیروف)ی هالیکاری هەیه • ئەم‌کیلگەیەلەسالی ۹۲۹ دابنیات نرا خوی حەفتاماله وژمارەی دانیشتوانی ۳۰۰ ــ ۳۵۰ کەسەلەمانه (۳۰)سی کەسیان ئەندامن لەپارتی‌کومیونیستدا و( ۷۰ ) هەفتایان ئەنـدامن لەلاوانی کومیونیستدا ، و ( ۱٦ ) شـازەیان مامـوستان ( ۱۷۰ )سەدوهـەفتایان توتایین لەقوتابخانەی سەرەتایی ئەخوینن و (۸٤) هەشتاوچوار کچیان لەقوتابخانه ئەخـوینن • وەلەدی‌یەکەدا کارگەی شیر وماستی‌تیـایه لەگەل( یانه )و(قوتابخانەی سانەوی) و(٤)چوار کتیبخانەی گشتی ودوو کومەلی‌هالیکاری ونەخوشخانەیەك کەپانـزه تەختی تیایه لـەگەل دوو دوکتور کەیەکیکیان کـورده • کیلگه هالیکاری‌یەکە ( ۱۵۰۰ ) هـەزاروپینج‌سەد سـەر مـەری‌هەیه لەگەل ( ٤۰۰ ) چوارسەد مانگا و ( ٦۰۰ ) شەش‌سەد هەکتار زەوی کەلەمـە ( ۵۰۰ )هـەکتاری بو کشتوکال و( ۱۰۰ )ەکەی‌تری‌بولەوەره • کیلگەکە (۳)سی‌ـ تراکتورو دوو مەکینەی درووینەو( ۳ ) لوری هەیه • ( ۲۹ ) بیستونوکەس لەخـەلکی‌ئەم گونده لەقوتابخانەی بـەرز دەرچوون • وەیەکی لەرولەکانی ئەم‌دی‌یه ئیسته لەجامیعەی

# بانگی ئاشتی

لەپیناوی ئاشتی ورزگاری‌دا

« ووتاری » جەمیل بەندی‌روژبەیانی کەبو ئیستگەی ئەریوان بـەکوردی توماری کردووە •

برایانی خوشەویست ! هەوالانی وولاتی سوڤیت ، هاونیشتمانانی مەردی هەموگیتی ، برا عەرەبەکان ، برا کوردەکان !

ئیمە ، کە کوردی عیراقین ولەگەل‌براعـەرەبەکانی عیراق‌مانا بەناوی نمایـەندەی ئاسایش و دوستایـەتی بەستنەوە هاتوینە وولاتی سوڤیت • ئەمروکە لەقەلای ئازادی‌یا ، لەخاکی ئاسایش خواهی دائەژین • ئاواتە خوازین کەهەمو برایەکی ئازاد ئەم وولاتە ببینی ، کەتامی ژیانی کامەران تی‌بگا • ئەم وولاتە قەشەنگە ئازادە کامەرانە کە لەجورەها نەتەوە وگەل پیك‌هاتووە ، هومویان برایانەـ ئەژین ، هەرکەسە لەکار وباری نەتەوەی خویا ئازادە ، کەس بەچاوی‌سووکی وبەچاوی بەندەیی سەرنجی کەسیکی تری ، ناداکەس‌خوینی‌کەس نامژی • ئـەم مروڤە زورە زەبەندەیە شەوو روژ لەفرمانایە • لەشارا ، لـەدەشتا ، لەکارخانەدا ، لەکشت وکالا ، لـەزریەدا ، لەئاسمانا : نان‌دینیتەبەرهـەم ، خانومان‌دوروست ئەکا ، وولاتـ ئەررازینیتەوە ، خویندەواری بلاوئەکاتە وە ، پیشەی بەرز پەرەپی‌ئەدا ، شت‌دائەهینی ، چەکی‌هەمەجور ئەخاتەوە ، تەنهـا بوئەوەی‌کەگیتی ئاوەدان‌بییەوە ، هـەمو گەلانی سەرزەوی‌بە کامەرانی بژین ، لەئاسایشا • لەم وولاتەدا ، بەسەر زارەوە تەنها ووشەی « ئاسایش ( میر ) هەیە • » ئەم وولاتە دەولەمەندە ، بە سەر ژمار ، بەکاروبار ،بەپاشەکەوت ، هەمیشە خوی‌کردووە بە موم وەلەری‌ی خەلکاـ ئەسووتی ، ری‌روشن ئەکاتەوە بو گەلانی جیهان کە بزانن ئازادی لەکوی‌یـە ، چونەس ئەکەوی • ئەمەیە ئـەو ریگەیـەی لەنین‌داینا ،ئیمە ئەمـەمان‌دی لـەموسکو ، لەلەنینگراد ، لەباکو لەتفلیس ، لەودەشت‌ودەرانەی‌کەـ پیاگەررابن •

ئینگلیز وفەرەنسزە وولات‌داگیرکەرەکان ، تەنهـا بوئەوەی خیروبیری وولاتان داگیربکەن ، بوئەوەی‌نەوت بدزن ، بو ئەوەی پاشەکەوتی گەلان تالان‌بکەن ، وتەنهاـ چەند سەرمایەداریك بحەسینەوە پەلیان‌هاویشتووە بەهەمو لاییکا ، لەهەموو ولاتیکا خەلك ئەکوژن ، خوین ئەرریژن، بەلام لەگەل ئەوستەم وبی‌دادی‌یەدا ناوی‌خویان ئەنین‌ـ پاریزەری گەلان•ئامقوورربەسەرئەوگەلانەی کەلەژیردەسی ئەوان‌دان ، وەخویان بەئازاد ئەزانن ، یالەوان بەتەمای ئازادین • ( ٤٠ ) سالی رەبەق نەتەوەی کوردی بەدبەختیان

---

موسکو ئەخـوینیت وناوی « عـەزیز میرو » یە وەیەکی لەکچەکانی ئـەم‌دی‌یە نوینەری سوڤیاتە لەناوچە کـەدا وەناوی ( خیلاسە نەوروز )ە •

سەرەکی کیلگەکە هەڤال ( خـدوی محو ) یـە کەئەمەسي ( ٣٠ ) سالە ئەندامەلەپارتی کومیونیستدا • و ٢٠ سالە سەرەکی کیلگەکەیە •

تاقەکەسی لەگوندەکەدا کەبەنە خویندەواری مابووەوە پیاوی‌بوو لەتەمەنی ( ٨٢ ) هەشتاودوو سالیدابوو ناوی ( عیدەی پسر ) بووکەئەویش چاری نەمادووسال لەمەوبەر خوی فیری نووسین وخویندنەوە کرد •

ئەمەبو وینەیەکی پچووککراوەی ژیانی ئـەو کوردانەی لەیەکگرتنی سوڤیت دانیشتوون پیشکەش خوینەرەوانمان کرد بوئەوەی بزانن تاچەئەندازەیەك گەلەکانی یەکگرتنی سوڤیتی ریگەی برایەتی راستەقینە یان گرتووە وخەریکی بەستنی دوستایەتی هەتاهەتاییشن لەگەل گەلانی کـەی دنیـادا •

عاصم حەیدەری      هەولیر

-٨-

چەوساندەوە ، بەناوی ئازادی پی‌دانەوە ئەیان خستەداو . بەلام نەتەوەی کوردی هوشیار هەرگیز ناخەلەتا ، هیچ‌حەلی لەخەبات نەکەوت . ئەوهەمو شورشانەی کەکورد لەخاکی پاکی‌کوردستان‌داکردی ، ئەوخوینـە گەشانەی رشتی لەدەرسیم ، لەئاغری‌داغ لەشارەزور لەسلیمانی لە دەربەند ، لە ئاوباریك لەبارزان ، لەئورمیە ، لەمەهاباد . ئەم شورشانە هەموی بو ئازادی بو ، بوگورربە گورر کردنی ئەوانە بو کە دەسیان بەسەر اگرتبون ، ئـەیان چەوساندنەوە ، کەچی ئیمپریالیزمی بەدبەخت لە لایەکی ترەوە ، بەهوی نوکەرە کانی‌یەوە پرروپاغاندەی ئەکرد ، وای ئەدایە قەلەم : کەئەم شورشانە لەسەرپەنجەی ئەوهەلگیرساوە . بوریک‌خستنی هەندی کاروباری خوی » .

بابایش سەرنجی نەتەوەکانی ژیردەسیان بدەین لـە ئەفەریقاو ئاسیادا ئەوەجەزائیر ، ئەوە قیبریس ، ئـەوە عومان ، ئەوە سەرداریتی‌یەکانی سەر زەریای‌سوور . ئەوەتا هەمیشەلەجەنگان ، هەمیشەخوینیان ئەریژری ، هەمیشە لەقەنارە لەسیدارە ئەدرین ، لـەری‌ی‌ئەوەدا کـەخویان رزگاربکەن لـەئیمپریالیزمی دز : دزی نـەوت ، دزی پاشەکەوت دوژمنی ئادەمیزاد ..

بی‌ینەسەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ، کەلەژیرزەوی‌یەوە گەییشتووەتە سەرزەوی وەبالی کیشاوە بەسەر هـەمو وولاتانا تا سەرسنورەکانی وولاتی سوڤیت ، لەگەل ئەم پەرەسەندنەدا ، خوی بەپاریزەری مروڤ دائەنی . کەچی لەشکر وکەشتی گەلـەکانی جاریك سـووری‌ئەردەن‌ئەدا جاریك‌لەبنان‌داگیرئەکا ، جاریك سووری ئەندەنوسیا ئەدا . جاریك بەهوی نوکەرەکانی‌یەوە خەریکی دامـەزراندنی فرروفیلە بو خلیسکاندنی جمهوریـەتی ئازادی عیراق ، وەلەژیرەوە داوئەنیتەوە لەگـەل نوکەرەکونەپەرستەکانی لەکوردستان وعەرەبستانا .

ئەی گەلانی ئازادی هەموجیهان ، ئەی نەتەوەی کورد لەهەمو خاکی پاکی کوردستانا ، هەر لەدەریای‌رەشەوە تازریەپەرری فارس هەر لە ئەرمەنیاوە تا شاخەکانی حیمرین ئیمەکـە نەتەوەی کوردین پیویستە بزانین کـەئەو روژە بەدەسەوەیە کەئیمەش وەکو گـەلان ئازادی سەرزەمین ئازادبین . بەلام نابی ئەوەمان‌لەبیربچی کەئیمە لەسەرەتای میژوی ئیسلامەوە تائەمررو لەگەل براعەرەبەکانمانا بـە برایەتی‌ژیاوین ، سەرداریتی پەبەهیزەکانمان ، دەولەتەکانمان لەکاتی عەبباس‌یەکانا لە هەموحەل بەهیز تربوون ، عوثمانی‌یەکان ، وفارسەکان بەناوی ئیسلامەوە ، ئەمیان لەهەمو باریکی نەتەوایەتی بی‌بەش کردووە ، هیچ‌هیزی نی‌یەکەبتوانی جیاوازی بخاتە نیوانی‌ئیمەو براعەرەبەکانمان ئیمەتەنها بەبرایەتی‌عەرەب، ئەتوانین خەبات بکەین بوئازادی ١٥ ملیون کورد ، وهـەر بەیاریدەی یـەکیتی سوڤیت ئەتوانین رزگاربین، ئابرروی‌پایەمالی‌خومان دوبارەبکەینەوە پیاوەتی لەژیرپیدا پلیشاوەمان بەرزبکەینەوە بوسەرلوتکەی مەردایەتی . بوربژی گەلان . ئەبی‌ئەوگەلانەی کەئیمەیان خستوتەژیرنییلەی بەندەگی بزانن کـەئیمە ووشیارین ، لەگوی‌ی‌گادا نەخەوتوین ، لـە داوای مافی ئازادی‌مان ناگەرین ، ١٥ ملیون کورد ئازادی ئەوی ، وەکەس ناتوانی نەتەوەیی ئیمـە بگورری ، گیانی ئازادی خواهی‌مـان بکوژی ، « کورد ئەوەند کوردن بەسەد شەیطان لەکوردی ناکـەون ئیکە خـەلقی بوچـی بوخوی‌دەردی سـەر پەیدائەکا » . قـەت نەلین‌کورد مردووە ، کوردمردووە « کورد زیندوەقەت نانەوی ئالاکەمان » ئیمە زور سوپاسی یەکیتی سوڤیت دەکەین ، کەپەنای ئەوکوردانەی داکـە لەبارزان ومەهابادەوە پەنایان‌هینایە سای ، هەروا کەئەو یارمەتی وخویندەواری‌یەبلاو ئەکاتەوە بەناو ١٥٠ هـەزار لەکوردا کـەلەخاکی سوڤیتدا ئەژین لـەئەرمینیا ، لـە ئازەربایجان ، لەکورجستان ، وئەمرروکە زوریان ماموستاو دوکتورو پروفیسورن .

هەربژی یەکیتی سوڤیت وگەلانی ، هەربژی ئاسایشی گیتی ، برروخی ئیمپریالیزم ونوکەرانی لەگەل کونەپەرست . هەربژی کوردستان ، هەربژی برایەتی کوردو عـەرەب ، بەرزیتی‌بو عـەبد الکەریم قاسم پیشەوای خوشەویستی گەلی عیراق .

-٩-

بانگی ئاشتی

# « ووتاری ماموستا عومەر مستەفالە میهرەجانی ئاشتی کەرکووکدا »

پاش پیکهینانی کومەلی نەتەوە یەکگرتووەکان ــ لەژیر زەبری گەلاندا ــ کەلە دووای برانەوەی شەری دووەمی دووا براوبو پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا دامەزرا ، وەپاش ئەوەی کە هیندەی پی نەچوو دەولەتە ئیمپریالیستەکان وکلکە کانیان دەستیان بەسەر ئەم کومەلە دا گرت وبە ئارە زووی خویان ئەیان برد بەری‌وە ، وە لە لایەکی تریشە وە هەر ئەم دەولەتە ئیمپریالیستە شەرر هەلگیرسینەرانە دەستیان کرد بە پچراندنی ئەو پەیمانی ئاشتییانە کە لە نیو دەولەتەکاندا بە سترا بوون وەروژ بە روژ بە هەلە داوان خویان پرر چەك ئەکرد بو هەلگیرساندنی شەرریکی سییەم ، ئا لەم کاتە دا میلەتانی ئازار کیش‌و خەلکانی دایکو باوکو کورو کەسوکار کوژراو ومال ویران کراو لەشەری دووەمدا مەترسی شەریان لی‌پەیدا بوو وەلاشەی کەسوکارەکانیان‌دووبارە هاتەوە بەرچاووەگوییان لە دەنگی ئەو بومبا ویرانکەرانە زرینگایەوە ، لە هەموو لایەك هاواری ئاشتی‌و ئاسایش پاراستن هەستاوە دەستکرا بە بەستنی کونفرانس لەنیو میلەتانی هەموو دنیادا بوپاراستنی ئاشتی دونیاو نەهیشتنی هەلگیرساندنی شەریکی تری ویرانکەر ، بەم جورە کونفرانس‌ی یەکەم لە شاری « فراکلوی » ویرانکراو لە پولونیادا بەسترا وە بانگیکی بلاو کردەوە بە یارمەتی مەکتەبی ئافرەتانی دیموکراتی گیتی ، گەلی لە غالم ورەوشەن بیران وسەرکردەکان قوستیانەوەو لیژنەی ئامادە کردنی کونفرانسیکی ئاشتی بەسەرو کایەتی عالمی ئەتومی نەمر ( جولیو کوری ) پیکهات وە یەکەم کونفرانسی ئاشتیان لە سالی ١٩٤٩ دا لە پاریس بەست . ئا بەم چەشنە جوولانەوەی ئاشتی لەدونیادا پەیدا بوو . عیراقیش ــ کەنەك هەر دوور نابیت لەئاگری شەریکی سییەم ئەگەر هەلبگیرسیت بەلکو وولاتی ئەش‌بیتە مەیدانی شەرر ــ وەکوو هەموو میلەتانی دونیا دەستی کرد بەتیکوشان وخەباتکردن بو پاراستنی ئاشتی دونیاو نەهیشتنی هەلگیرساندنی شەریکی تر ، وەلە هەمو شاریکی‌دا لیژنەی ئاشتی دامەزرا و کەوتنە هاندانی خەلکی بو نەهیشتنی بە ستنی هەموو پەیمانیکی شەراوی کە عیراق بیەستیتەوە بە پاشکوی ئیمپریالیستەکانەوە وە هەر ئاشتی خوازان بوون کە پەیمانی پورتسماوثی جەنگاوی‌یان ژیر خاك کرد وەنەیان ئەهیشت کەهیچ پەیمانیکی شەراوی لەوولاتە کەماندا بیەستریت‌و سەر بگریت .

بەلام حکومەتانی عیراقی پیشوی گور بە گور ودەست نیژەکانی ئیمپریالیزم وچلکاو خورەکانی ، ئەو حکومەتانەی کە هەمیشە بووبوونە دار دەستی ئیمپریالیزمی ئاغایان بو هینانەدی ئامانجە شەراوی‌یە کانیان وبەر بەرەکانی‌ی هەمو جولانەوە یەکی نیشتمانی‌یان ئەکرد کە بیوایەهوی بەربەست کردنی پروژە جەنگاویەکانیان ، ئاەو حکومەتە گەل‌فروشانە کەوتنە بەرهەلستی کردنو پەرەسەندنی جولانەوەی ئاشتی تاوای لی‌هات قانونیان بو گوری وەوایان لی‌کرد کەهەر کەسیك لەم جولانەوەیەدا ئیش‌بکات‌هەتا هەلواسین سزابدریت ، ولەم رودوە زور کەسیان گرت‌و خستنیانە بەندیخانەوە وگەلیکیش لەئاشتی خوازان جنسیەتیان لی سەندرایەوە وەدەربە دەربە کران ولەژیر توقاندنیکی جانەوەرانە ولیدانیکی ئاسنین‌داو گرتنی‌بەشی زوری ئازادی خوازان وخستنە ناو بەندیخانەــ

یانەوە وداخستنی وپەك خستنی هەمو روژنامەو گوڤارە نیشتمانیەکان ، وە وەرگیرانی حوکم کردنی عیراق بە حوکمیکی رەشی پولیسی ، ئابەم چەشنە توانیان پەیمانی بەغدای شەراوی پیك بهینن ، بەلام لەگەل ئەوەشدا کەپیکهات ، لەترسی گەلانی ئازادی خوازو ئاشتی خوازی روژ هەلاتی ناوەراست بە تایبەتی بزووتنەوەی ئازاد کەرانەی عەرەب بەنەزوکی مایەوە تاشورشی چواردەی تەموزی پیروز بە تەواوی هەلی تەکاندو لەژیر خاکی نا •

ئەمەبو بە کورتی چونیەتی پەیدا بوونی جولانەوەی ئاشتی لەجیهاندا بەگشتی ولەعیراقدا بە تایبەتی • ئیستاش لەسایەی راپەرینە پیروزە کەی چواردەی تەموزی سوپاو گەلەوە بەسەرو کایەتی قارەمانی نەبەزمان کاك عبدالكريم قاسم ، ئەوابەئازادیو سەربەستیو ئاشکرا،ئاشتی خوازانی کەرکوك ــ وەکو هەمو ئاشتی خوازانی شارەکانی عیراق ــ یەکەم ئاهەنگمان ئەگیرین وبەلینمان نوی ئەکەینەوە کەتا دووا دلوپی خوینمان خەبات بکەین بە سەروکایەتی قارەمانی خوشەویستمان کاك عبدالكريم قاسم لەپیناوی ئاشتی ودیموکراسی وسەربەخوییدا ، وەتی بکوشین بوچەسپاندنو خەملاندنی ئەو دەستکەوتانەی کە شورشی پیروزمان دەستی خستووین •

هاوری یان هەموومان ئەیزانین کەشورشە پیروزەکەمانچی سەروەتو سامان وتالانیکی لە کیس خوینمژەکانداوە وچون هەموو پیلانو پروژە یەکی جەنگیو شەرانەی لەروژ هەلاتی ناوە راستدا لی هەلتەکاندوون ولی تیکداون وەچون سەری لی شیواندوون وگیژی کردوون چونکە وەنەبی ئەم شورشە هەر عیراقی لە دەست داین بەلکو بووتە چرایکی گەشیش بو روو نکردنە وەی ریگای گەلە ژیر دەستەکانی تری روژ هەلاتی ناوەراستیش وبووەتە پشتیوانیان بو رزگار بونیان لەژیر دەست وداوو چەوساندنەوەیان ، بویە نابی وا بزانین کە ئیستیعمار دەستە ئەژنو دادەنیشیتو هیچ ناکات ، بەلکو ئەبی ئەوە زور چاك بزانین کە هەر لەدووە مین روژی شورشە پیروزەکەمانەوە ئیستیعمارو نوکەرەکانیان کەوتونە خویانو دەستیان کردوەبە هەرەشەکردن لە جەمهوریەتە کورپەکەمان تاگەیشتە ئەوەی بین لوبنانو ئەردەن داگیر بکەن بوئەوەی بیانکەن بە سەرە پرد بوهەلمەت هینانە سەرمان وپەلامار دانمان ، بەلام یەکیەتی میللەتانی عیراق بە عەرەبو کوردو هەمو نەتەوەکانی تریەوەو بە پشتیوانی هەمو گەلانی ئازادی خوازی دنیا بە سەروکایەتی هاوری یانی خوشەویستمان یەکیەتی سوڤیەت وچین ، قەلایانی سەختی ئاشتیو دیموکراسی ، توانی پیلانە پیسەکەیان هەلبوەشینتو بەروو رەشیوشەرمەزاریەوە بیان گەرینتەوە هیلانەکانیان • ئەنجا بایانداوە سەر ریگەیەکی تر ئەویش ئەوەیە کە هەول بدەن بەلکو بەهوی بەکری گیراوەکانیانەوەو بەکرینی تاقمیك لەو کەسانەی کەهەمیشە پارەیان لەنیشتمانو شەرەف لاخوشە ویستترە ، لەگەل ئەوکەسانەی کە شورشەکەمان ریگەی چەوساندنەوە ودو شینی گەلەکەمانی لی گرتوونو ریسوای کردوون ، تا بەهوی ئەمانەوە ئەیەوی ئاژاوە یەك بنینەوەو فیتنە یەك بەرپا بکەن لەنیومانداو بو ئەوەی کەلە بەریك بخەنەنیو یەکیەتی یەکەمانەوە تاکو گەورەی بکەن وبەناویادا بینەوە ژوورەوە ، بەلام خەیالیان خاوە ، تازە نەمیللەتی عەرەب وەنە میللەتی کورد وەنە تورکمان وەنە هیچ نەتەوەیەکی کەی عیراق بە دروو دەلەسەی ئەم نوکەرو بەکری گیراو خوینمژانە هەلنا خەلەتینو گوییان لی راناگرن ، وە هەموویان لەژیر ئالای بەرەی یەکیەتی نیشتمانیدا خەبات ئەکەن بوچەسپاندن وخەملاندنی جەمهوریەتە خوشەویستەکەیان وەتی ئەکوشن بو دوزینەوە وئاشکراکردنی پیلانو تەگبیرە پیسەکانیان • هەربویەیەکە ئەوەتا روژ بە روژ پیلان وتەگبیرە کانیان لەسایەی یەکیەتی وهوشیاری سەروك عبد الكريم وسوپاو گەلی عیراقەوە ئاشکرا ئەبیت وپیلان گیرە بەکری گیراوەکان وخو فروشەکان ئەگیرینو بی دەست ئەکرین •

-١١-

# نامەیەك لە كامیرونی تیكۆشەرەوە

كامیرون ولاتیكی ژێردەستەی داگیرو دابەش كراوە لە ئەفەریقادا • ملیون و نیویكی لەو بەشەی كامیرون دا ئەژین كــە كەوتوتە بەر چەنگی گولــە شیری گرووی ی بەریتانی ٣سی میلون ونیویشی بەدەست ئیمپریالستەكانی فەرەنسەوە ئەنالینن ئەم ولاتەش ، دەمیكە ، لەگەل كاروانی رزگاری ئەفریقادا ؛ بەرەو ئاشتی و دیموكراسی وسەر ـ بەخویی ، كەوتوتەری • ئەویش سالەهای سالە ، خەبات ئەكا ، وە لەپیناوی ئازادی خوی دا ، فیداكاری ئــەكا وجوامیری ئەنوینی •

لە كامیرون دا ، پارتیكی پیشرەوی جەماهیری هەیە ؛ ناوەكەی ــ یەكگرتنی خەلكی كامیرونە ــ وە هەرچەندە ولاتەكەیان دابەش كراوە ، بەلام لە هەر دوپارچەی ولاتەكە دا هەر ئەو پارتیە هەیە ، جگە لە پارتی پیشرەوی خەلكی كەمیرونیش یەكیەتی كریكاران ولاوانی دیموكراتی وئافرەتانی دیموكراتی كامیرونیش هەن • بەلام هەمویان لە هەر دو پارچەی ولاتەكەدا بی گویدانە جیاوازی سیاسی ( لەروی دابەش كردنەوە كار دەكەن •

لەمانگی ئوغستوسی رابردودا یەكیك لەسەر كردەكانی پارتی یەكگرتنی خەلكی كامیرون ، لەگەل وەفدی هاری كاری نیوان گەلانی ئاسیا وئەفریقادا هاتبوە بەغدا • وە بو یەكــەم جار لەمالی ماموستا كامیل چادرچی تووشی ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد وكاك مەسعود محمد وجەلال تالەبانی ئەبیت • پاشان ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد وجەلال ئەچن بو زیارەتی لەئوتیل بەغدا ، وە دانشتنیكی دورو درێژی لــەگــەل ئەكــەن ، هــەر دوولاباس وولاتی خویان بو بەكتری ئەكەن ، وە بریار لە سەر ئەوە ئەدەن كە ئیتر لەمەودا پەیوەندی یەك لە نیوان پەیداكەن ، وهەول دەن بو دوستایەتیەكی بەهیز لەنیوان گەلی كوردو گەلی كامیرون دا • پاشان جاریكیش كاك مەسعود لەحەفلەیەكدا ئەیبینیەوە ، و تیر باسی كوردستان وكامیرون ئەكەن • ئنجا كە كاك ( ئوزەندە ئەفانا ) گەرایەوە بومیسر ، كە شوینی دانشتنی ئیستەیانە ، ئەم نامەیەی خوارەوە ، بو ماموستا ئیبراهیم ئەحمەدو كاك مەسعود وجەلال ئەنیریت • ئیمەش وا لەخواردوە پیش كەشی دەكەین بەخوینەوارمــكانمان ، كە لە فەرەنسیە وە لەلایەن كاك زەبیحیەوە كراوە بەكوردی : ــ

بو دوستە كوردە خوشەویستەكانم •

برایانی زور خوشەویست •

لە كاتی رابوردنم ، بە بەغدادا لە ( ٦ ) تا ( ١٠ ) ئوغستوس ، چاوم بەهیندیك لەئیوە كــەوت بەتایبەتی

---

جا ئەی خەلكی عیراقی بەشەرەف پیویستە لەسەر هەموومان یەكبین وبە قسەی پروپوچی خائنــان وبەكری گیراوان باوور نەكەین وفریونە خوین وە هوشیاربین و هەر چاویكمان بكەینــە دەچاو بو دوزینەوە وئاشكرا كردنی هەموو پیلانیكی گیرە شیوینی كە هەستی پی ئەكــەین • وەتەنیا بــەم جورە ئەتوانین جەمهووریەتەكمان وئاشتی ودیموكراسی بپاریزین ونیشتمانەكەمان لەئاگری شەرر دوور بخەینەوە وبەپیویستی ئاشتی خوازی خومان هەلبستین •

ئیتر هەر بژی قارەمانی نەبەزمان كاك عبد الكریم قاسمی خوشەویستمان •

بژی یەكیەتی نەتەوەكانی عیراق •

بژی ئاشتی وئاشتی خوازان لەجیهاندا •

بژی جەمهوریەتی عیراقی جەمهوریەتی كوردو عەرەب

بژی بەرەی یەكگرتنی نیشتمانی

بژی برایەتی كوردو عەرەبو هەمو نەتەوەكانی تری عیراق •

پارێزەران مسعود ، ئیبراهیم ئەحمەد وجەلال تالەبانی • ئەوانە یادگاریکی زور گـەورەیان لەدلی مندا بەجی‌هیشتووە • هەروەها سەرکردەی کومەلەکەی من ، .U. P یەکگرتنی خـەلکی کامیرون ــ لەتەصریحاتی ئـەوان ، بەئەهمیەتیکی زور گەورەوە ، ئاگادارکرا ، کەلەبابەت میژوەوە بەتایبەتی میژوی شەری خاچپەرستەکان ، میژوی ( صلاح الدین ) باسیانکرد • ئیمە دەزانین کە کوردەکان هەمیشە بەرامبەر بەهەموو چەشنە دەستەلاتیکی بیگانە نەتەوەیەکی شورشگیرو سەرکیش‌بوون ، سەرەرای ئەوە ئیمە بە گەرمی لایەنگری ئەوەین کەنەتەوەکان بو خویان چارەنووســی خویان دابنین ، هــەروەها ئـەی دوستە خوشـەویستەکانم ئەهمیەتیکی زور درا بـە تیکوشان وخەباتی نەتەوەی کورد بو یەکیەتی خوی ، وەکوو نەتەوەی کامیرون وعەرەب ، وزاندرا کە کوردەکان خویان داناوە ( وەقف کردوە ) بو دوستایەتیکی بەراستی •

ئەگەر خەباتی ئیوە لەواقعی موضوعی خویدا تووشی گیرو گرفت ئەبی ، خەباتی خەلکی کامیرون لەبەر ئینعزالی گشتی کەلە ناوەراستی مستەعمەراتی فەرەنسەو ئینگلیزدا هەلکەوتوە ، ولەبەر بی‌هیزی پروپاگەندەی ناونەتەواویەتیمان ( دەولی ) خوی لەژیر دەسەلاتی راستەوخوی ئەو ئیمپریالستانـەدا دەبینی ، سـەرەرای ئەوەش جـەنگی لەناوبردن ( حرب الابادة ) هیزیکی زور قورس ئەحاتـە ولاتی ئیمە جا چونکو ئیمە هەموو سەرکەوتنیك بەسەر ئیمپریالیزم وبی‌عەدالەتی دابەسەرکەوتنی خومان دەزانین ، بویە پشتی تەواوی ئەوکەسانە دەگرین کەبو دامەزراندنی حکومەتی تایبەتی خویان تیدەکوشن • دەتوانن بونمونە تەواوی ئەوشتانەی کـەلەبابەت مەسـەلـەی ( صحرا ) وهەلبژاردنی ( توگول ) و ( قبرس ) بلاومان کردوتەوە ببینن • کەوابوو نەتەوەی کوردەبی دلنیابی کەئیمە پشتی دەگرین وهەروەها ئیمە زور کەیف خوش بووین لـەو دلنیاییەی کەبومان پەیدابوو ، کەخەباتی نەتەوەی کورد دوورە لەوەی بەرەو دوژمنایەتی نەتەوەی عەرەبی دوستو برای بروا ، ئەمە لەوی بوەستی توانیویەتیشی پشتیوانی نەتەوەی عەرەب بوخوی وەرگری ، وەکوو لەبەرنامەی روژانەی رادیوی قاهرە ومـەتنی دەستووری موەقەتی عراقدا دەرئەکەوی ، کەئەمانەش یارمەتی نەتەوەی کورد ئەدەن بوگەیشتنە ئاواتە راستو هەقەکانی •

ئیمە لەئیستارا ئامادەین ئیمکانیاتی عیلمی خومان ، یاچاکتر بلیین دوای سەربەخوییمان وەکوو یەکەم ولاتی سەربەخوو پیشکەوتووی ئافریقای رەش لـەم پیناوەدا سەرف بکەین ، ئیمە دەمانەوی هەر چونیکی نەتەوەی کورد دەیەوی یارمـەتی بدەین ، ئـەو پیشنیارانـەتان وەبیردینینەوە کە کردتان بوناردنی وەفدیك بوقاهیرە ، بو ئەوەیچاویان بەسەر کردەی پارتیەکەمان بکەوی ، بەلام چونکو دوستە عیراقیەکانمان بەلینیان داوەکە U. P. C دەعـوەت بکەن بوعراق برایانی کوردیش لەوەدا قازانج دەکەن ئەگەر چاوەنواری ئەم دەعوەتەبن، چونکو ماوەمان دەدا : نەك هەربو چاو پی‌کەوتنی ژمارەییکی زور لەکوردەکان لەجیگەی خویان ، بەلکو بو کومەلەکانی خەلکی عراقیش کەبی گومان دەتوانن زور یارمەتی کوردی عراق بدەن بو ئازادی برایانی ئیران وتورکیایان••• ئەم دەعوەتە ماوەی ئەوەمان دەداکە بو هیندیك لەدوستە عراقیەکانمان ئاشکرای بکەین کەجیـاوازی زور گەورەو ئـەساسی لەنیوان مەسـەلەی کورد وکامیرون دانیە کەئەوان روژ بە روژ زورتر پشتیوانی مەسـەلەی کامیرون دەکەن • ئەگەر ئەم دەعوەتە کەمیك دواکەوت دوستانی کوردی ئیمـە ئەتوانن بەهوی بەرەی نیشتمانی وەهـەر چوار پارتی‌یە سیاسیەکـەی وەبیر دوستە عراقیـەکانمانی بهیننـەوە کەتالووکەی لی‌بکەن •

ئەی برایانی خوشەویست : ئیمە کە ئەو ئیقتراحەی سەرەوەمان کرد ، بویەیە چونکو تەقدیری ئەو ضرورەتە دەکەن ، کە لەسەرمان پیویستە مەوقیفی خومان بو نەتەوەی عەرەبی عراق روناك بکەین تاکاتیك دیتیان کەئیمە پشتیوانی مەسـەلەی کوردان دەکەین دلیان لی‌پیس نەکەن •

لەعەینی حالدا کە چاوەنوری ئەوەین ئەم دەعوەتە تالوکەی لی‌بکری ، چونکو هەر دولامان پیویستیمان پی‌یهەیە ، ماوەمان بدەن کەپەیوەندی خومان لەگەل ئیوەو عـەرەبی عراقیش بەهیزتر بکەین ، کـە ئەمەش شتیکە

-١٣-

# وەفدی خویندەواری سوڤیاتی لە سولەیمانی

رۆژی هەژدەی ئـەم مانگە وەفدی خویندەواری سوڤیاتی بەدیاری شارە قارەمانەکەمان شادبوون • لەپاش نیوەروی روژی ناوبراو لە کەرکووکەوە بەرەو سولەیمانی هاتن • خەلکی شارەکەمان : کریکارو شوفیرو کاسبکار وقوتابی ولاوو فەرمابنـەر وخویندەوار روەو تاسلوجە کەوتنە ریبو بە پیرەوە چونیان ، هەر دەستەو نەقابەیە بەشیعارو ئالای خویەوە لەو جیگایەی کە بوی داندرابو وەستابو • لە دەوروبەری سعات ( ۷ ) پاش نیوەرو دا وەفدەکە گەیشتە تاسلوجە ، ئەو ۳سی چوار هەزار کەسەی کە چاوەروانیان ئەکردن بە چەپلەو هوتاف بە « برایەتی کوردو عەرەب » بە « ژیانی سەروك عبد الكريم قاسم بە ( دوستایەتی گەلی کوردو سوڤیەت ) بەرەنگاریان بوون ئنجا دەست کرا بە هاواری ( بژی دوستایەتی کوردستان وسوڤیەت ) ، پاش ئەوەی نزیکەی چارەکیك راوەستان ، بەرەو سولەلیمانی کەوتنەری ، یەکسەر بو ـ کتیبخانەی گشتی ـ لەوی زوری خەلك چونە ژورەوە بو بەشداربون لەم کوبونەوەیەدا کە ( کومەلی ماموستایان ) کرد بوی بو وەفـدەکە • لەپیشا بەریوە بەری زانیاری ماموستا صالح سعید ووتاریکی خویندەوە ، دوا بەدوای ئەوا ، چـەند پارچە موسیقایەك پیش کەش کرا ، ئنجا ماموستا ئەحمەد کەریم ووتاریکی جوانی خویندەوە ، کەلی بووەوە ، سەروکی وەفدەکە چوە بەر میکروفونەکە ، وبەروسی دەستی کرد بەقسە ( ودەست بەجی ش ئەکرا بەعەرەبی ) ، دوای سوپاس کردنی دانیشتوانی شارو ماموستایان ، سەروکی وەفد باسی برایەتی کوردو عەرەب ودوستایەتی عراق وسوڤیتی کرد ، روی لەخەلکە کرد ووتی : « ئەی نە تەوەی کورد ، برایەتی لەگەل عەرەبدا بەهیزبکەن ، وەهەول دەن کە کوردەکـانی کوردستانی ئیرانو تورکیاش بـەم زووانە رزگاربین » لیرەدا چەپلە ریزان زیاتر لەدەدەقیقە دەوامی کرد • پاشان وەفدەکە چو بو « ریستهاوس » ، لەویش ماموست ( عبدالرحمن فرج )ی پاریزەر لەگەل دەستەی لاوانی دیموکراتی کوردستان ، چوونە لایان ، و داوەتیان کردن بو چونە بارەگای لاوانی دیموکراتی کوردستان •

بوسبەینی ، سەر لەبەیانی بارەگای لاوانی دیموکراتی کوردستان عراق رازیندرایەوە ، هـەمو دیوارەکانی بـە شیعاراتی جوانو کوتری ئاشتی ووینەی سەروکی خوشەویست کاك عبد الكريم قاسم ووینەی سەروکانی یەکگرتنی سوڤیەت ووینەی رولە کوردە خەباتکەرەکان رازابوەوە ـ سعات نوی بەیانی بارەگای لاوان جمەی ئەهات لەلاوە خوین گەرمـەکان لە ( ۹٫۳۰ ) دا وەفدەکـە تەشریفیان هینایە بارەگای لاوان وچوونە ژوری ئیـدارە دانیشتن • دوای نەختی دانیشتن وبەخیرهاتنیکی گـەرم ، جگەرەو شەربەت وخواردەمەنیە کوردیەکان ( کاکلە گویز ، میوژ باسوق ، سجوق ) دابەش کرا ئنجا کاك حەمە صالح دیلان بە ناوی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عراقەوە ئەمـەی خوارەوەی پیش کەش کرد :

---

یارمەتیمان دەدا بو پیکهینانی ظروفیکی زور لـەبار بو دیفاع لەقضیەی گشتی خومان •

لە کاتیك‌دا کە هیوامان وایە ، ئەم پیشنیارانەی ئیمە پەسند بکەن ، تکا دەکـەم ماوە بدەن سوپاسی زوری نەتەوەی کامیرون تان پیشکەش بکەم ، بەرامبەر بـەم یارمەتییە گشتیەی کەبەلینتان داوە • ئیستا شتیکی زور ئەساسی دیتە بەرچاو بورروونکردنەوەی مەسەلەی ئیمە ، کەئەویش کوکردنەوەی پروپاگەندییکی باشە ، جا هەر چەندیك لەتوانا بیت بەهوی ـ چاپ کراو محاظەرات • هتد ئەگەر شتیکی تر پیویست بی کاتیك نوینەرانی U. P. C. دینە سەر خاکی عراق باسی دەکەن •

تکا لە برایانی خوشەویست دەکەم کە ( تضامنی ـ هاریکاری ) تەواوی ئیمە لەگەل خوتان قبول بکەن •

ئوزەند ئافانا

نوینەری کامیرون لەسکرتاریەتی دایمی

هاوری‌یان ـ برایان :

شــەره فیکی گەورەیه کەبو یەکەم جار وەفــدیکی خوندەواری سوڤیاتی زیارەتی بارەگای لاوانی دیموکراتی کوردستانی عراق ئەکات ... چەپلە ... بەلای ئیمەوە شتیکی سەیرنیه کەنوینەرانی گەلانی یەکیــەتی سوڤیــەت بەگەرمو گــوری دەعوەتەکەمانقوبول بکــەن چــونکی دوستایەتی نەتەوەی کوردو یەکیەتی‌سوڤیەت زورکونه ، وە له روژیکەوە دەست پی‌ئەکات کەشورشگیری کورد شیخ مەحموودی نەمر، نوسراوە کەی نارد بو حکومەتی یەکیەتی سوڤیەت بەهوی مارشال ( بودینی ) یەوە وداوای یارمەتی کردبو ئــەوەی ئیمپریالسته هیرش هینــەرە ئینگلیزەکان لەخاکی پیروزی کوردستاندا دەربکا ، لەسالی ١٩١٨ ـ ١٩١٩ دا .

ئەم دوستایەتیه هەر لەبرەودابوو ، لەسالەکانی دوای ١٩٢٠ تازە بوەوە ، لەوکاتەدا کە ( لینینی مەزن ) وەثیقه میژوییەکەی بلاوکردەوە دەربارەی حقوقی نەتەوەکان .

ئەمدو ستایەتیه هەرلە سەرکەوتندابوو ، بەتایبەتی کاتی بەگوررتازەبوەوە ، کەیەکیەتی سوڤیــەتی مــەزن ، ئەوپەری دەستی‌یارمــەتی ولایەنگری پیش‌کەش‌کردبــە جەمهوریەتە دیموکراتیه ساواکەی کوردستانی ئیران کــە بەسەروکایەتی ( قاضی محمدی نەمر ) پیك هاتبو لەسالی ١٩٤٦ ـ ١٩٤٧ ـ دا .

دوستایەتیەکەی نەتەوەی کورد سوڤیەت زیاترگەرم تربوو ، کاتی کەیەکیەتی سوڤیەت باوەشی کردەوە بوخەباتکەری گەورەی کورد مصطفی بارزانی وهەڤالەکانی .

پاشان کاك سالح دیلان ووتی :

نەتەوەی کورد لەعراقدا ، بروای بەبرایەتیه لەگەل عەرەبدا ، لــەبەرئەوە هــەرچی یارمەتیو لایەنگریەکی نەتەوەی عەرەب وەری‌گرتبی لەیەکیتی سوڤیەتو بەرەی‌ـ سوشیالیسته وە ، بەشیوەیەکی ( غیر مباشر ـ لەلاوە ) یارمەتی ولایەنگري بووەبو نەتەوەی کورد ، بویه ئەلیین . دوستایەتی کوردو سوڤیەت بە هیزتر بولەکاتیکایەکیەتی سوڤیەت لەریزی ( قــەزایای عەرەبیــدا ) وەستا لــە ریکخراوە دولیەکاندا ، له مەسەلەی ( جەزائر ) وهیرشیە ٣ـی کوچکە یــەکەی سەرمیــروپیلا نەکــانی ئەمیرکا بوسەر سوریا .

ئەم دوستایەتیــە تائەهات ووتمان بەهیزتر ئەبو ، هیجگار بەتایبەتی لەکاتیك‌دا کەشورشی چواردەی تەموزی پیروزدام ودەسگای کونی هەلگیرایەوەو جەمهوریه تیکی دوروستکرد کــەپی‌ی‌ئەوەتری ( جەمهوریــەتی کوردو عەرەب ) ویەکیــەتی سوڤیەت راست‌راوەستا بەرامبــەر بەئیمپریالیزمو پی‌ی‌ووتن دەستبو عراق دریژمەکەن .

وتمان ... نەتەوەی کوردبرروای بەبرایەتیە لەگەل عەرەبدا ، بویەیەکیــەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عراق هاتوتە پیش وخوی بەسەر بازیك ئەزانی بوپاراستنی جەمهوریەتو هــەمو توانای ئەخاتە بەردەستی سەرەکی رزگارکەر ، کاك ( عبدالکریم قاسم )ی قارەمان بوفەرمان دان . بژی جمهوریەتی عراق بەسەروکایەتی کاك عبــد الکریم قاسم . بژی دوستایەتی کوردو عەرەبو سوڤیەت .

بژی برایەتی کوردو عەرەب .

بژی دوستایــەتی لاوانی کومونیســتی سوڤیــەت ( کومسومول ) ولاوانی دیموکراتی کوردستانی عراق .

بژی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عراق .

پاش تەواو بوني ووتارەکە ، سەرەکي وەفدەکــە هەستایە سەرپي ووتي بابروینە سەر بالقونەکە ، بوئەوەی ئەوخەلکەزورەي دەرەوە گوی‌ی لەقسەمان‌بیت خوی چوە بەرامبەر خەلکەکەو ووتي :ـ

دوستە بەریزەکانم: من یەکیکم لەوانەي کە هاوکاري شورشي پیروزي ( ئوکتوبەرم ) کردوە ، بەناوي گەلاني یەکیەتي سوڤیتەوە ، سلاوي گەرمتان پیش‌کەش ئەکەم بەتایبەتي سلاوکي گــەرمي یەکیــەتی لاواني شــیوعي ( کومسومول ) بولاواني دیموکراتي کوردستاني عراق .

لاواني یەکیەتی سوڤیەت دەوریکی گرنگیان هەبوو له شورشي پیروزي ئوکتوبەردا وەلەپیش خستني پیشەسازي‌و خوندەواري‌و کشت وکالدا .

یەکیەتی لاوانی شیوعي تائیستاش دەوري پیشرەویان هەیه لەگەلە کەماندا ئەو یەکیەتی‌یه خەباتیکي سەختي کردوە لەشەري بەرگری فاشیستیدا ، لەپاشا لەمەسەلەي سەرـ

-١٥-

بەخویی گەلانی یەکیەتی سوفیەتدا ، دەوریکی هەرە گرنگیان بوە ، بەتایبەتی بوپیشەوە بردنی گەلانی یەکیەتی سوفیەت • من خوم ••• یەکیکم لەوانەی کەاشتراکی شورشی ئوکتوبەرم کردوە ، ئیمە کورو کچەکانمان بەگیانی‌دوستایەتی لەگەل گەلانی جیهاندئاوداوە • جا ئیمە زوربەشاد وبە ختیاریەوە برایەتیو ودوستایەتی کوردو عرب تەماشادەکین وشرطیکی هەرەگەرنگە بو پارازتنوبە هیزکردنی جمهوریەتی عراق بوئەمە ببیتە جمهوریتکی بەهیزکە روناکی بەداتەوە بو دەوروپشتی •

بژی برایەتی ودوستایەتی کوردو عەربو سوفیەت •

بژی سەرەك کاك عبدالکریم قاسم •

پاش تەواوبونی ووشەی سەرەکی وفدەکە چونە ئەو ژوورەی کە ئافرەتانی کوردستان چاوە روانیان ئەکردن خوشکە ( منیرە قفطان وبهیە معروف ) هەریك ووشەیکی رازاوەی بە خیرهاتنیان پیش‌کەش کردبە ناوی ئافرەتانی کوردستانی عراقەوە ، جا کەوتنە باسو خوازی ئافرەتان وچونیەتی گوزەرانو سلاویکی‌دوستانەیان سپاردبو ئافرەتانی گەلانی‌سوفیەت • انجاخوشکە منیرە قفطان بەناوی‌ئافرەتانەوە دەستی جلی‌ژنانەی‌کوردی جوانی پیش‌کەش بەوەفدەکە کرد ، هەستانلە ناوکورری چەپلەی ریزانو هەلپەرکی کوردیدا رویشتن بوجیگای (مقری نقابەی شوفیر و فیتەرەکانی) سولەیمانی ، ولاوانی کوردستان جوتیك کالەکی‌سەربا آوریشمی جوانیان بەیادیگار پیش‌کەش‌کردن •

لە جیگای نقابەی‌شوفیرو فیتەرەکان دوبارە دەستکرا بەچەپلە ریزانو هاوارکردن بەدوستایەتی کوردو عربو سوفیەت برایەتی یوژیانیکی پاشتر بژی سەرەك کاك کریم قاسم لەگەل هاواری برایەتی کوردو عرب بو ئەزەماوەندیکی زورخوش وبرایانە :

جا کاك عباس ابراهیم درویش‌وکاك شفیق وەتاریکی بەسوزیان پیش کەش‌کردن ••• وبەناوی کریکارانی کوردوستانەوە بەخیرهاتنیکی گەرمیان‌کردن •

انجا پاش‌دابەش کردنی شەربەتو خواردەمنی یەکیك لەئەندامانی‌وەفدەکە روی‌کردە شوفیرو کریکاران ووتی سلاویکی گەرمی کریکارانی سوفیەت بوکریکارانی کوردستان •• هتاف وچەپلە زیاك پینج دقیقە ••• برا کریکاران دوستایەتیمان تادیت‌بە هیزترئەبیت ، پاش ئەوەی بەکورتی باس‌دوستایەتی گەلانی‌کرد هاتە سەرباس رزگاربوونی کوردوستان ایرانو تورکیا ••• جا لەدفتری زیارتدا بەروسی نوسی ( سلاویکی برایانە بوکریکارانی کوردستان ) جا تشریفیان کرد بو زیارەتی شارەوانی لەویش‌چەند دیاریەکیان پیش‌کەش‌کرا • پاشان چوون‌بو دوکان‌سعات ( ١٢ ) بەرەوکرکوك کەوتنەری •• خواتان لەگەل دوستە آزادخوازەکان سلاوی نەتەوەی کوردو عەربتان لی‌بی :

خەباتی لاوان

# ئاهەنگی لاوانی

## دیموکراتی کوردستانی عیراق لەهەولیر

### بەبونەی روژی لەشکری نەبەزی عیراقەوە

لەروژی شەمەی ریککەوتی ١٩٥٩/١/١٠ ، لاوانی دیموکراتی کوردستانی عراق لەهەولیرا ، ئاهەنگ وزەماوەدیکی یەکجار نایابیان‌گیرا ، بەبونەی بیرەوەری روژی دامەزراندنی لەشکری قارەمانی عراقەوە •

شوینی کوبونەوەکە ، سینەمای ( سەلاح‌الدین ) بو ، دەرگاکەی بەئالای‌عراق رازابووە ، دروشمی ( بژی ئاشتی لەجیهانا ) و ( لاوانی دیموکراتی کوردستان بەخوین پاریزگاری جەمهوریەکەیان ئەکەن ) لەسەر دەرگا زلەکە ئەشەکانەوە • ژورەوەی سینەماش بەم دروشمانە رازبووەوە : ( لاوانی دیموکراتی کوردستان سەربازی جمهوریەتن • لاوانی دیموکراتی کوردستان پیروزبایی لەلەشکر وگەل ئەکەن • لاوانی دیموکراتی کوردستان داوای خنکاندنی خائینەکان ئەکەن • بژی برایەتی کوردو عەرەب • بژی ئاشتی لەجیهانا • بژی سەرداری کوردو عەرەب کاك عبدالکریم قاسمی پالەوان • داری ئازادی

-١٦-

بەخوین ئاونەدري قەت بەرناگري سەربەخوسی بێفیدا کاري سەر ناگري • ئیمرو کەجەژني سوپاو میللەتە ئیستعماري پیس جەرگی لەت لەتە • بژی بەرەی نشتمانی یەکگرتوو • بمری ئیمپریالیزم ونوکەراني لاواني دیموکراتی کوردستان سەربازن لەسوپای بەرگری میلليدا ) •

پیش سعات چوار ، هەموسینەماکە پڕبوبولەخەلك سیادەتي متصرفەو دەستەي ئەفسەرەئازادەکان شوینيـ پرریزي خویان گرتبـو • دەستەی ئافرەتان لەســەرەوە دانشتبوون •

• کاك محمدشکرخەلیفە ، بەناوی لاوانەوە بەخیرهاتني هەمو دانشتوانی کرد کەژمارەیان لەدوهەزارکەس تیپەری کردبو ، پاشان چەند هەلبــە ستیکی لەبەرخوینــدەوە ویستویانە ئەم لەشکرە نەبەزە بەکاربینن بوسودی خویان ، وبرایەتی کوردو عەرەب • دوابەدوای ئــەوا ماموستا مەلامەسعود ، چەند ئایەتیك قورئاني پیروزی خویند • ئنجانیي لاوانی دیموکراتی کوردستان ، سرودي « ئەیـ رەقیب هەرماوە قەومی کوردزبان » یان خویندەوە ، بەدەمـ نگیکي پڕسوزو دلیرانەوە •

دوای ئەمان ، ماموستا مەجید ئەحمەدئاسنگر لەبەرـ وتاري لاواني دیموکراتي کوردستاني پیش کەش کرد ، تیایا ، باسي مەبەسي ئاهــەنگ ومیژوی پرشانازي لەشــکري عیراقي ئازادي کرد وپیشاني داکەچون ئیمپریالیزم و نوکەراني ویستویانە ئەم لەشکرە نەبەزە بەکاربیني بوسودی خویان ، بەلام نــەیان تواني بەرهەلستي هەســتي ئازادي ونشتمان پەروەري لەناودلی لەشکرەکەمانابکەن ئەوەبو بەپیچەوانەی نیازي ئــەوان لــەروژي چواردەي گــەلاوێژي پیروزدا بەپیشتیواني گەل و سەروکایەتی کاك عبد الکریم قاسمی قارەمان ، جوانترین نمونەیفیدا کاري ونیشتمان پەروەـ ریان نواند ، وەتەختوتاراجي کارتوني پاشایەتي ودەرەبەگ یەتي تیا رروخاند • وەباسي ئەوەي کردکەچون دوژمنانی گەل لەدوای ئــەم روژەوە خــەریکي ئاژاوە نانەوەوگیرەـ شیوێنین بوتیکداني جەمهوریــە تەخوشەویستەکــەمان ، ئنجاهاتەسەر باسي لاواني دیموکراتي کوردستان وەدریـ خست کەبوچ ئامانجیك خــەبات ئەکەن وەپەیماني ئەواني بوکاك عبدالکریم قاسم تازەکردەوە کەتا دلوپي کی خوین لەلەشیان دامابي ، ئــەوان ، کوردستاني خوشەویست ، کوردستانی عیزەت وخوشناو وخیرالله وقودسي وئەختەر وموسا ، کوردستاني شیخ مەحمودی نەمر وبەردەرکي سەرا وگاوورباغي وبارزان ، ئەکەنە قــەلایەکي ســەختي قایم بو جەمهوریەت ودیموکراتیەت پاش ئەوە هاواري کردبەژیانی سەروکی کوردو عەرەب کاك عبدالکریم قاسم وبەرەی یەـ کگرتني نشتماني وبرایەتي کوردو عەرەب •

دوای ئەو قوتابیاني ( مظفریە ) سرودی ( سەربازین ) یان پیش کەش کرد • پاشان نوینەری لاوانی دیموکراتي کوردستان لقي کویــە ، پاریزەر کاکەسوور تالــەباني ووتاریکي یــەکجار نایابي بەسوزوجوشەوە خوینــدەوە ، وەهەستي لاواني دیموکراتي شــاري کویەی بەرامبــەر لەشکرو سەرداري لەشکر کاك عبدالکریم قاسم دەربري ، وەهیندی باسي خەباتي خویناوی کوردەکاني ژیردەستيـ تورکیاو ئیرانیشي کرد • ئنجاکاك رەفیق گورانیەکی خوشی گوت • پاشان بوێژ لەتیف شیخ صــادق هەلبەستیکی شیریني خوي بەم بونەیەوە خویندەوە • دوای ئەم سرودي چواردەی تەموز پیش کەش کرا • ئنجاخوشکە نافعەعثمان وتاری ئافرەتاني دیموکــراتی کوردستاني خوینــدەوە • لەو کاتەشــدا کەقسەی دەکرد ، دوکیژی دیموکــراتي کوردستان ودومنال یەك بەخەنجەر وئەویتریان بەشــیرەوە لەدەورەی وەستابون ، بەجوری کەبرایەتي راستەقینەی کوردو عەرەب نیشان بدات • پاش ئەمە سرودی عبدالکریم پیش کەش کرا • ئنجاکاك نادر محمود لاویکي کوردستاني وتاریکي نیشتماني بەعارەبي پیش کەش کرد لەسەرلەشکرو قارەمانیەتي لەشکر • ئنجا تیپی لاوانی دیموکراتي کوردـ ستان ، ســرودی ( شاخي رەنگاورەنگی کوردان ) یان خویندەوە لەپاش ئەوان ، ماموستا ( فائق جميل إلعلى ) لاویکی دیموکراتي کوردستان بەوتاریکی شیرین کوتایي بە ئاهەنگەکە هینا •

---

**من بەئاشکرا بلاوی ئەکەمــەوە ، کەگەل خوی ئــەم هیزەیە ، کە لەهەمو کات وشوینیك دا ، ئارەزوی خوی ئەسەپیني ، ئیمەش لەجەمهوریەتی عراقی پال بەم هیزەوە ئەدەین ، ئیمەش ئەو هیزە ئەپاریزین ، وە بەخوین وسەروـ مالەوە ، پاریزگاری گەل وجەمهوریەتە ئەمرەکەمان ئەکەین .**

**عەبدولکەریم قاسم**

- ١٧ -

# مەسەلەی بی‌تەرەفی ـ حیاد ـ لەم قوناغەدا

نوسینی : آ ـ کوروفین
ئەندامی پەیامنیر لەئاکادیمیەی علومی
سوفیتی ، لەگوفاری ـ الطریق ـ
ەوە ، علی فتاح دزەیی کردویەتی
بەکوردی .

زورلە میژنیە کەگوفاری ( جیهانی دبلوماسی )ی فەرەنسی ، نوسیوی ، بە هاویشتنی سپوتنیك ( مانگی دەستکردی سوڤیاتی ) بو بوشایی ئاسمان ، یەکیەتی سوڤیەت بەتەواوی دەولەتەکانی روژاوای شلەژاند .

یەکیەتی سوڤیەت لەمەیدانی زانست وتەکنیکا سەرکەوت ، وئەم سەرکەوتنەش کاریکی ئەوتوی لەمەسەلەی ( بی‌تەرەفی )کرد ، کەبەپیویستی ئەزانم ئەمباسەی لەسەر بنوسم .

## بی تەرەفی لەمیژوودا

مانای بی‌تەرەفی لەماوەی گورانی میژوویی‌دا بەچەند قوناغیك‌دا تیپەریوە . لەسەدەکانی ناوەراست دا ، دەولەتی بی‌تەرەف ، ئەودەولەتە بوەکەبی جیاوازی کردن ، یاریدەی دوو لایەشەرکەرەی دابی .

پاشان ماناکەی بوە ئەوەکە دەولەتی بی‌تەرەف یاریدەی هیچ لایەك نەدات ، لەشەررا . لەدوای شەرری دوەمیشا ، بی‌تەرەفی هیندی دەولەتی سەرمایەداری، ئەوەی ئەگەیا ندکە چینی بورجوازی ئەم دەولەتی ، نەیان دەویست ولاتەکانیان ببەسترینەوەبە پاشکوی بەرە شەراویە عەسکەریەکانی ئیمپریالستی ئەمیرکی ، یان بکرین بەپەرد بوشەریکی تازە .

کەواتە ئمروکە ، بی‌تەرەفی ، دوومانائەدات ، یەکەمیان ، مەفهومیکی حقوقیە واتا : دەولەتی بی‌تەرەف ئەو دەولەتەیە ، کەلەکاتی شەررا دورەوپەریز دەوەستی‌و یاریدەی هیچ‌لایەك نادات . ووشەلاتینیە کەی Neuter مانای‌ئەوەیە : ـ نەلەگەل ئەم ونەلەگەل‌ئەو ـ مانای دوەمی بی‌تەرەفی ، سیاسەتیکی تازەیە ، سیاسەتیکە ئەشی‌لەکاتی شەررو ئاشتیا وەکیەك بەکار بهینریت ، ئەوسیاسەتەش ، سیاسەتی‌تیکەل نەبوونە لەهیچ‌جورە پەیمان‌و سویندخواریەکی عەسکەری شەراوی‌دا ـ هیندی جار بەمەئەوتری ـ نەزعەی بی‌تەرەفی ( Neu tralisme ئەوەك Neutralite

## ئیمپریالیزمی ئەمیرکا دوژمنی هەرە گەورەی سیاسەتی بی‌تەرەفی‌یە

لەم چەند سالەی دواییدا ، کاربەدەستانی ئەمیرکا بەتایبەتی دالیس ، پەی‌دەرپەی ، هیرش دەبەنە سەر سیاسەتی بی‌تەرەفی وئەلین ( زەمانی بی‌تەرەفی رویشت ) . بی‌گومان ، ئەم کاربەدەستانە هەرلەخویانەوە هیرش نابەنە سەرئەم سیاسەتە،بەلکو ئەم هیرشەیان بەفیتی ئیحتیکاراتی ئەمیرکایە ، کەنوینەرەکانیان ، جلەوی دەولەتی ئەمیرکایان بەدەستەوەیە، زوردەمیکە ئەمانەش، بەربەکانی‌ی بی‌تەرەفی وسەربەخویی ئەکەن ، چونکە گەرە کیانە ، سیادەتی نشتمانی گەلان‌لەناوبەرن ، وبیان‌کەن بە کویلەی وولـ ستریت .

سەرەرای ئەمەش ئیمروبەچاوی خومان ئەبینین کە هیندی لەسەرکردەکانی دولەتەکانی پەیمانی ژورووی ئەتلەسی شەراوی ، شیوەن‌ئەکەن بوئاشتی ، وئەدوین لەخەتەری سیاسەتی بی‌تەرەفی .

گایاری‌فەرەنسی ، کەماوەیەکی‌کەم لەمەوبەر، سەرەك وەزیربو ، بەهەرەشەوە ، بە هاوتاکانی خوی‌ووت : « هیچ‌رەئیکی گشتی ئاوروپایی ، خوی‌پی‌لەبەر پروپاگەندەی سوڤیتدا راناگیریت، ئەمەش‌ئەبیتە هوی ئەوەی گەلی

-١٨-

دەولەت بێ‌تەرەف بوەستن » تەنانەت وتي « گەر دوستە کانمان یارمەتي سیاسەتي ئیمەنەدەن ، دوورنیە ، فەرەنسەش بێ‌تەرەف بوەستیت » .

ماكمیلاني سەرەك‌وەزیراني بەریتانیاش ، هینـدی كەلەبەري ئەوهاي ، دوزیەوە كەهەرەشەی فەوتاندنلە پەیماني ئەتلەسي ئەكەن .

مسیوسپاكي سوشیالستي بەلجیكیش ، پەكوپوی ئەوەیەتي كە « گەرهاتو پەیماني ژووري ئەتلەسي ، سستي بكات لەخو پررچەك‌كردن ، ئەوسا بێ‌گومان گەلە كانیان ترسیان لێ‌ئەنیشیت وگیـاني بێ‌تەرەفي لەناویاندا پـەره ئەستنیت » .

گەلي روژ نامەی روژاواش ، لەم‌باسە دووا بوون .

( دیلي تەلگرافي ) لەندەني وتبوي : « گیاني بێ‌تەرەفي وا وردەوردە خوی ئەخزینیتە ناوپەیماني ئەتلەسیشەوە » .

( نیویورك هیرالد تریبون )یش گوتبوی كە « گیاني بێ‌تەرەفي خەریكە بلاوئەبیتەوە ، تەنانەت ، لەناو ئەمانە شداكە تادویني پالەواني پاریزگاري دنیای ئازاد بوون » .

میستەر ( لیپمان )ی ئەمیركیش ئەلیت ( سیاسەتي كویرانەی دالیس ، خەریكە وا ئەبیتە هوی بلاوبونەوەي گیانيبێ‌تەرەفي ولەناوچووني پەیماني ژووروی ئەتلەسي ) .

هەمو ئەوشتانە والەپیاو ئەكەن كەبپرسیت : ئایە بوچی گیاني بێ‌تەرەفي لەئاوروپادا بلاوئەبیتەوە (بەخیرایی) وبوچی ئیمپریالستەكان زراویان لێی‌چوە ؟

لام وایە وەرامي ئـەم پرسیارە زەحمەت نیـە . ئەمەشتیكي تەبیعیە كە گەلاني ئەوروپا وهەمو جیهان حەز بە داناني كیتلەي شەراوي ناكـەن ، ونیازی شیواندني ئاشتي جیهانیشیان نیە . تەنانەت گەلاني ئەو دەولەتانەش كە لەسەر سیاسەتیكي ئیستعماري ئەرون ، هەر لـەو باوەرەدان . ئەم‌راستیە سەرەك‌ئایزەنهاوەریش سەلاندني كە ئەلي :

« هەمو خەلكي دنیا ، لە بەرئەوەي ئینسانن ، هەر مەیلي ئاشتي یان كردووەو ئەیكەن » .

## هویە كاني پەرەسەندني نەزعەی بێ‌تەرەفي

زوربەي ئادەمیزاد پرزیەدل ، رقیان لەو كە سانەولەو دەسگایانە ئەبیتەوە ، كە ئەیانەوي مروڤایەتي (ئینسانیەت) دو چاري شەریكي تر بكەنەوە وژیاني ملیونەها كـەس بكەن بەقورباني قازانجي چەند پارە پەرستیك ، وەدنیاي شار ستانیەتي سەرە وژیر بكەن .

گەر شەرري یەكەم‌و دوەم لەسەر ئادەمیزاد بەگران وەستابیت ، بێ‌گومان ئەو شەررەي كەئیستا ئیمپریالستە كان ئاگري بوخوش ئەكەن ، گەلەك گراتر دەوەستیت وبوی هەیە مروڤایەتي وشارستانیەت لەنیوبەریت . ئـەو هەمو چەكي تەفروتونا كردنو گشت گوژەی ئیمرو بـە دەست دەولەتە زلەكانەوەیە ، وا لە ساویلكەترین كەس دەكات كە پشتي سیاسەتي بێ‌تەرەفي بگریت . لەو دەمەدا كە كاربەدەستەكاني ولاتاني روژاوا تەپلي شەرر لێ دەدەن وە لە دوانەكانیانا ، داواي خو پررچەك‌كردن ئەكەن ، وە هیچ هەولي ئەوە نادەن كە ئەولیك درر دونگیەي لەنیو دەولەتاندا هەیە نە مینیت ، ئەبینین یەكیەتي سوڤیەت هەر لەسەر سیاسەتي ئاشتي خوازانەي خوي ئەروات ، وە هەول دەدات بوئەوەی گیاني پیكهاتن وتەبایي لەنیواندا رەگدا بكوتیت .

ئەم هەمو هەولەي كەیەكیەتي سوڤیەت‌و ئوردوي سوشیالیستي ئەیدەن بو ئاشتي ، وەئەو سەركەوتنانەي كەزانستي وتەكنیكي سوڤیەتي وەدەستي دینن ، بەتایبەتي ( هەلداني مانگي دەستكرد سپوتنیك ، ) كاریكي زور بەتین دەكەنە سەر حالي سایكولوجي هەمو میللەتاني دنیا ، بەجوري كە سەروك ئایزەنهاوریش پیی‌لي ئەنیت ، لەو نامـەیەدا كە لـەكانوني دوەمي ١٩٥٨ دا بوكونگرەسي رەوانە كردبو .

وە هەرچـەندە ، روی شـەراوي پەیمانو كلك لیك‌گری دانەكاني عەسكەري دەركەویت، سەد ئەوەندەش گیاني بێ‌تـەرەفي ، پەرەئەستینیت بەتایبـەتي هیئـەو پەیمانەي‌كەبو بوژاندنەوەي ئیمپریالیزمي ئەلماني بەسراوە ئەوئیمپریالیزمەي ئاگري هـەر دوو شەررەكەي پیشوي هەلگیر ساندوە وجانەوەرانەترین دوژمني مروڤایەتیە .

سیاسەتي کاربەدەستاني ئەمیرکا ، سیاسەتي وەستانە لەسەر ( روخيّ کورەي جەھەنەمی شـەرر ) سیاسەتي پەسند نەکردني بەئاشتي پیکەوە ژيان‌وخاوکردنەوەي باري نیو دەولەتانە • ئائەم سیاسەتە چەوتەش گیاني بي‌تەرەفي بەھیز ئەکات •

جگە لەمەش ، ئەمیرکا دەیەویت ، سیاسەتي ( خو پررچەك‌کردن ) بەئەندامەکاني پەیماني ژوروي ئەتلەسي بسەلمینیت • ئەمـەش ئەگەرچي ئەبي بەھوي گەرراني کارخانە کاني چەکو جبەخانەی ئەمیرکا ، بەلام لەلایەکي‌ـ ترەوە ، باري خەرج وباج ( ضريبه ) لەئەستوي چینـە ھـەژارەکاني ئەم ولاتانە قورس ترئەکات وەنرخی شتي پیویست گران دەکات ، بەم چەشنە لەئەنجاما ، گەلاني ئەم ولاتانە وەرز ئەکەن لەم سیاسەتە ، وە پالیان پیـوە ئەنین بەرەو سیاسەتي بي‌تەرەفي ، ئـەوسیاسەتەی کـە دەرگای بوژانەوەی ئابوري‌یان بوئەکاتەوە ، وەلەتەنگو‌ـ چەلمە رزگاریان دەکات •

ھەروەھا خولانەوەی فروکەکاني ـ بومبار ئەتوم‌ـ ھـەلگري‌ئەمیرکایي ، بەسـەرولاتاني ئەوروپادا ، ژياني میللەتەکاني ئەخاتە مـەترسي ، وجولانەوەی داواکەراني سیاسەتي بي‌تەرەفي بەھیزتر ئەکات •

پیم‌وایە ، کەسی واساوا نەماوە کەباوەرري بەوەنەبي، کەیەکیەتي سوفیەت ئەتواني ، ھـەمو ئەوپەلاماردەرانەی ھەلي‌کوتنەسەري بھاریت ، چونکە یەکیەتي سوفیەت ھەمو جورە چەکیکي نوي‌و ھەموجورە ساروخیکي‌ھەیە ، وە ئەتواني بەزويي ھـەمو‌بنکە وفروکەخانەکاني ئـەمیرکا کاول‌بکات • بویە ئەوگەلانەی ئەمیرکا لەولاتەکانیا بنکەی ساروخي وجەنگي دروست‌کردوە ، زورھەقیانە نارەحە‌ـ تو‌سەغلەت‌بن •

بو ملیونەھا کەس لەسەرانسەري ئەوروپادا ، روون بوتەوە ، کەزور نزیکە، ژيان‌و بەختیاریان‌بکریت بەقورباني سـوودي چـەندپارە پەرستیکي ئەمـیرکایي ، ئەوپارە پەرستانەی کەھیچ پەیوەندیەکیان نیسـە لەگەل گەلاني ئەوروپا ، وەھەر تەنھا دەسکەوتي خویان ـ نەك‌ھي ولاتاني ئەوروپا ـ رەچاودەکەن •

ئاما نجیکي‌گشتي کەئیستا ھەمو ئینسانە بەشەرە‌ـ فەکاني ئەوروپا کوئەکاتەوە ، ھـەمو ئەوکەسانەی کە‌ـ نایانەوي مال‌ومنال وشارەکانیان بەرباد بکرین ، ئەویش‌ـ ئاشتیە ، لەشەرر دروکەوتنەوەیە •• بویە بەرەی بي‌تەرە‌ـ فەکان ھـەرلە بەھیز بوونداپەو شیعاري ھاتنـە دەري ولاتەکاني ئەوروپاش لەپەیماني ئەتلەسي وپەیمانەکاني تري شەراوي بوە بەئامانجیکي نشتماني •

### بي‌تەرەفي وبزوتنەوەي نیشتماني نەتەوەکاني ئاسیا وئەفەریقا

ھوي دوور کەوتنەوەی نەتەوەکاني ئاسیاو ئەفەریقا لە ـ تکتل ـ وپەیمانەکاني ئیمپریالستي وەھوي بەرزکر‌ـ دنەوەی بەیداخي بي‌تەرەفیان لەھي نەتەوەکاني ئاوروپا ، توولترە ، چونکە نەتەوەکاني ئاسیاو ئەفەریقـا زور چاك لەبیریانـە کەچـون ھیزي دیموکراتي‌جیھان ویەکیـەتي سوفیەت بیبون بـەپالپشتي بزوتنـەوەي نیشتماني‌یان وبەھـەمو جوري‌یاریدە یان‌ئەدان وەھـەر ئەشي‌دەن • ھەروەھا بوئەو میللەتانە ساغ‌بوتە وەرکـە ھەریەکیەتي سوفیەت وولاتاني سوشیالیست ، دوستي راستە قینەیانن ، وەھەر ئەوان دەستي یارمەتي‌یان بودرێژئەکەن ، بوچە‌ـ سپاندني سـەربەخوبي ولاتـەکانیان وەبو لـەناوبردني پاشماوەي‌ئەو رەژیمە بوگەنەي‌ئیمپریالیزم بناغەکەی دارژ تووە • سەرەرای ئەمەش ، نەتەوەکاني روژھەلات زورچاك ئەزانن‌کە یەکیەتي سوفیەت چەند بەھیزە ، چ‌لـەروي ئابوري وچ‌لەروي عەسکەریەوە وەھەر ئەویش ئەتوانیت کە ئەوئیمپریالستانە لغاوکات ونەھیلیت ، دوبارە ، نەتەوە‌ـ کاني روژھەلات ، دیل بکەنەوە •

کەواتە بلاوبونەوەي بیروباوەري بي‌تەرەفي لـەنیو نەتەوەکاني روژھەلات‌دا شتیکي ( سطحي ) نیە ، بەلکو‌ـ ھیزیکي کاریگەرەو بوەبەسیاسەتیکي نیشتماني ـ کو‌ـ نگرەي نەتەوەکاني ئاسیاو ئەفەریقا ـ کە لەسالي ١٩٤٧دا لەقاھیرە گیرا ، لەو بریارەي کەلەبارەي ئیمپریالزمەوەدای تاکیدي‌لەسەر ئەم سیاسەتەکردەوە کەووتي : « کونگرە بەرھەلستي ئەوپەیمانانە ئەکات ، کەئاشتي جیھان ئەشیویني وئاواتي میللەتان ئەخەنە مەترسي » ھەروەھا « بەرھەلستي

-٢٠-

دوزستكردني بنكەی عەسكەريي دەولەتيك لەدەولەتيكی تردا ئەكات » و « كونگرەلەرووي داناني‌چەكي ئەتومي‌ـ وساروخي ولاتيك لەولاتيكي تردا ولەروی دوزستكردني بنكـەي عەسكەري وئەتومي لـەوولاتەكاني بيگانـەدا ئەوەستيت » و « ئاسياو ئەفريقيا ئەبي بين‌بەهـەريمی ئاشتي وهيمني وەتابي بەسـاروخ وبەچـەكي ئـەتومي پيس‌بكرين » .

بەياننامەكەی سوڤيەتي وچينيش كەلەكانووني دوەمي ١٩٥٨دا ، دەرچوە ، وادەرئەخا كەهەندي دەولەتي سەربەخويى‌ئاسيا لەسەر سياسەتي ئاشتي‌و بي‌تەرەفي ئەرون بەريوە ، بەياننامەكە ئەم‌دەولەتانە بەهيزی‌ئاشتي‌پەروەر لەقەلەم ئەدا .

( نيكيتا خروشيف ) يش لەو ووتارەی‌كەلەشاري ( هلسنكی )دا ، دابوي باسي سياسەتي بي‌تەرەفانـەی ( فنلەندە ) ئەكات‌وئەلي سياسەتە « سياسەتي‌تيكوشانە لەريگـەی ئاشتي‌وكاريكي باش‌ئەكاتـە حالي‌ژووررووی ئەوروپا » .

يەكيەتي سوڤيەت دەستيكي دريژي هەبولە پيكهينان وجي‌بـەجي‌كردني وجي‌بەجي‌كردني بي‌تەرەفي دەولـەتي ( نەمسا ) زوريش قەدروقيمەتي بي‌تەرەفي نەمساوسويسرا. وسويد ئەزاني وئەشزاني بي‌تەرەفي ئەو دەولەتانە چەندە خزمەتي ئاشتي ئەكات لەئەوروپا .

يەكيەتي سوڤيەت زور جاران دەری خستووە كـە ئامادەيە بوقبول كردني هەرپيشناريكي ئەوتووي كەبەـ تەواوي بي‌تەرەفي ـ ئيسلەندە ـ پيك ئەهينيت ، پياوەكاني سوڤياتيش كەسەريان لەهندستان وبورما وئەفغانـستان دا ، سياسەتي بي‌تەرەفي ئەو دەولـەتانە يان زورپەسندكرد . كوتفرەنسي بيستـەمي پارتي‌كوميونستي سوڤيەتيش لەـ برياريكيا نيشـاني‌داوە كـەچون پەيدابووني هـەندي دەولەتي‌ئاشتي‌خوازو سياسەتە بي‌تەرەفيەكەيان بوبەهوي دوزست بووني هەريميكي ئاشتي لەجيهاندا . كونفرەنسي نوينەزەكاني شەست وچوار پارتي كوميونيستي‌ش كەلە موسكودا گيرا ، سياسەتي ئاشتي‌وبي‌تەرەفي وولاتەكاني تازە ئازاد بووي نرخ دانا .

**بي‌تەرەفي وئاسايشي گشتي**

**( الحياد والامن الجماعي )**

ئەمـەوي باسي‌ئـەو پەيوەنديە بكەم كەلـەنيواني ( سياسـەتي بي‌تەرەفي )وبەهيز كردني ئاسايشي گشتي‌دايە .

هەندي كاربەدەستي هينـدي دەولەتان ئەم‌پرسيارە ئەكەن وئەلين : چون سياسـەتي بي‌تەرەفي خزمـەتي ئاشتي ئەكات ؟ وەئايەئەم باوەرريە لەگەل‌ئەو هەول‌و تەقەلايە ريك ئەكەوي كەيەكيەتي سوڤيەت ئەيدا ، بوبەستاني پەيمانيكي ئاسايشي گشتي لەئەوروپا ولەئاسيا ولەناوچەی پاسفيك‌دا ؟

گەرباش لەم پرسيارە ووردبينەوە ، هيچ‌ناكوكيەكمان ناكەويتە بەرچاو ، واتاكە يەكيـەتي سوڤيـەت ، لەلايەك پشتي سياسـەتي بي‌تەرەفي ئەگريت‌و لەلايەكي‌تريش هەول ئەدا بو بەستني پەيمانيكي ئاسايشي گشتي لەئـەوروپا بەتەواوي لەسـەر سياسـەتي ئاشتي پەرومرانـەی خوي ئەروات ، چونكە گەر بهاتايە ، پەيمانيكي ئاسايشي گشتي لەئەوروپا بيەسترايەو ولاتەكاني ئەسكەنديناڤيا تيايا بەشدار بوبانايە ، ئەمە ئەبو بەهوي دلشادي هەمو ئاشتي خوازان وپرسيارەكەش بەجي ئەبو ، بەلام هيچ پەيمانيكي وانەبەـ سترا ، بەلكو هەندي لەدەولەتەكاني ئەسكەنديناڤيا پەيماني ئەتلەسيان موركرد ، ئنجا هەر هـەول‌و تەقەلايەكي كە ئەدري‌بوئەوەي ئەم ولاتانە لەپەيماني ئەتلەسي بينەدەري وسياسـەتيكي بي‌تەرەفانـەبگرن ، ئەليم ، هەر هـەول‌و تەقەلايەكي وا ، بەتەواوي لەگەل سياسـەتي ئاشتي پەروەـ رانەريك ئەكەويت وبزوتنەوەی ئاشتيش بەهيزترئەكات . جگە لەمەش، بەستني پەيمانيكي ئاسايشي گشتي، زورلەبي تەرەفي‌چاكتر دەستي شەرر فروشەكان ئەبەستيت وريگەي شەرر هەلگيرساندنيان لي‌ئەگريت . كەواتا ، لەبيركردني پيويستي پەيمانيكي واوهـەرداوا كردني گرتني‌سياسەتي بي‌تەرەفي وبەس ، بەهەنگاوی بوپاشەوە ئەژميري ، بوئەو پەيوەندي وعەلاقاتەي كەلەنيواني دەولەتەكاندا پەيدابوە .

ئەمەوي ليرەدا باسي پەيوەندي بي‌تەرەفي لەگـەل پەيماني نەتەوە يەكگرتووەكان دابكەم وكەميكيش باسي‌ـ ئەومـەسـەلەتازانە بكەم‌كـەبەهوي پيشكەوتني تەكنيك وزانستي‌هاتوو نەتە مەيداني حقوقي دەوليەوە .

-٢١-

هەندي نوسەري بیگانە ، لەمباوەردەدانە کە ( سیاسەتی بیتەرەفي لەگەلپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ریك ناکەویت ) چونکەئەوپەیمانە شەررقەدەغەئەکات وداوا لەئەندامەکانی ئەو دەزگایە ئەکات ، کەبەرھەلستيیشەرر ھەلگیرساندنبکەن ، بو بەتالکردنيئەم باوەریە ئەمشتانە ئەخەمە پیش چاو :ــ

یەکەم : ئائیستا ، کومەلينەتەوە یەکگرتووەکان ، نەیتوانیوە دەستدریژکەرو زورلیکراو لەیەکترجیابکاتەوە کەواتا ، ھەریەکە لەئەندامەکاني ئەوکومەلە ، ئەبي بەخويو بەپیيبیرو باوەری خویەوە ، ئەم دوانە لەیەکتر جیا بکاتەوەو ( مەبەست لەم دووانە : دەست دریژکەروزورلی کراون ) ئەبي ھەقيبە بیتەرەفي وەستانیشي ببیت •

دوەم : ھەندی لەئەندامەکاني کومەلينەتەوە یەکگرتووەکان ــ وەك ئیسلەندە ــ ئائیستە لەشکري چەکداریان نیە ، کەواتە ، بیتەرەف وەستانيی ئەمدەولەتانە شتیکیراستودورستە •

٣سیـیەم : دەولەتي نەمسای بیتەرەف ، لەسالی (٩٥٥) وەبوە بەئەندامي کومەلي نەتەوە یەکگرتووەکان • بيئەوەي نەئەنجومەني ئاسایش ، ونە کومەلەیگشتي نەتەوە یەکگرتووەکان ، بیتەرەفایەتي دائیمي نەمسا بەکوسپ بژمیرن •

لەمەدا وادەرئەکەویت کەبیتەرەفي دائیمانە، بەتەواوي لەگەل پەیماني نەتەوەیەکگرتووەکان ئەگونجیت • ئەبي بریاري کونگرە (حقوقناساني ولاتەکاني ئاسیاو ئەفەریقا)ش لەبیر نەکەین کەئەلي « سیاسەتي بیتەرەفي بەتەواوي لەگەلگیانو ئامانجەکاني پەیماني نەتەوە یەکگرتووەکان ریك ئەکەویت » •

## اعلان

مددت مدة تقديم تصاميم الطوابع البريدية من قبل الرسامين والفنانين الى يوم ١٩٥٩/٢/١٥ وعلى الراغبين تقديم تصاميمهم لنهاية الدوام الرسمي من اليوم المذكور •

احمد عدنان حافظ

مدير البريد والبرق العام

## قرار

بناء على ثبوت مخالفة سواق السيارات المدرجة اسمائهم أدناه منطوق البيانات الخاصة بتنظيم المرور ولعدم انصياعهم للاوامر واستنادا الى المادة ١٥ من قانون وسائل النقل البرية رقم ٥٥ لسنة ١٩٣٥ فقد قررنا سحب اجازة كل منهم للمدة المؤشرة اتجاه اسم كل منهم اعتبارا من تاريخ صدور هذا القرار •

محمد سعيد واصف

مدير شرطة النقليات والمرور

| الاسم | رقم الاجازة | المدة |
|---|---|---|
| عناد علي عباس | ٣٠٥٢٧ بغداد | ثلاثة أيام |
| عبد القادر درويش | ١٢٦٦ كوت | بدل ضائع ثلاثة أيام |
| فاضل عبدالمهدي | ٢٧١٣٧ بغداد | ثلاثة أيام |
| عذاب خلف | ٢٠٦٥٧ بغداد | ثلاثة أيام |
| هادي عباس محمد | ٢٧١٦٣ بغداد | ثلاثة ايام |
| سلمان حمودي | ١٩٣٤٦ بغداد | ثلاثة أيام |

## اعلان

لقد فقد الوصل المرقم ٧/٢١١٥٦٧ والمؤرخ في ١٩٥٨/٣/١

باسم حميد رشيد بقال باشي بمبلغ ــ/٥٠ دينارا • ومن يعثر عليه يرجى تسليمه الى مديرية كمرك ومكوس بغداد خلال عشرة ايام من تأريخه والا يعد باطلا بعد هذا التاريخ •

خطاب اسماعيل

مدير كمرك ومكوس بغداد

- ٢٢ -

# پەیام بو ماو ماو

بەغدا : ١٩٥٦/٢/١٨
شعری ماموستا هەژار

ماوماو من وتو دوو دوستي هاودەرد
بەخویني گەرمو بەهەناسەي سـەرد
هەردوو گیرودەي دەست ئیستعماریك
هەردوو ماران گـاز بەنیشي ماریك
ئەو وەحشـەي بەدەم کینیا مژە
بەجوتە وچەپوك کوردستان کوژە
من وتو مالمان بەرەلاو بي‌خیو
پرر نەوت وگەنم پرر لەزیرو زیو
تو بەقـبەي کاهن من بەگفتي پیر
تەوەکول گیربوین بین خواگیر
لەیەکتر کوژی ودوژمني یەکبوون
بیري یەکبوون ودوژمن ، لەبیرچوون
دیویکي پیاوخور ، فیلبازو بەدکار
لەپیستي مەردا گورگیکي خوینخوار
شەیتان لەپیستي مەلائیکاندا
لەژیر سیبەري شیخو کەهاندا
شارستانیەتي سیان بو هینایین
گورگان کەوتنە کوز لمبوزیان تي‌فاین
هاتن فیرمان کەن چون مەدەني بین
چون نان‌برراوي دەستي دەني بین
چزوو ماموەستاي سپي دز دەرچوو
زگ‌پرري درو دروي لەبەر چوو
کال وکولویان گشت لی‌فراندین
گوشتیان برژاندین ئیسکیان کراندین
دزیان بردیان هەر شتي مال‌بي
وتیان مالخوراو بەکوی زوخال بي
ئیستاش بەقسەدا هەر خوي هەقدارە
دروستە دزیي خاوەن حەزارە
قەی ناکا بدزی هەر ناني هەتە
تو بلی‌ی برسیم پیت دەلي چەتە

تو بو مەزەی ئەو جگەرکەبابی
مەلی ئاخ وئوف دەبیبیە ئیرهابی
ئەوان بەمومبا بمان کوژن چش
وەحشین بەمیشریان ئیمە بلیین کش
گەر بخنکینن کورپە ساواکەم
دەبی من بچم بوردن داواکەم
تاکوري بورو رەشم خنکاوە
دەستی ماموستای سپی ئیشاوە
گەر بسترمەوە تفیان لەسەر رووم
هیشتا هەر کیویم ئەدەب فیرنەبووم
گەر نان‌براوو خانە بەربادین
قەیناکا لەگەل دنیای ئازادین
گوی‌مەدەری خوت کەروت‌و برسیت
خوش رادەبویرن خەلکی وول‌ستریت
خانە ویرانی ؟ شەقی لەخەمدە
دلخوشن خەلکی ( داوونگ ) رەقەمدە
گەر کوردو ماوماو بەبی رون کویرن
خو دالس وئیدن تەسەل وتیرن
گەر دیموقراتی وئازادی گەلان
ئەمەیە : خوزگەم بەوورچی تەلان
کەنگی قانونی جەنگەل وابوە
چ‌جانەوەریك ئەمەی خواردوە
ئەگەر ئازادی ماناي هەر شادی
بو بەهیزان بی ، تف لە ئازادی !
برام خەم مەخو دەوران دەورانە
هاکا تیکچو ئەم دەورو دوکانە
قانونیان تفی سەر بەرەو ژوورە
مەرگی سەگی‌هار مەشهورە سوورە
ئەو خوینە ئالەي ئەوان لە تەنمان
ژراندیان لەسەر خاکی وەتەنمان
لاشەی لاوانی لەخوین دا شتل
دەدیری کەوا خراوتە ژیرگل
هەربینا شین‌بوو بوو بەگولی سوور
بونی ئازادی دائزیك ودوور
تەمامی بالای شەهیدانی لاو

-٢٣-

هەواڵنامەی کتێب

بەشی ئافرەتان

# خەباتی ئافرەتی کوردستان

نوسینی : رووناك

لە کوری تیکوشانی رزگاری نیشتمانی ، وەلەپیناوی ئاشتیوئازادی وبەختیـاریدا ، ئافرەتی کوردسـتان ، میژوویکیپرشانازی هەبوە • هەروەك هەمیشە ، منالەکانی بەگیانی نشتمان پەروەری وبەرهەلستی پەلاماردەرانی بیگانە ، بەگیانی راستیوپاکی ودلسوزی ، فرچكداوە • ئەمە جگەلەوەی کەئافرەتی کوردستان ، هەربەوەراهـا تووە کە منالەکانی ئازاو نەبەز ودلیرانە بەخیو کات •

وەنەبی ئافرەتی کوردستان ، هەر بەوەش وەستابی ، بەلکوٚ لەگـەل پیاودا لەهەمو جورە کاریکی کشتوکالی ومەرومالات بەخیوکردن ونەخش ونیگارا ، بەشدار ئەبیت لەشورشو راپەرینـە چەکدارەکانی نشتمانیش ، شـان بەشانی پیاو چەکی هەلگرتووە ، یان هیچ نەبی ، بەهانداو وتیمارکردن وخزمەتکردنی ، جەنگاوەرەکان هەلساوە •

لەشورشەکانی رزگاری کورددا ، ئافرەتی کورد ، بەخوینی گەش ، لاپەرەی پرشانازی خەباتی رەنگین کردوە وەنموونەی فیـداکاروقارەمانی نیشتمانیبوە • خوشکە قەدەم خیری فەیلی وکچەنەغەدەییو گەختەری سورانیو کچی ئاگری رەمزی ئـەو هەزارەها ئافرەتەقارەمانانەی پشتکوە وسولەیمانی وموکریان وبارزان ودیرسمو دیار بەکرن ، کەلـەپیناوی کوردستانا وەك شیر لەمـەیدان جەنگیون •

هەروەها ئافرەتی کورد ، لە بزوتنەوەکانی رزگاری هینەری گـەلانی عراق وتورکیـاو ئیران وسوریەشدا ، چالاکانە بەشداربوە ، وەشان بەشانی خوشکانی عەرەب وتوركو ئازربایجان وفارسی ، خەباتی کردوە • هەروەك لەچالاکی کومەلایەتی وخویندەواری ئافرەتانیئەم ولاتانەش دەستیکی بالای هەبوە •

بەندیخانەکانی نوری سەعید ــ عبدالاله ــ فەیسەل وگرتوخانەکانیان لەدیانە وکەرکوك ، زور جارپرکراوە لەژنە بارزانیە قارەمانەکان وکچەسالارەکانی سولەیمانی ، کەئازایانە بەزگری ئەركو ناخوشی بەندیخانەیانکردوە • خوینی گەشی ئەختەری شەهید ، کەبەدەستی عومەرعەلی وسەعید قەزاز ، رژینرا ، هەربو ئاودانی داری ئازادیبو •

ئافرەتی کورد هەرچەندە خویندەواریشی زور لـە ناوبلاونەبوتەوە ، بەلام زور زوو لەخراپـە وجانەوەری ئیمپریالزم گەیشتووە ، وهەمیشە پرر بەدل قینی لەئیستعمار وداگیرکەران هەلگرتووە ، وەبەهەمو هیزیکیەوە بەگژیان واچوە، وهیچکات وساتی، نەخویندەواری ریینەگرتووە لەبەشداربون لەخونیشاندان وچالاکیسیاسی کومـەلانی خـەلكدا •

لەراپەرینی پیروزی کانون وتەشریندا ، لەجـەژنی نەوروزوخونیشان دانەکانیسولەیمانیو کەرکوك وهەولیر وکویەدا ،دەنگی دلیرانەیئافرەتی کوردستان بەرز بوتەوە •

لەدەوری دوابرراویشا ، ئافرەت ، زور جار بلاوکراوە نهینیەکانی نشتمانیوپیشکەوتوی گوازتوتەوە ، وەگەلی جاریش نشتمانپەروەرە وونەکانی شاردوتەوە •

گوردانی کوردان ، مەردانی ماوماو
ئەو ـەهیدانی ـەربەست وئازاد
چ لەئایروبی یا لەمەهاباد
بەرز دەبنەوە ودەبنە سیدارە
پیان دادەگری هەرچی بەدکارە
ئالای ئازادیان لەسەر هەل دەکری
شەوقی ئازادی دنیا دادەگری
ئاترسین خوینمژ بینەوە سەرمان
دەبنە چەکچوداس رمب وخەنجەرمان
ئەوسا هەمومان خوش رادەبوێرین
لەشوین ئیستعمار نەفرین دەنیرین

-٢٤-

**( دەربارەی ڕیکخستنی ژنانەی ئافرەتانی کوردستان )**

میژوی ریکخستنی ژنانـەی‌ئافرەتانی کوردســتان لەوکاتەوە دەست پی ئەکات ، کە جەمهوریەتی دیموکراتی کوردستان لەسالی ١٩٤٦ لەموکریان دامـەزرا . ئەوسا کومەلیکی ئافرەتانی دیموکرات بەناوی ــ کومەلی یایانی دیموکراتی کوردستان ــ پیك هاتبو . بەلام ئەم کومەلەش لەگەل هەمو دامە زراوەکانی‌تری دیموکراتی ، داگیرکردنەوەی کوردستان لەلایەن لەشکری پەهلەویەوە ، لەناوی برد .

لەعیراقیشا هیندی ئافرەتانی کورد لەکومەلی ــ رابطة الدفاع عن حقوق المرأة ــ دا بەشداربوون . لـەدوای شورش ١٤ تەموزی پیروزدا ، کە دەرگای سەربەستی لەسەر پشت‌کرایەوە ، وە کەدەستور دانی‌نا بەمافەکانی نەتـەوایەتی کوردا ، کومـەلی ئافرەتانی دیموکـراتی کوردستان پیك‌هات ( لەئەنجامی پیویستیەکی میژوینی‌ـ گرنگدا ) ، پیویستی بوونی کومەلیك‌بو کوکردنەوەو وشیارکردنەوەی ئافرەتانی کوردستان وهاندان وسەرپەرشتی کردنیان لەخـەباتی خویاندا ، بو بەرزکردنەوەی ئاستی‌ژیانی کومەلایەتی وئابوری وسیاسیان ، وەنەهیشتنی نەخویندەواری‌و دواکەوتن لەناوباندا ، بوئەوەی ئافرەتیش ببیتەهاونشتمانیەکی وشیاری‌زانای دانا ، وزور ترخزمەت بکا بوجەمهوریەتی عیراقی خوشەویستمان ، جەمهوریەتی کوردو عەرەب ، کە قارەمانی گەورە کاك عبدالکریم قاسم رابەروپیشەوایـەتی . نیازیکی تری کومـەلی ئافرەتانی کوردستان ، ئەوەیە کەئافرەتانی کوردستان شان بەشانی خوشکە عەرەبەکانیان خەباتی خویان بەهیزترکەن لەپیناوی جەمهوریەت ودیموکراتیەت وپیشکەوتنا . ئـەم کومەلە دوای شورش‌بەرەزامەندی کاربەدەستان بەیانیکی بلاوـ کردوەوە ، هەروەها وەفدیکیشی نارد بولای سەروك عبد الکریم قاسم ، کـەزوربەخوشیەوە پیشوازی لی‌کردنوە بەلینی‌پی‌دان کەهەمو جورە داخوازیەکیان بوجیبەجی‌کات ئیستەش ئەم کومەلە هەرلە تیکوشاندایە ، وەلەهەمولایەکی کوردستانی عراق لقی‌کردوتوە ، وەچاوەنور دەکری بەم‌ـ زوانە داوای ئیجازەش‌بکات . ئەندامەکانیش بەتایبـەتی لەسولەیمانی‌وهـەولیر چالاکانـە بەشدارئەبن لەهـەمو خوینشاندان وکوبونەوەیەکدا .

بوونی ئەم‌کومەلە کومەلایەتیە خویندەواریە ئاسیاسیە خزمەتیکی زوری چەسپاندنو خەملانی جەمهوریەتی عراق ئەکات ، هەروەك ری‌دانیشی ، جی‌بەجی کردنیکی باشی مادەی سیەمی دەستوری‌عیراقیشە ، وەئەبیتەهوی بەهیزـ کردنی گیـانی برایـەتی کوردو عـەرەب ، بـەگشتی وخوشکایەتی ئافرەتانی‌کوردو عەرەب بەتایبەتی .

**رووناك**

## اعـلان

الحاقا باعلاننا ٦٠٢ في ١٩٥٩/١/١٢

بالنظر لعدم حصول راغبين للمناقصة السرية تعهـد انشاء دار لمهندس مشروع ماء وكهرباء المحاويل تمـدد المناقصـة الى السـاعـة الـ ١٢ من يوم الاحـد الموافق ١٩٥٩/٢/١٥ فعلى الراغبين مراجعـة حامية المحاويل أو معاونية اشغال الفرقة للحصول على استمارة شروط المناقصة مقابل دفع مبلغ ( ٣ ) دنانير لكل نسخة وتقديمها لمجلس ادارة اللواء في الموعد أعلاه داخل غلاف مختوم معززة بتأمينات نقدية قدرها ( ١٧٣ ) دينارا او كتاب ضمان صادر من أحد المصارف بهذا المبلغ .

كل مناقصة لا تقدم في الموعد المعين أو تكون غير معززة بالتأمينات أو شهادة الانتساب لغرفة التجارة وشهادة ضريبة الدخل تهمل .

محمد علي شريف

و . متصرف لواء الحلة

-٢٥-

# ئاوریك لە سازو ئاوازی کوردی

شەمال صائب

کوردستان وولاتیکیجوانو نازدارە .

تەبیعەت هەر لەمەدا تەقصیری نەکردوە بەرامبەر کوردو هەمو صفاتی جوانیداوەتی .. شاخیبەرزی پرر درەختو میوە .. نزاری سەوزی پرر آو .. باغو بیستانی بەرهەمداری جوان .. دیمەنی جوانو شیرین .

جا ئەم صفاتانە وای لە دانشتوانی کوردوستان کردوە کە هەستیکی بەرزیان هەبی بە رامبەر هونەرو جوانی ، بە رامبەر هەمو رازاوە یەك لەژیانا باوەجو سازو آواز بویە کورد بەناو بانگە بەگورانیو آوازی خوشی ، خو هەلپەرکیی کوردی و جولانەوەی پیی هەلپەرکیکەران لەسەر وەزنو ایقاعیکی موسیقی وا بەرزە کەجی سەرنجی میللەتانە .

هەر وەها کورد گەنجینەیەکی گەورەی بەنرخی هەیە لە مەقامی تایبەتی خوی ، وەك مەقامی « الله وەیسی ، خاو خوش ، خاوکەر ، قەتار ، نەفتی ، هجرانی ، آی آی ، حەیران ، لاووك » جا ئەم مەقامانە قوتابخانەیەکە وسازو آوازی کوردی لیوە هەل ئەقولی لەدوا روژیکی نزیکدا بە هوی ئەو گەنجە هونەرمەندانەی کە خویان داوەتە موسیقاو خویندنی وروژ بەروژ زیاد ئەبن لە کوری هونەردا .

ئەوی جیی سەرنجە وچاوە روانی خیرشی لی ئەکری ئە وەیە کە لەناو میللەتی کوردا قابلیات و بلیمەت زورە باوەجو دەنگ خوشیان ئەمەندە زورە ناتوانم بلیم لەهەر گەرەکە ( ٥ ) دەنگخوش بەآسانی دەست ئەکەویت بەلام داخەکەم کوردی لە کاروان دوا کەوتو .. کوردی برینداری پەرژاوەتە سەر ئەوەی چرای هونەر دابگیرسینی بە لکو بە پیچەوانەی ئەمە کونە پەرستو نوکەرانی استعمار هەمیشە بەر بەرەکانی هەمو هەستو بیریکی تازەیان کردوە باوەجو هونەر کە بانگی آزادیە ومەخشەلی روژانی شادیە ایترچون کونە پەرستان پیشتی تی ناکەن .. بوچی استعمار بیری چوتەوە کە سرودی مارسلییز چیی لە میللەتی فەرەنسا کرد .

جا ئەمرو کەبانگی آزادی ئەگاتە هەمو گوییەك هیوا دارم رولە کوردە دلسوزەکان دەستی هونەربگرن تابیتە زوبانی حالمان لە روژانی شادی وآزادی نزیکدا چونکە ایمە لەهیچمان کەم نیە هەر پیویستمان بەهان دانە .

## هیــوا

ژمارەی شەشو حەوتی گوفاری هیوا لە بەرگیکدا دەرچو و کەوتە بازاررەوە ، گەلی وتارو هونراوەو چیروكو باسی زانستیو گشتی تیادایە .

خویندەوارانی هیوا ئاگادارئەکەین کە دو ژمارەی گرنگو سودمەندە .

## اعــلان

تعلن متصرفية لواء بغداد ــ البلديات ــ وجود مناقصة سرية لتعهد تبليط شارعين الاول المسمى بشارع باب الخان وبنات الحسن رقم ( ١ ) والثاني المبتدأ منه والذاهب الى الحسينية في ناحية بلد بموجب الكشوفات والخرائط التي يمكن الحصول عليها من شعبة البلديات لقاء مبلغ دينارا غير قابل للرد . فعلى الراغبين تقديم عطاءاتهم الى مجلس ادارة اللواء في أو قبل الساعة العاشرة من صباح يوم الاربعاء المصادف ١٩٥٩/٢/١١ مرفقة بالتأمينات النظامية مع شهادة الانتساب لغرفة التجارة ووثيقة مديرية ضريبة الدخل العامة وكل عطاء غير متوفر الشروط المذكورة أعلاه لا يلتفت اليه .

أمير اللواء الركن

طارق سعيد فهمي

متصرف لواء بغداد

-٢٦-

**چیرۆك بوشانو**

# بي بار

**نووسینی ئەنتوان چیخوف**

« ژووریکی پچووك ، میزوکورسی‌یەکی تیا دانرابو لەسەر میزەکە یەکدوو کتیبو پەررە کاغەز بلاوکرابوەوە ، شووشەیەك مەرەکەبو یەکدوو قەلەمی لەسەر بوو ، بە دیواریشەوە وینەی قەیسەر هەلواسرابوو • »

« ئوچومیلوف هاتەژووری • دەستی جلی قومیسەری لەبەرابو • شەپقە یەکی پانی لەسەرابوو ، بەرەو میزەکە کشا شەپقەکەی بە توورەیی‌یەکەوە دابەسەر میزەکە دا وەلەسەر کورسی‌یەکە دانیشت‌و جگەرەیەکی داگیرساند » •

ئوچومیلوف ــ ( بەدەنگیکی بەرز ) ئالدرین ••• ئالدرین !

ئالدرین ــ (هاتەژووری ،کرنوشیکی بو ئوچومیلوف برد):
بەلی گەورەم •

ئوچومیلوف ــ ئەو تری‌یەی دوینی لەبازار ( مصادر )ەم کرد بردت بو مالی خەزوورم ؟ •

ئالدرین ــ بەلی گەورەم ، ووتم کە پارەیەکی زوری پیدراوە •

ئوچومیلوف ــ ئالدرین ، ئەم شەو نەنوستووم ، مەهیلە کەس بیتەژووری ، سەرخەویك ئەشکینم ، ئەگەر هەوالیشیان پرسیم بلی بو ئیشی جەنەرال چوتەدەری ( لەم‌کاتەدا دەنگەدەنگیکی زور دەستی‌پی‌کرد ، چوارکەس خویان‌کرد بەژوورا یەکەمیان پەنجەی هەلبری بوو بو ئاسمان تك‌تك خوینی لی‌ئەتکا • دووهەمیان تووتەلە سەگیکی پەتکراوی بەدەستەوە بوو ، سەگەکە دەمی‌کردبووەوە ، وادیاربوو ئازاردرابو ، سپی‌یەکی لوز دریژبوو • دووانەکەی‌تر لەدوواوە وەستابوون ) •

ئوچومیلوف ــ ( هەستایە سەرپی ، وە بەدەنگیکی توزی بەرزە ووتی :

ــ باس‌چی‌یە ! چی‌روویداوە ؟ ئەم هەراهەرایە چی‌یە ؟ توپەنجەت چی‌یەتی ؟

کابرای بریندار ووتی :

ــ گەورەم بە ریگادا ئەرویشتم ئاگام لەهیچ نەبوو ئەچووم بولای ( میتری میزیس )ی دارفروش ئەوەندەم زانی ئەم نامەردە ( پەنجەی بو سەگەکە دریژکرد ) پەنجەی گەستم ، گەورەم ••• بیبوورە ، من پیاویکی سنعەتکارم ، ئیشیکی زور ووردئەکەم لەبەرئەوە داوای تەعویز ئەکەم ، لەوانەیە بەهوی ئەم پەنجەیەمەوە نەتوانم ئیش‌بکەم‌و دەست بجوولینمەوە ••• گەورەم ، قانوون هیچ کاتی نەی ووتوە کە کەس ئازار بچیژی بە هوی کەسیکی‌کەوە ئەگەر هەموو کەس رابین بە گەستن وەکو ئەم سەگە پیاو، لەم دنیایەدا ناتوانی بژی گەورەم !

ئوچومیلوف ــ باشە •• باشە •• ئەم سەگە هی‌کی‌یە ؟•• بە سەر ئەمەوە ناروم ، خاوەنەکە فیرئەکەم کەچون سەگەکەی بەرەللا نەکاتە کولانان بو خویریەتی ••• ئالدرین ••• ئالدرین ، هەوالی خاوەنی ئەم سەگە هارەم بو بپرسە ، ئەم سەگە پیویستە لەناو ببری ئەم سەگە هارە ••• هی کی‌یە ئەم سەگە هارە !

( یەکی لەو دووانەی‌تر ئەوەیان کە لە لای راستەوە راوەستابوو زور لەسەرخو هەلیدایە ووتی :

ــ لام وایە هینی جەنەرال ( جیاگوموفە ) •

ئوچومیلوف ــ ( زور بە سەرسامی یەوە ) : هی جەنەرال جیاگوموفە ••! ئاە •• ئالدرین •• خیرا ئەم چاکەتەم لی‌وەرگرە ، گەرما کوشتمی ( چاکەتەکەی داکەند ) یەك شت هەیە باش تی‌ی‌ناگەم ، ( رووی‌کردە بریندارەکە ) چون ئەم سەگە توانیویەتی خوی بگەیەنیتە پەنجەت ••! ئەم سەگە زور پچووکە بەلام تو •• سەیرکە چە لوزەندەیکی !



هەواڵنامەی کتێب

بی‌گومان تو درونەکەی دەستت بزمار برینداری کردووە ئیستە بەسەر ئەم سەگە پچکولە بەسەزمانە جوانەیا ئەهینیت ! ئەم پیلانەت ری‌خستووە بوئەوەی شتیکت دەسکەوی ، ( دەنگی هەلبری ) تو لەوانەی شەیتان دەرست لی‌وەرگری !

( کابرای چوارەم توزی خوی جوولاندەوە بەهیوانی • ووتی :

ــ گەورەم ! ( گورخین بو گالتە جگەرەیەکی خستە لموزی سەگەکەوە ئەویش دووکەلەکەی پی قووت نەدرا دەستی گەست •• گەورەم ئەم کابرایە ئاغر نی‌یە •

( کورخین ئاوری لەکابرا دایەوەو ووتی :

ــ تو درونەکەی خیلە ، •• تو چاوت بەرووداوە کە نەکەوت (توزی لە قومیسەرەکە چووە پیشەوە ) •• قومیسەر بەگ پیاویکی دانایە ئەزانی کی دروزنە ، ناهەق ناروا ••• وەکوو لەبەردەمی خوادا وەستابی منیش پیاویکی بی‌کەس نیم برایەکی پولیسم هەیە • کابرای سەگەکەی بەدەستەوە بو ووتی :

ــ نا •• نا •• گەورەم ، ئەم سەگە هی جەنەرال نی‌یە جەنەرال لەم جورە سەگانە راناگری •• زوری سەگەکانی ئەو تانجین •

ئوچومیلوف ــ دلنیایت ؟

ــ دلنیام گەورەم

ئوچومیلوف ــ راستە ، راستە ، سەگەکانی جەنەرال توخمیکی‌کەن ، ئەوان رەسەنن ••• ئەم سەگە مەگەر شەیتان بزانیت توخمی‌چی‌یە • نەرەنگ ، نەشیوە ، هیچی نی‌یە •• پیسی ئەبیت • ئەگەر ئەم سەگە لەموسکو ، یان ، لە پەترسبورگ ببینری بەچاوتروکانیك نووزەی لی ئەبرن • تا دنیا دنیایە هەناسە نادات • ( رووی کردە کورخین ) کورخین ! پیویستە واز لەم دەعوایە نەهینیت ، تا پەندیکی لی وەرگیریت •

( کابرای چوارەم هەلیدایە ) :

ــ هەرچونیك بی ، کی ئەزانی ••• لەوانە یە سەگی جەنەرال بیت ، خو ناوی جەنەرال لەسەر لموزی نانووسریت ، توزی لەمەوپیش سەگیکم دیی لە حەوشەکەیانا زور لەمە ئەچوو •

ئوچومیلوف ــ ( شلەژا ) ، ئالدرین •• ئالدرین •• ئەو چاکەتەم بەری ، سەرما کوشتمی ، وەرە ئەم سەگە بەرەوە بو مالی جەنەرالو بلی لەمەودووا ئەهلین بچیتە دەری ، چونکە سەگیکی زور بەنرخە ئەگەر هەموو کەریکی وەکو (کورخین ) قنچکە جگەرەیەکی بخاتە لووتەوە ئەوا بی‌گومان ئەفەوتی • ( رووی کردە کورخین بە سەریانەرراندی ) : سەگ گیان لەبەریکی ناسکە ••• تو ، ئەی گامیش ، دەستت دانەوینە ئیتر پیویست بە پیشاندانی ئەو پەنجە پیسەت ناکات ئەمەمە هەمووی گوناهی خوتە •

ئالدرین ــ ( لەتەنیشت دەرگاکەوە وەستابوو ) ووتی : گەورەم ، ئەوە چیشتکەرەکەی جەنەرالە •• بالی‌ی بپرسین •

ئوچومیلوف ــ بانگی‌کە ••• خیرا •••

ئالدرین ــ بروشە •••! بروشە •••! تا ئیرە وەرە •

( بروشە هاتە ژووری ) ، خوشەویسنم ، بروشە ، سەیری ئەم سەگە بکە بزانە هی جەنەرالە ؟

بروشە ــ تونەفامی ! ئیمە سەگی وامان نی‌یە •

ئوچومیلوف ــ پیویست بەم ریسوگوریسە ناکات ، ئەم سەگە خویری‌یە •• کەووتم خویری‌یە •• واتە •• خویری‌یە •• پیویستە لەناوببریت •

بروشە ــ گەورەم هی جەنەرال نی‌یە ، بەلام هی براکەی جەنەرالە کەوا دووای نەختیکی‌کە ئەگاتە ئەمشارە زور مەراقی ئەم جورە سەگانەی هەیە •

ئوچومیلوف ــ ( هەردوو دەستی هەلبری بوئاسمانو بەدەنگیکی بەرز ) ووتی :

ــ برای جەنەرال ئەمرو ئەگاتە ئیرەو من نەم زانیوە !! گویتان لی‌یە ! خوایە چون تائیستە نەم زانیوە ، پیویستە بچم بەپیریەوە ••• هەر ئیستا ••

ئالدرین ــ گەورەم •• لەچی بو چاوپیکەوتنی ؟

# بانگی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق

**بەبونەی تی‌پەرینی شـەش مانگ بەسەر شورشە پیروزەکەماندا**

ئەی لاوە خەباتکەرە دلسوزەکان

ئەی رولە بەشەرەفەکانی کوردوستانی عیراق

ئیمرو ••• شەش مانگ تی‌ئەپەرری بەسەرسەر ـ کەوتنی شورشە مەزنە پیروزەکەی گەلی عیراقدا ، بەسەر سەرکەوتنی گەلیکی خەباتکەری کولی نەدەری نەترسی پالەواندا کە گەلی عیراقە •

ئیمرو ••• شەش مانگ تی ئەپەرری بەسەر هەل گیرانەوەی تەختی رزیوی پاشایەتی بو گەنی دەرەبەگی دکتاتوری ئیمپریالیزمی‌دا ، سەرکەوتنی گەلە قارەمانە ـ کەمان بەسەر دەستەو تاقمی جەردەی پیاو کوژی نوکەری ئیمپریالیزمدا •

بەتی‌پەرینی نیوسال بەسەر ئەو شورشە پیروزەدا کە سوپای مەزنی کوردو عـەرەب کردی و گەل یەك ریز دەستی دایەو سەری خست وبو یەکەم جار لە میژووی عیراقدا جمهوریەتیکی نیشتمانی دیموکراسی دروست کرد •

بەتی پەرینی نیوسال چەن شتیکمان دیتە پیش چاو وەبەتایبەتی پیش چاوي لاوانی دلسوزی ئەم رژیمە تازەیە• ئەویش یەك گرتن بو سەرکەوتن یەك دلی بو راونانی دوو دلی یەك ئامانجی بو لە ناوبردنی پیلانی کلکەکانی ئیمپر ـ یالیزم • وەلـەم سەرنجەشا دلسوزی یـەکیتی لاوانی دیموکراتی کوردوستانی عیراق پیش چاو ئەخری ، رەقی‌و هیمنی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عیراق پیشان ئەدری لە ئیش کردنیا بو پشت گیری‌و بەهیز کردنی جمهوریەتو رژیمە دیموکراسیەکەی بی‌ئـەوەی گوی‌ی دابیتە ئـەو شوژنانەی کە ئاراستەی چاوی ئەکری لەم لاو لاوە لەلایەن ئیمپریالیزم و کلکەکاني و بەکری گیراوەکانیەوە •

یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردوستانی عیراق ـ بروای بەرویشتن و تی‌کوشانە شان بەشانی لاوانی عیراق ولاوانی هەموو جهان وە لەم روژە پیروزەدا بانگتان بو دانی جمهوریەتو رژیمە دیموکراسیەکـەی بەسەروکایەتی ئاشتی خوازی گەورە کاك عبـدالکریم قاسم سەروکی هەردو گەلی کورد و عەرەب بهینیتە دی •

بژی جمهوریەتی عیراق ـ جمهوریەتی کوردو عەرەب

بژی سوپای عیراق و یادی هەلـەتە شیرانەکەی چواردەی تەموز

بژی سەروك عبدالکریم قاسمی قارەمان

بژی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردوستانی عیراق

بژی یەکیەتی لاوانی هەمو جیهان

پایە دار بیت برایەتی کوردو عەرەب •

١٩٥٩/١/١٤

یەکیتی لاوانی دیموکراتی
کوردستانی عیراق لەسلیمانی

---

ئوچومیلوف ـ گویتان لی‌یـە ؟ خوایە ! چون ناچم ! ( رووی کردە سەگەکە ) ئەمە سەگە خنجیلە جوانە ـ کەی برای جەنەرالە تووتوو گیان ، تووتوو •• زور سەربەرزم بە بینینت • تووتوو پیویستە هـەرچی خەلك هەیە شەونوخونی بکیشن بەدیار تو وە تووتوو ( رووی کردە کورخین ) پەنجەی گەستووی ؟ ها •• ها •• ها •• بودەرەوە هەمووتان بودەرەوە ، دەی ! ( کورخین ) و دوو زەلامەکە چوونە دەری‌و بروشەش بەرەو درگا رویشت •

ئوچومیلوف ـ تووتوو ••• وەرە باوەشی خالی خوت •• بابروینەوە بومالی ! ( سەگەکەی گرتە باوەش‌و بەرەو دەرگاکە چو ) : ئاالدرین ئەم سەگە خوشەویستە ئەبەمـەوە بومالی برای جـەنەرال • هەرچی منی ویست بلی بە فرمانی رەسمی رویی •

-٢٩-

# مەسەلەی توتن

توتن یەکەم بەروو بووی کشتوکالی‌و گرنگترین سەرچاوەی آبوری دانیشتوانی ئەوشوێنیانەیە کە لی ـ ی دەچیندری ، ئەگەرئەوراستیانەی خوارەوە لەبەرچاوبگرین ئەم مەبەستەمان چاکتربو دەردەکەوی :

بەپی ـ ی ئەواجازانەی دراون ، توتن هەمووی لە ۳۰ هەزار دونمدا دەکری ، ئەگەروا دابنیین کەهەر توتنەوانیك اجازەی دوو دونمی هەیە ، دەزانین کە ۱۵ هەزار خیزان بە کشتوکالی توتن خەریکن . بەلام ئـەم کشتوکالە کە ۱۵ هەزار خیزان دەیهینیتە بەرهەم پیویستی بەهینری کاروباری تری وەکوو : خوش‌کردنی زەوی ، کیلان ، شکاندنەوە ، لە داودان ، داگرتن ودروونی فەردە هەیە ، ئەویش کریکاریکی زوری گەرەکە وژمارەی ۱۵ هەزار دەگەینیتە ۳۰هەزار وزیاتریش ، ئەمە تەنیا بوکاری مادیٔ وآمادەکردنی توتن وکیشانەوەی بوانحار ، ئەو جا ئەبی‌ئـەو ووردە شتانەی بو وەکار خستنی دەزگای بەرهەمهینان وەکوو هەوجاری جووت ، داس ، تـەور ، پیمەرەو کـەردوو ، پیداویستی گوازتنـەوە : کوپان وگوریس .. وزور شتی تریش بخریتەسەر ، ئەم ایشانەش خەلکیکی زوریان پیـدەوی ، خو دوکاندارو خـاوەن سەرمایەتی پچووك لەشارەکانی ناوچەی کشتوکالی توتن بەش‌زوری کاری‌کرین وفروشتنیان لەگەل توتنەوانەکانە ودەستیان دەگرن وبەدریژ ایی‌سـال چاوەنوارن توتن پی‌بگاو توتنەوان بیهینیتە انحصار وپارەی وەربگری ـ تاقەرزەکانیان بستیننەوە .

ئەو چاو پیداخشاندنە خیرایە بومان دەردە خاکە توتن لە آبوری ناوچەکەدا چی ئەهمیەتیکی هەیە ، خوئەهمیەتی بو دەولەت بەجوریك آشکرایە پیویست بەباس‌کردنی نیە وئەوەندەبە سە کە بلیین داهاتی خەزینە ( مالیة وانحصار ) سالی لەسی ملیون دینـار کەمتر نیە ، انحصار لەکرین وفروشتنی توتن قازانج دەکا ، مالیە ضریبەو رەسمی جور بەجور لەتوتن دەستینی وشریکەکانی جگەرە ضریبەی داهات دەدەن . کەسیکی‌دەیەوی‌بزانی داهاتی خەزینەی دەولەت ، شەریکەکانی جگەرە لە توتنی عراق چەندە دەبی احصاآتی ووردی بەدەستەوە هەبیت وخوشی لـە ایشی توتن بزانیت .

توتن بو خەلك بوتە شتیکی پیویست وبو جگەرە کیشان ئەهمیەتیکی بالای هەیە ، چاکیو خرابی ، هەرزانی وگرانی ، نرخ یەك بی یاچەند نرخ هەمووی لەوانەیە کە جگەرە کیش بەلایەو مهمەوتأثیر ئەکاتە سەر بژیوبو ژیانی . هـەروەهـا خـەلکی تریش هـەن وەکوو کاربە دەست نی‌انحصار ، بازرگانی تـوتن کـریکاری کارگاکانی جگەرە فروشەکان ، کە پیوەندیان بە توتنەوە هەیە .

لە دەوری دوا براو دا سیاسەتیك درابوە پیش‌کە خەزینەو خاوەن کارگاکانی جگەرە بەسووك وهاسان قازا نجیکی زوریان لەتوتن دەست بکەویت وگوی نـەدەدرا یە توتنـەوان وجگەرەکیش وئەوکەسانەی سەروکاریان لەگەل توتن هەبوو . ئەم سیاسەتە لەروژی دامەزرانی انحصارەوە تادوا روژی دەوری دوابراو هـەر بەردەوام بوو . لـە ۳ وەرزی توتنی ٤۳ ـ ٤٤ و ٤٥ ـ ٤٦ دا ئینگلزەکان بو سەر بەستەوەی خەلکی کوردستانی عراق وبو ئەوەی نەپرژین بیرلەکارەساتی کوردستان وآذربایجانی ایران بکەنەوە نرخی توتنیان بەجوریك بالابرد وخەلکی وای‌لیهات وازی لەهـەموو شتیك هینابوو توتن نـەبی وپارە بەسـەر توتنەوانە کاندا دەباری ، بیجگە لەو ۳ وەرزە سیاستی دەوری دوابراو ئـەوەبـوو پـەرروپو لاتوتنەوان بکاتەوە وپاش شەرری دووهەم گەلیك کەسی مال ویران وبرسی ودەربەدەر کرد بو نمونە دەلیین : داهاتی توتنی‌کویە لەوەرزی ٤٥ ـ ٤٦ داگیشتە ملیونیك و ۲٥۰ هەزار دینار لە ٤۹ ـ ٥۰ دا بوو بە دەهەزار دینار یعنی لە چوارسالدا صەد جار زیاتر داکەوت .

ئەم سیاسەتە ظـالمـە ، پیچوپەنا وناڵەباری ، زور وستەمی دەستەلاتدارەکانی انحصار بەرتیل وبەرتیلکاری

ودزی وای لەتووتن کرد کەپیاو بیزی لی‌ئەکرد وانحصاری لەبەرچاوی خەلك تەواورەش کردبوو ، کوششتی تووتنەـ وان ودلسوزە تیگەیشتوکانی ناوچەی تووتن هیچ‌کەلکی گرت ، هەر چەند ویستیان چەلو نایەتی انحصار ـ هیندیك چاك بکەن بەلام بی سوود بوو •

پاش شورشی ١٤ ەی تەمووز هیوای خەلك بەرز بوـوە ، هومیدی چاککردنی چلونایەتی انحصار ولابردنی ظلم‌وزور وفساد وکردنی بە دەزکاییکی بەکەلك بوهەموو ئەوەکەسانەی بەتووتنەوە خەریکن ، زوربوو ، بوپیکهاتنی ئەم‌مەبەستە پیویستە هەرکـەس بەگورەی توانای خوی تی‌بکوشیو گریو گەلەکانی وریگای چار کردنیان پیشان بدات • ایمەش کەهەستهان بەم پیویستە نیشتمانیەکردوە ئەوا وجهەنظری خومان دەربارەی انحصار وبیرو باوەرمان بو چاککردنی دەردەبرین •

کاروباری تووتن بەگویرەی طبیعتی‌خوی‌وبەگویرەی ئەوکەسانەی پیوەندیان پیوە هەیە زور لکی لی‌دەبیتەوە ایمە بەکورتی لەگرینگترین کاروباری تووتن دەدوی‌ین :

یەکەم ـ لەلانی تووتنـەوانە کانـەوە : چونکوو تووتنەوانەکان نیرگەی بەرهـەم‌هینانی تووتن وهیزیکن بی‌ئەوان تووتن نایتە بەرهەم پیویستە قازانجیان لـەبەر چلو رابگیر یووکیشەیان حل‌بکریت ، قانونی انحصـار بوخوشی هەروا دەلی ، جا ئەگەر لەپیشدا ئەمە نەکراوە وممکن نەبوو بکری ، لە دەوری شورشدا ممکنە وداوا دەکەین بەم جورە دەست‌بکری بەوەدی هینانیان :

١ ـ قانونی اصلاحی کشتوکال ( بەتایەتی بەندەکانی ٣٩/٤٠/٤١ ) لەسـەرەتای سالی تازەرا لـەکشتوکالی تووتن‌دا تطبیق‌بکری ، بوئەوەی ئەم‌تطبیقە ممکن‌بیت دەبی حکوومـەت لەباتی ( بازرگان ) دەستی تووتنەوانەکان بگریو پارەیان بەقەرز بداتی •

بازرگان کەقەرز دەدابە تووتنەوان وخاوەن زەوی ٢٠٪ ی قیمەتی ( بەزوبوو ) دەبا بوخوی وخاوەن ملکیش ٣٠٪ ، وەنیوەی راست‌بو تووتنەوان دەمینیتەوە • اینجا بەگویرەی‌قانوونی اصـلاحی کشتوکال کەبەشی جوویتار زیادکراوە ، خاوەن ملك گوی ناداتە یارمەتی دانی جووتیار وهەول‌نادا پارەی‌بو پەیدابکا یابەجاریك خوی لی بیدەنگ دەکات‌و تووتنەوان تووشی نارەحەتی دیت جا یاپارە سوو خورکان وەردەگری بەقازانجیکی زوری واکە زیاتردەبی لەوزیادیەی لەتطبیقی قانوونی اصلاحی کشتوکال دەستی دەکـەوی ، یا بەپیچەوانەی قانونی اصلاحی کشتوکالی لەگەل خاوەن ملك‌ریك دەکەویت ووازلە وزیادی‌یە دەهینی کە قانوون بوی داناوە • ئەگەر بیتو حکومەت دەستی تووتنەوانەکان نەگری وپارەیان بە قەرز نەداتی ، قانوونی اصلاحی کشتوکال یاخوی پەکی‌دەکەوی یاپەکی‌بەرهـەم هینانی تووتن دەخا •

لەهیندیك شوینا باوەکە تووتنەوان زەوی لەخاوەـ نەکەی اجارەدەکا و ( ٣٣٪ ) سی‌یەکی داهاتی دەداتی ، ایتر خاوەن زەوی خوی بە قەرزکردنی پارەوە دەرناهینی وتووتنەوان بوخوی هەول ئەدات جاری واهەیە چواریەکی داهاتەکەی دەدابە سووت خور ، بەم جورە نیزیکە ٦٠٪ ی بەرووبووی تووتنـەوان ئەچیتە گیرفانی تاجر وخـاوەن زەویو تەنیا ٤٠٪ دەمینیتەوە •

بو پیشگرتن لەم ظلم وزورە حکومەت کەپارەدەدا بەتووتنـەوان دەبی بەچەشنکی‌وا بیت بەکـەلکیان بیت وقسطی یەکەمیان لەپیش مانگی شباط لەکاتیکدا کەـ تووتنەوان دەست دەکابـە خوش کردنی‌زەوی ، جومال کردن ، جوگە هەلگرتن ولەگەل خاوەن زەوی لەسـەر ملکانە ریك‌دەکەوی ـ دابداتی بوئەوەی تووتنەوان دەس بکابەخو آمادەکردن وگا ، کاسن وهەوجار ••• وئـەو جورەشتانەی پیویستیتی وەکوو ذەخیرەو خواردمـەنی‌و جلك ••• بکریت ، ئەوپارەیە دەبی بەشـی پیداویستی جوتیار وخیزان وخەرجی کشتوکال‌و بەشی خاوەن زەوی بکات •

انحصار بو هەر دونمیك اجازە ، دە دینار ( سلفە ) دەدا بەخاوەن‌زەوی،ئەمە سەرەرای ئەوەی پاش وەرگرتنی پارە لە بازرگان دەدری ، زوریش کەمە وبەشی ئەو انەی لەسەرەوە باسمان کرد ناکا وگەلیك لـە تووتنەوانەکان، کە اجازەیان بەناوی خویان‌نیە فلسیکیان لەانحصار دەست

-٣١-

ناکەوی وهیندیکیش کە اجازەیان بەناوی خویانە ودیەدوو دونم زیاترنیە • جوویتاریك سالی بە حەفتا دینار کەمتر بەری ناچی وئەگەر ئـەو شتانەشی کەووتسـانبوکاری رەنیوهینانی تووتن پیویستە بخەینە سەر دەبینین کەپیویستە بەلانی کەم هەرتووتنەوانیك صەد دیناری دەست بگیری وبەراستی لە.رابوردوودا هیچ تووتنەوانیك بەلەمە کەمتر کاروباری هـەل نەسووراوە • رەنگـە بلین خو هیچ جووتیاریك ئەوەندەی پەیدا نەکردوە ئەی چون بـەری چوە ؟ دەبی بزانین کەهیچ جووتیاریك نیە لە دوایی وەرز (موسم) دا پارەیەکیزور قەرز دارنە مابیتەوە وسال دەگەل سال هاتوتەسەری تاوای لیهاتوە خاوەن قـەرزلی ـ ی راناوەستی وشکایەتی لیـدەکا وچونکوو نیتی بیداتەوە بوی دەچیتە ژووری بەندیخانە، هەربەم چەشنە بوە کەبەشی زوری جوتیران سەریکیان لە بەندیخانەداوە •

ئەو قەرزەی دەدری بە تووتنەوانەکان پیویستە لە روتینی رەق وتەق وگریو گول وحوالەکردنە سەر فلان مادەی قانون وفیسارە نووسراوی دایرە بـەدوور بیـو وەك کشتوکال چون نـەرم وشلە ئەویش بـە سورك وهاسان بکەویتە دەست تووتنەوان ، ئەگەر وانەبی کەلك نابەخشیت ، مەبەست ئەوەنیە کەبلین حکومت پارە هەل برژیبی ئەوەی دلنیابی دەستی دەکەویتەوە بەلام ناشبی وای لیبیت کەئەم قەرزە ئەو مەبەستەی لازمە پیكنەهینی وکەلکی لی وەرنەگیری جا بویە دەلی ـ ین دەبی ئـەم پارەیە بە هاسانی بدری بە تووتنەوانەکان وهیچ بـەر هەلستیکیان بو سازنەکریت • بازرکانەکان کەداهاتیـان محدودە دەستی تووتنەوانەکان دەگرنوزور بـە هاسانی پارەیان دەداتی ؛ جا کەوابوو حکومەت کە خزمەتیکی نیشتمانیدەکا بەرانبەر بەتووتنەوانەکان پیویستە زیاتر نەرم وشلبی تائەو گیروگرفتەی دیتە سەرریگەی تطبیقی قانونی اصلاحی کشتوکالی ، لە ناونەمینی •

قانوونی اصلاحی زراعی لە مادەکانی ۳۱ ـ ۳۵ باسی کومەلی یاریدە دانی کشتوکالی دەکا ، بیگومان دامەـ زراندنی ئەوجورە کومەلانە شتیکە هەموو کەسیکی دلسوز خەوی پیوە ئەبینی ، چونکوو کەلینیك دەگریو کومەل رادەدا بو پیشەوەوە گیانی هاوکاری ـ کەلەپیشدا هەموو ریگاییکی لی گیرابوو ـ لەنیوان بەشی زوری خەلكدا بلاوئەکاتەوە ، بەشیکی گـەورەی گیروگرفتی جوتیران لادەبا ولە چەنگالی ئەوانەی تەماع دەکەنە کەول وپوستیان وبەهـەزار فروفیل ودرو ـ و دەلەسە بەهـرەی رەنج وزەحمەتیان لەدەست دەردینن رزکاریان دەکا •

( ماویەتی )

## اعـلان

الحاقا باعلاننا ١١٥٨ في ١٩٥٩/١/٢١

تقرر تمديد المناقصة العلنية لتعهد تجهيز مواد كهربائية الى لجنة ماء وكهرباء الحلة الى الساعة الـ ١٢ من يوم الاحد الموافق ١٩٥٩/٢/٨ فعلى الراغبين مراجعة المجلس الاداري في الموعد اعلاه للاشتراك بالمناقصة مستصحبين التأمينات النظامية •

محمد علي شريف
و • متصرف لواء الحلة

## اعـلان

مددت المناقصة السرية تعهد بناء مرافق صحية لمدرسة الظاهرة للبنين تنتهي يوم الاربعاء الموافق ١٩٥٩/٢/١٨ في الساعة ( ١٠ ) زوالية فعلى الراغبين للاشتراك في هذا التعهد الاطلاع على الشروط لدى مأمورية خزينة الادارة المحلية بعـد دفع ثمنها البالغ ٥٠٠ فلس غير قابلة للرد والحضور في اليوم المعين مستصحبين التأمينات ٢١ دينارا المقتضية على أن تكون نقدية أو كفالة مالية • اما الصكوك فترفض رفضا باتا • مع العلم ان اجور نشر الاعلانات على المناقص الذي ترسو عليه المناقصة •

أمير اللواء الركن
طارق سعيد فهمي
متصرف لواء بغداد

-٣٢-




ساهموا في تحريرها - إتصلوا بادارتها
في بغداد . شارع الرشيد رأس القرية ٢٨/٣٥

خاوه‌نی ئیمتیاز : صالح حه‌یده‌ری
سه‌ره‌کي مه‌ستوولي نووسین : پاریزه‌ر فوئاد جه‌واد
هه‌لسوڕینه‌ری کاروباری : جه‌لال تاله باني
ئابوونه به ناوی هه‌لسووڕینه‌ره‌وه ئه نیردری

سالانه‌ی
بو ده‌ره‌وه‌ی عیراق ٤/٥٠٠ دیناره
بو قوتابي و کریکار ٢/٠٠ دیناره
ئابوونه‌ی شه‌ش مانگی نیوه‌ی سالانه‌که‌یه‌تی ٤/٠٠٠ دیناره

| ژماره‌ی یه‌که‌م | ١٠ ی شوبات ١٩٥٩ | سالي یه‌که‌م |
|---|---|---|

له چاپخانه‌ی « النجاح » له چاپدرا

# ئەزموونی رۆژنامەگەرییم

## بەشی یەکەم

**فەرهاد عەونی**

### پێشەکی

ناوەندی پەنجاکانم باش لەبیرە کە قوتابی پۆلی دووی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایەتیدا لەکۆیە، کاتێ عەسرانێکی درەنگ پاش تەواوبوونی دەوام لە قوتابخانە بە بەردەم کتێبخانەکەی **(حاجی قادری کۆیی)** تێدەپەڕیم کە کاکە **(محمد شوان)** بەڕێوەی دەبرد و هەندێ جار بانگی دەکردم و کۆمەڵە کاغەزێکی دەدایە دەستم و دەی گوت:**(ئەم جەریدەیە بۆ باوکت ببە)** لە سەرەتادا وەکو ئەرکێکی ئاسایی دەمگەیاندە ماڵەوە و دەمدایە دەستی دایکم بۆ ئەوەی ئەو بیدات بە باوکم، بەڵام پاش ماوەیەك باوکم فێری کردم کە**(جەریدەکە)** یەکسەر ببەمە ئەو ژوورە گەورەیەی کە لە نهۆمی دووەمی خانووەکەی ئەوسای ئێمە کە لە گەڕەکی **(بەفریقەندی)** بوو و بریتی بوو لە ژوورێکی گەورە و دوو دەرگای هەبوو، چونکە خانووەکەشمان دوو دەرگای هەبوو یەکێکیان رووی لە رۆژهەڵات و دەرگای دووەمیش رووی لە رۆژئاوابوو، بۆیە هەڵکەوتەی ئەو ژوورە گەورەیەی نهۆمی دووەم، کە بە **(ژووری میوانان)** ناسراوبوو، هەمان هەڵکەوتەی خانووەکەمانی هەبوو لە رووی دوو دەرگایی و رۆژهەڵات و رۆژئاوایەوە کە پاشان بۆم دەرکەوت پانتاییەکەی ئەم ژوورە (٣٠)م٢ بووە تاخمە قەنەفەیەکی داری گوێزی تێدابوو، لەلای دەرگاو پەنجەرەکەی رۆژهەڵاتیشەوە کتێبخانەیەکی چوار چاوی لەهەمان دارگوێز دروست کرابوو کە پڕ بوو لە کتێب و دیوانی دەستنووسی شاعیرانی کورد وەکو **حەریق، مصباح الدیوان، ئەدەب، ئەدیب، حاجی قادری کۆیی، حەمدی، سالم، نالی** و هەندێکی دیکە کە لەبیرم نەماوە، لەناوەڕاستی ژوورەکەش مێزێکی لاکێشەی گەورەی تێدابوو کە بە پارچە قوماشێکی سەوزی ئەستوور داپۆشراوبوو کە هەرکاتێ **(جەریدەم)** بهێنابایەوە ئەوا یەکسەر سەردەکەوتم و **(جەریدەکەم)** دەخستە سەر ئەو مێزە.

ئەوەی لەبیرم ماوە ساڵی ١٩٥٦ بوو کە بۆ یەکەم جار توانیم ناوی رۆژنامەکە بەباشی بخوێنمەوە کە ئەوکاتە لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، زۆرجاریش بەهاندانی مامی خوالێخۆشبوو (عومەر حەبیب) کە بە (عومەرەسوور) بەناوبانگ بوو، ئەوسا هەم پارێزەر و هەم ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەمیشە هانی ئەوەی دەدام کە ناوونیشان و ئەو نووسینانەی کە بە خەتی گەورە نووسرابوون بیانخوێنمەوە، ئەوجا بێمە سەر نووسینەکانی دیکە و زۆر جاریش کە باسی حکومەت و نوری سەعیدیش دەهاتەپێش ئەوا یەکسەر دەیگوت **"حکومەتێکی ساختەچی و نوری سەعیدی هیچ و**

پووچ". ساڵی ١٩٥٧ کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم کەوتە هاتووچۆکردنی (**کتێبخانەی گشتی کۆیە**) کە ئەوسا بەڕێوەبەرەکەی خوالێخۆشبوو مامۆستا(**زەکی هەناری**)بوو کە هەمیشە هاندەری ئەوەمان بوو **کە روو لە خوێندنەوە بکەین و زوبانی ئینگلیزی فێربین**)، بۆ یەکەم جاریش گۆڤاری (**پەیام**)م لەم کتێبخانە بەرچاو کەوت کە گۆڤارێکی کوردی قەشەنگ بوو لەلایەن دەزگایەکی رۆشنبیری سەربە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا دەردەچوو. لێرەدا دەردەکەوێ سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ دیتنی (رۆژنامەو گۆڤار، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی پەنجاکانی سەدەی پێشوو چ لە ماڵەوە چ لە کتێبخانەی گشتی کۆیە رۆڵی باوکم و مامیشم زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو کە بۆ یەکەمجار وایان لێ کردم چیرۆکەکەی (**زادیچ**) بخوێنمەوەو دواتریش لە خوێندنەوە بەردەوام بم و کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆش هەر بەردەوامم و لێم بووە خوو.

قۆناغی دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ دەرگایەکی فراوانی بۆ کردمەوە کە تێدا بۆ یەکەم جار رۆژانە چەند رۆژنامەیەکی کوردی، عەرەبی دەهاتە هەردوو کتێبخانەکەی (**کۆیە**) وەك (**اتحاد الشعب، کوردستان، خەبات، ئازادی، پێشکەوتن، ژین، صوت الاحرار، هەتاو، هیوا**) کە هەندێکیان لەو رۆژنامەو گۆڤارانە باوکم بەشداری تێدا هەبوو (**اشتراك**) سەرەڕای بەشداری خۆم و خەسرەوی براگەورەم لە هەردوو گۆڤاری رەنگاوڕەنگی (**الصین المصورة، الاتحاد السوفیاتي**) کە ساڵانە بە ١٢ ژمارەوە بە ٢٠٠ فلس بەشداری تێدا دەکرا، لەم سەروبەندەدا منیش پێم نابووە قۆناغێکی تازەوە بە دەرچوونم بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی کە ئەویش هاندەرێکی دیکەی پاڵ پێوەنانم بوو بەرەو نزیك بوونەوە لە دونیای خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵیان کە دواتریش بە خوێندنەوەی کتێب دەوڵەمەندتر بوو، یەکەم کتێبیش کە بە زوبانی عەرەبی خوێندمەوە داستانەکەی (**مەم و زین**)بووکە (**محمد سعید رمضان البوطی**) کوردی کوردستانی سوریا نووسیویەتیو زۆرجار مانای رستەیەك یاخود وشەیەکم لێ دەبوو بەکێشە ئەوجا بە پرسیارکردن لە باوکم و خوشکەکانم کە لە من گەورەتربوون ماناکەیان بۆ لێکدەدامەوە.

مەبەست لە نووسینی ئەم پێشەکییە تەنیا بۆ ئەوەیە کە خوێنەری ئازیز ئاشنای سەرەتای چوونە ناو دونیای خوێندنەوەو دۆستایەتیم لەگەڵ رۆژنامە خوێندنەوە بێت، چونکە ئەم جۆرە پێشەکییە بۆ چوونە ناو بابەتێکی وەکو (**ئەزموونی رۆژنامەگەریم**) بە پێویست دەزانم.

قۆناغی یەکەمم بۆ چوونە ناو دونیای رۆژنامەنووسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٢-١٩٦٣، ئەوکاتە لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم لە کۆیەو ئەوسا جۆرە جوڵانەوەیەکی رۆشنبیری هەبوو لە قوتابخانەکەمان، بریتی بوو لە ئامادەکردنی بڵاوکراوەیەکی دیوار(النشرة الجداریة) لەلایەن چەند قوتابییەکەوەو بەسەرپەرشتی یەکێ لە مامۆستایانی قوتابخانە، ئەوەی لەبیرم ماوە بۆ یەکەمجار ئەو بڵاوکراوەیە لەلایەن مامۆستا جەمال غەفوورەوە سەرپەرشتی دەکرا کە مامۆستای مێژوو خەلکی سلێمانی بوو منیش تێدا بەشدارییەکی بەرچاوم هەبوو بە دوو بابەت بابەتی یەکەمیان دەربارەی سوودی وەرزش بوو بۆ ژیانی مرۆڤ کە خۆم لەوکاتەدا خولیای جموجوولی وەرزشی بووم و ئەندامی هەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی قوتابخانەی سانەوی کۆیە بووم، دووەم بابەتیشم شیعرێکی خۆم بوو بەناوی(**کوردم**) کە پێشووتر لە هەفتەنامەی(**پێشکەوتن**)ی محەمەد بریفکانی، بڵاوم

کردبووەوە و ساڵی دواتریش لەمانگی تشرینی دووەم دیسان بە سەرپەرشتی مامۆستا عبدالصمد محیّدین بڵاوکراوەیەکی دیکەی دیوار بەناوی (باواجی) ئامادەکرا کە تێدا ئەرکی سەرەکی بە من سپێردرا تێدا چەندین بابەتی بچووك بچووکم بۆ ئامادە کردبوو، سەرەڕای بابەتێکی سەرەکی بەناوی (بەهارم خۆش دەوێ) کە تێدا باسم لە جوانی بەهاری کوردستان کردبوو.


خاکی کوردستان

فەرهاد عونی - کویە

ئەو شیعرەی خوارەوە هی کاك فەرهاد عونیە کە تەمەنی ١٣ ساڵانە بەلی کورد بلیمەتی زورە بەلام داخەکەم ملوەیان نیە بو ئەوە ئەو بلیمەتیە بو سودی وولات بەکاربێنن.

خاکی کوردستان دیمەنی جو نە
ئەنگوی شاخی روو لە ئاسمانە
•
هەوار گەی خوشو هەوای خاوێنە
دەلوی بەهەشتی باکی یەزدانە
•
ناچار برد لەکا خەلو خەرمانە
•
ئای زور داروو یگانەی خونخوار
لەموڵا بخوا ئەم گشت سامانە
•
کورد بلێ ئەکا، پەیمانی خوی
هەریەکی لەوان شێری مەیدانە
•
تویەی ئازادی و نوێەی ژیانە
•
ئەڵێن فەرهادی ئەی کرانیمێت
ئەلێم شیرینم خاکی کوردانە
•
روژی ئازادی سەری دەرهینا

بە بەردەوامی گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکان لە ماڵی ئێمە حزووریان هەبوو لە هەر قۆناغێکدا ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە دەردەچوون، وەکو (**هەتاو، هیوا، ژین، پێشکەوتن، ئازادی، خەبات، رۆژی نوێ**) لە کتێبخانەکەی ماڵەوە دەپارێزران هەروەکو چۆن پێشووتر سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لە کتێبخانەکەمان پارێزرابوون کە دەڵێم سەرجەم ژمارەکانی گەلاوێژ لەوانەیە لای خوێنەر سەیربێت، بەڵام چونکە باوکم چەند ساڵێك لە باوەڕپێکراوەکانی ئەم گۆڤارە بوو، زۆر جار ناوی باوەڕپێکراوانی گۆڤارەکە لە بەرگی دەرەوەی دواوە دەنووسراو باوەڕپێکراویش بەو مانایە دەهات کە هەر شتێك پەیوەندی بەم گۆڤارە هەبا لەکۆیە لە ئەستۆی ئەوەوە دەبوو، ئەوجا زۆرجار خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانە دەبووم بەشێوەیەك لە هەندێ کاتدا ململانێ لەگەڵ کاتی ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانەم دەکرد کە هەندێ جاریش دەبووە هۆکاری تووڕەبوونی باوکم تەنانەت ئەو عادەتە یانی خوێندنەوەی بەردەوام تاکو ئێستاش نەم توانیوە وازی لێ بهێنم و هەر کاتێك ئەگەر هەست بکەم رۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێکی تازە یان کتێبێکی تازەم لەبەردەستدا نییە وا دەزانم بۆشاییەك هەیەو شتێکم لێ ون بووە.

رێڕەوی ژیانی رۆشنبیریم لە قۆناغی دواناوەندی تاکو دەرچوونم لە قۆناغی سانەوی کۆیە بەم شێوەیە بەردەوام بوو، بەڵام کاتێ کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ لە زانکۆی بەغدا و لە کۆلیژی (**ئابووری و زانستە سیاسیەکان**) وەرگیرام پێم نایە قۆناغێکی تازە کە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان کۆیەو بەغدا هەبوو بەتایبەتی کە باس باسی ژیانی رۆشنبیری دەکرێ.

لە یەکەم رۆژی دەوامم لە کۆلیژی ناوبراو نیو سەعاتی یەکەمی پێش دەوام یاخود لە یەکەم هەلی نەبوونی وانە یەکسەر رووم لە یانەی کۆلیژ (**نادي الكلية**) دەکرد بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکانی وەکو(**الزمان، العرب، الجمهورية، صوت العرب...**) بەرامبەر (٢٥ فلس)ی ئەوسا کە لەوسەردەمەدا (**أبو غزوان**) ناوێك ئەو رۆژنامانەی دەهێناو قوتابیان لەماوەی دەوامی رۆژانەیان دەیانخوێندەوە کە بووە هۆکاری زیاتری پابەندبوون بە دۆستایەتی رۆژنامە خوێندنەوەو بەراورد کردنی تایتل و مانشێتەکان هەواڵەکانی ئەو رۆژنامانەی کە لەو سەردەمەدا دەردەچوون لەگەڵ یەکترو زۆرجار جیاوازی تەواو دەکەوتنە بەرچاو ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە فەریق روکن عەبدولڕەحمان عارف

سەرۆکی کۆماری عێراق بوو جۆرە ئازادییەکی رۆژنامەنووسی پیادە دەکرا.

دەرچوونی رۆژنامەی التآخي بۆ یەکەم جار لە ١٩٦٧/٤/٢٩ و دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (برایەتی) لە١٩٦٧/٥/٦ئاسۆیەکی زێدەفراوانی بۆ کردمەوە کە دەتوانم بە وەرگەڕانێکی بابەتی لە قەڵەم بدەم لە بەر دوو هۆکاری سەرەکی کە:

**یەکەمیان:** بە حوکمی ئەوەی ئەندامی (پ.د.ك) و ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان بووم بەتایبەتیش کە لە ریزی یەکیەتی قوتابیانی کوردستاندا رۆڵێکی دیار و بەرچاوم هەبوو لەم سەردەمەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ بارەگایەکی ئاشکرای نەبوو تەنیا باڵەخانەکەی رۆژنامەی (**التآخي و برایەتي**) کە لە گەڕەکی (**العیواضیة**)بوو، بۆیە دەتوانم بڵێم حەفتەی دوو جار یاخود سێ جار لەگەڵ هەڤاڵانی دیکە روومان لەو بارەگایە دەکرد، تێدا شەهید (**صالح الیوسفي**)، چ وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی(**پ.د.ك**)و چ وەکو سەرنووسەری هەردوو رۆژنامەکە، رۆڵی خۆی دەبینی و ئیمەشی دەدیت و دەربارەی کارو چالاکییەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان رێنمایی دەکردین کە لەو سەردەمەدا رۆڵێکی گەورەو بەرچاوی دەبینی.

**دووەم:** هاتووچۆکردنی نیمچە رۆژانەی بارەگایەکی رۆژنامەنووسی وەکو (**التآخي وبرایەتي**) ئەگەر بە مەبەستی کاری رۆژنامەنووسیش نەبێت ئەوا جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستی پەیدا دەکات بەتایبەتیش ئەگەر رۆژنامەکەش تەعبیر لە راو بۆچوونی تۆ بکات هەربۆیەش بۆ کاتی سەردانی بارەگای (**التآخي و برایەتي**) مان دەکرد چاومان بە نووسەر و موحەریر و پەیامنێر و کارمەندانی دیکەی ئەو رۆژنامەیە دەکەوت سەرەڕای ئەو قسەوباسە رۆژنامەوانیەی کە تێدا دەکرا کە تێکرای بوو بە خەزینەی سۆز و خۆشەویستیەکی بێ وێنە لە دڵ و دەروونمدا بەتایبەتیش نووسەر و رۆژنامەنووس زۆر بە توانا لە بارەگاکەی(**التآخي و برایەتي**) دەبێران ئێمەی زیاتری بەرەو ئەو ئاقارە دەبرد کە کاری رۆژنامەنووس زیاتر چێژی شەفافیانە بە مرۆڤ دەدات، دیتنی نووسەر و رۆژنامەنووسی وەکو:

(**سمی العامل، محەمەدی مەلا کەریم، د.عزەدین مستەفا رەسووڵ، عەبدولرەزاق البارح، فاروق سعید، شێرکۆ بێکەس، رەفیق چالاك عەبدوڵڵا ئاگرین، سعید ناکام........**) رۆژانە یاخود ناوەناوە کە لە بارەگاکە دەمان دیتن جۆرە سەرسامیێکی پێ دەبەخشین کە هەرگیز لە بیر ناچیتەوە بە تایبەتیش کاتێ مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ئەم بوارەدا دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەو خەونە درێژخایەن نەبوو، چونکە هەر پاش کودەتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨حزبی بەعس بیری دەکردەوە کە بە چ پیلان و بە چ رێگایەك شۆرش کوردستان لە ناوبەرێ و هەر زوو پاش کودەتاکە بە دوو مانگ رۆژنامەی(**التآخي و برایەتي** )داخست.

لێرەدا کە باس لەو قۆناغە دەکەم وەنەبێ هیچ بەشدارییەکم تێدا کردبێت، بەڵام دەتوانم بڵێم ئاشنابوونێکی راستەوخۆی بۆ دروست کردم لەگەڵ بواری رۆژنامەنووسی، چونکە هاتووچۆ کردن و ناسینی ئەم رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانە، سەرەڕای خوێندنەوەی بەردەوامی رۆژنامەکە، ئەو خۆشەویستیەی لا دروست کردم کە کاریگەری لەسەر نووسینی ئەم (**بەیاناتانە**) هەبوو کە دواتر پاش کودەتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ کە لە شوقەکەی ئێمە لە شەقامی شێخ عومەر بەرامبەر گۆڕستانی (**الغزالي**)و دواتریش لە ژووری ژمارە(١٢) هوتێلی(**دنیا**) لە شەقامی (**السرای**) بەرامبەر چایخانەی(**الزهاوی**) لەگەڵ برا و هاورێم (**عبدالموجود گه**) بەناوی (**یەکیەتی قوتابیانی کوردستانەوە**) دەنووسراو بڵاودەکرایەوە.

* قۆناغی یەكەمی راستەوخۆی ئەزموونی رۆژنامەگەریم پاش رێكەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ نێوانی سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان و حكومەتی عێراق ئاسۆیەكی فراوانم هاتە بەردەم كە تێدا دەرگای ئەم بوارەمان بۆ كرایەوە، بەتایبەتیش لەبواری خوێندندا كۆلیژی (**ئابووری و زانستە سیاسییەكان**)م تەواو كردبوو لە كۆنگرەی شەشەمی یەكێتی قوتابیانی كوردستانیش كە لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٠ گرێدرا بەسكرتێری گشتی ئەم رێكخراوەیە هەڵبژێردرام كە تێیدا، سەرەڕای ئەركەكانی رێكخستن، لێپرسراویەتی لیژنەی رۆشنبیریشم كەوتە ئەستۆ تێیدا:

**یەكەم:** ئامادەكردنی بابەتەكانی لاپەڕەی قوتابیان و رێنماییە رۆشنبیرییەكانی ئەو سەردەمە بۆ لقەكانی یەكیەتی لە شارە گەورەكانی كوردستان (**كەركووك، دهۆك سلێمانی، هەولێر**) بوو كە برای رۆشنبیر و رۆژنامەنووس كاك مەحمود زامدار بەشدارییەكی سەرەكی تێدا دەكردو بەندەش چ وەك لێپرسراو و چ وەكو هاوبەش یارمەتیم دەدا و یەكەمین وتاریشم كە بڵاوكردەوە بەزوبانی عەرەبی بوو لە رۆژنامەی (**التآخي**) (لە ژمارەی ٧٧٠ رۆژی دووشەممە رێكەوتی ٢٨ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١) بەناوێكی (**خواستراوەوە**) كە (**هاوین**)بوو بابەتەكەش لەژێر ناوونیشانی(حول مفهوم الحركة الطلابية) بوو كە تێدا لە بڕگەیەكی دا نووسیومە:

(في السنوات الأخيره اي في منتصف الستينات... حدث في بلدان غرب اورپا صعود كبير في الحركة الطلابيه........ كان يعني المقت الشديد للنظم الرأسماليه و تدني الانسان فيها..)، ئەوەبوو دواتریش نووسەرێك رەتكردنەوەیەكی بابەتیانەی لەسەر بابەتەكەی من نووسیبوو بێ ئەوەی ناوی خۆی بنووسێ و كە پاشتر زانیم (د.**محمد بكرۆیە**) كە




كوردێكی كوردستانی سوریایەو مامۆستابوو لە زانكۆی سلێمانی نووسینەكەی من و رەدەكەی ئەو (**بەكرو**)بوو بە سەرەتایەكی دۆستایەتیەكی پتەوی نێوانمان كە بە بەردەوامی مایەوە تاكو نسكۆی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥ دا، كە ئەوسا بەرەو هەندەران رۆیشت، بابەتەكەش لە ژمارە ٧٨١ التآخي رۆژی ١١ی تەمووزی ساڵی ١٩٧١ لەلاپەڕە (٣)دا لەژێر ناوونیشانی(**ملاحظة على مقال "حول مفهوم الحركة الطلابية"**) بوو كە لە بڕگەیەكیدا دەڵێ:

**(قبل أن يدخل المرء في الكتابه، عزيزي هاوين يجب أن يجد الكتابة و قبل أن يندفع الى النقاش وقبل هذا وذاك ي يجب أن يكون متواضعاً ومقتنعاً ان المعرفه الانسانيه عمليه في غاية التعقيد وليست قطعاً حكراً لأحد اولآي من بعض الصيغ الايديولوجية الجاهزة بما في ذلك صيغ- ماركوز-وغيره.)**

**دووەمین:** بابەتیشم كە لە رۆژنامەی التآخي ژمارە ٧٨٦ لە رۆژی ١٩ تەمووزی ساڵی ١٩٧١ بڵاوكرایەوە پێش مانگێك ئامادەكرابوو دیمانەیەكی رۆژنامەنووس بوو لەگەڵ هەردوو برای بەڕێز (هاوار **كاكە زیاد ئەندامی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا-لقی بەریتانیا و عزیز شێخ رەزا ئەندامی هەمان كۆمەڵە لە لقی چیكوسلۆڤاكیا**) كە زیاتر لە نیو لاپەڕەی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام دیسان ناوی منی لەسەر نەبوو، چونكە ئەوكات كەمتر گرنگی بەم مەسەلەیە دەدرا كە دواتر ئەم دیاردەیە لەسەرووی

لاپەڕەکانی گۆڤاری(**نضال الطلبة**)ش رەنگی دایەوە کە راستەوخۆ سەرپەرشتیم دەکرد تاکو ژمارە چواری کە یەکەم ژمارەی خولی دووەمی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧١دەرچـوو کـە تێـدا وەکـو (مجلة فكرية طلابية عامة تصـدرها اللجنـة الثقافيـة المركزيـة لاتحـاد طلبـة كردستـان- العـراق) بە زوبـانی عـەرەبی کەوتـە بەردەسـت خوێنـدەواران تێیـدا




سەرەرای سەروتارەکەی بە ناوونیشانی (**طریق نضـال الطلبـة**)بابەتێکی دیکەشم بۆ نووسی بوو لەژێر نـاوی (**حول مفهوم الحركة الطلابيـة**)بوو لەم ژمارەیەدا بەرێز (**حسێن سنجاری**) کە ئەوکاتە قوتابی پۆلی سێیەمی (**كليـة الاداب**)- بەشی ئینگلیزی و ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ژمارە دووشدا بەرێز (**بەکر حسین**) ئەندامی لیژنەی راپەڕاندن لـە یـەکێتی قوتابیـانی کوردسـتان و قوتـابی پـۆلی چوارەمی (**كلية الهندسة التكنولوجية**) بوو.

هەروەها بەرێز (**چیا عـەباس**) قوتابی پۆلی چـوارەمی (**کۆلیژی پزیشك**)بوو بەشـداریيان لـە سـێ ژمارەیـدا کرد، لێرەدا لەوانەیە پرسیارێك بێتە پێشەوە لەبەرچی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لەجیاتی (**نضال الطلبة**)ی بە زوبانی عەرەبی(**خـەباتی قوتابیانی**) بە زووبانی کوردی بـڵاو نـەدەکردەوە، بـۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم ئەم مەسەلەیە لە مەکتەبی سکرتاریەت بە درێژی باسی لێوە کراو، لـە کۆتاییـدا هەر هەمووەمان هاتینە سەر ئەم رایـە کـە پێویسـتە گۆڤارەکەی (نضال الطلبـة) کە لە بەغدا دەردەچێت، بە زوبانی عەرەبی بێت، چونکە:

**یەکەم:** گۆڤارەکە لەلایـەن مەکتـەبی سـکرتاریەتەوە دەردەچێ و بڵاو دەکرێتەوەو گۆڤـارێکی ناوەنـدە لـە بەغدا کە تێکرای رێکخراوەکانی قوتابیـانی وڵاتـانی عەرەبی و زۆربەی قوتابیانی عەرەبی عێراق بە زوبانی عەرەبی تێدەگەن و یەکیەتی قوتابیانی کوردسـتانیش پێویستی بە ئۆرگانێکە بە زوبانی عـەرەبی تـاکو راو بۆچوون و هەڵوێسـت و هەواڵـەکانی خـۆی بـۆ ئـەم ناوەندە زۆرینەو کاریگەرە بڵاوبکاتەوە.

**دووەم:** لەهـەمان کتیشـدا بڕیـاردرا کـە لقـەکانی (**سلێمانی، کەرکووك، دهۆك، هەولێر**) چ گۆڤارێك بە کوردی و بە ناوی خەباتی قوتابیـان یـاخود بـە هـەر ناوێکی دیکەی کـوردی دەربچـوێنن بـۆ ئـەوەی ئـەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە، ئەوەبوو ئەم بڕیارەش ئەنجام دراو لقەکانی یەکێتی قوتابیان چالاکانە ملیان نایە بەر.

بە وازهێنان و خۆکشـاندنەوەم لـە ریـزی یـەکێتی قوتابیانی کوردستان لە کۆنگرەی حەفتەمی یەکێتی، کە لە ١٩٧٢/٣/٢٩ تاکو١٩٧٢/٤/٢ لـە سـلێمانی بەرێوەچوو، کۆتاییم بەم قۆناغەی کاری رۆژنامەگەریم هێنا کەتێدا چەند سەرنجێکم دەربارەی هەیە کە خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەبینی.

**یەکەم:** ئەم کارە رۆژنامەنووسیيە کە زیاتر لە چالاکی رۆشنبیری سەرچاوەی وەرگرتبوو نەك وەکـو کـارێکی رۆژنامەگـەری کەتێـدا هونـەری رۆژنامـەنووس کـەمتر بایـەخی پێدراوە.




**دووەم:** کارەکـان زیاتر خۆرسك بـوون بە مانایەکی دیکـە مامۆسـتـای فێرکردنـی تێـدا

نەبوو بەشێوەیەك كە لە ئاستی رێنمایی كردندابێت.

**سێیەم:** وەكو رۆژانی ئەمڕۆ كە لە بەرچاوە هیچ جۆرە مونافەسەیەك لەم بوارەدا هەستی پێ نەدەكرا چ لە ناو خۆدا چ لە دەرەوەی ئەنجامدانی بەڵكو هەموو لایەك بەو ئاقارە كاریان دەكرد كە تاچەند دەتوانی خزمەتێك یاخود شتێكی بەرچاو پێشكەش بكەن، بەڵام دیسان وەكو یەكەمین ئەزموون لە قۆناغەكانی ژیانی رۆژنامەگەریمدا كاریگەریەكی تەواوی هەبوو دەرسێكی گەورەش فێركردم كە بریتییە لە (**هەوڵدانی بەردەوام**)بەرەو فێربوون و ئیعتیماد لەسەر خۆكردن بۆ ئەو كارانەی كە پێویستە ئەنجامی بدەی كە تێدا بەرادەیەكی زۆر سوودبەخش بوون لە قۆناغی دووەمی ئەم ئەزموونەمدا.

**قۆناغی دووەم (١٩٧٢-١١/٣/١٩٧٤)**

پاش خۆكێشانەوەم لە ریزی یەكێتی قوتابیانی كوردستان وەكو لەپێشەوە باسم لێوەكردووە دوو سێ٣ مانگ وەكو فەرمانبەرێكی كاتی لە (**سكرتاریەتی كاروباری سەرو**)و (**سەر بە وەزارەتی كاروباری سەرو**) پاشانیش بەبڕیاری (**مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان**) گوێزرامەوە بۆ (**دار التآخي**) كە


التآخي
العدد / الادارة /
التاريخ /
أمر اداري
دارا توفيق
رئيس التحرير
نسخة منه الى

هەردوو رۆژنامەی(التآخي و برایەتی) تێدا دەردەچوو بە ناوونیشانی بەڕێوەبەری كارگێڕی لەسەرەتا بە ٧٠ دیناری مانگانەی ئەوكاتە.

لە سەرەتادا و ئەو ئێوارەی كە تێدا دەست بەكاربووم لە ژوورەكەی سەرنووسەر كە خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق بوو بە ئامادەبوونی بەڕێز سامی عبدولرەحمان كە ئەو خاوەنی بیرۆكەی كاركردنم بوو لە التآخي كاكە دارا پاش بەخێرهێنان رووی تێكردم و گووتی: (كاكە گیان من لەساڵی ١٩٦٣وە تۆم ناسیوە كە ئەوسا قوتابی ناوەندی پاشانیش چەندجارێك لە ساڵانی٩٦٧-٩٧٠ لە بەغداو لە كوردستان یەكمان دیوە پاش رێكەوتننامەی ١١ی ئازار بەبەردەوامی یەكتر دەبینین و ماوەیەكیشە لە رێگای لاپەڕەی یەكێتی قوتابیانی كوردستانەوە شارەزایی زیاترت بووم، بەڵام ئێستا جۆری كار و پەیوەندیمان دەگۆڕێ راستە تۆ بەناوونیشانی بەڕێوەبەری كارگێڕی كار دەكەی، بەڵام لە راستیدا وەكو كاك سامی پێی گوتووم هەمووی ئیعتیمادێكم لەسەر تۆیە، چونكە تۆ لە سێ لایەنەوە بەر پرسیاری **یەكەم:** كارگێڕی كە (**ئیدارەو مالیە**) دەگرێتەوە **دووەم:** ئەمنیەتی دەزگاكەو پاراستنی لە هەموو روویێكەوە پاشانیش دابەش كردنی بەریدی رۆژانە بۆ بەشەكان و نووسەرەكانی لاپەڕەكان، بەڵام ئەوەی تەئكیدی لەسەر دەكەمەوە(**بەریدی شەخسی منە**) كە پێویستە ئەو بابەتانەی كە پەیوەندی بە منەوە هەیە و پێویستە بیانبینم دەبێ لەپێشەوە تۆ خوێندبێتەوەو خەتی سوریشم بۆ بەژێریا بكێشی پێویستی بە سەرنجدانی زیاتر هەیە سەرەڕای پێشوازی كردنی رۆژنامەنووسانی عەرەبی و بیانی پێش ئەوەی من بیانبینم لەگەل رێكخستنی ئەو رۆژنامانە كە لە دەرەوە بۆم دێت كە پێویست ناكات من هەموویان ببینم تۆ بۆ منی هەلبژاردە دەكەی، ئینجا كاك سامی عەبدولرەحمان-

یش راستەوخۆ بە منی راگەیاند**(خۆت دەزانی کاک دارا بە دائمی لە بەغدا نییە، سەفەری کوردستان دەکات، سەفەری ئەوروپا دەکات ئەگەر من لە بەغدا بووم ئێواران دێمە ئێرە، ئەگەر لەبەغداش نەبووم لەگەڵ کاک محەمەدی مەلا کەریم و کاک فەلەکەدین تەعاون بکەن و ئەگەر هەرشتێکی سلبی روویدا ئەوە تۆ مەسئوولی، چونکە ئێمە حیسابی فلترت بۆ دەکەین)**، وتەکانی سەرەوەی خوالێخۆشبوو کاکە دارا و بەڕێز کاک سامی یەکەم دەرس گرنگیدانبوو لە بواری رۆژنامەنووسیدا بەتایبەتیش کاتی رۆژانە کە خوالێخۆشبوو کاکە دارا مامەڵەی لەگەڵ دەکردم ئەوەم بۆ بەدیارکەوت **کە ئەم زاتە بەڕاستی مرۆڤێکە کە هەمووکەس دەتوانێ کاری لەگەڵ بکات زۆر بەلێهاتوویی سەرکردایەتی دەزگایەکەی دەکرد دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاش دووبەرەکییەکەی ساڵی ١٩٦٤وە کەسایەتییەکی بواری راگەیاندنی بەخۆیەوە نەدیوە وەکو دارا تۆفیق کە تێدا سەرەڕای بواری رۆشنبیری هەڵکەوتوانەو وەکو دبلۆماتکارێکی شارەزا مامەڵەی لەگەڵ دونیای راگەیاندن و کارمەنداندان و رۆژنامەنووسان کردبێت** زۆرجاریش شانازی بەو قسەیەی بارزانی نەمر دەکرد کە کاتێ کاکە دارا پاڵێوراوی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو پاش رێکەوتننامەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵی پێ نەدراو وەکو خۆی دەیگوت بارزانی نەمر پێی گوتبوو:**(دارا وادەکەم کارێکی باشتر وەربگریت)**، **(کارە باشەکەش)** ئەو پۆستەی سەرنووسەری رۆژنامەی **(التآخي)** و برایەتی بوو کە لە سەردەمی ئەودابوو التآخي بوو ئەو قوتابخانە رۆژنامەگەرییەی کە نەك لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردستان بەڵکو لە مێژووی رۆژنامەگەری عێراقیشدا یەکێکە لەو چەند ئەستێرە پرشنگدارە دەگمەنەی کە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە، سەرەڕای ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورەیشی لە مێژووی رۆژنامەگەری کوریدا دروست کرد کە ئەویش لەسەردەمی سەرنووسەرایەتی لێپرسراویەتی ئەودابوو کە بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی دەربچێت کە ئەویش **(برایەتی)**بوو.

کاری رۆژانەم لە دەزگای التآخي بەم شێوەیە بەرێوەیەدەچوو.

بەیانیان سەعات ٩ دەوامی ئێمە دەستی پێ دەکرد، خوالێخۆشبوو مام یوسفی خزمەتگوزاری بەشەکەی سەرنووسەرو من، لەگەڵ مندا پێکەوە پێش هەمووڵایەك دەوامان دەکرد، ئەوجا بەرەبەرە کارمەندان و نووسەران و رۆژنامەنووسان دەگەیشتنە بارەگا، کە لەگەڵ سەعات(١٠)دا کەس نەدەما دواکەوتبێ تەنها **(پەیامنێران و هەواڵهێنەران)** نەبێت کە ئەوان یەکسەر پێش ئەوەی دەوامی دەزگا بکەن بە دوای هەواڵ و دەنگوباس کارەکانی خۆیان دەگەڕان، ئەوجا دەهاتنەوە بارەگای دەزگا هەر لەگەڵ یەکەم ساتی دەوامدا مام یوسف دانەیەکی رۆژنامەکەی لەبەردەم دادەنام منیش لە پێشەوە تەماشایەکی خێرای لاپەڕە(١) و پاشانیش سەیرێکی لاپەڕەکانی دیکەم دەکرد ئەوجا جارێکی دیکە بەوردی تەماشای مانشێت و هەواڵەکان و بابەتەکانی لاپەڕەکانم دەکرد بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەك یاخود لە رووی هونەرییەوە ئەگەر کەموکورییەك هەبوایە ئەوا یەکسەر بە تەلەفۆن پەیوەندیم لەگەڵ **(خوالێخۆشبوو فاروق سەعید)** دەکردکە دەوامی لەچاپخانەی **(التايمس)**بوو و کاتێ کە دەیزانی منم دەیگوت **(انشاءالله ماکوش استاذ)**منیش ئەگەر شتێك هەبوایە پێم دەگوت و ئەویش لەوەڵامدا دەیگوت **(بسیطە استاذ باچر تدبر)**.

ئەرکی دووەمم کردنەوەی بەرید و چاوپێخشانی بابەتەکان و دابەش کردنی بوو بەسەر لێپرسراوی

لاپەڕەکان و بەشەکاندا و هەندێ بابەتیشم لای خۆم گلدەدایەوە بۆ سەرنجی زیاتر و زۆرجاریش لەلای خۆمەوە لەسەر پارچە کاغەزێك سەرنج و تێبینییەکانی خۆم لەسەر هەندێ بابەت دەنووسی و بۆ سەرنووسەرم دەنارد کە زۆرجار تێبینییەکانی بە هەند هەڵدەگرتم و شتێکی لەسەر دەنووسی و بۆی دەگەڕاندمەوە جارێکیان لەسەر (**شکوایەکی**) هاووڵاتیان کە خواڵێخۆشبوو رۆژنامەنووس (**بشیر**) کە ناوی باوکیم لەبیر نەماوە لێپرسراوی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانە بۆ تێبینیەکم لەسری نووسیبوو بەو مانایە (**يرجى تخفيف اللهجة لأن لهجة الشكوى قاسية ولا تخدمنا**) کاتێك بێ ئەوەی بزانم مەسەلە چییە کاك دارا بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی زەردەخەنەیەکی لە روودا دیاربوو لەهەمان کاتیشدا مامۆستا بەشیریش لەلای چەپەوە دانیشتبوو و کاغەزێکی بەدەستی راستی و جگەرەیەکیش بەدەستی چەپەوە بوو کاتێ سڵاوم کرد کاك دارا بە عەرەبی گوتی: (**کاکە فرهاد استاذ بشير زعلان من عندك على هذه الملاحظة، تفضل استاذ بشير نور فرهاد بملاحظتك**) هێشتا کاك دارا بەتەواوی قسەکەی تەواو نەکردبوو مامۆستا بەشیر بە گرژی و بە تووڕەییەوە گوتی: (**استاذ دارا کاکه فرهاد طالب من عندي تخفيف اللهجه مال الشكوى قابل أنا چايچي حتى أخفف الچاي،هذا شُغلي مو شوغلَه**)، کاك دارا **دەیزانی من لە روانگەی بەرژەوەندییەوە ئەم تێبینییەم لەسەر شکوایەکە نووسیوە، دەشیزانی مامۆستا بەشیریش لەسەر حەقە**، چونکە تەمەنی خۆی لە حەفتا ساڵ دەدا و ماوەی نیو سەدەش بوو کاری لەبواری رۆژنامەنووسی دەکرد بۆیە بۆ رواندنەوەی تووڕەیی مامۆستا بەشیر رووی لە هەردووکمان کردوو گوتی: (**استاذ بشير انت استاذنا رأيك صائب من الناحية الصحفية، بس فرهاد ينظر الى المسألة من الزاوية السياسية ولكن أنا من رأيك انشرها كما تريد**) لێرەدا کاکە دارا زۆر سەرکەوتووانە توانی جۆرە (**توفیقیك**) لەنێوان مامۆستا بەشیر و مندا بکات لەراستیشدا باش بۆی چووبوو ئەوەبوو پاش نیو سەعاتێك مامۆستا بەشیر هاتە ژوورەکەی من و یەکسەر گوتی: (**کاکە فرهاد کلام استاذ دارا صحيح ملاحظتك من الناحية السياسية صحيحة واني ما أتسبب في خلق مشاكل بينكم وبين السلطة و قررت تخفيف لهجة الشكوى**).

رۆژنامەنووس و نووسەرو کارمەندانی دەزگای دار التآخي لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی کە من کارم تێدا دەکرد بریتی بوون لە برای بەڕێز مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کە دەتوانم بڵێم رۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەبوو و کاکە دارا تۆفیقیش متمانەی تەواوی پێ بوو رێزی تایبەتیشی دەگرت و ئەوەی من ئاگاداریشم زۆربەی لە سەر وتارەکانی التآخي (**المقال الافتتاحي**) کە لەلایەن کاك داراوە کە دەنووسراو یاخود هێڵە سەرەکییەکانی دەنووسی کاك محەمەدی مەلا کەریم لە سەرەتاوە دایدەرِشتەوەو بڵاودەکرایەوە و هەندێکیشیان راستەوخۆ بەراسپاردە و بیرۆکەی کاك دارا لەلایەن کاکە محەمەدەوە دەنووسرا و د.عیزەدین مستەفا رەسوڵیش بەبێ موقابل یارمەتی تەواوو بەشداری بەرچاوی لە رۆژنامەکە دەکرد، کاك فەلەکەدین کاکەییش سەرەڕای سەرقاڵ بوونی لە ریکخستنەکانی ناو ریزی پارتی (**خەتی کرێکاران**) وەکو نووسەر و رۆژنامەنووسێکی دیار لە (**التآخي**) کاری دەکرد هەندێ لەو رۆژنامەنووسە گەورانەی کە پێشووتر لە التآخي کاریان دەکرد لەوێ نەمابوون، بەڵام دیسان یادگار و جێ پەنجەیان دیاربوو لەوانە خواڵێخۆشبوو صالح حەیدەری، شمران الیاسری (**ابو گاطع**) فائف بطی و جورج یوسف و وائل سعید و محمود البیاتي کە لەسەرەتای دەست بەکاربوونی کاکە دارا وەکو

سەرنووسەر هەندێ لەم ڕۆژنامەنووسانەی هێنابووە ڕۆژنامە.

بەڵام هەندێکیشیان کە من چووم هەر لەوێ بوون بە بەردەوامیش مانەوە تاکو ڕۆژی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٤ وەکو خوالێخۆشبوو عبدالغني الملاح، ضياء المرعب، جعفر ياسين، رشدي العامل، عبدالمنعم الاعسم، يوسف الصائغ، حليم الأعرجي، حسب الله يحيى ابتسام عبدالله و اسماعيل خليل و باقر الناصري و ابراهيم علي محمود سعيد القدس و سعدي المالح و شكرية العقيدي و عادل الهاشمي عدنان محمد المندلاوي يحيى حميد رضا، حسين البدري، نجدت فتحي صفوت و محمود الدستوري و خالد بيتر و رجاء الزنبوري، فاضل العاني و محمد خلف **(فاروق سعيد)** کە لە ڕاستیدا **(سكرتير التحرير ليلاً)** بوو، چونکە بابەتەکانی لاپەڕە(١) بەبێ سەروتار هەمووی لە هەڵبژاردەی ڕێکخستنی ئەوبوو کە تا درەنگی شەوانێک خۆی لەگەڵ ئامێری **(تیکەرس)** کە دەنگوباس لە ٥٠ ئاژانسی ڕۆژنامەنووس و سەرچاوەی جیاجیا وەردەگرت و لە بەرامبەریشدا یەك شووشەی عەرەقیشی دادەنا لەگەڵ تەواوبوونی لاپەڕە یەك شووشەی عەرەقەکشی تەواو دەکرد.

نووسەرو ڕۆژنامەنووسە کوردەکانیش کە لە التآخي کاریان دەکرد هەردوو برا **(حەسەن دەروێش و حسێن حەیدەر)** بوون، هەروەها خوالێخۆشبوان ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاك تاکو یەکەمیان بەغدای جێهێشت و دووەمیان کۆچی دوایی کرد کاریان دەکرد سەرەڕای ڕۆژنامەنووس کامەران قەرەداخی و یۆنان هرمزو ئەحمەد جەزراوی و پۆلس البازی و عبدالوهاب بریفکانی و جاسم الیاس و خوالێخۆشبوو حمید سوری، سەلاح عیرفان بوون.

دەوامی ڕۆژانەی من، وەکو لەپێشەوە باسم لێوە کردووە، لە سەعات (٩)ی بەیانییەوە تاکو سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ لە سەعات(٥)ی ئێوارەشەوە تاکو شەو درەنگانێك کە قەت پێش سەعات (١١) کارەکان تەواو نەدەبوون، کاتێکیش ماکێتی لاپەڕەکان تەواو دەبوون یەکسەر دەچوومە چاپخانەی **(التايمس)** لە شارع الرشيد و ماکێتەکانم تەسلیم بە خوالێخۆشبوو **(فاروق سعيد)** دەکرد و مامۆستا **(احمد شبيب)**یش کە ئەو دەمەو تاکو ئێستا هەر بەڕێوەبەری چاپخانەیە خواحافیزیان لێکدەکرد.

دەربارەی ڕۆژنامەی برایەتیش کە پێشووتر بە چەند قۆناغ و خولێکدا تێپەڕیبوو **(بە درێژی باس لەو بابەتە کراوە لە یەکێ لە ژمارەکانی برایەتیدا بڵاوکراوەتەوە)** ئەوکاتەی کە من دەست بەکاربووم خوالێخۆشبووان ڕەمزی قەزاز وەکو لێپرسراوی یەکەم و کاك ڕەفیق چالاکیش وەکو لێپرسراوی دووەم پاشانیش بە گەڕانەوەی مامۆستا ڕەمزی قەزاز بۆ سلێمانی خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاك بوو بە لێپرسراوی یەکەم لەو کات و ساتەدا ڕۆژێك کاکە دارا پێی ڕاگەیاندم کە لەمەولا دەبێت چاودێری بابەتە سیاسیەکانی ڕۆژنامەکە بم و هاوکاری کاك ڕەفیق چالاك بکەم کە لە ڕاستیدا بۆ سەرەتای پەیوەندییەکی دۆستانەی ئەو و من کە کاتێ لە نەخۆشخانەی **(مدينة الطب)**بوو ڕۆژانە سەردانیم دەکرد بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی نەخۆشی دڵەوە هەمیشە ئەوەی دەگوتەوە**(بریا ١٠ ساڵ پێشووتر بمناسیبای)**، لە ڕاستیشدا مرۆڤێکی هەڵکەوتەی زاناو وریابوو زۆر جاریش شەوانە پاش تەواوبوونی کاری ڕۆژنامە بۆ ماوەی سەعاتێك ڕوومان لە ماڵەکەی دەکرد لەگەڕەکی **(كراده داخل)**ی نزیك لە شەقامی **(ئەبو نەواس)** بوو.

ئەوکاتەی من چوومە ڕۆژنامە بارەگاکەی لە شەقامێکی لاوەکی گەڕەکی بەتاوین بوو پاش **(ساحة النصر)** لەڕاستیدا شوێنێکی نالەباربوو بۆ

رۆژنامەیەکی وەکو التآخي و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ من و خوالێخۆشبوو (**عبدالرحمن وەفی**)کە ئەمینی سندوق و محاسب بوو قەناعەتمان بە کاک دارا هێنا کە شوێنەکەمان بگوێزینەوە جێگایەکی دیکە پاش راسپاردن و گەڕان (**عمارة اطلس**) یان کە بەتەنیشت سینەمای ئەتڵەسەوە بوو بۆ دۆزیینەوە بە هەردوو نهۆمیەوەو لەبەر ئەوەی شوێنەکە زۆر شارستانیانە بوو (**شوقەیەکی**) بۆ ئیشوکاری مەکتەبی سیاسی تەرخان کرا، بارەگاکە لەراستیدا سەرەڕای ئەوەی بارەگای (**دار التآخي**) بوو، لە هەمان کاتیشدا وەکو بارەگایەکی گشتی لێهاتووبوو تەنانەت ئەوەی ئیشووکاری دیکەش هەبوایە رووی لەم شوێنە دەکرد.

چەندین جار (**التآخي**) لەگەڵ رۆژنامەکانی (**الجمهورية**)و (**الثورة**)، کە هەردووکیان زمانحاڵی حکومەت و حزبی بەعس بوون، تووشی( **شەڕی راگەیاندنی رۆژنامەنووسی**) دەبوو کە تێدا تێکڕای نووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی دەکەوتنە (**حاڵەتی ئینزار**)، راستە کاکە دارا وەکو سەرنووسەری رۆژنامەکە لەگەڵ هەندێ لە ستافی رۆژنامە وەکو ئەڵقەیەکی بچووک دەکەوتنە کار و بیرۆکە سەرەکییەکەش لەلای ئەوەوە گەڵاڵە دەبوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کاک فەلك الدین و

د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ و کاک محەمەدی مەلا کەریم و رۆژنامەنووسی عەرەب کە بیروباوەڕی چەپی هەبوو (**ضياء المرعب**) ئەو ئەڵقە بچووکەیان یەك یەك و دوو دوو پێکدەهێنا بۆ رەتدانەوەی راگەیاندنی بەرامبەر کە هی بەعس بوو، زۆرجاریش کاک سامی عبدالرحمن سەرکردایەتی ئەو گرووپەی دەکرد و زۆر جاریش بەتەنیا پاش دەوامی وەزارەت دەهاتە رۆژنامەو دەرگای لەسەر خۆی پێوە دەداو خەریکی نووسین و رەتدانەوەی بەرامبەر بوو، زۆرجاریش لە سەرەوە لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بەتایبەتی لە شەخسی کاك حبيب محەمەد کەریم، نووسین و وتار داهات.

لەو میانەدا ئەوەی زۆر بەلامەوە قورس بوو شەڕە رۆژنامەنووسییەکەی نێوان (**التآخي**) و (**طريق الشعب**)بوو کە لە ئاکامی رەنگدانەوەی هەڵوێست و بۆچوونی هەردوو حزبی هاوپەیمانی پێشوو (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (**حیزبی شیوعی عێراقی**) بوو کە ئەمیشیان لە ئاکامی ئەو هاوپەیمانێتیە تازەیەی نێوان (**حزبی شیوعی عێراق و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی**) بوو پاش ئەوەی عێراق پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مۆرکرد، لێرەدا ناچمە ناو ناخی مەسەلەکەو برینی کۆنی نێوان دوو حزبی تێکۆشەر بکولێنمەوە، بەڵام لە نزیکەوە، چونکە لەناو مەسەلەکەدا بووم ئەم چەند رووداوە لەو میانەدا کە روویداوەو وەکو خۆی دەیگێڕمەوە:

**یەکەم:** رۆژنامەنووسە چەپەکانی کارمەندی (**التآخي**)، چ کورد چ عەرەب، بوون بەم شەڕە راگەیاندنەی نێوان دوو لایەنی نیشتمانپەروەر زۆر نیگەران، دەرکیشیان بەوە دەکرد کە چی و کێ لە پشت مەسەلەکەدایە، کاتێك، چ وەك بەڕێوەبەر و چ وەکو لێپرسراوی پارتی، لە دەزگا نارازینامەی رۆژنامەنووس و کارمەندانی (**التآخي**)م بردە لایان بۆ ئیمزاکردنی وەکو نارەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵوێستی حزبی شیوعی دەربارەی ئەو کێشەی کە ئەو گۆبەندەی نابووەوە، بەڵام (**هاورێیان**) رازی نەبوون ئیمزای لەسەر ئەو نارازیبوونە بکەن و ئیشوکارەکانیش وەکو خۆی بەڕێوە دەچوون و پەیوەندییە توندوتۆڵەکانیش وەکو خۆی مایەوە کەسێکیش لەگوڵ کاڵتری پێ نەگوتن.

**دووەم:** سەرکردایەتی پارتی لە دروست بوونی ئەم کێشەیە زۆر نیگەران بوون، بەڵام دیسان نەدەبوو بەرامبەر ئەو هێرشە راگەیاندنەی حزبی شیوعی بێ دەنگ بن و لەو سەروبەندەدا سەرنووسەری (**التآخي**)

لە بەغدا نەبوو بە زیارەتێکی دۆستانە لەگەڵ شەهید **(صالح یوسفی)** سەردانی **(سۆڤیەت)**یان دەکرد ئەو ڕۆژەی کە گەڕانەوە من چووم بۆ**(فرۆکەخانەی بەغدا)** بۆ پێشوازی کردنیان ڕێکەوتی بوو بەهاتنە خوارەوەیان ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژەی **(التآخي)**م پێدان کە مانشێتی سەرەکی ئەوەبوو (البارزاني يدعو الى تجنب الاحتكاك والاصطدام مع الشيوعيين کاتێك خوالێخۆشبووان صالح یوسفی و دارا تۆفیق ڕۆژنامەکەیان دیت صالح یوسفی گوتی **(بەداخەوە درەنگ بوو)** منیش یەکسەر گوتم **(خێرە بۆ درەنگە)** لێرەدا کاك دارا گوتی لە ڕێگا لەناو ئۆتۆمبێلەکە قسەت بۆ دەکەم ئاخاوتنەکەی کاك دارا دەربارەی **(بەداخەوە درەنگ بوو)**گوتی:

**(ئێمە کاتێ گەیشتینە مۆسکۆ پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردین وەکو دوولایەن: حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت و پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە سۆڤیەتەکان ئامادەبوون پرۆتۆکۆڵی دۆستانەو**



**هاوکاریمان لەگەڵ مۆربکەن و لەسەر ئاستێکی بەرز ئەم مەسەلەیە لەلایەن سۆڤیەتەوە کە بوریس یونو ماریوف ئەندامی پالێوراوی مەکتەبی سیاسی و روستلان اولیانوفسکی ئەندامی کۆمیتەی حزبی شیوعی سۆڤیاتی سەرۆکایەتی وەفدی سۆڤیەتیان دەکرد، بەڵام کاتێ هەواڵەکانی کوردستان گەیشتنە ئەوەی رووسەکان ساردبوونەوەو بە ئاشکرا پێیان گوتین ئێمە ناتوانین لەم بارودۆخە ئەم جۆرە ڕێکەوتنە ئیمزا بکەین‌ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەوڵماندا کە مەسەلەکە ساردبکەینەوە، بەڵام بەداخەوە بێ هودە بوو واپێدەچیوو نەخشەکە لە بنەڕەتدا بۆ لاوازکردنی ئێمە دارێژرابێ).**

**سێیەم:** ئەو چەند ڕۆژەی کە کێشەی نێوان ئێمەو حزبی شیوعی گەرم بوو ڕۆژانە بەدەیان وەفدی هەمە جۆر روویان لە بارەگای دەزگای **(التآخي)** دەکرد بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵویستی وەکو ئەوان دەیان گوت **(الجناح اليميني في القيادة الكوردية)** دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان کە لەنێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو بەیانیان زۆر بەزەحمەت دەمانتوانی **(کاك فلك الدين و بەندە)** روو بەرووی ئەو هەموو خەڵکە ڕاوەستین و هەڵویستی دروستی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بۆ روون بکەینەوە، بۆیە زۆرجار ناچاردەبووم تەلەفۆنی **(خاتو زکیە اسماعيل حقی)** بکەم وەکو ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە زۆر بوێرانەو بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە لە ژوورەکەی من پەیتا پەیتا پێشوازی لەو خەڵکە دەکردو قسەی بۆ دەکردن، لە هەمووی سەیرتر ڕۆژێکیان لەناو یەکێ لەو وەفدانەی کە دەهاتنە لامان بۆ نارەزایی دەربڕین قوتابیەکی قۆناغی خۆمم دیت لە کۆلیژی ئابووری و زانستە سیاسیەکان کە خۆی لەڕاستیدا سەر بە حزبی بەعس بوو بۆیە کاتێك کە چاوی بە من کەوت زۆر پەشۆکا، بەڵام من هەر زوو پێم گوت**(لا ديريال احنا نعرف اصل اللعبه شنو)** بۆیە ئاشکرابوو لەلای ئێمە کە بەعس دەستی لەم یارییە گڵاوە هەیە، لەبەرژەوەندی هیچ لایەکیشمان **(پارتی و شیوعی)** بە کۆتا نەهات.

**برایەتی ڕۆژانە**

ئاشکرایە یەکەم ژمارەی برایەتی لەخولی یەکەمیدا ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٦ کەوتە بەردەستی خوێندەوارانەوە،

دوا ژمارەش هەر لەم قۆناغەدا کە ژمارە ٤٢٧ی لەسەرە رۆژی ١٩٦٨/١١/٩ بوو کە بە وەرگەڕانێکی بابەتی دادەندرێ لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا چونکە لە بنەڕەتدا دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی چەکداریدا مەسەلەیەکە شیکردنەوەو بابەتێکی زۆر هەڵدەگرێ کە لێرەدا ئەسڵی مەبەست نییە بەڵکو وەبیرهێنانەوەیەکی ئەو لایەنەیە کە رۆژنامەگەری کوردی ئەو شەرەفەی پێ براوە کە شان بەشانی تفەنگ بەشداری لەو راپەڕینە مێژووییە بکات کە بە شۆڕشی ئەیلوول دەناسرێ بە مەبەستی وەدیهێنانی داخوازی و مافەکانی ئەو گەلەی کە بەڕادەیەك زۆرداری لێکراوە تەنانەت نەیتوانیوە یەکەمین رۆژنامەی لەم هەموو وڵاتە پانو بەرینەی خۆی دەربچوێنی، بۆیە هەمووکاتێك پرۆژەی رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی شان بەشانی (**التآخي**) کە لەبەغدا دەربچێت زادەی بیری ئەو رۆژنامەنووسە بە تواناو لێهاتووە بوو کە شەرەفی ئەوەی پێ بەخشرا کە رۆڵی سەرکردایەتی دەستەی نووسەرانی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا ببینێ و ببێتە سەرنووسەر و خەمخۆری ئەو پرۆژە نەتەوەییەی بیت کە تاکو رۆژنامەگەری کوردی بمێنێ (**دارا توفیق**) شەهید وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی شارستانیەتی وشەی کوردیدا دەدرەوشێتەوە .

سەرەتای زستانێکی ساردبوو یان چاکتر وایە بڵێم ئەم رۆژە رێکەوتی ٢٢ مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ بوو ساتەکەش پاش نیوەڕیەکی درەنگی ئەم رۆژە بوو کاتێ کاکە دارا وەکو عادەتی هەمیشەیی ئەگەر شتێکی گرنگی لەمێشك با ئەوا بە زەردەخەنەیەك و زۆریش شەفافانە رووی لە بەرامبەر دەکرد و پێش ئەوەی بچێتە ژوورەکەی خۆی دەیگوت فەرموو با بچینە ژوورەکەی من.

بۆ زانینی خوێندەوارانی خۆشەویست با لە خانەکەی (**التآخي و برایەتی**) لە شەقامی (**السعدون**) بریتی بوو لە دوو نهۆم (**طابقين**) کە هەر نهۆمەی بریتی بوو لە (١٠)شوقە هەندێ لەو شوقانە (٣)ژوور و هەندێکیشیان (٢) ژوور بوون تەنیا ئەو شوقەی کە کاکە دارا و من نەبێت بریتی بوو لە (٤) ژوور، ژووری پێشەوە کە لە دەستە چەپ بوو بریتی بوو لە مەکتەبی من کە پانتاییەکی (٢٠م٢)بوو مەکتەبی کاکە داراش (**سەرنووسەر**) لە دەستەڕاستی ژوورەکەی من بوو ژووری سێیەمیش بریتی بوو لە ژووری پێشوازی تایبەتی و کۆبوونەوەی سەرنووسەر لەگەڵ خێزانی هەردوو رۆژنامە، ژووری چوارەمیش کە ئامێرێکی (**استنساخ**) و ئەوراقی نهێنی تێدابوو پاش کاکە دارا تەنیا من دەمتوانی بۆ کاری تایبەت وەکو فۆتۆکۆپی کردنی کۆنووس کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ لێپرسراوانی بەعس لە بەغدا یاخو فۆتۆکۆپی کردنی هەر نامەیەکی تایبەت کە لە سەرکردایەتی دەهات بۆ سەرۆك کۆمار یاخود جێگرەکەی کە (**صدام حسين**) بوو یاخود چاپ کردن و فۆتۆکۆپی کردنی کۆبوونەوەکان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق یاخود هەرکارێکی دیکە کە شێوازی نهێنی هەبوو هەموو جارێکیش کاك دارا ئەو قسەیەی بۆ من دووبارە دەکردەوە:

**(ئاگاداربە کاتێ کارەکان تەواو دەکەیت دەستنوسەکان یاخود ئەوراقی زیاد بەدەستی خۆت بسووتێنە، چونکە بەعس هەمیشە چاوەدێری شتی گەورەو بچووکی ئێمە دەکات).**

کاکە دارا لە پاش بەکۆتاهاتنی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کە لە ناوپردانی گرێدرابوو گەڕایەوە بەغداو یەکسەر هاتە ژوورەکەی من و داوای قاوەیەکی لە چایەچییەکەی بارەگا کرد کە ناوی کاکە (**سەلمان**) بۆ زۆر جاریش بە سەلمانی دەگوت: (**من زۆر**

**حەز لە قاوە ناکەم، بەڵام کاتێ قاوەی تۆ دەخۆمەوە حەزم دەچێتە قاوەیەکی تر).**

بە خواردنەوەی قاوەکەی هەستاو رووی کردە من و گوتی: (**بڕیار درا برایەتی بکرێتە رۆژانە، با برایانی برایەتی سەعات چوار بێنە لای من، دەبێت خۆتان ئامادە بکەن**).

زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ تەعبیر لەو خۆشحاڵییە بکات کە لە سیمای رۆژنامەنووس و کارمەندە کوردەکانی التآخي و برایەتی دەباری کاتێکیش کە کاك دارا ئەو مژدەیەی دایە برادەران قسەیەکی کاك(**سەربەست بارمەرنی**)م لەبیرە کە ئەوکاتە گوتی: (**ئێستا پێم وایە دەبینە حکومەت**) ئەو رۆژانەی نێوان ١٩٧٣/١٢/٢٢ تاکو ١٩٧٤/١/١ بە رۆژانی مێژوویی دەژمێردرێن:-

**یەکەمیان:** سەرقاڵی و خۆ ئامادەکردن بوو سەرکەوتنی ئەو کەرنەڤاڵە نەتەوەییەی کە هەموولایەکی مەشغوول کردبوو تەنانەت (**مام یوسفی**) خزمەتگوزاریش ناوە ناوە لەبەر خۆیەوە دەیگوت (**ئەز دبێژم حەفلەیە**) و هەر یەك لەلای خۆیەوە خەریکی ئامادەباشی بوو.

برایانی رۆژنامەنووس: سەربەست بامەرنی، خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم، صلاح شوان، عبدالوهاب تاڵەبانی، عبداللە عەباس، عبدالرحمن نەقشبەندی، چەند برایەکی رۆژنامەنووسی دیکە کە بەداخەوە لەم کاتەدا نایەنەوە یادم.

هەمیشە لەو دوو شوقەیەی کە لە نهۆمی یەکەمی تەلاری (**دارالتآخي**) بوو سەرقاڵی نووسین و سڕینەوەو چاکردنی بابەتەکان بوون، زۆر بە گەرمی و لەناخی دڵیانەوە لە هەوڵ وکۆششی بەردەوامدابوون بۆ ئەوەی بابەتی ژمارە(٠)و یەك دوو ژمارەی دیکەش ئامادەکەن لەسەروبەندی ئەم خۆئامادەکردنە رۆژێکیان کاکە دارا پێی راگەیاندم (**کاکە فەرهاد برادەران لەسەرەوە وایان لاباشە خۆشم پێشووتر ئەوەم پێ گووتووی کە لەمەولا زیاتر گرنگی بە دیتنی بابەتە سیاسییەکان بدەیت، راستەوخۆ تۆ لەم لایەنە بەرپرسیاری بەڵام نابێ کارمەندانی برایەتی واهەست بکەن کە (رەقابە)یان لەسەرە کاتەکە ناسکە، لەوانەیە بابەتێك کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست بکات، تکایە بەجیدی ئاگاداربە، کاك سەربەستیش کورێکی چاك و وریایە تەفەهومی بارودۆخەکە دەکات**).

لەم روانگەوە کاتێ سەرپەرشتی سەربابەتە سیاسییەکانم دەکرد بەهیچ شێوەیەك نەم دەهێشت برادەرانی دیکە هەست بەم مەسەلەیە بکەن زۆربەی ئەو گرفتانەی دەهاتنەپێش راستەوخۆ لەنێوانی سەرنووسەرو مندا چارەسەر دەکران و هەندێ جاریش ئەویش زۆر دەگمەن بوو لەگەڵ کاك سەربەست بامەرنی مەسەلەکان یەکلا دەکرایەوە.

شەوی دووشەممە لەسەر سی٣ شەممە رێکەوتی ١٩٧٤/١/١\٣١ کاتی لەسەرتاسەری ئەم جیهانە خەڵکی سەرقاڵی ئاهەنگ گێران بوون چ بۆ ماڵئاوایی کردن لەساڵی کۆن و چ بە پێشوازی کردن لە ساڵی تازەو تەنانەت شەقامی (**السعدون**)یش کە تەلاری رۆژنامەکەمانی لێ بوو سیمای ئاهەنگ گێرانی بەخۆیەوە دەبینی، بەڵام ژوورەکانی تەلاری (**التآخي و برایەتی**) رووداوێکی مێژوویی تێدا چاوەڕوان دەکرا کە ئەویش لە دایك بوونی یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی بوو، بابەتەکان دووسی٣ رۆژ پێشووتر ئامادەباشی بۆ کرابوو تەنیا نامە پیرۆزباییەکەی بارزانیی نەمر نەبێت کە کاك دارا لەگەڵ گەڕانەوەی لە کوردستان لەگەڵ خۆی هێنابووی کاتێکیش کە خاتوو زەینەبی تایپیست نامەکەی تایپ کردبوو کاك دارا رایسپاردم کە هەر خۆم (**هەڵەچنی بکەم و پێیدا بچمەوە**).

شەوی ١٩٧٤/١/١\٣١ بابەتەکان بەرەو چاپخانە (**الجاحظ**) بە رێکران کە خاوەنەکەی (**رسمی العامل**)ی

سیاسەتوان و رۆژنامەنووس بوو، چونکە چاپخانەی (تایمز) کە لە شەقامی (الرشید) بوو نەیدەتوانی(**برایەتی**)یش چاپ بکات. تیراژی رۆژنامەکە لەسەرەتادا (٣٠٠٠)دانەی لێ چاپ دەکرا و ئەوەی لەبیریشم مابێت لە ژمارە (١٥)تیراژەکەی بوو بە (٥٠٠٠)دانە کە بۆ ئەم سەردەمە یەکجار ژمارەیەکی زۆر بوو.

١٩٧٤/١/١ رۆژی جەژن و پشوو بوو بۆ هەموولایەك، بەلام بۆ ئێمەی خێزانی دەزگای (**التآخي و برایەتی**) دوو جەژن و بێ پشوو بوو ئەو رۆژە لە تەلاری رۆژنامەکە بەدەیان کەس دەهاتنە لامان کە لەوانە مامۆستایانی خوالێخۆشبوو(**عبدالمجید لطفي و مستەفا نەریمان**) بوون. کە بەوپەری گەرمی و دلخۆشییەوە پیرۆزباییان لێکردین. سەرەرای دەیان پەیوەندی تەلەفۆنی لە شارەکانی کوردستان و لەخوێنەرانی کوردی شاری بەغدا، زۆر جاریش کە برایەتی بەهۆی نەبوونی ئۆتۆمبێلی تایبەتی دەزگاو لە رێگای موتەعەهیدەوە دابەش دەکرا چ لە بەغدا و چ بۆ کوردستان گەیشتنەکەی بۆ کوردستان دوادەکەوت ئەوسا کە دەگەیشتە سەعات یەك و دووی نیوەرۆ و برایەتی نەگەیشتبا کوردستان ئەوا دەبوو وەلامی چەندین پرسیاری خاوەن کتێبخانەکان و لێپرسراوانی پارتی بدەینەوە کە هەمیشە لە هۆکاری دواکەوتنی برایەتی یان دەپرسی تەنانەت رۆژێکیان سەعات(١٢)ی نیوەرۆ کاك (**عبدالغني علي یحیی**)ی رۆژنامەنووس کە لەژێر ناوونیشانی (**اوراق کوردیة**)ی بۆ (**التآخي**) بە زوبانی عەرەبی دەنووسی بە تەلەفۆن و بە هەلەداوان لێی دەپرسیم (**راستە دەلێن برایەتی راگیراوە لەلایەن حکومەتەوە**)، منیش لە وەلامدا پێم گوت: **کاکە عبدالغني تکایە سەغلەت مەبە لەوانەیە بەهۆی رێگاوە دوابکەوێ، بەلام کەس ناتوانێ (برایەتی)داخات، چونکە داخستنی (برایەتی)مانای هەلگیرسانەوەی شەرە لە کوردستان)**.

ژمارە (٠)ی برایەتی بە(١٠) لاپەرە دەرچوو، بەلام لەسەرەتادا بریاری (٨)لاپەرە بۆ برایەتی رۆژنامە درابوو، بەلام لە ژمارە(٠)دا ئەم بریارە جێ بەجێ نەکرا، چونکە ژمارە(٠) وەکو ژمارەیەکی تەجریبی و کە (٠) بوو بە ١٠ لاپەرە دەرچوو.

ماوەی یەك هەفتە لەنێوان ژمارە(٠) و ژمارە (١)یکدا بۆ ئەمیشیان وەنەبێ لەرووی بێ بابەتی بووبێ بەلکو بابەتی چەند ژمارەیەك ئامادەکرابوو، بەلام لەبەر هەندێ هۆکاری هونەری و دیراسەت کردنی (ردود الفعل)ی خوێنەدەواران سەرەرای هەلسەنگاندنی لەلایەن چەند رۆشنبیرێکی گەورەی گەلەکەمان. ژمارە(١) لە رۆژی س٣ شەممە رێکەوتی ١٩٧٤/١/٨ بە (٨)لاپەرە دەرچوو ئەوکاتە نرخی (٢٠)فلسی لەسەربوو لەسەرەتاشەوە بریاری ئەوە درا کە لەحالەتی زۆر پێویست نەبێت ئیعلاناتی تێدا بلاونەکرێتەوە، بەلام ئەم بریارە جێ بەجێ نەکرا، چونکە بوونی ئیعلان لە هەر رۆژنامەیەك سەرەرای هێنانی داهات کە سەرچاوەی بنەرەتی بەردەوام بوونیەتی، بەلام لەلایەکی دیکەشەوە ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە ئەم رۆژنامەیە کە چەند بلاوە لەناو خەلکدا.

برایەتی رۆژانە دوو جۆرە پەیامنێری هەبوو هەندێکیان بەرەسمی ناسرابوون و هەندێکیشیان وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی ئەم کارەیان ئەنجام دەدا بەتایبەتی ئەو خوێنەدوار و پارتیانەی کە لەشارەکانی کوردستانەوە رۆژانە چ بە تەلەفۆن چ بە نامە پەیوەندییان پێوە دەکردین.

لە سلێمانی کاك مستەفا سالح کەریم لێپرسراوی نووسینگەی برایەتی سەرەرای التآخي بۆ چالاکانە و بەوپەری دلسۆزییەوە ئیشوکارەکانی ئەنجام دەدا، لەبیرمە لەکاتی گرێدانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی

مامۆستایانی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١-١٩٧٤/٢/٣ لە سلێمانی بەسترا بەندە وەکو نوێنەری برایەتی ئامادەی کۆنگرەکە بووم لە سینەمای دڵشاد و کاک مستەفام دەبینی بە چ دڵسۆزییەك بەشداری کۆنگرەو نووسینی هەواڵ و ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژی بۆ برایەتی ئامادە دەکرد و خوالێخۆشبوو عەزیز خانەقاش زۆر ژیرانە و دڵسۆزانە هاوکاری برایەتی دەکرد و پاشانیش کاك محمد موکریش بە هەمان دڵسۆزی هەڤاڵ و هاوڕێیانی بەشداری ئەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەی دەکرد کە هەردووکیان لە کەرکوکی کوردستانەوە بەوشەی کوردی پاراو برایەتییان دەوڵەمەند دەکرد، کاکە جەواد شێروانی و شەهید کاردۆ گەلالەیش لە هەولێرەوە بەتەنگ دەوڵەمەند بوون و بەردەوامی برایەتی بوون و نووسینگەکەیان بەڕێوە دەبرد. لە کاك عبدالرحیم و ڕۆژنامەنووسێکی دیکە نووسینگەی دهۆکیان لە ئەستۆدابوو، لێرەدا من ناتوانم باس لە ڕۆڵی جوامێرانەی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ستافی نووسینگەکانی برایەتی لە شارە گەورەکانی کوردستان بکەم کە هەر هەموویان وەکو پێشمەرگەیەکی گیان لەسەردەست لە خزمەتی برایەتی دابوون کە بەداخەوە بە ژمارە(٠)وە لە ٢٧ ژمارەی تێپەڕ نەکرد کە ئەمیشیان گێڕانەوەی چیرۆکی داخستنەکەیەتی:

لەسەرەتادا برایەتی کە دەرچوو هیچ پرسێك یاخود ڕاوێژی وەزارەتی ڕاگەیاندن نەکرا، چونکە لە کەش وهەوای ڕێکەوتنی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا سەرکردایەتی حکومەت و حزبی بەعس دانیان بەوەدانابوو کە لەلایەنی کوردی لە ڕێگای پارتی و ڕێکخراوەکان و دامودەزگا ڕۆشنبیرەکانی کوردی مافی دەرچواندن و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری بە زوبانی کوردی و عەرەبی هەیە بە مەرجێك کە پێتی لاتینی تێدا بەکار نەهێندرێت، لەم ڕوانگەیەوە برایەتی کاتێ کە بڕیاری دەرچوونی درا نەمەسەلەی مۆڵەت وەرگرتن یاخود پرسکردنێك لە ئارادا نەبوو، لە هەفتەی یەکەمدا هیچ گرفتێك نەهاتەوە پێشەوە، بەڵام هەر پاش هەفتەیەك **(ڕەسمی العامل)** پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە ژمارە (٩)وە لە (بوکسی)لای چەپی تایتڵی ڕۆژنامەکە وشەی **(پاشکۆی التآخي)** بنووسین، چونکە دوو ئێوارە پێشووتر ڕەسمی بەمنی گوت کە بەکاك دارا ڕابگەیەنم کەوا لێپرسراوێك لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئەوسای عێراق بە ڕەسمی گوتووە کەوا برایەتی ڕۆژانە مۆڵەتی ڕەسمی نییە، **(ڕەسمی)**یش وەکو خۆی بۆی گێڕامەوە بەم لێپرسراوەی ڕاگەیاندووە کە پاشکۆ مۆڵەتی ناوێ و لێپرسراوەکەش گوتوویەتی باشە بۆ وشەی **(پاشکۆ)**ی لەسەر نییە، ئەوەبوو لە ژمارە (٩)وە وشەی**(پاشکۆی التآخي)** نووسراوە، بەڵام دیسان بەعس هەر بەوە نەوەستاو هەر ڕۆژەو بیانوویەك و کێشەیەکیان بۆ دەنایەوە ڕۆژانەش لە چەند شوێنێکی ناوشاری بەغداو کەرکوك و مووسڵ دەزگای ئەمنیەتی بەعس هەڵدەستا بە کڕینی ژمارەیەکی زۆر تاکو بەردەستی خوێندەوارانی کورد نەکەوێ.

ئاستەنگێکی دیکە کە هاتەبەردەم گەشەکردنی زیاتری برایەتی چ لە ڕووی هونەری و چ لە ڕووی بابەتییەوە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی بوو کە بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە تەرخان کرابوو بە مەبەستی پرشنگداربوونی برایەتی و بەرەو پێشەوەچوونی لە هەموو بوارێکەوە لەلایەکی دیکە سەرف کرا کە ئەویش بریتی بوو لە نووسین و ڕەتدانەوەی ڕۆژنامەی **(طريق الشعب)** بە زوبانی کوردی کە لە ڕاستیدا کات و هەولێکی زۆری بۆ تەرخان کرابوو.

رۆژی چوارشـــــەممە رێکـــــەوتی ١٩٧٤/٢/٦ نووسـراوێکی رەسمـی بـە ئیمـزای (**حامـد الجبـوری**) وەزیری راگەیاندن و لە رێگای فەرمانبەرێکی وەزارەت بە ئیمزاکردن لەسـەر (**وصـل الاسـتلام**)م وەرگـرت و کاتێ کە ناوەڕۆکەکەم خوێنـدەوە ئـەم چـەند دێـڕەی کەوەکو لەیادم مابێت ناوەڕۆکەکەی لێـی نووسـرابوو (السيد رئيس تحرير جريدة التآخي المحترم.

نحيطكم علماً بـأن صـدور ملحـق جريـدة التـآخي بالكورديتو بشـكل يـومي مخـالف لقـانون الصـحافه المرقم... في/ / وعليكم طلب أجازة مستقلة لجريدة برايتي الكردية اليومية)

کاتێ نامە رەسمیەکەی وەزارەتـی راگەیانـدنم دایـە دەستی کاک دارا و پـێش خوێندنـەوەی لێـی پرسـیم (**دیارە مەسەلەکە موهیمە**) (**یانی گرنگە**) منیش لە وەڵامدا گوتم: (**ئەگەر مانگ لە ئاسمـان بەدیارکـەوت پێویسـت بـە پەنجـە ناکـات**)، کـاتێ کـاک دارا نووسراوەکەی خوێندەوە تەماشام کرد ئەو وەکو من بە ئەهەمیـەتی وەرنـەگرت تەنانـەت زۆر بەئاسـایی نامەکەی داوە دەستم، ئەوجا دەستێکی بە ناوچەوانیا هێناو گوتی:

(**کاکی خۆم خۆت ئاگاداری ئێمە مـاوەی ٣ هەفتەیـە خـەریکی گفتوگـۆین لەگـەڵ سـەرکردایەتی بـەعس خۆشـت رۆژانـە کۆنووسـی دانیشـتنەکان فۆتۆکـۆپی دەکەی، ئێمە و بەعس لێکدوورین، عوقدەی کەرکوك پێم وانییە حەل ببێ، بارزانی ممکن نییە تـەنازول لـە کەرکوك بکات بەعسیش کەسبی سۆڤێتی کـردووەو ئاگاداریشی رۆژانە حزبی شیوعی چیمان پـێ دەکـات ئەحداسـەکان بـەرەو ئـەوە دەچـن شـەڕ دەسـت پـێ بکاتەوە. مەسەلەی بەردەوامبوونی برایەتی متەوەقفە بە بارودۆخی گفتوگۆی ئێمـەو بـەعس داوای ئیجـازە ناکەین هەتا بە زۆر راینەگرن ئێمـە بـەردەوام دەبین، بەڕاست شتێکی دیکەم هاتەوە بـیر تـۆ خـەریکی ژن گوێزانـەوەی بـە (عبـدالرحمن وەفی) ئـەمین سـندوقم راگەیاندووە (٥٠٠)دینارت وەکو دیاری بـۆ سـەرف بکات و موچەکەشت تەعـدیل دەکـەم تـۆ ئیجـازەی خۆت وەرگرە، بەڵام لە هەفتەیەك زیاتر نەبێت، چونکە بارودۆخەکە رووی لە باش نییە**).

کاتێ کاک دارا لە قسەکانی بووەوە پێم گوت:

(**من ئیجازە وەرناگرم تاکو چارەنووسی برایەتی نەزانم، سوپاس بۆ دیارییەکەت**).

رۆژی دواتر پێنج شـەممە رێککـەوتی ١٩٧٤/٢/٧ ژمارە (٢٦)ی برایەتی دەرچوو، بەڵام هـەر لەهـەمان رۆژ و پێش نیوەڕۆ (**حامد علوان الجبوری**) بە تەلەفۆن لەگەڵ دارا قسەدەکات و دەڵێ:

(السيد النائب (**واته صدام حسين**) زعلان جداً من هذا التصرف أى (**صدور برايەتى بدون اجازة**) **و أعتبر هـذا المكالمة بمثابـة انـذارنا الأخير و النهـائي لكـم بأيقـاف الجريدة عن الصدور**)

دوابەدوای ئەوەش هەرهـەمان وەزیـری راگەیانـدن قسە لەگەڵ خاوەنی چاپخانە (**الجاحظ**) کردووەو پـێی راگەیاندبوو (**قسما بـالله اذا صـدرت برايـەتى باچـر نحرگك ويا المطبعة**).

رۆژی دواتر کـە رێکـەوتی دوو رووداوی ناخۆشـی دەکـــرد یەکـــەمیان دەرنەچـــوونی برایـــەتی پـــاش (٢٧)ژمارە کە بەڕاستی کاریگەییەکی سەلبی لەسەر دەروون هەبوو دووەمیشیان ئەم رۆژە رێکەوتی یـادی (٨)ی شوباتی نەگریس بوو کەلەم رۆژەو ساڵی ١٩٦٣ هەمان ئەو بەعسەی ئێستا بە ئینقیلابێکی خوێناوی هاتنە سەر حوکمی عێراق و دواتریش خوێناوی تـرین شەڕیان بەسەر کوردستاندا سـەپاند و ئـەم رۆژە هـەر هەمووەمان لە ژوورەکەی کاك داراو مندا باس باسـی راگرتنی برایەتی بوو، بـەڵام دیسـان وەکـو کـاك دارا گوتی: خۆتان بۆ ژمارە (٨٣)حەفتانە ئامـادە بکـەن (چونکە کاتی خۆی دوا ژمـارەی هەفتانـە (٨٢) لـە

١٩٧٣/١٢/٢٨ دەرچووبوو. منیش لە رۆژی ٢/٩/وە مۆڵەتی حەفتەیەکی مانگی هەنگوینم وەرگرت و لەگەڵ هاوسەرم بەرەو کوردستان سەفەرمان کرد.

ژمارەکانی هەفتانەی برایەتی پاش قۆناغی رۆژانە بەم شێوەیە دەرچوو:

**ژمارە ٨٣ لە رۆژی ١٩٧٤/٢/١٦ دەرچوو**

**ژمارە ٨٤ لە رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٠ دەرچوو**

**ژمارە ٨٥ لە رۆژی ١٩٧٤/٢/٢٤ دەرچوو**

**ژمارە ٨٦ لە رۆژی ١٩٧٤/٣/٢ دەرچوو**

کە ئەمەیان دوا ژمارەی برایەتی هەفتانەی ئەو سەردەمە بوو وا رێکەوت سەعات (١٢)ی نیوەڕۆی ئەم رۆژە کاک سامی عبدالرحمن ئەندامی (م.س) پارتی و وەزیری کاروباری ژوورو بە خۆی و بە جانتایەکی رەشی دبلۆماسی هاتە تەلاری (**التآخي** و **برایەتی**)و یەکسەر لە ژوورەکەی مندا دانیشت، چونکە کاک دارا لەو کاتە لەوێ نەبوو داوای چایەکی کرد منیش زۆرم پەلە بوو کەوا پرسیاری دەربارەی دوا جەولەکانی گفتوگۆی لێ بپرسم بۆیە یەکسەر پێم گوت: (**بشر کاک سامی**) ئەویش لەوەڵامدا گوتی: (**ماییشر بالخیر و بەعس تەواو خۆی ئامادە کردووە بۆ شەڕ، هێدی هێدی خۆتان ئامادە بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان**).

زۆربەی هەرەزۆری خێزانی (**التآخي و برایەتی**) تاك تاك و یا دوو دوو دەچوون منیش لە رۆژی ١٩٧٤/٣/٨ پاش ئەوەی بە نوێنەرایەتی رۆژنامە لە کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر ئامادەبووم و گەڕامەوە بەغداو پاشان بەیەکجاری بەرێکەوت لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید ساڵح یوسفی و کوردستان عەلی عبدالعزیز هەر بە ئوتومبیلە مارسیدسەکەی سەیدا ساڵح بەرەو ناوپردان بەرێکەوتین، لە ئێوارە درەنگانێك گەیشتن و لەم رۆژە قۆناغێکی دیکە لە ژیانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسیم دەستی پێکردو بوو بە بەشێکی دیکە لەو مێژووەی کە هەتا ماوم شانازی پێوە دەکەم.

**قۆناغی شۆڕش ١٩٧٤/٣/٨– ١٩٧٥/٣/١٨**

بە گەیشتنمان بۆ ناوپردان قۆناغێکی دیکە لە ژیانی سیاسی رۆژنامەوانییم دەستی پێکرد، سەرەتا سەرقاڵی وەرگرتنی ئەو برایانە بووین لە رێگای لیژنەی (**ئیستیعاب**)وە کە لەسەرەتادا لە برایان عبدالقادر حمد أمین و ئەنوەر عبداللە و بەندە پێکهاتبوو کە تێدا بەدەیان رۆشنبیرو بە دەیان هونەرمەندو دەیان رۆژنامەنووس و نووسەر ئەدیب و شاعیر ناویان تۆمارکرا لە دەزگای راگەیاندن بە مەبەستی وەرگرتن و رێکخستنیان و دابین کردنی شوێن و بژێوی رۆژانەیان پاشانیش کە سەرکردایەتی بەعس ئەو پرۆژەی خۆی کە گەلاڵەی کردبوو بەناوی (**یاسای ئۆتۆنۆمی**) و راگەیاند سەرکردایەتی پارتیش بریاری بەگەڕخستنەوەی (ئیزگەی دەنگی کوردستانی داو هەموو هەوڵ و تەقەلایەکان بۆ ئەم ئێستگەیە تەرخان کراو پاشانیش بە فەرمانێکی ئیداری بوومە سکرتێری تەنسیق لەگەڵ دەزگاکانی شۆڕش لە دەزگای راگەیاندندا بەڵام کاتێ ئەمانەتەکان (وەزارەت) دامەزران کە یەکێك لەمانە (**ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان**) بوو کە پێکهاتبوو لە سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە ئەمانە بوون:

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی، راگەیاندن، کاك فلك الدین کاکەیی بەڕێوەبەری گشتی بوو.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری، کاك تەلعەت نادر بەڕێوەبەری گشتی بوو.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان، (نووسەری ئەم بابەتە) بەڕێوەبەری گشتیی بوو.

دەربارەی چالاکی رۆشنبیری و راگەیاندنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی یەکەم و دووەم و مەکتەبی ئەمانەت

من لێرەدا قسەی لەسەر ناکەم بەڵکو بۆ هەردوو بەڕێوەبەری گشتییەکەمانی بەجێ دەهێڵم، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەکاری بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکەی لاوانەوە هەبوو بریتی بوو لە ئەنجامدانی چالاکی هونەری (**پێشانگاو پۆستەر**) دامەزراندنی یانەی (**شەترەنج و تێنس**)، هەروەها بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشدا لە کوردستان تیپی تۆپی پێ هەڵبژێردراوی کوردستان دامەزرا کە تێدا چەندین یاری لەگەڵ تیپەکانی ئازەربیجانی رۆژئاوا سازداو کە لە هەموو یارییەکان بردییەوە.

بەڵام لێرەدا ئەم چەند دێڕە بە مەبەستی ئاگاداربوونە لە هەلومەرج و پێکهاتنی ئەمانەتی گشتی راگەیاندن، کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی ئێمە بەشێك بوو لەم ئەمانەتە کە سەرەڕای ئەو چەند چالاکییە وەرزشیو هونەرییو کۆمەڵایەتییەی ئەنجامی دەدا، بیرم لە دەرچوونی گۆڤارێك دەرکردەوە کە دەڵێم گۆڤار مەبەستم لە بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری لاوان بوو کە پێشوتر لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی کە ژمارەیەکی تایبەتی(**برایەتی**)مان بە ٢٨لاپەڕە بۆ تەرخان کردبوو لەلاپەڕە ٧ی ژمارە (٢٥٧٠)لە ١٩٩٨/٤/٢٢ بابەتێکم بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناوی(**خەباتی قوتابیان**) و(**دیاری لاوان**)" دوو لاپەڕەی پرشنگداری مێژووی رۆژنامەگەریی کوردین کە ئەو چەند دێڕەی خوارەوەم دەربارەی (دیاری لاوان) نووسیوەو وەکو خۆشی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

**دیاری لاوان**

پاشگەزبوونەوەی حکومەتی مەرکەزی لە رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وایکرد سەدان هەزار کەس لە ئاداری ١٩٧٤ رووبکەنە ناوچە ئازادکراوەکان و پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەن، هەریەك لە بوارێکی تایبەت کاری خۆی ئەنجام دەدا لە چوارچێوەی ئەو ئەمانەتە گشتییانەی کە هەر لە سەرەتای مانگی نیسانی هەمان ساڵدا، دامەزران کە یەکێك لەو ئەمانەتانە (ئەمانەتی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان بوو) کە پێك هاتبوو لە (٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتیی: راگەیاندن، رۆشنبیری، لاوان و هەریەکێ لەو ئەمانەتانە خەڵکێکی زۆر کاریان تێدا دەکرد، لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوانە کە لێرەدا نامانەوێ باس لە چۆنیەتی دامەزراندن و ئیشوکارەکانی بکەین بۆ بۆنەیەکی دیکەی هەڵدەبژێرین، لێرەدا مەبەست تەنیا لەو گۆڤارە بچووکە خنجلانەیە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان دەری دەکرد.

* دیاری لاوان، گۆڤارێکی وەرزی گشتی بوو، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوان بە زمانی کوردی بڵاوی دەکردەوە.

* بارەگای رۆژنامەکە لە شوێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوان بوو لە دەربەند رایان کە بە موڵکایەتی دەگەڕایەوە بۆ خوالێخۆشبوو(**جەمال ئاغای کاکەیی**) لەسەر ئەو رێگا گشتییەی، کە گەلاڵەو چۆمانی بە حاجی ئۆمەران دەبەستێتەوە.

* سەرپەرشتکاری گۆڤارەکە (نووسەری ئەم چەند دێڕەبوو و کاك دارۆ شێخ نوری)ش یاریدەدەری سەرپەرشتیار بوو.

* خوالێخۆشبوو ئەنوەر توفی و سۆران قەفتان و نوری ئیسماعیل بەشدارییان لە دەرچوونی گۆڤارەکە دەکرد.

*حەسەن خۆشناو بەتایپ رایتەر پیتەکانی دەچنی، پاشانیش برایانی بەڕێزم یوسف مەولود قەساب و جەمیلی مەحمود بەگ بە ئامێری رۆنیۆ رایان دەکێشا.

* تەنیا دوو ژمارە لەگۆڤاری دیاری لاوان بڵاوکرایەوە، ژمارەی یەکەمی لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٤بوو، بۆ ژمارەی دووەمیش لە سەرەتای ساڵی

١٩٧٥ دەرچوو، بابەتەکانی ژمارەی سێیەمیش خەریکی تەوابوون بوو کاتێك پیلانە شوومەکەی ٦ی ئاداری جەزایری بەسەراهات.

* بابەتەکانی کە تێدا بلاّودەکرانەوە بریتی بوو لە بابەتی هەمەجۆری ڕۆشنبیری یان ئەوبابەتانەی، کە پەیوەندی بەلاوانەوە هەبوو، کە بەداخەوە هیچ یەکێك لەو دوو ژمارەیە لەبەردەست نییە، بۆیە ناتوانم بەدرێژی باس لە بابەتەکانی بکەم، بەلاّم ئەوەی لەیادمە پاش دەرچوونی ژمارەی یەکەمی ڕەخنەیەکمان لەلایەن مەکتەبی سیاسی بۆ هات دەربارەی بابەتێك کە لەگەڵ هەلومەرجی بارودۆخی ئەو سەردەمە ڕێك نەدەکەوت.

* نرخی گۆڤارەکە(١٠٠)فلسی لەسەر نووسرابوو ١٥٠ ژمارەشی لێ چاپ دەکرا، بەلاّم هەمووی بەبێ پارە بەسەر دەزگاکان بلاّودەکرایەوە.

* تایتڵی گۆڤارەکە بەو شێوەیەی خوارەوە دەنووسرا **(دیاری لاوان- گۆڤارێکی وەرزی لاوانە)** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لاوان لە ئەمانەتی گشتیی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و لاوان دەری دەکات، لە یەکێ لە ژمارەکانی **(صوت کوردستان)** کە بەڕێز د.کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد، کە ئەو کاتە بەڕێزیان یاریدەدەری ئەمینداری گشتی ئەمانەی ڕۆشنبیر و لاوان بوو باس لەو چالاکیانە کراوە کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە ڕاگەیاندن ئەنجامیان دەدا کە یەکێك لەو هەواڵانەی تێیدا بلاّوکراوەتەوە بە چەند دێڕێك باس لە **(دیاری لاوان)** دەکات.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کە لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتننامە خیانەتکارەی کە لەنێوان سەدام و شای گۆڕبەگۆڕ لە ١٩٧٥/٣/٦ لە جەزائیر مۆرکرا، بەندە تاکو ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٨ لە کوردستان سەرقاڵی گواستنەوەی هەندێ کەلوپەلی ئەمانەتی گشتی ڕاگەیاندن بووم لەگەڵ کاك **(شێرزاد مەحمود حەسەن)** کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی داراییە پاشانیش وەکو سەدان هەزار کەس بەرەو کوردستان گەڕاینەوە منیش پاش ماوەیەك لە شاری (کۆیە)گیرسامەوە لەنێوان ئەم ساڵانە تاکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ خەریکی ڕێکخستنی کتێبخانەیەکی دیکە بووم لەماڵەوە چونکە پاش چەند مانگێك بە پەیوەندی کردنمان بە شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ خێزانەکەشم لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٣٠ لە بەغدا تەسفیرکراو سەراپای کەلوپەل و کتێبەکان و ئەوراق و وێنە و هەرهەمووی لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە (حجز) کراوهەراج کرا، بەلاّم جارێکی دیکە دەستم پێ کردەوە لەماوەی ئەو ١٦ ساڵە (١٩٧٥-١٩٩١) تەنیا یەك وشە چییە نەم نووسی و هەموو کاتەکانم بۆ خوێندنەوەو ڕێکخستنی باخ و پاشان گوێ گرتن لە هەردوو ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق و دەنگی گەلی کوردستان تەرخان کردبوو ناوە ناوەش لە ڕێگای ئەم دۆست و هەڤاڵانە ئەدەبیاتی لایەنە سیاسیەکانم بەدەست دەگەیشت کە ئەم بەڕێزانە بوون:

١- لەکۆیە لەلایەن خوالێخۆشبووان عبدالرحمن ڕووتەو عەزیز مەحمود و برای خۆشەویستم کاك شێردل حەویزی

٢- لە سلێمانی لەلایەن برایانم هیوا جەلال حەمدی و جەلالی حەمەعەلی و شێرزادمەحمود حەسەن کە پاش مانگێکیش لە کۆچی دوایی بارزانیی نەمر هەر کاك شێرزاد (کاسێتی ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی بارزانی لە شنۆ) دامێ کە لە ستریوکەی خۆی کە ناوی نابوو نەوروز دانەیەکی بۆ تۆمارکردبووم.

٣- هەندێ جار کە کاك عیزەتی سلێمان بەگ کە بەرێکەوت دەهاتە کۆیە یان لەهەولێر کە پێکەوە لەماڵ برای ئازیزمان(**دڵشاد شێخ نەجیب**) کە ئێستا (**عەمید دڵشاد**)ە یەکترمان دەدیت ئەدەبیاتی پارتی

دەدامیّ کە دواییان کتێبەکەی کاك مسعود بارزانی بوو (**البارزاني والحركة التحررية الكوردية**)بوو کە بەرونیو چاپ کرابوو، ئەوەی زۆریش ئەزیەت دەدام (**ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق**) بوو کە ماوەیەك بوو عەودالّی دیتنەوەی بووم تاکو شەوێك بە رێکەوت لەماڵی برای بەڕێز (**مەجید ئاسنگەر**) بۆ یەکەم جار لە شەوی/ /۱۹۷۷ گوێمان بەو ئێستگە تێکۆشەرە شادبووەوە کە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە دابڕابوو ئەزییەتدانەکەش بریتی بوو لەو شەپۆلە (تشویش)ەی کە لەسەری بوو و بەهیچ شێوەیەك بواری نەدەدا گوێبیستی ببین، بەڵام هەرچۆنێك بوو لە هەرسیّ پرۆگرامی کە بە هەردوو لەهجەی سۆرانی و کرمانجی و پاشانیش بە زوبانی عەرەبی شتێکی لیّ حاڵی دەبووین، بەڵام زۆرجار پاش بەسەرا رۆیشتنی یەك کاتژمێر گوێم لە هیچ نەدەبوو.

لەنێوانی کارکردنم لە (**التآخي و برایەتی**) (۹۷۲-۹۷٤) چ وەکو رۆژنامەنووس یاخود چ وەکو نوێنەری (**التآخي**) سیّ سەفەری دەرەوەی عێراقم کرد کە بەڕاستی سوودێکی زۆری هەبوو و ناکریّ لیرەدا باسی نەکەم، چونکە لە هەر یەك لەو سیّ سەفەرانەدا جۆرە ئەزموونێکی تێدابوو کە لەرووی زانیاری و کاری رۆژنامەگەریی تاکو ئێستاکەش کەم یا زۆر کاریگەری سوودبەخش لەسەر ژیانی رۆژنامەگەریی و سیاسیمدا هەرماوە.

سەفەری یەکەمم بۆ وڵاتی رۆمانیا سوشیالست بوو لە نێوان رۆژانی ۱۷-٦تاکو ۹۷۳/٦/۳۰بوو لە سەربانگهێشتی رۆژنامەی(**سکانتایا**)ی زمانحاڵی حزبی شیوعی رۆمانیا کە بە زوبانی کوردی مانای (**مەشخەڵ**) دەدات ئەو سەردەمە رۆژانە یەك ملیۆن دانەی لیّ چاپ دەکراو لە هەموو وڵاتی رۆمانیا بەیانیان بە فرۆکە دابەش دەکرا و تەلاری رۆژنامەکەش لە ناوەڕاستی (**بوخارست**)ی پایتەختی رۆمانیا بوو کە بریتی بوو لە تەلارێکی حەوت نهۆمی کە هەموو رووکەشەی بە بەردی مەڕمەڕی سپی دروست کرابوو هەرپاش رۆژێك لە گەیشتنم هەر لەو تەلارە لەلایەن سەرنووسەر و لێپرسراوی بەشی ئابووری و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەو لێپرسراوی بەشی پرۆتۆکۆڵ زۆر بەڕێزەوە پێشوازی کرام، لەسەرەتادا بەندە بە درێژی باسی هەردوو رۆژنامەی التآخي و برایەتیم بۆ کردن و لە ژمارەی ۱۳۹۳ رۆژی ۱۹۷۳/۷/۲۵ وەکو دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی کە برای خۆشەویستم کاك یۆنان هرمزی نووسەر و رۆژنامەنووس لەگەڵی کردم بە درێژی باس لە رۆژنامەی سکانتایا دەکەم کە (۲۳۰)کارمەند و (۱٤۰)موحەررو پەیامنێر کاریان تێدا دەکرد کە راژەی ئافرتان تێدا ۳۰٪بوو پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا دوو وتارم دەربارەی ئەم گەشتە نووسی کە یەکەمیان لەژێر ناوی (العلاقات الاخويه بين الشعبين الكردى والرومانى تزدهر باستمرار) کە لەلاپەڕە دووی ژمارە التآخي ۱۳۸٦ی رۆژی ۱۷تەمموزی ساڵی ۱۹۷۳ بڵاوکراوەتەوەو لە بڕگەیەکدا هاتووە:

**(ان الشعوب الصغيرة والمظلومة تجد بصعوبة بالغة اصدقاء حقيقيين لها بسبب تداخل المصالح في العلاقات الدولية لاسيما منذ بداية الستينات وتراجع حدة التوتر الدولي و سياسية الحرب الباردة ومع هذا نرى أن الشعب الروماني وحزبه الشيوعي قد ابدو تفهماً عميقاً للمسألة الكوردية في كردستان العراق وحركة شعبنا بقيادة البارزاني بأعتبارها اي الحركة التحررية للشعب الكردي جزء هام من حركة التحرر العالمي و......وأن مثل هذا المواقف المشرفة ليست وليده الصدفة لدى الشعب الروماني الذي يزخر تأريخه المجيدة ببطولات كثيرة منذ اقدم العصور فهوالذي قاوم احتلال تراجان في القرن الثاني للميلاد كما قاوم غزو**

روما ضد أراضيه وحارب عمليات الاستيطان والاستعمار والصهر القومي ايام الامبراطورية الرومانية ودافع عن كرامته ضد غزوات الغوط والهون والسلاف والتتركما القاوم الغزو التركي قبل اكثر من خمسة قرون .....)

وتاری دووەمیشم لەژێر ناوی (مشاهدات وانطباعات عن التقدم الصناعي والسياحي بجمهورية رومانيا الاشتراكية) لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە ١٣٩٠ ڕۆژی ١٩٧٣/٧/٢٢ لە التآخي بلاوکراوەتەوە کە لە دوا برگەدا نووسیومە:

**(وفي الختام اود أن اعبر عن التقدير والاعتزاز للأصدقاء الرومانيين لما لقيته منهم من حفاوة وتكريم، املاً أن تزدهر الصداقة الرومانية الكردية).**

یەکێ لە سیما گرنگەکانی ئەم گەشتە کە تێدا (١٢) ڕۆژنامەنووس کە هەریەکەو لە وڵاتێکەوە بانگهێشت کرابوون ڕێکخستنی چەند کۆڕێکی ڕۆژنامەنووسی بوو بۆ ئەم ڕۆژنامەنووسە میوانانە کە یەکەمیان لە **(یانەی ڕۆژنامەنووسان)** لەبوخارست دەربارەی **(گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی بارودۆخی کاری ڕۆژنامەنووس و کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسەتدا)** لە هەریەك لەو وڵاتانەی کەلێی هاتبووین کە تێدا من چوارەمین ڕۆژنامەنووس بووم کە نیو کاتژمێرم بۆ تەرخان کرابوو کە تێیدا باسم لە بارودۆخی مێژوو و کاری ڕۆژنامەگەری کرد هەر لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی **(کوردستان)** لە ٢٢-٤-١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر تاکو هاتمە سەر باسی هەردوو ڕۆژنامەی (التآخي و برايەتی) کە بووە مایەی سەرسوڕمان و ڕێزێکی زۆر هەر بۆیەش کاتێ ڕۆژی ١٩٧٣/٦/٢٦ کە لە نێوان باخو ڕەزەکانی **(مورتفلار)** کۆڕێك ئامادەکرابوو بۆ ئەوەی قوتابیانی **(پەیمانگای ڕۆژنامەگەریی)** گوێ بیستی ئەزموون و مێژووی ئەو ڕۆژنامانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەین) منیان بە یەکەم ڕۆژنامەنووس دانا لە دەستپێکردنی کۆڕەکە و دیاربوو کە قسەکانم ڕۆژانی پێشووتر لە **(یانەی ڕۆژنامەنووسان)** کاریگەرییەتی خۆی دروست کردبوو، کۆڕی سێیەمیش لەناو ئەو **(پاپۆڕە)** ڕێکخرابوو کە لە بەندەری **(تولجا)**وە کە کەوتۆتە ڕۆژهەلاتی **(زێ دانوب)**وە کە تێدا سەرەڕای هەر (١٢) ڕۆژنامەنووس میوان چەندین سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕۆمانیای ئامادەبوون و باسە سەرەکییەکەش دەربارەی **(گرنگی هاتووچۆی ڕۆژنامەنووسان لەنێوان وڵاتانی جیاجیادا)** بوو کە لەنێوان ڕۆژنامەنووسەکان **(ئەنتۆنی لادن)**ی لێپرسراوی بەشی دیراساتی سیاسی لە ڕۆژنامەی حزبی شیوعی کوبا) پێشنیاری **(گەشتی بۆ کوردستان)** کرد، منیش لەوەڵامدا گوتم ئومێدەوارم بێنە کوردستان، بەڵام ڕێگا بۆ گەیشتنە کوردستان دەبێت لە بەغداوەبێن و بەداخەوە **(فیزا)**ی تایبەتمان بە **(کوردستان)** نییە و ڕێگایەکی دیکەش هەیە ئەویش ئەو ڕێگا بە ترسەیە کە **(دانا ئادەم شمیت)** ساڵی ١٩٦٢ پێی هاتە کوردستان، کاتێ لە قسەکانم بوومەوە جێگری سەرنووسەری **(سکانتایا)** هاتەلام و سوپاسی کردم و گوتی:

**(هیوادارم جارێکی دیکە گەشت بۆ ڕۆمانیا بکەی وەکو نوێنەری ڕۆژنامەی دەوڵەتی کوردستان)**

(دەربارەی ئەم گەشتە ڕۆژنامەنووسییە لە ژمارە ٣٨ گۆڤاری گولان العربي) کە لە ١٩٩٧/٢/٢٥دەرچووە بابەتێکم لەژێر ناوی**(كوردستان كانت حاضرة معنا في رومانيا قبل ٢٤ عاماً!)** نووسیوە.

سەفەری دووەمم دەربارەی بەشداربوونی لاوانی کوردبوو لەچوارچێوەی شاندی عێراقی کە بریتی بوون لەلاوانی پارتی و شیوعی و بەعس بۆ **(بەرلین)**ی پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتی جاران بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی دەیەمی قوتابیان و لاوانی جیهانی کە لە

سەرەتادا من وەکو نوێنەری (**التآخي**)دەست نیشان کرام بۆ بەشداری لەم ڤیستیڤاڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی برای بەڕێز کاك موحەمەدی مەلا کەریم ئارەزوویان وابوو کە ئەو نوێنەرایەتی التآخي بکات بۆیە ناوی من خرایە سەر لیستی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لە بنەڕەتدا مەبەست لە بەشداری کردن بوو لە فیستیفاڵەکە بۆیە ئەرکی من لەم گەشتەدا زیاتر بەئاقارە پروپاگەندە سیاسییەکەدا دەڕۆیشت لەگەڵ برایانی ئەندامی شاندەکە کە زۆربەمان چ کوڕ چ کچ بەجلوبەرگی کوردییەوە کە ژمارەمان ٦٥ لاوبووین سەرلەبەیانیان تا شەو درەنگانێك خەریکی خۆبە بەخەڵك ناسین و بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەی بەشداربوانی شاندی میللەتانی جیهان و سازدانی هەڵپەڕکێی کوردی لە گۆڕەپانی (**ئەلکسندەر پالاس**) تاکە کاری رۆژنامەنووسی کە لەم گەشتە ئەنجامم دا دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ برای بەڕێز (طارق عەقراوی) بوو کە ئەو سەردەمە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا و لەژمارە ١٤١٠ی التآخي رۆژی ١٩٧٣/٨/١٤لەژێر ناوی(**لقاء مع رئيس جمعية الطلبة الاكراد في اوربا**) بلاوکراوەتەوە.

گەشتی سێیەم بۆ قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر بوو لەگەڵ برای بەڕێز کاك عادل موراد کە ئەوکاتە



سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکی تایبەتی (بارزانی نەمر) بۆ کۆنگرەی (**قمة عدم الانحياز**) کە رۆژی **١٩٧٣/٩/٥** لە جەزائیری پایتەختی وڵاتی الجزائر دەبەسترا ئێمە رۆژی **٩/٣**/لە بەغداوە بەری کەوتین بۆ ئەوەی بتوانین رۆژی **٩/٤** لە قاهیرەوە سەفەر بۆ (**الجزائر**) بکەین، بەڵام بەداخەوە سەفارەتی جزائیر (**ڤیزا**) ی پێ نەبەخشین، ناچاربووین لە قاهیرە چەند رۆژێك بمێنینەوە بۆ ئەوەی سەردانی چەند سەفارەتێکی و وڵاتانی بەشداربووی کۆنگرەکە بکەین بە مەبەستی ناردنی نامەکەی (**بارزانی**) بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەکە، لێرەدا تەنیا تاکە سەفارەت ئەو داواکارییەی قەبووڵکردین سەفارەتی وڵاتی یوغوسلاڤیا بوو کە خۆش بەختانە ئەوان سەرۆکی پێشووی هەمان کۆنگرەبوون کە چەند ساڵێك پێشووتر لە (**بەلگراد**)ی پایتەخت بەسترابوو، پاش بەکۆتاهاتنی ئەم ئەرکە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم بە رۆژنامەنووسێکی دیاری وڵاتی میسرەوە(**صلاح حافظ**)کرد کە پێشووتر لەبەغدا سەردانی التآخي کردبوو ئێوارەیەك لە چێشتخانەی (**حامورابی**) داوەتی نان خواردن لەلایەن کاکە داراوە کرا کە تێدا بەندەش بە سێ قۆڵی ماوەی سێ سەعاتێکمان بە قسەو باسی سیاسەت و کاری رۆژنامەگەریی بەرێکرد. بەداخەوە، لەم کاتەدا (**صلاح حافظ**) لە قاهیرە نەبوو، بەڵام لەجیاتی ئەو نووسەر و رۆژنامەنووس (**سعدالدين وهبة**) وەڵامی دامەوەو کاتێ کە خۆم پێناساند پێم گوت نامەیەکی سەرنووسەری (**التآخي**)م بۆ (**صلاح حافظ**) هێناوە یەکسەر بە خۆشحاڵییەوە داوەتی بۆ (دار الاهرام) کردین، ئاشکراشە کە رۆژنامەی (**الاهرام**) چ ناوبانگێکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لەسەردەمی (محمد حسنين هيكل)دا تەلارێکی مۆدێرنی زێدە نایابی بۆ دروست کرد، ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە دیتنی ئەنجامدانی کاری (**الاهرام**)

بوو، کە لەڕاستیدا جێگای سەرسووڕمان بوو لە هەموو باریەکەوە. (دەربارەی ئەم گەشتەش لە ژمارە ٤٠ی گۆڵان العربی بابەتێکم نووسیوە لە ژێر ناوی **(قصة ایصال رسالة موجهة من البارزاني الخالد الى مؤتمر قمة دول عدم الانحياز المنعقد في الجزائر عام ١٩٧٣، وزيارة لمؤسسة الاهرام الصحفية وحديث عن مساهمة الكورد في الحضارة الاسلامية)** بلاوکراوەتەوە.

ڕووداوێکی دیکەی گرنگ هەیە و بەپێویستی دەزانم لێرەدا باسی بکەم، ڕووداوەکەش دەربارەی کاری ڕۆژنامەنووسی دبلۆماتکار و وەرگێڕ و نووسەر **(نجدت فتحي صفوت)** بوو لە ڕۆژنامە التآخي کاتێ من دەست بەکاربووم مامۆستا **(نجدت)** لە التآخي دەمێك بوو کاری ڕۆژنامەنووسی لە **(التآخي)**دەکرد، ئاشکراشە کە مامۆستا **(نجدت)** لەسەردەمی ڕژێمی پادشایەتییەوە لەبواری دبلۆماسیدا کاری کردووە بۆیە کاتێ کە باس دەکرا وەکو **(کۆنەپەرستێکی یەمینی)** دەیانناساند، بەڵام لەلایەن سەرنووسەرەوە ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگیرا، چونکە لەڕاستیدا مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆبوو و کارە ڕۆژنامەنووسییەکەی زۆر بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدا.

ڕۆژێکیان کاك دارا پێی ڕاگەیاندم کە ئەو لەسەر سەفەرە و چەند ڕۆژێك بەرەو کوردستان دەچێت و ئەوەی لەسەر من پێویستە کە ئەنجامی بدەم سەرەڕای ئیشوکارەکانی خۆم وەکو کاك دارا پێی ڕاگەیاندم: **(قسە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس نجدت فتحی صفوت)** بکەم زۆر بەڕێزەوە پێی ڕابگەیەنم لەبەر چەند هۆیەك ناتوانین لە التآخي بیهێڵینەوە و ئەو خۆی تێدەگات و (٣٠٠)دیناریش وەکو پاداشت بۆ سەرف بکە) لەڕاستیدا ئەم ئەرکەم زۆر لا گران بوو بەتایبەتی بۆ وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس و دبلۆمات کارێکی وەکو مامۆستا (نجدت) ئاشکراشە کە پاشان مامۆستا (نجدت) چۆن لەلایەن بەعسییەکانەوە سوودی لێ وەرگیرا بۆ کاری نووسین و وەرگێڕان بەرادەیەك ناردیانە (لەندن) بۆ ئەوەی لەوێ جێگیربێت و هەموو کاتی تەرخان بکات بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان.

خوێندەواری ئازیز: بەشی یەکەمی (ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم) لێرەدا تەواو دەبێ هیوادارم لە بەشی دووەمدا بەدرێژی و بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە باس لەو ئەزموونە بکەم کە لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ دەست پێ دەکات و لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ کۆتایی پێ دێت و وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی، سەنتەری برایەتی، ئەدەب و هونەری برایەتی، وەرزشی برایەتی و برایەتی وەرزش سەرەڕای بەرپرسیاریەتی دەزگای برایەتی و خەبات کارم کردووە.

کاتێ (نیکۆلای شاوشیسکۆ)ی سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی ڕۆمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەتی ڕۆمانیا ڕۆژی ١٩٧٤/٢/١٩ سەردانی عێراقی کرد و ڕۆژی پاشتر یانی ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢٠ پێشوازی لە بەڕێز (حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوسا کردو بەندەش وەکو ڕۆژنامەنووس لە (التآخي) ئامادەی دیدارەکە بووم لە (کۆشکی بەغدا) تاکو



کۆتایی دیدارەکەو هەر خۆم هەواڵەکەم بۆ (التآخي) ئامادەکرد و وێنەیەکی یادگاریش گیرا، بەڵام من خۆم ڕازی نەبووم کاتێ ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢١ لە ژمارە ١٥٦٧

التآخي كـه هەواڵەكـە بڵاوكرايـەوە وێنـەی مـنی لەگەڵدابێت (ئەوا لێرەدا وەكو دیكۆمێنتێـك) بـڵاوی دەكەمەوە.

بەبۆنـەی راگـرتنی برايـەتی رۆژانـە لەلايـەن سەركردايەتی رژێمەوە رۆژنامەی التـآخي لـە ژمـارە ١٥٦٢ی رۆژی ١٩٧٤/٢/١٦ و لەلاپـــەڕە (٣)دا رۆژنامەنووسێكی كورد لەژێر ناوونيشانی (برايـەتی) والمصير) ئەم بابەتەی نووسيوە: (برايەتی) توقفت عن الصدور...

قيل لي اكتب.. قلت لهم مهلاً فأن المشاغل تمنعني الأن وسأكون مع من يكتبون دومـاً، فلـم اكتب، ولم يسجل اسمي في سجل مـن أسـهموا بشـرف في شيء تأريخي رائد عمرة ٢٦ يوماً.

عدت الى دليل الصحافة الكردية الذي طبع قبـل عـام بمسـاعدة وزارة الاعـلام نفسـها (رابـەری رۆژنامەگەری كوردی كە لەلايەن جەمال خەزنەدارەوە ساڵی ١٩٧٣ ئامـادەكراوەو چـاپ كـراوە- نووسـەر)

بدأت اسجل اشاره عند نهاية كل صحيفة منذ (٧٥عاماً) الى منذ صدور الجريدة الكردية الاولى فكنت اسجل عن معظمها.

(أغلقت من قبل السلطات) احتجبت بسبب المنع... الخ) وهاهي (برايەتي) وهي الصحيفة الكردية الاولى التي رأت خلال مسيرة قوامها ثلاثة ارباع القرن على الصدور بصورة يومية منظمه... هاهي تحتجب كغيرها من الريات الخافقة في المسيرة، لم نكن نتمنى لها نهاية ... قد كان البعض يتوقعون نهاية لها أو تعثراً في المسيره..

فقد كانت تجربة جديدة حبيبة على النفوس كل النفوس التي شعرت عبر التأريخ الطويل بمخاضات الصحافة الكردية ولحظاته الموحيه...

وساعات ازدهارها وأيام اضطهادها...

ترى هل نسجل ازدهار اخرى؟

(صحفي كردي)



التآخي
جريدة يومية سياسية
البارزاني يدعو الى تجنب الاحتكاك والاصطدام مع الشيوعيين
برقيات «طريق الشعب» مختلقة

●

# رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی



عز
هەولێر

رەفیق سالّح ئەحمەد
سلێمانی

### لە جیاتی پێشەکی

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی نووسینەوە، مرۆڤ بەرهەمی بیری خۆی تۆمارکردووە، بۆ بەدەستهێنانی زانیارییش، پۆلینی کردوون و پێرستی گونجاوی بۆ داناون، لەم رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ، ئەم کارە هەر درێژەی هەیەو بەردەوامە، نەخوازەڵلا لەو سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، کە ئێمەی تێدا دەژی، تەقینەوەی زانیاری دنیای گرتۆتەوەو، مرۆڤی ناچار کردووە بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم لێشاوەی زانیاریی بکەوێتە خۆ، تا لای خۆی بیپارێزێ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسان و خێرا سوودی لێ وەربگیرێ. دیارە ئەمڕۆ کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، کە نەتەوەی ئێمە درەنگتر دەستی پێیگەیشتووە، رۆڵی کاریگەریان لەم بوارەدا دیوە.

ئەم هۆیانەیە، بیبلیۆگرافیای وەك زانستی پێرستکردن و حازر بەدەست هێشتنەوەی زانیاری هێناوەتە مەیدان. ئەمڕۆ میللەتانی پێشکەوتووی جیهان، بیبلیۆگرافیایان بۆ هەموو بوارێکی زانست و زانیاری سازو ئامادە کردووە، تا لێکۆڵەرەوەو توێژەران، تەنانەت خوێندەوارانیش، لەکات و ساتی خۆیدا. پێ بەپێ کەڵکی پێویستی لێ وەرگرن و ببینن.

رۆژنامەو گۆڤار، وەك ئامرازێکی راگەیاندنی جەماوەریو میللی، هەواڵ و بابەت و زانیاری سیاسیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابوورییان، لەپاڵ چالاکی هونەریو وەرزشیو زانستی دیکەی ژیاریی، تێدا نووسراوە، ئەوە جگە لەو بابەتانە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەژیانی رۆژانەی خەڵك و کۆمەڵەوە هەیە.

زانیاریی دووتوێی نێو گۆڤارو رۆژنامەکان، ئەگەر لەگەڵ هی کتێب و چاپکراوی دیکەدا بەراورد بکرێن، تازەن و زۆربەیان جارێکی دیکە وەکو کتێب چاپ و بلاۆناکرێنەوە، ئەمەش بە تێپەڕبوونی رۆژگار نرخ و بەهایەك دەداتە ئەو زانیارییانە، نەك هەر ئەوەندە، ئەو زانیارییانەی نێو گۆڤارو رۆژنامەکان، با ناحەزانیش نووسیبیانەوە، زۆربەی جاران لەگەڵ ئەوەی دووتوێی کتێب و بلاۆکراوەکانی دیکە بەراورد ناکرێن، بەڵکو ئێمە پێمان وایە راستگۆیانە تریشن، واتە رۆژنامەوانیی کەناڵێکی گرنگە بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوەییو نیشتمانیو ئاوێنەیەکی بالانوێنی مێژووی شارستانییەت و سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ لێکدانەوەی جیاجیاو هەموو جۆرە توێژینەوەیەك، هەر لەم رووەوە دەتوانین بڵێین رۆژنامەو گۆڤاری کوردی، لەهەر چاپکراوێکی دیکە، زیاتر زانیاری هەمەجۆری تێدایەو بۆی پاراستووین.

بەداخەوە دانەمەزراوی لەمێژینەی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان، بووەتە مایەی نەبوونی ئەرشیفێك یان کتێبخانەیەکی نیشتمانی کە گشت بلاوکراوەو چاپکراوێکی کوردی سەبارەت بەکورد، بەگۆڤارو رۆژنامەشەوە، تێدا کۆبکرێتەوەو بپارێزرێ، ئەمەش بۆتە هۆی لەناوچوون و فەوتانی زۆربەی ئەو لەچاپدراوانە، بەتایبەتی ئەوانەی سیاسی، کە بەنهێنی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوەکەمان دەردەچوون، ئەمەش وای کردووە، لێرەو لەوێ، بە زەحمەت دانەیان چنگ بکەوێت و پەیدا بکرێنەوە، ئەمەش ئەرکی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایەکی بۆ رۆژنامەوانیی کوردی، کە زانیاری راست و دروستی تێدابێ، سەخت و دژوار کردووە، هەر لەم روانگەیەوە، ئێمە هێشتا رێبەرێکی راست و دروست و تەواومان نییە، تا سەرجەم بەرهەمە رۆژنامەوانییەکانی کوردی، بە گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەوە، بە بەڵگەنامەسازی تێدا رێکخرابێ، ئەوەی لەم رووەیشەوە، وەك کارەکانی هەر یەك لە بەرێزان: عەلائەدین سجادیو جەمال خەزنەدارو شەهید جەبار جەباری و د. کەمال مەزهەرو مالمیسانژو مەحمود لەوەندیو ئیسماعیل تەنیا ... هتد کراون.

سەرباری ئەوەی کە لە هەوڵەمین بەرهەمەکانی ئەم بوارەن و مایەی ستایشن، بەلام، کەم و زۆر، لەهەڵەو ناتەواوی بەدەرنین، خۆشبەختانەش، لەم ساڵانەی دواییدا، لێرەو لەوێ، سەبارەت بەرۆژنامەو گۆڤارە دانسقەکانی کوردی، چەندان لێکۆڵینەوە، بلاوکراونەتەوە. چەندان رۆژنامەو گۆڤاری دەگمەن و کۆنی کوردی وەك: (کوردستان، کورد تەعاون تەرەقی، رۆژی کورد، پێشکەوتن، بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژیانەوە، ژیان، زاری کرمانجی، پەیژە، هاوار، روناکی، ستێرە، رۆژانوو، نیشتمان، یەکێتی تێکۆشین، نزار ...هتد) دووبارە چاپ و بلاوکراونەتەوە. کە بەمەش کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کراوە، ئەم گۆڤارو رۆژنامانەش لەفەوتان و لەناوچوون رزگار کراون، بەلام هێشتا کارەکە تەکانی دیکەی دەوێ، بۆیە ئێمە، هەریەکەمان، لەلای خۆمانەوە، چەند ساڵێکە پەیمان بەم کەلێنە بردووە، کە هێشتا پڕ نەکراونەتەوە، ئەوەندەی بۆمان کرابێ هەوڵمان داوە بەشێکی دیاری ئەو گۆڤارو رۆژنامانە پەیدا بکەینەوە، تا ئەوەندە زانیاریی کۆبکەینەوەو بڕوای تەواویشمان بەخۆبێت، بیبلیۆگرافیایەکی فراوان و کاملی لێ ئامادە بکەین، خۆ ئەگەر بلاوکراوەکانیشمان هەمووی دەست نەکەوتبن، ئەوا زانیاریمان بە بەراوردکردنی سەرچاوەی بڕوا پێکراو وەرگرتووە هەڵێنجاوە.

ئەم بیبلیۆگرافیایەی بەردەست، ئەنجامی ئەم رەنجەیە کە بۆ ئەم مەبەستە داومانە، تیایدا رەچاوی ئەو خاڵەشمان کردووە کە رابردووەکانمان، لەهەر تەمەنێکدابن و هەر کەم و کورییەك لە کارەکانییاندا هەبوبێت، مادام لەبارەی ئەم بوارەوە چەند وشەیەکیان پێش ئێمە نووسیوە، ئەوا هەر بەمامۆستای خۆمانیان دەزانین. بەدووریشی نازانین هەندێ هەڵەو کەم و کوری لە کارەکەی ئێمەشدا هەبێت، بۆیە داوا لە شارەزایان و ئاگادارانی ئەم مەیدانە دەکەین، بەخیلیمان پێ نەکەن و بەڵکو هەوڵبدەن لەلای خۆیانەوە رێنوێنیمان بکەن و لە هەر هەڵەیەك ئاگادارمان بکەنەوە، تا بە هەموو لایەکمان بتوانین بیبلیۆگرافیایەکی سەرتاسەری، تا رادەیەکی زۆر تەواو، بخەینە کتێبخانەی کوردییەوە.

هیوادارین بەم کارەمان، خزمەتێکی بچووکی هەموو لایەکمان کردبێت..

٢٠٠٣/٩/٢١

## بەشی یەکەم

بەتەمابووین، لەگەڵ هەر پێناسەیەکی ناوەرۆکی ئەم رابەرەدا، وێنەیەکی دانسقەی بڵاوکراوەکەی لەگەڵ دابنێین، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی هونەریو، درێژی بابەتەکەو، نەبوونی ماوە، ئەم لایەنەمان فەرامۆش کرد.

### رۆژنامەڤانی

### کوردستان

رۆژنامە

١٨٩٨

کوردلري ايقاظ وتحصيل صنايعة تشويق ايچون شمديلك پازده رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردییە.

**صاحب و محرری:**

١-بەدرخان پاشازادە میقداد میدحەت- ژ(١ـ٥) .

٢- عەبدولڕەحمان بەدرخان- ژ (٦-٣١).

**پێوانە:** (٥ر٢٥×٥×٣٢)سم و ٤ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** هیلال، کوردستان، جەمعیەتا تفاق و قەنجیا موسلمانان، هیندییە، ئینتیقام.

**شوێنی دەرچوون:** ژ(١-٥) (قاهرە)، ژ(٦-١٩)(جنێف)، ژ(٢٠-٢٣ )(قاهیرە)، ژ( ٢٤ (لەندن)، ژ(٢٥-٢٩) (فۆلکستون)،ژ( ٣٠-٣١) (جنێف).

**زمان:** کوردی (زاراوەی جزیرو بۆتان)، تورکی.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە(١)ی لە رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ٣٠ ذوالقعدة ١٣١٥ (٢٢ نیسان ١٨٩٨)دا دەرچووە.

- ژمارە(٣١)ی لە ٦ی محرم ١٣٢٠(١٤ی نیسانی ١٩٠٢)دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەم رۆژنامەیە تا ساڵی ١٩٠٦، بەردەوام دەرچووبێت، سەرچاوەی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات رێکخراوێکی نهێنی کوردی لەپشت دەرچوونی بووبێت، هی دیکەش هەیە بە رۆژنامەیەکی سەربەخۆی ئەهلی دادەنێت.

لە ژمارە (٤) بەدواوە بەشێکی بە تورکی بووە.

بۆ پتر بەدەستهێنانی زانیاری بنۆڕە: ژمارە (٨)ی ( **رۆژنامەڤانی** ) کە لە بەهاری ٢٠٠٢دا دەرچووەو ژمارەیەکی تایبەت بووە بە(**کوردستان**)ی یەکەمین رۆژنامەی کوردی.

* ژمارە ئەسڵیەکانی رۆژنامەی (**کوردستان**)، لەلایەن ئەو زاتانە دووبارە چاپ کراونەتەوە:

- کەمال فوئاد(د.)، **کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی**، بەغدا ١٩٧٢.

- مەحمود زامدار، (**کوردستان**)**ی دایك**، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر ١٩٩٨.

- محەمەد ئەمین بۆزئارسلان، **کوردستان رۆژناما کوردی یا پێشین**، بەدوو بەرگ لە سوید چاپکراوەتەوە.

- مالمیسانژ: هەردوو ژمارە(١٧، ١٨)ی دۆزیوەتەوەو لەگەڵ تەرجەمە تورکییەکەی و ژیانی عەبدولڕەحمان بەدرخان چاپی کردۆتەوە.

### ئومێد

رۆژنامە

١٩٠٠

رۆژنامەیەکی سیاسییە، بەزمانی عەرەبیش بابەت بڵاودەکاتەوە.

**صاحب و محرری :** بدرخان پاشا زادە محەمەد صالح.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ١٥ رۆژ جارێك بڵاودەکرێتەوە.

**شوێنی دەرچوون:** مصر.

**زمان:** تورکی عوسمانی.



**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمـــارە ١ی ســـاڵی ١ لـــە (جمـــاد اول) ١٣١٨دا دەرچووە.

**تێبینی:**

ئەو ژمارەیەی لەبەردەستمانە فۆتـۆ کـراوە، بۆیـە نەکرا پێوانەکەی دیاری بکەین، بەڵام وا پێدەچێت لە گەورەتر بووبێت. ئەو ڕۆژنامەیـەش لـە لایـەن بەدرخانییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە.

## کوردستان

ڕۆژنامە

١٩٠٨

ئـەم ڕۆژنامەیـە، دوای ڕاگەیانـدنی مەشـروتیەتی عوسمـــانی لـــە ١٩٠٨/٧/٢٤دا، لـــە ئەســـتەمبۆڵ دەرچـــووە، کـــە (مـــەحمود شـــەوکەت) پاشـــا ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٣١ بە لەشکرەوە چـووەتە ئەسـتەمبۆل و سورەیا بەدرخان بەسەردا گیراوە خراوەتـە بەندیخانـەی (بەکر ئاغا بلۆکی)، ڕۆژنامەکە داخراوە.

**خاوەنی:** ثریا بدرخان (**سورەیا بەدرخان**) بووە.

* دیارە هەر لە بارەی ئەم ڕۆژنامەیە بووە نووسەرانی وەکـو: "**ئـەمین زەکـی و عەلائـەدین سـجادی**"، ئاماژەیان وا بـۆ کـردووە، کـە یەکـەمین ڕۆژنامـەی کوردی بوویێت و لە ئەسـتەمبۆڵ دەرچـووبێت، ئـەو زانیارییانـــەی لێـــرەدا تۆمـــارکراوە بـــە پاڵپشـــتی ســـەروتارێکی ژمـــارە(١)ی ١٥ ذوالقعـــدة ١٣٣٥ ڕۆژنامەی(کوردستان)ی خولی سێیەمە، کە (**د.کەمال فوئاد**) لەساڵی ١٩٩٨دا چاپی کردۆتەوە.

## کورد
## تعاون تەرەقی غەزەتەسی

ڕۆژنامە

١٩٠٨

**شمدیلك هفتەدە بر دفعة نشر اولەجق، دینی، علمی ، سیاسی، ادبی، اجتماعی غزتەدر**

گۆڤـارێکی دیـــنی، زانســـتی، سیاســـی، ئـــەدەبی، ئیجتیماعی هەفتەییە.

**صاحب امتیازو مـدیرو محرری:** سـلێمانیەلی تۆفیـق (**پیرەمێرد**).

**سرمحرر:** ئەحمەد جەمیل دیاربەکری.

**وێنە :** ١١ وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

**نرخ:** سێ غروش بووە.

**پێوانە:** (١٧،٧×٢٣،٤)سم و ٨ لاپەڕەیە، (سـەرجەم ژمارەکانی ٨٨لاپەڕەیە).

**چاپخانە:** سعادت سلانیك مطبعەسی.

**شوێنی دەرچوون :** ئەستەمبۆڵ.

**زمان:** کـورد (**زاراوەی کرمـانجی باشـوورو بـاکوور**)، تورکی.

**ڕێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمـــارە(١)ی جلـــد ١، لـــە(١١ی ذي العقـــدە ١٣٢٦ـــ٢٢ تشـريني ثـاني ١٣٢٤)٥/١٢/١٩٠٨دا دەرچووە.

-ژمارە(٩)ی جلد ١ لە (٨ محرم ١٣٢٧ ـ ١٧کانونان ثاني ١٣٢٤) ١٩٠٩/١/٣دا بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی:

لە ژمارە ٩ی گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)٢٠٠٢دا چەند لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ وێنەی تەواوی ژمارە(١)، لە دوتویی فایلێك لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەتەوە.

* (**محەمەد ئەمین بۆزئارسلان**)، بە یارمەتی (**مارتن ڤان برونسن**)، ئەو ڕۆژنامەیەی دۆزیوەتەوەو دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی تورکی، بە ناوونیشانی: **کرد تعاون و ترقی غزتسی- گۆڤارا کوردی- تورکی** (١٩٠٨-١٩٠٩)، ژمارەکانی کۆکردۆتەوەو لە (**سوید: وەشانخانا دەنگ**) لە ئاداری ١٩٩٨دا، دووبارە چاپی کردۆتەوە.

* **وەك دەبینن ئارسلان ئەو ڕۆژنامەیەی بە گۆڤار پێناسە کردووە، دوای ئەو هەندێ لە نووسەرانی دیکەش هەمان پێناسەیان کردووە، پێم وایە ئەوەش لەبەر ئەوەبووە کە ڕۆژنامەکە چوار لاپەڕە بەرگی هەبووە، دیارە ئەو بۆچوونەش لەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی جێبەجێ نابێت، چونکە کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤاری دیکەی کوردی هەن لەم ڕێچکەیە لایان داوە.**

## شرق و کردستان

**ڕۆژنامە**

**١٩٠٨**

**لێپرساو:** ئەحمەد شەریف هەرسەکلی.

**سەرنووسەر:** بەدرێی مەلاتیەیی.

**پێوانە:** (   ) سم و ٤ لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبوڵ.

**زمان :** تورکی عوسمانی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

**تێبینی:**

## پەیمان

**ڕۆژنامە**

**١٩٠٩**

هر هفته پازار ارتسی گونلری نشر اولنور مستقل الأفكار عثمانلي غزتەسيدر

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی عەسکری سەربەخۆی عوسمانییە ڕۆژانی دوو شەممە دەردەچێ.

**صاحب امتیازو مدیر مسئول:** میری کاتب زادە شکری.

**سر محرر (سەرنووسەر):** ع.باقی.

**پێوانە:** (٣٧×٢٥)سم و ٣ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** (ولایەت مطبعە سی) لە دیاربەکر.

**زمان:** تورکی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە(١)ی لە (١٥)ی حوزەیرانی ١٣٢٥(١٩٠٩)دا دەرچووە.

-ژمارە (١٢)ی لە ٥ی تەمموزی ١٩٠٩دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:** تەنیا لە ژمارە (١٢)یدا خوتبەیەکی بەزمانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە پێناچێ ڕۆژنامەکە کوردی بووبێ، بەڵام وادیارە لەسەر ئەم وتارە بووە، لای نووسەرانی دیکە ، بە ڕۆژنامەیەکی کوردی حیساب کراوە، بە هەرحاڵ بەسەرکردنەوەی ژمارەکانی دیکەی ئەم ڕۆژنامەیە پێویستە، هەفتەنامەی(پەیمان)یش کە لە ١٩٩٤ـەوە، لە دهۆك دەردەچوو، بەناوی ئەم ڕۆژنامەیە کراوەتەوە.

## سەربەستی

**ڕۆژنامە**

**١٩١٢**

**خاوەنی:** مەولان زادە ڕەفعەت.

**زمان:** تورکی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

هەواڵنامەی کتێب

تێبینی:

(فاروق عەلی عومەر)، لەنامەی ماستەرەکەیدا، وای بۆ چووە لەم رۆژنامەیەدا( جەلادەت عالی بەدرخان) جێگری سەرنوسەر بوویێت.

بەهەر حاڵ خاوەنی رۆژنامەکە، لە ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٢دا، یەك لە کەسەیایەتییە چالاکەکانی بزووتنەوە یکوردایەتی بووە.

## کوردستان... خۆی

**گۆڤار یان رۆژنامە**

**١٩١٣**

لە بارەی ئەم بلاوکراوەیە، زانیارییەکان پچرپچڕن، نووسەر هەیە بە گۆڤاری داناوەو، هی دیکەش بەرۆژنامە، لای (نوری عەلی ئەمین) بەرۆژنامە دانراوەو وا پێناسەی کردووە:

**(مانگێ جارێ لە -ورمێ- لە کوردستانی بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو لە لایەن دەستەیەك لە کوردانی خوێن گەرمی ئەو ناوچەیە دەرئەهێنرا، وە لەلایەن- عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان-ەوە ئەبرا بەرێوە. بەلام کە عەبدولڕەزاق بەگ گیراو نێردرا بۆ روسیایقەیسەری رۆژنامەکە لە دەرچوون وەستا، بەلام کە (سمکۆ)ورمێی گرتەوە دووبارە دەستکرایەوە بە دەرهێنانی گەرچی زۆریش نەژیا).**

(**محەمەد تۆفیق وردی**)یش هەر بە رۆژنامەی داناوەو ساڵی( ١٩١٣-١٩١٤)ی لە تەك ناوەکەی داناوەو وای نیشان داوە کە:

**(لەلایەن کۆمەڵێك لە لاوانی کوردستان، لە شاری "ورمیە- رضائیة" دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی خوالێخۆشبوو- عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان بووە. لە نووسینا چەند لاوێکی خوێندەوارو یەکێك لە پیاوە ماقولانی "سابلاغ- مەهاباد" یارمەتی دەدا).**

لە بارەی زانیارییەکانی دیکە، ئەویش هەمان بۆ چوونی نووسەری پێشووی هەیە.

هەرچی (**جەبار جەباری**)یە پێی وایە:

**(رۆژنامەیەکی کوردی و تورکییە لە ساڵی ١٩٠٨** دەرچووە).

سەرچاوەی زانیارییەکانی (**جەمال خەزنەدار**)یش، لەبارەیەوە، لە (**عەلائەدین سجادی**)و (**محەمەد تۆفیق وردی**) تێنەپەڕاندووە، بەلام ئەوەی یەکەمیان کە نووسەر بۆ خۆی کردوویەتییە سەرچاوە، لە چاپی دووەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)، هەر باس نەکراوە، بە پێچەوانەی نووسەری دووەمیش ( **خەزنەدار**) بلاوکراوەکەی بە گۆڤار داناوە.

بەلام بەپێی نوێترین زانیاری، کە لەلایەن( **سەید عەبدوللای سەمەدی** )، لە ساڵی ١٩٩٩دا بلاوکراوەتەوە، دەبێ گۆڤار بووبێ و لە ساڵی ١٩١٣دا لە شاری خۆی و هەر بەناوی (**خۆی**)یش دەرچووبێ ، ئەوەتا ناوبراو نووسیویە:

**" هەندێ سەرچاوەی ئەو گۆڤارەیان بە-کوردستان- ناوبردوەو زانیارییەکانیش لەو بابەتەوە یەکتر ناگرنەوە".**

دواتر، لەم بارەیەوە، نووسەر ئاماژەی بەناوی چەند نووسەرێك کردووە، لەوانە: " ئەحمەد شەریفی" و "عەلائەدین سوجادی"، ئینجا باسی ئەوەی کردووە (**د.کەمال مەزهەر**) لە کتێبی (**کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا**) نووسیویە:

"**عەبدولڕەزاق بەدرخان**" لەساڵی ١٩١٣دا لە شاری -خۆی- کۆمەڵێکی رۆشنبیری دامەزراندو نیازی بوو چاپخانەیەکیشی بۆ دابنێ و رۆژنامەیەکی بەناوەوە دەربکاو لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا چەند قوتابخانەیەکیش بکاتەوە).

بەرای ئێمە ئەو زانیارییانە بەلگەی وردتری دەوێت، بەلام دەبێ ئەوەندەش بلێین هەر کات زانرا سمکۆ کەی ورمێی گرتۆتەوە، ئەوسا تێدەگەین جگە لەو

بلاۆکـراوەی سمکـۆ بـەناوی (کـورد) دەری کـردووە، بلاۆکــراوە یــەکی دیکــە بــەناوی **(کوردســتان)** عەبدولڕەزاق بەدرخان دەرکردووە، یان نووسەران ناوی ڕۆژنامــە **(کــورد)** یــان لەگــەڵ ئــەو بلاۆکــراوەی **(کوردستان)**ی عەبدولڕەزاق بەدرخان لێ تێك چووە.

## ڕۆژی کورد
## ( روژ کرد )
## گۆڤار
## ١٩١٣

شیمدیلك ایده بر نشر اولونور.

**صاحب امتیازو مدیر مسئوول:** عەبدولکەریم

**پێوانە:** (١٨×٢٤)سم و ٣٦ لاپەڕەبووە

**چاپخانە:** حقوق مطبعە سی، اجتهاد، محمودبك، رملی کتاب.

**زمان:** تـورکی، کـوردی (زاراوەی کرمـانجی باشـوورو باکور).

**ڕێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکـان:** هــەموو ژمارەکــانی، مانگانــە لــە ئەستەمبول دەرچووە.

- عدد ١، جلد ١، ١٤ رجب سنە ١٣٣١(٦ حزیـران ١٣٢٩).
- عدد ٢، جلد١، ١٤ شعبان سـنە ١٣٣١ (٦ تموز ١٣٢٩).
- عــدد٣، جلـد ١، رمضـان ١٣٣١(١١ اغسـطس ١٣٢٩).
- عدد ٤ ،جلد ١، ١٠ شوال ١٣٣١ (٣٠ اغسـطس ١٣٢٩).

**تێبینی :**

ڕۆژی کورد ١٩١٣، بلاۆکردنەوەو پێشەکی لـە سـەر نووسینی: جەمال خەزنەدار، زنجیرە (٣)ی ژیاندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی، بەغدا ١٩٨١.

ـ ڕۆژی کورد و شەفەق لە تۆماری زانستی و بیرەوەری دا د.مـارف خەزنـەدار، گۆڤـاری ڕۆژی کوردسـتان، ژمـارە ٥٤، ئـاداری ١٩٧١، ل٣٧ــ٤٢ ـ ئەرشـیفی ڕەفیق صالح.

* ئــەو سەرچــاوانەی ســەرەوە پێیــان وابــووە، **(عەبدولکــەریم)**ی، خــاوەنی گۆڤارەکــە، (کــەریم ڕۆستەم)ی ناسراو بە **(کەریم شـالون)** بـووە. کـە لـە ساڵی ١٩٢٦دا ڕۆژنامەی **(بانگی کوردستان)**ی لەگەڵ **(مستەفا یاملکی)** لە بەغدا دەرکـردووە، بـەلاّم بـەم دواییــە لێکۆڵینــەوەی دیکــە ئاشــکرایان کــردووە، خاوەنەکــەی **(عەبدولکــەریم حــاجی عەبــدوللاّی کەرکوکلی زادە)** بووە، کە لـە سـەرەتای بیسـتەکان حاکم مونفەریدی کەرکووك بووەو، دواتر بـە هـەمان پلە گوازراوەتەوە سلێمانی.

* بەیارمەتی کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران تەواوی دەقە تورکییـەکانی ڕۆژی کـورد کراوەتـە کـوردی و دەقـە کوردییە کۆنەکانیش هێنراونەتە سەر ڕێنووسی نـوێ، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیـەکی تێروتەسـەلدا، بـەم زووانـە دەخرێتە ژێر چاپ.

- بنۆڕە : عەبدولا زەنگەنە، **ساخکردنەوەی ناسنامەی خاوەنی ڕۆژی کورد**، رامـان (گۆڤـار) ، ژمـارە ٥٦ی ٢٠٠١/٥/٢ هەولێر.

## یەکبوون
## گۆڤار
## ١٩١٣

**زمان:** تورکی و کوردی(زاراوەی کرمانجی باکوور).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمــارە١ی لــە ٩ی ایلــول ١٣٢٩ (١٩١٣)دا دەرچووە.
- ژمــارە ٢ی لــە ١٩ی ایلــول ١٣٢٩(١٩١٣)دا بلاۆکراوەتەوە.

-ژمــــارە ٣ی لـــە ٣٠ی ایلـــول ١٣٢٩ (١٩١٩)دا بلاۆکراوەتەوە.

**تێبینی:**

ئەو بلاۆکراوەیە وادیارە دوای وەستانی (**رۆژی کـورد**) دەرچووە، پێنج بابـەتی (**محەمــەد ســالح بــەدرخان**)ی باوکی (**رۆشن بەدرخان**)ی تێدا بلاوکراوەتەوە، نازانرێ چەند بابەتی کـوردی تێـدا بلاۆکراوەتـەوە، بەقسـەی (**تەحســین ئیــبراهیم دۆســکی**) بـێ، دەبـێ ئـەم بلاۆکراوەیەش، تەبای (**رۆژی کورد**)و (**هەتاوی کورد**) لــە لایــەن (**کۆمەڵــەی هێڤــی فــەقێیانی کــورد**) دەرچووبێت.

## هەتاوی کورد

## (هتاو کرد)

گۆڤار

١٩١٣

**شیمدیلك أیده بر نشر اولونور**

**صاحب امتیازو مدیر مسئول:** بابان عەبدولعەزیز

**پێوانە:** (٢١،٥× )سم و (١٦،٣٢)لاپەڕە.

**وێنە:** هەیە.

**چاپخانە:** ژمارە ١ـ٣ رسملی کتاب، ئەوانی دیکە نجم استقبال.

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆل.

**زمان:** تورکی، کوردی(**کرمانجی خواروو و سەروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لـە ٢٣ ذي القعدة ١٣٣١ (١١تشـرینی الاول ١٣٢٩)دا دەرچووە.

-ژمارە ٢ی لە ٤ محرم الحرام ١٣٣٢ (٢١ تشرین ثانی ١٣٢٩)دا بلاۆکراوەتەوە.

-ژمـــارە ٣ی لـــە (١٠کـــانوون شـــانی ١٣٢٩)دا بلاۆکراوەتەوە.

- ژمـارە (٤ـــ٥) ی لـە ٢٧ جمـادی الاخـر ١٣٣٢ (١٠مایس ١٣٣٠) دا بلاۆکراوەتەوە.

-ژمـارە ١٠ ی لـە ٩ شـعبان ١٣٣٢ (٢٠ حزیـران ١٣٣٠) دا بلاۆکراوەتەوە.

**تێبینی:**

کاتی خۆی نزیکـەی ١٥ لاپـەڕەی ژمـارە(٣)ی ئـەم گۆڤارە لە کتێبخانەی زانکۆی دهـۆك هـەبوو، بـەڵام بەداخەوە نەماوە، جا نازانم یـەکێك دەسـتدرێژی بـۆ کردووە، یان وەکو کچـێکی کارمەنـدی کتێبخانەکـە پێی گوتوم، لەوانەیە خۆیـان لەگـەڵ هەنـدێك کۆنـە کاغەزی دیکە لەناویان بردبێت.

* خــەریکین بەشــە تورکییەکــەی ئــەم کۆڤــارەش وەردەگێڕینــە ســەر زمــانی کــوردی، تــا لەگــەڵ لێکۆڵینەوەیەك تێروتەسەل چاپی بکەینەوە.

## بانگی کورد

## (بانك کرد)

کۆڤار

١٩١٤

**(١٥ رۆژ جارێك)**

مسـلکمزلە متناسـب مقـالات نافعەیـە سـتونلرمز أچیقدر، شمدیلك اون بش گوندە برنشر اولنور

**صاحب امتیازو مدیر مسئولی:** جەمالەدین بابان.

**وێنە:** نییە.

نرخ: ٢٥ قروش.

**پێوانە:** (×)سم و (×)سم و ٢٤لاپەڕە.

**چاپخانە:** ئاداب.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** تورکی، کوردی (زاراوەی **کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە١ی لە ٢٦ی کـانون ثـانی ١٣٢٩ (١٢ ربیـع الاول ١٣٣٢)دا دەرچووە.

-ژمارە٢ی لە ١٥ی شباط ١٣٢٩ دا بلاۆکراوەتەوە.
-ژمارە٣ی لە ١ی مارت ١٣٣٠ دا بلاۆکراوەتەوە.
-ژمارە٤ی لە ٢٤ی مارت ١٣٣٠ دا بلاۆکراوەتەوە.

عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی لە کتێبی **(تأريخ الصحافة العراقية)**دا، بەشی یەکەم، چاپی سێیەم، بەغدا-١٩٧١، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

**کوردستان**

**حەلەب**

ژمارە یەکی ساڵی ١٩١٥ (؟)

**(د. کەمال مەزهەر)** لە کتێبی تێگەیشتنی راستیدا هەرئەوەندە زانیارییەی لە بارەوە داوە، سەرچاوەکەشی **محەمەدی مەلا کەریم** بوو.

**ژین**

**گۆڤار**

**١٩١٦**

**(جەمال خەزنەدار)** بە پاڵپشتی زانیارییەکانی **(محەمەد تۆفیق وردی)** نووسیویە:

**(گۆڤارێکی نیو مانگی بووە، بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی لە شاری قاهیرە، لەلایەن سورەیا بەگ بەدرخانەوە دەردەهێنرا).**

پاشان دەنووسێ :

**(گوایە ئەم گۆڤارە بەردەوامی رۆژنامەی کوردستان بووە)**، لە پەراوێزیشدا ئاماژەی بە وتارێکی ناوبراو بەناونیشانی **(رۆژنامەگەری لە کوردستان)**داکردووە، بەلاّم کە گەراینەوە سەر سەرچاوەی ناوبراو، دەبینین بەهیچ شێوەیەك باس لەوە ناکا بەزمانی عەرەبی دەرچووبێ.

لەلایەکی دیکەوە، ئێمە پێمان وایە،ئەگەر **(سورەیا بەگ)** گۆڤارێکی وای بلاوبکردبایەوە، بێگومان وەکو رۆژنامەی **(کوردستان)**ی، ساڵی ١٩٠٨ ئاماژەیەکی بۆ دەکرد.

**ژین**

**گۆڤار**

**١٩١٧**

**کوردستان**

**(كردستان)**

**رۆژنامە**

**١٩١٧**

پازدە رۆژا جارەکی دەردکەفیت قنجیا کرمانجارە دیخەبتت جریدەیی کرمانجایا

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (١) غروش.

**پێوانە:** (٢٨،٥×٤١)سم و ٤ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** ابي الهول / قاهیرە.

**زمان:** تورکی، کوردی (زاراوەی **کرمانجی سەروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە١ی لە ١٥ی ذي القعدة ١٣٣٥ / (١٢ ایلول ١٩١٧)دا دەرچووە.
- ژمارە ١١ی لە ١٥ ربیع الثاني ١٣٣٦ (٢٨ کانوونی دووەم ١٩١٨) دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

د.کەمال فوئاد، هەروەکو چۆن بە ناوونیشانی **(کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی)** رۆژنامەی دایکی چاپ کردۆتەوە، دوای ئەوەی بەهۆی پێشمەرگەیەکی کوردستانی باکوور بەناوی (نەجۆ) ١١ ژمارە لەم رۆژنامەیە چنگ کەوت، ئەم رۆژنامەیەش وەك دوورەی سێیەمی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەهەمان ناوونیشانی پێشوو لەساڵی ١٩٩٨ دا چاپ کردووە.

ـ لە ژمارە کۆڤارە رەنگین ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە.

## تێگەیشتنی راستی

رۆژنامە

١٩١٨

رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادیمی یەکبوون و سەربەستی کوردانە.

**خاوەن:** دەسەڵاتداریێتی ئینگلیز پاش داگیرکردنی بەغدا دەریان کردووە.

**سەرنووسەر:** بەپێی رای د. کەمال مەزهەر هەریەك لە مێجەرسۆن و شوکری فەزلی رۆڵیان لە دەرکردنی هەبووە، کەچی س.ج. ئەدمۆندز. لە بیبلیۆگرافیای کوردی باشوور(١٩٢٠_١٩٣٦)دا ئاماژەی بۆ ناوی کردووە کە سەرنووسەری بوون.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:**

**پێوانە:** (٣٦×٢٤)سم و ژمارە (١-٢٠) ٢ لاپەڕە، ژمارە(٢١-٦٧)چوار لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو).**

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا دەرچووە.

- ژمارە ٦٧ی لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٩دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

کاتی خۆی، **(ئەنستاس ماری کەرمەلی )** لە بەغدا، تەواوی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەی، پێشکەش بە کتێبخانەی مەتحف کردبوو، **(د.کەمال مەزهەر)**یش، سوودی لێ وەرگرتبوو ئەو کتێبەی لێ بەرهەم هێنا کە بەناوونیشانی **(تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا)** بوو، دواتر کۆڕی زانیاری کورد لەساڵی ١٩٧٨ لە بەغدا بۆی چاپ کرد.

ئەم رۆژنامەیە لەکاتی گواستنەوەی لە کتێبخانەی مەتحەف، بۆ کتێبخانەی نیشتمانی، یان دواتر، فەوتاوە. بە قسەی **(محەمەدی مەلا کەریم)**بێ، وێنەیەکی فۆتۆکۆپی، لە کتێبخانەی **(مەلا جەمیلی رۆژبەیانی)** هەبووە، وادیارە دوای مەرگی ئەویش تیاچووە.

جارێکیان لە **(د.کەمال** مەزهەر)م پرسی، بۆچی ئۆریژناڵەکەی رۆژنامەکەت چاپ نەکردۆتەوە، یان فۆتۆکۆپیت نەکردووەو لای خۆت نەتپاراستووە، وای وەڵام دامەوە کە ئەوسا فۆتۆکردنی ئەوەندە ئاسان نەبووە..!!

## ژین

**(حیات)**

گۆڤار

١٩١٨

دین، ادبیات، اجتماعیات و اقتصادیاتدن بحث ایدر تورکچە کوردجە مجموعەدر

**مدیر مسئول:**

١- هەمزە بەگ موکسی، ژ (١-٢٠).

٢- مەمدوح سەلیم بەگ، ژ (٢١- ... ؟).

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** ٥ غروش.

**پێوانە:** (٢٣,٧×١٦,٥)سم و (١٦ـ٢٤)لاپەڕە.

**چاپخانە:** نەجم ئیستیقبال.

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆڵ.

**زمان:** تورکی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور و باشور**).

**رێنوس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا دەرچووە.

- ژمارە ٢٥ لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

**(محەمەد ئەمین بۆزئارسلان)** لەساڵی ١٩٨٠ەوە ٢٥ژمارەی لەم کۆڤارە لە ٥ بەرگدا لە ئۆبسالای سوید چاپ کردۆتەوە.

لە ژمارە (٦-٧)ی ٢٠٠٢ ڕۆژنامەڤانی(کۆڤار)دا، دۆسییەکی تایبەتی لە بارەی (ژین) بڵاوکراوەتەوەو لەویدا سەلمێنراوە کە باس لە ژمارە ٣٤ دەکات، لە مارسی ١٩٢٠دا دەرچووە.

## کوردستان
**(کردستان)**

**گۆڤار**

**١٩١٩**

گۆڤارێکی سیاسی، ئیجتماعی، ئەدەبی، عیلمی، هەفتانەیە

**خاوەن ئیمتیاز:** محەمەد میهری.

**سەرنووسەر:** محەمەد شەفیق ئەرواسی زادە.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** ٥ قروش.

**پێوانە:** (٢٢،٥×٣٣،٢)سم و ١٢ لاپەڕەیە، سەرجەم لاپەڕەکانی هەر ١٩ ژمارەکە ٢٥٦لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** نەجم ئیستیقبال.

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبوڵ.

**زمان:** تورکی، کوردی **(زاراوەی کرمانجی باشوورو باکوور)**، فارسی، عەرەبی و فەرەنسی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە١ی لە ٣٠ کانوونی ثاني ١٣٣٥(١٩١٩) ٢٨ربیع الاخر ١٣٣٧دا دەر چووە.
- ژمارە ١٩ ی لە ٢٧ ئادار / ٧رجب ١٣٣٨ دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

*(د. فەرهاد پیربال)* لەساڵی ١٩٩٨دا چەند ژمارەیەکی لەم گۆڤارە بە ناونیشانی **(گۆڤاری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٠)** بەهاوکاری دەزگای گوڵان چاپی کردۆتەوە.

- ١٩ ژمارەی ئەم گۆڤارە لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری عێراق هەبوو.

## ژین
**(حیات)**

**ڕۆژنامە**

**١٩٢٠**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی، عیلمی هەفتانەیە

**خاوەنی:** مەمدوح سەلیم.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** ٢ غروش.

**پێوانە:** (٥٨×٤٢)سم و ٢لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەنبوڵ.

**زمان:** تورکی ، کوردی **(زاراوەی کرمانجی باکور)**.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- تەنیا ژمارە ٣٦ی لەبەر دەستدایە، لە ٤ی شەوالی ١٣٣٨ـ ٢١حزیران ١٣٣٦-١٩٢٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هەتا ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئەو ژمارە (٣٦)ەی ڕۆژنامەکە تەواوکەری گۆڤاری (ژین) بووە، یان ڕۆژنامەیەکی دیکەی سەربەخۆو لە ژمارە (١)ەوە دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوە، بەتایبەتی هەندێ سەرچاوە هەن، باس لەوە دەکەن گوایە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو بێت. بەهەرحاڵ ئەوە ڕۆژنامەی دوای دووبەرەکی **(جەمعیەتی تەعالی کوردستان)**ە، کە **(ئەمین عالی بەدرخان)**و **(مەمدوح سەلیم)**و ڕۆشنبیرانی دیکە، لەسەر دوانێکی (شێخ

**عەبدولقادری نـەهری)** کـە گوتویـە نەتـەوەی کـورد سـەربەخۆیی ناوێـت و لـە دەوڵـەتی عوسمـانی جیـا نابێتـەوە ، لـە کۆمەڵەکـە جیابوونەتـەوەو **(کـرد تشکیلات اجتماعیه جمعیتی)**یان دامەزراندووەو ئـەو ڕۆژنامەیان دەرکردووە.

## پێشکەوتن

## ( پێشکەوتن سلێمانی )

**ڕۆژنامە**

**١٩٢٠**

هەفتەی جارێك دەردەچێت

**خاوەنی:** ستافی سیاسی بەریتانی دەری کردووە.

-ژمارە (١-٤٥)- مێجەرسۆن.

-ژمارە (٤٦-١١٨) - گۆڵد سمیث.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (١)ئانە.

**پێوانە:** (٢١×٣٣)سم و جگە لـە ژمارەکـانی ( ) ئەوانی دیکە ٤ لاپەڕە بووە.

**چاپخانە:** حکومەت، لە سلێمانی.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خوارو)**.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ١١٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە١ی ساڵی ١ لە پێنج شـەممەی ١١ی شعبان ٢٩/١٣٩٨ ابریل ١٩٢٠دا دەرچووە.

- ژمارە(١١٨)ی لـە پێـنج شـەممەی ٢ی ذي الحجة ١٣٤٠/ ٢٧ جولای ١٩٢٢ دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

سەرجەم ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لـە ئامـادەکردنی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتارو سیروان بەکر سامی، بەناوونیشـانی **(پێشـکەوتن یەکـەمین ڕۆژنامــەی سـلێمانی ١٩٢٠-١٩٢٢)**، لەلایـەن وەزارەتـی ڕۆشـنبیری لەسـاڵی ١٩٩٨دا لـە هـەولێر چـاپ کراوەتەوە.

- پێشتر هەندێ سەرچاوە باسیان لـەوە دەکـرد کـە مستەفا پاشا یاملکی دەستی لە دەرکردنی هەبووبێ، دیارە ئەو بۆچوونە هەڵەیە.

## ( ڕۆژی کورد –شەوی عەجەم )

## ( ڕۆژی کورد )

## کورد

**ڕۆژنامە**

**١٩٢٢**

ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی، ئـەدەبی، ئەخبارییـە، سەرمەقالی تەرجەمـە دەکـرێ بەفارسـی دەینووسـێ کوردێك بۆ هەموو کوردان

**خاوەنی:** محەمەد تورجانی زادە.

**چۆنیەتی دەرچوونی:** هەفتانە.

**پێوانە:** (؟) سم و ٤ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** غیرەت.

**شوێنی دەرچوون :** ورمێ.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خوارو، موکریانی)**، فارسی/ تەنیا سەروتار.

**ڕێنووسی:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمـارە ١ی سـاڵی ١، ذولقعـدە ١٣٤٠ (**تەمموزی**١٩٢٢)دا دەرچووە.

**تێبینی:**

وەکـو دەبینین لەسـەرەوە ئێمـە سـێ ناومـان بـۆ ڕۆژنامەکە داناوە، دیارە بەپێی لێکدانەوەو بۆچـوونی سەردەم ، ناوی**(ڕۆژی کورد- شەوی عەجـەم)**کـەمێك ناخۆش دێتە سەرزاران، بەمەبەستی سـاخ کردنـەوەی ئەم ناوانە با هەڵوەسـتەیەك لـە بارەیـەوە، لـە مـەڕ بۆچوونی نووسەرو توێژەرانی دیکە بکەین، تابزانین دوا ناوی ڕۆژنامەکە چۆن دەکەوێتـەوە؟

**(عەلائدین سجادی)** لەژێر ناونیشانی**(کـورد)** دا لـەم بارەیەوە نووسیویە:

(ڕۆژنامەیەکی کوردی و زمان حالّی سمایل ئاغای سمکۆ بووە، لە ١٩٢١ لەشاری ورمێ دەرچووە، تەنها سێ چوارژمارەی لێ دەرچوو لە وە دوا پەکی کەوت).

(جەبار جەباری)ش دەڵێت:

( لەسالّی ١٩٢١ سمایل ئاغای سمکۆ شانبەشانی شۆڕشە نەبەزەکەی لەناوچەی ورمیە هەڵسا بەدەرچواندنی ڕۆژنامەیەکی کوردی بەناوی "کورد"ەوە، ئەویش بەهۆی ئەو چاپخانەی کە لەلایەن کەشیشەکانەوە بۆی بەجێ مابون، بەو جۆرە خەباتی پیرۆزی کوردایەتی رۆژ بە رۆژ لەپێشکەوتنا بووە وچەکی خامەو چەکی گوللەی بیر شانبەشانی یەکتری لەسەر مەیدانی شۆڕشگێڕدا لەخەبات کردنا بوونە).

هەرچی (جەمال خەزنەدار)ە، باسی ئەم رۆژنامەی هەر نەکردوە .

(د. کەمال مەزهەر)یش لە ژێر ئەم سێ ناوەی سەرەوەدا نووسیویەتی :

(ئۆرگانی بزوتنەوەی سمکۆ بوو، زوو ناوەکەی گۆڕی بە"ڕۆژی کورد" وئینجا تەنها بوو بە(کورد)، بەپێی ڕوداوەکانی بزووتنەوەی سمکۆ دەبێ سالّی ١٩٢١ دەرچووبێ. چەند ژمارەیەکی کەمی دەرچووە، سەروتاری ژمارەکانی بە فارسیش بلاّودەکرایەوە بەرپرسیاری محەمەد تورجانی بووە، لەچاپخانەی غیرەت- چاپ دەکرا).

ئەگەر ئەو زانیارییانەی سەرەوە بەپێی بیرەوەری هەندێ کەس نووسرابێتەوە، ئەوا(هێمن)ی شاعیر بە پالّپشتی کتێبێکی فارسی کە بە ناونیشانی "*أوضاع ایران در جنگ اول*" یا "*تأریخ رضائیة*" ، کە لە نووسینی "*محمد تمدن*" بووە، وێنەو کۆمەلّێك زانیاری لە ژمارە ١٧ی ڕێکەوتی ئەیلوولی ١٩٧٤ی گۆڤاری (بەیان)دا بۆ بلاّوکردووینەتەوە.

دوای ئەویش (د محەمەد صالّح ئیبراهیمی)، لە ژمارە ٩ی گۆڤاری"گرشەی کوردستان"دا، کە لە سالّی ١٩٨١دا لە تاران بلاّوکراوەتەوە، باسێکی دیکەی تێروتەسەلی لەسەر هەمان گۆڤار بلاّوکردۆتەوە، وا دیارە ئەویش ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەی چنگ کەوتووە کە لە مانگی ذي القعدة ١٣٤٠ی کۆچیدا بلاّوکراوەتەوە.

ئینجا (مەحمود زامدار) بە بەراورد کردنی نووسینەکانی ئەو دوو بەڕێزەو ئەوانەی پێشووتر لێکۆلّینەوەیەکی تێروتەسەلی بلاّوکردۆتەوەو زۆر لایەنی دیکەی ئەم رۆژنامەیەی روون کردۆتەوە.

دیارە (وریا جاف) و (ئازاد عوبێد)یش، بە پالّپشتی هەمان کتێب، باسی ئەم رۆژنامەیان کردووە. دوا زانیاریش هی (سەید عەبدولاّی سەمەدی)یە، کە لە ژمارەی ٤١ی ڕێکەوتی ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩گۆڤاری(ڕامان) دا لە بارەیەوە نووسیویەتی:

(هەوەلّ ژمارەی لە ذي القعدەی ١٣٤٠ "تەموزی ١٩٢٢" لە شاری ورمێ بەسەر پەرشتی: "مەلا محەمەدی قزلجی تورجانی زادە" بلاّوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە حەفتەی جارێك لەچوار پەڕەدا دەردەچوو، دروشمی رۆژنامەکە، بەنیشانەی یەکێتی، بریتی بووە لە دوو دەستی تەوقەکردوو ولەلای ژووری دروشمەکە نووسراوە: واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا).

(سەید عەبدولّلاّ) زیاتر نووسیویە:

" تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچووەو لە نێو رۆژنامە کوردیەکاندا بەزمان حالّی شۆڕشی سمکۆ ناوی براوە:"

دیارە ئێمە لێرەدا کە یەکەمین ژمارەمان دیار کردووە، گوایە لە تەمووزی ١٩٢٢دا بلاّو کرابێتەوە، پشتمان بە سەرچاوەو زانیاریەکانی ئەو زاتە بەستووە.

هەروەها (سەید عەبدولّلاّ )لەپەراوێزی بابەتەکەیدا زیاتر نووسیویەتی:-

(هەندێ ڕای تریش هەیە کە ژمارەکانی رۆژنامەی"کورد"تا پتر لە بیست دەست نیشان دەکا زۆریش واپێدەچێ کە لە چوار ژمارەی پتری لێ دەر چووبێ)

گوایا ***محمد تمدن*** نووسەری ***تأریخ رضائیة*** - زیدە لە ٢٠ژمارەی لەئەرشیفی خۆیدا پاراستووە، بەداخەوە سەرچاوە ئێرانیەکان لەم بارەوە زۆر لالووت ونابەدڵ لە پەخشە کوردیەکانی ئێران دوواون، یاهەر نەدوان.

**"عەلی دەهقان"** نووسەری کتێبی **"سر زمین زردشت"** کە باسی لە چاندو دیرۆکی ورمێ دەکا، لەباسی مێژووی رۆژنامەگەری ئەم شارەدا ئاماژەیەکیش بە رۆژنامەی **"کورد"** دەکات: رۆژنامەیەك بە زمانی کوردی بە سەرپەرشتی **"محەمەد تورجانی زادە"** لە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٢٢) لە ورمێ بلاو کرایەوە، کە ڕێبازەکەی سیاسی بوو وحەفتەی جارێك دەردەچوو).

لێرەدا واپێویست دەکات بەوانە بڵێین، کە لەبواری رۆژنامەنووسیی کوردی دا کار دەکەن و لە ئەرشیفی ناوەندی تاران نزیکن، محەمەدی مەلا کەریم بە ئێمەی گووتوە:

**(کاتێ خۆی حەسەن قزلجی لە یەك لە کتێبخانەکانی تاران کاری کردووە ، لەکاتی ڕێکخستنی ئەرشیفەکە، چەند ژمارەیەك لەم رۆژنامەی" کوردی"یەی بەر چاو کەوتووەو بەمەبەستی پاراستنی خستوویەتیە قەدی رۆژنامەیەکی دیکەی تورکی یان فارسی).**

## بانگی کوردستان
## (بانك كردستان)

رۆژنامە

**١٩٢٢**

علمی، اجتماعی، ادبی، غزتەییکی حرو سەربست و مللییە (ژمارە ١-١٤)

غزتەیکی سیاسی أدبی و فنی یە هەفتەی جارێك دەرئەچێت (ژمارە ١٤/١/-٣/١٤)

**صاحب امتیاز و مدیر مسئول:** مصطفی پاشا.

**مدیر مسئول و سەرمحرر:** محرر کوردی و فارسی: عەلی کەمال و م. نوری ژمارە(١٤٠١).

**مدیر مسئول و سر محرر:** مستەفا ئاشا یاملکی.

**محرر:** مصطفی شوقی.

**مدیر ادارە:** (کەریم رۆستەم) ژمارە ١/١٤-٣/١٤ .

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** ١ ئانە.

**پێوانە:** (٢٢×٣٤)سم و ٦لاپەڕەیە ژ(١-١٤)،(٢٢×٢٥،٥١) گرێ و ٤ لاپەڕەیە(١/١٤-٣/١٤).

**چاپخانە:** حکومەت ( ئەوانەی سلێمانی)، دارالسلام ( ژمارەکانی بەغدا).

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو)**، تورکی، فارسی .

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** بەهەردوو خولی سلێمانی و بەغدا تەنیا ١٧ ژمارەی لێ دەرچووە.

**دەورەی یەکەم:**

-ژمارە ١ی لە ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٢دا دەرچووە.

-ژمارە ١٣ی لە ٣ی تشرینی پانی/ ١٩٢٢ دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە ١٤ی لە ٨ حوزەیرانی ١٩٢٣ دا بلاوکراوەتەوە.

**دەورەی دووەم:**

ژمارە ١\١٤ی لە ٢٨ی کانوون الثاني ١٩٢٦دا دەرچووە.

ژمارە٣\١٤ لە ١ی نیسانی ١٩٢٦ دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هەموو ژمارەکانی، ئەم رۆژنامەیە، بە ناوونیشانی **(بانگی کوردستان ١٩٢٢ ـ ١٩٢٦)** لەلایەن جەمال خەزنەدار ئامادەکراوەتەوەو، لەساڵی ١٩٧٤دا لەلایەن بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری کوردی دووبارە لەبەغدا چاپ کراوەتەوە.

## ڕۆژی کوردستان
## ( ڕۆژ کوردستان )

ڕۆژنامە

١٩٢٢

سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزتەیکی ڕەسمی یە هفتە جارێك دردچی

**صاحب امتیاز و مدیر مسئول:** م. نوری.

**محرر:** عەلی کەمال.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (١)ئانە.

**پێوانە:** (٢٢×٣٤)سم و (٤)لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** حکومەت.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (١٦)ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە ١ی ساڵی ١ لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەرچووە.

-ژمارە ١٥ی ساڵی١ لە ٣ی مارتی ١٣٣٩(١٥ ص١٤١) بڵاوکراوەتەوە.

وەك دەبینن جوایەزییەك لەنێوان دوا ژمارەو تێبینیەکەی پێشوودا هەیە، کە نووسراوە (١٦)ژمارەی لێ دەرچووە.

ئەوەش لەبەر ئەوە بووە هەڵەیەك کەوتۆتە زنجیرەبەندی ژمارەکانی و ژمارە (٣) دووجاران دانراوە.

**تێبینی:**

جەمال خەزنەدار هەموو ژمارەکانی ئامادە کردۆتەوەو بەناوونیشانی (ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢ _١٩٢٣) ڕاگەیاندن، کارگێری گشتی ڕۆشنبیری کورد، لە بەغدا چاپ کراوەتەوە.

لە هەندێ لە کتێبخانە تایبەتییەکان هەموو ژمارەکانی پارێزراوە، لەوانە کتێبخانەی ممتاز حەیدەری و عوسمان شارباژێڕی و جەمال بابان.

## بانگی حەق
## ( بانك حق )

ڕۆژنامە

١٩٢٣

سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزتەیکی رسمیە لە قرارگاهی عمومی اردوی کوردستان طبع دکری غایەو املی استحصالی حقوق کوردانە.

**خاوەن:** قرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (٢١×٣٣) سمو (٢) لاپەڕە بووە.

**چاپخانە:** حکومەت.

**شوێنی دەرچوون:** ئەشکەوتی جاسنە/سورداش.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەفتانە دەرچووە.

-ژمارە ١ی پێنج شەممە ١١ی شعبان ١٣٤١ /٨ی مارت ١٩٢٣دادەرچووە.

- ژمارە٣ی پێنج شەممە ٢٦ شعبان ١٣٤١/١٢ی نیسانی ١٩٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە١ی پاشکۆیەکی هەبووە، ژمارە (٢)یشی چاپ نەکراوە و بە دەستنووسی ماوەتەوە.

**تێبینی:**

جگە لە ژمارە(٢)ی، هەموو ژمارەکانی دیکە لەلایەن (ڕەفیق ساڵح)ـەوە بەناوونیشانی (**سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر**) ئامادەکراوەتەوەو لەگەڵ دوو لێکۆڵینەوەی د. کەمال فوئادو سدیق ساڵح، دووبارە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری- سلێمانی، لە ساڵی ٢٠٠١دا چاپ کراوەتەوە.

## ئومێدی ئیستیقلال
## ( اومید استقلال )

ڕۆژنامە

١٩٢٣

سیاسی، ادبی، اجتماعی، غزتەیکی رسمی یە

**مدیر مسئول:** خواجه افندی زاده احمد صبری - ژ(١-٣).

**مدیر مسئول و سر محرر:** ڕەفیق حیلمی - ژ(٤-١٣).

**مدیر مسئول و سر محرر:** حسین نـازم - ژ (١٤-١٦) ژماره (١٧-٢٥).

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (٢٢×٣٤)سم و(٤)لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** حکومەت.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو).**

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژماره(١)ی ساڵی (١) لە پێنج شەممە ٢٠ی ئەیلوول ١٩٢٣/١٣٣٩دا دەرچووە.

-ژماره ٢٥ی ساڵی ١ لە پێنج شەممە ١٥ی مایس ١٣٤٠/١٩٢٤دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هەموو ژمارەکانی لەلایەن ڕەفیق ساڵح ئامادەکراوەو لە دوتوێی کتێبی**(سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر)**، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، د. کەمال فوئاد، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سلێمانی لەساڵی ٢٠٠١دا چاپ کراونەتەوە.

## ژیانەوە

رۆژنامە

١٩٢٤

غەزەتەیکی حکومەتییە هەفتەی جارێك دەردەچی - ژ(١-٢٥)

غەزەتەیەکی حکومەتییە هەفتەی دوو جار دەردەچێ - ژ(١٦-١٧)

غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعییە هەفتەی دوو جار دەردەچێ ژ(١٨-١٩)

غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعییە هەفتەی جارێك دەردەچێ ژ(٢٠-٥٦)

**خاوەن:** جەمیل سائب ژ(   ).

محەمەد ئەدیب عەبدولعەزیز ژ (   ).

**وێنە:** نییە.

نرخ: (١)ئانە.

**پێوانە:** (٢١×٥ر٣٢)سم، جگە لە ژمارە (   ) کە بە (٦) لاپەڕە دەرچووە، ژمارەکانی دیکە هەموویان بە (٤) لاپەڕە دەرچووە.

**چاپخانە:** حکومەت، هەندێ جار لە دوتوێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە، بەناوی (ژیانەوە)ش ناوی هێنراوە.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو).**

**ژمارەکان:** تەنیا ٥٦ ژمارەی لێ دەرچووە، (٣) پاشکۆی لەگەڵدا هەبووە، بە بڕیاری ڕەسمی ڕاگیراوەو ڕۆژنامەی**(ژیان)** لە شوێنی دا دەرچووە.

-ژماره ١ی ساڵی ١ی لە دوو شەممەی ١٧ی محەرەم ١٣٤٣(١٨ ئاغستۆس ١٩٢٤)دا دەرچووە.

-ژماره ٥٦ی ساڵی ٢ی لە پێنج شەممە ٢٨ جمادی اخر ١٣٤٤ (١٤ی کانوونی دووەم ١٩٢٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هەموو ژمارەکانی، لەلایەن عەبدوڵڵا زەنگەنە ئامادەکراوەتەوە، بە ناوونیشانی **(ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا)**، لەگەڵ پێشەکی د.کەمال مەزهەر، لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە هەولێر چاپ کراوەتەوە.

## دیاری کوردستان

**(هدیة کردستان)**

گۆڤار

١٩٢٥

هەفتەی جارێك بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەرئەچێ

**صاحب امتیازو مدير مسئول:** سالّح زەکی ساحب قران زادە.

**مدير ادارە:** رەشيد شەوقی.

**شوێنی دەرچوون :** بەغداد.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٦×٥ر٢٤)سم و (٢٢-٤٨)لاپەڕەبووە.

**چاپخانە:** دارالسلام، العصرية، الفرات، السريانية، الكاثوليكية.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی، باشوور**)، تورکی، عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١٦ ژمارەی لیّ بلاّوکراوەتەوە.

-ژمارە١ی لە ١١ی مارسی١٩٢٥دا دەرچووە.

-ژمارە١٦ی لە ١١ مایسی ١٩٢٦دا بلاّوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

ژمارە ئوریژنالّەکانی لە کتێبخانەی عەبدوللاّ زەنگەنەو محەمەدی مەلا کەریم و کتێبخانەی گشتی سلێمانی و چەند کتێبخانەیەکی دیکە دەست دەکەوێ.

- بەشێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێك دەرچووە.

- ژمارە (    )بەرواری دەرچوونی سەر دوو بەرگی لیّ دراوەو بەرواری دەرچوونەکانیان جیایە.

بەشە عەرەبییەکەی خەلەف شەوقی داودی نووسەری بووە.

- هەموو ژمارەکانی لەلایەن (رەفیق سالّح)، ئامادەکراوەتەوەو لەگەلّ لێکۆلّینەوەیەکی نەوشیروان مستەفاو سدیق سالّح، لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، دووبارە لە سلیمانی لە سالّی ٢٠٠١دا، چاپ کراونەتەوە.

## ژیان

رۆژنامە

١٩٢٦

غەزەتەیەکی سیاسی، أدبی، اجتماعی یە هەفتەی جارێك دەردەچیّ.

سەرنووسەر:

١-محەمەد ئەدیب عەبدولعەزیز ژ (١-٨١).

٢-عەلی عیرفان ژ (٨٢-٢٥٩).

٣-حسێن نازم ژ (٢٦٠-٣٢٠).

٤-حاجی تۆفیق- پیرەمێرد ژ (٣٢١-٥٥٣).

**وێنە:** نییە **تەنیا یەك ژمارەی وێنەیەکی هێلّکاری تێدا بلاّوکراوەتەوە).**

**پێوانە:** (٢٢×٣٤)سم، (٣٠×٤٥)سم، (    )سم و ٤-٦ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** حکومەت، بەلەدیە.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باشور**).

**رێنووس:** عەرەبی،( **لەسەردەمی پیرەمێرد بەمەبەستی فێربوون تاك و تەرا نووسینی بەلاتینیش تێدا بلاّوکراوەتەوە).**

**ژمارەکان:** ٥٥٣ ژمارەی لیّ دەرچووە.

-ژمارە ١ی لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا دەرچووە.

-ژمارە ٥٥٣ی لە ١٠مارتی ١٩٣٨دا بلاّوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**سەید حوسێن حوزنی موکریانی**)، لە ژمارە ٤٠٧ بەدواوە، دوای چاککردنەوەی چاپخانەکە، لەگەلّ (**پیرەمێر**)دا، بەشداری لە دەرکردنی چەند ژمارەیەك کردووە، هەر (**حوسێن حوزنی موکریان**)یش لەگەلّ (**محەمەد ئەمین یومنی**) کلێشەی ناوی رۆژنامەکەیان کۆلّیوە لە ژمارە (١٢)ـەوە تا ژمارە(٤٠٦)ی لەسەر رووی رۆژنامەکە ماوەتەوە.

- داخستنی رۆژنامەکە لەلایەن متەسەرف (**عەبدولمەجید یەعقوبی**)، هەندێك دەلّێن لەبەر یادکردنەوەی جەژنی (**نەورۆز**)بووە، رقی لە (**پیرەمێرد**) هەلّگرتووە، هی دیکەش هەیە دەلّیّ لەبەر بەکارهێنانی رێنووسە لاتینییەکەی بووە.

- رەفیق سالّح (٨١)ژمارەی سەردەمی محەمەد ئەدیب عەبدولعەزیزی ئامادەکردۆتەو لەگەلّ لێکۆلّینەوەیەکی

سدیق سالح بەناوونیشانی (**رۆژنامەی ژیان** ژ١-٨١) لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەساڵی ٢٠٠٢دا، لە سلێمانی چاپ کردۆتەوە.

## زاری کرمانجی

**(زارکرمانجی)**

کۆڤار

١٩٢٦

گۆوارێکی اجتماعی، تاریخی، فنی، ئەدەبی کوردییە مانگی جارێك دەرئەچێ

**خێوی و مدیری:** سەید حسێن موکریانی.

**مدیر ادارە:** عەبدولڕەحمان گیو (ژ١-١٦).

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** ئابوونەی ساڵانەی ١٢ روپیێ.

**پێوانە:** (٥ر٢٠×٢٨)سم و (١٢-٢٤)لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** زاری کرمانجی.

**شوێنی دەرچوون:** ڕەواندز.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو- سەروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە١ی لە ١٢ی ذی القعدة ٢٤/١٣٢٤ مایس ١٩٢٦دەرچووە.

-ژمارە ٢٤ی لە ٢٣ی تەموز ١٩٣٢دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان وا بۆ کردووە، گوایە دوا ژمارەی لە ٣٠ تەمموزی ١٩٣٢دا دەرچووبێ، سەرچاوەی دیکەش نووسیویانە ٣٠ ژمارەی لێ دەرچووە، دیارە ئەوە هەڵەیەکی زەقە، بەسەر هەندێ لەسەر نووسەراندا تێپەڕ بووە.

بەرواری میلادی لەسەر رووی یەکەم ژمارەی کۆڤارەکە نەنووسراوە، بۆیە لەکاتی گۆڕینی بەرواره هیجریەکە بۆ میلادی، تا ئەم دواییە نووسەر و توێژەران دەیاننووسی گوایە ٢٥ی مایسی ١٩٢٦دەرچووبێ، بەڵام لە راستیدا وەکو ئێمە لێرەدا نووسیومانە رۆژەکە رێکەوتی ٢٤ی مایس دەکات.

- هەموو ژمارەکانی ئەم کۆڤارە لەلایەن (**د. کوردستان موکریانی**) ئامادەکراوەتەوەو پێشەکی بۆ نووسراوە، بەناوونیشانی (**زاری کرمانجی یەکەمین کۆڤاری شاری رەواندز**) لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی لەساڵی ٢٠٠٢دا دووبارە لە هەولێر چاپ کراوەتەوە.

- دۆسێیەکی تایبەت، لەبارەی (**زاری کرمانجی**) و ژیانی خاوەنەکەی لە ژمارە(٩)ی هاوینی ٢٠٠٢ی کۆڤاری(**رۆژنامەڤانی**)دا، لەلایەن عەبدوڵلا زەنگەنە بڵاوکراوەتەوە.

## کەرکووك

**(کرکوك)**

رۆژنامە

١٩٢٦

هەمو شتێك ئەنوسێ، ئێستاکە هەر رۆژانی جمعە دەردەچێ، غەزەتەیەکی تورکی و کوردییە

**خاوەن:** شارەوانی کەرکووك.

**سەرنووسەر:** وەجدی ئەفەندی ژ (١-٦٨)، هیجری دەدەی کاکەیی ژ (٦٩)، عەبدولڕەحمان بەکر، جەمال یەعقوبی.

**سەرپەرشتیاری بەشی کوردی:** عەبدولخالیق ئەسیری شاعیر (ژ٣٠٢-٣٥٤).

**وێنە:** نییە - (بەشە کوردییەکەی).

**نرخ:** (١)ئانە.

**پێوانە:** قەوارەی جیاجیا، (١١×؟؟؟)ئینج.

بەشە کوردییەکەی بە دوو لاپەڕە، ئەوانی دیکەش زیاتر(تا ٨ لاپەڕە).

**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك.

**زمان:** تورکی، عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باشور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا٥٣ ژمارەی بە زمانی کوردی لێ دەرچووە.

-ژمارە١ی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ دا دەرچووە.

-ژمارە ٣٠٢(یەکەم ژمارەی کوردییەکە)ی لە ٢ی مایسی ١٩٣٠دا بڵاوکراوەتەوە

-ژمارە ٣٥٤ (دواژمارەی کوردییەکە)ی و لە ٢٩ی مایسی ١٩٣١دا بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە ٢٠٣٦ی لە ٢٠ی تەباخی ١٩٧٢دا دەرچووە(بە زمانی عەرەبی بووە)

**تێبینی:**

ئەم رۆژنامەی(**کەرکوك**)ە، دوابەدوای، رۆژنامەی(**نجمە**)،یان (**نجمة کەرکوك**)ە دەرچووە، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بڵاودەکرایەوە، سەرەتا بەزمانی عەرەبی و دواتر بە زمانی تورکی بووە، لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەتەوە.

-لەسەر پێشنیازی وەجدی ئەفەندی ناوی(**نەجمە**)کە کراوەتە(**کەرکووك**).

- هەریەك لە ئەحمەد قوشجو اوغلو و اخرون لە دلیل الصحافة في كركوك عبر قرن(١٩٠٠-٢٠٠٠) کرکوك،٢٠٠١

هەروەها مصەدەق تۆفی، یەکەمین رۆژنامەڤانیا باژێرڤانیا کوردی، کۆڤاری مەتین، ژمارە ٩٩ نیسانی ٢٠٠٠.

## پەیژە
### گۆڤار
### ١٩٢٧

ئەدەبی، ئیجتیماعی یە بە کوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ

**خاوەنی:** مستەفا شەوقی رەمەزان.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** ٨ ئانە (**ناو بەغداد**)٩ ئانە (**دەرەوەی بەغدا**).

**پێوانە:** (١٢×١٩)سم و ٤٤ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** فرات/بەغدا.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردییە (**زاراوەی کرمانجی باشوور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(١)ژمارەی لێ دەرچوو.

- ژمارە(١)١٩٢٧دا دەرچووە.

**تێبینی:**

ئەو بڵاوکراوانەی بەشێوەی نامیلکە دەردەچوون، جۆرە فێڵێك بووە، لەلایەن رۆشنبیرانی کوردەوە، لە (**سانسۆر**) کراوە، لەبەر چەند ئاستەنگێك بەپێی یاسای چاپەمەنیو هەرهۆیەکی دیکە بووبێت، (**سانسۆر**) مۆڵەتی دەرکردنی کۆڤار یان رۆژنامەیەکیان بە رۆشنبیرانی کورد نەداوە، بۆیە ئەوانیش بابەتەکانیان لە دوتوێی نامیلکەیەکدا کۆ دەکردەوەو مۆڵەتی یاساییان بۆ وەردەگرت، ئەم تاقیکردنەوەیەی رۆژنامەنووسیی کوردستانی باشوور، تا سەردەمی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام بووە.

- ئەو ژمارەیەی کۆڤارەکە لەلایەن ممتاز حەیدەرییەوە بەناونیشانی **مستەفا شەوقی و پەیژە** ئامادە کراوە، لەساڵی ١٩٨٥دا، لەهەولێر دووبارە چاپ کراوەتەوە.

- ئەو (**مستەفا شەوقی رەمەزان**)ە، (**دکتۆر مستەفا شەوقی قازیزادە**) نییە، کە کاتی خۆی لە (**ژین و کوردستان**)ی ئەستەمبوڵ بابەتی بڵاوکراوەتەوە، بەر لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ممتاز حەیدەری مشتومڕ و دانوستان لە سەر ئەم بابەتە، لەنێوان عەر یەك لە ممتاز حەیدەری و د. مارف خەزنەدارو کەمال رەئوف محەمەد، زۆر کراوە، ئێستا ئەم بابەتە یەکلایی بۆتەوە.

## لاوانی کورد
## (رەوشت و خوو)
## ١٩٢٧

گۆڤارێکی کوردییە لە بەغدا دەردەچێ
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خوارو**).
**ڕێنووس:** عەرەبی.
**چاپخانە:** النجاح.
دیارە (**ئەنوەر سولّتانی**) ئەو پێناسەیەی سەرەوەی لە کتێبخانەی مەدرەسەی موتالەعاتێ رۆژهەلاّت و ئەفریقیا (سواس) لە کۆدی لە لەندەن وای راگواستووە.
هەرچی (**مستەفا نەریمان**)ە، لە ژێر ناونیشانی (**رەوشت و خو**) وا پێناسەی دەکات:
**لاوانی کورد لە بەغدا، باسی ١٥٧ رەوشت و خوی وەك -وجدان واجبات، پاك و خاوێنی، عەزم، راستی، چالاکی، خۆراگرتن، دەکات بۆ قوتابیان دانراوە.**
**١١٢ل، بەغدا، نەجاح، نرخ ١٢ ئانە، -٢×١٦سم-.**
لێکۆڵینەوەیەکی (**کەمال رەئوف محەمەد**) لە کتێبی (**مستەفا سائیب ئەستێرەگەشە**)، وای دادەنێ پەیوەندی بە هەردوو بلاّوکراوەی (**دیاری لاوان**)و (**یادگاری لاوان**) هەبێت و کۆمەڵەی لاوانی کورد لە بەغدا دەریان کردبێت.

## رییا تازە
## رۆژنامە
## ١٩٣٠

سەرەتا ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی بووە، بە زمانی کوردی
- رۆژنامەکا سیاسی، جڤاتی، کلتور
- رۆژنامەکا مەخلوقاتی و کەلتورییە
**بەرپرس:** گیڤورك بایس، هەراچیا کۆچەر، هارچوون مەکرەچیان، جەردۆیێ گەنجۆ(١٩٣٧).
میرۆیی ئەسەد (١٩٥٥-١٩٨٩).
تیالی ئەخۆ (١٩٨٩-١٩٩١).
عەمرێیکی سەردار (١٩٩١-تا ئێستا) .
**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە، هەفتەی دوو جار.
**پێوانە:** (      )سم و ٤ لاپەڕە بووە.
**شوێنی دەرچوون:** یێریڤان/ ئەرمەنستان.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور**).
**ڕێنووس:** لاتینی، ئینجا سلاڤی روسی، بەم دواییە بە ڕێنووسی کوردی لاتینی دەردەچێ.
**ژمارەکان:**
-ژمارە١ی لە ٢٥ی مارتی ١٩٣٠ دەرچووە تا ژمارە ٦١٢ی ساڵی ١٩٣٨ بەلاتینی بووە، لە ١ی شوباتی ١٩٥٥ بە ڕێنووسی سلاڤی دەرچۆتەوە.

## ئاگری
## رۆژنامە
## ١٩٣٠

ئەم بلاّوکراوەیان، کەم سەرچاوە باسیان کردووە، ئیحسان نوری پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا وای نیشان دەدا، ئەوان لە ساڵی ١٩٣٠دا لە کاتی شۆرشی ئاگری دەریان کردبێت، نەك هەر ئەوەندە، قەدری جەمیل پاشاو ئیحسان نوری شیعرێکیشیان بەناوی (**ئاگری**) بلاّوکردۆتەوە، وای نیشان دەدات لە رۆژنامەیەکە پەخش کرابێ.

## هاوار
## کۆڤار
## ١٩٣٢

کوملا کوردی- مجلة كردية
کۆڤارا کوردی ـ مجلة كردية
**خاوەنی:** میر جەلادەت بەدرخان.
**وێنە:** هەیە.
**نرخ:** ١٠چەرمی عادی، ١٢٫٥ چەرمی خەملاندی.
**پێوانە:** (٢٠×٢٨)سم و سەرجەمی هەموو ژمارەکانی ٨٠٨ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** تەرەقی، سبات.

**شوێنی دەرچوون:** دیمەشق/سوریا.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور**)، فەرەنسی.

**رێنووس:** ژمارە(١-٢٣) عەرەبی و لاتینی، ژمارە(٢٤-٥٧) بەتەنیا لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا ٥٧ ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە(١)ی لە ١٥ی گوڵانی ١٩٣٢دا دەرچووە.

-ژمارە (٥٧)ی لە ١٥ی ئابی ١٩٤٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## یادگاری لاوان

## دیاری لاوان

(؟)

**١٩٣٣-١٩٣٤**

**خاوەنی:** کۆمەڵەی لاوانی کورد.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** ٤٠ فلس، ٣٠ فلس.

**پێوانە:** (١٦×٥ر٢٣)سم و ٨٠-١٠٠ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** بەغدا، کەرخ.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ژمارە ٢ی لە ١٩٣٣دا، بەناوی (**یادگاری لاوان**) دەرچووە.

-ژمارە٣ی لە ١٩٣٤دا، بەناوی (**دیاری لاوان**) بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

وەکو دەبینین ئێمە ژمارە (٢، ٣)مان بۆ هەردوو نامیلکەکە داناوە، دیارە پێشتر ژمارە (١)مان، بۆ نامیلکەی (**لاوانی کورد**) جیهێشتووە، کە لەچەند لاپەڕەی پێشوودا باسمان کردووە، لە راستیشدا هیچ کام لە نامیلکەکان، زنجیرەبەند نەکراون.

-غەفوری میرزا کەریم، بەناونیشانی (**یادگاری لاوان و دیاری لاوان**) کتێبێکی نووسیوە، لەساڵی ١٩٧٨دا، لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا، چاپکراوە.

## روناکی

**گۆڤار**

**١٩٣٥**

کۆوارێکی هەفتەیی علمی اجتماعی، ادبی کوردی یە

**مدیر مسئول:** محامی محەمەد شیت مستەفا.

**؟:** سەید حوسێن حوزنی موکریانی.

**وێنە:** نییە.

نرخ: (١٠)فلس.

**پێوانە:** ( ٢٢,٥×٢٩,٥ )سم و ١٦ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** موصل الحدیثة لە موسل، زاری کرمانجی لە رەواندز، دواتر لە هەولێر.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر .

**زمان:** کوردی (**زاراوەیکرمانجی باشور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا (١١) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە١ی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥دا دەرچووە.

-ژمارە ١١ی لە ١٦ی مایسی ١٩٣٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

ئۆریژناڵەکانی لە کتێبخانەی هەر یەك لە (**رەفیق ساڵح**) و (**عەبدوڵلا زەنگەنە**) و (**کتێبخانەی گشتی سلێمانی**) و چەند شوێنێکی دیکە هەیە.

- د. کوردستان موکریانی هەموو ژمارەکانی بە ناوونیشانی (**روناکی .. یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر**) ئامادە کردۆتەوە، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٠١دا دووبارە چاپی کردۆتەوە.

## زبان

رۆژنامە

۱۹۳۷

رۆژنامەیەکی کوردییە شەمووان دەرئەچێ

**خاوەنی:** شارەوانی سلێمانی.

**وێنە:** نییە.

نرخ: ٤فلس.

**پێوانە:** (٥ر٢٢×٣٤)سم، (٢١×٣٨)سم، (٣٠×٤٥)سم و ٤-٦ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** بەلەدیە.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ژمارە١ی ساڵی (١) لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٣٧دا دەرچووە .

-ژمارە ٩٤ی ساڵی (٣)ی لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٤١دا بڵاوکراوەتەوە.

تا ئێستا نەزانراوە ژمارەی دیکەی لێ دەرچووە یان نا؟

**تێبینی:**

ژمارە (١)ی بەناوی(ژیان) دەرچووە.

بەبۆنەی کۆچی دوایی مەلیك غازی ژمارەیەکی بەناوی (**عدد خاص**) بە چوار لاپەڕە بڵاوکردۆتەوە و هیچ ژمارەیەکی لەسەر دانەنراوە.

## زانستی

(کۆڤار)

۱۹۳۸

مجلەیەکی علمی، ادبی، تأریخی، اقتصادی، مانگی دووجار دەردەچێ.

**خاوەندو مدیر مسئول:** ساڵح قەفتان.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (٣٠×٢٢)سم و ١٦لاپەڕەی بەرگدارە.

**چاپخانە:** ژیان (**پیرەمێرد**).

نرخ: (٤)فلسە.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە ١ی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٣٨/٢٦ی ذالحجة ١٣٥٦ ھ/ دا دەرچووە.

**تێبینی:**

ئەم ژمارەی کۆڤارەکە، کەمال رەئوف محەمەدی دۆزیویەتەوەو بەناوونیشانی (**ساڵح قەفتان و یەکەم کۆڤاری سلێمانی**) بەسەری کردۆتەوە، لە هەردوو ژمارە (٧٨، ٧٩)ی کۆڤاری(کاروان) ، لە ئاب و ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٩دا، لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی لەسەر بڵاوکردۆتەوە.

## ژین

رۆژنامە

۱۹۳۹

رۆژنامەیەکی کوردی و ئەدەبی و کۆمەڵی یە (**سەردەمی پیرەمێرد**)

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە هەفتەی دوو جار دەرئەچێ (**لە سەرەتای شەستەکان**)

**خاوەند و مدیر مسئول:** حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) ژ(٥٥٤-١٠١٥).

**خاوەنی:** وەرەثەی پیرەمێرد، هەندێ جار نووسراوە نەوەی پیرەمێرد (دیارە رەحمە خانی کچی پیرەمێرد بووە)- ژ(١٠١٦-١٧١٤).

**مدیر مسئول:** محامی نوری ئەمین مەحمود-ژ (١٠١٦-١٧١٤).

**مدیر ئیدارەو نووسین:** جەمیل صائب -ژ (١٠١٦-١٠٧٠).

**مدیری مسئول و ئیدارەو نووسین:** (محامی ئەمین مەحمود) - ژ(١٠٧٢-١١٠٥).

**مدیری مسئول:** محامی نوری ئەمین- ژ(١١٠٦-١٢٥٢).

**مدیری ئیدارەو نووسین:** گۆران - ژ (١١٢٤-١٢٥٢).

**بەڕێوەبەر و سەرپەشتی نووسین:** ئەحمەد زرنگ ژ (١٢٥٣-١٧١٤).

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (٣٠×٤٣)سم و (٤-٨) لاپەڕە، قەبارەی هەندێ لە ژمارەکانی گەورەتر بووە .

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

ژمارە ٥٥٤ ی ، کە دەکاتە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە بە ناوی-ژین- وە، لە ٢٦ کانوونی دووەم ١٩٣٩دا دەرچووە:

ژمارە ١٠١٥ی

ژمارە ١٧١٤(دواژمارە)ی لە ٧ی شوباتی ١٩٦٣دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

وەك دەبینن ژین لە ژمارە(٥٥٤)دەست بە بلاوکردنەوەی کراوە، دیارە ئەوەش لەبەر ڕاگرتن و هەلوەشانەوەی ئیمتیازی (ژیان ) بووە، ئەوەبوو پیرەمێرد ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی بەناوی(ژین) وەرگرتەوە، هەر بە بەردەوامی (ژیان)ەکەی پێشوو دانایەوە، دیارە هەر ئەو خاڵەشە وای کردووە هەندێ لە نووسەران، کە جاروبار باسی پیرەمێرد دەکەن، لە ژمارەکانی هەوەڵەوە بە سەرنووسەری(ژیان) دادەنێن، دیارە ئەو بۆ چوونەش ڕاست نییە.

یان ئەوەتا (پیرەمێرد)یش، لە دژی ناحەزانی بووە، (ژین)ەکەی بە بەردەوامی (ژیان)ی داناوە، بۆ ئەوەی پێیان بلێ فەرموون ئەوا ئیمتیازی(ژیان)تان لێ سەندمەوە وا من(ژین)یشم دەرکرد.

- لە سەر ڕووی هیچ کام لە ژمارەکانی(ژین)، ناوی چاپخانەکە نەنووسراوە، دیارە ئەمیش چاپخانەی (ژین) بووە، بە بەلگەی ئەوەی لە هەندێ لە ژمارەکانی کۆتایی پەنجاکان پڕوپاگندەی بۆ ئەم چاپخانەیە کردووە.

-(ژین) هەر لە هەوەڵەوە نمرەی تەلەفۆنی ژمارە (١)بووە.

- ئابونەو نرخیش بەپێی ئەو تەمەنە درێژەی لەگۆڕاندا بووە.

بۆ نموونە: ژمارە ٨٢٩ی سەردەمی پیرەمێرد بە (١٠) فلس بووە، ئابونەی ساڵانەش بۆ ناو شار دینارێك بووەو بۆ دەرەوەش دوای ئەوەی پوولی پۆستەی چۆتە سەر، بە دینارێك و دووسەدوو پەنجا فلس بووە.

ریکلامیش بۆ لاپەڕەی دوایی گرێی بە ١٥٠فلس بووە.

کەچی ژمارە ١٣٤١ی، کە لە ١٨/٤/١٩٥٧دەرچووە، ئابونەی بۆ ناو سلێمانی: ٦٥٠ فلس بووە

بۆ ناو عێراق: ٧٥٠ فلس بووە، بۆ دەرەوەی عێراق: (١) دینار بووە.

## گەلاوێژ

**گۆڤار**

**١٩٣٩**

گۆڤارێکی ئەدەبی و ثقافی و مانگی کوردی یە.

**خاوەنی ئیمتیاز و مدیر مسئول:** ئیبراهیم ئەحمەد.

**مدیر ادارەو نووسین:** عەلائەدین سجادی.

**مدیر مسئول:** محامی فائق تۆفیق.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** ٥٠ فلس، ٦٠ فلس.

ساڵانە ٦٠٠ فلس، بۆ مەلاو فەقێ و قوتابی شەش مانگی بە ٢٠٠ فلس.

**پێوانە:** (١٧×٢٣)سم، (٥ر٢٢×)سم و.

**چاپخانە:** نجاح، معارض.

**شوێنی دەرچوون:** بەغداد.

**زمان:** کوردی بە هەردوو (**زاراوەی کرمانجی خـواروو، کرمانجی سەروو**) (جاروبار).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١١٦ژمارەی لە ١٠٥ بەرگدا لێ دەرچووە.

-ژمارە١ی ساڵی یەکەم لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا دەرچووە.

-ژمارە ٨ی ساڵی دەیەم ،کە دەکاتە دوا ژمـارە، لـە ئابی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

## بڵاوکراوەی ناوبەناو

**١٩٤٢**

بڵاوکراوەیەکی ناوبەناوی پڕوپاگندەیە

**خاوەنی:** پەیوەنـدی گشـتی باڵیۆزخانـەی بـەریتانیا/ بەغدا.

**پێوانە:** (٣/٤ ٨×١١)ئینج، هەر ٣٢ ژمارەکـەی ٩٠ لاپەڕەیە.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە١ی نیسانی ١٩٤٢دا دەرچووە.

-ژمارە ٣٢ی ئابی ١٩٤٢دا بڵاوکراوەتەوە.

## بڵاوکراوەی هەفتەی دەنگ و باس

**١٩٤٢**

**خاوەنـد:** مدیریـەتی عـەلاقاتی گشـتی سـەفارەتی بەریتانیا/ بەغدا.

**پێوانە:** (٨×١٣)ئینج.

-ژ ( ١-١٤)١٦٦ لاپەڕەیە.

-ژ (١٥-٣١)٢١٠لاپەڕەیە.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە١ی ساڵی یەکەم لـە ٦ی ئـەیلوولی ١٩٤٢ دا دەرچووە.

-ژمارە ٣ی لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٣دا دەرچووە.

**تێبینی:**

وادیارە ئەو بڵاوکراوەیە دواتر ناوەکەی بۆتە (**دەنگی گێتی ی تازە**)، سەرەتا لە شێوەی کۆڤـارو دواتـر لـە شێوەی ڕۆژنامە دەرچووە.

## رووناهی

**کۆڤار**

**١٩٤٢**

**Supplement Illustre De La Revue kurde Hawar**

**خاوەن:** میر جەلادەت بەدرخان.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** ٧٠٣ وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

نرخ: ٥ر١لیرە-بۆ نـاو سـوریا، ٢ لـیرە-بـۆ دەرەوەی سوریا.

**پێوانە:** ٢٠×٢٨سم و (١٣-٢٨)لاپەڕە.

سەرجەمی هەموو ژمارەکانی ٥٨٣لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** سەبات (ژ ١-١٢)، تەرەقی ژ (١٣-٢٨).

**شوێنی دەرچوون:** (شام-دیمەشق) سوریا.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:** ٢٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە (١)ی لە نیسانی ١٩٤٢ دا دەرچووە.

-ژمارە(٢٨)ی لە مارتی ١٩٤٥دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

- کاتی خۆی ژمارە ئۆریژناڵەکانی لای خوالێخۆشبوو (**دیار محەمەد سەعید دۆسکی**) هەبوو.

- هەموو ژمارەکانی لە تـەمووزی ١٩٨٥دا ، وەکـو بڵاوکراوەی ژمارە (٣)ی چـاپخانەی (ژینـا نـوو) لـە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دووبارە چاپکراوەتەوە.

- لە ساڵی ٢٠٠١دا جارێکی دیکە **(کۆڕبەندا کاوە بۆ چاندا کوردی)**ش لەژێر زنجیرەی (٦٤)ی بڵاوکراوەکانی دەزگاکە هەمان کتێبی پێشووی لە هەولێر چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

## رۆژانوو

**رۆژنامە**

**١٩٤٣**

هیچ پێناسەیەك لەژێر ناوەکەی نەنووسراوە.

**خوەدی و گرینەدی:** میر د. کامران ئالی بەدرخان.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانەی نارێك و پێك.

**نرخ:** ١٠ قەمەری **(بەهای ژمارەیەك).**

**پێوانە:** (  )سم و ٤٠٢ لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون:** بێروت.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکوور**) ، فەرەنسی.

**رێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:** ٧٣ ژمارەی لێ دەرچووە، سەرەتا بە زمانی کوردی و فەرەنسی دەرچووە، دواتر ژمارەیەك بە زمانی کوردی و ئەوی دیکەی بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە .

-ژمارە١ی ساڵی (١)ی لە دوو شەممەی رێکەوتی ٣ی گوڵانی ١٩٤٣دا دەرچووە.

-ژمارە٧٣ی ساڵی (٤)ی لە ٢٧ی مایسی ١٩٤٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

سەرەتا سەرجەم ژمارەکانی لەلایەن **(وەشانخانەی ژینانوو)** لە ستۆکهۆڵم، دواتر هەمان کۆمەڵە لەلایەن **(کۆڕبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی)** لە ساڵی ٢٠٠١دا لە چاپخانەی پەروەردە لە هەولێر، دووبارە چاپ کراوەتەوە.

## دەنگی گێتی ی تازە

**گۆڤار**

**١٩٤٣**

گۆڤارێکی مانگانەیە، لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتییەوە، لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دەردەهێنرێ.

**خاوەن:** بەشی پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** دانەی بە (٣٠)فلسە، ئابۆنە بۆ شەش مانگ ١٨٠ فلسە، بۆ ساڵێك ٣٦٠ فلس.

**پێوانە:** (٢٥×٣٧)سم و ٤٨ لاپەڕەو، (١٨×٢٤)سم و ٩٦ لاپەڕەی (شێوەی گۆڤار)ە، (×)سم و (٤) لاپەڕەی (شێوە رۆژنامە)یە.

**چاپخانە:** معارف، سریان، المنصور.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**)، جاروبار بە کرمانجی سەرو شیعری پرتۆشای هەکاری و هیدیکەی بڵاوکردۆتەوە.

**رێنووس:** عەرەبی، جاروبار بۆ مەبەستی فێربوون، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەدمۆندس، پارچە نووسینێکیان بە لاتینی بڵاودەکردەوە.

**ژمارەکان:** ژمارەکان(٢٥)ژمارەی خولی یەکەم بە قەبارەی گەورە دەرچووەو لە دەست ئینگلیزەکان بووە.

-ژمارە ١ی بەرگی (١) لە تشرینی یەکەم ١٩٤٣دا بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە١ی بەرگی (٥) لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە٢بەرگی (٥) رێکەوتی تشرینی دووەم ١٩٤٥ لە دیوی بەرگی ناوەوەی گۆڤارەکە ژمارە (١)ی لێ دراوە، لەم ژمارەیەدا گۆڤارەکە بۆتە هەفتانەو پەیوەندیشی بە سەفارەتی بەریتانی نەماوە، پێناسەکەش بۆتە:

**"گوواریکی ئەدەبی، خوێندەواری، زمانی، اجتماعی، پەیامی، هەفتەیی، کوردییە".**

**خاوەندی ئیمتیاز:** محامی فایق تۆفیق .

**مدیر مسئول:** محەمەد بابان.

**مدیری ئیدارە و رەئیسی تحریر:** حوزنی موکریانی.

ژمارە(٤)ی بەرگی حەفتەم لە دوو شەممە رێکەوتی ١٨ی تشرینی دووەم ١٩٤٦ بەشێوەو قەبارەی رۆژنامە بلاوکراوەتەوەو (٤)لاپەڕەبووە

**تێبینی:**

بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر بنوڕە: ژمارە(١٠)ی گۆڤاری رۆژنامەڤانی، لەبابەتی (**دیاریی ژمارە**) باسێکی تێروتەسەل بە ئیمزای (**کوردێکی یەکرەنگ**) بلاوکراوەتەوە.

## گۆڤار

**١٩٤٣**

هەفتەنامەیەکی سیاسی ئیجتیماعی سڕی کوردییە. هەموو گەنجانی هەولێر یاریدەی نووسین و بلاوکردنەوەی ئەکەن

**پێوانە** : (١٢×١٨) سم و ١٢ لاپەڕەیە.

**چاپ:** دەستنووس (دوو رەنگ).

**ژمارەکان:**

بەپێی پیتەکانی ئینگلیزی بلاوکراونەتەوە، ئەو ژمارەیەی بەردەست ژمارە بەسەرەوەیە، واتە ژمارە (٢٠)بوو. چونکە پیتی دەکاتە پیتی بیستەمینی ئینگلیزی.

## نیشتمان

گۆڤار

**١٩٤٣**

بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ک)، گۆڤارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، کۆمەلایەتی و مانگی کوردە ژ(٦)

**خاوەن:** کۆمەڵەی ژ.ک

**سەرنووسەر:** عەبدولڕەحمان زەبیحی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٧×٢٢)سم و ژمارەکانی (٢٤-٣٦)لاپەڕەبووە.

**چاپخانە:** لاینۆ تایپ لە تەورێز.

**شوێنی دەرچوون:** تەورێز/ دوا ژمارەی لە سیتەك/سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی موکریانی**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١٠ ژمارەی لێ بلاوکراوە.

-ژمارە١ی لە تەموزی ١٩٤٣دا دەرچووە.

-ژمارە ٢ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە (٣-٤)ی لە بەرگێکدایە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٣دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە٥ی لە کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٤٤دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە٦ی لە شوبات و مارتی ١٩٤٤دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە(٧، ٨، ٩)ی مارت و نیسان و مایسی، لە بەرگێك دایە، لە ساڵی ١٩٤٤دا بلاوکراوەتەوە،

- ژمارە١٠ی بە پێی هەندێ بیرەوەری لە ساڵی ١٩٤٨ لە سیتەك (**سلێمانی**) دا بلاوکراوەتەوە.

## ستێر

رۆژنامە

**١٩٤٣**

وەلات بەری هەرتشتی

(وولات بەر لە هەر شتێك)

**خاوەنی:** میر دکتۆر کامەران بەدرخان.

**چۆنیەتی دەرچوون:** پاشکۆی رۆژنامەی رۆژانوو.

**وێنە:** هەیە، نیزیکی ٣٧ وێنەی تێدایە.

**پێوانە:** (٢٩×٤٢)سم (٤ لاپەڕەیە).

**شوێنی دەرچوون:** بێروت.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی باکوور).

**ڕێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا (٣)ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە١ی لە ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣دا دەرچووە.

-ژمارە٢ی لە ٢٨ی شوباتی ١٩٤٤دا بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە٣ی لە ٢٢ی چریا دووێ(تشرینی دووەم)ی ساڵی ١٩٤٥دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

ئەم رۆژنامەیە پتر بایەخی بە وڵاتی فەرەنساو چالاکی هاوپەیمانەکان داوە، لە پاڵییەوە باسی کوردانی کردووەو هەندێك چیرۆك و مەتەڵ و ستڕانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، چەند هەڵبەستێکی **(جگەرخوێن)**یش لە دوتوێی لاپەڕەکانی دەبینرێ هەرسێ ژمارەی لەلایەن **(حازم قلیچ)**، دووبارە لە سوید چاپکراوەتەوە.

## یەکێتی تێکۆشین

**گۆڤار**

**؟؟**

زبان حاڵی کۆمەڵەی کۆمیونستی عێراق/ لقی کورد

مردن بۆ فاشست، ژیان بۆ نیشتمانی سەربەست

تێکۆشین بۆ بەهێزکردنی جبهەی وطنی بۆ ئازادیو سەربەستی کورد

**خاوەن:** کروی یەکێتی تێکۆشین.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو.

**پێوانە:** ١٣-٢٥لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر/ بە نهێنی.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

**تێبینی:**

## ئازادی

**رۆژنامە**

**١٩٤٤**

نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار

زمانی حاڵی حزبی شیوعی عێراق/ لە کوردستان

**خاوەنی:** زمانی حزبی شیوعی عێراق/ لقی کورد.

**سەرنووسەر:** مەلا شەریفی رەنگەرێژانی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانەی نارێك.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** ٢٠ فلس.

**پێوانە:** (٢١×٣٠)سم یان (١٦ر٥×٢١)سم و ژمارەی لاپەڕەکانی ٨-١٦ لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر / نهێنی.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی باشوور).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** دیار نییە چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە (١)ی لە نیسانی ١٩٤٤دا دەرچووە. ئێستا لە ئەرشیفی ئەکادیمیای کوردەوانی لە بەرلینی رۆژئاوا پارێزراوە.

-ژمارە(٢)ی ساڵی ١٠ کۆتایی مارتی ١٩٥٤دا بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە(١)ی ساڵی ١٢ تەموزی ١٩٥٦ دا بڵاوکراوەتەوە.

※ لە ساڵی ١٩٥٦دا ناوەکەی، وەکو دواتر باسی دەکەین، بۆتە (ئازادی کوردستان).

## دەنگی کورد

**گۆڤار**

**١٩٤٤**

**دەستەی نووسەران:** ئیبراهیم نادری، ئەنوەر دڵسۆز، عەبدوڵڵای ئەیووبیان، سدیق ئەنجیری، مەحمود مەحدوود

**شوێنی دەرچوون:** کرماشان.

**زمان:** فارسی،کوردی.

**تێبینی :**

ئێمە خۆمان ئەم رۆژنامەیەمان نەدیوە، بەلاّم لە بابەتی ژ. ك لە **کرماشاندا**، کە لە ژمارە ٢٩ی گۆڤاری گزنگ، کە لە سوید بلاّوکراوەتەوە، ناوی هێنراوە .

## دەنگی راستی

**گۆڤار**

**١٩٤٤**

ئۆرگانی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ژ. ك

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کووردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ژمارەکانی دیارنییە، ئەوەندە دەزانین لە سالّی ١٩٤٤دا بلاّوکراوەتەوە، لەوتارێکدا بەناونیشانی: **(فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردایەتی)**، لە ژمارە ٥٧ی ١٩٩٥/٣ی گۆڤاری مەڵبەند، کە لە لەندەن دەرچووە، باسی کراوە.

## شۆڕش

**رۆژنامە**

**١٩٤٥**

**خاوەن**/حزبی شۆڕش

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە، بە تیراژی چەند سەد دانەیەك.

**چاپخانە:** سەردەمێك بە رۆنیۆ دواتر بە چاپ.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر/ بە نهێنی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باشوور**)، عەرەبی.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** دیار نییە چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە (١)ی لە سالّی ١٩٤٥دا بلاّوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هیچ ژمارەیەکی نەکەوتۆتەوە بەردەست.

چەند نووسەرێك ئاماژەیان بۆ کردووە، لەوانە (**جەبار جەباری**) لە هەردوو کتێبی **(تأريخ الصحافة الكردية في العراق)** و (**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**)دا، هەروەها (**سالّح حەیدەری**) لە وتارێکی بەناوونیشانی (**رزگاری چۆن چاپ دەکرا؟**) باسیان کردووە.

## پشکۆ

**گۆڤار**

**١٩٤٥**

**خاوەن:** ئۆرگانی کۆمەڵەی هیوا.

**پێوانە:** (٥ر١٦×٢١)سم و ١٣لاپەڕە بووە.

**چاپخانە:** بەدەست نووسراوەتەوە.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باشوور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە(١)ی بەرگی ٢ لە سالّی ١٩٤٥ دا دەرچووە.

**تێبینی:**

وادیارە بلاّوکراوەکانی (هیوا) بووە، هەرهەموویان، بەدەست نووسراونەتەوە.

هیچ کام لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لەبەردەست دا نییە، ئەم ژمارەیەش تەنیا د. کەمال مەزهەر لە کتێبی (**تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا**) باسیکردووە.

## هاوار ... هاواری کورد

**گۆڤار**

**١٩٤٥**

**بەرپرس:** سەید محەمەدی سەمەدی .

**وێنە :** نییە.

**پێوانە:** (١٤×٢٠)سم و ٣٠ لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون** : مەهاباد.

**زمان** : کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو، موکریان).

**رێنووس** : عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە١ی لە رەزبەری ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا بلاوکراوەتەوە.

## دەنگی کورد

## کوردستان

**گۆڤار**

**١٩٤٥**

گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەلایەتی، سیاسی کوردیە.

هەر پازدە رۆژ جارێك بلاو دەکرێتەوە

**خاوەنی:**" بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان"ە.

**سەر نووسەر:** سەید محەمەدی حەمیدی.

**نرخ:** ٨ ریال، ئابوونە ٦مانگ ٩٠ ریال ، یەك ساڵ ١٨٠ ریال.

**پێوانە:** نیو بەتاڵ بە(٢٢، ٣٨، ٦٣) لاپەرە.

**چاپخانە:** کوردستان.

**شوێنی دەرچوون:** مەهاباد.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٩ ژمارەی لێدەرچووە.

-ژمارە ١ی لە ٦ی دیسەمبەری ١٩٤٥( ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤)دا دەرچووە.

-ژمارە ٢ی لە ٢١ دیسەمبەری ١٩٤٥(١٣٢٤/٩/٣٠)دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمەرە ٣ی ساڵی ١ لە مارسی ١٩٤٦دا بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە ٥ی لە ساڵی ١٩٤٦دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

نووسەرانی پێشووتر هەر یەکەیان بەجۆرێك باسی ئەم گۆڤارەیان کردووە، لەوانە:

(**عەلائەدین سجادی**) نووسیویە:

**(گۆڤارێکی ئەدەبی و پیلانی بووە، لەپایزی١٩٤٥ تا کانونی دووەمی ١٩٤٦ بەناوی کۆمەلەی دیموکراتی کوردستانەوە لە سابلاغ ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە وئیتر پەکی کەوتوە) .**

( **جەبار جەباری**)یش دوای نووسینی هەمان ئەو زانیاریانەی سەرەوە ئینجا نووسیویە:

**(ئەم گۆڤارە بەنرخە هەمیشە وەکو عادەت چەند لاپەرەیەکی بۆ هەلبەست تەرخان کردبوو، بێجگە لەوەش لەبارەی بلاوکردنەوەی وتاری مێژوویی و رامیاری وکۆمەلایەتی وزانیاری دریخی نەکردوە)**

(**جەمال خەزنەدار**)یش رۆژی دەرچوونی ژمارەیەکی بەراست ودروستی تۆمار کردووە، لەبارەی دوا ژمارەیشەوە نووسیویە:

**(هەتا کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٤٦ (١٦) ژمارەی لێ بلاو کراوەتەوە)**

(**د. کەمال مەزهەر**)یش نووسیوویە:

**(تاکۆتایی ساڵی١٩٤٦ چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە ژمارە یەك ودووی هەریەکیان٢٠ لاپەرەیە،ژمارە سێ و چواری هەریەکەیان ٣٨ لاپەرەیە،ژمارە٦و٧ی پێکەوە دەرچوون وبەسەر یەکەوە ٦٠ لاپەرەن.(٢١/٥×١٤)سم)**

(**محە صالح فەرهادی**)یش دوا ژمارەی دیار نەکردووە کەچ ژمارەیەك بووە،بەلام نووسیویە:

**(لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٤٦دەرچووە).**

(**وریا جاف**)یش ئەو زانیارییانەی نووسەرانی سەرەوەی بەهەڵەو راستیەوە دووبارە نووسیوەتەو، بەلام ئەوەشی زیادکردووە کە:**(هەر لەسەرەتای ساڵی١٩٤٦ راگیراوەو لەوماوەیەدا کۆماری مەهاباد دامەزراوە)**

## ئاوات

گۆڤار

١٩٤٥

گۆڤارێکی ادبی،تاریخی،کۆمەلأیەتی کوردیە

**خاوەنی ئیمتیازو بەرپرس:**محەمەد اذر(**محەمەد شاپەسەندی**).

**چۆنیەتی دەرچوون:** مەهاباد ، مانگی دووچار.

**پێوانە:**(١٢×١٩)سم.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووسی:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە١ی لە١ی خەزەڵوەری١٣٢٤(٢٣ی تشرینی یەکەمی١٩٤٥

تێبینی:

(**جەبار جەباری**) لەکتێبی:(**مێژووی رۆژنامەگەری کوردی**)دا، لەبارەی(**ئاوات**)ەوەنووسیویە:

**(گۆڤارێکی زانستی وکۆمەلأیەتی مانگانەیە،لە مەهاباد لە ساڵی١٩٤٦چاپ کرا، وەمحەمەد ئازاد سەرپەرشتی دەرچوانی ئەکرد،ئەم گۆڤارەش بە جوانەمەرگی سەری نایەوە وبەوپەڕی تواناوە خزمەتی کۆمارە ساواکەی کوردستانی کرد، بەلأم نازانین چەند ژمارەی لێ کەوتۆتە ڕوو)**

(**جەمال خەزنەدار**)یش لە بارەیەوە نووسیویە:

**(گۆڤارێکی زانستی وکۆمەلأیەتی بووە،لەساڵی١٩٤٥لە شاری مەهاباد دەرچووە،سێ ژمارەی لێ بلاو کراوەتەوە).**

(**د.کەمال مەزهەر**)یش لە کتێبی(**تێگەیشتنی ڕاستی**)دا لە بارەیەوە نووسیویە:

**(گۆڤارێکی مێژوویی-زانستی-کۆمەلأیەتی بوو تەنها٣(؟)ژمارەی لێ دەرچوو).**

وەك دەبینین (د.کەمال) نیشانەی پرسیاری بەرامبەر ژمارەکەی داناوە.

هەرچی (**عەلائەدین سجادی**) بووە،ئەوە لەدوور ونزیکەوە باسی نەکردووە.

(**حەمە صالح فەرهادی**)یش لە کتێبی(**چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی**)دا.

وەکو(**جەمال خەزنەدار**) ئاماژەی وا بۆ کردووە کە ژمارە(یەك)ی لەساڵی١٩٤٥دەرچوو بێ.

وەکو(**جەبار جەباری**)یش (**محەمەد ئازاد**)ی بەسەر پەرشتی دەرکردنی داناوە.

(**وریا جاف**)یش هەمان زانیاری نووسەرانی پێش خۆی نووسیوەتەوە،بەلأم ئەوەندەشی گوتووە کە:

(**زانیاریەکی ئەوتۆی لەسەر نیە**).

(**ئازاد عوبێد**)یش واناماژەی بۆکردوە کە ٣ژمارەی لێ دەرچووە.

هەروەها رۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی بە٨/١٩٤٤داناوە.

(د.**هیمداد حوسێن**)یش لەزاری(**محەمەد شاپەسندی**)یەوە دەڵێ:

**(هەولێ داوە گۆڤاری-ئاوات-ی دەرکردوەو بە نازناوی -رەمزی-نووسیوە وسێ ژمارەی لێ چاپ کردوە).**

هەر (د.هیمداد) داخ بۆ ئەوە دەخوات کە هیچ ئەسەری ئەم گۆڤارەی دەست نەکەوتووە.

## ماد

کۆڤار

١٩٤٥-١٩٤٦

گۆڤارێکی ئەدەبیو عیلمیو تەئریخیە.

**خاوەنی:** محەمەد کەیوان پوور موکری.

تێبینی:

لە ڕاستیدا ئیمە خۆمان ئەم گۆڤارەمان نەدیوە،بەلأم حوسێن حوزنی مووکریانی لەژێر ناونیشانی(**کۆوارێکی تازەی کورد**) لەبارەیەوە نووسیویە:

**(دوو ژمارەی ئەو نامە خۆشەویستەمان بۆ هاتووە، لاپەڕەکانی بەدێڕێکی نەتەوەی کوردو ئەدەبیاتی کوردی ڕازاندۆتەوە، لەبابەت بەراوردی زمانە هابەشەکانی کوردەوە وتارانی پڕسوودی تێدا نووسراوە**

نامەیەکی گران باو پڕ نرخە بۆ دێرێکی سەدەکانی - ماد-ی بجووك).

وەك دەبینین دیارنییە گۆڤارەکە بەچ زمانێك دەرچووەو شوێنی دەرچوونیشی دیارنەکراوە، تەنیا (جەبار جەباری) لە کتێبی "مێژووی رۆژنامە گەری کووردی"دا لەژێر ناو نیشانی( گۆڤاری ماد)دا لە بارەیەوە نووسیویە:

"گۆڤارێکی کوردی وفارسی یە،خاوەنەکەی دکتۆر مەهدی بوو، وە هۆنراوەی کورد بە لەهجەی هەورامی لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر فارسی بڵاو ئەکرایەوە، وەزۆربەی لاپەڕەکانی بۆ فارسی تەرخان کرابوون، بەڵام نازانین لە کوێ وە کەی ئەم گۆڤارە دەرکراوە وەچەند ژمارەی لێ دەرچووە"

## هاواری نیشتمان

گۆڤار

١٩٤٦

بڵاوکراوەی بیری یێکەتی جەوانانی کوردستان

گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەلایەتییە

**مدیر مسئول:** سدیق ئەنجیری ئازەر (ص. انجیری اذر).

**وێنە** : یەك وێنەی تێدایە.

**نرخ:** ١٠ ریال.

**پێوانە:** (١٤،٥ × ٢٢) سم و ٤٠ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کوردستان.

**شوێنی دەرچوون:** مەهاباد.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو ، موکریان).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی ساڵی ١، لە ١ی خاکە لێوە ی ١٣٢٥ی هەتاوی (٢١ی مارتی ١٩٤٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

## کوردستان

رۆژنامە

١٩٤٦

بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن هەیئەتی تەحریرەوە دەردەچێ.

**سەرنووسەر:** سەیید محەمەد حەمیدی چۆنیەتی.

**دەرچوون:** هەفتەی (٣) ژمارە، شەممان، دوو شەممان، چوار شەممان.

**نرخ:** ١ ریال (تاژ ٦)، ٢ ریال (لەژ٧)ـەوە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (٢٨×٣٩)سم و ٤ لاپەڕەیە، (٢٨×٤٢)سم .

**چاپخانە:** کوردستان.

**شوێنی دەرچوون:** مەهاباد.

**زمان:** کوردی (زاراوەی موکریان).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە(١)ی لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا رێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ دەرچووە.

**تێبینی:**

لای (**عەلائەدین سجادی**) ناوەکەی بە(**کوردستان**) نووسراوەو وا پێناسەی کراوە کە رۆژنامەیەکی ئەدەبی پیلانی سیاسی کوردیو زمان حاڵی حکومەتی (**قازی محەمەد**) بووبێ.

هەروەها (**سجادی**) پێی وابووە:

(**لەنیوەی کانوونی دووەمی ١٩٤٦تا کانوونی یەکەمی عەینی ساڵ هەر بە دوو رۆژ جارێ لە شاری سابلاخ ژمارەیکیان لێ دەرکردووە، هەمووی ١١٣ ژمارەی لێ دەرچووە).**

لای (**جەبار جەباری**)ش :

(**رۆژنامەیەکی گەلێ پێشکەوتووبوو، شانبەشانی رۆژنامەکانی جیهان رێڕەوی ئەکرو، وە هەمیشە رازاندرابۆوە بە گۆشەی هەمەجۆری سوودبەخش، بۆیە بە فراوانی پەخش و بڵاو دەکرا بەناوچە کوردەوارییەکانا).**

بەڵام پێی وابووە:

(١١٣ژمارەی لێ دەرچووەو بە روخانی حکومەتی قازی محەمەد ئەم رۆژنامەیەش پەکی کەوت).

کەچی (جەمال خەزنەدار) نووسیویە:

(رۆژنامەیێکی سیاسی رۆژانە بووە، زمانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران). لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد (١١٢)ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

پاش روخاندنی حکومەتی قازی دووبارە بەشێوەیێکی نهێنی هەتا ساڵی ١٩٦٠ لە ئێران دەرچووەو چەند ژمارەیێکی لە باکۆ لێ بڵاوکراوەتەوە، ئینجا (٢٦) ژمارەی لە ئەوروپا لێ بڵاوکراوەتەوە، و ئێستاش بۆ جاری پێنجەم بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە)

(سەید عەبدوڵڵای سەمەدی)ش لە مەهابادەوە نووسیویە:

( "ئەحمەد شەریفی"ش رای وابووە کە (١١٢)ژمارەی لە زەمانی کۆماردا لێ دەرچووە، دوای روخانی کۆماریش دوو ژمارەی (١١٣و ١١٤)ی بەدەسخەت لە تەورێز چاپ و بڵاوکراوەتەوە).

هەر (سەید عەبدوڵڵا)، دوای ئەوەی را ئاڵۆزەکانی (جەمال خەزنەدار) لەبارەی ئەم رۆژنامەوە دەردەخا، ئینجا دەنووسێ:

(بەڵام بە رای مامۆستا عەبدوڵڵای ئەیوبییان لێ دەرچووەو خۆم لە ئەرشیفدا ١١٠ ژمارەکەم هەبووئەو رۆژە کە دەبوو ژمارە ١١١ی چاپ بکرێ، من سەردانی چاپخانەی کوردستانم کرد دیتم لەجێی کوردستان پەڕێك ئیعلان بەناوی پێشوازی کردن لە ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران چاپ کراوە، من دانەیەك لە ئیعلانەکەم دە ئەرشیفدا پاراستبوو).

## هەڵاڵە

گۆڤار

١٩٤٦

کۆمیتەی محەلی حزبی دیموکراتی کوردستان/لکی بۆکان دەری دەکات

**مدیری ئیدارە:** ح قزلجی.

**وێنە:** ٦دانە.

**پێوانە:** (٥ر٢٢×١٥)سم و ٣٠، ٣١لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** بۆکان.

**شوێنی دەرچوون:** بۆکان.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خوارو).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە١، رەشەمەی ١٣٢٤ (مارس ١٩٤٦).

-ژمارە٢، خاکە لێوەی ١٣٢٥.

-ژمارە ٣، ساڵی یەکەم لە بانەمەڕی ١٣٢٥.

**تێبینی:**

(عەلائەدین سجادی) لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی دا لەبارەیەوە نووسیویە:

(گۆڤارێکی ئەدەبی و پیلانی بووە بۆ لقی حزبی دیموکراتی کوردستان، لە ٢١ی مارتی ١٩٤٦ تا حوزەیرانی عەینی ساڵ ٣ ژمارەی لەشاری بۆکان دەرچووە)

(جەبارجەباری)ش لە کتێبی مێژووی رۆژنامەگەری کودی دا نووسیویە:

(سەرەکی نووسەری گۆڤارەکە- حەسەن قزلجی تورجانی زادەیە)وە هەتا مانگی حوزەیرانی ١٩٤٦ ژیاوە تەنیا (٣)ژمارەی لێ دەرچوو، ئەم رۆژنامەیەش وەکو دەستە خوشکەکانی تری بە لەناوچوونی کۆماری مەهاباد داخراو دەستەی بەرێوەبەری دەربەدەرکران)

(جەمال خەزنەدار)یش پێی وایە:

(لەلایەن لاوانی دیموکراتی کوردستان بڵاو دەکرایەوە)

(**د.کەمال مەزهەر**)یش وا ئاماژەی بۆ کردووە کە:

**(ژمارە یەکی: رەشەمێی ١٣٢٤، سەرەتای مارتی ١٩٤٦)دا دەرچووە، (ژمارە یەکی ٣٠ لاپەڕەیە، لەسەر دوا لاپەڕەی و لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا دیسان ناوی گۆڤارەکە چاپ کراوەو لەلای سەرەوە نووسراوە:**

با بەرێ بۆنی (هەلاڵە)و بەیبوون

ئابڕوی عەتری گوڵی کاشانی

وادیارە ژمارەکانی لای د.کەمال دیار نەبووە، بۆیە نووسیویە:

**(چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو).**

لای (**حەمە سالح فەرهادی**)یش خاوەندارێتی خراوەتە پاڵ (**لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران**) و مێژووی دەرچوونی ژمارە(یەك)ی لە رۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ دانراون.

هەر لای ئەو دوا ژمارە (٣)ی لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ دەرچووە.

(**وریا جاف**)یش هەر بۆچوونی نووسەرەکانی پێشووی لەسەر بلاوکردۆتەوە.

هەرچی (**د. هیمدادی حوسێن**)ە، لە نامەی دکتۆراکەیدا کە بە تەنیا ١٠ لاپەڕەی بۆ دوان لەسەر ئەم گۆڤارە تەرخان کردووە زۆر لایەنی دیکەی (**هەلاڵە**)مان بۆ روون دەکاتەوە، لەبارەی سەرنووسەرەکەیەوە دەڵێ: (پاش رووخانی کۆمار رووی لە کوردستانی باشوور کردووە و ماوەیەك لە بەغدا ماوەتەوەو پاشان رووی لە ولاتی بولگاریا کردووەو دوای رووخانی شای ئێران گەڕاوەتەوەو لە زیندان لە ساڵی ١٩٨٥ شەهید بووە.

لە لێکۆڵینەوەکەی د. هیمداد بۆمان دەردەکەوێت کە (**هەلاڵە**) هەموو هونەرەکانی رۆژنامەنووسی لە (وێنەو ریپۆرتاژ و هەواڵ و.. هتد) تێدابووە.

## گڕوگاڵی منداڵانی کورد

گۆڤار

١٩٤٦

**خاوەنی:** بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

**مدیری ئیدارە:** قادری مودەرسی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** هەیە، ٢ وێنە.

**نرخ:** ٣ قران.

**پێوانە:** (١٢×٢١)سم و ١٤-١٥لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کوردستان.

**شوێنی دەرچوون:** مەهاباد.

**زمان:** کوردی ( زاراوەی موکریانی).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا٣ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

- ژمارە ١ بانەمەری ١٣٢٥ (١٩٤٦)دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە جۆزەردانی ١٣٢٥ (١٩٤٦)دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٣ی لە پوشپەری ١٣٢٥ (١٩٤٦)دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەبار جەباری**) لەبارەیەوە نووسیویە:

**(ئەم گۆڤارە لەلایەن کرێکارانی چاپخانەی کوردستانەوە لە مەهاباد لەساڵی ١٩٤٦دەس کرا بە دەرچوواندنی،بەکۆتایی کۆماری مەهاباد ئەویش پەکی کەوت)**

لای (**جەمال خەزنەدار**)یش وا پێناسەکراوە :

**گۆڤارێکی منداڵان بووە، لەشاری مەهاباد بەسەرپەرشتی عەبدولقادر مودەریس دەرچووە، ژمارە یەکی لەساڵی ١٩٤٥دا دەرچووە).**

(**عەلائەدین سجادی**)ش باسی نەکردووە.

(**د.کەمال مەزهەر**)یش پێی وایە لە بەهاری ١٩٤٦دا دەرچووە، پاشان نووسیویە:

**(ژمارە ٢ی یەکی جۆزەردان و ژمارە٣ی یەکی پوشپەڕی ١٣٢٥، ٢١ی مایس و ٢١ی حوزەیرانی**

**١٩٤٦ دەرچوون، قادری مودەریسی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکرد، وا دیارە تەنیا ئەم سێ ژمارەیەی لێ دەرچووە، "٥ر٢٢×١٥"سم).**
(**حەمەساڵح فەرهاد**)یش هەمان بۆچوونی نووسەرانی سەرەوەی لەبارەوە هەبوو.

**رزگاری**

**گۆڤار**

**١٩٤٦**

اورگان پارتی دیموکراتی کورد
**خاوەن:** پارتی دیموکراتی کورد، دواتر، پارتی دیموکراتی کوردستان.
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە، دواتر ناوە ناوە.
**وێنە:** نییە.
**نرخ:** هەندێ لە ژمارەکانیسالانی چلەکان و پەنجاکان بینراوەو نرخی (٢٠) فلس بووە.
**پێوانە:** جیاجیا لەنێوان بچووک ، ٢-٨ لاپەڕە.
**شوێنی دەرچوون:** بەغدا (چوار ساڵێك)، دواتر سیتەك/ سلێمانی، ئینجا کەرکووك (چەند ساڵێك).
**زمان:** بە کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**) ، عەرەبی
**رێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:** تا ساڵی ١٩٥٧. نەزانراوە چەند ژمارەی لێ دەرچووە، چونکە سەرەتا
**تێبینی :**
* ژمارە ٢ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٦دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** (٢١×٣٤)سم و ٢ لاپەڕەیە.
**زمان:** عەرەبی.
* ژمارە (١٧، ١٨)ی ساڵی دووەم، لە کانونی دوەم و شوباتی ١٩٤٨دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** (١٦×٢٤)سم و ١٤ لاپەڕەیە.
**نرخ:** ٥٠ فلس.
**زمان:** عەرەبی.
*ژمارە ٢ی ساڵی سێیەم، لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٨دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە** : قەبارەو ١٤ لاپەڕەیە.
**نرخ** : ٣٠ فلس .
**زمان** : عەرەبی .
-ژمارە ٦ی ساڵ ٦، لەمارتی ١٩٥٢دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** (٣١×٢٣,٥)سم و ٤ لاپەڕەیە.
-ژمارە ٧ی ساڵی ٦، لە نیسانی ١٩٥٢دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** هەمان قەبارەو ٤ لاپەڕەیە .
-ژمارە (١٠، ١١، ١٢، ١٣)ی ساڵی (٦، ٧)، لە بەرگێکدا، لە تەمموزو ئاغستۆس و ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٥٢دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** هەمان قەبارەو ٤ لاپەڕەیە.
- ژمارە ٦ی ساڵی ٧ی لە ئاغستوسی ١٩٠٣دا، بە ئیمزای ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق، بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** هەمان قەبارەو ٤ لاپەڕەیە.
- ژمارە ٢ی ساڵی ٨ لە مارتی ١٩٤٥دا بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** فلسکاب.
**چاپخانە:** رزگاری.
ژمارە ٣ی ساڵی ٨ لە کانونی یەکەم ١٩٥٣دا بە ئیمزای ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد-عیراق بڵاوکراوەتەوە.
**پێوانە:** (١٦×٢٣)سم و ١٥ لاپەڕەیە.
نرخ: ٢٠ فلس
*دیارە هی بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، کە سەر بە هەمزە عەبدوڵڵایە.
-ژمارە ٤ی ساڵی ٨ کانونی دووەمی ١٩٤٥دا بڵاوکراوەتەوە.

**پێوانە:** هەمان قەبارەو ١٢ لاپەڕەیە .

هەمان ژمارە بە هەمان قەبارە، بە زمانی عەرەبیش بلاوکراوەتەوە.

-ژمارە ٢ی ساڵی ٩ لە حوزەیرانی ١٩٥٥دا بە ئیمزای پارتی دیموکراتی کوردستان بلاوکراوەتەوە.

**پێوانە:** ٨ و ٦ لاپەڕەیە.

ئیمزای پارتی دیموکراتی کوردستانی پێوەیە.

-ژمارە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٤ ئیمزای بەرەی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد/ عیراق، پێوەیە.

نرخ: ٢٠ فلس.

## ئازربایینجان- کوردستان

### رۆژنامە

### ١٩٤٧

ماوەی رۆژنامەی کوردستان

**خاوەنی :** کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایینجان لە باکۆ.

**بەرپرس:** رەحیمی قازیو عەلی گەلاوێژ، وەکو ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، لە باکۆ سەرپەرشتی بەشە کوردییەکەیان کردووە.

**پێوانە:** ٤لاپەڕەی وەکو قەبارەی رۆژنامەکانی دوای (راپەڕین) بوو، ٣ لاپەڕەی بەزمانی ئازەری و لاپەڕەیەکیش بەزمانی کوردی بلاوکراوەتەوە.

**شوێنی دەرچوون:** باکۆی پایتەختی ئازەربایینجانی سۆڤیەتی جاران.

**زمان:** ئازەری ، کوردی.

**رێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لەسەرماوەزی ١٣٢٦ (کانونی یەکەمی ١٩٤٧)دا دەرچووە.

-ژمارە ١٣٣٧ی لە بانەمەری ١٣٤٠(١٩٦٢) دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

لە پێش شەڕی روخانی رژێمی عیراق، (**عەبدولڵا زەنگەنە**) چەند بەرگێکی ئەم رۆژنامەیەی لە کتێبخانەکەی کۆڕی زانیاری عیراق-دەستەی کورد دیوە.

(**عەبدولڕەحمان قاسملو**)ش، لە لاپەڕە ٧٣ی کتێبی: (**چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی**)، بەرگی دووەم، باسی کردووە.

## هنا بغداد

## (ئێرە بەغدایە)

### گۆڤار

### ١٩٤٧

مجلة شهرية جامعة

**خاوەنی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاراستەکردون و ئێزگە.

(مديرية التوجيه والأذاعة العامة)

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (٢٢×٢٨)سم و.

**چاپخانە:** كطبعة و زنكوغراف الرابطة.

**شوێنی دەرچوون:** بەغداد.

**زمان:** عەرەبی ، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** وادیارە١٧١ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

- ژمارە١٧١ی لە ذوالحجة١٣٧٧/ تەمووزی ١٩٥٨دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

لە راستیدا گۆڤارێك لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا بەناوی (**ئێرە بەغدایە**) نەبووە، بەزمانی کوردی دەرچووبێت، بەڵکو کۆڤارەکە ناوی(**هنا بغداد**) بووە و بەشێکی بەزمانی کوردی تێدا بلاوکراوەتەوە، هەندێك

هەوالنامەی کتێب

لە نووسەرانی کورد، وتارو شیعرو بابەتی هەمە رەنگیان تێدا نووسیووە، زۆربەی لاپەڕەکانی بەشە کوردییەکەی بۆ بلاوکردنەوەی پرۆگرامەکانی مانگێکی بەشە کوردیەکەی ئێزگەی بەغدا تەرخان دەکرا. چەند ژمارە یەکی لە کتێبخانەی عبدوللا زنگەنە هەیە. لەبارەی ژمارە یەکی کۆڤارەکەش زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان، بەتایبەتی د.کەمال مەزهەرو جەمال خەزنەدار و جەبارجەباری، لە سەر ئەوە کۆکن کە ژمارەیەکی لە سالی ١٩٥٠دا دەرچووبێ، بەلام زاهیدە ئیبراهیم نووسیویە:
**(صدرت في: بغداد سنة ١٩٤٧).**

سەرەتا بەشەکوردییەکە، لە گۆڤارەکەدا نەبووە، ئەو ژمارانەی لای عەبدوللا زەنگەنە پارێزراون لە نێوان ژمارە ١٥١ی تشرینی دووەمی١٩٥٦ و تەموزی ١٩٥٨دایە، بەشەکوردییەکەی ،کەم و زۆر، تێدا بلاوکراوەتەوە.

## نزار

**گۆڤار**

**١٩٤٨**

گۆڤارێکی هەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبی یە
**خاوەنی ئیمتیازو سەرۆکی نووسین:** عەلائەدین سجادی.
**بەڕێوەبەری نووسین:** مەحمود ئەلسنەوی.
**وێنە:** هەیە.
**پێوانە:** (٢٢٫٥×٣٠)سم و ٢٤ لاپەڕەیە.
**چاپخانە:** مەعاریف/ بەغدا.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**)، عەرەبی.
**رێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:** تەنیا ٢٢ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.
-ژمارە١ی لە ٣٠ مارتی ١٩٤٨دا دەرچووە.
-ژمارە ٢٢ی لە ١٥ی شوباتی ١٩٤٩دا بلاوکراوەتەوە

<u>تێبینی:</u>
ئەگەرچی گۆڤارەکە هەفتانە بووە، بەلام بە (٢) هەفتە جارێك دەرچووە.
ژمارە ئۆریژنالەکانی لە کتێبخانەی (**رەفیق سالح**) و (**عەبدوللا زەنگەنە**) هەیە.
سەرجەم ژمارەکانی لەلایەن رەفیق سالح ئامادەکراوەو، بە ناوونیشانی **"گۆڤاری نزار یەکەمین گۆڤاری سیاسی کوردی"** بە پێرست و لێکۆلینەوەی سەدیق سالح، لە سالی ٢٠٠٠دا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە سلێمانی چاپکراوەتەوە.

## سلێمانی

**رۆژنامە**

**١٩٤٨**

**خاوەنی ئیمتیاز:** مەعروف عارف.
**بەڕێوەبەری بەرپرس:** سەدیق نەقاش.
**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**رێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:**
-ژمارە١ی لە حوزەیرانی ١٩٤٨دا دەرچووە.
<u>تێبینی:</u>
ئەم رۆژنامەیەمان نەدیوە، سەرچاوەی ئەم زانیارییانەمان ژمارە ٩٢٤ی رۆژنامەی (ژین)ی ١ی تەمووزی ١٩٤٨ بووە.
هەرچی کتێبی (**كشاف الجرائد و المجلات العراقية**)یە، نووسیویە:
جريدة السليمانية
جريدة اسبوعية
صاحبها: معروف العارف.
صدرت في بغداد سنة ١٩٤٨ باعداد قليلة.
لە ئیندێکسی ناوەکانیش ناوی ئەو رۆژنامەیەی لە پاڵ ناوی خاوەنەکەی نەنووسیوە، بەڵکو هەردوو ناوی

رۆژنامەی (البلاغ) و (الطریق)ی نووسیوە، کە دوو رۆژنامەی رۆژانە بوونە و لە ساڵی ١٩٥٣،١٩٥٢دا لە بەغدا دەردەچوون.

## هەتاو
## (هتاو)

رۆژنامە

١٩٤٨

رۆژنامەیەکی کوردی ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە

**خاوەنی:** ئەمین رەواندزی.

**مدیری تەحریر:** محامی ناجی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**نرخ:** ١٠ فلس.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (٣٠×٤٢)سم و ٤لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** پێدەچێ لە چاپخانەی (ژین)ی پیرەمێرد چاپکرابێ.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ژمارە(١)ی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٤٨دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

- ئۆرێژناڵی ئەم رۆژنامەیە لە کتێبخانەکەی (**شێخ محەمەدی خاڵ**) پارێزراوە، (**رەفیق ساڵح**)یش جارێکی دیکە وەکو(دیاری ژمارە)٨ی کۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**) بڵاویکردۆتەوە.

- ئەو(**ناجی**) یەی کە لە سەرەوە وەکو (**مدیر تەحریر**) ناوی هاتووە. وای بۆ دەچین محامی (**ناجی شائول**)ی جوولەکە بووبێت، کە لە چلەکانەوە تا سەرەتای پەنجاکان، کاری پارێزەری لە هەولێر کردووەو هەر ئەویش لە دادگادا بەرەوانی لە (**گۆران**)ی شاعیر کردووە.

## خەباتمان

رۆژنامە

١٩٤٩

لەسەروتارێکی رۆژنامەی (**خەبات**)ی ساڵی ١٩٦٠دا ئاماژەی بۆ ناوەکەی کردووە کە بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بێت.

**هەرچی ئیمەین:** ژمارە ٨ی ساڵی (١) مان بینیوە، لەساڵی ١٩٤٩دا دەرچووە.

**پێناسەکەی واکراوە:** (**نشرە فرعیە داخلیە لپارتی دیموکراتی کورد/عیراق**)

**٨ لاپەڕەی رایز بووەو پێوانەکەی فلسکاب بووە.**

## مرۆڤ

گۆڤار

١٩٤٩

(**وریا جاف**) لەبارەیەوە، نووسیویە:

(**گۆڤارێکی سیاسی نهێنی بووە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەنجاکان دەرچووە**).

رۆژنامەی(**خەبات**)ی ساڵی ١٩٦٠یش، لەسەروتارێکا، ئاماژەیەکی خێرای بۆ کردووە.

بەڵام راستترین زانیاری لەبارەیەوە ئەوەیە کە لە کتێبەکەی (**موسوعة السریة للحزب الشیوعي العراقي**) ئاماژە بۆ ناوەکەی کراوە وای دەگەیەنێ کە لەساڵی ١٩٤٩دا دەرچووبێ.

## بۆ پێشەوە

١٩٤٩

نەشرەیەکی ناوخۆیی لقی پارتی دیموکراتی کوردە

**پێوانە:** فلسکاب ٤ لاپەڕەی رایز، دەستنووس.

**ژمارەکان:**

ژمارە٣ی لەبەردەست دایە، مێژووی دەرچوونی بەسەرەوە نییە.

تەنیا بابەتێکی بەناوونیشانی(یادی شۆڕشی شێخ **سەعیدی دیاربەکری هۆکانی و ئەنجامی و کەڵك لێ وەرگرتنی)** لەخۆ گرتووە.

ئەمیش لەبڵاوکراوەی (**خەباتمان**)وەرگیراوە.

لەژێردروشمی:

- تێبکۆشن بۆ بەهێزکردنی مالیەی پارتیتان.
- تێبکۆشن بۆ بەهێزکردنی تظیمی پارتیمتان.

*ئۆرێژناڵەکەی لە کتێبخانەی محەمەدی مەلا کەریم پارێزراوە.

## دەنگی کوردستان

## گۆڤار

**the ،Krdstin La Voix du Kurdstin Voire of**

ئۆرگانی لاوانی کورد لە ئەوروپا

نوسەرانی: **T.D.K**. ئەردەشێر مەزدەك، مەمۆ، **5.A.Q**

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**پێوانە:** ( ٢١×٣٠)سم و(١٦ـ ٢٠) لاپەرە.

**شوێنی دەرچوون:** سویسرا.

**زمان:** فەرەنسی، کوردی-جاروبار- (**زاراوەی کرمانجی باکور**).

**رێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە١ی لە تەمووزی ساڵی ١٩٤٩دا دەرچووە.
- ژمارە٢ی لە ئابی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە(٤,٣) لە ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە٥ی لە تشرینی دووی ١٩٤٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## دەنگی فەلالاح

**١٩٥٠**

**خاوەنی:** حیزبی شیوعی عێراق/ سلێمانی.

**وێنە:** نیە.

**پێوانە:** (٢١×٣٠) سم و.

**چاپخانە:** چاپ و رۆنیۆ.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ژمارە٣ی ساڵی٣ لە مایسی ١٩٥٠دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

سەرچاوەی ئەم زانیارییانەمان لە ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان/ دادگای سلێمانی، دۆسییەی ٨٥/٩٥٠ی ٩ لە کانونی یەکەمی ١٩٥٠، کێشەی فەتاح فەرەج بووە.

* بە پێی هەمان سەرچاوە و دۆسییە، ژمارە ١ی بە ناوی بڵاوکراوەی فەلاح لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٠دا بڵاوکراوەتەوە.

## هەولێر.. اربیل

رۆژنامە

**١٩٥٠**

رۆژنامەیەکی زانستی و وێژەی حەفتەیی یە لە هەولێر دەردەچێ

رۆژنامەیەکی ادبي ثقافي حەفتەیی یە

جريدة اسبوعية ادبية ثقافية

**خاوەنەکەی:** کۆمەڵەی مامۆستانی هەولێر.

**مدیری مسئول:** جەمیل رەشید -ژ(١ــ١٣)، یوسف شێخ یەحیا_ژ(١٤ـ٦١).

**دەستەی نووسەران:** عەبدولمەجیدحەسەن، عیزەدین فەیزی،ئەستێر سەعید.

**مدیری ئیدارە:** جومعە محەمەد.

**نرخ:** ١٠ـ٢٠ فلس.

**پێوانە:** (٤٠×٦٢)سم و (٢ـ٤)لاپەرە.

**چاپخانە:** حداد/موسل، کوردستان، ام الربيعين/موسل.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (زاری کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ١٤٠ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

-ژمارە ١ی لە شەممەی ڕۆژی ١٦کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠دا دەرچووە.

-ژمارە ١٤٠ی لە ڕۆژی ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٥٣دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی ئەم ڕۆژنامەیە، لە دووتوێی کتێبێکدا، بەناونیشانی **(ڕۆژنامەی هەولێر ١٩٥٠-١٩٥٣)**، لەلایەن **(مەحمود زامدار)** گێڕدراوەتەوە، لەوێدا دەردەکەوێت:

-لە ژمارە (١٤)ەوە، **(یوسف شێخ یەحیا)**بووە بەمدیری ئیدارەی و **(مستەفا حەسەن)** خراوەتە نێو دەستەی نووسەرانەوە... لەژمارە (٦٢)ەوەوە، **(جەمال جەمیل)**بووەتە مدیر ئیدارەو **(مستەفا حەسەن)**یش، لە دەستەی نووسەران نەماوەو **(یوسف شێخ یەحیا)**ش لە مدیر ئیدارە نابینرێ.

لە ژمارە (٦٣)دا، **(نافع دەباغ)**بووە بەئەندامی دەستەی نووسەران و تا ژمارە (٨٨) لەگەڵیان بووە.

لە ژمارە (٨٩)وە **(حوسێن شێروانی)** دێتە ناو دەستەی نووسەران، تا دوا ژمارە لەگەڵیان دەبێت و **(نافع دەباغ)** نامێنێت.

*زۆربەی ژمارەکانی لە کتێبخانەی هەریەك لە، **(مەحمود زامدار)**و **(عەلی جوکل بەریە)** پارێزراون.

## خۆرنشین

**ڕۆژنامە**

**١٩٥١**

**بەڕێوەبەری ڕۆژنامە:** د.وەکیلی کوردستانی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**شوێنی دەرچوون:** تاران.

**زمان:** فارسی، کوردی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١٥ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژ ١ی لە ١٩ی گەلاوێژی ١٣٣٠ (١٠ی ئوتی ١٩٥١).

- ژ١٥ی لە ٢١ی ڕەزبەری ١٣٣١ (١١ی ئوکتۆبەری ١٩٥٢).

**تێبینی:**

**(مستەفا مەعروفی)** لە بابەتێکیدا بەناوونیشانی **(باسێك سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستان ئێران)**دا، کە لە ژمارە ١٢٠ی نیسانی ١٩٩٨ی گۆڤاری **(کاروان)** لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە باسی کردووە.

**(عەلائەدین سەجادی)** و **(جەبار جەباری)** باسیان نەکردووە.

**(جەمال خەزنەدار)**یش لەسەر زاری **(هێمن)**ی شاعیر وا باسی کردووە:

**گۆڤارێکی هەفتانەی کوردی فارسی بووە)** گوایە **(لە شاری سابلاغ لەساڵی ١٩٥١دەرچووە، هەتا ساڵی ١٩٥٢ بەردەوام بووە).**

هەرچی **(د. کەمال مەزهەر)**ە، وا پێدەچێ هەر متمانەی کردبێتە سەر زانیارییەکانی**(جەمال خەزنەدار)**و لەبارەیەوە نووسیویە:

**(بە کوردی و فارسی دەردەچوو، دەورووبەری ساڵێك ژیاوە).**

## بغستان

گۆڤار

١٩٥٢

**خاوەنی:** بەڕێوەبەرێتی رادیۆی تاران.

**سەرپەرشتیار:** د. محەمەد موکری.

**شوێنی دەرچوون:** تاران.

**زمان:** فارسی، کوردی.

**ژمارەکان:** ژ ١ی لە ١٣٣١ (١٩٥٢)دا دەرچووە.

## راویژ

رۆژنامە

١٩٥٢

غەنی بلوریان لە کتێبی **ئاڵەکۆك** دا وا باسی کردووە کەن بە زمانی کوردی و رێنووسی عەرەبی، لە سنەدا بڵاوکراوەتەوە.

(**جەبار جەباری**)ش لە کتێبی (**مێژووی رۆژنامەگەری کوردی** دا وا باسی کردووە کە رۆژنامەیەکی یە، لەشاری سنە- بڵاو ئەکرایەوە) (**جەمال خەزنەدار**)یش لەسەر زاری کەریمی حوسامی وا باسی کردووە کە:

(**رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بووە، لە کوردستانی ئێران لەلایەن کۆمەڵێکی سیاسی کوردییەوە دەرچووە، تەنیا یەك ژمارەی دەرچووە)** .

(**د.کەمال مەزهەر**)یش بە کۆڤاری داناوەو لە پەراوێزی (**تێگەیشتنی راستی**)دا نووسیویە: **لەوەدەچێت ئەم جۆرە گۆڤارانەی ئێران بەنهێنی دەرچووبن)**.

## کانیسکان

بڵاوکراوە

١٩٥٢

**شوێنی دەرچوونی:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**رێنوس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** لە ساڵی١٩٥٢دا دەرچووە

**سەرچاوە:** ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، دادگای سلێمانی نوسراوی پۆلیسی سلێمانی، یەکەی تایبەت، ژمارە. ٧٥٧

## گۆیژە

بڵاوکراوە

١٩٥٢

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی بە زاراوەی کرمانجی خواروو.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** لە ساڵی ١٩٥٢دا دەرچووە.

**سەرچاوە:** ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، دادگای سلێمانی، کێشەی عومەر رەشید خەیات رۆژی ١٩٥٢/١٢/٣٠

## نداء كوردستان

رۆژنامە

١٩٥٢

## بەکورتی ئاگاو رووداوی هەفتەیی

گۆڤار

١٩٥٣

لەلایەن کاروباری ئاڵوگۆری خوێندەواری ئەمریکاوە لە بەغدا دەردەچێ

**سەرنووسەر:** بەکردلێر.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانەبوو.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٧×٢٣)سم و(١٨) لاپەرەیە.

**چاپخانە:** معارف.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردی(**زاراوەی کرمانجی باشوور**) .

**پیت:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١٩٣ ژمارەی بەم ناوەوە لێ دەرچووە.

- ژمارە(١)ی لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣ دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

بە پێی عەقلیەتی سەردەمی دەرچوونی کۆڤارەکە، بەتایبەتی کە لە لایەن ئەمریکاوە دەرهێنراوە، ژمارەکانی لای کەم کەس پارێزراوە، بە پێی بۆچوونی(**جەمال خەزنەدار** ) لە ساڵی ١٩٤٦دا دەرچووە.(**جەبارجەباری**)ش پێی وایە ژمارە(١) لە سەرەتاکانی ساڵی١٩٤٩دا بووە، (**وریاجاف**) یش دەڵێ یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٤٦دا بڵاو کراوەتەوە، هەرچەندە نووسیویە:

**( زۆربەی ژمارەکانی لە کتێبخانەی کۆنگرێس لە واشنتۆن هەڵگیراون)**، بەڵام نەینووسیوە خۆی ژمارە یەکی دیوە یانا، د.کەمال مەزهەریش هەرچەندە خۆی ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە ژمارە یەکی لە ١٩٤٦دا دەرچووبێ، بەڵام نیشانەی(؟) پرسیاری لە پێش ساڵەکە داناوە. بەپێی هەموو حیساباتێکی ئێمە ژمارە یەکی لەم رۆژە دەرچووە، کە لە سەرەوەدا نووسراوە.

* لە لاپەرەی دواتر، بنۆرە: ناوی (پەیام).

## بانگی کوردستان.. نداء كردستان

**گۆڤار**

**١٩٥٢**

**خاوەنی:** پارتی دیموکراتی کوردستان.

**پێوانە:** (٢٢×٢٩)سم و ٦لاپەرەیە.

**زمان:** عەرەبی.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە ٢ی لە مایسی ١٩٥٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

بەپێی ناوەرۆکی ئەو ژمارەیەی بەردەست، دەبێ هەرساڵەی ژمارەی خۆی لەسەر بووبێ، دیارنەکراوە ساڵی چەندەمینی، بەڵام عەبدوڵڵا زەنگەنە دەڵێ:

**(من خۆم لەسەرچاوەیەکدا دیومە ئاماژە بەناوەرۆکی یەك لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٥٢ دەکات).**

ئەو ژمارەیەی بەردەست بە زمانی عەرەبییە، بەڵام (**جەبار جەباری**) لە کتێبی (**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**)دا باسی نەکردووەو لە کتێبی (**تأريخ الصحافة الكردية في العراق**)دا لەژێر ناوونیشانی (**جريدة بانكى كوردستان- نداء كردستان**)دا دەڵێ:

**(جريدة سرية اصدرها الحزب الديمقراطي الكردستاني عام ١٩٥٦ باللغتين الكردية والعربية).**

(**وريا جاف**)یش هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

## نرکەی جوتیار

**١٩٥٣**

لەلایەن کۆمەڵی جوتیارانی شارەزوور دەرکراوە

زمان: کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**پێوانە:** و فلسکاب، ٢ لاپەرەیە.

- ژمارە (٥)ی ساڵی یەك لە ئەیلولی ١٩٥٣دا دەرچووە.

- ژمارە ٦ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٣دا بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە (٧-٨)ی لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٥٣دا بڵاوکراوەتەوە.

## پەیام

**گۆڤار**

**١٩٥٣**

گۆڤارێکی ئەدەبی و خوێندەواری هەفتەی یە لە لایەن کاروباری ئالوگۆری خوێندواری(مهلى التبادل الثقافي) ئەمریکاوە دەردەهێنرا.

**خاوەنی:** کاروباری ئالوگۆری خوێندەواری ئەمریکا، بەغدا.

**سەرنووسەر:** بەکر دلێرحەویزی.

**نرخ:** بەخۆرایی دابەش دەکرا.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٧×٥، ١٢٢)سم (٢٥،٥×٥،٢٧)سم وە(١) لاپەرە بووە.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو)**.

**ژمارەکان: ت/١٩٤**، یەکەم ژمارەی دەرچووە، لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٣دا بڵاوکراوەتەوە.

ـ ژمارە ٢٧٦ی لە ١٠ی کانوونی دووەمی١٩٥٦دا بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە٣٩٢ی لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٨دا بڵاوکراوەتەوە.

ـ ژمارە٣٩٣ی لە٧ی تەموزی١٩٥٨دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

بە قسەی (**د.کەمال مەزهەر**) و (**جەمال خەزنەدار**) بێت، دەبێت یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٥٢دا دەرچووبێت، جگە لەوەی ناوەرۆکەکەی بۆ پڕوپاگەندە بۆ سیاسەتی ئەمریکا تەرخان کرابوو، بەڵام لەگەل ئەوەشدا خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە.

بە پێی قسەی(**وریاجاف**)، کە خۆی لە ئەمریکا بینیویەتی، زۆربەی ژمارەکانی لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی لە بەرگ گیراون و بە پوختی هەڵگیراون.

## یەکێتی فەللاح

**١٩٥٤**

بۆ ئاسایش و زەوی و زاری ئازادی

ئۆرگانی کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکانە.

**خاوەنی:** کۆمەڵەی ئازادکردنی فەللاحەکان/ حیزبی شیوعی عێراق -سلێمانی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**نرخ:** ٢فلس.

**وێنە:** نیە.

**پێوانە:** (٢١×٣٠)سم و ٤لاپەریە.

**چاپخانە:** چاپ و ڕۆنیۆ.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو)**.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ژمارە ٢، ساڵی١،لە مارتی ١٩٥٤دا بڵاوکراوەتەوە.

## گەنجان

**بڵاوکراوە**

**١٩٥٤**

ئاسایشێکی هەمیشەیی و دوارۆژێکی باشتر

زمانی یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی/ عێراق

**خاوەنی:** یەکێتی گەنجە دیموکراتیەکانی کوردی/ عێراق.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**نرخ:** ٢٠فلس.

**وێنە:** نیە.

**پێوانە:** (٢١×٣٠)سم و ٤لاپەرەیە.

**چاپخانە:** چاپ و ڕۆنیۆ.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو)**.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ژمارە١ی ساڵی١ لە مارتی١٩٥٤دا دەرچووە.

**تێبینی:**

لە وتارەکانی:

-بەرەو یەکێتی، هەڵبژاردنی مەجلیس بەلەدیە لە سلێمانی، نەورۆز(ڕۆژی نوێ).

ـ لە گەڵ چەند هەواڵێکی گەنجان لە عێراق و جیهان.

## کوردستان

رۆژنامە

١٩٥٤

ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان

**خاوەنی:** حزبی دیموکراتی کوردستان.

**نووسەرانی:** غەنی بلوریان، سەدیقی ئەنجیری، عەزیزی یوسفی، عەبدولڕەحمان قاسملۆ.

**چاپخانە:** فیرقەی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان.

**شوێنی دەرچوون:** تەورێز.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووسی:** عەرەبی.

**ژمارەکـانی:** ژ١ی لە ١٣٣٣/٢/٢٥ (٢٥ی ئاورێل ١٩٥٤)دا دەرچووە.

-ژمارە٤ی لە ١٣٣٣/٣/١٦ (٦ی ژوئەن ١٩٥٤)دا بلاوكراوەتەوە.

-ژ٥ی پۆلیس دەستی بەسەردا گرتووە.

**تێبینی:**

جگە لە ژمارە ٢٥٧ی رۆژنامەی (**کوردستان**)ی ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٨دا بلاوكراوەتەوە، کەسێکی دیکە باسی ئەم رۆژنامەیەی نەکردووە.

## هەتاو

گۆڤار

١٩٥٤

کۆڤارێکی کوردی و وێژەیی(ادەبی)یە

جارێ هەر لە پازدە رۆژاندا جارێکی پەخش دەکرێت

**خاوەنی ئیمتیازو مدیری ئیدارەو نووسین:** گیو موکریانی.

**مدیری بەرپرسیار:** محامی ئیبراهیم عەزیز ئاغا- ژ(١ـ٣٨).

**مدیری بەرپرسیار:** محامی محەمەد شەهاب دەباغ- ژ(٣٩ـ ).

**مدیری بەرپرسیار:** رئیسی متقاعد جەلال قادر.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٤×٢٠)سم و جگە لە بەرگ و لاپەڕەکانی ئیعلانات (٢٠×٢٤) لاپەڕە.

**چاپخانە:** کوردستان/ هەولێر

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**)،(**جاروبار شیعر و بابەتی بە زاراوەی کرمانجی سەروش تێدا بلاوکراوەتەوە**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا١٨٨ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی ساڵی١، لە ١٥ی مایسی ١٩٥٤دا دەرچووە.

- ژمارە ١٨٨ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا بلاوكراوەتەوە

**تێبینی:**

ئەو ناونیشانەی سەرەوە، دواتر بۆتە: **خاوەنی ئیمتیاز و هەڵسوڕێنەر:** ئەوی دیکەشیان کراوەتە: **سەرنووسەر.**

هەرچی ژمارە ١٨٨بووە، ئەو ژمارەیەیان لە کتێبخانەکەی مامۆستا(**گیو**) یش هەڵنەگیراوە، بەقسەی (**ئازادی گیوموکریانی**) بێ، ئەو ژمارەیەیان لە ژێر چاپ بووە و چەند لاپەڕەیەکیشی لێ چاپکرابوو، کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیراوەو خاوەنەکەشی بە سەردا گیراوە.

لە نێو کۆمەڵە ژمارەکانی مامۆستا (**نەژاد عەبدوڵلا عەزیز**) دانەیەکی ژمارە ١٨٨ مان دۆزییەوە، دیار بوو بەنیوەچڵی چاپ کرابوو.

## دەنگی فەقێ

گۆڤار

١٩٥٤

**خاوەنی:** یەکێتی قوتابیانی ئایینی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**ژمارەی لاپەڕە:** ١٦- ٢٠ لاپەڕە.

**چاپ:** دەستخەت.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ٥ ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە(١)ی لەبەهاری ١٩٥٤دا بڵاوکراوەتەوە.

**سەچاوە:** محەمەدی مەلا کەریم، لاپەڕەیەك لە خەباتی فەقێیەکانی کوردستان، بەیان (کۆڤار)، ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٧٢، ل(١٨-٢٠)

## رووناکی

**کۆڤار**

**١٩٥٤**

**خاوەنی:** کۆمەڵەی کوێرەکانی کوردستان.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**سەرچاوە:** محەمەدی مەلا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٠

## راوێژ

**بڵاوکراوە**

**شوێنی دەرچوون:** سنە.

**زمان:** کوردی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

**تێبینی:** غەنی بلوریان لە ل٧٨ی کتێبی.**ئاڵەکۆك**، باسی کردووە،کە لە ساڵی١٩٩٧دا لە ستۆکهۆڵم چاپکراوە.

## دەنگی داس

**١٩٥٦**

**خاوەنی:** حزبی شیوعی عراق/ لقی کوردستان.

**زمان:** کوردی.

**ژمارەکان:** نەزانراوە چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

* لەساڵی ١٩٥٦دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەبار جەباری**) ئاماژەی بۆ کردووە.

لە چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی (**خەبات**)یش، لە ساڵی ١٩٦٠دا ناوی هێنراوە.

## ئازادی کوردستان

**گۆڤار**

**١٩٥٦**

## خەباتی کوردستان

**١٩٥٧**

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان

**خاوەنی:** پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان/ عراق.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (٥/١٧×٢٢)سم و ١٢ لاپەڕەیە.

**نرخ:** ٣٠ فلس

**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارەی ١ی لە ئاداری ١٩٥٧دا دەرچووە.
- ژمارە ٣ی لە مایسی ١٩٥٧ دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٥ی لە شوباتی ١٩٥٨دا بڵاوکراوەتەوە.

**هیوا**

**کۆڤار**

**١٩٥٧**

گـۆوارێکی ئـەدەبی و زانسـتی یـە مـانگی جارێـك دەرئەچێ

**خاوەنی ئیمتیاز:** یانەی سەرکەوتن.

**مدیری مسئول:** حـافظ مسـتەفا قـازی، دواتـر، د. هاشم دۆغرەمەچی.

**نرخ:** ١٠٠ فلس.

**پێوانە:** (١٤،٥×٢١،٥)سم و (١٦-١٤٤)لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** التمدن، نجاح، شفیق، نجوم، الوفاء.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمـانجی خـواروو، کرمـانجی باکوور).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٣٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی ساڵی ١، لە تەمموزی ١٩٥٧دا دەرچووە.
- ژمارە ٣٨ی لە شوباتی ١٩٦٣ دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەمال خەزنەدار**) لەبارەیەوە نووسیویە:

(**پێنج ساڵ ژیـاوە، دوا ژمـارەی (٣٦)بـووە، ئـەوەی پێویستە بووترێ کە هاشـم دوغرمەچـی و موکـەرەم تالەبانی ناوە ناوە بوون بە مودیری مسئول، وە کەریم زانستی و کامل ژیرو محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین مستەفا رەسوڵ بەشداری بەڕێوەبردنیان کردووە)**

(**عەلائەدین سجادی**)ش نووسیویە:

(**حەوت ساڵ ژیاوە، "٣٦"دانـەی لـێ دەرچـووە، لـە "١٩٦٣"دا داخراوە).**

(**جەبار جەباری**)ش لە کتێبی:

(**تأریخ الصحافة الکردیة في العراق)دا نووسیویە: (٣٦ ژمارەی لێ دەرچووە، دوا ژمارەی ڕێکەوتی شـوباتی ١٩٦٣دەکات).**

(**د. کەمال مەزهەر**)یش نووسیویە:

**(مودیری مەسئولی تـا ژمـارە "٨"ی سـاڵی "٢"ی حافز مستەفا قازی و پاشان دوکتۆر هاشم دۆغرمەچی بـوو، زۆربـەی ژمارەکـانی لـە ٨٠ لاپـەڕە زیـاترن، شوباتی ١٩٦٣ داخرا).**

(**وریا جاف**)یش پێی وابووە ئـەم گۆڤـارە چـوار سـاڵ تەمەنی بووە ٣٦ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

(**حەمە ساڵح فەرهادی**)ش لە بارەیەوە نووسیویە:

"**خاوەنی ئیمتیاز:** مەحموود جەمیل بابان.

**مێژووی ماوە پێدانی:** ١٩٥٧/٥/٩.

**دوا ژمارە:** ژمارە ٣٦بووە لە مانگی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣دەرچووە.

**مێژووی داخستنی:** لە ساڵی ١٩٦٣ داخراوە".

- خۆمان هەر ٣٨ ژمارەکەیان دیوە، لە هەریەك لـە کتێبخانەکانی هەریەك لە - محەمەدی مەلا کـەریم و عەبدوڵلا زەنگەنەو ڕەفیق ساڵح - پارێزراون.

**پێشکەوتن ... التقدم**

**کۆڤار .. ڕۆژنامە**

**١٩٥٨**

گۆوارێکی هەفتەیی گشتی یە

مجلة اسبوعیة عامة

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی یە

**خاوەنی ئیمتیاز:** محەمەد بریفکانی.

**سەرنووسەر:** یونس الصباغ.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (٢٢×٣١)سم و (٣٠×)سم.

**چاپخانە:** الزهراء، دارالسلام، الهواء، سوق التجارە.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی و کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژ٣ی لە شوباتی ١٩٥٨دا دەرچووە.
- ژ١٩ی لە تەمموزی ١٩٥٨دا بڵاوکراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

- ژ١ ٢٠ی لە ٩ی ئابی ١٩٥٨دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژ٥١٣ی لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە.

<u>تێبینی:</u>

(**جەبار جەباری**) لە کتێبی **مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**دا نووسیویە:

**(لە پاشی شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ـەوە، بە ناوی گۆڤارەوە لە قەوارەی رۆژنامەدا دەرئەچوو)** پاشان نووسیویە:

**(بەو جۆرە هەتاکو ساڵی ١٩٦٠ ژیاو ئیتر چووە ریزی گۆڤارو رۆژنامەکانی ترەوە).**

(**جەمال خەزنەدار**)یش لە (**رابەری رۆژنامەگەریی کوردی**)دا نووسیویە:

**(محەمەد تۆفیق وردی بەشداریی لە دەرکردنی دا کردووە).**

(جەبار جەباری)ش لە کتێبی (**تأريخ الصحافة الكردية في العراق**)دا هەمان بۆچوونی هەبووە.

ئەمەشی زیادکردووە: **(کە بۆ یەکجار لە ١٩٦٣/٢/٨دا راگیراوە).**

هەرچی (**عەلائەدین سجادی**) یە، لە **مێژووی ئەدەبی کوردی**دا نووسیویە:

**(لە وێنەی گۆڤارێکی نیومانگی کوردی عەرەبی دابووە، پاشان بووە بە رۆژنامەیەکی رۆژانەی عەرەبی لەژێر ناوی (التقدم)دا، جارجاریش ژمارەیەکی بە کوردی هەر دەرئەچوو، لە ١٩٦٣/٢/٨دا داخرا).**

(**د. کەمال مەزهەر**)یش لە کتێبی **تێگەیشتنی راستی** دا نووسیویە:

**(دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژو لە ژمارە ٦٥یەوە بووە رۆژنامە، لەسەر دوا لاپەڕەی ژمارە ٦٥ی نووسراوە - رۆژنامەیەکی کوردی حەفتانەیە رۆژانی دوو شەممە دەرئەچێت- بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو، شوباتی ١٩٦٣داخرا -٤٢×٢٩- سم).**

## شەفەق/ بەیان

**گۆڤار**

**١٩٥٨**

گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبی و عیلمی کۆمەڵایەتییە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووك دەرئەچێ، جاری مانگی جارێك دەرئەچێ (ژمارەکانی ساڵی یەك) گۆڤارێکە تەرخان کراوە بۆ خزمەتی ئاشتی و ئەدەبی (ژمارەکانی ٣-٦ کە بە ناوی بەیان- شەفەق دەرئەچوو).

گۆڤارێکی خوێندەواری گشتییە (ژ ٧-ڤ١١، ساڵی دوو)

**خاوەنی ئیمتیازو مدیری مەسئول:** عەبدولقادر بەرزنجی.

**سەرۆکی نووسین:** مارف خەزنەدار.

**بەڕێوەبەرو سەرەك نووسەری:** گۆران (ژ ٣-٦ کە ناوی بەیان بووە).

**مدیری مالیە:** عەلی باپیر.

**کارگێڕ:** غەفور رەشید داراغا، دواترحەمید عوسمان.

**نرخ:**

**پێوانە:** (٥ر٢١×٢٩)سم و (٢٤-٥٢)لاپەڕەیە (٥ر١٤×٢١)سم.

**چاپخانە:** (شیمال، کەرکووك، شارەوانی- کەرکووك، اسعد،التمدن، سلمان الاعظمي- بەغدا، ژین/ سلێمانی

**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك ـ دواتر، سلێمانی

**زمان:** عەرەبی و کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

**کەرکووك:**

- ژمارە (١)ی ساڵی (١)، لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨دا دەرچووە.
- ژ ١١-١٢، ساڵی (١)،لە ٢٧ کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە.

- ژ ١-٢و سالّی (٢)، لە کانوونی دوو شوباتی ١٩٥٩دا بلاّوکراوەتەوە.

سلێمانی:

- ژ ٣، سالّی (٢)، لە نیسانی ١٩٥٩ بەیان- شەفەقدا بلاّوکراوەتەوە.
- ژ٦، سالّی (٢)، لە تەمووزی ١٩٥٩دا بەناوی ( بەیان- شەفەق)دا بلاّوکراوەتەوە.

کەرکوك:

- ژ ٧-١١ سالّیی (٢)،لە تشرینی دووەمی ١٩٥٩دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژ١٢، سالّی (٢)ن لە کانوونی دووەم ١٩٦٠دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژ ١، سالّی(٣)،لە ٨ی مارت ١٩٦٠دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژ ٢، سالّی (٣)،لە ٢٠ نیسانی ١٩٦٠دا بلاّوکراوەتەوە.

سلێمانی:

- ژ ١، سالّی (٤)، نیسانی ١٩٦١دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژ٤، سالّی (٤)،لە ١٥ ئەیلوولی ١٩٦١دا بلاّوکراوەتەوە.

تێبینی:

چەشنی (کوردستان)ی یەکەمین رۆژنامەی کوردی، هەرجارەی لە چاپخانەیەك و شارێك چاپ و بلاّوکراوەتەوە.

* خاوەنەکەی لە سالّی ١٩٧١دا، لەگەلّ کاکەی فەلاح، لە سلێمانی رۆژنامەی (ژین) یان دەرکردووە.

(جەبار جەباری) لە کتێبی (مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی)دا وا ئاماژەی بۆی کردووە کە (نیومانگ جاری لە کەرکوك دەردەچوو)، هەروەها نووسیویە :

(ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ناوی گۆڤارەکە لە سالّی١٩٥٩دا گۆڕاو کرا بە "بەیان"و بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ خزمەتی ئاشتیخوازان تەرخان کرا، وە لەماوەی کە لە کەرکوك دا کاری رۆژنامەگەری ئەکرد گەلی خزمەتی مەسەلەی ئەدەبی و کۆمەلاّیەتی و رامیاری و مێژوویی کردووە، دەستەیەکی هەلّبژاردە لە نووسەرو بوێژان بەشداری نووسینەوەیان کردووە لەوانە عوسمان خۆشناو سەمەدخانەقاو چەند کەسێکی تریش).

(جەمال خەزنەدار)یش نووسیویە:

(بەردەوام بووە هەتا سالّی١٩٦٢، دەستەیێك لە مامۆستایان ئیبراهم ئەحمەدو مارف بەرزنجەیی و عەبدولسەمەدخانەقاو مارف خەزنەدارو عومەر عارف و جەمال خەزنەدار بەرێوەیان دەبرد، ولەسالّی١٩٥٩لە ژێر چاودێری محمدی مەلاکریم و حەمیدعوسمان و گۆران چاپ کراوە، لە پاشان ئیدارەی گواستراوەتەوە سلێمانی و ناوی بووە بە بەیان)

(عەلائەدین سجادی)ش نووسیویە:

(ناوبناو تا سالّی ١٩٦٣ دەرچووەو پاشان پەکی کەوتووەو ئەم شەفەقە لە نیوەی دووەمی سالّی١٩٥٩ بوو بە-بەیان-و چووە سلێمانی لە چاپخانەی-ژین- سێ ژمارەی لێ دەرچوو. زمانی ئاشتیخوازنی عێراق و سەرنووسەرەکەی-گۆران- بوو، لە سالّی١٩٦٠دا گەڕایەوە بۆ کەرکوك، رێك و پێك نەبوو).

(د.کەمال مەزهەر)یش نووسیویە:

(لە سەرەتای سالّی١٩٥٩دا گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و ناوی بووە-بەیان-و مامۆستا گۆران سەرپەرشتی دەکرد. بووە ئۆرگانی ئاشتیخوازان، پاش ماوەیەك گەڕایەوە کەرکوك و ناوەکەی جارانی وەرگرتەوە و، سەرەتای سالّی١٩٦٣داخرا).

(حەمەسالّح فەرهادی)ش لە کتێبی چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسیی کوردیدا نووسیویە:

(لە سالّی ١٩٦١ گوێزراوەتەوە سلێمانی).

پێمان وایە ئەو زانیاریانەی ئێمە لە سەرەوە نووسیومانە لە هەمووان راستترە، چونکە دوای بینینی هەموو ژمارەکان و لێکۆڵینەوەیەکی قوول نووسراونەتەوە، جگە لەمە هەموو ئەوانەی ووتویانە ناوەکەی کراوەتە(بەیان) سەرچیخ چووینە، ئەو ناوەی (بەیان) تەنیا تەرجەمەی ناوی (شەفەق) بووە.

هەواڵنامەی کتێب

## سەیوان

**گۆڤار**

**١٩٥٨**

لە لایەن قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەی مەلکەندی سەرەتایی کوڕان دەردەچێ.

**خاوەنی:** قوتابخانەی سەرەتایی مەلکەندی کوران.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

ڕێنووس:عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ژمارە(١)ی لە بەهاری١٩٥٨دا دەرچووە.

**تێبینی:**

خۆمان ئەم گۆڤارەمان نەدیوە، بەڵام ژمارە(٣)ی کۆڤاری(**شەفەق**)ی مارتی١٩٥٨ لە بارەیەوە نوسیویە:

**گۆڤاری سەیوان، کە بە رۆنیۆی ووشك چاپ کراوە، لە لایەن قوتابخانەی مەلکەندی لە سلێمانی بە سێ زمان -کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی- دەرچووە، سوپاسی مودیریەتی قوتابخانەی ناوبراو ئەکەین، هیوامان وایە رۆژنامەچییێتی لە ناو کۆمەڵی جیگەرگۆشەکانمان پێش بکەوێ).**

دوابەدوای ئەم هەواڵە، یەکێك بە ناوی عوسمان سەعید، لە سلێمانیەوە پرسیارێکی لە رۆژنامەی (ژین)ی ژمارە١٣٨٨ی رێکەوتی پێنج شەمەی ١٩٥٨\٤\٣ کردووە، دەڵێ:

**(شەفەق- نووسیویتی کۆڤاری سەیوان لە قوتابخانەی مەلکەندی بە(٣) زمان دەرچووە، ئایا ئەمە یەکەمجارە یا دابیە؟).**

رۆژنامەکەش وەڵامەکەی ئەمە بووە:

**قوتابخانەی مەلکەندی کۆڤارێکی دەرکردووە بە ناوی-سەیوان- بەکوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.، نووسەرەکانی قوتابییان ومامۆستایانی ئەو قوتابخانەیەن، بەڵام بە-باندا- چاپ کراوە، ژمارە کەم بووە، هەر بەشی قوتابخانەکانی ئێرەی کردووەو بۆ هەر شارەی ژمارەیەکیش نێردراوە، بەڵام وامان زانیوە کە ساڵێکی تر زۆرتر چاپ ئەکەن، بۆ ئەوەی هەموو خوێندەوارێك ببینێ، وەجارێ ئەم گۆڤارە ساڵێ جارێك دەردەچێ).**

## کوردستان

**گۆڤار**

**١٩٥٨**

زمانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

**خاوەنی:** کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا.

**نوسەران:** وەکو عومەرسەعدوڵلاو عومەرقازی و عیسمەت شەریف وانلی و کەمال فوئاد و زاهیرحوسێن تیایدا، نووسیویانە.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ناو بەناو.

**پێوانە:**(٢٠×٢٦)سم.

**چاپخانە:** رۆنیۆ ، دواتر، چاپ.

**شوێنی دەرچوون:** ساندرلاند، پورتسمۆث، لەندەن.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی سەروو و خواروو**)، عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی.

**رێنووس:** عەرەبی و لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا١٦ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە(١)ی ساڵی یەکەم، لە مارتی ١٩٥٨دا دەرچووە، (**٢٧ لاپەرە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی**)، (**١١لاپەرەی بە زمانی ئینگلیزی**) بووە.
- ژمارە١٦ی لە کانونی دووەمی ١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

هەندێ لە ژمارەکانی، هەموو ناوەرۆکەکەی بەزمانی عەرەبی بووە، ژمارەی دیکەشی تەنیا بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە.

گۆڤارەکە بایەخی بە هەموو بەشەکانی کوردستان داوە. زۆر بەڵگەنامەو بابەتی دیکەی ئەدەبی و مێژوویی بڵاوکردۆتەوە.

زانای بەناوبانگ(**تۆفیق وەهبی**)یش کۆمەڵێك ووتاری مێژوویی تێدا بڵاوکردۆتەوە. ئەوە جگە لە

چالاکییەکانی کۆمەڵە، کە هەرجارەی چەند لاپەڕەیەکی گۆڤارەکەی گرتۆتەوە.

* ووتارەکانی گۆڤارەکە، بەهەر زمانێك بووبێ، هەمووی پێوەندی بە کوردەوە هەبووە.

* (جەمال خەزنەدار) نووسیویە:

(سکرتێری نووسینی سەلاحەدین سەعدوڵلا بووە).

(د.کەمال مەزهەر)یش نووسیویە:

(ناوبەناو بەچەند زمانێك- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- بڵاوی دەکردەوە، ژمارە٢، ٣ی لە پۆرتسمۆث و ژمارەکی بەزمانی عەرەبی بە بۆنەی بەستنی- کۆنگرەی خوێندکارانی عەرەب-ەوە لە ئەوروپا بڵاوکردۆتەوە. هەر لەو ژمارەیەدا نامەیەکی سەرۆك عەبدولناسر بڵاوکراوەتەوە کە بۆ دارا تۆفیقی ناردوە، عومەر رەمزی مەلا مارف و سەلاح سەعدوڵلا و فوئادساڵحی رەشە و زاهیر حەسەین و کەمال فوئاد دەوری چالاکیان لە دەرکرنیدا بینیوە، گۆڤارێکی پڕ لە بەڵگەو دەوڵەمەندە).

(حەمەساڵح فەرهادی)یش نووسیویە:

(ژمارە ای لە مانگی ئاداری ساڵی١٩٥٨ دەرچووەو ئەم ژمارەیە بەزمانی ئینگلیزی بووە).

## ڕزگاری

گۆڤار

١٩٥٩

خاوەنی ئیمتیاز: ساڵح حەیدەری.

سەرەك نووسینی لێپرسیاری: پارێزەر فوئادجەلال.

هەڵسوڕێنەر: جەلال تەڵەبانی.

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە.

وێنە: هەیە.

شوێنی دەرچوون: بەغداد.

زمان: کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

ڕێنووس: عەرەبی.

ژمارەکان: ٣ ژمارەی لە دوومانگدا لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی لە١٠شوباتی١٩٥٩دا دەرچووە.
- ژمارە٢-٣ی، لە بەرگێکدا، لە نیسانی١٩٥٩دا بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی:

(جەبارجەباری) لە تاريخ الصحافة الكردية في العراق دا نوسیویە:

(ژمارە١ ی لە١٠ی شوباتدا دەرچووە. لە ژمارە دوویەوە ئیمتیازەکەی بە ناوی پارێزەر عومەرمستەفا کرا. دوای ژمارە ٢ هیچ ژمارەیەکی دیکەی لێ دەرنەچووە).

(جەمال خەزنەدار)یش نووسیویە:

(تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە. لە ژمارە دوویەوە عومەر مستەفا بووە خاوەنی).

(عەلادین سجادی)ش نوسیویە:

(لە ژمارەی پارتی دیموکرتی کوردستان بووە، تەنها دووژمارەی لێ دەرچووە. ئەویش هەر لەوساڵەدا پەکی کەوت) .

(حەمە ساڵح فەرهادی)ش نوسیویە:

"لە٦ی کانوونی یەکەمی١٩٥٨ ئیمتیازی دراوەتێ.

مێژووی دەرچوونی : ژمارە(یەك)ی لە مانگی نیسانی ساڵی١٩٥٩دەرچووە.

تەنها دووژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

مێژووی داخستنی : لە٣ی نیسانی ساڵی١٩٦٠داخراوە".

(وریاجاف)یش دەڵێ :

(پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا لە بەغدا بڵاوی دەکردەوە، تەنهادوو ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵح حەیدەری سەرنووسەری بووە).

ژمارەی یەکەمی لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکراوەتەوە).

هەرچی ئێمەین پێمان وایە ئەو زانیاریانەی لێرەدا نووسیومانەتەوە لە هەمووان راسترە، بەڵام عەبدوڵلا

زەنگەنە لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا بە ناونیشانی **دادگایی کردنی خەبات،** کەلە ژمارەکانی(٤,٣,٢ )ی رۆژنامەڤانیدا بلاّوکراوەتەوە، نووسیویە:

**(هەرچەندە داواکراوە کە ئیمتیازەکەی ئەم گۆڤارە بدرێتە پارێزەر عومەرمستەفا، بەلاّم ماوەی پێ نەدراوە، بۆیە ئیمتیازەکەی هەر بە ناوی ساڵح حەیدەری ماوەتەوە، کەواتە ژمارە(٢-٣)یش هەر ئەو دەری کردووە).**

## برایەتی

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

زانیارییە سەرەتاییەکان وا ئاماژەی بۆ دەکەن، بلاّوکراوەیەکی **(پارتی دیموکراتی کوردستان)** بوویێت، خەسرۆ تۆفیق سەرپەرشتی کردبێت، زاهیدە ئیبراهیم-یش لە کتێبەکەیدا وای ئاماژە بۆ کردووە، کە ژمارەکانی لە کتێبخانەی **(وەزارەتی الاعلام)** هەبوویێت، هەرچی بلاّوکراوە کوردییەکانە، وایان ئاماژە بۆ کردووە، کە لەم زووانەدا دەردەچێت

## چارەسەرکردنی کشتوکاڵ

**(الاصلاع زراعی)**

**(ئیسلاحی زراعی)**

**١٩٥٩**

گۆڤارێکی کشتوکاڵی مانگانەیە، وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ دەری دەکرد.

**خاوەنی:** وەزارەتی جارەسەرکردنی کشتوکاڵ.

**بەرپرسی بەشی کوردی:** محەمەدی مەلا کەریم.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی ، کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو).**

**ژمارەکان:**

- ژمارە(١)ی ساڵی١، لە ١٩٥٩دا دەرچووە.

- ژمارە١٢ی ساڵی ١

ژمارە ٩ی ساڵی٢، واتە ژمارە٢١ی، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە.

<u>**تێبینی:**</u>

وادیارە ساڵی یەکەم ١٢ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی دووەمیش٩ژمارە.

**(جەبارجەباری)** لە کتێبەکەی **مێژووی رۆژنامەگەری** کوردی دا نووسیویە:

**(زۆربەی نووسراوەکانی لە بارەی کشتوکاڵەوەیە ئەویش بە باسی زانیاری بە کەڵك، دواژمارەی کە-١٢-بووە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢ بلاّوکراوەتەوە، محمدی مەلاکەریم سەرپەرشتی بەشە کوردیەکەی دەکرد).**

**(وریاجاف)**یش گوتویە:

**(ژمارەی یەکەمی لە ساڵی١٩٥٩ بلاّوکراوەتەوە. محمدی مەلاکریم سەرپەرشتی کوردیەکەی بوو،بەردەوام بوو لە بلاّوکردنەوە تا مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢، بەشە کوردێکەی -١٢- ژمارەی لێ دەرچووە.**

**دواژمارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا بووە. تێکرا(٢١) ژمارەی لێ دەرکراوە).**

**(د.کەمال مەزهەر)**یش لە کتێبی **تێگەیشتنی راستی** دا نووسیویە:

**(وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ساڵی١٩٥٩وە دەری دەکرد، بەشێکی بەکوردی بوو، لە ژمارەی دووەوە ناوی بەشی کوردیەکەی بووە (ئیسلاحی زەراعی)، تا وەستانی(تەشرینی دووەمی ١٩٦٢) تەنها ٢١ ژمارەی لێ دەرچووە، محمدی مەلاکەریم سەرپەرشتی بەشی کوردیەکەی دەکرد.)**

(حەمە ساڵح فرهادی)یش لەبارەیەوە، نووسیویە.

**"ژمارە(یەك)ی کوردیەکەی لە تەموزی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە.**

**ئەرازاندرایەوە لەگەڵ وێنەی بەکەڵك، لەسەر ئەوانەشەوە جارجارێکیش پارچە هەڵبەست و**

نووسینەوەی كۆمەڵایەتی و رامیاری تێدا بڵاودەكرایەوە، لەگەڵ چیرۆك و هۆنراوەشدا، ئەم گۆڤارە هەتاكو ساڵی ١٩٦٢ ژیا ئیتر وون بوو".

(جەمال خەزەدار)یش لەبارەیەوە نووسیویە:

ژمارە یەكی لە ساڵی ١٩٥٩دا بڵاوكراوەتەوە، لە ساڵی یەكەمی(١٢)ژمارەی لێ دەرچووە، ئیتر هەتا كپ بوونی بەشە كوردیەكەی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢دا(٩) ژمارەی لێ دەرچووە، محمدی مەلاكەریم بەشی كوردی دەردەكردو بەڕێوەی دەبرد).

(عەلائەدین سجادی)یش لەبارەیەوە نووسیویە:

لەكەم ژمارەی لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٠دا دەرچووە).

**نەورۆز**

**گۆڤار**

**١٩٥٩**

گۆڤارێكی ئەدەبی و زانیاری و كۆمەڵایەتی كوردی-ژ(١)

گۆڤارێكی سیاسی و ئەدەبی و زانیاری و كۆمەڵایەتی كوردییە -ژ (٣)

**خاوەنی لێپسراوی:** كەمال میرزا كەریم.

**دەستەی نووسەران:** ١- كامەران ٢- مستەفا قەرەداخی ٣- ئەمین میرزا كەریم.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**وێنە:** چەند وێنەیەك هەیە.

**پێوانە:** (١٦×٢٣)سم و (١٠٠-١٢٤) لاپەرەیە.

**نرخ:** ١٢٠ فلس.

**چاپخانە:** كامەران.

**زمان:** كوردی (زاراوەی كرمانجی خواروو).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەكان:** تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە(١)ی ساڵی(١)، لە نەورۆزی ١٩٥٩دا دەرچووە.

- ژمارە(٢)ی ساڵی(٢)، لە بانەمەڕی ١٩٥٩دا بڵاو كراوەتەوە.

- ژمارە(٣)ی لە جۆزەردانی١٩٥٩دا بڵاوكراوەتەوە.

(وەكو دەبینین مانگە كوردییەكان لە سەر رووی گۆڤارەكە نووسراون).

<u>تێبینی:</u>

(عەلائەدین سجادی) لەبارەیەوە نووسیوویە:

(رۆژنامەیەكی ئەدەبی كۆمەڵایەتی حەفتەیی بووە، خاوەنەكەی كمال میرزا كەریم و یەكەم ژمارەی لە مایسی ١٩٥٩دا لە سلێمانی لە چاپخانەی(ژین) دەرچووە، لام وایە هەردوو ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە).

(جەمال خەزنەدار)یش پێی وابووە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە یەكی لە نیسانی ساڵی١٩٥٩دا، ژمارەی سێی كە دوا ژمارەی بووە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٥٩دا دەرچووە.

(جەبارجەبار)یش لە كتێبەكەی تاريخ الصحافة الكردية في العراق دا لە بارەیەوە نووسیویە:

(ژمارەیەكی لەمانگی مارتی ١٩٥٩دا دەرچووە، بەرایی ٣ ژمارەی بە قەدەر گۆڤاری ئاسایی لێ بڵاوكرایەوە، دواتر شێوەی رۆژنامەیەكی ئاسایی وەرگرت).

( د.كەمال مەزهەر)یش لە بارەیەوە نووسیویە:

(ژمارەیەكی: نیسانی ١٩٥٩، سێ مانگ لە سەریەك دەرچووە ئیتر وەستا).

(حەمەساڵح فەرهادی)یش بە گۆڤاری(نەورۆز-مەشخەڵی نەورۆز) ناوی تۆمار كردووە و لە بارەیەوە نووسیویە:

(ژمارە یەكی نیسانی ساڵی ١٩٥٩دەرچووە)، دوای ئەوەی گوتویە:

(دوا ژمارەی لە حوزەیرانی هەمان ساڵ دەرچووە)، ئینجا نوسیویەتی:

(پاشان كراوەتە رۆژنامەو بەناوی- مەشخەڵی نەورۆز- هەتاكو ساڵی١٩٦٠بەردەوام بووە).

هەواڵنامەی کتێب

* ئـەوەی شـایانی باسـە سـەروتاری ژمـارە(٣)ی گۆڤارەکە لە ژێر ناونیشانی (**گۆڤـاری نـەورۆز بووبـە سیاسی**)و لە وێدا بۆ خوێنەرانی نووسیوە:

(**وەزارەتی ئیرشاد بڕیاریدا کە گۆڤاری-نەورۆز- ببێتە گۆڤارێکی سیاسی و لە مانگێکدا دووجار دەربچێت- بەڵام ئێستا لەبەر تەنگو چەڵەمەی چاپخانە مـانگی جارێ دەرئەچێ**).

*لەم بارەیـەوە، لـە لاپـەڕەکانی داهـاتوودا، لـەژێر نـاوی- مەشـخەڵی نـەورۆز-دا، زانیـاری دیکـە دەخوێننەوە.

## مەشخەڵی نەورۆز .. نەورۆز

**ڕۆژنامە**

**١٩٥٩**

ڕۆژنامەیـــەکی سیاســـی و ئـــەدەبی و زانیـــاری و کۆمەڵایەتی کوردی یە

**خاوەن و لێپرسراو:** کەمال میرزا کەریم.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**نرخ:** ١٨فلس.

**پێوانە:** (٣٤×٤٩)سم و(٤×٨) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کامەران/سلێمانی.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عـەرەبی

ژمارەکان: تەنیا ١٩ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە(١)ی لە ڕۆژی پێنج شەمەی ڕێکەوتی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٩دا دەرچووە.

- ژمـــــارە١٧ی لـــــە ١٦ی مـــــارتی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە.

- ژمـــــارە(١٩)ی لــــە(؟) مایســــی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەبارجـەباری**) لــە ژێـر ناونیشــانی:(**ڕۆژنامــەی نەورۆز**)دا لە بارەیەوە نووسیویە:

(**لە ژمـارە ٧ی ڕۆژنامەکـەوە بەشێك بـۆ عـەرەبی تەرخان کـرا، هـەتا دواتەمـەنی ژیـانی لـە مـانگی مایسی١٩٦٠ زیاتر لە ١٩ ژمارەی دەرکرد**).

پاشان نووسیوویە:

(**ئەم ڕۆژنامەیەش لە سـەردەمی عەبدلکـەریم قاسم پەکی کەوت و لە جمو جۆل وەستا**).

* ئێمـەش دەڵـێین ئـەو ڕۆژنامــەی(نـەورۆز) یـان (مەشخەڵی نەورۆز)ە لە شوێنی گۆڤارەکـەی نـەورۆز دەرنەچـووە. بـەڵکو وەکـو پاشـکۆی کۆڤارەکـە بڵاوکراوەتەوە.

* لە ڕاستیدا گۆڤارەکە ئیمتیـازی هەڵنەوەشـاتەوە. وەکو هەندێ سەرچاوە ئاماژەی بـۆ دەکـەن، بـەڵکو ناوەکەی بۆتە ئەو (**برِوا**)یەی کە دواتر باسی دەکەین.

* ڕۆژنامەکە بـەناوی(**مەشـخەڵی نـەورۆز**) نـەبووە، وەکو هەندێ سەرچـاوە وا ئاماژەیـان بـۆی کـردووە، بەڵکو تەنیا ژمارە ١٢ی ڕۆژی شەمەی ڕێکەوتی ٣ی تشرینی یەکەم١٩٥٩دا بەم ناوە بڵاوکراوەتەوە، (١٤) لاپەڕەبووە. بەزمانی عەرەبی بووە، نرخەکەی١٤فلس بوو.

وادیـارە ئـەو ژمارەیـەش بـە بۆنـەی برینـدارکردنی عەبدولکەریم قاسمەوە دەرچووە.

* ژمارەیـــەکی دیکـــەش، هەربـــەزمانی عـــەرەبی دەرچووە، بەڵام ڕۆژی دەرچـوونی بەسـەرەوە نـەبووە، بەپێی ڕووداوەکان ژمارە(١٤) بووە.

## نیشتمان.. الوطن

**گۆڤار**

**١٩٥٩**

گۆڤارێکی وێژەیی زانیاری و کۆمەڵایەتیە لـە لایـەن قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایانی کـوران دەردەچێت لە سلێمانی

مجلة ادبيـة ثقافيـة اجتماعيـة تصدر عـن دارالمعلمين الابتدائية بالسايمانية

**خاوەن:** خانەی مامۆستایانی سەرەتایی.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٧×٢٣,٥)سم و ٧٢ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** کامەران.

**زمان:** کوردییا (زاراوەی کرمانجی خواروو)، عەرەبی

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(١) ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە(١)ی ساڵی(١) لە نەورۆزی١٩٥٩دا دەرچووە.

**تێبینی :**

(**جەبارجەباری**) لە بارەیەوە نووسیویە:

**لەیەکەم ژمارەی لە مانگی نەورۆز(مارت)ی ١٩٥٩دەرچووە، لەو تاکە ژمارە بە دواوە ئیتر چاومان بە هیچ ژمارەیەکی تری نەکەوت، ئەم گۆڤارە بەرێك و پێکی رازاندرا بوۆوە.**

**هەروەها بە وتاری هەمەچەشنە بە کەڵك، چەند خامەیەکی تازە پێگەیشتوو بەشداری نووسینەوەیان کردبوو).**

(جەمال خەزنەدار)یش نووسیویە:

**(بە سەرپەرشتی مامۆستایان محەمەد سلێمان ئیبراهیم و عەبدوڵلا زێیاری و ئیبراهیم محەمەد، وەهاوکاری قوتابیان محەمەد مەجید، فایق محەمەد عەبدوڵلا، زاهیدە قەرەداخی، سەلاح یوسف- دەرچووە).**

(د.کەمال مەزهەر)یش نووسیوویە:

**(دەستەیەك مامۆستاو قوتابی-دار المعلمین-ی سلێمانی دەریان دەکرد)**

**(حەمەساڵح فەرهادی)**یش هەموو ئەو ناوانەی جەمال خەزنەدار ژماردوونی، بەدەستەی نووسەرانی داناون.

* ئەو ژمارەیە لە کتێبخانەی هەریەك لە (رەفیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە)دا هەیە .

## خەبات...النضال

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین:** ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ماوەیەك پچرپچر، دواتر، رۆژانە.

**پێوانە:** (×)سم و(٤×١٦) لاپەرە، ( )سم و (٤-٨)لاپەرە (×)سم و (٤-٦) لاپەرە.

**چاپخانە:** (نجاح، بغداد، التمدن، الراي العام، صلاح الدين).

**شوێنی دەرچوون:** بەغداد.

**زمان:** عەرەبی ، کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٤٦٢ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە ١ی، ساڵی١ لە شەمەی ٤/٤/١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە٤٦٢ی لە ٢٨ی مارتی١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

**(جەبارجەباری) لە کتێبی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دا لە بارەیەوە نووسیویە:**

**(رۆژنامەیەکی رامیاری رۆژانەیە).**

**خاوەن و سەرك نووسەری:** ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەری دەکرد،**(یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە رۆژی ٧ی نیسانی ١٩٥٩ بەشێوەیەکی فراوان بڵاوکرایەوە).**

پاشان نووسیویە:

**(لە ساڵی ١٩٦٠ خاوەنی رۆژنامەکە پارێزەر-ئیبراهیم ئەحمەد- درا بە ئەنجومەنی عورفی لە سەر ووتارێك کە پەیوەندی بە مادەی (٣)ی دەستووری کاتی عێراقەوە بوو، وەلە ئەنجامی مەحکەمەکردنیا لە رۆژی ١١/١٢/١٩٦٠بریاردرا کە رۆژنامەی خەبات لەو ووتارە کە لە سەری درا بووە دادگا تاوانبار نییەو بیروراکەی دروستەو لە چاوگەیەکی خاوێنەوە هەڵقوڵاوە.**

**دوای تێکۆشانێکی دوو ساڵی نزیکەی(٤٤٢) ژمارەی بەرێك و پێکی وە بەئاشکرا دەرچوو.وە لە نیوەی یەکەمی ساڵی١٩٦١دا بە یەکجاری داخراو چاپخانەکەشیی (چاپخانەی صلاح دین) لە لایەن میریەوە، دەستی بەسەردا گیراو زەوت کرا).**

(جەمال خەزنەدار)یش پێی وایە:

(خاوەنی ئیمتیاز و سەرك نووسینی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بووە).

(عەلائەدین سجادی)یش لە بارەیە وە نووسیویە:

(رۆژنامەیەکی پیلانی رۆژانە بوو، لە بەغدا لە چاپخانەی النجاح- یەکەم ژمارەی لە(٤/٤/١٩٥٩)دا دەرچووە. خاوەن و سەرنووسەری ئیبراهیم ئەحمەد بووە، دواژمارەی لە رۆژی ٢٨/٣/١٩٦١دا دەرچووە، تێکرای ٤٦٢ژمارەی دەرچووە، ئەوەندە هەبووە لە ژمارە١٤ بەم لاوە بەزمانی عەرەبی دەرچووە لە پاڵ وشەی -خەبات-دا وشەی-النضال- نووسراوە).

(د.کەمال مەزهەر)یش نووسیویە:

(ئۆرگانی ئاشکرای- پارتی دیموکراتی کوردستان- بوو، سەرەتا چەند ژمارەیەکی کەمی بە کوردی و عەرەبی دەرچوو، دوایی هەمووی بووە عەرەبی بێ ئەوەی ناوی بگۆڕێ- تا داخستنی (٢٨مارتی١٩٦١)٤٦٢ ژمارەی لێ دەرچوو، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆلینەوەی زۆر رووی مێژووی کورد).

(حەمە سالح فەرهادی)یش نووسیویە:

"بەزمانی کوردی و عەربی بلاوکراوەتەوە.

زمانی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

مێژووی ماوەپێدانی: لە ١١/١/١٩٥٩ماوەی دەرچوونی دراوەتێ،

مێژووی داخستنی: لە ٢٨/١٠/١٩٦١ بە رەسمی داخراوە".

(وریاجاف)یش لە کتێبی (مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان)دا نووسیویە:

(ئۆرگانی رەسمی پارتی بوو، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بوو) ئینجا نووسیویە:

( لە سەرەتادا ١٤ ژمارەی بەزمانی کوردی لێ بلاوکراوەتەوە ئینجا بەزمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە).

**تێبینی :**

سەرباری ئەو زانیارانەی لەسەرەوە نووسیومانە، بە پاڵپشتی بابەتی(**دادگایی کردنی خەبات**) کە لە ژمارە (٢،٣،٤)ی (**رۆژنامەڤانی**)دا بلاوکراوەتەوە دەکرێ بنووسین:

١- بەر لەدەرچوونی ئەم رۆژنامەیە لە ٤/٤/١٩٥٩(**پارتی دیموکراتی کوردستان**) رۆژنامەیەکی دیکەی بەناوی(**خەبات**) دەرنەکردوە. واتە ناوی(**رزگاری**) یەکسەر نەبۆتە(**خەبات**) بەڵکو(**خەباتی کوردستان**) بووە.

٢- سەرەتا پارتی دیموکراتی کوردستان بە رەسمی هیچ پەیوەندییەکی بەم رۆژنامەیەوە نەبووە، بەڵکو ئیمتیازەکەی بە ناوی ئیبراهیم ئەحمەد بووە و هەر خۆیشی سەرنووسەری بووە.

٣- دوای ئەوەی پارتی بەرەسمی مۆڵەتی کارکردنی پێ دراوە، ئینجا ئیمتیازی رۆژنامەکە خراوەتەوە سەرناوی خۆی، (**ئیبراهم ئەحمەد**)یش سەرنووسەرییەکەی لە ئەستۆ بووە.

٤- (**خەبات**) لەسەر ئەو وتارە دراوەتە دادگا کە لەبارەی مادەی(٢)ی دەستور نووسرابوو، کە دەڵێ(**العراقجزء من الامة العربية**)، نەك لەسەر مادەی سێیەم کە عەرەب و کوردی لە عێراق بەهاوبەشی داناوە.

٥-(**خەبات**) سەرەتا(٥) ژمارەی بەزمانی کوردی لێ دەرچووە و دواتر(٢) ژمارەی بەعەرەبی و(٢)ی دیکەی بە کوردی و جارێکی دیکە بەزمانی عەرەبی و پاشان یەك لەدوای یەك رۆژانە(١٠) ژمارەی بە کوردی دەرچووە، هەر بەم شێوەیە تا ژمارە(١١٢) پێداچووە، وەکو عەبدوڵلازنگەنە حیسابی کردووە٤٢ژمارەی بە زمانی کوردی لێ دەرچووە، نەك وەك ئەوەی هەندێ لە نووسەران و تەنانەت ئەو(**مام سەفەر**)ەش، کە کاتی خۆی لە چاپخانەی رۆژنامەکە کاری کردووە، گوتوویە(١٤) ژمارەی بەزمانی کوردی لێ دەرچووە، دیارە ئەو زانیارانەی دیکە هەمووی هەڵەی زەقن.

٦- لــە شۆرشـــی ئـــەیلول دا جـــارێکی دیکـــە رۆژنامەی(خەبات) بـە ژمـارە(٤٦٥)ی لـە نیسـانی ١٩٦٢ دەست بـە بڵاوکردنـەوەی کراوەتـەوە، لێـرەدا عەبدوڵلا زەنگەنە پێی وایە یان کاتی خۆی دواژمارەی ئاشکرای(خەبات)٤٦٤بووە، یـان ئـەوەتا هەڵەیـەکی دیکە لە زنجیرەبەنـدی رۆژنامەکـە کـراوە، ئـەم جۆرە هەڵەیەش زۆر لـە رۆژنامەنوسیی کوردیدا دووبارە بۆتەوە.

٧- لە دوای دوو بەرەکییەکەی ساڵی ١٩٦٤دا، پارتی بە سەرۆکایەتی مەلامستەفاو ئەوانـەش کـە بـەناوی مەکتـەبی سیاسـی لێـی جیـا ببوونـەوە، هەرلایـە رۆژنامەیـەکی بـەناوی **خـەبات** وەك ئۆرگـانی خـۆی بڵاودەکـردەوە، بـۆ نموونـە ژمـارە(٤٧٤)ی کـە بەسـەرۆکایەتی مەلامسـتەفا بـووە لـە ١٩٦٤دا بڵاوکراوەتەوە،هەرچـی لایەنەکـەی دیکەیــە ژمارە(٤٧٤)ی لە ١٩٦٦دا بڵاوکراوەتەوە.

هــەر بــەم شـێوەیە رۆژنامەکـە(١٠) ژمـارەی لـێ بڵاوکراوەتەوە.

٨- دوا ژمارەی(**خەبات**) لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول دا(٥٢٧) بـووە، کـە لـە شـوباتی ١٩٧٥دا بڵاوکراوەتەوە.

٩- دوای نسکۆی شۆرشـی ئـەیلول جارێکی دیکـە (**خەبات**) بە ژمارە ٥٢٦ لە ١٩٧٦/٧/١ دەسـت بـە بڵاوکردنەوەی کراوەتـەوە، کەچـی ژمـارە(٥٢٧) لـە ١٩٧٦/٨/١٦دا دەرچووە، کەواتە جارێکی دیکـەش هەڵەیەك لە زنجیرەبەندی رۆژنامەکە کراوە.

١٠- ئەوکاتەی(**خەبات**) دراوەتـە دادگـا، (**ئیـبراهیم ئەحمەد**) تەنیا سەرنووسەری رۆژنامەکـە بـووە، نـەك خاوەن ئیمتیازی.

## ئازادی

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی یە

ئۆرگانی ئاشکرای حزبی شیوعی عێراق/ لقی کوردستان

**خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرانی:** نافع یونس.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتەی سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

**دەستەی نووسەران:** محەمەدی مەلاکـەریم، محەمەدکـەریم فەتحوڵلا، ئەحمەد غـەفور، عـەزیز محەمـەد، حوسـێن عارف، عزەدین مستەفا رەسول.

**نرخ:** ٢٠،١٦فلس.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (٣٠×٤٣)سم و(٤×١٠) لاپەرەیە.

**چـاپخانە:** (الشـمال- کـەرکوك، الرابطـة-بەغـدا، الوفاء- بەغدا).

**شـوێنی دەرچـوون:** کـەرکوك-ژ(١-١٣)، بەغـدا-ژ(١٤-١٥٦).

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو)**.

**ژمارەکان:** ساڵی یەکەم١٠٠ ژمارە و ساڵی دووەم ٥٦ ژمارە لێ دەرچووە.

- ژمـــارە(١)ی لـــە هـــەینی رێکـــەوتی ١ی ئاياری١٩٥٩دا دەرچووە.

- ژمارە٥٦ی ساڵی دووەم لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەبارجەباری**) لە **مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی** دا لەبارەیەوە نووسیویە:

(**هـەتا ناوەراسـتی ١٩٦١نزیکـەی ٢٠٠ ژمـارەی خستەروو**).

(**جەمال خەزنەدار**)یش نووسیویە:-

(**دوا ژمارەی لە ساڵی دووەمی ژمارە ٥٦ بووە**).

(**عەلائەدین سجادی**)ش پێیوایە: (**دواژمارەی لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا بووە، تێکرا ١٥٦ ژمارەی لێ دەرچووە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا**).

هەرچی (**د. کەمال مەزهەر**)ە دەڵێت :

(**ئۆرگـای-پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق- بـوو، تـا داخستنی-کۆتـایی تشـرینی دووەمـی ١٩٦٠-١٥٦ ژمـارەی لـێ دەرچـوو، رۆژنامەیـەکی دەوڵەمەنـدە، (٢٩×٤٤)سم**).

(حەمەساڵح فەرهادی)یش نووسیویە:
**"دوا ژمارەی کە ژمارە (٥٦)ی ساڵی دووەمی بووە، لە ٢٨/ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە. مێژووی داخستنی لە ٦ی ئابی ١٩٦١داخراوە".**
*کاتی خۆی ئەم رۆژنامەیە هەموو ژمارەکانی لە کتێبخانەکەی محەمەدی مەلاکەریم هەڵگیرابوون، بەڵام دواتر بە مەبەستی پاراستنی خستبوویە کتێبخانەی (الوطنیة)لە بەغدا، دیارە دواتر رژێم رۆژنامەکەی لەوێ لابردووە.
فۆتۆی (١٠٠) ژمارەی بەرایی لە کتێبخانەی عەبدوڵڵا زەنگەنەدا هەیە.

## کوردستان

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

سیاسیی، زانیاری، وێژەیی، کۆمەڵایەتیی
رۆژنامەیەکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چلێکی لێ دەرئەچێ.
**خاوەنی ئیمتیازو مدیری لێپرسراو:** عەبدولحەمید بەدیع ئەلزەمانی.
**سەرنووسەر :** محەمەد سدیق مفتی زادە.
**دەستەی نووسەران:**
١) د.عەبدولرەحمان. ٢) ئەحمەد مفتی زادە. ٣)عابد سەراجەدین. ٤)شوکروڵڵای بابان. ٥)خەسرۆ شیکانلووی میلانی.
**پێوانە:** (٣٠×٤٢)سم و (٨، ١٢، ١٦ ) لاپەڕەیە.
**چاپخانە:** اختر شمال.
**شوێنی دەرچوون:** تاران.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو ، کرمانجی سەروو، هەورامی، سنەیی، کرمانشانی**).
**رێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:** پتر لە ٢٠٠ ژمارەی لێ دەرچووە.
- ژمارە ١ی ساڵی ١ی لە ٦ی مەی ١٩٥٩(١٥ی گولانی ٢٥٧١ک)دا دەرچووە.
- ژمارە ٥١ی ساڵی ١، لە ٢٧ نیسانی ١٩٦٠دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١(٥٢)ی ساڵی٢، لە ٤ی مەی ١٩٦٠ (١٤ی گولانی ٢٥٧٢)دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١٠٣ی (٥٢)ی ساڵی٢، لە ٣ی ئایاری ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١ی ساڵی ٣ ،١٠ی مەی ١٩٦١(٢٠ گولانی ٢٥٧٣ک)دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١٥٤ی ساڵی ٣، لە٢ی ئایاری ١٩٦٢ دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە( ) ساڵی ٤ی ، ٩ی مەی ١٩٦٢ (١٩یگولانی ٢٥٧٤ک) دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە( ) ساڵی ٤ی ، ٢٠ ی مارتی ١٩٦٣دا بلاوکراوەتەوە.

## راستی.. الحقیقة

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

رۆژنامەکا سیاسییە
جریدة یومیة سیاسیة
**خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر:** جەرجیس فەتحوڵڵای مەحامی.
**بەڕێوەبەری نووسین:** عەبدولئەحەد ئیبراهیم.
**سەرپەرشتیاری بەشی کوردی:** ئەنوەر مائی.
**چۆنیەتی دەرچوون:** لە ژ(١-١١) نیو هەفتەیی ، لە ژ (١٢-٢٤)هەفتانە.
**وێنە:** هەیە.
نرخ: ١٢ فلس.
پێوانە: (٤٢,٥×٥٥)سم، (٣٠×٤٤)سم و ٤، ٦، ٨ لاپەڕە بووە.
**چاپخانە:** عصری/ موسڵ.
**شوێنی دەرچوون:** موسڵ.
**زمان:** عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکوور، باشوور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە (١)ی لە ٧ی ئایاری ١٩٥٩دا دەرچووە.

- ژمارە ٢٤ی لە ٣ی نیسانی ١٩٦٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

* لە بارەی ئەم رۆنامەیە ، لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل، بە ناوونیشانی **جريدة الحقيقة... راستي أول جريدة عربية كردية في مدينة الموصل- دراسة وتوثيق**، لەلایەن د. عەبدولفەتاح بۆتانی نووسراوەو وەکو بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (مەتین) لە ساڵی ١٩٩٨دا لە دهۆك بڵاوکراوەتەوە.

**کاتی خۆی چەند ژمارەیەك لەم رۆژنامەیە، تەنانەت ئەو ژمارانەش کە د. عەبدولفەتاح نەیدۆزیبوونەوە ،لە کتێبخانەی نیشتیمانی لە بەغدا هەبوو ، دوای شەڕی ئازادی عێراق و سووتانی بەشێك لەم کتێبخانەیە نازانین ئەم رۆژنامەیە ماوە یان نا.

## گاور باغی

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

(٣٥) ژمارەی لێ دەرچووە، عوسمان خۆشناو سەرپەرشتی کردووە، هەمان رۆژنامەی (کەرکووك) بووە، لە بارو زروفی دوای (١٤)ی تەمووز ئەم ناوەی وەرگرتووە، رۆژنامەی راستی هەواڵی دەرچوونی ژمارە یەکی راگەیاندووە.

## برایەتی

**رۆژنامە**

**١٩٥٩**

لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا ئەوەندە باسی نەکراوە، تەنیا (**حەمە ساڵح فەرهادی**) ئاماژەیەکی خێرای بۆ کردووە، بەڵام وادیارە ئەویش خۆی نەیدیوەو زانیارییەکانی لەزاهیدە ئیبراهیم راگواستووە کە لەژێر ناوونیشانی (**جريدة الاخاء- برايەتی**) لەبارەیەوە نووسیویە:

"جريدة يومية لسان حال الحزب البارتي الكردي

**صاحبها ورئيس تحريرها:** خسرو توفيق.

**صدرت في:** بغداد باللغتين العربية والكردية.

**تأريخ الامتياز:** ١٩٥٩/٣/٨.

والغيت في ١٩٥٩/١٣.

**توجد في:** وزراه الاعلام ببغداد".

هەروەها، بەلای کەمییەوە، یەك لەبڵاوکراوەکانی کوردی ئەوسا، هەواڵی وەرگرتنی ئیمتیازەکەی بڵاوکردۆتەوە.

**تێبینی:** ئەم بڵاوکراوەیە لە لاپەڕەکانی پێشووش باسمان کردووە.

## ئاشتی

**١٩٥٩**

**خاوەنی:** نەقابەی مامۆستایان- لقی سلێمانی.

**پێوانە:** فولسکاب.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی

**ژمارەکان:**

-ژمارە ١ی لە تەمووزی ١٩٥٩دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

جگە لە فۆتۆی بەرگ، دانە ئۆریژناڵەکەمان لە کتێبخانەکەی (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**)دا بۆ نەدۆزرایەوە، بۆیە نەکرا هەندێ وردەکاری دیکە لەبارەیەوە تۆماربکەین.

لەسەر رووی بەرگی یەکەمی نووسراوە:

**(نووسینی دەستەیەك لە نووسەرانی نەقابەی مامۆستایان.**

**وێنەکان- بەپەنجەی رەنگینی مامۆستا ئەنوەر تۆمی نەخشەکێشراوە).**

## بڵێسە
**گۆڤار**
**١٩٥٩**

گۆڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردییە
**خاوەنی:** نەقابەی مامۆستایان/سلێمانی.
**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.
**نرخ:** ١٠٠فلس.
وێنە:
**پێوانە:** (١٦×٢٣)سم و (٨٠-٨٢) لاپەڕەیە.
**چاپخانە:** ژین.
**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**ڕێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:** تەنیا ١١ ژمارەی لێ دەرچووە.
ژمارە(١)ی لە ئۆگستۆس(ئاب)ی ١٩٥٩دا دەرچووە.
ژمارە(١١)ی ساڵی (١)ی لە حوزەیرانی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**
(**جەبار جەباری**) لە بارەیەوە نووسیویە:
**(هەتا مانگی مایسی ١٩٦٠نزیکەی (١٠)ژمارەی هاتۆتە کایەوەو جوانترین نووسراوی زانیاری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و وێژەیی بڵاو ئەکردەوە. ئەم گۆڤارەش وەکو دەستە خوشکەکانی تری بە تێکجوونی باری کۆماری عێراق لە هەوڵ و کۆشش کەوت بە جوانەمەرگی خنکێندرا).**
(**جەمال خەزنەدار**)یش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە **(١٠ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە) و (ژمارە ١٠ لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە)**.
لای (**عەلائەدین سجادی**)یش (**بڵێسە**) هەر (١٠)ژمارەی لێ دەرچووە .
لای(**د. کەمال مەزهەر**)یش:
**"لە ساڵ کەمتر ژیا، نەقابەی مامۆستایان - لقی سلێمانی دەری دەکرد، وتارەکانی بۆ باسی ئەدەب و مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە باسانە تەرخان کرابوو. (٥ر٢٣×٥ر١٦سم"ە .**
(**حەمەسالح فەرهادی**)یش دوای ئەوەی لە نێو کاروانی رۆژنامەنووسیی مامۆستایان ریزبەندی دەکا، ئینجا دەڵێ
**:( دوا ژمارەی ١٠بووە کە لە مایسی ١٩٦٠ دەرچووە).**
لای (**وریا جاف**)یش هەر (١٠)ژمارەی لێ دەرچووە.
وەکو بینیتان لای ئێمە (١١) ژمارەی لێ دەرچووەو ئەو دوا ژمارەیەی، لەلایەن رەقابەی عەسکەری قەدەغە کراوە، کاتی خۆی هەندێ لە ژمارەکانی وەلا نراون و ئێستا لە هەندێ لە کتێبخانەکان پارێزراون، لەوانە محەمەد سالح سەعید ، کە لە دەستەی نووسەران بووە ، هەر خۆشی لە ژمارە ٢٣ی (رامان)ی ساڵی ١٩٩٨دا بابەتێکی لە بارەی چۆنیەتی دەرچوونی نووسیووە.

## رای گەل
**(رأي الاهالي)**
**رۆژنامە**
**١٩٥٩**

رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە
ئۆرگانی حیزبی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی یە.
**خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەر:** سدیق عەلی بلوکینی.
**بەڕێوەبەری لێپرسراو:** نازم وەنداوی، محەمەد مەردان قەلەمچی.
**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.
**نرخ:** ١٥ فلس.
**پێوانە:** (٣٠×٤٤)سم و ٤ لاپەڕەیە.
**چاپخانە:** الوفاء.
**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك.
**زمان:** عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**ڕێنووس:** عەرەبی.

ژمارەکان: ٧١ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە (١)ی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٥٩ دا دەرچوو.

- ژمارە (٧١)ی لە رۆژی دوو شەممەی رێککەوتی ٥ی ئەیلوولی ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.

تێبینی:

(د. کەمال مەزهەر) دەڵێ:

(دەوروبەری سێ ساڵ ژیا، بەڵام کەمی لـێ دەرچـوو، لێپرساو پارێزەر سدیق عەبدوڵڵا)

کەچی (جەبار جەباری) دەنووسێ :

(بەرێوەبەری لێپرساو: محەمەد مەردان قلمچی بووە.

لە شەشەم ژمارەیەوە پارێزەر سدیق عەبـدوڵڵا مختـار بووە بە بەرێوەبەری لێپرساوی، لە پاشان لـە ژمـارە ٦٩ بە دواوە پارێزەر نازم وەنداوی هاتە جێگاکەی. لە ماوەی ١٣ مانگ پتر لە ٧١ ژمارەی لێ دەرکرا)

هەر (جەبار جەباری) دەنووسێ:

( لە ماوەی خەبات کردنیا توانی ئەوپەڕی خزمەت بە کۆماری عـێـراق و شـاری زێـڕی رەش (کـەرکوك)ی کوردستان بنوێنێـت و بەربـەرەکانی دوژمنـانی گـەل بکات، ئەوە بوو دوژمنە دەستەشەکان لە شەقامێکی شاری کەرووك خاوەنەکەیان کوشت).

هەر (جـەبار جـەباری) لـە کـتـێبی تـأريخ الصـحافة الكردية دا نووسیویەتی:

(فی خـلال سـنتين تمكنـت مـن اصـدار العـدد ٧٢ المصادف (١٥ ايـلـول ١٩٦١) و لنجـاهـا الـدؤوب و كفاحها المرير لرفـع شـأن الرايـه الوگنيـه و القوميـه اغتيل صاحب الجريده فی احدی شوارع كركوك فی وجع النهار بايدی زمره حاقده من العدوان الدكتاتور عبـد الكريم قاسم، لان الشهيد كان صحفياً عنيداً و جريئاً لم يخچع يوماً لعملاو شركه النفگ الاحتكاريه و لم يال جهدا فی فجح مۆرب العملاو و التبعيين).

بـە قسـەی زاهیـدە ئیـبراهیم بـێ، ئیمتیـازی لـە ١٩٥٩/٧/٣دا دراوەتێ، بە زمانی کوردی و عـەرەبی دەرچووەو لە ١٩٦٣/٢/٨دا وەستاوە.

خۆ ئەگەر کاتی خۆی ژمارە (٤٥-٧٢)لە کتێبخانەی (المتحف)و دواتر (الوطنية) لە بەغدا هـەبوو بێـت ، ئەوا ئەمڕۆ دوای شەڕی ئازادی عێراق، هـەموو ئـەو ژمارانەشی فەوتاون.

*تـەنیا ژمـارە (٧١)ی لـە کتێبخانـەی گشـتی سلێمانی پارێزراوە.

## هیوای کوردستان

### گۆڤار.. شێوەی رۆژنامە

### ١٩٥٩

گۆڤارێکی وێژەیی و کۆمەڵایەتی قوتابیانە

خاوەنی: یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق/ سلێمانی.

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە.

وێنە: هەیە.

پێوانە: (١٧×٢٣،٥)سم و ٧٠ لاپەڕەیـەی- ( شـێوە گۆڤار) ، (٣٠×٤٤)سـم و (٦-٨)لاپـەڕەی- (شـێوە رۆژنامە).

چاپخانە: کامەران، ژین.

شوێنی دەرچوون: سلێمانی.

زمان: کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو).

رێنووس: عەرەبی.

ژمارەکان: ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ی ساڵی ١ لە تشرینی دووەمـی ١٩٥٩دا دەرچووە، قەبارەو شێوەی گۆڤارە.

- ژمارە٢ی ساڵی (١)ی لە رۆژی سێ شەممەی (١١ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٩دا بلاوکراوەتـەوەو. شـێوە رۆژنامەی وەرگرتووە.

- ژمارە١٣ی دوا ژمـارە لـە ١٩ی تشـرینی یەکـەم ١٩٦٠دا بلاوکراوەتەوە .

تێبینی:

(جەبار جەباری) لە بارەیەوە نووسیویە:

(مانگی جارێك لەلایـەن یـەکێتی قوتابیـانی گشـتی سلێمانییەوە دەرئەچوو).

پاشان گووتویە:

(**دوای ماوەیەك بەشێوەی ڕۆژنامە نیو مانگ جارێك دەرئەچوو، و دواژمارە(١٣)ی لە بەرواری ١٩٦٠/١٠/١٩ دەرچوو، ئیتر لەبەر لاوازی چالاکی قوتابیان گۆڤارەکە لە دەرچواندن پەکی کەوت**).

هەرچی (**جەمال خەزنەدار**)ـە نووسیویە:

(**گۆڤارێکی نیو مانگی بووە، ژمارە(١٢)ی لە ڕۆژی ٧ی ئابی ساڵی ١٩٦٠دەرچووە**).

لای (عەلائەدین سجادی)یش هەر (**تەنیا ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە**)

هەرچی (**د.کەمال مەزهەر**)بووە، نووسیویە:

(**لەسەر دوا لاپەڕەی لە ژێرەوە نووسراوە: هیوای کوردستان گۆڤارێکی وێژەیی و کۆمەڵایەتی قوتابیانە مانگی دووجار دەرئەچێت، یەکیەتی قوتابیانی سلێمانی دەری ئەکات. لە چاپخانەی ژین چاپ ئەکرێت**).

پاشان بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

"**شەش لاپەڕەیە، دەوروبەری ساڵێك ژیاو ١٢(؟) ژمارەی لێ دەرچوو، لەشێوەی ڕۆژنامەدا چاپ دەکرا (٤١×٢٩سم**"ە.

لای (**حەمەساڵح فەرهادی**) لەنێو کاروانی ڕۆژنامەنووسیی قوتابیان ریزبەند کراوە.

* هەموو ژمارەکانی لە بەردەستدایە، یەکەم ژمارەی -شێوە گۆڤار- لە کتێبخانەی هەر یەك لە ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنەدا هەیە، ژمارەکانی دیکەشی لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین پارێزراوە. فۆتۆیەکیشی لە کتێبخانەکەی عەبدوڵڵا زەنگەنە هەیە.

## صوت الطلبة .. دەنگی قوتابیان

**گۆڤار**

**١٩٥٩**

لە پێناوی ژیانێکی دانیشگای ئازاد

لە پێناو دوارۆژێکی باشترا

گۆڤارێکی قوتابیانە، یەکێتی گشتی قوتابیانی جمهوریەتی عێراق/ لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستان دەری دەکات.

**خاوەنی:** لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستان/ یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو، هەر ئەو ساڵە دەرچوو.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**نرخ:** ٥٠ فلس.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** ژ ١،(١٧×٢٤)سم و ٤٠ لاپەڕەیە.

ژ٢، (٥ر٢١×٥ر٢٨)سم و ٣٤ لاپەڕەیە.

ژ٣، (٠ر١٤×٥ر٢٠)سم و ٥٢ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** شەفیق.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە(١)ی ساڵی (١)، لە مایسی ١٩٥٩دا دەرچوو.

- ژمارە (٢)ی ساڵی (١)ی لە کانوونی یەکەم ١٩٥٩دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢)ی لە مارتی ١٩٦٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

**<u>تێبینی:</u>**

(**جەمال خەزنەدار**) نووسیویە:

(**ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە، کە تەنیا چوار ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە، دوکتۆر عیزەدین مستەفا پێی وتم تەنیا ژمارە یەك لە ژێر چاودێری ئەودا دەرچوو**).

(**د.کەمال مەزهەر**)یش نووسیویە: (**هەر ئەو ساڵە ژیاو چوار ژمارەی لێ دەرچوو، یەکێك لە ژمارەکانی دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول بە تەنیا دەری کردووە**).

(**جەبار جەباری**)ش نووسیویە:

(**یەکەم ژمارەی ڕێکەوتی مانگی نیسانی ١٩٥٩ دەرچوو... تەنها دوو ژمارەی دەرچوو، کە دوا**

**ژمارەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ دەرچوو، ئیتر ئەمیش سەبارەت بە کزولاوازی چالاکی یەکێتی قوتابیانی عێراق پەکی کەوت و لە دەرچواندن وەستا،** لە کتێبی **(تاريخ الصحافة الكردية في العراق)** یش بە گۆڤارە باشەکانی داناوە گووتویە "(٣)ژمارەی دەرچووە".

- **(عەلائەدین سجادی)**ش باسی نەکردووە .
- **(وریا جاف)**یش: پێی وابووە تەنیا دوو ژمارەی دەرچووە لە مانگی چوار (نیسان)ی ساڵی ١٩٥٩دا بڵاوکراوەتەوە.
- ئێمەش هەر ئەو ٣ ژمارەیەی سەرەوەمان دیوە لە کتێبخانەکەی عەبدوڵڵا زەنگەنە پارێزراون.

## ژیان

**گۆڤار**

**١٩٥٩**

گۆڤارێکی وێژەیی کۆمەڵایەتی قوتابیانە

**خاوەنی:** یەکێتی گشتی قوتابیان/ هەولێر.

**وێنە:** هەیە.

**پیوانە:** (١٤×٢١)سم و ٤٠ لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** ژین/سلێمانی.

**شوێنی دەرچوون:** هەولێر.

**زمان:** کوردی **(زاراوەی کرمانجی خوارو).**

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(١)، ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە (١)ی ساڵی (١) لە تشرینی ١٩٥٩دا دەرچووە.

**تێبینی:**

**(جەبار جەباری)** لە کتێبی یەکەمیدا باسی نەکردووە، بەڵام لە (تأريخ الصحافه)دا نووسیویە: **(ژمارە یەکی لە تشرینی دووەمی ١٩٦١دا دەرچووە، تەنیا دوو ژمارەی دەرچووە، کەمال غەمبارو کەمال محیەدین و بابەکر سەلیم ئاغا بەشداری لە دەرچوونی کردووە).**

جەمال خەزنەدار نووسیویە: گۆڤارێکی دەوری گشتی بووە.. ژمارە یەکی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، و ژمارە دووی دوا ژمارەی بووە، لە ساڵی ١٩٦١دەرچووە).

**(عەلائەدین سجادی)**ش نووسیویە:

**(یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦١)دا لە هەولێر دەرچووە،ئەم گۆڤارە تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە).**

**(د.کەمال مەزهەری)**ش نووسیویە:

(ژمارە یەکی لە کتێبخانەی ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە پارێزراوە).

**(حەمە ساڵح فەرهادی)**یش لە نێو کاروانی رۆژنامەنووسی قوتابیان ڕیزبەندی کردووە پێی وابووە کە ژمارە (یەك)ی لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، دواژمارەی (٢)بووە کە لە ساڵی ١٩٦١ دەرچووە.

## هونەر

**گۆڤار**

**١٩٥٩**

قوتابیانی هونەری ناوماڵ لە سلێمانی دەری دەکات

**خاوەنی:** قوتابخانەی هونەری ناوماڵ لە سلێمانی.

**لیژنەی نووسین:** نەسرین ئەحمد، گێلاس ڕەئوف.

**سەرپرشتیار:** لویزە کاکە حەمە.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** نییە.

**پیوانە:** (٢١/٥ ×٢٧/٥)سم و ١٦ لاپەرەیە.

**چاپخانە:** ژین/ سلێمانی.

**زمان:** کوردی (زاراوەی کرمانجی خوارو).

**ژمارەکان:** تەنیا ئەو ژمارەی لێ دەرچووە کە لە ساڵی ١٩٥٩دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

**(جەبارجەباری)** نووسیویەتی:

ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە نووسراوی کۆمەلآیەتی و هونەری و پەروەردە.لەو تاکە ژمارە بەدواوە چاومان بە ژمارەی تر نەکەوت).

(جەمال خەزنەدار) نووسیویە:

(ژمارە یەکی مێژووی بەسەرەوەنییە، بەلآم کەدیارە لە سالّی ١٩٥٩دەرچووە).

(د.کەمال مەزهەری)ش پێی وا بووە لە سالّی ١٩٥٩دا دەرچووە پاشان نووسیویە:

(وا دیارە تەنها ژمارە یەکی دەرچووە).

(جەبارجەباری)ش لە کتێبی تاریخ الصحافة الكردية في العراق دا نووسیویە:

( ژمارە یەکی لە مارتی ١٩٥٩دا دەرچووە).

"هەرچی(حەمە سالّح فەرهادی)ـە، لە نێو کاروانی رۆژنامەنووسیی قوتابخانەکان ریزبەندی کردووەو هەرسێ ناوەکەی سەرەوەی بەدەستەی نووسەران داناوە".

## گزنگ

گۆڤار

١٩٥٩

بلآوکراوەیەکی وێژەیی و خوێندەواری کۆمەلآیەتی قوتابیانە

**خاوەنی:** یەکێتی گشتی قوتابیان/ سلێمانی.

**پێوانە:** (٢٤/٥× ٣٣/٥)سم و ٣٢ لاپەرە بووە.

**چاپخانە:** ژین.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ژمارە(١)ی دەرچووە کە لە ١٩٥٩دا بلآوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(**جەبارجەباری**) لە(**مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی**)دا نووسیویە:

(**لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی یەکێتی قوتابیانی سانەوی ئێوارانی سلێمانییەوە دەرچوو، بە شێوەیەکی نیگارین لێکۆلّینەوەی رۆژنامەگەری و باس ئەدەبی و کۆمەلآیەتی و پەروەردە لەسەر لاپەرەکانی بلآوکرابووەو، لە کتێبی (تاریخ الصحافه الكرديه)یش نووسیویە: لە شوباتی ١٩٥٩دا دەرچووە**).

(**جەمال خەزنەدار**)و (**د.کەمال مەزهەر**)و (**عەلائەدین سجادی**) باسیان نەکردووە، (**وریاجاف**)یش هەمان پێناسەی (**جەبارجەباری**) نووسیوەتەوە.

ئەو ژمارەیەش لە کتێبخانەی (**رەفیق سالّح**) پارێزراوە.

(**حەمەسالّح فەرهادی**)یش لە نێو(**کاروانی رۆژنامەنووسیی قوتابیان**) ریزبەندی کردووە.

## گۆیژە

گۆڤار

١٩٥٩

گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەلآیەتی کوردیە

**خاوەنی:** لیژنەی خیتابەو تەمسیلی قوتابیانی گۆیژەی کوران.

**سەرپەرشتی:** ئەحمەد سەعیدکۆیی، ئەحمەدکەریم غەفور، ئەنوەرسەعید، سەعیددارتاشی، تاهیرعەبدولفەتاح.

**پێوانە:** (٢١/٥× ٣٣/٥)سم و ٨لاپەرەیە.

**چاپخانە:** طابعەو رۆنیۆ.

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنها ئەو ژمارەی دەرچووە کە لە سالّی ١٩٥٩دا بلآوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا تۆمار نەکراوە، ئەو ژمارەیەش لە کتێبخانەکەی (**رەفیق سالّح**) پارێزراوە.

**ئافرەت.. المرأة**

**گۆڤار**

**١٩٥٩**

ئۆرگانی یەکیەتی ئافرەتانی عێراق

**خاوەنی:** رابیتەی ئافرەتانی عێراق.

**چۆنیەتی دەرچوونی:** مانگانە.

**شوێنی دەرچوونی:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی ، کوردی.

**ژمارەکان:** تەنها پانزەە ژمارەی لێدەرچوو.

ژمارە(١)ی لە مایسی١٩٥٩دا دەرچووە.

ژمارە(١٥)ی لە ئابی١٩٦٣دا بلاوکراوەتوە.

**تێبینی:**

(جەبارجەباری) باسی نەکردووە.

- (جـەمال خەزنـەدار) گوتویـە:(لـە سـاڵی١٩٥٩دا دەرچووە).

- (عەلائەدین سجادی) باسی نەکردووە.

- (د.کەمال مەزهەر) گوتویە:

(ژمارە یەکی لە مایسی١٩٥٩ دەرچووە و تـا ئـابی ١٩٦٣ پانزە ژمارەی لێ دەرچووە).

- (حەمەساڵح فەرهادی)یش وەك:

(گۆڤارێکی مانگانەی ئافرەتـان بـووە بـە کـوردی و عەرەبی بلاوکراوەتەوە) باسی کردووە .

- هەرچی، (وریاجاف)ە نووسیویە:

(ژمارەیەکی لە مانگی نیسانی١٩٥٩بلاوکراوەتـەوە، تا مـانگی ئـابی سـاڵی ١٩٦٢ پـانزە ژمـارەی لـێ دەرچووە).

**بروا**

**رۆژنامە**

**١٩٦٠**

رۆژنامەیەکی سەربەستی زانیاری رۆژانـەی کوردییـە پاشـکۆی گۆڤـاری مانگانەیـە هەفتـەی جارێـك دەرئەچێ.

**خاوەن و لیپرساو:** کەمال میرزا کەریم.

**بەرێوەبەرو سەرنووسەر:** رەفیق چالاك.

**نرخ:** ٢٠ فلس.

**پێوانە:** (٥ر٢٩×٥ر٤٥)سم و ٦ لاپەڕە بووە.

**چاپخانە:** ژین/ سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە(١)ی لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٠دا دەرچووە.

- ژمارە ٩٥ی لە ٢٥ی کـانوونی دووەمـی ١٩٦٣دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

(زاهیـدە ئیـبراهیم) کـە دەڵـێ ئیمتیـازی لـە ١٩٥٩/١/١٤دا دراوەتـێ، دیـارە ئـەوە جێگـەی گومانە، لەوانەیە ئەو رۆژە هەڵەی چاپی بووبێ.

*ئەو رۆژنامەیە ئیمتیازەکەی بەناوی گۆڤارەوە بـووە کە تاوەکو ئێستاش تاقە ژمارەیەکی لێ دەرنەچووە.

* دیارە ئەو ئاڵوگۆڕکردنەش لەبەر بارو زروفێکی سیاسی بووە، چونکە رۆژنامەکە وەك زمانحاڵی ئـەو حیزبە شیوعیە ئیمتیازی دراوەتێ، کە پێیان دەگوت: (جناح داود الصائغ) تاقمی داودلسائغ.

* ئیمتیازەکـەی بـە رەسمـی لـە ١٩٦٣/٢/٨دا هەڵوەشاوەتەوە

* (جەبارجـەباری) نووسـیویە: (نـوری دەشـتی سەرنووسەری بووە).

(وریا جاف)یش نووسیویە:

(پاشـان رەفیـق چـالاك کرایـە بەرێوەبـەر و سەرنووسەری).

لای(جەمال خەزنەدار)یش، هەر (سەر بە شیوعیەکانی تاقمی داود سایغ بووە).

لای(زاهیدە ئیبراهیم)یش بە (رۆژنامەیـەکی ئـەدەبی کۆمەڵایەتی مانگانە) دانراوە، کە لە (سـلێمانی بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و کـوردی) دەرچـووبێ،

ئیمتیازی لە ١٩٥٩/١/١٤دراوەتێ و لە ١٩٦٣/٢/٣ وەستاوە.

لای(**وریا جاف**)یش (**٨٩ ژمارەی لێ دەرچووەو مێژووی ١٩٦٢/١١/٨ دوا رۆژی ژیانی ئەم رۆژنامەیە بووە**).

وەکو لە بابەتی نەورۆز باسمان لێیەوە کردووە، لەگەڵ ئەو گۆڤار یان ئەو رۆژنامەیە خۆیان لێکداوەو ئەو (بروا)یەی لێ پەیدا بووە.

## ناميلكەی سلێمانی

**گۆڤار**

**١٩٦٠**

نامیلکەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی و وێژەیی یە

**خاوەنی:** قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کورانی سلێمانی.

**بە سەرپەرشتی:** مامۆستا- (عەبدوللا زێیاری، عومەر عبدولرەحمان).

قوتابی-(محەمەد عەلی فەرەج، عەلی شێخ محەمەد).

**وێنە:** هەیە.

**پێوانە:** (١٦/٧× ٢٠/٥)سم و ٧٦ لاپەرەیە.

**چاپخانە:** کامەران.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ئەو ژمارە(١)ی دەرچووە کە لە شوباتی ١٩٦٠ دا بڵاوکراوەتەوە.

<u>**تێبینی:**</u>

(**رەفیق سالح**) لە ١٤ی کانوونی دووەمی٢٠٠٠دا لە بارەیەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ محەمەد عەلی فەرەج کردووە.

- گۆڤارێکی دەوڵەمەندو پڕ لە زانیاری بووە، لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا تۆمار نەکراوە، لە کتێبخانەی هەریەك لە (**رەفیق سالح و عەبدوللا زەنگەنە**) پارێزراوە.

## دەنگی کورد... صوت الاكراد

**رۆژنامە**

**١٩٦٠**

رۆژنامەیەکی سیاسی سەربەخۆیە

**خاوەن و سەرنووسەری:** عومەر جەلال حەوێزی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتەی(٥) ژمارە.

**چاپخانە:** مەهاباد.

**پێوانە:** ( )سم و ٨ لاپەرەیە (تەنیا یەك لاپەرە، هەندێ جار لاپەرەو نیوێکی، بەزمانی کوردی بووە).

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە(١)ی لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ دەرچووە.

- ژمارە٧١ی لە ٢٥ی تشرینی دووەمی١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە.

<u>**تێبینی:**</u>

(**جەبارجەباری**) لە **مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دا** نووسیویە:

(**لە مەیدانی رۆژنامەگەری کوردیدا باڵایەکی بەرزی هەبووە لە رزگاری کردنی گیانی کۆماری عێراق و هەمیشە لە سەر داخوازیەکانی کوردەوە ووتاری ئەو نوسیەوە، ئەوەبوو لەسەر وتارێك دەربارەی وەزعی ئالۆزاوی شاری کەرکوك بەبێ مەترسی بڵاوکردەوە، بووە هۆی خرشاندنی کاربەدەستانی میر.، بۆیە رۆژنامەکەیان داخست و خاوەنەکەشی بەدیل گیرا**).

هەروەها نووسیویە:

(**هەتا رۆژی١٩٦١/٥/١٤ کە مێژووی گرتنی خاوەنەکەی نزیکەی(٧٥) ژمارەی دەرچووە، بەرێك و پێکی**)

(**جەمال خەزنەدار**)یش نووسیویە: (**ژمارە ٦٩ی لە مێژووی چوارشەمی ٢٣ی تشرینی دووەمی**

ساڵی ١٩٦٠ دەرچوو، د. کەمال مەزهەریش، نووسیویە: ژمارەیەکی لە ١٧ی ئابی ١٩٦٠ دەرچووە).

دواتر نووسیویە: (دەروبەری ساڵێك ژیا)

**(عەلائەدین سجادی)**ش نووسیویە:

**(یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٠/٨/١٧ لە بەغدا دەرچووە، تا ١٩٦١ ژیا پاشان پێوەدرا، سی لاپەرەی بەعەرەبی و لاپەرەیەکی بەکوردی بوو).**

**(زاهیدە ئیبراهم)**یش نووسیویە:

**(صدرت في بغداد ١٩٦٠/٢/١٤ باللغة الكردية ثم بالعربية والكردية منحت الامتياز في ١٩٥٩/١/٨ و توقفت في ١٩٦١/٨/٩ والغي امتيازها لاحتجابها).**

بەلام (حەمە ساڵح فەرهادی) لە بارەیەوە نووسیویە:

**(رۆژنامەیەکی سیاسی بووە، هەفتەی جارێك بە کوردی و عەرەبی بلاوکراوەتەوە لە ١٩٦٠/١/٨ ئیمتیازی دراوەتێ، ژمارە یەکی لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ دەرچووە، هەتا مایس ١٩٦١ بەردەوام بووە).**

دیارە **(ورياجاف)**یش هەموزانیاریەکانی **(جەبارجەباری)** دووبارە کردۆتەوە.

ئێمەش لە بارەی ئیمتیاز وەرگرتنەوەکەیەوە دەڵێین لەوانەیە ئەو بەروارەی زاهیدە ئیبراهیم تۆماری کردووە هەڵەی چاپی بووبێ و ئیمتیازەکەی بەرواری ١٩٦٠/١/٨ بوویێت کە(حەمەساڵح فەرهادی) وا بە راست و دروستی تۆماری کردووە. وەکو دەبینن دوو بەرواری بۆ دەرچوونی ژمارە ١ کی تۆمارکراوە، یەکێکیان ٩ی شوبات، کە لەلایەن زۆربەی توێژەرە کوردەکان وا رۆیشتووە، ئەوەی دیکە ١٩٦٠/٢/١٤ کە (زاهیدە ئیبراهیم) وای تۆمارکردووە، دیارە ساخ کردنەوەی ئەو دوو رۆژەش بینینی ئەو ژمارەیەی رۆژنامەکەی دەوێت، کە تاوەکو ئێستا ئێمەش نەمان دیوە.

لە بارەی دوا ژمارەش گوایە ژمارە(٧٥)بووە و لە ١٩٦١/٥/١٤دا دەرچووە، (رەفیق ساڵح)یش هەر وای بۆ چووە، ئەوا عەبدلڵا زەنگەنە پێی وایە ئەو ژمارە و بەروارە نابێ راست بێ بە بەڵگەی ئەوەی خاوەنی رۆژنامەکە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا گیراوە، ئەو گیرانەش لەسەر وتارێك بووە کە مەلاجەمیلی رۆژبەیانی بە ناونیشانی ( ) بلاویکردبۆوە.

تەنانەت لەو کاتەدا کە سەرنووسەری**(خەبات)** درابووە دادگا. رۆژنامەکە چەندین سەروتاری بلاوکردبۆوە کە باسی گیرانی جەلال حەویزی خاوەنەکەی**(دەنگی کورد)**و گیوی موکریانی خاوەنی**(هەتاو)**ی کردووە. لەچ کاتێك دا خاوەنەکەی بەربووە؟ ئەوەیان نەزانراوە، چ کاتێك رۆژنامەکەی دەرکردۆتەوە) ئەو خاڵەیان هەڵوەستەیەکی دیکەی دەوێت.

بەتایبەتی کە ئەو رۆژنامەیە بە زمانێك بێیی دەنووسراوە، زۆر لە زمانەکەی **(خەبات)** زبرتر بووە. ناوی ئەو چاپخانەیەش کە رۆژنامەکەی لێ چاپکراوە، دەیەوێ هەڵوەستەیەکی بەرامبەر بکرێت. ئایا چاپخانەیەکی وا هەبووە؟

## پێشڕەو

گۆڤار

١٩٦٠

گۆڤارێکی رۆشنبیری ، پەروەردەیی قوتابیانە

**خاوەن:** یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق / لقی کەرکوك.

**چاپخانە:** الشمال/ کەرکووك.

**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك.

**زمان:** عەرەبی، کوردی، **(زاراوەی کرمانجی خواروو)**، تورکمانی.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٣ ژمارەی لێ دەرچووە.

## رۆژی نوێ

**گۆڤار**

**١٩٦٠**

گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتییە

**خاون و لێپرسراوی:** پارێزەر جەمال شاڵی.

**سکرتێری نووسین:** کامەران موکری.

**دەستەی نووسەران:**

١- محەرەم محەمەد ئەمین.

٢- ئیحسان عەبدولکەریم.

٣- کەریم زەندی.

٤- عەبدوڵڵا رەزا ئەژدەر.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**پێوانە:** (٢٣,٥×١٦) سم.

**چاپخانە:** کامەران ، (ژین).

**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی ( **زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ١٨ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

- ژمارە ١ی ساڵی ١ ، لە نیسانی ١٩٦٠دا دەرچووە.
- ژمارە ١٢ی ساڵی ١، لە ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١ی ساڵی ٢، لە مارتی ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٦ی ساڵی ٢ ، لە ئەیلوولی ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.

## روناهی

**گۆڤار**

**١٩٦٠**

گۆڤارەکا ئەدەبی، زانیاری کۆمەڵی یە

**خاون ئیمتیاز:** حافظ مستەفا قازی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**پێوانە:** (١١×١٨)سم و (١٧×٢٢)سم و (٨٠، ٨٤، ٨٨، ٩٠، ١١٨) لاپەڕە.

**چاپخانە:** الوفاء ، نجاح، صلاح الدین.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردی ، (**زاراوەی کرمانجی سەروو ، کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١١ ژمارەی لە ٨ بەرگدا دەرچووە.

- ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەم ١٩٦٠دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە چریا دووی ١٩٦٠دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٣ی کانونی یەکەم ١٩٦٠دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٤ی کانونی دووەم ، ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٥، ٦ی لە شوبات و ئاداری ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٧، ٨ی لە نیسان و گولانی ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١ی ساڵی ٢ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦١دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە٢ی ساڵی ٢ لە مایسی ١٩٦٢دا بلاوکراوەتەوە.

## عیراقی نوێ

**گۆڤار**

**١٩٦٠**

گۆڤارێکی نیگاری مانگانەیە وەزارەتی رابەری دەری دەکات

**پێوانە:** (٢١,٥×٢٧,٥) سم و ( ٢٨ ، ٣٦ ) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** زەنگۆگراف البرق.

**شوێنی دەرچوون** : بەغدا.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە.

## کوردستان

رۆژنامە

١٩٦١

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز:** ئیبراهیم ئەحمەد.

**سەرنووسەر:** جەلال تالەبانی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانە.

**پێوانە:** (      ) سم و ٨ لاپەرەیە.

**چاپخانە:** کوردستانی نوێ.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو** ).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ٥ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

- ژمارە ١ی سالّی ١، شەممە ١٩٦١/٣/٤دا دەرچووە.
- ژمارە ٥ی سالّی ١، شەممە ١٩٦١/٤/١دا بلاوکراوەتەوە.

## ئەدیبی عێراقی

گۆڤار

١٩٦١

مولحەقی کوردی گۆڤاری (الادیب العراقي)

گۆڤاری یەکێتی ئەدیبانی عیراق

**لێژنەی بەرێوەبەری گۆڤار :**

١- پاکیزە رەفیق حلمی.

٢- عەبدولسەمەد خانەقا.

٣- عەبدولرەزاق محەمەد.

**پێوانە:** (١٤×٢٠)سم و ٨٤ لاپەرەیە.

**چاپخانە:** المعارف (بەغدا).

**زمان:** کوردی (**زاروەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

ژمارەکان: تەنیا ١ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی سالّی یەك لە گەلاوێژی ١٩٦١دا دەرچووە.

## هەولێر ... اربیل

رۆژنامە

١٩٦١

بەخشنامەیەکی هەفتەیی یە بە زمانی کوردی و عەرەبی

شارەوانی هەولێر دەری دەکا

**بەشی کوردی :** مەغدید سۆران.

**بەشی عەرەبی:** عەبدولوەهاب حاجی حوسێن.

**پێوانە:** (٣٠×٤٣)سم و ٤ لاپەرە ( ٣ لاپەرەی بەعەربی و ١ لاپەرەی بە کوردی ).

**چاپخانە :** چاپخانەی شارەوانی کەرکوك.

**شوێنی دەرچوون :** هەولێر.

**زمان:** عەربی ، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان :**

- ژمارە ١ی لە ٢٢ی ئابی ١٩٦١دا دەرچووە.
- ژمارە ٤٥ی سالّی ١ی لە ٧ی ئابی ١٩٦٢دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٧٥ی لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا بلاوکراوەتەوە.

**Kurdish Facts**

**And west – Asian Affairs**

## گۆڤار

١٩٦١

ئۆرگانی کۆمەڵەی (**Isk**)

**خاوەنی:** **International society Kurdstan.**

**پێوانە:** (٢١×٢٧,٥)سم و هەر ژمارەی بە لاپەرەی جیا جیا.

**زمان :** ئینگلیزی.

**شوێنی دەرچوون:** ئەمستەردامی پایتەختی هۆڵەندا.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی( هیچ زانیارییەکمان لەسەر کاتی دەرچوونی ژمارە یەك دەست نەکەوتووە).
- ژمارە ٦ی لە ١٩٦١/٧/١٠دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە (٩-١٠)ی، لە بەرگێکدا، لە ئەیلول و تشرینییەکەمی ١٩٦١دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە (١١-١٢)ی، لە بەرگێکدا، لە تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٦١ بلاّوکراوەتەوە.

تێبینی:

ئەم کۆمەڵەیە (سیلڤیۆ ڤان رۆی- **Silvio Van Rooy**)ی رۆژنامەوانی هۆڵەندی دایمەزراندووە. (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**) پێی وایە، دەبێ (**د. میر کامەران ئالی بەدرخان**) لە دامەزراندنی کۆمەڵەکە یارمەتی سلڤیۆی دابێ، بە بەڵگەی ئەوەی رۆژنامەی (**خەبات**)ی ساڵی ١٩٦٠ وێنەیەکی هەردووکیانی بلاّوکردۆتەوەو هەواڵی دامەزراندنی کۆمەڵەکەی راگەیاندووە.

## دیسان بارزانی

رۆژنامە

١٩٦٢

بۆ پشتگیری لە شۆرشی ئەیلول و بلاّوکردنەوەی دەنگ و باسەکانی دەردەچوو

**خاوەنی:** حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران/ (**عەبدوڵڵا ئیسحاقی**) ناسراو بە (**ئەحمەد تۆفیق**)

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتانەی نارێك و پێك.

**پێوانە:** (٢١×٣٢,٥)سم و (٢-٦) لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون** : شاخ سلێمانی.

**چاپخانە:** نهێنی.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو، موکریان**).

**رێنووس** : عەرەبی.

**ژمارەکان:** ئەو ژمارانەی لای (**حەمە عەلی فەرەج**) پارێزراوە.

- ژمارە١ی لە شوباتی ١٩٦٢دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە ٢٠ شوباتی ١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە ٣ی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە ٤ی لە ٣ی مارتی ١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە ٥ی لە ٧ی مارتی ١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە ٦ی لە ٢٩ مارتی ١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە.

## رێگای کوردستان

رۆژنامە

١٩٦٢

رۆژنامەی حزبی شیوعی عێراق/ لقی کوردستان

**شوێنی دەرچوون** : هەولێر / شاخ.

**نرخ:** ٣٠ فلس.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٢دا دەرچووە.
- ژمارە ٤ی ساڵی ١٧ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا بلاّوکراوەتەوە .

* وا دیارە ئەم رۆژنامەیە، بە درێژە پێدەری (**ئازادی**)و (**ئازادی کوردستان**) دانراوە، کە لە چەند لاپەڕەی پێشوودا، یەك لە دوای یەکدا باسمان کردوون.

## ئامانج

گۆڤار

١٩٦٢

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

**دەستەی نووسەران** :

١- محەمەد نوری تۆفیق.
٢- فوئاد ئەنوەر عومەر قەرەداغی.
٣- مەحمود مەلا عزەت.
٤- جەمال عەبدول.

**نرخ:** ٥٠ فلس.

**پێوانە:** (١٦×٢١) سم و (٢٤-٤٨) لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون** : سلێمانی.

**زمان** : عەرەبی ، كوردی (**زاراوەی كرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەكان:**

- ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٢دا دەرچووە.
- ژمارە ٤ی ساڵی ٦ی لە حوزەیرانی ١٩٦٨دا بلاوكراوەتەوە.
- ژمارە ٢ی ساڵی ٧ی لە شوباتی ساڵی ١٩٦٩دا بلاوكراوەتەوە.
- ژمارە ٣ی ساڵی ٧ی لە ئایاری ١٩٦٩دا بلاوكراوەتەوە.

## دیجلەو فرات

**رۆژنامە**

**١٩٦٢**

رۆژنامەیەكی فكری مەهانەیە

**خاوەنی** : ئەدیب كەرەهان.

**پێوانە:** (٢٨,٥ ×٤١)سم و (٤-٨) لاپەڕە.

**شوێنی دەرچوون** : ئەستەمبوڵ.

**زمان:** توركی، كورد ( **زاراوەی كرمانجی باكور**).

**رێنووس** : لاتینی

**ژمارەكان:**

- ژمارەی ١ی لە ١٩٦٢/١٠/١ دا دەرچووە.
- ژمارە ٨ی لە ١٩٦٣/٥/١٢دا بلاوكراوەتەوە.

## رزگاری كوردستان .. رزگاری

**گۆڤار**

**١٩٦٣**

**گۆڤاری پارتی دیموكراتی كوردستان لقی سلێمانی**- (رزگاری كوردستان)

**گۆڤاری لقی ٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان**- (رزگاری)

**چۆنیەتی دەرچوون** : ناو بەناو.

**پێوانە:** (٢١,٥×٣٣)سم و (٨، ١٠، ١٢، ١٧) لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** شاخ.

**زمان:** كوردی (**زاراوەی كرمانجی خواروو**).

**رێنووس** : عەرەبی.

**ژمارەكان:**

- ژمارە ١ی ساڵی یەكەم لە مایسی ١٩٦٣دا بەناوی (**رزگاری كوردستان**) دەرچوو.
- ژمارە ٤ی ساڵی یەكەم لە كانونی یەكەمی ١٩٦٣دا بەهەمان ناو بلاوكراوەتەوە.
- ژمارە ٦ی ساڵی ٥ی لە ١ی ئەیلولی ١٩٦٧دا بەناوی (**رزگاری**) بلاوكراوەتەوە.
- ژمارە ٨ی ساڵی ٥ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧دا بەناوی (**رزگاری**) بلاوكراوەتەوە.
- ژمارە ١٢ی ساڵی ٦ی لە مارتی ١٩٦٨دا بلاوكراوەتەوە .
- ژمارە ٢٣ی ساڵی ٧ی لە مارتی ١٩٦٩دا بلاوكراوەتەوە.

## دەنگی پێشمەرگە

**گۆڤار**

**١٩٦٣**

لێژنەی پروپاگەندەی شۆرشی كوردستان دەری دەكات (خولی دووەم)

**سەرپەرشتی خولی یەكەم:** حلمی عەلی شەریف، فەرەیدون عەلی ئەمین.

**سەرپەرشتی خولی دووەم:** سەعید ناكام.

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانەی نارێك.

**پێوانە:** (٢٠×٢٩)سم و (١٢، ٣٢) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** رۆنیۆ، ( چاپخانەی خەبات).



هەواڵنامەی كتێب

**شوێنی دەرچوون:** شاخ.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٢٨ ژمارەی لێ بلاّوکراوەتەوە.

**خولی یەکەم:**

ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچووەو ١٢ ژمارەی لێ بلاّوکراوەتەوە.

**خولی دووەم :**

(**لیژنەی پروپاگەندەی شۆرشی کوردستان**) لە ژمارە ١٣ـەوە دەستی بە بلاّوکردنەوەی کردۆتەوە

- ژمارە ١٣ی لە مارتی ١٩٦٨دا بلاّوکراوەتەوە.

- هەر لەم خولەدا ناوی لیژنەکە کراوەتە ( لیژنەی ئاراستەو پەخشی شۆرشی کوردستان و ژمارە ١٤ی لە ئاياری ١٩٦٨دا بلاّوکراوەتەوە.

- ژمارە ٢٤ی (کە دوا ژمارەی ئەم خولەیە لە تەشرینی دووهەمی ١٩٦٨دا بلاّوکراوەتەوە.

**خولی سێیەم:**

ناوی لیژنەکە کراوەتە (**دەزگای پەخش و راگەیاندنی شۆڕشی کوردستان**).

- ژمارە ٢٥ی لە مارتی ١٩٧٤دا بلاّوکراوەتەوە.

- ژمارە ٢٦ی لە گولاّنی ١٩٧٤دا بلاّوکراوەتەوە.

ناوی دەزگاکەی دەری کردووە بۆتە (**ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان**).

- ژمارە ٢٨ی لە رەزبەری ١٩٧٤دا بلاّوکراوەتەوە.

## هەورامان

**گۆڤار**

**١٩٦٣**

گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەلاّیەتییە

**خاوەنی :** لیژنەی نەتەوایەتی و کۆمەلاّیەتی قوتابخانەی بەرزانی کوڕانی تەوێلە

**زمان:** کوردی

**ژمارەکان:** دوو ژمارەی لێ دەرچووە

<u>**تێبینی:**</u>

ئێمە خۆمان ئەم گۆڤارەمان نەدیوە بەڵکو هەواڵی بلاّوکردنەوەیمان لە ژمارە ٤ی ساڵی ١ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ی گۆڤاری (**رزگاری کوردستان**) وەرگرتووە .

## تووتن ... التبوغ

**گۆڤار**

**١٩٦٣**

گۆڤاری بەڕێوەبەرایەتی ئینحیساری تووتن

مجلة أدارة انحصار التبغ

**چۆنیەتی دەرچوون :** وەرزی.

**چاپخانە:** دار الجمهورية، الادراة المحلية، دار المؤسسة العراقية.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**پێوانە:** (٢١×٢٨)سم و (٥٥، ٦٢، ١١٦، ١٢٠، ١٣٦) لاپەڕەیە.

**زمان:** عەرەبی، کوردی ( **زاراوەی کرمانجی خواروو**)، ئینگلیزی.

**ڕێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی ساڵی ١ لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا دەرچوو.

- ژمارە ٣- ٤ ی ساڵی ٦ی لەمارتی ١٩٧٢دا بلاّوکراوەتەوە.

## دەنگ

**گۆڤار**

**١٩٦٣**

مەها جارەکی دەرتێ، کۆڤارەکە سیاسی، کۆمەڵیە

**خاوەنی :** ئەرگون کۆیابخۆ.

**بەرێوەبەری بەرپرس:** ١- یەشار کایا(ژمارە ١). ٢- جەلال ئەرگون(ژمارە ٢).

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**پێوانە:** (١٩,٣×٢٧,٨)سم و (١٦-١٨) لاپەڕەیە .

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆل.

**زمان:** تورکی ، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور**).

**رێنووس :** لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی لە ١٩٦٣/٤/١٥دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە ١٩٦٣/٥/١٥دا بلاۆکراوەتەوە.

## رۆژا نەوە

رۆژنامە

١٩٦٣

مەهی جارەکی ب کوردی و ترکی دەردکەڤە، رۆژنامەیەکە ئەدەبی ، فکری و سیاسییە

**بەڕێوەبەری بەرپرس:** عادل کلیچ کایا.

**پێوانە:** (٢٨,٧×٤٠,٨)یم و ٨ لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** ئەستەمبۆل.

**زمان:** تورکی، کوردی (**زاراوەی شێخ بزێنی**).

**رێنووس :** لاتینی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە١ی لە ١٩٦٣/٥/١٥دا دەرچووە.

## هێڤیا وەلێت

گۆڤار

١٩٦٣

دەنگی کۆمەلا خوێندەڤانێن کورد لە ئەورووپا

**بەرپرسیار:** حەمرەش رەشۆ.

**شوێنی دەرچوون:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی ژوورو**).

**رێنووس :** لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا سێ ژمارەی لێ بلاۆکراوەتەوە.

- ژمارەی ١ی لە رەزبەری (چریاپێشێن)ی ساڵی ١٩٦٣دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە گولانی ١٩٦٤دا بلاۆکراوەتەوە.
- ژمارە ٣ی لە نەورۆزی ١٩٦٥دا بلاۆکراوەتەوە.

## عراق

گۆڤار

١٩٦٣




گۆڤارێکی مانگانەی وێنەدارە وەزارەتی ارشاد بلاوی دەکاتەوە.

**خاوەنی:** بەڕێوەبەرایەتی هونەرو رەوشنبیری گەلی ی لە وەزارەتی ارشاد.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**چاپ:** شرکەتی چاپخانەی نشتمان. ذ.م.م/ بەغداد، ت ٨٣١٥٣.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خوارو**).

**پێوانە:** (٢١×٣٢)سم و، جگە لەبەرگی رەنگاورەنگی، ٤٠لاپەڕەیە.

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی ساڵی یەکەم، لە مایسی ١٩٦٣دا دەرچووە.

**تێبینی:**

*ئەم گۆڤارە لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا بە هیچ شێوەیەك باسی نەکراوە، تەنانەت ئاماژەیەکیش بۆ ناوەکەی نەکراوە، لە ساڵی ١٩٩٨دا، عەبدوڵلا زەنگەنە ئەسلییەکەی لای خانەوادەی خوالێخۆشبوو (**جەلال محەمەد سەیفەدین**) دەست کەوتووە.

**The Kudish Jounal**

گۆڤار

**١٩٦٣**

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە

**خـــاوەنی :** بلاّوکــــراوەی **Kurdish student organizetion.**

**چۆنیەتی دەرچوون :** وەرزی نارێك و پێك.

**پێوانە :** (٢١,٥× ٢٨)سم و ٤٩ لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** ئەمریکا.

**زمان:** ئینگلیزی ، کوردی (**زاراوەی کرمانجی سەروو**).

**رێنووس :** لاتینی.

**ژمارەکـان:** تـەنیا ١٥ ژمـارەی لـە شـەش بەرگـدا بلاّوکراوەتەوە.

- ژمارەی ١ی لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچووە.
- ژمارەی ٣ بەرگی ٣ لە ١٩٦٦/٩دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمارە ١، ٢ ی بەرگی ٥ لە مـارتی و حـوزەیرانی ١٩٦٨دا بلاّوکراوەتەوە.
- ژمـــارە ١ی بـــەرگی ٦ لـــە مـــارت ١٩٦٩دا بلاّوکراوەتەوە.

## ئاسۆی کورد

گۆڤار

**١٩٦٤**

گۆڤاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**پێوانە:** (٢١× ٣٣)سم و ٨ لاپەڕەیە.

**شوێنی دەرچوون:** شاخ.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**ژمارەکان:** ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە مارتی ١٩٦٤دا دەرچووە.

## راپەڕین ... النهضة

رۆژنامە

**١٩٦٤**

رۆژنامەیەکی کوردی و عەرەبییە

**خاوەنی ئیمتیاز :** عبدالعزیز صالح الطالبي.

**سەرۆکی نووسین:** محامی صدیق عبدالله مختار.

**چۆنیەتی دەرچوون :** هەفتەنامە.

**پێوانە :** (٤٥,٥ × ٦٠) سم و ٤ لاپەڕەیە

**چاپخانە :** ژین ، دواتر راپەڕین.

**شوێنی دەرچوون :** سلێمانی.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی لە مارتی ١٩٦٤دا دەرچووە.
- ژمارە ٢٠٨ لـە پێـنج شـەممەی کـانونی دووەمـی ١٩٦٨دا بلاّوکراوەتەوە.

## بەرەو پێشەوە

**١٩٦٤**

نەشرەی داخلی- پارتی دیموکراتی کوردستان

**پێوانە :** (١٦×٢١) سم و ٢٢ لاپەڕەیە

**شوێنی دەرچوون :** شاخ.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٤دا دەرچوو.

## کوردستان

رۆژنامە

**١٩٦٥**

ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان/ ئیران، لە لایـەن دەستەی نووسەرانەوە بلاّودەکرێتەوە

**شوێنی دەرچوون:** ئەوروپا.

**زمان :** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ٢٦ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمــارە ١ی لــە رێبەنــدانی ١٣٤٣ (فێبریــوەری ١٩٦٥)دا دەرچووە.

- ژمارە ٢٠ی لە ئاورێلی ١٩٦٩دا بلاکراوەتەوە.
- ژمارە ٢٢ی لە ئۆتی ١٩٦٩دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٢٦ی لە خەرمانانی ١٣٤٩(سێپتێمبەری ١٩٧٠)دا بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

- ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٦٥دا دەرچووە.
- ژمارە ٨-٩ی، لە بەرگێکدا، لە شوباتی ١٩٦٦دا بلاوکراوەتەوە.( تا ئەم ژمارەیە رۆژنامەکە بەدوو لاپەڕەبووە).
- ژمارە ١٣ی لە ئوت (ئاب)ی ١٩٦٦دا بلاوکراوەتەوە، لەم ژمارەیەوە ناوە نهێنییەکان لەسەر رووی رۆژنامەکە دەبینرێن، واتا هیچ کام لە نووسینەکانی ژمارەکانی پێشووتر ئیمزای لەسەر نەبوو.

هەر یەك لە "حەسەن قزلجی، کەریم حسامی، عەبدولرەحمان قاسملو، محەمەدی موهتەدی، مارف خەزنەدار" بابەتیان تێدا بلاوکردۆتەوە، بەلام هیچ کام لە بابەتەکان ناوی راستەقینەی نووسەرەکانی بەسەرەوە نییە، بەلکو ئیمزا، یان ناوی خواستراوی وەکو: شێروان، بێناو، دلشاد، زاگرۆس، موکری، ژیان، کرمانج، خوێندکار، شەریف، رزگار، پیرۆت، لە جیاتی ناوە ئەسلیەکان لە سەر بابەتەکان دەبینرێت.

- زاگرۆس: ئیمزای د.مارف خەزنەدار بووە، بەلای کەمییەوە چوار بابەتی بەم ئیمزایە بلاوکراوەتەوە.
- هەموو ژمارەکانی رۆژنامەکە لە ئەرشیفی د.مارف خەزنەدار هەلگیراون.

## اخبار کردستان .. هەواڵی کوردستان

**١٩٦٥**

بلاوکراوەیەکی ناو بەناوە دەستەی پەخش و بلاوکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان

**چاپخانە** : رۆنیۆ.

**شوێنی دەرچوون:** شاخ.

**زمان:** عەرەبی ، کوردی **(زاراوەی کرمانجی خواروو).**

**رێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:** ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٦٥دا دەرچووە.
- ژمارە کانونی یەکەمی ١٩٦٩دا بلاوکراوەتەوە.

## چیا

**گۆڤار**

**١٩٦٥**

گۆڤاری فەرهەنگی کوردی ، دەنگی گشت کوردان

**خاوەنی :** حەمەرەش رەشۆ ( حەمەی تۆرانلی ).

**پێوانە:** ( ) سم و ٣٢- ٤٠ لاپەڕەیە.

**زمان:** کوردی ( **زاراوەی‌کرمانجی ژوورو**).

**رێنووس :** لاتینی.

**ژمارەکان:** سەرجەم ٨ ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە ١ی سالی ١ لە گەلارێزان (ئۆکتۆبەر)ی ١٩٦٥دا دەرچووە.
- ژمارەی ٨ی سالی ٥ی لە بەفرانبار(دیسەمبەر)ی ١٩٧٠دا بلاوکراوەتەوە.

* هەموو ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، لەلایەن خاوەنییەوە، لە دوو توێی کتێبێکدا، لە ئەوروپا لە حەفتاکان چاپ کراوەتەوە.

## دەنگوباس ... الاخبار

**رۆژنامە**

**١٩٦٦**

رۆژنامەیەکی دەنگوباسی رۆژانەیە بەکوردی و عەرەبی دەرئەچێت

**خاوەن و سەرۆك نووسەران:** محەمەد بریفکانی.

**سەرەك نووسینی لێپرسراو :** کامل مشاهدی، دواتر، صبیح عبدالغنی.

**سەرپەرشتیاری بەشی کوردی :** محەمەد تۆفیق وەردی.

**چۆنیەتی دەرچوون:** هەفتەی چوار جار.
**پێوانە:** (٤٥× ٦٠) سم و.
**چاپخانە:** دار التضامن.
**شوێنی دەرچوون :** بەغدا.
**زمان :** عەرەبی ، کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**رێنووس :** عەرەبی.
**ژمارەکان:**
- ژمارە ١ی لە ٣٠کانونی دووەمی ١٩٦٦دا دەرچووە.
- ژمارە ٤٠٩ی لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧دا بلاوکراوەتەوە.
*هەندێ لە ژمارەکانی لە کتێبخانەی گشتی هەولێر پارێزراون.

## ئاگر

**گۆڤار**

**١٩٦٦**

**گۆڤاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان**
**پێوانە :** (٢١× ٣٣) سم و ٥ لاپەڕەیە.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**رێنووس :** عەرەبی.
**ژمارەکان:**
- ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە شوباتی ١٩٦٦دا درچووە.

## پێشڕەو

**گۆڤار**

**١٩٦٦**

**گۆڤاری هۆشیاری و زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان**
**خاوەنی:** مەکتەبی سیاسی.
**چۆنیەتی دەرچوون :** ناو بەناو.
**پێوانە:** ( ١٥ × ٢٢ )سم و (٣٢، ٤٠ ) لاپەڕەیە.

**چاپخانە :** خەبات.
**شوێنی دەرچوون:**
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو** ).
**ژمارەکان:** ٣ ژمارەی لێ دەرچووە.
- ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە مارتی ١٩٦٦دا دەرچوو.
- ژمارەی ٢ی ساڵی یەکەم لە ئابی ١٩٦٦دا بلاوکراوەتەوە.

## خەباتی کوردستان

**رۆژنامە**

**١٩٦٦**

ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان
**چۆنیەتی دەرچوون :** مانگانەی نارێك.
**پێوانە:** (٢٩،٥ × ٤٤،٥ ) سم و ٤ لاپەڕەیە.
**چاپخانە :** خەباتی کوردستان، خەبات.
**شوێنی دەرچوون :** دیارنییە.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**رێنووس :** عەرەبی.
**ژمارەکان :** تەنیا ٧ ژمارەی لێ دەرچووە.
- ژمارە ١ی ساڵی یەکەم ، (خولی دووەم) لەمارتی ١٩٦٦دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی.
- ژمارە ٣ی ساڵی یەکەم ، (خولی دووەم) لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٧ی ساڵی سێیەم لە شوباتی ١٩٦٨دا بلاوکراوەتەوە.

## پرشنگ

**گۆڤار**

**١٩٦٦**

**گۆڤارێکی وێژەیی زانستی کۆمەڵایەتییە** لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەردەچێت.
**دەستەی نووسەران :** مارف خەزنەدار ، ئیحسان فوئاد ، کەمال فوئاد.

**پێوانە :** (١٨× ٢٢) سم و ٢٢ -٢٨ لاپەڕەیە.
**شوێنی دەرچوون :** ئەڵمانیا.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**ڕێنووس :** عەرەبی.
**ژمارەکان:** ٤ ژمارەی لێ دەرچووە.
- ژمارەی ١ی ساڵی ١ لە حوزەیرانی ١٩٦٦دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە ئاغستۆسی ١٩٦٧دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٤ی لە نیسانی ١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە

## شه پۆلی نوێ.. یەنی ئاکش

کۆڤار

١٩٦٦

**کۆڤارا فکریيا مەهانەیە**
**خاوەن :** محەمەد عەلی ئاسلان.
**پێوانە:** (٢٠× ٢٧,٥)سم.
**زمان :** تورکی ، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور**).
**ژمارەکان:**
- ژمارە ١ی لە تەباخی ١٩٦٦دا دەرچووە.
- ژمارە ٢ی لە ئەیلولی ١٩٦٦دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارەی ٣ی لە چریاپیشێن ١٩٦٦دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارەی ٤ی لە چریاپیشێن ١٩٦٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## ئاگاهی

گۆڤار

١٩٦٦

**کۆڤارێکی کەلەپوری و زانستی، وێژەیی و سیاسی**
**خاوەن :** حەسەن هۆشیار.
**پێوانە:** ( ) سم و ( ١٥- ٣٣ ) لاپەڕە.
**چاپخانە :** تایپ رایتەر.
**شوێنی دەرچوون :** شام.
**زمان :** کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور**).
**ڕێنووس:** لاتینی.

**ژمارەکان :** ١٩ ژمارەی لێ دەرچووە.
- ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٦دا دەرچووە.

## هەواڵنامە

١٩٦٦

**کۆمیتەی ناوخۆی سلێمانی حزبی شیوعی عێراق دەری کردووە**
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**ژمارەکان :**
- ژمارە ١ی لە ١٩٦٦دا دەرچووە.

## رابەر

کۆڤار

١٩٦٦

**گۆڤارێکی پەروەردەیی ساڵانەیە قوتابخانەی مەلکەندی دووەمی کوران دەری دەکات**
**سەرەك نووسەران :** مستەفا ساڵح کەریم.
**دەستەی نووسەران :** رەئوف ئەحمەد، عەبدولقادر عومەر، رزگار شەوقی، عیزەت عەبدوڵڵا، کەمال محەمەد.
**پێوانە:** (١٦,٥× ٢٣) سم و (٥٦، ٦٦، ٧٤ ) لاپەڕە.
**چاپخانە :** ئەسعەد، کامەران.
**شوێنی دەرچوون:** سلێمانی.
**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).
**ڕێنووس:** عەرەبی.
**ژمارەکان:**
- ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٦٦دا دەرچووە.
- ژمارە ٣ی ساڵی ٣ لە ١٩٦٨دا بڵاوکراوەتەوە.

## رۆژ

گۆڤار

١٩٦٦

**ئۆرگانی لقی ٣ی حزبی دیموکراتی کوردستانی / ئێران**

هەواڵنامەی کتێب

**شوێنی دەرچوون:** کوردستانی ئێران.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچوو.

- ژمارەی ١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا دەرچووە.
- ژمارە ٣ی ساڵی یەکەم لە رێبەندانی ١٣٤٥ی هەتاوی/ژنوی ١٩٦٧دا بلاوکراوەتەوە.

## صوت کردستان ... دەنگێ کوردستانی

**١٩٦٧**

لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات

**چۆنیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**چاپخانە :** رۆنیۆ.

**شوێنی دەرچوون:** شاخ (گوندی گەلەنارکێ).

**زمان:**کوردی (**زاراوەی کرمانجی باکور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی لە زستانی ١٩٦٧دا دەرچووە.
- ژمارە ١١ی پایزی ١٩٦٨دا بلاوکراوەتەوە.
- ژمارە ١٤ لەمارتی ١٩٦٩دا بلاوکرایەوە.

## پشکۆ

**گۆڤار**

**١٩٦٧**

ئۆرگانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/ لقی کەرکووک

**ئامادەکاران :**

١- عەبدولقادر مەلا عومەر گوندبەندی.
٢- عەبدوڵڵا سەراج.
٣- عەبدوڵڵا حەمید.
٤- عەبدولقادر سەلام.
٥- عەبدولسەتار تاهیر.

**چۆنیەتی دەرچوون:** ناوبەناو.

**نرخ:** ٥٠ فلس.

**پێوانە:** نیو فلسکاب.

**چاپخانە:** رۆنیۆ.

**شوێنی دەرچوون:** کەرکووك.

**زمان:** کوردی (**زاراوەی کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی ساڵی ١ لە ١٩٦٧دا دەرچووە.
- ژمارە ٧ی ساڵی ٣ لە تەموزی ١٩٦٩دا بلاوکراوەتەوە.

## التآخی ... برایی

**رۆژنامە**

**١٩٦٧**

رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی‌یە

**خاوەنی ئیمتیاز:**

١- ساڵح یوسفی: سەرۆکی نووسین و لێپرسراو.
٢- شەوکەت عەقراوی.
٣- محەمەد سەعید جاف.
٤- نەجیب بابان.
٥-عەبدوڵڵا سەعید.

**(لە ژمارە ١٩٨ی چوارشەممەی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧بەدواوە، ناوی "شەوکەت عەقراوی" نەماوەو ناوی "حەبیب محەمەد کەریم" خراوەتە شوێنی).**

**پێوانە :** (٢٩×٤٥)سم و (٤٤×٥٨)سم و (٨، ١٠) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** الشعب، دار الجاحظ.

**شوێنی دەرچوون:** بەغدا.

**زمان:** عەرەبی، کوردی (**زاراوەی کرمانجی باشوورو باکور** ).

**رێنووس :** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە شەممەی ٢٩ نیسانی١٩٦٧دا بەزمانی عەرەبی دەرچووە.
- ژمارە ٨ی ساڵی یەکەم، **یەکەم ژمارەی کوردی**، لە ٦ی ئایاری ١٩٦٧دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٢١٤ی ساڵی یەکەم، **٢٩یەمین ژمارەی کوردی**، لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٩٦٧دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٢٨٢ی، کوردییەکە، لە ١٩٦٨/٦/١٥دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٤٢٧ی، ساڵی دووەم، دوا ژمارەی کوردییەکە، لە ١٩٦٨/١١/٩دا بڵاوکراوەتەوە.
- ژمارە ٤٢٩ی ساڵی دووەم، دوا ژمارەی سەرجەم ژمارەکانی عەرەبی و کوردییەکە، لە ١٩٦٨/١١/١١دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی :**

هەر توێژەرێك یان خوێنەرێکی زیرەك، لەم ناونیشانەی ( **التاخی ... برایی**) وردبێتەوە، کە ئێمە بۆ پێناسەی ئەم ڕۆژنامەیە لەسەرەوەمان داناوە، هەروەها ئەگەر بە وردی لە ڕۆژی دەرچوونی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە وردبێتەوە، ئەوا چەند پرسیارێکی لەلا دروست دەبێت...

-ئایا دەبێ ڕۆژنامەی (**التاخی ...برایی**)، لەم قۆناغەی دەرچوونیدا، ئەم ناوەی هەبووبێت؟

-ئایا لەم قۆناغەی دەرچوونیدا(**التاخی... برایی**)، تەنیا ٤٢٩ ژمارەی لێ دەرچووە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەو هی دیکەش، دەبێ چاوێك بە باسی ( **دەبێ ١٩٦٧/٤/٢٩ نەك ١٩٦٧/٥/٦ ساڵیادی ڕۆژنامەی برایەتی بێت...!!**)دا بخشێنینەوە، کە عەبدوڵلا زەنگەنە نووسیویەتی و لە ژمارە ١ی (**ڕۆژنامەڤانی**)دا بڵاوکراوەتەوە، چونکە لە ئەنجامی ئەم باسەدا بووە، لە دوای شەڕی ئازادی عیراق ، وا ڕۆژنامە (**برایەتی**)یەکەی دوای ڕاپەڕین، بە زمانی عەرەبی ئەمڕۆ وا بەناوی (**التاخی**) لە بەغدا دەردەچێ و (**خەبات**)ی ئۆرگانی (**پارتی دیموکراتی کوردستان**)یش، کە لەدوای ڕاپەڕین، پێشتر شان بەشانی (**التاخی**) عەرەبی زمانیی ئەمڕۆ بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، وا ئەمیش بە کوردی دەردەچێ.

دیارە ئەو گۆڕانکارییەش لە ئەنجامی هەڵەیەك بووە، کاتێ خۆی بەسەر بەرپرسانی ڕۆژنامەی (**برایەتی**)دا، تێپەڕیوە ١٩٦٧/٥/٦، کە ڕۆژی دەرچوونی ژمارە(٨)ی ڕۆژنامەکەیە، واتە یەکەم ژمارەی کوردییەکە، بە ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی (**برایەتی**) دانابوو، لە هەمان کاتدا لە ئەنجامی ڕاست نەخوێندنەوەی مێژووی ڕۆژنامەکە بووە.

هەرچی باسەکەی ناوبراوە، مێژووی دەرچوونی (**التاخی...برایی**) لەم قۆناغەدا بەڕاست وو دروستی نووسیوەتەوەو دابەشی سەر سێ ماوەی کردووە:

**ماوەیەی یەکەم:**

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێیداوە، ژمارە (١)ی (**التاخی..برایی**) بەزمانی عەرەبی، لە ١٩٦٧/٤/٢٩دا دەرچووە، ژمارە (١)ی کوردییەکەش، کەدەکاتە ژمارە ٨ی ڕۆژنامەکە، لە ١٩٦٧/٥/٦دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ژمارە ٢١٥، کە دەکاتە دوا ژمارەی عەرەبییەکە، لە ١٩٦٧/٢/٣دا بڵاوکراوەتەوە، هەرچی ژمارە ٢٩ی کوردییەکەیە، ئەوە لە ١٩٦٧/١٢/٢دا بڵاوکراوەتەوە.

هەر توێژەرێك لە ژمارەکانی ئەم ماوەیە وردبێتەوە، دیسان هەست دەکات جۆرە تێکەڵ و پێکەڵێیەك لەم ژمارانەدا هەیەو چەند پرسیارێکی دیکەی لەلا دروست دەبێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەڵێین هەر (٢٩) ژمارە کوردییەکەی (**التاخی... برایی**) دەکەوێتە بەرامبەر ئەم ژمارانە، کە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی (**التاخی... برایی**)دا، هیچ کامێکیان بەزمانی

عەرەبی نادۆزرێنەوە، واتا هەر هەموویان بەزمانی کوردی دەرچوونە، ئەمەش ژمارەکانە:
(٨، ١٥، ٢٢، ٣٦، ٤٩، ٦١، ٧٥، ٨٢، ٨٩، ٩٦، ١٠٣، ١١٠ ، ١١٧، ١٢٤، ١٣١، ١٣٨، ١٤٥، ١٥٢، ١٥٩، ١٦٦، ١٧٣، ١٨٠، ١٩٤، ٢٠١، ٢٠٧، ٢١٤).

دیارە ئەو ژمارە (٢١٤)یەی سەرەوە، ڕێك دەکەوێتە بەرامبەر ئەو ژمارە ٢٩یەی کوردییەکە، وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کردووە، لە ١٩٦٧/١٢/٢٢دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارەکانی دیکەش هەر یەکەیان، بەرامبەر ٢٨ ژمارە کوردییەکەی دیکەی (**برایی**)یە، کە لە ژمارە (٢) بەدواوە، هەر دوو ئارمی (**التاخی... برایی**) لەسەر ڕووی بڵاودەکرایەوە.

**ماوی دووەم:**

(**التاخی... برایی**) دوای ٧٥ ڕۆژ وەستان، بە ژمارە ٢١٦دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوەتەوە، دیارە ئەو وەستانەش لە ئەنجامی خۆماڵی کردنی ڕۆژنامەکان بووە، کە پێشتر لەلایەن حکومەتەوە بڕیارێکی پێدەرچوو بوو، هەموو ڕۆژنامەکانی عیراقی (**تأمیم**) کردبوو و (**التاخی...برایی**)یش دژی ئەم هەنگاوەی حکومەت بوو.

لەم ماوەیەدا هەردوو بەشی عەربی و کوردی ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بەیەکەوە دەردەچوون، بەم شێوەیە کوردییەکە لەگەڵ عەرەبییەکەدا، ڕۆژانە لەسەر ٢ لاپەڕە دەرچووەو تا ژمارە ٢٧٩ی ڕێکەوتی ١٩٦٨/٥/٧ بەردەوام بووەو ٦٦ ژمارەی، بەم شێوەیە لێ بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەم ژمارەیە، جارێکی دیکە (**التاخی... برایی**)، لەبەر ئەوەی لەسەر مادەی ١٠٢ی دەستووری کاتی گلەیی لە **حکومەت** کردبوو، لە لایەن وەزارەتی ئیرشادەوە بۆ ماوەی مانگێك ڕاگیراوەتەوە.

**ماوەی سێیەم :**

لەم ماوەیەدا (**التاخی... برایی**)، بە ژمارە (٢٨٠)ی ساڵی دووەم، لە ڕۆژی ١٩٦٨/٦/٩ دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوەتەوە، ناونیشانی سەروتاری ( **التاخی تعود وهی اکثر ثقة بصلابة الارض التی تقف فوقها**) بووە.

بەشە کوردییەکەی، جارێکی دیکە لەسەر زنجیرەی ژمارە عەرەبییەکان ڕۆیشتۆتەوە، ئەوەبوو ژمارە ٢٨٦ی، کە یەکەمین ژمارە کوردییەکەی ئەم ماوەیە، وەکو ماوەی یەکەم لەسەر ڕووی نەدەنووسرا، ئەوەندە ژمارەی کوردییەکەیەتی، هەر بۆیە ژمارە ٤٢٧، کە لەسەرەوە ڕۆژەکەیمان دیار کردووە، دەبێتە دوا ژمارەی کوردییەکەو زنجیرەی گشتی هەموو ژمارە کوردیو عەرەبییەکانی ڕۆژنامەکە.

بەڵگەیەکی دیکەمان بۆ ئەم وردەکارییانە، دەقی نامەیەکی سەیدا ساڵح یوسفی‌یە، کە لە ١٩٦٨/١١/١٨ بۆ (طارق عەزیز)ی وەزیری ڕاگەیاندنی ئەوسای ڕژێمی نووسیوە، لەم نامەیەدا دەردەکەوێت کە وەزیر ڕەخنەی لە بەرپرسانی (**التاخی**) گرتووە، کە لەگەڵ بەشە عەرەبیەکەیدا، ڕۆژانە بەشێك بەکوردی بڵاوناکەنەوە، سەیدا (**ساڵح یوسفی**)ش وەلامێکی پڕ بە پێستی وەزیری داوەتەوەو تێی گەیاندووە کە مۆڵەتی ڕەسمی ڕۆژنامەکە ئەوەیە کە شەش ژمارەی بەزمانی عەرەبی دەربچێ و ژمارەی حەفتەمی دەبێ بەزمانی کوردی دەربچێ.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرینگ لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیە، کە هیچ کام لە توێژەرانمان هەستیان پێی نەکردووە ئەوەیە، وەك دەزانین لە دوای ١١ی ئادار، (**التاخی**) لە ١٩٧٠/٥/٩دا، بە ژمارە ٤٢٨ دەست بەبڵاوکردنەوەی کراوەتەوە، خوێنەران هەقیانە بپرسن باشە دواژمارەی (**التاخی**)، لە قۆناغی یەکەمدا، ژمارە ٤٢٩ی لە ڕۆژی ١٩٦٨/١١/١١دا دەرچووە، چۆن دەبێت، لەدوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار بەم

ژمارەیە دەست پێبکاتەوە؟، ناکا بەرپرسانی کاتی خۆی پێیان وابووبێ ژمارە ٤٢٧ی کوردییەکە دوا ژمارەی قۆناغی یەکەم بووبێت؟.

لە ژمارە ١٠ی (رۆژنامەڤانی)دا، کاک **(وریا جاف)**، کاتی هەندێ تێبینی لەسەر بابەتێکی کاک **(ئازاد عوبێد)** نووسیبوو، کە لە ژمارە (٨)ی **(رۆژنامەڤانی)**دا بلاوکراوەتەوە، تیایدا پرسیارێکی لەم جۆرەی کردبوو، بۆ وەڵامی هەموو ئەو بەرێزانە چاو بە بابەتێکی دیکەی دەستنووسی عەبدوڵڵا زەنگەنەدا دەخشێنینەوە کە بەم شێوەیە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەی داوەتەوە:

راستە ژمارەی ٤٢٨ی **(التاخی)**، لە رۆژی **(السبت ٩ آيار ١٩٧٠)**دا، بە ٨ لاپەرە بلاوکراوەتەوە، بەلام ئەم نووسینە، ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو رۆژو ژمارەیەی سەرەوە راست بووبێ، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوەتا ژمارە دووەمی خولی دووەم، یەکسەر کراوەتە (٤٣٢)ی رۆژی **(الاحد ١٠ آيار/١٩٧٠)**، واتە وادیارە ئەوسا بەهۆی لەبەر دەست نەبوونی دوا ژمارەی رۆژنامەکە هەڵەیەکی دیکە لە زنجیرەی دەست پێ کردنەوەی ژمارەکانی خولی دووەم کراوەو لە ژمارەی دواتر راست کراوەتەوە، بەلام وا دیارە ئەوسا ئەو سەهوە بەهەند هەڵنەگیراوە، بۆیە پۆزش یان روونکردنەوەیەکیان لەبارەوە نەنووسیوە.

بەلام لێرەدا پرسیارێکی دیکەش سەر هەڵدەدا، ئەویش ئەوەیە، ئایا سەرپەرشتکارانی رۆژنامەکە هەڵەیەکی دیکەیان بەسەردا تێپەڕیووە لە جیاتی ژمارە ٤٣١ی دوای راستکردنەوەکە نووسیویانە ٤٣٢، یان لە خولی یەکەمدا (التاخی) بە ژمارە ٤٣٠ی رۆژی ١٩٦٨/١١/١٢، نەك بە ژمارە ٤٢٩ی رۆژی ١٩٦٨/١١/١١ کۆتایی بەتەمەنی هێنراوەو وەستاوە، ئەم ژمارەیەش لە هیچ کتێبخانەیەکی گشتی و لای هیچ کەسێك ئەرشیف نەکرابێ، ئەم خاڵەی دواوییشیان مەزەندەیەو پێویستی بە بەڵگە بۆ هێنانەوەیە.

دیارە ئەو جۆرە هەڵانەش لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا شتێکی ئاساییە، چونکە مرۆڤی کورد هەر بە سروشتی هەستی ئەرشیف کردنی کلتوری خۆی لەلا لاوازە.

## سەرچاوەکان:


نامەی زانکۆ :

١-اسماعيل شكر رسول ، اربيل دراسه تأريخية في دورها الفكري والسياسي (١٩٣٩-١٩٥٨)، اطروحة دكتوراه، مقدمة الى مجلس كلية الاداب في جامعة صلاح الدين.

٢-نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا (١٩٦١- ١٩٩١)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی- ٢٠٠٠.

٣-ئازاد عوبێد سالح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی رۆژنامەوانی کوردی لە کوردستانی خواروودا (١٩٦١-١٩٧٥)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- ٢٠٠٣.

کتێب:

أ. بەزمانی کوردی:

١-عەبدولجەبار محەمەد جەباری ، مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی- ١٩٧٠.

٢-عەلائەدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا- ١٩٧١.

٣-کەمال فوئاد (د.)، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، بەغدا- ١٩٧٢ .

٤-جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، وەزارەتی راگیاندن، کارگێڕی گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغدا- ١٩٧٣.

٥-جەمال خەزنەدار، رۆژی کوردستان ( ١٩٢٣-١٩٢٤)، وەزارەتی راگیاندن، کارگێڕی گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغدا- ١٩٧٣.

٦-مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا -١٩٧٧.

٧-کەمال مەزهەر ئەحمەد (د.)، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٨- بەغدا.

٨ غەفور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا -١٩٧٩.

٩- م. ئەمین بۆز ئارسلان، ژین گۆڤارا کوردی- ترکی، جلد ١، ئوپسالا- ١٩٨٠.

١٠-جەمال خەزنەدار ، رۆژی کورد ١٩١٣، بلاوکردنەوە و پێشەکی و لەسەر نوسین ، زنجیرە ٣ی ژیاندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەی کوردی ، بەغدا -١٩٨١.

١١-شاکر فەتاح، رۆژنامەی ئاکرێ، ١٩٨٤.

١٢-شاکر فەتاح، رۆژنامەی باسەرێ، ١٩٨٥.

١٣ مومتاز حەیدەری، مستەفا شەوقی و پەیژە، ساخ کردنەوە و لێکۆلینەوە ، هەولێر -١٩٨٥.

١٤-جەمال نەبەز(د.)، گۆڤاری نیشتمان ( تەمموزی ١٩٤٣- مایسی ١٩٤٤)زمانحالی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژی هوردە بورژوازی رۆشنبیری ناسیۆلیستانە لە کوردستاندا، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید- ١٩٨٥ .

١٥-مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵەی کتێبی کوردی (١٨٧٨- ١٩٨٦)، چاپخانەی (الزمان) ، بەغدا- ١٩٨٦.

١٦-جەمال نەبەز (د.)، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی‌یەکێتی تێکۆشین(١٩٤٤-١٩٤٥)و ئیدیۆلۆژی هوردە بورژوای مارکسیستی کورد، ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر ، ستۆکۆلم -١٩٨٨.

١٧ حەمە سالح فەرهادی، چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسیی کوردی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا -١٩٨٨.

١٨-مالمیسانژو مەحمود لەوەندی، ل کوردستانا باکورو ل ترکیا رۆژنامەگەرییا کوردی (١٩٠٨-١٩٨١)، وەشانێن ژینا نوو، ئاداری ١٩٨٩- سوید.

١٩-وریا جاف، مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان کوردستان(١٩٤٦-١٩٩٦)، چاپی یەکەم، هەولێر- ١٩٩٦.

٢٠-عەبدوڵلا حەسەن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، هەولێر- ١٩٩٦.

٢١ عەبدولڕەحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی دووەم ساڵی ١٩٩٦.

٢٢-غەنی بلوریان ، ئاڵەکۆك، ستۆکهۆلم -١٩٩٧ .

٢٣-هەژار (عەبدولڕەحمان شەرەف کەندی)، چێشتی مجێور، ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس- ١٩٩٧ .

٢٤ وریا جاف، کاروانی رۆژنامەگەری کوردی، کتێبی "گولان" ژمارە (٩)، هەولێر- ١٩٩٨.

٢٥-کەمال فوئاد (د.)، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم، ١٩٩٨- سلێمانی.

٢٦-مەحمود زامدار ، (کوردستان)ی دایك ، وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨- هەولێر.

٢٧ محەمەد ئەمین بۆزئارسلان، کرد تعاون ترقی غزتسی ، کۆڤارا کردی- ترکی (١٩٩٠٨-١٩٠٩)، کۆکردنەوەو وەرگێڕانی بۆ لاتینی ، سوید وەشانخانا دەنگ ، چاپی یەکەم، ئاداری ١٩٩٨.

٢٨ مەحمود زامدار، گەشتێك لە نێو جیهانی بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردیدا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر- ١٩٩٨.

٢٩-فەرهاد پیرباڵ(د.)، گۆڤاری کوردستان (١٩١٩- ١٩٢٠ )، بلاوکراوەکانی دەزگای گولان، هەولێر-١٩٩٨.

٣٠-مەحمود زامدار، رۆژنامەی هەولێر (١٩٥٠- ١٩٥٢) ، هەولێر- ١٩٩٨.

٣١-عەلی ناجی کاکە حەمەئەمین عەتارو سیروان بەکر سامی، پێشکەوتن یەکەمین رۆژنامەی سلێمانی ١٩٢٠- ١٩٢٢، کۆکردنەوە و ئامادەکردن بۆ چاپ، پێشەکی: د. مارف خەزنەدار ، هەولێر- ١٩٩٨.

٣٢-کوردستان موکریانی(د.)، رەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نیوەی ژنەوە لەنێو رۆژنامەگەریی کوردیدا (١٨٩٨ـ ١٩٧٠)، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر- ١٩٩٨.

٣٤ غازی حەسەن، سەرکوتی رۆژنامەی کوردی لە سێبەری یاسادا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر- ١٩٩٨.

٣٥-مەسعود بارزانی، بارزانیو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد(١٩٣١-١٩٥٨)، و:سەعید ناکام ، چاپخانەی خەبات، دهۆك- ١٩٩٨.

٣٦-کەمال رەئوف محەمەد، مستەفا سائیب ئەستێرەگەشەی کورد، لە زنجیرە کتێبی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی - ١٩٩٨.

٣٧-موسا ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر -١٩٩٨.

٣٨-ئەزادی عەزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەریی کوردی و چەند سەرە قەڵەمێك لە بارەی تەکنیك و هونەرەکان، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر- ١٩٩٨.

٣٩-تاریق جامباز، هەفتەنامەی (گۆڤار)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر-١٩٩٨.

٤٠-حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر-١٩٩٨.

٤١-جەبار قادر (د.)چەند بابەتێکی مێژووی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی- ١٩٩٩.

٤٢-ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، نزار- گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبییە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی-٢٠٠٠.

٤٣-مومتاز حەیدەری ، کوردو حکومەتی قاسم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول٠٠!، هەولێر- ٢٠٠٠/٩/١١.

٤٤-عەبدوڵلا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، پێشەکی : د. کەمال مەزهەر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر- ٢٠٠١.

٤٥-فرات جەوهەری، هاوار (١٩٣٢-١٩٤٣) ، وشانێن کۆبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی ، ژ چاپا(نودەم) هاتیە وەرگرتن، ئامادەکرن، ستۆکهۆلم ١٩٩٨، هەولێر- ٢٠٠١.

٤٦-ئەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی- ٢٠٠١.

٤٧-ڕوناهی (١٩٤٢-١٩٤٥) وشانێن کۆبەندا کاوە بۆ چاندا کوردی . ژ چاپا (ژینانو)هاتیە وەرگرتن، ستۆکهۆلم ١٩٨٥ ، هەولێر- ٢٠٠١ .

٤٨-شازین هێرش، ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەییەکان لە چەندین بەڵگە نامەی مێژوویدا ١٩٥٨- ١٩٦٨، سلێمانی ، چاپی دووەم -٢٠٠١.

٤٩-فاروق عەلی عومەر ، ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا، بەرایییەکان(١٩١٤-١٩٣٩)، و: تاریق کاریزی، ساخکردنەوەی دەقە ڕۆژنامەوانییە کوردییەکان:عەبدوڵلا زەنگەنە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر- ٢٠٠١ .

٥٠-ڕۆژانو، وشانێن کۆبەندا کاوە بۆ چاندا کوردی، ژ چاپا ژینانو هاتیە وەرگرتن. ستۆکهۆلم ١٩٨٥، هەولێر- ٢٠٠١.

٥١-کوردستان موکریانی (د.)، ڕوناکی .. یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- ٢٠٠١.

٥٢-ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، کەمال فوئاد(د.)، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر، سلێمانی-٢٠٠١.

٥٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨-١٩١٨)، بەرگی ١، سلێمانی-٢٠٠١.

٥٤-ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، نەوشیروان مستەفا، دیاری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی- ٢٠٠١ .

٥٥-ئەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی -٢٠٠١.

٥٦-هیمدادی حوسێن(د.)، گۆڤاری گروگاڵی مندالانی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، زنجیرە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ، هەولێر- ٢٠٠٢.

٥٧-ڕەفیق ساڵح ، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە شاری سلێمانی (١٩٢٠-١٩٩٠) لە بلاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ ژمارە(١)، سلێمانی- ٢٠٠٢.

٥٨-ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (١-٨١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی- ٢٠٠٢ .

٥٩-کوردستان موکریانی (د.)، زاری کرمانجی یەکەمین ڕۆژنامەی شاری ڕواندز، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر- ٢٠٠٢ .

٦٠-هیمدادی حوسێن(د.)، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان(١٩٤٢-١٩٤٧)، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی- ٢٠٠٢.

٦١-کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم، بەشی ٣، سوید.

٦٢-جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێرانی: کوردۆ عەلی،(؟)

ب- بەزمانی عەرەبی:

١-عبدالرزاق الحسني، تأريخ الصحافة العراقية، الجزء الاول، الطبعة الثالثة، بغداد- ١٩٧١.

٢-جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، الطبعة الثانية، مارت ١٩٧١، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت –لبنان.

٣-عزالدين مصطفى رسول (د)، حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد- ١٩٧٣.

٤-جبار جباري، تأريخ الصحافة الكردية في العراق، دارالثقافة والنشر الكردية ، بغداد- ١٩٧٥.

٥- زاهدة ابراهيم، كشاف الجرائد والمجلات العراقية، مراجعة عبدالحميد العلوجي، وزارة الاعلام، بغداد- ١٩٧٦.

٦- عبدالستار طاهرشريف، الحزب الثوري الكردستان، منشورات شۆڕگێڕ (الثوري)، بغداد- ١٩٧٨.

٧- نوري شاويس، من مذكراتي ،الطبعة الاولى- ١٩٨٥.

٨-نزار جرجيس، صحافة اربيل، دارالثقافة والنشر الكردية، دار الحرية للطباعة، بغداد- ١٩٨٨.

٩-عبدالستار طاهر شريف(د.)، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف القرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد-١٩٨٩.

١٠-صالح بدرخان، مذكراتي، ترجمة:روشن بدرخان، دمشق-١٩٩١.

١١-وريا جاف، كركوك دراسة سياسية واجتماعية، اربيل-١٩٩٨.

١٢- عبدالفتاح علي بوتاني(د)، جريدة الحقيقة .. راستي.. اول جريدة عربية كوردية في مدينة الموصل، دراسة وتوثيق، منشورات مجلة (مەتين)، مطبعة خبات، دهوك -١٩٩٨.

١٣- رزگار نوري شاويس. (رزگاري) ثم (خەبات) لسان حال الحزب الديموقراطي الكردستاني، نضال مشرف لاكثر من نصف قرن، عرض تاريخي(١٩٤٦-١٩٩٨)، من منشورات مؤسسة(برايەتی و خەبات) الصحافية- ١٩٩٨.

١٤- عبدالفتاح علي بوتاني(د)، وثاق عن الحركة القومية الكردية التحرية، مؤسسة المكريايي للطباعة والنشر، مطبعة التربية، اربيل- ٢٠٠١.

**گۆڤارو ڕۆژنامە :**

أ. بەزمانی کوردی :

١- ژین(ڕۆژنامە)، ژمارە ٩٢٤، ١٩٤٩/٧/١، سلێمانی.

٢-ژین (ڕۆژنامە) ، ژمارە ١٣٨٨ی ٣ی نیسانی ١٩٥٨، سلێمانی.

٣-لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی ئێوارەی ١٤ ئەوریلی ١٩٥٩دا حیزبێکی نوێ بەنێو کاژێك دامەزرێنرا.

٤-توری عەلی ئەمین، ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا . نەورۆز (گۆڤار)، ژمارە١ی ساڵی یەکەم، نەورۆزی ١٩٥٩.

٥-رزگاری کوردستان (گۆڤار) ، ژمارە ١، ساڵی یەك، کانونی یەکەمی ١٩٦٣.

٦-محەمەدی مەلا کەریم، لاپەڕەیەك لە خەباتی فەقێیەکانی کوردستان، بەیان (گۆڤار)، ژمارە ٢٢ی ١٩٧٢، بەغدا.

٧-ساڵح حەیدەری، رزگاری چۆن چاپ دەکرا، پاشکۆی عێراق (ڕۆژنامە)، ژمارە ١٤ی ٢١ی نیسانی ١٩٧٨.

٨-مارف خەزنەدار(د.)، ڕۆژی کوردو شەفەق لە تۆماری زانستی و بیرەوەریدا ، ڕۆژی کوردستان(گۆڤار)، ژمارە ٥٤ی ئاداری ١٩٧٩، بەغدا.

٩-محەمەد ساڵح ئیبراهیمی شەپۆل (د.)، ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا، گرشەی کوردستان (کۆڤار) ، ژمارە ٩ی بەفرانبارو ڕێبەندان و ڕەشەمێ ی ١٣٦٠ی هەتاوی/١٩٨٠ی زایینی، تاران.

١٠-ئیبراهیم ئەحمەد، فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردایەتی، مەڵبەند(کۆڤار)، ژمارە ٥٧ی ١٩٩٥/٣، لەندەن.

١١-عومەر مارف بەرزنجی ، یادی سەد ساڵە و نامەیەکی کراوەی محەمەد ئەمین بۆزئارسلان، پەیڤین (کۆڤار) ، ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٧، سلێمانی.

١٢-کەمال ڕەئوف محەمەد، ساڵح قەفتان و یەکەم کۆڤاری سلێمانی ، کاروان(کۆڤار)، ژمارە ٧٨ تابی ١٩٨٩، هەولێر.

١٣-ئەنوەر سوڵتانی، ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە کتێبخانەکانی شاری لەندەن، هیوا(گۆڤار)، ژمارە ٨ی هاوینی ١٩٩٨.

١٤-فەرهاد پیربال (د.) .بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە ئەوروپا ئەمریکا (١٨٩٧-١٩٩٢)، چاوپێخشاندنێکی بیبلیۆگرافیایی، سەنتەری برایەتی(گۆڤار)، ژمارە ٥ی ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨، هەولێر.

١٥-عەبدوڵڵا زەنگەنە، گۆڤاری نەورۆز لە نەورۆزدا، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە ٥ی ٢٢نیسانی ١٩٩٨،هەولێر.

١٦-عەبدوڵڵا زەنگەنە (بە ئیمزای ع.ز بلاوکراوەتەوە)، گۆڤاری (نزار) ١٩٤٨/٣/٣٠-١٩٤٩/٢/١٥، سەنتەری برایەتی (کۆڤار)، ژمارە ٥ی ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨.

١٧-مستەفا مەعروفی، باسێك سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران، کاروان(گۆڤار)، ژمارە ١٢٠ی ساڵی ١٩٩٨، هەولێر.

١٨ فەتاح تۆفیق ، لە پێشوازی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. ڕێگای کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە ٢٩٢، ساڵ ١٩٩٨.

١٩-کوردستان (ڕۆژنامە) . ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان/ ئێران، ژمارە ٢٥٧ی ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨.

٢٠ مسەدەق تۆفی، ڕۆژنامەڤانیا سەردەمێ شێخ مەحمودی نەمر، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە ٥ی ١٩٩٨/٤/٢٢.

٢١ تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، محەمەد سالح بەدرخان و کۆڤارا (ڕۆژی کورد) و (یەکبوون)، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە ٥ی ١٩٩٨/٤/٢٢.

٢٢ ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی، ڕۆژنامەی (زبان) و هەوڵدان بۆ ڕامکردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ڕامان(گۆڤار)، ژمارە ٢٣ی ١٩٩٨/٥/٥.

٢٣ عومەر محەمەد سالح، ئاوردانەوەیەك لە محەمەد ئەمین عەسری ڕۆژنامەی کەرکوك، ڕامان(گۆڤار)، ژمارە ٢٣ی ١٩٩٨/٥/٥.

٢٤ محەمەد سالح سەعید، بیبلیۆگرافیای گۆڤاری(بڵێسە)، ڕامان(گۆڤار)، ژمارە ٢٣ی ١٩٩٨/٥/٥.

٢٥ ئازاد عەبدولواحد، ئەحمەد شوکری سەربازی نەناسراوی چاپخانەو کاری ڕۆژنامەگەریی-چاوپێکەوتن، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە ٢٣ی ١٩٩٨/٥/٥.

٢٦ کۆنێ ڕەش، گەشتێك بە ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سوریا . ڕامان (گۆڤار)، ژمارە ٢٣ی ئایاری ١٩٩٨.

٢٧ عەبدوڵلا زەنگەنە، بەڵێ ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ئۆرگانی ئەو حکومەتە نەبووکە شێخ مەحمود لە سلێمانی دایمەزراند... بەڵام...؟! برایەتی (ڕۆژنامە)، (١-٢)، ژمارە ٢٦٤٢ چوارشەممەی ١٩٩٨/٨/٥، (٢-٢)،ژمارە ٢٦٤١چوارشەممەی ١٩٩٨/٨/٦.

٢٨ عەبدولڵلا زەنگەنە، بۆئەوەی خوێنەران دەربارەی حکومەتی شێخ مەحمودو ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی ئەوسا بەهەڵەدا نەچن، برایەتی(ڕۆژنامە)، ژمارە ( ) دوشەممەی ڕۆژی ١٩٩٩/٧/٥.

٢٩ عەبدوڵلا زەنگەنە، (ڕوناکی)هەولێری و ململانێی دوو ڕۆژنامەنووس ..؟، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە ٢ی بەهاری ١٩٩٩ ، هەولێر.

٣٠-سەید عەبدولڵلا سەمەدی، گروگاڵی منداڵانی کورد.. یەکەمین گۆڤاری منداڵان بە زمانی کوردی، ڕامان(گۆڤار)، ژمارە ٤١، کانونی دووەمی ١٩٩٩، هەولێر.

٣١- ح. میرانی-هێڤیا وەڵێت سێیەمین گۆڤارا کوردی ب تیپێن لاتینی ل ئەوروپا، ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی : عەبدولڵلا زەنگەنە ، کاروان (گۆڤار) ، ژمارە ١٣٧ی١٩٩٩، هەولێر.

٣٢-عەبدولڵا زەنگەنە، هۆی دەرنەچوونی زاری کرمانجی دەبێ چی بووبێت..؟، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە ٤ی پایزی ١٩٩٩.

٣٣-مسەدەق تۆفی، یەکەمین ڕۆژنامە باژێرڤانیا، مەتین(گۆڤار)، ژمارە ٩٩ نیسانی ٢٠٠٠.

٣٤-وسفی حەسەن، ڕۆژنامەگەری ل دڤەرا بەهدینان، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (١)ی نیسانی ٢٠٠٠.

٣٥ عەبدولڵلا زەنگەنە، لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە: تکا لە ڕەخنەی بەجێ، دڵتان لەیەکدی نەڕەنجێ، کاروان (گۆڤار)، ژمارە ١٤٤ی نیسانی ٢٠٠٠، هەولێر.

٣٦ عەبدولڵلا زەنگەنە، نەخشی ڕۆژنامەنووسیی حوسێن حوزنی موکریانی، لەسەر (ژیان)ی سلێمانی، هەولێر (گۆڤار)، ژمارەی ٧ی هاوینی ٢٠٠٠، ل ١٤٨-١٥٧.

٣٧ عەبدولڵلا زەنگەنە ، دەبێ ڕۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩ نەك ١٩٦٧/٥/٦ ساڵیادی ڕۆژنامەی (برایەتی) بێ، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ١ی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠، هەولێر.

٣٨- عەبدولڵلا زەنگەنە، دادگایی کردنی (خەبات)، یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی ڕۆژانەی کوردی:

- بەشی یەکەم، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار) ، ژمارە ٢ی ئابی ٢٠٠٠ .

- بەشی دووەم ڕۆژنامەڤانی(گۆڤار)، ژمارە ٣ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٠.

- بەشی سێیەم ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٤ی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠١ .

٣٩ عەبدولڵلا زەنگنە ، عەبە هەولێری و کۆمەڵەی لاوانی کورد ، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە ١١ی بەهاری ٢٠٠١ ، هەولێر.

٤٠ عەبدولڵلا زەنگەنە، ساخکردنەوەی ناسنامەی خاوەنی گۆڤاری ڕۆژی کورد-١٩١٣، ڕامان(گۆڤار)، ژمارە ٥٦ی ٢٠٠١/٢/٥.

٤١ عەبدولڵلا زەنگەنە، ئایا گۆڤاری ڕۆژی کورد یەکەم گۆڤاری کوردی بووە..؟ ، برایەتی (ڕۆژنامە)، ژمارە ٣٤٩١ی ڕۆژی ٢٠٠١/٩/١٩.

٤٢-ئیسماعیل بادی، ڕۆژنامەیا ستێرە ، بەرهەمێ دوایی بنەماڵە بەدرخانیا، ڕۆژنامەڤانی(گۆڤار)، ژمارە ٥ی ئابی ٢٠٠١.

٤٣ گولـەر سیامەنسـوری ، ئەحـمـەد مـەدەنی پێشـەنگی رۆژنامەگەریی کوردی لە شاری کەرکوك، هاواری کـەرکوك (گۆڤار)، ژمارە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ ، هەولێر.

٤٤ تـەوزاد عـەلی ئەحمـەد، چـەند زانیارییـەك دەربـارەی رۆژنامـەی (خـەبات)، کوردسـتانی نـوێ (رۆژنامـە)، ژمـارە ٢٤٠٩ی یەکشەممەی ٢٠٠١/٣/٢٥.

٤٥ عەبدوڵلازەگەنە، هـاوارو شـوێنی لـە رۆژنامـە نووسـیی کوردیدا- دۆسیەی تایبەت، رۆژنامەڤانی(گۆڤار)، ژمـارە ٥ی هاوینی ٢٠٠١.

٤٦ عەبدوڵلا زەنگەنە، (ژین) شـوێنی لـە رۆژنامەنووسـیی کوردیدا- دۆسیەی تایبەت، رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٦ ، ٧) ( پایز و زستان) ٢٠٠١ -٢٠٠٢ .

٤٧ فـەرهاد عـەونی، رۆژنامـەی کوردسـتان-ی تـاران . رۆژنامەڤانی (گۆڤار) ، ژمارە ٨ی نیسانی ٢٠٠٢.

٤٨ محەمەد شاپەسەندی ، لـە پـەراوێزی ژیـان و بەسـەرهاتی زەبێحـی ، نهێنییـەکانی چـاپی ژمـارە ١٠ی نیشـتمان، رۆژنامەنووسـان (گۆڤـار) ، وەرزە گۆڤـاری یـەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ١ی بەهاری ٢٠٠٢.

٤٩ محەمەد شاپەسەندی، رۆڵی رۆژنامەی (خـەبات)ی نهێنـی لە شۆڕشی ئەیلوودا ، رۆژنامەنووسـان (گۆڤـار)، ژمـارە ٢ی هاوینی ٢٠٠٢.

٥٠ عەبدوڵلا زەنگەنە، کوردستان لە تاریکییەوە بۆ رونـاکی -دۆسـیەی تایبـەت، رۆژنامـەڤانی (گۆڤـار)، ژمـارە ٨ی ٢٢ نیسانی ٢٠٠٢.

٥١ عەبدوڵلا زەنگەنە، ماڵی کوردی تـالان بـردی- دۆسـیەی تایبەت (لە بارەی رۆژنامـەی کـورد ١٩٠٨-١٩٠٩و گۆڤـاری زاری کرمـانجی)، رۆژنامـەڤانی(گۆڤـار)، ژمـارە ٩ی پـایز و زستانی ٢٠٠٢ -٢٠٠٣ .

٥٢ عەبـدوڵلا زەنگەنـە (بـە ئیمـزای کـوردێکی یـەکڕەنگ بلاوکراوەتـەوە)، دیـاریی ژمـارە- دەنگـی گێتـیی تـازە، رۆژنامەڤانی(گۆڤـار)، ژمـارە ١٠ی پـاییز-زسـتانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣.

٥٣ عەبدوڵلا زەنگەنە، رۆژنامەنووسی ئـافرەتی کـورد، یـان کەرسـتەی دۆڵمـە..!!، رۆژنامـەڤانی(گۆڤـار)، ژمـارە ١٠ی پاییز-زستانی ٢٠٠٢-٢٠٠٣.

٥٤ جـەمال عەبـدول ، چـەمکێکی راسـتی رۆژنامەگـەریی نهێنیمـان ، رۆژنامەنووسـان (گۆڤـار)، ژمـارە ٣ی زسـتانی ٢٠٠٣.

٥٥ عەبدوڵلا زەنگەنە، شەفەق و شوێنی لە رۆژنامەنووسـیی کوردی لەکەرکووکدا ، نەوشەفەق(گۆڤار)، ژمارە ٢ی ئایاری ٢٠٠٣، ل ٩٦-١١٨، کەرکووك.

٥٦-ژك لـە کرمانشـاندا.. گـزنگ (گۆڤـار)، ژمـارە ٢٩، سوید.١٣ .

ب- بەزمانی عەرەبی :

١-وصفي حسن، الصحافة في بهـدينا ، مـتين (مجلة)، العدد ٣١- ٣٢ نيسان و گولان ١٩٩٤.

٢-معة عن نشؤ الصحافة الكردية في سوريا وتطورهـا، گولان العربي (مجلة)، ٢٣ السنة الثامنة، نيسان ١٩٩٨.

دەستنووس:

١-عبدالله زنگنه، متـى انشئت مطبعـة (خـەبات) في ثـورة ايلول ، ومتى افتتحت اذاعة صوت كردستان العراق، ت:جوهر غمگين.

٢ عەبدوڵلا زەنگەنە، ئایا برایـەتی پاشـکۆی رۆژنامەیـەکی دیکە بـووە..؟!، دەسـتنووس لای نووسـەرەکەیەتی، (کـاتی خۆی، نەشارەزایانی مێژووی رۆژنامەنووسیی پارتی دیموکراتی کورستان، نەیانهێشت بلاوبکرێتەوە).

ئەرشیف و کتێبخانە:

١ـ کتێبخانەی تایبەتی: محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا.

٢ـ کتێبخانەی تایبەتی :نەژاد عەبدوڵلا عەزیز، هەولێر.

٣ـ کتێبخانەی تایبەتی: مومتاز حەیدەری، هەولێر.

٤ـ کتێبخانەی تایبەتی: د. مارف خەزنەدار، هەولێر.

٥-کتێبخانەی تایبەتی : د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.

٦ـ کتێبخانەی تایبەتی: رەفیق سالح، سلێمانی.

٧ـ کتێبخانەی تایبەتی:عەبدوڵلا زەنگەنە، هەولێر.

٨ـ کتێبخانەی گشتی سلێمانی.

٩ـ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی.

١٠ـ کتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی.

١١ـ کتێبخانەی مەڵبەندی زانکۆ، هەولێر.

١٢-کتێبخانەی گشتی هەولێر.

١٣-کتێبخانەی بەدرخانیان- دهۆك.

١٤ـ ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان، سلێمانی.

١٥ـ ئەرشیفی ناوەندی (پ.د.ك)، پیرمام.

# "ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە"



ئازاد عوبێد ساڵح
ماجستێر لە مێژووی نوێدا

## کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی لە کوردستانی خوارووداا
## ١٩٦١-١٩٧٥

ناونیشانی نامەی ماستەری توێژەر (ئازاد عوبێد ساڵح)ە، کە بەسەرپەرشتی: د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس بووە، لە ٢٠٠٣/٣/١دا لە لایەن (لێژنەی تاوتوێ)ی سەر بەئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر گفتوگۆی لەسەر کراوەو ماستەری لە مێژووی نوێی هاوچەرخ دراوەتێ، ئەو بابەتەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە شێلەی دوو بەشی نامەکەیە، ئەو ناونیشانەی کە لە دوو توێی باسەکەدا ژمارە (١)ی بۆ دانراوەو (ئێستگەی دەنگی کوردستان عێراق)، پاژێکە لە بەشی یەکەمی نامەکە، کە بەناونیشانی (کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی لەکوردستانی خوارووداا ١٩٦١-١٩٧٠) بوو.

ئەمەی دیکەشیان کە ژمارە(٢)ی بۆ دانراوە، پاژێکە لە بەشی سێیەمی نامەکە کە بەناونیشانی (هەڵگیرسانەوەی شەڕو کاردانەوەی لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٧٤-١٩٧٥) بووە، توێژەر هەردوو بەشی نامەکەی بۆ ناردبووین، تا لێرەدا هەمووی بڵاو بکەینەوە، بەڵام باسەکان لە کاتێکدا گەیشتنە دەستمان گۆڤارەکەمان دەهات شوێنی بابەتی دیکەی وا درێژی تێدا نەبێتەوە.

لە ڕاستیشدا حەزمان نەدەکرد (ڕۆژنامەڤانی) لە بڵاوکردنەوەی بابەتێکی وا گرنگ بێبەش بکەین، بۆیە داوامان لە توێژەرکرد ڕێگەمان پێ بدات جارێ هەرئەوەندەی لێ بڵاوبکەینەوە، لەبەر کاریگەری و پیرۆزی ناوی ئێزگەکەش لای جیلێک و دووانی نەتەوەکەمان، بە پێویستمان زانی، دوای پرس و را گۆڕینەوە لەگەڵ توێژەر، ئەو ناونیشانەی سەرەوەی بۆ هەڵبژێرین، دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین بەسەر ئەم جۆرە باسانەوە هەیە، (ئێزگەی دەنگی کوردستان) لەم لایەنەوە ئەوەندە هەقی خۆی نەدراوەتێ. سەیرە زۆریش سەیرە تا پارەکە، هەر چەند ساڵ جارێک، لە ڕۆژێکی دیاریکراودا، ساڵیادی دەکرایەوە، ناشزانین لە ئاب و ئەیلولی ئەم ساڵی ٢٠٠٣دا لە چ ڕۆژێکدا مۆمێکی دیکەیان خستۆتە سەر تەمەنی پڕ لە شانازی، واتا تا ئەم ساڵ، ڕۆژی یادەوەری ئێزگەکە دیار نەبوو، بەهەر حاڵ ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین سەرپەرشتیاری نامەکە رای وابووە دەبێ ئەم بابەتە بەکورتی هەڵوەستەی لەسەر بکرێ بەڵکو خوێنەر بگەڕێندرێتەوە لای سەرچاوەکان، بە مانایەکی دیکە، ئەو گومانی هەبووە، ئێزگە لە خانەی ڕۆژنامەوانیی بێت. دیسان ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین. زۆرخاڵی دیکە هەبوون دەبوایە لێرەدا پتر بەسەر بکرابانەوەو لێیان بکۆڵدرابایەوە، تا هەموو لایەنەکانی ئەم ئێزگەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکرابایەوە.

(ڕۆژنامەڤانی)

(١)

## رادیۆی (دەنگی کوردستان) ( )

رادیۆ، وەك بەشێکی گرنگی کاری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەوانیی بیستراو، نەخشی گرنگو هەرە لە پێش بووە. ئەویش لەبەر کاریگەریو ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی" **لە ئاسانی گەیاندنی پەیامەکەی بۆ هەموو گۆشەو کەنارێکی وڵاتو بڕینی هەر جۆرە لەمپەرو بەربەستێکو هەموو کەس دەتوانێ گوێی لێ بگرێ"** خوێندەوارو نەخوێندەوار، ماوەی پەخشیشی دیاریکراوەو ئەمەش زیاتر مەبەستەکە دەپێکێ.

سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولیش ئەو ڕاستییە بایەخدارانەی لە بەرچاو بووەو لە کاریگەری ئەم دەزگایە خاترجەم بووە، نەخوازە بۆ گەلێکی دواکەوتووی نەخوێندەواری ئەو سەردەمەو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری دامەزراندنی ئێستگەی داوەو بۆ پەیداکردنو دەستکەوتنی، بەرپرسی پارتیان لە ئەوروپا ئاگادار کردۆتەوە کە مشوری ئەم کارە بخوات[١].

دوای هەوڵدانێکی زۆر، ئاکام توانرا لە﴿ ٢٠ی ئابی ١٩٦٣ ( )**(دەنگی کوردستان)** لەخزمەت گەلو شۆڕشدا﴾ بۆ یەکەم جار لە ئەشکەوتی **(گردەڕەش)**ی لای **(ماوەت)** ( ) بەرنامەکانی، بە وتەیەکی بارزانی پەخش بکات، تێیدا داوای یەکریزی گەلی کوردو برایەتی کوردو عەرەبی کردووە[٢]. **(دەنگی کوردستان)**، ڕۆژانە بەرنامەکانی لەسەر شەپۆلێکی کورتی (٤٣) مەتری، بۆ ماوەی سەعاتو نیوێك، لە سەعات هەشتی ئێوارە تاکو نۆو نیو، بە کاتی بەغدا، بەردەوام بووە. بەشی کوردی ناوی **(دەنگی کوردستان)** یان لێناوە، هەرچی بەشە عەرەبییەکەیەتی ناونراوە **(دەنگی برایەتی کوردو عەرەب)**، بەرنامەکانیشی ڕۆژانە بارودۆخی سەربازی لە کوردستانو هەواڵەکانی جیهان، وێڕای بابەتی دیکەبوون[٣]. دواتر هەوڵی دیکەش دراوە کە ئامێری باشتر پەیدا بکرێو پەرە بە بەرنامەکانی کوردیو عەرەبی بدرێ، حەبیب محەمەد کریم بەرپرسو سالح حەیدەریو سامی عەبدولرەحمانو عومەر دزەییو حوسێن قەرەداغیو بورهان قانیعو. . . هتد ئێستگەکەیان بەڕێوە بردووەو چەند تەکنیککارێکشیان لە گەڵدا بووە، بە تایبەتی ئەمجەد عەبدولوەهابو عەبدولخالیق مەعروف (١٩٣٥-١٩٨٥)[٤]( )، کە ئەوەی دواییان، لە کاری تەکنیکی ، زۆر بەتواناو دەست ڕەنگین بووە، هەژار گوتەنی: **(بۆ شۆڕش لە لەشکرێکی دەهەزار کەسی بە بەهرەتر بوو)**ە[٥].



جارێکی دیکە **(خەبات)** دەنووسێ، ئێستگە لەسەر هەردوو شەپۆلی کورتی (٤٥م و ٤٩م)، بەدووماوە، کاتژمێر لە(٣٠ر١ تا ٣٠ر٢)پاش نیوەڕۆو کاتژمێر (٦ تا ٧)ئێوارە وێڕای بێ تەشویشی (هانی هانی) بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە[٦].

بەرە بەرە، بەهۆی بارودۆخی شۆڕش، گۆڕانکاری لە ئامێرو دەزگاو کارمەندەکانی دەکرا، ئەم بەڕێزانەش، وێڕای ئەو ناوانەی پێشتر ناومان بردن، دواتر بە پێی کاتو سات کاریان کردووەو دەستە چیلەی خۆیان خستۆتە سەرگڕی شۆڕش. : جەلال ئەتروشی، مستەفا رابەر، عوسمان سەعید، تەها بابان، ئەنوەر جاف، دواتر سەیدا سالح یوسفی (١٩١٨-١٩٨١) بۆتە بەرپرسی ڕاگەیاندنو دلشاد مەسرەف، نوری ئەتروشی، ئەلبێر خوری، جەلال عەبدولرەحمانو شێرکۆ بێکەسو موحەمەد سالح ئاکرەیی، خالد اغا

حیسامی (**هێدی**) شاعیرو هەژاری موکریانی(١٩٢٠-١٩٩١)و فەرەنسو هەریری (١٩٣٧-٢٠٠١) و رەفیق چالاك (١٩٢٣-١٩٧٣)و سەعید خەتاتو بارزانی مەلا خالیدو...هتد بوون(٧).

سەرەتا ئیستگە بەرنامەکانی بە مۆسیقای (**چەمی ریزان**)( ) و سروودی (**پێشمەرگەی بەهەڵمەتین**)( ) دەست پێکردووە و دەنگو باسو وتاری سیاسی بڵاوکردۆتەوەوبەسروودی (**ئەی رەقیب**)( ) یش کۆتایی هێناوە(٨). ئەم رادیۆیە لە رووی مەعنەویو زات وەبەرنان، کاریگەری زۆری لەسەر دەروونی خەڵکی کوردستان هەبووەو دۆستو لایەنگیرو ئەندامانی پارتی بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ هەڵخستووەو بە هەواڵو دەنگوباسی پێویستو دەرخستنی کارە نالەبارەکانی رژێم ورەی بەپێشمەرگە دەبەخشی. بە تایبەتی (نەبرە)ی دەنگی بێژەری وەك بارزانی مەلا خالید، زاتی وەبەر خەڵكو پێشمەرگە دەناو هەستی شۆڕشگێریو رێگای کوردایەتی لە دڵدا جێگیر دەکردنو خەڵکی رادەکێشایە ناو کۆڕی خەباتو شۆڕش.

ئێستگە لەسەر هەموو ئەو مەسەلەو بابەتانە دەدوا کە سەروساختیان بەدۆزی کوردو عێراقو ناوچەکەوە هەبوو، بە پێی پێویستو داخوازی کاتو سات روونی دەکردنەوەو بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی بەناوخۆو دەرەوە دەگەیاند.ئەوە جگە لەو بەیاننامەو راگەیاندنانەی شۆڕشو پارتی دیموکراتی کوردستانو کارو چالاکیو نەبەردییەکانی سوپای شۆڕشگێری کوردستانو دامو دەزگاکانی شۆڕشو کارو کردەوەو رووی ژیانی خەڵکی ژێر سایەی شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکاندا. ئەمە سەرەرای بابەتی ئەدەبیو هونەریو بایەخدان بە بواری پەروەردەو فێرکردنو تەندروستی(٩)، واتە وێرای کاری سەرەکی، ئەولایەنانەشی لە بیر نەکردبوو. ئێستگە بایەخی یەکجار زۆربوو، رۆڵێکی گەورەی لە پەروەردەکردنی سیاسییو رۆشنبیریی گەل هەبوو، بە بەردەوامی چالاکییەکانی پێشمەرگەو هەواڵی ناوەوەو دەرەوەی پەخش دەکرد(١٠). بێگومان زاخاودانی مێشكو هزری خەڵکی کوردستان، بەبنەما شۆڕشگێرییەکانو مشتومال کردنیان بە رزگاریو ئازادیو سەرفرازیو نەفرەت کردنو لەقاودانی سیاسەتی داگیرکەران بە تایبەتی رژێمی بەغداو دەرخستنی رەوایی کێشەی کورد، کارێکی گەورە بوو، بەڵام ئەرکێکی وا ئاسان نەبوو، چونکە وەك پێکهاتەی کوردستان، لە نەتەوەو توێژی جۆراوجۆری ئاینییو مەزهەبی، وای دەخواست، تا بکرێ هەموو ئەو نەتەوەو توێژانەش، ئەرکی راستەقینەی خۆیان بزانن، ئەوەبوو بە عەرەبیو بەکوردی (**هەردوو زاراوەی کرمانجی سەروو و خواروو**)، بە تورکمانیو ئاسووریش، بەرنامە پێشکەش دەکرا.

زێدەرۆیی نییە ئەگەر بڵێین رادیۆ بوونی شۆڕش بوو. خەڵکی کوردستان، لە مایکرۆفۆنی رادیۆوە، هەموو ئاواتو ئامانجیان هەست پێ دەکرد. لە سۆنگەی کاریگەری رادیۆوە هەمیشە داموو دەزگاکانی رژێم لە سەروسۆراخی دیتنەوەی شوێنی رادیۆدا بوون، بۆ ئەوەی پەلاماری بدەنو بتوانن دەنگی کپ بکەن. ئەوەتا هەموو ئەوانەی کە لە ئێستگەدا کاریان کردووە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە بەردەوام فرۆکەی دوژمن نەسرەوتوونو بەدرێژایی رۆژ بەسەر ناوچەکەدا سوڕاونەتەوەو داویانەتە بەر پەلاماری بۆمبای ناپاڵمو شەستیرو، نانی بەکارمەندانی تاڵ کردووەو بۆیە ناچاربوونە بەرۆژ هەمیشە خۆ بشارنەوە، تەنانەت زۆربەی شەویش بۆ بینینەوەی شوێنی رادیۆ، فرۆکە بۆمبی رۆشنکەرەوەی هاویشتووە. بۆیە شوێنی ئێستگە هەمیشە لە

گواستنەوەدا بووە. لە (**گردەڕەش**) ( )، بۆ (**سەردێمان**)( )، بۆ (**گۆڕی گاجوتان**) ( ) وپاشانیش بۆ (**بێخولاَن**) لەناوچەی چۆمان. هەمیشەش دەبوا شوێنێکی سەختو قاییمو لاڕێ بێت بۆ ئەوەی نەدیوبێو کەمتر خەڵك سەراسۆیی بکاتو بەشوێنی بزانن[11].

وادیارە دەسەلاَتدارانی بەغدا چاویان بەرایی نەهاتووە دان بەشکستی خۆیاندا بنێن لەئاست کپ کردنی دەنگی ئێستگە. بۆیە بالۆرەی ئەوەیان هۆنیوەتەوە گوایە ئێستگەکە لەسەرخاکی (**عێراق**) دا نییە ولەسەر خاکی ئێرانە. بەلاَم هەروەك ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی فەرەنسایی (**رینیەمورییس**) دەڵێت: "**بەڕاستی ئێستگەی دەنگی کوردستانی ئازاد لەسەر خاکی عێراقە لەناوچەی گەلاَلە، ئەگەرچی حکومەتی عێراقیش ئەوە دەزانێ، بەلاَم ئەوقسەی پێشووش هەر دەکات، چونکە ناوەناوە فرۆکە دەنێرێ پەلاماری بدات**[12]"، جگە لەوەش حکومەت بەسەدان وملیۆنان دۆلاری بۆکڕینی ئامێری پێشکەوتوو خەرج دەکرد بۆ ئەوەی تەشویش، کە ئاوازی گۆرانییەکی بیانی بوو بەناوی (**کیسمی هانی هانی**)[13]، بخاتە سەر ئێستگە.

لەو سەروبەندانەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەغدا کراوە ئیستگە وەستێنراوە، ڕۆژنامە لەژێر سایەی حکومەت لەبەغدا دەرچووە، ئەو ڕۆژنامەیە، بەردەوام ڕەخنەی لەسیاسەتی حکومەت گرتووەو بەرەنگاری بۆتەوە. هەر هەنگاوێکی ڕژێم بۆ داخستنی ڕۆژنامەکە، رادیۆ دەستی بەپەخشی بەرنامەکانی کردۆتەوە[14]. بۆیە حکومەت دەستەوەستان بوو[15]، تەنانەت لەهەموو ڕێککەوتننامەو گفتوگۆکاندا، داوای حکومەتی عێراق وەستانو دانەوەی ئێستگە بوو. لەرێککەوتننامەی یازدەی ئاداریش بەندی یازدەی، دانەوەی ئێستگەیە بەحکومەت. وەك دلّنیایی پارچەیەکی بچووکی دراوەتەوە[16]. بەکورتی ئێستگە بەچەند هەوارێکدا رابردووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەسالاَنی (١٩٦٣- ١٩٦٤و ١٩٦٥و ١٩٦٨)[17].

لێرەدا نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کەوەك چۆن بەگشتی بارزانی بایەخی بەراگەیاندن داوە بەهەموو بەشەکانییەوە، ئەوا بایەخیتایبەتیشی بەرادیۆو کارمەندانی داوە چ وەك ئاگاداربوون لەبەرنامەو پەخشی جۆری وتارو بابەتەکانی، چ وەك لایەنی حەوانەوەو گوزەرانی کارمەندانیو بەتەنگەوەهاتنی ژیانو بژێوی ڕۆژانەیان. تەنانەت خۆشی سەردانی دەکردنو لەحال وباریانی پێچاوەتەوە(١٨).

هەر سەبارەت بەبایەخدانو سەراسۆیی بارزانی بۆ راگەیاندنو ئێستگە، هەمیشە ئامۆژگاری دەکردن کەوا:

"**ئێمە دوژمنی هیچ گەلێك وهیچ حیزبێك نین وپێویستمان بەدۆستایەتی هەمووکەس هەیە،ئێمە ئەگەر حیزبی خۆمان لابەرێز بێ ئەبێ ڕێز لەحیزبو پارتی تریش بگرین،ئێوە کەلەسەر رادیۆ شت ئەنوسنو ئەی خوێننەوە ئەبێ ئەو شتانە بزانن، ئێمە هەر دوژمنی ئەو حکومەتەین کەلەبەغدا حوکم ئەکاو هەقی ئێمە نادا**"[19]( ).

لەمەدا وردیو بەئەزموونی بارزانی دەردەکەوێ، کە تا بکرێت دۆستو پاڵپشت بۆ کوردو شۆڕشەکەی پەیدا بکرێ، وەك گەلێکی بێ پشت چەندی پێویست بە دۆستی وهاوکاریو برایەتی خەڵکانی دیکە هەیە. تەنانەت یەکێك لەجارەکان لە وتارێکی ئێزگە هێرش کرابووە سەر ڕۆژنامەی (**پراڤدا**)یبەناوبانگی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بارزانی خۆی تەلەفۆنی بۆ دارا تۆفیقی بەرپرسی ئەوکاتەی راگەیاندن کردووە کە "**ئێوە چن ئاوا بەخراپی باسی پراڤدا بکەن**"[20].

رادیۆ توانیبووی ببێتە یەکێك لەکۆلّەگە بەهێزەکانی خەباتی سەردەمانەی کوردایەتیو

کۆڵەگەیەکی سەرەکی یەکخستنی ریزەکانی گەلی کوردو بەستنەوەی خەباتی شارو گوند بەیەکەوەو زۆر بەچاکی توانی بووی پەرە بەهۆشیاریی وبیرو رۆشنبیریی و زمان و هونەری کوردی بدات[٢١].

(٢)

## ئێستگەی (دەنگی کوردستان) و باری رۆشنبیری ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥)

ئێستگەی (دەنگی کوردستان) لەوهەوارەدا (١٩٧٤-١٩٧٥) لەسەرسێ شەپۆلی کورت (٣٠، ٤١، ٩٠) مەتری و سێ شەپۆلی ناوەندی (١٩٠، ٢٠٠، ٢٥٢)مەتری[٢٢]، لەدەستکردی (**عەبدولخالق مەعروف**)و یەك دەزگای شەپۆلی ناوەندی گەورەی (١٠) کیلۆ واتی بووە[٢٣]، لێرەدا جارێکی دیکە ئاماژە بە رۆڵی بێ وێنەی (**عەبدولخالق مەعروف**)ی تەکنیکاری ئێستگە دەکەین، هەروەك لەبەشی یەکەمیشدا ئاماژەمان پێکرد، لەبەردەوامی پەخشی ئێستگەی (**دەنگی کوردستان**) چەند ئێستگەیەکی ناوچەیی دروستکردووەو نیاز وابووە لە١/٥/١٩٧٥ لەچیای هەوری دابنرێ بۆ ئەوەی (**تەشویش**)کاری تێبکات و هەر بۆیە گۆڤاری (**دەنگی کوردستان**)، لەکورتە وتارێکی ناسکدا، بە(**جەنراڵی نەناسراو**) ناوی بردووەو وەك دەڵێت:

**"بەهۆی دڵسۆزی ئەندازیارانی کوردستانەوە دەتوانین بەشانازییەوە لەسەر دەزگاکانی ئێستگە بنووسین: Made in Kurdistan "**[٢٤].

مستەفا ساڵح کەریم بەرپرسی بەشی کوردی و کامەران قەرەداغی بەرپرسی بەشی عەرەبی و سەلاح عەلی عیرفان بەرپرسی بەشی ئینگلیزی بوونەو بەهاوکاری ژمارەیەکی زۆری ئەدیب و نووسەرو وەرگێڕو کارمەندی هونەری ئێستگەکەیان بەڕێوە بردووە[٢٥]. بەرنامەکانی یەك سەعات بەکوردی (**دیالێکتی کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو**) بوو، پاشان بوو بەسەعات ونیوێك وپاشتریش بوو بەدووسەعات، بە هەردووزمانی تورکمانی و ئاشووریش، رۆژێك نارۆژێك، بۆماوەی نیو سەعات، ئینگلیزییەکەشی هەموو رۆژێ نیو سەعات بوو، بەرنامەکان بەمجۆرە پێشکەش دەکران.

١- پۆستەی شۆڕش، رۆژی شەممە.

٢- وێنەیەك لەژیانی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمان، یەکشەممە.

٣- رۆشنبیری حیزبی، یەکشەممەو پێنج شەممە.

٤- ئەدەبو شۆڕش، دووشەممە

٥- پۆستی گوهدارا، سێ شەممە.

٦- گۆشەی لوری ، سێ شەممەو هەینی.

٧- بۆ هەر هێزە گوڵێك،هەینی.

دەمەتەقێی خوشکە (گەزیزە)، دووشەممە[٢٦] شان بەشان لەگەڵ شۆڕشدا رۆژانە تاماوەیەك بەردەوام بووە.

جگە لەمانەش، مەسەلەی کورد لەرۆژنامەکانی جیهاندا، چاوپێکەوتن، دەنگ وباس، لێدوانی سیاسی، ئاگاداری و بانگەواز، رێنمایی تەندروستی، رێنمایی سەربازی، گۆرانی و سروودو مۆسیقا پێشکێش دەکرا[٢٧] پۆستەی شۆڕش و لەگەڵ نامەی گوێگران، بەکوردی و عەرەبی وتورکمانی و ئاشووری هەبوو[٢٨].

لەبەرنامەی وێنەیەك لەشۆڕشی نەتەوەکەماندا باسی خەباتی بێوچانی کوردو شۆڕش و راپەڕینەکانی دەکرا[٢٩]. بێگومان بۆناساندنی مێژووی هاوچەرخی کوردو پەندو ئەزموون لێوەرگرتنی، ئەمە هەنگاوێکی ژیرانە بوو، هەروەها ئەوەشی دەگەیاند کە شۆڕشی ئیمڕۆی کورد درێژەکێشانی شۆڕش و راپەڕینە نەتەوەییەکانی پێش خۆیەتی.

رۆشنبیری حزبی، رێنوێنی بوو، بۆ کادیران و رێکخستن بۆ تێگەیاندنی ئەندام و پاڵیوراوانی پارتی

لەسەر چۆنیەتی پێشوازی لەخەڵك وڕێکخستنی تـازە بابــەتی گونجــاو لەگــەڵ ناوچــە ئازادکراوەکــان وڕێکخستنەوەی ئەو ئەندامانەی پـارتی کەهاتبوونـە ریــزی شــۆڕشو دابەشــکردنی کــار بەســەریانداو پتــەوکردنی پەیوەنــدی کاربەدەســتانی پــارتی بەفەرمانــدەو ســەربازیەکانەوەو بایەخــدان بەناوچــە رزگارکراوەکــان لــەرووی کۆمەڵایــەتیو ئــابووریو تەندروستیو خوێندەواریو ...هتد[٣٠].

لەو هەوارەدا، بۆ یەکەمجار، لە ئێـستگە بەشـێکی تایبــەتی بــۆ (تحقیقات) دامــەزراوەو پــەیامنێری تایبــەتی خــۆی هــەبووە، لەبــەرەکانی شــەڕ بــۆ ئامادەکردنی هەواڵو ریپۆرتاژ بـە بروسـکەو نامـەو تۆمار کردن لەسەر کاسێت کارەکانیان هەڵسوڕاندووە، گروپی ئێـستگە پێکهـاتووە لەوانـە: نـەژاد عـەزیز سـورمێ[٣١]، عـەبدولڕەحیم عـەبدولکـەریم بـادی[٣٢] محەمەد رەشید فەتاح [٣٣] و تاهیر ساڵح سـەعید[٣٤]و کەریم لهۆنیو فـەتاح کـاوە هەریەکـەو لەناوچـەیەك بوونو سەرەڕای بەرنامەی ناوەندی لەچۆمانەوە، لـە ناوچـەی هەڵەبجـە ومـەحمود قەجـەری خانـەقینیش ئێستگەی ناوچەییان بۆ دانراوە، تەنانەت ئێستگەیەك بۆ بادینانیش نـاردراوە کـە هێشـتا بـەڕێگاوە بـووە نسـکۆی بەسـەردا هــاتووە، لەناوەنـدیش چـەندین ئێستگەی دیکە ئامادەی پـەخش هـەبووە. هەرچـی دەنگو باس بوو لەلایەن لقێکی چـالاکی ئەنسـاتەوە ئامادە دەکرا، (٣٢) کادیر بۆ ئامـادەکردنی کاریـان دەکردو زانیارییەکانیان لەئێستگە گەورەکانی جیهانو وەردەگرت هەرچی لەبارەی کوردستانو عێراقەوە بوایە رۆژانە بڵاویان دەکردەوە [٣٥] ، جگە لەمـە، پشـتیان بەوگۆڤارو رۆژنامە بیانیانەش دەبەست کەبابەتەکانیان سەروکاری بەکوردو شۆڕشەوە هەبوایە، بەتایبەتی ئەو رۆژنامەوانانەی بۆ کوردستان دەهاتو بەچاوی خۆیان رووداوەکانیـــــان دەدی، پاشـــــان وتارەکانیـــــان لەرۆژنامەکانی وڵاتەکانی خۆیاندا بڵاودەکردەوە[٣٦].

هــاتنی ئەوانـە زۆر لایـەنمان بـۆ روون دەکاتـەوە، لەلایەك شۆڕش توانیویەتی لەهەندەران بەشـێوەیەکی وا رەنگ بداتەوە جیهان پێی ئاگـاداربن، لەلایـەکی دیکەشــەوە ئــەوەی پیشــان دەدا ئەگەرچـی شــۆڕش لەلایەن هەموو هێزە دەسـەڵاتدارە یەکلاکـەرەوەکانی جیهانەوە پشتی تێکرابوو، بەڵام لەلایەن رۆشـنبیرانو نوسـەرانو زانایـانی جیهانـەوە، نـەك هـەر تـەنیا پشتگیری لێ دەکرا، بەڵکو شێلگیرانەش هـەوڵی بـۆ دەدرا، لەلایەن ئەوهێزانەوە چارەیەکی دادپەروەرانـەی بـــۆ بدۆزرێتەوە،ئەمـــــەش هیـــوای جـــەماوەری دەگەشاندەوەو لەخنکانی بێ پشتییدا رزگاری دەکرد. بـۆ نموونـە ، لـە ١/٤/ ١٩٧٤ تـا ١٩٧٤/٥/٣١ لەماوەی دوو مانگدا، واتـە تـەنیا ئـەو رۆژنامانـەی بەزمانی ئەڵمانی دەردەچوونو دەستی ئەم دەزگایـەیان پێ گەیشتووە، (١٥١) وتارو هەواڵ بوو، کەئێسـتگە وا باسـیان دەکــات، لەســەر مەســەلەی کــوردو هەڵگیرســانەوەی شــەڕ لەکوردســتاندا، هــەموویان بەتێکڕایی زۆر بەباشی و دۆستانە لەسەر مەسـەلەی کوردیان نووسیووەو داوایـان لـە رای گشـتی جیهـان کــردووە، دەنگــی نــاڕەزایی خۆیــان دژی هێرشــی حکومەتی بەعسی بەغدا بـۆ سـەر کوردسـتان بـەرز بکەنەوەو پشتیوانی گەلی کورد بکەن. ناوی سـێزدە لــەو رۆژنامانەشــی بڵاوکردۆتــەوە[٣٧]. هــەروەك رۆژنامەکانی بـەریتانیا وفەرەنسـاش زۆریـان لـەباری کــوردەوە نووســیووە. بــۆ نموونــە رۆژنامـــەی (Lemonde) یفەرەنســایی لــە ٢٧ ی مــانگی ئـادارداوتـارێکی بڵاوکردۆتـەوە پـەردە لـەرووی سیاسەتی بەعس هەڵدەداتەوە، وەك جێبەجێنـەکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی (١١)ی ئادارو پلانەکانی کوشتنی بارزانیو بۆمبابارانکردنی شـاری (شـنگال)

بەمەبەستی بەعەرەبکردنی و دەربەدەرکردنی ٣٠سی هەزار کوردی دیکە لە ناوچەی موسڵ. بەهەمان شێوە رۆژنامەی (Financial Times)ی ئینگلیزی و (Middle East)ی ئینگلیزی پەردەیان لەسەر گەلێ سیاسەتی بەعس هەڵداوەتەوە، بەتایبەتی ئەوەیان، کەحکومەتی بەعس خاڵە بنەرەتییەکانی رێککەوتننامەی١١ی ئاداری پشت گوێ خستووە[٣٨].

کۆبوونەوەی زۆربەی هەرە زۆری رۆشنبیرانو نووسەرانو شاعیران لەدەوری شۆڕش لە لایەکو نەبوونی رۆژنامەیەکی رۆژانە لەلایەکی دیکەوە، کارێکی وای کرد کە گۆشەی ئەدەبو شۆڕش یەکێك لەگۆشە سەرکەوتووەکانی بەرنامەی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق پێك بهێنێ،چونکە رۆشنبیران لەرێگای ئێستگەوە هەستو نەستی خۆیان بەرانبەر بەشۆڕشو بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی کوردستان دەردەبڕیو چالاکی ئەدەبیان دەنواند، تا رادەیەك جۆرە ئەدەبێك هاتەکایەوە کەبتوانرێ ناوی لێ بنرێت ئەدەبی شۆڕش[٣٩]. رادەی سەرکەوتوویی ئەم بەرنامەیە لەوە دەردەکەوێت لەهەموو بەرنامەکانی دیکە زیاتر جەماوەری هەبوو، بەتایبەتیش لەنێو توێژی لاوە نووسەرو رۆشنبیرەکاندا[٤٠]. بۆ نموونە وەك لەسێدارەدانی کچە قوتابی زانکۆ (لەیلا قاسم)و هاورێکانی لە١ی ئایاری ١٩٧٤ لەلایەن کاربەدەستانی بەغداوە بەناوی (تەخریب)کردن، وەك هێمای خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەوساڵو بەتایبەتیش ئافرەتی رۆشنبیری کورد[٤١].

جگە لەمانەش، (ئەمانەت) دوو زنجیرە گۆڤاری دەرکرد، یەکیان بەکوردی و ئەوی دیکەیان بەعەرەبی، کە بریکاری ئەمانەتی گشتی خۆی[12] بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرپەرشتی کردووەو خامەی جۆراوجۆر لەپارێزگا جیاجیاکانەوە بەشداریان لەگەڵیدا کردووە[٤٢]. بابەتەکانی ئەم گۆڤارانەی لە وتارەکانی ئێستگە هەڵدەبژێردران کەیەکەمجار عەرەبییەکەی بەناوی (هنا صوت كردستان العراق)(13) بڵاو کراوەتەوە، بۆ نموونە لەژمارە (١)دا نامەی قوتابییەکی بڵاوکردۆتەوە، کەبەناوی (کاوە) بۆ باوکی پێشمەرگەی ناردووە، تێیدا داوا دەکات لەخەباتی شۆڕشگێڕانە بەرامبەر بەگەلەکەی دوانەکەوێ پاش ئەوەی باوکو براکانی هەموو چوونەتە ریزی شۆڕش، بەتەنیا ئەو، لەسەر قسەی باوکی، لەشار ماوەتەوە. ئەمە لەبەرنامەی رۆژی ١٩٧٤/٤/٥ لەئێستگەی دەنگی کوردستان بڵاوکراوەتەوە[٤٣]، پاشان کوردییەکەی بەناوی (دەنگی کوردستان)[14] بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارێکی سیاسیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتی بووەو لە پتر لە (٢٤٥) لاپەڕەدا دەرچووە، تێرو تەسەلو دەوڵەمەندو سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە[٤٤]، پێرستی گۆڤارەکە بەوتارێکی دارا تۆفیق وەك سەروتار دەست پێدەکات، پاشان (وتاری سەرۆك بارزانی بەبۆنەی کردنەوەی ئێستگەی "دەنگی کوردستان"ەوە) دێت، کە تێیدا دەڵێت:

"گەلی عیراقی خۆشەویست ، گەلی کوردی ئازاو نەبەز

خۆشکەکانم، براکانم..

چەندم پێ خۆش بوو کە ئێستا دەگەڵ ئێوەدا داخێوم و ولاتە خۆشەویستەکەمان ئالای هێمنایەتیو خاترجەمی بەسەردا بشەکایەوەو یەکیەتی نیشتمانیو خۆشیو کامەرانی بۆ هەموو خەڵکی عیراق لەئارادابوایەو ئەو ئاواتە دێرینەمان پێك بهاتایە کە چەندەها ساڵە خەباتی بۆ دەکەین و بەهەزاران پیرو لاومان لەو پێناوەدا سەری داناوەو ئاسایشی خۆیو ئارامی دوارۆژی لەرێی ئازادیو بەختەوەری گەلی عیراقو مافی گەلی کوردی بەش خوراو بەخت کردوە، بەڵام زۆر بەداخەوە دەڵێم کە ئەمرۆ ئەو ئاشتیو خۆشیو ئازادییە کە دەمانەوێ دەس ناکەوێو

**مەترسیو هەڕەشەی شەڕخوازیو ئاژاوه نانەوه دووباره ئاسۆی نیشتمانەکەمانی داگرتوه"** [15].

لەگەڵ چەندین تەوەری جیاجیای دەربڕی واقیعی هەلومەرجی ئەو رۆژەی کوردستانو شۆڕشەکەی بوون: لێکۆڵینەوەی سیاسیکانی ئێستگە، وتاری ئێستگە، مەسەلەی کوردی و ڕای گشتی



**بارزان مەلا خالید**
ئەو دەنگەی لەپێناوی شۆڕشی ئەیلوولدا نووسانی نەبوو

جیهان، ئەدەبو شۆڕش، هەڵبژاردە. ئەمە وێرای چەندین هەواڵو وێنە.

ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیریو راگەیاندنو لاوان لەپاڵ کاروبارەکانی ئێستگەدا گەلێ چالاکی دیکەی رۆشنبیریو لاوانی هەبوو، کە لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتییو بەشەکانییەوە ئەنجامی دەدا، بەم شێوە بوو:

١-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی راگەیاندن: فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەی بردووەو چەند کارێکی لەئەستۆ بووە، وەك لیژنەی رۆشنبیریی کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بۆ دەرکردنی گۆڤاری **(کادر)** و رۆژنامەی **(خەبات)** پێك هاتبوو، سەرەرای بەرپرسیارییەتی نووسین لەئێستگەی **(دەنگی کوردستان)**[٤٥]. **(کادر)** ، گۆڤارێکی تیۆری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەژماره (٢١)وە تا ژماره (٢٥)ی لەو ماوەیەدا لێ دەرچوو[16]. وێڕای بابەتی تیۆری و سیاسیی، وتاری مێژوویيو راپۆرتی سیاسییو هەواڵو بابەتی رێنوونیو.. هتد بلاّودەکردەوه. نموونەی هەندێ لەوبابەتانەی ئەم گۆڤاره بلاّوی کردوونەتەوه ئەمانەن:

**(چەند راستییەکی مێژووی لەبارەی حزبی بەعسەوه)**[٤٦]، **(بەعس و رێڕەوی چوار ساڵەی جێ بەجێ کردنی حوکمی زاتی)**[٤٧]. هەروەها وتاری **"پێویسته زاڵبین بەسەر چەمكو شێوازه چەوتەکان"** تێیدا رێنوێنییەکانی خۆی ئاراستەی کادیرو بەرپرسی حزبی دەکا. بۆ لێکۆڵینەوه لەکێشەو گرفتەکانی گەلو شۆڕشو پێداویستییەکانی رۆژانەیان بە رێنونی پرنسیپەکانی تێڕوانینی پارتیو کاروبارەکان بەجۆرێ کە لەگەڵ کێشەکان هاوئاهەنگو رێکبێتەوه بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ نەهێشتنی هەڵەو راستکردنەوەی هەڵسوکەوتمان لەخەباتی شۆڕشگێرانەدا[٤٨]. هەروا وتاری **"بەرەو یەکێتیی و هاوکارییەکی راستەقینەی هێزەکانی شۆڕش"**.. ئەوەشیان پێشمەرگەی فێری پابەندبوون بە دیسپلینەکانی شۆڕش دەکات، تا بەسنگێکی فراوانەوه پێشوازی لەرەخنە بکەن بەمەبەستی چاککردنی ئیشوکاری پارتو شۆڕشو باتوونیش بن[٤٩].

ئەمانە لەپاڵ گەلێ وتاری دیکەی لەوچەشنە، کە کەم تا زۆرێك، نەخشیان لەپەروەردەکردنی کادیرانـدا هەبووه، بۆ ئەوەی بتوانن بە وریاییەوه هەڵسوکەوت لەگەڵ هەلومەرجەکاندا بکەن.

رۆژنامەی **(خەبات)** یش، وەك زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، رۆڵی خۆی لەبلاّو کردنەوەی وتارو بەیاننامەو راگەیاندنەکانی پارتیو هەواڵو چالاکییەکانی پێشمەرگەو روونکردنەوەی هەڵوێستی پارتی لەمەڕ پێشهاتەکان وهەرچی پێوەندی بەدۆزی کوردەوه هەیە، بینیووه. دوا ژمارەی **(خەبات)**[17] بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بلاّوکردۆتەوه کە سەبارەت بە دوا کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی پارتی ، بەتێرو تەسەلی لەمەسەلەی سەربازیو سیاسیی ورێکخستن دواوه.

له بواری سەربازی جەخت لەسەر شەڕی تۆپو مەفرەزەو مین کراوە. هەر ئەو ژمارەیە چالاکییەکانی پارتی‌و ڕێکخراوەکانی دەرەوەو ئەو چاپکراوانەی لەو ماوەیە دەرچوون، لەگەڵ هەواڵی ناوخۆ بڵاوکردۆتەوە، تیشکی خستۆتە سەر بەعەرەبکردنی تازەو ئەو هەنگاوانەی لەساڵی ١٩٧٤ لە ناوچەکانی کەرکووك‌و خانەقین‌و شنگال و زمارو مەندەلی‌و مەخمور کراوە. ڕەخنەی لەو بڕیارەی **(ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق)** گرتووە ، سەبارەت بەبەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ هەرعەرەبێك داوای بکات ، هەروەها ڕەخنەشی لە هەنگاوی دکتاتۆریانەی بەعس، لەدەرکردنی یاسای حزبی سەرکردە گرتووە، کە ئەوە چەند زیان لەبرایەتی کوردو عەرەب دەدات.

**(خەبات)** نامەیەکی گازاندەی مەکتەبی سیاسی بۆ پارتی کۆنگرەی هیندی ناردووە سەبارەت بە فرۆشتنی چەك‌و جبەخانەیەکی زۆر بۆ عێراق کە ئەوە دژی بیروباوەڕی غاندی‌و نەهرۆیە. هەروەها هەڵوێستی حکومەتی دانیمارك لەشۆڕشی کوردستان‌و هەولدان بۆیارمەتیدانی بڵاوکراوەتەوە[٥٠].

کاتێك کە خاچی سووری دەوڵەتان هەواڵەکانی کوردستانیان بیستبوو نوێنەریان چوو بوو بۆ بەغدا لەوێ وایان پیشاندابوو ئەوەی لەکوردستان دەگوزەرێ زۆر لەوەکەمترە بێن سەردانی بکەن، بەلام کاتێك بەرێگایەکی دیکە خۆ دەگەیێننە کوردستان، ئەوا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن، ڕاپۆرتێکی سی و چوار لاپەڕەیی بەناوی **(لەبارەی هەلومەرجی کوردستانی عێراقەوە)** بۆ ئامادەکردن و بڵاویش کرایەوە، زۆربەی بەسەرهاتەکانی کوردستانی (لەمارتەوە تا تەمووزی ساڵی ١٩٧٤)ی تێدا تۆمار کرابوو[٥١]. هەروەك پێشتریش ڕاپۆرتێکی تایبەتی (٢٣) لاپەڕەی بەناوی **(قەڵادزە ڕۆژی ماتەمی نەتەوەیی‌و نیشتمانی گەلی کوردستان)** بڵاوکردبۆوە، کەزۆرلایەنی ئەوکارەساتەی تێدا تۆمار کراوە[٥٢].

خولی سێیەمی **(دەنگی پێشمەرگە)** ژمارە (٢٥)ی لەمارت و ژمارە (٢٦)ی لەگولان(مایس) ١٩٧٤ و ژمارە (٢٧)ی لەحوزەیران‌و ژمارە(٢٨)یش، کە دوا ژمارەیە، لە ڕەزبەری (ئابی)١٩٧٤ دەرچووەو لەگەڵ پاشبەندێکی ئەدەبی کە لەحوزەیرانی ١٩٧٤ دەرچووە، ئەم گۆڤارە بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی سەر بەئەمانەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن ولاوان دەری کردووە [٥٣]، گۆڤارەکە ڕێك‌و پێك‌و کوردییەکی ڕەوان‌و ڕێنووسێکی یەکگرتوو و هەڵەی چاپی یەکجار کەم بووەو چاپێکی جوانی هەبووە[٥٤].

لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە زانیاری سەرەتایی سەربازی وناساندنی چەکە کوشندەکانی بەعس‌و چۆنیەتی خۆ لێ پاراستنیان، وهەندێ بابەتی هزری‌و ئەدەبی وەك شیعرو چیرۆك پەخشان تێدا بلاو کراوەتەوە[٥٥]، بەلام بەجۆرێك کە دەنگی پێشمەرگە بێت. بۆ وێنە ئەم پارچە پەخشانە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ناوو مەبەستی گۆڤارەکە یەك دەگرێتەوە کە لە یەکێ لەپەڕەکانیدا بڵاوی کردۆتەوە:

کەرکوکەکەم... بەڵێن بێت!

**هەتا پۆستاڵی داگیرکەر پێ لەسەر خۆڵە پیرۆزەکەت هەڵنەگرێ، هەتا جاشە تازەکان شاربەدەری دونیاو قیامەت نەکەین، هەتا گۆڕی شەهیدانی کوردت بەگوڵ دانەپۆشین دەشت‌و کێو بەرنەدەم دەست لەچەك هەڵنەگرم کەرکوکەکەم..."**[٥٦].

**٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی**

تەلعەت نادرو کاکە مەم بۆتانی بەڕێوەیان دەبرد، بەشێکی دیکەی ئەمانەتەکە بوو، بایەخی بەلایەنی ڕۆشنبیریی‌و هونەری دەداو زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی کوردستان وتیپەکانی مۆسیقاو شانۆ لە ناو ئەم بەڕێوەبەرایەتییەدا بوون. پێشانگای

هونەری گەورەو ئاهەنگی گۆرانیو مۆسیقاو شانۆی لەحاجی ئۆمەرانو ئۆردوگاکانی پەنابەرانی کورد لەئێران رێکدەخست- هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بەسەرنجی بینایان کرد لەو پیشانگایەی کە رێکیان خستبوو. هەروەها ساڵنامەیەکییشی بەناوی (**ساڵنامەی شۆڕشی کوردستانی عێراق**) دەرکرد[٥٧]، کە بەراستی ساڵنامەیەکی ناوازەو وێنەکانی ئەو تابلۆیانە بوون خەباتو قوربانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو شۆڕشی کوردستانیان دەگێڕایەوە[٥٨].

**٣- بەرێوبەرایەتی گشتیی لاوان**

فەرهاد عەونی بەرێوەی بردووەو سێ بەش بووە:

**أ-بەرێوەبەرایەتی وەرزش**

**ب- بەرێوەبەرایەتی هونەرەکان**

**ج- بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری**

ئەم بەرێوەبەرایەتییەش گەلێ چالاکی بەرچاوی نواندووە، گەلێك نەخشەی گرنگی بۆ خۆی دیاری کردووەو کەوتە جێبەجێکردنیان[٥٩] نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم چالاکیانە، بەرێوەبەرایەتی وەرزش بایەخێکی زۆری بەوەرزش داوەو ژمارەیەکی زۆری یاریزانە ناودارەکانی کوردستانی لەخۆ کۆکردبۆوە ورێکی خستبوونو چەند تیپێکی وەرزشی پێك هێنابوو[٦٠] لەوانە تیپی تۆپی پێ کە توانی لەو بارودۆخەدا لەهەرسێ تیپی هەڵبژاردەی ورمێو مەهابادو ئازەربایجانی رۆژئاوا بباتەوە، تەنانەت بیری ئەوەش هەبووە پتر مەشق بکەنو بۆیاری کردن بنێردرێنە دەرەوە[٦١]. جگە لەمە ئەم بەرێوەبەرایەتییە بایەخی بەجۆرەکانی دیکەی یاریش داوە وەك شەترەنج وبینگ پونگ[٦٢]. گرنگی ئەم کارانە لەوەدایە بۆ کاربەدەستانی بەغدای دەسەلماند کە ئەو هەمووو توانا جەنگی کاولکارییەی بەکاری هێناوە نەیتوانیوە شیرازەی شارستانی لەکوردستاندا بپچڕێنێو ژیان بەهەموو وردەکارییەکانییەوە لەژێر سایەی شۆڕشدا، هەر بەردەوامە، ئەمەش بەڵگەی زیندوویی میللەتەکەیە. لەئاخرو ئۆخری شوباتی ١٩٧٥یشدا بەرێوەبەرایەتی هونەرەکان پیشانگایەکی کردەوە[٦٣].

هەرچی بەرێوەبەرایەتی لاوانیش بوو،توانی دوو ژمارەی گۆڤاری (**دیاری لاوان**) دەربکاتو ژماری سێیەمیش ئامادەکراوە بەڵام نسکۆی بەسەرداهاتووە، ئەمەش بەهەوڵو کۆششی جەمیل رەنجبەر (١٩٤٨-١٩٨١)وفەرهاد عەونی دەرکراوە[٦٤].

جگە لەو بەرێوەبەرایەتیانەی باسمان کردن، ئەمانەتی رۆشنبیریو راگەیاندنو لاوان،چەند بەشی دیکەشی هەبووە، لەوانە نووسینگەی پەیوەندییە دەرەکییەکان، تایبەت بوو بەو رۆژنامەوانە بیانیانەی سەردانی کوردستانیان دەکرد[٦٥]، بۆ ئەوەی، لەکاتی مانەوەیان لەکوردستان، یاوەریان بکرێ و وەرگێڕیان بەگەل بخرێ، تابتوانن کارەکانیان بەچاکی ئەنجام بدەن، لەئامادەکردنی راپۆرتو بابەتی رۆژنامەوانی بۆ دەزگاکانیان، بێگومان ئەمانە خزمەتی زۆریان بەشۆڕشی کورستانو دۆزی کورد کردووە.

بڵاوکراوەکانی شۆڕش هەر تەنیا ئەمانە نین کەناومان بردن، بەڵکو چەندین رۆژنامەو گۆڤاری دیکەش لەماوەی ئەوساڵەدا دەرچوون ، کە هەیانە تایبەتی نەبووە بەپارتی دیموکراتی کوردستان، وەك رۆژنامەی (**رێگای کوردستان**)ی ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق (**قیادەی مەرکەزی**) [٦٦]، هەرچەندە لەرووی ژمارەوە کەم بوون، بەڵام چالاك بوونو شەری دژی حکومەتی عێراقیان دەکردو لەشارەکانشدا چالاکیان هەبووە[٦٧].

کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەنووسەرانی کورد لەریزەکانی شۆڕشدا، بووە هۆی بەگەڕ خستنەوەی چالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردیش لەدوای کۆبوونەوەی رۆژی ١٩٧٤/٤/١٨ لە(**قصر السلام**)[18]

ئەندامەكانی یەكێتی بە سەرۆكایەتی سالّح یوسفی كۆبوونەوەو بڕیاریان لەسەر چەند خالێكدا، وەك هەلّبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری مەركەزی كە یازدە ئەندام بوونو. توانرا ژمارەیەكی گۆڤاری (**نووسەری كورد**)یش دەربكەنەوە كەژمارە (١٢) بوو (٦٨)(19).

هەندێ لەو وتارو چیرۆكانەی بلاوكرابوونەوە، گۆیەندیان نایەوە" وتارێكی سەعید ناكام بوو بەناوی (**رقی پێویستو پیرۆز**) تێیدا شۆرشی بەشەری كوردوعەرەب دانابوو، داواشی كردبوو رۆشنبیران.خەلّك بەوگیانە پەروەردە بكەن، ئەمەش پێچەوانەی بیروبۆچوونی سەركردایەتی شۆرشو پارتی بوو(٦٩) مەكتەبی سیاسیی بەنووسراوی ژمارە (٦٤)ی رۆژی ١٩٧٥/٢/٤ رەخنەیان لەو وتارەی سەعید ناكام و چیرۆكێكی رەئووف بێگەرد گرتووە، چونكە چیرۆكەكە رەخنەی لەكادیرە حزبییەكانو هەندێ دیاردەی دزێو دەگرت، بەلام یەكێتی نووسەرانی كورد- بارەگای گشتی- بەنووسراوی ژمارە ٧٩ لە ١٩٧٥/٢/٢٥ وەلامی داوەتەوە(٧٠).

بایەخ دان بەئەدەب لەهاتنە ریزی ئەو هەموو نووسەرو ئەدیبانە دەردەكەوێ، كە بەرهەمەكانیان لە گۆڤارو بلاوكراوەكان بلاو دەكردەوە، تێیدا رۆلّی گەورەی پێشمەرگەیان لەخەباتو قوربانیدان دەردەخست، بۆنموونە (**دەنگی پێشمەرگە**) لەسەروتارێكدا بەناوی (**ئەركی رۆشنبیرو ئەدیبانمان**) دەلێت:

**"هاتنی ژمارەیەكی زۆری رۆشنبیرو ئەدیبانمان بۆ ناو ریزەكانی شۆرش بەشێكە لە بەجێهێنانی ئەو ئەركە.. بەوەی تەواوی ئەو برایانە هەلّوێستی مەبدەئی خۆیان بەرامبەر مەسەلەی گەلەكەیانو شۆرشەكەی دیار كردو هەر لەو پێودانگەوە ئەو هەلّوێستەیان گرتوە كە بتوانن سەراپای ئەركو پێداویستیەكانی سەر شانیان لەمەودای شۆرشی گەلەكەیاندا بەجێ بێنن"**(٧١).

(**خەباتی لاوان**)یش وەك ئۆرگانی یەكێتی لاوانی كوردستانو (**دەنگی مامۆستا**)ش لەلایەن یەكێتی مامۆستایانی كوردستانەوە، دەركراوە، ئۆردوگای شەهید لەیلاش بلاوكراوەی (**شەهید لەیلا**)ی دەركردووە(٧٢). گۆڤارێكیش بەناوی (**دەنگی قوتابیان**) وەك دەنگی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، بەهەولّو كۆششی جەمیل رەنجبەرو جاسم ئەلیاسو نەوزاد رەفعەتو عەباس محەمەد حوسێن (**حاجی مەمۆ**) دەرچووە(٧٣).


زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
كۆلێژی ئەدەبیات
بەشی مێژوو

**كاریگەریی شۆرشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی رۆژنامەوانیی كوردی لەكوردستانی خوارووودا**
**١٩٦١-١٩٧٥**

ئەم نامەیە پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر كراوە وەك بەشێك لە پێویستییەكانی پلەی ماستەر لەمێژووی نوێو هاوچەرخ

لەلایەن
**ئازاد عوبێد سالّح**

بەسەرپەرشتی
**د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس**

٢٧٠٢ كوردی | ١٤٢٣ كۆچی | ٢٠٠٣ زایینی

یەكێ لەكارە دیارەكان، دامەزراندنی رێكخراوی مانگی سووری كوردستان بوو بەدەسپێشخەری پزیشكەكانو، هەندێ كەسایەتی رۆشنبیری كە دروشم وپەیرەو و بەلّگەنامەكانیان بەئینگلیزی بۆ نووسیبوو. بێگومان پزیشكەكان نەخشیان لەروونكردنەوەی ئازارو مەینەتییەكانی خەلّكی مەدەنی كەم نەبوو، بەبۆردوومانو كاولكاری كە دووچاری ببوون، بەگشتی جێبەجێكردنیان، بۆ رۆژنامەوانانی بیانی، بە پێشكەشكردنی خزمەتی گەورەو پیرۆز بە گەلەكەیان وكاركردن بەگیانی لەخۆ بوردەیی دیار بوو (٧٤).

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بكرێت شۆرش پوولی پۆستەشی دەر كردبوو، هەرچەندە سادەش بوو، لەسەركاغەزێكی سپی ئاسایی بوو وەك مۆر وابوو، لەسەری نووسرابوو (**پۆستەی كوردستان**) كەنامەی لەنێوان ناوچە ئازادكراوەكانو ئۆردوگاكانی پێ رەوانە دەكرا، ئەمەش وێرای داهاتە سادەكەی ، مانای تایبەتی خۆی هەیە٠٠!. وەك فەلەكەدین كاكەیی

دەڵێت: ئەوساڵە ((**ساڵی بێ دایك و باوك- عام الیتیم**)) ساڵێکی زوڵم لێکراوە، چونکە هەرچەندە کارو دەستکەوتی گەورەی تێدا ئەنجام دراوە، کەچی هەمووی پێ لەسەر نسکۆی ئادار ١٩٧٥ و دواتر دادەگرن[٧٥]. لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدوا کۆبوونەوەی رۆژی ٢٩ لەسەر ١٩٧٤/١٢/٣١ بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانی داوە کە بریتی دەبێ لە ٨٠ ئەندامو لەو ژمارەیەدا دووانیان بۆ قیادەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی عیراق دانرابوو[٧٦].

بەگشتی زۆرکاریدیکەش کراوە، جگە لەمانە، رۆڵی رۆژنامەو گۆڤارو هۆیەکانی دیکەی راگەیاندنی دەرەوە بەتایبەتیش وڵاتانی ئەورووپا بەشێوەیەکی فراوان کەوتنە باسو لێدوان لەدۆزی کوردو ئەوشەڕە سەختەی بەعس بەسەر کوردیدا سەپاندبوو. ئەوەتا (دەنگی کوردستان) دۆسییەکی تێروتەسەلی لەبابەت **"مەسەلەی کوردو رای گشتی جیهان"**[٧٧]، ئامادەکردووە، کەپێشتر رۆژانە لە ئیستگەی (**دەنگی کوردستان**) بڵاوکراونەتەوەو تێیدا قەوارەی دەنگدانەوەی شۆڕشی کوردستانو دۆزی کورد لەنێو کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا، دەردەخات. ئەوەتا (**دەنگی کوردستان**) لەپەراوێزێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە (لە ٤/١/ ١٩٧٤ وەتا ١٩٧٤/٥/٣١، واتە لەماوەی تەنیا دوومانگدا (١٥١) وتارو هەواڵیان بەدەست گەیشتووە، لەسەر رووداوەکانی کوردستان بەئەڵمانی بڵاوکراونەتەوە[٧٨] بەڵام بەلەناوچوونی سەرچاوەو بەڵگەنامەکان کاری توێژەریان ئاڵۆزتر کردووە.

## سەرچاوە و پەراوێز:

(**1**) سەبارەت بە رادیۆ، ئاخۆ رۆژنامەیە یان نا، زۆر سەرچاوە بە (رۆژنامەی قسەکەر-الصحافة المتكلمة) یان رۆژنامەی (بیستراو)ی داناوە، هەروەك چۆن رۆژنامەی (نووسراو وبینراو) هەیە .

بۆ زانیاریی پتر بڕوانە:

- امیل بوافان، ت: محمد اسماعیل ومراجعة د. محمد نجیب ابو اللیل، الاسکندریة، ص١٥٥-١٥٧.
- ادیب مروه، الصحافة العربیة نشأتها و تطورها ، بیروت ١٩٦١، ص٢٧.
- عزیز السید جاسم، مبادیء الصحافة في عالم المتغیرات، بغداد ١٩٨٥،ل١٧٢-١٨٤.
- نەژاد عەزیز سورمێ، رۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرە قەڵەمێك لەبارەی تەکنیكو هونەرەکانی، ١٩٩٩، ل٢٢٦-٢٢٨.

هەروەها بڕوانە:

هەردوو یاسای، سەندیکای رۆژنامەوانانی عێراق ژمارە (١٧٨ی ساڵی ١٩٦٩)و سەندیکای رۆژنامەوانانی میسری ژمارە (٧٦ی ساڵی ١٩٧٠)، لە کتێبەکەی (عزیز السید جاسم).

(١) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆڕشو بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی دەروون، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٤١.

(**2**) سەبارەت بەو مێژووە جیاوازی هەیە: تا ئێستاکە رادیۆکە رۆژی (٢٨-٩) بە رۆژی دامەزراندنی داناوەو یادی دەکاتەوە، بڕوانە: برایەتی ژ ٢٤٢٦لە ١٩٩٧/٩/٢٨و ٣٤٩٨لە ٢٠٠١/٨/٢٧)، هەرچی (بارزانی مەلا خالید)ە رۆژی (١٩٦٣/٩/٢٩)ی داناوە، ئەویش بەپێی فاکسێکی ئەحمەد دەشتی، بڕوانە: چاپەمەنییەکانی پارتیو ئیستگەی دەنگی کوردستان، (دەستنووس لای نووسەرەکەیەتی). (جێی سەرنجە لەو (خەبات)ەی = ژ (٤٧٠ ایلول ١٩٦٣) کە مومتاز حەیدەری پەیدای کردووەو من لەرێگەی عەبدوڵڵا زەنگەنە وەرم گرت دەڵێت: (فی العشرین من اب الجاری) ئەو ژمارەیەش مانگی ئەیلوولی لەسەرە، ئەوە مانای وا نییە کە مەبەستی ئەیلوول بێ نەوەك ئاب..!) خەبات ٤٧٠ ایلول ١٩٦٣. جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێین کە مستەفا رابەریش ئاماژەی بە(ئابی ١٩٦٣ ئەشکەوتە ڕەش) و(١٩٦٤ بێتوش) سەر چیای ماوەتو(گردی گاجۆتان) لەسەر وەڵاش لەنێوان سەکری سەکرانو گەڵالەو پاش دوو مانگیش بۆ گوندی رەش دوور- (ئەشکەوتی گاڤانان) کردووە، کە رۆژانە کاتژمێر (٧) ئێوارەو (٧) بەیانی بۆ ماوەی کاتژمێرونیوێك بەرنامەکانی بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٦٨یش لە (شینانەوە) بووە. (زانیاری کۆکراوەی شوان دزەیی)

(3) ماوەت سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

(٢) خەبات، العدد ٤٧٠ ایلول ١٩٦٣، (دەنگی کوردستان-في خدمة الشعب و الثورة) ص١. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، متی أنشئت مطبعة (خەبات) في ثورة ایلول ومتی افتتحت اذاعة (صوت کوردستان)، ت:جوهر غمگین، (دەستنووس لای نووسەرەکەیەتی).

(٣) هـ.س

(٤) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوە ...ل ١٤١-١٤٦. دەستنووسەکەی بارزانی مەلا خالید فاکسی ئەحمەد دەشتی لە ٢٠٠١/١١/٢٩ بۆ بارزانی مەلا خالید.

(4) عەبدولخالیق مەعروف لە ١٩٣٥/١/١ لەکەندیناوەی هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی ئاپینی تەواو کردووە بۆتە ئیمام تابور لەسوپای عێراق. هەر لە ساڵی ١٩٥٧وە لەبەغدا دەستی لەکاری دروستکردنی ئێستگەو ڕادیۆ داوە، لەساڵی ١٩٦٣وە پەیوەندی بەشۆڕشی کوردستانەوە کردووە ڕۆڵی گەورەی لەدامەزراندنی ئێستگەی شۆڕشدا بینیوە، لەدوای ڕێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠و لە ١٩٧١/٥/١ نێردراوەتە چیکۆسلۆڤاکیا بۆ خوێندن لەبواری ئامێرو ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان، دوای ساڵێك دیبلۆمی وەرگرتووە. لەپاش پیلانی نێودەوڵەتی جەزائیر لەئاداری ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە هەولێرو دوکانێکی بۆ کاروباری تەکنیکی کردۆتەوە، هەمیشە شوێنەکەی مەکۆی کوردایەتی بووە جێی متمانەی هەموو لایەك بووە. لەشۆڕشی کوردستان دانەبڕاوە چەند جارێکیش بۆ مەسەلەی تەکنیکی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کردووە ، جگە لەزمانی عەرەبی ئینگلیزیشی زانیوە چەند بەرهەمێکی زانستیو ئەدەبیو کۆمەلایەتی نووسیوە چاپکردووە. تەنانەت ئەو کتێبەی بەناوی **(ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا ١٩٨٥)** بۆ ڕژێم بووە بیانوو، دوای ئەوەی هەندێ بەناو پیاوی ئاپینی سەر بەمیری ئاگرەکەیان خۆشکرد چونکە ڕژێم چاك دەیزانی ئەو پیاوە جوامێرێکی ڕێی کوردایەتی و دڵسۆزو خۆنەویستە، ئەوەبوو بەنوێژی نیوەڕۆ لەڕۆژی ١٩٨٥/٤/١٠ لەنزیك ماڵەکەی خۆی لەگەڕەکی زانیاری شاری هەولێر تیرۆریان کرد.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدولخالیق مەعروف ئەو چرای خوێنەی بەگەردەنی مێژوودا هەڵواسراوە، ڕۆڤار (ڕۆژنامە-گۆڤار)، سلێمانی ژ١٧. (بێ. س.)

(٥) هەژار، چێشتی مجێور، چ١، پاریس ١٩٩٧،ل ٤٧٦.

(٦) خەبات، العدد ٤٨٣ كانون الاول ١٩٦٥.

(٧) فاکسی ئەحمەد دەشتی بۆ بارزانی مەلا خالید.

(5) ئەم ئاوازە حوسێن قاسم دایناوە.

(6) دانان و ئاوازی هونەرمەند خالید دلێرە.

(7) ئەم سرووده لە دانانی شاعیری جوانەمەرگ دلدارە (١٩١٨-١٩٤٨).

(٨) س. ن.

(٩) بارزانی مەلا خالید، ذكريات عن صوت كردستان العراق، خەبات العدد ١٠٤٣في ٢٠٠١/٩/١٤.

(١٠)ش.ج. اشيريان، الحركة الوطنية والديمقراطية...ص١٦٨.

(8) (گردەڕەش) لەناوچەی ماوەتە.

(9) (سەردێمان) شوێنێکە لەنێوان پردی زەردو قەسرێدا.

(10) گۆڕی گاجوتان : گردێکە لە ڕۆژئاوای گوندی وەلاش، بەرامبەر گەلاڵەیە.

(١١) هەژار، س. پ، ل٤٧٧ خالد حیسامی (هێدی) ،کاروانی خەیاڵ، چ١، ورمێ ١٣٦٤، ل٧١-٧٣. دیدارێك لەگەڵ فەلەکەددین کاکەیی ڕۆژی ٢٠٠٢/٥/١٥.خەبات ١٠٤٣، ٢٠٠١/٩/١٤.

(١٢) رينية موريس، كردستان او الموت، ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله، ط٢، مط وزارة التربية، اربيل ١٩٩٩، ص٨٠.

(١٣) خەبات، العدد ٤٨٣ كانون الاول ١٩٦٥. دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢١٥-٢١٦. خەبات العدد ١٠٤٣في ٢٠٠١/٩/١٤.

(١٤) د. سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية (١٩٥٩-١٩٧٠)، ص١٣٤.

(١٥) س. ن، ل١٤١ پەراوێز.

(١٦) لە ٢٨ مین ساڵوەگەڕیدا.. ڕیپۆرتاج، برایەتی، ژمارە ٣٤٩٨ی ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٢٧.

(١٧) دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢١٥-٢١٦.

(١٨) دیدارێك لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی، لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٥/١٥. هەژار، چێشتی مجێور، ل٤٧٧. هێدی، کاروانی خەیاڵ، ل٦٧.

(١٩) خالد حیسامی ، هێدی، س.ن، ل٦٧.

(11) ڕێنووسی کتێبەکە وایە، دەستکاریمان نەکردووە.

(٢٠) دیدارێك لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی، لە ڕۆژی ٥/١٥/ ٢٠٠٢.

(٢١) خەبات، العدد ٩٤٤ ، ١٩٩٩/١٠/١.

(٢٢) دەنگی کوردستان، ژمارە ١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢١٤،٢.

(٢٣) زانیاری کۆکراوەی شوان دزەیی (دەستنووس).

(٢٤) دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢١٤-٢١٦. چاوپێکەوتنی حەسەن مستەفا خۆشناو (بێژەری ئێستگە)، لەگەڵ شوان دزەیی، ١٩٩٢/٩/١ (دەستنووس).

(٢٥) جێی ئاماژە پێکردنە حەسەن خۆشناو دەڵێت : '' سێ دەزگای شەپۆلی ( ٣٠، ٤١، ٤٩)مەتری و دوو شەپۆلی ناوەندی (٢٠٠، ٢٥٢، ٢٨٣) لەدەستکردی عەبدولخالق مەعروف بوون '' .

(٢٦) دەنگی کوردستان، ژمارە١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل١٢.

(٢٧) چاوپێکەوتنی حەسەن مستەفا خۆشناو لەگەڵ شوان دزەیی لە١٩٩٢/٩/١. (دەستنووس).

(٢٨)برایەتی،ژمارە ٣٤٩٨ی ٢٠٠١/٩/٢٧.

(٢٩) برایەتی،ژمارە ٣٤٩٨ی ٢٧/٩/ ٢٠٠١

(٣٠) چەند ئامۆژگارییەکی تایبەت بۆدەزگاکانی پارتیمان،دەنگی کوردستان (گۆڤار)، ژ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٥٨.

(٣١) دەنگی کوردستان،ژمارە ١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢١٠ نەژاد عەزیز سورمێ، چاوپێکەوتنی رۆژی ٢٠٠١/٨/٨.

(٣٢) عبدالرحیم عبدالکریم بادي، سیاط الحبر الاسود، تقدیم د. عبد الفتاح علي یحی، منشورات مجلة (مەتین)، مطبعة دهوك ١٩٩٩، ص٢٦-٢٧.

(٣٣) مستەفا سالح کەریم، چاوپێکەوتنی ٢٠٠٢/١/١٩.

(٣٤) دەنگی پێشمەرگە(پاشبەند).، ژمارە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٤

(٣٥) دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دوومی ١٩٧٥، ل٢١٤ فلك الدین کاکایي، صفحات من اعلام الپارتي منذ عام ١٩٧٤ حتی انتفاضة اذار ١٩٩١، مەتین (مجلة)، العدد ٥١ نیسان ١٩٩٦ ص٧٥

(٣٦) بڕوانە: دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی، ١٩٧٥، ل١٠١-١٤٠.

(٣٧) بڕوانە: دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل١٢٢-١٢٣.

(٣٨) دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل١١٨ بەداوە.

(٣٩) ئەدەب و شۆڕش قۆناغێکی نوێ ، دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥. ل١٥٢.

(٤٠) بڕوانە: دەنگی کوردستان (گۆڤار)، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، لە (٥ تا ١٩٤) برایەتی، ژمارە ٣٤٩٨ی ٢٠٠١/٩/٢٧.

(٤١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

دەنگی کوردستان (گۆڤار)، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، لە(٥ تا ١٩٤). دەنگی پێشمەرگە (پاشبەند) ، ژمارە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٤

(**12**)مێژوونووسی ناودار کەمال مەزهەر ئەحمەد بوو.

(٤٢) فلك الدین کاکەیی، اعلام البارتي... مەتین (مجلة)، العدد ٥١ نیسان ١٩٩٦، ص٧٦.

(**13**) عەرەبییەکەی بەناوی (هنا صوت کردستان العراق)، سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

(٤٣) هنا صوت کردستان العراق، العدد ١، ص٣٢-٣٤. دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٦ی گوڵان ١٩٧٤، خولی سێیەم، ل١٤.

(**14**) کوردییەکەی تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەگەرچی دووەمیش ئامادە بووەبەڵام بەهۆی نسکۆ، فریای بڵاوکردنەوەی نەکەوتوون.

(٤٤) بڕوانە: دەنگی کوردستان، ژمارە ١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی لە ئەمانەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان، دەری کردووە.

(**15**) لەرۆژی ١٩٧٤/٣/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.

(٤٥) فلك الدین کاکەیی، صفحات من اعلام... مەتین(مجلة)، العدد ٥١ نیسان ١٩٩٦، ص٧٦. فرهاد عوني، من الذاکرة (١٢)، گولان العربي، في ٢٨، ٢٥ ایلول ١٩٩٨، ص٤٢.

(**16**) ژمارە (٢١)ی لەشوباتی ١٩٧٤و ژمارە (٢٥)یشی لەکانونی ١٩٧٥دا دەرچووە

(٤٦) کادیر، ژمارە ٢٣ ئابی ١٩٧٤، ل٨-١٧.

(٤٧) هـ.س. ل٣٠-٤١.

(٤٨) الکادر، العدد ٢٤ فی ایلول ١٩٧٤، ص ١٨-٢٢.

(٤٩) کادر، ژمارە ٢٥ ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٥.

(**17**) بەداخەوە، وێڕای هەوڵی بێ وچانمان، هیچ ژمارەیەکی (١٩٧٤-١٩٧٥)مان چنگ نەکەوت، جگە لەبەسەرکردنەوەیەکی خێرای ناوەڕۆکی ژمارە (٥٢٧ کۆتایی شوباتی ١٩٧٥) کەلە ١٩٧٥/٣/٣ لەئێستگەی دەنگی

کوردستان بڵاوکراوەتەوە، لە رێی عەبدولڵا زەنگەنەوە دەستم کەوت کە لەوریا جاف وەرگیراوە. بەڵام خۆم وەك بەشدارێکی شۆرش لەوساڵەدا زۆربەی ژمارەکانم دەدیتو خوێندۆتەوەو تا نسکۆش پارێزگاریم کردبوون، لێرەدا دەبێ ئەوەش روون بکەینەوە، ئەوا دوا ژمارەی (خەبات) لەشۆرشی ئەیلول ژمارە (٥٢٧)بووە، بەڵام دوای نسکۆ بەژمارە (٥٢٦) لە ١٩٧٦/٧/١ دەستی پێکردۆتەوە، ژمارە (٥٢٧)یشی لە ١٩٧٦/٨/١٦ بووە، کەواتە دیسان هەڵەیەکی دیکە کەوتەوە زنجیرەی ژمارەکانی (خەبات).

(٥٠) خەبات، ژمارە٥٢٧ی کۆتایی شوباتی ١٩٧٥.

(٥١) دەنگی کوردستان، ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٩٩، بروانە دەقی راپۆرتەکە بەکوردیو بەعەرەبی لە گۆڤاری کادر، ژمارە ٢٣ ئابی ١٩٧٤، ل٥٤-٦٤. الكادر العدد ٢٤ ايلول ١٩٧٤، ص٣٠- ٦٩ بلاوکراوەتەوە.

(٥٢) دەنگی کوردستان،ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٨١. هەروەها بروانە: کادر، ژمارە ٢٣ی ئابی ١٩٧٤، ل٦٤-٦٥.

(٥٣) دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٦ی گولانی ١٩٧٤. پاشبەندی دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧ ژمارە ٢٨ رەزبەری ١٩٧٤

(٥٤) سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانم، (دەستنووس)، ٢٤٥.

(٥٥) دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٥ی مارتی ١٩٧٤، ل ٦-٧. دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٦ی گولانی ١٩٧٤، ل٢

(٥٦) دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٨ی رەزبەری ١٩٧٤، ل١٥.

(٥٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی، رۆژی ٢٠٠٢/٢/١٥.

(٥٨) بروانە: پاشبەند

(٥٩) فرهاد عوني، من الذاكرة (١٢)، گولان العربي ، العدد ٢٨في ٢٥ ايلول ١٩٩٨، ل٤٣. هەروا بروانە: حوسێن عارف، بیرەوەری ساڵێك لە تەمەن، چاپخانەی سلێمانی ١٩٩٩، ل١٨٠.

(٦٠) دەنگی کوردستان،ژمارە ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢٢٦.

(٦١) دەنگی کوردستان،ژمارە ١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل٢٢٦. فرهاد عوني، من الذاكرة (١٢)، گولان العربي، العدد ٢٨ في ايلول ١٩٩٨، ص٤٣.

(٦٢) فرهاد عوني، من الذاكرة (١٢) گولان العربي،العدد ٢٨ في ايلول ١٩٩٨، ل٤٢.

(٦٣) هـ. س، ل٤٣.

(٦٤) بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: فرهاد عوني، من الذاكرة (١٢)، گولان العربي، العدد ٢٨ ايلول ١٩٩٨، ص٤٣. چاوپێکەوتنی رۆژی ٢٠٠٢/٩/١٥.

(٦٥)فلك الدين كاكەيی، صفحات من اعلام البارتي... (مەتین) ، العدد ٥١ نيسان ١٩٩٦، ص٧٥

(٦٦)حوسێن عارف، بیرەوەری ساڵێك لە تەمەن، ل١٧٤.

(٦٧)فاروق مەلا مستەفا، شکستی شۆرشی کورد... دوارۆژ( گۆڤار )،ژمارە ٣ی مارتی ١٩٩٥، ل٢٢

(**18**)شوێنێکە لەنێوان ناوپردان وچۆمان، رێککەوتننامەی ١١ ئاداری تێدا مۆرکرا.

(٦٨) حوسێن عارف، بیرەوەری ساڵێك لە تەمەن، ل٢٤٧-٢٤٩.

(**19**) یازدە ژمارەی پێشوو لەشار دەرچوون.

(٦٩) حوسێن عارف، بیرەوەری ساڵێك لە تەمەن، ل (١٧، ٢٤٦) .

(٧٠) هـ.س ل ١٧٢-١٧٣.

(٧١) دەنگی پێشمەرگە، ژمارە ٢٦ی گولان ١٩٧٤، خ٣، ل١٠. بۆ زانیاری پتر دەکرێ سەیری بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بکەی.

(٧٢)حوسێن عارف، بیرەوەری ساڵێك لە تەمەن، ل١٧٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم شێخانی، رۆژی ٢٠٠٢/١١/٢٠

(٧٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوزاد رەفعەت، رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٥.

(٧٤) فلك الدين كاكەيی، صفحات من اعلام البارتي··· مەتین (مجلة)، العدد ٥١ نيسان ١٩٩٦، ل٧٠.

(٧٥) هـ.س. ل٦٦. چاوپێکەوتن ٢٠٠٢/٥/١٥.

(٧٦) حوسێن عارف، بیرەوەری ساڵێك لە تەمەن، ل١٦٧.

(٧٧) دەنگی کوردستان، ژمارە١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل ٩٢-١٤٩.

(٧٨) دەنگی کوردستان، ژمارە١ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، ل ٩٢-١٤٩.


دەنگی
کوردستان
پێرست
لە لێکۆلینەوە سیاسیەکانی ئێستگە

# لە پەراوێزی "دەنگی کوردستان"ــەوە

**سکرتێری نووسین**

ئەوەندەی شۆڕشی ئەیلوول، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، کاریگەری بەسلبیو ئیجابییەوەبەسەر مرۆڤی کورددا هەبووە، پێم وایە بەدرێژایی سەدەی بیستەم تا راپەڕین، هیچ بزووتنەوەو رووداوێکی دیکە، ئەوەندە کاریگەرییەی نەبووە، بەلام زۆر بەداخەوە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئەمڕۆ، بەلگەنامەکانی ئەم شۆڕشە هەر بەشاراوەیی ماونەتەوە، بۆیە زۆر لە لایەنەکانی بە نهێنی ماونەتەوەو نەوەی نوێ شتێکی ئەوتۆی لێ نازانن و لایان سەیر دەبێت، ئەگەر بلێین هەر لەبەر کاریگەری ئەو شۆڕشە بووە، رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەدڕندەترین شێوە مامەلەو رەفتاریان لەگەل مرۆڤی کورد کردووەو زۆربەی بەلگەنامەکانیان لە بارەیەوە، فەوتاندووەو شاردۆتەوە، ئەوە جگە لەوەی بووەتە سوخەتێکی بۆ ماوەیی مرۆڤی کورد، هەستی پاراستنی بەلگەنامەی لا لاواز بێت، ئەگینا چۆن دەبێت ئێزگەیەکی وەکو (**دەنگی کوردستان**) تاوەکو ئەمسال نەدەزانرا سالیادی دەکەوێتە چ رۆژو مانگێك.

نەك هەر بەلگەنامە، بەلکو گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو دەورو زەمانەش، نەپارێزراون و فەوتێنراون، ئەوەتا لە سالی ١٩٧٤-١٩٧٥دا شۆڕش چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکی بلاوکردۆتەوە، یەك لەوانە گۆڤاری (**دەنگی کوردستان**) بووە، کە لەمانگی کانونی دووەمی ١٩٧٥دا دەرچووە، کاتێ شۆڕش نسکۆی هێنا، هەموو ئەو بلاوکراوانە لە گوندی (**زینوێ**)، لای برادەرێك بەناوی مەلا جەبار جێهێشتووە، ئەوە پتر لە ٢٥سالە، جارێکی دیکە چاوم بەم گوندە نەکەوتۆتەوە، بۆیە دوای راپەڕین، جارێکی دیکە ماوەیەك خەریك بووم ئەو بلاوکراوانەم پەیدا بکەمەوە، بەلام بێ سوود بوو، تا لەسەرەتای سالی ١٩٩٢دا، رۆژێکیان بە رێکەوت دانەیەکی گۆڤاری(**دەنگی کوردستان**)م، لای کاك مەحمود زامدار بینی، لە خۆشیان شاگەشکەبووم، بۆیە داوام لێی کرد رێگەم پێبدا دانەیەکی لەبەر بگرمەوە، خوا هەلناگرێ ئەویش رێی پێدام دانەیەکی لەبەر بگرمەوە، ماوەی پتر لە ١٠سالی پێچوو هەر رێك نەکەوت لێکۆلینەوەیەکی لە بارەوە بنووسم، ئەوەبوو ئازاد لە نامەکەیدا سوودی لێ وەرگرتوو ئینجا دلم ئۆقرەی

گرت، خۆ ئەگەر ئەو لەبەشی (سوپاس و پێزانین)ی سەرەتای تێزی ماستەرەکەی بۆی نووسیووم: ( **سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیان دام و پێمەوە ماندووبوون، بەتایبەتی برای گەورەو خۆشەویستم عەبدوڵلا زەنگەنە کە لە رووی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ کوردو رۆژنامەوانیی کوردی، بەراستی زۆر پێمەوە ماندوو بووەو لەوەخت و ناوەخت یەخەم گرتووە کە هەرگیز لە بیر ناکرێت).**

پێم وایە ئەو هەستە لە هەوەڵی نامەیەکی ماستەر بنووسرێ بۆمن زۆرو مێژوویییە، بەلام حەزدەکەم، کاک ئازادو ئەوانەی کە سوودیان لە کتێبخانەکەم وەرگرتووە، بزانن هەرچەندە خەڵکی دیکە بڵێن دنیا گۆڕاوە هەرکەسە بۆ خۆیەتی، بەلام من بە پێچەوانەی خەڵکی دیکە دڵێم بە میرات بۆم ماوەتەوە ئەم جۆرە پەسنانە بنووسرێن و نەنووسرێن "چەندەی ئاوم لە دوو بێلی بڕوا" کاری خۆم هەر دەکەم، بەلام هەقیش هەر هەقە..! .

لەهەمان کاتدا نووسەر هەیە، زۆربەی ناوەرۆکی کتێبی خۆی دەقاو دەق لەبەر زانیارییەکانی ناو ئەم گۆڤارەی لای من راگواستووە، کە لە رۆژێکی وادا لە زامدارم وەرگرتووە و پاراستوومە، ئەوکات خەڵکی دیکە لەم وڵاتە نەبوون، هی دیکەش هەبوون نەدەوێران بەلای ئەم جۆرە بابەتانەدا بچن، بەلام تا ئەمڕۆکەش لەم نهێنیە نەگەیشتم.. ئەو برادەرەمان کە وێنەی بەرگی ناوەوەی گۆڤارەکەی لەسەر لاپەڕەکانی کتێبەکەی خۆی بلاوکردۆتەوە، بۆچی وێنەی مۆری (دلشاد ملا مصطفى البارزاني) لەسەر رەش کردۆتەوە؟

لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠٠٢دا بوو، شەوێکیان کاک ممتاز حەیدەری تەلەفۆنی بۆ کردم و چەند پرسیارێکی لە بارەی ژمارەکانی (خەبات)ی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول لێکردم و هەناوی داخورپاندم..! نە لەبەرئەوەی خوا نەخواستە ئەگەر پێویستی پێ بوویێت من پێم ناخۆش بووبێ (خەبات)ەکانی بدەمێ، بەڵکو لەبەر ئەوەم بووە نەبادا گوناهبارم بکات لێیم شاردبێتەوە، دیارە ئەوسا من وەڵامی پێویستم داوەتەوە، بەلام دوای دووسێ رۆژ کە رێم بەماڵی ئەوان کەوت، لەگەڵ گەیشتنم یەکسەر دانەیەکی فۆتۆ کراوی ژمارە (٤٧٠)ی (خەبات)ی سەرەتای ئەیلولی ١٩٦٣ی لەبەر دەست دانام، لە دامێنیدا چەند ووشەیەکی ناسك و جوانی بۆ نووسیبووم، کاتێ هێنامەوە ماڵ و چاوم بە لاپەڕەکانیدا خشاندەوە، لە لاپەڕەی یەکەمی نووسرابوو: (**دەنگی کوردستان في خدمة الشعب والثورة**)، رۆژی دواتر بۆ سۆراغی ئەم هەواڵە یەکسەر خۆم گەیاندە بارەگای "**ئێزگەی دەنگی کوردستان**" لە پیرمام، ئێ بەڵکو ئەوە خوایە، تووشی یەکێکی وابێم، کەمێك رێنماییم بکات تا بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەو هەواڵە دانسقەو دەگمەنە دابڕێژم، دواجار لە بەشی تەکنیکی ئێزگەکە برادەرێکم بەناوی "**ئەندازیار عەبدوڵلا**" دۆزیەوە، خوا هەڵناگرێ هەر چەندە ئەو دریغی لەگەڵ نەکردم، بەلام وا دیاربوو چوونەکەم بێ سوود بوو، منیش عادەتم نییە هەر کارێك دەستی پێبکەم زوو بەزوو خۆمی لێ بکێشمەوە، لەئەنجامەکەی ئومێد براو بم، بۆیە زیاتر کەوتمە سۆراغی ئەو بابەتە، ئەوەبوو لە هەولێر سەردانی چەند کەسێکم کرد، لە سلێمانیش چەند کەسێکی دیکەم بینی. ئینجا بەمەبەستی راگەیاندنی هەواڵەکە، بابەتێکم لە بارەی ئێزگەکە نووسی و بۆ یەکێك لە بلاوکراوەکانی کوردستانم نارد، مخابن دوای چەند رۆژێك بابەت هەر بلاونەکرایەوە، وا دیار بوو ئەوانەی لە ناوندان دەخۆن و لە پەرگان پاڵ دەدەنەوە،لێنەگەڕابوون بابەتەکە بلاوبکرێتەوە، ئا لێرەدابوو لە بلاوکردنەوەو گەیاندنی هەواڵی رۆژی

کردنەوەی ئێستگەکە بێ ئومێد بووم، ئەوە بوو مامۆستا جەوهەر غەمگین بەشێکی بابەتەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبیو لە ژمارە ٣٦ی گۆڤاری (ژینۆ)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢دا بڵاومان کردەوە، دیارە بابەتێك لێرەوە بۆ (لەندەن) بنێردرێ، لە وەرگێڕان و چاپکردنیشیدا پەلەی تێدا کرابێت، دەبێ چەند هەڵەی زمانەوانیو رێنووسی تێ کەوتبێت، بەڵام گرنگ ئەوەبوو بابەتەکە رۆژی کردنەوەی ئێزگەکەو هەندێ زانیاری دیکەی تێدا ساغ کرابۆوە، دواتر هەمان برادەری پێشوو کە زانیبووی هەواڵ و سەرچاوەیەکی وا لای من هەیە رۆژی کردنەوەی ئێزگەکە ساغ دەکاتەوە، چەند جارێك داوای لێ کردم سەرچاوەکەی بدەمێ، ئەوەبوو دواتر کە گفتم دایێ سەرچاوەکەی بدەمێ.

بەڵام بە مەرجی ئەوەی پێشتر خۆم بابەتێکی لەسەر بنووسم، ئەوەبوو بەهەڵەداوان هاتەماڵەوە، منیش دەقی بابەتەکەی خۆم و ئەو رۆژنامەیەم دایێ کە کاك ممتاز پێشکەشی کردبووم، بەڵام دوای دەرچوونی کتێبەکەی چی ببینم..؟!، ئەو وتەیەی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی، کە بۆ یەکەم جار لە ١٩٦٣/٨/٢٠دا، لە کاتی کردنەوەی ئێزگە بڵاوکرابۆوە، تەنیا بۆ ئەوەی بەراست و دروستی و بێ هەڵە بینووسمەوە، چەند رۆژێك خۆم لەگەڵیدا خەریك کردبوو، ئینجا توانیبووم دەقەکەی ساغ بکەمەوە، ئەو تاقە وشەیەش کە بۆم ساغ نەکرایەوە چەند خاڵێکم لە شوێنەکەی دانا، کەچی ئەو برادەرەمان، ئەگەر لەبەر پەلەکردن بووبێ یان هەڵەی چاپ، دەقی وتەکەی بەتەواوی وەکو خۆی بڵاونەکردۆتەوە، جگە لەوە چەند هەڵەیەکیشی تێدا کردووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەو بابایە لە لایەنی ساغکردنەوەی رۆژی کردنەوەی ئێزگەکەش، هەر زانیارییەکی لە دووتوێی کتێبەکەیتۆمار کردبێت ئەوا لە بابەتەکەی منی وەرگرتووە، کەچی ئاماژەی بۆ هەموو ئەو سەرچاوەو کەسانە کردووە، ئەگەر یارمەتیان دابێت، بەڵام لە دوورو نزیکەوە ئاماژەی بۆ ئەم بابەتەی من نەکردووەو تەنیا ناوی کاك ممتازو منی لە ریزی هەرە دواوەی ئەو ناوانە داناوە کە (سوپاس و پێزانین)ی بۆ نووسیون، دیارە ئەو جۆرە سوخەتانەش لە دەرەوەی پاراستنی (ئەمانەتی علمی)یە. نەك هەر ئەوەندە، ئەو کاتەی بەهەڵەداوان هاتە ماڵەوە، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ، لە بارەی رۆژی کردنەوەی ئێزگەکە، لە دووتوێی ترێسەکانی کتێبەکەی نەبووە، بەڵام دوای هەفتەیەك کە کتێبەکەی دەرچوو، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ماندووبوون و هەستی من بکات، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی دەکردو باسی رۆژی کردنەوەی ئێزگەکەی دەکرد، ئەوەی تۆزقاڵێك گومانی لەم گلەییانەم هەیە باسەیری لاپەڕە١٥ی کتێبی "مێژووی دەنگی کوردستانی عیراق" بکات،کە وریا جاف ئامادەی کردووە، یەکسەر تێدەگەن کە چۆن ئەوانەی ترێسی کتێبەکەیان بۆ ڕاکێشاوە تاقەتیان نەبووە لاپەڕەیەکی نوێی بۆ رابکێشن، بۆیە هەر لەسەر ترێسە کۆنەکە رۆژی ١٩٦٣/٩/٢٨یان بە ١٩٦٣/٨/٢٠ گۆڕیوە.

بەهەرحاڵ با بەوەندە واز لەم لایەنە بێنین و چەند خاڵێك لەسەر ئەو توێژینەوە بە پێزەی ئازاد تۆمار بکەین کە لە (رۆژنامەڤانی)دا بڵاودەکرێتەوە:

١- هەرچەندە توێژەر ئاماژەی بۆ وتەکەی جەنابی مەلا مستەفا کردووە کە ئێزگەی پێ کراوەتەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەوە نەکردووە، ئەم وتەیە بەزمانی کوردی لەلایەن جەنابی سەیید عەزیز شەمزینی خوێنراوەتەوە، واتە دەقی وتەکەی جەنابی مەلا مستەفا بەزمانی کوردی بووە نەك عەرەبی.

٢-هەرچەندە ئاماژەی بۆ بەشی عەرەبییەکە کردووە گوایە ناوی : (دەنگی برایەتی کوردو عەرەب)بوویێت، بەڵام لە وەکو دەقی هەواڵەکەی ژمارە (٤٧٠)ی (خەبات) ئاماژەی بۆ کراوە، ناوی بەشەکە بەزمانی عەرەبی، **(صوت الاخوة العربية الكردية)** بووە.

٣-توێژەر کە باس لە بەرپرس و بەرنامەکانی ئێزگەکە دەکات، مرۆ واهەست دەکات تێکەڵ و پێکەڵییەك لە بابەتەکەیدا هەبێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**(بە کوردی و عەرەبی حەبیب محەمەد کەریم بەرپرس و سالح حەیدەری سامی عەبدولڕەحمان و عومەر دزەیی و حوسێن قەرەداغی و بورهان قانیع و ...هتد ئێستگەکەیان بەرێوە بردووە چەند تەکنیککارێکیان لەگەڵدا بووە)**، بەڵام بۆی روون نەکردووینەتەوە ئەو ناوانە لە سەردەمی کردنەوەی ئێزگەکەوە کاریان تێدا کردوە، یان دوای پەرتەوازە بوونەکەی ساڵی ١٩٦٤ بووە.

٤- لە شوێنێکی دیکەی باسەکەیدا، توێژەر ئاماژە بۆ مەودای ئێستگەکە دەکات، گوایە **(لەسەر دوو شەپۆلی کورتی (٤٥، ٤٩)م، بەدوو ماوە لە کاتژمێر (١,٣٠ تا ٢,٣٠)ی پاش نیوەڕۆو کاتی (٦تا٧) ئێوارە وێرای تەشویشی "هانی هانی" بەرنامەی بلاوەدەکردەوە)**.

لە بارەی ئەم زانیارییەش ئاماژە بۆ **(خەبات)**ی ژمارە (٤٨٣ كانون الاول ١٩٦٣) کردووە، ئەوەندەی من ئاگادارم ئەو ژمارەیەی **(خەبات)** تا دوا کاتی توێژەر هاتە سەر ئەوەی دەقی نامەکەی بنووسێتەوە ئەو ژمارەیەی (خەبات) هەر لە کوردستان نەبووە، بۆیە من پێم وایە دەبا ئاماژەی بۆ دەستنووسێکی من بکردبایە، کێ دەڵێ لە باروزروفێکی دەروونی زۆر تایبەتی و ناخۆش، لەناو جەرگەی شاری بەغدادا، من ئەو زانیارییەم بەراست و دروستی نووسیوەتەوە.

٥-توێژەر دەڵێت: ئێزگەکە سەرەتا بە مۆسیقای **(چەمی رێزان)** و سروودی **(پێشمەرگەی بە هەڵمەتین)** دەستی پێ کردووە، پاشان پەراوێزێکی بۆ ناوی **(چەمی رێزان)** داناوەو نووسیویە: **(ئەم ئاوازە حوسێن قاسم دایناوە)**، پێم وایە لێرەدا پڕ بە پێستی خۆیەتی ئەگەر بڵێم توێژەر بەزمی مەلا مەشورو کەرەکەی



محەمەد شا پەسندی، عەبدوللا زەنگەنەو سدیق ساڵح لە شەوی ٢٠٠٢/٩/١٢دا لە ماڵی شا پەسندی دا هەوڵی ساخ کردنەوەی، رۆژی کردنەوەی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق و دەرچونەوەی رۆژنامەی (خەبات) لە شۆڕشی ئەیلوول دا دەدەن

لەگەڵ کردووم، بۆیە ناوی مەلا مەشوریش دێنم، چونکە ئەو بە درێژایی ئەو ماوەیەی نامەی ماستەرەکەی دەنووسییەوە، بەردەوام من بۆ بەرژەوەندی خۆی، شەرم لەگەڵی بووەو پێیم گووتووە: بەردەوام قەڵەم و دەفتەری تێبینیت لەبەر دەست دابێت، چونکە زۆر جار وادەبێت یەکێك، هەتا ئەگەر کرێکارو فەلاح یان حەمباڵێکیش، قسەیەکی وا دەکات، دەکرێ قوتابییەکی زیرەك نامەیەکی ماستەر یان دکتۆرای لێ وەدەست بێنێ، بەڵام وادیارە تا نووسینی نامەکە ئەو جۆرە تێبینیانەم هەمووی بەفیرۆ چووە، ئەگینا چ رەوای هەقە، لە جیاتی ناوی (حەسەن حاجی قاسم) ناوی (حوسێن قاسم) بنووسرێت، خۆ ئەگەر توێژەر لەم بارەیەوە سوودی لە بابەتێکی هونەرمەند **" جیهانبەخش کۆیی "** وەرگرتبێت، کە لە یەك ژمارەکانی (رامان) بلاوکراوەتەوەو هەڵەیەکی وای تێدا کراوە، ئەوە دەبوو ئاماژەی بەسەرچاوەکە بکردبایەو ئەو هەڵەی لەسەرخۆی نەکردبایە ماڵ،

هەواڵنامەی کتێب

نەبادا یەکێکی وەکو من زماندرێژی لە سەرە بکات، ئەگەر نا دەستنووسەکەی منی لەبەر دەست بوو کە ناوەکەی بەراست و دروستی تێدا تۆمار کراوە، تیایدا ئاماژەم بۆ هەڵەکەی جیهانگیرو سەرچاوەکەی خۆشم کردووەو ناوەکەشم بە راست و دروستی نووسیووەو خۆ توێژەر خۆی دەڵێ: گوایە بە وەخت و ناوەخت یەخەی گرتووم.

ئەوەی شایەنی باسە هونەرمەند **"جیهانبەخش کۆیی"** لە وەڵامی پرسیارێکی من لەبارەی مۆسیقای **(چەمی ڕێزان)**، پێشتر سەرنجی بۆ بابەتە بلاوکراوەکەی خۆی راکێشابووم، بەلام من هێشتا دلم بە بابەتەکەی ئەو ئاوی نەخواردبۆوە، بۆیە بە دوای سەرچاوەی دیکەدا گەڕام تا کتێبی **"فێربوونی کەمانچە"**ی **(سەلاح رەئوف)**م پەیداکرد کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە سلێمانی چاپ کراوە، لە لاپەڕە ٨٨ی ئەم کتێبەدا نۆتەی مۆسیقاکە بلاوکراوەتەوەو ناوی دروستی ئاواز دانەرەکەشی لە تەکدا نووسراوە.

لە بارەی کۆتایی هێنانی بەرنامەکانی ئێستگەش، بەسروودی **(ئەی رەقیب)**، دیسان توێژەر لە پەراوێزدا نووسیویە: **(ئەم سروودە لە دانانی شاعیری جوانەمەرگ دلدارە ١٩١٨-١٩٤٨)**، بەراستی من کە ئەم دەربڕینەم خوێندەوە تێی نەگەیشتم ئایا مەبەستی توێژەر دەقی شیعری سروودەکەیە کەهی دڵدار بووە، یان مەبەستی دانانی سازو ئاوازی سروودەکە بووە. بەهەر حاڵ پێم وایە توێژەر مەبەستی شیعری سروودەکە بووە نەك سروودەکە خۆی، بەلام مەبەستم لە وروژاندنی ئەو خاڵە ئەوەیە، تا بلێم ئەو سروودە



ئاوازەکەی لە سەرەتای چلەکانەوە دانراوەو چەند جارێك لە ئاهەنگ و خۆشیەکانی لاوانی کورد لە نەورۆزی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٤دا لە بەغدا گوتراوەتەوە.

واتە ئاوازی سرووودەکە بە چەند ساڵێك بەر لە دامەزراندنی **"کۆماری کوردستان"** لە مهاباد دانراوەو هیچ کەسێکی عەجەم دەستی لە دانانی ئەو ئاوازەدا نەبووە، ئەوەش بەرپەچی ئەو رۆشنبیرانە دەداتەوە، جارێکیان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بینیم دەیان گووت: گوایە عەجەمێك ئاوازی ئەم سروودەی لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دانابێ، لە راستیدا ئێستا هەرچەندە ناوی ئاواز دانەرەکەم نایەتەوە بیر، بەلام دڵنیام کوردێکی لای خۆمانەو، پێم وایە خەڵکی کەرکوکیشەوە زانیاری راست و دروستی لە یەك لە ژمارەکانی گۆڤاری "رەنگین"دا لە بارەیەوە بلاوکراوەتەوە.

٦- لە لایەکی دیکەوە توێژەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسی پارتییان لە ئەوروپا ئاگادار کردبێتەوە، مشوری پەیداکردنی ئێزگە بخوات، بەلام ئەوەی بۆ روون نەکردوینەتەوە ئەم بەرپرسە کێ بووە..؟

- ئایا وریا ئەمین رواندزی بووە؟ کە ئەوسا هەندێك کەل و پەلی بە شێخ ئەحمەدی نەقیب و چەند کەسێکی دیکە ناردۆتە تورکیاو، لەوێ تەسلیمی چەند کوردێك کراوە، تا بیهێننەوە کوردستان.

- یان **"د. کەمال فوئاد"** بووە، کە ئەوسا سەرانی شۆڕش **"نوری ئەحمەد تەها"**یان ناردۆتە لای بەیەکەوە ئێزگە بکڕن.

- ئەدی رۆڵی **"د. کامەران بەدرخان"** دەبێ چی بووبێت؟ کە ئەویش نوێنەری شۆڕش و بارزانی بووەو هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو ئێزگەکەی کڕیبێ.

- ئەدی بۆ باس لە بۆچوونەکانی **"عیسا پەژمان"** نەکەین، یان بەرپەچی نەدەینەوە، کە خۆی کردۆتە پاڵەوانی دامەزراندنی ئێزگەکە.



# لتخفق عالياً راية حزبنا المجاهد

## البارتي يوجه نداء الى الامم المتحدة ورؤساء الدول والمنظمات الدولية

خەبات

لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني

لاضمان لصيانة الاستقلال الوطني والاستقرار ولازدهار البلاد الا بالديمقراطية .
ولا ديمقراطية بغير الحياة البرلمانية والحريات العامة وبدون حل عادل للقضية الكردية على اساس الحكم الذاتي .

يا جماهير شعبنا فلنناضل من أجل جبهة تضم جميع أعداء الدكتاتورية والاستعمار العميل :

العدد (٤٧٠) — ايلول ١٩٦٣ — الثمن (١٠٠ فلسا)

## لتكن الذكرى السابعة عشرة لتأسيس حزبنا الثائر ملهمة لتشديد النضال ضد الفاشية والرجعية

مرت على جماهير كردستان في السادس عشر من آب، الذكرى السابعة عشرة لتأسيس الحزب الديمقراطي الكردستاني. وتكتسب هذه الذكرى أهمية خاصة، حيث يقود حزبنا في هذه الايام أعظم معركة خاضها شعبنا الكردي ضد أعدائه حتى الآن، معركة الدفاع عن كيانه ووجوده وفي ظروف قاسية جداً، حيث تنشر الفاشية ظلالها السوداء على الشعب العراقي بأسره.

لم يكن نشوء حزبنا وليد رغبات فردية أو انعكاساً لاحداث سطحية عابرة، بل تبلورت واختمرت ضرورات تأسيس الحزب نتيجة لتفاعل مجموعة من الاسباب والعوامل الداخلية والخارجية. فمن المعلوم ان القضاء على الفاشية على النطاق العالمي في أعقاب الحرب العالمية الثانية، والمد الديمقراطي الذي عم العالم بعد ذلك قد أحيا الآمال لدى عدد غير قليل من الشعوب التي عانت طويلاً من العبودية والطغيان، في انتزاع حرياتها وحقوقها المغتصبة والمبادرة الى ممارسة تلك الحريات والحقوق عملياً وفق مبدأ حق الشعوب في تقرير مصيرها بنفسها الذي اقرته دول العالم. والشعب الكردي كغيره من الشعوب، الذي كابد الكثير من استبداد الآخرين وجد لديه نفس الرغبة في مشاركة شعوب العالم احاسيسهم ومشاعرهم الوطنية والقومية، تلك المشاعر التي كان يعبر عنها عن طريق مجموعة من الاحزاب والمنظمات الكردية. وقد ساعدت الحريات النسبية التي تمتع بها شعب العراق بعد الحرب الثانية بالاضافة الى طموح وتطلع جماهير شعبنا الكردي واحزابه ومنظماته الوطنية الى توحيد حركته الوطنية الديمقراطية مضافاً الى كل ذلك ثورة شعبنا في بارزان الى تأسيس حزبنا الديمقراطي الكردستاني في آب ١٩٤٦ ...

(البقية في ص ٢)

## قواتنا الباسلة توالي انزال ضرباتها الشديدة بقوات النزو البعثية الفاشية

- اعداد كبيرة من مرتزقة صلاح الدين والوليد وشراذم الحرس القومي تقسيم استقلالاتها الى سلطات البعث المجرمة، وأكثر من خمسمائة من العدو يقعون في أسر قواتنا الثورية البطلة لحد الآن.
- قواتنا تسقط سبع طائرات معادية.
- قوات حكومة البعث تفشل خمس مرات في فتح الطريق بين كركوك والسليمانية.
- غارات خاطفة ناجحة تشنها قطعاتنا على منشآت النفط في شوراو وجنبور وعين زالة.

في ليلة ٢٦-٢٧/٦ هاجمت قواتنا الثورية خزانات المياه في كركوك والحقت بها أضراراً جسيمة وقتلت ثلاثة من عصابات الحرس البعثي وجرحت عدداً آخر منهم ...

(البقية على ص ٣)

### نداء من الحزب الديمقراطي الكردستاني

الى
سكرتارية الامم المتحدة
مجلس الامن الدولي
المنظمات والنقابات والهيئات الدولية، منظمة الصليب الأحمر الدولية، وكالات الانباء العالمية

### دەنگی کوردستان في خدمة الشعب والثورة

### كلمة الاستاذ ابراهيم احمد في دەنگی کوردستان



ئەو (خەبات)ـەی رۆژی کردنەوەی ئێزگەی دەنگی کوردستان-ی پێ ساخ کراوەتەوە، دیاریی تایبەتیی مومتاز حەیدەری-یە

- ئەدی دەبێ هەوڵ و تەقلای ئەوسای "یەدوڵڵا کەریم" لە بەغدا لە چ شوێنێکی ئەم تەوەرەدا باس بکەین.

وەك لێرەدا دەبینن، هەر چەندەی قەڵەم بەسەر کاغەز دابێنم، پرسیاری نوێ قوت دەبێتەوەو بابەتەکە فراوانتر دەبێت، پێم وایە ئەگەر هیچ کەسێك، لە نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیەو لە مەبەستەکانم نەگات، ئەوا توێژەری ئەم بابەتە بەپێزەی ناونیشانی "ئێرە **دەنگی کوردستانی عێراقە**" لە مەبەستەکانم حاڵی دەبێت، بۆیە ئومێدەوارم لە بارەی بۆچوونەکانم سەرچیخ نەچێت و بەهەڵە لێکیان نەداتەوە، چونکە کاریگەری ئێزگەی (**دەنگی کوردستان**) لەسەر دەروونی چەند نەوەیەکی ئەم میللەتە لەوە گەورەترە بەچەند لاپەڕەیەك یەکلا بکرێتەوە، نەخوازەڵڵا لە تێزی هەر نامەیەکی ماستەر یان دکتۆرا کە مەودای بابەتەکانی سنووردار دەبێت.

هەروەها نووسین لەسەر بابەتێکی ئاوا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێت بەچەند لاپەڕەیەکی پەراوێز تەواو نابێت، بۆیە بەوەندە وازی لێدێنم ، فەرموون ئەوەش دەقی راست و دروستی هەردوو وتەکەی هەریەك لە جەنابی مەلا مستەفا بارزانیو سکرتێری ئەوسای پارتی، کە لە ١٩٦٣/٨/٢٠دا لە ئێزگە خوێنراوەتەوە، شوێنی ئەو وشەیەش کە لە وتەکەی جەنابی مەلا مستەفادا، چەند خاڵێك و نیشانەیەکی پرسیاری لە شوێن دانراوە، وەکو لە پێشەوە گوتم: ئەوا بەهیچ شێوەیەك بۆم ساغ نەکرایەوە، چەند جارێکیش تەکلیفم لە کاك "**ممتاز حەیدەری**" کردەوە، تا جارێکی دیکە ئەو ژمارە (٤٧٠)یەی رۆژنامەکە لە خاوەنەکەی وەربگرێتەوەو خۆم چاو بەژمارە ئەسڵیەکەدا بگێڕمەوە، تا ئەو وشەیە ساغ بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە وا دیاربوو ئەو هەر چەندەی داوای کردبۆوە، خاوەنەکەی نەیدابووێ.

## نص الكلمة البارزاني في افتتاح
## ( دەنگی کوردستان )

ايها الشعب الكردي العزيز

قبل كل شيء افتتح هذه المحطة باسم العلي القدير داعياً ان يهبنا العون لكي ننتصر في سبيل الحق والعدل والصدق.

اخواني واخواتي الاعزاء :

في هذه الظروف التي يشن فيها العدو هجوماً وحشياً غادراً على شعبنا الكردي و وطننا كردستان اطلب منكم صيانة وحدتكم الوطنية اكثر من اي وقت مضى، لأن الوحدة الوطنية هي القاعدة القوية والاساس المتين لأي نصر تحققونه، لذا فأن الواجب يحتم على جميع الاكراد الشرفاء ان يساهم كل منهم في معركة الحياة والموت، التي يخوض غمارها شعبنا الكردي، ان العدو الذي يهدف الى ابادة الشعب الكردي واغتصاب وطنه كردستان، لم يترك مجالاً لاحد للوقوف على (..؟) يجب على كل ابن بار لهذا الوطن ان لايبخل بالمال والدم للاسهام في هذه الثورة.

اخواني:

لا تصدقوا اكاذيب العدو واراجيفه ولايرهبنكم التهديد والوعيد، كونوا على حذر من خداعه واضاليله فمهما يكن امر هذه العصابة فأنهم خلفاء اقزام لسلفهم المقبور قاسم، وان نضالنا الثوري الجبار الذي زعزع اركان الحكم القاسمي كفيل بعون الله تعالى بالحاق الهزيمة والاندحار الحتمي بالمعتدين الجدد ايضاً.

اخواني:

يجب ان لا يخفى عليكم ان البعثيين القتلة لايمثلون باي حال من الاحوال الشعب العربي الصديق، بل انهم اعداء الداء للشعبين العربي والكردي.

وان النضال المشترك بين القوميتين العربية والكوردية هو حجر الزاوية لصيانه استقلال العراق وبناء نظام ديمقراطي سليم وتحقيق الحكم الذاتي لكردستان.

لتنتصر ارادة شعبنا الكردي في نضاله العادل من اجل حقوقه القومية والحكم الذاتي.

لتتعزز الاخوة العربية- الكردية من اجل حكم ديموقراطي متحرر.

عاش جيش كوردستان الثوري.

واخيراً القوة في الاتحاد والنصر من عندالله.

## كلمة سكرتير الحزب الديموقراطي الكردستاني في افتتاح (دەنگی کوردستان)

ايها المواطنون الاعزاء!

اعتبر نفسي سعيداً بأن اخاطبكم لاول مرة في تأريخ شعبنا من مكان متحرر من كردستان ومن اذاعة حرة بالنيابة عن المكتب السياسي لحزبنا المناضل.

ان (صوت كوردستان) سيكون معبراً صادقاً عن الام وامال كردستان ومن اهدافها طبعا اظهار الوجه الحقيقي الناصع لثورتنا وتفنيذ اكاذيب وادعاءات الحكومة العراقية حولها، ذالك الهدف الذي نعتقد ان (دەنگی کوردستان) قد قام بقسط كبير منه بمجرد ظهوره في هذا الوقت بالذات. اذ ان العصابات البعثية المجرمة، بعد الضجة التي اقامتها في ايام القلية الماضية كانت تريد ان تعلن اعادة احتلال جميع انحاء كردستان والقضاء على الثورة وانهاء الحركات الحربية في البلاد لكي تستمر في الحرب الفعلية بصورة خافية عن العالم على الطريقة القاسية المعهودة ذلك بغية وضع حد للقلق المشروع الذي اثارته داخل العراق وخارجه بحربها القذرة في كردستان وتصرفاتها الوحشية تجاه شعبنا الكوردي.

ايها الاخوان:

ان سياسة (دەنگی کوردستان) هي نفس السياسة التي يتبعها حزبنا الديمقراطي الكوردستان المناضل بقيادة ابن شعبنا البطل مصطفى البارزاني تلك السياسة التي يعتبر الحجر الزاوية فيها، النضال من اجل الحقوق القومية للشعب الكوردي بشكل حكم ذاتي وصيانه الاستقلال والحرية والديموقراطية في العراق ولتعزيز الاخوة بين الشعبين العربي والكردي على اساس المساواة ومن اجل تحقيق المطامع القومية المشروعة لهما، اما سياستنا الخارجية فهي ترتكز على النضال من اجل صيانة السلام ومعادات الحرب والاستعمار وتعزيز الصداقة مع الشعوب العالم قاطبة. وسيكون موقفنا ودياً تجاه جميع الحكومات التي تتخذ من ثورتنا الوطنية موقفا محايدا على الاقل، ويكون معاديا تجاه الحكومات التي تقف من ثورتنا الوطنية موقفاً معادياً. ومعا ما تقدم فأنه لما كان السلم والصداقة هما الاساس الثابت والاكثر بقاء في حيات المجتمعات والافراد ايضا فاننا نبذل كل جهد في سبيل تقليل الاعداء وتكثير الاصدقاء عن طريق الايضاح والافهام.

ايها الاخوان :

ان الحزب الديموقراطي الكردستاني في الوقت الذي يطالب فيه جميع الشرفاء من ابناء شعبنا ان يبذلوا قصاري جهدهم في الاسهام في الثورة يجدد لشعبنا البطل العهد على ان يظل دوما مناضلاً صلبا في سبييل اهداف الكرد والكردستان بوعي واخلاص ودون كلل أو انحراف.

والنصر لشعبنا الكردي وثورته المقدسة.

والخزي والعار والموت للعصابات البعثية السفاكة.

# تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریی و ئەو بەرپرسیارێتییەی لێی دەکەوێتەوە[1]



د.کەمال سەعدی

تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری بریتین لە ئەنجامدانی هەندێك کردار لەڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە کە یاسا بە تاوانی داناون. یاسادانەر لەڕێگای دەقەکانی یاسای سزادانو یاسای ڕۆژنامەگەریو یاسای چاپەمەنیو یاسای مافیدانەرو یاسا تایبەتییەکانی تردا خەسڵەتی ناڕەوایەتی بەو کردارانە دەبەخشێت.

لەسەر ئەم بنچینەیە، تاوانبار(الجاني) دەکەوێتەبەر لێپرسینەوەی ئەو ئاکامە یاساییانەی کە لە کردارە ناڕەوایەکەی دەکەوێتەوە. جۆری ئەم بەرپرسیارێتییەش بەپێی ئەو بنچینەیاساییانە دەگۆڕێت کە خەسڵەتی ناڕەوایەتیان بەو کردارە بەخشیوە کە لێی دەکەوێتەوە.

بەم پێیە، ئەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ئاکامی سەرپێچیکردنی یاسای سزادانداد دێتەدی، پێی دەوترێ بەرپرسیارێتی تاوانکاری[2]، هەروەها سەرپێچیکردنی یاسای سزادانو یاسای مەدەنی، بەرپرسیارێتی مەدەنی لێ دەکەوێتەوە[3]، ئەمەو لە ئاکامی سەرپێچیکردنی یاسای سەندیکای ۆژنامەنووسانو دابو نەریتو بنچینەکانی ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەری بەرپرسیارێتی پیشەیی دەکەوێتەوە[4].

ئەمەو لەبەرئەوەی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری هەڕەشە لە نیزامی کۆمەڵایەتیو ڕامیاری دەوڵەت دەکەن بەم شێوەی کە لە ئاکامی بڵاوکردنەوە لە چاپکراوی خولەکیدا ڕوودەدەنو لەم حاڵەتەشدا تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری لەوانەیە کاریگەرییان لە تاوانەکانیتری یاسا گشتییەکانیتر زیاتربێ، چونکە زووترو خێراتر بڵاودەبێتەوە.

بۆیە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری لەڕووی ڕایەڵەکانییەوەو ئەو بنچینانەی کە حوکمی بەرپرسیارێتیە یاساییەکەی دەکەن، پابەندی هەندێك بنچینەی یاسایی و حوکمی تایبەتین و جیاوازییان هەیە لەگەڵ تاوانەکانی تر.

لەبەرئەوەی بەرپرسیارییەتی شارستانی شانبەشان یا وەکو پاشکۆی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری دێت، بە

واتایەکی تر، بەرپرسیارییەتی شارستانی لێرەدا نایەتە کایەوە بێ بەرپرسیارییەتی تاوانکاری، هەربۆیەش رایەڵی هەڵە تێکەڵدەبن لە هەردوو جۆری بەرپرسیارێتییەکەدا، بۆیە بە پێویستمان زانی، بە درێژی تەنها باسی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری بکەین.

لە خوارەوە لە دوو خاڵدا باسی تاوانەکانی رۆژنامەگەریو ئەو بەرپرسیارێتیە تاوانکارییەی لێی دەکەوێتەوە لە یاسا بەرکارەکانی کوردستان و بەراوردد دەکەین :

## ١- تاوانەکانی ڕژنامەگەری

### ١-١- پێناسەی تاوانەکانی رۆژنامەگەری

زۆربەی یاساکانی سزاداو یاساکانی رۆژنامەگەریو چاپەمەنی بایەخیان بە پێناسەی تاوانەکانی رۆژنامەگەری نەداوە[٥]، چونکە یاسادانەر هەرچەند هەوڵو تەقەلاً بۆ ئەم پێناسەکردنە بدات، هەر پێناسەیەکی ناتەواو دەبێتو ماهییەتی تاوانەکانی رۆژنامەگەریو رایەڵەکانی بەتەواوەتی تێدا بەرجەستە ناکات، بۆیە یاسازانان چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ تاوانەکانی رۆژنامەگەری داناوەو سەرەڕای جیاوازیشیان لەو پێناساناندا، کەچی لە ناوەرۆکدا یەك دەگرنەوە.

هەندێکیان پێناسەی دەکەنو دەڵێن:

((تاوانەکانی رۆژنامەگەری بریتین لەو جۆرە تاوانانەی کە پەیوەندییان بە هزرو باوەڕو مەزەبو پرنسیپەکان بەهەموو جۆرو شێوەکانیانەوە هەیە، جا ئەو پرنسیپانە چ رامیاری بن یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یانیش فەلسەفی بن))[٦].

هەروەها یاسازانی فەرەنسی پرۆفیسۆر بۆرکین پێناسەی دەکاتو دەڵێ: (( تاوانەکانی رۆژنامەگەری بریتین لەو تاوانانەی کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی




ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی خراپ هەیە ))[٧].

هەروەها هەندێکی تریش پێناسەی دەکەنو دەڵێن :

((تاوانەکانی بلاوکردنەوە ئەو تاوانانەن کە لە رێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوەو لە ئاکامی بەکارهێنانی ئازادی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی خراپ روودەدەن))[٨].

لەم پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە، پێناسەی یەکەمیان، تەنها باسی ناوەرۆکی بلاوکردنەوەی کردووە، بێ ئەوەی باسی ئەوە بکات کە ئەو هزرو باوەڕانە بەکارهێنانێکی خراپی ئازادی بیروڕای لەخۆ گرتووە، هەروەها بەبێ ئەوەی ئەو هۆکارانەش دەسنیشان بکات کە ڕەنگبێت بەهۆیانەوە تاوانەکانی رۆژنامەگەری روودەن.

هەروەها، سەبارەت بە پێناسەی دووەمیشیان، روونو ئاشکرا نیەو ئەویش هەروەکو پێناسەی پێشوو بەلای ناوەرۆکی ئەو تاوانانەو ئەو هۆکارانەشدا نەچووە کە بەهۆیانەوە ئەنجام دەدرێن.

دەتوانین بڵێین، پێناسەی سێیەم، هەرچەندە تایبەتە بە تاوانەکانی بلاوکردنەوە، بەلام خۆیلەخۆیدا تاوانەکانی رۆژنامەگەریش دەگرێتەوە، چونکە

ڕۆژنامەگەری کەناڵێکە لە کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەو تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریش لە ئاکامی بەکارهێنانی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە بە شێوەیەکی خراپ ڕوودەدەن، لە هەردوو پێناسەکانی‌تر باشترە چونکە زۆربەی ڕەگەزەکانی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری لەخۆ گرتووە.

## ١-٢ سروشتی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری

یاسازانانان بیروڕایان لەبارەی سروشتی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە لێك جیاوازە، هەندێکیان دەڵێن[٩]، تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری تاوانێکی ئاسایین وەکو گشت تاوانەکانی تری یاسای گشتی‌و جیاوازییان لەگەڵ تاوانەکانی تری یاسای گشتی تەنها لە ڕووی ئەو هۆکارانەوەیە کە ئەو تاوانانەی پێ ئەنجام دەدرێ‌و جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە تاوانەکانی تری پێ ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە، ڕۆژنامەو گۆڤارو ئیزگەو تەلەفزیۆن‌و ئینتەرنێت، بۆ ئەنجام دانی ئەم تاوانانە، شوێنی شیرو تیرو خەنجەرو چەقۆو دەمانچەو تفەنگو کەرەستەکانی تر دەگرنەوە.

ئەو یاسازانانە پێیان وایە، ئەو هۆکارانەی کە ئەو تاوانانەی پێ ئەنجام دەدرێت، هیچ لە سروشتی ئەو تاوانانە ناگۆڕێت، تەنها ئەوەندە نەبێت، بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە لە سەپاندنی سزادا بە زەرفێکی توند (ظرف مشدد) دادەندرێت[١٠].

بەڕای ئەو یاسازانانە، یاسا هەندێك کردەوەی بە تاوان داناوەو سزاشی بۆ داناوە، لە کاتێکدا ئەنجامدانی ئەو کردارانە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە بێت یان لە ڕێگای هەر ئامرازێکی‌تری بڵاوکردنەوەوە بێت، لە سەپاندنی سزادا، بە زەرفێکی توند دادەندرێت[١١].

سەبارەت بە پابەندبوونی ئەو تاوانانە بە هەندێك حوکمو بنەمای تایبەتی، ئەو یاسازانانە دەڵێن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نابێ ئەو تاوانانە پابەندی هەندێك حوکمی تایبەتی بن کە زۆر یان کەم جیاوازییان لەگەڵ ئەو حوکمانەدا هەبێ کە تاوانەکانی تری یاسای گشتی پابەندی‌بوونە.

هەندێك یاسازانی تریش هەن[١٢]، دەڵێن، تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری سروشتێکی تایبەتیان هەیە، چونکە تەنها لە ڕێگای کردارێکی ماددییەوە ڕوونادەن، بەڵکو لە ئاکامی بڵاوکردنەوەی بیروڕاو هزر بە نیازێکی خراپەوە ڕوو دەدەن.

ئێمە پێمان وایە، تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ تاوانەکانی‌تری یاسای گشتی هەیەو جیاوازییان تەنها لەو ئامرازانەدا نیە کە ئەو تاوانانەی پێ ئەنجام دەدرێت لەچاو تاوانەکانی تری یاسای گشتی، بەڵکو لە جیاوازی سروشت‌و ئاکامەکانیاندایە. بۆ نموونە، تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری بە پێچەوانەی تاوانەکانی تری یاسای گشتی هیچ ئاکامێکی ماددی ڕاستەوخۆیان لێ ناکەوێتەوەو لە دەستدرێژیکردنە سەر ئیعتباری ئەدەبی‌و ئاشکراکردنی نهێنی‌و چەواشەکردن‌و هاندان بەولاوە، مەگەر بە دەگمەن ئەگینا ڕەچاوی زیاتریان لێ ناکرێ. بۆیە بە تاوانی تایبەتی دادەندرێن‌و جیاوازییان لەگەڵ تاوانەکانی تر هەیەو ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشتی ئەو تاوانانە لەچاو تاوانەکانی‌تر.

بۆیە، چونە دەرەوەی هەندێك یاسادانەر لە بنەما گشتییەکان (القواعد العامة)ی تاوانەکانی یاسای گشتی، لە ڕێکخستنی تاوانەکانی چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەگەریداو خۆبەستنەوەیان بە هەندێك بنەمای تایبەتی شتێکی ئاساییە، بەڵکو سروشتی ئەو تاوانانە دەیسەپێنێ‌و ئەو یاسادانەرانە مەبەستیان بووە، واز لەو بنەما گشتییانە بهێنن. بۆنموونە، هەندێك لەو یاسادانەرانە لەو بنەماگشتییە دەردەچن کە دەڵێ،

دادگای تاوانی کەتن (جنحة) دادگایەکی تایبەتمەندە بە تەمەشاکردنی کێشەکانی تاوانی کەتن. بۆیە، لە یاساکانیاندا، دادگای تاوانی گەورەکەتنەکان (جنايات) تایبەتمەند دەکەن بە تەمەشاکردنی ئەو تاوانە کەتنانەی کە لە ڕێگای بلاوکردنەوەوە ڕۆژنامەگەریەوە ڕوودەدەن[١٣].

کەواتە، ئەو یاسادانەرانەی کە لە تاوانەکانی چاپەمەنیو ڕۆژنامەگەریدا ڕێگایان بە (التوقيف الاحتياطي) نەداوە[١٤]. یاخود ئەو تاوانانەیان هەموو لە دووتوێی یاسای چاپەمەنی یان ڕۆژنامەگەریدا کۆکردۆتەوە[١٥]، لەبەر تایبەتمەندی ئەو تاوانانەئەمەیان کردووەو مەبەستیان بووە لە تاوانەکانی تری یاسای گشتی جیایان بکەنەوە.

بۆیە دەڵێین، لادانی هەندێك یاسادانەر لە هەندێك بنەمای شێوەیی ( قواعد شكلية) یان بنەمای بابەتی (قواعد موضوعية) سەبارەت بە هەندێك لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری، یان کۆکردنەوەی ئەو تاوانانە لە دووتوێی یاسای چاپەمەنیو ڕۆژنامەگەریدا هەروەها ڕێگانەدانیان بە(التوقيف الاحتياطي) لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو تاوانانە سروشتێکی تایبەتییان هەیەو لە تاوانەکانیتری یاسای گشتی جیاوازن.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەگەربێتو لە ڕووی ڕایەڵەکانەوە سەیری تاوانە ئاساییەکانی یاسای گشتی بکەین، دەبینین، لە ڕووی ڕایەڵی شەرعییەوە بۆ تاوانە ئاساییەکانو تاوانە سەربازییەکان دابەش کراون. بەو پێیەی تاوانە ئاساییەکان لە یاسای سزادانو یاساکانی تری تەواوکەر دەقنووس کراونو تاوانە سەربازییەکانیش لە یاسای سزادانی سەربازیدا دەقنووس کراون[١٦]. کەواتە دەکرێ ئەو تاوانانەی لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا دەقنووس دەکرێن، پێیان بڵێین تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری. هەروەها لە ڕووی ڕایەڵی مەعنەویشەوە بۆ تاوانە بە ئەنقەستەکان (الجرائم العمدية)و تاوانە نائەنقەستەکان (الجرائم غير العمدية) دابەش کراون[١٧]. لە کاتێکدا، تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری بەزۆری تاوانی بە ئەنقەستنو بەدەگمەن بە هەڵە ڕوودەدەن، چونکە ڕایەڵی ماددی بۆ هاتنەدی بەرپرسێتی تاوانکاری لەم تاوانانەدا، بەس نیە، بەڵکو بۆ هاتنەدی ئەم بەرپرسیارێتییە دەبێ مەبەستی تاوانکاریش هەبێ کە ڕایەڵی مەعنەوی نیشان دەدات، هەروەها ئەم تاوانانە بە پێچەوانەی تاوانە ئاساییەکان، لە ئاکامی کۆمەڵە کردارێکی هزرییەوە ڕوو دەدەن نەك ماددی، بۆیە ئاکامەکانیشیان بەزۆری لەسەر لایەنە هزریو مەعنەوییەکانەوە دەبێ نەك شتە ماددییەکان. هەروەها لەڕووی جۆری ئەو زیانانەش کە لێیان دەکەونەوە، دیسان لەگەڵ تاوانە ئاساییەکان جیاوازییان هەیە، چونکە بە زۆری زیانی مەعنەویان لێ دەکەوێتەوە، هەندێ جار نەبێ کە بە شێوەیەکی لاوەکی زیانی ماددییان لێ دەکەوێتەوە، وەك تانەدان لەو کەلوپەلو خزمەتگوزارییانەی کە کۆمپانیایەك پێشکەشی جەماوەر دەکات، ئەگینا ڕاستەوخۆ زیانی ماددییان لێ ناکەوێتەوە.

لە کۆتاییدا، بە دڵنیاییەوە دەڵێین، تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری لەبەر ئەو تایبەتمەندێتییەی هەیەتی بە تاوانی تایبەتی دادەندرێن. هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە یاسادانەری هەرێمی کوردستان دەکەین، لە پێناو ڕەخساندنی دەرفەتێکی زیاتر بۆ ڕۆژنامەنووسانو ئازادکردنی ڕۆژنامەگەری لەو کۆتو بەندانەی کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەمیدا ، ئەم تایبەتمەندییە لە یاسای چاپەمەنیدا لەبەرچاو بگرێتو سزا ئازادی

سێنەکان لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بهێڵێتەوەو لەجیاتی ئەوە جەخت لەسەر غەرامەی دارایی‌و قەرەبووی زیان لێکەوتوو بکاتەوە.

## ١-٣ ڕایەڵەکانی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری (ارکان جرائم الصحافة)

بەشێوەیەکی گشتی تاوان دوو ڕایەڵی هەیە[١٨] کە بریتین لە ڕایەڵی ماددی- و ڕایەڵی مەعنەوی- [١٩]. بەم ڕایەڵانەش دەوترێ، ڕایەڵە گشتییەکانی تاوان[٢٠]، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی کە گشت تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بریتییە لە ڕایەڵی بەئاشکرایی، کە بەڕای ئێمە ڕایەڵێکی ئیزافییە، بۆیە ئێمە پشگیری ئەو بۆچوونە ناکەین کە ڕایەڵی بەئاشکرایی لەم تاوانەدا بە بەشێك لە ڕایەڵی ماددی دەزانێ لەبەرئەوە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو ڕایەڵە گشتییانە دەکەین کە هاوبەشن لە نێوان تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری‌و تاوانەکانی تردا، ئینجا بە خەستی لە ڕایەڵی بەئاشکرایی دەکۆڵینەوە، چونکە ئەم ڕایەڵە لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا بە خەسڵەتێکی سەرەکی دادەندرێت.

لە خوارەوە لە سێ خاڵدا باسی ئەم ڕایەڵانە لە یاسای سزادانی عێراقی‌و بەراورددا دەکەین بەوسیفەتەی کە یاسایەکی بەرکارە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا :

**یەکەم : ڕایەڵی ماددی**

یاسای سزادان لەسەر پرنسیپێکی گرنگ دامەزراوە، ئەویش ئەوەیە، تەنها بیرکردنەوەو بڕیاری ناوناخ(القرار الكامن في النفس) لە ئەنجامدانی تاوان بە تاوان دانادرێ مەگەر ئەم بیرکردنەوەیە لە قەوارەیەکی ماددی‌و هەستپێکراوەوە بەرجەستە بێت کە پێی دەوترێ ڕایەڵی ماددی تاوان[٢١]. ئەمەو یاسازانیی تاوانکاری (الفقه الجنائي) لەسەر پرنسیپی ((**هیچ تاوانێك بەبێ ڕەفتاری ماددی ڕوونادات**)) ڕێککەوتوون.

بێگومان ئەمەش لەگەڵ پرنسیپێکی تری هاوچەشن دەگونجێ، ئەویش ڕێزگرتنە لە ژیانی تاکەکەس. واتە دەبێ واز لە تاکەکەس بهێندرێ بیر لە چی دەکاتەوەو باوەڕی بەچی هەیەو نابێ یاسا سزای بەسەردا بسەپێنێ مەگەر ئەو بیروباوەڕەی کە یاسا ڕەتیدەکاتەوەو سروشتێکی ماددی هەستپێکراو وەرگرێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئەو هیواو ئاوات‌و ئارەزووو بیرو هزرانەی کە لەناو مێشکیدا دەخولێنەوە بە ڕایەڵی ماددی دانانردێن هەتا نەگۆڕێن بۆ چالاکییەکی ماددی هەستپێکراو لە واقیعدا. لەم بارەیەوە یاسای سزادانی عێراق پێناسەی ڕایەڵی ماددی تاوان دەکات‌و دەڵێ : ((**ڕایەڵی ماددی تاوان بریتییە لە ڕەفتارێکی تاوانکاری لە کردنی کردارێك یان نەکردنی کردارێك کە یاسا فەرمانی پێکردووە**))[٢٢].

لە شیکردنەوەی ئەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێ، ڕایەڵی ماددی لە تاوانی تەواودا لە سێ ڕەگەز پێکدێت، بریتین لە ڕەفتاری تاوانکاری‌و ئەنجامی زیانبەخش‌و پەیوەندی هۆکاری لەنێوان ڕەفتاری تاوانکاری‌و ئەنجامی زیانبەخشدا. لە خوارەوە لە سێ خاڵدا بە کورتی باسی هەریەکێك لەو ڕەگەزانە دەکەین :

### ١- ڕەفتاری تاوانکاری

ڕەفتاری تاوانکاری ئەو چالاکییە مادییە دەرەکییەیە کە تاوانی لێ پێکدێت[٢٣]. تاوان بە

گشتی پۆزەتیڤ دەبێت ئەگەر بێتو لە ئاكامی چالاكییەكی پۆزەتیڤەوە بێتە دی، یانیش نێگەتیڤی دەبێت، ئەگەر بێتو لە ئاكامی چالاكییەكی نێگەتیڤییەوە بێتە دی[٢٤].

تاوانی ڕۆژنامەگەریش وەكو گشت تاوانێكیتر، تەنها لە ڕێگای ڕەفتاری تاوانكاری پۆزەتیڤەوە روو نادات، بەڵكولە ڕێگای نەكردنو وازلێهێنانیشەوە ڕوودەدات. بۆنموونە، تاوانی بوختانپێكردنو جوێنپێدان (تانەو تەشەردان لە خەڵكی)، تاوانێكی پۆزەتیڤە[٢٥]، بەڵام ڕاست نەكردنەوەی ئەو زانیارییە چەوتانەی كە لە ڕۆژنامەدا بڵاوكراونەتەوە، هەروەها بڵاونەكردنەوەی بەدواداچوونی ئەو بابەتانە لەلایەن خاوەنەكانیان یان ئەوكەسانەی پەیوەندیان پێوەهەیە، تاوانێكی نێگەتیڤە[٢٦].

## ٢- ئەنجامی تاوانكاری

مەبەست لە ئەنجامی تاوانكاری ئەو گۆڕانكارییەیە كە لە ئاكامی ڕەفتاری تاوانكاری لە جیهانی دەرەوەدا روو دەدات بە چەشنێك دەبێتە مایەی دەستدرێژیكردنەسەر مافێك یان بەرژەوەندییەك كە یاسادانەر پاراستنی سزایی بۆ دەستەبەر كردبێت[٢٧].

هەرچەندە، بەرپرسیارێتیی تاوانكاری لەم ڕووەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ بەرپرسیارێتیی شارستانیدا، لەكاتێكدا كە بەرپرسیارێتی شارستانی لەگەڵ زیاندا بە بوونو بە نەبوون دەخولێتەوە، چونكە زیان ڕایەڵێكە لە ڕایەڵەكانی ئەو بەرپرسیارێتییە، كەچی بە پێچەوانەی ئەوە، ئەگەر زیانیش نەبێت، بەرپرسیارێتیی تاوانكاری هەر دێتەدی، چونكە، ئەو بەرپرسیارێتییە لەگەڵ هەڵە (خطأ) بە بوونو بە نەبوون دەخولێتەوە [٢٨].

## ٣- پەیوەندی هۆكاری

مەبەست لە پەیوەندی هۆكاری وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەكانی ڕایەڵی ماددی تاوانی ڕۆژنامەگەری، ئەو پەیوەندییەیە كە ڕەفتاری تاوانكاریو ئەنجامە زیانبەخشەكەی بەیەكەوە دەبەستێتەوە، بە چەشنێك ئەوە بسەلمێنێ كە ئەو ڕەفتارە تاوانكارییەی ڕووی داوە بۆتە هۆی ڕوودانی ئەنجامە زیانبەخشەكە[٢٩].

هەندێجار زیاتر لە هۆكارێك بۆ ڕوودانی ئامانجی تاوانكاری لەگەڵ ڕەفتاری تاوانكاردا بەشداری دەكەن. لەو حاڵەتەشدا گرفتمان بۆ دێتە ڕێگاوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا بەشداریكردنی ئەو هۆكارانە بەیەكەوە، پەیوەندی هۆكاری ناهێڵێ یانیش وەكو خۆی دەیهێڵێتەوە؟

یاسازانیو دادگەری (الفقه والقضاء) بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە، چەند تیۆرێكیان داناوە، لەوانە تیۆری هۆكاری گونجاو (السبب الملائم) و تیۆری هاوسەنگی هۆكارەكان (تعادل الاسباب)[٣٠].

یاسادانەری عێراقی بۆ بەدەرخستنی پەیوەندی هۆكاری لە نێوان ڕەفتاری تاوانكاریو ئەنجامی تاوانكاریدا كاری بە تیۆری هاوسەنگی هۆكارەكان كردووە[٣١]، بەم پێیە ئەو كەسەی تاوانێكی ڕۆژنامەگەری ئەنجام دەدات، لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ دەكرێت، ئەگەر بێتو ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە، بە تەنها لە ئاكامی ڕەفتارە تاوانكاریەكەی ئەو ڕووی نەدابێ، بەڵكو پێشتر یان دواتر یان دەمودەست هۆیتر هەبووبێتو بەشدارییان لە ڕوودانی كردبێت.

### دووەم: ڕایەڵی مەعنەوی

لەو كاتەی ڕایەڵی ماددی ڕەگەزە ماددییەكەی تاوان لەخۆ دەگرێت، ڕایەڵی مەعنەویش ڕەگەزە دەروونییەكانی تاوان لەخۆ دەگرێت. چونكە تاوان

بەتەنها قەوارەیەکی ماددی نیە، پێکهاتبێ لە کارو ئاکامەکانی، بەڵکو قەوارەیەکی دەروونیشە پێکهاتووە لە رەگەزە دەروونیەکانو پێی دەوترێ رایەڵی مەعنەوی[٣٢].

جا پەیوەندیی دەروونی لە نێوان تاوانکار (الجاني)و ئەو رەگەزە ماددییە نارەوایانە بە یەکێك لەم دوو شێوەیە خۆی دەنوێنێ، یان لە شێوەی مەبەستی تاوانکاری (القصد الجرمي) یان لە شێوەی هەڵەی نامەبەست (الخطأ غير العمدي)[٣٣].

جا لەبەرئەوەی تاوانەکانی رۆژنامەگەری بەگشتی تاوانی بەئەنقەستن[٣٤] بۆیە بە دەگمەن پێشبینی دەکرێ ئەو تاوانانە لە رێگای هەڵەی نامەبەستەوە رووبدەن، بەڵکو تاوانکار بەزۆری ویستو ئارەزووی خۆی ئاراستە دەکات بۆ بەدیهێنانی تاوانەکەی، بۆیە لەو تاوانانەدا، مەبەستی تاوانکاری رایەڵی مەعنەوی دەنوێنێ. جا لەبەرئەوە، لە خوارەوە تەنها باسی مەبەستی تاوانکاری دەکەین.

یاسازانانی موسڵمان پێناسەی مەبەستی تاوانکارییان کردووەو دەڵێن: (( مەبەستی تاوانکاری بریتییە لە کردنی کارێك یان نەکردنی، هەروەها رازیبوون بەو ئاکامانەی لێی دەکەوێتەوە ))[٣٥].

( ئۆرتلانیش)ی یاسازانان پێناسەی مەبەستی تاوانکاریی کردووەو دەڵێ :

(( مەبەستی تاوانکاری بریتییە لە ئاراستەکردنی کارێك یان نەکردنی بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە زیانبەخشەی کە تاوانی لێ پێکدێت))[٣٦].

هەروەها یاسادانەری عێراقیش پێناسەی کردووەو دەڵێ : (( مەبەستی تاوانکاری بریتییە لە ئاراستەکردنی ویستو ئارەزووی تاوانکار بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی تاوانی لێ پێکدێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەنجامی ئەو تاوانەی کە روویداوە یان هەر ئەنجامێکی تاوانکاری تر))[٣٧].

لەمدەقەدا بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکی مەبەستی تاوانکاری ئەوە دەگەیەنێ کە تاوانکار ئاگاداری ئەو رەگەزانەیە کە تاوانی لێ پێکدێت، هەروەها ویستو ئارەزووی خۆشی ئاراستە کردووە بۆ هێنانەدیو قبووڵکردنی ئەو رەگەزانە. هەرچەندە ئەو هۆیەی پاڵی بە تاوانکارەوە ناوە بۆ پێکانی تاوانەکەی بەشێك نیە لە رەگەزەکانی مەبەستی تاوانکاری، بەڵام لە هەندێ تاواندا نرخ بۆ ئەو هۆیە دادەنرێ کە پاڵی بە تاوانکارەوە ناوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەیو دەبێتە بەشێکیش لە مەبەستی تاوانکاریو پێی دەوترێ مەبەستی تایبەتی (القصد الخاص)[٣٨].

کەواتە، مەبەستە گشتییەکەی تاوانکاری (القصد الجرمي العام)مەرجە بۆ بوونی گشت تاوانەکانی رۆژنامەگەریو لە زۆربەی ئەو تاوانانەدا بەوەندە وازدەهێنرێ. بەڵام هەندێجار یاسادانەر هەندێ لەو تاوانانە بەو مەبەستە دەبەستێتەوە کە تاوانکار هەوڵی بۆ داوە یان ئەو هۆیەی کە پاڵی پێوە ناوە بۆ کردنی تاوانەکە[٣٩].

بۆنموونە، تاوانی بڵاوکردنەوەی ئەو کاروبارانە، کە مەبەست لە بڵاوکردنەوەیاندا، کارتێکردن بێت لە دادوەرو شایەتەکان هەروەکو لە ماددە (٢٣٥)ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە کە ئەمەش دەقەکەیەتی : ((ئەو کەسەی بە یەکێك لە رێگاکانی ئاشکرایی کاروبارێك بڵاوبکاتەوە لەوانەبێ کار لەو دادوەرانە بکات کە ئەرکی یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی بەرزکراوەی بۆ لایەنێك لە لایەنەکانی دادگا پێ سپێردرابێت یان کارمەندانی دادگا یان فەرمانبەرانی لێکۆڵینەوە یان کارکردن لە شارەزایان یان ناوبژیوانان

(المحكمين) يان ئەو شايەتانەى كە داوايان لێدەكرێ لەو كێشەيەدا شايەتى بدەن ..... بە گرتن بۆ ماوەيەك لە ساڵێك زياتر نەبێ لەگەڵ غەرامەيەك لە سەد دينار زياتر نەبێ يانيش بە يەكێك لەو دوو سزايە سزا دەدرێ )).

بەم شێوەيە، لە تاوانەكانى ڕۆژنامەگەريدا، ئەگەر مەبەستى تاوانكارى بە هەردوو ڕەگەزەكەيەوە -ئاگادارى و ئيرادە (العلم والارادة)- هەبوو ماناى ئەوەيە ڕايەڵى مەعنەوى هاتۆتە دى و ئەركى سەلماندنى ئەمەش دەكەوێتە ئەستۆى ئەو دەسەڵاتەى كە تۆمەتەكە ئاراستە دەكات و دەبێ ئەو دادوەرەى كە كێشەكە يەكلا دەكاتەوە بەڵگەى بوونى مەبەستى تاوانكارى لەلايەن تاوانكارەوە بەدەربخات ئەگەر بيەوێ حوكم بە ئيدانەكردنى بدات[٤٠].

**سێيەم : ڕايەڵى بەئاشكرايى (ركن العلانية)**

بە ئاشكرايى (علانية) لە ڕووى زمانەوانييەوە واتاى بەدەرخستن و بلاوكردنەوە دەگەيەنێت، بەڵام لەڕووى زاراوەييەوە بە ماناى گەياندنى زانيارى لەبارەى ڕووداوێك يان كردارێك بە خەڵك دەبەخشێت جا چ بەقسە بێت يان بەكردار يان بە نووسين يانيش بەهەر هۆكارێكى‌ترى گەياندن بێت.

هەندێ ياسازان بلاوكردنەوە يان ئاشكرايى لە تاوانەكانى ڕۆژنامەگەرى بە ڕايەڵى ماددى دادەنێن بە بيانووى ئەوەى، گوايە بلاوبوونەوە هۆى سەرەكيە لە سەپاندنى سزادا[٤١].

بەڵام هەندێكى‌تر بە ڕايەڵێكى تايبەتى دادەنێن و دەڵێن ياسادانەر گريمانەى كردووە بە نەبوونى ئەم ڕايەڵە تاوانى ڕۆژنامەگەرى، بەو وەسفە ياساييەى كە بۆى كراوە، بوونى نيە[٤٢]. بێگومان، مەترسيى تاوانەكانى ڕۆژنامەگەرى لەسەر بەهاى باڵاو بەرژەوەندييە گشتييەكانى كۆمەڵ و تاكەكەس كە ياسا دەيانپارێزێت، تەنيا خۆى لە نووسين و ئەوانەى لە حوكمى ئەودانە نابينێتەوە، بەڵكو خۆى لە ئەنجامدانى ئەو تاوانانە بەشێوەيەكى ئاشكراوە دەبينێتەوە. بۆيە، دەتوانين بڵێين، كردارى نووسين لە تاوانەكانى ڕۆژنامەگەريدا، ڕايەڵى ماددى دەنوێنێ، لەكاتێكدا، كردارى بلاوكردنەوە، ڕايەڵى تايبەتى دەنوێنێ و بە نەبوونى ئەو ڕايەڵە تاوانى ڕۆژنامەگەرى بوونى نييە.

ئێمەش پشتگيرى ئەو ڕايە دەكەين و دەڵێين، بلاوكردنەوە و ئاشكرايى لە تاوانەكانى ڕۆژنامەگەريدا، ڕايەڵێكى تايبەتيە لەپاڵ هەردوو ڕايەڵى ماددى و مەعنەويدا و بە نەبوونى ئەم ڕايەڵە تاوانەكانى ڕۆژنامەگەرى وەكو ئەو وەسفەى بۆى كراوە ڕوونادات چونكە بلاوكردنەوە و ئاشكرايى مەرجێكى بنەڕەتە بۆ سەپاندنى سزا لە تاوانەكانى ڕۆژنامەگەريدا و ياسا هيچ كارێكى بە هزر و بيروڕا نيە هەرچەندى زيان بەخشيش بێت مەگەر بە ئاشكرا گوزارشتى لێ بكرێت[٤٣]. بۆنموونە، لە تاوانەكانى بوختانپێكردندا كە لە برگەى يەكەمى ماددەى (٤٣٣) و تاوانەكانى ئاشكراكردنى نهێنى كە لە برگەى يەكەمى ماددەى (٤٣٨)ى ياساى سزادانى عێراقيدا هاتووە، بلاوكردنەوە و ئاشكرايى ڕايەڵێكى تايبەتيە لە ڕايەڵەكانى ئەم تاوانانە لەپاڵ هەردوو ڕايەڵى ماددى و مەعنەويدا و بە نەبوونى ئەم ڕايەڵە تاوانى بوختانپێكردنى ئاشكرا و ئاشكراكردنى نهێنى بەگوێرەى ئەو وەسفەى لە دەقى ئەو دوو ماددەيەدا بۆيان كراوە ڕوونادات. بەڵام ئەم بنچينەيە ڕەهانيە ، بەڵكو بلاوكردنەوە و ئاشكرايى لە هەندێ تاواندا تەنها ڕۆڵى توندكردنى سزا دەبينێ هەروەكو لە

ماددەی (٤٣٤)ی یاسای سزادانی عێراقیدا ئەم ڕۆڵەی بینیوە،ئەمەو هەندێك دەوڵەت لە یاساكانیاندا ئەو هۆكارانەیان دەسنیشان كردووە كە بە هۆیانەوە بڵاوكردنەوەو ئاشكرایی دێتەدی.

یاسادانەری میسری، لە ماددە (١٧١)ی یاسای سزادانی ژمارە (٥٧)ی ساڵی ١٩٣٨دا ئەم هۆكارانەی دەسنیشان كردووەو دەڵێ : (( هەریەكێك كەسێك یان زیاتر لە كەسێك بۆ كردنی كەتنێكی گەورە (جینایەتێك) یان كەتنێك (جونحەیەك) چ بە قسە یان بە هاواركردن یان بە كردەوە یان بە نووسین یان بە ڕەسم یان فۆتۆ یان بە هێما یان بە هەر ڕێگایەكی‌تر لە ڕێگاكانی ئاشكراكردن یان بە هەر هۆكارێكی‌تر لە هۆكارەكانی ئاشكرایی ئیغرا بكات بە بەشدار دادەنرێ لە كردنیدا ، قسكردنو هاواركردن بە ئاشكرا دادەنرێ ئەگەرهاتوو بە یەكێك لە ئامرازە میكانیكیەكان لە دانیشتنێك یان شوێنێكی گشتیدا دركێندرا .....))[٤٤].

لە دەقی ماددە (١٧١)دا بۆمان دەردەكەوێ كە یاسادانەری میسری سێ جۆرە هۆكاری بۆ گوزارشتكردنو سێ ڕێگاشی بۆ بڵاوكردنەوەو ئاشكراكردن بە نموونە هێناوەتەوە[٤٥] ئەمەشمان لە دەستەواژەی ( بەهەر هۆكارێك لە هۆكارەكانی گوزارشتكردن ) و ( بەهەر ڕێگایەك لە ڕێگاكانی نواندن )كە لە دەقی ماددەی ناوبرادا هاتووە بۆ دەردەكەوێ.




هەروەها یاسادانەری فەرەنسی لە یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٨٨١ی هەمواركراودا لە ماددەی (٢٣)[٤٦]دا هۆكارەكانی ئاشكراكردنی بەم شێوەیەی خوارەوە دەسنیشان كردووە:

١- قسەكردنو هاواركردنو هەڕەشەكردن لە كۆبوونەوە گشتییەكانو شوێنە گشتییەكاندا.

٢- بڵاوكردنەوە لە ڕێگای نووسینو چاپەمەنیە فرۆشراوەكان یان ئەوانەی كە بۆ فرۆشتنو دابەشكردن لە شوێنە گشتییەكانو كۆبوونەوە گشتییەكاندا نمایش كراون.

٣- بڵاوكردنەوە لە ڕێگای ئەو ریكلامانەی كە لە شوێنە گشتییەكاندا هەڵدەواسرێنو نمایش دەكرێن.

هەروەها یاسادانەری فەرەنسی سەبارەت بە هەندێك تاوانی ڕۆژنامەگەری، وەك تاوانەكانی خەبەردانی بە درۆ كە لە ماددەی (٢٧)[٤٧]دا هاتووە، هەروەها تاوانی ئیهانەكردنی سەرۆكی وڵاتو سەرۆكی حكومەتو وەزیری دەرەوەی وڵاتە بیانییەكان كە لە ماددەی (٣٦)[٤٨]دا هاتووە، هەروەها تاوانی تانەوتەشەردان لەو سەفیرو وەزیرە مفەوەزانەی كە لەلایەن حكومەتەكانیانەوە بۆ ڕاپەڕاندنی كاری ئیداریو دیپلۆماتی بۆ فەرەنسا نێردراون كە لە ماددەی (٣٧)[٤٩]دا هاتووە، تەنها مەرجی بوونی ڕایەڵی بەئاشكرایی (علانیە)ی داناوە بەبێ ئەوەی ئەو هۆكارانە دەسنیشان بكات كە بەهۆیانەوە بڵاوكردنەوەكە ئەنجام دەدرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئاشكرایی (علانیة) لەم تاوانانەدا

لەرێگای یەکێك لەو هۆکارانەی کە لە ماددەی (٢٣)دا ئاماژەی پێ کراوە دێتە دی. ئەمەش خۆی‌لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە دەقنووسکردنی ئەو هۆکارانە لە دووتۆی ماددەی ناوبراودا تەنها بۆ نموونەیەو دەکرێ لە رێگای هۆکاری تریشەوە بلاوکردنەوە ئەنجام بدرێت و ئاشکرایی بێتەدی وەکو پەخشی لاسلکیو تەلەفزیۆنیو ئینتەرنێت.

بەلاّم یاسادانەری عێراقی، لە برگەی سێیەمی ماددە (١٩)ی یاسای سزاداندا[٥٠] بەم شێوەیەی خوارەوە هۆکارەکانی بەئاشکرایی (وسائل العلانية) ی دەسنیشان کردووە :

١- کردەوەو ئیشارەتو جولاّنەوە.
٢- قسەکردنو هاوارکردن.
٣- رۆژنامەگەریو چاپەمەنی.
٤- نووسینو رەسمو وێنەو فیلمو ئارم.

هەروەها ئەو رێگایانەش کە بەئاشکرایی پێ دێتەدی، بەم شێوەیەی خوارەوە دەسنیشان کردووە:

١-ئاشکرایی کردەوەو ئیشارەتو جولاّنەوە (علانية الاعمال والاشارات والحركات).

٢- ئاشکرایی قسەکردنو هاوارکردن (علانية القول والصياح).

٤- ئاشکرایی نووسینو رەسمو وێنەو فلیم و ئارم له دەقی ماددە (١٩)ی یاسای سزادانی عێراقیدا بۆمان دەردەکەوێ کە یاسادانەری عێراقی‌لە ئاماژەکردن بەو هۆکارانەی کە لە رێگایانەوە گوزارشت دەکرێت، هەروەها ئەو رێگایانەش کە بەئاشکرایی (علانية)ی پێ دێتەدی، هەمان رێچکەی یاسادانەری میسری گرتۆتەبەر.

بەرای ئێمە، واچاکە یاسادانەری عێراقی خۆی لە ریزکردنی ئەو هۆکارانەی کە گوزارشتیان پێ دەکرێت هەروەها ئەو رێگایانەش کە ئاشکراییان (علانية)ی پێ دێتەدی، دوور بخاتەوەو تەنها مەرجی بوونی رایەلّی بەئاشکرایی (علانية) دابنێت، بێ ئەوەی ئەو هۆکارانە دەسنیشان بکات کە بەهۆیانەوە بلاّوکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت یان ئاشکرا دەکرێت یان بە راشکاوی بلێ ئەم نموونانە وەکو نموونەی ئاشکرایی دێنینەوە. چونکە ئەمرۆ لەسایەی تەکنەلۆژیای نوێوە، دنیا زوو زوو داهێنانی نوێ لە بواری گەیاندنو رۆژنامەگەریدا بەخۆیەوە دەبینێ، بە چەشنێك ریزکردنی ئەم وەسیلانە لە رووی پراکتیکەوە هیچ بایەخی نابێت.

## ١-٤- ئەو تاوانانەی کە لە رێگای رۆژنامەگەرییەوە روودەدەن

**تاوانەکانی رۆژنامەگەری، بریتین لەو تاوانانەی کە لە رێگای رۆژنامەگەرییەوە روودەدەن، جا یاسادانەر لە رێگای دەقەکانی یاسای سزادان یان یاسای رۆژنامەگەریو یاسای چاپەمەنی یان یاسا تایبەتییەکانی تردا خەسلەتی نارەوایەتی بەم کردارانە** دەبەخشێت. بەم پێیە، دەقنووسکردنی تاوانەکانی رۆژنامەگەری‌لە یاسای ولاّتێکەوە بۆ یاسای ولاّتێکی تر دەگۆرێت.

**یاسادانەری فەرەنسیو لوبنانی کاریان بە سیستەمی یەکبوونی یاسا (وحده التشريع) کردووە له دەقنووسکردنی ئەو تاوانانەدا. جا یاسادانەری فەرەنسی بۆ ئەم مەبەستە، له یاسای رۆژنامەگەری سالّی ١٨٨١ی هەموارکراودا لە بابی چوارەمدا لەژێر ناوونیشانی** « ئەو کەتنو گەورەکەتنانەی کە لە رێگای رۆژنامەگەرییەوە یان هەر رێگایەکی‌تری بلاوکردنەوەوە روودەدەن » (

) لە ماددەی

(٢٣) تاکو ماددەی (٤١) دەسنیشانکردووە.

هەروەها یاسادانەری لوبنانی، لەژێر ناوونیشانی "تاوانەکانی چاپەمەنی" ئەو تاوانانەی لە ماددەی (١) تاکو ماددەی (٢٥)ی مەرسومی یاسایی ژمارە (١٠٤)ی ساڵی ١٩٧٧ کە جێگای ماددەی (٥١) تاکو ماددەی (٧١)ی یاسای چاپەمەنی ساڵی ١٩٦٢ی گرتۆتەوە، دەسنیشان کردووە.

بەڵام یاسادانەری میسری، لە یاسای سزادانیدا هەندێ تاوانی رۆژنامەگەری لە بابی چواردەی کتێبی دووەمدا لەژێر ناوونیشانی "ئەو کەتنانەی لە رێگای رۆژنامەگەریو رێگاکانی ترەوە روودەدەن" لە ماددەی (١٧١) تاکو ماددەی (٢٠١) دەقنووس کردووەو هەندێکی تریشی لە بابی حەوتەمی کتێبی سێیەمدا لەژێر ناوونیشانی "تانەوتەشەرو جوێنپێدانو ئاشکراکردنی نهێنی– القذف والسب وافشاء الاسرار" لە ماددەی (٣٠٢) تاکو ماددەی (٣١٠)، هەروەها لە بابی یانزەمی کتێبی دووەمدا لەژێر ناوونیشانی "ئەو کەتنانەی پەیوەندییان بە ئایینەوە هەیە" لە ماددەی (١٦٠) تاکو ماددەی (١٦١) دەقنووس کردووە.

هەروەها لە یاسای پارتە سیاسییەکانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٧و یاسای پاراستنی بەرەی ناوخۆو ئاشتی کۆمەڵایەتی– حماية الجبهة الداخلية والسلام الاجتماعي ) ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٨و یاسای (حماية القيم من العيب) ژمارە(٩٥)ی ساڵی ١٩٨٠ کۆمەڵێك کرداری تری دەسنیشان کردووە کە بە تاوانی رۆژنامەگەری دادەنرێن[٥١].

بەڵام یاسادانەری عێراقی، تاوانەکانی رۆژنامەگەری لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمووارکراوو یاسای چاپەمەنی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەمووارکراوو یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان ژمارە (١٧٨)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەمووارکراوو یاسای مافی دانەر ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١و چەندین یاسای تر دەقنووسکردووە.

یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ هەمووارکراو گشت ئەو کردارانەی دەستنیشان کردوە کەلەلایەن رۆژنامەنووسەوە و لە رێگای رۆژنامەوە ئەنجام دەدرێت و بەتاوان دادەندرێ لەگەڵ دیارکردنی سزای هەریەکێك لەو تاوانانە.

لەبەر زۆری ئەو ماددانە، بەشێوەیەکی گشتی ناوی ماددەکان دەهێنین لەگەڵ کورتەیەکی ناوەڕۆکەکانیان و لەسەر گرینگترینیشیان هەڵوەستەیەك دەکەین.

شایەنی ئاماژەیە، ئەو ماددانەی کردارە تاوانکاریەکانی بڵاوکردنەوەیان دیارکردووە بریتین لە ماددە: (٨١- ٨٤، ١٥٦- ١٧٠، ٢١١-٢١٣، ٢٢٤- ٢٢٩، ٢٣٥- ٢٣٦، ٣٧٢، ٤٠٣، ٤٣٣- ٤٣٧، ٤٧٦).

یاسادانەری عێراقی، لە ماددە (٨١) تاکو ماددەی (٨٤) دا تەرخانکردووە بۆ سزادانی سەرنووسەری رۆژنامە یان بەرپرسی لاپەڕە یان نووسەری بابەتی تاوانکاری بۆ ئەو تاوانانەی بڵاوکردنەوە کە لە رێگای رۆژنامەوە ئەنجام دەدرێن.

هەروەها بۆ سزادانی ئەو کەسەی کە کتێبێك یان وێنەیەك یان هەر شێوازێکی تری ڕادەربڕین بێ لە دەرەوە دەهێنێ کە لە کردنی تاواندا بەکارهاتووە. هەروەها لە حاڵەتی دیارنەبوونی ئەو کەسەی کە ئەم شتانەی لە دەرەوە هێناوە، فرۆشیار و بڵاوکەرەوەکەی لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە دیواریشی داوە سزابار

کردووە.

هەروەها ئەوەشی دیارکردووە کە وەرگێڕانی بابەتەکە یا وەرگێرانی لەسەرچاوەیەکی تری ناوەوە یان دەرەوەی ولات بەرپرسیاریتی بلاوکردنەوە رەش ناکاتەوەو هەردەمێنێ.

هەروەها بڕیاری داوە، ئەگەر حوکمی دادگا بە تۆمەتبار کردن لە گەورەکەتنێك کە لە رێگای رۆژنامەوە ئەنجام درابێت دەرچوو ئەوا دادگا بۆی هەیە فەرمان بدات بە راگرتنی رۆژنامەکە بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.

هەروەها یاسادانەری عێراقی، لە مادده/ ١٥٦ تاکو ١٧٠ بۆ دیارکردنی ئەو کردارە تاوانکاریانە تەرخان کردووە کە لە رێگای بلاوکردنەوەوە دژی ئاسایشی ولات دەکرێن.

هەروەها لە مادده/ ٢١١ دا بلاوکردنەوەی هەواڵی درۆ یان دەسنووسی دەسکرد و ساختەکاری کە بە درۆ درابێتە پاڵ کەسێك بە تاوان داناوە ئەگەر هاتوو ببێتە هۆی شێواندنی ئاسایشی گشتی یان زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.

هەروەها لە مادده/ ٢١٢ دا هاندانی خەلکی بۆ ئەنجامدانی کەتنی کوشتن یان دزین یان تێکدان یان سووتان یان هەر کەتێکی تر کە ببێتە هۆی شێواندنی ئاسایشی گشتی بە تاوان داناوە هەتا ئەگەرهاتوو ئەم هاندانەش هیچ ئاکامێکی نەبێت.

هەروەها لە مادده/٢١٣ دا هاندانی خەلکی و بلاوکردنەوەی گیانی یاخی بوون لە رێزگرتنی یاسا وەیان جوانکردنی کارێك لەبەرچاوی خەلك کە لە هەقیقەتدا کەتنە یان گەورەکەتن بێت بە تاوان داناوە.

هەروەها لە مادده/ ٢٢٤ تاکو ٢٢٩ تەرخانکردووە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کردارە تاوانکارییانەی لە رێگای بلاوکردنەوە دژ بە دەسەلاتی گشتی و فەرمانبەران و ئەو کەسانە دەکرێن کە خزمەتگوزاری گشتییان پێ سپێردراوە.

لە مادده/ ٢٢٩ دا هاتووە: (( هەرکەسێك سوکایەتی یا هەڕەشە لە فەرمانبەرێك یا هەرکەسێك بکات کە ئەرکی خزمەتگوزاری گشتی پێ سپێردرابێ یا سوکایەتی یا هەڕەشە لە ئەنجومەنێك یا دەستەیەکی رەسمی یا دادگایەکی دادبینی یا کارگێڕێك لەکاتی ئەرکی خۆیدا یا بەهۆی ئەرکەکەیەوە بکات بە گرتن سزا دەدرێت)).

هەروەها لە بابی چوارەم دا لەژێر ناوونیشانی (تاوانەکانی دژ بە رەوتی دادپەروەری)دا مادده/٢٣٥ و ٢٣٦ی تەرخانکردووە بۆ ئەو تاوانانەی کە لە رێگای بلاوکردنەوەدا دژ بە رەوتی دادپەروەری ئەنجام دەدرێن.

هەروەها مادده/ ٤٣٣ تاکو ٤٣٧ی بۆ تاوانەکانی ئانەوتەشەرو جوێنپێدان و ئاشکرا کردنی نهێنی تەرخان کردووە و لە حالەتی ئەنجامدانی ئەم تاوانانە بە رێگایەك لە رێگا ئاشکراکان سزایەکی توندی بۆ داناوە کە بلاوکردنەوە لە رۆژنامەدا یەکێکە لەو رێگایانە.

بەلام یاسای چاپەمەنی ژمارە (٢٠٦)ی سالی ١٩٦٩، لە ماددەی (١٦)و(١٧)دا، ئاماژەی بە کۆمەلێك بابەت کردووە کە بلاوکردنەوەیان لە رۆژنامەو چاپەمەنییەکاندا قەدەغەیە[٥٢]، هەروەها سزای سەرپێچیکردنیشیانی لە ماددەی (٢٨)دا دیارکردووە، کە بریتییە لە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە (٣٠)رۆژ زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك لە (٥٠) دینار زیاتر نەبێ، یانیش هەردوو سزاکان بەیەکەوە، بەلام ئەگەر هاتوو سزای کردەوەکە لە هەر یاسایەکی

دیکە توندتر بوو، لەو حاڵەتەدا حوکمەکانی ئەو یاسایەی دوایی دەسەپێ.

هەروەها یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی ژمارە (١٧٨)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، لە ماددەی (٢٥)دا، کۆمەڵێك کردەوەی دەسنیشان کردووە، کە ئەنجامدانیان لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە، بەرپرسیارییەتی تاوانکاریو پیشەییان لێ دەکەوێتەوە[٥٣].

هەروەها یاسای مافی دانەری عێراقی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١ لە ماددەی (٤٥)دا ئەو کردارانەی دیارکردووە کە ئەنجامدانیان بە تاوانی تەقلیدکردن دادەندرێت، هەروەها سزاکەشی دیارکردووە[٥٤].

ئەمەو، یاسادانەری هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی هەندێك ئەرکی خستۆتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووس لە ماددەی (٢٠)ی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨[٥٥] و ماددەی (٩)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراودا[٥٦] هاتووە کەچی سزا تاوانکارییەکانی دەسنیشان نەکردووە، بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بنەما گشتییەکانی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراوو یاسای مافی دانەری ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١، کە دوو یاسای بەرکارن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ماددەی (٤٣٣-٤٣٦)ی بۆ تاوانەکانی تانەوتەشەرو جوێنپێدان (جرائم السب والقذف) تەرخانکردووە.چونکە ئەم دوو تاوانە زۆر پێك دەچن وهەردووکیان دەبنە مایەی ناووناوبانگ زڕاندنو لەکەدارکردنی شەرەفو کەرامەتی ئەوکەسەی کە تاوانەکەی دەرهەق دەکرێ. هەروەها لەو تاوانانەن کە لە ڕێگای قسە یان وێنە یان نووسینەوە ئەنجام دەدرێنو بۆ توندکردنی سزاکەشیان مەرجە بە ڕێگایەك لە ڕێگایەکانی ئاشکرایی ئەنجامدرابێت.

بەڵام سەرەڕای ئەمە، لەڕووی بابەتی خستنەپاڵەکەوە (موضوع الاسناد) لەیەکتر جیاوازن، لەکاتێکدا بابەتی خستنەپاڵەکە لە تاوانی تانەوتەشەردا «ڕووداوێکی دیاریکراوە» کەچی لە تاوانی جوێنپێداندا «ڕووداوێکی نادیاریکراوەو بە شێوەیەك لە شێوەکان شەرەفو کەرامەت لەکەدار دەکات»[٥٧].

جێی سەرنجە، ئەم جیاوازییەی نێوان تاوانی تانەوتەشەرو تاوانی جوێنپێدان وایکردووە کە تاوانی یەکەم ترسناکتر بێت لە تاوانی دووەم. چونکە خەڵك زیاتر باوەڕ بەو ڕووداوە دیاریکراوانە دەکەن کە دراونەتەپاڵ کەسانێك نەك ڕووداوە گشتییەکان، چونکە مەزەنەی بوونی هەندێك بەڵگە دەکەن لە دانەپاڵی ئەو ڕووداوانەدا، لەکاتێکدا لە حاڵەتی جوێنپێداندا زیاتر بۆئەوە دەچن کە دانەپاڵی ئەو ڕووداوانە گوزارشت لە ڕقوکینە بکات. ئەم جیاوازییەش وایکردووە کە سزای تاوانی تانەوتەشەر لە سزای جوێنپێدان قورستر بێت، هەروەها هۆیەکانی ڕێگاپێدانیشیان لەیەکتر جیاواز بێت.

یاسادانەری فەرەنسی، لە یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٨٨١دا لە بابی چوارەمدا لەژێر ناوونیشانی «ئەو کەتنو گەورەکەتنانەی کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە یان هەر ڕێگایەکیتری بڵاوکردنەوە ڕوودەدەن» لە ماددە (٢٩-٣٥) دا حوکمەکانی ئەو دوو تاوانەی دەقنووسکردووە.

بەڵام یاسادانەری میسری، لەجیاتی ئەوەی لە بابی چوارەو لە کتێبی دووەمدا دەقنووسی بکات، کە تایبەتە بەم کەتنانەی کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەریو هەر ڕێگایەکیتری بڵاوکردنەوەوە تەرخانکراوە، لە بابی حەوتەمی کتێبی سێیەمدا لەژێر ناوونیشانی «

تانەوتەشەرو جوێنپێدانو ئاشکراکردنی نهێنـی» لـە ماددە (٣٠٢-٣١٠) ئەو تاوانانەی ڕێکخستووە.

بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە تاوانەکانی تانەوتەشەر ( جريمةالقذف ) کە گرنگترین تاوانە لەو تاوانانەی کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوودەدات و تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، دەیان کێشە دژی ڕۆژنامەنووسان، سەبارەت بەو تاوانە بۆ دادگاکان بەرز بۆتەوە، هەروەکو دەشزانین ڕووداوی زۆربەی ئەو تاوانانە لەبەر لێکحاڵینەبوونی ڕۆژنامەنووسانو هاوڵاتیانەوەو نەزانینی سنووری ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوویان داوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە بەتەنها باسی ئەو تاوانەو هۆیەکانی ڕێگاپێدانی لە یاسای سزادانی عێراقیدا بکەین:

### ١-٤-١: تاوانی تانەو تەشەر

### ( جريمة القذف أو التشهير )

جۆن. ئار. بیتنەر لە پێناسەکردنی تانەوتەشەردا دەڵێ: (( تانەوتەشەر بریتییە لە چاپکردنی بابەتێك کە ناسنامەی کەسێك دەسنیشان دەکاتو ناووناوبانگی لەکەدار دەکات، بە چەشنێك ڕووبەڕووی ڕقلێبوونەوەو بەکەمزانینو نارەزایی دەکات لەلایەن خەڵکەوە))[٥٨].

هەروەها (د. محمود نجيب حسني) دەڵێ: ((بەو حاڵەتە دەوترێ تانەوتەشەر، کە کەسێك بەئاشکراو بەئەنقەست ڕووداوێکی دیاریکراو بداتەپاڵ کەسێکیترەوە، بەچەشنێك ئەگەر بێتو دەربکەوێ ئەو ڕووداوە ڕاستە، دەبێتەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسەی کە ڕووداوەکەی دراوەتەپاڵ، بۆ سزایەکی یاسایی یانیش بەکەمزانینی لەلایەن خەڵکەوە))[٥٩].

لەم دوو پێناسەیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان تاوانی بوختانپێکردنو تاوانی تانەوتەشەردا. بە چەشنێك هەندێك هەن، دەڵێن:

((بوختانپێکردن پەیوەندییەکی پتەوو بەهێزی هەیە بە تانەوتەشەرەوە، ئەمە وای کردووە کە هەردوو چەمکی بوختانپێکردنو تانەوتەشەر لە جیاتی یەکتری بەکاربهێندرێت، چونکە ئەوکەسەی لە پەخشێکی ڕادیۆیی یا تەلەفزیۆنیدا، بوختانی پێ دەکرێت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەر تانەوتەشەر دەکەوێت))[٦٠].

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، یاسادانەری وڵاتانی عەرەبیو یاسادانەری عێراقیش، جیاوازییان نەکردووە لە نێوان تاوانی تانەوتەشەرو تاوانی بوختانپێکردندا، بۆیە هەر لەمیانی باسکردنی تاوانی بوختانپێکردندا، باسی تاوانی تانەوتەشەریشییان کردووە. بەڵام، لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئینگلتەرەدا، تاوانی تانەوتەشەرییان لە تاوانی بوختانپێکردن جودا کردۆتەوەو بە یاسایەکی تایبەتی لەژێر ناوی «یاسای تەشهیر» ڕێکییانخستووە.

یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، ماددەی (٤٣٣)ی بۆ تاوانی تانەوتەشەر تەرخانکردووەو تیایدا دەڵێ:

((١- تانەوتەشەر بریتییە لە لکاندنی ڕووداوێکی دیاریکراو بە کەسێکەوە بە یەکێك لە ڕێگاکانی ئاشکرایی بەچەشنێك ئەگەرهاتوو ڕاست دەربچێت ببێتە مایەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسەی کە تانەوتەشەرەکەی لێدراوە بۆ سزا یان بەکەمزانینی لەلایەن هاونیشتمانانییەوە.

ئەوکەسەی تانەوتەشەر لە کەسێك دەدات، بە زیندانیکردن یان بە غەرامەکردن یان بە هەردووکیان

سزا دەدرێت. بەڵام ئەگەرهاتوو تانەوتەشەرەکە لەرێگای رۆژنامەگەری یان چاپەمەنی یان یەکێك لە رێگاکانی راگەیاندنی ترەوە ئەنجامدرا، ئەوا بە بارودۆخێکی توند دادەندرێت.

٢- لە ئەنجامدەری تانەوتەشەر قبوڵناکرێ بەڵگە بۆ ئەو رووداوانە بێنێتەوە کە داویتەپاڵ ئەوکەسەی تانەوتەشەری لێدراوە، مەگەر تانەوتەشەرەکە ئاراستەکرابێت بۆ فەرمانبەرێك یان ئەوکەسەی کە ئەرکی خزمەتگوزاری گشتی لە ئەستۆ بێت یان سیفەتی نوێنەرایەتی گشتی هەبێت یان ئەرکێکی لەو ئەرکانە لەئەستۆبێت کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەرەوە هەیە، جا ئەو رووداوەی کە ئەنجامدەری تانەوتەشەرەکە داویەتیە پاڵ یەکێك لەو کەسانە، ئەگەر پەیوەندی بە وەزیفەکەیان یان کارەکەیانەوە هەبێت، ئەگەرهاتوو بەڵگەی بۆ ئەو رووداوانە هێنایەوە کە داویەتییەپاڵیان، لەم حاڵەتەدا تاوانەکە نامێنێ))[٦١].

**لەم دەقەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، تاوانی تانەوتەشەر وەکو گشت تاوانەکانیتری رۆژنامەگەریو بلاوکردنەوە سێ رایەڵی هەیە، رایەڵی ماددیو رایەڵی مەعنەویو رایەڵی بەئاشکرایی. هەروەها لە رووی سزاوە، تانەوتەشەر لە رێگای بلاوکردنەوەو غەیری بلاوکردنەوەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.**

**لە خوارەوە لە سێ خاڵدا باسی تاوانی تانەوتەشەر دەکەین، خاڵی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ رایەڵەکانیو خاڵی دووەمیش بۆ سزاکەیو خاڵی سێیەمیش بۆ هۆیەکانی رێگاپێدانی:**

## یەکەم: رایەڵەکانی

**لە پێناسەی تاوانی تانەوتەشەردا کە لە برگەی یەکەمی ماددەی (٤٣٣)دا هاتووە کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، بۆمان دەردەکەوێ کە تاوانی تانەوتەشەر سێ رایەڵی هەیە، رایەڵی ماددیو رایەڵی مەعنەوی، رایەڵی بەئاشکرایی.**

### ١- رایەڵی ماددی

**تەنها بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی تاوان، بەتاوان دانانرێ، مەگەر ئەم بیرکردنەوەیە لە قەوارەیەکی ماددیی هەستپێکراوەوە بەرجەستەنەبێت کە پێی دەوترێ رایەڵی ماددی تاوان. واتە ئەو هیواو ئاواتو ئارەزووو بیرو هزرانەی کە لەناو مێشکدا دەخولێنەوە بە رایەڵی ماددی دانانرێن هەتا نەبنە چالاکییەکی هەستپێکراو لە واقیعدا. بۆیە ئەگەر بگەرێینەوە بۆ یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەبینین لە ماددەی (٢٨)دا بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی رایەڵی ماددیی تاوانی کردووەو دەڵێ:**

((رایەڵی ماددیی تاوان بریتییە لە رەفتارێکی تاوانکاری لە کردنی کردارێك یان نەکردنی کردارێك کە یاسا فەرمانی پێکردووە)).

**لەم ماددەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە رایەڵی ماددیی لە تاوانی تەواودا لە سێ رەگەز پێکدێت، بریتین لە رەفتاری تاوانکاریو ئەنجامی زیانبەخشو پەیوەندی هۆکاری لەنێوان رەفتاری تاوانکاریو ئەنجامی زیانبەخشدا.**

**لە تاوانی تانەوتەشەردا، رایەڵە ماددییەکە بریتییە لە لکاندنی رووداوێك بە کەسێکەوە بەچەشنێك ئەو رووداوەی کە دراوەتە پاڵ ئەو کەسە، رووداوێکی دیاریکراو بێت، هەروەها ئەگەربێتو راست دەربچێ، بێتەمایەی سزادانی ئەوکەسە کە تانەوتەشەری لێدراوە، یانیش بێتە مایەی بەکەمزانینی لەلایەن خەڵکەوە. هەروەکو لە پێناسەی تاوانی تانەوتەشەردا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ماددەی (٤٣٣)ی یاسای**

سزادادا هاتووە:

((تانەوتەشەر بریتییە لە لکاندنی ڕووداوێکی دیاریکراو بەکەسێکەوە ...))(٦٢). هەڵبەتە، مەبەست لە لکاندنی ڕووداوێکی دیاریکراو بەوکەسەی کە تانەوتەشەری لێدراوە، دەبێ بەوپەڕی تەئکیدەوە بێت. بێگومان، مەرجیش نییە، ڕووداوی تانەوتەشەرەکە ببێتەمایەی سەپاندنی سزا بەسەر ئەوکەسەی کە تانەوتەشەری لێدراوە یان بەکەمزانینی لەلایەن خەڵکەوە، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە ئەگەربێتو ڕاست بوایە ئەم ئاکامەی لێ بهاتایەتە دی. ئەمەشمان لەم دەستەواژەیە بۆ دەردەکەوێت کە لە برگەی یەکەمی ماددەی (٤٣٣)دا هاتووە کە دەڵێ:

(( ئەگەرهاتوو ڕاست دەربچێت ببێتە مایەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوکەسەی کە تانەوتەشەری لێدراوە بۆ سزا یان بەکەمزانینی لەلایەن هاونیشتمانانییەوە)).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، لە تانەوتەشەردا، ئەنجامدەری تانەوتەشەرەکە دەست دەکات بە لکاندنی ڕووداوەکە بە کەسێکیترەوە لەسەر زاری خۆی یان زاری کەسێکیترەوە یان گێڕانەوەی گوایە پڕۆپاگاندەیە یانیش بە ئاشکرا بیخاتەپاڵی یان بەشێوەیەکی نائاشکراو بەئاماژە (تلمیح) بیداتەپاڵیەوە، هیچ لە سروشتی تانەوتەشەرەکە ناگۆڕێت(٦٣).

هەروەها دەبێ ئەو ڕووداوەی کە لەلایەن تاوانبارەوە دراوەتەپاڵ تاواندرهەقکراوەوە دیاریکراو بێت، ئەگینا بە تاوانی تانەوتەشەر دانانرێت بەڵکو بە تاوانی جوێنپێدان دادەنرێت(٦٤). مەبەستیش لە ڕووداو هەموو ڕووداوێکی پۆزەتیفی یان نێگەتیفیو ماددی یان ئەدەبییە کە دەبێتە مایەی ناووناوبانگ زڕاندن(٦٥). ئەو تانەوتەشەرەش کە مەحکوم کراوە ئەوەیە کە کردەوەیەکی لەخۆگرتووە کە یاسا بە تاوانی داناوەو سزاشی بۆ دیارکردووە. بێگومان پێش ئەوەی ڕووداوەکە دیاربکرێت، دەبێ ئەوکەسە دیاربکرێت، کە تاوانەکەی دەرهەق کراوە، جا گرنگ نیە ناوی بە ڕاشکاوەیی هاتبێت یان نەهاتبێت، کەسێکی سروشتی بێت یان مەعنەوی گشتی بێت یا تایبەتی، چونکە تانووتدان لە کەسانێکی نادیاریکراو یا مەزەبە ڕامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان بە تانەوتەشەر داناندرێن.

هەندێك یاسازانان دەڵێن، مەرجە ئەوکەسەی تانەوتەشەری لێدراوە لەژیاندا مابێ، چونکە شەرەفو کەرامەت بەشێکە لە کەسایەتیو لەبەرئەوەی کەسایەتیش بە مردن کۆتایی دێت، بۆیە ئەو مافەش بەدەوری خۆی کۆتایی پێدێت(٦٦).

هەروەها لە یاسای سزادانی میسریدا، هەرچەندە دەقێکی یاسایی ڕوونو ئاشکرای تێدا نیە تانەوتەشەری دەرهەق بە مردووان بە تاوان دانابێتو سزاشی بۆدانابێت، هەروەها یاسای ڕێکخستنی دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەری ژمارە (٩٦)ی ساڵی ١٩٩٦یش هیچ دەقێکی ئاشکرای لەمبارەیەوە تێدانیە، بەڵام لە فەسڵی سێیەمدا لەکاتی دەسنیشانکردنی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی، لە ماددەی (٢٤)دا بەشێوەیەکی زمنی مافی وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕۆژنامەدا دەرهەق بە مردووان بڵاودەکرێنەوە بە میراتگرەکان داوە لەمیانی بەکارهێنانی دەستەواژەی ((ئەوکەسەی پەیوەندیدارە- ژوی الشأن)) کە لە دووتۆی دەقی ماددەکەدا هاتووە(٦٧). هەروەها لە ماددەی (٢٨)دا ئەو سزایەی دەسنیشانکردووە کە دەسەپێندرێ بەسەر ئەوکەسەی کە لە ماددەی

ناوبراودا هاتوون، ئەگەر هاتوو لێنەگەڕا وەڵامی ڕاستکردنەوەی زانیارییەکە بڵاوبکرێتەوە، لەوحاڵەتەشدا بەندیشین دەکرێ بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت لەگەڵ غەرامەیەکیش کە لە هەزار جونەیهی میسری کەمتر نەبێتو لە چوار هەزار جونەیهیش ڕەت نەکات، یا بە یەکێك لەو دوو سزایە[٦٨].

کەواتە بەڕای ئێمە، دەقنووس نەکردنی ئەم مافە مافی میراتگران لە وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوەدا- ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم مافەیان نەبێت، چونکە وێڕای دەقنووسکردنی دەستەواژەی «ئەوکەسەی پەیوەندیدارە» لە ماددەی (٢٤)دا کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، مومارەسەکردنی ئەم مافە لەلایەن میراتگرانەوە پشت بە بنەما گشتییەکان دەبەستێت، هەروەها بێبەشکردنی میراتگران لەو مافە، دەبێتە هۆی ئازادکردنی ڕۆژنامەکان بۆ تانەوتەشەردان لە مردووانو شێواندنی یاداشتەکانیان (تشويه ذكراهم).

بەڵام یاسای چاپەمەنی عێراقی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەموارکراو، بە ڕاشکاوییەوە لە برگەی (أ)ی ماددەی (١٥)دا مافی وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوەی بە کەسوکاری مردووەکە تا پلەی چوارەم داوە، ئەگەرهاتوو مردووەکە تانەوتەشەری لێدرابوو[٦٩]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یاسادانەری عێراقی مافی وەڵامدانەوەی تەنها نەبەخشیوە بە میراتگرەکان، بەڵکو بە کەسوکاری مردووەکانیشی تا پلەی چوارەم بەخشیوە.

لەکاتێکدا، یاسادانەری فەرەنسی لە یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٨٨١ی هەموارکراودا لە ماددەی (٣٤)دا بە ڕاشکاوییەوە بەدەری خستووە کە تانەوتەشەردان لە مردووان بەتاوان دانانرێ مەگەر شەرەفو کەرامەتی میراتگرەکان لەکەدار بکات، لەوحاڵەتەشدا میراتگر بەتاواندرهەقکراو (مجنى عليه)دادەنرێ کە لە ئاکامی ئەو تانەوتەشەرەدا زیانی لێکەوتووە، هەروەها یاسادانەری لوبنانی لە ماددە (٥٨٦)ی یاسای سزاداندا هەڵوێستەکەی نزیکە لە هەڵوێستی یاسادانەری فەرەنسی هەیە[٧٠].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەرهاتوو تانەتەشەرەکە ناووناوبانگی میراتگرەکانی زڕاند یان شەرەفو کەرامەتی لەکەدارکردنو زیانی پێگەیاندن ئەوکاتە میراتگرەکان بۆیان هەیە داوای سزادانی ئەنجامدەرەکەی بکەن، ئەمەش لەبەرئەوەنییە تانەتەشەری لە میراتگرەکان دابێت، بەڵکو لەبەرئەوەی تانەوتەشەرەکە ئاکامێکی نێگەتیڤی بۆسەر شەرەفو کەرامەتو ناووناوبانگی ئەوان هەبووەو زیانی لێداون.

لە میانی ئەم دەقانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە لە عێراقدا، دەقێکی یاسایی نیە تانەوتەشەری دەرهەق بە مردووان خۆیلەخۆیدا (بذاته) بە تاوان دانابێت، یانیش ڕێگای پێدابێت، هەروەها یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەمەدا بێدەنگ بووەو نە لە دوورو نەلە نزیکەوە باسی نەکردووە. لە کاتێکدا، یاسای ڕۆژنامەگەری فەرەنسی تانەوتەشەری دەرهەق بە مردووان خۆیلەخۆیدا بە تاوان دانەناوە، مەگەر شەرەفو کەرامەتی میراتگرەکان لەکەدار بکات، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕای ئەو یاسازانانە کە دەڵێن:

((شەرەفو کەرامەت بەشێکە لە کەسایەتیو لەبەرئەوەی کەسایەتیش بە مردن کۆتایی دێت، بۆیە

ئەو مافەش بەدەوری خۆی بە مردن کۆتایی پێدێت))، دەڵێین، چۆن هەندێك لە یاسازانانی موسڵمان دوای مردنی مرۆڤو کۆتایی هاتنی کەسایەتیەکەی بەشێوەیەکی راستەقینە (حقیقی)، کەسایەتیەکەی بە شێوەیەکی ئیعتباری بۆ دوای مردنی درێژ دەکەنەوە، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی مافەکانیو دانەوەی قەرزەکانی، بەپێی ئەو بنەما شەرعییەی کە دەڵێ:

((هیچ میراتێك نیە دوای دانەوەی قەرز نەبێت- لاترکە الا بعد سداد الدیون))، دەبوایە ئەوهاش لە حاڵەتی تانەوتەشەر لێداندا کەسایەتیەکەی بۆ دوای مردنی درێژ بکرێتەوە، چونکە شەرەفو کەرامەتو ناوونابانگ بەشێکە لە کەسایەتیو لێی جودا ناکرێتەوە، لێرەشدا بە لایەنە مەعنەوییەکەی مافی دانەر دەچێت، کە بەپێی بیروڕای هەندێك یاسازانانو لایەنگرانی سیستەمی یەکگرتوو (النظام الموحد) وە بە پشت بەستن بەم سیستەمە




لایەنە مەعنەوییەکەی مافی دانەر دەبەستنەوە بە کەسایەتی دانەرەکەو دوای مردنیشی لێی جودا ناکەنەوەو ئەم لایەنە مەعنەوییەش لایەنێکی بنەڕەتە لە مافی دانەردا لەپاڵ لایەنی دارایی کە لایەنێکی لاوەکییە[71].

هەر لەسەر ئەم بنچینەیە، یاسادانەری رووسیی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، رێگای بە دانەر داوە چۆن بۆی هەیە وەسیەت بۆ میراتگرەکانی بکات، ئەوهاش بۆی هەیە بێ لە میراتگرەکانی وەسییەت بۆ کەسانی تریش بکات، بۆ بەکارهێنانی گشت یا بەشێك لەو دەسەڵاتانەی کە یاسا بۆ پاراستنی کەلەپوورە هزرییەکەی (اثارە الفكرية) پێی بەخشیوە. بەڵام ئەگەر وەسییەتی نەکردبوو یا بەرلە مردنی کەسێکیتری رانەسپاردبوو بۆ پاراستنی کەلەپوورە هزرییەکەی، لەم حاڵەتەدا مافی دانەر بۆ میراتگرەکانی دەگوێزرێتەوە[72].

هەروەها یاسای سزادانی عێراقی لە کتابی دووەمدا، لە فەسڵی سێیەمدا دەستدرێژیکردنی بۆسەر رێزی مردووانو گۆڕەکانیان بە تاوان داناوە[73].

کەواتە، لەبەر رۆشنایی ئەم دەقە، دەتوانین بڵێین، مادام دەستدرێژیکردنەسەر رێزی مردووانو گۆڕەکانیان بە تاوان دانراوە، کەواتە تانەوتەشەردان لە خودی مردووەکان لەپێشترە لە دەستدرێژیکردنەسەر رێزی گۆڕەکانیان، چونکە ئەگەر لەبەر خودی مردووەکە نەبێ، ئەو گۆڕە چ ڕێزێکی دەبێ؟ بە واتایەکیتر، ئەو گۆڕانە بەهۆی ئەو تەرمی ئەو مردووانەی تیایدا نێژراون رێزیان لێ گیراوە، بۆیە بەرای ئێمە تانەوتەشەردان لە مردووان یا هەر دەستدرێژییەك بۆسەر ناوونابانگو یادیان، پێویستە بە تاوان دابندرێتو بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ کەسایەتی یاساییان بۆ دوای مردنەکەیان درێژ بکرێتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی قەرەبووو سەپاندنی سزا بەسەر دەستدرێژیکەر. جا گرنگ نیە مردووەکە

میراتگری هەبێت یا نەیبێت وەیان داوا بۆ دادگا بەرز بکاتەوە، بەڵکو داواکاری گشتی بۆی هەبێت ئەو داوایە بۆ دادگا بەرز بکاتەوە، چونکە دەستدرێژیکردنەسەر ڕێزی مردووان، دەستدرێژییە بۆسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ.

جا لەبەرئەوەی مافی دانەر لە پاراستنی کەلەپوورە هزرییەکەی بە مافی میراتلێگیراو (المورث) دەچێت، لە پاراستنی ناووناوبانگو یادی لە هەر دەستدرێژییەك کە لەماوەی ژیانیدا یا لەدوای مردنیدا دەکرێتە سەری، چونکە مافەکە بەشێکە لە کەسایەتی دانەرەکە لە حاڵەتی یەکەمداو کەسایەتی میراتلێگیراوەکە لە حاڵەتی دووەمدا. لە هەردوو حاڵەتیشدا تەمسیلی لایەنە مەعنەوییەکەی خاوەنەکەی دەکاتو دوای مردنیشیان لێیان جیا ناکرێتەوە. جا ئەگەر یاسا پاراستنی یاسایی بۆ کەلەپووری هزری دانەر لە دوای مردنیشیدا دەستەبەر کردبێت، کە بەشێکە لە لایەنە مەعنەوییەکەی مافی دانەر، خۆ پاراستنی شەرەفو کەرامەتو ناووناوبانگو یادەکەی لە دوای مردنی لەو لەپێشترە. جا ئەگەر پشگیری دانەر کرابێت بۆ پاراستنی کەلەپوورە هزرییەکەیو لەم ڕوانگەیەوە مافی ئەوەی پێدرابێت یەکێك لە میراتگرەکانی یا هەرکەسێکیتر بێ لە میراتگرەکانی بەر لەمردنی ڕابسپێرێ بۆ داکۆکیکردن لەو مافەی لەهەر دەستدرێژییەکدا کە دەکرێتەسەری، وابزانم هەقی خۆیەتی مافی ئەوەشی پێبدرێت یەکێك لە میراتگرەکانی یا هەر کەسێکیتر بێ لەوان لەسەر ڕاسپاردەی خۆی بێت یا نەبێت، لە دوای مردنیدا داکۆکی لە پاراستنی ناووناوبانگو یادەکەی بکەن، لەکاتێکدا ئەگەر میراتلێگیراو (المورث) هیچ وەسییەتی لەمبارەیەوە بۆ میراتگرەکانی یا کەسێکیتر بێ لەوان نەکرد، لەو حاڵەتەدا دەوڵەت جێگای ئەوان دەگرێتەوەو بۆی هەیە بەپێی ئەو بنچینە شەرعییەی کە دەڵێ: «دەوڵەت میراتگری ئەو کەسەیە کە میراتگری نیە- الدولة وارث من لاوارث لە»[٧٤] داوا لە دژی ئەوکەسانەی کە دەستدرێژی دەکەنەسەر ناووناوبانگو یادی مردووانو ڕێزی لەکەدار دەکەنو تانەوتەشەری لێ دەدەن، ، بۆ دادگا بەرز بکاتەوە، هەروەها لەسەر بنچینەی ئەو زیانە مەعنەویەی کە لە ئاکامی دەستدرێژیکردنەسەر یادی مردووەکە لە خودی مردووەکە کەوتووە، دوای ئەوەی کەسایەتییە یاساییەکەی بەشێوەیەکی ئیعتباری بۆ دوای مردنی درێژ دەکرێتەوە، دەوڵەت بۆی هەیە بەپێی ئەو بنچینەیەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، وەك میراتگرێك قەرەبووی ئەو زیانانە وەربگرێتەوە دوای ئەوەی دەبنەبەشێك لە ڕەگەزە پۆزەتیڤەکانی ئەستۆی دارایی (الذمة المالیة) میراتلێگیراوەکە. لە لایەکی تریشەوە، دەکرێ لە ڕێگای مافی گشتی ( حق العام )ەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ.

لەکۆتاییدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەڵگانەی سەرەوە دەڵێین، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایە نین کە دەڵێ «مەرجە ئەوکەسەی کە تانەوتەشەری لێدراوە لە ژیاندا مابێ» یا «تانەوتەشەردان لە مردووان بە تاوان دانانرێ، مەگەر شەرەفو کەرامەتی میراتگرەکان لەکەدار بکات، لەو حاڵەتەشدا خودی میراتگرەکە بە تاواندەرهەقکراو دادەنرێ، کە لە ئاکامی ئەو تانەوتەشەرەدا زیانی لێکەوتووە». بۆیە داوا لە یاسادانەری هەرێمی کوردستان دەکەین، پاراستنی یاسایی بۆ ناووناوبانگو یادی مردووان بۆ خودی مردووەکان دابین بکات، کە بەشێکە لە لایەنە

مەعنەوییەکەی کەسایەتییان.

٢- ڕایەڵی مەعنەوی

لەبەرئەوەی تاوانی تانەوتەشەر لە بنەڕەتدا تاوانێکی بەئەنقەستە، بۆیە ڕایەڵە مەعنەوییەکەی خۆی لە ((مەبەستی تاوانکاریدا)) دەنوێنێ[٧٥]. جا هەرکاتێك تانەتەشەرچی (القاذف) ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە کە تانەتەشەری لەخۆگرتووەو بشزانێ ئەگەربێتو ڕاست بێت دەبێتە مایەی سزادانی تانەوتەشەرلێدراو (المقذوف) یان بەکەمزانینی لەلایەن خەڵکەوە، وادادەنرێ کە مەبەستی تاوانکاری لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا هەبووە، جا گرنگ نیە مەبەستی لەمەدا زیانگەیاندن بوو بێت بە تانەوتەشەرلێدراوەکە یانیش نیازی پاك بوو بێت[٧٦].

هەرچەندە دادوەر بۆی هەیە لە مەبەستی ئەنجامدەرەکە بکۆڵێتەوە بۆ سووککردنی سزاکە نەك بۆ نەهێشتنی تاوانەکە، چونکە تانەوتەشەر خۆیلەخۆیدا زیانبەخشەو لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێتەمایەی لەکەدار کردنی ناو و ناوبانگی تاوان دەرهەق کراو[٧٧].

کەواتە بوونی مەبەستی تایبەتی تاوانکاری (القصد الجنائي الخاص) مەرج نیە بۆ بوونی تاوانی تانەوتەشەر، ئەگەرهاتوو ئەوکەسەی تانەوتەشەری لێدراوە یەکێك نەبوو لەو کەسانەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٤٣٣)ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٦٩دا ڕیزپەڕ کراون، بەڵکو تەنها مەبەستی گشتیی تاوانکاری لە ڕوودانی تاوانەکەدا هەبێت بەسە، کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەی کە تانەوتەشەری لەخۆ گرتووە، کە دەزانێت ئەگەربێتو ڕاست بێت دەبێتەمایەی سزادانی تاواندەرهەقکراو یان بەکەمزانینی لەلایەن خەڵکەوە. جا نیازپاکی ئەنجامدەری تانەوتەشەرەکە هیچ کاردانەوەیەکی بەسەر بوونی ئەم مەبەستە نابێت ئەگەرهاتوو ئەو دەستەواژانەی کە بەکاری هێنابوون خۆیلەخۆیدا ئابڕووبەر بێت[٧٨].

دادگای پیاچوونەوەی میسری (محكمة النقض المصرية) لەمبارەیەوە لە بڕیارێکیدا دەڵێ:

(( لە تاوانی تانەوتەشەردا، یاسا، بوونی مەبەستێکی تایبەتی تاوانکاری نەویستووە، بەڵکو بە بوونی مەبەستێکی گشتی تاوانکاری وازیهێناوە کە هەرکاتێك تانەوتەشەرچی هەواڵێکی لەو هەواڵانەی تانەوتەشەریان لەخۆگرتووە بڵاوکردەوە ئەم مەبەستە دێتەدی، چونکە ئەو دەزانێ ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێت دەبێتە مایەی سزادانی تانەوتەشەرلێدراو یان بەکەمزانینی لەلایەن خەڵکەوە، جا بۆ بوونی ئەم مەبەستە، نیازپاکی تانەوتەشەرچی هیچ ئاکامێکی نابێت، واتە ئەگەرهاتوو لەوباوەڕەدابووبێ کە ئەو هەواڵە کە تانەوتەشەری لەخۆگرتووەو داویەتییەپاڵ تاواندەرهەقکراو ڕاست بێت))[٧٩].

کەواتە، گریمانەی بوونی مەبەستی تاوانکاری لە تاوانی تانەوتەشەردا دەکرێت، هەرکاتێك ئەو دەستەواژانەی کە لەلایەن ئەنجامدەرەکەوە بەکارهاتبوون، ئەگەربێتو خۆیلەخۆیدا ئابڕووبەر بێت[٨٠]، لەم حاڵەتەشدا هیچ پێویست بە سەلماندنی بوونی مەبەستە تاوانکارییەکە ناکات، بەڵکو تاوانبار بۆی هەیە لەجیاتی ئەوە، نیازپاکی خۆی بسەلمێنێ[٨١]. بەڵام تاوانبار بۆی نیە لەهەموو حاڵەتێکدا نیازپاکی خۆی بسەلمێنێ لەڕێگای سەلماندنی ڕاستو دروستی ئەو ڕووداوانەی کە داویتییە پاڵ تاواندەرهەقکراو، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی ناوبراودا ڕیزپەڕ

کراون کە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد. هەروەها پاساو هێنانـەوە گوایـە ئەوکەسـەی تانەوتەشـەری لێـدراوە دەست پێشخەر بـووە لـەو دەمەقاڵێـەداو تاوانبـاری ئیستفزاز کردووە، ئەمە تاوانی تانەوتەشـەرەکە ڕەش ناکاتەوە بەڵکو تەنها بـە بـارودۆخێکی سـوککەرەوە دادەندرێتو دەبێتەمایەی سوککردنی سزاکە.

## ٣- ڕایەڵی بەئاشکرایی

بەئاشکرایی لەڕووی زاراوەییەوە بەمانای گەیاندنی زانیـاری دێـت لـەبارەی ڕووداوێـك یـان کردارێکـی دیاریکراوەوە بەخەڵك بەقسـەبێت یـان بـەکردار یـان بەنووسین یانیش بەهەر هۆکارێکیتری گەیاندن بێت.

لە تاوانی تانەوتەشەردا، بڵاوکردنـەوەو ئاشـکرایی ڕایەڵێکی تایبەتییە لە ڕایەڵەکانی ئەم تاوانـە لـەپاڵ هەردوو ڕایـەڵی مـاددیو ڕایـەڵی مەعنەویـداو بـە نەبوونی ئـەم ڕایەڵـە تـاوانی تانەوتەشـەری ئاشـکرا بەگوێرەی ئەو وەسفەی لـە دەقـی مـاددەی (٤٣٣)دا بۆی کراوە، ڕوونادات. هەرچەندە تاوانی تانەوتەشـەر هەمیشە تاوانێکی بەئەنقەستەو لـە بنەڕەتـدا دەبـێ بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕووبدات، بەڵام سەرەڕای ئەمە، یاسـادانەری عێراقـی لـە دەستنیشـانکردنی سـزای تانەوتەشەردا جیاوازی کردووە لە نێوان تانەوتەشەری ئاشـکراو تانەوتەشـەری نائاشـکرادا، هـەروەکو تـۆزێکیتر لـەکاتی باسـکردنی سـزای تـاوانی تانەوتەشەردا بۆمان دەردەکەوێت.

یاسای سـزادانی ژمـارە (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لە برگەی سێیەمی ماددەی (١٩)دا بـەم شێوەیەی خوارەوە هۆکارەکانی بەئاشـکرایی (وسائل العلانية) ی دەسنیشانکردووە[٨٢] :

١-کردەوەو ئیشـارەتو جوڵانـەوە ئەگـەرهاتوو لـە ڕێگایـەکی گشـتی یـان شـوێنێکی گشـتیدا ڕوویـدا بەچەشـنێك ئەوکەسـانەی کـە لـەو شـوێنەن بتـوانن بیبینن.

٢-قسـەکردنو هـاوارکردن لـە شوێنەگشـتییەکان بەچەشنێك ئەوکەسەی کە لەوشوێنەیە بتوانـێ گـوێی لێ بێت.

٣-ڕۆژنامەگـەریو چاپەمەنیو کەناڵـەکانی تـری ڕاگەیاندن.

٤-نووسینو ڕەسمو وێنەو فیلمو ئارم، ئەگەرهاتوو لە شوێنەگشتییەکاندا نمایشکرا یان دابەشکرا یان بەزیاتر لەکەسـێك فرۆشـرا یـان لەهەرشـوێنێك بـۆ فرۆشـتن نمایشکرا.

کەواتە، ئەگەرهاتوو تانەوتەشەرەکە بەئاشکرایی بە ڕێگایەك لەو ڕێگایانـەی سـەرەوە ڕوویـدا، ئـەوا بـە تانەوتەشەری ئاشـکرا دادەنـدرێتو لـەو حاڵەتەشـدا سزایەکەی لە سزای تانەوتەشەری نائاشـکرا توونـدتر دەبێـت. جـا ئەگـەرهاتوو تاوانەکـە لـە ڕێگـای ڕۆژنامەگەریەوە ڕوویدا، ئەوا بە تاوانی ڕۆژنامەگەری دادەندرێت، بەڵام ئەمـە هـیچ لـە سروشـتو سـزای تاوانەکە ناگۆڕێت، چونکە ڕۆژنامەگەری بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە (چـاپکراو، بیسـتراو، بینـراو، بیستراووبینراو، ئینتەرنێت) هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەئاشکرایی.

## دووەم: سزای تاوانی تانەوتەشەر

لـە برگـەی یەکـەمی مـاددە (٤٣٣)ی یاسـای سزادانی عێراقیدا هاتووە: (( ئەوکەسەی تانەوتەشەر لەکەسێك بدات بە زیندانیکردن یان غەرامەکردن یان بەهـەردووکیان سـزا دەدرێـت، بـەڵام ئەگـەرهاتوو تانەوتەشەرەکە لەڕێگای ڕۆژنامەگەری یان چاپەمەنی یان یەکێك لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی ترەوە ئەنجامدرا، ئەوا بە بارودۆخێکی توند دادەندرێت)).

لەم دەقەدا بۆمان دەردەكەوێت، یاسادانەری عێراقی جیاوازی كردووە لە نێوان تانەوتەشەر لە رێگای بڵاوكردنەوەو غەیری بڵاوكردنەوەدا، بۆیە لە حاڵەتی ئەنجامدانی لەرێگای بڵاوكردنەوەدا سزاكەی توند كردووە.

كەواتە، لەحاڵەتی ئەنجامدانی تانەوتەشەرەكە بەرێگایەك لە رێگاكانی غەیری بڵاوكردنەوەوە، دادگا بۆی هەیە ئەنجامدەری تانەوتەشەرەكە سزا بدات بۆ ماوەیەك كە لە سێ مانگ كەمتر نەبێتو لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت[83]، لەگەڵ غەرامەیەك كە لە نیودینار كەمتر نەبێتو لە پێنجسەد دیناریش زیاتر نەبێت[84]. بەڵام لە حاڵەتی ئەنجامدانی تانەوتەشەرەكە بە رێگایەك لە رێگاكانی بڵاوكردنەوە، بۆی هەیە سزایەكەی توندتر بكات بەچەشنێك ماوەی زیندانیكردنەكە بگەیەنێتە دە ساڵ[85].

## سێیەم : هۆیەكانی رێگاپێدانی

مەبەستمان لە تانەوتەشەری رێگاپێدراو، ئەو تانەوتەشەرەیە كە لە بنەڕەتدا بە تاوان دانراوەو گشت رایەڵەكانیشی هەنە، هەروەها لە بنەڕەتدا یاسا سزای بۆ داناوە، بەڵام ئەگەر روویدا، لەبەر هەندێك ئیعتبار، لە هەندێك حاڵەتی دیاریكراودا، ئەنجامدەرەكەی سزا نادرێت.

یاسای سزادانی عێراقی لە ماددەی (٤١)دا پرنسیپێكی گشتی بۆ رێگادان بە تانەوتەشەر داناوە، ئەمەش دەقەكەیەتی : (( بە تاوان دانانرێت ئەگەرهاتوو كردەوەكە لە ئاكامی بەكارهێنانی مافێك كە یاسا دانی پێدانابێت روویدات .... )). بەپێی ئەم دەقە، لەهەندێ حاڵەتدا، تانەوتەشەرەكە روودەدات، مەبەستی تاوانكاریشی لەگەڵدایە، بەڵام بە مەبەستی مومارەسەكردنی مافێك كە یاسا دانی پێداناوە تانەوتەشەرەكە رێگای پێ دەدرێتو ئەنجامدەری تانەوتەشەرەكەش لە سزا دەبەخشرێت.

كەواتە، هەركاتێك هۆیەك لە هۆیەكانی رێگاپێدانی تانەوتەشەرەكەو مەرجەكانی هەبوون، ئاكامێكی راستەوخۆی بەسەر رێگاپێدانی ئەو تانەتەشەرەوە دەبێت. جا دەكرێ تانوتەشەرەكە بە مەبەستی بەرگری لەخۆكردنی رەوا بێت، ئەگەرهاتوو، ئەو كەسەی كە بەرگری لەخۆی دەكات (المدافع) بۆ بەرپرچدانەوەی تانەوتەشەری دەستدرێژیكەر (المعتدی) تانەوتەشەرەكەی ئاراستەی ئەو كردبێت، یانیش لە كاتی بەرگریكردنی لە مافی خۆیدا، لەبەردەم دادگا یا دەسەڵاتی لێكۆڵینەوە یا دەسەڵاتەكانی تردا، لەو سنوورەی كە داكۆكیكردنەكە پێویستی پێیەتی، تانەوتەشەرەكەی ئاراستەی نەیارەكەی (خصمە) كردبێت[86]، یانیش لەكاتی بەرگریكردنی لە مافی خۆیدا، لەبەردەم دادگا یا دەسەڵاتەكانی لێكۆڵینەوە یا دەستەكانی تردا، لەو سنوورەی كە داكۆكیكردنەكە پێویستی پێیەتی، تانەوتەشەرەكەی ئاراستەی نەیار (خصم)ەكەی كردبێت.

هەروەها ئەوكەسەی كە تاوانی تانەوتەشەر ئەنجام دەدات، ئەگەرهاتوو لە حاڵەتی تووڕەبووندا، لە ئاكامی ئەو دەستدرێژییە ناڕەوایەی كە كراوەتە سەری، ئەمەی ئەنجامدا لەسزا دەبەخشرێت[87].

هەروەها، یاسادانەری عێراقی لە برگەی دووەمی ماددەی (٤٣٣)ی یاسای سزاداندا رێگای بە تانەوتەشەر داوە ئەگەرهاتوو بۆ فەرمانبەرێك یان ئەوكەسەی ئەركێكی گشتی پێ سپێردراوە یان سیفەتی بریكاری گشتی تیابێت یان ئەركێكی لەو ئەركانە لە ئەستۆدابێت كە پەیوەندی بە جەماوەرەوە هەیە، ئاراستەكرا، بەو مەرجەی تانەوتەشەرەكە

پەیوەندی هەبێت بە فەرمانی یان کاری ئەوکەسەی کە تانەوتەشەرەکەی لێدراوە، هەروەها ئەنجامدەری تانەوتەشەرەکە ڕاستیو دروستی ئەو ڕووداوانە بسەلمێنێ کە داویەتیەپاڵ یەکێك لەو کەسانە[٨٨].

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، تەنها لەو حاڵەتانەی سەرەوە ڕێگا بە تانەوتەشەر نادرێت، بەڵکو ئەوانە بەشێکن لەو حاڵەتانەی کە سەرچاوە گشتییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ مادده (٤١)ی یاسای سزادانی عێراقی کە پێشتر ئاماژەمان پێی کردو دەکرێ گەلێك جێبەجێکردنی دیکەی لێ هەلێنجین لەوانە دەکرێ تانەوتەشەرەکە بەمەبەستی داکۆکیکردنی ڕەوابێت یان بەمەبەستی بەکارهێنانی دەسەڵاتی یاساییبێت یان بەکارهێنانی حەسانەی پەرلەمانیبێت یان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکانی دادگابێت یان تانووتلێدانبێت لە کردەوەی فەرمانبەرانو ئەوکەسانەی کە لە حوکمی ئەودانە، لە هەموویان گرنگتر، دەکرێ بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵبێت یان بەمەبەستی ڕەخنەگرتنی بابەتیانەبێت. لەبەر گرنگی مافی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانو مافی ڕەخنەگرتن، لەخوارەوە لە دوو خاڵدا بە درێژی باسیان دەکەین:

١- مافی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان

یەکێك لە مافە سەرەکییکانی ڕۆژنامەگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵە، ئەم مافە، لە لایەکەوە پەیوەندی بە ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە مافی جەماوەرە هەیە لە ئاگاداربوونی ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە دەورووبەریدا ڕوودەدەن.

کەواتە، ناکرێ هەواڵی ئەو ڕووداوانە کە ڕۆژانە لە دەورووبەرمان ڕوودەدەن، لە ڕایگشتی بیانشارینەوە، یان داوا لە جەماوەر بکەین کە هیچ شتێك لەو ڕووداوانە نەزانێ کە لە کۆمەڵگاکەیدا ڕوودەدەنو پەیوەندییان بە ئاسایشو سەقامگیرییەوە هەیە[٨٩].

بەڵام دەبێ ڕۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا، مافی هەردوولا لەبەرچاو بگرێت. مافی هاوڵاتی لە شەرەفو کەرامەتدا کە یاسا گرێنانەی بوونی کردووە، ئەگەرهاتوو تۆمەتبار (متهم) بوو، بەبێ تاوان دادەندرێت تاکو تاوانەکەی لەلایەن دادگاوە دەسەلمێندرێت، هەروەها مافی لە تایبەتمەندێتیدا (حقه في الخصوصية)، واتە نابێ ژیانی تایبەتی ئاشکرا بکرێت. هەروەها مافی کۆمەڵ لە ئاگادارکردنەوەی جەماوەرەکەی لەو ڕووداوانەی کە لە دەورووبەریدا ڕوودەدەن تا بە شێوەیەکی باش لە بەڕێوەچوونی دادپەروەریو ئاسایش دڵنیابێت کە مافێکی بنەڕەتییە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا[٩٠].

جا ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاویان دەکەنەوە، بێگومان ئەگەرهاتوو سرووشتێکی ڕەسمییان هەبێت، ڕێگایان پێ دەدرێت، وەك ئاگادارییەك یان ئاگاکارییەکی ڕەسمی یان حوکمێکی دادگا، ئەوا، هەرچەندە تانەوتەشەرئامێز بێتو ببێتە مایەی ئاوزڕاندنی کەسێکیش، بەتاوان دانانرێ. چونکە، لەلایەکەوە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە کۆکن لەگەڵ یاسادا بەتاوان دانانرێت، و لەلایەکی تریشەوە، لەزۆر حاڵەتدا، ڕۆژنامە ناچارە ئەو هەواڵە بڵاوبکاتەوەو ئەم کارەشی، ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی یاساییە[٩١].

بەهەرحاڵ، بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لە هەر بوارێك بێت، دەبێ هەندێك مەرجی دیاریکراوی تیابێت، تاکو بەماف دابندرێت. ئەم مەرجانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ- دەبێ هەواڵەکە ڕاست بێت

ڕاستگۆیی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا، مەرجە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە پشتی پێ بەستراوە بۆ ڕێگادان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، چونکە کۆمەڵ هیچ سوودێك لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی نادروست وەرناگرێت، بەڵکو بەرژەوەندییەکەشی بەهۆی ئەوەوە دەکەوێتە هەڕەشەوە. جا ڕاستی و دروستی هەواڵ وادەخوازێت ئەو ڕووداوەی کە لەخۆی گرتووە، خۆیلەخۆیدا ڕاست بێت، هەروەها لەڕووی دانەپاڵییەوە بەوکەسەی کە دراوەتەپاڵیشی پێویستە ڕاست بێت[٩٢].

جا بۆئەوەی ڕۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان نەکەوێتە هەڵەوە، باشترین شت ئەوەیە، ڕووداوەکان «وەکوخۆی بگێڕێتەوە» هەروەکو لەسەر زاری (هوار دکۆسل) هاتووە، هەروەها پێڕەوی ئەو پرنسیپە بکات کە دەڵێ: ((هەرکاتێك گومانت لە شتێك پەیداکرد وازی لێ بێنە))[٩٣].

هەرلەم ڕووەوە (لویس د. بۆماردی) سەرنووسەری ئەسۆشیدپریس دەڵێ:

(( ئەگەرهاتوو یەکێك لەو بابەتانەی کە نیازمان وایە بڵاوی بکەینەوە ئەگەری ئەوەی لێکرا کە دەبێتە مایەی تانەوتەشەر، دەبێ خۆمان ئامادەبکەین بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیار، کە بە دەستەواژەی «ئەگەرهاتوو» دەست پێدەکات، لەوانە،

ئەگەرهاتوو داوایەکمان لە دژ بەرزکرایەوە، ئایا دەتوانین پشت بەو سەرچاوانە ببەستین کە زانیارییەکانمان لێیی وەرگرتووە؟ ))[٩٤].

ب- دەبێ هەواڵەکە سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەبێت

بوونی سروشتێکی کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ ئەو هەواڵەی کە لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە، چونکە ئەو سروشتە کۆمەڵایەتیە مەرجە بۆئەوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لە بەرژەوەندی کۆمەڵدا بێت، بۆیە ئەوکەسەی کە ڕووداوێك بڵاودەکاتەوە کە دەستدرێژی بۆسەر ژیانی تایبەتی کەسێك تیایەو لە بەرژەوندی کۆمەڵدا نیە، ناتوانێ کەڵك لە ڕێگاپێدانی یاسایی وەربگرێت بۆ ڕزگاربوون لەو تاوانە تانەوتەشەرەی کە لە ئاکامی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە ڕوودەدات.

ج- دەبێ نمایشکردنی هەواڵەکە بابەتیانە بێت

پێویستە ڕۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بابەتیانەبێتو قەوارەیەکی لەخۆی گەورەتری پێ نەبەخشێتو موبالەغەی تێدا نەکاتو خوێنەر چەواشە نەکات بە لێکدانەوەی ڕووداوەکان، بەجۆرێك دووربێ لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان.

د- دەبێ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بە نیازی پاك بێت

مەبەستمان لەمە ئەوەیە، دەبێ ڕۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵ بێت نەك تۆڵەسەندنەوەو تانەوتەشەردان لە خەڵکی.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەندێجار، ڕۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا دەکەوێتە هەڵەوە، جا ئایا تا چ ڕادەیەك دەتوانێ سوود لەمە وەربگرێت بۆ ڕزگاربوون لە بەرپرسیارییەتی یاساییدا؟

بێگومان ئەگەرهاتوو لەوباوەڕەدابوویێت کە ئەو هەواڵە ڕاستەو بەمەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بڵاوی کردبێتەوە، ئەوا دەتوانێ سوود لەو هەڵەیە وەربگرێت بۆ ڕزگاربوون لە بەرپرسیارییەتی یاسایی ئەگەرهاتوو لە وەرگرتنی ئەو هەواڵەدا پشتی بە بەدواگەڕانی ئاسایی (التحري المعتاد) هەرکەسێك

که لەشوێنی ئەودابێت بەستبێت، هەروەها ئەگەرهاتوو هەواڵەکە هیچ بایەخێکی کۆمەڵایەتی نەبووبێت بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە لەو باوەڕەدابووبێت کە بایەخی کۆمەڵایەتی هەیە[٩٥].

دادگای ((عابدین))ی تاوانکاریی میسری لە حوکمێکیدا دەڵێ:

**((لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە دەرهەق بە هاوڵاتیان بە تانەوتەشەر دادەندرێنو ڕۆژنامەنووس بڵاویکردوونەتەوە، هەرکاتێك بسەلمێندرێت، ڕۆژنامەنووسەکە لەو باوەڕەدابووە کە ئەو ڕووداوانە ڕاستن، هەروەها لە بڵاوکردنەوەیاندا مەبەستی خزمەتکردنی گشتی بووە، هیچ پاساوێك بۆ تۆمەتبارکردنی نابێ چونکە مەبەستی تاوانکاریی نەبووە ))**[٩٦].

٢- مافی ڕەخنەگرتن

**مافی ڕەخنەگرتن شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادی بیروڕادەربڕین، کە دەرفەت بە هاوڵاتیان دەدات تا لەڕێگای گوزارشتکردن لە بیروڕاکانیانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبنەوەو دەبنە ئاستەنگ لەبەردەمیدا، ئەویش بە دەسنیشانکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو کاروبارانە دەبێت کە مایەی بایەخپێدانی کۆمەڵن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیان، هەروەها بۆئەوەی جارێکیتر لە دواڕۆژدا ڕوونەدەنەوە.**

**هەروەها ڕەخنەگرتن مافێکە لەو مافانەی کە یاسا دانی پێداناوە لەمیانی کەفالەتکردنی ئازادی بیروڕادەربڕینو کەفالەتکردنی تۆژینەوەی زانستیو داهێناندا چونکە ڕەخنەگرتن بنچینەی تۆژینەوەو داهێنانە، جا ڕەخنەگرتن لە دانانی بە ماف پشت بە گرنگێتی ئەو بەرژەوەندییە دەبەستێ کە بۆ کۆمەڵ دەیهێنێتە دی**[٩٧]**. دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٧٠ لە ماددەی (٢٦)و (٢٧)دا بەشێوەیەکی زمنی دانی پێداناوە. لە ماددەی (٢٦)دا دەقنووسی کردووەو دەڵێ:** (( دەستوور کەفالەتی ئازادی بیروڕا دەکات ...))، **هەروەها لە بڕگە (ج)ی ماددەی (٢٧)دا دەڵێ:** (( دەوڵەت کەفالەتی ئازادی تۆژینەوەی زانستی دەکاتو لە گشت چالاکییە هزریو زانستییەکاندا داهێنانو سەرکەوتن پاداشتو هان دەدات))[٩٨].

**هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد، بۆیە ڕەخنەگرتن بەماف داندراوە تاکو لە ڕێگای ئەوەوە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بکەین. لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، بەرژەوەندی تاکەکەس وادەخوازێت ناووناوبانگو شەرەفو کەرامەتی پارێزراوبێت، هەروەکو چۆن دارایيو لەشیان پارێزراوە.**

**جا یاسای سزادان لەڕێگای یاساغکردنی تانەوتەشەردا ناووناوبانگو شەرەفو کەرامەتی تاکەکەس دەپارێزێت. جا لەبەرئەوەی ڕەخنەگرتن لە کردەوەو بیروڕای کەسانیتر، ڕەخنەگرتنە لە خودی کەسانی خاوەنی ئەو کردەوەو بیروڕایانە، بۆیە، ئەمە خۆیلەخۆیدا دەستدرێژیکردنە بۆسەر ناووناوبانگو ئیعتباریان، وێڕای ئەوەی هەرخۆی ڕەخنە تانەوتەشەر پێکدەهێنێ**[٩٩].

**بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بەرژەوەندی کۆمەڵ وادەخوازێت کە دان بە ئازادی بیروڕادەربڕین دابنرێت بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیو پێشخستنی کۆمەڵ لە ڕێگای تۆژینەوەو داهێناندا کە لە ڕێگای ڕەخنەگرتنی بنیاتنەرو بابەتیانەوە دێتەدی.**

**لەم حاڵەتەشدا، دەبێ پابەندی دوو بنچینە ببین،**

یەکەمیان بەدیهێنانی بەرژەوەندی تاکەکەسە، هی دووەمیشیان بەدیهێنانی بەرژەوەندی کۆمەڵە. جا لەبەرئەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵ لەپێشترە، بۆیە دەیخەینە پێش بەرژەوەندی تاکەکەسەوە(۱۰۰).

یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ۱۹٦۹ لە ماددەی (٤١)١ بۆ ڕێگادان بە ڕەخنەی تانەوتەشەرئامێز، پرنسیپێکی گشتی داناوەو دەڵێ:

(( ئەگەرهاتوو کردەوەکە لە ئاکامی بەکارهێنانی مافێك کە یاسا دانیپێدانابێت ڕووبدات بە تاوان دانانڕێت ))(۱۰۱).

دادگای پیاچوونەوەی میسری لە حوکمێکیدا پێناسەی ڕەخنەی ڕەوا (ڕێگاپێدراو)ی کردووە دەڵێ:

((ڕەخنەی ڕێگاپێدراو بریتییە لە دەربڕینی بیرورا لەبارەی فەرمانێك یان کارێکەوە بەبێ ئەوەی بەمەبەستی ناووناوبانگ زڕاندنو دەستدرێژی بۆسەر خاوەنی ئەو فەرمانە یان ئەو کارەی تیابێت. ئەگەرهاتوو ڕەخنەکە ئەو سنوورەی بەزاند دەبێ خاوەنەکەی سزابدرێت چونکە تاوانی تانەوتەشەری ئەنجام داوە ))(۱۰۲).

لەم پێناسەیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ، دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوە لە ڕەخنەدا هەبن تاکو بە ڕەخنەی ڕەوا دابنرێت:

أ- دەبێ ئەو ڕووداوەی ڕەخنەی لێگیراوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەبێت، یانیش ڕەخنەگر وابزانێت ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە

واتە نابێ ڕووداوەکە بەدرۆ هەڵبەسترابێت یان شێواو بێت، هەروەها دەبێ ڕەخنەگر ڕەخنەکەی ئاراستەی ڕووداوەکە بکات نەك خاوەنی ڕووداوەکە تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت ئەگەرهاتوو سروشتی ڕووداوەکە وابخوازێت. بەڵام ئەگەرهاتوو هەندێ ڕووداوی لەخۆیەوە هەڵبەست یان هەندێ ڕووداوی ڕاستەقینەی شێواند یان ڕووداوەکانی بەجۆرێکی وا لێکداوە کە دووربێت لە دەسپاکیو بووە مایەی چەواشەکردنی خوێنەرو دووربێت لە بابەتیانەو بێلایەنی، یان ڕایگشتی چەواشە بکات، دەکەوێتەبەر لێپرسینەوەی یاساییەوە(۱۰۳).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەو دەستەواژانەی کە ڕەخنەگر بلاویان دەکاتەوە چ هی خۆی بێت یان هی کەسانیتر بێت، وەکویەکە، چونکە دووبارە بلاوکردنەوەی نووسینێك کە تاوانی لەخۆگرتبێت، وەکو بلاوکردنەوەیەکی سەرلەنوێیە، بۆیە هیچ کەسێك بۆی نیە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتی یاسایی یاسا بەوە بێنێتەوە گوایە ئەو دەستەواژانەی کە لەناو نووسینەکەدا هاتوون، پێشتر لە ڕۆژنامەیەکیتردا بلاوکراوەتەوە. چونکە ئەوکەسەی نووسینێك لە ڕۆژنامەیەك وەردەگرێتو دووبارە بلاویدەکاتەوە، پێویستە بەر لەوەی دووبارە بلاویبکاتەوە یان ڕەخنەی لێ بگرێت، لێی بکۆڵێتەوە ئایا ئەو نووسینە بوونی هەیە یان نا؟ هەروەها ئایا دەسکاری کراوە یان نا؟(۱۰٤).

هەروەها لەوانەیە ئەو ڕووداوەی ڕەخنەی لێگیراوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینە نەبێت، بەڵام ئەگەرهاتوو ڕەخنەگر ئەوەی سەلماند کە لەو باوەڕەدابووە کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو نەیزانیوە بەدرۆ هەڵبەستراوە، دەکرێ لەسەر بنەمای « نیازپاکی » بەبێ تاوان دابندرێت(۱۰۵).

ب- دەبێ ڕووداوەکە بایەخێکی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ مافی ڕەخنەگرتن وەك مافێکی یاسایی ئەوەندە بەس نیە ڕەخنەکە ئاراستەی ڕووداوێکی ڕاستەقینە کرابێت، بەڵکو دەبێ ئەو ڕووداوە بایەخێکی

کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەمە مەرجێکە لە مەرجەکانی ڕەخنەی بنیاتنەر، بەڵام ئەگەرهاتوو ڕووداوەکە بایەخە کۆمەڵایەتیەکەی لەدەستدا، ئەوکاتە هیچ پاساوێك بۆ ڕەخنەلێگرتنی نامێنێ، چونکە ڕەخنە فەرمانێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئامرازێك نیە بۆ تانەوتەشەردان لەخەڵکی[١٠٦].

کەواتە، ڕەخنەی بنیاتنەر، ئەو ڕەخنەیەیە کە ئاراستەی ئەو ڕووداوانە دەکرێ کە جەماوەر بایەخیان پێ دەدات، بەڵام ئەگەرهاتوو، ڕووداوەکە ئەو بایەخەی نەبوو، ئەوکاتە ڕەخنەکەش ئەم سیفەتە لەدەست دەدات. جا ناکرێ لەپەنای ڕەخنەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر ژیانی تایبەتی خەڵکی مەگەر پەیوەندی هەبێت بە کاروباری ژیانی گشتییەوە، لەم حاڵەتەشدا نابێ ڕەخنەکە لەم سنوورە بچێتە دەرەوە[١٠٧]. شایەنی باسە، کۆمەڵ هیچ سوودێك لەوە وەرناگرێت، ڕەخنەگر خۆی لە قەرەی ژیانی تایبەتی کەسێك بدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە نیگەران دەبێ، چونکە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ڕێگانادات دەستدرێژی بکرێتە سەر ژیانی تایبەتی کەسێكو خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوەو بیروڕای لەسەر ئاڵوگۆڕ بکرێت[١٠٨].

بێگومان، هەر ڕووداوێك پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت، جێگای بایەخی کۆمەڵ دەبێتو دەکرێ ڕەخنەی لێ بگیرێت، لەم ڕووەوە دادگای پیاچوونەوەی میسری لە بڕیارێکیدا دەڵێ:

(( ڕەخنەی ڕێگاپێدراو بریتییە لە دەربڕینی بیروڕا لەبارەی فەرمانێکەوە یان کارێکەوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتەسەر خاوەنی ئەو فەرمانە یان ئەو کارە بە مەبەستی ناوزڕاندنی. دادگا لە حوکمەکەیدا ئەمەی لەبەرچاوی خۆی نەگرتووە. چونکە ڕەخنەکە ئاراستەی ڕووداوێکی گشتی کراوە کە بریتییە لە سیاسەتی داوودەرمانی پزیشکی لە وڵاتدا. کە ئەمەش کێشەیەکی گشتییەو جێگای بایەخی جەماوەرە. جا لەبەرئەوەی دەستەواژەی وتارەکە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا دەگونجێتو مەبەستیشی بەرژەوەندی گشتییەو ڕەخنەگر مەبەستی نەبووە تانەوتەشەر لە کەسێکی دیاریکراو بدات، بۆیە ئەمە بە ڕەخنەی ڕێگاپێدراو دادەندرێت چونکە پەیوەندی هەیە بە ئازادی بیروڕاو یاسا کەفالەتی کردووە))[١٠٩].

ج- بەکارهێنانی دەستەواژەی گونجاو

ڕەخنەی بنیاتنەرو بابەتیانە ئەو ڕەخنەیەیە کە ڕەخنەگر تیایدا بۆ پێکانی ئامانجەکەی دەستەواژەی گونجاو بەکاردەهێنێتو بەپێی تواناش لە دەستەواژەی توندوتیژ دوور بکەوێتەوەو لەپەنای ڕەخنەوە هەستی کەس بریندار نەکاتو تیروتوانجیان تێنەگرێت.

جا پێوەری دەستەواژەی گونجاو بریتییە لە پێویستیتی ئەم دەستەواژەیە بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕای نووسەرەکەی بۆ هێنانەدی ئەو واتایەی کە لە نووسینەکەیدا مەبەستیەتی[١١٠].

جێی سەرنجە، (( گونجاویتی دەستەواژە )) مەسەلەیەکی ڕێژەییەو بەستراوەتەوە بە جۆرو بارودۆخی ئەو ڕووداوەی کە ڕەخنەکەی ئاراستە دەکرێتو بەپێی ئەو بارودۆخە گونجاویتی نێوان دەستەواژەو ئەو بیروڕایەی کە تەعلیقی لێدەدرێ هەڵدەسەنگێندرێت[١١١].

دادگای فەرەنسی لە ساڵی ١٩٩٣ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە تاوانی تانەوتەشەری بەئاشکرا بەخشی بۆ ئەو تانەوتەشەرانەی کە دابوویانەپاڵ سیاسەتمەدارێك گوایە: (( مرۆڤێکی هەڵپەرستەو بەپێی بارودۆخ بەرگی‌خۆی دەگۆڕێتو لەگەڵ خودی

خۆی دژوارەو هیچ نرخێك بۆ باوەڕە ڕاستەقینەکەی خۆی دانانێت)) دادگای ناوبراو دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو دەستەواژانەی کە لەم وتارەدا بەکارهاتوونە، سنووری مافی ڕۆژنامەنووسیان لە ڕەخنەگرتنی ڕەفتاری گشتیو بەرنامەی سیاسەتمەدار بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا نەبەزاندووە(١١٢).

د- دەبێ ڕەخنەگر نیازی پاك بێت

بۆئەوەی، ڕەخنە، ڕەخنەیەکی ڕەوابێتو ڕێگای پێبدرێت، دەبێ ڕەخنەگر لە ڕەخنەکەیدا نیازی پاك بێت، ئەمەش بە بوونی ئەم دوو مەرجانەی خوارەوە دێتەدی:

١- دەبێ ڕەخنەگر لە ڕەخنەکەیدا ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی بێت

لەڕێگای ئەم مەرجەوە ئەو مەبەستە دێتەدی کە لە پێناویدا دان بە مافی ڕەخنەگرتن نراوە کە بریتییە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی لەڕێگای گوزارشتکردن لە بیروڕایەکی بنیاتنەر، کە سوودی بۆ کۆمەڵ هەبێت، جا چ بۆ کاری چاك ئامۆژگاری بکرێت یانیش بۆ دوورکەوتنەوە لەکاری خراپ وریا بکرێتەوە(١١٣).

٢- دەبێ ڕەخنەگر لە ڕەخنەکەیدا باوەڕی بە ڕاستی ئەو ڕەخنەیە هەبێت کە گرتوویەتی

واتە دەبێ ڕەخنەگر لە ناخەوە باوەڕی بە ڕاستیو دروستی ئەو ڕایە هەبێت کە دەریدەبڕێت، هەڵبەتە ئەمەش لەو دەستەواژانەدا دەردەکەون کە ڕەخنەگر بەکاری هێناون، هەروەها لەو ئامانجەشدا بەدەردەکەوێ کە ڕەخنەگر مەبەستی بووە.

لە بنەڕەتدا گریمانەدەکرێ کە ڕەخنەگر ڕاستگۆیەو نیازیشی پاکە لە ڕەخنەکەیدا، بەڵام ئەگەرهاتوو ئەو دەستەواژانەی کە بەکاری هێنابوون، دەستەواژەی توندوتیژ بوون یان بابەتی نەبوون یانیش ڕەخنەگر خۆی لەو باوەڕەدابووە کە ئەو بیروڕایەی دەریدەبڕێت ڕاست نیە، ئەوە مانای ئەوەیە ڕەخنەگر نیازخراپ بووە لە ڕەخنەکەیدا. لەم حاڵەتەشدا، ئەرکی سەلماندنی نیازخراپیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەسەی کە تۆمەتباری دەکات(١١٤).

گرنگترین گەرینە (قرینة) بۆ سەلماندنی نیازخراپی ڕەخنەگر، توندوتیژی ئەو دەستەواژانەیە کە لە ڕەخنەکەدا بەکارهاتوون بێ ئەوەی پێویست بێت، بەتایبەتی نەگونجانیان لەگەڵ ئامانجی ڕەخنەکە، هەرچەندە مەرجیش نیە تەنها لەڕێگای ئەو دەستەواژانەی کە لە وتارەکەدا بەکارهاتوون، نیازخراپی ڕەخنەگرمان بۆ دەربکەوێ، بەڵکو دەکرێ بەهەر ڕێگایەکیتر بگەینە ئەم مەبەستە، لەوانە هەوڵدانی ڕەخنەگر بۆ وەدەستهێنانی سوودێك یان دارایییەك بەرامبەر ڕاگرتنی هەڵمەتی ڕەخنەگرتنەکە یان بوونی ناکۆکی لەنێوان ڕەخنەگرو ئەوکەسەی ڕەخنەکەی ئاراستەکراوە(١١٥).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، نیازپاکی هۆیەکی گشتییە لە هۆیەکانی ڕێگادان بە هەموو تاوانێك لەوانە تاوانی ئانەوتەشەر، ئەگەرهاتوو ئەنجامدەر نیازی پاکبووبێت یان لەو باوەڕە دابووبێت ئەو کردارەی کە ئەنجامی دەدات ڕەوایە، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە پشتی بە هەندێك پاساوی ماقوڵ بەستبێت(١١٦).

### ٢ - بەرپرسیارێتی تاوانکاری(١١٧)

چەمکی بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە پابەندبوونی کەسێك بە لە ئەستۆگرتنی ئاکامەکانی ئەو کارانەی کە دەیانکاتو یاسا بە تاوانی داناون. جا بۆئەوەی کەسێك بەرپرسیارێتییەکی تاوانکاری تاوانکاربێت، دەبێ وشیارو ئاگادار

(مدرك)و لێهاتوو بێت بۆ لەئەستۆگرتنی ئاکامەکانی کردەوە تاوانییەکانی(افعاله الجرمية)[118].

بەڵام بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە بواری رۆژنامەگەریدا، بریتیە لەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ئاکامی سەرپێچیکردنی یاسای چاپەمەنیو یاساکانی تری پەیوەندیدار بە کاروباری رۆژنامەگەریو هەندێ حوکمی یاسای سزادان لەم بارەیەوە، لەلایەن رۆژنامەنووسەوە دێتەدی.

بەم پێیە، لە پراکتیزەکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە تاوانە ئاساییەکاندا هیچ گرفتێکمان نایەتەرێ، چونکە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەو تاوانانەدا بەپێی بڕی بەشداربوونی تاوانکار وەك بکەرێك (فاعل)یان بەشداربووێك لە هێنانەدی تاوانەکە دیاردەکرێت، بەڵام لە رێکخستنی حوکمەکانی بەرپرسیارێتی رۆژنامەگەریدا، چەندین گرفتمان دێتەرێ، لەوانە چۆنێتی دەسنیشانکردنی ئەو کارەی بە تاوان دادەندرێ، ئایا کاری نووسینەکەیە یان کاری بڵاوکردنەوەکەیە یان هەردووکیانە؟ هەروەها چۆنێتی دۆزینەوەی وتارنووس (کاتب المقال) لە حاڵەتێکدا ئەگەرهاتوو رۆژنامەکە لە بڵاوکردنەوەی وتارەکەدا پێڕەوی سیستەمی بێناوی (نظام اللاأسمية)ی کردبێ[119]، کە بەزۆری وا لێك دەدرێتەوە ئەو وتارە بێناوانە گوزارشت لە بۆچوونی رۆژنامەکە بکەن نەك خاوەن وتارەکە. گرفتێکی تریش پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی لێك جوداکردنەوەی ئەنجامدەرە ئەسڵییەکانو بەشدار بووەکان لە تاوانی رۆژنامەگەریدا، چونکە کەسانێکی زۆر لە ئامادەکردنو بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکە بەشداری دەکەنو رۆڵی هەریەکێکیشیان لەوەیتر جیاوازە[120]، سەلماندنی بەرپرسیێتی کەسێك یان کەسانێك لە رووودانی تاوانی رۆژنامەگەریدا مەسەلەیەکی ئاسان نیە.

جا لەبەرئەوە، زۆربەی یاساکانی سزادانو ئەو یاسایانەی کاروباری رۆژنامەگەرییان لە دەوڵەتە جیاجیاکان رێکخستووە، هەندێ بنەمای تایبەتییان بۆ دەسنیشانکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە تاوانەکانی رۆژنامەگەری داناوە، لەوانە، پرنسیپی بەرپرسیارێتی لە ئاکامی کاری کەسانی تردا (المسؤلية عن افعال الغير) لەو حاڵەتەدا سەرنووسەر یان بەرپرسی لاپەڕە یان خاوەنی رۆژنامەو چاپکراوە دەورییەکە ناوو ناسنامەی وتارنووسەکە ئاشکرا ناکات، چونکە یاسا وادەخوازێ کە کەسێك ئەرکی کەسێکیتر لە ئەستۆ بگرێت کە نایەوێ ناوو ناسنامەکەی ئاشکرا بکات بۆئەوەی بدرێتە دادگا، ئەگەرهاتوو ئەو بابەتەی کە بڵاوی کردبۆوە بە تاوان داندرابێتو یاساش سزای بۆ دانابێت.

لێرەوە، یاسای چاپەمەنیو رۆژنامەگەری زۆربەی وڵاتانی دنیا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێ کەسێك بەرپرسیێتی ئەو بابەتەی لە رۆژنامەو چاپکراوە دەورییەکاندا بڵاودەبنەوە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، ئەو کەسەش یان خاوەنی ئەو چاپکراوەیە یان سەرنووسەرەکەیەتی یانیش بەرپرسی لاپەڕەکەیە، هەندێجاریش سکرتێر یان بەرێوەبەری نووسین بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەجیاتی کەسێکیتر لەئەستۆ دەگرن.

ئەگەر بێتو تەمەشای یاسای چاپەمەنیو رۆژنامەگەریو یاساکانیتری پەیوەندیداری دەوڵەتان بکەین، دەبینین، بۆ دەسنیشانکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە تاوانەکانی رۆژنامەگەریدا، پێڕەوی هەندێك سیستەمیان کردووە کە یاسازانەکان بۆ

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دایان ناون. لە خوارەوە لە خاڵێکی سەربەخۆدا باسیان دەکەین :

**٢-١ سیستەمەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا**

بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بەرپرسیاریەتییە تاوانکارییەی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری دەکەوێتەوە، یاسادانەران پێڕەوی هەندێك سیستەمیان کردووە کە لەلایەن یاسازانانەوە بۆ ئەم مەبەستە داندراون. لە خوارەوە لە سێ خاڵدا باسیان لێوە دەکەین :

**یەکەم : بەرپرسیارییەتی هاوبەش**

**( المسؤولية التضامنية )**

بەپێی ئەم سیستەمە، لە یەك کاتدا، زیاتر لە کەسێك بەرپرسیاریەتی تاوانکارییان لە تاوانی ڕۆژنامەگەریدا دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم سیستەمە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری بەرپرس یان بەرپرسی لاپەڕە یان ئەو کەسەی ڕۆژنامەو چاپکراوە دەورییەکە بڵاو دەکاتەوە، هەردەم بەرپرسە لە تاوانی ڕۆژنامەگەریدا بەو سیفەتەی کە ئەنجامدەری ئەو تاوانانەیە، چونکە ئەو تاوانە ڕوونادات مەگەر لە ئەنجامی ئەو بڵاوکردنەوەیە نەبێت کە یەکێك لەوان ئەنجامی دەدات[١٢١]. چونکە هەریەکێك لەوانە سەرپەرشتی ئامادەکردنو بڵاوکردنەوەی گشت ئەو بابەتانە دەکەن کە ڕۆژنامەو چاپکراوی دەوری ڕۆژانە وەری دەگرێو بەبێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ شتێك بڵاونابێتەوە. جا ئەگەر یەکێکیتر لەگەڵ یەکێك لەوانە لەم بڵاوکردنەوەیەدا بەشداریکرد، جا چ ئەنجامدەر بێت یان هاوبەش بێت، بەپێی بنەما گشتییەکان بەرپرس دەبێت[١٢٢]. یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان[١٢٣] و یاسای چاپەمەنی عێراقی[١٢٤] و یاسای چاپەمەنی میسری ساڵی ١٩٣٦ی هەموارکراو[١٢٥] و یاسای چاپەمەنی لوبنانی[١٢٦] لە ڕێکخستنی بەرپرسیارییەتی تاوانکاریدا، کاریان بەم سیستەمە کردووە.

**دووەم : بەرپرسیارییەتی دامەزراو لەسەر کەمتەرخەمی (المسؤولية المبنية على الاهمال)**

بەپێی ئەم سیستەمە، سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان بەڕێوەبەری بەرپرس یان بەرپرسی لاپەڕە یان ئەو کەسەی ڕۆژنامەکە یان چاپکراوە دەورییەکە بڵاودەکاتەوە لە ئاکامی کەمتەرخەمیکردنی لەو کارەیدا کە یاسا بۆی داناوە بەرپرسیارییەتی تاوانکاری دەکەوێتە ئەستۆ[١٢٧].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئەو کەسانە لە ئاکامی کەمتەرخەمیکردن لە چاودێریکردنی ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامە یان چاپکراوە دەورییەکەیاندا بڵاودەبێتەوە کە بە تاوان دانراون بەرپرسیارییەتی تاوانکارییان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم بەرپرسیارییەش لەسەر بنەمای بەرپرسیارییەتییەکی گریمانەکراو (المسؤولية المفترضة) ی یەکێك لەو کەسانە لە ئەرکە یاساییەکانیاندا دامەزراوە[١٢٨].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەم سیستەمە بە پێچەوانەی سیستەمەکانیتر، دانی بە دوالیزم (دووفاقی)ی تاوان (ازدواجية الجريمة) ناوە، بۆیە سەرنووسەر یان هەریەکێك لەو ناوبراوانەی سەرەوە بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە ئاکامی تاوانێکی تایبەتییەوە دەکەوێتە ئەستۆ جیاوازی هەیە لەگەڵ خودی تاوانە ڕۆژنامەگەرییەکەو ئەو بەرپرسیارییەتیەش لەسەر بنەمای کەمتەرخەمیکردن لە پێشەدا دێتە دی، واتە سەرپێچیکردنی ئەو ئەرکانەی کە یاسا دایناونو ڕەچاوکردنیان دەبێتە

مایەی ڕوونەدانی تاوانەکە. بۆنموونـە، ئەگـەر بێـتو سەرنووسەر یان هەر یەکێك لەو کەسانەی لە سـەرەوە ئاماژەمان پێکردن، کەمتەرخـەمی لـە کارەکانیانـدا نەکەن، ئەوا ئاگاداری ناوەڕۆكو سروشتی تاوانکـاری ئەو بابەتانە دەبـن کـە بـۆ ڕۆژنامـە یـان چاپکراوە دەورییەکـــەیان هـــەناردراوەو ڕێگانـــادەن چـــاپو بڵاوبکرێتەوە، لەو حاڵەتەشدا تاوانەکە ڕوونادات.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بەرپرسێتی سەرنووسەر یان هەریەکێك لەو کەسانەی کە ئاماژەمان پێکردوون، لە ڕووی گریمانـــەکردنی هەڵەکردنەکـــەی لەلایـــەن یاســـادانەرەوە، لـــە بەرپرســـیارییەتی مـــەتبوع دەچـێت[129]، کـە لەسـەر هەڵـەی گریمانـەکراوی مەتبوعەوە دامەزراوە. ئەمـەش پێچـەوانەی بنـەما گشـتییەکانە، چـونکە بـەپێی بنـەما گشـتییەکان بەرپرسیارێتی تاوانکاری پشت بە هەڵەی گریمانـەکراو نابەســتێت لـــە هێنانـــەدی بەرپرســـیارێتی تاوانکاریدا[130].

**سێیەم : بەرپرسیارییەتی پۆلێنکراو**

**( المسؤولية المبنية على التتابع )**

ئەم سیستەمە لەسـەر بنـەمای دەسنیشـانکردنو پۆلینکردنی ئەو کەسانە دامەزراوە کە بەرپرسیارن لە تاوانی ڕۆژنامەگەریدا، بە چەشنێك، وەك ئەنجامدەری تاوانەکـە، لێپرسـینەوە لەگـەڵ یـەکێکیان ناکرێـت، مەگەر ناسینی ئەو کەسە لـە توانـادا نـەبێ کـە لـە پۆلینەکە لە پێشەوەی ئەودایە[131].

بەم پێیە، لـە تـاوانێکی ڕۆژنامەگەریـدا، ئەگـەر نەزاندرا دانەرەکـەی کێیـە، لـەو حاڵەتـەدا خـاوەنی ڕۆژنامەکـە بەرپرسـیار دەبـێ، ئەگـەر خاوەنەکـەی دیارنەبوو، سەرنووسەرەکەی بەرپرسیار دەبێ، ئەگەرنا بەڕێوەبەری نووسین، ئەگەرنا بەرپرسی لاپەڕە، ئەگەرنا ئەو کەسەی چاپی کـردووە، ئەگـەرنا ئـەو کەسـەی بڵاویکردۆتەوە، ئەگەرنا فرۆشیارەکەی، ئەگـەرنا ئـەو کەسەی دابەشی دەکات یان هـەڵی دەواسێ بەتـەنها بەرپرسیارێتییە تاوانکارییەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

یاسـای ڕۆژنامەگـەری فەڕەنسـی سـاڵی ١٨٨١ی هەموارکراو لە ماددەی (٤٢)دا کاری بەم سیسـتەمە کـــردووەو دەڵـــێ : (( **ئـــەو کەســـانەی تـــاوانێکی ڕۆژنامەگـــەری ئـــەنجام دەدەن، وەك ئەنجامـــدەرێکی بنەڕەتی (فاعل اصلی)بە پێی ئەم پۆلینەی خـوارەوە سزا دەدرێن :**

**یەکـــەم :بەڕێوەبـــەری چـــاپخانە یـــان بەڕێوەبـــەری بڵاوکردنەوە، پیشەیان یـان ناوونیشـانیان هەرچـییەك بێت، یان بەڕێوەبەری هاریکار (المدیر المشارك) لـەو حاڵەتانەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی شەشـەمدا هاتووە**[132].

**دووەم : دانەران بەهۆی هەڵەکانیانەوە.**

**سـێیەم :خـــاوەن چـــاپخانەکان بـــەهۆی هەڵـــەی دانەرەکانەوە.**

**چوارەم :فرۆشیارو دابەشکەران (الباعە والموزعون) و ئەو کەسـانەی جـاڕی دەدەن بـەهۆی هەڵـەی خـاوەن چاپخانەکانەوە ))**[133].

کەواتـــە، بـــەپێی ئـــەم پۆلینکردنـــە، دانـــەر وەك ئەنجامدەرێکی بنەڕەتی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە نابێت، مەگەر نەزانرێ بەڕێوەبەری چاپخانە یـان بەڕێوەبـەری بڵاوکردنــەوە کێیــە. ئــەم بنەمایــە لەســەر هــەموو کەسەکانی تر دەچەسـپێ کـە لـە دوای ئەوانـەوە لـە پۆلینەکەدا ناویان هاتووە.

سەبارەت بەمە، لـە پاشـبەندی مـاددەی نـاوبراوەوە هاتووە :

(( **بەر پرسێتی ئەو کەسانەی کـە لـە بڕگـەی دووەمو**

سێیەم و چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون لە حاڵەتێکدا دەبێ کە بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە نەبێ))[١٣٤].

هەروەها یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراویش کاری بەم سیستەمە کردووەو دەڵێ :

((ئەگەرهاتوو نووسینەکە یان ڕەسمەکە یان ڕێگاکانی تری گوزارشتکردن کە لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەکار هاتبوو، لە دەرەوەی وڵات داندرابێ یان بڵاوکرابێتەوە یان نەتوانرێ ئەنجامدەری تاوانەکە بناسرێ، ئەو کەسەی کە هێناویێتی و ئەو کەسەش کە چاپی کردووە وەك بکەرێکی ئەسڵی سزا دەدرێن.

ئەگەر نەتوانرا ئەمەش بزانرێ، ئەوکاتە ئەوکەسەی دەیفرۆشێ یان دابەشی دەکات یان هەڵیدەواسێ سزا دەدرێ...))[١٣٥].

هەرچەندە ئەم سیستەمە بەوە لە سیستەمەکانی تر جیا دەکرێتەوە، کە ئاسانە لە جێبەجێکردنداو کاری دادوەر لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی بەرپرسیارە لە تاوانی ڕۆژنامەگەریدا ئاسان دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەندێ کەموکوڕی تێدایەو دووریشە لە واقیع. بۆنموونە، پێوەری دەستنیشانکردنی ئەو بەرپرسیارێتییە بە پێی ئەم سیستەمە بریتییە لە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی کەسێك لەو کەسانەی کە لە پۆلێنەکەدا ناویان تۆمار کراوە. ئەمەش لەگەڵ ئەو بنەما گشتییانەدا ناگونجێ کە دەڵێ دەبێ بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەپێی گرنگی ئەو ڕۆڵە دەستنیشان بکرێ کە تاوانکار لە کردنی تاوانەکەیدا دەیبینێ.

هەروەها، جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی ڕەها، جۆرە ناکۆکییەك لەگەڵ پرنسیپی




«کەسایەتی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری- شخصية المسؤولية الجزائية» لە لایەك و پرنسیپی «هیچ بەرپرسێتییەکی تاوانکاری بەبێ هەڵە نییە» دروست دەکات، چونکە ڕێکەوت ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی کە ناویان لە کۆتایی پۆلێنەکەدا هاتووە، بەبێ ئەوەی مەبەستی تاوانکارییان لا هەبووبێت.

بۆیە بەڕای ئێمە باشتروایە لەجیاتی ئەمەبگەڕێینەوە بۆ بنەما گشتییەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری، چونکە لە واقیع نزیکترەو دادپەروەرانە تریشە[١٣٦].

**٢-٢ حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا**

**یەکەم : حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە یاسای میسریدا**

یاسادانەری میسری بەپێی ماددەی (١٩٥)و

**(١٩٦)و (١٩٧) یاسای سزادان، حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری ڕێکخستووەو بۆ ئەم مەبەستە لە ماددەی (١٩٥)[١٣٧] دا بێ لە دانەر[١٣٨]ی ئەو بابەتە ڕۆژنامەگەرییەی تاوانەکەی لێ کەوتۆتەوە، سەرنووسەرو بەرپرسی ئەو لاپەڕەیشی خەتابار کردووە کە بابەتەکەی لێ بڵاوبۆتەوەو بۆ ئەم مەبەستە دانەرو سەرنووسەرو بەرپرسی لاپەڕەی بە ئەنجامدەری بنەڕەتی داناونو ڕێگای داوە داوای سزادان دژی هەموو یان هەریەکێك لەوانە بۆ دادگا بەرزبکرێتەوە. بەڵام ئەگەرهاتوو سەرنووسەرەکە خۆی دانەرەکە بوو، لەو حاڵەتەدا، داوایەکە تەنها دژی ئەو بەرزدەکرێتەوە، چونکە هەردوو خەسڵەتی دانەریو سەرنووسەری تێدایە. بەڵام سەبارەت بە خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە، ئەگەرهاتوو بەتەواوی دەستی لە ئەنجامدانی تاوانەکە وەردابێت، بە ئەنجامدەری بنەڕەتی دادەندرێتو دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی تاوانکارییەوە. بەڵام ئەگەرهاتوو بەتەواوەتی لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا دەستی تێوەرنەدابێت، لەو حاڵەتەدا، تەنها بەرپرسیارییەتیەکەی سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکە بە خەرجییەکانی دادگایشەوە، لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرپرسی ڕۆژنامەکەو وتارنووسەکە بەرپرسیارییەتیەکەی هاوبەش دەبێت[١٣٩].**

**لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێ کە یاسای سزادانی میسری لەم حوکمەیدا پەیڕەوی تیۆری (بەرپرسیارییەتی هاوبەش)ی کردووە.**

**دادگای پیاچوونەوە (محكمة النقض)ی میسری لە حوکمێکیدا سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی سەرنووسەر لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا دەڵێ :**

(( بەرپرسیارییەتی سەرنووسەر بەرپرسیارییەتییێکی گریمانەکراوەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیفەتەو ئەو فەرمانەی کە لە ڕۆژنامەکەدا هەیەتیو هەرکاتێك بسەلمێنرێ بەم ئەرکە هەڵدەستێ، ئەم بەرپرسیارییەتییەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەرچەندە بە ڕێکەوت بە شێوەیەکی تەواو سەرپەرشتی لەسەر ئەو ژمارەیە یان ئەوەیتر نەکردبێ، چونکە مەبەستی یاسادانەر لە دانپێدانانی ئەم بەرپرسیارییەتییە گریمانەکراوە، گریمانەکردنی ئاگایی سەرنووسەرە لەو بابەتانەی بە ڕەزامەندی ئەو لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاودەکرێنەوە واتە یاسادانەر گەرینەیەکی یاسایی دەرهەق داناوە، گوایە ئاگادارە لەو بابەتانەی کە لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاودەکرێنەوە کە ئەو سەرپەرشتی لەسەر دەکات، کەواتە بەرپرسیارییەتییەکەی لە ئاکامی گریمانەکردنی ئەم ئاگادارییە گریمانەکراوە ...))[١٤٠].

**هەروەها بەپێی ماددەی (١٩٦)[١٤١]ی یاسای سزادان لە حاڵەتی بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمە لە دەرەوەی وڵات کە تاوانەکەی لێ دەکەوێتەوە، لە دەقی ماددەی ناوبراو بۆمان دەردەکەوێ کە یاسای سزادانی میسری لەم حوکمەیدا لەو حاڵەتە کە نەزاندرێ ئەوکەسەی تاوانەکەی کردووە کێیە، یانیش ئەو بابەتەی تاوانەکەی لێ ڕوودواە لە دەرەوەی وڵات بڵاوبوویێتەوە، پێڕەوی تیۆری (بەرپرسیارییەتی بنیادنراو لەسەر یەك بە دوای یەکی)ی کردووەو بۆ ئەم مەبەستەش ئەو کەسانەی کە ڕۆژنامەکە دەهێننە ناو وڵاتەوە یان چاپی دەکەن بە ئەنجامدەری ئەسڵی داناوە، ئەگەر زانرا کێنە، بەڵام ئەگەر نەزاندرا ئەو کەسانە کێنە، لەو حاڵەتەدا فرۆشیارو دابەشکەرو ئەو کەسانەی هەڵیدەواسن بە ئەنجامدەری ئەسڵی دادەندرێن.**

لەم حاڵەتەشدا، داوای سزادان دژی کۆمەڵەی دووەم بە سیفەتی ئەنجامدەری ئەسڵی بۆ دادگا بەرزناکرێتەوە ئەگەر زاندرا کۆمەڵەی یەکەم کێن ( ئەگەر بە کۆمەڵەی یەکەم زاندرا ). بەڵام ئەگەرهاتوو داوای سزادان دژی دانەر یان سەرنووسەر یان بەرپرسی لاپەڕە وەك ئەنجامدەری ئەسڵی بەرزکرایەوە، ئەمە رێگا لەوە ناگرێت کە بەپێی بنەما گشتییەکان (القواعد العامة) داوای سزادان دژی کەسەکانی هەردوو کۆمەڵەی سەرەوە بەپێی پۆلینیان بۆ دادگا بەرزبکرێتەوە، بەڵام لەم حاڵەتەدا، ئەو داوایە دژی ئەوان بە سیفەتی ئەنجامدەری ئەسڵی بەرزناکرێتەوە، بەڵکو بە سیفەتی هاوبەشیکردن لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەرزدەکرێتەوە[142].

هەروەها لە ماددەی (١٩٧)[143]دا بەرپرسیارییەتی ئەوکەسانەی دیارکردووە، کە ئەو بابەتانەی لە میسر یان لە دەرەوەیدا بڵاودەکرێنەوە وەردەگرن یان وەردەگێڕن یان لە پرۆپاگاندەو گێڕانەوەی سەرزاری کەسانیدیکە وەردەگرن.

دووەم: حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە یاسای لوبنانیدا

یاسادانەری لوبنانی لە ماددەی (٢٦)ی مەرسومی یاسایی ژمارە (١٠٤)ی ساڵی ١٩٧٧[144]دا بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە تاوانەکانی رۆژنامەگەری رێکخستووە، ئەمەش دەقەکەیەتی :

(( ١- ئەو سزایانەی کە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانەکانی رۆژنامەگەرییەوە حوکمیان لەسەر دەدرێت، دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەری بەرپرس (المدیر المسؤول)[145] و وتارنووس ( کاتب المقال ) بە سیفەتی ئەنجامدەری ئەسڵی. جا حوکمەکانی یاسای سزادان کە پەیوەندییان هەیە بە بەشداریکردن ( الاشتراك ) یان دەستێوەردانی تاوانکاری ( التدخل الجرمي ) وە لەم بوارەدا جێبەجێ دەکرێت. بەڵام خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە تەنها بە هاوکاریکردن، بەرپرسیایەتی مەدەنی مافە کەسینەکان ( الحقوق الشخصية ) و خەرجییەکانی دادگاییکردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆ بەرپرسیایەتی تاوانکاری ناکەوێتە ئەستۆ، مەگەر دەستێوەردانی فیعلی لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بسەلمێندرێ.

٢- ئەو حەسانەیەی کە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە کاتی ماوەی نوێنەرایەتییەکەی هەیەتی، بەرێوەبەری بەرپرسو خاوەنی ئیمتیازی چاپکراوەکە، لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی گۆتەو قسەدەربڕینەکانی ئەندامی ئەنجوومەن، لە بەرپرسیایەتی نابەخشێت.....))[146].

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەم تێبینیانەی خوارەوە دەکەین:

١·یاسادانەری لوبنانی جیاوازی کردووە لە نێوان بەرێوەبەری بەرپرسو وتارنووس لەلایەك و خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە لەلایەکیترەوە.

سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی تاوانکاری بەرێوەبەری بەرپرسو وتارنووس، یاسادانەری لوبنانی لەو حوکمەدا، کاری بە تیۆری ( بەرپرسیارییەتی هاوبەش )کردووەو هەردووکیان بە ئەنجامدەری ئەسڵی داناوە بۆ ئەو تاوانانەی کە لە رێگای رۆژنامەوە ئەنجام دەدرێن.

بەڵام سەبارەت بە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە، لە نێوان دوو حاڵەتدا جیاوازی کردووە، یەکەمیان، ئەگەرهاتوو بەتەواوی دەستی لە ئەنجامدانی تاوانەکە وەردابێت، لەو حاڵەتەشدا بە ئەنجامدەری بنەڕەتی دادەندرێتو دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی تاوانکارییەوە. دووەمیان، ئەگەرهاتوو بەتەواوەتی لە

ئەنجامدانی تاوانەکـەدا دەسـتی تێوەرنـەدابێت، لـەو حاڵەتەشدا، تەنها بەرپرسیارییەتیەکەی سەبارەت بـە قەرەبووکردنـــەوەی زیانەکـــە بـــە خەرجییـــەکانی دادگایشەوە، لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرپرسی ڕۆژنامەکەو وتارنووسەکە بەرپرسیارییەتیەکەی هاوبەش دەبێت.

٢. ئـەم دەسـتەواژەیەی خـوارەوە، لـەبارەی بەرپرسـیارییەتی تاوانکـاری بەڕێوەبـەری بـەرپرسو وتارنووسەوە لە دەقی مـاددەی نـاوبراودا هـاتووە (( حوکمـەکانی یاسـای سـزادان کـە پەیوەنـدییان بـە بەشداریکردن یان خۆتێخزانی تاوانکارییەوە هەیە لەم بوارەدا جێبەجێ دەکرێت ))(١٤٧).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، یاسادانەری لوبنـانی، لـەو حوکمەدا، ئەو بنەما یاساییەی سەبارەت بە سەلماندن ئاوەژوو (قلب) کردۆتەوە کە دەبێ بەڕێوەبەری بەرپرس بێئاگایی خۆی سەبارەت بەو وتارەی کـە تاوانەکـەی لێکەوتۆتەوە بسەلمێنێ، تاوەکو بەبێ تاوان دابندرێت، بـەڵکو لـەجیاتی ئـەوە دەرفـەتێکی باشـتری بـۆ ڕەخسـاندووەو هـیچ بەرپرسـیاریەتییێکی ناکەوێتـە ئەستۆو هیچ حوکمێکیشی لە دژدا دەرناچێت، مەگەر ئەوکەسـەی تـاوانی دەداتـەپاڵ بەرپرسـیارێتییەکەی بـەپێی بنچـینەکانی بەشـداریکردنو دەسـتێوەردانی تاوانکاری بسەلمێنێت (١٤٨).

کەواتە، دەتوانین بڵـێین بەرپرسـیارییەتی بەڕێوەبـەری بەرپرسی ڕۆژنامە، بە حوکمی یاسا نایەتەدی، بەڵکو تـــەنها بـــە بـــوونی مـەرجـەکانی بەشـداریکردنو دەستێوەردانی تاوانکـاری کـە لـە یاسـای سـزادانـدا دیارکراون، دێتەدی.

٣. ئەو حەسانە پەرلەمانییەی کە پەرلـەمانتار هەیەتی، بەڕێوەبەری بەرپرسی ڕۆژنامـــەو وتـــارنووس ســـوودی لێوەرناگرێـــت، بـــۆ ڕزگـــاربوون لـــەو بەرپرسیارێتییە تاوانکارییەی کە لە ئاکـامی گۆتـەو قسەدەربڕینەکانی پەرلەمانتار ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

بە مانایەکیتر، تەنها پەرلەمانتار بۆ ڕزگاربوون لـەو بەرپرسیارێتییە تاوانکارییـەی کـە لـە ئاکـامی ئـەو گۆتـەو تەسـریحاتانەیدا کـە لـە ڕێگـای ڕۆژنامـەوە دەیاندات دێتەدی، سوود لـەو حەسـانە پەرلەمانییـە دەبینێ کە هەیـەتی، بـەڵام بەڕێوەبـەری بەرپرسـی ڕۆژنامە هیچ سوودێکی لێوەرناگرێت بـۆ ڕزگـاربوون لـەو بەرپرسـیارێتییەو دەکەوێتەبـەر لێپرسـینەوە ئەگەرهاتوو بڵاوکردنەوەی ئەو گۆتەو قسـەدەربڕینانە تاوانی لێکەوتەوە.

٤- یاسـای لوبنـانی لـە ئاسـت بەرپرسـیارییەتی تاوانکاری ئەوکەسەی کە ڕۆژنامەکە چاپ دەکات یان دەیفرۆشێ یان دابەشی دەکـات یـان هەڵیدەواسـێت، بێدەنگ بووە، ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە دەبـێ بگەڕێینەوە بۆ بنەما گشتییەکانی بەرپرسـیارییەتی تاوانکاری، لـەم حاڵەتەشـدا، بەرپرسـیارییەتی ئـەو کەسانە لەسەر بنچینەی هەڵەی نامەبەست ( خطأ غير عمدي ) دەبێ کە لە ئاکامی کەمتەرخـەمیکردن لـە ئەرکێکی یاساییەوە دێتەکایـەوە، نـەك لـە ئاکـامی ئەنجامدانی تاوانێکی ڕۆژنامەگەرییەوە کە یەکێك لـە مەرجـەکانی ئەوەیـە، نیـەتی تاوانکـاری لـەلای ئەنجامدەرەکەیەوە هەبێت بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتـە، کە نیەتی تاوانکاری لـەلای ئەنجامدەرەکەیـەوە نیـە، بەڵکو تەنها لە ئەرکە یاساییەکەیدا کەمتەرخەمییەك هەیە.

سێیەم: حوکمەکانی بەرپرسـیارییەتی تاوانکـاری لـە یاسای فەڕەنسیدا

یاسـادانەری فەڕەنسـی لـە مـاددەی (٤٢)و (٤٣)ی یاسای ڕۆژنامەگـەری سـاڵی ١٨٨١ی هـەموارکراودا

حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاریی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری ڕێکخستووە.

لە ماددەی (٤٢)دا پێڕەوی تیۆری « بەرپرسیارییەتی پۆلێنکراو »کردووەو بۆ ئەم مەبەستە ئەو کەسانەی ریزکردووە کە یەك بە دوای یەك بەپێی ئەو پۆلینەی بۆیان کراوە بەرپرسیارییەتی تاوانکارییان دەکەوێتە ئەستۆ، بەچەشنێك ئەو کەسەی لە پۆلی پێشەوە دێت، ئەگەر زانرا کێیە، بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەڕەتی بەرپرسیار دەبێتو ئەوانی تریش بەسیفەتی شەریك بەرپرسیار دەبن.بەڵام ئەگەر نەزانرا ئەو کەسە کێیە، ئەوکاتە ئەو کەسەی لە پۆلی دوای ئەو دێت، بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەڕەتی بەرپرسیار دەبێتو ئەوانی تریش بە سیفەتی شەریك بەرپرسیار دەبنو بەم شێوەیە تا دەگاتە ئەو کەسانەی لە پۆلی دواوە ناویان هاتووە.

ئەوکەسانەش بریتین لە بەڕێوەبەری چاپخانە یان بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەو دانەرانو خاوەن چاپخانەکانو فرۆشیارو دابەشکەرو ئەوکەسانەی جاری دەدەن(١٤٩).

کەواتە، بەڕێوەبەری چاپخانەو بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە بۆ ئەو تاوانە ڕۆژنامەگەرییانەی ئەنجام دەدرێن، بە سیفەتی ئەنجامدەری بنەڕەتی سزا دەدرێنو ئەوانی تریش بە سیفەتی شەریك بە پێی بنەما گشتییەکان سزا دەدرێن، بەڵام ئەگەرهاتوو ئەوانەی پۆلی یەکەم دیارنەبوون، لەوحاڵەتەدا، بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەڕەتی لێپرسینەوە لەگەڵ دانەر دەکرێتو بە سیفەتی شەریکیش لەگەڵ ئەوانی دوای ئەو دەکرێت، جا ئەگەر نەزانرا دانەرەکە کێیە، ئەوکاتە، بەسیفەتی ئەنجامدەری ئەسڵی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوکەسە دەکرێت کە ڕۆژنامەکەی چاپکردووە، ئەگەر نەزانرا ئەویش کێیە، ئەوکاتە فرۆشیارو دابەشکەرو ئەوکەسانەی جارییان داوە بە سیفەتی ئەنجامدەری ئەسڵی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەمەو ئەوکەسانەی لە پلەی دواییەوە دێن، سەرەڕای لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانی پێش ئەوان، ڕزگارییان نابێت لە لێپرسینەوە، مەگەر نیازپاکی (حسن النیة ) خۆیان بە بەڵگە بسەلمێنن، ئەگینا بەپێی بنەما گشتییەکان بە سیفەتی شەریك دەکەونە بەر لێپرسینەوە.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بەڕێوەبەری چاپخانەو بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەو دانەران لەم پۆلینەدا، بەهۆی هەڵەکانیانەوە بەرپرس دەبن، بەڵام خاوەنی چاپخانەکان بەهۆی هەڵەی دانەرەکانەوە بەرپرسیارییەتییان دەکەوێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا فرۆشیارو دابەشکەرو ئەوکەسانەی جاری دەدەن، بەهۆی هەڵەی خاوەن چاپخانەکانەوە بەرپرسیار دەبن.

جێی سەرنجە، یاسادانەری فەرەنسی، دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەری ناچارکردووە کە شەریکێك بۆ ئیدارەی بڵاوکردنەوەکە دابمەزرێنێ، ئەگەرهاتوو بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەکە ئەو حەسانە دبلۆماسییەی کە لە ماددە (٢٦)(١٥٠)ی دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨و ماددەی نۆیەمو دەیەمی پرۆتۆکۆڵی ١٩٦٥/٤/٨ لەبارەی حەسانەو ئیمتیازەکانی کۆمەڵەی ئەوروپییەوە هەبوو.

هەڵبەتە یاسادانەری فەرەنسی بۆیە ئەم مەرجەی داناوە، تاکو دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەری بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتی تاوانکاری، سوود لەو حەسانە دبلۆماسییە وەرنەگرێت کە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە هەیەتی.

هەروەها لە دەقی ماددەی (٤٣)دا هاتووە :

(( ئەگەرهاتوو زانرا بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە یان شەریکەکەی یان ئەوکەسەی بڵاوی دەکاتەوە کێنە، بەسیفەتی ئەنجامدەری ئەسڵی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام دانەر بە سیفەتی شەریك لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت ))[١٥١].

لەم دەقەدا، جارێکی تر، یاسادانەری فەرەنسی جەختی لەسەر تیۆری « بەرپرسیارییەتی بنیادنراو لەسەر یەك بەدوای یەکی » کردۆتەوەو بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەی بە بەرپرسی یەکەم داناوە ئەگەرهاتوو زانرا کێیە، دوای ئەو ئینجا دانەر دێت.

جا ئەگەر دژی هەردووکیان داوا بۆ دادگا بەرزکرایەوە، لەوحاڵەتەدا، یەکەمیان بە ئەنجامدەری بنەڕەتی دادەندرێتو ئەوەی دووەمیشیان بە شەریك دادەندرێت.

بەڕای ئێمە، یاسادانەری فەرەنسی، لەم حوکمەیدا بۆیە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەی بە ئەنجامدەری ئەسڵی داناوەو دانەریشی بە شەریك داناوە، چونکە تاوانی رۆژنامەگەری لە ئاکامی بڵاوکردنەوەدا ڕوودەدات نەك خودی نووسینەکە، بۆیە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە بە ئەنجامدەری ئەسڵی دادەندرێت، چونکە کردەیەکی لە کردەکانی تاوانی رۆژنامەگەری ئەنجامداوە، کەچی دانەر بە شەریك دادەندرێت، چونکە لە ئەنجامدانی تاوانەکە بە نووسینەکەی بەشداری کردووە. هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی یاسادانەری فەرەنسیدا نینو پێمان وایە ڕۆڵی دانەر لە ئەنجامدانی تاوانی رۆژنامەگەریدا لە ڕۆڵی بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە کەمتر نییە، ئەگەر زیاتریش نەبێت، بۆیە باشتر وابوو دانەریش بە ئەنجامدەری بنەڕەتی دابنرێت.

**چوارەم: حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە یاسای عێراقیدا**

**یاسادانەری عێراقی لە ماددەی (٨١-٨٣)ی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراوو برگە (أ)ی ماددەی (٢٩)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەموارکراودا حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری ڕێکخستووە.**

لە ماددەی (٨١)دا[١٥٢] بێ لە دانەر، سەرنووسەری رۆژنامەشی خەتابار کردووەو بە ئەنجامدەری بنەڕەتی داناوەو سزای بۆ هەردووکیان بڕیوەتەوە. بەڵام ئەگەرهاتوو رۆژنامەکە، سەرنووسەری نەبوو، لەو حاڵەتەدا بەرپرسی ئەو لاپەڕەیەی بابەتە تاوانکارییەکەی تیا بڵاوبۆتەوە لەگەڵ دانەری بابەتەکە بە هاوکاری لەبەردەم دادگا بەرپرسیاردەبنو سزا دەدرێن.

ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کە یاسادانەری عێراقی هەمان ڕەوتی یاسادانەری میسری گرتۆتەبەر لە پەیڕەوکردنی تیۆری بەرپرسیارییەتی هاوبەش بۆ دانانی دانەرو سەرنوسەر یان بەرپرسی لاپەڕە بە ئەنجامدەری بنەڕەتیی ئەو تاوانانەی کە لە ڕێگای رۆژنامەگەرییەوە دەکرێن.

هەروەها بەپێی حوکمی ماددە (٨٢)[١٥٣] ییاسای سزادان، ئەو بەرهەمەی کە تاوانەکەی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەرهاتوو لە دەرەوەی وڵات داندرابێت یان بڵاوکرابێتەوە یانیش نەزاندرێ ئەوکەسەی تاوانەکەی کردووە کێیە، لەو حاڵەتەدا، ئەوکەسانەی رۆژنامەکە دەهێننە ناو وڵاتەوە یان ئەوکەسانەی چاپیدەکەن، ئەگەر زانرا کێن، بە ئەنجامدەری تاوانەکە دادەندرێنو لەسەر ئەو بنچینەیە سزا دەدرێن. بەڵام ئەگەرهاتوو نەزاندرا ئەوکەسانە کێن، لەو حاڵەتەدا فرۆشیارو دابەشکەرو ئەوکەسانەی هەڵیدەواسن بە ئەنجامدەری تاوانەکە دادەندرێن.

ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کە یاسای سزادانی عێراقی لەم حوکمەیدا، سەبارەت بە دەسنیشانکردنی بەرپرسیارییەتی ئەوکەسانەی کە رۆژنامەکە دەهێننە ناو ولاتەوە یان چاپیدەکەن یان دەیفرۆشن یان دابەشیدەکەن یان هەڵیدەواسن، هەمان رەوتی یاسای سزادانی میسری گرتۆتەبەر[١٥٤] لە پێرەویکردنی تیۆری «بەرپرسیارییەتی پۆلینکراو».

بەم پێیە، داوای سزادان دژی ئەوکەسانەی کە رۆژنامەکە دەهێننە ناو ولاتەوە یان چاپیدەکەن، بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەرەتی بۆ دادگا بەرزدەکرێتەوە ئەگەر زاندرا کێن، بەڵام ئەگەر نەزاندرا کێن، لەوحاڵەتەدا داوای سزادان دژی ئەوکەسانەی رۆژنامەکە دەفرۆشن یان دابەشیدەکەن یان هەڵیدەواسن بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەرەتی بۆ دادگا بەرزدەکرێتەوە.

بەڵام، ئەگەرهاتوو زانرا ئەوکەسەی لە عێراقدا بڵاویکردۆتەوە کێیە، ئەوکەسانەی سەرەوە بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەرەتی سزانادرێن، چونکە ماددەی ناوبراو بۆ سزادانی ناوبراوان بەسیفەتی ئەنجامدەری بنەرەتی مەرجی کردووە « نەزاندرێ ئەنجامدەری تاوانەکە کێیە». هەرچەندە ئەمە رێگا لەوە ناگرێت بەپێی بنەما گشتییەکان بەسیفەتی هاوبەشیکردن لە ئەنجامدانی تاوانەکە بۆ دادگا بەرزبکرێتەوە.

هەروەها لە ماددەی (٨٣)[١٥٥]دا بەرپرسیارییەتی تاوانکاری داوەتە پاڵ ئەوکەسانەی کە ئەو بابەتانەی کە لە عێراق یان لە دەرەوەیدا بڵاودەکرێنەوە، وەردەگرن یان وەردەگێرن یان لە پرۆپاگاندەو گێرانەوەی سەرزاری کەسانیدیکە وەردەگرن.

بەم پێیە، ئەوکەسەی بابەتێك لەو بابەتە رۆژنامەگەرییانەی کە تاوانی رۆژنامەگەری لێدەکەوێتەوە، وەردەگرێت یان وەریدەگێرێت یان لە پرۆپاگاندەو گێرانەوەی سەرزاری کەسانیدیکە وەردەگرێت بە ئەنجامدەری بنەرەتی دادەندرێت، چونکە وەرگرتنو وەرگێران بە بڵاوکردنەوەیەکی سەرلەنوێ دادەندرێت. لەراستیدا، ئەم حوکمە وەکو حوکمی ماددە (١٩٧)ی یاسای سزادانی میسرییە[١٥٦].




شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەرچەندە یاسای سزادانی عێراقی لەئاست بەرپرسیارییەتی خاوەن ئیمتیاز بێدەنگ بووە، بەڵام لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەموارکراودا لە برگە (أ)ی ماددەی (٢٩)دا بەرپرسیارییەتی خاوەن ئیمتیازی دەسنیشان کردووە[١٥٧].

لەم حوکمەدا بۆمان دەردەکەوێ، یاسادانەری عێراقی بەپێچەوانەی هەردوو یاسادانەری میسریو فەرەنسی خاوەنی ئیمتیازی لە تاوانەکانی رۆژنامەگەریدا بە ئەنجامدەری بنەرەتی داناوەو بۆ ئەم مەبەستەش پێرەوی تیۆری « بەرپرسیارییەتی هاوبەش»ی کردووە.

لە کاتێکدا بەپێی یاسای میسریو فەرەنسی، خاوەنی ئیمتیاز تەنها لە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووەکەدا

بەرپرسە.

هەروەها ئەم حوکمەی یاسای عێراقی جیاوازی هەیە لەگەڵ یاسای لوبنانیدا، چونکە یاسای لوبنانی تەنها لەوحاڵەتەدا خاوەنی ئیمتیازی بە ئەنجامدەری بنەڕەتی داناوەو بەرپرسیارییەتی تاوانکاری خستۆتە ئەستۆ کە بە تەواوی دەستی لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا هەبێت، ئەگینا ئەگەرهاتوو بەتەواوەتی لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا دەستی نەبووبێت، بەرپرسیارێتییەکەی لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەکەو وتارنووسەکە تەنها بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووەکە هاوبەش دەبێت[١٥٨].

بەرای ئێمە، یاسادانەری عێراقی لەم حوکمەیدا دەرهەق بە خاوەن ئیمتیاز زۆر توند بووە، لەکاتێکدا، ئەو رۆڵەی کە خاوەنی ئیمتیاز لە دەرهێنانی رۆژنامەدا دەیبینێ، بە شێوەیەکی گشتی، جیاوازی هەیە لە رۆڵی سەرنووسەرو وتارنووس، چونکە عادەتەن بەسەرمایە لە دەرهێنانی رۆژنامەدا بەشداریەکاتو دوورە لە سەرپەرشتیکردن، تەنها هەندێجار نەبێت کە بە نووسین بەشداری دەکات یان رۆڵێکی پۆزەتیفی لە ئەنجامدانی تاوانە رۆژنامەگەرییەکەدا دەبێت، بۆیە بەرای ئێمە باشتروابوو، یاسادانەری عێراقی جیاوازی لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا بکردایە بۆ دەسنیشانکردنی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری خاوەنی ئیمتیاز.

پێنجەم: حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە یاسای هەرێمی کوردستان

یاسادانەری هەرێمی کوردستانی عێراق ماددەی چوارەمو ماددەی دەیەمی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراوی بۆ بەرپرسیارییەتی یاسایی تاوانەکانی رۆژنامەگەری تەرخانکردووە.

لە ماددەی چوارەمدا هاتووە : ((خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری چاپکراوی دەوری بە هاوبەشی لەبەردەم یاساو دادوەریدا لێی بەرپرسیارن)).

هەروەها لە ماددەی دەیەمدا هاتووە :

((خاوەنی ئیمتیاز یا سەرنووسەرو وتارنووس لە چاپکراوی دەوریداو پێشکەشکەری چاپکراوی نادەوری لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بەپێی یاسا رەچاوکراوەکان دەکەونەبەر لێپرسینەوەی یاساییەوە)).

لە ماددەی چوارەمدا حوکمی بە بەرپرسیارییەتی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری چاپکراوی دەوری بە هاوبەشی داوە، لەکاتێکدا لە ماددەی دەیەمدا، حوکمێکی پێچەوانەی ئەمەی داوە، ئەویش بەرپرسیارییەتی یەکێك لەو دووانەیە بە هاوبەشی لەگەڵ وتارنووسەکەدا.

بەرای ئێمە، ئەم حوکمە، حوکمی ماددەی پێشووی بەشێوەیەکی زمنی پووچەڵ کردۆتەوە. بۆیە داوا لە یاسادانەری هەرێمی کوردستان دەکەین، ماددەی چوارەم هەڵبووەشێنێتەوە تاکو ئەم دژوارییەی نێوان ئەم دوو حوکمە نەمێنێ، هەرچەندە دادوەر بۆی هەیە لەرێگای لێکدانەوەی فراوان (التفسير الواسع) ەوە بەسەر ئەم خەوشە (عيب) ەدا زاڵ بێتو بۆ حوکمدان تەنها خۆی بە دەقی ماددەی دەیەمەوە ببەستێتەوە.

کەواتە یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە تاوانەکانی رۆژنامەگەریدا، بێ لە دانەر خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووسەری رۆژنامەشی خەتابار کردووەو بە ئەنجامدەری بنەڕەتی داناون.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یاسادانەری هەرێمی کوردستان، هەمان رەوتی یاسادانەری میسریو

عێراقــی گرتوتەبــەر لــە پــەیڕەویکردنی تیــۆری بەرپرســیارییەتی هاوبــەش بــۆ دانــانی وتــارنووس و خــاوەنی ئیمتیــاز یــان سەرنووســەر بــە ئەنجامــدەری بنەڕەتی ئەو تاوانانەی کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە ئەنجامدەدرێن.

کەواتــە، بەرپرســیارییەتی خــاوەنی ئیمتیــاز یــان سەرنووسەر لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا پشــت بــە گریمانەیەکی یاسایی دەبەستێت، ئەویش گریمانەکردنی چاوپیاخشــاندن و ئاگــاداریی خــاوەنی ئیمتیــاز و سەرنووســەرە بــەو بابەتانــەی کــە لــە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوکراونەتــەوە، هــەروەها بەهەنــدوەرگرتنی ئــەو بەرپرسیارییەتییەی کە لە ئاکامی بڵاوکردنەوەکەدا دێتــە ئــاراوە، ئەگــەر چاویشــی بــە بابەتەکانــدا نەخشاندبێت[١٥٩].

ئەمەو، خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووسەر، ناتوانێ ئەو بەرپرســیارییەتییە ڕەتبکاتــەوە، گوایــا لــەکاتی بڵاوکردنەوەدا لەوێ نەبووە یان کاروبارەکانی نووسینی بە غەیری خۆی سپاردووە یان هەر لە بنەڕەتەوە چاوی بە وتارە بڵاوکراوەکە نەکەوتووە یــان ئــەو دەرفەتــەی نــەبووە پیایــدا بچێتــەوە، هەرچــەندە بەڵگــەش بــۆ سەلماندنی ئەم پاساوانەی بهێنێتەوە.

کەواتە، یاسادانەری هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە هەڵەی خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووسەر لــە ڕوودانــی تاواندا، جیاوازی لە نێوان هەڵەی بە مەبەست (خطأ عمـدي) و هەڵــەی نامەبەســت (خطأ غير عمـدي) نەکردووە[١٦٠].

بۆیە داوا لە یاسادانەری هەرێمی کوردستان دەکـەین کە چاوێکیتر بەم حوکمەدا بخشــێنێتەوە و جیــاوازی بکات لەنێوان حاڵەتی ڕوودانــی تاوانەکــە لــەئاکامی هەڵەی بەمەبەستی خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووســەر، واتــە بــوونی مەبەســتی تاوانکــاری لــەلای هەنــدێك لەوانەو، لە نێوان حاڵەتی ڕوودانی تاوانەکە لەئاکامی هەڵەی نامەبەستدا، واتە ڕوودانی تاوانەکە لەئاکامی کەمتەرخەمی خاوەنی ئیمتیــاز یــان سەرنووســەردا. ئینجــا بــۆ هەرحاڵــەتێك لــەو حاڵەتانــە، ســزایەکی سەربەخۆ دابنێت.

ئێمە پێمان باشە، خاوەنی ئیمتیاز تەنها لــە حاڵــەتی هەڵــەی بەمەبەســتدا بەرپرســیارییەتی تاوانکــاری بکەوێتە ئەستۆ، بەڵام سەرنووسەر لە هەردوو حاڵەتدا بەمەرجێك سزایەکەی لە حاڵەتی هەڵەی بەمەبەستدا توندتربێت لە سزای حاڵەتی نامەبەستدا.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەڵوێستی دادگــای هــەرێمی کوردســتان، لــەبارەی دانــانی بەرپرســیارییەتی سەرنووسەر بــە بەرپرســیارێتییەکی هاوبــەش لەگــەڵ وتارنووســداو جیاوازینــەکردن لــەنێوان هەڵــەی بەمەبەستو هەڵەی نامەبەستی سەرنووسەردا، کۆکە لەگەڵ هەڵوێستی یاسادانەری هەرێمی کوردستاندا.

دادگای کەتنی هــەولێر لــە ڕۆژی ٢٦/١١/٢٠٠٢دا، حــوکمی ســاڵێك زینــدانی بــەبێ جێبــەجێکردن و غەرامەکردنی هەزار دیناری لەسەر هەریەك لە (أ.هـ) سەرنووســەری ڕۆژنامــەی «هــاوڵاتی» وهونەرمەنــد (ب.س)دا.

شایەنی باسە، ئــەم دادگــایی کردنــە، لەســەر داوای (ب.أ)ی نوێنــەری حکومــەتو لــە ئاکــامی بڵاوکردنەوەی سکاڵای هونەرمەندی ناوبراو لە ژمــارە (٥٩)ی ڕۆژنامەی ناوبراو کــە ئاراســتەی ئەنجومــەنی وەزیرانی کردبوو سەبارەت بە کڕینی چەند تابلۆیــەك کــە ئەنجومــەنی وەزیــران لــە بــڕی پاداشــت بــۆ هونەرمەندانی شێوەکاری عێراقی دیاری کردبوو، کرا. لــەو ســکاڵایەدا، هونەرمەنــدی نــاوبراو، داوای

چارەسەرکردنی نرخی ئەو تابلۆیانە دەکات کە (ب.أ) وەکو نوێنەری حکومەت وەریگرتبوو، بەڵام پارەکەی نەداوەتە خاوەنەکانیان.

نوێنەری حکومەت (ب.أ) ئەمەی بە تانەو تەشەر داناوە، بۆیە داوای دژی هەریەکە لە (أ.ه)و(ب.س) بۆ دادگا بەرز کردەوە. ئەمەو، دادگا لە جەولەی یەکەمدا، بڕیاری بە ئازادکردن (افراج)ی ناوبراوان دا. بەڵام دوای تەمییز کردنەوەی بڕیاری دادگا لەلایەن (ب.أ)ـەوە، دووبارە ناوبراوان لەبەردەم دادگای کەتنی هەولێر دادگایی کرانەوەو ئەمجارەیان دادگای ناوبراو بڕیاریدا بە زیندانی کردنی سەرو ساڵێك بۆ هەریەك لە (أ.هـ)و (ب.س) بەبێ جێبەجێکردنو غەرامەیەکیش بە بڕی هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان(١٦١).

بەڵام سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی تاوانکاری ئەوکەسەی کە ڕۆژنامەکە چاپدەکات یان دەیفرۆشێ یان دابەشیدەکات یان هەڵیدەواسێت هەرچەندە، یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان، باسی نەکردووە، لە حاڵەتێکدا ئەگەرهاتوو ڕۆژنامەکە سەرەتا لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بڵاوکرابێتەوە دوایی هێنابێتیان بۆ هەرێمی کوردستان، یانیش ئەنجامدەری تاوانەکە زانراو نەبێت. هەروەها بەپێچەوانەی یاسادانەری عێراقیو میسری، باسی بەرپرسیارییەتی ئەو کەسەی نەکردووە کە بابەتێك لەو بابەتە ڕۆژنامەگەرییانەی کە تاوانی ڕۆژنامەگەری لێدەکەوێتەوە، لەسەر زاری کەسانیدیکە وەردەگرێت یان وەریدەگێڕێت ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نابێ ئەو کەسانە بەرپرسیارییەتی یاساییان بخرێتە ئەستۆ، بەڵکو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بنەما گشتییەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، لەم حاڵەتەشدا، تاوانی ئەو کەسانە، تاوانێکی ئاسایی دەبێ نەك تاوانی ڕۆژنامەگەریو بەرپرسیارێتییەکەشیان لەسەر بنەمای هەڵەی نامەبەست دەبێ کە لە ئاکامی کەمتەرخەمیکردنی لە ئەرکێکی یاساییەوە دێتەدی.

هەروەها لە دوتۆی ئەم یاسایەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یاسادانەری هەرێمی کوردستان تەنها بەرپرسیارییەتی تاوانکاری تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریی چاپکراوی ڕێکخستووەو ئەو بەرپرسیارێتییە تاوانکارییەش کە لە ئاکامی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری بینراوو بیستراو یاخود ئینتەرنێتەوە دێتەدی بۆ بنەما گشتییەکانی یاسای سزادانی بەجێهێشتووە.

بۆیە داوا لە یاسادانەری هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەو تاوانانەش ڕێکبخات کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەری بینراوو بیستراوو ئینتەرنێتەوە ڕوودەدەن، بەومەرجە، سروشتی هەرکەناڵێك لەو کەناڵانەی ڕاگەیاندنو جۆری پەخشکردنەکەی (ئایا ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆ) لەبەرچاو بگرێت بۆ ئەم مەبەستە.

## سەرچاوە پەراوێزەکان

١- ئەم بابەتە بەشێکە لە تێزی دکتۆراکەم بە ناونیشانی (( چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا )) کە بە زمانی کوردی پێشکەشی کۆلێژی یاساو ڕامیاری زانکۆی سەلاحەددین کرا، لە ٢٠٠٣/٦/١٩ تاوتوێ کراو بە نمرەی (٨٨) زۆرباشە پەسند کراو ئەمەش یەکەمین بڕوانامەی یاساییە کە بە زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان پێشکەش بکرێت.

٢- ئەو هەڵەیەش کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە لە ئاکامی سەرپێچیکردنی بنچینەکانی یاسای سزادانداا ڕوودەدەن، پێی دەوترێ هەڵەی تاوانکاری.

٣- ئەو هەڵەیەش کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە لە ئاکامی سەرپێچیکردنی بنچینەکانی یاسای مەدەنی ڕوودەدەن، پێی دەوترێ هەڵەی مەدەنی.

٤- ئەو هەڵەیەش کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە لە ئاکامی سەرپێچیکردنی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو دابو نەریتو بنچینەکانی ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەری ڕوودەدەن، پێی دەوترێ هەڵەی پیشەیی.

٥- یاسادانەری عێراقی یەکێکە لەوانەی کە پێناسەی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری نەکردووە تەنها لە مادده (٨١)ی یاسای سزاداندا ئیکتیفای بە ناوونیشانی (( بەرپرسیارێتی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە )) کردووە بێ ئەوەی پێناسەی ئەم تاوانانە بکات، تەنانەت واتای زاراوەی بڵاوکردنەوەشی دیارنەکردووە، هەروەکو تۆزێکیتر لە باسکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا باس دەکرێ.

٦- د.عبدالله اسماعیل البستاني : حریة الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

٧- د.لطیفة حمید محمد : جرائم النشر في التشریع العراقی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

٨- د.ابراهیم الداقوقي : قانون الاعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

٩- د.ابراهیم الداقوقي : قانون الاعلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

١٠- یاسای سزادانی عێراقی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٣٣)دا بڵاوکردنەوەی بوختانپێکردنی لە چاپەمەنیدا بە زەرفێکی توند داناوە لە سەپاندنی سزای تاوانەکانی بوختانپێکردندا، هەروەها یاسای سزادانی میسریش لە ماددەی (٣٠٧)دا ئەنجامدانی بوختانپێکردن (قذف)ی لە ڕێگای بڵاوکردنەوە لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان یان چاپەمەنییەکاندا بە زەرفێکی توند داناوە بۆسەپاندنی سزای تاوانەکانی بوختانپێکردن.

١١- هەروەکو یاسادانەری عێراقیش لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا ئەم ڕێگایەی گرتۆتەبەر.

١٢- د.شریف کامل،و د.عمر سالم، بڕوانە د.لطیفة: جرائم النشر في التشریع العراقي، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

١٣- بڕوانە دەقی مادده(٢١٥)ی یاسای (الاجراءات الجنائیة) ی میسری ژمارە (٥٠)ی ساڵی ١٩٥٠ کە تیایدا هاتووە: ((دادگای جوزئی (جزئي) حوکمی هەر کردارێك دەکات کە بەپێی یاسا بە سەرپێچی یان کەتن (جنحة) دادەنرێ، تەنها ئەو کەتنانە نەبێت کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوودەدەن ...))، هەروەها لە ماددەی (٢١٦)ی هەمان یاسادا هاتووە: ((دادگای کەتنە گەورەکان (الجنایات) حوکمی هەرکردارێك دەکات کە بەپێی یاسا بە گەورەکەتن دانراوە هەروەها ئەو کەتنانەش کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەریەوە ڕوودەدەن)).

یاسادانەری فەڕەنسی یەکلاکردنەوەی ئەو سەرپێچیانەی کە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەرییەوە ڕوودەدەن کردۆتە دەسەڵاتی دادگای کەتن(جنحة) تەنها ئەو سەرپێچیانە نەبێت کە بڕی غەرامەکەیان کەمە یانیش ئەو حاڵەتانەن کە لە ماددەی (٢٣)دا ئاماژەیان پێ کراوە، ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

Article 23
Modifié par Loi 85-1317 13 Décembre 1985 art 18-I JORF 24 décembre 1985.
Seront punis comme complices d'une action qualifiée crime ou délit ceux qui, soit par des discours, cris ou menaces proférés dans des lieux ou réunions publics, soit par des écrits, imprimés, dessins, gravures, peintures, emblèmes, images ou tout autre support de l'écrit, de la parole ou de l'image vendus ou distribués, mis en vente ou exposés dans des lieux ou réunions publics, soit par des placards ou des affiches exposés au regard du public, soit par tout moyen de communication audiovisuelle, auront directement provoqué l'auteur ou les auteurs à commettre ladite action, si la provocation a été suivie d'effet .
Cette disposition sera également applicable lorsque la provocation n'aura été suivie que d'une tentative de crime prévue par l'article 2 du code pénal

یاسادانەری لوبنانی، جیاواز لە یاسادانەری میسریو فەڕەنسی، لە بڕگەی یەکەمی مادده (٢٨)ی یاسای ژمارە (٣٣٠)ی ساڵی ١٩٩٤دا دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی گشت تاوانەکانی چاپەمەنیو ڕۆژنامەگەری داوەتە دادگای تێهەڵچوونەوە بە پلەی یەکەم ( محكمة الاستئناف بالدرجة الاولى) بە مەرجێك ئەو حوکمانە لە لایەن دادگای پیاچوونەوە (محكمة التمییز) تەمەشا بکرێنەوە. کە ئەمەش دەقەکەیەتی :

(( دادگای تێهەڵچوونەوە بە پلەی یەکەم تەمەشای گشت ئەو کێشانە دەکات کە پەیوەندییان بە تاوانەکانی چاپەمەنییەوە هەیەو حوکمەکانیش لەلایەن دادگای پیاچوونەوە وەك لایەنێکی تێهەڵچوونەوە تەمەشا دەکرێتەوە ....)).

١٤- بڕوانە بڕگەی دووەمی مادده(٢٨)ی یاسای لوبنانی ژمارە (٣٣٠)ی ساڵی ١٩٩٤ کە ئەمەش دەقەکەیەتی :

((لە تاوانەکانی چاپەمەنیدا ڕێگا بە (التوقیف الاحتیاطي) نادرێت)).

١٥- بڕوانە یاسای چاپەمەنی لوبنانی ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو لە ماددەی (١)ەوە تاکو ماددەی (٢٧) کە بەپێی مەرسومی یاسایی ژمارە (١٠٤)ی ساڵی ١٩٧٧ وەك بەدیلێك بۆ ماددەی (٥٠) تاکو مادده (٧٠)ی ئەو یاسایە دەرچووەو بە

مەرسومی یاسایی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٩١ و (٣٣٠)ی ساڵی ١٩٩٤یش هەموار کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە عادل بطرس : قانون الاعلام، الجزء الثالث، مطابع الفغالي، بيروت- لبنان، ١٩٩٥، ل ١٦٢ بەدواوە.

هەروەها یاسادانەری فەڕەنسی لە یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٨٨١ی هەموارکراودا بابی چوارەمی لەژێر ناوونیشانی ((ئەو تاوانانەی لە ڕێگای ڕۆژنامەگەری یان هەر هۆکارێکیتری بڵاوکردنەوە ئەنجام دەدرێن - DES CRIMES ET DELITS COMMIS PAR LA VOIE DE LA PRESSE OU PAR TOUT AUTRE MOYEN DE PUBLICATION. )) لە ماددەی (٢٣) تاکو ماددەی (٤١) بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.

١٦- د.علي حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادئ العامة في قانون العقوبات، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٢،ل٣٢١.

١٧- د.علي حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادئ العامة في قانون العقوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣.

١٨- بڕوانە د.فخري عبدالرزاق الحديثي : شرح قانون العقوبات، القسم العام، مطبعة اوفسيت الزمان، بغداد، ١٩٩٢، ل١٧٧ بەدواوە.

[١٩]- هەندێ یاسازان پێیان وایە تاوان سێ ڕایەڵی گشتی هەیە کە بریتین لە ڕایەڵی یاساییو ڕایەڵی ماددیو ڕایەڵی مەعنەوی بڕوانە د.علي حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادئ العامة في قانون العقوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧-١٣٨، بەڵام یاسای سزادانی عێراقی لە کتابی یەکەم، بابی سێیەم، فەسڵی سێیەمدا لە ماددەی (٢٨-٣٨)دا ئەمەی یەکلاکردۆتەوەو بە دوو ڕایەڵی داناوە، ڕایەڵی ماددیو ڕایەڵی مەعنەوی.

٢٠- بۆیە پێیان دەوترێ ڕایەڵە گشتییەکانی تاوان، چونکە گشت تاوانێك بێ دەرهاوێشتن (بدون استثناء) دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر تایبەت بوون بە تاوانێکی دیاریکراو، لەو حاڵەتەدا پێی دەوترێ ڕایەڵە تایبەتیەکانی تاوانو تایبەت دەبێ بە تاوانێکی دیاریکراو وەك تاوانی دزینو تاوانی نادەسپاکیو .....هتد بڕوانە د.علي حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادئ العامة في قانون العقوبات، مطبعة الرسالة، الكويت، ١٩٨٢، ل١٣٧.

٢١- د.محمد زكي ابو عامر : قانون العقوبات اللبناني- القسم العام، الدار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١، ل٧٥.

٢٢- بڕوانە ماددەی (٢٨) لە یاسای سزادانی عێراقی.

٢٣- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لە بڕگەی (٤)ی مادده (١٩)دا پێناسەی کرداری کردووەو دەڵێ: ((هەموو ئەو کارو کردەوانەیە کە یاسا بە تاوانی دانابێت جا چ پۆزەتیفی بێت یان نێگەتیفی بێت وەك نەکردنو وازلێهێنان ئەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەمە دەرنەچێتو ڕەتینەکاتەوە- كل تصرف جرمه القانون سواء كان ايجابيا ام سلبيا كالترك والامتناع مالم يرد نص على خلاف ذلك)).

٢٤- د. مصطفى ابراهيم الزلمي : المسؤولية الجنائية في الشريعة الاسلامية و مقارنة بالقانون، ج/١، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٨٣، ل ٣٣.

٢٥- ڕەفتاری تاوانکاری لە تاوانی بوختانپێکردندا، لە ئاکامی خستنەپاڵەوەی ڕووداوێکی دیاریکراو دێتەدی کە دەدرێتە پاڵ کەسێکی دیاریکراوو لە شەرەفو کەرامەتی کەم بکاتەوەو ئەگەر ڕاستیش بێت ڕووبەڕووی سزای بکاتەوەو لەلای هاوڵاتیانیش ڕیسوای بکات، هەروەها لە تاوانی جوێنپێداندا، ڕەفتاری تاوانکاری لە ئاکامی ناوزڕاندنو هەستبریندارکردنی تاوان دەرهەقکراو (المجنى عليه) دێتەدی. بۆنموونە، ڕۆژنامەنووسێك یەکێك بە دڕندە یان بە گەمژەڵ دابنێ، هەروەها لە تاوانەکانی ئاشکراکردنی نهێنیدا، ڕەفتاری تاوانکاری لە ئاکامی ئاشکراکردنی ئەو زانیارییە نهێنیانەوە دێتەدی کە پەیوەندیان بە کاروباری سەربازیو سیاسەتی وڵاتەوە هەیە.

٢٦- ئەگەرهاتو وەڵامەکە گەیشتە ڕۆژنامەکەو هەموو مەرجەکانی بابەتیو شێوەیی تێدابوو، دەبێ بڵاوی بکاتەوەو بۆی نییە بڵاوی نەکاتەوەو وازی لێبهێنێ، ئەگینا بە ئەنجامدەری تاوانی نەکردنو وازلێهێنانی بڵاوکردنەوەی وەڵام دادەندرێت. بڕوانە دەقی مادده (٢٨)ی یاسای دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەریی میسری ژمارە (٩٦)ی ساڵی ١٩٩٦ ئەمەش دەقەکەیەتی (( اذا لم يتم التصحيح في المدة المحددة في المادة ٢٤ من هذا القانون يعاقب الممتنع عن نشره بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر وبغرامة لاتقل عن الف جنيه ولاتجاوز اربعة الاف جنيه او باحدى هاتين العقوبتين ...))، هەروەها دەقی مادده (١٣)ی یاسای ڕۆژنامەگەری فەڕەنسی کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

Article 13
Modifié par Ordonnance 2000-916 19 Septembre 2000 art 3 JORF 22 septembre 2000 en vigueur le 1er janvier 2002.
Le directeur de la publication sera tenu d'insérer dans les trois jours de leur réception, les réponses de toute personne nommée ou désignée dans le journal ou écrit périodique quotidien sous peine de 3750 euros d'amende sans préjudice des autres peines et dommages-intérêts auxquels l'article pourrait donner lieu .

En ce qui concerne les journaux ou écrits périodiques non quotidiens, le directeur de la publication, sous les mêmes sanctions, sera tenu d'insérer la réponse dans le numéro qui suivra le surlendemain de la réception.

معدل بموجب الامر المرقم ٩١٦ _ ٢٠٠٠ الصادر في التاسع عشر من ايلول ٢٠٠٠ ٢٢ ايلول ٢٠٠٠ اعتبارا من ١ كانون الثاني ٢٠٠٣

(( يلتزم رئيس التحرير بادراج خلال ثلاثة ايام من استلام اجوبة كل شخص معين او موظف في الجريدة او المنشور الدوري او اليومي تحت عقوبة ٣٧٥٠ يورو كغرامة بدون المساس بالعقوبات الاخرى والتعويضات القضائية التي يمكن ان تنص عليها المادة.

فيما يخص الجرائد والمنشورات الدورية غير اليومية، فان مدير النشر وبمقتضى نفس الاجراءت ملزم بنشر الرد في العدد اللاحق لليوم الذي يلي الاستلام. ينبغي ان يكون هذا النشر في نفس المكان وبنفس حجم الحروف للمقال الذي تمت به الاثارة (هيجان) وبدون أي (حش) او اقحام )).

٢٧- د.حسين خلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادىء العامة في قانون العقوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

٢٨- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە ( د. مصطفى ابراهيم الزلمي ) موانع المسؤولية الجنائية في الشريعة الاسلامية والتشريعات الجزائية العربية، ط/١، منشورات الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة، بغداد، ٢٠٠٢، ل٣٠-٣١.

٢٩- د.حسين خلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادىء العامة في قانون العقوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

٣٠- بۆ ناوەرۆكی ئەم تیۆرانە بڕوانە ( د.فخري عبدالرزاق صلبي الحديثي ): شرح قانون العقوبات-القسم العام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤ بەدواوە، هەروەها د.حسين خلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادىء العامة في قانون العقوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢ بەدواوە.

٣١- بڕوانە دەقی ماددە (٢٩)ی یاسای سزادانی عێراقی.

٣٢- د.حسين خلف و سلطان عبدالقادر الشاوي : المبادىء العامة في قانون العقوبات، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

٣٣- مەبەستی تاوانكاری رۆڵێكی گرنگ دەبینێ لە روودانی بەرپرسێتیی تاوانكاریدا، لەكاتێكدا لە رووی حوكمدان بە قەرەبووكردنەوەدا لە بەرپرسێتیی شارستانیدا ئەم رۆڵە نابینێت.

٣٤- چونكە تاوانكار لەو تاوانانەدا بەئەنقەست دەستدرێژی دەكاتە سەر ئەو مافو بەرژەوەندییانەی یاسا دەیانپارێزێ جا چ هی كەسان بێت یان هی كۆمەڵ، هەندێ جار نەبێت كە لە ئاكامی هەڵەیەكی چاپەمەنییەوە روودەدەن بێ ئەوەی رۆژنامەنووسەكە دەستی تێدا هەبێت.

٣٥- د.احمد الاشهب : المسؤولية الجنائبة في الشريعة الاسلامية والقوانين الوضعية، منشورات جمعية الدعوة الاسلامية العالمية، ط/١، بنغازي، ١٩٩٤، ل٧٩.

٣٦- بڕوانە د.احمد الاشهب : المسؤولية الجنائبة في الشريعة الاسلامية والقوانين الوضعية، هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

٣٧- بڕوانە بڕگەی (١)ی ماددە (٣٣)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمواركراو.

٣٨- د.فخري عبدالرزاق الحديثي : شرح قانون العقوبات القسم العام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢.

٣٩- بڕوانە ماددەی (٣٨) لە یاسای سزادانی عێراقی كە ئەمەش دەقەكەیەتی : (( بایەخ بە هۆی كردنی تاوان نادرێ مەگەر یاسا پێچەوانەی ئەمە دەقنووس بكات )).

٤٠- مجموعة احكام محكمة النقض المصرية، قرار رقم ١٥٥ في ١٩٨٢/٤/١٣ بڕوانە میثم حنظل شريف : التنظيم الدستوري والقانوني لحرية الصحافة في العراق (دراسة مقارنة)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

٤١- د.عبدالله اسماعيل البستاني : حرية الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥، و د.محمد محيالدين عوض : العلانية في قانون العقوبات، مطبعة النصر، القاهرة، ١٩٥٥، ل٢، و ميثم حنظل شريف : التنظيم الدستوري والقانوني لحرية الصحافة، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

٤٢- د.لطيفة حميد محمد : جرائم النشر في التشريع العراقى، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

٤٣- احمد امين بك : شرح قانون العقوبات الأهلي، المجاد الاول، منشورات الدار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٨٢، ل١٥٦.

٤٤- ئەم دەقە بەرامبەر دەقی ماددە (٢٠٩)ی یاسای سزادانی لوبنانییە .

٤٥- هەرچەندە د.عبدالحميد الشواربي پێی وایە یاسادانەری میسری ئەم هۆكارو رێگایانەی بە شێوەیەكی دیاریكراو (حصرا) هێناوەتەوە نەوەك بە نموونەو لەم بارەیەوە دەڵێ: ((یاسای میسری لە ماددەی (١٧١)ی یاسای سزادانداو وەسیلەكانی ئاشكراكردنی بە شێوەیەكی دیاریكراو دەستنیشان كردووە)) بڕوانە د.عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٤٦- بۆ دەقی ماددەی (٢٣)ی یاسای رۆژنامەگەری فەرەنسی بڕوانە بڕگەی (٥-٢-١-٢) پەراوێزی ( ٥٣٢) لەم تێزەدا.

٤٧- ئەمەش دەقەكەیەتی بە زمانی فەرەنسی:

Article 27
Modifié par Ordonnance 2000-916 19 Septembre 2000 art 3 JORF 22 septembre 2000 en vigueur le 1er janvier 2002.
La publication, la diffusion ou la reproduction, par quelque moyen que ce soit, de nouvelles fausses, de pièces fabriquées, falsifiées ou mensongèrement attribuées à des tiers lorsque, faite de mauvaise foi, elle aura troublé la paix publique, ou aura été susceptible de la troubler, sera punie d'une amende de 45000 euros.
Les mêmes faits seront punis 135000 euros d'amende, lorsque la publication, la diffusion ou la reproduction faite de mauvaise foi sera de nature à ébranler la discipline ou le moral des armées ou à entraver l'effort de guerre de la Nation.

٤٨- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

Article 36 ((
Modifié par Ordonnance 2000-916 19 Septembre 2000 art 3 JORF 22 septembre 2000 en vigueur le 1er janvier 2002.
L'offense commise publiquement envers les chefs d'Etats étrangers, les chefs de gouvernements étrangers et les ))ministres des affaires étrangères d'un gouvernement étranger sera punie d'une amende de 45000 euros.

٤٩- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

Article 37
Modifié par Ordonnance 2000-916 19 Septembre 2000 art 3 JORF 22 septembre 2000 en vigueur le 1er janvier 2002.
L'outrage commis publiquement envers les ambassadeurs et ministres plénipotentiaires, envoyés, chargés d'affaires ou autres agents diplomatiques accrédités près du gouvernement de la République, sera puni d'une amende de 45000 euros.

٥٠- شایەنی ئاماژەبۆکردنە، حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت تەنها ئەوانە نەبێت کە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دانەراون یاخود هەموارکراون. بۆیە سەبارەت بە باسکردنی ڕایەڵی ئاشکرایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا پشت بە حومەکانی ئەم یاسایە دەبەستین.

٥١- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە شریف کامل : الجرائم الصحفية، ج/٢، شركة دار الاشعاع للطباعة، القاهرة، ١٩٨٦، ل٧-٨.

٥٢- بۆ ناوەڕۆکی ماددەی (١٦)و(١٧)ی یاسای چاپەمەنی عێراقی بڕوانە خاڵی (٣-٤-٤) لەژێر ناونیشانی ((ئاگاکاریو ڕاگرتنو هەڵوەشاندنەوە لە یاسای چاپەمەنیی عێراقیدا)) لەم تێزەدا.

٥٣- بۆ دەقی ئەم ماددەیە، بڕوانە خاڵی (٥-١-٢) لەژێر ناونیشانی (( ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس )) پەراوێزی (٥١٥) لەم تێزەدا.

٥٤- بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە (كمال سعدي مصطفى): حق الملكية الادبية والفنية في القانون العراقي والمقارن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣ بەدواوە.

٥٥- بۆ دەقی ئەم ماددەیە بڕوانە خاڵی (٥-١-٢) لەژێر ناوونیشانی ((ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس )) لەم تێزەدا.

٥٦- بۆ دەقی ئەم ماددەیە، بڕوانە بڕگەی ( ٥-١-٢) لەم تێزەدا.

٥٧- د.محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الأعتداء على الاشخاص، منشورات دار النهضة العربية، مطبعة جامعة القاهرةو الكتاب الجامعي، القاهرة، ١٩٧٨، ل٥٠٦، هەروەها بڕوانە مصطفى مجدي هرجة: التعليق على قانون العقوبات في ضوء الفقه والقضاء- القسم الخاص، الكتاب الثالث، ط/١، منشورات منشأة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٨، ل٥٥.

٥٨- جون . ار . بيتنر : مقدمة في الاتصال الجماهيري ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٥.

٥٩- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الأعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٥.

٦٠- جون . ار . بيتنر : مقدمة في الاتصال الجماهيري ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٥.

٦١- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی عەرەبی: (( ١- القذف هو اسناد واقعة معينة الى الغير بأحدى طرق العلانية من شأنها لو صحت أن توجب عقاب من اسندت اليه أو احتقاره عند اهل وطنه، ويعاقب من قذف غيره بالحبس وبالغرامة أو بأحدى هاتين العقوبتين)) واذا وقع القذف بطريق النشر في الصحف او المطبوعات او بأحدى طرق الاعلام الاخرى عد ذلك ظرفا مشددا. ٢- ولايقبل من القاذف اقامة الدليل على ماأسنده الا اذا كان القذف موجها الى موظف او مكلف بخدمة عامة او الى شخص ذي صفة نيابية عامة او كان يتولى عملا يتعلق بمصلحة الجمهور وكان ماأسنده القاذف متصلا بوظيفة المقذوف او عمله فأذا اقام الدليل على كل ماأسنده انتفت الجريمة)).

٦٢- ئەم دەقە بەرامبەر دەقی ماددە (٣٠٢)ی یاسای سزادانی میسرییە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

(( يعد قذفا كل من اسند لغيره بواسطة احدى الطرق المبينة بالمادة /١٧١ من هذا القانون امورا لو كانت صادقة لأوجبت عقاب من اسندة اليه بالعقوبات المقررة لذلك قانونا أو اوجبت احتقاره عند اهل وطنه))، هەروەها دەکەوێتە بەرامبەر دەقی ماددە (٥٨٢)و(٥٨٣)ی یاسای سزادانی لوبنانی کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

المادة/٥٨٢ (( يعاقب على الذم بأحد الناس المقترف بأحدى الوسائل المذكورة في المادة ٢٠٩ بالحبس حتى ثلاثة اشهر وبالغرامة حتى مئة ليرة أو بأحدى هاتين العقوبتين ويقضي بالغرامة وحدها اذا لم يقع الذم علانية))، المادة/٥٨٣ (( لايسمح لمرتكب الذم تبريرا لنفسه بأثبات حقيقة الفعل موضوع الذم او اثبات اشتهاره)).

٦٣- د. عبدالحميد الشواربي : جريمة القذف والسب في ضوء القضاء والفقه، منشورات دار المطبوعات الجديدة بالاسكندرية، ١٩٨٥، ل٨٣.

٦٤- د. عبدالحميد الشواربي : جريمة القذف والسب في ضوء القضاء والفقه، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

٦٥- د. عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

٦٦- بڕوانە ( د. محمود نجيب حسني ) شرح قانون العقوبات – القسم الخاص– جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٣، هەروەها ( احمد امين ) شرح قانون العقوبات– القسم الخاص– ، ط/٣، منشورات مكتبة النهضة، بيروت- بغداد، بلاستة الطبع، ل٥٥٥، هەروەها (د. عبدالحميد الشواربي) : جريمة القذف والسب في ضوء القضاء والفقه، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

٦٧- ئەمەش دەقەکەیەتی: (( يجب على رئيس التحرير أو المحرر المسؤول ان ينشر بناء على طلب ذي شأن تصحيح ماورد ذكره من الوقائع أو سبق نشره من تصريحات في الصحف في غضون ثلاثة ايام التالية لاستلامه التصحيح أو في اول عدد يظهر من الصحيفة بجميع طبعاتها ايهما يقع اولا وبما يتفق مع مواعيد طبع الصحيفة ويجب ان يكون النشر في نفس المكان وبنفس الحروف التي نشر بها المقال او الخبر او المادة الصحفية المطلوب تصحيحها)).

٦٨- ئەمەش دەقەکەیەتی: (( اذا لم يتم التصحيح في المدة المحددة في المادة/٢٤ من هذا القانون يعاقب الممتنع عن نشره بالحبس مدة لاتقل عن ثلاثة اشهر وبغرامة لاتقل عن الف جنيه ولايتجاوز اربعة الاف جنيه او باحدى هاتين العقوبتين....)).

٦٩- ئەمەش دەقەکەیەتی: (( أ- على مالك المطبوع الدوري أن ينشر مجانا الرد الوارد اليه ممن قذف في مطبوعه أو شهر به واذا كان القذف أو التشهير يتعلق بمتوفي فلأقربائه حتى الدرجة الرابعة مثل هذا الحق....)).

٧٠- ئەمەش دەقی ماددە(٣٤)ی یاسای ڕۆژنامەگەری فەرەنسییە:

Article 34
Modifié par Loi 29 Septembre 1919 JORF 1er octobre 1919.
Les articles 29, 30 et 31 ne seront applicables aux diffamations ou injures dirigées contre la mémoire des morts que dans le cas où les auteurs de ces diffamations ou injures auraient eu l'intention de porter atteinte à l'honneur ou à la considération des héritiers, époux ou légataires universels vivants.
Que les auteurs des diffamations ou injures aient eu ou non l'intention de porter atteinte à l'honneur ou à la considération des héritiers, époux ou légataires universels vivants, ceux-ci pourront user, dans les deux cas, du droit de réponse prévu par l'article 13.

واتە ((لاتطبق المادة التاسعة والعشرون والمادة الثلاثون والمادة الواحدة والثلاثون فيما يخص التشنيع او السب الموجهة ضد ذكرى الموت، الا في حالة قيام اصحاب هذا التشنيع والسبات بغاية المساس بشرف او مكانة الورثة او الازواج او الاوصياء الاحياء عامة شاء اصحاب التشنيع ام لم يشاؤا المساس بشرف او اعتبار الورثة او الازواج او الاوصياء الاحياء عامة يحق لهؤلاء في الحالتين حق الرد المنصوص عليه بالمادة الثالثة عشر )).

ئەمەش دەقی ماددە (٥٨٦)ی یاسای سزادانی لوبنانییە: ((تتوقف الدعوى على اتخاذ المعتدى عليه صفة المدعي الشخصي اذا وجه الذم او القدح الى ميت جاز لاقربائه حتى الدرجة الرابعة دون سواهم استعمال حق الملاحقة، هذا مع الاحتفاظ بحق كل قريب او وريث تضرر شخصيا من الجريمة)).

٧١- بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە، كمال سعدى مصطفى : حق الملكية الأدبية والفنية في القانون العراقي والمقارن، رسالة ماجستير في القانون، قدمت الى كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين- اربيل، عام ١٩٩٦، ل ٥٢-٥٥.

٧٢- المادة/٤٨١ من القانون المدني لجمهورية روسيا الاتحادية الاشتراكية السوفيتية لعام ١٩٦٤ (النص الرسمي) ترجمة (د.ثروت انيس الاسيوطي) ، دار تقدم موسكو، ١٩٧٣.

٧٣- بڕوانە دەقی ماددە (٣٧٣) كە تیایدا هاتووە: (( يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنتين وبغرامة لاتزيد على مائتي دينار أو بأحدى هاتين العقوبتين. من انتهك أو دنس حرمة

قبر او مقبرة او نصب لميت او هدم او اتلف او شوه عمدا شيئا من ذلك)).

٧٤- یاسای باری کەسایەتی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە ماددەی (٨٨)دا ئەوکەسانەی پۆلین کردووە کە مافی وەرگرتنی میراتییان هەیە، ئەمەش دەقەکەیەتی: (( میراتگرەکان بەمجۆرەی خوارەوە پۆلین دەکرێن: ١- میراتگرەکان بە خزمایەتیو هاوسەرێتی ڕاستەقینە. ٢- ئەوکەسەی دان بە ڕەچەڵەکی دانراوە. ٣- وەسیەتبۆکراو بە هەموو ماڵەکە. ٤- بەیتولمالی موسڵمانان )).

٧٥- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ٥٦٣.

٧٦- احمد امين : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٤.

٧٧- احمد امين : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٤.

٧٨- المستشار معوض عبد التواب : القذف والسب والبلاغ الكاذب، دار المطبوعات الجامعية، اسكندرية، ١٩٨٨، ل٥٤.

٧٩- نقض ٢٢ مايو سنة ١٩٣٩ مجموعة القواعد القانونية، ج/٤ رقم ٣٩٨ص٥٥٧ لە (د. محمود نجيب حسني ): شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٣-٥٦٤ وەرگیراوە.

٨٠- دادگای پیاچوونەوەی عێراقی (محكمة التمييز العراقي) لە بڕیارێکیدا دەڵێ: (( دادگا ڕاوێژ بە پسپۆران دەکات بۆ بڕیاردان ئایا ئەو دەستەواژانەی کە تاوانبار بەکاری هێناون تانەوتەشەریان دەرهەق بە دادخواز تیایە یان نا؟ ئینجا بڕیاری خۆی لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا دەردەکات)) بڕیاری دادگای پیاچوونەوەی عێراقی ژمارە (٢٠)ی ١٩٧٤/٣/٥ بڕوانە ابراهيم المشاهدي: المبادىء القانونية في قضاء محكمة التمييز، القسم الجنائي، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٩٠، ل٢٢٩.

٨١- احمد امين : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٥.

٨٢- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی عەرەبی: (( ٣- العلانية: تعد وسائل العلانية: الأعمال او الاشارات او الحركات اذا حصلت في طريق عام او في محفل عام او مكان مباح او مطروق او معرض لانظار الجمهور او اذا حصلت بحيث يستطيع رؤيتها من مكان في مثل ذلك المكان او اذا نقلت اليه بطريقة من الطرق الآتية.

ا- القول او الصياح اذا حصل الجهر به او ترديده في مكان مماذكر او اذا حصل الجهر به او ترديده بحيث يستطيع سماعه من كان في مثل ذلك المكان او اذا اذيع بطريقة من الطرق الالية وغيرها بحيث يسمعه من لادخل له في استخدامه.

ب- الصحافة والمطبوعات الأخرى وغيرها من وسائل الدعاية والنشر.

د- الكتابة والرسوم والصور والشارات والافلام ونحوها اذا عرضت في مكان مماذكر او اذا وزعت او بيعت الى اكثر من شخص او عرضت للبيع في أي مكان )).

٨٣- بڕوانە دەقی ماددە (٢٦)ی یاسای سزادانی عێراقی کە تیایدا هاتووە (( الجنحة هي الجريمة المعاقب عليها باحدى العقوبتين التاليتين: ١- الحبس الشديد أو البسيط اكثر من ثلاثة اشهر الى خمس سنوات. ٢- الغرامة )) شایەنی ئاماژەبۆکردنە، سزای ئەو غەرامەیەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی ناوبراودا هاتووە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٥)ی ١٩٩٨/١/١٧ گۆڕاوە بۆ گرتن (الحبس) بڕوانە ڕۆژنامەی (( الوقائع العراقية)) ژمارە (٣٧٠٦ لە ١٩٩٨/١/٢٦ .

٨٤- بڕوانە ماددە (٩١)ی یاسای سزادانی عێراقی کە تیایدا هاتووە: ((عقوبة الغرامة هي الزام المحكوم عليه بأن يدفع الى الخزينة العامة المبلغ المعين في الحكم وتراعي المحكمة تقدير الغرامة حالة المحكوم عليه المالية والاجتماعية وما افاده من الجريمة او كان يتوقع افادته منها وظروف الجريمة وحالة المجنىعليه. ولايقل مبلغ الغرامة عن نصف دينار ولايزيد على خمسمائة دينار مالم ينص القانون على خلاف ذلك)).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بڕی ئەو غەرامەیەی کە لە ماددەی ناوبراودا هاتووە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٢٠٦)ی ١٩٩٤/١١/٢٢ گۆڕاوەو کەمترین بڕی بۆتە (٢٠١) دینارو زۆرترینیش (١٠٠٠) دینار لە تاوانەکانی کەتندا، بڕوانە ڕۆژنامەی (( الوقائع العراقية)) ژمارە (٣٥٤٠ لە ١٩٩٤/١٢/٥.

٨٥- بڕوانە دەقی ماددە (١٣٦)ی یاسای سزادانی عێراقی کە تیایدا هاتووە :

((اذا توافر في جريمة ظرف من ظروف المشددة يجوز للمحكمة ان تحكم على الوجه الاتي:- ١- . . . ٢- اذا كانت العقوبة السجن المؤقت او الحبس جاز الحكم بأكثر من الحد الأقصى للعقوبة المقررة للجريمة بشرط عدم تجاوز ضعف هذا الحد على ان لاتزيد مدة السجن المؤقت في أي حال خمس وعشرين سنة ومدة الحبس على عشر سنوات . . .)).

٨٦- بڕوانە دەقی ماددەی (٤٢)ی یاسای سزادانی عێراقی کە تیایدا هاتووە: (( لاجريمة اذا وقع الفعل استعمالا لحق الدفاع الشرعي . . .)).

٨٧- بڕوانە دەقی ماددە (٤٣٦)ی یاسای سزادانی عێراقی کە تیایدا هاتووە: (( ١- لاجريمة فيما يسنده احد الخصوم او من ينوب عنهم الى الاخر شفاها او كتابة من قذف وسب اثناء دفاعه عن حقوقه امام المحاكمة وسلطات التحقيق او الهيئات الاخرى وذلك في حدود مايقتضيه هذا الدفاع ٢- ولاعقاب على الشخص اذا كان قد ارتكب القذف او السب وهو في حالة غضب فور وقوع اعتداء ظالم عليه)).

٨٨- ئەمەش دەقەکەیەتی: (( ولايقبل من القاذف اقامة الدليل على ماسنده الا اذا كان القذف موجها الى موظف او مكلف بخدمة عامة او الى شخص ذي صفة نيابية عامة او كان يتولى عملا يتعلق بمصلحة الجمهور وكان ماسنده القاذف متصلا بوظيفة المقذوف او عمله فاذا اقام الدليل على كل ماسنده انتفت الجريمة )).

٨٩- د. جمال الدين العطيفي: الأساس القانوني لاباحة القذف في حالة نشر اخبار الجرائم والتحقيقات الجنائية، مجلة القانون والأقتصاد، العدد الثالث، السنة التاسعة والثلاثون، سبتمبر/ ١٩٦٩، مطبعة جامعة القاهرة، ل٢.

٩٠- د. جمال الدين العطيفي: الأساس القانوني لاباحة القذف في حالة نشر اخبار الجرائم والتحقيقات الجنائية، سەرچاوەی پێششوو، ل٣، هەروەها د. ابراهيم الداقوقي: قانون الأعلام، سەرچاوەی پێششوو، ل٣٤٢.

٩١- المستشار معوض عبد التواب: القذف والسب والبلاغ الكاذب، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

٩٢- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٦، هەروەها المستشار معوض عبد التواب: القذف والسب والبلاغ الكاذب، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩-١٢٠.

٩٣- د. سليمان جازع الشمري: الصحافة والقانون، منشورات الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، بلاسنة النشر،ل١٢٤

٩٤- د. سليمان جازع الشمري: الصحافة والقانون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

٩٥- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٦.

٩٦- جزائية عابدين ١٣ ديسمبر ١٩٠٥ (الحقوق ٢١ص ٤٤ بڕوانە (احمد امين) شرح قانون العقوبات- القسم الخاص -، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٥.

٩٧- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٦-٦٢٧.

٩٨- دەستووری میسری ساڵی ١٩٧١ لە ماددەی (٤٧)دا بە ڕاشکاویەوە دانی بە مافی ڕەخنەگرتن ناوەو دەڵێ:

(( النقد الذاتي والنقد البناء ضمان لسلامة البناء الوطني )) هەروەها لە ماددەی (٤٩)دا جارێکیتر بەشێوەیەکی زمنی جەختی لەسەرکردۆتەوە دەڵێ: (( تكفل الدولة للمواطنين حرية البحث العلمي والابداع الادبي والفني والثقافي )).

٩٩- د. عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

١٠٠- د. عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

١٠١- جێی سەرنجە، یاسای سزادانی میسری لە ماددەی (٦٠)دا هەمان پرنسیپی بۆ ڕێگادانی ڕەخنەی تانەوتەشەرئامێز داناوە دەڵێ: (( لاتسري احكام قانون العقوبات على كل فعل ارتكب بنية سليمة عملا بحق مقرر بمقتضى الشريعة)).

١٠٢- ( محكمة النقض المصرية، جلسة ١٩٣٨/١/١٠ رقم ٢٤٨ سنة ٨ ق ) بڕوانە (د. عبدالحميد الشواربي) جريمة القذف والسب في ضوء القضاء والفقه، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

١٠٣- المستشار معوض عبد التواب: القذف والسب والبلاغ الكاذب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

١٠٤- محكمة النقض المصرية، الطعن رقم ١٠٢٧ لسنة ٣٠ ق جلسة ١٩٦٠/١٢/٢٠ س١١ ص٩٢٩ بڕوانە ( المستشار معوض عبد التواب ) القذف والسب والبلاغ الكاذب، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٣٣.

١٠٥- د. عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

١٠٦- طارق احمد فتحي سرور: الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر، منشورات دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩١، ل١٦١.

١٠٧- طارق احمد فتحي سرور: الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

١٠٨- المستشار معوض عبد التواب : القذف والسب والبلاغ الكاذب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

١٠٩- المستشار معوض عبد التواب : القذف والسب والبلاغ الكاذب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

١١٠- طارق احمد فتحي سرور: الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

١١١- لطيفة حميد محمد: جرائم النشر في التشريع العراقي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

١١٢- لطيفة حميد محمد: جرائم النشر في التشريع العراقي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

١١٣- طارق احمد فتحي سرور: الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

١١٤- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٥.

١١٥- د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات- القسم الخاص- جرائم الاعتداء على الاشخاص، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٠، هەروەها طارق احمد فتحي سرور: الحماية الجنائية لأسرار الأفراد في مواجهة النشر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

١١٦- د. عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

١١٧- رۆژنامەنووس‌و دەزگای ڕۆژنامەوانی، بێ لە بەرپرسێتی تاوانكاری ڕووبەڕووی بەرپرسێتی مەدەنی‌و پیشەییش دەبنەوە. بەم پێیە، ئەو رۆژنامەنووسەی سەرپێچی حوكمەكانی یاسا دەكات، ئەگەر هاتوو لە ئاكامی هەڵە تاوانكارییەكەی زیانی بە كەسێك گەیاند، ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەكی شارستانی دەبێتەوەو دەبێ قەرەبووی زیانلێكەوتوو بكاتەوە بۆ ئەو زیانە ئەدەبی‌و ماددییانەی كە لێی‌داوە. لەم ڕووەوە یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ لە ماددەی (٢٠٥)دا دەقنووسی كردووەو دەڵێ: ((مافی قەرەبوو كردنەوە، زیانی ئەدەبیش دەگرێتەوە، هەر دەستدرێژییەك بۆسەر ئازادی یان شەرەف یان ناموس یان ناوبانگ یان پلەی كۆمەڵایەتی یان ئیعتباری دارایی كەسان وادەكا كە دەستدرێژیكەر بەرپرس بێت لە قەرەبوو كردنەوە...)) هەروەها لە ماددەی (٢٠٤)دا دەقنووسی كردووە.

(( هەر دەسدرێژییەك بۆ سەر خەڵكی كە ببێتە مایەی هەر زیانێكی‌تر بێ لەو زیانانەی لە ماددەكانی تردا ئاماژەیان پێكراوە دەبێ قەرەبوو بكرێتەوە )) دەبێ هەرسێ ڕایەڵەكانی بەرپرسیارییەتی كەمتەرخەمی (اركان المسؤولية التقصيرية) ( هەڵە، زیان، پەیوەندی هۆكاری) لە ئارادابن بۆ حوكمدانی قەرەبووكردنەوە بەپێی ئەم دوو ماددەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەم ڕووەوە بەگشتی‌و لەبارەی بنچینەی ئەم بەرپرسیارییەتییە بەتایبەتی بڕوانە ( جبار صابر طه ): اقامة المسؤولية المدنية عن العمل غير المشروع على عنصر الضرر ، منشورات جامعة صلاح الدين ، اربيل ، ١٩٨٤، ل٢٩٥ بەدواوە.

هەروەها، یاسای چاپەمەنی عێراقی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەمواركراو لە برگەی (أ)ی ماددەی (٢٩)دا ئەو كەسانەی دەسنیشان كردووە كە دەبێ قەرەبووی زیان لێكەوتوو بكەنەوە، ئەمەش دەقەكەیەتی :

(( أ- خاوەنی چاپكراوی دەوری‌و سەرنووسەر‌و تارنووس لێپرسراو دەبن لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوون‌و دەبێ پێكەوە ئەو قەرەبووەی دادگا بەسەریاندا دەیسەپێنێ بیدەن )).

هەروەها لە برگەی (أ)ی ماددی (٣٠)دا ئەو ماوەیەی دیاركردووە كە دەبێ زیانلێكەوتوو تیایدا داوای قەرەبووكردنەوەی زیانەكانی بكات، بەپێچەوانەوە مافی داواكردنی دەسووتێ، ئەمەش دەقەكەیەتی :

(( سەبارەت بەو تاوانانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووس کراون، دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەوە نابێت نە داوا بەرزبکرێتەوە، نە داوای قەرەبووکردنەوە بکرێت )).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو لە ماددەی (١٠)دا ئەو کەسانەی دیارکردووە کە بەرپرسیاریەتی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ ، بەم شێوەیە :

((خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنووسەرو وتارنووس لە چاپکراوی دەوریداو پێشکەشکەری چاپکراوی نادەوری، لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا، بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان دەکەونە بەر لێپرسینەوەی یاساییەوە )).

ئەمەو لە برگەی دووەمی ماددەی (١١)دا ماوەی بەسەرچوونی ئەو داوایانەی دیار کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی : ((ئەو داوایانەی لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوونە، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر بڵاوبوونەوەیان لە چاپکراوی دەوریدا یان دەستکردن بە دابەشکردن لە چاپکراوی نادەوریدا لەلایەن دادگاکانەوە نابیندرێن )).

ئەمەو دادگا بەگوێرەی برِی ئەو زیانانەی لە زیانلێکەوتوو کەوتووەو ئەو دەسکەوتانەی بەهۆی کارە ناڕەواکەوە لەدەستی چووە قەرەبووەکە دەخەملێنێ هەروەکو لە ماددەی(٢٠٧)ی یاسای مەدەنی عێراقیدا هاتووە کە ئەمەش دەقەکەیەتی :

(( دادگا لە هەموو حاڵەتێکدا بەگوێرەی بڕی ئەو زیانانەی لە زیانلێکەوتوو کەوتووەو ئەو دەسکەوتانەی لەدەستی چووە بە مەرجێك ئەنجامێکی سروشتی کارە ناڕەوایەکە بێت، قەرەبووەکە دەخەملێنێ )) لەبارەی چۆنێتی خەملاندنی قەرەبوو بڕوانە ( د. سعدون العامري ) : تعويض الضرر في المسؤولية التقصيرية ، منشورات مركز البحوث القانونية التابعة لوزارة العدل ، بغداد ، ١٩٨١ ، ل١٤٣ بەدواوە، هەروەها د. محمد ابراهيم الدسوقي : تقدير التعويض بين الخطأ والضرر ، منشورات مؤسسة الثقافة الجامعية ، الاسكندرية ، بلاسنة الطبع، ل٨٥ بەدواوە.

هەروەها ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی پیشەیی دەبێتەوە، ئەگەرهاتوو سەرپێچی حوکمەکانی یاسای سەندیکاو ئەو بنەما گشتیانە بکات کە ئەخلاقی پیشەی ڕۆژنامەگەریان ڕێکخستووە.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە ڕێگای ( لیژنەی ڕێککاری لجنة الانضباط ))وە لەو سەرپێچییانە دەکۆڵێتەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە ڕوویان داوە.

دوای ساغ بوونەوەی ئەو سەرپێچییانە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاسپاردەیەی کە لەلایەن لیژنەی ڕێککارییەوە بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا بەرز دەکرێتەوە، یەکێك لەم سزایانەی خوارەوە ئاراستەی ڕۆژنامەنووسی سەرپێچیکەر دەکات:

١- ورياكردنەوە (التنبيه) : بە نووسراوێك ئاراستەی ڕۆژنامەنووس دەکرێ‌و سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشرێ کە لێی ڕوودراوەو داوای لێ دەکرێ کە لە داهاتوودا ڕوونەداتەوە.

٢- ئاگادارکردنەوە (الانذار) : لە کاتی دووبارەکردنەوەی ئەو سەرپێچیانەی کە لە برگەی سەرەوە دیارکراون لە لایەن ڕۆژنامەنووسەوە، ئاگادار دەکرێتەوە کە جارێکی‌تر دووبارەی نەکاتەوە.

٣- نەهێشتنی ئەنجامدانی پیشەکەی بۆ ماوەیەك کە لە ساڵێك تێنەپەڕێ.

٤- دەرکردنی کاتی : ناوی لە تۆماری گشتی دەسڕێتەوەو تا دوو ساڵی بەسەردا تێنەپەڕێ، نابێ جارێکی دیکە ناوی تۆمار بکرێتەوە.

ئەمەو، ئەو ڕۆژنامەنووسەی سزای دەرکردنی دەرهەق دراوە، بۆی هەیە لە ماوەی پانزە ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنی بە بڕیارەکە، لەلای دادگای پیاچوونەوە (التمييز) تانە لە بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا بدات.

لەم حاڵەتەشدا، تاوەکو سزایەکە پلەی بنبڕی (الدرجة القطعية) وەرنەگرێت جێبەجێ ناکرێت، بڕوانە دەقی ماددە (٢١)ی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ بەرامبەر بە ماددە (٢٦)ی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی ژمارە (١٧٨)ی ساڵی ١٩٩٨ی هەموارکراو.

هەرچەندە یاسای عێراقی جیاوازی هەیە لەگەڵ یاسای کوردستان لە ڕووی توندی ئەو سزایانەوە. بۆیە دوای دوورخستنەوەی کاتی یەکسەر حوکمی بەدەرکردنی یەکجارەکی ڕۆژنامەنووسی لە پیشەکەیدا داوە.

١١٨- د.مصطفى العوجي : القانون الجنائي العام، المسؤولية الجزائية، ج/٢، مؤسسة نوفل، بيروت، لبنان، ل١٩٨٥، ل١٢.

١١٩- یەکێك لەو مافە ئەدەبیانەی کە دانەر(مؤلف) هەیەتی، ئەوەیە، بۆی هەیە بەرهەمەکەی بە ناوی خۆی یان بە ناوی خوازراو یان بەبێ ناو بلاوبکاتەوە. بڕوانە کمال سعدي مصطفى : حق الملكية الادبية والفنية في القانون العراقي والمقارن، رسالة ماجستير في القانون، قدمت الى كلية القانون والسياسة- جامعة صلاح الدين-اربيل، عام ١٩٩٦، ل١١٤، هەروەها بڕوانە مادده (٨)ی یاسای مافی دانەری فەڕەنسی ساڵی ١٩٥٧ کە ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

La qualite dauteur appartient . sauf preuve contraire, a celui ou a ceux sous le nom de qui Ioeuvre estdivulguee.

واتە: (( ئەو کەسەی یان ئەو کەسانەی بەرهەمەکەی بەناوی خۆی بلاودەکاتەوە بە دانەر دادەندرێ، مەگەر بەڵگەیەکی پێچەوانەی ئەمە بێتە ئاراوە )).

١٢٠- شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هەریەکێك لە دانەرو خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەو بەرپرسی لاپەڕەو چاپکەرو ئەو کەسەی دەیهێنێو ئەو کەسەش کە دەیفرۆشێ یان دابەشی دەکات یان هەڵیدەواسێ، ڕۆڵی خۆیان هەیە لە ڕۆژنامەکەداو بەرپرسیارێتی یاساییان بە گوێرەی ئەو ڕۆڵانەیە کە هەیانە.

١٢١- د.لطيفة حميد محمد : جرائم النشر في التشريع العراقي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

١٢٢- ميثم حنظل شريف : التنظيم الدستوري والقانوني لحرية الصحافة في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

١٢٣- بڕوانە دەقی ماددەی (١٠) لە یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو لە بڕگەی (٥-٢-٢) پەراوێزی ( ٦٣٦) لەم تێزەدا.

١٢٤- بڕوانە دەقی مادده (٢٩) لە یاسای چاپەمەنی عێراقی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەموارکراو لە بڕگەی (٥-٢-٢) پەراوێزی ( ٦٣٦) لەم تێزەدا.

١٢٥- بڕوانە ماددەی (١٩) لە یاسای چاپەمەنی میسری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٣٦ی هەموارکراو.

١٢٦- بڕوانە ماددەی (٢٦) لە یاسای چاپەمەنی لوبنانی ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو.

١٢٧- د.عبدالحميد الشواربي : جرائم الصحافة والنشر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

١٢٨- ميثم حنظل شريف : التنظيم الدستوري والقانوني لحرية الصحافة في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

١٢٩- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د. محمد الشيخ عمر)، مسؤلية المتبوع، مطابع سجل العربي، ١٩٧٠، ل٧٠-٧٣.

١٣٠- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د. مصطفى ابراهيم الزلمي) : موانع المسؤولية الجنائية في الشريعة الاسلامية والتشريعات الجزائية العربية، ط/١، منشورات الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة، بغداد، ٢٠٠٢، ل٣٢.

١٣١- د.لطيفة حميد محمد : جرائم النشر في التشريع العراقي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

١٣٢- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

Modifié par Loi 86-897 1er Aout 1986 art 9 JORF 2 août 1986

Toute publication de presse doit avoir un directeur de la publication.

Lorsqu'une personne physique est propriétaire ou locataire-gérant d'une entreprise éditrice au sens de la loi n° 86-897 du 1er août 1986 portant réforme du régime juridique de la presse ou en détient la majorité du capital ou des droits de vote, cette personne est directeur de la publication. Dans les autres cas, le directeur de la publication est le représentant légal de l'entreprise éditrice. Toutefois, dans les sociétés anonymes régies par les articles 118 à 150 de la loi 66-537 du 24 juillet 1966 sur les sociétés commerciales, le directeur de la publication est le président du directoire ou le directeur général unique.

Si le directeur de la publication jouit de l'immunité parlementaire dans les conditions prévues à l'article 26 de la Constitution et aux articles 9 et 10 du Protocole du 8 avril 1965 sur les privilèges et immunités des communautés européennes, l'entreprise éditrice doit nommer un codirecteur de la publication choisi parmi les personnes ne bénéficiant pas de l'immunité parlementaire et, lorsque l'entreprise éditrice est une personne morale, parmi les membres du conseil d'administration, du directoire ou les gérants suivant la forme de ladite personne morale.

Le codirecteur de la publication doir être nommé dans le délai d'un mois à compter de la date à partir de laquelle le directeur de la publication bénéficie de l'immunité visée à l'alinéa précédent.

Le directeur et, éventuellement, le codirecteur de la publication doivent être majeurs, avoir la jouissance de leurs droits civils et n'être privés de leurs droits civiques par aucune condamnation judiciaire.

Toutes les obligations légales imposées au directeur de la publication sont applicables au codirecteur de la publication.

*(1) NOTA : selon les termes de l'article 22 de la loi 86-897 du 1er août 1986, dans tous les articles de la loi du 29 juillet 1881, les mots "directeur de la publication" sont substitués au mot "gérant".*

واتـه: ((دەبـێ هـەموو چـاپکراوێکی دەوری بەڕێوەبـەری بڵاوکردنەوەی هـەبێت. کاتێك کەسێك خـاوەنی دەزگایـەکی بڵاوکردنـەوە بـوو یـان بـە وەکالـەت کرێچی بـوو، بـەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٨٦-٨٩٧) کە لە ١٩٨٦/٨/١ دەرچووە، کـە تایبەتـە بـە هـەموارکردنی سیسـتەمی یاسـایی بڵاوکردنـەوە، یـان خـاوەنی زۆربـەی سـەرمایە یـان مـافی دەنگدان بێت، ئەو کەسە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەیە. بـەڵام لە حاڵەتەکانی تردا، نوێنەری یاسایی دەزگاکە بەڕێوەبـەری بڵاوکردنەوەیـە. بـەڵام لـە دامودەزگـا هاوبەشـدارەکاندا (المؤسسـات المساهمة) دا کە بـەپێی برگـەی ١١٨ تـاکو ١٥٠ لـە یاسـای ژمـارە ٦٦-٥٣٧ ی ١٩٦٦/٧/٢٤ لـەبارەی دەزگـا بازرگانیـەکان بەڕێوەدەچـن، سـەرۆکی ئەنجومـەنی کـارگێڕی یـان بەڕێوەبـەری گشـتی، بەڕێوەبـەری بڵاوکردنەوەیـە، وە ئەگەرهاتوو بەڕێوەبەری بڵاوکردنـەوە حەسـانەی دبلۆماسی هـەبوو لـەو حاڵەتانـەی کـە برگـەی ٢٦ دەسـتووری برگـەی نۆیەم دەیەمی ئەو پرۆتۆکۆلەی کە لـە ١٩٦٥/٤/٨ لـە بـارەی حەسانەو ئیمتیازەکانی کۆمەڵەی ئەوروپییەوە ئیمزا کـراوە، دەبـێ دەزگـای بڵاوکردنـەوە شـەریکێك بـۆ ئیـدارەی بڵاوکردنەوەکـە دابمـەزرێنێ، لـە نێـوان ئـەو کەسـانەدا هەڵدەبـژێردرێ کـە حەسـانەی پەرلـەمانییان نییـە. جـا ئەگـەرهاتوو دەزگـای بڵاوکردنەوەکـە کەسـایەتییەکی مەعنەوی هەبوو، یـەکێك لە نێوان ئەنـدامانی ئەنجومـەنی کارگێڕی یان بریکارەکان بەپێی ئەو شێوەیەی کە کەسایەتی مەعنەوی دەیخوازێت.

دەبـێ لـە مـاوەی دوو مـانگ لـەو ڕۆژەی کـە بەڕێوەبـەری ئیدارەی بڵاوکردنەوەکە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە بەڕێوەبـەرێکی شـەریك بـۆ ئیـدارەی بڵاوکردنەوەکـە دابمـەزرێت. جـا دەبـێ بەڕێوەبـەر هـەروەها شـەریکی بەڕێوەبـەری بڵاوکردنـەوە لێهـاتوو (بـالغ) بێـتو مافـە مەدەنیەکانی هەبێتو نابێ لە مافە نیشتمانییەکانی لەبەر هەر ئیدانەیەکی یاسایی بێبەش کرابێت)).

١٣٣- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

Modifié par Ordonnance 26 Aout 1944 ART 15 JORF 30 août 1944.

Modifié par Loi 52-336 25 Mars 1952 ART 4 JORF 26 mars 1952.

Seront passibles, comme auteurs principaux des peines qui constituent la répression des crimes et délits commis par la voie de la presse, dans l'ordre ci-après, savoir :

1° Les directeurs de publications ou éditeurs, quelles que soient leurs professions ou leurs dénominations, et, dans les cas prévus au deuxième alinéa de l'article 6, de les codirecteurs de la publication ;

2° A leur défaut, les auteurs ;

3° A défaut des auteurs, les imprimeurs ;

4° A défaut des imprimeurs, les vendeurs, les distributeurs et afficheurs.

١٣٤- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەڕەنسی :

Dans les cas prévus au deuxième alinéa de l'article 6, la responsabilité subsidiaire des personnes visées aux paragraphes 2°, 3° et 4° du présent article joue comme s'il n'y avait pas de directeur de la publication, lorsque, contrairement aux dispositions de la présente loi, un codirecteur de la publication n'a pas été désigné.

١٣٥- بڕوانە ماددەی (٨٢) لە یاسای سزادانی عێراقی.

١٣٦- لەم ڕووەوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لـە ئایـەتی (١٦٤) ی سورەتی ( الانعام ) دەفەرموێ : (( وَلَا تَـزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى )) واتە (( هیچ کەسێك تاوانو گونـاحی کەسـێکی تـری لـە ئەسـتۆ نـابێ)) ئەمـەو لـە چـەندین شـوێنی تریشـدا جەختی لەسەر ئەم حوکمـە کردۆتـەوە، لەوانە، ئایـەتی (١٧) لە سورەتی ( الاسراء) و ئایـەتی (١٨) لـە سورەتی (فـاطر)و ئایەتی (٧) لـە سـورەتی (الزمـر) و ئایـەتی (٣٨) لـە سـورەتی (النجم).

١٣٧- ئەمـەش دەقەکەیـەتی: (( مـع عـدم الاخـلال بالمسؤولیة الجنائیة بالنسبة لمؤلف الكتابة أو واضع الرسم أو غیر ذلك من طرق التمثیل، یعاقب رئیس تحریر الجریدة او المحرر المسؤول عن قسمها الذي حصل فیه النشر اذا لم یكن ثمة رئیس تحریر بصفته فاعلا اصلیا للجرائم التي ترتكب بواسطة صحیفته )).

١٣٨- زاراوەی دانـەر هـەموو کەسـێك دەگرێتـەوە کـە بەرهەمێکی عەقڵی داهێنەرانـەی لە زادەی مێشکی خۆیـەوە دانابێـت، جـا ئـەو بەرهەمـە هـەر چ جۆرێـك بێـتو بـە چ

شێوەیەك گوزارشتی لێكرابێت، بڕوانە د.توفيق حسن فرج و د.محمد يحى مطر : الاصول العامة للقانون، الدار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٩، ل٢٣٢.

١٣٩- محمد سعيد مجذوب : الحريات العامة وحقوق الانسان ، ط/١ ، مطبعة جروس برس ، لبنان ، بيروت ، ١٩٨٦، ل١٧٨.

١٤٠- قرار محكمة النقض المصرية رقم (٤٨٢) السنة ٣٤ ق جلسة ١٩٦٤/١١/١٧ بڕوانە حسن الفكهاني وعبدالمنعم حسني : الموسوعة الذهبية للقواعد القانونية التي قررتها محكمة النقض المصرية، ج/٦، منشورات الدار العربية للموسوعات، القاهرة، ١٩٨١، صص٦٨٧-٦٨٨.

١٤١- ئەمەش دەقەكەیەتی: (( في الاحوال التي تكون فيها الكتابة او الرسم او الصور او الصور الشمسية او الرموز او طرق التمثيل الاخرى التي استعملت في ارتكاب الجريمة قد نشرت في الخارج، وفي جميع الاحوال التي لايمكن فيها معرفة مرتكب الجريمة يعاقب بصفتهم فاعلين اصليين، المستوردون والطابعون فان تعذر ذلك فالبائعون والموزعون والملصقون، وذلك مالم يظهر من ظروف الدعوى انه لم يكن في وسعهم معرفة مشتملات الكتابة او الرسم او الصور او الصور الشمسية أو الرموز او طرق التمثيل الاخرى )).

١٤٢- د.رياض شمس : حرية الرأي وجرائم الصحافة والنشر، ج/١، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٤٧، ل٤٦.

١٤٣- ئەمەش دەقەكەیەتی: (( لايقبل من احد للافلات من المسؤولية الجنائية مما نص عليه في المواد السابقة، ان يتخذ لنفسه مبررا او ان يقيم لها عذرا من ان الكتابات او الرسوم او الصور او الصور الشمسية او الرموز او طرق التمثيل الاخرى انما نقلت او ترجمت عن نشرات صدرت في مصر او في الخارج او انها لم تزد على ترديد اشاعات او روايات عن الغير )).

١٤٤- ئەم مەرسومە یاساییە كە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٧ بڵاوكراوەتەوە، حوكمی تاوانەكانی ڕۆژنامەگەری لە ماددەی (٥١) تاكو ماددەی (٧٠)ی یاسای چاپەمەنی ساڵی ١٩٦٢ هەمواركردوە، ئەو حوكمانەی كە لەژێر ناوونیشانی ( تاوانەكانی چاپەمەنی ) لەو مەرسومەدا هاتوون، جێگای ئەوانیان گرتۆتەوە.

١٤٥- لەلای ئێمە زیاتر بە بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین ناوزەد دەكرێت.

١٤٦- ئەمەش دەقەكەیەتی: (( ١- ان العقوبات التي يقضي بها بسبب الجرائم المرتكبة بواسطة المطبوعات الصحفية تقع على المدير المسؤول و كاتب المقال كفاعلين اصليين. وتطبق في هذا المجال احكام قانون العقوبات المتعلقة بالاشتراك او التدخل الجرمي. اما صاحب المطبوعة الصحفية فيكون مسؤولا مدنيا بالتضامن عن الحقوق الشخصية و نفقات المحاكمة ولايترتب عليه مسؤولية جزائية الا اذا ثبت تدخله الفعلي في الجريمة المرتكبة. ٢- ان الحصانة التي يتمتع بها عضو المجلس النيابي اثناء مدة نيابته لاتعفي المدير المسؤول وصاحب المطبعة من المسؤولية في حال نشر اقوال و تصاريح لعضو المجلس وتقع تحت طائلة قانون المطبوعات لجهة النشر )).

١٤٧- ئەمەش دەقەكەیەتی: (( تطبق في هذا المجال احكام قانون العقوبات المتعلقة بالاشتراك او التدخل الجرمي )).

١٤٨- سەبارەت بە حوكمەكانی بەشداریكردنو دەستێوەردانی تاوانكاری لە یاسای لوبنانیدا بڕوانە د. محمد زكي ابو عامر : قانون العقوبات اللبناني- القسم العام، منشورات الدار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١، ل٢٧٥ بەدواوە .

١٤٩- بڕوانە دەقی مادده (٤٢)ی ناوبراو لە بڕگەی (٥-٢-٢-١) خاڵی سێیەم پەراوێزی ( ٦٥١) لەم تێزەدا.

١٥٠- ئەمەش دەقەكەیەتی بە زمانی فەڕەنسی:

Art. 26 ; Aucun membre du Pariement ne peut etre poursuivi, recherche, arrete, detenu ou juge a I,occasion des opinions ou votes emis par lui dans l,exercice de ses fonctions.

Aucun membre du Parlement ne peut, pendant la duree des sessions, etre poursuivi ou arrete en matiere criminelle ou correctionnelle quavec Iautorisation de l,assemblee don't il fait partie, sauf le cas de flagrant delit.

Aucun membre du Parlement ne peut, hors session, etre arrete qu,avec Lautorisation du burean de Passemblee don't il fait partie, sauf le cas de flagrant delit, de poursuites autorisees ou de condamnation definitive.

La detention ou la poursuite d,un membre du Parlement est suspendue si l,assemblee don't il fait partie le requiert.

واتە: (( - نابێ لێكۆڵینەوە لەگەڵ هیچ ئەندامێكی پەرلەمان بكرێت یان تۆژینەوەی لێبكرێت یان بگیرێت یان دادگایی بكرێت بەهۆی ئەو بیروڕایانەی كە دەریانەبڕێت یان لە ئەنجامدانی كارە پەرلەمانییەكەیدا دەنگیان لەسەر دەدات.

- نابێ لێكۆڵینەوە لەگەڵ هیچ ئەندامێكی پەرلەمان بكرێت یان لە كاتی خولەكانی كۆبوونەوەدا بەهۆی كەتنێكەوە یان

گـەورە کەتنێکـەوە بگیرێـت ئەگـەر بـە ڕەزامەنـدی ئـەو ئەنجوومەنەوە نەبێت کە تیایدا ئەندامە. تـەنها لە حاڵەتی کەتنێکی بینراودا نەبێت.

- نابێ هـیچ ئەنـدامێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان بگیرێـت لـە دەرەوەی خولـەکانی کۆبوونـەوەدا تـەنها بـە ڕەزامەنـدی نووسینگەی ئـەو ئەنجوومەنـە نـەبێت کـە تیایدا ئەندامـە. تەنها حاڵەتی گرتنی لەسـەر کـەتنێکی بینـراودا نـەبێت یـان ئەو لێکۆڵینەوەیە کە ڕێگای پێدراوە یان بە یەکجاری ئیدانە کرابێت ناگرێتەوە.

- ئەگەرهاتوو ئـەو ئەنجوومەنـەی کـە ئـەوی تێـدا ئەندامـە داوایکـرد، گرتنـی ئەنـدام یـان بـەردەوامبوون لـە دادبینـی (ئیجرائاتی) تاوانکاری دژی ئەو ڕادەگیرێت )).

١٥١- ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی فەرەنسی:

Article 43
Modifié par Ordonnance 26 Aout 1944 art 15 JORF 30 août 1944.
Modifié par Loi 52-336 25 Mars 1952 art 5 JORF 26 mars 1952.

Lorsque les directeurs ou codirecteurs de la publication ou les éditeurs seront en cause, les auteurs seront poursuivis comme complices.

Pourront l'être, au même titre et dans tous les cas, les personnes auxquelles l'article 60 du Code pénal pourrait s'appliquer. Ledit article ne pourra s'appliquer aux imprimeurs pour faits d'impression, sauf dans le cas et les conditions prévus par l'article 107 du Code pénal sur les attroupements ou, à défaut de codirecteur de la publication, dans le cas prévu au deuxième alinéa de l'article 6.

Toutefois, les imprimeurs pourront être poursuivis comme complices si l'irresponsabilité pénale du directeur ou du codirecteur de la publication était prononcée par les tribunaux. En ce cas, les poursuites sont engagées dans les trois mois du délit ou, au plus tard, dans les trois mois de la constatation judiciaire de l'irresponsabilité du directeur ou du codirecteur de la publication.

١٥٢- ئەمـەش دەقەکەیـەتی: (( مع عدم الاخلال بالمسؤولية الجزائيـة بالنسـبة الى مؤلـف الكتـاب او واضع الرسـم الى غـير ذلك من طرق التعبير يعاقب رئيس تحرير الصحيفة بصفته فـاعلا للجـرائم الـتي ارتكبـت بواسـطة صحيفته واذا لم يكـن ثمـة رئـيس تحريـر يعاقـب المحـرر المسـؤول عـن القسـم الـذي يحصل فيه النشر ..)).

١٥٣- ئەمـەش دەقەکەیـەتی: (( اذا كانـت الكتابـة او الرسـم او طرق التعبير الاخرى الـتي اسـتعملت في ارتكـاب الجريمـة قـد وضـعت او نشـرت خـارج الـبلاد او لم يمكـن معرفـة مرتكـب الجريمة عوقب المستورد والطـابع بصفتهما فـاعلين. فـان تعـذر ذلـك فالبـائع والمـوزع والملصـق وذلـك مـالم يظهـر مـن ظـروف الـدعوى انـه لم يكـن في وسـعهم معرفـة مشـتملات الكتابة او الرسم او طرق التعبير الاخرى )).

١٥٤- بڕوانە دەقی ماددەی (١٩٦)ی یاسای سزادانی میسری کـە لـە برگـەی ( ٥-٢-٢-٢) خـاڵی یەکـەم، پـەراوێزی (٦٦٠) لـەم تێزەدا ئاماژەمان پێی کردووە.

١٥٥- ئەمەش دەقەکەیەتی: (( لايعفي مـن المسؤولية الجزائيـة في جـرائم النشـر كـون الكتابـة او الرسـم او طـرق التعـبير الاخرى نقلت او ترجمت عـن نشرات صدرت في العـراق او في الخارج او انها لم تزد عن ترديد اشاعات او روايـات عـن الغـير )).

١٥٦- بڕوانە دەقی ماددەی (١٩٧)ی یاسای سزادانی میسری کـە لـە برگـەی (٥-٢-٢-٢) خـاڵی یەکـەم، پـەراوێزی ( ٦٦٢) لـەم تێزەدا ئاماژەمان پێی کردووە.

١٥٧- ئەمەش دەقەکەیەتی: (( مالك المطبـوع الـدوري ورئـيس تحريره وكاتـب المقـال مسـؤولون عـن الجـرائم المعينـة في هـذا القـانون وملزمـون بالتكافـل بـدفع التعـويض الـذي تحكـم بـه المحكمة )).

١٥٨- لـەم بارەیـەوە بڕوانـە برگـەی ( ٥-٢-٢-٢) خـاڵی دووەم ( حوکمەکانی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری لـە یاسـای لوبنانیـدا لەم تێزەدا.

١٥٩- حسن الفكهاني وعبدالمنعم حسني : الموسـوعة الذهبيـة للقواعـد القانونيـة الـتي قررتهـا محكمـة الـنقض المصـرية، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٤.

١٦٠- تـاوان بەگشـتی، بـەپێی ئـەو هەڵەیـەی کـە لـە ئاکامیـدا ڕوویـداوە، دەکرێـت بـە تاوانـەکانی بـە مەبەسـت (جـرائم العمديـة)و تاوانـەکانی نامەبەسـت (جـرائم غير العمديـة). تاوانەکانی بەمەبەست، ئەو تاوانانەن کە لـە ئاکامی هەڵەی بەمەبەسـتەوە ڕوودەدەن، بـەڵام تاوانـەکانی نامەبەسـت، ئـەو تاوانانەن کە لە ئاکامی هەڵەی نامەبەسـتەوە ڕوودەدەن. بـۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە (د.محمد زكي ابوعـامر) : قـانون العقوبـات اللبنـاني- القسـم العـام، سەرچـاوەی پێشوو، ل١٧٨ بەدواوە.

١٦١- ڕۆژنـامەی (( هاوڵاتی )) ژمـارە (١٠١)ی ڕۆژی دووشـەممە ٢٠٠٢/١٢/٢، ل٥.

# گوزارشت (ڕیپۆرتاژ)
# چاوی تیژی ڕۆژنامەوانی



ڕەحیم سورخی

**سەرەتا**

سێ ژانری گرنگی ڕۆژنامەنووسیی کە ئەرکی سەرەکی کاری ڕاگەیاندنیان لە ئەستۆیە و ڕۆژنامە هەویە و پێناسەی ڕۆژنامەبوونی خۆی لەم سێ ژانرە وەردەگرێ. بریتین لە:

هەواڵ، وتوویژ و گوزارشت

یەکەمین هۆکاری سەرەکی وەدیهاتنی ڕاگەیەنە، گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بەخەڵکە. لە سایەی گەیاندنی زانیارییەکانەوە، ئامانجەکانی تری ڕاگەیەنە گشتییەکان وەك گەشەکردنی کولتوور، زمان و شارستانەتی جێگیر دەبن، چونکە بەهۆی ئاگایی و ئاگاداربوونەوە، توانایی و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کار و کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکان دەچێتە سەرتر.

وتوویژ وەك ژانرێکی گرنگ و سەرەکی ڕۆژنامەنووسیی، ئەرکی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بیروڕاکان و شایەدی شایەدانی عەینی لەسەر دیتراو و هەست پێکراوەکانی لە ئەستۆیە بە مەبەستی ئامادەکردن و هەموارکردنی بەستێنی ڕەخنە و پێشنیارەکانی خەڵك و درکاندنی ڕاستییەکان.

دیارە دروست بوونی وەها کەش و هەوایەکیش لەناو کۆمەڵدا، بە واتای بەشداری کردنی خەڵکە لە دەسەڵات و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێگەخۆش کردنە بۆ مسۆگەرکردنی کۆمەڵێکی دیمۆکراتی.

هەرچی گوزارشتە گوزارشت، تێکەڵاوێکە لە وتوویژ و هەواڵ. گوزارشت گێڕانەوە، وەسف و شی کردنەوەی هەواڵێکە بەکەڵك وەرگرتن لە "بینین"، "وتوویژ" و "زانیاری/ لێکۆڵینەوە". گوزارشتی باش لە ئامادەکردنی هەواڵ و وتوویژی باشەوە سەرچاوە دەگرێ.

بەرلەوەی ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت ئەمریکاییەکان، فۆڕمێکی نوێ بە گوزارشت بدەن و شێوازەکانی نووسینی ئەم ژانرە دیاری بکەن، وەك گێڕانەوەیەکی ئاسایی ڕووداو و هەواڵەکان، لە ڕۆژنامەوانی گەلانی دیکەدا و بەتایبەت ئێرانییەکاندا هەبوو، بۆ وێنە لە سەدەکانی شازدەو حەڤدەی زایینی و لە سەردەمی حکومەتی سەفەوییەکاندا، گوزارشت نووسین لەسەر باس و لێدوانەکانی شایانی سەفەوی هەبووە و لە ناو خەڵکدا بڵاوکراوەتەوە. پاشانیش لەسەردەمی قاجارییەکاندا گوزارشت نووسین بە چاپی یەکەمین ڕۆژنامەی فارسی لە ساڵی ١٢١٦ك. هـ"١٨٣٧ز" "کاغەزی ئەخبار" گۆڕانی بەسەردا هات و لەپێناسەی ئەمڕۆیی یانەی نزیك بۆوە [1].

زاراوەی "گوزارشت" کە ئێستا لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، جیا لەم ناوەی خۆی بە "ڕیپۆرتاژ" "reportage" کە وشەیەکی فەرەنسییە و "ڕاپۆرت report"کە وشەیەکی ئینگلیزییە ناودەبرێ، تا ساڵی "١٣١٤ ك.هـ/١٩٣٥ز"، لەناو ئێرانییەکاندا بە "ڕاپۆرت" باو بوو. بەڵام لەم ساڵەدا، فەرهەنگستانی زمانی فارسی "گزارش"ی لە جێ دانا. بە پێڕەوی لە کولتوری نەتەوەی سەردەست،

واژەکە ئەم رەوتەی لە ناو کوردانیش دا پێـواو لـەناو نەتەوەی کوردیشدا وشەی "گوزارشت"ئێستاش بەسەر زارانەوەیە و خەڵکی "ئاسایی"یـش ئـەم واژەیـە لـە ئاخاوتنی رۆژانەیان دا لە کاردەکەن.

دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ چـاوگەی هاوبەشـی ئەم واژەیە و هێندێك واژەی لەم چەشنە کـە لـەنێوان زمانی کوردی و فارسی دا وەك دوو زمانی خزم، بـە هێندێك ئاڵ و گـۆڕی فۆنـۆتیکی یـەوە هەیـە. وەك: "فەرمایشـت"، "خوایشـت"، "ئاسایشـت" و ...

تەنیا بە سـاڵی ١٣١٤وە نەبەسـتراوەو پێشـتر لـەناو زمانە ئێرانییەکاندا هەبووە.

ئـەم واژەیـە لـە شـیعری شـاعیرانی ئێرانـی وەك "فیردەوسی" و "نیزامی گەنجەیی"ش دا بەو واتایەی ئەمڕۆی و رۆژنامەوانیەی هاتووە.

١ـ فیردەوسی بە واتای شـی کردنـەوەو لێکدانـەوەی هێناوە:

مــراین خوابهــارا بــه جــزپیش اوی
مگــوی و زنــادان گــزارش مجــوی

٢ـ نیزامی، بـەواتای "ئاگـادار کـردن و راگەیانـدنی هەواڵ"ی هێناوە:

گــزارش کنــان تیــزکن مغــز را
گــزارش ده ایــن نامــەی نغــز را

لەناو کوردان "جەماوەر"ی‌دا بـە هـەردوو واتـای سەرەوە دێت، بەڵام واتای دووهەم زۆرتر لـەکارکراوە، کە ئەویش بۆ دۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و کارکردی ئەم واژەیە، لەم بەستێنانەدا دەگەڕێتەوە.

روون نییـە یەکـەمین گوزارشـت لـەناو رۆژنامـە کوردییەکانــدا، کــەی و لــە چ رۆژنامەیەکــدا بڵاوکراوەتەوە. دیارە لـە رۆژنامـەی "کوردسـتان"ی میقداد بەدرخاندا، وەك یەکەمین رۆژنامەی کـوردی، کە لە ساڵی ١٨٩٨دا بڵاوکراوەتەوە، نەهاتووە، بەڵام لە رۆژنامـەی "رۆژی کوردستان" کە لە ساڵی ١٩٢٢ بڵاوبۆتـەوە*، گوزارشـتێك سـەبارەت بـە سـەردانی "سمایـل ئاغـای سمکـۆ" بـۆلای "شـێخ مـەحمودی حەفید" بڵاوکراوەتەوە، کە تێیـدا، ئـەم سـەفەرە بـە وردی و رێکوپێکی لە قاڵبی گوزارشتدا داڕێژراوە.

گۆڤاری "دەنگی گـێتی تـازە"، کـە لەسـاڵەکانی "١٩٤٣ـ١٩٤٧" دەرچووە، گوزارشتێك لە ژێر ناوی "وەسی وەلیعەهدی مەزن"کە سەردانی موسڵ و شێخ و ئاغاکانی ئەو مەڵبەندە دەکا، لە ژمارە ٢ی سـاڵی ١٩٤٥ی خۆیدا بڵاو دەکاتەوە*

ئەگەر یەکەمین گوزارشت بەو گوزارشـتەی "رۆژی کوردستان" ناوبەرین، کە وەك گوزارشتێکی مێژوویی لە پێوەندی سمایل ئاغا و شێخ مەحموددا تۆمار کراوە و گرینگییەکی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، بـێ گومـان سەرنج راکێشترین و مێژووییترین گوزارشـت کـە وەك خاڵێکی چارەنووسساز و نوقتە عـەتفێکی مێـژوویی کورد دێتە ئەژمار، گوزارشـتێکە، کـە لـەژێر نـاوی "هەڵکردنی ئاڵای موقەددەسی کوردستان" لە شـاری بۆکـان، لـە سـاڵی١٩٤٥دا لـە یەکـەمین ژمـارەی رۆژنامەی "کوردستان"دا هاتووە. ئەم گوزارشتە بـە وردی چـۆنێتی وەرێ کـەوتنی لێژنـەی بەرپرسـانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و رێورەسمی هەڵکردنی ئـاڵا لەسـەر "قـەڵای سـەردار" لـە شـاری بۆکـان دەگێڕێتەوە.

***

## پێناسەی گوزارشت

یەکـەمجار کـە گوزارشـت پێـی نایـە لاپـەڕەکانی رۆژنامەوە، لـە خزمـەت شـیکردنەوەی هەواڵـدابوو، چـونکە هـەواڵ پێکهاتەیـەکی تێـك سـەڕاو و رێـك گوشراوی هەیە، هەڵگری ئاوازێکی رەسمی، و ویشکە، پێویست بوو برێك شی کرێتەوەو پاژەکانی دیکەیشـی باس بکرێ تا لەو گرژییـە بێتـەدەر. ئـەگینا خانـەی

ژینی ڕاگەیەنە، هەواڵ و هەموو بابەتەکانی دیکە بە هەواڵ دەپێوڕێن.

بۆ وێنە ڕەخنە لەسەر فیلمێك، سەربەو هەواڵەیە کە لەبارەی فیلمەکەوە گەیشتووە و لە حاڵی **"ئیکران"**دایە.

زۆرجاریش بەوهۆیە کە ڕووداوەکە ئەوەندە گرنگ و وروژێنەر یا چاوەڕوان نەکراوە، ئیتر لە چوارچێوەی هەواڵێکدا ناگونجێ. لێرەدایە کە گوزارشت دێتە ئاراوە و لە ڕواڵەتی هەواڵ تێدەپەڕێ، تاوتوێی دەکا و لایەنە نادیارەکانی ئاشکرا دەکات.

لە پێناسەیەکدا **"گوزارشت"** یان بە چاوی هەڵۆی ڕۆژنامەوانێك پێناسە کردووە، کە ڕووداوە شاراوەو نەدیوەکان دەبینێ و ئاشکرایان دەکات."[٣]"

**گوزارشت گێڕانەوە، وەسف و شیکردنەوەی ڕووداوێك یا بابەتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، فەرهەنگی ـ هونەری یا ئابوورییە ناسێنراوە.**

***

## کارکرد و پێگەی گوزارشت لە چاپەمەنییەکاندا

بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی ساز، چەشنێك پەیوەندی دوولایەنە لەنێوان ڕاگەیەنە و بەردەنگدا سازبووە کە لەلایەن شارەزایانی "زانستی پەیوەندییەکان"ەوە بە "شۆڕشی پەیوەندییەکان" ناسراوە.

بەدوای ئەم گۆڕانکارییەدا، خوێنەر لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسی ئەلکترۆنیکی و ڕۆژنامەنووسی سایبێر "cyberjurnalism"ەوە کۆنترۆڵ و چاوەدێرییەکی زۆرتری بەسەر زانیارییەکاندا هەیە و دەتوانێ- بەپێچەوانەی ڕۆژنامەنووسی ئاسایی "نقدی" ـ لەگەڵ ڕۆژنامەدا بکەوێتە هاوپێوەندی و بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەگەڵ ڕۆژنامەکەی لەپێوەندی دابێت و تەنانەت ویستی خۆشی بەسەردا بسەپێنێ.

لەم چەشنە لە پێوەندی دا، **"کات و شوێن"** دەستەمۆ کراوە، خوێنەر چەشنێك ئەوپەڕدەق "Hyper text"ی لەبەردەست دایە، گرافیك چالاکە و مۆسیقاو دەنگ و ڕەنگ پێکەوە و بێ نێونجی و واسیتە لە ئیختیار خوێنەر/ بەردەنگ دایە.

دیارە هەمووی ئەمانە ئیمتیازی باشن کە ئەم چەشنە پێوەندییە بەسەر شێوە سوننەتییەکەدا هەیانەو بۆ خوێنەر سەرنج ڕاکێشن.

ئەمە جیا لەو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیانەن کە وەك نەیاری جیدی ڕۆژنامەنووسی چاپی " print press"، هەواڵ و ڕووداوەکان، هاوکات دەگەڵ ڕوودانیان بڵاو دەکەنەوە.

بەڵام هەرکام لەم ئامێرانە لەگەڵ جۆرێك کورتی بەرەو ڕوون. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی سایبێردا، ئەم ڕاگەیەنانە بەردەنگی خۆیان بۆمبارانی زانیاری دەکەن، **" هەواڵ زەدەیان دەکەن "** لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆشیان لە زۆرجێدا بە هەواڵی ڕۆژنامە چاپییەکان بەرێدەچن. هەواڵەکانیش بە پێی تایبەتمەندی خۆیان بۆیان نییە گێڕانەوە، شیکردنەوەو وەسفیان تێدا بێ و زۆر لەسەر دوو پرسە گرنگەکەی هەواڵ واتە، "لەبەرچی" و "چۆن" ناکۆڵنەوە. بەردەنگ لەکارەساتێکی وەکو "هەڵەبجە" یان "١١ی سێپتەمبەر"دا، زۆرتر بەدوای هۆکاری ڕووداوەکەوەیە کە لە دوو پرسی "لەبەرچی" و "چۆن" و لە گوزارشتەکاندا بەرجەستە دەبن. چاپەمەنییەکان دەبێ بەکەڵك وەرگرتن لەم هێز و دەسەڵاتەیان **"گوزارشت و لێکدانەوە"** بۆشاییەکان پڕکەنەوە.

تەنانەت ئەم تەکنۆلۆژییە نوێیانەش لە پێناو گوزارشت و لێکدانەوەکانیاندا بخەنەگەڕ و کەلێنەکان پڕکەنەوە. خاڵێکی دیکەی ئەم ڕۆژنامە سایبێرنیتیکیانە زاڵ بوونی سیستەمی بازاڕە

بەسەریانەوە، کە دەسەڵاتی ماددی و شارەزابوون لە ڕێگای پەروەردەکرانەوە، دەوری سەرەکی هەیە و بەردەنگەکانی دەبێ لەم بوارەدا لە چینی دەست ڕۆیشتووی پێگەیشتووبن.

هەواڵی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکانیش کە بەشێوەی کورتە هەواڵ و لەمەودای کاتی جۆربەجۆردا تەواو سەروبەر دەبن، تەنیا لەکاتێکدا دەتوانن بەردەنگی خۆیان ڕازی بکەن، کە بەردەنگەکانیان لە هەموو سات و کاتەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گوزارشتەکاندا گوێ ڕایەڵی ڕادیۆبن یا چاویان بەسەر تەلەڤزیۆنەکانەوە بێت و لێیان خافڵ نەبن، کە ئەوەش تەنیا بۆ تاقمێکی کەم لەخەڵك دەلوێ. هەربۆیە خوێنەر و بەردەنگی ژیر و بەپرس و بۆ، لە یەکەمین دەرفەتدا ڕۆژنامەی باوەڕپێکراوی خۆی دەکڕێ تا بە تێروتەسەلی لە چۆنێتی ڕووداوەکەو هۆکارەکانی ئاگاداربێ.

گوزارشت لە چاپەمەنییەکاندا دەربڕێ شوناسی لیژنەی نووسەرانی ئەم چاپەمەنییانەن، ڕۆژنامەکان پڕ ناوەڕۆکتر دەکەن و بابەتێك لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە دەخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دەتوانن بکەونە پێش ڕەوتەکان و لە فۆرمدان بە بیروڕا و باوەڕەکان دەورێکی باشیان هەبێ و بنەمایەی پێوەندی خوێنەر و ڕۆژنامەکان.

## بنەما سەرەکییەکانی گوزارشت

گوزارشتی باش ئەو گوزارشتەیە کە ئەم سێ بنەمایەی بە شێوەیەکی هاوتاهەنگ، هاوکێش و هەست پێ نەکراو تێدا بێت. ئەم سێیە، کە "سێ کوچکەی گوزارشت" پێکدێنن، بریتین لە، بینین "مشاهدە"، وتووێژ و زانیاری/ لێکۆڵینەوە.

سێ گۆشەیەکی بۆ دروست بکرێت .




### کوچکی یەکەم: "بینین":

بینین بریتییە لە کۆی ئەو شارەزاییانەی گوزارشتنووسێك بۆ گەیشتن بە ماکەو خاڵە پێکهێنەرەکانی گوزارشت بەشێوەی فیزیکی یا هزری و زەینی هەڵگریانە.

بەبێ "بینین"ی لە نزیکەوەی ڕووداوەکان، سەرکەوتن لەکاری گوزارشت نووسین دا تراویلکەیە. گوزارشت نووس دەبێ هەمیشە چاوی بینینی تیف تیفەبدا.

دەردی گەورەی ڕۆژنامەنووسی ئێمە بەدوادا نەچوون، نەبینینی ڕاستەوخۆ و لەنزیکەوە وەرنەگرتنی هەواڵەکانە لە سەرچاوەکانی هەواڵ. سەرچاوەکانمان بوونەتە "**فاکس و ئەنتەرنێت و گوتەو بیستراوەکانی خەڵك**". ئەوە لە حاڵێکدایە کە "**گومان و دوودڵی، پرسیار و بەدواداچوون**" ئەرکی ڕۆژنامەوانە و ئەم کارانە هاندەری ئەون بۆ دیتنی لە نزیکەوەی ڕووداوەکان، بەمەبەستی ڕەواندنەوەی شك و دڵەڕاوکێی خۆی و ڕاکێشانی سەرنج و متمانەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی.

### کوچکی دووەم: "وتووێژ":

هەموو ئەو شتانەی گوزارشت نووسێك دەبێ سەبارەت بە بابەتێك بیانزانێ، تەنیا لە ڕێگای بینینیەوە وەدەست نایە. بەشێك لەم کارە دەبێ لە ڕێگای وتووێژەوە ئامادە بکرێ تا گوزارشت پڕ

ناوەڕۆکتربێ. بۆ وێنە، لە پێکدادانی ماشێندا کە مرۆڤ گیانی تێداچووەو بریندار هەن، پێویستە بچێ ڕووداوەکە ببینێ و لە ڕێگای وتووێژ و لە زمان ئاگایان و شایەدانی عەینی ڕووداوەکەوە گوزارشتەکەی تۆمار بکا.

*** کارکردی وتووێژ لە گوزارشت لە ڕیپۆرتاژدا**

١- گوزارشت دەرەنگێنێ و بەهۆی گێڕانەوەی راوبۆچوونەکانی خەڵك، گوزارشت لە یەکدەستی و تاك رەهەندی دێتە دەرێ و سەرنج راکێشتر دەبێ.

٢- گوزارشتەکان پشت ئەستوور بە سەرچاوەو بەڵگە دەکەن و متمانەی خوێنەر بۆ رۆژنامە بەدیاری دێنن.

٣- لە رووی گێڕانەوەو راوەرگرتن لە بەرپرسان، ئەرك و بەرپرسایەتی و کەوتنە ژێر پرسیاری رۆژنامەوان کەم دەکەنەوە.

*** وتووێژ لە گوزارشت لەرێپۆرتاژدا دەبێ چۆن بێ؟**

**وتووێژ دوو جۆرە:**

١"وتووێژی تایبەت و پسپۆڕانە کە قووڵن و موناقەشەیان تێدایە.

٢" وتووێژی خشکەیی و هەواڵ ئاسا.

لە چەشنی یەکەمدا کە لەگەڵ پسپۆڕ یا خاوەن رایەك دێتە گۆڕێ بەپێی بنەمای "بەناوبانگی fame"ی پیشەیی کەسایەتییەوە بەڕێوە دەچێ، پرسیارەکان، کراوە رەنگاورەنگ، پسپۆڕانەو قووڵن و سەرەتای هەیە **"لەگەڵ کێدا وتووێژدەکرێ و بابەتی جێگای باسی وتووێژ چییەو..."**. ئەم وتووێژانە وەك ژانرێکی سەربەخۆ و گرینگ لەکاری رۆژنامەنووسیدا دێنە ئەژمار و لە گوزارشتدا زۆر جێ ناگرن.

**وتووێژ لەگوزارشت رێپۆرتاژدا:** وتووێژێکی خشکەیی و ئاوێتەی هەواڵ و زانیارییە کۆکراوەکانی گوزارشت نووسە. لەم چەشنە لەوتووێژدا، بە لەبەر چاوگرتنی ٦ ماکەی پێکهێنەری هەواڵ "6w" پرسیارەکان دیاری دەکرێن، کە راستەوخۆ، سادە، داخراو، کەم و ئاسایین و لەگەڵ چەند کەس دێنە بەرباس.

پێکهاتەی ئەم چەشنە وتووێژانە کورت و هەڵبژاردەی کاکڵی وەڵامەکانی پێوەندیدار بە بابەتی گوزارشتەکەوەن. لێرەدا زۆر لەسەر بەناوبانگی و پسپۆڕ بوونی تاکەکەس پێ داناگیرێ و کەسانی ئاساییش بۆیان هەیە بۆچوونەکانیان دەربڕن.

**کوچکی سێیەم: لێکۆڵینەوە یا زانیاری**

کوچکی زانیاری یا لێکۆڵینەوە، بە یەکێك لە گرنگترین کوچکەکانی گوزارشت دێتە ئەژمار کە بەبێ ئەم کوچکە گوزارشت ناتەواو، بێ ناوەڕۆك و بێ بایەخ دەبێت. بۆ لەبەر دەستدابوونی ئەم کوچکە، گوزارشت نووس دەبێ لە دوو قۆناخ تێپەڕێ، یەکیان شێوەی کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە لەسەر دۆزینەوەو، هەڵبژاردنی "بابەت subject"یەو، ئەوی دیکەیان کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەت و قۆناخی پەروەردەکردنی بابەتیە.

*** قۆناخی یەکەم:**

**١" بابەت چۆن و لە کوێ بدۆزینەوە؟**

هەرچەندە بەروالەت هونەری گوزارشت نووسین لە چۆنێتی کۆکرانەوەی زانیاری و رێکوپێك کردنی گوزارشت دایە، بەڵام دەبێ ئەو راستییە قەبووڵکەین کە بناخەی ئەمانە دۆزینەوەی بابەتی ئەنتیکە وشیاوە.

بابەتکان زەمینی و لە دەوروبەری خۆمانن، ئەو شتانەن کە دڵ و مێشکی خەڵك پێیانەوە ماندوون. هەربۆیە روانگەی گوزارشت نووس دەبێ ئینسانی و خەڵکی بێت. شەریك و هاودەردی شادی و خەمەکانی خەڵك بێت. هەر چەند رۆژنامەوان بەدەرد و مەرگی

خەڵکەوەبێ و خۆی لەگەڵیان بەهاوبەش بزانێ و ئەم هەستەش لەکاتی هەڵبژاردنی بابەتدا لەبەرچاوبگرێ سەرکەوتووترە.

هەرچەند جەغزی زەینی گوزارشت نووس لەگەڵ جەغزی زەینی وەرگر یاخوێنەر زۆرتر یەکتر داپۆشن، گوزارشت سەرکەوتووانەترە و رۆژنامەنووس لە هەڵبژاردنی بابەت دا باشتر ئامانجی پێکاوە.




ئەوگوزارشت نووسەی سوژەکەی لە لایەن سەرنوسەری یا بەرپرسێکی دیکەی رۆژنامەوە پێشنیار دەکرێ، دەبێ لە سەرەتادا لە مەبەست و تێروانینی سەرنووسەر یا بەرپرسەکەی دیکە بەباشی تێبگاو لە رەوتی ئامادەکردنی گوزارشتەکەشیدا نابێ پێوەندی لەگەڵ کەسی پێشنیاردەر بپسێنێ تاکوو لە گوزارشتەکەیدا بتوانێ نیازەکەی ئەو دابین بکاو رەفز نەکرێتەوەو تەقەلاکەی بەفیڕۆ نەچێ. دیارە گوزارشت نووسی پیشەیی و پسپۆڕ، بابەتکەی بۆ خۆی دیاری دەکا یا هەڵدەبژێرێ.

**٢" بۆ هەڵبژاردنی بابەت دەبێ چی بکەین؟**

١ـ دەفتەری بابەت: ئەگەر گوزارشتنووس بیهەوێ لەکارەکەیدا پسپۆڕبێت، دەبێ لەسەرەتادا دەفتەرێکی بابەتی هەبێ و پاشان هەر بابەتێکی سەرنجی راکێشا، یادداشتی بکا.

٢ـ بەوردی بە رۆژنامەکاندا بچێتەوە، هەواڵەکان، وتارەکان، ستوونی تەلەفۆنەکانی خەڵك، ستوونی پێداویستییەکان و نامەکان بخوێنێتەوە و بابەتی خۆی لێ هەڵگوێزێ.

٣ـ راگەیاندنی بینراوو بیستراو، واتە تەلەفزیۆن و رادیۆکان دەتوانن یارمەتیدەربن.

٤ـ رۆژنامەو بلاوکراوەکانی دیکە، رۆژنامەو گۆڤارەکانی نەیار و هاوکاری دەرەوەو ناوەوە، کتێبەکان و بولتەنی ناوخۆی فەرمانگەوەدەزگا وەزارەتخانەکان، هەواڵی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان و راگەیەندراوی رێکخراوەکانیش دەتوانن بابەتی باشیان تێدابێت.

٥ـ بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، لەناو ریم و پاسەکانی ناوشاردا، تاکسی، پارك و کۆبوونەوەکانی ناوخێزان و بنەماڵەدا، لەکاتی تێپەڕین بەسەر شەقام و ئەو شتانەی لەناو بازاڕدا دەیبینێ یا دەیبیسێ، بابەت گەلێکی زۆر هەن کە تەنیا بە دیتنی جوان و نائاسایی دەکەونە دەست گوزارشت نووس، دیتنێك کە لەگەڵ دیتنی ئاسایی و عادەت پێکردووی جارانی خۆی و ئێستای خەڵکی دیکە جیاوازە.

دیارە لێرەدا "مشوور"ی گوزارشت نووس دەورێکی تایبەتی هەیەو هەمووشت تەنیا بەزانین و ئاگاداری بە ئەزموون وەدەست نایەو مشووری رۆژنامەوانیشی دەوێ. ئەگەر ئەم جەوهەر و مایە و مشوورە نەبێ، بەلای ئەو گوزارشت نووسە تازەکارەی بەسەردێ کە "رۆژێك ناردیان گوزارشتێك لەسەر کێ بەرکێی نێوان دوو تیپی "تۆپی باڵ" لە هۆڵێکی وەرزشیا ئامادەبکا. گوزارشت نووس ئەو رۆژە نەگەراوە نووسینگەی رۆژنامەکە. بۆ رۆژی دواتر کە هاتەوە لە پاکانەی کارەکەی خۆیدا گوتی: دوێنێ، کە چوومە شوێنی کێ بەرکێکە، دیتم هۆڵەکە بەسەر بینەراندا رووخاوەو خەڵکێکی زۆریش کوژراون، هەربۆیە چونکە کێ بەرکێکە بەرێوە نەچوو، هەواڵێکیش بوو من ئامادەی کەم!"

*** قۆناخی دووەم:**

**١" پەروەردەکردنی بابەت:**

کاتێك بابەتکەمان دیاری کرد، دەبێ بەر لە هەرشت گۆشەنیگای خۆمان دیاری بکەین کە لە چ گۆشەیەکەوە بڕوانینە بابەتەکەو پاشان بکەوینە خوێندنەوە سەبارەت بەو بابەتە. لێرەدا گوزارشت نووس دەتوانێ لەسەرچاوە نووسراوو زارەکییەکان کە خەڵك و کەسایەتییەکانن، کەڵك وەرگرێ و لەم رەوتەدا ئەگەر تووشی خاڵی تازە هات، دەبێ جیهەتی خوێندنەکەی بگۆڕێ و چاکی بکا. پاشان بەکەڵك وەرگرتن لە ئەرشیف و بینینەکانی خۆی دەتوانێ باشتر بەسەر بابەتەکەیدا زاڵ بێ.




پەروەردەکردنی بابەتو تێپەڕکردنی ئەم قۆناخانە، ئەو توانایی بە گوزارشتنووس دەبەخشن کە بتوانێ گرفتێك یا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکەی شی بکاتەوەو تیشك بخاتە سەر گۆشە نادیار و نەدیوەکانی. هەروەها بە خەملاندنی هونەرمەندانەی بابەت و هەموو ئەوشتانەی وەدەستی هێناون، بیروڕای گشتی مەجبوور بە قەزاوەت و هەڵوێست گرتن بکا، بەرپرسان وشیارکاتەوە، هەستیارێتی کۆمەڵ سەبارەت بە گرفتەکە بە پەنجە خستنەسەر رێساو هینجارو بایەخەکان بەرێتەسەرێ و بۆ بەهێزکردنیان تێبکۆشێ و لارێ بوون و هۆکارە خراپ و دزێوەکانی بتارێنێ. بەکورتی بیرکردنەوە لەسەر بابەت دبێتەهۆی پوخت بوونی مەبەست و لەکاتی رێکخستنی گوزارشتەکەدا یارمەتی بەرێك و پێکی پێکهاتەی گوزارشتەکە دەکا.

**٢" کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەوە لەسەر بابەت:**

کۆکردنەوەی زانیاری و سەرچاوەکان، پێوەندییەکی راستەوخۆیان بە چۆنێتی و لایەنەکانی بابەتەوە هەیە. ئەوە کە ئاخۆ بابەتکەمان بابەتێکی رۆژانەیە، هەواڵی رووداو، کەس یا شوێنێکەو..؟

بەپێی هەرکام لەم چەشنانە، کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش جیاوازن. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، دەبێ ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگرین:

**١ـ دیتن و چاوپێکەوتنی مەیدانی**

زۆرجار بابەتەکە بەجۆرێکە، کە گوزارشتنووس دەبێ بۆخۆی لە مەیدانی رووداو یا شوێنی پێویست و دیاریکراو حازربێت و دیتراوەکانی خۆی بێنێتە سەرکاغەز. وەك ئامادەکردنی کێبەرکێیەکی ٩٠ دەقیقەیی تۆپی پێ، رێپێوان و خۆپیشاندانەکان، شوێنی رووداوی تاوانێك و .. کەرەنگبێ بە موتاڵای ئەرشیفی و وتووێژ لەگەڵ خەڵك و بەرپرسان چڕوپڕتر بکرێ.

**٢ـ موتاڵای ئەرشیفی و لێکۆڵینەوەی کتێبخانەیی**

بۆ ئامادەکردنی هێندێك لە گوزارشتەکان چوون بۆ شوێنگەلێکی وا هەڵدانەوەی پەروەندە، رابردەو سەربووردەی بابەتەکان، یارمەتی دەکەن بە توێژینەوە بوونی گوزارشت و لە راستیدا بردنە سەرێی ئیعتیباری راگەیەنەکە.

**٣ـ وتووێژ لەگەڵ خەڵك:**

وتووێژ لەگەڵ خەڵکا، زۆرجار تەوەرەی سەرەکی گوزارشتەکەیە، بەتایبەت لە کاتی رووداوی زۆر دڵتەزێن و سامناکی وەك بوومەلەرزە، لافاو هەروەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتی خەڵك و گرانی و ئاوسان، پێشانگا، رێورەسمەکان و..

### ٤ـ وتووێژ لەگەڵ شایەدی عەینی

شایەدی عەینی کەسێکە لە نزیکەوە، ڕووداوێکی بەچاوی خۆی بینیبێ. وەك شایەدانی پێکدادانی دوو ئوتوبووس یا قەتڵێك یا تیرۆرێك، تەقینەوەیەك و... کە لەوەها ڕووداوگەلێکدا خوێنەر زۆر بە تەنگ "لەبەرچی" و "چۆن"ەوەیەو هەربۆیە ئەم وتووێژانە هەم گوزارشتەکە سەرنج ڕاکێش تر دەکەن، هەمیش متمانەی خوێنەر بە هەواڵ و گوزارشتەکەو لە ڕاستیدا ڕۆژنامەکە پتر دەکەن.

### ٦ـ وتووێژ لەگەڵ پسپۆڕان :

ئەم وتووێژانە زۆرتر لەو گوزارشتانەدا برەوی هەیە کە بەشێوازی لێکۆڵینەوە دادەرێژێ و بەبێ ڕاوەرگرتن لە پسپۆڕان، ئەم چەشنە گوزارشتانە دەڵەنگن. لەم گوزارشتانەدا خوێنەر لەگەڵ زانیاری نوێ لەسەرچاوە گەلی خاوەن دەسەڵات ئاشنادەبێ.

### ٧ـ وتووێژ لەگەڵ بەرپەرسان:

وتووێژ لەگەڵ بەرپرسان بەپێی بابەت دیاری کراوەکەمان دەتوانێ بە سوودبێت. وەك گوزارشت سەبارەت بە ئاوسان و گرانی، هاتنە خوارێ یا چوونە سەرێی نائاسایی دراوو .. کە بە وتووێژ لەگەڵ سەرۆکی بانکی ناوەندی و کەڵك وەرگرتن لە ڕاو بۆچوونەکانی وەزیری دارایی و ئابووری و .. دەتوانن بەدانی زانیاری پێویست لەمەڕ ئەم قەیرانانەوە، بینەمایەی دەوڵەمەندی گوزارشتەکە و گوزارشتدەریش لە کێشە و گێچەکەڵەکان بپارێزرێ.

### ٨ـ وتوویژ لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکان

لایەنە سەرەکییەکان کەسانێکن کەڕاستەوخۆ لەگەڵ بابەتکە لە پێوەندی دان، وەك کابرایەکی بکوژ لە کاتی کرداری کوشتندا لەلایەك و بنەماڵەی کوژراوەکە لەلایەکی دیکە یا وتوێژ لەگەڵ ئەو دز و جەردە و ڕێگرانەی وا گیراون. هەروەها وتووێژ لەگەڵ "کەس" لە ئامادەکردنی گوزارشت سەبارەت بە کەسەکەدا.

## "عەینییەت" و "حەقیقەت" لە گوزارشت دا

گوزارشت چەند جۆرە، بەڵام لە هەموویاندا دەبێ ماکەی"حەقیقەت" بەرجەستەبێ، لە هەموویاندا دەبێ "ڕاستی" یەکان لەبارەی "واقیعییەت"ەکانەوە بگوترێن و ئاشکرا بکرێن.

لێرەدا عەینییەت بە واتای جۆرێك گوزارشت کردنە کە ڕووداو و هۆکارەکانی بە پێی سەرچاوە جۆر بە جۆرەکان بکرێ تاوتوێ بکرێ و گوزارشت بەبێ ڕاڤەو رادەربڕینی تاکە کەسی ئاراستە بکرێ .

دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە گوزارشت لە ڕاستیدا تەواوکەری هەواڵێکە کە پێشتر ڕووی داوە "ڕووداوێکی واقعی" و گوزارشتنووس بە پێی ئەم واقیعییەتە، گوزارشتێك لە ڕووداوەکە ئامادە دەکا و هەروەك گوترا هەواڵەکە وەسف و شی دەکاتەوە. ئیتر لەخۆیەوە چی دیکەی پێ زیاد ناکا، هەڵوێست و سەلیقەی خۆی ناسەپێنێ و پێش داوەری و ناکا. لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە پێوەندی ڕۆژنامە و خوێنەر کەرمتر دەکا.

چونکە "مەسەلەی پێوەندی نێوان ڕاگەیەنەو کۆمەڵگا، لە پلەی یەکەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بابەتە کە تا چرادە واقیعییەتی کۆمەڵگا لە ناوەڕۆکی ڕاگەیەنەکەدا ڕەنگی داوەتەوە." "٣" گوزارشت ئەگەر تەواوکەری هەواڵە، "عەینییەت"ە کەشی هەر لە هەواڵەکەوە پێدەگا. چونکە ئەویش هەروەك هەواڵ هەڵگری پرسی، "چی؟ کەی؟ کوێ، لەبەرچی/ بۆچی؟ و چۆن؟"ە و ئەمانەش وێڕای بایەخەکانی هەواڵ لەو هۆکارانەن کە "عەینییەت" دەبەخشن بە نووسراوەکە.

هەر هەواڵێك لە دووبەشی سەردێر lead وبەژن body پێکدێ، ماکە پێکهێنەرەکانی سەردێر، "چی؟"، "کەی؟"، "کوێ؟"، "کێ؟"ن. بەژنی هەواڵیش لە "لەبەرچی؟" و "چۆن؟" پێکدێ.

بەپێی بابەتی گوزارشت هەر کام لەم ماکانە، گرینگی یان دیاری دەکرێ. بەڵام بەگشتی گوزارشت لەسەر بەڕنی هەواڵەکەو ماکەکانی پێدا دەگرێ. چونکە دەیەوێ هەواڵەکە وەسف و شی بکاتەوە و بیگێڕێتەوە. هەر بەم پێناسەیەش دەبێ وەڵامدەری "لەبەرچی؟" و "چۆن؟" بێت بۆ بەردەنگ و خوێنەرانی، تا بکرێ خوێنەر لە راستییەکان بگات بەبێ ئەوەی داوەری و پێش داوەری گوزارشت نووسیان بەسەرەوەبێ.

بەڵام راستیەکەیی ئەوەیە کە هەمووی ئەمانەش بەتەنیا ناتوانن ببنە زامنی پاراستنی عەینییەت یا واقعییەت لە گوزارشت دا، چون رەنگبێ چیرۆك و رۆمانیش ئەم ماکانە لەبەرچاو بگرن وەك "پیرەپیاوو دەریا"ی هێمنگوەی. گوزارشت دەریش وەك چیرۆکنووس بۆ هەمووی ئەمانە ناوێکی فەرزی یا خەیاڵی دا بنێ و گوزارشتێکی رەوایی یا وەسفی دابڕێژێ، هەربۆیە هەندێك لە رۆژنامەوانان باس لە عەینییەت بە خەون و ئارەزوو لێکدەدەنەوە و پێیان وایە ئەم شتە مسۆگەر نییە.

بەڵام، "هایاکاوا" رۆژنامەوانەکانی لەم دوو دڵی و دردۆنگییانە لەسەر "عەینییەت" رزگار کرد.

هایاکاوا "١٩٦٤"، سێ شێوەی دەربڕینی مرۆڤی پێناسەکرد کە بە روونی مەبەستی ئێمەش لە گوزارشت و عەینی بوون دەپێکێ. هەرچەندە لێرەدا "گوزارشت" بە واتایەکی گشتیتر لەوەی ئێمە هاتووە، بەڵام بەو پێناسەیەی ئێمە هەمانەو لە رۆژنامەوانیشدا باوە، گوزارشت دەکەوێتە خانەی ئەم پێناسەیەی "هایاکاوا" وە کە باشترین پێناسەیە بۆ ناسینی "عەینی" لە "ناعەینی" یەکان.

**ئەم سێ شێوە دەربرینە بریتین لە:**

"گوزارشت Report"، "هەڵێنجان/ ئیستنبات Inference" و "داوەری judgment"

"١" "گوزارشت"، شێوەیەکە بۆ دەربڕین کە دەکرێ تەئید بکرێ و هەڵێنجان و داوەری وەلادەنێ. بۆ وێنە، ئەگەر بڵێین، "گەرمای هەوا لە هەولێری پایتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ٤٧ دەرپلەبوو."، بۆی هەیە تاوتوێ و تەئید بکرێ. ئێوە دەتوانن بچنە ناوەندی کەشناسی لە هەولێر و زانیارییە تۆمارکراوەکان تاتوێ بکەن یا لەگەڵ کەشناسیەدا و تووێژ بکەن.

**چەند وێنەیەکی دیکە لە گوزارشت:**

**- شورای شار بودجەی ٢ ملیۆن دۆلاری بۆ ساڵی ٢٠٠٣ پەسەند کرد.**

بۆراستی یا ناراستی ئەم هەواڵە دەکرێ لە رێگای ئەندامانی شورا، شایەدانی عەینی کە لە کۆرەکەدا بەشدارکرابوون و هەروەها لە رێگای نووسراوەی رەسمی کۆبوونەوەکەدا پێیدا بچینەوەو تاوتوێی بکەین.

**-سەدام حسێن حاکمی لە کارکەوتووی عێراق و گومان لێکراوی بە جەنایەت دژی مرۆڤایەتی دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەمە لە فرۆکەخانەی شاری بەغدا دیتراوە"**

تەئیدی ئەم بابەتە دژوارترە و تاکاتێك سەددام نەگیرێ و لە دادگا لە ریزی تاوانباران دا لە لایەن شایەدێکی عەینی یەوە نەناسرێ، هەواڵەکە ناسەلێنرێ. بەڵام دیسانیش وتەی ناوبراو شیاوی تەئیدو سەلماندنە.

"٢" هەڵێنجان Inference، شێوە دەربڕینێکە سەبارەت بە بابەتێکی نادیار بە پێی بابەتێکی دیار. هەر دەربڕینێك سەبارەت بە بیر یاهەستەکانی کەسێکی دیکە نموونەیەکە لە هەڵێنجان. رەنگبێ ببینن کەسێك مستێك لە سەر میزێك دەکوتێ، دەنگی بەرز دەکاتەوە و رەنگی سوور هەڵدەگەڕێ. ئەمانە لایەنی دیارو ئاشکرای مەسەلەکەن. پاشان ئەگەر بڵێین "**فلانەکەس توورەیە**"، وتەیەکتان

سەبارەت بە بابەتێکی نادیار، واتە سۆز و هەستەکانی ئەوکەسە، دەبڕیوە و لە راستیدا"هەڵتان هێنجاوە"

لە زۆربەی بابەتەکاندا رێگای خاترجەم ئەوەیە کە پشت ببەستریٚ بەو شتەی وا ئاشکرا و دیارە و هەر ئەوەش گوزارشت بکریٚ. بۆ وێنە لێرەدا دەتوانین **"مست کوتان، بەرزکردنەوەی دەنگ و سوور هەڵگەران"** وەك لایەنە دیارەکان گوزارشت بکەین. رادەربڕین سەبارەت بەم تایبەتمەندییە شیاوی دیتنانە، بۆ سەلماندن دەبێت و لەچەشنی **"گوزارشت"**ە.

هەر جۆرە دەربڕینێك سەبارەت بەداهاتوو **"هەڵێنجان"**ە، چون داهاتوو نادیارە ئەم وتەیە کە، **"سەرۆکی حکومەتی هەرێم رۆژی سێ شەممە سەردانی ژاپۆن دەکات"**، هەڵێنجانێکە چۆن پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە.

دەربڕینی گوزارشت نووسانە و جێ متمانەتر ئەوەیە کە بڵێین: **"راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ چاپەمەنییەکان گوتی: سەرۆکی حکومەتی هەرێم رۆژی سێ شەممە سەردانی ژاپۆن دەکات."**، ئەم وتەیە دەکریٚ بسەلمێندریٚ و گوزارشتێکە....

٣"داوەری judment، تەئید یا رەتکردنەوەی رووداو، کەس یا شتێکە. بۆ وێنە، خوێندکاران زۆر لە واژەگەلێکی وەك· **"زۆرباش"** و **"زۆرخراپ"** بۆ ناساندنی مامۆستایەك کەلك وەردەگرن. **"وتار"** و **"لێکدانەوە"**کان ئاوێتەی داوەرین. گوزارشتی رۆژنامەکانی ئێران وەك**"کەیهان"**، **"جمهوری ئیسلامی"**، **"ویساڵەت"**و ... کە سەر بە قوڵی پاوانخوازن، پڕن لەم چەشنە دەربڕینانە و تەنانەت دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیش لەم شێوە دەربڕینانە نابورن.

هەواڵدەری ناونەتەوەیی **"یونایتێدپرێس"** لە دەست تێوەردانێکی نائاسایی عەینییەت، لەکاری هەواڵدەری خۆیدا، گوزارشتە هەواڵێکی بەم دێرە رەوانەکرد:

**" "تیلیزابێت رای"، مونشییەك کە خزمەتە تایبەتەکانی بوو بەهۆی دەست لە کارکێشانەوەی"وین هەیز"، ئەندامی پێشوی کۆماری خواز، کارێکی شانۆیی دەست پێکرد. بە بەرێوەبردنێکی خراپی کە هەیبوو، شانۆ یەکەشی خراپ کرد." داوەرییەکی ئاشکرا".**

رۆژنامەوان دەتوانیٚ بە لەناوبردنی هەڵێنجان و داوەریەکان، بەپێی گونجان وبە پێداگری لەسەر گوزارشتەکان هەنگاوی بە پێز لە پێناو "عەینییەت"دا هەڵبگریٚ. هەرچەند ئەمەش بۆ خۆی ناتوانیٚ بە تەنیا زامنی عەینییەت بیٚ و دەبیٚ هۆکارێکی دیکەیش لەبەرچاوبگیریٚ کە ئەویش دەست تێوەردان "Slanting"ە. دەست تێوەردان بەواتای هەڵبژاردنی ئەوپاژانەیە کە بۆ بابەتی جێگای باس پەسند یا ناپەسندە. بۆ وێنە ئەگەر بمانەویٚ هەواڵێك سەبارەت بە کەسێك بڵاوکەینەوە، ئەو شایستەیی و توانایی یانەی خۆی هەڵگرێتی و پێی ناسراوە، ئێمە لێی هەڵپاچین و هەر بەناوەکەی ئاماژە بکەین، دەست تێوەردانمان کردوە.

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی سەبارەت بە **"عەینییەت"** خوێندنەوەو لێکۆلینەوەی هەیەو لێکۆڵینەوەکەشی دەتوانیٚ یارمەتیدەری ئێمە بێت لە خۆپاراستن لە هەڵە و دەست تێوەردان لە گوزارشت نووسین دا، جان مێریل jonhn merrill "١٩٥٠" مامۆستای رۆژنامەوانییە کە لە موتەلای خۆیدا، لە ژێر ناوی چۆن "تایم" سەبارەت بەسێ سەرۆك کۆماری ئەمریکا قەزاوەتێکی کلێشەیی کردووە" ، لە چەند چەمکێکی مانا ناسانە و تایبەت بەخۆی کەڵکی وەرگرتووە و شەش دەستە هەڵەی بە شێوەی خوارەوە دەست نیشان کردوە."٤"

١- هەڵەی ئەسناد، **"ترۆمەن بە تیز و لاتاو قسەی کرد"**

٢- هەڵـەی ئاوەڵنـاو، **"شـێوەی ئاخـاوتنی گـەرمی ئایزۆنهاوێر"**

٣- هەڵەی قەیدی، **"ترۆمەن بەتوندی گوتی"**

٤- رادەربڕین و قـەزاوەتی بـە ئاشـکرا، **"بەدەگمـەن پیاوێکی بێ ناونیشان، لە کەسـێکی بـەناوبانگتر لـە خۆی هاندەر بووە"**

٥- هەڵەی دەق، **"هەڵە لە هەموو دێڕەکان دا، هەموو بڕگەکان یا سەرجەم گوزارشتەکە، وەك"شسەش قـازی ناچاربوون قەزاوەت بکەن"**

٦- هەڵە لەوێنەدا: **"ئەوەی کە بە گشتی وێنـە چـی دەگەیەنێ؟ سەرۆك کۆمـار چـۆن لـە وێنـەدا پیشـان دراوە! بەرێزو شیرین،ناشـیرین، تـووڕە، خۆشـحاڵ یـا ئەوەکـە شـەرحیوێنـە دەڵـێ چـی؟ یـا چـی دەگەیەنێ؟..."**

ئـەم لێکۆڵینەوانـە و خـۆ بـواردن لـەم هەڵانـەش ڕۆژنامەوان یارمەتی دەدا کە بـۆ جـێ متمانـەکردنی ڕۆژنامەکـەی و عەینییـەت بەخشـین و دەرخسـتنی راستییەکان، تێبکۆشێ و خوێنەر لە پێوەندی لەگـەڵ نووسراوەکانیدا رابگرێ.

هەمووی ئەم ئەزموونانە دەمانهێننە سەر ئەو رایە کە ڕۆژنامەوانی ئێمەش بە خۆیدا بچێتەوە. شـێوەیەکی نوێی زانسـتیانە بگرێتەبـەر وبەرەچـاوکردنی پێـوەرە زانستییەکانی ڕۆژنامـەوانی مـودێرن، بتـوانێ وەك یـەکێك لـە ئەسـتوونەکانی دیموکراسـی دەوری چاوەدێرانەی خۆی بگێڕێ. بەپێداچوونەوەیەك بەسـەر رابـردووی خۆیـدا زەینییـەت و شـێوە روانینـەکانی بگۆڕێ و بڕێك بەر بڵاوتر چاو لە هەواڵ بکا، گرینگی زیاتر بدا بەو رووداوو هەواڵانەی کە بە "چی؟" دەست پێدەکەن. لە رێگەی "بۆچـی؟" و "چـۆن؟"ەوە، بـۆ شەفافییەت و وەڵامدەر بوونی دەسەڵات تێبکۆشـێ و لەلایەکی تریشەوە ئەو خزمەت و کارە گرنگانەی لەو چـەند سـاڵە دەسـەڵاتە خۆمانەیـە دا کـراوە بخرێنـە بەرچاو. چونکە ئیتر ئەو بیرۆکەیە بـاوی نـەماوە کـە لایـەنێك یـا دەسـەڵاتێك بتـوانێ لـە رێگـەی راگەیاندنـەوە وەك تفـەنگ یـا سـوورەنگ، ئـەوەی بیهەوێ بیپێکێ و ئەوەی پێی خۆش بێ تەزریقی بکا. خوێنـەر و بـەردەنگی ئـەمڕۆ، نیشـانە بێـدەنگ و نەخۆشە بێ حاڵەکان نین، ئەوان پەیامەکان تـاوتوێ و شی دەکەنەوەو لە پاڵۆنەی لێکدانـەوەکانی خۆیـانی دەدەن و بـەپێی ئـەزموونی زەیـنی خۆیـان واتاکـان دەپـاڵێون، هەڵـەو داوەری و دەسـت تێوەردانـەکان بەباشی هەست پێدەکەن و هەڵوێستی پێویسـت لـە بارەیانەوە دەگرن و پێمل نین بەردەنگ و خوێنەری بێ مەیلی راگەیەنەیەك بن کە خۆی لە راستییەکان نـەدا یا سەرنجیان رانەکێشێ و رازییان نەکا. دەچن بـەدوای ئـەو سەرچـاوانەدا کـە لـە بەسـتێنێکی بـەربڵاوتردا چالاکن و ئاگادارییەکی زیاتریان پێ دەبەخشن.

## جۆرەکانی گوزارشت

گوزارشـت بـەپێی بابـەت و نـاوەرۆك و هـەروەها مەودای روودانی هەواڵەکەی تا ئامادەکردنی، چەشنە جۆربەجۆرەکانیشی دیاری دەکرێ.

هـەروەك ئامـاژەی پێکـرا گوزارشـتەکان بـەدوای وەدیهاتنی رووداوو، کارەسات، یا بابـەتێکی سـەرنج راکێش، ئیمکانی وەدیهاتنیان هەیە.

هێندێك لـەم گوزارشـتانە دەبـێ خێـرا، بـەدوای رووداوەکـەدا ئامـادەبکرێن، گوزارشـنووس پێشـتر بەرنامەی ئامادەکردنیانی نییەو لەراستیدا رێئەکتیڤ "reactive"ن. گوزارشتە هەواڵەکان لەم جۆرەن. ئەم گوزارشتانە لەباری فۆرمیشەوە کورت و بچووکن.

هێنێدێکی تـر لـە گوزارشـتەکان دوای گەیشـتنی هەواڵی رووداو یـا بابـەتی جێگـای سـەرنج کـات و دەرفەتی پێویستیان بۆ ئامـادەبوون هەیـە و نووسـەر بابەتەکانی بەپێی رووداوەکانی رۆژ دیاری دەکاو ئـەم

گوزارشتانە بۆ خۆیان لە پێشدا چالاك "pre-active"ن.

ئەم گوزارشتانەش لەباری بابەت و ناوەرۆکەوە جیاوازن و لەباری فۆرمەوە بلێندتر و گەورەتر لە گوزارشتە ریئەکتیڤەکانن.

کەوایە گوزارشتەکان لەباری فۆرمەوە دوو جۆرن: کورت و بلند و کە هەرکام لەمانەش بە چەند جۆری دیکە دابەش دەبن. هەروەها لەباری بابەت و ناوەرۆکیشەوە بە دوو دەستە دابەش دەکرێن: گوزارشتە هەواڵ و گوزارشتە ناهەواڵی یەکان. گوزارشتە هەوڵەکانیش رەنگاورەنگن، هێندێکیان سەداسەد "گوزارشتە هەوڵ"ن و ئامانجیش لەم گوزارشتانەدا راگەیاندنی "زانیاری"یە و بەس. هێندێکیان وێڕای هەواڵ، رەنگ و بۆنێکی شیکارانەیان هەیە بە لایەنی "ئیلقایی"یەوە و هێندێکی دیکەشیان "هەواڵە چیرۆکن" بەلایەنی "گێڕانەوەیی" و وەسفی"یەوە.

لێرەدا گوزارشتەکان بە پێی فۆرم دیاری دەکەین، چون گشتیترە. کە دەبنە دوو دەستەی کورت و بلند، یا تاك تەوەر و چەند تەوەر:

* **گوزارشت "رێپۆرتاژ"ە کورتەکان:**

١ـ گوزارشتە هەواڵ

٢ـ نیمچە گوزارشت

٣ـ گوزارشتی ئازاد

ب: گوزارشتە بلێندەکان، کە بۆ خۆیان دەبنە دوو دەستە:

* **گوزارشت لەسەر دیاردە:**

١ـ لەسەر "کەس" ٢ـ لەسەر "شوێن" ٣ـ لەسەر رێ و رەسم و ئاهەنگ ٤ـ لەسەر کارەسات "حادثة"

* **گوزارشتی وێناکراو**

١ـ ئاگاداری/ تەبلیغات

٢ـ گوزارشت بە وێنە

٣ـ ساتیر/ تەنز

* **گوزارشتە کورتەکان**

**١ـ گوزارشتە هەواڵ:**

ئەو هەواڵەیە کە گێڕانەوە، وەسف وشیکردنەوەی تێدایە. گوزارشتنووس بە پێی تازەیی رووداوەکە، مەزاجی خوێنەر و سەرنجراکێش بوونی هەواڵەکە دەکەوێتە تاوتوێ کردنی و بە دارشتنێکی وەسفی و شیکارانە "زانیاری" نوێ دەدا بە خوێنەر و هەستی پرسیارگەرانەی کە بە هەواڵەکە رازی نەبووە، وەڵام دەداتەوە و رازی دەکا.

لێرەدا ئەو ماکە سەرەکییانەی کە زۆر جار لە هەواڵەکاندا بەهۆی پێکهاتەی کورتی هەواڵ مەیدانی شیکردنەوەیان تەسکە و خوێنەر بەردەوام لە پرسیاردا دەمێنێتەوە، لەلایەن گوزارشتنووسەوە بە تێروتەسەلی وەڵام دەدرێنەوە.

ئەم گوزارشتانە وێرای ئەوەی کە هەڵگری بایەخ و مایەکانی هەواڵن و کەش و هەوای هەواڵیان هەیە، کورتیشن، چونکە چاوەروان نەکراون. گوزارشتنووس بۆی نییە لە پێش دا بەدیارییانەوە دانیشێ و چاوەروانی یان بکا، بەڵکوو بەسەریدا دەرووخێن و مەیدانی لێکۆڵینەوەی لێ دەبەستن.

ریئەکتیڤن، چونکە رۆژنامەوان بەرەو خۆیان دەکێشن و هەمیشە رووداوێك روودەدا و پاشان رۆژنامەوان هەواڵەکەی بەشێوەیەکی کورت، بەڵام بەربلاوتر لە هەواڵ، لە رێگای "بینین" لە نزیکەوە، "وتووێژ" لەگەڵ شایەدانی عەینی و "لێکۆڵینەوە" زانیاری پێویست کۆ دەکاتەوە و بە هەواڵەکەی زیاد دەکا.

کەوایە یەکەمین بنەما بۆ گوزارشتە هەواڵ، هەبوونی هەواڵە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لەگەڵ تێپەر بوونی کاتی روودانی هەواڵەکە، گوزارشتە هەواڵیش بەرەو کۆن دەبوون چێ. هەربۆیە یەکێك لە هۆیەکانی "کورت" بوونی ئەم گوزارشتانە

هەواڵنامەی کتێب

لەبەر چاوگرتنی "کات"ە، تاکوو تازەیی و ڕەونەقی خۆی لەدەست نەدا.

**گوزارشتە هەواڵێك وەك نموونە: "لێرەدا مەبەست تەکنیکەکانی داڕشتنی گوزارشت نووسە"**

**هەواڵدەری فرانس پرێس**

**خۆپیشاندانی ژنان لە بەرامبەر باڵوێزخانەی فەرانسا لە تاران**

زیاتر لە هەزار ژنی ئێرانی بە نیشانەی ناڕەزایی دەربڕین بە یاساخ کردنی حیجابی ئیسلامی لە قوتابخانەکانی فەرەنسا، لەبەرامبەر باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە تاران خۆپیشاندانێکیان وەرێ خست.

خۆپیشاندەران کە چارشێویان بەسەرەوە بوو، لایەنگری خۆیان لەو کچانە ڕاگەیاند کە لە قوتابخانەکانی فەرەنسا دەرکراون و داوایان لە دەوڵەتی فەرەنسا کرد، کۆتایی بەم یاساخ کردنە بێنێ.

خۆپیشاندەران کە زۆربەیان خوێندکاری زانکۆی تاران بوون، هاواریان دەکرد ئێمە پشتیوانی لە خەباتی خوشکانی موسوڵمانی خۆمان لە فەرەنسا دەردەبڕین، ئەو خوشکانەی کە لەسەر جیهادی ئیسلامی و حیجابی خۆیان واتە سەمبوڵ و نیشانەی بوێری و ڕێزدانان بۆ ژنان دەرکراون.

ئەوان **"دروشمی خوشکان بۆ لابردنی ئەم یاساخ کردنە ڕاپەڕن"** یان بەرزکردەوە. باڵوێزخانەی فەرەنسا ڕێگای دا نوێنەرانی خۆپیشاندەران ڕاگەیەندراوێك لەم بارەیەوە بڵاو بکەنەوەو خۆپیشاندانەکە دوای ئەوە بە هێمنی و لەژێر چاودێری پۆلیس دا کۆتایی پێ هات. ئەم کۆبوونەوەیە بەشێکە لە خەباتی دژی فەرەنسایی کە لە چەند ڕۆژ لەوەپێشەوە بەهۆی کاربەدەستان و چاپەمەنییەکانی ئێرانەوە دەستی پێکردووە.

**"ئایەتوڵڵا محەمەدی یەزدی"** سەرۆکی دەزگای قەزایی ئێران، ڕۆژی یەکشەممە یاساخ کردنی حیجابی مەحکوم کرد و هەڕەشەی کرد کە جیهانی ئیسلام لە دژایەتی لەگەڵ مافی سروشتی کچانی موسوڵمانی قوتابی لە فەرەنسا چاوپۆشی ناکا.

کاربەدەستانی فەرەنسا ٢٥ کچی موسوڵمان کە بەرگری لە حیجاب لەم وڵاتەیان لەبەرچاو نەگرتووە، لە قوتابخانە وەدەرناوە. ئەم پێشگرتنە لە ٢٠ی سێپتامبەرەوە لەلایەن "فرانسوا بایرۆ" وەزیری فێرکردنی فەرەنسەییە وە بەڕێوەچووە.

خۆپیشاندانی ژنان لە سەروبەندی دادگایی کردنی تاوانباران بە تیرۆری ساڵی ١٩٩١ی "شاپووری بەختیار" ئاخرین سەرەك وزەیرانی ڕژێمی شا بەڕێوە دەچێ. بڕیارە دادگایی ئەم کەسانە ڕۆژی چوارشەممە لە پاریس بەڕێوە بچێ".

***

ڕاگەیەنە گشتییەکان و یەك لەوان ڕۆژنامەکان لەپێناو ئەو سیاسەت و بەرنامانەی بۆ خۆیان دیاری یان کردووە، دەخوازن فۆرمێك بە بیروڕای گشتی بەردەنگانی خۆیان ببەخشن. گوزارشتەکان وەك یەکێ لە ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی لەم بوارەدا دەورێکی کاریگەر دەگێڕن.

ڕاگەیەنە، بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێك کە بڕیارە ڕێبازی بۆ دیاری بکاو جیهەتی پێبدا تاکوو بتوانێ ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بە خوێنەر، بیسەر یا بینەری خۆی ئیلقا بکا، یا لە چوارچێوەی "وتار" و "تەفسیر" و لێکدانەوەدا دایدەڕێژێ، یا لە گوزارشتێکی دەپێچێ و بڵاوی دەکاتەوە.

دیارە لە دوو حاڵەتی یەکەمدا بەردەنگ (**خوێنەر، بینەر یا بیسەر**) هەر لە سەرەتادا هەڵوێست دەگرێ و بەهەڵوێستەوە بابەتەکە دەخوێنێتەوە، چاولێدەکا یا دەیبیسێ و لەگەڵ هەڵوێست گرتنەکەشی خۆی ئامادە دەکا بۆ داوەری و بڕیاردان، کە ئاخۆ لێکدانەوەکە ڕاستە یا نا؟.

بەڵام لە حاڵەتی دووەم "گوزارشتە هەواڵدا"، خوێنەر لەباری دەروونییەوە، چەك كراوە و لەبەرانبەر ڕاگەیەنەدا هەڵوێست ناگرێ، چونكە پێی وایە كە شتێكی بۆ دەگێڕێتەوە، نەك شتێكی پێ تەلقین بكا.

هەربۆیە زۆربەی ڕاگەیەنەكان ڕوویان لە ئاراستەكردنی گوزارشتە هەواڵەكان كردووە تا باشتر بتوانن ئەو ڕوانگەو بۆچوونانەی مەبەستیانە، بەبێ ئەوەی بیڵێن بەردەنگ بەخۆی بزانێ و ئاگا بكا پێیی تەلقین بكەن.

**چاوخشانێك بەسەر گوزارشت" ڕیپۆرتاژ"ە هەواڵی فرانس پرێسدا**

لەم چاوخشانەدا تەكنیكەكانی گوزارشتنووس لەسەر بابەتی هەواڵەكە و شێوەی دارشتنی دەست نیشان دەكرێ:

ئەم ڕیپۆرتاژە لە ماوەیەكی كەمی كاتی و دوای خۆپیشاندانەكە دارێژراوە، لێرەدا هەواڵدەری فەرانسە باش دەزانێ كە هیچ ڕێپێوانێك لە ئێران بەبێ دەوڵەت و بە مەرجێك بۆ خۆیان پێكهێنەر و بەرێوەبەری نەبن، بەرێوە ناچێ. لایەنی دەوڵەتی بوونی خۆپیشاندانەكە بە جوانی لەم گوزارشتەدا خۆ دەنوێنێ. گوزارشتەكە لایەنێكی ئیلقایی و جیهەت داری هەیە.

گوزارشتەكە لە سێ پاراگرافی یەكەمدا تەنیا هەواڵەكە دەگێڕێتەوەو بەس. لە پاراگرافی چوارەمدا دەیهەوێ "ئازادی" و "بەربەستی" وەك دو چەمكی جیاكەرەوەی دوو وڵاتی ئێران و فەرەنسا بەكەڵك وەرگرتن لە وشەی "ڕێگەدان" بەرجەستە بكا، واتە ڕێگەدان بە دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا، ئەگینا خوێندكاران، نەچوونەتە ناو باڵوێزخانەی دەوڵەتی فەرەنساوە تا پێویستی یان بە "ڕێگەدانی"باڵوێزخانە هەبێ.

لە پاراگرافی پێنجەمدا ئەم گوشارە قورستر دەكا و دەڵێ:

**"ئەم كۆبوونەوەیە بەشێكە لە خەباتی دژی فەرەنسیی كە لە چەند ڕۆژ لەوە پێشەوە بەهۆی كاربەدەستان و چاپەمەنییەكانی ئێران وەرێ خراوە".**

لێرەدا گوزارشتنووس لایەنی دەوڵەتی بوونی خۆپیشاندانەكە ئاشكراتر دەكا و بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ نەبوونی ئازادی چاپەمەنی لە ئێرانیش دەردەبڕێ، كە نیزامێكی ئامیرانەیە و هەر شتێك حكومەت دیاری بكا بڵاودەكرێتەوە. **"دیارە ئەم گوزارشتە دەگەڕێتەوە بۆ سێ ساڵ بەر لە دووی جۆزەردان و ئاڵ و گۆڕی چاپەمەنییەكان لە ئێران".**

لە پاراگرافی شەشەمدا، دەچێتەوە سەر ئەرشیف و كۆكردنەوەی زانیاری بۆ پاڵپشتی پەیامەكەی خۆی و داكۆكی كردن لەسەر دەوڵەتی بوونی ئەو خۆپیشاندانە كە لە پاراگرافی پێنجەمدا ئاماژەی بۆ كرد و ئاماژەش بە هەرەشەكەی "ئایەتوڵلا محەمەدی یەزدی"دەكا كە دەڵێ:

**"جیهانی ئیسلام چاوپۆشی لە دژایەتی لەگەڵ مافی سروشتی كچانی قوتابی موسوڵمان لە فەرەنسا ناكا"**

لە پاراگرافی حەوتەمدا دیسان بەكەڵك وەرگرتن لە بابەتە ئەرشیفی یەكان دێتە سەر پێشینەی گوزارشتەكە و وەڵامی "چۆنیەتی" پرسی خوێنەر دەداتەوەو لە باری چەندیشەوە زانیاری دەداتێ.

لە پاراگرافی هەشتەمدا، گورزی خۆی دەوەشێنێ:

**"خۆ پیشاندانی ژنانی ئێرانی لە سەروبەندی دادگایی تاوانباران بە تیرۆری ساڵی ١٩٩١ ی شاپووری بەختیار ئاخرین سەرەك وەزیرانی ڕژێمی شا بەرێوە دەچێ، بڕیارە دادگایی ئەم كەسانە ڕۆژی چوارشەممە لە پاریس بەرێوەبچێ".**

خاڵی گرنگ لەم پارگرافەدا ئەوەیە كە دەیهەوێ بەبێ ئەوەی بیڵێ خوێنەر بەخۆی بزانێ، بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ ئاشكرای بكا كە تیرۆری دوكتۆر شاپووری

بەختیار لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوەچووە و ئەم خۆپیشاندانەی خوێندکارانیش بە هاوئاهەنگی کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی و بۆ سەرپۆش دانان لەسەر دادگایی تاوانبارانی ئەم تیرۆرە بەڕێوە دەچێ.

لێرەدا جۆرە هەڵێنجانێکی تێدایە کە بە پاڵپشتی فاکتەرەکان لە ئەرشیف و تێبینی دروستی گوزارشتنوسەوە دەربڕاون. بۆیە لە پێشدا ئاماژەی پێکرا کە گوزارشنوس دەکەوێتە پێش ڕووداوەکان و پێشداوەرییەکانیش بەپێی شارەزایی لەکاری ڕۆژنامەوانی دا دەردەبڕێ.

لە تەئیدی ئەم پێشبینییەدا، دەکرێ ئاماژە بە شەش ساڵ دوای ئەم خۆپیشاندانەو دوای ئامادەکردنی ئەم گوزارشتە بکەین، ئەویش **"دادگای میکونووس"**ە لە وڵاتی ئەڵمان. کە لەوێشدا لەکاتێکدا تاوانباران بە تیرۆری دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی دادگایی دەکران، حکومەتی ئێران بۆ سەرپۆش دانان لەسەر ئەم دادگایی بوونە و فریوی بیروڕای خەڵکی ئێران ئەم سێناریۆیەی لەبەر دەرکەی باڵیۆزخانەی ئاڵمان دووپات کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەکەڵك وەرگرتن لە چینێکی دیکەی پێوەندیدار بە مەسەلەکەوە کە لەشەڕ لێدراو کەم ئەندام و نوقستانەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و ئەو کەسانەی بە هۆی گازی کیمیایی لە بەرەکانی شەڕدا تووش ببوون، خۆپیشاندانێکی لەم چەشنە بەڕێوەچوو.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستی ڕوانگە ئیلقاییکەی هەواڵدەری فەرەنسا کە دیارە بەپێی بەرژەوەندی وڵاتی فەرەنسا و ململانێی دیپلۆماتیکی و ڕاگەیەنەیی نێوان ئێران و فەرەنسا دارێژراون و پاشان دیتمان هەردووك وڵات پێکهاتن و سەرپۆشی یەکجاری لەسەر تیرۆرەکەش دانرا.

## ٢ـ نیمچە گوزارشت:

نیمچە گوزارشتەکان وەکوو وێنەیەکی خێراو ساتی وان لە بیرەوەرییەکی کورت، لەم گوزارشتانەدا گوزارشتدەر بۆ دەربڕینی پەیامەکەی بەشێوەیەکی وەسفی و لە ڕێگای چەند وێناکردنێکی شارەزایانە و هونەرمەندانەوە کاردەکاتە سەر هەست و بیری خوێنەرانی.

لێرەدا مەرج نییە هەواڵی کارەساتێکی سامناك رابگەیەنن یا گرفتێکی کۆمەڵ باس بکەن، بەڵکو بابەتێکی زۆر بەرچاو کە کاردەکاتە سەر بیرو هەستی مرۆڤ و لە ڕامانێکی کورت و خێرای گوزارشتنووسدا وەك پاژێك لە کۆمەڵ، وەرگیراون بە زمانێکی پڕ سۆز و هەست دەنووسرێن.

کورتی، تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم گوزارشتانەیە و لە ڕاستیدا ئەم گوزارشتانە وەك کورتە پەخشانێکی ئەدەبی وان کە لەناو چیرۆك یا ڕۆمانێکەوە هەڵگوێزرابێتن و تەنیا جیاوازییان لەگەڵ کورتە پەخشانەکان، واقعی بوونی ئەم گوزارشتانەیە.

نیمچە گوزارشتەکان لە سێ کوچکەی گوزارشت رەنگبێ کوچکێکیان نەبێ، ئەم گوزارشتانە بەپێی بابەتەکەیان، حیسی زەوقی و شوێن دانەرن لەسەر هەستی خوێنەر و گوزارشتنووس لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە دەیهەوێ هەستی خۆی دەربڕێ.

## ٣ـ گوزارشتی ئازاد:

بەو نووسراوانە دەگوترێ کە گوزارشتنووس هەموو پاژێکی گوزارشت **"بابەت، شێوازی داڕشتن، گۆشەی ڕوانین، پرسیارەکان و.."** بۆخۆی هەڵیاندەبژێرێ. لە ڕاستیدا گوزارشتێکە کە بەهانەو ئەنگیزەی تایبەت بە کەس "گوزارشتنووس" بەرهەم دێت، ئەو گوزارشتانەی سەبارەت بە شت "شيء" ئامادە دەکرێن، دەکەونە خانەی گوزارشتی ئازادەوەوە کە دیارە بەهۆی گرینگییەکی کە هەیانە دەسەڵاتی

نووسەر لەکاری نووسیندا بەهۆی لایەنی "وەسفی، وێنەیی" ئەم گوزارشتانەوە دەوری کاریگەری هەیە. لەم گوزارشتانەدا دەبێ بابەت یا بابەتی گوزارشتەکە هەڵگری تایبەتمەندییەکی پڕ ڕەنگ بن کە گوزارشتنووسیش بیانوویەکی بۆ لەسەر نووسینی ئەم گوزارشتانە هەبێ. ئەم گوزارشتانەش وەك نیمچە گوزارشتەکان کورتن.

*** گوزارشتی بڵند یا چەند تەوەر**

١ـ گوزارشت لەسەر دیاردە: کەس، شوێن، ڕێ و ڕەسم و کارەسات "حادثة"

٢ـ گوزارشتی وێناکراو: ئاگاداری، گوزارشت بەوێنە، ساتێر/ تەنز

*** گوزارشت لەسەر دیاردە**

**١ـ گوزارشت لە سەر "کەس":**

هەمیشە لەنێوکەسە ناسراو یا نەناسراوەکاندا، بەپێی تایبەتمەندی تاکی، ئاسەوار یا پیشەییەکانیان، سەرنجی خەڵك دەکەوێتە سەر باری ژیان، ئاکار، ڕەوڵەت و دەروونیان و دەبنە بابەتی گوزارشتەکان.

زۆربەی خەڵك پێیان خۆشە بزانن سیاسەتمەدارێك، نووسەرێك، ئەکتەرێکی سینەماو... لەژیانی پیشەیی و تایبەتی خۆیاندا چ شێوە ئاکار و عادەتێکیان هەیە و کاتەکانی شەو و ڕۆژیان چۆن تێپەڕ دەکەن و...

سەبارەت بە کەسایەتییە نەناسراوەکانیش زۆر خاڵ و گۆشەی جێگای سەرنج بەپێی پیشەکەیان بۆ تاوتوێ کردن هەیە، و دەبنە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران.

مەرجی سەرەکی بۆ ئامادەکردنی گوزارشت لەسەر "کەس"، "بەناوبانگ" بوونە، کە وەك یەکێك لە بایەخەکانی هەواڵ و گوزارشت دێتە ئەژمار.

بەناوبانگی لە گوزارشت داسێ جۆرە:

١ـ بەناوبانگییەکی خۆرسك "بلقوە"، هێندێك کەس بەهۆی پیشە، بنەماڵەو ڕاگەیەنەکانەوە زۆریان لەبارەوە گوتراوەو بۆ خەڵك بەگشتی ناسراوو بەناوبانگن.

٢ـ بەناوبانگی لە دوارۆژدا، کەسەکە بەناوبانگ نییە، بەڵام بەهۆی گوزارشتێك ناوبانگی دەڕوا، لێرەدا کەسەکە خاوەنی تایبەتمەندییەکی سەرسووڕێنەرە بۆ خوێنەر، بۆیە بە لەسەر نووسینی لەلایەن گوزارشتنووس و بڵاوکرانەوەی لەلایەن ڕاگەیەنەوە ناوبانگ دەردەکا.

وەك: **"وەستا عوسمانی ناچیت"** لە گوندی ناچیتی نزیك شاری بۆکان، کە بەهۆی پیشەکەی و کارە هونەرییە دەستییەکانییەوە دوای لەسەر نووسرانی لە گۆڤاری **"سروە"** و ناوبانگی دەرکرد، یا کەسێکی وەکوو **"خوفاشی شەو"** کە لە ڕێی ڕاگەیەنەکانی ئێرانەوە ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد، چوون کارێکی کردبوو جێگەی سەرسووڕمان بوو: **"شوفێر تاکسی یەکی شاری مەشهەد بوو کە دەستی کردبوو بە کوشتنی ژنانی خیابانی و تاکاتی گیرانی نیزیکەی ١١ ژنی کوشتبوو"**. ئەم کەسە لە پێشدا کەس نەیدەناسی تا ڕاگەیەنەکان نەیانناساند.

**٣ـ لەبیرکراوەکان:**

کەسانێك کە پێشتر ناسراو و بەناوبانگ بوون، بەڵام ئێستا لەبیر کراون. کە بە ئاوڕدانەوەی دووبارەی ڕاگەیەنەکان وەسەر ژیان و کەسایەتی یان ئەو ناوبانگەیان بۆ دەگەڕێتەوە.

بۆ ئامادەکردنی گوزارشت لە سەر **"کەس"**، وتووێژ کردن لەگەڵ خودی کەسەکە وەك هەوێنی ئەم گوزارشتە دێتە ئەژمار، بە مەرجێك کە ئەم وتووێژە بچێتە ناو ژیانی تایبەتی کەسەکەوە و تەنیا بەلایەنی پیشەیی ئەوەوە نەبەستێتەوە. لێرەدا گوزارشتنووس پێویستە بچێتە شوێنی کاری کەسەکەو سەرنجی ئاکارەکانی بدات، شێوەی ژیان و گوزەرانی ببینێ و ئاسەوارەکانی بناسێ و بناسێنێ و..

لە ئامادەکردنی ئەم گوزارشتانە دا سێ کوچکەی گوزارشت **"وتوویژ، بینین ولێکۆڵینەوە"** هەرسێکیان ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ڕۆڵی لێکۆڵینەوە بەرجەستەترەو بەبێ ئەو گوزارشت ناتەواو دەبێ.

***نموونەیەك بۆ گوزارشت لەسەر "کەس"**

**"کیسینجێر دوای وەزارەت"**

"لیمۆزینێکی شووش ورەش بە نەرمی ڕادەوەستێ. بەر لەوەی شۆفێرەکە دەرفەتی یارمەتی کردنی بێت، سەرنشینی ماشێنەکە دادەبەزێ. بۆ خۆیەتی، "هێنری کیسینجێر". پیاوێك کە لە کەڕەی بەیانییەوە منی وەك نیر لێرە، لە گۆشەی شەقامی پارك و لەژێر ڕێژنەی باران دا لە چاوەڕوانیدا چەقاندووە. لەبەر..؟ بێ شك تەنیا بۆ چاوپێکەوتنێك نییەو ڕەنگبێ زیاتر بۆ گولبژێرێك لە هێندێك لە وتەکانی بێت. کیسینجێر بەپێی وتەیەك کە بە نادروستی دەیدەنە پاڵی، **"تەنیا وەزیرێکی کاروباری دەرەوەیە کە لە خزمەت دوو سەرەك کۆماردا بەردەوام کاری کردووە"**.

ئەو ئێستا یەکێ لە دەست ڕۆیشتووترین و پڕ ڕازوو ڕەمزترین پیاوانی دنیای سەرمایەداری دێتە ئەژمار، بەڵام ئەمە لەگەڵ بەڕێوەچوونی هێندێ کاری بچووك دا ناتەبایە. بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵی، ئەوجۆرەی کەمن دەمهەویست، واتە لە نووسینگەیەك، دەبوو لە ڕێگای سەندیکای "لوس ئەنجلس تایمز" بۆ بەڕێوەبردنی وتوویژێك لەگەڵ کیسینجێردا کە ١٠ هەزار دۆلاری داوا دەکرد، دەست بەکار بووایەم، هەربۆیە ئێستا لەبەر باران چاوەڕوانیم..

هێنری کیسینجێر بە داهاتی ساڵانەی ٢٢٥ هەزار دۆلار، لە شەریکەکەی بەناوی "کیسینجێر ئاسۆ سایت" زانیاری پێویست بۆ سەرمایەدانان لەم یا ئەو شوێنی دنیا دەنێتە ئیختیار نزیکەی ٣٠ کەس لە کڕیارەکان خۆی.

کیسینجێر لەکاتی مانەوەی لە واشینگتۆن دا شانەیەکی ٤٥ کەسی سرویسی نهێنی پێکهێنابوو، کە بەردەوام پارێزگاری لێ بکەن. ئەو تەنیا وەزیرێکی دەرەوە بوو کە لە وەها سرویسێك کەڵکی وەرگرت. هەر ئێستا ئەو لە ٥ گاردی پارێزەری دەورە دیتوو کە مووچەکەیان لەساڵدا دەگاتە ٣٠ هەزار دۆلار کەڵك وەردەگرێ...*"

**٤ـ گوزارشت لەسەر "شوێن":**

گوزارشت لەسەر شوێن، شیکردنەوە و وەسفی شوێنێکی مێژوویی، سەیرانگەیەك، بەنایەکی تازە دامەزراو، پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە، وڵاتێك، شارێك، دێیەك، ژوورێك و...ە.

لەم گوزارشتانەدا، بەردەوام شتێك بەرچاوتر و بەرجەستەتر پیشان دەدرێ.

بۆ وێنە ئەگەر گوزارشتێك لەمەڵبەندی بارزان ئامادەبکرێ، ئەنفال کردنی ٨٠٠٠بارزانی بەرچاوترین بابەتی ناو گوزارشتەکە دەبێ، یان ئەگەر بخوازین لە گوندێکی وەك "نیەر" لە ناوچەی مەریوان گوزارشتێك ئامادەکەین ژمارەی پێشمەرگە شەهیدەکانی گوندەکە بەرجەستەتر دەبێ پیشاندرێ.

وێناکردنیی شوێنەکە گرنگە بۆیە دەبێ لە دوو لایەنەوە وەسف بکرێ و بخرێتەبەر باس:

**١ـ لایەنی جوگرافیایی شوێن:**

لە داڕشتنی گوزارشت لەسەر شوێنێکدا، دەبێ ڕوانگەو دیدی گوزارشت بەجۆرێك بێت کە بۆ خوێنەرێك کە شوێنەکەی نەدیتووە، بتوانێ واقیعیاتی جوگرافیایی ئەو شوێنەی وا گوزارشتەکەی لەبارەوە ئامادە دەکرێ تێبگا و بوونی خۆی لەو شوێنە هەست پێ بکا.

مێژووی دامەزرانی شوێنەکە ولایەن و چوار دەوری ورادەی حەشیمەت بەپێی ڕەوایەتە مێژووییەکان و

راگەیاندنی ئەو شتانە کە پێوەندی بەباری جوگرافیایی شوێنەکەوە هەیە، دەبێ لە گوزارشتەکەدابێت.

**٢ـ لایەنی دەروونی و مەعنەوی گوزارشت:**

هیچ شوێنێك بەبێ ژیاندنەوەو گیان وەبەرنانی بۆ خوێنەر "عەینییەت" پەیدا ناکا. هەربۆیە گوزارشتنووس بە دارشتنی فەزای گوزارشتەکەی و وەسفی هەموو لایەنێکی شوێنەکە، وەك ئاوڕدانەوە لە خەڵك، باقی بوونەوەرانی، چۆنێتی ژیان و گوزەرانی خەڵك، پیشەکان، باری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی و زمانی، یاری و گەمەکانیان، خواردن و خواردنەوەکانیان و بەگشتی هەموو بارێکی ژیانیان مەیل و حەزی خوێنەر بۆلای خۆی رادەکێشێ. گوزارشت لەسەر "سەفەر"یش دەکەوێتە خانەی ئەم چەشنە گوزارشتانەوە.

**٥"گوزارشت لەسەر رێ و رەسمەکان:**

ئەم گوزارشتانە لە پێوەندی لەگەڵ بەرێوەچوونی جەژن، ئاهەنگ، کۆبوونەوە یا مێزگردێك کە لە شوێنێك بەرێوە دەچێ، دێنەئاراوە. گوزارشتنووس دەیهەوێ لەم بەرێوەچوونانە، هەواڵ یا گوزارشتێك ئامادە بکا، ئەم گوزارشتانە خوێنەریان زۆرەو دوو جۆریشن، واتە گوزارشتنووس لەگەڵ دوو جۆر رووداو بەرەو روو دەبێ کە گوزارشتیان لەبارەوە ئامادە بکا.

**١ـ رووداوە چاوەروان کراوەکان/ تەقویمی یەکان:**

ئەم رووداوانە بەر لە بەرێوەچوونیان کات و شوێنی بەرێوەچوونیان دیاری کراوە. کەم یا زۆر گوزارشتنووس ئاگاداری لەسەر بەرێوەچوونیان هەیە و بەرنامەی خۆی دادەرێژێ.

هەرچەند ئەم رووداوانە شتێکی نەدۆزراوەو نەدیاری وایان تێدا نییە کە بە دۆزینەوە و دەرخستنیان گوزارشتنووس یا خوێنەر تووشی سەرسوڕمان بکات یا سەرنجیان راکێشێ.

گوزارشت لەسەر رێ و رەسمەکان لەم چەشنەن و گوزارشتنووس دەبێ تا بۆی دەکرێ کورت بنووسێ، چونکە خوێنەری زۆریان نییە و راگەیەنەکانی دیکەی وەك رادیۆو تەلەفزیۆن بلاویان دەکەنەوە.

**٢ـ رووداوە چاوەروان نەکراوەکان:**

ئەم رووداوانە بۆ گوزارشت نووس و بۆ خەڵکیش چاوەروان نەکراون. لە پڕ و ناکاودا روودەدەن و هەواڵنووس، تا پێش روودانیان شتێکیان لە بارەوە نازانێ. هەواڵە سەرنج راکێش و هروژێنەرەکان کە شیاوی دۆزینەوەو دەرخستنن و بە ئاراستەکردنیان رادەی شارەزایی گوزارشت نووسیش دەردەکەوێ، لەم رووداوانەدان، ئەم رووداوانە بەپێی چاوگەکانیان بە دوو جۆر دابەش دەبن:

١ـ ئەو رووداوانەی چاوگەی مرۆڤانەیان هەیە، وەك تاوان، جەردەیی و چەقۆکێشی و...

٢ـ ئەو رووداوانەی چاوگەی سروشتی یان هەیە، وەك لافاو، بوومەلەرزەو....

## * گوزارشتە وێنا کراوەکان

**١ـ ئاگاداری/ تەبلیغات:**

ئەم گوزارشتانە بەیەك لایەنە، پۆزەتیڤ و بەری لە رەخنە و موناقەشەن، بە ئاواز و زمانێکی نەرم و ئاهەنگین دەنووسرێن. بۆ راگەیەنە زۆرتر بواری پروپاگەندەیان هەیە. راگەیەنە لە پێناو بلاوکردنەوەیان پارە وەردەگرێ. پێهەڵاگوتن و تاریف کردن تێیاندا بەرچاوە و لەگەڵ وێنەدا رێك دەکرێن و وێنەکان دەبێ سەرنج راکێش بن. لەم گوزارشتانەدا تەنیا حوسن و جوانییەکانی بابەتی گوزارشتەکە دەگوترێ و دەخرێتە بەرچاو.

**٢ـ گوزارشت بە وێنە(مصور):**

لەم گوزارشتانەدا وێنە جێی واژە دەگرێ و ئەرکی واژە وێنە بە ئەستۆی دەگرێ. واتە گوزارشت بە وێنە،

گوزارشتێکە، کە وێنە بنەمای سەرەکی ڕاگەیاندنەوە بەباس و لێدوان لەسەر وێنەکە و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکە "composition" تەکمیل دەکرێ.

پێوەندی و یەکگرتنەوەی وێنەکان لە باری بابەتەوە، بە جۆرێك لەکاتی ریزکردنیان لە پەنایەکتردا دەربڕی ڕووداوێك بن، گرینگترین تایبەتمەندی ئەم گوزارشتانەیە.

هەربۆیە دەبێ دوولایەنی پێوەندیان لەم گوزارشتانەدا لەبەرچاوبێ:

١ـ پێوەندی وێنەکان کە لەسەر ڕووداوێك خول دەخۆن و خوێنەر یا بینەر دەبەنە دەروونی ڕووداوەکەوە.

٢ـ پێوەندی دەروونی کە مەبەستی سەرەکی گوزارشت بە وێنەیە، هەر وێنەیەك مانایەك دەگەیەنێ و کاتێك وێنەکان دەکەونە پاڵ یەکتر مانای تەواو دەگەیەنن و زۆرجاریش ئەم وێنانە لە دژوارییەك کە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ، مانا دەدەن.

ئەم گوزارشتانە لەسەر دۆزینەوەی بابەت دادەمەزرێن و لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بابەت دەتوانێ یەکپارچەیی گوزارشتەکە مسۆگەر بکا.

وێنەگر و بیرو هزری وی لەم گوزارشتانەدا یارمەتیدەری دەبن بۆ پێشکەش کردنی وێنەی بزوێنەر و سەرنج ڕاکێش.

**٧- تەنز (ساتیر):**

تەنزەکان دەکەونە بازنەی نووسراوەکانەوە، بەڵام لە هیچ دەستەیە و گرووپێکی **"ڕامیاری، ئابووری، ئەدەبی و..."** جێ ناکەون و کاری ئەمانە سەربەخۆییە.

تەنز پێکگرتن و هەڵسەنگاندنی دولایەنی دژ بە یەکە **" دیموکراسی، دیکتاتۆری - ڕەش، سپی - ئەوین- بێزاری ـ و..".**

زۆرجار دەکرێ بە ڕەچاو کردن و بەکارهێنانی سێ کوچکەی گوزارشت **"بینین، وتوویژ و لێکۆڵینەوە"** گوزارشتێك بە زمانی تەنز بنووسرێ.

تەنز دەتوانێ **"وێنەیی"**ش بێت، وەك کاریکاتۆرەکان یا **"وێنە و نووسراو"** پێکەوە بێت.

پێویست ناکا تەنز هەمیشە پێکەنینی بێت، تەنزەکان لایەنێکی گریاندنیشیان هەیە و مەبەست لەم چەشنە لە نووسین لە ڕواڵەتێکی پێکەنینیدا، پەیامێکی تاڵیشە و دەیهەوێ خوێنەری خۆی بەرەو ئەو دیوە نەدیوە تاڵ، بەڵام ڕاست و واقعییە بەرێ.

## * شێوازەکانی ڕێکخستن و داڕشتنی گوزارشت

شێوازی داڕشتن و ڕێکخستنی گوزارشت بەپێی جۆر و بابەتکەی جیاوازە. گوزارشت نووس دەبێ تێبکۆشێ نووسراوەکەی بەپێی بابەت، جۆری گوزارشت و خوێنەرەکانی دابڕێژێ. هەر شێوازێکیش پێڕەو بکا، دەبێ سێکوچکەی گوزارشت بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ و هاوسەنگ و هەست پێنەکراو ڕەچاو بکا. واتە ئەم سێ بنەمایە لەگەڵ شێوازەکەی یەك بگرنەوەو هەروەها شێوازەکە لەگەڵ بابەتەکە بێتەوە.

ڕێکخستنی گوزارشت بە واتای وەدیهێنانی پێکهاتەیەکە بۆ گوزارشت کە ئەویش دەتوانێ بەشێوازی ڕێکخستنی هەواڵ واتە **"قۆچکی سەراوبن"، "پلە بە پلە" (مێژوویی)** و **"مێژوویی هاوڕێ لەگەڵ سەردێڕ" (لید)** دابڕژرێ.

**١ـ شێوازی قۆچکی سەراوبن:**

گرنگترین بەش



کەم بایەخترین بەش

لەم شێوازەدا، گرنگترین بەشی نووسراوەکە لەسەرەتادا دەخرێتە بەردەستی خوێنەر و پاشان بەپێی پلەی گرنگی، درێژەی نووسراوەکەشی پێشکەش دەکرێ، بە جۆرێك کە کەم بایەخترین بەشی گوزارشت دەکەوێتە ئاخرییەوە. گوزارشتە هەواڵەکان زۆرتر لەسەر ئەم شێوازە دادەرێژرێن.

**۲ـ شێوازی مێژوویی یا پلە بەپلە:**

لەم شێوازەدا بابەتەکان یەك لەدوای یەك و بەپێی مێژووی روودانیان باس دەکرێن و بەبێ ئەوەی گرنگی لەبەرچاو بگیرێ و بەپێی گرنگی، بەشێك جێگەی بەشێکی دیکە بگرێتەوە دادەرێژرێن.

ئەم شێوازە زۆرتر لە گوزارشت لەسەر رێ و رەسمەکاندا برەوی هەیە.

**۳ـ شێوازی مێژوویی بە لیدەوە:**

ئەم شێوازە تێکەڵاوێکە لە هەردوو شێوازی سەرەوە. لەسەرەتای گوزارشتەکەدا، ئاماژە دەکرێ بە گرینگترین خاڵ و پاشان بەو تەرتیبەی رووی داوە تۆمار دەکرێ.

بەڵام دەبێ ئەو راستییەمان لەبەرچاوبێت کە رێکخستنی گوزارشت بۆی نییە هەر لەم شێوازە پێناسەکراوە هەواڵییانە پێڕەویی بکا. بەڵکو بەپێی بابەت و توانایی نووسەرەکەی دەتوانێ لەگەڵ ئەم شێوازانە بێتەوە، یا مەعجوونێکی جیاوازلەم شێوازانە بێت، بەڵام دەبێ ئەم تێکەڵاوی یا مەعجوونە وێڕای ئەوە کە هاندەری خوێنەرە، پێکهاتەیەکی جێگای پەسەندی واشی هەبێت کە بتوانێ بە ئاسانی پەیامەکەی ئاراستەی خوێنەر بکا.

**٤- شێوازی پۆلێن کردن:**

ئەم شێوازە بۆ ئەو بابەتانە رەچاو دەکرێ کە بەستێنێکی بەربڵاویان هەیە. گوزارشتنووس لە هەرسێ بواری "وتووێژ"، "بینین" و "لێکۆڵینەوە"، زانیاری زۆری کۆکردۆتەوە. هەربۆیە نووسراوەکە پۆلێن دەکرێ و خوێنەر بەمەیل و هۆگری خۆی بەشەکانی نووسراوەکە دەخوێنێتەوە. بۆ گوزارشت لەسەر قەیرانی بێکاری، گرفتی ژنان، لاوان، باری تەندروستی کۆمەڵ، کەسایەتی و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی"کەس" و .. لەم شێوازە کەڵك وەردەگیرێ.

بۆ وێنە ئەگەر بمانەوێ گوزارشتێك لەسەر "کەس"ێك ئامادەکەین و لەم پێوەندییەدا لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئەو کەسە زانیاری زۆرمان کۆکردبێتەوە لەوە هاشێوەیك کەڵك وەردەگرین.




*** شێوەکانی نووسینی گوزارشت (زمانی گوزارشت)**

ئەو بابەتانەی کە لەلایەن چاپەمەنی و گوزارشتنووسانە دەکەونە بەر سەرنج، بەپێی کەناڵی بڵاوبوونەوە، جۆری گوزارشت، بابەت و ناوەرۆکی گوزارشتەکە، شێوەی نووسینەکەشیان بۆ دیاری دەکرێ.

ئەوە کە گوزارشتێك لەلایەنی گۆڤارێکی زانستی و پسپۆڕانە یا لاپەڕەی گۆڤار یا حەوتەنامەیەکی گشتی پەسەند (**جەماوەری**) بڵاو دەبێتەوە زمانی نووسینی جیاوازە.

ئەگەر بابەتی گوزارشتەکە شوێنی حەوانەوەی"**مناڵە بێ کەس و کارەکان**"ە شێوەی نووسینەکەی لەگەڵ بابەت گەلێکی دیکەی وەك

هەواڵنامەی کتێب

**"عەمـــەلیێکی کـــراوەی دڵ"** یـــا تـــاوتوێ کردنـــی پرۆژەیەکی ئاوەدان کردنەوە، جیاوازە.

زمانی رۆژنامەنووسیی وەك پرنسیپ و بنەمایـەك دەبێ بەگشتی لایەنی وەسفی وێنـەیی هـەبێ، بـەڵام هێندێك بابەت هەن کە زۆر رێگە بەم شێوە نووسینانە نادەن.

لەسەر یەك ئەم شـێوانەی خـوارەوە بـۆ نووسـینی گوزارشت رەچاوکراوە:

**١ـ شێوەی گێڕانەوە یا چیرۆك ئاسا:**

ئەو زمانـەی گوزارشـتی پـێ دەنووسـرێ زمـانی فەلسەفی نییە، رەخنەگرانـەش نییـەو زمـانی دەروون ناسـانەش نییـە. بـەزمانی چـیرۆك نزیکـە، بـەڵام چیرۆکیش نییە.

لەسەر رێبازی چیرۆك نووسی دەڕوا، بەبێ ئەوە کە تایبەتمەندی هەواڵدەرانەو ژورنالیستی خۆی لەدەسـت بـدا. هەربۆیـە خـەیاڵێکی مـەجازی و ئەوەکـە وەك سنووری واقیعیەت و خـەیاڵ **(ریـالیزمی جـادوویی)** دەناسرێ، لە گوزارشتدا خۆ دەردەخا.

**"گابریێل گارسیا مارکێز"** هەواڵنووس و نووسەری بەناوبانگی ئەمریکای لاتین، دەڵێ:

**"بە بڕوای من ژورنالیسم چەشنێك ژانری ئەدەبی و جۆرە شی کردنـەوەو ئاراسـتەکردنێکی واقیعییەتـە، وەك چیرۆك یا شانۆ. کاتێکی بەکاری ژورنالیستییەوە خەریکم، لەسەر واقیعییەت سـەخت گـیر، دەقیـق و وەردبینم. بەڵام شێوەیەکم لە هەڵبژاردن و روانـین بـۆ واقیعیـەت هەیـە کـە زۆر ئەدەبییـە. لەراسـتیدا شێوەڕوانینێکی یەکسان لـە ژورنالیسـمدا لەبەرچاو دەگرم. بەهۆی شێوەیەکی کە لە ئەدەبیاتـدا هەمـە، شتێك دەبیـنم کـە ئـەوانی تـر نـابینن. لەلایـەکی تریشەوە ژورنالیسم یارمەتیدەری منە لە ئەدەبیاتـدا کە بەردەوام لەگەڵ واقیعییەت لە پێوەندیدا بم"**

**"مـــارکێز"** دەڵـــێ مـــن لـــە گوزارشـــتە ژورنالیستییەکاندا ئەو چیرۆکانە دەگێڕمەوە کە زۆرێك لـە هەواڵنووسـان تـەنیا بـۆ دۆسـتەکانی خۆیـانی دەگێڕنەوە:

"بۆ وێنە کاتێ مانگێـك لـە هەڵبـژێرانی "پـاپ" رابواردبـوو، چـاوم پێـی کـەوت. دوشـت سـەرنجیان راکێشام: پێکەوەو رو لە رووی یەك قسەمان دەکـرد، من هەسـتم کـرد کـە یـەکێ لـە دوگمـەکانی کـۆت بلووزەکەم کـەوت. دەنگـی کەوتنەکـەیم لـە تـەختی ژوورەکە گوێ لێ بوو، بەرووی خـۆم نـەهێنا. بـەڵام پاپ دوگمەکـەی دیـت، هەڵیگرتـەوە. ئەگـەر پـاپ دوگمەکەی هەڵنەگرتباوە، ئەمن هەر خۆشم بەساحێب نەدەکرد..

دوایە کاتێ کە هەستام، پاپ چوو دەرگا بکاتەوەو دەرکە داخرابوو. هێندە نەبوو لە پاپ بوونی رادەبرد، هەربۆیـە لـە چـەمی کردنـەوەی دەرگاکـەی بـاش نەدەزانی، بە زمانی لەهێستانی گوڕانـدی و هـەموو ئەو شتەی کە لەو ساتەدا بە مێشکم داهـات، ئەمـە بوو کە ئاخۆ دایکم چی دەگوت ئەگەر دەیزانی کە من لە دیوێکدا لەگـەڵ پـاپ قـەتیس مـاوم و هیچـمان ناتوانین بێینە دەرێ".

## * گۆڤاری ئادینە ژمارە ٥٤"

ئەگەر بـە وردی بڕوانینـە ئـەم شـێوە دەربڕینـەی مارکێز هەر ئەوشێوە دەربڕینە سادەو خۆمانەیەیە کە رەنگبـوو مـارکێز بـەو شـێوەیە، بەسـەرهاتێك بـۆ دۆستەکەی خۆی بگێڕێتەوە یا رەوایەت بکا.

*** شێوەی گێڕانەوە یا چیرۆك ئاسا و گۆشەی بینین**

١ـ شێوەی یەکەم کەس، وەك گێڕانەوەکەی مارکێز کە گوزارشت نووس بۆ خـۆی سـەرەداوی گوزارشـتەکەی بەدەستەوەیە و دەیباتە پێش.

٢ـ شێوەی سێهەم کەس، کە ئەو گوزارشتانەی لایەنی ڕەسمی و ویشکیان هەیە و زانیارییەکان زۆرتر بە ژمارە هاتوون بەم شێوەیە دەگێڕدرێنەوە.

٣ـ شێوەی دووهەم کەس، کە شێوەیەکی خیتابی هەیە و زۆرتر لە گوزارشتە ئازادەکاندا ڕەواجی هەیە. دیارە کاتێك لەم شێوە چیرۆك ئاسایە بۆ گوزارشت نووسین کەڵك وەردەگیرێ کە بابەتەکە، بابەتێکی عاتفی و هەست بزوێن بێت و بەپێچەوانەی چیرۆك نووسین لە ئەدەبدا، کە **"زەمین"** دەوری سەرەکی هەیە، لە گوزارشت نووسیندا **"عەین"** لەبەرچاو دەگیرێ.

٢ـ شێوەی دیالۆگ

لەم شێوەیەدا گوزارشت نووس خۆ لە پشت وتوویژ لەگەڵ کراوەکان نەدیوەکاو لەسەر خاڵە بەرجەستەکانی وتەکانیان لەچەند نموونەیەکدا پێ دادەگرێ.

هەرچەند **"من"**ی گوزارشتنووس لەشێوەی گێڕانەوە **"ڕەوایی"** بەرچاوە، لێرەدا بەشداری وتوویژکەر شاراوە و بەشداری و حوزووری وتوویژ لەگەڵ کراوەکان عەینی و بەرچاوترە.

لەم شێوەیەدا لە پێناو بابەتکەیدا لەگەڵ تاك و کەسایەتی جۆربەجۆر وتوویژدەکا، وتەکانیان بە هەڵبژاردە لە گوزارشتەکەیدا دەگونجێنێ.

ئەم شێوەیە پتر بۆ گوزارشتە کۆمەڵایەتییەکان، وەك دۆزی ناوشار، شەقام و ئاوەرۆکانی، ناو نووسی لە قوتابخانەکان، گرفتەکانی هاتووچۆ، ریکخراوە سنفییەکان، کڕینی جلوبەرگ و ... لەکاردەکرێ.

دیارە مەبەست لە دامەزراندنی پێوەندی، ڕاکێشانی سەرنج و متمانەی بەردەنگە بۆ گەیاندنی پەیام و تێگەیاندنی، هەربۆیە هەرچەند لە شێوە دەربڕینی خیتابی و ئامیرانە پارێز بکرێ و گوزارشت وەك دیالۆگ و وتوویژ بچێتە پێشێ، گوزارشت خەملاوتر و متمانەی خوێنەریش زیاتر دەکا.

ئەم شێوەیە جیا لە سەرنج ڕاکێش بوونی، زەینی خوێنەریش بەرەو ئیستدلالی دژ بە یەك و دولایەنە یا هاورا و تەبا هان دەدا و دەرگیری مەسەلەو بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری و ئابوورییەکانی دەکا و بەم پێیەش دەسەڵاتی ڕەخنەگرتن و لێکدانەوەو پرسیارکردنی پێدەبەخشێ.

پرسیارەکانی گوزارشت نووس لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی، ماکە پێکهێنەرەکەی هەواڵ دیاری دەکرێن **"ڕاستەوخۆ، سادە، کەم و دیاری کراون"**. سێکوچکەی گوزارشت ڕەچاودەکرێ، بەڵام دەوری وتوویژ بەرچاوترە.

٣ـ شێوەی وەسفی

لەم شێوەیە لە گوزارشت نووسیندا وەسفی بابەتەکانی گوزارشت دەکرێ، ئەوە کە گوتراوە گوزارشت نووسین سنووری نێوان واقیعییەت و چیرۆکە، زۆرتر لەم چەشنە نووسینە وەسفی یانەدا خۆ دەنوێنێ.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوە نووسینە ئەوەیە کە بۆ گوزارشتە بابەتییەکان ڕووداوە سروشتی و کارەساتەکان زۆرتر برەوی هەیە.

گوزارشت نووسی ئەم شێوە نووسینە دەبێ خاوەنی دەسەڵاتێکی خەیاڵی باش بێ و ڕووداوەکان وا وەسف بکا، کە خوێنەر خۆی لە کەش و هەوای شوێنی ڕووداوەکەدا هەست بکا. خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆك دەتوانێ دەسەڵاتی گوزارشت نووس لەم بوارەدا پتر بکا.

گوزارشت نووس دەبێ ئەوەی لەبەرچاوبێ کە ڕۆژنامەوانی، ئەدەب نییە ڕوو لە **"خاس"** بێ، ڕۆژنامەوانی ڕووی لە **"عام"**ە، ڕووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکە. ماکەی **"کات"** لە ڕۆژنامەوانیدا دەورێکی گرینگی هەیە، ڕۆژنامە بەکاتەوە بەندە، دەبێ سەری وەخت دەرچێ، **"ڕۆژانەیە، حەوتانەیە یا مانگانەیە"**.. لە ڕۆژنامەدا ئاستەنگی کات، شوێن و

لاپەڕە هەیە. ڕۆژنامەوانی سەر بە لقەکانی کۆمەڵناسی و زانستی پێوەندییەکانە کەچی ئەدەب و ئەدیب بوون یەکێکە لە حەوت هونەرەکان و سەر بە هونەرە.

خاڵی هاوبەشی تێکۆشانی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی **"وەسف"**ە، ئەگەر دەسەڵاتی ئەدەبی و نووسینت باش بێ لە ڕۆژنامەوانیدا سەرکەوتووی. زاڵ بوون بەسەر جوانکارییەکانی ئەدەبی وەك شێوەکانی بەیان و مەعانی گوزارشت سەرنج ڕاکێش تر دەکەن.

وەسف دەبێ ئاوێتەی بابەتەکە بێ، پینە نییە بە بەژنی گوزارشتەکەوە بدووریێ، بەڵکو لە ڕەگەزی بەژنەکەیەو لە جنسی خۆیەتی.

لە ڕۆژنامەوانیدا گوزارشت نووس دەیهەوێ لە ڕێگای وشەوە سەرنجی خوێنەر بۆ شتێك یا بابەتێك کە بۆ خۆی دەیهەوێ رابکێشێ.

سێ کوچکەی گوزارشت لێرەشدا دەوری هەیە.

٤- <u>شێوەی لێکۆڵینەوە یا بەدواداچوون</u>

ئەم شێوە نووسینە کە زۆرتر لە گوزارشتە پسپۆڕانە، زانستی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەچاو دەکرێ، بە پێچەوانەی شێوەی **"وەسفی"** لەسەر **"زانیاری"**و **"لێکۆڵینەوە"** دامەزراوە، نەك لەسەر وشەو کەلام. خاڵە تایبەتیەکانی دیکەی ئەم شێوە نووسینە پشت بەستن بە زانیاری و بەڵگە "Fact"و ژمارە "Figures"و ئامارە. کوچکی زانیاری لە نووکی سێ کوچکەی پێکهێنەری گوزارشت دایە.

بەداخەوە ئەم شێوە نووسینە لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا جێگای زۆر بەتاڵە، لە حاڵێکدا دەورێکی گرنگی لە ڕوونکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا هەیە.

بەتایبەت لەسەر **"شەففافیەت سازی"** کەوەك بنەمایەکی کۆمەڵی مەدەنی دێتە ئەژمار و یەکێکە لەو شێوانەی ڕۆژنامەوانی کە دەسەڵات و حکومەت پێملێ بە **"وەڵامدەر بوون"** لە بەرامبەر بیروڕای گشتی خەڵکدا دەکات.

لەم شێوە نووسینەدا، چونکە بۆدەست ڕاگەیشتن بەزانیارییەکان، بەدواداچوون و شوێن هەڵگرتنی دەوێ، بە گوزارشتی بەدواداچوون "Investigative reporting" ناودەبرێ.

بۆ دارشتنی گوزارشت بەشێوەی لێکۆڵینەوە دەبێ ئەم قۆناخانە لەبەرچاوبگیرێ.

**<u>قۆناخی یەکەم</u> (دیاری کردنی بابەت)**

دیاری کردنی بابەت و هەواڵبژاردنی، پێویستی بە وردبینی و هەستیارییەکی فرەیە و هەربەم وردبینی و هەستیارییەوەش دەبێ سوچی ڕوانین بۆ گوزارشتەکە دیاری بکرێ و بەدوای ئەم کارەشدا دەست بەجێ دەست بکرێ بە موتاڵاو تاوتوێ کردن لەسەر سەرچاوە زارەکی و نووسراوەکان و موتەڵای ئارشیڤی. لەم قۆناخەدا ئەگەر تووشی خاڵی نوێ هات، دەبێ بەشێوەی ڕوانینی خۆیدا بچێتەوە و جیهەتی موتەڵاکەی بگۆڕێ یاراست کاتەوە.

**<u>قۆناخی دووەم</u> (هەڵسەنگاندن)**

ئەوی تائێستا کۆکراوەتەوە دەبێ لەم قۆناخەدا هەڵسەنگێندرێ، لە ڕاستیدا لایەنەکانی موتاڵا، یا بەیاخەکانی هەواڵ، دیتراوەکان، ئەو سەرسەختی و موقاوەمەتانەی کە لە بەستێنی لێکۆڵینەوەکە دا گوزارشتنووس تووشیان دێت و پاراستنی ئەوەی تائێستا وەدەست هاتووە، ئەو لەگەڵ ئەم پرسیارانە بەرەو ڕوودەکا، کە ئاخۆ ڕێگایەکی دیکە بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە هەیە یان نا؟و ئایا لێکۆڵینەوەکە تەواو بووە؟

**<u>قۆناخی سێیەم</u> ( بڕیاری نووسین )**

لەم قۆناخەدا گوزارشت نووس بەسەرنجدان بەوەی کە وەدەستی هێناوە بڕیاری یەکجاری بۆ نووسین دەدا.

ئەگەر لێکۆڵینەوە تەواوە، رێگەی خۆی دەپێوێ و ئەگەر هەل و مەرج لە باری کات و شوێنەوە بۆ بڵاوکردنەوە لەبارنیە یا لێکۆڵینەوەکە ناتەواوە، دەست رادەگرێ. خاڵێکی دیکە کەدەبێ گوزارشت نووس لەبەرچاوی بگرێ ئەوەیە کە مەبەستی سەرەتایی خۆی- لانی زۆر یا کەم- هەڵسەنگێنێ کە ئاخۆ پێی گەیشتووە یا نا؟

**قۆناخی چوارەم (نووسین)**

ئەم قۆناخە لە راستیدا قۆناخی نووسینی گوزارشتە. لە سەرەتادا دەبێ گوزارشت نووس کەلاڵە و بەستێنی پێکهاتەی گوزارشتی دیاری و خۆش کردبێت و شێوەکانی ئاراستەکردنی گوزارشت تاوتوێ بکا و بەرنامەی خۆی بۆ دارشتنی قۆناخ بە قۆناخی گوزارشتەکەی دیاری بکا.

**قۆناخی پێنجەم (پێداچوونەوە)**

ئەو خاڵانەی کە دەبێ بکەونە بەرچاوی خوێنەر لەم قۆناخەدا دێنەدی. لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، وتووێژ، دیتراوەکان، هەڵسەنگاندن و راوەرگرتنەکان کە پێشتر بەرێوە چوون، لێرەدا بە جۆرێك رێکدەخرێن کە ئەگەر خوێنەر بە لێکۆڵینەوەکەدا چووەوە عەینیەتی گوزارشتەکە هەست پێ بکا.

**جۆرەکانی گوزارشتی بەدواداچوون بریتین لە:**

- گوزارشتی لێکدراو (مرکب) لەسەر بابەتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان
- گوزارشتی سادە کە لەسەر بیرورا وەرگرتن ئامادە دەکرێ.
- گوزارشتی تاقیکارانە کە بۆ هەڵسەنگاندنە ئاماری و ژمێریارییەکان لە لایەن رێکخراوە تاقیکار و هەڵسەنگێنەرەکانەوە بەرێوە دەچێ.

**تێبینی:**

گوزارشتی بەدواداچوون لەو گوزارشتانەیە کە وێرای گرنگی و سەرنج راکێش بوونیان دەتوانێ ئاکامی تاڵیشی بۆ رۆژنامەوان بەدواوەبێ، هەربۆیە دەبێ ئەم مەرجانە لەکاتی ئامادەکردنیاندا لە بەرچاو بگیرێ:

١- ئەم گوزارشتانە درێژخایەنن و پێویستیان بە کات، ماندوونەبوون و کاوەخۆیی هەیە.

٢- دەبێ بەشێوەیەکی بەتەواوی نهێنی بەرێوەبچێ، ئەگینا کە ئاشکرابێ، کارەکە رادەوەستێ.

٣- مەترسیدارن، بابەتکانیان زۆر ناسك، میللی و رەنگبێ سەروومیللیش بن، بابەت گەلێکن/ کەرەنگبێ رسوابوونی کەسانێکی بەدواوەبێت.

**نموونەیەك بۆ گوزارشتی بەدواداچوون "واترگەیت"**

بەشێك لە**"واتر گەیت"** وەك یەکێ لە گوزارشتە بەناوبانگەکان لە مێژووی گوزارشتی بەدواداچوون لە جیهاندا بەنموونە دەخەینە بەرچاو:

یەکەمین گوزارشت کە سەبارەت بە رووداوی واترگەیت لە چاپەمەنییەکانی ئەمریکادا بڵاو کراوەیە، لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەی **"واشنگتۆن پۆست"**ی رۆژی ١٨ ی ژوئیەی ١٩٧٢دابوو. ئەم گوزارشتە بەرهەمی کارو تێکۆشانی دوو ساڵ و دوومانگی دوو رۆژنامەوانی ئەمریکایی، بەناوەکانی **"باب وود وارد"**و **"بێرنشتاین"**بوو. سەرەتا ٥ کەس کە بەشێوەی نایاسایی چوو بوونە **"ژووری نووسینگەی بارەگای حزبی دیموکراتەوە"**، دەستگیرکران. **"باب وود وارد "** هەواڵنووسی بە مشووری رۆژنامەی واشنتۆن پۆست کە بۆ ئامادەکردنی هەواڵ چوو بوە ئەوێ، سێ خاڵ سەرنجی راکێشا کە شوێنی ئەم هەواڵە هەڵگرێ:

١- کەل وپەلی گیراوەکان کە لە زەمیلەیەکدا و لەسەر مێزێك بوون، کیفی پوولی یەکێك لە گیراوەکان ٢٣٠٠ دۆلاری لە وەرەقەی ١٠٠دۆلاری تێدا بوو ( **لە ئەمەریکا باونیە خەڵك پوولی نەغد لەگەڵ خۆیان هەڵگرن**) و دوایەش ٤٢٠٠ دۆلاری دیکە لە

ژوورەکەیاندا دۆزرایەوە، ئامرازی ئەلکترۆنی وێنەگرتن و....یان پێ بوو.

٢- یەکێك لەوان دەفتەرچەیەکی لەگیرفاندا بوو، ناو و ژمارە تەلەفۆنی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەمریکی تێدا نووسرابوو(**کابرا بۆخۆی تەعمیرکار بوو!** )

٣-پارێزوان و وەکیلی ئەم گومان لێکراوانە، پایە بەرزترین و گرانبایی ترین پارێزراوانی ئەمریکایی بوو.

ئەم خاڵانە شك و گومانی "**باب**"یان بەهێزکرد و پاشان "**کارل**" یشی رەگەڵ کەوت و لەماوەی دووساڵ و دوومانگدا کە نزیکەی ٧٠٠هەزار دۆلاری خەرج بەکۆڵ واشنتۆن پۆست دادا بوو، سەرئجام سەلماندیان کە"**ریچارد نیسکۆن**" سەرەك کۆماری"**کۆماری خوازی**" ئەمریکا دەستی بردوە بۆ دارایی گشتی و مللی و سێ میلیار دۆلاری دزیوەتەوە تاکوو بتوانێ بە خەرجکردنی سەرلە نوێی ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار. لەئاکامدا دوای بێنەو بەرە و بگرەوبەردەیەکی زۆر و لێکۆڵینەوە و دادگایی....بوو بە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی"**نیکسۆن**" وەك سی وحەوتەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە نۆهەمی مانگی ئووتی١٩٧٤دا. هەواڵەکە سەرەتا بە پارێز و وردبینی یەکی زۆرەوە بەناوی"**ئالفرێدئی. لێویس**" بلاوکرایەوە، بەلام لەرۆژی دووەم" june, 19, 1974 "**دا لەژێر ناوی** "مەئمووری ئاسایشی حیزبی کۆماریخواز لەگەڵ ٥ گیراوەکەی رووداوی، بەدزی گوێ راگرتن"دایە، بەناوی خۆیان بلاویان کردەوە"[١] ئەم دوو هەواڵنووسە، بیرەوربیەکانی ئەو تێکۆشانەی خۆیان لە کتێبێکدا بەناوی "**هەموو پیاوانی سەرەك کۆمار**" بلاوکردەوە."[٢]

**گوزاشتە کە ئاوا دەست پێدەکا:**

**"پێنج پیاو کە یەکێ لەوان گوتی ئەندامی پێشووی رێکخراوی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا "CIA"یە، سەعاتی ٢/٣٠ سەر لە بەیانی دوێنێ لە حاڵی ئەنجامدانی کارێکدا کە بە بڕوای بەرپرسان، پیلانێك بوو بۆ دانانی ئامرازی بەدزی گوێ راگرتن لە نووسینگەکانی کۆمیتەی میللی حزبی دیموکرات،"**

**سێ کەس لەوان بە رەچەڵەك کووبایی بوون و دەڵێن یەکێك لەوانەش دوورخراوە کووباییەکانی دوای هێرشی خووگەکانی لە ساڵی ١٩٦١ دا پەروەردە کردووە، هێشتا باس نەکراوە کە بۆچی ئەم پێنج گومان لێکراوە دەیانویست لە کۆمیتەی میللی حیزبی دیموکراتدا ئامرازی بە دزی گوێ راگرتن دابنێن و ئایا ئەمانە بۆ کەسان و رێکخراوی دیکە کاریان دەکرد..""٣"**

**دەرهێنانی گوزارشت (رێپۆرتاژ)**

بێگومان یەکێك لە گرینگترین بەشەکانی گوزارشت نووسین، دەرهێنانی گوزارشتەکەیە.دوای ئەوە کە گوزارشتنووس سێ کوچکەی پێکهێنەری گوزارشتی کۆکردەوە، ئەم پرسە لای بەرجەستە دەبێت کە چۆن و لەکوێوە دەست پێبکاو ئەم کوچکانە چۆن وا لێك گرێ بدا و مونتاژ بکا کە سەرنجی خوێنەر رابکێشێ و پێوەندییەکی قایمی ئەستوونی و لەسەرەوە تا ئەنجامی گوزارشت وەدی بێنێ؟

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسە و بەر لە دەرهێنانی گوزارشت دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوەمان لەبەرچاوبێت:

**١ـ گوزارشتنووس دەبێ تێبینی تێگەیشتنی خۆی و بەرهەمی کۆکراوەکانی بوێرانە بنووسێ.**

روانگەی خەسارناسانەو رەخنەگرانە سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، جیهان بینییەکی تایبەت دەبەخشێ بە گوزارشتنووس کە دەتوانێ گرفت و کێشەگشتی و بەربڵاوەکان بناسێ، بەرجەستە بکاو بچێتە دنیای بەردەنگ و خوێنەرەوە.

لێرەدا گوزارشت نووس بۆ خۆی تەنیا وێژەر و بگێڕی (راوی) رووداوەکە نییە، بەڵکو لە جێی پێویستدا خۆی دەردەخا و پاشان بە مانۆرێك شارەزایانە خۆی لە گوزارشتەکەدا نەدیو دەکاو خوێنەر لەگەڵ ئەو رووداو وێنانەی ئاراستەی کردوون، بەرەو رووەدەکا.

**٢ـ نووسینەوەو یاداشتی دیتراو و بیستراوەکان لە کەمترین مەودای کاتیدا.**

واتە لەکاتی روودانی رووداوەکەوە تا دەست بەکاربوونی گوزارشتنووس بۆ نووسینی گوزارشتەکەی، دەبێ هەر بینین، بیستن یازانیارییەکی لەرێی موتالاوە بە گورجی و خێرایی و بە لەبەر چاوگرتنی بنەمای "خێرا نووسین stenography"، بەبێ ئەوەی بەسەر هیچدا بازبدا وەك رەمز بیاننووسێتەوە و پاشان بە تەکمیلی بیانهێنێتە سەر کاغەز.

هەرچەند مەودای گواستنەوەی ئەم دیتراوو بیستراوو کۆکراوانە کەمتربێ، گوزارشت سەرکەوتوانەترە. بۆ ئەم کارەش گوزارشت نووس دەبێ خاڵە گرینگەکان بنووسێتەوە، تا پاژ و خاڵە وردەکانیش لەبیر نەکا.

٣ـ خاڵێکی تر ئەوەیە کە گوزارشتنووس،چونکە لەسەر سێکوچکەی گوزارشت "**بینین، بیستن و لێکۆڵینەوە**" کاتێکی زۆری سەرف کردووەو مێشکی تەنیوە، پێیوایە کە دەبێ هەموو خاڵەکانیش لە گوزارشتەکەیدا بێنێ یا پێیوایە ئەگەر کەم بنووسێ لە بایەخی گوزارشتەکەی کەم دەبێتەوە. دیارە ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە و لە راستی نیزیك نییە، چونکە گوزارتشدەر دەبێ عادەت بکا بە چاوی خوێنەرانی ببینێ و سەلیقەی تاکەکەس خۆی بەسەر مەیلی خوێنەردا نەسەپێنێ.

٤ـ ئەگەر خاڵی سێیەم لەبەر چاو بگیرێت، بابەتی درێژ و ماندووکەری نابێت، هەربۆیە دەبێ بێ بەزەیی یانە گوزارشتەکەی کورت کاتەوەو لەهەر دێڕێکی زیادی ولارێ بژاری بکا و شتی زیادی لەسەر یەکتر کەڵەکە نەکا. لێرەدا گوزارشتنووس بەپێی بابەتەکەی لە زانیارییە کۆکراوەکانی کەڵك وەردەگرێ و ئەم وتەیەی "**چیخۆف**" پێڕەو دەکا کە دەڵێ:

**" ئەگەر لەسەحنەیەك لە شانۆکەم، تفەنگێك بە دیواردا هەڵواسم، حەتمەن لەسەحنەی دوایەدا، دەیتەقێنم".**

کەواتە گوزارشت نووسیش ئەگەر نەبوونی دێڕ یا پاراگرافێك لەتە لە گوزارشتەکەی نادا، دەبێ لێی دەرهاوێژێ.

٥ـ زمانی گوزارشت نووسین دەبێ سادەو پەتی بێ.

لەنووسینی گوزارشت دا، دەبێ گوزارشتنووس ئەوە هەستەی لە خۆیدا پەروەردە کردبێ کە کەسێك لەسەر هەردوو شانەکانییەوە راوەستاوەو ئەوی دەینووسێ، خەریکە دەیخوێنێتەوە.

ئەم کەسە فەرزییە رادەی خوێندەواری لە خۆی زۆر نزمترە، بێ تاقەت، پڕکار و و رادەی تێگەیشتنی زۆر نزمە، سەبارەت بەو بابەتەی گوزارشت نووس لەسەری دەنووسێ، هیچ ئاگادارییەکی نییە. زەینێکی سادەی هەیە. گوزارشتنووس بەم کارە، گوزارشتەکەی لە پاوانی خۆی دێنێتە دەرێ.

## * دەرهێنانی گوزارشت لە سێ قۆناغدا

١ـ دەسپێك یا چوونە ناو گوزارشتەوە "intro"

٢ـ ناوئاخن یا دەقی گوزارشت "text"

٣ـ بن چنین یا ئەنجامگیری "closing/Ending"

لە دەسپێك و چوونەناو گوزارشتدا، دەبێ ئەم تایبەتمەندییەی سەردێڕ "Lead": واتە کردنەوەی دەلاقەیەك بە رووی خوێنەردا بۆ دنەدان و هروژاندنی هەستی پرسیارگەرانەی لەبەرچاو بگیرێ، تاکوو خوێنەر بە تامەزرۆییەوە خوێندنەوەی گوزارشتەکە لە




قۆناغەکانی گوزارشت(ڕیپۆرتاژ)ی بەدواداچوون / لێکۆڵینەوە

دوو بـــدا. هەربۆیـــە دەبــێ دەســـپێك رازاوەو هاندەرانەبێت.

بۆ دەسـپێکردن رێسـایەکی دیـاری کراومـان نییـە و دەگەڕێتەوە سەر سەلیقەی گوزارشتنووس و بابەتەکە، جاری وایە ئەدیبانەیەو جاری واشە بە ژمار و زانیاری یا لەتیفە یا پەندێکی پێشینیان دەست پێدەکا.

هێنـدێك جـار دەسـپێك هاوێژەرانـە (شـلیکی)یـە، هەروەك خودی رووداوەکە چۆن بەردەنگ و خوێنەر لە ناخافڵدا دەپێکێ و تووشی سەرسوڕمانی دەکـا، لـەم دەسپێکانەشدا مەبەسـت پێکـانی زەیـن و سـەرنجی خوێنەرە بۆ هاندانی لەسەر خوێندنەوەی گوزارشتەکە.

وەك ئەم دەسـپێکە لـەکاتی بوومەلـەرزەی بـەرین و بەربلاوی **"سانفران سیسکۆ"** لە ساڵی **"١٩١٢"**داکە **"جـەك لەنـدەن"** هەواڵنووسـی شـیکاگۆ پۆسـت، گوزارشتەکەی ئاوا دەسـت پێـدەکا: **"نـاوی سـانفران سیسـکۆ لەسـەر خەریتـەکان پـاك کەنـەوە"**. یـا رۆژنامــەی **"تـایمز"**ی ئینگلیـزی، لـەکاتی مردنـی هیتلێردا ئاوا دەست پێدەکا، **"قەسابی ئورووپا مرد"**.

دیارە بەپێی سـەلیقەی خوێنـەران، دەسـپێك دیـاری دەکرێ کە چۆن بێت.

خوێنەری کورد زۆرتر دەسپێکی تەوسیفی لاپەسـندە، چــون لــەژێر کــارتێکردنی ئەدەبــە شــیعری و هەستیارانەکەی دایە.

کاکڵی گوزارشتەکە لە ناوئاخن دایە، لە دەسپێك جیا نییە و دەست بـەجێ دوای دەسـپێك دەسـت دەکـرێ بەشی کردنەوەو ئیستقرا و سـەلماندنی بـەپێی فاکتـە کۆکراوەکان. دەسپێك بەشێکە لە ناو ئاخن و سـەرنج راکێشی دەسپێك لێرەشدا رەچاو دەکرێ و تا کۆتـایی گوزارشتەکە دەپارێزرێ و هەر بەو نەواو زەرباهەنگەوە دەقی گوزارشتەکەی درێژە دەدرێ.

لێــرەدا گوزارشــتنووس بــەبێ ئــەوەی ســەلیقەی تاکەکەسی خۆی بێنێتە ئـاراوەو پـێش داوەری بکـا، سـەلیقەی رۆژنامـەوانی ئاوێتـەی مایـەو جەوهـەری داهێنەرانەی خۆی دەکاو بە تێکەوە پێچـانی بینین و گوتراوەکانی شایەدان و زانیارییە کۆکراوەکانی خـۆی کـار دەکاتـە سـەر زەیـن و بـیری خوێنـەر. لێـرەدا گوزارشــتنووس بــەپێی جــۆری گوزارشــتەکەی، لــە هەستەکانیشی کەڵك وەردەگرێ و چێژی خوێندنـەوەی گوزارشــتەکەی خــۆش دەکــا. بــۆ وێنــە ئەگــەر گوزارشتەکەی لەسەر ئەنبارکردنی کاڵا و پێداویستییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە، کە بەهۆی سـەرمایەدارێکی هەلپەرستەوە کراوەو گرانی و قاتی خستۆتە بازاڕەوە، دەبــێ بــۆنی **"شــێ"** و **"نم"**ی ژێرخـانی ئـەنبارکار (محتکر) لە گوزارشتەکەیدا رەنگ بداتەوە.

یـا لـەکاتی دەسـت دانـەوە لەگـەڵ کرێکـارێکی کورەخانەی خشت پێژان، زبری دەستە قەڵەشیوەکانی هەست پێبکاو لە جێی شـیاوی خۆیـدا کـەڵکی لـێ وەرگرێ.

هەروەها گوزارشتنووس بەکەڵك وەرگرتن لە هەسـتی بینـینی، چـاوی لـە دیـتنی شـتە بـاوو ناسـراوەکان سڕیوەتەوە، تەنیا ئەو شتانە نابینێ کە خەڵکی دیکە بەر لەو دیتوویانە، بەڵکوو ئـەو تـەیار بـە "هونـەری دیتن"ە و لە هەر شتێکدا پاژە نادیار و نە ناسراوەکانی دەخاتەڕوو.

ئــەنجامگیری یــا بــن چــنینی گوزارشــتیش وەك دەسپێکەکەی گرنگە، ئـەنجامگیری درێـژەو کۆتـایی هێنـانی لۆژیکانـەی دەسـپێك و ناوئاخنـە، لێـرەدا تەقەلای گوزارشت نـووس بـۆ ئـەو مەبەسـتەیە کـە گوزارشت لە پرسیار داچۆڕێنێ و بگا بە و ئامانجە کە خوێنەر رازی بکاو لەو دڵە دواییە رزگـاری بکـا کـە لەسـەرەتادا و بـەر لـە خوێندنـەوەی گوزارشـتەکەی هـەیبوو. لێـرەدا خوێنـەر گەیشـتووە بـە وەڵامـی "لەبەرچی؟" و "چۆن؟"یەکانی.

باشترین دەرهێنان ئەوەیە کە پێوەندی نێوان دەسپێك و ئەنجامگیری بەهێزبێت، بۆ ئەم کارەش دەبێ: زۆرترین وێکچوون لە نێوان دێڕی دەسپێك و ئەنجامگیریدا هەبێ.

زۆرجار دەسپێك بە پرسیارەوە دەست پێدەکرێ و لە ئەنجامگیریدا وەڵام دەدرێتەوە. واتە: لە دەسپێکدا پرسیارێك دەخرێتە بەرچاو، لە ناو ئاخندا شی دەکرێتەوە، بەڵگە و فاکتەرەکان دەخرێنە روو، لە کۆتاییشدا بە مل کەچبوونی رەوتی زانیارییە کۆکراوەکان و بەڵگەکان دەگەینە وەڵامە پۆزەتیڤ یا نەگەتیڤەکان.

جاری وایە ئەنجامگیری لە دژی دەسپێکدایە، واتە لە دەسپێکدا شتێك دەدرێ بە خوێنەر و لە ناو ئاخن شی دەکرێتەوەو دەخرێتە بەرباس و لە ئەنجامدا پەیامێك دژ بە دەسپێك وەردەگیرێ. لێرەشدا وێکچوونی دەسپێك و ئەنجام لە رواڵەتدا پارێزراوە، بەڵام ئەو جۆرەی لە دەسپێکدا هاتووەو خوێنەر خۆی لێ خۆش کردووە کۆتایی نایێ واتە چەکوچی یە.

**★ تێبینی: سەرچاوەیەکی دیکەی رۆژنامەنووسی یا رۆژنامەکانی دیکە کە بەر لە رۆژی کوردستان"١٩٢٢" بڵاوکرابێتنەوە لەبەر دەستمدا نەبووە، هەربۆیە لەو ساڵەوە دەستم پێکردووە.**


سەرچاوەکان:

a" بەزمانی فارسی :

١-سیر ارتباطات اجتماعی درایران، دکتر حمید مولانا، انتشارات "انشکده علوم ارتباطات اجتماعي ١٣٥٨ص٢٢

٢-فصل نامەی رسانه، ویژه نامه شماره ١ محمد مهدی فرقانی

٣- در امدی بر نظریه "ارتباطات جمعی، دنیس مككوایل، ترجمەی یرویز اجلالي، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانەها ص ٢٧٤

٤-نظریه های ارتباطات، ورنر سورین و جیمز تانکارد، ترجمە "کتر علی رضا دهقان، انتشارات دانشگاه تران ١٣٨١

٥-گزارش نویسی در مطبوعات، احمد توکلی، تهران مؤسسە ایران ١٣٧٦

٦-گۆڤاری رۆژنامەوانی- ژمارە"١٠"، ساڵی سێیەم، پایز، زستانی ٢٠٠٣

٧- گزارش نوویسی و آیین نگارش، مهدی ماحوزی، انتشارت، اساطیر، ١٣٦٤

٨- روزنامەنگاری، دکتر کاظم معتمد نژاد، انتشارات سپهر، چاپ سوم، ١٣٦٨

٩- ماهنامەی آدینە شمارە ٥٤ "نویسندەی شوخ و ژنرال عریان".

١٠ روزنامەی اطلاعات، ٧ دی ١٣٦٥

١١- گزارش و نگارش در روابط عمومی. تهران: انتشارات دانشگاه علامه طباطبايي، ١٣٧١

روزنامەی اطلاعات، بەنقل از نوول ابزرواتور ١٣٦٥/١١/٧

b" بەزمانی ئینگلیزی :

**1-Alfred E.lewis, "5 Held in Plot to Bug Democrat party office," Washington post, june 18/ 1972, p.1.**

**2- CARL Bernstein and Bob Woodward, All the President,s Men, "New York": Warner Books, Inc, 1974**

**3- Carl Bernstein and Bob Woodward, GOP Security Aide Among 5 Arrested in Bugging Affaris, "Washington Post, june 19/1972, p.1.**

# گەڕیانێك بەنێو باخچەی ریپۆرتاژو راپۆرتەهەواڵدا

**خالید بەکر ئەیوب**

**لە دوای چەندین وردە ژانی درێژخایەندا..**
**لە منداڵدانی دایکە هەواڵدا...**
**دوانەیەکی ـ نێرووومێ ـ ی ژیکەڵە و بزێو و پەل هاویشتوو... لە دایك بوو.**
**کچە بە ـ ریپۆرتاژ ـ نێونرا ... کوڕەش بە راپۆرتە هەواڵ ـ بانگ کرا.**
**کچەکە لە ئەندامی عیشقی هەواڵدا.. هەواڵ دەخولقێنێ..**
**کوڕەکەش بە بەردەوامی لە چیمەنی هەواڵەکاندا.. گوزەر دەکا.**

دوا بەدوای گوتارێکمان بەناوونیشانی (**هەواڵ و هەواڵنووس لە کورتەباسێکدا**)..

کە لەسەر لاپەڕەکانی ژمارە (١٠)ی گۆڤاری رۆژنامەڤانییدا بڵاو کرایەوەو تیایا سەبارەت بە هەواڵ و چۆنیەتی داڕشتنی و گرنگییەکەی دواوین، بە پێویستمان زانی لەسەر هەمان رێچکەی گوتاری ناوبراودا بڕۆین و درێژە بە باسەکە بدەین. ئەمجارەیان لەبارەی راپۆرتە هەواڵییەکان و کرداری ریپۆرتاژ و جۆرەکانیان و چۆنیەتی ئامادەکردنیان و داڕشتنیان بدوێین.

هەڵبەتە باسکردنی ئەم بابەتانە کارێکە وردەکارییەکی زۆری دەوێ و کارێکی ئاسان نییە، بەهۆی ئەوەوە بابەتێکی فرە لایەنەیەو لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە.

بۆ نموونە: کە دەڵێین (ریپۆرتاژو راپۆرتە هەواڵ) ئەوا بیرمان بۆ گشت بوارەکانی راگەیاندن، هەر لە رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆ، هەتا گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکە دەچێ، بەو پێیەی لە هەموو ئەم نێوەندانە بوونیان هەیە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن.

شان بە شانی ئەم تایبەتمەندییانەش تێکەڵییەکی دیاریش بەسیماکانیان لە (شێوەو ناوەڕۆکەوە) بەدی دەکرێ و چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە.

بۆیە هەوڵدەدەین، بە کورتی و بەشێوەیەکی گشتگیر بابەتەکە بخەینەڕوو، هیواداریین سوودبەخش بێ و خزمەتێکی بچووکمان بە راگەیاندن بە گشتی و رەوتی رۆژنامەڤانی بەتایبەتی گەیاندبێ.

## راپۆرتە هەواڵ

راپۆرت کە بەرانبەرەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا ـ **REPORT**ـ ە، لەلایەنی زمانەوانیدا لە هەردوو حاڵەتی (ناوو فرماندا) چەندین واتا وەك: (**پروپاگەندە، ناوو ناوبانگ، دەگێڕێتەوە، هەروەها باس دەکا، کورتکردنەوەی پەیامێك یا کۆنووسێك، هەواڵێك دەگوازرێتەوە، بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی فەرمی..**) دەگەیەنێ.

هەموو ئەم واتایانە (دوورونزیك) پەیوەندییان بە هەواڵەوە هەیە. تەنیا (پروپاگەندە) نەبێ کە لە بەرانبەرەکەی وشەی (**اشاعة**)ی‌عەرەبی دانراوە، رەنگە بیری خوێنەر بۆ هەواڵی بێ بنەماو دوور لە راستی و چەواشەکاری ببا.

بە بۆچوونی من پرۆپاگەندە لەم شوێنەدا ئەم مانایە نابەخشێ، وشەی (اشاعە) لە فرمانی(**یشیع**)ەوە هاتووە، ئەم فرمانەش بەواتای (بلاوەدەکاتەوە) دێ، یانی هەواڵەکە بە زۆرترین کەس و لایەن رادەگەیەنرێت، بەپێی ئەم چەمکە، پرۆپاگەندە زۆر لە هەواڵ و راپۆرتەهەواڵ نزیك دەبێتەوە.

راپۆرتە هەواڵ وەکو زاراوەیەك و چالاکییەکی هەمیشە ئەنجامدراو لە بواری راگەیاندندا، هەروەها بەپێی واتا ئاماژە پێکراوەکانی، دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی بکەین: **(گێڕانەوەو باسکردنی هەواڵێکی سەرەکی و چەند هەواڵێکی هاوشێوەو ناوەڕۆك و پەیوەندیدار بەیەکەوەیە، ئەم کردارەش بە رەچاوکردنی مەرجەکانی هەواڵ و درێژەی پێویست سەبارەت هۆکارەکان و کاریگەرییەکان و خستنەڕووی لایەنە جیاجیاکان و رەهەندەکان و دەرهاوێشتەکانی ئەم هەواڵانە جێبەجێ دەکرێت)**.

راپۆرتەهەواڵ بەشێکی گرنگ لەکاری راگەیاندن پێك دێنێ، ئەم کوڕە جوامێرو بە ئەمەکەی دایکە هەواڵ بە بەردەوامی لە باخچەی هەواڵاندا لە گەشتێکی بە تام و خۆش دایە و بەرگێکی قەشەنگ و دڵگیر بە بەر کاری راگەیاندن و رۆژنامەڤانی دەپۆشێ.

### ئامادەکەری راپۆرت ـ Reporter ـ

ئامادەکەری راپۆرتیش کە بەرامبەرەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا ـ **Reporter** ـە، لە وشەی (**Report**ـ)ە وە هەڵێنجراوە، بە واتای (**پەیامنێری رۆژنامە**، بێژەر، راپۆرت نووس، **هەواڵدەر یاخود هەواڵگر، کورتکەرەوەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان و دانیشتنە فەرمییەکان..**) دێ.

بە چڕکردنەوەی ئەم واتایانەو تێهەڵکێشکردنیان و هەوڵدان بۆ هەڵێنجانی واتایەکی دیاریکراو، هەروەها بە پێی واتاکانی راپۆرت(**Report**) ی لێ وەرگیراوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە (**Reporter**) بە واتای ـ ئامادەکەری راپۆرتە هەواڵ ـ دێ.

کاری ئامادەکەری راپۆرتە هەواڵیش (**Reporter**)کارێکی سادەو بێ گرێ نییە، بەڵکو کارێکی ئاڵۆز و چەند لایەنەیەو پێویستی بە دیارخستنی پەیوەندییەکان و ریزبەندی هەواڵەکان و رووداوەکانە، بەشێوەیەك سەرنج راکێش و کاریگەربێ و بێزاری بەخش نەبێ.

**کاری ریپۆرتەرپێویستی بە دیارخستنی پەیوەندییەکان و ریزبەندی هەواڵەکانە بەشێوەیەك بێزاری بەخش نەبێ.**

ئامادەکەری راپۆرتە هەواڵ بە بەراورد لەگەڵ هەواڵنووس پانتاییەکی فراوانی لە هەواڵ و چالاکی لەژێر دەستەو دەرفەتی ئەوەی هەیە زێدەتر بدوێ و لایەنە جیاجیاکانی رووداوەکان روونکاتەوەو بیروڕای کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان بخاتەڕوو، بۆیە ریپۆرتەر پێویستی بە پێشینەیەکی سیاسی و هزری و رۆشنبیرییەکی گشتی فراوان هەیە، جگە لە خۆ ئامادەکردن و ژیری و وریایی و دڵسۆزی و راستگۆیی کە لەمەرجە بنەڕەتیەکانی ریپۆرتەرن.

کاری ریپۆرتەرپێویستی بە دیارخستنی پەیوەندییەکان و ریزبەندی هەواڵەکانە بەشێوەیەك بێزاری بەخش نەبێ، سەرەڕای ئەم هەموو مەرج و سیفەتانە پێویستە ریپۆرتەر بوێرو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بێ و لەبواری کۆمەڵایەتییدا رێزگیراوو خۆشەویست بێ.

بۆ ئەوەی بێ سڵکردنەوەو بێ سڵەمینەوە لە ئەنجامەکان، هەوڵی ئەوەبدا تیشکی بەهێز بخاتە سەر راستی رووداوەکان.

## چۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتە هەواڵ

بۆ ئامادەکردنی راپۆرتە هەواڵ چ بۆ رۆژنامە یاهەر کەناڵێکی راگەیاندن (بینراو و بیستراو)، هەروەکو لەپێناسەکەیدا ئاماژەی پێکراوە، ریپۆرتەر پشت بە هەواڵێکی سەرەکی و چەند هەواڵێکی پەیوەندیدار و هاوشێوەو ناوەرۆک دەبەستێ، مەبەست لە هەواڵی سەرەکیش(**هەواڵێکە رووداوو چالاکییەکانی فراوانە، بۆیە وردە هەواڵی دیکەی لێ دەبێتەوە**).

پێویستە لەسەر ریپۆرتەر ئەم رووداوو چالاکییانەی لەپاشکۆی هەواڵی سەرەکییدا روو دەدەن، ئاماژەیان پێبکا و خوێنەر و بینەر و بیسەریان لێ ئاگادار بکاتەوە.

بۆ نموونە: گەر هەواڵی سەرەکیمان (**بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان یا کۆنفرانسێك لەسەر ئاستی جیهانییدا دەربارەی"رەگەز پەرستی" لە شارێك لە شارەکاندا**) بێ، ئەوا بێگومان چەند رۆژێك دەخایێنێ و چالاکی جۆراوجۆر بەخۆوە دەبینێ، لەم حاڵەتەدا بۆ (**هەواڵنووس**) ئەوەندە بەسە جێگەو شوێنی بەستنی کۆبوونەوەکەو رۆژانی بەردەوامبوونی و لایەنە ئامادەبووەکانی و ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی چالاکییەکە بە چەند دێڕێك دیار بکاو بخاتەروو.

کەچی لە بەرانبەر ئەمەدا ریپۆرتەر ئەم کردارەو چەندین کرداری دیکەی دەکەوێتە سەرشان، وەکو ئاماژەکردن بە:

(لایەنە بەشداربووەکان.. ژمارەیان.. ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون، بیروبۆچوونیان، پێشینەی رۆشنبیریان و زانیارییان سەبارەت بابەتی چالاکییەکە، بیرۆکەو پێشنیارەکانییان، هەڵوێستییان.. رووداوەکانی دانیشتنی یەکەم، گوتەی سەرۆکایەتی، کورتەیەك لە گوتەکانی شاندەکانی بەشداربوو، گفتوگۆکان، ئەو پێشنیارانەی خراوەتەروو، لێژنە پێکهاتووەکان، لایەنە بەشداربووەکانی، جۆری چالاکییەکان.. دانیشتنی کۆتایی، گوتارە پێشکەشکراوەکانی ئەم دانیشتنە، داواکاری و چارەسەرییەکان، بەیاننامەی کۆتایی.. هتد).

ئەمانە هەرهەموو بەڵکو زێدەتریش، رەنگە هەندێ شتمان بیرچووبێ، پێویستە راپۆرتە هەواڵ زانیاری دەربارەیان دیاربکا، گەر ئەم کارەش بەیەك راپۆرتە هەواڵ ئامانجی نەپێکا، بەتایبەتی لەم حاڵەتانەی چالاکییەکان بۆ چەند رۆژێك بەردەوام بن، ئەوا چەند راپۆرتە هەواڵێك ئامادە دەکرێ، وەك ئەوەی **راپۆرتی یەکەم** بۆ گەیشتنی شاندەکان و دانیشتنی یەکەم تەرخان بکرێ، **راپۆرتی دووەم** بۆ رۆژانی کارکردن و ئەنجامدانی وتووێژەکان، ئەوەی **سێیەمیش** بۆ چالاکییەکانی دانیشتنی کۆتایی و بەیاننامەی کۆتایی ئامادە بکرێ.

راپۆرتە هەواڵ گێڕانەوەو باشکردنی هەواڵێکی سەرەکی و چەند هەواڵێکی هاوشێوەو ناوەرۆك و چەند هەواڵی پەیوەندیدار بەیەکەوەیە.

ئەوەی باسی لێوەکرا راپۆرتی هەواڵی سەرەکی بوو، بۆ زیاتر روونکردنەوەو سوودبەخشین، پێمان باشە چەند نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە، لەمیانیاندا نموونەیەك لە راپۆرتە هەواڵی پشت بەستوو بەچەند هەواڵێکی هاوشێوەو هاو ناوەرۆك بخەینەروو، وەك: رووداوی بوومەلەرزەیەك لە تورکیا، بوومەلەرزەیەکی دیکە لە جەزائیر، یەکێکی دیکەش لە ژاپۆن، کە ئەم کارەساتانە لەیەك کاتدا روویاندابێ یاخود ماوەی نێوانیان کاتێکی زۆری بەسەر نەچووبێ، لەم حاڵەتەدا ریپۆرتەر دەتوانێ راپۆرتە هەواڵی دەربارەی هەرسێ

**راپۆرتە هەواڵ گێڕانەوەو باشکردنی هەواڵێکی سەرەکی و چەند هەواڵێکی هاوشێوەو ناوەرۆك و چەند هەواڵی پەیوەندیدار بەیەکەوەیە**

رووداو رێك بخات و هۆكارەكانی روودانی ئەم دیاردەیە لە هەر وڵاتێك لەم وڵاتانە دەستنیشان بكا، زیانەكان دیاری بكاو بەراوردێك لەنێوان(**زیانەكان و چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكان و یارمەتییە مرۆییەكان و هەرشتێكی دیكەی پەیوەندیدار بەم كارەساتانە**) بەشێوەیەكی رێك و پێك بكا.

نموونەیەكی دیكە لەمەڕ راپۆرتە هەواڵی پشت بەستوو بە چەند هەواڵێكی پەیوەندیدار بەیەكەوە، وەكو: سەردانی بەرپرسێكی وڵاتێكی دیاریكراو یا دوان یا زیاتر بۆ چەند وڵاتێكی جیاجیا، بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجێكی هەنووكەیی یا چەند ئامانجێكی ستراتیژی، لێرەدا ریپۆرتەر ئەم هەواڵانە بەیەكەوە دەبەستێتەوەو ئامانجە ئاشكراكانی هەر سەردانێك روون دەكاتەوەو ئامانجە سەرەكییەكان دەخاتەڕوو.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بكرێ ئەوەیە كە ریپۆرتەر لەم حاڵەتەدا زۆرخۆی بەڕێورەسمی پێشوازییەكان خەریك ناكات، بەڵكو بەخێرایی ئاماژەی پێ بكاو زیاتر بایەخ بە گوتەی بەرپرسەكان و ناوەڕۆكی باسەكان بدا.

هەن سەبارەت بە هەواڵی جۆراوجۆر و چالاكی جیاجیا راپۆرتە هەواڵی دیكەش، كە بۆ یەك مەبەست و چەند مەبەستێكی لێك نزیك رێك دەخرێن.

وەك: هەواڵی مانگرتنی كرێكارانی كارگەیەك لە كارگەكان، هەواڵێكی دیكە لە شوێنێكی جیا خۆپیشاندانی كرێكاران بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی بژێویان رێكخراوە، لە وڵاتێكی دیكەدا كارمەندانی كۆمپانیایەك داوای بەرزكردنەوەی مووچە دەكەن، ئەم هەواڵانە (**هاوشێوە نین بەڵكو هاو ناوەڕۆكن**)، دەكرێ بكرێن بە راپۆرتە هەواڵێك و بەشێوەیەكی كاریگەرو سوودبەخش بخرێنەڕوو.

ریپۆرتەر هەواڵنووس ئاسا هەوڵی ئەوە دەدات بێ لایەنانە و راستگۆیانە هەواڵ و چالاكییەكان بخاتەڕوو، هەروەها پێویستە پێشینەیەكی سیاسی و هزری و رۆشنبیری هەبێ.

ریپۆرتەر، هەواڵنووس ئاسا، هەوڵدەدات بێ لایەنانەو راستگۆیانە هەواڵ و چالاكییەكان دابڕێژێت، بەرامبەر ئەمەش بۆی هەیە زۆر بە كورتی و خێرایی دیدوبۆچوونی تایبەتی خۆی دەربڕێ، ئەمەش هەر بەتەنیا بەمەبەستی لابردنی ئاڵۆزییەكان و بەرچاو رۆشنكردنەوەی وەرگر چ (خوێنەر یا بینەر و بیسەر)بێ.

هەروەها بۆشی هەیە ئاماژە بە (**بیروڕای لایەنە پەیوەندیدارەكان، یا كەسایەتییە شارەزاكان، لە بواری چالاكییەكاندا یاخود هەر بۆچوونێك راپۆرتەكەی پێ دەوڵەمەندبێ**) بكا، ئەمەش بەكورتی ئەنجام دەدرێ، واتا بەدرێژی و بەشێوەی دەق پەیڤەكان وەرناگیرێ، بەڵكو بەشێوەی كۆپلەو پەرەگراف ناڕاستەوخۆیانە دەخرێنە نێو چوارچێوەی راپۆرتەكەوە.

سەركەوتنی راپۆرتە هەواڵ، لەسەر چالاكی و ژیری و شارەزایی و رۆشنبیری ریپۆرتەر دەوەستێ.

ماوەبڵێین سەركەوتنی راپۆرتە هەواڵ لەسەر چالاكی و وریایی و ژیری و شارەزایی و رۆشنبیری ریپۆرتەر رادەوەستێ، هەرچەند راپۆرتە هەواڵ كورت و چڕ و پڕ واتاو سرنج راكێش و كاریگەر بێ، ئەوەندە لەسەركەوتن و ئامانج پێكان نزیك دەبێتەوەو وەرگر هوشیار دەكاتەوە.

## - ریپۆرتاژ - Reportage-

زاراوەی ریپۆرتاژ **Reportage** هەر لە (**Reporte**)وەرگیراوە، ئەم كردارەش لە هەموو نێوەندەكانی راگەیاندن(**خوێنراو بینراو بیسراو**) ئەنجام دەدرێ.

هەروەكو راپۆرتیش هەواڵێكی سەرەكی و چەند هەواڵێكی هاوشێوەو ناوەڕۆك، یا پەیوەندیدار بەیەكەوە دەكاتە بنەماو كاریان لەسەر دەكا، بەڵام

ئەوە هەیە کرداری ریپۆرتاژ(جاری وا)خۆی هەواڵ و چالاکی دەخولقێنێ و گۆمە وەستاوو هێمنەکان دەشلەقێنێ و هەواڵیان لێ وەدەست دێنێ.

بەمەبەستی ناسینی ریپۆرتاژ و تێگەیشتنی شێوازێکی تازە بەکاردێنین، ئەویش بەهۆی خستنەرووی چەندین جیاوازی لەنێوان راپۆرتە هەواڵ و ریپۆرتاژدا، چۆنیەتی ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی کرداری ریپۆرتاژمان لا روون دەبێتەوەو لایەنی دیکەی راپۆرتە هەواڵیشمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

## جیاوازییەکانی نێوان ریپۆرتاژ و راپۆرتە هەواڵ

١ـ ریپۆرتاژ لە راپۆرتە هەواڵ بواری زیاترە، دەرفەتی ئەوەی هەیە درێژە بە بابەتەکە بداو بەتێرو تەسەلی باسی لێوە بکا و هەموو لایەنەکانی روونکاتەوە.

٢ـ ریپۆرتاژ زێدەتر لە راپۆرتە هەواڵ پشت بەخستنەرووی دید و بۆچوونەکان دەبەستێ و قسەو گوتەی لایەنە جیاجیاکان دەقاو دەق دەگوازێتەوە، بۆیە دەتوانین چاوپێکەوتن و دەقی پەیڤەکان بە بڕبڕەی پشتی ریپۆرتاژ دابنێین.

٣ـ لە راپۆرتە هەواڵدا **(ریپۆرتەر)** زیاتر رۆڵ دەبینێ و هەواڵەکان و درێژەی چالاکییەکان دەخاتەروو، لەکاتی پشت بەستنیش بە بیروراو بۆچوونی دیکە ئەوا بە کورتی و ناڕاستەوخۆیانە دەست نیشان دەکرێت.

٤ـ لەکۆتایی هەر ریپۆرتاژێکدا پێشنیار و چارەسەرییەکان دەخرێنەروو، داواش دەکرێ جێبەجێ بکرێن، لە راپۆرتە هەواڵ ئەمە زۆر بە دەگمەن روودەدا، گەر ئاماژەشیان پێ بکرێ، ئەوا بروسکە ئاماژەکردنێک دەبێ.

٥ـ ئامادەکەری ریپۆرتاژ کە لە کۆتایی کارەکەیدا لەلای مەبەستە ، بگاتە ئەنجامێك یا چەند ئەنجامێك، کەچی ئامادەکاری راپۆرتە هەواڵ، کەمتر ئەمەی لا مەبەستە، زیاتر مەبەستی خستنەرووی هەواڵ و رووداوو چالاکییەکانە.

٦ـ ریپۆرتاژ کردارێکی گۆڕەپانییە، ناکرێ هەر تەنیا پشت بەسەرچاوەکان ببەستێ، بەڵکو چاوپێکەوتنی راستەوخۆو گەشتی گۆڕەپانی بۆ ریپۆرتاژ لە بنەما سەرەکییەکانە، هەروەها دەبێ پەیامنێرێکی رۆشنبیر و ژیر یاخود کەسێکی پسپۆر جێبەجێی بکا، لە بەرامبەردا راپۆرتە هەواڵ، **(هەندێ جار)** دەکرێ بە پشت بەستن بە سەرچاوە هەواڵییەکان هەر لەلایەن نووسەرانی نێوەندی راگەیاندەکەو لە نووسینگەدا ئامادە بکرێ، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا هۆیەکانی پەیوەندیکردن و ئینتەرنێت زۆر پەرەی سەندووەو هەواڵەکان، چرکە بە چرکە، بە هەموو لایەکی جیهاندا بلاودەبنەوە.

٧ـ راپۆرتە هەواڵ، زۆرجاران، بەیەك کۆپلە ئامادە دەکرێ و کەمتر بەشی جیاجیا بەخۆوە دەگرێ، کەچی ریپۆرتاژ لە چەند بەشی جۆراوجۆر پێك دێ، وەك: **(بەشی پێشەکی، بەشی دیدەنییەکان، بەشی گرفتەکان، بەشی چارەسەرییەکان هتد..)**

٨ـ بەپێی ئەوەی کرداری ریپۆرتاژ کردارێکی گۆڕەپانییە و چەندین چاوپێکەوتن و دیدەنی پێویستە، بۆیە ماوەی ئامادەکردنی لە راپۆرتە هەواڵ درێژترە، جاری واش هەیە ئەم ماوەیە زیاتر لە رۆژێك دەخایەنێ.

٩ـ لە راپۆرتە هەواڵ، **(تازەیی)** رووداوو چالاکی لەمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنیەتی، بەلام لە ریپۆرتاژ دا بە بەراورد لەگەڵ راپۆرت ئەوەندە تازەیی مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست ناوەرۆکی بابەتەکەیەو داپۆشینی فرە لایەنەی چالاکییەکەیەو گەیشتن بەئەنجامێکی نەخشە بۆ کێشراو.

١٠ـ**(پێشەکی)** بۆ ریپۆرتاژ دەروازەیەکی پێویستە و بەبێ پێشەکی کردارەکە بەناتەواوی دەردەچێ، ئەم پێشەکییەش پێشینەی بابەتەکەو هەندێ زانیاری سەبارەت چالاکییەکە بەخۆوە دەگرێ، بەرامبەر

ئەمەش، راپۆرتە هەواڵ، مەرج نییە (**پێشەکی**) هەبێ، زۆرجاران راستەوخۆیانە یاخود بە(**پێشەکی**) زۆر کورت هەواڵ و رووداوەکان دەخاتەروو و بەدوایاندا دەچێ.

## دیدەنی و چاوپێکەوتنە و گواستنەوەی دەقی پەیڤەکان بەبڕبڕەی پشتی ریپۆرتاژ دەژمێردرێن

دوای ئەم بەراوورده بۆمان دەردەکەوێ کەپانتایی کرداری ریپۆرتاژ فراوانترە، ئەم کردارەش دوور لەنووسینگەکانی راگەیاندن جێبەبەجێ دەکرێ و بابەتی چالاکییەکەی لا مەبەست و لەکۆتایی هەر ریپۆرتاژێکیشدا پێشنیارو چارەسەرییەکان و داواکارییەکان دەخرێنە روو، ئەوەش بەو مەبەستەی کە ئەو بابەتەی ریپۆرتاژەکەی سەبارەت ئەنجامدراوە، بەرەوپێش بچێ و کێشەو گرفتەکان چارەسەربکرێن.

## ریپۆرتاژ ئامادەکردن

ریپۆرتاژیش، وەك راپۆرتە هەواڵ، سەبارەت هەواڵێکی سەرەکی و هەواڵی هاوشێوەو ناوەرۆك هەواڵی پەیوەندیدار بەیەکەوە رێك دەخرێ. بۆنمونە: کاتێ چالاکییەکی گەورە و فراوان، چ لەسەر ئاستی حکومی و سیاسی، یا رۆشنبیری و هزری، یاخود هونەری و وەرزشی، ساز دەکرێ، رەنگە بەهەواڵێك و راپۆرتە هەواڵێ درێژە و ووردەکارییەکانی ئەم چالاکییە بەتەواوی دانەپۆشرێ و تینوییەتی وەرگر(**خوێنەر، بینەر، بیسەر**) نەشکێنێ. جا لێرەدا گرنگی ئەنجامدانی ریپۆرتاژ بەدیار دەکەوێ و پەیامنێرەکانی رۆژنامەوکەناڵەکانی راگەیاندن، بەمەبەستی ئامادەکردنی ریپۆرتاژ، لە شوێنی چالاکییەکە ئامادە بن، ئاگاداری پێشوەختەی پەیامنێرانی رۆژنامەو نێوەندەکانی راگەیاندن لە رۆژی کردنەوەی چالاکییەکە، کرداری ئامادەکردنی ریپۆرتاژ ئاسانتر دەکاو پەیامنێران دەتوانن خێراترو ووردتر کاربکەن و زانیاری تەواو دەربارەی چالاکییە چاوەرنکراوەکە وەرگرن و ریپۆرتاژەکەیان پێ دەوڵەمەنتر بکەن. ئەرکی سەرشانی پەیامنێر، نێردراو یا ئامادەکەری ریپۆرتاژ، ئەوەیە کەپێشوەختە، گەر نەشکرا هەر زوو بە زوو زانیارییەکی گشتی دەربارەی چالاکییەکە وەك: (**رۆژانی سازدانی چالاکییەکە، شاندە بەشداربووەکان، هەڵوێستیان، ئەو بابەتانەی دەخرێنەروو، ئەو چالاکیانەی پێشکەش دەکرێن...هید**) وەربگرێ. مەبەستی سەرەکی لەم کارە ئەوەیە، پەیامنێر یاخود سازدەری ریپۆرتاژ پێشینەیەك پەیدابکاو لەنووسینی (**پێشەکی**) ریپۆرتاژەکە کاریگەرانە بەکاری بێنێ. دواتر لەبەر تیشکی ئەم زانیارییانەو دیدو بۆچوونی بەشداربووانی چالاکییەکە، پرسیاری گونجاو دادەرێژێ و بیرورای لایەنە بەشداربووەکان و هاوەڵاتیان و کەسایەتیە پەیوەندارەکان دەخەنە روو، لە ئەنجامدانی ئەم کارە ئامێری تۆمار(تەسجیل) پێویستەو ئاسانکارییەکی تەواو بۆ ئامادەکەری ریپۆتاژ دەستەبەر دەکا. جگە لەمانەش خستنە رووی گرفت و کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و پێشنیارو داواکارییەکان و ئەنجامەکان و کاری دیکەی پەیوەندیدار بەچالاکییەکە لەمیانی ئیش وکارەکانی ریپۆرتاژنووسە، هەروەها خستنەرووی لایەنە گەش و دیارەکان و کاریگەرەکانی چالاکییەکە بەشێوەی کۆپلەو پەرەگراف(**جار نا جار**) لەنێوان بابەتەکانی ریپۆرتاژەکە، کارەکە لەسەرکەوتن نزیك دەکاتەوە و جوانی و دڵگیری پێ دەبەخشێ. هەڵبەتە مەرج نییە دیدەنییەکان بە(**گەورەبەرپرسان**) وەك سەرۆك و دەستەی کارگێری چالاکییەکە دەست پێ بکا، بەڵکو جۆرو ناوەرۆکی بابەتیانەی چالاکییەکە چۆنییەتی بەرێوەچوونی ئەم کارە دیاری دەکا، جاری واهەیە هاووڵاتیان و کەسایەتییە دەرەکییەکانی چالاکییەکە لەم بوارەدا بەپلەی یەکەم

دێن. سەبارەت پێشەکیش گەر پێویستی کرد درێژەی هەبێ، ئەوا دەکرێ بەسەر چەند بەشێك دابەش بکرێ و لەنێوان ریپۆرتاژەکە هەر جارەی بەشێکی بخرێتە روو.

## ریپۆرتاژ نووس دروستکەری هەواڵ و چالاکییە

زۆرجاران ریپۆرتاژ نووس چاوەڕێی رووداوی هەواڵ و چالاکی ناکا، بەڵکو خۆی هەوڵی ئەوە دەدا بەدوای چالاکی و هەواڵدا بگەڕێت، بەدەربڕینێکی وردتر هەواڵ و چالاکی دەخولقێنێ و دروستیان دەکا. بۆ ئەوەی ئەم چەمکە روون کەینەوە دەڵێین: ریپۆرتاژنووسێك گوندێکی دوورە شارستانی هەڵدەبژێرێ وسەردانی دەکا، ئەم گوندە بەپێی شوێنەکە دوورە لەهەموو هەواڵ وچالاکییەك، کاری ریپۆرتاژنووس لەم حاڵەتەدا ئەوەیە تیشکی راگەیاندن بخاتە سەر ئەم گوندە فەرامۆش کراوە.

## ریپۆرتاژ نووس دەتوانێ هەواڵ و چالاکی بخولقێنێ پو دروستیان بکا

بۆ نووسینی (پێشەکی) ئەم ریپۆرتاژەش ئەوا ریپۆرتاژنووس دەتوانێ زانیاری دەربارەی ئەم گوندە: **(وەك ژمارەی خانووەکان، ژمارەی دانیشتوانی، دووری گوندەکە لەشارەوە، سەرچاوەکانی ئاووکارەبا، باری بژێوی دانیشتوان، سەرچاوەکانی داهات....هید)** بخاتەروو. دواتر دیدەنی و چاوپێکەوتن، لەگەڵ گوندنشینان و ئەنجوومەن و موختاری گوند ساز دەکاو کێشەو پێشنیازەکان دیاری دەکاو چاکتریشە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، **(ریپۆرتاژنووس)** روو لە نزیکترین یەکەی کارگێڕی بەرپرس بکا، بۆ ئەوەی سەبارەت چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دیدەنییەکی لەگەڵ رێك بخاو لەکۆتایی ریپۆرتاژەکە ئەنجام و چارەسەرییەکان دەست نیشان بکا، بەم جۆرە ریپۆرتاژنووس توانی بۆ ئەم گوندە لە بیرکراوە هەواڵ وچالاکییەك بخولقێنێ.

بەهەمان شێوە ریپۆرتاژنووس دەتوانێ شوێنی جیاجیای وەك: **(دەزگایەکی مەدەنی - حکومی - خزمەتگوزاری - رۆشنبیری - کۆمەڵایەتی - زانستی)** دیاری بکاو لە بێدەنگی و بێ هەواڵی رزگاریان بکاو گرفتەکانیان بۆ دەست نیشان بکاو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. ئەم خولقاندنی هەواڵ و چالاکییە تایبەتمەندییەکی کرداری ریپۆرتاژە، کە بەگشتی بەشێکی هەرە گرنگ لەکاری رۆژنامەڤانی و راگەیاندن پێك دێنێ.

## چاوپێکەوتن و دیدەنی - لقاء

کرداری چاوپێکەوتن و دیدەنی دەتوانرێ بەشێوەیەکی مەیدانی یاخود لە بارەگای رۆژنامە یا لەنووسینگەی نێوەندی راگەیاندندا سازبکرێ. ئەم کردارە دەکرێ بەتاك و دوانە و کۆمەڵ ئەنجام بدرێ، هەرچەندە چاوپێکەوتن و دیدەنی بەشێکی سەرەکی کرداری ریپۆرتاژن، بەڵام وەك کردارێکی سەربەخۆ تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە. ئەنجامدانی دیدەنی و چاوپێکەوتن، جاری واهەیە بەجۆری(تاك) پێشکەش دەکرێ، لەم حاڵەتەدا کەسایەتییەکی سیاسی، یاحکومی بەرپرس یاخود رۆشنبیری و هزری، دەست نیشان دەکرێ بۆ ئەوەی دیدەنییەکی لەگەڵ سازبکرێ، لێرەداپێویستە پەیامنێر یا سازدەری دیدەنییەکە لەبارەی بابەتی گفتوگۆکەر یا کەسایەتییەکە زانیاری تەواو پەیدابکا بۆ ئەوەی لەکاتی پێشکەش کردنی چاوپێکەوتنەکە وەك **(پێشەکی)** بەکاری بهێنێ و لە دارشتنی پرسیارەکان و پێشنیارەکان و وروژاندنی بابەتی جۆراوجۆر سوودی لێ وەربگرێ. ئەوەی لێرەدا گرنگە زانین و دیاریکردنی مەبەست و ئامانجەکانی دیدەنییە، بەومانایەی دیدەنی تەنیا بۆ دەرخستنی کەسایەتییەکە نەبێ و لەبازنەیەکی بەتاڵدا خول نەخوا، بەڵکو سوودێکی گشتی هەبێ و لەخزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێ.

جاری واش هەیە کرداری دیدەنی بەشێوەیەکی دوانەو کۆمەڵ ئەنجام دەدرێ. لێرەدا لەجیاتی کەسایەتییەك **(دوانە یاخود زیاتر)** بانگێشت دەکرێن. بابەتێکی. کۆمەڵایەتی ـ رۆشنبیری ـ هزری ـ خزمەتگوزاری ـ دیاری دەکرێ بۆئەوەی بیرورا دەربارەی ئالوگۆر بکرێ، مەرجیش نییە دیدو بۆچوونی کەسایەتییەکان وەك یەك بن، بەلکو جیاوازی بیرورا زیندوویی و دڵگیری بە چاوپێکەوتنەکە دەبەخشێ.

**لەکەنەڵەکانی(بینراوو بیستراو) بەهۆی پەیوەندییە راستەوخۆکانە دەرفەتی دەربرینی بیرورا بۆ هاوەڵاتییان رەخساوە**

کرداری چاوپێکەوتنی دوانەو بەکۆمەڵ لە بواری رۆژنامەنووسیدا لەکرداری ریپۆرتاژ نزیك دەبێتەوە، لەکەنالەکانی بینراو بیسراویشدا بە**(کۆڕ ـ ندوة)** ناودەبرێ. هەروەکو پێشتر باسمان لێوەکرد، پێویستە سازدەری ئەم جۆرە دیدەنییانە زانیارییەکی هەمەلایەنەی هەبێ، بۆئەوەی سەرکەوتووانە کارەکەی بەئەنجام بگەیەنێ، هەروەها توانای بەڕێوەبردنی گفتوگۆکانی هەبێ و بیروڕا جیاوازەکان بە سینگێکی فراوانەوە وەرگرێ.

ئەم دیدەنییانە، کاتێ کێشەیەك لە کێشەکانی کۆمەڵایتی یا خزمەتگوزاری یا سیاسی دەخەینە روو، زۆر کاریگەریانە لە دەست نیشانکردنی چارەسەرییەکان و دیاری کردنی پێشنیار سوود.

لەکەنەڵەکانی(بینراوو بیستراو) بەهۆی پەیوەندییە راستەوخۆکانە دەرفەتی دەربرینی بیرورا بۆ هاوەڵاتییان رەخساوە

بەخشی رۆڵ دەبینین. لەم بوارەشدا نابێ ئەوە لە بیر بکەین، کە لەکەنالەکانی **(بینراوو بیستراو)** دا، بەهۆی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو پەیوەندییە راستەوخۆکان، دەرفەت بۆ بەشداربوونی هاوولاتییانە رەخساوە، بەڵام لە(**خوێنراو**) دا ئەم دەرفەتە یا نییە یا زۆرکەمە، جا گەر سازدەری دیدەنی لە بەشی خوێنراودا ئەم دەرفەتە برەخسێنی و چالاکانە کار بکاو بیروڕای هاوولاتییانیش بخاتە روو، ئەوا کارەکە سوود بەخشتر دەبێ، بەمەرجێ هەوڵی ئەوە بدا کارەکە نەچێتە بازنەی کرداری ریپۆرتاژەوە، چونکە لەکرداری دیدەنی و چاوپێکەوتنا مەرج نییە لەهەموو حاڵە تێکدا هاوولاتییان بەشداری بکەن.

**زمانی دەربرین لەلای... ریپۆرتەرو ریپۆرتاژنووس ـ**

کاری راگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی و رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەڤانی بەتایبەتی، کارێکە زۆر جیاوازی لەگەڵ کارە هزری و رۆشنبیرییەکان هەیە. لەکاتێکا کارە**(ئەندێشەیی و پسپۆری و هزرییەکانە)** پێویستییان بەبیرکردنەوەو ووردبوونەوەو رامانەو ئیشی بابەتییانە و هەستی خودییانەیە، لەبەرامبەردا کاری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی پێویستی بەرۆشنبیری گشتی و شارەزایی و کارامەیی و چالاکی و بوێری هەیە. لەم روانگەیەوەو بەپێی خۆرسکی هەردوو کارەکە زمانی دەربرینیان لێك جیاوازە. بێگومان کارە هزرو پسپۆرییەکان پێویستیان بەزمانێکی تایبەت هەیە، گەر ئەم زمانە نەبێ ناتوانن بەپێی پێویست ئامانجەکانیان بپێکن و بەشێوەیەکی رێك و پێك باس لە مەبەستەکانیان بکەن و بیروڕاکانیان دەربڕن، کەچی کاری راگەیاندن،هەروەك لای رۆشنبیران زانراوە، کارێکە بەکۆمەڵانی خەڵکەوە بەندە، بۆیە زمانەکەشی پێویستە لەزمانی میللەت نزیك بێ و لەزمانی قاموسی و هزری بەدووربێ. سەبارەت زمانی دەربڕینیش لای ریپۆتەرو ریپۆرتاژنووس، سەرەڕای سادەیی و نزیکی لەزمانی میللەتەوە، ئەوا دەبێت زمانێکی وێژەیی سادە بێ و وشك و برینگ نەبێ،

تەرو پاراو بێ، لە زمانی شیعرو چیرۆك نزیك بێ، هونەری دەربڕینی تیابێ، ئەو کەسانەی ئەم کارانەش ئەنجام دەدەن، سەرەڕای شارەزایی و چالاکییان هونەرمەندو خاوەن روحێکی هونەری بن.

زمانی دەربڕین لای ریپۆرتەر و ریپۆرتاژنووس دەبێ زمانێکی ویژەیی و تەروپاراوو بێ و لەزمانی شیعرو چیرۆك نزیك بێ.

بۆ روونکردنەوەی ئەم گوتەیەمان دەڵێین: ریپۆرتەر کاتێ راپۆرتە هەواڵێك ئامادە دەکا، ئەمەکارێکە لە هونەری چیرۆك نووسین نزیکە، چونکە چەند هەواڵێ بەیەکەوە گرێ دەدات کەهەریەکێکیان وەك چیرۆکێك وایە، لێرەدا زمانی دەربڕین و هونەری دارشتن رۆڵیان دەبێ لەسەرکەوتنی راپۆرتە هەواڵەکە. یاخود کاتێ ریپۆرتاژنووس ریپۆرتاژێ سەبارەت بە فیستیڤاڵێکی هونەری یا وەرزشی یا دەربارەی کۆلێژێك لەکۆلێژەکان ئامادە دەکا، ئەوا ریپۆرتاژەکە زیندووترو دڵگیرترو بەرچاوتر دەبێ،کە پێشەکییەکەی بەدەربڕینێکی جوان و بەزمانێکی شاعیرانە بێ. ئەم گووتەیەش دژ بەو بۆچوونە ناوەستێ کەدەڵێ: (**زمانی راگایەندن و رۆژنامەڤانی زمانی میللەتە**)، نەك هەر دژی ناوەستێ، بەڵکو پاڵپشت و پشتیوانی ئەم بۆچوونەیە و پۆشاکێکی قەشەنگیش بەبەرکرداری راگایەندەکە دەپۆشێ و تام ولەزەتێکی تایبەتی پێدەبەخشێ و کاریگەرییەکی ئەرێیەتی دەبێ و هۆش و هەستی وەرگر رادەکێشێ و زیدەتر و قووڵتر ئامانجەکان دەپێکێ. ئاشکراشە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر سەرجەم نێوەندەکانی راگەیاندن و کاری رۆژنامەڤانی هێناوە، ئەم گۆڕانکارییەش هەر بەتەنیا لایەنە هونەرییەکان، وەك دابینکردنی پەیوەندییە خێراو راستەوخۆکان و هەواڵە دەستکەوتووەکان بەهۆی ئەنترنێتەوە نەگرتۆتەوە، بەڵکو گۆڕان بەسەر چۆنیەتی نووسین و دارشتنی

هەواڵیش هاتووە، هەڵبەتە راپۆرتە هەواڵ و کرداری ریپۆرتاژ دەکەوێتە بازنەی هەواڵەوە، ئا ئەوەتا دەبیستین و دەبیسین ودەخوێنینەوە کە چۆن(**هەواڵ**) بەچەند شێوەیەکی جیاواز پێشکەش دەکرێ، بەچەندین شێواز دادەڕێژرێ، چۆن بە رستەو دەستەواژەی سەرنج ڕاکێش دەست پێ دەکاو ناوونیشانەکە چەند ووروژێنەرو کاریگەرە، هەروەها راپۆرتە هەواڵ و ریپۆرتاژیش چۆن بەزمانێکی تایبەت، بەزمانێکی تێکەڵ لە(**زمانی میللی و زمانی ویژەیی**) ئامادە دەکرێ، کەچی.

زمانی راگەیاندنی کوردستانی تاکوئێستا زمانێکی تایبەتمەندی نییە، زمانێکە پێویستی بەپیاچوونەوەو توێژینەوە هەیە، ئەمەش ئەرکێکی هەنوکەییە، دواخستنی زیانێکی گەورەمان پێ دەگەیەنێ

چونکە لەم سەردەمەدا راگەیاندن و رۆژنامەڤانی ویژدانی زیندووی میللەت پێك دێنن، گەر بەدەسەڵاتی چوارەمیش نەژمێردرێن، ئەوا بێگومان دەنگێکی زوڵاڵن و ناکرێ فەرامۆش بکرێن. لەگوتەی کۆتایشدا دەڵێین، زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین، کە لە ئایندەدا میکانیزم و ئامرازەکانی راگەیاندن و رۆژنامەڤانی سەرەڕای هەواڵ و ریپۆرتاژو بەشەکانی دیکە، هەمووکارە ویژەیی و هزری و تەنانەت کارە پسپۆرییەکانیش لە ئامێز دەگرێ، بێگومان سیماو ناوەڕۆکەکانی سەردەمیش لەمیانی ئەم ئامرازەوە هەڵدەسەنگێدرێن و دەخوێندرێنەوە.

**سەرچاوە:**

**هەموو ئەو زانیاریانەی لەم گوتارەدا هاتون لە ئەزموونی تایبەتیم هەڵێنجاون.**

**تەنها زاروەکان(Reportere, Reporter, report) نەبێ ماناکانیان لە فەرهەنگی(المورد ـ منیر البعلبكي) چاپی/١٩٨٠/بیروت وەرگیراون.**

# تیراژی رۆژنامەکان

## قازانج و زەرەر لە فرۆشتنیان

**زەعیم ئەوەیە شێوەی شەمعی بێ**
**بۆ خۆی بسوتێ نەفعی جەمعی بێ**

پیرەمێرد



ئامادەکردنی: ئاشتی حەمە صالح
سەرپەرشتی : د.عزەدین مستەفا رەسوڵ
مامۆستای بابەت: د.مۆفەق دەرگەڵەیی*

## پێشەکی

بە گەڕانەوەیەکی خێرا لەکاری رۆژنامەو رۆژنامەگەریی کوردی ، بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژنامە گرنگییەکی ئێجگار گەورەی لەژیانی خەڵکدا هەبووە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە دوو بەیتی حاجی قادری کۆییە کە(٢٠)ساڵ پێش دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان نوسیویەتی و لەدەوروبەری ساڵی (١٨٧٠) دا زاراوەی جەریدەی بەکارهێناوە و خەڵکی هانداوە بۆ ئەوەی زیاتر لەبواری جەریدەدا کار بکەن، چونکە هەواڵو پەیامەکانیان لەو رێگایەوە باشترو زووتر بەخەڵك دەگات ، ئەمەش دەقی ئەو دوو بەیتەیە:

**صەد قائمەو قەصیدە کەس نایکڕێ بەپوولێ**
**رۆژنامەو جەریدە کەوتونەتە قیمەت و شان**

پاش ئەم مێژووەش، لەساڵی ١٨٩٨ دا جارێکی دیکە مدحت بەدرخان دەرکی بەگرنگیو پێویستی رۆژنامە کرد، بۆ ژیانی خەڵك بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتیو هەستا ئەو چرایەی هەڵکردو بە پێنوسەکەی رۆژنامەی کوردستانی دەرکرد، مەشخەڵی روناکی بەرزکردەوە.

هەرچەندە ئەم رۆژنامەیە (١٠٥) ساڵ پێش ئێستا دەرچووە، بەڵام لەڕاستیدا بەهای خۆی وەك رۆژنامە لەدەست نەداوە ، چونکە تەواوی نیازپاکیو دڵسۆزی بۆ گەلی کورد تێدابووە .

بەڵگەش لەسەر ئەم وتەیە بەشێك لەدەقی یەکەمین سەروتار دەخەینە بەرچاو :

**((رۆژنامەکەم ناو ناوە (کوردستان) تیایدا باسی سوودو قازانجی عیلمو مەعریفەت دەکەم ، لەهەر کوێ شەڕو شۆڕ روو دەدات ، دەوڵەتانی مەزن خەریکی چین ، چۆن شەڕ دەکەن چۆن تیجارەت دەکرێت ، دەمەوێت ئەو باسو خواسو حیکایەتانە لەم جەریدەیەدا بۆ کوردان باس بکەم)).**

هەروەها لەپاش راپەرینە مەزنەکەی بەهاری(١٩٩١) ی گەلی کوردستان بیانوی تاودانەوەی مەیدانی رۆژنامەو رۆژنامەنووسیی هاتە پێش‌و بوارەکە بەجۆرێك رەخسا کە روناکبیران بەگشتی توانیان لەرێی دەرکردنی رۆژنامەی جۆراو جۆرەوە ئەوەی لەمێشکیاندایە گوزارشی لێبکەن.

ئەمەش لەرێی یاسایەکەوە کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا دەرچوو رێگەی بەهەموو هاوولاتی‌یەك دا کەبیەوێت، بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو، گۆڤار یان رۆژنامە دەربکات.

ئەم هەڵو مەرجانە بوونە هۆی پەیدابوونی رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانە، هەروەها رۆژنامەی حزبی‌و رۆژنامەی نیمچە ئازادو رۆژنامەی ئەهلی‌و ...هتد .

لەراستیدا گەلێك لەم رۆژنامانە پێویستی‌یەك دروستی نەکردوون‌و لەئاست شارەزایی‌و تایبەتمەندی خۆیاندا نین‌و وەك تێبینی دەکرێت زۆریان لەناوەرۆکدا لەیەك دەچن‌و بگرە تەنها ناوەکانیان جیاوازە ، هەروەها زۆری ئەو رۆژنامانە وای کردووە کە زۆربەی خوێنەران ، فریای کرین‌و خوێندنەوەیان ناکەون ، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کەئەو رۆژنامانە هەڵو مەرجی فرۆشتنیان بۆ نەرەخسێنراوە وا بزانم کە هەرئەمەش هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن‌و لاوازبوونی رۆژنامەکانە.

بەهەرحاڵ نکولی لەوە ناکرێت کە نووسەری بەتواناو متواضع و کەلتوریکی دەولەمەندو رچەشکاندنێکی ئازادانە لەبواری رۆژنامەگەری کوردیدا لەئاراداییەو لەبوارەکانی بەهێزکردن‌و بەرزکردنەوەی هۆشمەندی خەڵکی کوردستانداو خزمەتێکی گەورەی پێشکەش کردووە توانیویەتی تا رادەیەکی باش وەك دەسەلاتی چوارەم رۆڵی خۆی، لەهێورکردنەوەو وروژاندنی جەماوەرو دەسەلاتدا ببینێ. بەلام دەکرێت ئەم هەنگاوانە بەهێزترو چالاکتر بکرێت بەرێکخستنەوەو خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ رۆژنامەو رۆژنامەگەریی کە ئەویش بەکارهێنانییەتی لەبواری ئابوری‌و داراییداو پاراستنی ئەم هونەرە وەك پیشەیەکی ئازادو سوودمەند وەك (وەلیم بیری) وتویەتی:

**((سەرچاوەی سەرمایەی کالیفۆرنیا لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەو کانە ئالتونانە بوون کە لە شاخەکاندا هەبوون.بەلام ئێستا سەرمایەکەمان لەو سلیلۆزەوە دەست دەکەوێت کەلەشێوو دۆلەکانماندا هەن))[١] (مەبەستی لەرۆژنامە بووە).**

کەواتە لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە رۆژنامەکان هەڵو مەرجی خوێندنەوەو فرۆشتنیان بۆ برەخسێت کە ئەو دووانە فاکتەری پێشکەوتنی یان لاوازبوونی رۆژنامەن.

پاش ئەوەی لە(٢٠٠٣/٢/١٢ ) دا فۆرمێکی راپرسیم گەیاندە هەریەك لەرۆژنامەکانی

١- گوران.
٢- برایەتی.
٣- یەکگرتوو.
٤- جەماوەر.
٥- بەلێندەران.
٦- بەدرخان.
٧- ژیانەوە.
٨- پیرەر.
٩- خوێندنی لیبرال.
١٠- کوردستانی نوێ.
١١ ) ئایندە.

فۆرمەکە خۆی لە(٢٩) پرسیاری تایبەتی لەبواری ئابووری رۆژنامەکاندا بینیەوە کە بریتی بوو لە(١٠) رۆژنامەی ناوخۆی کوردی کە لە ناو ئەو رۆژنامانەدا رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەی تێدابوو ،

هەروەها لە رووی جۆرەوە ژنان ، سیاسی، خوێندکاری ..هتد تێدابوو.

گەیشتمە ئەوەی کە ئەم رۆژنامانە چەندین گیروگرفتی ئابووریو ئیدارییان هەیە، هەر ئەم گرفتانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم رۆژنامانە هەندێکیان بەشێوەیەکی رێکو پێک دەرنەچنو لەکاتو شوێنی دیاریکراودا نەگەنە دەستی خوێنەرانو بگرە ئەم گرفتانەش کاریگەری ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆشی کردۆتە سەر ناوەڕۆکی رۆژنامەکان.

هەروەها گرفتێکی دیکەی هەندێك لەم رۆژنامانە ئەوەیە کەنەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەو ڕاستیەکی تەواو فۆرمەکە پڕ بکەنەوە یان هەندێك لەزانیاری‌یە گرنگەکانیان پڕ نەکردۆتەوەو ئەمەش گرفتی ئەوەی دروست کرد کەنەتوانین بەشێوەیەکی زانستیو ئەکادیمی تەواو رێژەکان دەربهێنینو ئاسانکاری تەواو بۆ خوێنەران بکەین.

**ئەمەش هەندێك تێبینی‌یە:**

١) لەگەڵ ئەوەی کەرۆژنامەکان لەتۆڕی ئینەتەرنێتدا هەن بەلاّم ڕێژەیەکی باشیش دەنێردرێنە دەرەوە، کەدەکرێت هەرچەند پێویست بێت لەرێی ئینتەرنێتەوە دەستگیر بکرێت.

٢) لە کۆی کارمەندانی رۆژنامەکان تەنیا (٥٤) کەسیان لەسەندیکای رۆژنامە نووسان ئەندامن ، ئەمەش دەکرێت چاوپیاخشاندنەوەی تێدا بکرێت ، چونکە دەتوانرێت لەم سەندیکایانەدا باری گوزەرانی رۆژنامە نووسان لەرێی دابین کردنی زەوی و دیاری کردنی مووچە بۆ ئەندامان لەکاتی نەخۆشیو خانەنشین کردنی ئەندامەکان لەکاتی پێویستدا زیاتر چاك بکرێت. چونکە لەڕاپرسییەکەدا دەرکەوت کە کارگێڕو کارمەندانی رۆژنامەکە زیاتر لەچینی هەژارو مام ناوەندن.

٣) بڕی ئەو پارەیەی کەدەدرێت بەنووسەری بابەتەکان لە رۆژنامەیەکەوە بۆ رۆژنامەیەکی دیکە جیاوازەو ئەمەش وایکردووە کە رۆژنامەنووسان لەبەر باری بژێوی خۆیان هەندێك تووشی لادان بن یان بابەتو تەوەرەی وا هەڵبژێرن کە لەگەڵ سیاسەتی ئەو جۆرە رۆژنامەیەدا بنووسن کەپارەی زیاتر بەنوسینەکان دەدات.

لەخشتەکەدا بەئاشکرا رێژەکە دیارەو جیاوازیەکی بەرچاو هەیە، تەنانەت رۆژنامەی وا هەیە، وەك خۆی نوسیویەتی، هیچ بڕە پارەیەك لەبری نووسەنەکان نادات!!

٤) بەپێی ئەو ڕاپرسی‌یەی کە ئەنجامان داوە هەندێك لەرۆژنامەکان هیچکام لەئەندامانی ستافی رۆژنامەکەیان ئەندام نین لەسەندیکای رۆژنامە نووسان ، کە ئەمەش دەکرێت بەدوو جۆر لێك بدرێتەوە ، یان دەبێ ئەو کەسانە باوەڕیان بەوە نەبێت کە سەندیکا بتوانێت هیچ خزمەتێك پێشکەش بکات " یان ئەندامانی ئەو دوو سەندیکایەی کوردستان بەپێی کاری پیشەی رۆژنامەوانی دیاری نەکراوە یان ستافی رۆژنامەکان لەئاست کاری رۆژنامەوانیدا نین تا بکرێن بەئەندام ...

٥) دەکرێت هۆکاری بەهێزبوونو لاواز بوونی رۆژنامەکان یان گرفتە سەرەکییەکان کە لەناو باسەکەدا هەن" هەر ئەوانەش دابنێین بەهاوکارو چاکسازی رۆژنامەکان.

ئەمانەو دەکرێت بەوردبوونەوەیەك لە باسەکە چەندین تێبینی دیکە تۆمار بکرێت ، بەلاّم ئەوەی کە لەلای من گرنگە ئەوەیە ، دەست خستنە سەر گرفتەکان چەندە گرنگە، لەوەگرنگتر ئەوەیە کە دەستی لێ هەڵنەگرین هەتا چارەسەری دەکەین.

هەنگاوێك بۆ چاکترکردنی رۆژنامەکانو ئاسانکردنی خوێندنەوەو فرۆشتنیان :


برایەتی
BIRAYETI

١) گرنگیدان بە هـەواڵ بـەمانا فراوانەکـەی، واتـە: گرنگی بدرێت بە:

* بەزانیارییـەکانی نـاو رووداوەکـان و تـازەیی رووداوەکەش ڕەچاو بکرێت .

* دیاریکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ (کەی ، کێ ، لەکوێ ، چی ، چۆن) و وەڵام دانەوەیان بـەپێی پێویست.

* چوونە ناو ناوەڕۆکی چەمکی هەواڵەکە.

* گۆڕینی هەواڵ بۆ شێوەیەك کەوا کار بکاتـە سـەر جەماوەر .

* هەڵبژاردنی دەقـەکانو گـەورەکردنیان لەبەرچـاوی خوێنەر: واتە بەجۆرێك دەربخرێت کە زووتر کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکاتو لەزهنیدا هەڵیبگرێتو بەئاسانی بچێتەوە سەری.

*بـەکارهێنانی وشـەی ئاسانو ڕەوان ، چ لـەڕووی نووسینو زمانەوانییەوە چ لەڕووی دەربڕینو گـوزارش لێکردن لەنووسینو بۆچوونەکانەوە.

* وروژانـدنی ئـەو هەسـتو سـۆزەی کـە لەلایـەن جـەماوەرەوە دروسـت بـووە، بەرامبـەر بەکێشـەو گرفتەکان بەجۆرێك کەشوێن هەستو سۆزی نووسـەر بکـەوێتوو ئـەویش پێشـڕەویان بکـات نـەك خـۆی بێلایەن دەربخات.

* دەبێ رۆژنامەوان بەپێی عەقڵیـەتو بیروباوەڕی جەماوەر واتاکانی خۆی دابڕێژێت بۆئـەوەی بتوانێـت گفتوگۆیـەکی ڕاسـتەو خۆیـان لەگـەڵ بکـاتو هـیچ کۆسپێك نەهێڵێت لەبەردەم خـۆیو جەماوەرەکەیـدا، بۆئەوەی بتوانێـت دەستخۆشـی هەڵوێسـتەکانیان لێ بکاتو هەڵوێستی نوێشیان بۆ دروست بکات.

* گرنگیدان بـەناوەڕۆکی هەواڵـەکان نـەك ڕواڵـەتی هەواڵەکان.

* دەستنیشان کردنی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دەخرێنە روو .

* نووسین دەبێ بەزمانی جەماوەربێت.

* دووركەوتنەوە لەلایەنگیریو دەمارگیری بەهـەموو جۆرەکانییەوەو پێشڕەوی کردنـی مـاف خوراوەکـان، بۆئەوەی ببنە دۆستی خوێنەر.

* قسەنەکردن بەناوی جـەماوەرەوەو مەگـەر بـەپێی داواو ڕاپرسی کردن لەگەڵ خۆیاندا نەبێت.

٢) گرنگی بدرێت بەکێشە ناوخۆییەکانی کوردستانو هۆکارو پێشنیارو بۆ چارەسـەر کردنیـان بخرێتـە روو بەپێی توێژینەوە ناوخۆییەکان ، تـا خوێنـەری ئـەو رۆژنامەیـە ون بوەکـانی خـۆی لـەو رۆژنامەیـەدا بدۆزێتـەوە، نـەك بەپێچـەوانەوە کەئێسـتا زۆربـەی بابـەتو نووسـینەکانی نـاو رۆژنامـەکان باسـکردنە

هەواڵنامەی کتێب

لەکێشەکانی دەرەوەی کوردستانو هۆکارو پێشنیاز بۆچارەسەر کردنیشیان هەر شتی دەرەکیەو خوێنەرانی کورد، سەرباری ئەوەی کەکێشەکانی خۆیان هەر بەردەوامە ئاشنا دەبێ بەچەند کێشەیەکی دیکەی جیهانی کە لە سەر ئێشە زیاتر هیچی بەدواوە نییە . بەڵام تێبینی بکەین ڕۆژنامەی (کوردستان) کە لە(١٠٥) ساڵ لەمەوبەر دەرچووەو لە دەرەوەی کوردستان دەرچووە بەڵام زیاتر گرنگی داوە بەکێشەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیو کوردستان بەگشتی.

٣) دوورکەوتنەوە لەموجامەلاتی سیاسیو خاتر گرتن لەبواری ڕۆژنامەنوسیندا بۆئەوەی ڕاستیەکان ڕاستەوخۆ بگەنە خوێنەرو خوێنەر چەواشە نەکرێنو مێشکی بەشتی بێسەرو بەرەوە داگیر نەکرێن سەبارەت بەهەڵوێستە سیاسییەکان بەجۆرێك کە خوێنەر لەخوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامەو بابەتەدا وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەست بکەوێتو بێمتمانە نەبێت بەرامبەر بەنووسینو نووسەرەکانیان . لێرەدا خوێنەر هۆگری ئەو ڕۆژنامەیە دەبێت متابعەی کاتو دەقیقەی دەرچوونی دەکات .

٤) ئاسانکاری لەڕووی دابەشکردنو گەیاندنی ڕۆژنامەکان ، کەئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆسەرکەوتن و بەردەوامی و کۆبوونەوەی خوێنەران لەدەوری.

لەبەرئەوەی کەئەمڕۆ هەواڵو زانیارییە هەنوکەییەکان لەناو ڕۆژنامەکاندا هەنو خوێنەرو لەو ڕێگایەوە زۆرێك لەهەواڵو ئاگاداریو هەندێ زانیاری فکریو مەعریفی دەست دەکەوێت ، خوێنەری ڕۆژنامەکە زۆر بەپەرۆشە کە ئەو ڕۆژنامەیە لە ئانو ساتی خۆیدا بگاتە دەستی. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بگاتە دەستی ئەوسا خوێنەرانو عاشقانی ئەو بوارانە پشت ڕۆژنامەیە نابەستن بەو وردە وردە لێی دەتەکنەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات پێویستە ڕۆژنامەکان پلانێکی گونجاو بگرنە بەر بۆ گەیاندنو دابەشکردنیان ، ئەمەش هەندێ ڕێنمایی دەوێت لەوانە:

ا) پێشخستنی ڕێگای فرۆشتنی ، فرۆشیارەکان ئەویش بەوەی کە ستافی ڕۆژنامەکە بەڵێنامەیەك پڕبکاتەوە لەنێوان خۆیو دەستگێڕەکاندا کە ئەمەش بەدوو شێوە دەبێت :

- ئەو ژمارانەی کەنافرۆشرێتو دەمێننەوە لەدەستگێڕەکە وەربگیرێتەوە ، بۆئەوەی هەرگیز سڵ نەکاتەوە لەفرۆشتنی ئەو جۆرە ڕۆژنامەیە و بواری زەرەکردنی کەم ببێتەوە، ئەگەر وانەکرێت ئەوا ئەو فرۆشیارە ئامادە نییە خۆی تووشی ئەو زەرەرە زۆرە بکات لەفرۆشتنی ئەو جۆرە ڕۆژنامەیە.

- دەکرێت قازانج بەپێی فرۆشتن بێت ، واتە: بەڵێننامەکە واپڕبکرێتەوە کەهەتا فرۆشیار ڕۆژنامەی زیاتر بفرۆشێت قازانجی زیاتری دەدرێتێ بەم جۆرە: لە (١٠) ژمارەی یەکەمدا ئەگەر نسبەتی قازانجی ٥٪ بێت ، ئەوە لە(٣٠) ژمارەی دوایدا (١٠٪) دەبێت ، یان هەر بڕێك کە ڕۆژنامەکە خۆی بەگونجاوی دەزانێت.

ب) زۆرکردنی ڕێگای بەشداری بۆ ڕۆژنامەکە واتە(اشتراك) لەم حاڵەتەدا ستافی ڕۆژنامەکە دەتوانێت لەڕێی پۆستەی نێوان شارەکانەوە ئەو ڕۆژنامەیە بگاتە وەکیلەکانو لەوێشەوە بەنزیکترین ناونیشان بگاتە دەستی خوێنەر. هەروەها وەرگرتنی پارەکەش چەند مانگێك جارێك بێت بۆئەوەی خوێنەر ڕۆژانە دەست بەگیرفانی خۆیدا نەکاتو فرۆشیاری ڕۆژنامەکەش ڕادەو بڕی فرۆشتنی ڕۆژنامەکە بزانێت .


لەدیدارێکی نێوان وەفدی ی.ن.ک و وەفدی وەزارەتی دەرەوەی چین

مام جەلال داوایکرد چین پشتیوانی ئەنجومەنی حوکمو عێراقێکی دیموکراتو فیدراڵو پەرلەمانی سەربەخۆ بکات

وەزیری یاریدەدەر لەوەزارەتی دەرەوەی چین: ئێمە هاوسۆزی قووڵی خۆمان بەرامبەر گەلی کوردو مەینەتییەکانی دەردەبڕین و پشتیوانی لێدەکەین بۆ ئەوەی هەموو مافەکانی خۆی بەدیبهێنێت...ل٢

کوێت پشتگیری بەشداریکردنی نوێنەری عێراق لەکۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب دەکات

کوردستانی نوێ
KURDISTANI NWE

٥) لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەکانی کوردستان لەسەر سیستمی ردعی دەستیان بەکارکردن کردووە، کە ئەمەش جۆرە ئازادییەکی بۆ رۆژنامەو رۆژنامەوان هێناوەتە کایەوە ، بەلام دەبێ خاوەنی رۆژنامەکە دووربکەوێتەوە لەو بارودۆخەی کەرۆژنامەو رۆژنامەنووسیی تێدا بەرپرسیار دەبن لەرووی یاساییەوە چ بەزیندانی کردن بێت یان بە غەرامە یان جاری وا هەیە رۆژناکە دادەخرێت ،

ئەمەش هەندێ رێنمایی یاساییە لەم بارەیەوە کە ئاماژە بەو کاتانە دەکات کەهەواڵ دەچێتە خانەی تاوانەوە:

- کاتێك دەچێتە ناو ژیانی تاکەکەس.
- ئەو کاتەی هەواڵەکە تەشهیری کەسێکی تێدابێت.
- ئەو کاتەی هەواڵەکە (قذف)ی تێدابێت بۆ کارمەندێکی گشتی بەبێ ئەوەی هەواڵنێرەکەی بتوانێت تاوانەکە بسەلمێنێت.
- ئەو کاتەی هەواڵەکە دەبێتە هۆی هەڵمالینی نهێنی سوپاو زیان بەسیستمی گشتی دەگەیەنێت.
- ئەو کاتەی هەواڵ باسی دەزگایەك دەکات کەبەماددەی قانونی نابێت باس بکرێت.
- ئەو کاتەی هەواڵەکە زیان بەئابوری وڵات دەگەیەنێت ......

٦) دروستکردنی سەکۆیەکی ئازادو راستگۆ دوور لەهەموو دەمارگیرییەکی حزبیو ئایدۆلۆجی کە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەو رۆژنامەیە متمانەی خۆی لەدەست بدات، خوێنەران نەتوانن بیکەن بەسەرچاوەیەکی باوەرپێکراو بۆ وەرگرتنی زانیاری ، چونکە راگەیاندنەکان زۆر زووتر کاریگەر دەبن بەبارو دۆخە جیاوازەکانەوە، بۆ نموونە: لەباری ئاشتیو ئاسایشدا جۆرێك بیردەکەنەوە گوزارشت لەهەواڵەکان دەکەن " بەلام لەبارودۆخەکە بوو بەبارودۆخی شەرو بەیەکدادان دوور نییە هەموو دەستەواژەکان پێچەوانە ببنەوە،و راستییەکان بشێوێنرێن لەپێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی کاتی کەئەمەش زەرەرێکی زۆر لە رۆژنامە دەدات .

٧) کەم کردنەوەی بابەتی رۆژنامەی زەرد کە ئەمانە هەرچەند رەواج دەدەن بە رۆژنامەکە بۆ سەردەمێکی کورتو چینێکی سەرەتای کۆمەڵ بەلام زەرەرێکی گەورە دەدات لە رۆژنامەکانو زۆرجار تووشی داخستن دەبنو رووبەرووی بەرپرسیاریەتی یاسایی دەبنەوە هەروەها وەك دکتۆر عزەدین مستەفا دەڵێ:

**((ئەوجۆرە رۆژنامەو بابەتە زەردانە وەك هەمیشە وان خەڵك بۆ ماوەیەك سەرخۆشی دەكاتو دەیخاتە ناوچەندین خولیاوە بەڵام پاش ماوەیەك بەبێ قازانج ئەوكەسە دێتەوە هۆش خۆی پاش ئەوەی كاتێكی زۆری خۆی فەوتاندووە)).**

هەموو ئەو كەسانەی كە ڕاپرسییەكەم لەگەڵ ئەنجام داون كۆكن لەسەر ئەوەی كەبابەت هەیە لەناو رۆژنامەكاندا بابەتی رۆژنامەی زەردن و ئەو بابەتانەش نامۆو نەشیاون بەدابو نەریتی كۆمەڵگەی لەبەر كەمی مەجال تەواوی ڕاپرسییەكە بلاوناكەمەوە[٢].

٨) دەرچوون لەجمودو ئەو كۆتو بەندەی كە رۆژنامەی كوردی تێكەوتووە، ئەویش وەك هەندێك لەرۆژنامەنووسان دەڵێن سیاسەتی: (زەرە نەبوونە بۆ پەزەكان) لێرەدا رۆژنامەو رۆژنامەنووسان بەهەمەوو جۆرێك هەوڵ دەدەن كەخۆیان لابدەن لەوەی كەشت ، بڵێن لەسەر دەسەلات ، یان ئەگەر شتێكیش بڵێن زۆر شەرمنانە، دەیڵێن. هەرچەندە دەوترێت رۆژنامە لەهەمەوو جیهاندا خەتی سوور بۆ دامو دەزگاو دەسەلات دادەنێت، بەلام رۆژنامەوانی ئێمە، بەپێچەوانەوە، هەر لەبەر ئەوەشە خوێنەری رۆژنامەی كوردی ئەوەی بۆ دروست نەبووە كە رۆژنامە پارێزەرێكە بۆ مافەكانی ئەوو بە هەمەوو جۆرێ لەسەری دێتە جواب، بۆیە خۆی بەخاوەنی ئەو رۆژنامەیە نازانێتو بەبەردەوامی نایخوێنێتەوەو، نایكڕێت و دوریش نییە حەز نەكات ببێت بەنووسەر بۆ ئەو جۆرە رۆژنامانە.

كەواتە دەبێ رۆژنامە وەك دەسەلاتی چوارەم ئەركی خۆی جێبەجێ بكات كەئەوان نوێنەری جەماوەرنو هەر كەمتەرخەمییەك لەلایەن ئەوانەوە لەمافە سروشتییەكانی جەماوەر كەم دەكاتەوە، لەگەڵ ئەوەدا كە رۆژنامە پێش ٣ سەدە كاری خۆی كردووەو شانبەشانی دەسەلاتەكانی تری پەرلەمانو پادشاو كەكێشەكە ئێستا یاسادانانو قچاو و جێبەجێكردن دەگرێتەوە.

٩) دروست كردنی رای گشتی ئەویش لەرێی دامەزراندنوەیەكی نوێی راگەیاندنی كوردیو دامەزراندنی ئاژانسی دەنگو باسو تۆری پەیامنێری لەسەرتاسەری كوردستاندا، كەئێستا تارادەیەكی كەم هەیە، گرنگی ئەوەش زانراوە كە یەكێك لەئامانجەكانی رۆژنامە ئەوەیە كەجەماوەر ئاگادار بكاتەوە لەو رووداوانەی كە دەگوزەرێتو دەبێ رۆژنامە رای گشتی دروست بكات بۆ رووداوەكان ئەویش لەرێگەی دروست كردنی سەنتەری راپرسیو ئاگادار كردنەوەی جەماوەر لەدەرئەنجامەكانی راپرسییەكان چ بۆ كاركردن بێت لەسەر جەماوەر یان دەسەلات.

١٠) دووركەوتنەوە لەنووسینی بابەتی لێكۆڵینەوەو بابەتی ئەدەبیو فەلسەفی بۆ رۆژنامە چونكە ئەم بابەتانە شتی هەنوكەیی نینو بەكاتێكی تایبەتەوە نەبەستراون دەكرێ لەشوێنی دیكەدا بلاوبكرێتەوەو شوێنی ئەو دابنرێ بۆ شتی رۆژانەی وەك: هەواڵ و ڕیپۆرتاژو ئەوبابەتانەی دەچنە خانەی كاری رۆژنامەوانییەوە.

١١) گرنگیدان بەرپیۆرتاژو نەخشەو رووی كاریگەری ئەو هونەرە لەسەر خەڵك ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەوە رەچاو بكرێن كە خوێنەران لەو سەردەمەدا چ رووداوێك كاریگەری هەیە لەسەریان .

هەروەها كەسایەتی ئەو كەسەش كە ریپۆرتاژەكە ئەنجام دەدات، رۆڵێكی گرنگ دەبینێت لەبەرجەستەكردنی، راستی لایەنەكانی رووداوەكەو چۆنیەتی هەنگاونان بۆ چارەسەرەكان. هەر ئەویش دەتوانیت گیان بكات بە وشەكانداو بەشێوەیەكی هونەرمەندانە ڕیزیان بكات بەجۆرێك كەخوێنەر بەبێ



یەکگرتوو
YEKGIRTU

ماموستا (سەلاحەدین )بەسەردانێك گەیشتە شاری سلێمانی

Fr.27- Jun-2003 -No. (444) Tenth Year Kurdistan - Iraq

٤٤٤

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەجیا پێشوازی لە شاندێکی باڵای حزبی شیوعی کوردستان و وەفدی

پەیوەندی کۆچی دوایی شێخ (محفوظ نحناح) دوە
ئەمینداری گشتی یەکگرتوو پرسەنامەیەك ئاراستەی

ئـــەوەی خـــۆی هـــیلاك بكـــاتو دووبـــارە شـــتەكان بخوێنێتەوە تێیان بگات.

ئەو كەسەی ریپۆرتاژێك دەنووسێ دەبـێ هونـەری گێڕانەوەی پێبێت: واتە چیرۆك نوسـین، چونكە ئـەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە كەبینویەتیو هـەروەها دەبـێـنین بتوانێت سەرجەمەیان زۆربەی ڕەگەزە سـەرەكییەكانی هەواڵ نووسین وەلآم بداتەوە.

١٢) بەكـەم نـەزانینی هێلّـە وورەكـانی كۆمەڵگـەی كوردی وەك ئـەوەی نـابێ سـوكایەتیان پـێ بكـرێنو لەڕیزو پلەیان كەم بكرێتەوە ئەوانەش وەك :

ئـاین ، سـەركردە ، ناوبـانگی تاكـەكانو پاراسـتنی نهێنییەكانیان و پاراستنی ئاسایشی گشتی.

بەلآم هەندێ دابو نەریت هەن كەخۆیان خستۆتە ئەستۆی دینەوە ئەوانە دەبـێ زیـاتر قسـەیان لەسـەر بكرێتو بەشێوەیەكی ناسكو هێمنانـە بەمەبەسـتی ڕاست كردنەوەیان چونكە ئەم جۆرە بوارانـە جێگـای سەرەنجی خەڵكنو بەدوایدا دەگەڕێن.

١٣) دابینكردنـی نرخـی گونجـاو بـۆ ڕۆژنامـەكانو هاندانی بۆ نووسینی بابەتی بـەپێزوو كەمكردنـەوەی معاناتو دژواری باری ئابوریـیان، جگـە لەمانـەش دروسـت كردنـی متمانـە بـۆ، ڕۆژنامەنووسـە دەسـتپێكەرەكان بەتایبـەتی گەنجـەكان بۆئـەوەی ئـەوانیش ئاواتـە خـواز نـەبن كـەپیر بـبن بۆئـەوەی نوسینەكانیان لەشوێنی دیارو بەرچاودا بلآوبكرێتەوە!

١٤) دانانی بەشی تـەرفیهی لەرۆژنامـەدا سـەرەنجی خوێنـەر ڕادەكێشـێ چ لەشـێوەی كاریكـاتێری بـێ تەعلیقو وێنەی تەعلیق لێدراوو سەرەنج ڕاكـێش كـە تەعبیر لەسیاسەت و بوارە جۆراو جۆرەكـانی كۆمـەڵ بكات و لەناو گریاندا پێكەنین دروست بكات یان بـە پێچەوانەوە، كەزۆر جار مرۆڤـــ لەبارێكی دەروونی نائاساییدایەو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت كەباری دەروونی خۆی ئاسایی بكاتەوە كەئەمـەش یـان بـەگریان یـان بەپێكەنین دەبێت.

١٥) كاركردن بەپێی ئەوپرنسیپو ئێتیكانەی كە بـۆ بـواری ڕۆژنامەگـەری دانـراوە لەجیهانـدا چـونكە ڕۆژنامەنووس دەخاتە بارێكی ئارامگرتوو كە لە هیچ شتێك سـڵ ناكاتـەوەو دەتوانیـت ئەركـەكانی خـۆی بەپێی پەیڕەوێكی ڕاستو دروست جێبەجێ بكـات، ئەمانەش هانی دەدەن كـە بوارەكـەی خـۆش بوێـتو بەردەوام كـاری بـۆ بكـاتو ڕۆژنامـەكانیش لـەرێی ئەووەوە گەرمو گورتر دەبن.

ئەمەش هەندێك لەو پرەنسیپانەیە:

* بەوردی چاودێری هەواڵەكان بكـات پـێش ئـەوەی بلآویان بكاتەوە .

هەواڵنامەی کتێب



پـرۆژە ...

جەماوەر

www.jamawar.org

هێزەکانی هاوپەیمانان ڕێگە لە هێزەکانی (PMF) دەگرن

* ئەگەر هەواڵێکی هەڵەی بلاوکـردەوە پۆزشـی بـۆ بهێنێتەوەو لەهەمان کاتیشدا ڕاستیان بکاتەوە.

* زانیاریەکان بەشێوەیەکی ڕاستو دروست وەربگرێن نابێ بەهیچ جۆرێك فشار بخاتە سەر خەڵك بۆ ئـەوەی زانیارییان لێوەربگرێت.

* قەدەغــەکردنی دەســتدرێژی بـۆ سـەر خــەڵكو نهێنیــیەکانی ژیانیــان وەك ئەوانــەی لــە شـێوەی (پاپارازی) کار دەکەن بـەدوای تایبەتمەنـدی خەڵکـدا دەگەڕێنو عەیبو عاری خەڵك دەردەخـەنو ژیانیـان دەشێوێنن.

* پاراستنی ئـەو نهێنییانـەی وەك زانیـاری وەریـان دەگـرین لەلایــەن کەســانێکەوە کەنایانــەوێ ئــەو زانیاریانەیان بـلاو ببێتـەوە مـەگـەر بـە ڕەزامەنـدی خۆیان.

* دەبێ بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان شێوەی یاساکانی ڕۆژنامەوانی ڕەچاو بکرێت بـەپێی توانـا سەرچـاوەی هەواڵ دیاری بکرێت.

* وەرگرتنی هەر بەرتیلێك بۆ بلاوکردنەوەی هـەواڵو زانیارییەکان قەدەغەیەو چونکە ڕۆژنامـەوان بـەهۆی بەرتیل وەرگرتنەوە ڕاستگۆیی خۆی لەدەست دەداتو لەوانەیـە زانیـاری دەربـارەی کەسـانێك بلاوبکاتـەوە کەبێتاوان بن.

* دەسـت درێـژی کـردن بۆسـەر گروپـی ئـایینیو ئیتنیکـی پێچـەوانەی ئێیکـی ڕۆژنامـە نوسـیەو ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی گرفت دەکاتەوە.

لەکۆتایدا

سوپاسی هەریەك لەم کەسایەتیو لایەنـە بەڕێزانـە دەکەم کە یارمەتیاندام بۆ ئامادەکردنی ئـەم باسـە چ وەك چاوپێکەوتن یان پڕکردنەوەی فۆرمەکان یان سوود وەرگرتن لەبابەتەکانیان کەبلاو بوونەتـەوە لەهەریـەك لەڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێو برایـەتی ئەمــەش ناوەکانیانە:

١- دەزگاکانی تایبەت بەدەرچوونی ئەو ڕۆژنامانـەی کەتوێژینەوەکەم لەسەر ئەنجامداوون.

٢- بــەڕێز دکتــۆر (عزالــدین مســتەفا ڕەســول) کەسەرپەرشـتیارو ، یارمەتیـدەری سـەرەکیم بـووەو سوودمەند بووم لە وتەکانی.

٣- دکتۆر (محمد دلێر) ڕاگری کۆلیژی زمان.

٤- سەمەد ئەحمەد- کوردستانی نوێ.

٥- تاریق جەوهەر- کوردستانی نوێ.

٦- مەریوان مەسعود- کوردستانی نوێ.

٧- م. ئەرسەلان بایز- کوردستانی نوێ

٨- د.عبداللە قەرەداغی- کوردستانی نوێ.

٩- عومەر فارس- کوردستانی نوێ.

١٠- فەرید ئەسەدسەرد- کوردستانی نوێ.

١١- ستران عبداللە- کوردستانی نوێ

١٢- د.ئەنوەر حسێن- کوردستانی نوێ.

١٣- ئاکۆ محەمەد- برایەتی .

١٤- بەدران ئەحمەد حەبیب- برایەتی .

١٥- فەرهاد محەمەد- برایەتی.

١٦- مەهدی صالح- برایەتی .

١٧- بەرهەم عەلی- برایەتی .

١٨- بروسکە نوری شاوەیس- برایەتی .

١٩- م. سامان فەوزی مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی.

٢٠- هەروەها سوودم لەناوەرۆکی هەندێ لەبابەتەکانی بەشی ڕاگەیاندن قۆناغی دووەم " بەتایبەتی هەردوو وانەی هەواڵ ژانرەکان و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە.

## گرفتو هۆکاری لاوازی ڕۆژنامەکان*

| | |
|---|---|
| پیرەر | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە نەبوونی کارمەندی پێویست دەرنەچوونی لەکاتی خۆیدا نەگەیشتنی بەشارو شارۆچکەکان لەکاتی خۆیدا. |
| برایەتی | نەبوونی شارەزایی لەدابەشکردنی ڕۆژنامەدا نەبوونی ڕۆژنامەنوسی کارامە نەبوونی ئازادی |
| جەماوەر | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە نەبوونی کارمەندی پێویست |
| گۆڕان | زۆری بەدیاری کردنی ڕۆژنامەکە دوو هەفتە جارێك دەردەچێت ناگاتە هەموو شوێنەکانی کوردستان ، (مانای ئەوەیە گرفتی گواستنەوەی هەیە) |
| یەکگرتوو | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە. نەبوونی کارمەندی پێویست. لاوازی پەیامنێرەکان. اعتباراتی حزبی. کەمی ڕۆژنامە نووسی پسپۆڕ. |
| خوێنەری لیبراڵ | نەبوونی کارمەندی پێویست. کێشەی دارایی نەبوونی کاتی پێویست بۆ کارمەندانی ڕۆژنامەکە چونکە هەموویان خوێندکارن |
| بەدرخان | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە کەم دەرامەتی |
| بەڵێندەران | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە نەبوونی کارمەندی پێویست زۆری بەدیاریکردنی ڕۆژنامەکە نەبوونی نوسەری تایبەتی(اختصاصی) زۆرو بۆری ڕۆژنامە لەکوردستاندا |
| ژیانەوە | گرفتی بلاوکردنەوە بەئەمانەت : واتە نەگەیاندنی |

| | |
|---|---|
| | ڕۆژنامەکە لەلایەن پرسگەکانەوە بۆ شوێنی مەبەست نەبوونی کادری پێویست |
| ئاینده | نەبوونی هۆکاری گواستنەوە نەبوونی کارمەندی پێویست |

## ئەو تایبەتمەندیانەی کەئەم ڕۆژنامانەی بەهێز کردووە

| | |
|---|---|
| پیرەر | قەبارە: چونکە بەدرێژایی دوای ڕاپەرین تاکە ڕۆژنامەیە بەقەبارەی گەورە ٥٦ر٥ ٧ دەردەچێت.زۆری لاپەرەکانی. |
| برایەتی | بوونی ئازادی بیرورا پێشکەوتنی تەکنیك تازەیی ڕووداوەکان |
| جەماوەر | بوونی هەواڵو بابەتی سەرنج ڕاکێش |
| گۆڕان | بوونی گوتاری ڕەخنە ئامێز ڕەنگاو ڕەنگی لاپەرەکانی بەبەردەوامی |
| یەکگرتوو | جۆراو جۆری بابەتەکانی دەرچوونی لەکاتی خۆیدا پێشکەوتنی لەرووی هونەرییەوە مسداقیەتی ڕۆژنامەکە |
| خوێنەری لیبراڵ | گۆڕانکاری لەسیستەمی پەروەردەو فێرکردندا بۆ سیستەمی کراوە قسەکردن لەسەر ئەو بوارانەی کە گەنج تیایدا بەشدارن بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی باش سەربەخۆیی بیروراکانو خستنە ڕووی کێشە ڕاستەقینەکانی خوێندکار |
| بەدرخان | لەکاتی خۆیدا دەردەچێت نەبوونی سانسۆر مامەڵەکردنی ڕاستگۆیانە ڕەنگاو ڕەنگ |
| بەڵێندەران | پەیداکردنی ڕۆژنامەنووسی شارەزا تەرخان کردنی بودجەی جێگیرو دیار بۆ ئەنجامدانی کارەکان . |
| ژیانەوە | گرنگیدان بەلایەنی کۆمەلایەتی بوونی ستراتیجەتی جێگیری تایبەت بەمەسەلەکان |
| ئاینده | بلاوکردنەوەی بیرێك کەخزمەت بەچینی ئافرەتان دەکات |

## ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتی دارایی ڕۆژنامەکان بەم جۆرە دەکرێت**

| | |
|---|---|
| گۆڕان | لەلایەن سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران |
| برایەتی | دیاری نەکردووە |
| یەکگرتوو | دارایی حزب |

| | |
|---|---|
| جەماوەر | دارایی‌و هاوکاری ماددی لەخەڵکانی دڵسۆز |
| بەڵێندەران | یارمەتی وەردەگرێت لە ی . ب .ك |
| بەدرخان | هیچ سەرچاوەیەکی دیاری نەکردووە. |
| ژیانەوە | نیریەکی تایبەت بە ڕۆژنامە دەستنیشانکراوە |
| پەیڕەو | سەرچاوەی دیاری نەکردووە |
| خوێندنی لیبراڵ | یارمەتی لە کەسانی سەربەخۆ وەردەگرێت. |
| کوردستانی نوێ | - |
| ئایندە | یارمەتی لە سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان |

### سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەکان بریتییە لە***

| | |
|---|---|
| ژیانەوە | فرۆشتنی ڕۆژنامەکە نیریەی یەکێتی ژنانی کوردستان |
| خوێندنی | دارایی خاوەن ئیمتیاز یارمەتی کەسانی سەربەخۆ |
| لیبراڵ | |
| پەیڕەو | داهاتی شەخصی مینحەی میدیای ئازاد (سلێمانی) فرۆشتنی ڕۆژنامەکە |
| بەدرخان | ریکلام فرۆشتنی ڕۆژنامەکە |
| بەڵێندەران | یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان فرۆشتنی ڕۆژنامەکە |
| برایەتی | داهاتی ڕۆژنامەکە یارمەتی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جەماوەر | فرۆشتنی ڕۆژنامەکە هاوکاری دڵسۆزان‌و دەوڵەمەندانی دەرەوە |
| یەکگرتوو | داهاتی ڕۆژنامەکە داهاتی مەکتەبی ڕاگەیاندن |
| گۆران | سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران |
| ئایندە | داهاتی ڕۆژنامەکە سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکان |

### ژمارەی تیراژی ڕۆژنامەکان ساڵی یەکەمی بۆ ئێستا

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پەیڕەو | ئایندە | ژیانەوە | گۆران | خوێندنی لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ ـ ٣٠٠٠ | - | ٤٠٠٠ | ٧٥٠ ـ ٥٠٠ | جێگیر نییە | ١٥٠٠ ـ ٢٥٠٠ | ١٥٠٠ ـ ١٥٠٠ | ١٠٠٠ ـ ٢٥٠٠ | ١٠٠٠ ـ ٢٠٠٠ | ٥٠٠ ـ ١٥٠٠ | ١٠٠٠ ـ ٢٠٠٠ |

### نرخی ڕۆژنامەکان لەیەکەم ژمارەی بۆ دوا ژمارە بەدینار

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پەیڕەو | ئایندە | ژیانەوە | گۆران | خوێندنی لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ ـ ٣ | - | ٢ ـ ٢ | ٢ ـ ٢ | ٣ ـ ٢ | ٤ ـ ٢ | ٤ | ٣ ـ ٢ | ٢ ـ ٢ | خۆڕایی | ٢ ـ ٢ بۆ دەرەوە ١ ـ ١ بۆ ناوخۆ |

**تێبینی : لەکۆی (١١) ڕۆژنامە (٥)ڕۆژنامەیان نرخەکەیان نەگۆڕیوە ، هەرچەندە گۆڕانکاریەکانی ئابوری‌و دارایی لەکوردستاندا گەلێك بەرزی‌و نزمی بەسەردا هاتووە .**

## شێوەی سەرف کردنی رۆژنامەکە: دیاری ، فرۆشتن ، ئەرشیف ، باقیات

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پێرەر | ئایندە | ژیانەوە | گۆڕان | خوێندنی لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠٠<br>٢٥٠٠<br>٣٠٠٠<br>٣٠٠٠<br>٠٠٠ | – | ٥٠٠<br>٣٥٠٠<br>٤٠٠٠<br>٤٠٠٠<br>٠٠٠٠ | ١٥٠<br>٢٥٠<br>٤٠٠<br>٥٠٠<br>١٠٠ | ١٠٠<br>٪٩٠ | ٢٠٠<br>٢٠٠٠<br>٢٢٠٠<br>٢٥٠٠<br>٠٣٠٠ | ١٥٠<br>١٠٠٠<br>١٠٠<br>١٢٥٠<br>١٥٠٠<br>٢٥٠ | ٤٥٠<br>٢٠٠٠<br>٢٤٥٠<br>٢٠٠<br>٤٥٠ | ٩٠٠<br>١٠٠٠<br>١٩٠٠<br>٢٠٠٠<br>٠١٠٠ | هەمووی دەکرێت بەدیاری | ١٠٠<br>١٧٠٠<br>١٨٠٠<br>٢٠٠٠<br>٠٢٠٠ |
| کرێ نییە | | کرێ نییە | کرێیە ٥٠٠٠ | کرێیە ١٦٥٠ | کرێیە ٣٠٠ | شوێنی نییە | شوێنی نییە | کرێ نییە | کرێ نییە | کرێ نییە |
| ١٥ | | ١٠١ | ٢ | ٨ | ٤ | دیاری نەکردووە | ٥ | ٦ | ١٠ | ٢٨ |
| ٦٠٠ ـ ٤٠٠ | | ٨٥٠ ـ ١٠٠٠ | ١٠٠٠ ـ ٥٠٠ | ٥٠٠ ـ ٣٠٠ | ١٠٠٠ ـ ١٥٠٠ | نییە | ٣٠٠ | ٥٠٠ ـ ٢٥٠ | ١٥٠ ـ ٣٠٠ | ٤٠٠ ـ خۆبەخش |
| ٥٠ | | ٥٠٠ | ٢٠٠ | نییە | نییە | ٥٠٠ | ١٠٠ | دیاری نەکردووە | نییە | نییە |

## بڕی ئەو مافەی لەکاتی کە رووداوی دڵتەزێندا بەرۆژنامە نووس دەدرێت

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پێرەو | ئایندە | ژیانەوە | گۆڕان | خوێنەری لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوبەناو دیاری نەکراوە | | ناوبەناو دیاری نەکراوە | نییە | نییە | ناو بەناو ٢٥٠ | دیاری نەکراوە | | نییە | بەپێی توانا دیاری نەکراوە | نییە |
| بڕی ئەو پارەیەی دەدرێت بەنووسەرو رۆژنامە نووسان (کەمترین تا زۆرترین) | | | | | | | | | | |
| ٢٥ ـ ١٠٠ | | ٧٠ ـ ١٠٠ | هیچ نادرێت | ٥٠ ـ ١٠٠ | هیچ | ١٥ ـ ٨٠ | ٢٠ ـ ٣٠ | ٥٠ ـ ١٠٠ | هیچ | هیچ |
| نووسەرانی رۆژنامەکە زیاتر لەژینی: | | | | | | | | | | |
| هەژار ـ مام ناوەند | | مام ناوەند | مام ناوەند | هەژار | هەژار | هەژار ـ مام ناوەند | مام ناوەند | مام ناوەند | مام ناوەند | مام ناوەند |
| بڕی ئەو پارەیەی بەهۆی ریکلامەوە دەست دەکەوێت بۆ یەك مانگ | | | | | | | | | | |
| ٨٠٠ ـ ١٠٠٠ | | ٢٥٠٠ | دیاری نەکراوە | دیاری نەکراوە | | دیاری نەکراوە | ریکلام بلاوناکاتەوە | ریکلام بلاوناکاتەوە | ریکلام بلاوناکاتەوە | ریکلام بلاو ناکاتەوە |
| بڕی ئەو پارەیەی بۆ یەك ریکلام وەردەگیرێت : | | | | | | | | | | |
| ١٠٠ | | دیاری نەکراوە | دیاری نەکراوە | ١٥٠ | | دیاری نەکراوە | ریکلام بلاو ناکاتەوە | ریکلام بلاوناکاتەوە | ریکلام بلاوناکاتەوە | ١٠٠ |

هەواڵنامەی کتێب

### بڕی ئەو ژمارانەی لەرۆژنامەکە دەنێرێتە دەرەوەی وڵات لەمانگێکدا:

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پێڕەو | ئاینده | ژیانەوە | گۆران | خوێنەری لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠ | | ٧٥٠ | هیچ | هیچ | ٤٠٠ | ٣٠ | ٢٥ | ٥٠ | ٥ | هیچ |

### رۆژنامەکە لەتۆڕی ئینتەرنێتدا هەیە ؟

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پێڕەو | ئاینده | ژیانەوە | گۆران | خوێنەری لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ |

### ژمارەی ئەوکەس‌و لایەنانەی بەشێوەیەکی جێگیر رۆژنامەکە دەکەن بەدینار:

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پێڕەو | ئاینده | ژیانەوە | گۆران | خوێنەری لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥٠٠ | - | ٢٠٠٠ | ١٥٠ | ١٠٠٠ | ٧٠٠ | دیاری نەکردووە | ٢٠٠٠ | ٥٠٠ | فرۆشتنی نییە | ١٠٠٠ |

### کارمەندانی رۆژنامەکە چەندیان ئەندامن لەسەندیکای رۆژنامە نووسان ؟ یەکێتی رۆژنامەنووسان؟

| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پێڕەو | ئاینده | ژیانەوە | گۆران | خوێنەری لیبراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | | ٣٠ | ٢ | ٣ | ٢ | کەسیان ئەندام نین | ٥ | کەسیان ئەندام نین | کەسیان ئەندام نین | کەسیان ئەندام نین |

| دیارترین رۆژنامەنووس‌و نووسەری رۆژنامەکە | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکگرتوو | کوردستانی نوێ | برایەتی | بەڵێندەران | جەماوەر | بەدرخان | پڕەر | ئاینده | ژیانەوە | گۆڕان | خوێندنی لیبراڵ |
| سەرنووسەر بەڕێوەبەری نووسین دەستەی نووسەران ئەبوبەکر عەلی سەلاحەدین بابەکر عبدالرحمن سدیق عبدالکریم احمد حەمەرەشید ماوەتی عبداقادر رەشید | | دڵشاد وەسانی شوان سەرابی بەرهەم علی هاوار مورتکەی فاتیح بەرزنجی ئیسماعیل بەرزنجی | احمد عارف فریاد هێرش | مقداد شاسواری هێمن هەورامی مەنسور بەرزنجی | حمید ابوبکر کاروان انور یاسین قادر حسن یاسین زایەر عبداللە بێستون سابوراوای | کاروان محمد سکرتێری پاشکۆ دەستەی نووسەران | شاناز احمد بێخاڵ ابوبکر هەتاو حەمە صالح بەیان نوری پەری حەمە میرزا | م. فەزیلە محمد کریم عبدالهادی مهدی لیلی علی | هێرش رسول محمد بابولی سامان کریم رەهبەری سید ابراهیم | سەرهەنگ حەمە علی شاباز جمال ایوب کریم نیاز محمد ئەڵوەن کریم شۆران احمد |

## بودجەی گشتی کارمەندانو کارگێڕانو رۆژنامەکان

| رۆژنامەکان | ژمارەی کارگێڕو موچەکەی | ژمارەی کارمەند وچەکەی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| خوێندنی لیبراڵ | ٣ ٤٠٠ = ١٢٠٠ | ٢٥ (خۆبەخش) | ١٢٠٠ |
| بەدرخان | ٢ ١٠٠٠ = ٢٠٠٠ | ٢ ١٥٠٠ = ٣٠٠٠ | ٥٠٠٠ |
| برایەتی | ٢٠ ٨٥٠ = ١٧٠٠٠ | ٨١ ١٠٠٠ = ٨١٠٠٠ | ١١٥٠٠٠ |
| گۆران | ٥ ٣٠٠ = ١٥٠٠ | ٥ ١٥٠ = ٧٥٠ | ٢٢٥٠ |
| بەڵێندەران | ١ ٥٠٠ = ٥٠٠ | ١ ١٠٠٠ = ١٠٠٠ | ١٥٠٠ |
| ژیانەوە | ٤ ٥٠٠ = ٢٠٠٠ | ٢ ٢٥٠ = ٥٠٠ | ٢٥٠٠ |
| پێڕەو | // /// | //// | / |
| جەماوەر | ٣ ٥٠٠ = ١٥٠٠ | ٥ ٣٠٠ = ١٥٠٠ | ٣٠٠٠ |
| یەکگرتوو | ٥ ٦٠٠ = ٣٠٠٠ | ١٠ ٤٠٠ = ٤٠٠٠ | ٧٠٠٠ |
| کوردستانی نوێ | - | - | - |
| ئاینده | کارگێڕانی خۆ بەخشن | ٥ ٣٠٠٠ = ١٥٠٠ | ١٥٠٠ |

## خشتەی رێژەیی قازانجو زەرەر*

| رۆژنامەکان | فرۆشتنی | ریکلام | یارمەتی حزب | یارمەتی حکومەت | رصید | بودجەی فەرمانبەران | موچەی فەرمانبەران | تیراژ تێچوون | کرێی خانوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنی لیبراڵ | ١٧٠٠ | | | | | ١٢٠٠ | ٢٠٠٠ | کرێی نییە | |
| بەدرخان | ٢٠٠٠ | | | | | ٥٠٠٠ | ٢٥٠٠ ٢٫٥ | ٣٠٠ | |
| برایەتی | ٢٠٠٠ | | | | | ١١٥٠٠٠ | ٤٠٠٠ | کرێی نیە | |
| گۆران | نافرۆشرێت | | | | | ٢٢٥٠ | ١٥٠٠ | کرێی نیە | |
| بەڵێندەران | ٢٥٠ | | | | | ١٥٠٠ | ٥٠٠ | ٥٠٠٠ | |
| ژیانەوە | ١٠٠٠ | | | | | ٢٥٠٠ | ٢٠٠٠ | کرێی نیە | |
| پێڕەو | ١٠٠٠ | | | | | / | ١٥٠٠ | شوێنی نییە | |
| جەماوەر | ١٠٠٠ | | | | | ٣٠٠٠ | جێگیر نییە | ١٦٠٠ | |
| یەکگرتوو | ٢٥٠٠ | | | | | ٧٠٠٠ | ٣٠٠٠ | کرێ ی نییە | |
| کوردستانی نوێ | | | | | | | | | |
| ئاینده | ٢٠٠٠ | | | | | ١٥٠٠ | | کرێی نییە | |

هەواڵنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

* ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەکە پێشکەش زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی راگەیاندن، کراوە.

١- لەرۆژنامەی برایەتی ئاکۆ محمد . ٢٠٠٢/٤/٢٢.

٢- داوای لێبوردن دەکەم لەوکەسانەی کەراپرسیم لەگەڵ کردبوون دەربارەی رۆژنامەی زەرد ، لەبەرکەمی مەجال نەمتوانی تەواوی ئەو راپرسییە بلاْوبکەمەوە.

* بەپێی وەڵامدانەوەی خۆیان لەفۆرمەکەدا.

** بەپێی وەڵامدانەوەی خۆیان لەفۆرمەکەدا.

*** بەپێی وەڵامدانەوەی خۆیان لەفۆرمەکەدا.

# ڕۆڵی امید استقلال

# لە گەشە پێکردنی بیری نەتەوەیی کورددا (*)

# ١٩٢٣ — ١٩٢٤

**عومەر ئەحمەد ڕەمەزان**

ئەم بابەتە بەپێزەی لێرەدا دەیخوێننەوە، لە سلێمانییەوە، لەڕێی مامۆستا ڕەفیق سالح، بۆمان ڕەوانەکراوە. بەپێی تێبینیەك کە لەتەکیدا نووسرابوو: **ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان /زانکۆی سلێمانی کراوەو لە لایەن دکتۆر کەمال عەلی سەرپەرشتی کراوە.** وا پێدەچێ توێژینەوەی یەك لەپلەکانی خوێندنی زانکۆ بووبێ. وێڕای ئەوەی بابەتەکەمان لە سەر دیسکی کۆمپیوتەر بۆ هاتووە، نە دەستنووسەکەی توێژەرمان لەلابوو تا بەراوردی ناوەرۆکەکەی لە گەڵ ئەوەی سەردیسکەکە بکەینەوە، نەماوەی ئەوەشمان هەبوو تا جارێکی دیکە هەمووی تایپ بکەینەوە، تا ڕێنووسەکەی لەگەڵ هی گۆڤارەکەمان بگونجێنین، بۆیە لە کاتی ڕاستکردنەوەی هەڵەچاپییەکان، بەبێ ئەوەی دەستکاری ناوەڕۆکەکەی بکەین، کەمێك خاڵبەندیمان تێدا کردوە. بەڵام هەرسەرنج و تێبینیەکمان لە سەر ناوەرۆکەکەی هەبووبێت ژمارەمان بۆی داناوەو لە پەراوێزدا روون کردنەوەمان لە سەر نووسیوە.

**هیوادارین بە هەموو لایەکمان خزمەتی ئەم لایەنە گرنگەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بکەین.**

**ڕۆژنامەڤانی**

**(*) ئەم لێکۆڵینەوەیەی خوێندکار عومەر ئەحمەد تەواو بووە، بۆیە ڕێگەم پێدا بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە.**

**د.کەمال عەلی**

**٢١ / ٥ / ٢٠٠٣**

## سەرەتا

میرنیشینی بابان کە عوسمانییەکان لەناویان برد دوا قەوارەی سیاسی کورد بوو، ئیتر ڕاستەوخۆ قەڵەمڕەوی میرنیشینەکەو پایتەختەکەشی بە ئەستانەوە بەسترانەوە ، هەر لەوێیشەوە کارگێڕو فەرمانبەرانی بۆ دیاری دەکرا .

ئەم ڕەوشە بووە هۆکاری زیادبوونی زۆرو فشاری عوسمانییە داگیرکەرەکان، ئەم دۆخە تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو کە بە شکانی عوسمانییەکان و هاتنی ئینگلیزەکان تەواو بوو.

عوسمانییەکان لەو ماوە دوورودرێژەی فەرمانڕەوایی خۆیاندا بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا کە گەلانی ژێر دەستیان وشیار نەبنەوە، لە ڕێگای جۆراوجۆرو دەستاوێژی هەمە چەشنەوە، تیرۆرو تۆقاندنێکی بێ وێنەیان پیادە دەکرد، هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە ڕۆژنامەی **(کوردستان)** لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان دەرچووە، بەهەمان شێوە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی مەشروتەی ( ١٩٠٨ز )ی عوسمانییش تەمەنیان کەم بووە، نەیانهێشتووە دەربچن .

رۆژنامەو رۆژنامەنوسیی کورد هەر لە سەرەتای دروست بوونییەوە لە دەرەوەی دەربارو کۆشکی شاو سوڵتانە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، لە نێو هەناو و دڵی کۆمەڵانی خەڵك دا لە دایك بووە" **یەکەم رۆژنامە کە ( کوردستان ) ی دایکە لە نێو سەنگەری بەرگریدا رووبەرووی داگیرکەران بۆتەوە، هەڵگری بیرو هزری سەربەخۆیی بووە"** هەروەها رۆژنامەو گۆڤارەکان بە گشتی گوزارشتیان لە دیدو بۆچوونی کورد کردووە، وێنەیەکی پراوپڕی ژیانی پڕ سوێو نەهامەتی کوردیان کێشاوە، تۆمارێکی زیندووی ئەو بوارەن کە گەلێك پڕ بایەخ و سوودمەندن لەو رووەوە .

بیرو هزری نەتەوەی کورد لەیەکەم ساتە وەختی دروست بوونی کوردەوە لە دایك بووە و رسکاوە" **هەرچەندە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی ژیانی گەشەوسستیو خامۆش بوونی بەخۆیەوە بینیوە"** گەلێك هۆکار رۆڵی گرنگیان هەبووە لە هەردوو رووکاری ئەرێنی یا نەرێنییەوە بەلام رۆژنامەو گۆڤار دەستاوێژێکی گرنگ و پۆزەتیف بون لە رووی گەشەسەندنییەوە، زۆربەی کۆمەڵەو پارتە سیاسییەکانی کورد خاوەنی زمانحاڵی خۆیان بون کە لە رێگایانەوە بەرجەستەی دیدو بۆ چوونەکانیان کردووە" **گۆرانییان بە بالای بەها نەتەوەییەکان دا گوتووە، تیف تیفەی هزرو بیری نەتەوەییان داوە کە بۆ مەبەستی خزمەتی سەرجەم مرۆڤایەتییە لە دیدو چاوی کوردەوە"** چونکە هزرو بیری نەتەوەیی کورد لە تیلە تەنگی نەتەوەییەوە نەرسکاوە بەڵکو لە سۆنگەی خۆشەویستی مرۆڤ و خزمەت کردنی مرۆڤایەتییەوە لە دایك بووە، لە چاوی کوردەوە بەرجەستە بووە .

ئومێدی ئیستقلال کە زمانحاڵی سێیەم حکومەتی خوارووی کوردستانەو لە کات و سەردەمێکی گەلێك هەستیاردا دەرچووە . کورد خاوەنی دوو ئەزموونی سەرنەکەوتوو بووە لە باشووری وڵاتەکەیدا . ئینگلیزەکان نوێترین چەکی ئەو سەردەمەیان لە باشوردا تاقی کردۆتەوە" کۆمەڵانی خەڵك تارادەیەکی زۆر ورەیان دابەزیوە . حکومەتی کوردستانیش جگە لە باوەڕو هێزی خۆڕاگری هیچی دیکەی نەبووە، ئومێدی ئیستقلال دەستاوێژێکی سەرەکی ئەو مەبەستە بووە .

## ١- رەوشی پێش دەرچوونی ئومێدی ئیستقلال:

جەنگی چاڵدێران ( ١٥١٤ز ) خاڵی وەرچەرخان و چارەنووسساز بوو سەبارەت بە کورد و داهاتووی" **هەرچەندە لەم شەڕەدا فارسە سەفەوییەکان تێك شکان و تورکە عوسمانییەکان، بە یارمەتی کورد، سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، بەلام تێك شکاوو دۆڕاوی سەرەکی کورد بوو، چونکە مەیدانی شەڕ کوردستان بوو، گوندو دێهاتی کورد دەسووتاو وێران دەکرا، هەرچەندە لە سۆنگەی ئەم یارمەتییەوە شێوە سەربەخۆییەکی کارگێڕی ناوخۆیی بۆ کورد دەستەبەر بوو، بەلام لەگەڵ ئارام بوونەوەی رەوشەکە ئیدی میرنشینەکانی کورد کە ئەو شێوە ئۆتۆنۆمییە ناوخۆییەیان هەبوو رۆژ لە دوای رۆژ پێویستی مانەوەیان لاوازتر دەبوو"** ئیتر تورکە عوسمانییەکان پەلاماری میرنشینە کوردەکانیان دا، لە ( ١٨٥٠ز ) دا میرنشینی کورد ( بابان )یان لەناوبرد ( ٤/ل ٩٥ )، جارێکی دیکە بواری کارگێڕییان لە کوردستاندا رێکخستەوە، راستەوخۆ بە ئەستانەوە بە سترانەوە، لە رووی کارگێڕیشەوە دابەشی ویلایەت، لیوا، سەنجەق، .... یان کرد . ئەم دۆخە نوێیە بووە هۆکاری زیاتر دەست کرانەوەی والیو فەرمانبەرەکانی تورك بۆ تالان کردنی کوردستان کە کاریگەری نەرێنیی لە گەلێ رووکارەوە لەسەر کۆمەڵگەی کورد بەجێهێشت .

### ١-١ ئابووری و کۆمەڵایەتی :

دەرەبەگێتی کۆچەری دووردرێژترین سیستمی بەرهەم هێنان بووە لە کوردستان دا کە بە شێوەیەکی

سەرەکی ڕادەپەرموێتە سەر شوانکارەیی، گەرمیان و کوێستان کردن، نیو نیشتەجێ بوون کە کەمێ کشتوکاڵی تێدا کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی وەك بنکەی ساغ کردنەوەی بەرهەمە ئاژەڵداریو پیشە دەستییەکان وابووە.

**دەرەبەگێتی کۆچەری سێ ڕەگەز لە هەناوی خۆیدا دروست دەکا:**

* یەکێتی خێڵ و هۆزە شوانکارەکان کە تایبەتمەندێتی شەڕیان لە خۆ گرتووە.

* پیادە نەبوونی خاوەنداریێتی تایبەتی زەوی و زار، مانەوەی بە خاوەنێتی گشتی .

* خاوەن داریێتی سەڵتی ( فرد )ی ئاژەڵ، کۆچ و باری بەردەوام بە شوێن لەوەڕگادا.

هەروەها داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە، گەوار کردنی ئیسلام لەلایەن کورد، چوونە ژێر باڵی ئیمپراتۆریەتی دەرەبەگێتی عەرەبی بووە هۆکاری درێژە پێدەری ئەم سیستەمە .

دەرەبەگێتی زەویو زار لەژێر باڵ و ڕێگەی ئیمپراتۆریەتی دەرەبەگێتی عوسمانییەوە دەربازی کوردستان بوو کە شێوەو جۆرێکی تایبەت و گرێ دراوی خۆی خولقاند" هەرچەندە دەرەبەگەکانی کورد زۆر ڕاچەنین و خۆیان ڕاپسکان، بەڵام نەیاندەتوانی لە تۆرە داوی عوسمانییەکان ڕزگاریان ببێت .

دەرەبەگێتی زەویو زار نەیتوانی سیماکانی دەرەبەگێتی کۆچەری لەناو ببات، پەیوەندی نوێو تایبەت بەخۆی دروست بکات کە بووە هۆکاری پێشنەکەوتن و گەشەنەکردنی ئەم سیستەمە تا نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم کە پێویستی بازاڕەکانی ئەوروپا بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی کە دەچنە بواری پیشەسازی زیادی کرد ( ٨/ل ٤٣ )، ئەم داواکارییە بووە هۆکاری گەشەکردنی بازرگانی لەسەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئاهێکی بەبەرهاتەوە بەڵام بێن پێوەنانی تورك و دام و دەزگای عوسمانییەکان لە جەستەی ئابووری کوردستان، گۆت و ئیفلیجی کردبوو، باج و سەرانە، ...ی هەمە جۆرو چەشنیان خستبووە سەرشانی خەڵك کە بووە بارێکی قورس، هەموو باجێك باجی دیکەی بە دوادا دەهات، ئەم کردارە ناڕەوایەش بە زۆری ئەو موچە خۆرانە بوون کە ئەرکی باج کۆکردنەوە دەخرایە ئەستۆیان و تەنانەت کاتێك ڕوویان دەکردە گوندێك سێ ژەمە لەوێ نانیان دەخوارد، بەڵام دواتر بە بیانووی خراپی خواردنەکە گوایە دانیانی ئازار داوە" باجێکی دیکەیان داهێنابوو بە ناوی باجی ددان ( ١/ل ٢٦ )، ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا جەنگی یەکەمی جیهانی .

شێخ مەحمود ( **حکومەتی کوردستانی جنوبی** ) ڕاگەیاند، هێزی نانیزامی خێڵەکان سوپای کوردستانیان پێك هێنا، هەر چەندە زۆر لە ئەفسەرو دەرەجەدارە کوردەکانی سوپای عوسمانی هاتنە ڕیزی هێزی عەسکەری حکومەتی کوردستان، هەوڵی مەشق و ڕاهێنانیان دەدرا، بەڵام ئەمە تێرای بەنیزامی بوونی ئەو هێزانە نەبوو" **بەمانای خێڵ و هۆزگەری، پەیوەندییە خێڵەکیەکان نەك هەر لەناو نەچوون بەڵکو ڕۆڵی زیاتریان درایە"** هەروەها لە ڕووی ئابوورییشەوە کشتوکاڵ پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینی، پیشە دەستییەکانیش لە بەرامبەر کەلوپەلی بێگانە، بە تایبەت شمەکی ئینگلیزیدا پاشەکشەیان کرد چونکە ژیان لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی زۆر سادە بووە و کورد دوورە پەرێز بووە لەو ڕووداو بەسەرهاتانەی کە لە وڵاتانی ئەورووپادا بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیو تەقینەوەی بازرگانیو کەڵەکەکردنی سەرمایەدارییەوە ڕووی دابوو (١٢/ل ٦٣)، بەڵام لەگەڵ ڕمانی حکومەتی کوردستان و

حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا)، ڕەوشەکە بەرەو باشی نەچوو، هەروەها لە سەردەمی هەردوو حکومەتەکەی دیکەی شێخ و دووەم سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز ڕەوشەکە بە هەمان شێوە بوو .

شاری سلێمانی، وەك پایتەختی حکومەتی کوردستانی جنوبی، بنکەی دەرچوونی ئومێدی ئیستقلال کە دوا زمانحالی دەسەلاتی سیاسی کوردە لە باشوور هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆی نەبووە لەگەڵ کوردستان بەگشتی و باشور بە تایبەتی" لە ڕووی **تابورییەوە تەواو وێران و تەپیوو بوو، هەروەها شەر خەڵکیی توشی نەهامەتی و برسییەتیەکی بێ وێنە کردبوو، بەلام سەبارەت بە هاتنی ئینگلیز : دەشێ بڵێین شکان و هەلاتنی عوسمانییەکان و دەرپەڕاندنیان خالی وەرچەرخانە، چونکە ڕاستە ئەوان لە ڕووی ڕامیارییەوە هیچیان بۆ کورد پێ نەبوو، بەلام لە نێو خەوی بێ ئاگاییدا بە ئاگایان هێنایەوە"** بە مانایەکی دی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و نەمانی دەسەلاتی عوسمانی لەم بەشەی کوردستاندا بەڕاستی بەگەورەترین خالی وەرچەرخان دەژمێردرێت کە بە هۆیەوە چەندین ئاسۆی نوێ بەڕووی ئەم ولاتەدا کرایەوە و لەو دابڕان و بێ ئاگاییە ڕزگاری بوو ( ١/ل ٥٣).

## ١ / ٢ خوێندن و ڕۆشنبیری

### ١ / ٢ / ١ خوێندن

عوسمانییەکان گرنگیان بە خوێندن و قوتابخانە نەدەدا بە تایبەت لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتیاندا، تەواو لێی دەترسان، بە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا کە ئەم بوارە کۆنترۆڵ بکەن، بە ژینگە و پێگەی ئاژاوە سەرچەشەیان دەزانی، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردبوو، د.کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت : **(سیاسەتی کوێرانەی سولتانەکان و دواکەوتوویی خەلك لەمەدا دەوری گەورەیان بینی، سولتانەکان چاپکردنی کتێبیان بە کفر دادەنا )** ( ١/ ل ٥٤ ) .

سولتان بە مەبەستی بە بارمتە هێشتنەوەی کورانی سەرۆك هۆزو خێڵەکان لەلای خۆی، بۆ بەرگرتن لە شۆڕش و ڕاپەڕین ساڵی ١٨٩٢ز لە ئەستەمبول قوتابخانەیەکی کردەوە بە ناوی " **عەشیرەت مەکتەبی** " دەرچوانی ئەم مەکتەبە دەیانتوانی بچنە دانشگا سوپاییەکانەوە، خوێندنی بەرزی سەربازی تەواو بکەن" لە ڕاستیدا سولتان بەم هۆیەوە تا ڕادەیەکی زۆر توانی منداڵی سەرۆك هۆزە کوردەکان وەك بارمتە لەلای خۆی گل بداتەوە . ( ٣/ل ٢٠ ) بەلام کار بە پێچەوانەی ویستی سولتانەوە کەوتەوە، ناچار لە ساڵی ١٩٠٧ز دا هەر بە فەرمانی سولتان داخرا .

عوسمانییەکان لە بەرانبەردا خوازیاری خوێندنی ناو حوجرەو مزگەوتەکان بوون، خەڵکیان بۆهان دەدا، بەلام بۆ بارمەتی گوێی خۆیان لێ کەڕ دەکرد، دەبوایە لەسەر شانی کۆمەلانی خەڵکەوە بووبایە" چی بە ( ڕاتوی فەقێ ) یا ( دەقنەی فەقێ ) . هێژا ڕەشید شەوقی لەم بارەیەوە دەڵێ : **تورکی ئیستعمار لەو دەمەدا ڕەواجی دابوو بە فەقێ و مەلا، هەرچی کەسێك ببوایە بە فەقێ لە عەسکەری ڕزگاری ئەبوو، ئەگەر یەکێ بە ناویش فەقێ بوایە بەمەرجێك مەلای مزگەوتەکەی بۆی بنوسیایە نە ئەکرا بە عەسکەر جگە لەوەی فەقێیەتی بێنەرك و مەسرەف بوو** ( ١/ل ٦٠ ) .

کورد ئیتر خۆی هەوڵی دامەزراندنی قوتابخانەو کۆمەڵەی پەروەردەیی دەدا، ویستویەتی بە شێوەیەکی مۆدێرن نەوەکانی فێری زانست و خوێندەواری بکات، یەکەمین کۆمەڵەی گەورەی سیاسی کورد کۆمەڵەی "

بەرزىو پێشکەوتنی کورد "[1]بووە کە لە ساڵی- ١٩٠٨-لە ئەستانە دروست بووە، هاوکات هەر لەگەڵ ئەم کۆمەڵە گەورە سیاسییەدا کۆمەڵەیەکی دیکەی ئەدەبی دروست بوو بە ناوی " کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانیاری کوردان " لە " **چەنبەرلی طاش** " قوتابخانەیەکی بۆ فێرکردنی منالانی کورد لە " **ئەستانە** " کردەوە بەلام دوای ئەوەی " **ئیتحادیەکان** " دەستیان بە سەر کاروباری دەسەلاتداریتی عوسمانییدا گرت، ئیدارەیەکی ستەم بەخشیان دامەزراند، لە ژێر پەردەی دەستورو دیموکراتیدا دیکتاتوریەتێکی سەختیان چەسپاند، بووە هۆی کلۆم کردنی ئەم هەردوو کۆمەڵەیە پێکەوە، داخستنی قوتابخانەکەش . کۆمەڵەی " بەرزی پێشکەوتنی کوردان "یش ناچار چالاکی خۆی بە رێگای نهێنیو شێوە شاراوە بنوێنێ ( ٢/ل ٥٠ " ١٢/ل ٨٧ )، هەروەها لەم ڕووەوە هەوڵ و تێکۆشانەکانی عەبدولرزاق بەدرخان و سمکۆی شکاك جێگای ئاماژە و شانازین" لە کۆتایی ساڵی ( ١٩١٢ و سەرەتای ١٩١٣ی ز )دا، بە هەوڵ و هیمەتی عەبدولرەزاق و سمکۆ لە شاری ( خۆی ) کۆمەڵەی پەروەردەیی " گیهاندن " دامەزرێنرا ( ٣/ل ١٣٠ )، قوتابخانەیەکیشی بۆ کرایەوە کە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، دەنگ و سەدایەکی گەورەی لە نێو کورد بەگشتیو لە باکور بە تایبەتی دایەوە" ئیدی تورك لەم لایەنەوە ترسیان لێنیشت و هەولی قەدەغە کردن و داخستنیان دا" زۆری نەبرد ناکۆکی لە نێوان عەبدولڕەزاق و سمکۆ دروست کرا کە لە ئەنجامدا بووە هۆی لاوازبونی چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵەکەش لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا نەما . ( ٣/ل ١٤٠ ).

شاری سلێمانی لە دوای بنیات نانییەوە، هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە گەلێ فێرگەو خوێندنگەی تێدا


امید استقلال

دامەزراوە کە ڕۆڵێکی مەزن و سەرەکییان بینیوە لەبەرو پێشەوە بردنی ڕەوتی خوێندن و خوێندەواری نەك هەر لە ناو شاردا، بەڵکو کاریگەری لەسەر تاسەری کوردستاندا هەبووە" وەك : **خوێندنگەی مزگەوتی گەورە، مزگەوتی ئەورەحمان پاشا، خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مزگەوتی سەید حەسەن، مزگەوتی موفتی، مزگەوتی مەلکەندی، حاجی ئەحان، شێخ ئەمینی خاڵ .... هتد**، هەروەها **حوجرەیەکی زۆریشی تێدا بووە کە بە ناوبانگترینیان : حوجرەی مەلا عەزیزی زلزلەیی، خواجە ئەفەنی .... بوون، چەند حەوجرەیەکیش هەبون کە کچان و ژنان تیایاندا خوێندوویانە وەك حوجرەی : مەلا فاتم، مەلا ئامینە، ناجیە خان، .... هتد**. ( ٤/ل١٤٤-١٥٥ ).

عوسمانییەکان ساڵی ( ١٨٦٥ز ) نیزامی (تەشکیلاتی ویلایاتی )یان ڕاگەیاند، پاش ماوەیەکی کەم چەند خوێندنگایەکیان لەسەرتاسەری قەڵەمڕەوی عوسمانییدا کردەوە" بە هەوڵ و کۆششی ئەحمەد پاشای بابان و سلێمان غەواس ساڵی ( ١٨٦٨ز ) یەکەم قوتابخانەی ڕوشدیەی مولکی لە سلێمانیدا

کرایەوە، پاشانیش بە هەوڵ و ماندووبونی (**سەعید پاشا خەندان**) کە وەزیری بابی عالی و خەڵکی شاری سلێمانی بوو" توانرا لە ساڵی (١٨٩٣ز) یەکەم روشدیەی عەسکەری لە سلێمانیش بکرێتەوە (١/ل ٥٩) ئەم دوو قوتابخانە روشدیەیە (مولکی و عەسکەری) رۆڵێکی باشیان هەبووە، گرنگییەکی تایبەتی خۆیان هەبووە بە تایبەت روشدیەی عەسکەری" هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی وەك پێویست بە تەنگ خەرجی پێداویستی ئەم دوو خوێندنگا رەسمییەی سلێمانییەوە نەهاتووە، هەروەك چۆن هێژا ئەمین زەکی بەگ باسی لێوە دەکات : لە ساڵی ١٣٠٧ رۆمیدا خەرجی مەعاریفی لیوای سلێمانی تەنها (١٥٠) لیرە بووە و دراوە بە موچەی مامۆستایانی روشدیەی مولکی، لە کاتێکدا داهاتی لیواکە دە هەزار لیرەی لەو پارەیە زیاتر بووە، بەلام یا نێردراوە بۆ ئەستەمبول یا چوتە باخەڵی مەئمورەکانەوە (١/ل ٦٢).

جەنگی یەکەمی جیهانی رەوشی گشتی دەوڵەتی عوسمانی تێکدا، رەوشی ئابوری بە تایبەت لێك هەڵوەشان، ئەم دۆخە بووە هۆکاری داخستن و هەڵوەشانەوەی روشدیەی سەربازی، مامۆستا سەعید سدقی کابان لەم بارەیەوە دەڵێت : روشدیەی سەربازی لە ١٩١٤/١١/٢٦ هەڵوەشایەوە و خرایە سەر مەعاریفی گشتی، مامۆستا عەبدولرەحمان نەسیبش ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی دەکات و دەڵێ : تێکەڵ بە قوتابخانەی نمونەیی سەرەتایی کراوە، ناونراوە (تەشویقیە) (١/ل ٦٦) . بەلام سەبارەت بە سەردەمی حکومەتی کوردستانی جنوبی تەنیا فریای کردنەوەو دامەزراندنی چوار قوتابخانە کەوت" م . ر . هاوار لەم رووەوە جەخت دەکاو دەڵێ:

**"تەنێ لە گەرمەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود کە ئالای سەربەخۆیی هەڵکردبوو لەبەر کەم دەرامەتی و وزە توانای جولانەوەی خوێندەواری هەر ئەوە بوو کە بتوانرێ چوار قوتابخانە هەبێت، بە لەناو چونی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود گورو تەوژمی خەڵکی بۆ پەرەپێدانی خوێندەواری و گەشەکردن خاوبووەوە و هاتە کزی، چونکە زۆری خوێنەوەران و رۆشنبیران چارەنووسی خۆیان بە شێخەوە بوو کە ناچار لە گەڵیا هەلاتن و بەم لاو لای ولاتدا بلاوبوونەوە (١٢/ل ٩٦).**

**١ / ٢ / ٢ رۆشنبیری**

ئەدەبی فۆلکلۆری کورد گەلێك دەوڵەمەندە، پڕە لە حکایەت و هۆنراوەی جوان و ناسك کە بە بالای بەها نەتەوەییەکاندا گۆرانی دەڵێ" **دەیها داستانی ئەشق و خۆشەویستی، ئازایەتی، بەرەنگاری .... لەخۆ گرتووە، وەك : مەم و زین. خەج و سیامەند، قەلای دمدم، .... لەبەر ئەوەی میللەتەکە نەخوێندەوار بووە لە رێگای ئەو بەیت و گۆرانیانەوە کە مێژووی شەڕەکانی کەونارا و دڵداری دەگێڕنەوە پشت بە پشت بە میرات هاتووەو لەبیر نەچۆتەوە .** (٧/ل ٣٣).

ئاڤێستا یەکەم دەقێکی ئایینی پیرۆزی کوردە کە نووسراوبێتەوە، ئێمە پێی بزانین و کەوتبێتە بەردەستمان" **ئینجا (ماریفەت)ی پیر شالیار دێت کە ئەویش هەر یەکێکە لە موغەکانی زەردەشت"** ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەق و نووسراوی دیکە نەبووبێت، بەڵکو لەو رووەوەیە کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدا نین، هەرچەندە قسەو باس لەبوونی چەند دەقێکی دیکە دەکرێت وەك : جیلوە، مەسحەفا رەش، .... هەروەها لەرووی دەقی ئەدەبییەوە هۆنراوەکانی بابا تاهیر (٩٣٥-١٠١٠ز) کە بە شێوە زاری لوڕی نوسراون کۆنترین دەقێکی نووسراون کە لەبەر دەست دا بن . (٧/ل ٣٣، ١٥/ل ٢٨) .

مەلای جزیری (١٤٠٧-١٤٨١ز)، بێسارانی (١٦٤١-١٧٠٢ز)، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦ز)، نالی (١٧٩٧-١٨٥٥ز)[2]، سالم (١٨٠٠-

١٨٦٦ز )، مەولەوی ( ١٨٠٦-١٨٢٢ز )[٣]، کوردی ( ١٨٠٩-١٨٤٩ز )، حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٥-١٨٩٢ز )[٤]، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ( ١٨٣٥-١٩٠٩ز )[٤]، پیرەمێرد ( ١٨٦٧-١٩٥٠ز )، .... ( ١٥/ل ٢٨ )، دەیەها هۆنەرو زانای دیکە کە ئاسمانی ئەدەب و هۆنراوەی کوردیان ڕازاندۆتەوە" ئەمە سەرباری سەدەها زانا و ڕووناکبیری کورد کە بە کوردی نەیان نوسیووە، بەرهەمەکانیان بە زمانی فارسی، تورکی، بە تایبەت بە عەرەبی بۆ بە جێهێشتووین کە بەشی زۆریان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەن سەبارەت بە : تەفسیر، فیقە، شەرع، ئەحکامەکانی قورئان، ....

کورد خاوەنی گەلێ نوسەرو لێکۆڵەرەوەی بلیمەت و هێژایە لە بوارە زانستییە جیاجیاکاندا ئینجا چی زانستی پەتی یا مرۆڤایەتی بێت" کە لە سەدەی ڕابوردوودا ڕۆڵ و نەخشێکی مەزنیان هەبووە لە هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگە" هەروەها گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردنی وشیاری کۆمەلایەتی و هزری نەتەوەیی وەك، هێژایان : عەبدوڵلا جەوددت، خەلیل خەیالی " مۆدانی "، ڕەحیم ڕەحمی هەکاری، مەمدوح سەلیم، مقداد بەدرخان، ڕەفیق حلمی، جەمال عیرفان، .... هەروەها گەلێ کۆمەڵەو یانەی سیاسیو کەلتوری دامەزرێنرا، وەك : **کورد تەعاون تەرەقی جەمعیەتی، کۆمەڵەی هێڤی، گیهاندن، .... کە ئەمانە ڕۆڵ و نەخشێکی تایبەتیان هەبووە، کاریگەری تەواویان لەسەر کۆمەڵگەی کورد بەجێهێشتووە"** هەروەها سەبارەت بە گۆڤارو ڕۆژنامە دیدەمان بە ورشەی چەند ئەستێرەیەك لە ئاسمانی ڕۆژنامەگەری کورددا کلرێژ دەبێ وەك : کوردستان، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، گۆڤاری ژین، گۆڤاری کوردستان، ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم ...

شاری سلێمانی لەناو ئەم نەخشەیەدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی تەواوی هەیە، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکردایەتیو پێشڕەوی بخاتە دەستی خۆی" گەلێ زانا و ڕووناکبیرو سیاسەتمەدار، ....ی پێشکەش کردووە، هەروەها چەند کۆمەڵەیەکیشی تێدا دامەزرێنراوە کە جێگای تایبەتی خۆیان هەیە لە وشیار کردنەوە و بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری وەك : کۆمەڵەی کوردستان، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان، کۆمەڵەی زەردەشتی، .... هەروەها خاوەنی چەند ڕۆژنامەیەکیش وەك : بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ....

### ١ / ٣ کارگێڕی ئابووری

کوردستان لە نێوان کێشمەکێشی عوسمانیو سەفەویدا دابەش کرابوو بۆ دوو بەش کە بەرجەستەی بوون بە مەیدانی شەڕو پێکدادانەکانی ئەم دوو دەوڵەتەی تا لە ساڵی ( ١٦٣٩ز )، بە پێی پەیماننامەی " **زەهاو** " بە ڕەسمی دان بەو دابەش کردنەدا نرا، خۆرهەلاتی کوردستان کەوتە ژێر دەستی سەفەوییەکان و لە بەرانبەردا باکوورو باشورو خۆرئاوای کەوتە بن دەستی عوسمانییەکان.

میرنشینە کوردەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانیو سەفەوییەکان یەك لە دوای یەك لەناو بران" هەروەها شۆڕش و سەرهەلدان و ڕاپەڕینەکانیش لە هەردوولا : عبدولرەحمان پاشای بابان لە سلێمانی (١٨٠٦-١٨٠٨ز)، ئەحمەد پاشای بابان (١٨١٢ز)، میر بەدرخان لە جزیرە (١٨٢١-١٨٤٧ز)، محەمەد پاشا لە ڕەواندز ( ١٨٢٦-١٨٣٢ز )، ڕاپەرینی کوردەکانی چیای شەنگار[٨] (١٨٣٠-١٨٣٣ز)، شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی (١٨٨٠-١٨٨١ز)، سمکۆی شکاك لە خۆرهەلاتی کوردستان (١٩٢٠-١٩٣٠ز)، .... (٨/ل ٤٧) . ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس بونەوە، هەردوو ( **عوسمانیو سەفەوی** ) لە سۆنگەی ئەم شکستانەوە مشتی داگیرکارانەیان زیاتر توونډ بوو بەلام نەیانتوانی هیواو ئاواتی ڕزگار بوون و سەرفرازی

بخنکێنن" وەلێ کوردستانیان ڕاستەوخۆ بە ناوەندی دەسەڵاتی خۆیانەوە بەستەوە، هەروەها لە ڕووکاری کارگێڕیشەوە دابەشی یەکە کارگێڕییەکانی خۆیان کرد، والی، ئوستاندار، فەرمانبەر و مووچە خۆران، ....ی لەلایەن ناوەندەوە بۆ دیاری دەکرا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕەوش و باری ناوچەو دەڤەرەکان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوو، مووچە خۆرانی دەوڵەت تەنیا سەرقاڵی گیرفان پڕکردن بوون، ئەمەو دەیەها کاری قێزەونی دیکەی وایان ئەنجام دەدا کە دەسەڵاتی عوسمانی لەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵك ڕەش و ڕەشتر کردبوو، گوێ ڕایەڵی فەرمان و ڕێنماییەکانیان نەدەبوون، زیاتر گرێدراوی سەرۆك خێڵ و هۆزو شێخەکانی خۆیان دەبوون، تەواو پێیانەوە پەیوەست ببوون .

باشووری کوردستان بە گشتیو شاری سلێمانی بە تایبەتی لەم هاوکێشەیە بەدەر نەبوو، ناڕەزاییو دڵازاری لە چڵەپۆپەو خاڵی تەقینەوەدا بوو" **کۆمەڵانی خەڵك بە چاوی بێزاریو ڕقەوە سەیری فەرمانبەرە تورکەکانیان دەکرد، خۆشییان لە چاریان نەدەهات، لە بەرانبەردا زۆربەی زۆری خەڵك پەیوەست و گرێدراوی بنەماڵەی شێخان بوون کە دەسەڵات پەیداکردن و دەوڵەمەند بوونی ئەم بنەماڵەیە بۆ ئەو پلەو پایە ئاینییە دەگەڕێتەوە کە لە شێخ مارفی نۆدێی و بە تایبەت کاك ئەحمەدی شێخەوە بۆیان مابۆوە** . ( ١/ل ٢٨ ) .

ئەم بنەماڵەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتیان زیادی دەکرد، ناو و ناوبانگیان زیاتر دەبوو بە تایبەت دوای بانگهێشت کردنی شێخ سەعید بە ڕەسمیو لەلایەن سوڵتانەوە بۆ ئەستەمبوڵ" **ئەوە بووە هۆکاری زیاتر دەست کرانەوەیان، ئیتر زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵك و بە تایبەت خەڵکە ڕەشۆکییەکە چوونە ژێر سایەی شێخانەوە، جگە لە چەند ئەفسەرو بازرگان و ....** **یك نەبێ کە کێ بەرکێی شێخانیان دەکرد، هەر بە پلانی ئەمان و لەسەردەمی ئیتحادو تەرەقی شێخ سەعید برایە موسڵ و هەر لەوێش بە هۆی پیلانێکەوە لە ( ١٩٠٩/١/٥ز ) و لە ئاژاوەیەکدا خۆیو شێخ ئەحمەدی کوڕی و ژمارەیەکی زۆری پیاوەکانی کوژران** (١/ل ٣٢)، بەڵام ئەم کارەساتە نەبووە هۆکاری ئاوابوونی ئەستێرەی ناوبانگیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر پرشنگی دایەوە، شێخ مەحمود وەك ڕکابەرو سەرکردەو پێشڕەو دەرکەوت، ترس و لەرزی خستە دڵی خودی تورکەکانەوە، ناچار بوون نەك هەر ئەو موڵك ماڵەیان بۆ بگێڕنەوە کە دەستی بە سەردا گیرابوو، بەڵکو قەرە بووی زەرەرو زیانەکانیشیان بۆ کردنەوە کە بووە هۆکاری زیاترو زۆرتر دەست کردنەوەیان، دەسەڵاتی تەواویان پەیدا کردەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوون، لە بەرانبەردا دەوڵەتی عوسمانی سات لە دوای سات لاوازتر دەبوو" **هەر بە ناو مابووەوە، تەنانەت موتەسەریف و فەرمانبەر ....کان بەبێ شێخ مەحمود پەنجیان نەدەکرد بە ئاوا"** ئەوە جگە لەوەی ڕوسەکانیش هەوڵیان دەدا ئەو بارودۆخە بقۆزنەوە و پەیوەندی لەگەڵ کوردا ببەستن" لەم ڕووەوە شێخ لەتیف دەڵێ : **ڕوسەکان بە هۆی ژەنەڕاڵ ( براتۆف )ی قوماندانەوە نامەیەکیان بۆ شێخ مەحمود نارد تیایدا داوایان لێکرد یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی لە تورك بدەن، بەڵام شێخ ڕازی نەبووە** ( ١١/ل ٢٠ ) .

شێخ لە جموجۆڵ و بزووتنەوەیەکی بەردەوامدا بوو، پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی سەرۆك خێڵ و هۆزەکان دا بەستبوو، هەروەها پەیوەندی لە گەڵ بەدرخانییەکانیشدا پەیدا کردبوو، لە ساڵی (١٩١٣ز) هەوڵی پەیوەندی کردنی دا لەگەڵ (کامیل بەگ و حوسێن بەگ )[٧] کوڕانی بەدرخان پاشا بە مەبەستی یاخی بوون لە دەوڵەتی عوسمانی. ( ١/ل ٣٥ ).

کوردستان بەگشتی لەم بارودۆخەدا دەژیا تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بڕیاری بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا، ئەوە بوو لە ڕێکەوتی ( ٢٨ / تەموزی ١٩١٤ز ) جاری ( **نەفیری عام** )ی داو دژ بە هاوپەیمانان چووە جەنگەوە، لەمەشدا سیاسەتمەداران و ئەفسەرانی ئەڵمانیا ڕۆڵی بەرچاویان بینی بۆ هاندانی دەوڵەتی عوسمانی ( ١/ل ٣٦ ) . جەنگ دەستی پێکرد، هێزەکانی بەریتانیا توانییان عیراق بگرن، ئیتر بەرەو باشووری کوردستان پێشڕەوییان کرد، ڕۆژی ( ١٩١٨/٥/٧ ) شاری کەرکوکیان گرت، سوپای عوسمانی لە سلێمانی کشایەوە . سەرخێڵان و گەورە پیاوانی کورد کۆبونەوە و بڕیاریان دا ( **حکومەتێکی کوردی کاتی** ) بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود پێك بهێنن کە لایەنگیری بەریتانیا بێ" شێخ دوو نامەی بە ناوی ئەو حکومەتەوە بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز نارد ( بەڵام ) ئەو هێزانە ڕۆژی ( ٥/٢٤ ) لەبەر گوشاری سوپای تورك و هۆی دیکەی لۆجیستی و عەسکەری کتوپڕ کەرکوکیان چۆڵ کرد، تورکەکان گەڕانەوە بۆ سلێمانیو کەرکوك ( وەلێ جارێکی دیکە ) هێزەکانی ئینگلیز لە ( ١٩١٨/١٠/٢٥ ) شاری کەرکوکیان گرتەوە، ڕۆژی ( ٣١ )ی ئەو مانگەیش ئاگر بەستی مۆدرۆس مۆرکرا، یەکەمین جەنگی جیهانی بڕایەوە . ( ٦/ل ٢٧ " ل٢٩ ) عەلی ئیحسان پاشا بە تەلەگراف فەرمانی بە عەلی ڕەزا بەگی موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی دا ئیدارەی شار بداتە دەست شێخ مەحمود، نازناوی ( نەقیب )یشی بۆ وەرگرت . بە داگیرکرانی " موسڵ " لە ( ١٩١٨/١١/١٠ )دا سەرتاسەری کوردستانی باشوور بە کردەوە کەوتە ژێر ڕکێفی هێزەکانی ئینگلیزەوە . ( ٦/ل ٢٩ ) .

شێخ مەحمود جارێکی دیکە نوێنەرەکانی خۆی ناردەوە لای ئینگلیزەکان، لە هەمان بۆچوونەکانی خۆی دڵنیای کردنەوە و ئینجا مێجەر نۆئێل هاتە سلێمانی، لە ( ١٩١٨/١١/١٧ز )و لە کۆبونەوەی فراوانی بەردەرکی سەرای سلێمانیدا کە خەڵکێکی زۆری شاری و دێهاتی و ناسراو و سەر خێڵان و هێندێ سەر خێڵی کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەشداری بون" بە فارسی ڕایگەیاند :**شێخ مەحمود حوکمداری کوردستانە**" ئیتر تەشکیلاتێکی بەڕێوە بردن وەك ئەوەی پێشووی لیوا لە سەردەمی عوسمانییدا لە شار دامەزرا . وێلسن ڕۆژی ( ١٩١٨/١٢/١ ) بە فڕۆکە هاتە سلێمانی، شێخ مەحمود مەزبەتەیەکی ئیمزا کراوی لەلایەن چل گەورە پیاوی کوردەوە پێشکەش کرد کە نیازو داواکارییەکانی کوردی تیادا دیاری کرابوو" وێلسنیش لە پەیامێکی نووسراویدا ئاشکرای کرد : **ڕێ لە هیچ هۆزێکی هەرێمی نێوان زێی گەورەو ڕوباری سیروان ناگیرێ بێتە ژێر ئاڵای شێخ مەحمود کە لە بری حکومەتی بەریتانیا بەڕێوەی ئەبات و پشتیوانییەکی مەعنەوی دەکرێ** . ( ٦/ل ٣١ ) .

شێخ ئەیویست ئینگلیزەکان هاریکاری بکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، لە چاوچنۆکی تورك و فارس و عەرەب بیپارێزن، بەڵام ئەوەی بۆ نەهاتە دی، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، ڕەوشەکە تەقییەوە، شەڕو پێکدادان دەستی پێکرد تا لە (١٩١٩/٦/١٨ز)، لە شەڕی دەربەندی بازیان، شێخ بە برینداری گیرا، پاش دادگایی کردنی حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا، ئینجا دواتر گۆڕدرا بە ( ١٠ ساڵ ) زیندانی، دور خرایەوە بۆ دورگەی ( **ئەندامان** ) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناو دەریای هیندی . ( ٦/ل ٤٢"١/ل ١٢٢ ) . بەم جۆرە دەورانی حوکمی

یەکەم حکومەتی کوردستان پێچرایەوە، یەکەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز دەستی پێکرد . میجەر سۆن بووە حاکمی سیاسی، بەناو بەرنامەیەکی چاکسازی هەمە لایەنەی دارشت بەلأم ئەنجامێکی ئەو تۆی نەبوو، نەیتوانی خزمەت بە کۆمەلأنی خەلك و دڤەرەکە بگەیەنێ" بەهەشتی ئەحمەد خواجە لەم بارەیەوە دەلێ :

**لەسایەی میجەر سۆن دا دائیرەی ئەشغال دامەزرا، لە ماوەی چوار ساڵدا بێجگە لە پردی تانجەرۆ و پێچەکانی ژاژیلە بەولاوە کارێکی تریان لێ نەبینرا، بەناوی کوردستانەوە بە لێشاو روپیە لە ناو ئەبرا و نەکورد و نە کوردستان سوودی لێ نەبینی** (١/ل ١٣١) .

ئەنجومەنی ئیدارەی شار لە رۆژی (١٩٢٠/٤/١٧)دا هەلبژێردرا، هەروەها جارێکی دیکە لە رۆژی (١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١) هەلبژێردرایەوە" ئینجا لە ( ١٩٢٢/٧/٢١ **(جەمعییەتی کوردستان)** بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یاملکی دامەزرا، لە (تابی ١٩٢٢)دا هەلبژاردن بۆ ئەنجومەنی لیوای سلێمانی کرایەوە، رۆژی (١٩٢٢/٨/٢٢) " منتخب ثانی " لەلایەن " منتخب أول "ە کانەوە هەلبژێردرا، دواتر دوو ئەندامی دیکەشی بۆ دەست نیشان کرا، (٦/ل٤٥-٥٤) .

گۆلد سمیثی حاکمی سیاسی بەیانی (١٩٢٢/٩/٥) کۆبونەوەیەکی لەگەل شێخ قادر و هەندێك لە ئەندامانی مەجلیسی لیوادا کرد، پێی ڕاگەیاندن کە ئینگلیز شاری سلێمانی چۆل دەکات" هەر ئەو رۆژە مەئمورانی خۆیان بە فرۆکە گواستەوە بۆ کەرکوك (٦/ل ٥٤) . ئەندامانی ئەو کۆبونەوەیە هاتنە ناو شارو کۆبونەوەیەکی دیکەیان سازدا، لیژنەیەکی دوانزە کەسییان بۆ پاراستنی ئاسایش پێکهێنا کە بە **(مەجلیسی میللی کوردستان)** دەناسرێت" ئینجا رۆژی (٩/٢٥) شێخ گەیشتەوە سلێمانی، لە (١٩٢٢/١٠/٩)دا **(دووەم حکومەتی کوردستان)** ڕاگەیەندرا (١/ل ١٥٩ " ٦/ل ٦١) . بەلأم هێندەی نەخایاندەوە جارێکی نێوانی شێخ و ئینگلیز تێك چووەوە، رۆژی (١٩٢٣/٣/٣ز) فرۆکەکانی ئینگلیز شاری سلێمانیان بۆمباران کرد . ( ٦/ل٧٧ " هەرچەندە شێخ شاندێکی ناردبوو بۆ گفتوگۆ لەگەل ئینگلیزو گەیشتبوشنە کەرکوك، بەلأم هیچیان پێنەکرا بوو، ئیتر شێخ بەیانی ( ٣/٤ ) بە زۆربەی هێزەکانییەوە شاری بەرەو سورداش چۆل کرد، هێزەکانی ئینگلیز ( ٥/١٦ ) گەیشتنە سەرچنار " ئەدمۆنز لەگەل کۆمەلێك لە گەورە پیاوانی شاردا هاتە ناو شار، هێزەکەش پاش کێومالکردنی دەوروبەری شارو بە تایبەت سورداش ئینجا دلنیا بوون، لە ( ٥/٢٩ )دا هاتنە ناو شار، حوکمی دووەم حکومەتی کوردستانیش کۆتایی هات، دووەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز دەستی پێکرد، بەلأم هێشتا هیچ ئیدارەیەکی ڕێکوپێك دابین نەکرابوو، کەسانێکی وایش بۆ هێزی لیڤی دانەنرابوون کە بە ئەنجومەنی کاتی بەڕێوەبردنی شار وترا : ئینگلیزەکان سێ رۆژی دیکە دەچنەوە بۆ کەرکوك . دەستیان کێشایەوەو شار بەبێ ئیدارەو دەسەلأت مایەوە، رۆژی ( ٦/١٧ ) دەوری دوو هەزار کەسێکی شار تاکە تاکە یا پێ بە پێی هێزەکەی ئینگلیز لە **" ڕۆیشتنە عومومییەکە "**دا ڕۆیشتن، شاریان بەجێهێشت" بەو شێوەیە حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز ئەمجارە کەم و زۆر مانگێکی نەخایاند . ( ٦/ل٨٠-٨٣ ) .

## ١ / ٤ هەستی نەتەوەیی، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی لای کورد

هەستی نەتەوەیی سۆزو گرێدانی تاکە بە کۆ، لە ڕووگای بە ئاگاییو ئاگاهاتنەوەو پەروەردەکردنیدا بەرجەستە دەبێت، ڕادەپەرموێتە سەر بنەماکانی زمان، نەژاد، خاك، کلتور، کەلەپور، بەرژەوەندی هاوبەش، .... لەمەڕ پێکهاتن و دروست بوونی نەتەوەوە، لەم پرۆسەیەی پێك هاتنەدا هوشیاریو بە ئاگایی ڕۆڵێکی گەلێك مەزن دەبینێ . ماتزینی گەورە نووسەری ئیتالیا و بانگەوازکەری یەکێتی ئەو وڵاتە سەبارەت بە نەتەوە دەڵێ :

**"نەتەوە کۆمەڵێ فەرهەنگی خەڵکانێکە کە بە هۆی خاکی هاوبەش، نەژاد، داب و نەریت، زمان و بناغەی هاوبەشی ئەمانە ژیان و ئاگایی کۆمەڵایەتی خۆیان پەیدا دەکەن** ( ٩/ل١٤ )، ئەم سۆزو گرێدانە بە شێوەیەك لە شێوەکان، گەر سەرەتایش بێت، لە یەکەم چەکەرەی دروست بوونی هزرو بونی دیدی جیا لەوی دیکەوە دروست دەبێت .

بیرو هزرو نەتەوەیی کورد لە یەکەم ساتە وەختی دروست بونیەوە ڕسکاوە" **هەر چەندە لە نێو چوار چێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی خاوەن پەیڕەو وپرۆگرام و ئامانجی یەکبوونی نەتەوەییدا چێوە بەند نەبووە بەڵام وەك هەست بوونی هەبووە، زەمینەی لە دایك بونی لە نێو کۆمەڵدا لەبار بووە، دواتر لای خانی گەیشتۆتە هان دان بۆ یەکگرتن و داوای دروست کردنی دەوڵەت بەڵام تەنها هەست و سۆز بووە، نەچۆتە نێو ئەو چێوە بەندەوە، چونکە ڕاستە هەستی نەتەوەیی لای هەر نەتەوەیەك گەلێك پیرۆزەو سەرچاوەیەکی بە نرخ و گرنگی لەبن نەهاتووە بەڵام تاکو ئەو هەستە لە قاڵبی بیرو باوەڕێکی زانستیو**


امید استقلال

**ڕێکوپێك دا دانەڕێژرێت هەرگیز نابێتە ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەو ڕێباز،هیچ بەرهەمێکیشی نابێ (٥/ل٤١) بەڵام هەر ئەم هەست و سۆزەیە کە زەمینە خۆش و لەبار دەکات بۆ ڕسکان و لە دایك بوونی بزوتنەوەکە کە لە سەردەمی میرایەتی بابان، سۆران، بۆتان، ئەردەڵان، ....هەروەها شۆرش و سەرهەڵدانەکانی یەزدان شێر، شێخ عوبەیدلای شەمزینی، .... چێوە بەند بووە"** گەر بە وردی مێژوی نوێی کورد بخوێنینەوە دەشێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین : **" دەرکەوتن و گەشەی هەستی نەتەوەیی لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەی زاینییەوە دەست پێ دەکات ( ١٥/ل٣١ )" مانفێستەکەشی لە ناو بەرهەمەکانی نالی، کوردی، سالم، بەردەشانی، شێخ ڕەزا،....دا حاجی قادری کۆیی خوێندویەتیەوە و بە گوێی نەتەوەی کوردیدا داوە"** ئینجا لە سەردەمی هەرسێ دەورانی حوکمی شێخ مەحموددا تەواو گەشەی کردووە ... بۆیە دەبینین لە سەردەمی حوکمداریو مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمود ئەو دیاردەیە زیاتر گەشەو تەکامولی کرد بە هۆی پێکهاتنی قەوارەیەکی نەتەوەییو خۆماڵیو تا ڕادەیەك سەربەخۆ ( ١٦/ل١٠٨ ) کە هەمدیسان بۆتە زەمینەی لەبار بۆ

لە دایك بوونی : خۆیبون، هیوا، ژ . ك، .... ، ئینجا پێکهاتن و دروست کردنی کۆماری کوردستان لە مهاباد" هەرچەندە تەمەنی ئەم کۆمارە کورت بوو بەڵام پێگەو جێگەیەکی گەلێ گرنگ و مەزنی هەیە لە گەشەکردن و بەرەو پێشەوە بردنی هزرو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا.

**٢-ئومێدی ئیستقلال و شوێن و پێگەی بیری نەتەوەیی**

## ٢ / ١ ناساندن

**"ئومێدی ئیستقلال"** وەك چەمك و ڕاز هیوای سەربەخۆیی لە هەناوی خۆیدا بەرجەستە دەکات، ئەو دوو دێڕە هۆنراوەیەی شێخ نوری هەمدیسان هەمان مانای هەیە کە هەتا ژمارە (٩) بەردەوام لە لاپەڕەی یەکەم و لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە :

**خودایە بەسیە ئیتر لابەری دەیجوری ئیضمحلال**
**طلوعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستیقبال**
**لەگەڵ خولیای هیجرەتدا بەسەر چوو عومری شیرینم**
**دەسا نۆبەی ویساڵە ئاه ئەی ئومێدی ئیستیقلال**

ئینجا هەر لە ژمارە (١)و لە لاپەڕەی (٣)دا، لەلایەن (ئەحمەد سەبری)یەوە" لە نووسینێکی بێ سەردێردا مەبەست و ڕازی دەرکرنی ڕۆژنامەکە دیاری دەکا: **"ئومێدی ئیستیقلال لەبەر ئەوەی نەشری حەقیقەت و مودەی حقوقی میلیەی عەرزو ئیفتخارە و بۆ معاوەنەتی هەموو خەبەر دار ئەکاو لەم خسوسەوە عەرزی تەبشیر ئەکەم"** . هەروەها لە هەمان ژمارەو لە لاپەڕە (٤)دا، بە ئیمزای کورد و لە ژێر سەردێری (تەرتیبات و تەشکیلاتی حازرە بۆ موحافەزەی حقوقی میللیەیە) دەڵێ: **"هەربەم حاڵە بە ئومێدی ئیستیقلال بۆ حەقی حەیات و ئیحیای خاکی پاکی موقەدەسی کوردستان خۆمان فیداو تا ئاخر نەفەسمان سەعیو کۆشش ئەکەین، بە موخاسیمانمان تەبشیر ئەکرێ"** . بەهەمان شێوە لە ژمارە (٢)و لە لاپەڕەی یەکەم و بە ئیمزای کورد جەخت لەسەر ئەو ئومێدو ئامانجە دەکرێتەوە:

**"قەومی کورد لە غایەی سەربەستی بە واستەی حکومەتێکی حەمیەتمەندەوە زیاتر هیچ غایەیەکی تر تەعقیب و ئارەزو ناکات"**

ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە خۆی ناساندووە :

**"سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعیە .... غەزەتەیەکی ڕەسمیە، هەفتەی جارێك دەردەچێ"** .

ڕۆژنامەکە وەك پەیڕەوی ئەو ڕۆژگارە هەردوو مێژووی ڕۆمیو کۆچی بەسەرەوەیە، یەکەم ژمارەی لە ( ١٣٣٩/٩/٢٠ی ڕۆمی، ١٩٢٣/٩/٢٠ی زاینی ) دەرچووە، هەمووی بیست و پێنج ژمارەی لێ دەرچووە کە دواهەمینیان لە ( ١٣٤٠/٥/١٥ی ڕۆمی، ١٩٢٤/٥/١٥ی زاینی )دا دەرچووە .

زمانی ڕۆژنامەکە کوردی بووە، بەڵام دواتر بەشی تورکی ( تورکچە قسمی )، ئینجا بەشی فارسی ( قسمت فارسی ) کردۆتەوە، وتارو نووسینی بەم دوو زمانە بڵاوکردۆتەوە، هەروەها وەڵامی ڕۆژنامە تورکییەکانی بە تورکیو فارسییەکانی بە فارسی داوەتەوە" هەوڵ دراوە بەتایبەت لەلایەن ( حوسین نازم )وە کە بەشی عەرەبیش بکاتەوە، بەڵام کەس بە دەنگییەوە نەهاتووە، لە ژمارە (١٤)و لە لاپەڕە (٤)دا حوسین نازم بانگەواز دەکاو دەڵێ : **"بۆ ئەو زاواتانەی کە حائزی قودرەتی تەحریریەی عەرەبیەن" وەکو لە ئەوەلەوە لە ئیفادەی مەخسوسەدا بەیانم کردووە کە خۆم لەبەر ئەوەی کە ئیقتداری تەحریرەی عەرەبیەم نییە ڕاجیع بە ئەربابی موقتەدرەی خۆی ئەکەم لوتفەن لەم خسوسەوە موافق بە مەسلەکی غەزەتەکەم درێغی معاوەنەت مەفەرمون ."** حسین نازم" .

خواجە ئەفەندی زادە ئەحمەد سەبری (**مدیر مسئول**)ی ژمارە (١ تا ٣) بووە، ئینجا لە ژمارە (٤ تا ١٣) ڕەفیق حیلمی (**مدیر مسئول و سر محرر**) بووە، حوسێن نازم لە ژمارە (١٤ تا ١٦) (**مدیر مسئول و سر محرر**) بووە، لە ژمارە ( ١٧ تا ٢٥ ) ناوی کەسی بەسەرەوە نی‌یە . هەموو ژمارەکان لە (**چاپخانەی حکومت لە سلیمانی چاپ کرا**) وە

## ٢ / ٢ وتارو نووسینەکانی خانەی بیری نەتەوەیی

ئەو وتارو بەرهەمانەی لەم خانەیەدا پۆلێن دەبن“ فرەو هەمەچەشنەن . سەرەتا لە یەکەم ژمارەو لەژێر سەر دێڕی ( **غرائب** )، بە ئیمزای ( **ئومێدی ئیستقلال** ) قسە لەسەر هەوڵ و خەباتی ( **قەومی کورد** ) دەکا کە بۆ گەیشتن بە ئازادیو سەربەخۆیی بووە، ڕچە بۆ کۆمەڵە وتارو نووسینێك دەشکێنێ کە جێگاو ڕێگای تایبەتییان هەیە . بنەماو پێگە توندو خۆگرەکانی نەتەوەی کوردو هێزی نەتەوەیی دیاری دەکەن، ئاماژەش بە هەڵەو کەم و کورتییەکان دەدەن، کە نەك تەنیا بۆ ئەو ڕۆژگارە لە لووتکەدان، بگرە بۆ ئێستاو پاش تێپەڕبوونی هەشتا ساڵ بەسەر دەرچوونیشیاندا هەر لە هەمان جێگای خۆیاندان .

- (**بەسیە ئیتر**) لە لاپەڕەی (١)ی ژمارە (٣)دا بڵاوبۆتەوە کە ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، بەڵام لە ڕوی ناوەڕۆك و شێوازی دارشتنییەوە پێ دەچێ ئەحمەد خواجە نووسیبێتی . وتارەکە هانی کۆمەڵانی خەڵك دەدات بۆ یەکێتیو یەکگرتن و کارکردن و وازهێنان لە خولانەوە لە نێو بازنەی قسەی بێ کردار، هەروەها کاری بێ ئومێدی، چارەسەری کێشەی سەرەکیکە (**مەنفعەتی عمومی**)یە، هەروەها پەنجا دەخاتە سەر خۆیەکلایی نەکردنەوە، دەڵێ : "**زۆر کەس ئەبینم لە دووسێ مەقسەد بەیانی موتاڵەعە ئەکات و تەرەفداری دوو سێ فیرقەیە . حاسڵ ( لەسەد ئاش ئەکات و یەکی ناماڵێتەوە )** " . ئینجا دەگاتە ئەوەی کە جەخت لەسەر هۆکاری نەهامەتی و بە ئاکام نەگەیشتن دەکاتەوەو دەڵێ : "**کە لە غایەی مەجموعەدا تەخالوف بۆ هەمیشە وەکوو بینراوە هەر فەلاکەت و مەئیوسیەت، هەر پاش کەوتن و نەبونی لێ دەست ئەکەوێ** "“ هەروەها ئەنجامەکەیشی دیاری دەکاو دەڵێ : "**نەختێك ورد بینەوەو لێکی بدەینەوە موحەقەق پەشیمانی حاسڵ ئەکەین و تا ئەو پەشیمانیەمان حاسڵ نەکردووە بۆ ڕێگەیەکی نەجات یەك فکر بین بەڵکو گرەو ببەینەوە . ئەو وەختە کردەوەی خۆمان لە نەزەر تەئریخ و ئەخلاق دا مەسئول و موعەزەب نەبینین . خوا ئەم عیتابە حەقەمان بە نسیب نەکاو ئیتحادی کورد نسیبی ئەم عەسرە بکات** "

-(**مەتبوعات و زبانی کورد :کورد بۆ هەتا ئێستا موستەقیل نەبووە لەمەولا قابیلە یان نا ؟** ) سەر دێڕی وتارێکی دوو ئەڵقەیی‌یە کە لە ژمارە ( ٣ ) دا بڵاوکراوەتەوە، ئەڵقەی دووەمی لە ژمارە ( ٤ )و لاپەڕەی ( ٣ ) دایە، تەنیا سەردێڕی (**کوردستان**) ی بۆ نووسراوە، نووسینی ئەحمەد سەبرییە . سەرەتا سەبارەت بە سوودەکانی چاپ و چاپەمەنی دەدوێ، وەك دەروازەیەك دەیکاتەوە بۆ چوونە ناو کرۆك و گرێی وتارەکەی کە نەبوونی حکومەتێکی کوردییە“ هەر لێرەشەوە ئاماژە بە زمان دەدات کە یەکێکە لە پایەو دنگەکانی نەتەوە، لەتەك نووسین و چاپەمەنی پێکیانەوە دەبەستێ، دەڵێ : "**حاڵ ئەمەیە لە عالەمی مەدەنیەت و میلەلدا واسیتەی ناسین و تەعریفی عەناسر زبانە، زبان ئەڵبەتە بە سایەی قەواعد تەرەقیو بە سایەی مەتبوعاتەوە تەدوین**

**ئەکرێو ئەناسرێ "** . ئینجا دێتە سەر نەبوونی نووسین و بەرهەم بە زمانی کوردی کە هەر ئەم حاڵەتەش دەبەستێتەوە بە نەبوونی حکومەتێکی کوردییەوە : **" عیلەت لە نەبونی زبانی کوردی عەدەم مەوجودیەتی حکومەتی کورد بووە، ئەم سەبەبەیش عەتف ناکرێتە بێ قابیلیێتی قەومی کورد "** . هەروەها ئاماژە بە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم دروست نەبوونی ئەو حکومەتە دەدا : **" مانع بۆ حکومەتی کورد موحیتی ئیقلیم و مەوقعی جوغرافی کوردستانە "**، خاڵ بە خاڵ ئاماژە بەو هۆکارانە دەدا :

*__ئەوەڵەن__ : تەبیعەت بەخشایشێکی وای نەداوە بە ئەرازی کوردستان کە سەبەبی یەکێتی و ئیستیقلالێتی کوردستان بێت .

*__سانیەن__ : کوردستان هەر چەندە زەمان زەمان ئیستلا کراوە مەعروزی تەعەروزاتی خارجە بووە فەقەت هیچ وەختێ مەعروزی ئیستیلایەکی عمومی و بەردەوام نەبووە تاکو کورد مەجبوور بێ ئیتحادییەکی عمومی تەئسیس بکات .

*__سالیسەن__ : کوردستان وەکوو مەعلومە کامیلەن شاخ و داغە و میلەتی کورد بە ئەکسەریەت زارع و مازو دارفرۆش یا شوانن لەبەر ئەمە لە بەینی کوردستان و ئەقوامی موتەجاورەدا توجارەتێکی واسیع و موناسەبەتێکی دائیمی نەبووە .

*__رابیعەن__ : عەوارزی ئەرازی کوردستان وەکو عەرزکرا دائیمەن موساعیدی تەفرەقەو بەجیا ژیانی کورد بووە.

هەروەها ئاماژە بە سنوری کوردستان دەدات" دواتر دێتە سەر دیاریکردنی هۆکاری بەدەست هێنانی سەربەخۆییو چۆنێتی گەیشتن پێی : **" قەومی کورد کە ئیمرۆ مەحرومی نیعمەتی حوریەت و ئیستیقلالیەتە ئەتوانێ بە سایەی عیلم و مەعریفەت و سەروەتەوە تەرەقیو نائیلی ئیستیقلالیەت ببێ "** .

- رەفیق حیلمی لە ژمارە (٤)وە بۆتە ( **مودیری مەسئول و سەرموحەریر** )، لە لاپەرەی یەکەم و لە ژێر سەر دێری (**بۆ برادەرانی وەتەن** ) وتارێکی دابەزاندووە کە باس لە هۆو چۆنێتی وەرگرتنی ئومێدی ئیستقلال و سوودی رۆژنامە، دواتر بانگەوازی خوێنەران و نووسەران دەکا بۆ هاریکاریکردنی .

هۆنراوەی سەردێری رۆژنامە لەلایەن ( رەفیق حیلمی )یەوە کراوەتەوە چوارینە، لە لاپەرە (٢)دا بلاوبۆتەوە -:

**(تەربیعی غەزەلی ئەدیبی موحتەرەم جەنابی - م . نوری ئەفەندی)**

لە دنیادا چی قەومێکە بکا میللییەتی ئیهمال
جیهانی پڕ جیداڵە ئێستا بۆ تەئمینی ئیستیقلال
خودایە بەسیە ئیتر لابەری دەیجوری ئیضمحلال
تلوعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستقبال
لەرێی حوریەتا شەرتبێ بگاتە ئاسمان شینم
هەر ئیستقلالە مەقسودم هەتاکو باقیە ژینم
لەگەڵ خولیای هیجرەتدا بەسەرچو عومری شیرینم
دەسا نۆبەی ویساڵە ئاهـ ئەی ئومێدی ئیستقلال...هتد.

- ئەحمەد سەبری لە ژمارە (٥)، لاپەرەی (٣)دا وتارێکی بێ سەردێری کە سەبارەت بە نەبوونی دیدو هزرێکە نووسیوە کە رێنوێنیکەر بێت بەرەو رزگاری، هەروەها پلار دەگرێتە نەوەی پێشوو کە لەو رووەوە خەم سارد بوون، دەڵێ : **" سەبەبی ئەم حاڵەیش بێ فکری و بێ تەحسیلیە چونکە فکرێکی ئیستیقبالمان نەکردۆتەوە، ئێستا ئێمە ئەبێ فکرێکی مازی**

**بکەینەوە و عیبرەت وەربگرین .... موحەقەق ئەگەر پیاوە قەدیمەکانمان فکری ئیمڕۆیان ببوایە ئێمەش توشی ئەم پەلە پروکێو هاوارە نەئەبوین و وەکو کوڕی باوکمان لەسەر بەشی خۆمان دادەنیشتین و ئەمڕۆ حکومەتێکی موستەقیلمان دەبوو "** . ئینجا پەنجا دەخاتە سەر نەخۆشییەکی دیکەی کوشندەی ناو کۆمەڵ کە نەزانیو خۆگرێ دانە بە خورافات و سوورانەوە لەو بازنەیەدا، دەڵێ : **" لە خاکی کوردستان و لە میللەتی کورددا لە پاش ( سلاح الدینی ئەیوبی )ئەگەر چی زۆر پیاوی مەشهور و جەنگاوەرو شەجیعی تێدا هەڵکەوتووە، لەبەر بێ فکری بۆ ئیستیقبال هەموو ئەوقاتی خۆیان لەگەڵ کتێبی ئەسکەندەر و زەڕین قوباد و شانامە ڕابواردووە و لە مجادەلەی شەجاعەت و پاڵەوانیی ئەسکەندەرو حیلەبازی بابا زیاتر هیچ مەنفەعەتێکیان نەبۆ خۆیان و نەبۆ وەتەنەکەیان نەبووە . حاسڵی جەهالەت و خورافات مەیدانی تەرەقی نەداون،،** لە هەمان کاتدا ئەمە ڕەخنە گرتنێکیشە لە ڕابوردوو، هەروەها چارەسەریشی دیاری کردووە **" لەسەر هەموو برادەران و منەوەرانی کورد فەرزە کە بەیەك دڵ و یەك سەدا هاوار بکەین و بە قەلبێکی ساف و بێ غەش تەعقیبی غایەو مەقسەدی حەزرەتی مەلیکی کوردستان بکەین، فرسەتە ئەمڕۆ "، مەقسەدی مەلیکی کوردستان : " ئەمڕۆ بۆ ڕەفاهو سەعادەت و بۆ ئازادیو سەربەستیت قەومی کورد حەزرەتی ( مەلیك مەحمودی ئەوەل )کە بەجان و مال سەعی ئەکا و بۆ تەرەقیو تەئمینی ئیستقبال و ئیستیقلالی ئەم میللەتە تێ ئەکۆشێ "** .

- **( حەسبحاڵ )** هۆنراوەیەکی ( ئەحمەد فەوزی )یە کە لە لاپەڕەی ( ٣ ) دا بڵاوبۆتەوە، داوای هەوڵ و هیمەت دەکا بۆ دەرچوون لە ژێر دەستی، گەیشتن بە ئامانج :

ئەی میلەتی مەزلومی کورد بەسیە ئەم ئاهە
مازیت بەسەر چوو چیە ئەم وەزعەتە باهە
بۆ حالەتی موستەقبلی خۆت سەرفی زهن کە
وەختت لە دەسایە ئەمە ئەیامی ڕەفاهە
ئەقوامی سەغیرو میلەتی لێ بێ سەروپا زۆر
ئیمرۆکە لەسایەی هەمی خۆیەوە شاهە
هتد

هەروەها لە هەمان ژمارەو لە لاپەڕەی ( ٤ )دا وتارێك لەلایەن ( ئەحمەد فائز )و لە ژێر سەردێری ( **ئەی منەوەران و حەمیەت مەندان** )دا بڵاوکراوەتەوە کە وەك بانگەوازو هان دان وایە بۆ یەکگرتن و کارکردن لە پێناو کوردستاندا : **" قەومی نەجیبی کورد !تاکەی تەشریکی مەساعی و غیرەت کەشیو بەیەك بانگ هاوار نەکەین بۆ تەعالیو تەرەقی ئەم وەتەنە پاکە چاکە "** . ئینجا لەگەڵ ئاوەز و ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵك دەدەوێ، لە ڕووی توانا و هێزی لێوەشاوەیی کوردستانەوە دەئاخڤێ، قسەکانی بە حەدیسێکی پێغەمبەری ئیسلام ( د .خ ) پشت ڕاست دەکاتەوە، هەروەها ئەوەشی لە بیر نەچووە کە سەبارەت بە جوانیو دڵفڕێنی کوردستان و زەنگینیەوە بدوێ، ئینجا ئامانجیشی دیاری کردووە، دەڵێ : **" نوقتەی نەزەرمان هەر ئیستیقلالە . یەك دین و یەك دڵین بۆ ئەم خەیاڵە "** .

- ڕەفیق حیلمی لە ژمارە ( ٧ )و لە لاپەڕە ( ٣ ) دا هۆنراوەیەکی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا هانی کۆمەڵانی خەڵك دەدات بۆ هەوڵ و کارکردن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و بەدەست هێنانی ( ئیعتیبار )، ئاماژە بەوە دەدات کە قسە کردن لە زوڵف و باڵای

یار بۆتە مۆدەیەکی کۆن، ئێستا کاتی جوهدو غیرەت نواندنە بۆ گەیشتن بەمەرام :-

**شیعری زەمانە**

**مۆدەیەکی کۆنە باسی زوڵفی یار**
**یاخو تەسویری سەفای نۆبەهار**
**ئێستا وەختی جدو جوهدو غیرەتە**
**هەر بەسەعییە ئیکتسابی ئیعتیبار**
**عالەم سەعی‌و عەمەلی ڕازی نی‌یە**
**گەر بکا شەخسێکی عاتڵ ئیفتیخار**
**هتد**

- لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ( ٨ )دا وتارێك لە ژێر سەر دێری **(بون وژیان بەسەروەتەوەیە سەروەت بەچی‌و چۆن حاسڵ دەبێ )** لەلایەن **(عادل ئەفەندی )**یەوە بڵاوکراوەتەوە، وەکو لە پێشکەشکردنەکەی مامۆستا **( ئەحمەد سەبری )**یەوە دەردەکەوێ وتارێکی دووردرێژە، داواکارە کە بەزنجیرە لە **( ئومێدی ئیستیقلال )**دا بۆی بڵاوبکرێتەوە بەڵام تەنها دوو ئەڵقەی لێ بڵاوبۆتەوە کە لە هەردوو ژمارەی ( ٨ ، ١١ ) دان، لێی نووسراوە **( ماویەتی )** بەڵام تەواو نەکراوە !، هەروەها لە ژمارە ( ٩ )دا پۆزشێك هێنراوەتەوە کە ئەڵقەی دووەمی ئەو وتارەی تێدانییە، **" ئیعتزار لەبەر کیسرەتی موندەرەجات لەم نوسخەیەدا مابەعدی مەقالەکەی جەنابی عادل ئەفەندی نەنوسرا "** .

ئەم وتارە یەکێکە لەو نووسینە دەگمەن و دانسقانەی کە سەبارەت بە باری ئابووری‌و بنەماکانیتی، هەروەها لە کۆی باس و ئەنجامی ئەو دوو ئەڵقەیەوە مەبەستی نووسەر ئاشکرا دەردەکەوێ کە تێکشکاوی بنەمای ئابووری، شێواوی وبێ سەرەوبەرەیی ئابووری کوردستان یەکێکە لە هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، دەڵێ : **" مەعلومە کە ژیان بە سەروەتەوە ئەبێ . چونکە هەموو ئیحتیاج و لەوازماتێك چۆن بۆ فەردێك بەسەروەت تەئمینی قابیلە بۆ میللەتێکیش هەر بە سەروەت، مەوجودیەت، ئاهەنگی ئیجتماعی بەقاو تەئمینی لەوازیمی مومکین ئەبێ . سەروەت بۆ میللەتێك ئەساسێکی قەوی‌و مەتین تەشکیل ئەکا چونکە پارە تەئمینی هەموو مەقسەدێکی پێ ئەکرێ "** .

هەروەها ئاماژە بە **( مەعاریف، توجارەت، سەنایع وزراعەت )** دەدات، بەچوار کۆڵەکەو بنەمای سەرەکی بە دەست هێنانی سەروەت و سامانیان دادەنێ، ئینجا لێیانەوە دەدوێ .

**( مەعاریف )** زۆر بە پیرۆز دەنرخێنێ‌و بە بنەمای هەموو هۆو ئەنجامەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵی دادەنێ بە تایبەت بۆ کورد، هەروەها بە بناغەی پێشکەوتنی ( توجارەت و سەنایع و زراعەت )یشی لەقەڵەم دەدات : **" هەر چەندە دەرهەق مەعاریف قسە بکرێت کەمە خۆ یەکجار بۆ ئێمە . مەعاریف دەرجەی لزومی هەر نابڕێتەوە کۆتایی نایێ‌و علی الاطلاقمیلەل و ئەقوام مەعاریفیان نەبێ ناژین و هەتا توجارەت، سەنایع و زراعەتیشیان ببێ موافیقی مەتلوب نابێ‌و تەئمینی ئیحتیاج تەکەفول ناکا "** .

**( توجارەت )** وەك خاڵی دووەم ئاماژە پێ دەدا، بەسەرچاوەی سامانی لە قەڵەم دەدا، کە دەبێتە بنەماو بناغەی لێوەشاوەیی‌و کایە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئەمەوە بینا ئەکرێت، هەروەها بەرو پێشیشەوە دەبات : **" بەڵێ توجارەت مەنبەعی سەروەتە . میللەتێك هەتا حقوقی توجارەی گەورە واسیع بێ ئەوەندە قابیلیەتی ئیجتماعیەتی موسەلەمە چونکە توجارەت یەکێکە لە ئەرکانی حەیاتیەی میللەت "** .

ئینجا ئاماژە بــە پایــەکانی توجـارەت دەدات و وەك یاسایەك لــە قەڵــەمیان دەدا : " **قــانونی توجــارەت لەسەر سێ ئەساســی مــوهیم دانــراوە : ئەمنیــەت، سورعەت و ئیعتیبارە** " . لێیانەوە ئــەدوێو شــییان ئەکاتەوە :-

**ئەمنیەت :** یەعنی توجار ئەبێ ئەمین بێ و ئــەمینی لەنەزەر هەم مەسلەکی خۆیو ئەفرادی ئیجتماعیــەدا خەلەلدار نەبێ .

**سورعەت :** ئیشــێك کــە تەعهــدی ئــەکا لازمــە بــە سورعەتی مومکنە ئیفای بکا چونکە وانەبێ ئەوانەی ئیش بەو توجارە ئەسپێرن موتەزەرر ئەبن .

**ئیعتبار :** جوزئی موتەمیمی ئەمنیەت و سورعەتە . یەعنی توجارێك کە ئەمنیەت و سورعەتی بوو بەبێ سەرمایەیو بەڵکە زیاتر ئیعتیباری ئەبێ .

هەروەها ئاماژە بە هێنانی سەرمایەی دەرەکــی دەدا کە چۆن لەناو وڵاتدا بخرێتە گەڕ بەمەبەستی بەدەست هێنانی سوودو قازانج : " **نوقتەیــەکی مــوهم هەیــە لازمە لە توجارەتدا مولاحەزە بکرێ ئــەویش جــەلب کردنــی پــارەی ئــەجانب و ئیخــراج نــەکردنی پــارەی داخلیە ·یــەعنی لەسایەی توجارەتــەوە پــارە لــە خاریجەوە ئەهێنرێتە ناو میللەت، لە نــاو میللەتــەوە پارە نابرێتە مەملەکەتی ئەجنەبی ئینجا کــەوا کــرا میللەت ئیستیفادە لەم توجارەتە ئەکا** " .

بەڵام مەخابن ئەم وتارە تەواونەکراوە .

لە هەمان ژمارەدا ڕەفیق حیلمی لە ژێر ســەردێری ( **حکومــەتی میللییــە فائیــدەی چــیە** ) وتــارێکی بڵاوکردۆتەوە کە سەبارەت بە سوودەکانی حکومــەتی خۆماڵی ئەدوێ، خــراپترین دەســەڵاتی خۆمــاڵی لــە باشترین دەسەڵاتی بێگانە بە باشتر دەزانــێ گــەر بــۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، دەڵێ : " **حکومــەتێك کــە ئەرکانی لە ئەفرادی میللەت بێ ئەگەر چوار ڕۆژیش دەوام بکا بۆ وەتەن فائیدەیەکی عەزیمی هەیە چونکی لەو مودەتەدا هــیچ نــەبێ جەریدەیــەکی سەربەســت، چەند موعەلیمێکی حوڕ، دە دوانزە کەسێکی وەتــەن پەروەر پێ ئەگەیــەنێ، فــی الحقیقــە ئــەو حکومەتــە هەرچەندە موستەبید بێ تەساموحی لە حکومەتێکی ئەجنەبی زیاترە** " . ئینجا دەگاتە ئەوەی : " **چونکە فائیدەی لەوەدایە کە نەسلی حازر بە فکــری مجادەلــە پێ بگا** " . هەر لەم وتارەدا جەخت لەســەر ئــازادی بیروڕا و چاپەمەنی دەکات : " **ئەمەیش بەواسیتەی سەربەســتی مــەتبوعات و حوریــەتی ئــەفکارەوە مومکنە** " .

- ڕەفیــق حیلمــی لــە ژمــارە ( ١٠ )و لــە لاپــەڕەی یەکەمدا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە لە ژێــر ســەردێری ( **تورکیزم، ئینگلیزچی، وەتەنپــەروەر چــین، میللــەتی کورد بەچی ماڵ وێران بوو ؟** ) ، بە یەکێك لە وتــارە گرنگەکانی ڕۆژنامەکە دەژمێردرێت، ســەبارەت بــە دابــەش بــونی میللــەتی کــورد ئــەدوێ بەســەر ئــەو دەســـتەواژانەی کــە دیــاری کــردوون، هــەروەها لەمەڕناتەبایىو چۆنێتی بوونە هۆکــاری لاوازیو کــەم دەسەڵاتێتیەوە قسە دەکا، دەڵێ : " **میللەتیش خــوا نــاخوا بــە موقتــەزای ئــەحواڵی ڕۆحیــەو یاســەویەی علمیەیانەوە تەدریجەن بوون بە سێ فیرقە، لەبەر ئەمە سێفیکری زدو موتەباین لەمەملەکەتا بە دائیم لــە حاڵی موجادەلە فارغ نەبوو بەم نەوعــە موقــەدەراتی مەملەکــەت و میللــەت هــیچ وەقتێــك حوســنی ئیستیعمال نەکرا** " . ئینجا لە چۆنێتی دەرکــەوتن و پەیدابوونیانـــەوە ئـــەدوێ، هـــەروەها زەمنیـــەی نەشـــونوماکردنیان شـــی دەکاتـــەوە، ســـەبارەت بـــە سیاسەتی چەوتی ئینگلیزەکان دەرهــەق بــە کــورد و

حکومەتی کوردستانی جنوبی دەئاخڤێ، دەرکەوتنی تورکیزم وەك پارتێکی ڕقابەری نیشتمانپەروەران و ئینگلیزەکان دەبەستێتەوە بە هێنانی ئەو مەفرەزە تورکەی کە هێنرانە ڕەواندز، هەڵبەت مەبەست لە مەفرەزەکەی (ئۆزدەمیرە) :" تا خۆشنودانی کورد بۆتەهدیدی سیاسەتی ئینگلیز عادەتەن بە جەبری مەفرەزیەکی تورکیان هێنایە ڕەواندوز . مەوجودیەتی ئەم مەفرەزیە لەسەر ئەفکاری عمومیە تەواتیرێکی فەوقەلعەئمولی نواند " .

ئەم پەرتەوازەییو لێك شاوەییە، کەوتنە نێوگەمەی تورك و ئینگلیز و هەلپەرستانی کوردەوە کە تەنها هیواو ئامانجیان سوودو قازانجی خودی خۆیان بووە، ئەم دۆخە بە هۆکارێکی سەرنەکەوتنی ئامانجە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدات :"مع التاسف لەبەر **هەرج و مەرجی ئەفکار حکومەتیکوردستان موافقی ئامالی سیاسیە تەشەکولی نەکرد** " .

- ڕەفیقی حیلمی لە ژمارە ( ١٣ )و لە ژێر دێری ( **حەڵەب و کوردستان** ) وتارێکی دابەزاندووە کە سەبارەت بە شوێن و جێگای ستراتیژی کوردستان دەدوێ بە گشتیو بە تایبەت لە ڕووی جێگاو شوێنی موسڵەوە قسە دەکا " **ئەساسەن لە سوریەو عیراقا حەڵەب و موسڵ بۆ موحافەزەی بیلادی عەرەبیە لە نوقتەی جوغرافیو سەوقی جەیشەوە عادەتەن وەکوو دوتای تەرازویەکن، چونکە لە تەزیقیەکێکیان دەرحاڵ ئەویتریش موتەئەسیر دەبێ** " . ئینجا پەنجە دەخاتە سەر یەکێك لەنەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی کورد کە **(تەعەسوبی ئیسلامی)**یە لەبەرامبەر **(تەعەسوبی میللی)** ، ئەویان گەلێ بەهێز ترە، بۆتە هۆکاری بە کارهێنانی کورد لەلایەن تورك و فارس و عەرەبەوە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کاریان هێناوێن، بە تایبەت تورك بە درێژایی دەسەڵاتی عوسمان وبگرە هەتا ئێستاش سوودی زۆری لەم ڕەوشە وەرگرتوو، چونکە کورد لەم خەوی غەفلەتەدا هەر پرخەی دێت، ئەم تەل و هەستی دینییە زیاتر هەستیارترو لەبارتر بووە، گەیشتۆتە ڕادەیەك کە خودی خۆی لەلامەبەست نەبووە و نییە هێندەی ئیسلام وبرا موسڵمانەکانی لە تورك، عەرەب، فارس... لامەبەست بووە: " **کورد ئیسلامیکی تەواون و هەرچەندە دەرهەق بە خۆیان لە نەفسی ئەمرا فوق العادە حورمەتکارن، فەقەت غرورێکی ئیسلامیەت بە تەدریج لە شکلێکی تردا حاکمی حسیاتی میللییەیان بووە، مەعنای حوریەت و مساوات و سائرەیان سوئی تەفەهوم وبەواسیتەی غەڵەتی ڕوئیەتەوە خەیاڵیان بە حەقیقەت تەلەقی** کردووە ". هەروەها ئاماژە بە دواکەوتوویی کوردستان و پێشکەوتوویی ئاوەدانی ناوچە تورك نیشنەکاندەدا، بەراوردیان دەکا کە لە ئەنجامدا وا لە کورد دەگەیەنێ دەکا ( گرنگ نیە بالێرە لە **کوردستان نەبم، دەچمە ئەو ناوچانە با لەوێ ژیانم باشتر و خۆشتر بێت** ) کە بەرجەستەی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە نەستی تاکی کورددا جێ دەکاتەوە، بەبێ ئاگایی دەکەوێتە ناو داوی جێبەجێکردنییەوە، هەتا ئێستاش داگیرکەرانی تورك و عەرەب و فارس ئەم سیاسەتە پیادە دەکەن :" **مع مافیە لەویلایەتی بەتلیس مەکتەبێکی ئیبتدائی نەبێت لە ئەزمیر موتەعەدیدی مەکاتب و هەتا لە ئەستەمبول چەند مەکاتبی عالیەش مەوجودە، لایەك وێرانە، لایەك مەعمورە، لێرە مەکتەب نییە لەوێ هەیە ئیتر فەرقی چیە هەڵسەبچۆرە ئەستەمبوڵ بەکەیفی خۆت بخوێنە، مانیع چیە ؟ حاسڵی تەفەکورات وتەلەقیاتی کوردێك تەمامەن موتابقی**

**ئەم قسانەیە چونکە لە نوقتەی نەزەری حکومەت بێ خەبەرە، حوریەتی فەردیەی مانعی ڕوئیەی ئەسارەتی قەومیەیە ".**

- حوسێن نازم لە ژمارە ( ١٤ )وە بۆتە ( **مدیری مسئول و سەرمحرر** ) ، لە ژێر سەردێری ( **هاوارە لە دەست ئەخلاق بەدگۆیان و مزەویران** ) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە کە لە ڕووکاری دەروونییەوە نەگەیشتن بە ئامانج و ئاواتی کورد لێك دەداتەوە، یەکڕیزیو تەباییە کۆمەڵایەتییەکان بە بناغەی پێشکەوتن لە قەڵەم دەدا :" **خاسیەی بەشرییە عیبارەتە لە مەوجودیەتی ئیجتماعیە ، هەر ئەم مەوجودیەتی ئیجتماعیەیە کە عالەم و بەشەریەتی هێناوەتە ژێر نیزام و ئینتزامی مەدەنیەتەوە** ". ئینجا دێتە سەر ڕابوردو کە وەك بنەکۆی تەبایی کۆمەڵایەتی چاوی لێ نەکراوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری دروست بوون و نانەوەی دووبەرەکیو لێك ترازان و هەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵ کە نەبۆتە هۆکاری دروست بوونی زەمینەیەکی پتەوی وا کە بینای مەرام و پەیرەوی گەیشتن بە ئامانجی لەسەر بنیان بنرێ :"**واقعەن عەنعەناتی ئەجدادیەمان عالیە تەئریخ بە شاهید مەفاخیری میللییە چی فائدەیە کە : ئێمە خۆمان لەسەویەی ئەم مەفاخرە بێ مایە ماینەوە . هەموو قەومێك لە عالەمی مەدەنیەتدا تەعالی کرد . زەمان بۆ ئێمە قابیلیەتی تەرەقی ئیستیعدادی تەفیزی نەنواند . جەوهەری فیتریەمان لە حالی مەتروکەیا مایەوە . غوبار ئالودە بو . و بەم غوبارە تەفەسوخی کرد . مەزیەتی فازیلەمان وەرگەڕایە سەر ڕەدائەت، ئەم ڕەدائەتەش هەرمەخسوس بەیەکترییە** " .

- لە ژمارە ( ٢٣ )و لە لاپەڕەی ( ٤ )دا پڕۆتستۆیەك بڵاوکراوەتەوە لە ژێر سەردێری ( **جەوابی غەزەتەی العراق** )،پرۆتستۆکردنی گرێ دانی سلێمانییە بە دەوڵەتی عێراقەوە، لە درێژەی نووسینەکەدا ئاماژە بە بنەما نەتەوایەتییەکانی کورد دەدات :" **واقعەن هەردوولا بەشەرن و هەم هاودینن فەقەت حاڵەتی عونسریەو خسوسیەی ئیجتماعیە زۆر لەیەکی دورخستوینەتەوە . بەڵێ واقعەن موناسەباتی فیتریەمان هەیە لاکین موجانەساتی ئیجتماعیەو ئەخلاقیە و لیسانیەمان نیە لەسەدیەك لە زمانی یەکتری حاڵی نابین ولەم حاڵەدا ئەم مشارەکەتی حەیاتیەمان لەگەڵێ جهەتەوە نا قابیلی تالیفە** ".

*ئەم پرۆتستۆیە* ناوی کەسی بەسەرەوە نییە .

## ٢ / ٣ ڕەوشی گەشەکردن و پێگەی ڕۆشنبیری لەبەرەو پێشەوە بردنیدا

عەرەبە موسڵمانەکان کوردستانیان داگیرکرد، هورمزگاو خوێندگاکانی وڵاتی کوردستانیان سووتان و کاول کرد، لەبەرامبەردا حوجری مزگەوتەکانیان ئاواکردەوە کە بۆماوەیەکی دوورودرێژ مەلا، پێش نوێژ، وتاربێژ، یان تێدا پەروەردە دەکرا، لە ڕووگای خۆیدا بەرجەستەی سیاسەتی دەوڵەتی خەلافەتی ( **ڕاشدین، ئەمەوی، عەباسی، عوسمانی،** ) ئیسلامی، بە عەرەب وتورك کردنی کۆمەڵگای کوردی دەکرد بەڵام لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، هیمەتی دڵسۆزان و زانایانی کورد بە کوردی نوسین هاتە گۆڕێ، ئەو هەست و سۆزە نەتەوەییەی کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی کوردەوە ڕەسکابوو خانەی یەکەمی گرنگی پێدانەکانیانی گرتەوە بە تایبەت دوای ئەوەی سوڵتان مەحمودی دووەم ساڵی ( ١٨٢٦ز ) بڕیاری چاکسازی وتاك دەسەڵاتی ناوەندی دەرکرد، ساڵی ( ١٨٣٤ز ) هێرشێکی سەربازی بەربڵاوی هێنایە سەر

کوردستان بە مەبەستی سەر لە نوێ داگیرکردنەوەیو لە ناوبردنی میرنشینە کوردیەکان . (٥ / ل٣٣) بە مانای ئەو بنکە بە هێزەی دەوڵەت و دەسەلاتی خەلافەت کە شەڕی دیدوئایدیاو مەرامی نەتەوەیی کوردی لێوە دەکرا گۆڕدرا بۆسەنگەری بەرگری بنکەی وەشاندنی تۆوی بیری نەتەوەیی، گەر بە وردی سەرنج بدەین :حوجرەو تەکیۆ خانەقاو کان سەرباری گێرانی ڕۆڵی دیدو ئایدیای ڕەسمی دەوڵەت و هەوڵدانی بەشێك لە مەلاو شێخ و کان بۆ مانەوە لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی خەلافەت بە بیانووی ڕازی بوونی ( خوداوپێغەمبەر )ەکەی، مانەوە لە ناو ( دار السلام )دا کەچی ببوونە بنکەی بلاوکردنەوەی هۆشیاری، زۆربەی شۆڕش و سەرهەلدانەکان لێرەوە تەقیونەتەوە)، بۆ ناوچەو دەڤەرەکانی دیکە تەنیونەتەوە، هەروەها لێرەشەوە یەکەم هەوڵی یەکخستنی سیاسەت و ئاین بەرێوەچووە بە تایبەت شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی سالی ( ١٨٨٠ز ١٨٨١ز )، لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا یەکەمین هەولە بۆ یەکخستنی سیاسەت و ئاین بە شێوەیەك کە ناکۆکی لە نێوانیان دا پەیدا نەبێت ورووی خەباتەکەش عادیلانە ونەتەوەیی و دژ بە زوڵم و زۆری سولتان نیشان بدات (٣ /ل١٥).

بەرهەمی نوسەران و شاعیران ببونە هەوێنی بلاوبونەوەی بیری ئازادی کوردستان بەلام سولتان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم ڕەوشە و پاش پێك هێنانی سوارەی **"حەمیدی"**یە لە سالی (١٨٩١ز) کە ڕۆلێکی گەلی خراپی لە بێهێز کردن و شێواندنی بزووتنەوەی کورددا بینی، هەر لەگەل پێکهێنانیدا هەندێ قوتابخانەی کوردیشیان کردەوە، مندالی ئاغاو سەر هۆزە کوردەکان تیایاندا دەرزی ئاین و جەنگیان دەخوێند، وایان دانابوو کە لەم قوتابخانانەدا نەوەیەکی نوێ لە کوڕە ئاغاو سەرعەشرەتە کوردەکان پێ بگەیەنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببنە پاڵپشتی ڕژێمی دەرەبەگیی سولتان و کاروباری سوپایی و ئیداریی عەشیرەتەکانیان پێ بسپێرن (٣/ل١٨)، هەروەها لە سالی (١٨٩٢ز) **"عەشیرەت مەکتەبی"**یان لە ئەستەمبول کردەوە بەو نیازەی کە منالانی سەرۆك هۆزە و خێل و بنەمالە ناسراوەکان وەك بارمتە لەلای سولتان بمێننەوە، هەروەها بەو جۆرەش پەروەردەیان بکەن کە بۆ خۆیان دەیانەوێ بەلام بە پێچەوانەی خواست و ئارەزوی سولتانەوە لە چوار دیواری **(عەشیرەت مەکتەبی)**شدا هەلوێستی نارەزایی و بەربەرەکانیۆ بەر هەلستی پەیدا بوو، سالی (١٩٠٣ز) ڕۆژنامەی "طنطاك"ی ئەرمەنی کە لە لەندەن دەردەچوو، نووسیویەتی :**"ئەو منداڵە کوردانە لەگەڵ ئەوەش دا لە قوتابخانە ناوەندییە تورکیەکاندا دەخوێنن پەیوەندییان لەگەل خەلك و بەرەی ئازادیخوازانی قوستەنتەنیەدا پەیدا کردووە، لەوێ ئەو بیرە لە دایك بووە کە سولتان بە توندوتیژی دەچوو بە گژیدا، بیری ئازادیو سەربەخۆیی نەتەوەیی بەلێ ، بیری کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ، کەتاسەر دەمانێکی نزیکیش بە خەونێکی بەدی نەهاتوو لە قەلەم دەدرا، بووە بە بەرنامەی کۆمەلی ئەم لاوە کوردانە٠ ٣/ ل٢٠ (٢١).**

بیری سەربەخۆیی کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی زۆر فراوان لەناو سەرکردەو لاوان و قوتابیانی قوتابخانە جەنگیەکانیشدا بلاوببووەوە، بۆ نموونە :**"لە سالی ( ١٩٠٣ز )دا لە قوتابخانە سوپاییەکەی بەغدا ( روشدییەی عەسکەری ) عەرەب و کورد دوو کۆمەلەی دژ بە سولتانیان دامەزراندبوو "**، ئەم ڕەوشە بووە هۆکاری زیاتر دەست توندکردنی سولتان و سانسۆری

زیاتر ) ،**"قوتابخانەو مامۆستاکان لە ژێر چاودێریو سانسۆرێکی توندوتیژی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ئەنجومەنی ڕۆشنبیری ویلایەتەکاندا بوون** (٣ / ل٢٣).

(٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ز) لە قاهیرە یەکەمین ژمارەی **(کوردستان)** دەرچوو، ڕۆژنامەنووسی لە مێژووی نەتەوەی کورد دا پەیدا بوو، دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە دیاردەیەکی زۆر گرنگ و پڕبایەخی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ڕۆشنبیری کوردە (٣/ل٢٧)، بەناوچەو دەڤەرە جیاجیاکاندا بڵاودەبووە، سەرنجی خوێنەرانی بۆ خۆی ڕادەکێشا، ئەو نامانەی بۆ ڕۆژنامەکە هاتوون لە شارەکانی سلێمانی، موسڵ، جزیرە، دیمەشق، ئەدەنە، وە گەواهیدەری ئەم ڕاستیەن، بایەخێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی گیانی نیشتمان پەروەریداوە، هەروەها لە گیروگرفتەکانی ناوخۆی کۆمەڵی کوردەواری دواوە، ڕەخنەی توندوتیژی لە سیستمی فەرمانڕەوایی گرتووە، داوای ڕاپەڕین و شۆڕشی کردووە : "دە ویجا کردنو دڤی اون ژی هوبکن هگر گوندان خبرین وە شیری خوە هلنن

وکی سری شیر دیتن زو نرم دبن" (٣/ ل٣٩) ، هەروەها ڕۆڵێکی دیاری لەگەشەدان بە ئەدەبی کوردیدا بینیوە و بەرهەمی ئەدیبانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، هەر لە دووەمین ژمارەوە ڕۆژنامەکە بە زنجیرە داستانی **(مەم و زین)**ی شاعیری گەورە ئەحمەدی خانیی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها ویستویەتی لەیەك کاتدا بە هەر دوو شێوەزاری سەرو خواروو بابەت بڵاو بکاتەوە،[٦] میقداد بەدرخان هەر لە ژمارە دوودا بە شانازییەوە باسی بایەخ و هێژایەتی دوو شاعیری کلاسیکی کورد **(خانی و حاجی قادری کۆیی)** دەکات، لە هەمان ژمارەدا شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، لەو شیعرەدا حاجی باسی پایەی شیعری خانی دەکا بۆ کورد (٣/ل٤٥ ٤٦).

کورد لە دژی دەسەڵاتی تورك فێری جۆرە خەباتێکی نوێ، چالاکی خۆپیشاندانی جەماوەری بوو بوون، بەڵام لەو دەمەدا ڕێکخراوێکی کوردانەی نەتەوەیی وەهانەبوو کە ڕابەرایەتی خەباتی جەماوەری کورد بکات، ئەمەش کۆسپێکی گەورەی ڕێگای گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتیو بزووتنەوەی کوردایەتی بوو. ئەو کوردە ئاوارانەی لە هەندەرانەوە گەڕابوونەوە تاکە ئومێدو ڕێگە خۆشکەری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئاوەها بوون. لە پایزی ساڵی ١٩٠٨ز دا شێخ عەبدولقادر و ئەمین بەدرخان لە ئەستەمبوڵ "کۆمەڵەی **(کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی)** یان دامەزراند (٣/ل٦٧)، کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکیشی وەك زمانحاڵی خۆی دەرکرد کە پێش وەخت ڕۆژنامە ئەرمەنییەکان ئیعلانیان بۆ کردووە، **(ژاماناك)** لە مانگی ئابی ١٩٠٨ز دا نووسیویەتی، بەم زووانە کوردەکان بە ناوی **"کورد"**ەوە بە زمانی تورکیو کوردی ڕۆژنامەیەك دەردەکەن، یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ز ولە ئەستەمبوڵ دەرچووە، خاوەنی ئەم ڕۆژنامەیە تۆفیق ناوێکی[٧] خەڵکی سلێمانی بووە، لەیەکەمین لاپەڕەیدا نووسراوە کە ئۆرگانی **"کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی یە** . ٣٠ / ل٧٠ ) . ڕۆژنامەکە گەلێ بابەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بە گۆڕانکاریو باری کۆمەڵایەتی ئەو دەمەی کورد، هەروەها وتاری مێژوویی سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان، وتاری وریا کردنەوە وتەنویری بڵاوکردۆتەوە. نووسەرانی ئەم وتارانە کوردانی هەڵکەوتوو خاوەن بیری نەتەوەیی وێنەی سەعید کوردیو ئیسماعیل حەقی بابان زادە و گەلێکی دیکە بوون ( ٣ / ل٧١ ). کۆمەڵە هەر بە کاری ڕێکخستن و

رۆژنامەوە نەوەستا، لە سەرتاسەری وڵاتدا یانەیان دەکردەوە، کۆڕو کۆبونەوەی هەمە چەشنەی تێدا سازدەدرا. سەرەتا لە ( ٢٥ی ئەیلولی ١٩٠٨ز )دا لە ئەستەمبوڵ یانەیەکی کردەوە، لە کردنەوەیدا ( ٥٠٠ ) ئەندام و میوان ئامادە بوون ( ٣ / ل ٧٣ ). ئەم یانانە رۆڵێکی گەلێ مەزن و بەرچاویان بینی لە وریا کردنەوەی کورد وبلاوکردنەوەی بیرو هزری نەتەوەییدا، بەو بانگەشەو بانگەوازانەی یانە کوردییەکان بۆ بیری نەتەوەیی دەیانکرد کوردێکی زۆریان لە دەور کۆببووەوە **"تەنانەت ئەوانەشی تا دوێنێ خۆیان بە تورك لە قەڵەم دەدا"** (٣/ل٧٨). بەڵام ئەم رەوشە بە دڵی تورکەکان نەبوو، بە مەبەستی لە ناوبردنیان دەستیان دایە پیلان نانەوە، بە تایبەت لە هاوینی ١٩٠٩ز دا ، کاتێ تورکانی لاو دەستیان دایە سیاسەتی ( **عوسمانیییزم** ) وردە وردە یانەی کوردانیان دادەخست، دوای داخستنی ئەم یانە سیاسیانە لە واقعدا **"کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی"** و رۆژنامەی **"کورد"** چالاکییان نەما، بەڵام لەگەڵ ئەو ماوە کورتەی تەمەنیشیدا کۆمەڵەکە دەورێکی چاکی لە وریا کردنەوەی خەڵك دا بینی . ( ٣ / ل ٧٨ ٧٩ ).


امید استقلال

سەرەتای ساڵی١٩١٢ز لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵەیەکی نوێی قوتابیان، هی **"هێڤی هیوا"** دامەزرا، کۆمەڵە گۆڤارێکی مانگانەشی بە ناوی **"رۆژی کورد"** وە دەرکرد، لە ژمارەی چوارەوە ناوەکەیان کردووە بە **"هەتاوی کورد"**[(٨)] سەرنووسەری سێ ژمارەی یەکەمی عەبدولکەریم ناوێکی[(٩)] خەڵکی سلێمانی بووە، هی چوارەم ژمارەی عەبدولعزیز بابان[(١٠)]بووە، هەرچەندە ئەم گۆڤارە هی قوتابیان بووە، بەڵام گەلێ لە پیاوە سیاسیو ناودارەکانی کورد لە وێنەی نەجمەدین کەرکوکی، ساڵح بەدرخان و کەسانی دیکە هاریکارییان لە دەرکردنیدا کردووە، سەرنج راکێشە کە نووسەرانی وەك عەبدوڵلا جەودەت لە لاپەرەکانی ئەم گۆڤارەدا نووسینیان بلاوکردۆتەوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو راونان و شاڵاوە درندانەدا کە دەبرایە سەر کۆمەڵە، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا چالاکیی نەما ( ٣ / ل ٨٤ ٨٥ ).

گۆڤارەکە رۆڵێکی مەزن و بەرچاوی هەبووە لە برەوپێدان و گەشە پێکردنی بیرو هزری نەتەوەیی، گەیشتۆتە گەلێ شوێن و جێگای کوردستان، ڤ . مینۆرسکی کە باس لە بلاویو بلاوبونەوەی (رۆژی کورد ) دەکات لە کوردستان دا دەڵێ **": دەگەیشتە ئەو سلێمانیە دورە دەستەو باسی دەکرا، لە وێ، کەسەردارە رۆشنبیرە کوردەکان نیازی بەرپاکردنەوەی مەسەلەی نەتەوەییان هەبوو "**، ( ٣ / ل ٨٦ ) .

حوسین حوزنی موکریانی ساڵی ( ١٩١٥ز )[(١١)] چاپخانەیەکی کوردی دامەزراند لە حەلەب، دەستی کردووە بە لە چاپ دانی کتێبی کوردی، هەموو

ئەرکەکە لە سەر شانی خۆیو هەوڵی تاکە کەسی‌بوو، لە چاپخانەکەی حوزنیدا جگە لە کتێب، گۆڤاری ( **چیای کرمانج ، بۆتان، دیاربەکر، ی هتد )**[12] لە چاپ دراون، تا ساڵی ١٩٢٥ز لەو شارە بەردەوام بووە، لەم کاتەدا ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بەرپابوو، حوزنی بۆ هاریکاریی ڕاپەڕینەکە بە فەرەنسی گۆڤاری (**دیار بەکر**)ی[13] دەرکردو لەو ڕاپەرینەوە دەدوا، چەند ژمارەیەك لەم گۆڤارە دەرچووە. ساڵی ١٩٢٥ز حوزنی چاپخانەکەی لە پێشدا گواستۆتەوە بۆ بەغدا و دوایش بۆ ڕەواندز، ناوی لێ ناوە ( **زاری کرمانجی**)، دوای کۆچی حوزنی لە ( ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٧ز )دا مامۆستا گیوی برای چاپخانەکەی بردۆتەوە[14] هەولێر ( ٣ / ل ١٠١ ١٠٣ ) بەڵام وەکوو ئاماژەمان پێدا سەرەتا چاپخانەکە لە دەرەوەی کوردستان دابووە، کتێب و بڵاوکراوە چاپەمەنییەکانی بە درەنگ و زەحمەت گەیشتونەتەوە کوردستان، بەڵام مێجەرسۆن ئەو کاتەی بوو بەحاکمی سیاسیی سلێمانی چاپخانەیەکی تێدا دامەزراند ، ڕۆشنبیرانی سلێمانی ئەم چاپخانەیەیان کرد بە بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی سلێمانی، زیندووهێشتنەوەی زمانی کوردی، سەرەنجام بڵاوکردنەوەی هۆشی نەتەوەیی کورد. بە دوای (**پێشکەوتن**) دا کە (سۆن) دایمەزراند. ڕۆشنبیرانی سلێمانی، سەرەڕای باری ناهەمواری پڕلە شەڕوشۆڕ و بۆردومان و چۆڵکردن، لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە بەردەوام بوون، بە دوای یەك دا (**بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال** )یان دەرکرد .( ١٣ / ل ١٨ ).

ئەستەمبوڵ ناوەندی قورسایی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد بوو هەتا هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی جیهانی، ئیتر ئەم جەنگە بووە هۆکاری وەستاندنی چالاکییەکان بەڵام کورد هەوڵیدا ئەم ناوەندە بگوێزێتەوە بۆ دەرەوە، توانی لە ساڵانی شەڕدا گۆڤاری " **بانگی کورد** " لە بەغدا دەر بکات،[15] یەکەم ژمارەی لە ( ٨ی شوباتی ١٩١٤ز )دا، هەر پانزە ڕۆژ جارێك دەرچووە، بە هەمووی ( ٥ پێنج ) ژمارەی لێ دەرچووە، خاوەنەکەی جمال الدین بابان بووە. ( ١٥ / ل ٥٦ ). ئەم گۆڤارە ڕۆڵێکی گەلێ مەزنی بینیوە لە گەشە پێکردن و پێشخستنی بیری نەتەوەیی کورد لەو سەردەمە ئاڵۆزو یەکجار ناخۆشەدا، دکتۆر کەمال مەزهەر لەم ڕووەوە ئەڵێ :" **پێویستە بە شێوەیەکی تایبەت سەرنجی ئەوە بدەین کە هەستی نەتەوەیی لە ناوەڕۆك و گەلێ لایەنی تری ئەم گۆڤارەدا بەرجەستە بووە** ". ( ١٥ / ل ٣٦ ).

کۆتایی هاتنی جەنگ دەرفەتی لەبەردەم گەلانی ناو ئیمپراتویەتی عوسمانی ڕەخساند سوود لەو ئازادییە وەربگرن کە هاتبووە ئاراوە، کورد توانی هەردوو گۆڤاری ( ژین، ژ ( ١ )ی لە ( ١٧ ) تشرینی دووەمی ( ١٩١٨ )دا واتە ( ١٧ ) ڕۆژ دوای ڕاگرتنی یەکەمین جەنگی جیهانی، ژ (٢٥)ی لە ( ٢ ) تشرینی یەکەمی ( ١٩١٩ )دا ) لە ئەستەمبوڵ ( ١٣ / ل٣٠ )، کوردستان، ژ ( ١ )ی لە ( ٣١ ی کانونی دووەمی ( ١٩١٩ )، ژمارە ( ١٩ )ی لە ( ٢٧ )ی مارتی ( ١٩٢٠ لە ئەستەمبوڵ ) ( ١٣ / ل ١٢ ) دەربکات . هەردوو گۆڤارەکە بەرجەستەی دیدو بۆچونی ڕامیارانەی ڕووناکبیران بەرجەستە دەکەن، لەسەر هێڵی بیری سەربەخۆیی کورد دروست بون بە پشت بەستن بە گفتەکانی ئینگلیز، چەندین بەڵگەو هەواڵ و وتار ولێدوانی سیاسی، مێژوویی، ڕۆشنبیری گرنگیان تێدایە . ( ١٣ / ل ٤٢ ) .

ئینگلیزەکانیش ﴿(تێگەیشتنی ڕاستی )یان لە بەغدا دەرکرد، کە یەکەم ژمارەی لە ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ ، دوا ژمارەی لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩١٩ دا دەرچووە ( ١٥ / ل ٦٤ ) ،هەروەها لە سلێمانی ( **پێشکەوتن** )، کە یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠دا، دوا ژمارەشی لە ٢٧ی تەموزی ١٩٢٢ دەرچووە ( ١٣ / ل ٥١ )﴾ ، هەرچەندە لە پێناوی بەرژەوەندی سیاسی خۆیان، بۆ مەبەستی پڕۆپاگەندە بۆ ڕەوایی و جێگیر بوونی سیاسەتیان دەریان کردوون، بەڵام لە رووکاری پێشخستنی زمانی کوردیو پاکردنەوەی لە وشەی بێگانەو دانانی بەردی بناغەی رۆژنامەوانی لە شاری سلێمانیدا، بە تایبەت سەبارەت بە ( **پێشکەوتن** ) ئەم رۆژنامانە هەریەکەی رۆڵ و بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە .

مستەفا پاشای یاملکی کە تازە لە ئەستەمبوڵەوە گەڕابووەوە بۆ سلێمانی، بە هۆی ئەوەی خاوەن دیدوئایدیای تایبەت و دژ بە تورکەکان بوو، ئینگلیزەکان ڕێگەیان پێدا کە ( **جەمعییەتی کوردستان** ) لە ٢١ی تەموزی ١٩٢٢دا دابمەزرێنێ ( ١٥ / ل ٧٥ )، هەروەها ئیجازەی دەرکردنی رۆژنامەیەکیش **(بانگی کوردستان)**، ژمارەی یەکەمی لە ٢ی ئابی ١٩٢٢ دەرچووە. ( ١٥ / ل ٧٥ )یان دایە . بەم بۆنەیەوە " پێشکەوتن، لە ژمارەی ( ١١٨ )ی ٢٧ی جولای ١٩٢٢دا و لە ژێر سەردێڕی : ( **جەمعییەتی کوردستان بانگی کوردستان** )دا نووسیوێتی :" **لەم رۆژانەدا بۆ خزمەتی ولات وبەرز کردنەوەی مەعاریف جەمعییەتێك بە ناوی جەمیعەتی کوردستانەوە لە سلێمانی تەشەکولی کردووە . بە ناوی ( بانگی کوردستان )وە ئیمتیازی غەزەتەیەکیش وەرگیراوە کە ئەم جەمعییەتە ئیدارەی دەکات، جەنابی حاجی مستەفا پاشا مدیر مەسئولیێتی .ئەو غەزەتەیە لەمەولا هەفتەی جارێك دەردەچێت** ".( ١٣ / ل ١٣٨ ) .

( **بانگی کوردستان** )، زمانحاڵی ( **جەمعییەتی کوردستان** )بووە، هەر چەندە ئەم جەمعییەتە جگە لە کۆبونەوەی دامەزراندنی خۆی، هیچ چالاکیەکی دیکەی دیار نیبە، نە لە بانگی کوردستان ونە لە هیچ جێگەیەکی دیکە ئاماژەیەکیشمان بەر چاو نەکەوت، بەڵام رۆژنامەکە رێبازێکی دیاریکراوی هەبووە، دژی ئەوە بووە کە کوردستان بنووسێنرێ بە عێراقەوە ، هەروەها دژی ئەوە بووە بخرێتە ژێر دەستی تورك و لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ بووە بە پشتیوانی ویارمەتی ئینگلیز ( ١٣ / ل ١٤٢ )، رۆژنامەیەکی سەبەرستی کەرتی تایبەت بووە، ئاوا خۆی ناساندووە ( **عیلمی، ئیجتماعی، ئەدەبی، غەزەتەیەکی حوروسەربەستی میلیە** ( ١٣ / ل ١٣٤ )، دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود و دروست کردنی حکومەتی کوردستانی جنوبی بۆ جاری دووەم، دانانی مستەفا پاشا لە پۆستی ( **رەئیسی مەعاریف** ) پێنج ژمارە لە ( ٩ تا ١٣ )ی لێ دەرچووە بەڵام ئیتر راستەوخۆ بە دوای بانگی کوردستاندا رۆژنامەی ( رۆژی کوردستان )، ژمارەی ( ١ )ی لە ( ١٥ )ی تشرینی دووەمی ( ١٩٢٢ ) ( ١٥ / ل ٧٩ ) دەرچووە، لە ژێر ناوی رۆژنامەکەدا نووسراوە ( **سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی، غەزەتەیەکی رەسمیە** ).

زمانیحکومەتەکەی شێخ مەحمود و نوێنەری بیرو راسیاسییەکانی بزووتنەوەکەی بووە بۆ داکۆکی لە مافی ئازادی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، بە ئاشکرا نووسیوێتی کە ئەوان نایانەوێ کوردستانی جنوبی بخرێتە سەر عێراق و نایانەوێ لەگەڵ عەرەبدا

لــە چوارچــێوەی یــەك دەوڵــەت دا پێكــەوە بــژین، ڕەنگدانـــەوەی بـــیرو بۆچـــوونی هەڵبـــژاردەی كـــوردو ئاواتەكانیانـــە لـــە بـــواری ســـەربەخۆیی سیاســـیو پێشكەوتنی كۆمەڵایەتیو ئابووری پـەروەردەییدا .( ١٣٠ / ل ١٩٦ ٢٢٨ ) ، دوا ژمارەی لە ( ٣ / ٣ / ١٩٢٣ ) دەرچووە .( ١٥ / ل ٧٩ ) .

( **بانگی هەق** ) ژمارەی یەكەمی لە ( ٢٨ )ی مارتی ( ١٩٢٣ )، ژمارەی سێهەمی لە ( ١٢ / ٤ / ١٩٢٣ )، ژمـــارەی دووەمـــی چـــاپ نـــەكراوە و هـــەر بـــە ڕەشنووسیی ماوەتەوە، لە ئەشكەوتی جاسەنەی نزیك سورداش دەركراوە ( ١٥ / ل ٨٢ ) هەر چـەندە ئـەم ڕۆژنامەیە تایبەتە بە ڕێنماییو بەیاننامەی سەربازی، بـەڵام گرنگـی لەوەدایـە :" **یەكـەم ڕۆژنامەیـە كـە هێزێكـی سیاسـی سـەربازی كـورد دەری بكـات، هەرچـەندە ژمـارەو لاپـەڕەكانی كـەمن بـەڵام بـە بەڵگەنامەیەكی گـرنگ دەژمێردرێـت سـەبارەت بـە تێگەیشـتن و بـە ئاگـابون لـە ئامـانج و سـتێركی جوڵانەوەكەی شێخ مەحمود** ( ١٥ / ل ٨٢ )، ئا بـەم شـێوەیە خـۆی ناسـاندووە (ساسـیی، ئـەدەبی، **ئیجتماعی،غەزەتەیـەكی ڕەسمیـە، لـە قـەرارگاهی عمومی ئۆردوی كوردستان تەبع ئەكرێ** ) ، ( **غایـەو ئەمەلی ئیستیحصالی حقـوقی كوردانـە** ) ( ١٣ / ل ٢٣٤ ) .

(**ئومێـدی ئیسـتیقلال**) بـووە زمانحـاڵی حكومـەتی كوردستانی جنوبی، یەكەم ژمـارەی لـە ( ٢٠ / ٩ / ١٩٢٣ز )، دوا ژمارەی لـە ( ١٥ / ٥ / ١٩٢٤ز )، بـە هـەمووی ( ٢٥ بیسـت و پێـنج ) ژمـارەی دەرچـووە. ( ١٥ / ل ٨٧ )، بیروبۆچـونی دەسـتەی سەربەخۆییخوازانی كوردی دەربڕیوە، لە ڕۆژگارێكـدا دەرچووە كە ململانێی سیاسی چـەكدار لـە نێـوان جوڵانـەوەی سـەربەخۆییخوازی كـوردو دەسـەڵاتی داگیركـەری ئینگلیـز و عێـراق دا چـۆتە قۆنـاغی شـەڕوپێكدادانەوە، سیاسـەتی ئینگلیـز بەرامبـەر كوردستانی جنوبی ئاشكرا بوو كە ئەیەوێ بە یەكجار بخرێتە سەر مەملەكەتی تازە دامەزراوی هاشمی ( ١٣ / ل ٣١٤ ).

باشووری كوردستان و ناوچەكانی ژێر دەسـەڵاتی ئـەم حكومەتە بە گشتی و شاری سلێمانی پایتـەختی بـە تایبەتی ڕێژەی خوێندەواریان تیادا كەم بووە، ئەوانەی ڕۆژنامەشیان خوێندۆتەوە هەرزۆر كەمتر بوون، بـەڵام ڕۆژنامەی (**ئومێدی ئیستیقلال**) كە ناوەكەی بۆ خۆی هیوا و ئومێدو ئاواتێك بـەر جەسـتە دەكـات تـوانی ڕەگێك دا بكـوتێ كـە دواتـر ئینگلیزەكـان و ئینجـا عێراق و بـە هـەموو قورساییو هێـزی خۆیانەوە دژایەتیان كردووە، ساڵەهایە بە بـەردەوامی شـەڕی لەبەرانبـەردا دەكـەن كـە ئـەویش (**ئومێـدی ئیستیقلال**)ـە. جێگیر بوونی ئەم هزر ودیدە هۆكـاری دروست كردنی حیزبی هیوا، ژ . ك ، ئینجـا پێكهێنانی كۆماری كوردستان لە مهاباد بووە، هـەتا ئێستا پارێزەری ئەو گیانی شۆڕش و قوربـانی دانەیـە كە لە نێو هەسـت و ویـژدانی كۆمەڵگـەدا گەشـەی كردووە، تاكی كورد پێـوەی گرێـدراوە، لـە ڕەهەنـدە ڕۆشنبیریو مەعریفییەكاندا جێگای خۆی كردۆتـەوە، بگرە بنەمای كایەكانی دیكەشە .

**٣ نووسەران و كورتەیەك دەربارەی ژیانیان :**

**- ئەحمە سەبری :**

ئەحمـەد خواجـە كـوڕی عـەزیزی عوسمـان ئاغـای ئەردەڵانییە. ڕۆژی ( ٦ / ٧ / ١٩٠٣) لە سلێمانی لە دایك بووە، سەرەتا لەلای ( **خواجە ئەفەندی** ) باوكی خوێندوویـە، پاشـان چـۆتە قوتابخانـەی ڕوشـدیەی

عەسکەری، ساڵی ١٩١٨ ئامادەیی تەواو کردووە . (**کاتبی مابەین**)ی دائیرەی تەحریراتی ملوکانەی دووەم حکومەتی شێخ بووە، لەگەڵ شێخدا چووە بۆ سورداش و هەورامان، کە سێهەم تەشکیلاتی حکومەت پێکهێنرایەوە بووە بە (**کاتبی دائیرەی تەحریراتی ملوکانە** )، بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەری سێ ژمارەی هەوەڵی ڕۆژنامەی ( **ئومێدی ئیستیقلال** )ی زمانحاڵی ئەو حکومەتەبووە . بیری پول دەرکردنی بە ئەنجام گەیاندووە، شێخ لەتیفی دانساز هاوکاری کردووە بۆ ئەم مەبەستە . ڕۆژی ٤ / ٣ / ١٩٩٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، لە گردی سەیوانی سلێمانی نێژرا . ( ١٤ / ل ٣٩ ) .

- **ڕەفیق حلمی :**

کوڕی ساڵح ئەفەندیی کەرکوکی کوڕی مارف ئاغای عەزیز ئاغای بابەکر ئاغای مەلاوەیسییە. ساڵی ١٨٩٨ز لە شاری کەرکوک لە دایك بووە . قوتابخانەی (ئەندازەیبالا)ی تەواو کردووە، ئەو کاتە بۆتە ئەندامی " **جەمعییەتی هێڤی قوتابیانی کورد** ". دەورانی یەکەم حکومەتی شێخ مەحمود متمانە پێکراوی شێخ و مامۆستای قوتابخانەی ئەعدادی بووە، لە دووەم حکومەتدا بووە بە بەڕێوەبەری بارەگای تایبەتی حوکمدار و ڕاوێژکاری ڕەئیسی مەعاریف بووە. بەڕێوەبەرو سەرنووسەری (**ئومێدی ئیستیقلال**) بووە لە ژمارە ( ٤ تا ١٣ ) ڕۆژی ٤ / ٨ / ١٩٦٠ بە خوێن پژانی مێشك کۆچی دوایی کردووە . ( ١٤ / ل ٤١ ) ، ( ١٥ / ل ٧٥ ) .

- **ئەحمەد فائیز :**

ئەحمەدی ناسناو بە ( **فائیز** )ی کوڕی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژەیە، ساڵی ١٨٩٢ز لە سلێمانی لە دایك بووە، ئیجازەی مەلایەتی لە شێخ عومەری ( ابن **القرەداغی** ) وەرگرتووە، گەلێ ناوچەو دەڤەری کوردستان گەڕاوە، بۆتە مودەریسی مزگەوتی گەورەی خانەقین، لە ڕۆژی ٦ / ٤ / ١٩٧٠دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە، هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی ولە گردی سەیوان نێژراوە . ( ١٤ / ل ٤٣ ) .

- **حوسێن نازم "**

کوڕی عەبدولفەتاحی خەیاتباشی کوڕی ئەحمەدە، لە ساڵی ١٨٧٢ز لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لە دایك بووە، قوتابخانەی ڕوشدیەی سەرەتایی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩١٨ز بەدواوە هاوکاری شێخ مەحمود بووە، لە سێهەم حکومەت دا بەڕێوەبەری بەرپرس و سەرنووسەری سێ ژمارەی ڕۆژنامەی ( ئومێدی ئیستیقلال )بووە، ساڵی ١٩٣٠ بووە بەسەرنووسەرو بەڕێوەبەری بەرپرسی چاپخانەو ڕۆژنامەی ( **ژیان** )ی سلێمانی. شەوی ٥ -٦ / ٥ / ١٩٣٢ز کۆچی دوایی کردووە . ( ١٤ / ل ٤٢ ) ، ( ١٥ / ل ٩٢ ) .

-ئەحمەد فەوزی "

شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ غەنی کوڕی شێخ عەبدولقادری کوڕی سەید حوسێن کوڕی سەید عەلییە و لە ساداتی بەرزنجیە ناسناوی شیعری ( **فەوزی** ) بووە، ساڵی ١٨٩٠ز لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی هەر لێرە تەواو کردووە. دەورانی دووەم حکومەتی شێخ مەحمود کاتبی دائیرەی مەعاریف بووە . فەوزی شیعری لە هەردوو ڕۆژنامەی (**بانگی کوردستان**)و (ڕۆژی کوردستان)دا بلاوکردۆتەوە . ڕۆژی ٩ / ٢ / ١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە . ( ١٤ / ل ٤٤ ) .

- **عەبدوڵلای شێخ قادر " عادیل ":**

عەبدوڵلای کوڕی شێخ قادری شێخ سەلامی قازییە، ناسناوی ( **عادیل** )بووە، ساڵی ١٨٩٣ز لە سلێمانی



هەواڵنامەی کتێب

لە دایك بووە، ئامادەیی عەسكەری لە بەغدا تەواو كردووە ، بووە بە ئەفسەر . بەشداری لە دووەم حكومەتی شێخ دا كردووە، لە سێهەم حكومەت دا سەرباری وەزیفە عەسكەرییەكەی، دەرسی لە مەكتەبی ئەعدادی وتۆتەوە، لە ١٩٢٤ بە دواوە وەك ئەفسەرێك لەگەڵ شێخ دا بووە، چۆتە دەرەوەی شار، تا ١٩٢٧ ماوەتەوە، كە شێخ لەگەڵ حكومەت ڕیكەوت، بڕیاریدا لە (پیران) دابنیشێ ئیتر ئەو هاتۆتەوە بۆ سلێمانی، ئابی ١٩٢٧ كراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی " **العزیزیە** "ی لیوای كوت . ( ١٤ / ل ٤٦ ) .

**٤ ئەنجام :**

بیروهزری نەتەوەیی كورد لەساتەوەختی دروست بوونیەوە ڕسكاوە، لە ڕووگای بە ئاگاییو ئاگاهاتنەوەو پەروەردەكردندا، لە نێو ڕەهەندەكانی ژیانیدا بەرجەستە بووە، خۆی لەسەر بنەماكانی زمان ، نەژاد، خاك كلتور، كەلەپور، بینا كردووە، یەك لەدوای یەك دەنگەكانی داكوتاوە .

ڕۆژنامەگەریی كوردی لە دەرەوەی دەربارەی دەسەلاتی پاشا و سوڵتانەكان لە دایك بووە، ئاوێنەیەكی بێ ڕتوشی ژیانی چەوساوەیی و كوێرەوەری خەڵكی كوردستانە، لاپەڕەیەكی پڕشنگدرای مێژووی خەباتی بێ پیسانەوەیەتی بۆ ئازادیو سەربەرخۆیی، دەستاوێژێكی گرنگ و پڕ بایەخە سەبارەت بە خۆشكردنی بنگە و بنەمای ئەو هەوڵ و خەباتە .

**(ئومێدی ئیستیقلال)** هەر چەندە لە ساتەوەختێكی گەلێك ئاڵۆز و پڕ هەستیاردا دەرچووە، كاتێك بووە ململانێی چەكداری لە نێوان هێزی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان و هێزە داگیركەرەكانی عێراق و ئینگلیزدا گەیشتۆتە لووتكە، ئینگلیزەكان بۆ یەكەم جار بۆمبای نوێ و تازەیان لە كوردستان دا تاقی كردۆتەوە، بەلام ئەم ڕۆژنامەیە دەستاوێژێكی گەیاندن و گەشەپێكردنی باوەڕو هێزی خۆراگری بووە، هەروەها بۆتە قوتابخانەو فێرگەیەكی مەزن و بایەخدار كە هەتا لە دوای تێكشكان و ڕمانی ( **حكومەتی كوردستانی جنوبی** )شەوە هەر كاریگەری ماوە، ڕۆلێكی مەزنی هەبووە لە پێشخستنی هزری نەتەوەیی كورد وزمینە خۆشكەر بووە بۆ دروست كردن وپێكهێنانی گەلێ پارت، كۆمەڵە، ڕێكخراو، ی دیكە كە هەر هەموویان لە دیدەگای نەتەوە نەتەوەیی بوونی كوردەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەركی گەلی كوردیان لەبەرانبەر مرۆڤایەتیدا خستۆتە سەرشانی خۆیان، بەرجەستەی بە مرۆڤ بوونی كوردیان كردووە .

**سەرچاوەكان :**


١- ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨ - ١٩٣٢ )، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی / سیاسیە، سلێمانی، ٢٠٠٢ .

٢- بلە چ شێركۆ، كێشەی مێژینەو ئێستای كورد، و/ محەمەد حەمە باقی، كوردستانی عێراق، چاپی سێیەم ، ١٩٩٢.

٣- جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی كۆمەلایەتیو سیاسی و كلتوریی كورد لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا، و ئەنوەر قادر محەمەد، ستۆكهۆلم ، ١٩٩٣ .

٤- جەمال بابان، سلێمانی، شارەگەشاوەكەم، بەرگی یەكەم، بەغداد، ١٩٩٢ .

٥- د.حوسێن محەمەد عەزیز، ململانێی ئایدۆلۆژی لە كوردستان دا، ١٩٩٣ .

٦- سدیق سالح، حكومەتی كوردستان لە سلێمانی ١٩١٨ - ١٩٢٤ ) ، سلێمانی ، ٢٠٠٣.

٧- د.عبد الرحمن قاسملۆ، كوردستان و كورد، و عبد الله حسن زادە، ١٩٧٣ .

٨- د.عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی كوردستان، و فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، ١٩٩٨.

٩- كرێس كۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردو هیوای سەربەخۆیی، و : ئەكرەمی میهرداد، بەرگی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ .

١٠- د.كەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی گەلی كورد، بەشی یەكەم، بەغدا، ١٩٨٥ .

١١- كەمال نوری مەعروف، یاداشتەكانی شێخ لەتیفی حەفید، چاپی یەكەم، ١٩٩٥ .

١٢- م.ر.هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی یەكەم، لەندەن، ١٩٩٠ .

١٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی كوردی سالانی نێوان دوو جەنگی جیهانی ( ١٩١٨ - ١٩٣٨ )، بەرگی دووەم، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

١٤- ڕەفیق سالح، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر ( ١٩٢٣ - ١٩٢٤ )، لێكۆڵینەوەی د . كەمال فوئاد و سدیق سالح، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

١٥- رسائل جامعیة :

١٦- فاروق علی عمر، الصحافة الكردیة في العراق، البدایات، (١٩١٤ - ١٩١٣)، بغداد، ١٩٩٩ ، بحث مقدم الی مجلس كلیة الاداب - جامعة بغداد كجزء من متطلبات نیل درجة ماجستیر آداب في الاعلام .

١٧- گۆڤار :

١٨- مەحمود مەلا عززەت، كوردو ناسیونالیزمی نوێ دەوڵەت، ڕێبازی نوێ، ژمارە (٢٠) ، سلێمانی ، ئەیلولی ٢٠٠٠ز .

# لە پەراوێزی
# ڕۆڵی (ئومێدی ئیستقلال)دا

ع.ز

١- ڕاستییەکەی(جەمعیەتی تەعاون و تەرەققی کورد)بووە، وەك توێژەر لە لاپەڕەکانی دواتر بەراست و دروستی ناوی تۆمار کردووە.

٢- ئەو مێژووەی کۆچی دوایی(نالی)، دوای بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی د.عەبدوللاحەداد، دەرکەوتووە ساڵی ١٨٧٢ز بووە.

٣- ڕاستییەکەی (١٨٨٢)ە

٤- ڕاستییەکەی ١٨٩٦/ ١٨٩٧

٥- ڕاستییەکەی (١٩١٠)ە

٦- ڕاستتر ئەوەیە بنوسری(شنگال) نەك (شەنگار)، چونکە کوردە ئێزیدییەکان وا ناوی شارەکەی خۆیان دەبەن.

٧- ئەو(حوسێن بەگ)ە، ئەو حوسێن کەنعان پاشایەیە کە وێنەی لەسەر بەرگی ژمارە٣ی گۆڤاری(ڕۆژی کورد) بڵاوکراوەتەوە، پێدەچێ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٣دا کۆچی دوایی کردبێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو زاتە (پاشا)بووە، نەك(بەگ) وەکو لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

٨- شێخ مەحمود لە ١٩٢٢/٩/٣٠ دا گەیشتۆتە سلێمانی

٩- بە چاوپۆشین لە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بە پێچەوانەی ئەوەی ئاماژەی بۆ کردووە، هیچ بابەتێکی دیکە بە زاراوەی کرمانجی خواروو لە دووتوێی هیچ کام لە ژمارەکانی(کوردستان)دا بڵاونەکراوەتەوە. نەمانزانی توێژەر ئەو ڕایەی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، گوایە عەبدولڕەحمان ویستویەتی (بەهەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو بابەت بڵاوبکاتەوە)ی لە کوێ هێناوە؟، پێم وایە ڕاستتر بوو بینووسیبایە(ویستویەتی هەردوو شێوەزار لێك نزیك بکاتەوە)، چونکە بە ڕاستی لەم لایەنەوە ڕۆژنامەی کوردستان ئەم ڕۆڵەی بینیوە، لە دووتوێی وتارەکانیدا کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی کرمانجی خواروو بەکار هێناون، و وتارەکانی ئێو ڕۆژنامەکەش بەزمانێکی سادەو ڕەوان نووسراونەتەوە.

١٠- حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس بووە.

١١- ڕاستتر، ژمارە(٤)یش هەر بە ناوی(ڕۆژی کورد) دەرچووە، ئینجا(هەتاوی کورد) وەکو گۆڤارێکی سەربەخۆ، لە ژمارە(١)ەوە دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوە.

بنۆڕە: عەبدللا زەنگەنە، ساخکردنەوەی ناسنامەی خاوەنی ڕۆژی کورد-١٩١٣، ڕامان(گۆڤار) ژمارە ٥٦ی ٢٠٠١/٢/٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

١٢- ئێستا بەتەواوەتی ساخ بۆتەوە کە ئەو عەبدولکەریم ناوەی خاوەن و سەرنووسەری(ڕۆژی کورد)، کە توێژەر وا ئاماژەی بۆ ناوەکەی کردوە، عەبدولکەریم حاجی عەبدوللای کەرکوکی زادەی خەڵکی سلێمانی بووە، نەك عەبدولکەریم ڕۆستەمی ناسراو بە(کەریم شاڵۆن)، وەکو پێشتر هەندێك لە نووسەران وای بۆ دەچوون.

بنۆڕە: عەبدوللا زەنگەنە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣- ئەو عەبدولعەزیز بابانە، لە ساڵی ١٩١٣دا لە ئەستەمبوڵ پارێزەر بووە، هەر لەوێ نووسینگەی پارێزەری لە گەڵ نەجمەدین حوسێن کەرکوکی برای ئەسیری شاعیر کردبۆوە، لە یەکەمین ژمارەی(هەتاوی کورد)ەوە کراوەتە سەرنووسەرو خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە.

١٤- پێم وایە ئەگەر نووسەرو توێژەرانمان واز لەم ساڵەی(١٩١٥)یە بێنن، گوایە حوسێن حوزنی موکریانی بۆ یەکەمین جار چاپخانەی لە(حەلەب) دامەزراندبێت، لە جیاتی ئەو ساڵە١٩٢٥ بنووسرێت هیچ لە نرخ و پایەی ئەو زاتە کەم نابێتەوەو گیانیشی لە گۆڕەکەیدا شاد دەبێت، بابەتەکانیش ئەکادیمیانەتر خۆ دەنوێنن.

بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بنۆڕە: ژمارە٩ی(ڕۆژنامەڤانی) کە دۆسییەکی تایبەتی لە بارەی(زاری کرمانجی)و ژیانی حوسێن حوزنی موکریانی تێدا بڵاوکراوەتەوەو لەوێدا بابەتەکەی عەبدوللا زەنگەنە زۆر لەم خاڵانەی ڕوونکردۆتەوە.

١٥- تا ئەمڕۆکەشی لە گەڵدابێت لاوازترین بەڵگەیەکیش لەبەر دەستدا نییە بیسەلمێنێ کە حوزنی هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی بەم ناوانەوە دەرکردبێ، ئەوەی گوتراوە تەنیا بیرەوەری و قسەی سەرزاران بووە.

١٦- هیچ بەڵگەیەك لە بەر دەستدا نییە، نە بەزمانی فەرەنسی و نە بەزمانی کوردی، گۆڤار یان ڕۆژنامەیەك، بەناوی(دیاربەکر)ەوە تاقە ژمارەیەکیشی لێ دەرچووبێت.

١٧- ئەو کاتەی(حوزنی) لە ١٩٤٧/٩/٢٠دا کۆچی دوای کردووە، چاپخانە نوێیەکەی کە لە ساڵی ١٩٣٥دا کڕیبووی و لە ساڵی ١٩٣٦دا بەناوی(زاری کرمانجی) لە هەولێر دای مەزراندبوو، لەلایەن(عیسا مەحفوز)ەوە لە بری پێنج(٥)دینار بەرامبەر کۆمپیالیەیەك تا کۆچی دوایی(حوزنی)، چەند ساڵ بوو لە موسڵ دەستی بەسەردا گیرابوو، بەهەمان شێوە چاپخانە کۆنەکەش لەسەر کێشەیەکی دیکە لە ڕەواندز پەکی کەوتبوو و ببووە چەند پارچە ئاسنێك، ڕاستتر ئەوەیە(مام گیو) ئەویانی وەرگرتەوەو ئەمیشیانی لە ڕەواندز هێنایەوە هەولێر، هەر ئەو ساڵەی(حوزنی) تێیدا کۆچی دوای کرد(چاپخانەی کوردستان)ی لەم شارەدا دامەزاند.

بنۆڕە: هەمان ژمارە٩ی(ڕۆژنامەڤانی).

١٨- (بانگی کورد) پێش شەڕ دەرچووە.

# هەواڵە سیاسییەکان لە امید استقلال دا



سەباح پیرباڵ قەساب

**سەرەتا**

هەروەک ئاشکرایە غەزەتەی **(ئومێدی ئیستیقلال)** رۆژنامەیەکی سیاسی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بوو، هەفتەی جارێک لە شاری سلێمانی بە لێپرسراوییەتی هەریەک لە ئەحمەد خواجە ئەفەندی زادەو رەفیق حیلمی و حوسێن نازم بڵاوکراوەتەوە، یەکەم ژمارەی لە رۆژی شەممەی ٢٠ ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٣/١٣٣٩ دەرچووە و پاشانیش ژمارە (٢٥)ی، کە دوا ژمارەیەتی ، لە ٥ی مایسی ١٩٢٤/١٣٤٠ دا دەرچووە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بۆ تیشک خستنە سەر چەند خاڵێکە لە رووی رۆژنامەگەرییەوە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و خوێنەر لەناو بابەتەکەدا هەڵیاندەهێنجێ.

دەتوانین بڵێین کە رۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال تەواوکەرو درێژەپێدەری رۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش خۆیەتی کە لە سلێمانی دەردەچوون، وەک ( **پێشکەوتن، بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی حەق**)، بەڵام یەکێک لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی رۆژنامەکە ئەوەیە کە دوا رۆژنامەیە، وەک زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخی نەمر دەرچووە و لەناو کوردستاندا کاری بۆ کراوە. لەبەر ئەوەی ئەم رۆژنامەیە دوای دەرچوونی چەندین رۆژنامەی دیکە رووناکی بینیوە، بێگومان، دەبێت لێپرساوی نووسین و کارمەندانی، سوودیان لە رابردووی رۆژنامەگەریی بینیبێت سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵبژاردنی بابەتەکان و هەڵێنجانی هەواڵ و مەرجە گشتییەکانی هونەری رۆژنامەگەریی پێش خۆیان بەپێی پێشکەوتن و ئاستی رۆژنامەگەریی ئەو کات. سەرەڕای ئەمانەش ئەم رۆژنامەیە، هەروەک لە خوێندنەوەی بابەتەکانیدا بۆمان روون دەبێتەوە لە لایەن کاربەدەستانی حکومی و ناحکومی هیچ سانسۆری لەسەر نەبووە.

لێرەدا نامەوێت لە گشت لایەنەکانەوە ئەم رۆژنامەیە هەڵبسەنگێنم، چونکە ئەمە بۆ دەرفەتێکی دیکە دوا دەخەم، بەڵام دێمەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەم کە هەواڵی سیاسییە لەم رۆژنامەیەدا.

**پێناسەیەکی هەواڵ**

هەیە دەڵێت: **ئەوەی ئاسایی بەدەر بێت و جیا بێت و بەرچاو بێت، هەواڵە.**(١)

لەبەر ئەوەی ئەمرۆ ئامرازە تەکنیکی و هونەرییەکانی راگەیاندن، لەتەک هۆیەکانی دیکەی شارستانیەت و مەدەنییەت دا، ئەوەندە پێشکەوتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی کارمەند و بیرکەرەوە و خاوەن ئەزموونی وا لە جیهاندا هەن و ئاڵوگۆڕی بۆچوون زۆر لە

ئارادان، ئەمانە بوونەتە هۆی فراوان بوونی ئاسۆی ڕۆژنامەگەریی، بە شێوەیەك ناتوانرێت لە چەند لاپەڕەیەکدا بیانخەینە ڕوو. بەلام بە پێی دەرفەت و پێویست ئەوەی بۆ سوود وەرگرتن و بۆ خزمەتی بابەتەکەمان ئاماژەی پێ دەکەین.

پسپۆرانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی جیهانی لەسەر ئەوە کۆکن کە هەواڵ بە یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی ڕۆژنامەنووسیی دادەنرێت. مەبەستی ڕۆژنامە بەبێ هەواڵ نایەتە دی. هەواڵیش ئەوەندەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە.

لێرەدا چەند پێناسەیەکی هەواڵ دەخەینە ڕوو :

ویرلی کامبول گوتویە: **(هەواڵ ڕاپۆرتێکە سەبارەت بە هەندێك ڕووداو یان ململانێیەك کە ماکی ئێستابوون و نوێیەتی و گرنگیتی لای خوێنەری تێدابێت.)(٢)**

- چارلس داناش گوتویە:( ئەوەی گرنگەو سەرنج ڕاکێشە لای کۆمەلانی خەلك، هەواڵە)(٣)
- چیلتون بوسیش دەلێت:
- **(هەواڵ ڕاپۆرتێکە سەبارەت بە ڕووداوێك خوێنەر دەتوانێت تێیبگات)(٤)**

کەواتە هەواڵ هەموو ئەو زانیارییە جۆراوجۆرە نوێ و سەرنج ڕاکێشانەیە کە ڕوو دەدەن و هزر و بزەیەکی لە ئاسایی بەدەریان تێدایە، کە خوێنەر بەلایەوە گرنگە حەز دەکات یا دەیەوێ شتێك لەبارەیانەوە بزانێت. بەلام وەك ئاماژەی بۆ کرا ئاسۆی ڕۆژنامەوانی زۆر فراوان و ( ئالۆز) بووە، بۆیە لەناو هەواڵیشدا تایبەتمەندی دروست بووەو بەسەر خۆیدا دابەش بووە و لقی دیکەی لێ بۆتەوە، وەك هەواڵی سیاسی ، هەواڵی زانیاری، هەواڵی ئابووری، هەواڵی وەرزشی ،هەواڵی کۆمەلایەتی و چەندەها بواری جیادیای دیکە، بەلام هەر هەموویان دەچنەوە ناو بۆتەی هەواڵەوە.

هەواڵی سیاسیش یەکێکە لەو بوارانەی کە لەو بۆتەیەوە شوێنی تایبەتی خۆی و تایبەتمەندی و کارمەندی تایبەت و خوێنەرو بینەری تایبەتی خۆی هەیە.

بێگومان هەواڵی سیاسی تایبەتمەندە بە کاریگەری سیاسەتی هەموو چالاکییە حکومی و حیزبی و دەسەلاتەکانەوە، لە دەرفەت و بواری (کات و شوێن)دا ڕوو دەدەن و سەرهەلدەدەن، لەبەر ئەوەی هەندێ جار ڕۆژنامە زمانحالی دەسەلاتی فەرمانڕەوایە و دواتر پەرە دەسێنێت بەرەو خزمەتکردنی لایەنەکانی دیکەی چالاکیی ململانێیە جۆراوجۆرەکان، تا ڕاستەڕێ دەبێت و پێدەگات بەرەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆ دەچێت و گرنگی تایبەت بە هەواڵ دەدات :

ئەو هەوالانەی کە پەیوەستن بە سیاسەتی دەرەوەی فەرمانڕەوایی و دەسەلات بە گشتی و ئەوانەی کە پەیوەستن بە سیاسەت و ڕێکخستنی ناوخۆ بە تایبەتی.

دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە هەواڵ ، هەر لە سەرەتای پەیدا بوونییەوە، ئامرازێك بووە مەبەست لێی پێڕاگەیاندنی هەواڵی سیاسی پادشاو میرو بانکەکان بووە.

سەبارەت بە وەدەست خستنی هەواڵ، ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانی و هەرێمایەتی و خۆجێیەتی، گرنگترین سەرچاوەکانی هەواڵن، هەروەها بەشی هەستگری **(الانصات الاذاعي)** یش سەرچاوەیەکی دەولەمەندی دیکەی هەواڵە، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئێستاماندا، بەلام لەو سەردەمەی کە ئومێدی ئیستقلالی تێدا دەرچووە، بێگومان ئامرازەکانیش، بەپێی ئاستی پێشکەوتنی ئەوکات بووە،

هەڵبەتە لە دەستخستنی هەواڵدا پشت بە ڕۆژنامەکانی دەوروبەرو فەرمانە میرییەکان و تەلەگراف و بڵاوکراوەکان بەستراوە.

هەروەك لە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی مێژوودا بەرچاو دەکەوێت، بارودۆخی سەردەمی ئومێدی ئیستقلال رووکاری بێ ئارامی و گۆڕانکاریی سیاسی و دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لە ناوچەکەدا باڵی بەسەردا کێشابوو، بەتایبەتی ، ئەو ناوچەیە کە دواتر خرایە سەر عیراق، ئەو ماوەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتبوە ژێر کارتێکردن و گۆڕانکارییەکان و ڕووداوەکانی دوای تەواو بوونی یەکەم جەنگی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)و پەیمانی سیڤەر و دابەشبوونی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی حکومەتی عیراق و دەسەڵاتی مانداتی (انتداب) ی بەریتانی و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی وەك ( **پەیماننامەی لۆزان ١٩٢٣**). لەبەر ئەوە ئاساییە ئەگەر ئومێدی ئیستقلال زۆربەی هەواڵە سیاسییەکانی سەبارەت بە پەیماننامەی لۆزان بوبێت و باسی گۆڕانکارییەکان و ناوچەکانی دەرەوەی حکومەتەکەی شێخی نەمری کردبێت، چونکە زۆربەی


امید استقلال

هەواڵەکانی سەبارەت بە ئەستەمبۆڵ و ڕاسپاردەو بڕیارو سەپاندنی سیاسەتی مەندووبەکانی بەریتانیا لەسەر عیراق و تورکیادا بووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی ئەوکات و دوارۆژی کورد و کوردستان بووە.

هەر لەبەر ئەوەش زۆربەی هەواڵە سیاسییەکانی ئومێدی ئیستقلال دەربارەی پێڕاگەیاندن و بەدواداچوونی هەواڵەکانی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پەیماننامەی لۆزان بووە، سەرەڕای گفتوگۆی نێوان کاربەدەستانی ئینگلیزو کاردانەوەی سیاسەتییان بەسەر دەسەڵاتدارانی تورکیادا. لەگەڵ ئەمانەشدا ئومێدی ئیستقلال لابەلا نکوڵی لە بڵاوکردنەوەو پێڕاگەیاندنی هەواڵی سیاسی ناوەخۆش نەکردووە، بە شێوەی فەرمان یان ئاگاداری بۆ خەڵك و خوێنەرانی بڵاوکردۆتەوە، هەروەك لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین.(*)

## هەواڵەکانی تایبەت بە لۆزان ژ١/ل١

یەکەمین هەواڵی سیاسی کە پەیوەستە بە کوردستانەوە لەسەر پەیماننامەی لۆزانە، ئەم هەواڵەش لە ڕۆژنامەی (**بەغداد تایمس**)ەوە وەرگیراوە بەبێ ئەوەی ژمارەو ڕۆژەکە دیار کردبێت.

ئەوەی کە گرنگە سەبارەت بەم پەیماننامەیەوە ڕۆژنامەکە کورتی کردۆتەوە و دەڵێت: ( **ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە مورەخەسی حکومەتی ئیتالیا و فەرەنسە و بەریتانیا (کە ئێستا بەعزێ ئەقسامی ئەرازی تورکیا لەژێر ئەشغالیاندایە) و مورەخەسی مەجلیسی وەتەنی ئەنقەرە کە لەگەڵ ملییەتی خۆیاندا بە هەماهەنگی ئارەزوو ئەکەن صولح تەسریع بکرێ بۆ ئیتیخازی تەدابیری ئاتییە موافەقەتییان کردووە**.)

هەروەها باسی مەرجەکان وپەیوەستەکانی مەسەلەی چۆل کردنی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە، لە چەند خاڵێکدا کە لە سەرچاوەکانەوە هاتوون، بڵاوکراوەتەوە. بێگومان ئەم هەواڵەش لەبەر ئەوەی کە بەشێکی پەیوەندی بە میللەتی کوردەوە هەیە بڵاوکراوەتەوە و درێژە بە داڕشتنی مەرجەکانی

چۆڵکردنی ناوچەکان دەدات کە لە ژێر عەسکەرتاری دەوڵەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیادان. لە هەمان کاتدا بە ناو، ناوی کوردی تێدا نەهێناوە ئەگەر ئەم مەرجانە پەیوەندی یان کاریگەری بەسەر کوردەوە هەبێت یان نا.

ژ١/ل٢

هەر لەم لاپەڕەیەدا سەبارەت بە پەیماننامەی لۆزان هەواڵێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە کە لە رۆژنامەی (**نجمە**)ی ژمارە ٨٣١ کە لە ٣ی ئەیلوول دەرچووە)، هەواڵەکە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەرچووە و باس لە گۆڕینی هەندێ ئەحکامی ماددەکانی پەیماننامەی لۆزان دەکات و چەند ماددەیەکی دیکە دەخاتە پەیماننامەکە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە روون بکرێتەوە.

لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا هەواڵی چاوەڕوان کردنی تورکیا و ئینگلیز، بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەی لۆزان بەتایبەتی مەسەلەی دیار کردنی سنوور کە لە بەندی(٢٠،٣) ی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە لەم بارەیەوە هەردوولا کۆکن کە هیچ لایەکیان چالاکی نەنوێنن ببێتە هۆیەك بۆ گۆڕینی باری ئاسایی، لەوکاتەی کە هەوڵ دەدرێت بۆ دیاری کردنی سنووری نێوان عیراق و تورکیا.

لە ژێر ناوی (غرائب)دا ئومێدی ئیستقلال بەناوی خۆی لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا هەواڵی پیلانگێڕی دوو حکومەتی دژ بە میللەتی کوردی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ناوی ئەم دوو حکومەتە بهێنێت، تەنها ئیشارەت بەوە دەدات کە دەڵێت:

**(بۆ تەئمینی ئیستقلالییەتی قەومی کورد لە بیدایەتی حەربی عمومییەوە تا ئێستا دە هەزار قوربانی داوە و بێ حیساب تالانی رۆیی، ئێستا بێ مەعلومەتی میللەت ئەم دوو حکومەتە مەشغولی پیلانن ئەلبەتە عەمالەت ڕێگەی خۆی ئەدۆزێتەوە . خودا کەریمە. ئومێدی ئیستقلال).**

هەروەها بە ناوی عەدنان بەگ و ئەویش بە وەکالەتی حکومەتی تورکیا، بەلاغێك بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت:

**(موعاهەدەنامەی لۆزان لە ٣ی ئوغستۆس ٣٣١ دا رەسمەن ختامیان هاتووە و ئەو رۆژە مەبدەئەن موددەتی تەخلییەیە).**

هەر لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا دەڵێت، بە پێی تەلەغرافێك کە لە ئەستەمبوڵەوە هاتووە دەست کراوە بە چۆڵکردنی ناوچەکان لە عەسکەرتاری ئینگلیز، بەم شێوەیە لە شەوی ٢٤ی ٣٣١ سێ پاپۆڕی ئینگلیزی دەست دەکات بە گواستنەوەی سەربازەکان و زۆر بە خێرایی چۆڵکردن تەواو دەبێت.

هەروەها هەواڵێکی دیکە کە لە ماڵتەوە هاتووە سەبارەت بە پاپۆڕەکانی دەریای ئەتلەسی و گەڕانەوەیان بۆ لۆندەرە بڵاوکراوەتەوە.

لەهەمان ژمارەو لە لاپەڕە ٣دا، بەبێ ئەوەی ئیشارەت بە سەرچاوەکە بکرێت، هەواڵێکی ناوخۆیی بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە پێکهاتەی بەڕێوەبردنی مەملەکەت، کە ئەنجومەنێك پێکهاتووە و بە سەرۆکایەتی جێگری حکومەت، ناوی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکەش گرووپ گرووپ نووسراوە کە دەڵێت:

**(تەشکیلاتی تەدویری ئموری مەملەکەت بەرای مەجلیسی عمومی ئەکرێ ، کە ئەم مەجلیسە لە ژێر ریاسەتی نائیب ئەلحکومەدا تەشکیل ئەکات و حسەب ئەللزوم حەزرەتی مەلیکی موعەزەم لە حزوری خۆیدا ئیجتیماعیان پێ ئەکات. ئەم مەجلیسە عیبارەتە لە رۆئەسای دەوائیرو ئەشرافی مەملەکەت کە** لە ژێرەوە نووسراوە.)

لەم هەواڵەدا سەبارەت بە مەبەستی دامەزراندنی ئەم تەشکیلاتە، غەیری بەڕێوەبردن نەبێت، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیکە ئاماژەی پێنەکراوە.

لە هەمان ژمارەو لاپەڕە ٣ هەواڵێك بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە بڕیار و فەرمانەکانی مەلیکی کوردستان کە دەڵێت:

**(لە ئەتباع و خزمەتکار و مەئمورانی من هەرکەس غەدر وە یا ناحەقییەکی کرد بیلا تەرەدود بە سەربەستی بێت موراجەعەت بە دیوانی حەرب بکات ئەمرمان بە دیوانی حەرب داوە ئەگەر کەسێك بە ناحەق غەدر لە میللەت و ئەهالی بکات بە جەزای شەدید موجازات بکرێ، مەلیکی کوردستان ، مەحمود).**

بێگومان ئەم بڕیارە بۆ بەرقەرار بوونی یەکسانی و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوەخۆی مەملەکەت بووە، بە شێوەی هەواڵ بڵاوکراوەتەوە ، مانای بوونی دەسەڵات و دادپەروەری لەبەرچاوگرتن لە مەملەکەتدا دەبەخشێت.

## زامنکردنی دۆستایەتی ژ٢/ل١

بە بێ تایتل لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی میللی و سەرۆکی حکومەت یادداشتێك بەبێ ژمارەو ڕۆژ بڵاوکراوەتەوەو ئاراستەی جەنابی مەلیك( شێخ مەحمود) کراوە ، داوای سەلامەتی نیشتمان و میللەت و زامنی پەیوەندی و پاراستن و دۆستایەتی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا و عیراق دەکات کە تیایدا دەڵێت:

**(بۆ حزوری حەزرەتی مەلیکی موعەززەم دامە شەوکەتەهو قەراری مەجلیسی میللی وایە حەزرەتی مەلیك دام شەوکەتەهو بە صورەتێکی عاجل بە هەر نەوعێ خۆی تەصویب ئەفەرموێت بۆ سەلامەتی وەتەن و میللەت تەئمینی موخابەرەو مناسەبەت و رابیتەی حیمایە لەگەڵ بەریتانیا و دۆستی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بکات ئیتر ئەمر ئەمری ئولولئەمر فەرمون. رەئیسی مەجلیسی میللی و رەئیسی داخلیە، غەریب)**

هەر لە دوای ئەم یادداشتە وەڵامی مەلیکی کوردستان بۆ هەمان یادداشت بڵاوکراوەتەوە و بەناوی ( مەحمود- مەلیکی کوردستان )ەوە هاتووە کە لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلول و بە ژمارە ١ دەرچووە و دەڵێت :

**(بۆ جەنابی ڕەئیسی مەجلیسی میللی و ڕەئیسی داخلیە جەوابی ٢٢ ئەیلول ٣٣٩ و ١ ژمارەیە . لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتەوە بۆ سەلامەتی وەتەن و میللەت تا ئێستا بۆ تەئمینی رابیتەو مناسەبەت لەگەل حکومەتی بەریتانیا و دۆستی لەگەڵ عیراقدا زۆر موخابەرە جەرەیانی کردووە لە موخابەرات پاش نەکەوتووین ئومێد ئەکەم بەم زووانە نەتیجەی خێرو مووەفەقییەتمان دەست کەوێ. مەلیکی کوردستان، مەحمود).**

هەر لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا بەبێ تایتل بەناو و قەڵەمی (کورد) ناوێك ، ڕوونکردنەوەیەك بڵاوکراوەتەوە، لە خوێندنەوەیدا هەست بە مەبەستی پاککردنەوەی ناوچەکە دەکرێت لە خائین و نیشتمان فرۆشانی کورد و غەیرە کورد.

لە شیکردنەوەدا وای دەبینم کەوا ئەم هەواڵە لەلایەن دەزگایەکی حکومی سەر بە حکومەتی شێخ مەحمودەوە دەرچووبێت کە داوای دەستبەرداری بۆ خۆی دەکات، بەدواداچوونی خائین و خۆفرۆش و نیشتمان فرۆشان، ئەوانەی دەبنە ئامرازێك بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوخۆ و پردێك بۆ دەستێوەردانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود.

هەرچەندە ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەوان، لەپێناوی سەرفرازی میللەت، دوژمنداری لەگەڵ کەسدا ناکەن واپێدەچێت لەوسەردەمەشدا مەسەلەی (جاشایەتی) ئامرازێك بووە و

کاریگەری خۆی لەسەر تێکدانی باری ناوخۆو هاوسەنگی هێزی شاراوەدا هەبووە، چونکە ئەم ئاماژەیە هێمایەکە بۆ چەند سەرۆک عەشیرەتێك و دوژمنانی شێخ مەحمود لە ناوەوەدا.

لەژێر هەمان هەواڵدا هەواڵێکی دیکە، بەبێ ئیشارەت پێکردن بۆ نووسەرەکەو بەبێ ژمارەو رۆژ بڵاوکراوەتەوە. هەواڵەکە وا چاکتر بوو بە شێوەی بەیاننامەیەك یان نووسراوێکی ڕەسمی حکومی بێت، کە پێدەچێت زۆربەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندراوانە نەخراونەتە قالبێکی ڕەسمی و لەوانەیە بۆ ئەوە بووبێت کە میللەت هەست بە فەرمان و جەختی سیاسی و حکومی نەکەن، بۆیەش هەر بە شێوە ساکارە عەشائیرییەکە ڕاگەیەنراوە، کە تیایدا هەوڵ و تەقەلا و ئێش و ئازارو مەشەقەتەکانی شێخ مەحمود بەیان دەکات لەپێناو داکۆکی کردن و داواکردنی مافەکانی کورد و پارێزگاریکردنی خاکی کوردستان و لەم بارەشەوە زۆر بەڵێنی وەرگرتووە کەچی نووسەر بەرامبەر هەندێك کەسان داخ دەخوات کە کوردن و خیانەت دەرحەق ئەم ڕێبازە دەکەن، دەڵێت: **(بۆ تەرەقی و سەعادەتی قەومی کورد حەزرەتی مەلیکی کوردستان مەلیك مەحمودی ئەوەل زێدە شەوکەتەهو توشی چ فەلاکەت و کۆششێکی زەمانە بوو هەموو کەس ئەیزانێ قبوولی ئەم هەموو مەشەقەتەش بۆ هیچ مەنفەعەتێکی شەخصی خۆی نییە).**

هەروەها دەڵێت: **(جانەن وە مالەن داوای حقوقی کوردی کردووە و موحافەزەی خاکی کوردستانی کردووە و ئەکات).**

هەروەها دەڵێت: **(وەلەبەر ئەم ئەفکارە موستەقیمە زۆر وەعدی قەوی دراوەتێ ، فەقەت مەعەلئەسەف لە تەرەف بەعزێ زەواتی موحتەرەمەی قەومی خۆمانەوە زۆر خیانەتی دەرحەق کراوەو بوون بە باعیزی تەئخیری ئەم خەیرە، ئومێد ئەکەین کە ئەوانیش بە تەواوی پەشیمان بووبنەوە).**

ئەم هەواڵە سیاسییە گرنگە سیاسەتی نەرم و حەکیمانەی حکومەتی شێخ مەحمود ئاشکرا دەکات بەرامبەر بە دوژمنانی ناوخۆ، زۆر بە شێوەیەکی دیبلۆماسییانە داوایان لێ دەکات کە واز لە خیانەت و پشت بەستن بە بێگانە بهێنن بۆ مەبەستی تایبەتی و کەسایەتی، چارەنووسی میللەتی کورد نەگەیەننە ڕێگایەکی تاریك و نادیار.

## مەسەلەی موسڵ
## لە ئەنجومەنی پەیمانی لۆزان
## ژ٣ / ل٣

سەبارەت بە (مەسەلەی موسڵ) هەواڵێك لەم لاپەڕەیەدا بە بێ داریکردنی ڕۆژ بڵاوکراوەتەوە، پێدەچێت هەندێك لە زانیارییەکان لە چاپکراوە پێگانەکانەوە وەرگێڕابن، جێگەی سەرنجە کە مەسەلەی پەیمانی لۆزان لە لایەن ئومێدی ئیستقلالەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، هەوڵی داوە لێرەو لەوێ هەواڵ کۆ بکاتەوە و بە ستوونێك بڵاویان بکاتەوە، هەروەك دەڵێت:

**(لە مەجلسی لۆزاندا مەسئەلەی موسڵ، لە مەجلسی لۆزاندا ئەو مەسائیلە کە لە بەینی ئینگلیز و تورکیادا مەوجود بو بە موافەقەتی تەرەفەین بە موافەقیەتێکی عەزیمی تورك حەل و فەصل کراوە. مەسئەلەی موصل و حدودی عراق لە پاش ئەنفازی مەوادی موعاهەدە بە ٩ مانگ لە بەینی هەردوو حکومەتە حەل دەکرێ وەکو لە مەتبوعاتی ئەجنەبی دا موتالەعە کراوە وا مەعلوم ئەبێ کە سەبەبی موخالەفەت لەسەر نەفسی شاری موصلە کە عەرەب ئیدعای ئەکات و ئەو ئەرازییە یە کە بە کورد مەسکونە و ئەکسەریەتی عەرەب نییە کە لە بەینی تورك و ئینگلیزدا موجەبی نیزاعە و بیلخاصە مەسئەلەی نەوتی**

**موصـلـە کــە تــورك ئیــدعای حیصەیەکی ئەکات.)**

هەروەك لەم هەواڵەدا پیشانمانی دەدات کێشەی موسڵ کە هـۆی ناکۆکی لایەنەکانی پەیوەندیدار بە لۆزان، لە چەند چاپکراوێکدا وەری گرتـووەو لەسـەر خـودی شـاری موسلە کە عەرەب داوای ئەکات و مەبەستیش ئەو ناوچانەیە کـە کـورد زۆربـەی دانیشـتوانەکەی پێکدێنن و عەرەب نین لـە نێـوان تورك و ئینگلیزدا بوونەتـە هـۆی ململانێیان بە تایبەتی مەسـەلەی نەوتی ویلایەتی موسل کـە تـورك داوای ڕێژەیـەکی ئـەکات. ئـەو مەسـەلەیەش تـاکو ئێسـتاش شوێنەواری هەر لـە ئارادایـە، لـە هــەر بــارودۆخێکی نائاســایی عێراقدا زەق و قووت دەکرێتەوە.

هەر لە هـەمان لاپـەڕەدا، بـۆ بەدواداچـوونی جێبـەجێکردنی پەیماننامەی لـۆزان کـە بەشـێکی ململانێیەکە (**مەسەلەی موسـل**) ی لێ پەیـدا بـووە، ئومێـدی ئیستقلال هەواڵێکی سیاسی بەبێ تایتـل کـە مەسـەلەی چـالاکییە دیبلۆماسـییەکانی نێوان سـەرەك وەزیرانی عێراق و لۆرد کـیرزن بـۆ گرێـدانی ویلایـەتی موسـل بـە عێراقەوە بڵاوکردۆتەوە.

## لێبوردنی گشتی

ژ٤ / ل٤

هەواڵێکی سیاسی لە ژێر ناوی بڕیاری ئەنجومەنی میللی لێبوردنی بـەرزی ملوکانـە بڵاوکراوەتـەوە، هەروەك لە ژمارە (٢) لاپەڕە (١) ئاماژە بە بەلاغێکی حکومی کرا بوو بۆ مەبەستی پاککردنەوە و بە دواداچوونی خائینانی کـورد، کـە هەندێك لە خەڵکان لەوانـەی کـە مەترسییان لێ نیشتبوو ناچار بوون کە سـلێمانی بـەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە شارەکانی بەغداو کەرکوك **(لـە هەمانکاتـدا مـەرج نییـە ئەوانەی کە ڕایـان کـردووە خـائین بن، گومانی ئەوەش دەکرێـت کـە منەووەر و ڕۆشنبیر بن بە جۆرێـك کە بیر و بۆچوونەکانیان لەگەڵ بـیر و بۆچـــوونی پێکهاتـــــەی حکومەتەکـەی شـێخ مــەحمود جیــاواز بـــن)** وادیـــارە وەك چارەســـەرێکی سیاســـی و دیپلۆماسی ئەم بڕیاری لێبووردنـە گشتییە بۆ مەبەستی ڕەچاوکردنی بەرژەوەنـدی گشـتی دەرکـراوە. بڕیارەکەش دوو جار بڵاوکراوەتەوە یەکـەمیان بـە نـاوی سـەرۆکی ئەنجومـەنی میللـی کـە دەیخاتـە بـەردەم مـەلیکی کوردسـتان و دواتـریش بـە نـاوی مـەلیکی کوردســتان (مــەحمود) کــە ڕەزامەنـدی خـۆی لەسـەر ئـەم لێبووردنـە دەدات، لێـرەدا چـەند بڕگەیەکی دەخەینە بەر چاو.


امید استقلال

**(قـەراری مەجلیسـی میللـی و عەفوی عالی ملوکانە، بۆ حـزوری عەدالەتی دستوری شەوکەتمەئاب حەزرەتی مەلیکی کوردستان دامە ئیجلالـەهو، ژمـارە ٥ قـەراری مەجلیسی میللی وایـە ئەوانـەی لەبەر خەوفی بومباردومان وە یـا بەعزێ ئیش کە خیلافی حقـوقی وەتـەن بـێ کردوویانـە مـوجرین قسـمەن بـە عائیلـەوە فیراریـان کـردووە بـۆ کـەرکوك و بغـداد و مواقعی سـائیرە بـۆ ئەمـەی کـە بێنەوە مەسکەن و مەئوای خۆیـان حـەزرەتی شـەوکەتمەئاب عـەفوی عمومی صادر بفەرموێ لەسـەر قەراری مەجلیس عەرز کراوە ئیتر ئـەمر ئـەمری جەلالولمەئابـە. فـەرمان.٨تشرینی ئـەوەل ٣٣٩. ڕەئیسـی مەجلیسـی میللـی و ڕەئیسی داخیلییە، غریب.)**

## مەلیکی عێراق سەردانی موسڵ دەکات

ژ ٦/ ٣ل

هەواڵی سەردانی مەلیکی عێراق بۆ شاری موسڵ بلاوکراوەتەوە کە لە رۆژنامەی (العراق)ەوە وەرگیراوە و باسی مەبەستەکانی ئەم سەردانە نەکراوە، بەڵام پێدەچێت مەبەستەکە بۆ رێکخستن و پێکهێنانی مەسەلە ئاڵۆزەکانی رەگەزی و مەسەلەکانی پەیوەست بە نەوت بێت کە ململانێی لەسەر دەکرا.

هەر لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا هەواڵی گەیشتنی مەلیکی عێراق، کە لە ٧ی مانگدا چووەتە موسڵ بلاوکراوەتەوە.

لەهەمان ژمارەو لاپەڕەدا هەواڵێکی ناوخۆیی بلاوکراوەتەوە، کە بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن(د.خ) لە مزگەوتی گەورەدا مەراسیمی مەولودنامە خوێندراوەتەوە و بەم بۆنەیەشەوە لەسەر زەمانی عادل ئەفەندییەوە بەناوی فەرمانێکی ملوکانەوە لێبووردنێکی دیکە بۆ بەندەکان ئاشکرا کراوە و زۆربەیان هەر لەو رۆژەدا بەرەڵا کراون، بێگومان ئەمەش چالاکییەکی دیپلۆماسی و سیاسی حکومەتەکەی شێخ مەحمود دوویات دەکاتەوە.

## موسڵ کلیلی شەرق ئەوسەتە

ژ١٠/ ٣ل

ئومێدی ئیستقلال ، راپۆرتە هەواڵێکی سەبارەت بە گرنگی ویلایەتی موسڵەوە، کە لە رۆژنامەی (امل)ەوەی وەرگرتووە، بلاوکردۆتەوە، لە راستیدا راپۆرتەکە بە شێوەیەکی زانستییانەو بابەتی لە گرنگی شوێنی ستراتیژی ناوچەکەی کۆڵیوەتەوە، لە ژێر ناونیشانی( **موسڵ کلیلی شەرقی ئەوسەتە)** دەکرێت بە هەواڵ دابنرێت، چونکە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ئەوکاتی خستۆتە بەرچاو. رۆژنامەی( **امل**)یش لە رۆژنامەی فەرەنسی(لازیفرانسز)ەوەی وەرگرتووە کە لە پاریسدا دەردەچوو، راپۆرتەکەش بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**(لە غەزەتەی امل موسڵ کلیلی شەرقی ئەوسەتە، ( غەزەتەی لازیفرانسز) کە لە پاریسدا ئینتیشار ئەکا نووسیویەتی: ویلایەتی موسڵ چونکە واقیع بووە لەسەر نەهری دیجلەو سیلسیلەی جیبالی کوردستان بەرِەن وە نەهرەن بە بەغداد، هیند ، ئیران ، کوردستان ، ئەناتۆل و بە سوریا مەربووتەو بەو واسیتەیەوە بووەتە کلیلی شەرقی ئەوسەت، تەهلوکەیەکی عەسکەری کە مومکینە تەهدید بە بیلادی عیراق بکا لەو شاخانەوە زهور ئەکا، کە ئیمتیدادی ئەو شاخانە لەسەر شکلی نصف دائیرەیەکە لە شیمال و شەرقی سەحرای ویلایەتی موسڵ ، لە نوقتەی عەسکەریشەوە موسڵ نوقتەیەکی مقاویمەی مەرکەزییەیە چونکە هەدەفی یەکانەی نەزەر موهاجیمینە و سەر بە شاری بەغداد تەشکیل ئەکات.)**

**سەرنج: بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە ( ئومێدی ئیستقلال، ژ ١٠ ل ٣ .**

## مەسەلەی موسڵ لە نێوان تورک و ئینگلیزدا

ژ١١/ ٢ل

(مەسەلەی موسڵ لە نێوان تورک و ئینگلیزدا) ، ناونیشانی راپۆرتە هەواڵێکە ئومێدی ئیستقلال لە رۆژنامەی(امل) کە لە شاری موسڵ دەردەچوو وەریگرتووە و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی پەیوەند بە رێکەوتننامەی ئینگلیزو تورک بەیان دەکات، لەهەمان کاتدا هەواڵەکانی هاتووچۆی کاربەدەستان و لێپرسراوانی ئەنجوومەنی لۆزان و گفتوگۆیەکانییان بەرچاو دەخات.

## چۆڵ کردنی شاری حەلەب

ژ١٢ /ل٣

هەواڵێکی سیاسی بەبێ بەروار کە لە ڕۆژنامەی(العراق)ەوە وەرگیراوە ئەویش لە ڕۆژنامەی (تەوحیدی ئەفکار)ەوە وەرگرتووە، هەواڵەکە سەبارەت بە چۆلکردنی شاری حەلەبە کە تورکیا بۆ گەڕانەوەی بۆ ژێر سنووری خۆی داوای دەکاتەوە، تورکیا درێژە بە پیشاندانی بەڵگەکانی خۆی دەدات بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی گوایە لەلایەک خەڵکی حەلەب داوای پەیوەست بوون بە تورکیا دەکەن و لە لایەکی دیکەوە نەبوونی سنوورێکی سروشتی لە نێواندا.

ژ١٢/ل٤

هەر بۆ بەدواداچوونی هەواڵی چۆلکردنی حەلەب و مەسەلەی سنووری نێوان تورکیاو سوریا، هەواڵێك هەیە سەبارەت بەم بابەتەوە کە هەردوولا **(تورکیا و فرەنسە-لەبەر ئەوەی سوریا کەوتۆتە ژێر ئینتیدابی فرەنسەوە)** ڕێك کەوتوون کە هێڵی( ناوچەی) جەزیرە و رەئس العین ببێتە سنووری نێوانییان.

ژ١٧/ل٢

لە موسڵەوە / هەواڵی پێدانی ڕێنماییەکان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی موسڵ لەدوای تێپەڕبوونی ٩ مانگ بەسەر چۆڵکردن لە ئەستەمبۆڵ دەستپێدەکات، هەر لە هەمان ژمارەدا لە لاپەڕە ٣ هەمان هەواڵ کە لە لۆندرە وەری گرتووە، دیسان بڵاوکراوەتەوە.

ژ١٨/ل٢

ئومێدی ئیستقلال لە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبۆلەوە هەواڵێکی وەرگرتووە کە تورکیا دڵخۆشی بۆ فرەنسە دەربڕیوە، ئەگەر بە دڵێکی گەورە و لە ناخەوە بتوانن تەسدیقی پەیماننامەی لۆزان بکەن، هەر لە هەمان ژمارە و لاپەڕەدا هەواڵی دەسپێکردن و چارەسەرکردنی مەسەلەی موسڵ لە ئەستەمبۆڵ ڕادەگەیەنرێت.

## بۆردوومانکردنی ئاوایی حەمەی ساتە ئەحمەد

ژ١٩/ل٣

سەبارەت بە بۆردوومانکردنی ئاوایی حەمەی ساتە ئەحمەد کە دەکەوێتە ئەوبەری سیروان هەواڵێك بڵاوکراوەتەوە، پێمان دەڵێ: لە ١٢ی مارتدا پێنج فڕۆکە بەشدارییان لەم بۆردومانە کردووە و یەکێك لەم فڕۆکانە کەوتۆتە خوارەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە جۆرو مولکایەتی فڕۆکەکان بکات و هۆکارەکانیش دیار نەکراوە و زیانی گیانی و ماڵی بەدەر نەخستووە.

لەهەمان ژمارەو لاپەڕەشدا هەواڵێك هەیە کە لە ١٦ی مارتدا لە سلێمانی و نزیك شارەزووردا دەنگی تەقینەوەی ٢٠-٣٠ بۆمبا بیستراوە شوێن و هۆی تەقینەوەکان نەزانراوە.

هەر لە هەمان ژمارەو لاپەڕدا هەواڵی ناکۆکی و شەڕی نێوان عەودالان و قەڵاسێوکەییدا بڵاوکراوەتەوە کە ١٠-١٥ ڕۆژی خایاندووە، هۆکارەکانی ئەم ناکۆکییە و زیانەکانیش دیار نەکراوە، بەڵام بەگوێرەی هەواڵ سولح کراوە.

ژ٢٠/ل٢

هەواڵی خوێندنەوەی سێهەمین جاری پەیماننامەی لۆزان بۆ تەسدیق کردن لە ئەنجومەنی نێردراوەکان بڵاوکراوەتەوە

## تورکیا داوای ویلایەتی موسڵ دەکات

ژ٢١/ل٢

هەواڵێك لە ڕۆژنامەی (العراق) وەرگیراوە، کە ئەویش لە ڕۆژنامەی ڕۆیتر وەری گرتووە، سەبارەت بە گفتوگۆیەکانی نێوان تورکیاو حکومەتی بەریتانیا کە زۆر بە توندی تورکیا داوای ویلایەتی موسڵی کردووە هەتاکو شاخەکانی حەمرین. کە دەڵێت: (لە مەجلیسی وەتەنی ئەنقەرەدا

دەرحەق بە ئەحوالی خاریجە مونافەشەیەکی بە شیددەت کراوە، لەو ئیجتیماعەدا کە لە هەفتەی پێشوودا عەقد کرابوو قسمێکی زۆر لە مەبعوسانی تورك بۆ ئیجرای ئەم مونافەشەیە لەسەر ئەو کردەوانەی حکومەتی بەریتانیا لە ویلایەتی موسڵ ئیلحاح و ئیصراریان کرد لە حکومەت بەبێ موسامەحە تەڵەبی ویلایەتی موصڵ بکەن، هەتا شاخانی حەمرینیش کە قشقەیە ئیستیلای بەسەردا بکرێ.)

## بۆردومانکردنی گوندەکانی قەرەچەتان و گردەبۆر

لە هەمان ژمارەو لاپەرەدا هەواڵی بۆردومان کردنی گوندەکانی قەرەچەتان و گردەبۆری بلاوکردۆتەوە کە لە رۆژی ٢٧ی مارت بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك بەردەوام بووە، هەر لە هەمان رۆژیشدا ٣ فرۆکەی تر گوندی عەودالان و دەوروبەری بۆردومان کردووە، ئەنجام و هۆکار و زیانەکان دیار نەکراوە.

## مشاهداتی غەریبە

ژ٢٢/ل١

لەژێر ناونیشانی (مشاهداتی غەریبە) دا هەواڵی هەڵبژاردنی چەند کەسێك بە نێردراو (مبعوث)ی کورد لە بەغدا بلاوکراوەتەوە، ئەوەی شایانی باسە ئومێدی ئیستقلال ئەم هەواڵەی لە رۆژنامەکانی (العراق) وەرگرتووە، وەك هەڵمەتێکی راگەیاندن و نارەزایی دەربڕین بە شێوەی بەیاننامەیەك بەرپەچی ئەم کرداری هەڵبژاردنەی بۆ دامەزراندنی نێردراوی کورد لە بەغدا بلاوکردۆتەوە، ناوی نێردراوەکانیشی دیار کردووە و بەناوی حکومەتو زۆربەری چینو توێژەکانی میللەت ئەم نارەزاییە مۆر کراوە.

گرنگترین مەبەستەکانی ئەم نارەزاییە ئەمانەن:

**١ـ نارەزایی دەربڕین بەرانبەر ئەم کردارە، کە بەبێ ئاگاداری میللەتی کورد نێردراوی بۆ دانراوە.**

**٢ـ ئەوانەی کە لە لایەن بەغداوە بە نوێنەر دامەزراون نوێنەری میللەت نین. وە جێگای متمانەو شایستەی میللەت نین، لەبەر ئەوە هەر بریارێك یان هەر بەڵێنێك لە لایەن ئەوانەوە بدرێت و مۆر بکرێت تەنیا لێپرسراویەتی و نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، میللەت و حکومەتی ناوخۆی سلێمانی پشتیبان پێ نابەستێت.**

**٣ـ نە حکومەتو نە میللەتیش ئاگادارییان لە بانگەوازکردنی ئەم هەڵبژاردنە نەبووە، بانگەوازیشی لە هیچ ئامرازێکی راگەیاندندا بۆ نەکراوە.**

**٤ـ داواکاریش ئەمەیە: دەبێ دامەزراندنی نێردراو دەبێت لە ئەنجامی هەڵبژاردن بێتو بانگەوازی بۆ بکرێت و ئەم مافە لە میللەت زەوت نەکرێت.**

(ئومێدی ئیستقلال) ناوی ئەشرافو کاسبکارانو ئەهالی و ئەوانەی نارەزاییان دەربریوە بە لیستێك بلاوکردۆتەوە.

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی سیاسیو جەماوەریی راستو رەوا بووە، کە میللەت وەری گرتووە و ئومێدی ئیستقلالیش بە شێوەی هەواڵو بەیاننامەیەك لە لاپەرەی یەکەمیدا بلاوی کردۆتەوە.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە بەر لە بلاوکردنەوەی ئەم هەواڵو بەیاننامەیە ئومێدی ئیستقلال توانیویەتی چەند راپۆرتێك و هەواڵێك سەبارەت بەو کەسانەی کە لە دەرەوەی حکومەتی شێخ مەحموددا هەوڵ دەدەن خۆیان لە بەغدا نزیك بکەنەوە ببنە کلکو داردەستەی بەغدا، هەر وەك لە ژ٢ ل١ بەناوی کورد ئاماژەیەك بەوە کراوە کە میللەت دوژمنایەتی لەگەڵ کەسدا ناکات تەنیا ئەوانەی کە کوردن و خائینی نیشتمانن، هەروەها لە ژ٤ ل٤،

بڕیارێکی لێبووردن بڵاوکراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بە هۆی ترسی بۆمباردومان یان هەندێك کار کە دژ بە مافی میللەتو نیشتمان بوبێت رایان کردووە بۆ دەرەوەی سلێمانی، بۆ ئەوەی بێنەوە سەر جێگاو ڕێگای خۆیان.

مامۆستا (**ڕەفیق حیلمی**)یش لەم ڕووەوە درێغی نەکردووە و لە ژ٥ل١ دا ڕاپۆرتێکی زۆر بە پێزی لەسەر بارودۆخی ڕاکردنی هەندێك لەوانەی کە خۆیان بەمنەووەرو ئەشراف دەزانن و چوونەتە دەرەوەی سلێمانی بلاوکردۆتەوە، بە شێوەیەکی زۆر دیبلۆماسییانە و سیاسەتمەدارانە ڕوو دەکاتە هەلوێستەکەیان و ڕێنماییان دەکات کە دەبوایە بە بیرێکی دیموکراسییانە و چاونەترسانە بیرو بۆچوونەکانییان بخستبایە بەردەم حکومەتو میللەتو سیاسەتمەدارانی، بەر لەوەی بیر لە ڕاکردن بۆ باوەشی بەغدا بکەنەوە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی هەر سەبارەت بە هەمان بابەت لە ژ٧ل١ بە سەردێری (**الخائن خائف**) راپۆرتو باسێکی بلاوکردۆتەوە وە بە تاقیکردنەوەیەکی (**بسمارك**) دەچێتە ناو بابەتەکەو لە کۆتاییشدا ئاماژە بە ترسنۆکیی خائنان دەکات.

ڕاکردن و مانەوەی ئەو کەسانەی دژ بە حکومەتی شێخ مەحمود لە بەغدا بە تایبەتی دوای دەرچوونی لێبووردنی گشتی، وەك لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن حکومەتی بەغدا توانی بەکارییان بهێنێت بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان دژ بە حکومەتی شێخ مەحمود وەك ئامرازێکی سیاسی.

## سەردانی مەندوبی سامی بۆ هەولێر و موسڵ، هەم زیارەتو هەم تجارەت

## ژ٢٢/ل٤

سەبارەت بە سەردانی مەندوبی سامی بۆ هەولێرو کەرکوك و موسڵ بە بۆنەی هاتنی بەهارەوە هەواڵێك بلاوکراوەتەوە پیشانی دەدا کە لە ٨ی نیسان دەستی بە سەفەرەکەی کردووە.

بێگومان ئەمە وەك هەواڵێك، ئومێدی ئیستقلال تەنیا بەمە وەستاوە کە ئەم سەردانە بەبۆنەی بەهارەوەیە. بەلام دەتوانرێت وا شیبکرێتەوە کە مەبەستی حەشاردراویش لەم سەردانەدا هەیە کە ئومێدی ئیستقلال بەزۆرو کەم ئاماژەی پێ نەکردووە، دەکرێت ئەم سەردانە بۆ ئەوە بێت ڕای گشتی ڕازی بکات، یاخود بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکان بوبێت! بەتایبەتی دوای ئەوەی نێردراو بۆ کورد بێ ئاگاداری میللەتو حکومەتەکەی شێخ مەحمود بە شێوە ناشەرعییەکەی هەلبژێردرا! بۆ زانیاریش دەتوانین بگەڕێینەوە لاپەڕەکانی یادداشتو مێژوو و پەیوەندییەکانی مەندوبی سامی بە کەسایەتییەکانی هەولێرو کەرکوكو موسڵ ئەمەش بەدواداچوونی تایبەتی دەوێت.

## ژ ٢٣ / ل٣

ئومێدی ئیستقلال لە ڕۆژنامەی (**نەجمە**)وە هەواڵێکی وەرگرتووە سەبارەت بە پەیماننامەی لۆزانو مەسەلەی موسڵ ، تێیدا هاتووە کە لە ئەنجومەنی گشتی دا لە ڕۆژی ١ /ی نیسان گفتوگۆ سەبارەت بەم پەیماننامەی کراوە، (مستەر فیشر) وتوویەتی:

**(ئەم پەیماننامەیە بۆ بەریتانیا زەرەری هێناوە و بۆ ئەوانەی دیکە قازانج، چونکە ئەو هەوڵو کۆششەی کە بەریتانیا داوییەتی بۆ مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکان بووەو ویستوومانە بۆ ئەم مەبەستە حکومەتێکی بەهێز لە تورکیا دابمەزرێنین . کەچی تورکیا هەوڵ دەدات ئیمتیازاتی ئەمریکا لە تورکیا زیاتر بکات و دژو هاوبەشمان بۆ پەیدا دەکات) .**

ئەم لێکدانەوەیە وا دەردەخات کە بەریتانیا ویستوویەتی بە تەنیا و دوور لە بوونی هێزی دیکە لە

تورکیادا، بەدەستی بەهێزی تورك بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت. هەروەها بەریتانیا پێی باشتر بوو ئەم ئیمتیازاتانە بدرێتە فەرەنسا چونکە لەکاتی شەڕدا لەگەڵ بەریتانیادا هاوپەیمان بووە.

## ئیلحاق کردنی سلێمانی بەعیراق

**ژ٢٣/ل٤**

ئومێدی ئیستقلال، بە شێوەی وەلامێك بۆ رۆژنامەی (العراق)، نارەزاییەکی بلاوکردۆتەوە کەبۆ لێکۆڵینەوە مێژوویی زۆر گرنگە، راگەیاندنێکە کە رۆژنامەی (العراق) بلاوی کردۆتەوە. پێدەچێت ئومێدی ئیستقلال زۆر درەنگ ئەم هەواڵەی بەدەست گەیشت بێت، چونکە رۆژو ژمارەی رۆژنامەکەشی نەنووسیوە.

ئومێدی ئستقلال دەڵێ: جوابی غزتەی العراق:

**(غزتەی العراق، سلێمانی بە جوزئی موتەمیمەی عیراق نیشان داوە موئەییدی ئەم ئیجتیهادە ئێمە هیچمان بۆ نادۆزێتەوە زۆر ئارەزو ئەکەین (العراق) موناسەبەتی ئیرتباگی لە بەینی کوردو عەرەبدا چیە بۆمان ئیزاح بکا)**

بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە ژمارە ٢٣ل٤) واتە ئومێدی ئیستقلال داوا لە (العراق) دەکات کە هۆکارو پەیوەندییەکانی بەستنەوەی سلێمانی (کورد) بە عراق (عەرەب) روون بکاتەوە.

ئەم وەڵامەی ئومێدی ئیستقلال هەرچەندە دەبوایە بەناوی ئەو ئەنجومەنە بوایە کە لەمەجلیسی عمومی حکومەتی شێخ مەحمود پێکهاتبوو، (لەژمارە١، لاپەرە ٣دا بانگەوازی بۆ کراوە)، بەلام لە هەمان کاتدا هەڵویستێکی سیاسەتمەدارانەی پڕ لە تێروانینی نەتەوەییە کە نیشانەی پێگەیشتوویی بیرو هۆشمەندیی لای چینە رۆشنبیرو منەوەرەکانی ئەو سەردەمە پیشان دەدات. ئومێدی ئیستقلال درێژە بە وەلامەکەی دەدات و گرنگترین خاڵەکانی هاوبەشیی و دوورخستنەوەی نێوان کوردو عەرەب لەیەکتر بەرچاو دەخات کە لەمانەدا کورتیان دەکەمەوە:

١ـ هەردوولا (کوردو عەرەب) ئادەمیزادنو هاوئایینن، بەلام بواری رەگەز و تایبەتمەندی کۆمەلایەتی خاڵی لێك ترازانە لە یەکتر ، لێرەدا پێ دەچێت کە بیروباوەری نووسەر کەمێك بەلای رەگەز پەرستییەوە بووبێت، کە لەم ماوەیەدا بیروباوەری نەتەوەیی لە گشت جیهاندا لە ئارادابوو، چونکە سەردەمی دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، راگەیانراوی ویلسۆن کە جەختی لەسەر چارەنووسی میللەتان دەکردەوە ، ئەم بیروباوەڕەی لەلای منەوەرەکانی ئەو سەردەمە دروستکرد.

٢ـ سەبارەت بەلایەنەکانی دیکەی میللەتانی عیراق هەر وەك نووسەر پێی دەڵێ (مناسەباتی فکری) لە نێواندا هەیە، بەلام تێکەلاو بوونی کۆمەلایەتی و رەوشتی و زمان لە نێواندا نابینرێت بە هۆی تێنەگەیشتن لەزمانی یەکدی بە شێوەیەکی گشتی.

٣ـ نووسەر بۆ جەخت کردن و پێداگرتن لە سەر بۆچوونەکەی خۆی پشت بەڕای لایەنێکی جیهانی دیکە دەبەستێت، ئەویش راپرسییەکی حکومەتی بەریتانیایە کە لەسەر مەسەلەی بەستنەوەو تێکەڵ کردنی کوردو عەرەب رازی نەبووەو لەسەر ئەم هەڵوێستەی بەریتانیا حاکمی سیاسی بۆ مەبەستی پاراستنی میللەتی کورد بەڵێنی داوە.

٤ـ نووسەر لە وەلامی هەڵوێستی رۆژنامەی (العراق) دەڵێت:

**(ئازانین ئەمەو چ حالەتێکی ئیداری و ئیجتماعی ئەم حەقی حیاتیەی ئێمەی ئیسقاط کردوە.)**

واتە نووسەر، یان لە گۆڕانکارییە ئەقلیمییەکانو سیاسەتی لە ژێرەوەی بەریتانیا ئاگادار نەبووەو سەرسام ماوە لە هەڵوێستی




کارگێڕی و کۆمەڵایەتی کە بووەتە هۆی پێشێلکردنی مافی کورد ؟! یانیش ئەوەندە لەخۆبایی بووەو متمانەی بە بەڵێنەکانی بەریتانیا هەبووە کە نەدەبوایە **(العراق)** ئەم هەڵوێستەی هەبێت.

لێرەدا سەرەنج بدە ئەم خالانە بێ ئەوەی بچینەوە لاپەڕەکانی مێژوو کە ئەمە بۆ خوێنەری بەڕێزی بەجێی دەهێلم:

١ـ هەندێك لەو متەنەویرو ئەو سەرەك عشیرەتانەی کە نووسەرانی ئومێدی ئیستقلال ناویانی نا **(خائین)** ڕایان کردبوو بۆ بەغداو ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە بین بە نوێنەر و نێردراوی کورد کە لە لایەن حکومەتی بەغدا **(بەئاگاداری مەندوبی سامی بەریتانی)** بۆ ئەم مەبەستە بەبێ جاڕدانی هەڵبژاردن بەنوێنەر دامەزران.

٢ـ پشت گوێ خستنی ئەو بەندانەی کە لە پەیماننامەی سیڤەر هاتبوون سەبارەت بەکوردو ، کە هیچیان لێ جێ بەجێ نەکران، پاشانیش لە پەیماننامەی لۆزانیشدا بەیەکجاری مافی کورد پێشێل کرا.

٣ـ بۆردومان کردنی ناوچە و گوندە کوردنشینەکان بە فرۆکەی بەریتانی مانای چی بۆ حکومەتەکەی شێخی نەمر دەگەیەنێت؟.

٤ـ گەڕانو سەردانی مەلیکی عیراق کە ئومێدی ئیستقلال ئەم سەردانەی بەناوی **(سەردان بەبۆنەی بەهار)**ەوە بلاو کردبۆوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە، مەبەستی سەرەکی سەردانەکە چی بوو؟؟

٥ـ بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی بەریتانیا لەهەموو ناوچەکانی عیراق کە بەبەردەوامی هەوڵی فراوانکردنی بۆ ئەدرا، ئایا دروستکردنی قەوارەیەك بۆ کورد تا چ ڕادەیەك ئەم بەرژەوەندییانەی بەریتانیای دەهێنایە دی؟.

٦- ئایا سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا پابەند بوو (بەشێوەیەکی ڕەسمیو نێو دەولەتی) بەو بەڵێنانەی کە دابووی بەشێخ مەحمود بۆ ئەوەی بێ کەمو زیاد جێبەجێیان بکات؟ لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد، یاخود بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا دادەڕێژێت؟

٧- ئایا تا چ ڕادەیەك شێخ مەحمود توانیبووی خۆی لەگەڵ بۆچوونو بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکانی بەریتانیا بگونجێنێت؟؟

ئەمانەو چەندەها نیشانەی پرسیاری دیکە، دەبوایە نووسەر ئاماژەیان پێ بکات و بەدوای هەواڵو گۆڕانکاری سیاسی ئەوکاتەدا چووبایەوە، بۆ ئەوەی سەرسام نەبوایە لە هەواڵی ڕۆژنامەی (العراق) سەبارەت بە ئیلحاق کردنی سلێمانی بەعیراقەوە.

## بەریتانیا و تورك پەلەیانە بۆ جێبەجێ کردنی لۆزان
## ژ٢٤/ل١

بۆ بەدواداچوونی دەستپێکردنی بڕیاردان لەسەر پەسەند کردنی پەیماننامەی لۆزان، ئومێدی ئیستقلال، هەواڵێکی بلاوکردۆتەوە کە ڕاو بۆچوونی کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی بەریتانیاو تورك ئاماژەیان پێدەکات و زۆربەیان لایەنگیری بەخێراکردنی مەسەلەی پەسەند کردنی پەیماننامەی لۆزان دەکەن، چونکە ئەگەری گۆڕانکاری سیاسی پێشبینی دەکرێت و نەوەك کارەکان مەترسیو گرژیو ئالۆزیان تێدا بکەوێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئومێدی ئیستقلال، پەیوەندی چارەنووسی کورد بە پەیماننامەی لۆزان باس ناکات یاخود زۆر بەپارێزەرەوە بەلایەوە دەچێتو ڕۆڵو شوێن پەنجەو ڕاو بۆچوونەکانی کە پەیوەندی بەکوردەوە هەیە نەکردۆتە خەمی خۆی، یان بەلای کەم وەك هەلۆیستێکی حکومەتی شێخ مەحمود سەبارەت بەم بوارە هیچ دەر نەبڕاوە.

## ئاکام

لەم لێکۆلینەوەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین:

**١- ئومێدی ئیستقلال پەیامی ڕۆژنامەگەری خۆی، لە قۆناغێکی مێژوویی دا، بەدروستی ئەنجام داوە .**

**٢- لەڕووی سیاسییەوە، سەردەمی ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، کێشەو ململانییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، کوردو سەرانی کورد توانیویانە چالاکانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و وەلامی پرسیارەکانی سەردەم بدەنەوە.**

**٣- لەڕووی نەتەوەییو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، هەنگاوێکی مەزنی بەرەو پێشەوە ناوە، لەسەر ئاستی نێودەولەتان هێزو تواناو داواکارییەکانی بەرجەستە کراوەو خراونەتە بەرچاو نەتەوەی کوردیش لەمافە نەتەوەییەکانی خۆی وشیار بۆتەوەو هەولی بەدیهێنانییانی داوە.**

## سەرچاوە:

١- د. ابراهیم امام ، دراسات في الفن الصحفي، القاهرة ١٩٩٧.
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- هەمان سەرچاوە.
٤- هەمان سەرچاوە.
* هەموو دەقەکانی کە لەم باسەدا هاتوون، لە ژمارەکانی ( ١- ٢٥ ) ئومێدی ئیستقلال لە کتێبی ( سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (١٩٢٣ـ ١٩٢٤) کە لە ئامادەکردنی: ڕەفیق سالح و لێکۆلینەوەی : د.کەمال فواد، سدیق سالح ٢٠٠١م)ە، وەرگیراوەو خستوومنەتە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی.

# بابەتێن رۆژنامەڤانی ب زارێ كرمانجی

**س. زروەیی**

رۆژنامەڤانی پیشەیەكا زۆرا ب زەحمەتەو ژ ملێن هەمی كەسان ناهێت پێ رابن، یان ژی نە هەركەسێ دەست دا پێنڤیسی خو یان كامیرا خو، دێ ببتە رۆژنامەڤان.

ئەڤە بابەتەكی گەلەكێ گرنگە و پێدڤی ڤەكولینەكا بەرفرەهە، لێ دڤێ گوتارێدا دێ خو نێزیكی بابەتەكێ دیتر كەین، ئەو ژی ل دەڤەرا بەهدینان، كا چ بابەتێن رۆژنامەڤانی د قەوارێ پەرتۆكاندا هاتینە نڤیسین و چاپكرن و بەلاڤكرن.

ئاشكرایە هەردەم شوین تبلێن نڤیسەرێن كرمانج د هەر بیاڤەكێ دا، گەلەكێ كێمە، چ بابەتێن ئافراندنێ بن، یان ژی بابەتێن ڤەكۆلینان بن د هەر مەیدانەكێ دا، ژبەرهندێ ژی ئەڤ بابەتێن ئەم دێ لسەر پەیڤین، بەرهەمێ وی گەلەكێ كێمە و تشتێ هاتیە نڤیسین ژی دبیت زۆربەیا وان، بابەتێ پەرتوكێ نەیێ پێكڤە گرێدایی بیت، وەك گوتارێن كت كتە دناڤ بەرپەرێن رۆژنامە و كۆڤاران دا هاتینە بەلاڤكرن و پاشی بۆینە پەرتۆك.

نوكە ژی ئەو پەرتوكێن ب زارێ كرمانجی لدۆر بابەتێن رۆژنامەڤانی دەركەفتین، دێ دەینە نیاسینی ب كورتی:

*** گوتگوتك.. پەیڤەكا كەهی و دوژمنەكێ كوژەك**

ئەڤ پەرتوكە ل سالا ١٩٩٦ێ ب رێیا (**پرۆژێ چاپكرنا كتێبا یێ یوبیلا زێرینا PDK/ لق١**) لبن هژمار(٥) هاتیە چاپكرن. پێكهاتییە ژ حەفت پشكان دگەل پێشگۆتنەكێ و پەیڤەكا فەر كو ژنڤیسینا هێژا كاك(**بهجت هروری**)یە.

دپشكا یەكێدا لدۆر (**گوتگوتك چییە؟**) پەیڤییەو تێدا گوتگوتك دایە نیاسین و دبەرپەرێ (٩)ێدا دبێژیت:




(**چەكەكە ژ كاریگەرترین و دژوارترین چەكێن شەرێ دەروونی، پەیڤەكا كەهییە و دوژمنەكێ كوژەكە دنێڤ هەر مالەكێدە و نێڤ هەر جڤاكەكیدە دژیت..**).

هەروەسا هژمارەكا زۆرا پێناسان تێدا بەلاڤكرینە.

لدویڤدا پشكا ئێكێ لسەر چەندین ناڤ و نیشانان بەلاڤكرییە وەك(**گوتگوتك ددیروكێدە، گوتگوتك چییە؟**).

ب بەرپەریێ (١٥)ێدا پشكا دووێ دەست پێ دكەت و ئەوژی لسەر چەند بابەتان هاتییە لێكڤەكرن: (**رەگەزێن پەیدابوونا گوتگوتكان، پالدەرێن دەروونی بو بەلاڤكرنا وان، هن ئەگەرێن خوەیی و بابەتی بو چێكرن و بەلاڤكرنا گوتگوتكان**). ئەڤ بابەتە ژی هندەك ژوان لسەر چەند خالێن دی هاتینە لێكڤەكرن و باشتر بابەت دایەنیاسین و شرۆڤەكرن.

پشكا سیێ (بپ٢٢) لدۆر مەرجێن بەلاڤبوونا گوتگوتكان ئاخڤتی یەو تێدا هاتیە سەر یاسایا بەلاڤبوونا وان و قۆناغێن چێبوون و بەلاڤبوونا گوتگوتكان.

جـەماوەریێ گوتگوتکـان (بەلاڤکـەر و گوهـدێر) بابەتێ پشـکا چـواریێ یـە و کـورتترین پشـکە دناڤ پەرتوکێدا ژ دو بەرپەران پێکهاتی یە (بپ۳۱ و ۳۲) پشکا پێنجی، پشکێن گوتگوتکـان تێـدا هاتینـە ئاشکراکرن و داینە نیاسین، ئەوژی لسەر چەند بابەتان هاتییە لێکڤـەکرن و دبابـەتێ (دوارێ دەمیـدە)تێـدا بوچـوونا زانـایێ روس بایسـو/۱۹۲۸ێ ئینایـە کـو دبێژیت ﴿ هەر دارەکێ دن گرنگتر دانایـەو ئـەڤ وارە کریە سەر پشکا هەر وارەکێ دن کو گرێدانەك دکـەل گوتگوتکان هەبت و وی ژی کرینە چەند پشکێن دیتر) دپشـکا شەشـێ دا لـدوٚر (مـەرەمێن بکارئینانـا گوتگوتکان و گوتگوتك برێکا ترانـە و پێکـەنینان و دەرونێ مرۆڤی ئامانجا یەکێ یا گوتگوتکانە) ئاخفتی یە و تێدا بـو هـەر بابەتـەکی هـژمارەکا نموونـەیان ئینانینە.

د پشکا دوماهیێ دا نقیسەرێ پەرتوکێ لدور (لبەر راوەستیانا گوتگوتکان و نەهێلانا وان) ئاخفتی یـە و لسەر چەند خالەکان لێکبەلاڤکرینە.

لدوماهییێ ژی نقیسەری ژێدەرێن سەرەکی مفـاژێ وەرگرتین برێز کرینە و هژمارا وان بوینە (۱۹) ژێدەر. بۆ باشتر خواندنا ڤێ پەرتوکێ هەروەك نقیسەری لسەر بەرگێ پشتێ لێ پەرتوکێ نقیسی(پرانیـا جـاران پـتر بـاوەری ب گوتگوتکـان (الاشـاعة) تێکـرن و ژوان راستییێن تێنە ڤەشارتن یان ئەوێن ددەمـێن خـوەیێن پێدڤێد. نەهێنە گـوٚتن، یانـژی ئـەوێن چـو بویـەرێن باوەرپێکری دگەلدە نەبن، جا گوتگوٚتك چییە، چەوان پەیدا دبت، کی بـەلاڤ دکـت و بـچ رێـك، ئامـانج و کارتێکرنێن وێ چنە و چەوان دەسـت ب سـەردە تـێ گرتن؟ ئەڤ پەرتوکە بەرسـڤێن ڤـان هـەموو پرسـان و چەندین ئالێن دن ددت).

نقیسـەرێ پـەرتوکێ (هـروری) سـالا ۱۹٦۲ێ ل دهـۆکـێ ژدایکبوویە... دڤـەرا بـەرواری بـالا هاتیـە دنیـایێ، دەرچـوویێ بروانامەیا بەکالوریوسە ل پشکا روژنامەگەریی/ تایێ راگەهاندنێ ژ کولیجا ئادابا زانکویا بەغـدا سـالا ۱۹۸٥ ـ ۱۹۸٦ێ. ئەنـــدامێ ســـەندیکا رۆژنامەنڤیسانەو سەرنڤیسەرێ حـەفیتناما (پـەیمان) بوویە.

*** رۆژناما کوردستان و شورەشا رەوشەنبیری**

پەرتوکا دووێ رۆژنامەڤانیێ بخوڤە ڤەدگریت، لژێر ناڤێ (**رۆژناما کوردستان و شورەشا رەوشەنبیری یە**) ژ نڤیسینا شەوکەت تاهر سندی ژ بەلاڤکرییێن وەزارەتا رەوشـــەنبیری نـــە ب هەلکـــەفتا (۱۰۰) ســـالیا رۆژنامەڤانیا کوردی.

ئەڤ پەرتوکە ب قـەبارێ مـەزن ژ (۷٤) بەرپـەران پێکـــــدهێت و چـەندین بابـەتی تێدا هەنە، پشتی دیارییێ، نقیسەری پـێش پەیڤـەك نڤیسی یە و تێـدا دبێژیت: (**بابەتێ نڤیسینا مە دێ ل سـەر ئێـك ژ وان بوویەرێن زنـدی و نەمری بت د دیرۆکا مللەتێ کورد دا، ئەوژی ئافراندنا یەکەمین رۆژنامـا کوردییـە بنـاڤێ(کوردسـتان) کـو پیرۆزترین ناڤە ل جەم کوردان**).




بابەتێ ئێکێ دپەرتوکێـدا لـژێر نـاڤێ (میرنشـینا بۆتان و شۆرەشا بـەدرخان پاشا ۱٥۱٤ ـ ۱۸٤۷)ێ تێدا

ئارمانجێـت شۆرەشـێ داینـە خویـاکرن، پاشـی د بەرپەرێ (۱٥)ێدا لدۆر (دەرچونا رۆژناما کوردستان) ل رۆژا ۲۲ نیسانا ۱۸۹۸ێ پـەیڤی یـە و سـەرگوتارا هژمارا ئێکێ بەلاڤکری یە.

(ژمارێن رۆژناما كوردستان) بابەتەكێ دی یە تێدا هژمارێن وێ ئاشكرا كرینە كا هەر هژمارەك ل چ وەلات و باژێر دەركەفتی نە، پاشی دبابەتەكێ دیتر كا بۆچی یەكەمین هژمارە ل وەلاتێ مسرێ دەركەفتی یە، تێدا چەند خالەك دەست نیشان كرینە. هەروەسا چەوانیا گەهشتنا وێ بۆ كوردستانێ بابەتەكێ دی یە دپەرتوكێدا و مفا ژ وان راگەهاندنێن دناڤ بەرپەرێن روژنامێ دا هاتین مفا وەرگرتی یە و دگەلدا دەقێ چەند نامەیەكی بەلاڤكری یە.

دبەرپەرێ (٤٥)ێدا لدۆر (**ناڤەرۆكا رۆژناما كوردستان**) نڤیسەر ئاخفتی یە و بابەتێ خو لسەر چەند پشكا لێكڤەكری یە وەك:

١- بابەتێن سیاسی.

٢- بابەتێن دیرۆكی.

٣- بابەتێن دینی.

٤- بابەتێن كۆمەلایەتی.

هەروەسا (**زمانێ رۆژناما كوردستان/ بپ ٥٣**) ژ بابەتێن كورتە دناڤ بەرپەرێن پەرتوكێ دا و تێدا دبێژیت:

(**رێنڤیسا كوردی یا كەڤن بوو، ب پیتێن عەرەبی دهات نڤیسین ژبەر پیرۆزیا ئۆلێ بوسلمانی ل جەم كوردا**)، رولێ رۆژناما كوردستان دبیاڤێ رەوشەنبیریا كوردیدا بابەتەكێ دیترە نڤیسەری چەند پەیڤەك لدۆر نڤیسین و بابەتێ دوماهیێ پەرتوك پێ بناڤ كری(**رۆژناما كوردستان و شۆرەشا رەوشەنبیری یە**) كو لدۆر كارتێكرنا وێ دبیاڤێ سیاسی دا ل وەلاتێن جیران و رەوشەنبیریا كوردیدا نڤیسی یە.

لدوماهیێ ژی د پەیڤەكێدا نڤیسەری هیڤی خواستینە تەڤایا هژمارێن وێ بینە دیتن و جارەك دی ب رێنڤیسەك تازە هەمی سەر ژنوی بێتە چاپكرن ڤە.

بۆ نڤیسینا ڤی بابەتی، نڤیسەری مفا ژ هژمارەكا كێم یا ژێدەران وەرگرتی یە و تێدا دیارە پتر خو ل پەرتوكێن دیروكی كرییە خودان ل شوینا مفای ژ ڤەكولین و پەرتوكێن لدۆر راگەهاندنێ و روژنامەڤانییێ بكەت!!

نڤیسەرێ پەرتوكێ (**شەوكەت تاهر سندی/١٩٦٦**) دەرچوییێ كولیجی شەریعەتێ ل بەغدا و لڤان سالێن دەوماهییێ لدور (**فایز احمد البرزنجی**) نامەیا ماستەرێ ژ زانكویا دهوك وەرگرتی یەو ل وێرێ ماموستایە. چەند بەرهەمێن چاپكری هەنە وەك فێر بوون و نڤیساندنا زمانێ كوردی ب تیپێن لاتینی، عبدالرحیم رحمی هەكاری ـ ژین و بەرهەم، چەند بەرهەمێن دەستنڤیسی ژی هەنە.

### چەند بەرپەرەك ژ دیرۆكا رۆژنامەڤانیا كوردی




ئەڤ پەرتوكە ژ بەلاڤكری یێن و نڤیسینگەها رەوشەنبیری و راگەهاندنا لقێ ئێك/ پشكا رەوشەنبیری (٦)بوویە، ژ نڤیسینا هێژا (**مصدق توڤی**)یە سالا ١٩٩٩ ل چاپخانا كولیژا شەریعێ (**چاپخانا زانكویا دهۆك**) ب قەبارێ ناڤنجی دبەرگەكێ رەنگین دا ب (١٠٢) بەرپەران هاتی یە چاپكرن.

پەرتوك ژ چەند بابەتێن ژێك جودا پێكدهێت، بەری نوكە ئەو بابەت دناڤ بەرپەرێن روژنامەو گوڤارادا بەلاڤكرینە. بابەتێ ئێكێ دپەرتوكێدا پشتی پێشگوتنەكێ، گەریانەك دناڤ دیرۆكا رۆژنامەڤانیا كوردیدا) یە لبەرپەرێن (٥ ـ ١٩)ێ.

تێدا لسەر دەستپێکا رۆژنامەڤانیێ کوردی لپارچێن کوردستانێ ئاخفتی یە.

بابەتێ دووێ، (**رۆژنامەڤانیا سەردەمێ شێخ مەحمودێ نەمر**)ە و تێدا ئەو رۆژنامەو کۆڤارێن لسەردەمێ دەستهەلاتا شێخێ نەمر دەرکەفتین داینە نیاسین.

هەروەسا تبابەکێ لسەر دەستهەلاتداریا وی ئاخفتی یە.

ژ وێ رۆژنامەڤانیا دایەنیاسین:

١ـ بانگی کوردستان

٢ـ رۆژی کوردستان

٣ـ بانگی حەق

٤ـ ئومێدی ئیستقلال.

لدوماهیێ ئەنجام و ژێدەر بەلاڤکرینە.

(**رۆژنامەڤانیا مامۆستایێن کوردستانێ**) ئەوژی ژبابەتێن گرنگێن پەرتوکێ یە. تێدا هژمارەکا کوڤاران داینەنیاسین وەك: رۆژناما هەولێر، کوڤارا بلێسە، کوڤارا دەنگی مامۆستا، بۆ پێشەوە، هیڤی، ئامانج، پەیامی مامۆستا، دگوتارێ خودا نڤیسەری زێدەتر لدۆر بەلاڤوکا هیڤی یا دهوکێ و کوڤارا بلێسە نڤیسی یە کو هژمارێن وان لبەردەست بوینە.

ژ بابەتێن بەرفرەهێن دی، لدۆر (**رۆژنامەڤانیا باژێرڤانی یێن ـ شارەوانی ـ کوردستانێ**) هاتیە نڤیسین و ئەو رۆژنامە و کۆڤارێن ل کوردستانێ دەرکەفتین لسەردەمێن ژێك جودادا، داینە نیاسین وەك، سلێمانی، ژیان، ژیانەوە، زبان، هەولێر، دهۆك و گەلەکێن دیتر.

ـ رۆژنامەڤانیا زارۆکان، نڤیسەری پویتەکێ باش پێدایەو دگوتارەکێ دیتردا هندەك رۆژنامەو گۆڤار داینە نیاسین وەك (**گروگالی مندالانی کورد**).

گوڤارا (**روناهی**) گوڤارەکا ئەدەبی زانیاری و کومەلی بوویە ل باژێرێ بەغدا ژلایێ رۆژنامەڤان (**حافز قازی**) ڤەدەر دکەڤت، گوتارەکا بەرفرەه لدۆرهاتییە نڤیسین وتێدا هژمارێن وێ داینە نیاسین و لدۆر ناڤەروکا بابەتێن وێ نڤیسی یە، هەروەسا گۆڤارا(**هیوا**)ئەڤا ژلایێ یانا سەرکەوتن ل بەغدا دەردکەفت ل سالا ١٩٥٧ێ گوتارەکا دیتر نڤیسی یە. پاش گوتارەکا دیتر لدۆر گوڤارا (**رۆژی نوێ**) و رێبازا وێ یا نەتەوایەتی نڤیسی

نڤیسەرێ پەرتوکێ (**مصدق توفی/١٩٥٧**)

ئەندامێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسین کوردستانێ یەو نوکە سەرنڤیسەرێ (**کوڤارا دهوك**)، ئەڤا ژلایێ باژێرڤانیی دهوکێ ڤە دهێتە وەشاندن، چەند بەرهەمێن چاپکری هەنە وەك: سەرهلدانا ساسونێ، شورەشا شێخ سەعیدێ پیران.

**چەند تیرۆژکەك لسەر رۆژنامەڤانیا کوردی**

نڤیسەر و رۆژنامەڤان رەشید فندی ژوان نڤیسەرێن پر بزاڤە و بەردەوام پەرتوکێن وی دهێنە چاپکرن، لڤێ دوماهیێ ژ دویر ژ ئەدەبیاتێن کلاسیکی، پەرتوکەك لدۆر رۆژنامەڤانیا کوردی دایە چاپکرن و تێدا هژمارەکا گوتارێن رەوشەنبیری لسەر چەند رۆژنامەو گوڤاران، هەروەسا هژمارەکا دیداران کو دگەلدا هاتینە کرن بەلاڤکرینە، پەرتوك ب قەبارێ ناڤنجی یە ل چاپخانا رەوشەنبیری / هەولێر سالا ٢٠٠٢ ێ ب ٢٦٦ بەرپەران هاتی یە چاپکرن.



نڤیسەری پەرتوك كری یە دیاری بو (هەردوو سەمیانێت رۆژنامەڤانیا كوردی میقداد مەدحەت و عبدالرحمن بدرخان) كو هەر سەنڤیسەرێت روژناما كوردستان بۆینە.

بابەتێ ئێكی لدۆر چەند لایەكێت رەوشەنبیری نە و رۆژناما (**كوردستان**)یا دایك دا. بابەتەكێ بەرفرەهە و چەند تەوەران بخوڤە ڤەدگریت.

دیسان چەند بابەتێن دیتر لسەر رۆژناما (**كوردستان**) تێدا بەلاڤبووینە وەك: دیسان چەند بابەتێن دیتر لسەر روژناما(كوردستان) تێدا بەلاڤبووینەوە وەك: المسألة الارمنية و فرسان الحميدية في جريدة كردستان (الام) /افواج الفرسان الحميدية.

لدۆر رۆژنامەڤانیا باژێرێ دهۆكێ، كوتارەكێ باش تێدا بەلاڤبوویە و هەر ژدەست پێكا سالێن حەفتیان و هەتا سەرهلدانێ تێدا هاتیە تۆماركرن. چەندەك ژێ داینە نیاسین وەك: گوڤارا چیا، گوڤارا رەوشەن، بەلاڤوكا هیڤی، كوڤارا پەیڤ، چرایێ گەش، دەنگێ مە.

گوتارەكا دی یا بەرفرەه لدۆر دەركەفتنا كوڤارا (**مەتین**) یا خولا سیێ و تێدا ڤەكولینەكا زانستیانە لسەر گوڤارێ هاتیە كرن و چەندین تەوەر ڤەگرتینە. هەروەسا پەیمانا ئەدەب و هونەری كو روژنامەیەكا پاشبەندا حەفتیناما پەیمانی بوویە، ئەوژی ژ گوتارێن گرنگە دپەرتوكێ دا.

لسەردەمێ شورەشا ئیلونێ سالێن ٧٤ ـ١٩٧٥ چەند گوتار نڤیسی نەو ئەو بخوژی تێك بوویە ژ پشكداران. ژنیڤا پەرتوكێ پتر دەڤێ وان دیدار و چاڤپێكەفتنانە ئەڤێن ژلایێ روژنامەو كوڤارێن كوردی ب زمانێ كوردی و عەرەبی دگەلدا كرین بەلاڤكرینە، بەلێ مخابن نڤیسەری بارا پتر مافێ وی كەسی خواری یە ئەڤێ دیدار دگەلدا كری!! فەربو بێتە زانین.

نڤیسەر(**رەشیدی فندی/١٩٤٨**)ئێكە ژ ئەندامێن سەندیكایێ و نوكە سكرتێرێ ئەكادیمیا زانستی یا كوردستانی یە، چەندین پەرتوكێن چاپكری هەنە، و هندەك هێش دەستنڤیسن. دبیاڤێ روژنامەڤانیی دا كاركریە.

دانەنیاسینا ڤان پەرتوكان، هەرچەند ب كورتی یە، لێ وەك وەر تەركەك بفەر دبینین و كەسێ بڤێت دشێت لێ بزڤریت و باشتر دناڤەروكا وان بگەهیت، ژبلی ڤان ژی، دو پەرتوكێن دیتر وەك بیبلیۆگرافیا دەركەفتی نە ئەوژی بیبلیۆگرافیا (١٠٠) هژمارێن حەفتیناما پەیمانی ژ بەرهەڤكرن(**مصدق توفی، اسماعیل بادی، خالد دێرەشی**) و بیبلیۆگرافیا (١٠٠) هژمارێن گوڤارا مەتین ژ بەرهەڤكرنا عبدالرحيم بادی. ئەڤە بلا بمینن بۆ دەرفەتەكا دیتر.



# گروگالی منداڵانی کورد

## پێشەنگە گۆڤاری دنیای ڕۆژنامەگەریی منداڵان



ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

### پێشەکی

دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، لە مهابادی مەڵبەندی پاڵەوانان و دڵی زیندووی شۆڕشگێڕان، کۆماری کوردستان دامەزرا.. (**قازی محەمەد**)ی پێشەوای خۆشەویست و خزمەتکاری میللەتەکەی بووە سەرکۆمارو، ئیتر بوار بۆ دڵسۆزان و غەمخۆرانی کورد ڕەخسا، تا هەر یەکەی لە بوارێك بەپێی توانا، خزمەت بە گەل و وڵاتەکەی خۆی بکات.

کۆماری کوردستان تەمەنی لە ساڵێك کەمتر بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمارە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستە خزمەتی کوردو کوردستان، وێڕای کاری جۆراوجۆریان لە بوارە سەرەکییەکانی دیکەی ژیان، گرنگییەکی گەورەشیان بە وشیارکردنەوەی میللەت و پەروەردەکردنیان بە بیرێکی نەتەوەیی میانەڕەوو دوور لە شۆڤێنییەت و توندوتیژی دا، لەم پێناوە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی وەکو (**کوردستان**) و (**ئاوات**)و (**هەلالە**)و (**هاواری نیشتمان**)و ...هتدیان دەرکرد، (**گڕوگاڵی منداڵانی کورد**)یش یەکێك لەو گۆڤارانەی کۆمار بوو، کە لە لایەن کارگەرانی چاپخانەی کوردستان ـ چاپخانەی ناوەندی کۆمار ـ پێشکەش بە منداڵانی کورد کرا.

ئەم گۆڤارە ئەگەرچی تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام خزمەتێکی گەورەی بە منداڵانی کورد کردووە، بۆیە بووەتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی لە ماوەکانی پاشتردا نووسەرو ڕۆشنبیرانی تر، درێژە بە هەمان ڕێباز بدەن و چی لە توانایانە درێغی بۆ منداڵان نەکەن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێ گەلێ لایەنی گرنگی ئەو گۆڤارە ڕوون بکەینەوە، بەو هیوایەی خزمەتێکی بچووك بێت بۆ ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد و ئەمەکدارییەك بێت.

### ناسنامەی
### ( گڕوگاڵی منداڵانی کورد )

ئەم گۆڤارە هەمیشە لەسەر ڕووپەری بەرگی پێشەوەیدا نووسیویەتی: (**بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان**)ە[1]، واتە بەرهەمی ئەو بیرە نەتەوەییە کوردییە بووە، کە چاپخانەی کوردستانی

دامەزراندووە، یان چاپخانەی کوردستان بۆی دامەزراوە.

## دروشمی
## (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)

دروشمی ئەو گۆڤارە، بریتی بووە لە خزمەتکردنی منداڵانی کورد بۆ ئەوەی ڕووناکبیرو خوێندەوار بن، بە بەڵگەی ئەوەی نووسیویەتی: **(ئەو موجەللەیە تەنیا بۆ ڕووناککردنی بیری خوێندەواران و منداڵانی کوردە).** (٢)

- مودیری ئیدارە: قادری مودەڕیسی بووە.
- دیارترین نووسەرەکانیشی: (وهاب بلوریان، هەژاری موکریانی، ص. ب، ق.م- زێوەر، دڵشاد، نیشتمان، وردی، سەعید زەرگەیی (هومێد)، محەمەد صادق قزلجی، محەمەد ئازەر، حوسێن فەقێ زادە).
- (محەمەد عەتری گلولانی)یش وەرگێڕی گۆڤارەکە بووە.

## شوێنی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵی کورد) لە ڕیزبەندی گۆڤارە کوردییەکاندا

ئەو گۆڤارە لە ڕیزبەندی سەرجەم گۆڤارە کوردییەکاندا بە ژمارە (٢٢) دێت، وەك ئەو خشتەیەی خوارەوە ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە: (٣)

| ز | ناوی گۆڤار | لایەنی دەرکەر | ساڵی دەرچوون | شوێنی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕۆژی کورد .. هەتاوی کورد | کۆمەڵەی هێڤی کورد | هاوینی ١٩١٣ | ئەستەمبوڵ |
| ٢ | یەکبوون | | ١٩١٣ | ئەستەمبوڵ |
| ٣ | بانگی کورد | جەمال بابان | شوباتی ١٩١٤ | بەغداد |
| ٤ | کوردستان | میسانێرە پڕۆتستانتەکان | نیسانی ١٩١٤ | مهاباد |
| ٥ | ژین | ئەشرەف هەمزە | کانوونی - یەکەمی ١٩١٨ | ئەستەمبوڵ |
| ٦ | کوردستان | سەید حوسێن | کانوونی دووەمی ١٩١٩ | ئەستەمبوڵ |
| ٧ | دیاری کوردستان | ساڵح زەکی ساحێبقران | مارتی ١٩٢٥ | بەغداد |
| ٨ | زاری کرمانجی | سەید حوسێن حوزنی موکریانی | مایسی ١٩٢٦ | ڕواندز |
| ٩ | پەیژە | مستەفا شەوقی | ١٩٢٧ | بەغداد |
| ١٠ | هاوار | جەلادەت بەدرخان | مایسی ١٩٣٢ | شام |
| ١١ | ڕوناکی | شێت مستەفا - حوزنی موکریانی | ١٩٣٥ | هەولێر |
| ١٢ | زانستی | ساڵح قەفتان | ١٩٣٨ | سلێمانی |
| ١٣ | گەلاوێژ | ئیبراهیم ئەحمەد | ١٩٣٩ | بەغداد |
| ١٤ | ڕوناهی | جەلادەت بەدرخان | ١٩٤٢ | شام |
| ١٥ | نیشتمان | کۆمەڵەی (ژ.ك) | ١٩٤٣ | بەغداد |
| ١٦ | دەنگی گێتیی تازە | باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغداد | ١٩٤٣ | بەغداد |
| ١٧ | هاوار | | ١٩٤٥ | مهاباد |
| ١٨ | کوردستان | حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران | کانونی یەکەمی ١٩٤٥ | مهاباد |
| ١٩ | ئاوات | - | ١٩٤٥ | مهاباد |
| ٢٠ | هەڵاڵە | - | مارتی ١٩٤٦ | مهاباد |
| ٢١ | هاواری نیشتمان | یەکیەتی جەوانانی دیموکرات | مارتی ١٩٤٦ | مهاباد |
| ٢٢ | گڕوگاڵی منداڵانی کورد | قادری مودەڕیسی | بەهاری ١٩٤٦ | مهاباد |

## ڕێزبەندی (گرۆگاڵی منداڵانی کورد) لە دنیای ڕۆژنامەگەری منداڵانی کورددا

لەم بوارەدا گرۆگاڵی منداڵانی کورد لە ڕیزی هەرە پێشەوە دێت، پێشەنگی دنیای ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد بۆ خۆی تۆمار دەکات، ئەمەش چونکە یەکەم گۆڤاری تایبەت بە منداڵان بووە، بەر لە ئەو، ئەو بابەتانەی بۆ منداڵ نووسراون، لە نێو ڕۆژنامەگەری گەوراندا پەرش و بڵاوبوون، زۆربەشیان بۆ منداڵ نەبوون، واتە بۆ ئەوە نەبوونە کە منداڵ خۆی سوودیان لێوەربگرێت، بەڵکو لە بارەی منداڵانەوە بوو بۆ گەورەکانی منداڵان، واتە بۆ باب و دایك و مامۆستایان بووە، تا بە هۆیانەوە بتوانن وەکو پێویست خزمەت بە منداڵەکانیان بکەن.

## ژمارەکانی ئەو گۆڤارەو مێژووی دەرچوونیان

بەداخەوە ئەو گۆڤارە تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچوو، ئەوانیش ئەوانەن کە لەو خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژە بە مێژووی دەرچوونیان کراوە:

| ژمارە | مێژووی دەرچوون |
|---|---|
| ١ | ی بانەمەڕی ١٣٢٥ |
| ٢ | ی جۆزەردانی ١٣٢٥ |
| ٣ | ی پوشپەڕی ١٣٢٥ |

## گرنگترین بابەتەکانی ئەم گۆڤارە:

ئەم گۆڤارە لەبەر کورتی تەمەنی تەنیا (٤٢) بابەتی بڵاوکردۆتەوە.. کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**ـ شیعر: (٨) بابەت:**

١ـ قوربانی نێوت (پیاهەڵدانی پێغەمبەر ـ د.خ ـ)، پیرەمێرد، ژ (١) لـ(٢).

٢ـ قەڵەم، هەژار، ژ (١) لـ(٤).

٣ـ بۆ کچان ، ... ، ژ (١) لـ(٧).

٤ـ بالورەی کچە کوردێك، گەلاوێژ ـ زێوەر، ژ (١) لـ(٩).

٥ـ ستایشی خودا، حاجی قادری کۆیی، ژ (٢) لـ(١).

٦ـ کوڕی کوردم لە بۆ ژێردەستی نابم، سەعید زەرگەیی (هومێد)، ژ (٢) لـ(٦). ژ (١) لـ(٧).

٧ـ ئارەزوو، (...)،ژ (٣) لـ(٤).

٨ـ خودا، (...)،ژ (٣) لـ(٥).

**ـ وتارك:(١٢)**

١ـ کوردستانماڵی کوردە، وەهاب بلوریان، ژ (١)، لـ(١).

٢ـ گوێزەبانەی حەوتووی پێغەمبەری ئیسلام (ص.ع)، (...)، ژ (١)، لـ(٢).

٣ ـ نیشتمانپەروەری یۆنانییەکان، (...)، ژ (١)، لـ(٢).

٤ ـ ئازادی کیهەیە؟، ص.ب، ژ (١)، لـ(٥).

٥ـ کەوتوویی، ق.م ، ژ (١)، لـ(٦).

٦ـ ئاواتی منداڵێك، دلشاد، ژ (١)، لـ(١٠).

٧ـ هەپل دەلی، (...)،ژ (١)، لـ(١٠).

٨ـ شیعار بۆ هەموو کوردێك، نیشتمان، ژ (١)، لـ(١١).

٩ـ کۆخە ڕەشە، ق.م، ژ (٢)، لـ(٧).

١٠ـ حوببول وەتەنی مینەل ئیمان، صدیق بەکری، ژ (٣)، لـ(١).

١١ـ ئێمە ڕۆڵەی کوردین، محەمەد. ئازەر،، ژ (٣)، لـ(٨).

١٢ـ بۆ موعەللیمەکان، (...)، ژ (٣)، لـ(١٣).

ـ تاکە ڕستەی واتادار:٣

١ـ مەعنای دیموکراتی، ژ (١)، لـ(٧).

٢ـ وتەی پیاوە ژیرەکان، ژ (١)، لـ(٨).

٣ـ قسەی هەڵبژێردراو، ژ (٣)، لـ(٢).

**ـ چیرۆك:(٦)**

١ــ دادگــای حــەیوانات، ق. مودەڕیســی، ژ (٢)، لـ(٢).

٢ـ دەرسێك لە جوگرافیــای کوردســتان ، (وردی)، ژ (٢)، لـ(٤).

٣ــ ئــازاد، حەپســی، تــاغور، و: محەمــەد عــەتری گلولانی، ژ (٢)، لـ(٦).

٤ـ کوڕە شوانی ڕەشید، م.ص.قزلجی، ژ (٢)، لـ(٨).

٥ـ دەرسی دووەمی جوگرافیای کوردستان (ناساندنی چۆمەکانی کوردستان)، وردی، ژ (٣)، لـ(٦).

٦ـ دزی ئەمین، حوسێن فەقێ زادە، ژ (٣)، لـ(٩).

**ـ زمان: (٣)**

١ـ دەستوری زمانی کوردی ـ دەرســی یەکــەم ـ ، ژ (١)، لـ(٨).

٢ــ دەســتوری زمــانی کــوردی ـ دەرســی دووەم ـ ، مودەڕیسی، ژ (٢)، لـ(٣).

٣ـ دەستوری زمانی کوردی، وردی، ژ (٣)، لـ(٣).

**ـ ئاگاداری: (٢)**

١ــ ئامۆژگــارانی خۆشەویســت (بــۆ نووســەران)، (...)،ژ (١)، لـ(١٣).

٢ــ بــۆ گیــانی پــاکی شــەهیدانی ڕێگــەی ئــازادی (پێشکەشکردنی گۆڤارەکــە بــە کــوڕە ئــازاو منداڵــە دڵپاکەکانی کورد)، ژ (٢)، لـ(١٣).

**ـ بۆ زاخاوی مێشك:٥**

١ـ موسابەقە، (...)، ژ (١)، لـ(١٢).

٢ـ فیلی فەرماندە، ژ (٢)، لـ(١١).

٣ـ مەسئەلەی حیساب، ژ (٢)، لـ(١٢).

٤ــ ڕزگــاری لــە زینــدان، ق. مودەڕیســی، ژ (٣)، لـ(١٢).

٥ــ مەســئەلەی (حیســابییە)، ، ق. مودەڕیســی، ژ (٣)، لـ(١٢).

**ـ ڕۆشنبیری گشتی:(٣)**

١ـ بۆ زانین، (...)،ژ (٣)، لـ(١٠).

٢ــ لــە خوێنــدن و زانســت چــیم دەســت ئەکــەوێ؟ ق.مودەڕیسی، ژ (٣)، لـ(١١).

٣ـ لە هەر نەفەسێکدا ...، ق.مودەڕیســی، ژ (٣)، لـ(١١).

## چاپخانەو شوێنی دەرچوونی ئەو گۆڤارە

ئەو گۆڤــارە لــە ســای کۆمــاری کوردســتان و لــە پایتــەختی کۆمــار لــە شــاری (مهابــاد) دەرچــووە، چاپخانەکەشی هەر چــاپخانەی (کوردســتان) بــووە.. وەکو لەو خشتەیە جوانتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

| ژ | چاپخانە | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | کوردستان | مهاباد |
| ٢ | کوردستان | مهاباد |
| ٣ | کوردستان | مهاباد |

## قەوارەی ئەو گۆڤارە

ئــەم گۆڤــارە بــە قــەوارەی : (٢١ بــە ١٢ ســم دەرچووە، ژمــارەی لاپەڕەکانیشــی لــە نێــوان (١٣)و (١٤) لاپەڕە دابووە، وەکو لــەم خشــتەیەی خــوارەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

| ژ | قەوارە |
|---|---|
| ١ | (١٣) لاپەڕە |
| ٢ | (١٣) لاپەڕە |
| ٣ | (١٤) لاپەڕە |

## بەرنامەو پەیامی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)

گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، وەکــو یەکــەم گۆڤــاری تایبــەت بــە منــداڵان، لــە هەلومــەرجێکی تایبەت دەرکراوە، ئەویش ئەو کاتە بووە، کە کورد لە ڕۆژی زێڕینی خۆی ژیاوەو لە سای خواوە لە مێــژووی نوێدا بۆ یەکەم جاربووە لــە ژێــر چــەتری حکومــەتی مەدەنی خۆیدا بژی، ئەو ڕۆژە کۆماری کوردستان لــە مهابــاد بــە ڕابەرایــەتی ســەرکۆمار قــازی محەمــەد (ڕەحمــەتی خــوای لێبێــت) زۆر چــالاکانە کــەوتبووە خزمـــەتی کـــوردو لـــە ڕێگـــەی دامەزرانـــدنی

دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین خزمەتی بە چین و توێژەکانی کورد دەکرد، لێرەوە بوو، منداڵانیش بەشی خۆیان لەو خزمەتە وەرگرت و سەرەرای کردنەوەی قوتابخانە لە بۆیان، وەکو پێویست راگەیاندنی کۆمار هات بۆ یەکەمجار لە رێگەی رۆژنامەگەریەوەش ئاوڕی لە جگەرگۆشە ئازیزەکان دایەوەو بەم شێوەیە گۆڤاری **(گروگاڵی منداڵانی کورد)** کەوتە بەردەستی منداڵانی کورد.

جا ئەگەر ئەو هەلومەرجەی سەروومان هێنایەوە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو گۆڤارە بۆ مەبەستێك هاتۆتە دەرکردن، ئەویش ئەوەیە منداڵانی کورد وشیار بن و لەسەر شێوازێکی کوردانەو موسڵمانانە پەروەردە بن، تا لە یەك کاتدا بۆ بەیانی کە پێدەگەن، خاوەن بیری رەسەن و خزمەتگوزارو لەولاوەش هاورەوتی ژیانی میللەتانی سەردەم بن و بە چاوی کراوەو بەوپەری دڵسۆزی خزمەت بە گەل و وڵاتەکەیان بکەن.

لە خوارەوە بەرنامەو پەیامی ئەو گۆڤارە لە چەند خاڵێك کورت دەکەینەوە:

### ۱- ستایشکردنی خوداو چاندنی خۆشەویستییەکەی لە دڵی منداڵاندا

ئەم گۆڤارە بۆ ئەم مەبەستە لەسەر لاپەرەکانیدا زیاتر لە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

هۆنراوەی (ستایشی خودا)ی شاعیری گەورەی کورد (حاجی قادری کۆیی)، کە تیایدا شاعیر هەندێ لە سیفەتە جوانەکانی خودا ستایش دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی منداڵان خوداناس بن.. وەکو دەڵێت:

**ئەی بێ نەزیرو هامتا، هەرتۆی کە بەرقەراری**
**بێ دارو بێ دیاری، بێدارو پایەداری**

هەتا دەڵێت:

**هەر ئەمری تۆ مەدارە، بۆ کارو باری عالەم**
**هەرچەندە بێ وەزیرو بی صەدرو کاروباری** (٤)

هەروەها لە هۆنراوەی (خودا)ش، جارێکی تر ئەو گۆڤارە هەندێ لە سیفەتە جوانەکانی دیکەی خودای گەورە بۆ منداڵان روون دەکاتەوەو دەڵێت: خودا تاك و تەنهایە، هیچ یەکێك هاوتای ئەو نییەو، هیچ یەکێك لە شێوەی ئەو نییە پاك و بێ هاوەڵە، گەورەو بەدەسەڵاتە، هەموو کارێك هەر لە دەستی ئەو دایە، لە بەندەکانی زۆر بێباکەو بۆ هەر چییەکی بییەوێت زۆر بە توانایە.. دەنووسێت:

**هەر خودا یێکە، فەردو بێ هامتا**
**پاك و بێ چوون و گەورەو و دانا**
**هەموو کارێك لە دەستی وی دایە**
**ئەوە بێ باك و قادرو تووانا...** (٥)

ئینجا دێتە سەر ئەوەی کە خولقێنەری هەموو گیاندارو بێگیانێك، لە مرۆڤ و ئاژەڵ و زیندەوەران و دارو بەردو خاك و زەوی و ئەستێرەو خۆر و مانگ و ئاسمانەکان و هەموو شتێکی خولقێنراو جا ئێمە بیبینین، یان نا، ئەوە خودای تەنیا خەلقی کردوون:

**خالقی ئادەمی و حەیوانات**
**صانعی خاك و ئاوو ئەرزو سەما...** (٦)

هەر بۆیەش هەموان پێویستییان بە خوایە، چونکە هەر ئەوە بەسەر سەرجەم شتەکاندا زاڵەو توانای راستەقینەی هەیە لە ئەنجامدانی هەر شتێك، لەسەر چارەسەرکردنی هەر کێشەو گرفتێك بۆ بەندەکانی، لەو کێشەو گرفتانەی کە هیچ مرۆڤێك لە توانایدا نییە، چاری بکات:

**هەموو موحتاج دەرك و دەرگای وین**
**شێخ و دەروێش و پادشاوو گەدا...** (٧)

پــاش ئەوانــە دیســان شــاعیر دێتــەوە ســەر مەسەلەیەکی گرنگ، ئەویش هەر لە کۆنەوە زانایـان باسیان لێوەکردووەو ڕوونیان کردۆتەوە، کە حاکم تەنیا خودایەو هەموو شتێك لە دەستی ئەو دایە:

**کاروباری تەواوی دونیایە**

**هەر خودا جێبەجێی دەکا، تەنیا**

**ڕۆژی تەنگانە عەبدی بێچارە**

**هیچ پەناهی نییە بە غەیری خودا...**[8]

جا لە کۆتاییدا شاعیر ڕووی لــە خــۆی دەکـات و، دەڵێت: (هێمن) تا زینــدوویت و، زمانـت دەگــەڕێت: هەر یادی خــودا بکــەو، بڵــێ: (لا الــه الا الله)، لــە ڕێگەی خۆشییەوە دیارە دەیەوێت ڕووی دەمی بکاتــە سەرجەم منداڵان و پێیان بلێت: دە کــەوابێت منداڵــە ئازیزەکان ئێوەش هەر خودا بە گەورەو بە دەسەڵاتدار بزانن، چونکە پێویستیتان هــەر لای خــودا جێبــەجێ دەبێــت و هــەر ئــەوە دەتوانێـت پشـتیوانتان بێـت و ئاواتەکانتان بۆ وەدیبێنێت:

**(هێمن)! تا هەبێ زبانت تۆ**

**هەر بڵێ: (لا الــــــه الا الله)...**[9]

**٢ـ پەسندانی پێغەمبەری ئیسلام محەمــەد (درودو سڵاوی خوای لەسەر):**

پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (درودو ســڵاوی خــوای لەسەر) وەك گەورەو سەروەری مرۆڤایەتی بە گشتی و موسڵمانان بە تایبەتی ئامادەییەکی تــەواوی لــە لای کۆماری کوردستان و پێشەوا قــازی محەمــەدو رابــەرو ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو کۆمارە هەبووە، بۆیە جێگەی شــانازییان بــووە منــداڵانیان بــە خۆشەویســتی ئــەو سەروەرە پەروەردە بکەن و لە قوتابخانەی خواناســی و پاکی و چاکی و دڵسۆزی ئەو بەهرەمەند بن، بۆیە بە بابەتی جۆراوجۆر پەسنی ئەو سەروەرە دەدەن.. ئەوەتا


د. هیمداد حوسێن

بەنێوی خودای بەرزی بی هاوتا    بژی کوردو کوردستانی مەزن

گــروگالی منداڵانی

کورد

بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

ژمــارە ٢

ســالی ١

١ جوزردان ١٣٢٥

مهاباد ـ چاپخانەی کــوردستان

٥٦

لە لـ(٢)ی یەکەم ژمارەیدا ئەو گۆڤارە تیشك دەخاتە سەر ژیاننامەی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە (درودو سڵاوی خوای لەسەر) و لــە ژێــر ناونیشــانی: ( گوێزەبانــەی حەوتووی پێغەمبەری ئیسلام د.خ..) دەنووسێت:

(ئەم پێغەمبــەرە خۆشەویســتە لــە ١٢ی مــانگی ڕەبیعولئەووەلی ٥٧١ی میلادی لە شاری مەککە لــە ماڵی مامی خۆی (ئەبو تالیب) گێتی تاریك و تنۆکی کوفرو نەزانیی بە نوری ڕۆژو وجــودی خــۆی ڕوونــاك کرد.

(عەبدولموتتەلیب)ی باپیری هــەر بــە مەلۆتکــەیی بردی بۆ کەعبەو تەوافی پێکــرد، وە ڕۆژی حەوتــەش میوانداریێکی باشی کرد بــۆ گــەورەکانی قــورەیش و نێوی نا (محمد صلی الله علیه وسلم).. قورەیشییەکان چوون ئەو نێوەیان نەبیستبوو، لێیان پرسی: بۆچی وات نێو نا؟ فەرمووی: هیوادارم سوپاس بکرێ و، نێوی بە چاکە ببرێ).[10]

لەم پارچەیەدا کە ناوی هیچ نووسەرێکی بەسەرەوە نییە، ئاشکرایە ئەو بابەتە بە پێنووسی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە نووسراوە، هەروەها ئەوەش ڕوونە، کە مادام لە لایەن بەڕێوەبەری نووسین نووسراوە، کەواتە بە مەبەست نووسراوەو هەوڵ دراوە لەم هەڵەدا سوود وەربگیرێت و منداڵانی کورد بەوە ئاشنا بن، کە پێغەمبەرەکەیان (دروودو سڵاوی خوای لەسەر)، کە سەرمەشق و گەورەی هەمووانە، ئەویش وەکو ئەوان مرۆڤ بووەو لە دایك و باوکێك هاتۆتە دنیا، تەنانەت هەرکە لە دایك بووە باوکیشی نەماوە، بەڵکو باپیری بەخێوی کردووە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا بە زیرەکی و لێبڕان و دڵسۆزی خۆی، سەرەنجام توانی ببێتە ئەو پیاوە گەورەیەی کە ئەو متمانەیەی خوای گەورە بە ئەوی بەخشی بە هیچ یەك لە بەندەکانی دیکەی نەبەخشیوەو ئاوا وەکو باپیرەی ویستی بوو بە مرۆڤێکی سوپاسکراوو، هەتا ئێستاش و هەتا دنیاش مابێت ناوی بە زیندوویی و، هەر بە سوپاسکراوی لەسەر زوبانان دەمێنێتەوە.. ئەمەش بۆ ئەوەی منداڵی کورد لەوە حاڵی ببێ، کە کۆشش و تێکۆشان ڕۆڵی زۆر گرنگ لە دەستنیشانکردنی ئایندەی مرۆڤ دەبینن و ئەوانیش دەبێت ببنە شاگردێکی بچوکی ئەو پێغەمبەرە ئازیزەیان (دروودو سڵاوی خوای لەسەر)، بۆ ئەوەی سەرکەوتو و سەرفراز بژین.

هەر لە دامێنی ئەو وتارە کورتەدا پارچە شیعرێکی (پیرەمێرد) ی شاعیری گەورە بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا پەسنی پێغەمبەر (دروودو سڵاوی خوای لەسەر) دەکات و لە پێناو ئەو پایە گەورەیەی لە لایەن خوای گەورەوە بە دەستی هێنا، پیرەمێرد خۆی قوربانی دەکات و دەنووسێت:

**قوربانی نێوت ، نێوت چەند خۆشە**
**ئارەقت گوڵاو بۆنت وەنەوشە...**[11]

شاعیر دەڵێت: ئەی پێغەمبەری ئازیز.. قوربانی ناوو ڕێگەو ئاینەکەت بم.. کە چەندە خۆشن، چونکە نێوەکەی بەو سیفەتانەیەوەی خۆشبووە، کە تایبەتن بەخۆی ئەگینا خۆ زۆر خەڵکی دیکە هەیە بوونەتە هاوناوی ئەو، بەڵام بەداخەوە کورد گوتەنی ئەو ناوە پیرۆزەیان خەسار کردووەو هەقیان بەجێنەهێناوە، بۆیە هەمیشە ژێر لۆمەی خەڵکن، بەڵام پێغەمبەری سەرورەمان (دروودو سڵاوی خوای لەسەر) بە ڕاستی هەقی ناوەکەی خۆی بەجێهێناوەو بووەتە ئەو مرۆڤەی کە لە سوپاسکردندا بۆ خوای گەورە کەسێکی دیکەی پێنەگات، بۆیە خوای گەورەش بۆ گرنگترین پەیامەکانی خۆی ئەوی هەڵبژارد.. ئینجا شاعیر دەست بە پیاهەڵدانی ئەو سەرورە دەکات و دەڵێت: ئارەقەی تۆ خۆشترین گوڵاوو بۆنی تۆ لە بۆنی وەنەوشەش خۆشتر بووە.. ئەو گوڵە نێرگزەی کە ئێمە دەیبینین، لە لامان ئازیزو بۆن خۆشە، ئەوە لە ڕاستیدا جوانییەکەی و بۆنەکەیان لە ئارەقی لەش و باڵای تۆیە پێدەگەینێت، هەر بۆیەش ئەو گوڵە نێرگزە چ بۆنی و چ ڕەنگەکەشی پەسندی ئێمە هەمووانە:

**نێرگس ئارەقی ئەندامی تۆیە**
**بۆیە پەسندە ئەو ڕەنگ و بۆیە...**[12]

دوای ئەوە شاعیر باس لەو شەرەفە دەکات، کە بە هۆی پێغەمبەرایەتی، خوای گەورە بە محەمەدی سەرورەمانی بەخشی و وایکرد فریشتەو مرۆڤ و پەری و ...هتد لە خولقێنراوەکانی خوای گەورە، شایەدی بۆ بدەن، وەك چۆن شایەدی بۆ تەنیایی خوای گەورە دەدەن، ئەوەتا هەمووان دەڵێن: شایەدی دەدەین، کە: ( هەر تەنیا ئەڵلا خودایەو شایەدیش دەدەین کە محەمەد پێغەمبەرو نێردراوی خودایە).. هەر ئەو شایەدییەش دەبێتە کلیل بۆ بوونەوەی دەرگەی

بەهەشت بە ڕووی ئیمانداران، خۆ ئەگەر یەکێك لاملێیی لەوە بکات، ئەوا ڕەنجەڕۆو مالوێران دەبێت:

**نێوت بووەتە بەستەی فریشتە**
**کلیلی دەرگای باغی بەهەشتە**
**لە ژێر بارەگای خوادا نووسراوە**
**فرستادەییت پێ سپێردراوە...[١٣]**

ئینجا پاشی هەموو ئەو دێرانە لە دێرێکی دیکەی زۆر بەهێزیدا شاعیر دەنووسێت: چرای کارو تێکۆشان لە سای یەك خواپەرستی ڕاستەقینەدا بە نێوی تۆوە لە لایەن خواوە ماوەی هەڵبوونی پێدراو لەوە بەدواوە ئیتر هەر هەوڵ و تێکۆشانێك بە پێی بەرنامەو ڕێوشوێنەکانی ئاینی تۆ نەبێت، ئیتر وەرگیراو نییەو سوودێك ناگەیەنێت بە بێجگەی زیان، بۆیە لە دوورو نزیك و لە هەر لاو شوێنێك خەڵکان بە هۆی ئەو چرایەی تۆ تاریکی ڕێگایان بۆ ڕۆشن بوویەوەو بەو هۆیەوە موسڵمانان لە سەرلێتێکچوون و سوورانەوە بە دوای بازنەی داخراودا دەربازیان بوو و بەوە توانییان و بۆ هەمیشەش دەتوانن، ببنە سەرفرازی دنیاو دوامایی:

**بە نێوی تۆوە چرا هەڵکرا**
**لە دورو نێزیک ڕێی پێ دەرکرا[١٤]**

**٣- نیشتمانپەرەری**

بوارێکی دیکەی گرنگ کە ئەو گۆڤارە چەندین لاپەرەی بۆ تەرخان کردووە، نیشتمانپەروەرییە، چونکە نیشتمان دایکی دووەمی مرۆڤەو ئەو زەمین و ژینگەیەیە کە ئەگەر مرۆڤێك نەیبێت یان لە دەستی بدات، ئەوا ئیتر لە هەموو ژیانیدا ماندوو دەبێت و قەت ناحەسێتەوە، چونکە دوور لە نیشتمان لەسەر زەمین و ژینگەی خەڵکێکی دیکە کەس نابێتە خاوەنی هیچ، ئەمە لە لایەك .. لەولاوە کۆماری کوردستانیش لەو ڕۆژانە تازە هاتبووە دروستبوون و، گۆڤارەکە خۆی بەرهەمێکی ئەو هەلومەرجە بوو، بۆیە لە هەرکاتێکی تر پێویست بوو، بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانەی ڕەسەن، دوور لە شۆفینیەت و زێدەڕۆیی و دەمارگیری نابەجێ، منداڵانی کورد پەروەردە بکرێن، وا جۆش بدرێن کە کوردایەتی لە پێناو پاراستنی وڵات و خاك و خەڵکی کورد پەیڕەوی لێدەکرێت، تا کەس نەتوانێ ستەمیان لێبکات و مافەکانیان پێشێڵ بکات، بۆ ئەوەیە منداڵی کورد بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێت، سامانی کورد لە پێناو گەل و وڵاتی کوردو شتی چاك و بەسوود خەرج بکرێ.. لەبەر هەموو ئەوانە دەبوو لایەنی نیشتمانپەروەری وەکو پێویست بۆ منداڵان بخرێتە ڕوو، بۆیە پانتاییەکی گەورەی لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەی بۆ تەرخانکراوەو بە بابەتی جۆراوجۆر گوزارشتی لیکراوە، ئەوەتا هەر لە لاپەڕە یەکی یەکەم ژمارەی لە ژێر ناونیشانی(کوردستان ماڵی کوردە)دا (وهاب بلوریان) نووسیویەتی:

(بە گوێرەی مێژوو، بە گەواهی هەموو مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ٢٧ چەرخ پێش میلادەوە ئەم چیاو شاخ و کێوانە، ئەم دۆڵ و دەشت و شیوانە، ئەم ڕووبارو گۆم و ئاوانەی کە ئەمڕۆ کورد تیایدا دانیشتووە، ئاوی لێ دەخواتەوەو کشتوکاڵی لەبەردا دەکا، لە لایەن باپیرانی کورد داگیرکراوە).[١٥]

لەم پێشەکییەدا، نووسەر دوای ئەوەی ئاماژە بە مێژووی دێرینی دانیشتن و نیشتەجێبوونی کورد لەو وڵاتەدا دەکات، کە بە کوردستانی گەورە دەناسرێت، ئینجا لە پەرەگرافی دووەمدا دێتە سەر ئازایی کوردو دەیەوێت ئەوە لە منداڵی کورد بگەیەنێت، کە کورد هەمیشە لە جەنگی بەرگری دابووە لە نیشتمانەکەی..

دوژمن ویستوویەتی وڵاتی ئەو داگیر بکات، بەڵام کورد قەت نەیویستووە وڵاتی خەڵکانی دیکە داگیر بکات، هەر چەندە زۆر ئازاش بووە، قەت دوژمنێك نەیتوانیووە بیشکێنێت، ئەوەتا دەنووسێت:

(بەڵێ: ئیمڕۆ ٢٧ چەرخی تەواوە کە کورد لە کوردستانا دادەنیشێت، هەموو کەلێن و قوژبنێك، هەموو دۆڵ و دەرەیەك و، هەموو مێرگ و چیمەنێکی ئەو وڵاتەی لە بەرانبەر پەلاماری دراوسێیەکان بە خوێنی خۆی پاراوو سوور کردووە، لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە باسی ئەم شەڕانە، کە نەتەوەی کورد بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی تووشی هاتووەو ئەم ئاسمان و مانگ و ڕۆژو ئەستێرانە لە خاکی کوردستاندا شاهیدی گەلێ خوێن ڕێژی شەڕان بوون و بە هەزاران لاوی کوردیان دیوە، کە لە خوێندا دەتلێنەوە، بۆچی؟ بۆ پاراستنی وڵاتەکەیان لە پەلاماری پەلاماردەران.. خولاصە کورد ئەم کوردستانەی ئێستای بە خوێن لە ئادەمیزاد کڕیوەو، هەرگیز بە خۆڕایی لە دەست خۆی نادا)[١٦]

وهاب بلوریان دوای ئەمەی کە باس لەو هەموو ئازایەتیەی کورد دەکات، لە پەڕەگرافی سێیەمدا بە کورتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کورد هێندە لاوازو بێدەسەڵات نەبوو، کە وڵاتەکەی بەم شێوەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەم پارچە پارچە بکرێت، بۆیە پاساو بۆ ئەو لەتوپەتکردنەوەی کوردستان دێنێتەوەو وای دەردەخات، کە ئەوە بە هۆی ستەمێکی یەکجار گەورە بوو، کە لە میللەتەکەی کرا، وەکو دەنووسێت: (بەشکردنی کوردستان، بڵاوکردنەوەی و لەناوبردنی کورد جینایەتێکی زلە، کە لە مێژوودا نەدیتراوە)[١٧] .. کەچی سەرەڕای ئەوەش لە دوا پەڕەگرافدا دێتەوە سەر ئەوەی کە: ستەمی دوژمن هەرچەندە بەهێزیش بێت، ئینجا کورد هەر دەست بەرداری وڵاتەکەی نابێت، بەڵکو ئێستاش و هەتا بشمێنێ، هەر لە کوردستان دەژی و دەمرێ، قەت بڕوای بە پارچە پارچەیی وڵاتەکەی نییەو قەت وڵاتەکەی بۆ دوژمن جێناهێڵێت.. دەنووسێت: (کورد بە هەموو هێزی خۆی دەچریکێنێ، دەڵێ: کوردستانماڵی خۆمە بە کەسی نادەم، وەڵاتی خۆم بۆ کەس بەجێناهێڵم، لە کوردستان بووم، لە کوردستان ژیاوم و دەژیم، دەبێ هەر لە کوردستانیش بمرم).[١٨]

لە کورتە سەربردەی (نیشتمانپەروەری یۆنانییەکان)یش هەوڵی ئەوە دراوە، کە بە هیچ پاساوێك کەس نابێت لە نیشتمان خۆشەویستتر بێت، چونکە بوونی مرۆڤ بە هۆی خاك و نیشتمانەکەیەتی و ئەوەتا ئەو دایکە یۆنانییە کاتێك کوڕەکەی بۆ جەنگی ڕزگاری لە دژی ڕۆمییەکان بانگ دەکرێت، کوڕە ترسی ئەوەی لێدەنیشێت، کە مەبادا لە جەنگەکە بکوژرێت، بۆیە پاساوی ئەوە بۆ دایکی دێنێتەوە، کە ڕمەکەی ئەو کورتەو وەکو ڕمی دوژمنانی درێژ نییە، مەبادا ئەوە بۆی ببێت بە گرفت و لە جەنگەکە بەرانبەر بە سەربازێکی ڕۆمی بە ئاسانی بشکێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەڵێت، بەڵکو دایکی بەزەیی پێدا بێتەوەو، پێی بڵێت: دەباشە ڕۆڵە تۆ بۆ ئەو جەنگە مەچۆ.. بەڵام دایکەکە نیشتمانەکەی لە کوڕەکەی لا خۆشەویستتر دەبێت و ڕێگەیەکی دیکەی بۆ دەدۆزێتەوە، کە بەم شێوەیە ڕمەکەی ئەویش درێژ دەبێت و ئەمجارە ئەو دەتوانێت زیان لە دوژمن بدات، نەك بە پێچەوانەوە.. ئەوەتا نووسراوە:

(یۆنانییەکان کە لە ئازایی و شەڕکەریدا ناوبانگیان هەیە، دەگێڕنەوە وەختێکی بۆ شەڕێك فەرمانی لەشکر درابوو، لاوێك بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە چووە

لای دایکـی و گـوتی: دایـە ڕومیـی دوژمـن لـە ڕومییەکەی من درێژترەو ڕومیی من کورتەو ناگاتـە دوژمن.. دایکی بێ ئەوەی دەربەستی گیانی کوڕەکەی بێت و بەزەیی پێدا بێ، دەست بەجێ گوتی: ڕۆڵە تـۆ دوو سێ هەنگاو بچووە پـێش، ئینجـا ڕومییەکـەت دەگاتە دوژمن).[١٩]

ئەم سەربردەیە بۆ ئەوە هێنراوەتەوە، کـە منـداڵان لەوە حاڵی بن، کە لە پێناو پارازتنی وڵات کە مـاڵی گەورەی هەمووانە لە هێرشی داگیرکەری کافر، ئـەوە بـەرگریکردن پێویسـتەو چـۆن ئـەم دایکـە یۆنانییـە نیشتمانەکەی لەلا لە کوڕەکـەی خۆشەویسـتترە، بـە هەمان شێوە دەبێ ئێمەی کوردیش چاو لەوان بکـەین و لە پێناو ئەو مەبەستە درێغی نەکەین.

ئینجا گۆڤارەکە دێتە سەر ئەوەی کە خۆشەویستی نیشتمان لـە ئیمانەوەیـەو (سـدیق بـەکری) لـە ژێـر ناونیشـانی (حوببـول وەتـەنی مینـەل ئیمـانی)دا دەنووسێت:

(ئاشکراو ڕووناکە هەر کەسێك نیشتمانپەروەری و سەربەرزی میللەتەکەی خۆی و ڕزگارکردنی ویی لەژێر چنگی ئیستیعمار لە دڵدا نەبێ، هیچ شکی تێدا نییە بەبی ئیمان دەمرێ. جا پێویستە ئێمە گیـانی پـاکی خۆمان بە ئیمانێکی قەوی، دلێکـی پـاك، ڕوحێکـی خاوێن و بەرز بڕازێنینەوە).[٢٠]

لەم پارچەیەدا دوای ئەوەی ئاماژە بـەوە دەکـات، کە: نیشتمانپەروەری واتە پارازتنی میللەت لە دوژمن وپەروەردەکردنی خۆمان بەوەی کەوا ڕۆحێکی بـەرز و پاکمان هەبێ و ئیمانمان بـەهێزبێ و نەیـەڵین بـە بـێ ئیمـان بمـرین، ئینجـا ئـەوەش ڕوون دەکاتـەوە کـە نیشتمانپەروەری واتـە: خزمـەت کـردن بـە خـەڵك و خاکی خۆمان و بەرەوپێشبردنیان بۆ ئەوەی لە کاروانی ژیانی گەلانی سـەردەم دوا نـەمێنین، بـۆ یـەك بـراو هاوکارو پشتیوان بین، یەکیەتیمان بەهێز بێت، تـۆی شەڕو دژایەتیمان بۆ یەکتر لە گۆڕ نێین.. دەنووسێت:

(ئێمە دەبـێ بـە تـازەترین وەسـیلەی تـەڕەققی و سەرکەوتنی ئەو دنیایە خۆمـان ئامـادە بکـەین، بـۆ بەرامبـەری موبـارەزە دەگـەڵ ئـەو شـتانەی کـە بەرهەڵستی سەربەرزی و پێشکەوتنی ئیمەیە.. وە بۆ پێشڕەفتی فەرهەنگ و سەنعەت و فەلاحەتی خۆمـان کۆشش بکەین، وە دانیشتنمان بگۆڕین و، بە گوێرەی نەتەوەکانی گێتی بژین و، بە ئیمانێکی بەهێز دەستی یەکیـەتی بدەینـە دەسـت یـەك و بـەرگی مـورادی پێشکەوتن بگرینە باوەش و هیچ بەرهەڵستێك لەبـەر چاو نەبینین...).[٢١]

### ٤- ناساندنی کوردستان

ناساندنی وڵاتی کـورد بـە منـداڵان، وەك نـەوەی دوارۆژ، یەك لە مەبەسـتە گرنگـەکانی ئـەو گۆڤـارە بووەو لەم ڕووەوە درێغی نەکردووە، ئەوەتا: ( دەرسێك لە جوگرافیای کوردستان، لە ژ (٢)، لـ(٤) و، دەرسی دووەمی جوگرافیای کوردستان لە ژ (٣)، لــ(٦) بـە پێنووسـی (وردی) دوو بابـەتی گەواهیـدەری ئـەم ڕاستییەن.. لە یەکەمیاندا: لە ڕێگەی سـیناریۆیەکی خۆش و سەرنجڕاکێشـی نێـوان مامۆسـتاو قوتابیـان، نووسەر سـنوورەکانی کوردسـتان بـۆ منـداڵی کـورد دەستنیشان دەکات و دەنووسێت: (مـامۆستا لە یـەك لە شاگردەکان دەپرسێ: ڕۆڵە لە سەرووی (شـیمال)ی کوردستان چی هەیە؟

**شـاگرد (نـەریمان):** ئەرمەنسـتان و دەریـای ڕەش و تورکیا.

**مامۆستا:** ئەدی لە خواروو (جنوب)ی چی هەیە؟

**شاگرد (وریا):** پاشاوی فارس و عەرەبستان.

**مامۆستا:** ئەدی لە ڕۆژهەڵاتی چی هەیە؟

**شاگرد (شێرکۆ):** وڵاتی ئێران.

**مامۆستا:** ڕۆژئاوای؟

**شاگرد (چالاك):** حکومەتی عیراق و سوریە..

**مامۆستا:** کێ دەتوانێ بۆم بڵێ کە خەتی سنووری کوردستانی گەورە بە کوێدا دەڕوا؟

**شاگرد (شاسوار):** لە نزیك پاشاوی فارسەوە هێلێکی گشتی ڕاست و ڕاست تا دەگاتە نزیك تەوریز، لەوێوە دەبێتە خەتێکی شکاوەو تێکەڵاوی ئەڕازی ئەرمەنستان دەبێ، لە دواییدا بە دایرەوی دەڕوا لە (ئەنقەرە)وە تێپەڕ دەبێ و لە پاشان شۆڕ دەبێتەوە بە تیژی دەگاتە سەر دەریای سپی (مودیترانە)و ئەسکەندەرۆنە، لە پاشان باریك دەبێتەوەو، بە شامدا دەڕواو چیای حەمرین دەبڕێ، لە پاشان تەسك دەبێتەوە تا دەگاتەوە سەر پاشاوی فارس).(٢٢)

لە دەرسی دووەمیشدا نووسەر چۆمەکانی کوردستان بە منداڵان دەناسێنێت، کە ئەویش هەر درێژەوەبووی هەمان ئەو سیناریۆیەی یەکەمە لە نێوان مامۆستاو قوتابییەکانی، بەڵام پرسیارەکانی ئێرەی مامۆستا بۆ دەرخستنی لایەنێکی دیکەیە، کە ئەویش وەکو ئاماژەمان پێدا چۆمەکانی کوردستانە.

**٥- گرنگیدان بە زانست و خوێندەواری**

لە شیعری (قەڵەم)ی (هەژار)دا، تیشك دەخرێتە سەر هەمان ئەو ڕاستییەی کە لە پێشوو ئاماژەی بۆ کرا، وەك دەرخرا کورد میللەتێکی ئازان، بەڵام لێرەدا جگە لەمە ئەوەش ڕوون دەکرێتەوە، کە هەر ئازایەتی بەتەنیا بەس نییەو دەبێت خەباتی چەك و خەباتی دیبلۆماسیەت و زانست کە ئەو لە (قەڵەم)یان کورت دەکاتەوە پێکەوە گرێدراو بن، تا میللەت بە ئاواتەکانی بگات، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە لە پێشتر لەبەر نەبوونی ئەوەی دووەم کورد بە هیچ نەبووە، دەنووسێت:

**هەموو تیگەیوەکان زۆر چاك دەزانن**
**کە کورد ئازاتری خەڵکی جیهانن**
**هەموو مێژوو گەوای ئازایی کوردە**
**لە نێو شانامەدا هەر کوردە گوردە(٢٣)**

ئینجا دەڵێت: هەرچەندە لە مەیدانی چەکداری و جەنگ و کاردا میللەتەکەمان ئازابوون، دڵی زەوییان شەق کردووەو بەروبوومی کشتوکاڵییان لێ دەست ختووە، بە نووکی شمشێرەکەیان لووتی گەورەترین لووتبەرزیشیان شکاندووە، کە ئەو بە (ئاسمان) ئاماژە بەوە دەکات، (چونکە ئەستێرەو مانگ و ڕۆژ چ منەتیان بە مرۆڤ نییەو ئیشی خۆیان دەکەن، جا لە نێو کورددا ئەوە باوە، کە ئەوانە باکیان بە خەڵك نییە، پاشاو دەسەڵاتدارە زۆردارەکانیش لەبەر ئەوەی ئەو سیفەتەیان هەیە بەرانبەر بە ژێردەستەکانیان و ئەو میللەتانەی لە خوار خۆیانیان دەبینن بۆیە، بە ئاسمان دەچوینرێن)، بەڵام لەگەڵ ئەو ئازایی و لێبڕانەش چونکە بێ زانست و خوێندەواری بوونە بۆیە وەکو پێویست بڵند نەبوونەو ئاواتەکانیان نەهاتۆتە دی.. دەنووسێت:

**دەمی شمشێری وان هەردی دڕیوە**
**لە ترسی نێزەیان ئاسمان چەمیوە**
**بەڵام چوون شیرو نێزە بێ قەڵەم بوو**
**بەشی ئێمە لە دونیا دەردو غەم بوو(٢٤)**

بۆچی: چونکە نەزان بووین، شەڕی یەکترمان دەکردو دۆست و دوژمنی خۆمان لێك جیانەدەکردەوە، لەبەر ئەوەش هەژارو بێکارو لە پەراوێزدا کەوتبووین:

**لە یەکترمان دەدا شمشێری خۆمان**
**لە خۆمان بوو پووانی تار و پۆمان**
**لە دونیا وا دەمان گەوزاند سەرو لەش**

**لە گەنجی سەربەخۆیی بێ حەزو بەش**

**لەبەر جەهلی وەڵاتی کوردەواری**

**لە شانی نیشتبوو تۆزی هەژاری**[٢٥]

کەچی لەو ڕۆژەوەی دەستمان کرد بە خوێندن و وەدەستخستنی زانست و زانیاری، لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئاواتەکانمان بۆ وەدیهات:

**قەڵەم پەیدابوو چوار ساڵی نەکیشا**

**نیفاق و نەگبەتی لابرد لە پیشا**

**بەبێ شمشێرو نێزەو کوشت و کوشتار**

**وەڵاتی کوردی ئازادکردو ڕزگار**

**لە وێڕا سازبوو سەرکەوتنی کورد**

**بەوی ئیمزا کرا حوررپیەتی کورد**[٢٦]

ئینجا هانی منداڵان دەدات کە بخوێنن و زانست خوازبن و یەکسەریش کچان لەبیر ناکات و دەیەوێت ئەویش وەکو براکانی خوێندەوار بێت، چونکە بە هەوڵ و کۆششی هەردوولا وڵات بەرەوپێش دەچێت.. ئەوەتا لە پارچە شیعری (بۆ کچان)دا دەنووسێت:

**کچە کورد تۆش وەکو کاکت بخوێنە**

**لە خوێندن، چاوەکانم، دامەمێنە**

**برات موحتاجی یاری دانە**

**گەلێک پێویستی فیکری جووانە**

**لە کاکی خۆت کەوێ بخوێنە دادە**

**کە حەیوانە هەچێکی بێ سەوادە**[٢٧]

ئینجا لە شیعری (کوڕی کوردم لەبۆ ژێردەستی نابم)ی (سەعید زەرگەیی)دا لەسەر زمانی منداڵێکی کوردەوە.. نووسیویەتی:

**دەخوێنم من بە ئازادیی و سەربەست**

**کە چاک تێبگەم هەقم من بێنمەوە دەست**

**کوڕی کوردم لەبۆ ژێردەستی نابم**

**لەبەرچی من دەبێ زنجیر لە پا بم**

**دەخوێنم خوێندنم تۆی ئیتیفاقە**

**نەخوێندن باعیسی جەهل و نیفاقە**

تا لە دواییدا دەڵێت:

**بە هۆی خوێندن دەکەم حیفزی سنوورم**

**مەحاڵە من لە خاکی خۆم ببوێرم**[٢٨]

٦- ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی خوێندن بۆ مامۆستایان

بۆ ئەو مەبەستە ژێر ناونیشانی (بۆ موعەللیمەکان .. مەرام لە فێرکردن و تەربییەت دان چییە)دا ئەوە بۆ مامۆستایان ڕوونکراوەتەوە، کە کاری ئەوان کارێکی پیرۆزەو هەر بە تەنیا فێرکردن نییە، بەڵکو نووسراوە:

(بە ڕەئی ئێمە مەرامی ئەصڵی لە فێرکردن و تەربییەتدان ئەوەیە، کە منداڵی ئەورۆمان وا فێر نەکەین کە مێشکیان پڕبێ لە زانستێکی بێسوود، هەروەکو توتی بەبێ ئەوەی مەرامی حەقیقی دەرسێکیان پێ بڵێین.. مەنزوری ئەصڵیمان ئەوەیە کە شاگرد دەرسەکەی لەبەر بکاو هەر وەك گرامافۆنێك وەك ئاوێی بخوێنێتەوە، ئەوە مەنزوری زیاتری موعەللیمەکانی ئەورۆیە، جا لە حەقیقەتدا بیری لێناکەنەوە ئایا شاگرد ئەصڵی حەقیقی و مەرامی دەرسەکەی تێگەیشتووە، یان نا؟

ئێستا نە تەنها هەر لە کن موعەللیم، بەڵکو لەپێش چاوی تەواوی دانیشتووانی وڵاتی ئێمە شاگردی چاك ئەو شاگردەیە کە دەرسی خۆی چاك لەبەر بکاو لە کن گەوران بە ئەدەب دابنیشێ و بێدەنگ بێ، کە لە حەقیقەتدا ئەو عەقڵیەیە گەلێ سەهوە، چونکە بۆ ئەوەی شاگرد لە ژیانی خۆیدا

سەربەرز بێ، تەنیا دەرس لەبەرکردن و بە ئەدەب بوون بەس نییە.

بەڵکو بە غەیری ئەوانە زۆر ئەسبابی دی هەیە، کە دەبێ بە شاگردان فێر بکرێ، کە بە ئەدەب بوون و دەرس لەبەرکردن لە چاو وی هیچ نین و چ تەئسیرێکیان نییە.

ئەگەر تەماشای ئەو کەسانە بکەی کە لە ژیانی خۆیاندا سەربەرز بوون، دەبینی: کە تەنیا بە هێزی ئیرادەو عەزم و پایەداری و جەسارەت لە ژیاندا بە پایەی بڵیندی گەیشتوون و هەر کەسێکی لەو سیفاتانە بێبەش بێ، هەرچەندە بە ئەدەب و دەرس لەبەر کەر بێ، لە مەیدانی کارزانی ژیان سەرناکەوێ.

هەرچەندە زانست لە ژیانی ئینساندا زۆر موهیممە، بەڵام نرخی وە ئەهەمییەتی زەمانێك وەدیار دەکەوێ، کە خاوەنی زانست عەزم و ئیرادەی بەهێز بێ و لەسەر کاراندا ئیقدام و پایەداری هەبێ)[٢٩]، لە دوا دێریشدا نووسیویەتی:

(لە ژمارەی دواییدا لەم بابەتە بە موفەصصەلی دەدوێم)[٣٠]، بەڵام بەداخەوە هەلو مەرجی کۆمار ئیتر بەرەو ئاڵۆزی دەڕواو گۆڤارەکە هیچ ژمارەیەکی دیکەی لێدەرناچێت.

**٧ـ شانازیکردن**

ئەم گۆڤارە دەیەوێت شتەکانی میللەتەکەی لای منداڵان ئازیزو خۆشەویست بکات و بیانکاتە جێی شانازی، بۆ ئەوەی وەکو پێویست خۆیان لەبەرچاو گەورە بێ و شەرم لەخۆیان نەکەن.. بۆیە ئەوەندەی بواری بۆ ڕەخسابێ دێت، بە شانازییەوە باسی گرنگ دەخاتە بەر گوێی منداڵان.. لەوانە:

**ا- شانازیکردن بە ئازایەتی میللەتی کورد:** ئەمەی لە زیاتر لە بابەتێکدا خستوتە ڕوو، بۆ نموونە: لە بابەتی (ئێمە ڕۆڵەی کوردین)دا (محەمەد ـ ئازەر) دەنووسێت:

(..ئازادی ئەوڕۆی کوردستان کە مایەی خۆشبەختی ئێمەو نەتەوەکەمانە، بە خوێنی گەنجان و لاوانی کوردو کۆشش و فیداکاری پیاوانی ڕەشید هاتۆتە بەرهەم و بە ئێمە دەسپێردرێ، کە هەمیشە بەرزو بلندی ڕابگرین).[٣١]

لەو پارچەیەدا بە ناوی مێردمنداڵانی کوردەوە کە ئەو گۆڤارە تایبەتە بە تەمەنی ئەوان، نووسەر گیانی شانازیکردن ئەکا بە بەریان، بۆ ئەوەی خۆیان لەوئاستە ببیننەوە، کە پارێزگاری لە وڵات و ئازادییەکەیان بکەن، ئینجا بە زمانی ئەو مێردمنداڵە بەخۆ شانازیکەرانەوە، نووسەر دەنووسێت:

(ئێمەش بە خۆمان دەڵێین ڕۆڵەی کورد.. ڕۆڵەی کوردیش ژیانی بۆ سەربەرزی نیشتمان و مردنی لە ڕێگەی ئازادی و خۆشبەختی کوردستان بووە.. ئێمەش ڕۆڵەی ئەو پیاوە ڕەشیدانەین، کە لە پێناو ئازادی کورد هەڵواسراون.. وە مردنیان لە ژیانی دیلی و چارەرەشی پێ باشتر بووە، ئێمەش هەرگیز ڕازی نابین، ناوی پاکی کورد بە ئێمەوە پەڵەدار بێت...).[٣٢]

**ب- شانازیکردن بە سەرکۆماری کوردستان پێشەوا (قازی محەمەد):** کە چەندە بەرزو دادگرو ئاقڵ و قسەخۆش و خوێندەوارو بۆ گەلەکەی لابەری دەردو غەم و هێنەری خۆشی بوو.. هەر لە دواین دێرەکانی شیعری (قەڵەم)دا لەم بارەیەوە هاتووە:

**ڕەئیس جەمهوری مەحبوب و عەزیزمان**
**جەنابی پێشەوای بەرزو بەرێزمان**
**بە ڕوحم و عەقل و عەدل و نوکتەزانی**
**نییە بۆ ئەو لەسەر ئەم هەردە سانی**
**لەسایەی خوێندن و نووکی قەڵەم بوو**
**کە بۆمە لابەری دەردو ئەلەم بوو**

**هـەتا مـاوە دەرو دەشـت کێـوو وادی**
**بمـێنی پێشـەوای ئێمـە بـە شـادی** (٣٣)

جـ- شانازیکردن بە قەڵەم کە هێمای وەدەستخستنی زانست و خوێندەوارییە: وەکو لـە بەشـێکی شیعری (قەڵەم)دا دەنووسێت:

**لەبـەر جـەهلی وەڵاتـی کـوردەواری**
**لـە شـانی نیشـتبوو تـۆزی هـەژاری**
**قەڵەم پەیـدابوو چـوار سـاڵی نەکیشـا**
**نیفـاق و نەگبـەتی لابـرد لـە پیشـا**
**بەبی شمشێرو نێزەو کوشت و کوشتار**
**وەڵاتـی کـوردی ئـازادکردو ڕزگـار**
**لـە وێـڕا سـازبوو سـەرکەوتنی کـورد**
**بەوی ئیمزا کـرا حورڕیـەتی کـورد** (٣٤)

د- شانازی کردن بە جوانی کچی کورد: وەکو لـە شـیعری (بـالورەی کچـە کوردێـک)دا (زێـوەر) نووسیویەتی:

**کیژۆڵـەی کوردسـتانم**
**بـەرەزای سـەر بـەردانم**
**کـەنیرەی نێـو شـاخانم**
**لـە خواوەیـە مـن جـوانم**
* * *
**ئـەی ئـەو کەسـەی بـێ وێنـە**
**تـۆ وەرە مـن ببینـە**
**کـاری خـوا چـەند شـیرینە**
**لـە خواوەیـە مـن جـوانم**
* * *
**مـن بـازی دارسـتانم**
**چـاو شـەهێنی کوێسـتانم**
**ئـاوابێ کوردسـتانم**
**لـە خواوەیـە مـن جـوانم** (٣٥)

## ٨ـ زمان

بۆ ئەو مەبەستە سێ بابەت بڵاوکراوەتەوە.. ئەوانیش: دەستوری زمانی کوردی ـ دەرسی یەکەم ـ ، ژ (١)، لـ(٨)و، دەرسی دووەم ـ لە، ژ (٢)، لـ(٣) کە بە پێنووسی (مودەرییسی) نووسراون، لەگەڵ بابەتێکی دیکەی بە هەمان ناونیشان بەڵام لە لایەن نووسەر (وردی) کە ئەویش لە ژ (٣)، لـ(٣)دا بڵاوکراوەتەوە :.. لەم بابەتانەدا دەستوری ڕێزمانی کوردی بە شێوەیەکی ئاسان و کورت خراوەتە ڕوو، بۆ نمونە لە بابەتی یەکەمدا هاتووە: (هەموو دەزانین کە وشە (کەلیمە) لە پیت (حرف)و، وتەی تەواو لەو وشانە ڕێك دەخرێن.. پێویستە بزانین ئەو پیتانەی لە کوردیدا بەکاردێنرین و وشەیان لێ دروست دەبێ، چەندن و چین.

ئەو پیتانەی کە بە پیتی هیجای عەرەبی نێو دەبرێن ٢٨ پیتن، جگە لە ٦ پیت (ث، ذ، ص، ض، ط، ظ) بە تایبەتی‌عەرەبین، ماوە لە بەینی کوردی و عەرەبی شەریکن و، ئەوانەن: (ا، ب، ت، ج، ح، خ، د، ر، ز، س، ش، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، و، ه، ی).. وە شەش پیتی ترن، کە تایبەتی کوردینەو ئەوانەن: ( پ، چ، ژ، ف ـ سێ نوختەدار ـ، گ، ل ـ ی قەڵەو ـ ).. کەوابوو کوردی پەتی ٢٨ پیتە).(٣٦)

## ٩ـ کۆمەڵایەتی

**(دادگای حەیوانات)ی (قادری مودەڕیسی)** یەك لە گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گۆڤارەیە، کە تیایدا بە شێوەی چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش ڕەخنە لە دادگاکانی ئەو ڕۆژگارەی ڕژێمی زۆرداری شا دەگرێت، کە تەنیا سزای ئەوانەی داوە کە داماوو بێکەس بوونە، دەنا پیاوانی ڕژێم دادگا نەیوێراوە هیچیان لەگەڵ بکات و وەکو نووسیویەتی:

**لافۆنتین** فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنساوی چیرۆکێکی هەیەو لەوێدا دەڵێ:

رۆژێك حـەیوانات هـەموویان خڕ ببوونەوەو قسەیان لەسەر ئەوە بوو، کە چی دی زۆر لە یەکتر نەکەن و، یـەکتر نەخۆن، بۆ ئەو مەبەستە قـەراریان دا دادگایەك تەشکیل بدەن، کە کردەوەی رابردووی هەمووان مـەعلوم بکـات..

دادگا تەشکیل درا، لە شـێر را هـەتا کەرو کەروێشك هەموو حازر بوون.

پرسیار لە شێرڕا کـە پادشـای حەیواناتـە دەسـت پێکرا:

**شێر:** رۆژێك پـاش تێرخـواردن دەگـەڕام، ئاسـکێك و بێچووە ئاسکێکم چاو پێکـەوت، مـنیش ئەگەرچـی تێربووم، پەلامارم بۆ بردن، لە پێشدا بێچـووەکەم لـە پێش چـاوی ئاسـکەکە خـواردو دوایـە ئاسکەکەشـم خوارد.

**دادگا:** قوربان.. کارێکی زۆر چاکتان کردووە!

پلینگ و گورگیش هەریەکە کردەوە خراپەکانی خۆیان گێڕایەوەو دادگا تەصدیقی کرد!

پاشان نۆبەی کەری بەستەزمان هات:

**کەر:** بەهار بوو.. لەوەڕ خۆشـبوو، مـنیش کـە زۆرم برسی بوو، دەسـتم کـرد بـە خـواردن.. لـەوە زیـاتر گوناهێکی ترم نییە.

**دادگا:** ئەی کافری گوناهکـار!! چـۆن دەبـێ تـۆ بـەو پیسی و بێکاری خۆتەوە گیای شین و جوانی بـەهاری بخۆی؟! بیگرن بیکوژن!!

شـێرو پلێـنگ و گـورگ لێکـرا دەوری کـەری بەستەزمانیان دا، پارچە پارچـەیان کـردو لـە خۆیـان بەشکرد!

ئەمە بۆ ئەوەی کە دادگا رووسوور بـێ و چـیدی زۆر نەکرێ و کەس کەس نەخوا!!).[٣٧]



ئینجـا لـە بـارەی ڕاسـتییەتی زۆردارو سـتەمکاران وتەیـەکی کـورتی سـوقرات دێنێتـەوەو دەنووسـێت: (خراپترین کەس ئەوەیە کە خەڵك لە ترسی ئـازاردانی قەدری دەگرن).[٣٨]

لە سەربردەی **(دزی ئەمین)**یشدا **(حوسێن فەقێزادە)** باس لە گرنگی ئەمانەت دەکات، کە پارازتنی چـەند گرنگەو چۆن ئەوەی ئەمانەت نـەپارێزێ بـە پیـاویش نازانرێ.. نووسەر دەنووسـێت: (پیاوێـك بـەیانی بـە نیازی حەمامێ لە ماڵ وەدەرکەوت.. لە رێگا تووشی دۆستێك بوو، پێی گوت با پێکەوە بچـینە حـەمام.. دۆستەکەی گوتی: تا نزیکی حەمام لەگەڵت دێم، بەڵام چوون کارم هەیە نایەمە حەمام.

پیاوەکە ڕۆیشت تا گەیشتە دووریيانێـك، دۆسـتی کابرا بێدەنگ و بێ خەبـەر جـوێ بـووەوە ڕۆیشـت.. هەڵکەوت دزێکیش بە دوای کابراکەوە بوو، وەختێکی نزیکی حەمام بوونەوە، چوون هەوا تاریك بوو، وایزانی دۆستەکەی خۆیەتی، بانگی کردو گوتی: برادەر تا لە حەمام وەدەر دەکەوم، ئەو سەد دینارەم لەلای خـۆت بۆ ڕاگرە.

کابرای دز پولەکەی وەرگرت و لەوێ ڕاوەستا.

هەوا رووناك بوو.. کابرا لە حەمام وەدەر کەوت و ڕۆشت.. دزەکە بـانگی کـردو گـوتی وەرە پولەکـەت

وەرگرەوە.. من ئەورۆ لەبەر ڕاگرتنی پولی تۆ لە کاری خۆم مامەوە.

کابرای حەمامی گوتی: تۆ کێیت و پوولی چی؟

دزەکە جوابی داوە: من کابرایەکی دزم، وە تۆ ئەو پولەت بە من ئەسپارد.

**کابرا گوتی:** ئەگەر دزی بۆچی پولەکەت نەبرد؟

**دزەکە جوابی داوە:** (ئاخر) تۆ ئەو پولەت بە ئەمانەت بە من ئەسپارد.. ئەمانەتدار نابێ ئەمانەت خۆر بێ، چوون ئەمانەت خۆر ناپیاوە).[٣٩]

### ١٠- وشیاری تەندروستی

بۆ ئەوەی منداڵی کورد ئاگاداری خۆی بێت و دوورە نەخۆشی بێ و خاوەن تەندروستییەکی باش بێت، ئەو گۆڤارە هاتووە لە بارەی دوو نەخۆشی نووسیوە، هۆو چارەسەری ڕێگەکانی خۆپاراستنی لێیان دەستنیشانکردووە.. ئەوەتا لە ژمارە (١)دا باس لە نەخۆشی (کەوتوویی)و لە ژمارە (٢)دا باس لە نەخۆشی (کۆخە ڕەشە)دەکات.. بۆ نموونە لە بارەی نەخۆشی کۆخەڕەشەوە دەنووسێت:

(منداڵێکی بەو نەخۆشییە دووچار دەبێ، ئەبێ لە وەتاخ وەدەر نەکەوێ و منداڵانی تریش نزیکی نەبن، تا لێی نەگرنەوە).[٤٠]

ئینجا ئاماژە بە دەرمانی ئەو نەخۆشییە دەکات و دەنووسێت:

( ئەبێ کولاوی عیناب، گوڵە وەنەوشە بۆ نەخۆش بدرێ و، لە بەینی هەر پێنج دەقیقەدا (١) کەوچك ئاپیکا، هەر تاوە نا تاوێك ئاوی گولاوو ئاولرمی بدەنێ، کە بە ئاسانی بڕشێتەوە).[٤١]

هەروەها ڕێنمایی ئەوە دەدات، کە لە کاتی گرتنی کۆخەکەدا چی بۆ نەخۆش بکرێت و دەنووسێت:

(لە وەختی کۆخە ئەبێ بە دەستێك پشت و بە دەستێك ناوچاوانی نەخۆش ڕابگیرێ و بەلغەمێکی کە بە کۆخەوە دێتە ناو زاری پاك بکرێتەوە).[٤٢]

پاش هەموو ئەوانەش ئاماژە بە کۆمەڵێك خۆراك دەکات، کە بۆ تووشبووانی ئەو نەخۆشییە باشن و دەنووسێت:

(شیر.. ئاوی گۆشت.. کەبابی قیمەکراو.. یارەلماسی.. هێلکە.. قەیماغ.. بۆ ئەو نەخۆشانە باشە.. نەخۆش پاش هەموو جارێك کە دەکۆخێ، کەمێك لەو خۆراکانە بخوا، ئەگەر ڕشانەوەی هەر هەبێ لەیموناوی بدرێتێ).[٤٣]

### ١١- ڕۆشنبیرکردنی گشتی

بۆ ئەم مەبەستە شتی زۆر بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی منداڵی کورد لە شتە گرنگ و پێویستییەکانی سەردەم شارەزابن.. ئەوەتا لەبارەی کاری دڵی مرۆڤەوە، کە ئەمە وەکو نیعمەتێکی خوایی بێ ئەوەی مرۆڤ هەستی پێبکات، بیست و چوار سەعاتی ڕۆژانە بێ پسانەوەو، بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ بە ڕێکی ئیشی خۆی دەکات، زۆر کەس لێی بێ ئاگایە کە کاری دڵ چییەو؟ چی بۆ دەکات؟ ئەم گۆڤارە دێت تیشك دەخاتە سەر ئەو لایەنەو دەنووسێت:

- (دلی پیاو لە هەر ٢٤ سەعاتدا سەد هەزار کەڕەت لێدەدا، لە هەر لێدانێکدا سەد گرام خوێن بە سورعەتی ٥٠ سانتیمی فشار لە دڵ وەدەر دەنێ).[٤٤]

لە بارەی سەرەنجامی خوێندنیش کە ئایا چ ئایندەیەك بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات، لەژێر ناونیشانی (لە خوێندن و زانست چیم بەدەست دەکەوێ)؟..دەنووسێت:

(ئەگەر گەورە بی نێودار ئەبی، ئەگەر هەژاری دەوڵەمەند دەبی، ئەگەر بەنێوبانگی بەنێوبانگتر دەبی).[٤٥]

ئینجا منداڵ لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەگەرچی بڕیارە هەمیشە چاکەکار بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئاگادار بێت، هەموو کەس هی ئەوە نییە چاکەیان لەگەڵ بکرێت و، بۆ ئەو مەبەستە لەژێر

سەردێری: (لەگەڵ چەند کەسێك چاکە مەکە)دا دەنووسێت: (بەدخوو.. بەدکردار.. بێ گوێیی.. دووڕوو.. خاینی نیشتمان و میللەت).(٤٦)

ئینجا لە ڕووی زانستییەوە تیشك دەخاتە سەر کردەی هەناسەدان و دەنووسێت: (لە هەر نەفەسێکدا سێ لیتر هەوا داخلی سیپەلاك دەبێ و لە هەر دەقیقە ٦٠ لیترو هەر ٢٤ سەعات ٨٦ هەزار لیتر داخلی سیپەلاك دەبێ).(٤٧)

هەر لە ڕووی خستنەڕووی ڕاستی زانستییەوە دەنووسێت:

(تەواوی دەرەجەی گەرمای کورەی ڕۆژێ ٢٥٠٠٠ جار بەرامبەری مەفرەقی تواوەیە).(٤٨)

لە بارەی ڕاستیەتی ئەستێرانیش دەنووسێت:

(ئەستێرەی کەرەندە پارچە پارچەی بێ نوورن، ڕووناکی خۆیان لە ڕۆژی وەردەگرن و بە دەوری ویدا دەسوڕێن).(٤٩)

## ١٢ـ زاخاودانی میشك

بۆ ئەوەی بیری منداڵی کورد تیژو کراوە بێت، ئەو گۆڤارە لە ژمارەکانیدا گۆشەیەکی هەبووە بەناوی (مسابەقە)و تیایدا بە خستنەڕووی پرسیاری جۆراو جۆر ویستوویەتی گرنگی بەو لایەنەی منداڵان بدات.. ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەم پرسیارانەی کە لە گۆشەی ناوبراودا کردوونی:

(١ـ ژنێك کوڕێکی بە باوەشەوە بوو، لێیان پرسی: کوڕە چیتە؟ گوتی: (کوڕی کوڕمەو برای مێردمە.

٢ـ دوو کوڕ پێکەوە دەدوان، یەکێکیان بەوی تری وت: (خاڵە ئەمن مامی تۆو بابی من باپیری تۆیە).(٥٠)

وەڵامەکەی لە ژ ٢ لا ١١ و دا هاتوە بەم شێوەیە:

(١ـ دوو کەس دایکیان پێکەوە دەگۆڕنەوە، ژنێك لەو دووانە منداڵی ژنەکەی تری بە باوەشەوە دەبێ، کە دەبێتە کوڕی کوڕی و، برای مێردی.

٢ـ بابو کوڕێك دایك و کچێك مارە دەکەن، بابەکە کچەکەو، کوڕەکە دایکەکە، جا ئەو جار کوڕی بابەکە بە کوڕی کوڕەکە دەڵێ: خاڵە ئەمن مامی تۆ، بابی من باپیری تۆ).(٥١)

## لایەنی هێزی

١ـ یەکەم خاڵی هێزی ئەگەر هیچێکی دیکەی نەبێت، ئینجا ئەوەیە، کە ئەم گۆڤارە گۆڤاری پێشەنگە لە دنیای ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کوردو شەرەفی سەرقافڵەیی کاروانی ڕۆژنامەگەری منداڵی کوردی بۆ خۆی بردووە.

٤- زۆرینەی هەرە زۆری بابەتەکانی نووسراون و بابەتی وەرگێڕدراو لە یەك بابەت زیاتر نییە، ئەوەش واتە: ئەو گۆڤارە بە ڕاستی توانیویەتی مەبەستی خۆی بە منداڵە خوێندەوارەکانی بگەیێنێت و بەو شێوەیەیان پەروەردە بکات، کە بۆیانی دەوێت.

أـ بابەتەکان بەهەر فۆڕمێك نووسرابن، چەشە بە خوێنەر دەبەخشن، ئاسان دەخوێنرێنەوەو واتای ڕوون بە خوێنەر دەدەن.

ب ـ گۆڤارەکە لە یەکەم ڕۆژی سەرەتای مانگە کوردییەکان بە ڕێك و پێکی دەرچووەو، پارێزگاری لە کاتی دەرچوونەکەی کردووە، کە ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگی هێزو سەرکەوتنی هەر گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکە، بەداخەوە لە لای خۆمان ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە سای ئەم هەموو کۆمپیوتەرو چاپخانەو نووسەری زۆر، ئینجا ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی پارێزگاری لە کاتی دەرچوونی خۆیان دەکەن زۆر کەمن، کە خوێنەرانیان لە چاوەڕووانیدا نەهێڵنەوە.

٥ـ هەڵەی چاپی یەکجار کەم تیایە، ئەمەش خاڵێکی هێزەو وا دەکات گۆڤارەکە هەموو مەبەستەکانی بە ڕوونی و بە ئاسانی بە خوێنەرانی بگەیێنێت.

## لایەنی لاوازی

لەبەر ئەوەی زۆر گرنگی بە نیشتمانپەروەری داوەو ویستویەتی هەموو چەمکەکان بە زوویی بە منداڵان بگەیێنێت، بۆیە زۆر بابەتی بڵاوکردۆتەوە لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵ بەرزترەو بۆ منداڵ قورسە، بۆ نموونە: لەوانە شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی (ئەی بێ نەزیرو هامتا)و...هتد

## تایبەتمەندی ئەو گۆڤارە

ئەو گۆڤارە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، دەکرێ لەمانەی خوارەوەیان کورت بکەینەوە:

١ـ گۆڤاری پێشەنگە لە بواری رۆژنامەگەری تایبەت بە منداڵان بە زمانی شیرینی کوردی.

٢- کە لە بابەتەکانی ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بە هەموویانەوە وا دەکەن بڵێین: ئەم گۆڤارە تایبەتە بە منداڵانی هەراش، واتە ئەوانەی کە لە تەمەنی هەرزەکاری نێوان (١٢ بۆ ١٥)ساڵدان.

٣ـ بابەتەکانی خزمەتێکی گەورە بۆ رۆشنبیرکردنی منداڵانی کورد پێشکەش دەکەن، هەست دەکەیت بە بەرچاوگرتنی ئامانجێکەوە دارێژراون، نەك هەر مەبەست لێیان پڕکردنەوەی بۆشایی بێت، وەکو لە رۆژگاری ئەمڕۆمان، لە هەندێ گۆڤارو رۆژنامە هەستی پێدەکەین.

### ـ پەراوێزەکان:

١ـ گۆڤاری گرۆگاڵی منداڵانی کورد، رووبەری بەرگی پێشەوەی هەر سێ ژمارەکانی.
٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ١٣.
٣ـ بۆ ئەم خشتەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (٢)، لا ١.
٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (٣)، لا ٥.
٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (٣)، لا ٥.
٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (٣)، لا ٥.
٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (٣)، لا ٥.
٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (٣)، لا ٥.
١٠ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ١٠.
١١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ٣.
١٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ٣.
١٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ٣.
١٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ٣.
١٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ١، وهاب بلوریان، کوردستان ماڵی کوردە.
١٦ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٩ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ: (١)، لا ٣، نیشتمانپەروەری یۆنانیەکان.
٢٠ـ صدیق بەکری، حوبول وەتەنی مینەل ئیمانی، ژ: (١)، لا ٣.
٢١ـ هەمان سەرچاوە.
٢٢ـ جوگرافیای کوردستان، دەرسی یەکەم، وردی، ژ : (٢)، لا ٤.
٢٣ـ شیعری قەڵەم، هەژار، ژ: (١)، لا ٥.
٢٤ـ هەمان سەرچاوە.
٢٥ـ هەمان سەرچاوە.
٢٦ـ هەمان سەرچاوە.
٢٧ـ شیعری بۆ کچان، ژك (١)، لا ٧.
٢٨ـ کوڕی کوردم لە بۆ ژێردەستی نابم، سەعید زەرگەیی، ژ: (٢)، لا ٥.
٢٩ـ بۆ موعەللیمەکان ..مەرام لە فێرکردن و تەربییەت دان چییە، دڵشاد ڕەسولی ژ ٣ لا ١٣
٣٠ـ هەمان سەرچاوە.
٣١ـ (ئێمە رۆڵەی کوردین)دا (محەمەد ـ ئازەر)
٣٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣٣ـ شیعری قەڵەم، هەژار، ژ: (١)، لا ٥.
٣٤ـ شیعری قەڵەم، هەژار، ژ: (١)، لا ٥.
٣٥ـ بالورەی کچە کوردێك، زیوەر، ژ: (١)، لا ٩.
٣٦ـ دەستوری زمانی کوردی، دەرسی یەکەم، م.قادری، ژ: (١)، لا ٧.
٣٧ـ دادگای حەیوانات، قادری مودەڕیسی، ژ: (٢)، لا ٣.
٣٨ـ سوقرات، ژ: (٣)، لا ٢.
٣٩ـ حوسێن فەقێ زادە، دزی ئەمین، ژ: (٣)، لا ٩و١٠.
٤٠ـ کۆخە ڕەشە، ژ: (٢)، لا ٧.
٤١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٤ـ ژ: (٣)، لا ١٠.
٤٥ـ ژ: (٣)، لا ١١.
٤٦ـ ژ: (٣)، لا ١١.
٤٧ـ ژ: (٣)، لا ١١.
٤٨ـ ژ: (٣)، لا ١١.
٤٩ـ ژ: (٣)، لا ١١.
٥٠ـ ژ: (١)، لا ١٢.
٥١- ژ: (٢)، لا ١١.

# گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"[٧]

# (١٩٦٠-١٩٦١)

سدیق ساڵح
سلێمانی

**١- سەرەتای ڕژێمی کۆماری :**

کودەتـای عەسـکەری بەشـێکی دیـاری سـەرانی سوپای عیراق، کە پێشتر ڕێکخراوێکی نهێنییـان بـە ناوی (**الضباط الاحرار**)ەوە پێکهێنـابوو، لـە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا، کۆتاییی بە حـوکمی پاشـایەتی عیراق هێناو، ڕژێمێکی تازەی کۆماری هاتە سـەرکار . ئەوە بارودۆخێکی لەبار بەگشتی بۆ کـورد هێنایـە ئاراوە " لەلایەکەوە کورد لە سێهەم بەندی دەستووری کاتێدا، وەك دووەم میللەتی هاوبەش لە وڵاتدا، دانی پێـدانراو، لەلایـەکی دیکـەوە ئـازادیی سیاسـیو ڕۆژنامــەوانی بــۆ کــوردیش، وەك گــەلانی دیکــە، ڕەخسێنرا . "**پارتی** "ی تاکە حزبی کـوردی، دوای ١٣ساڵ خەباتی ژێرزەمینی، مۆڵەتی ڕەسمیی درایێو، بەئاشــکرا کەوتــە چــالاکی نوانــدن . هاوکــات ڕۆژنامــەوانیی کــوردی بــەرەو گەشـەیەکی فراوانـی بەخۆوە دی" لەپاڵ هەرچوار گۆڤاری ( "**هـەتاو** "، "**هیوا** "، "**پێشکەوتن** "، "**شەفەق** ") و ڕۆژنامەی "**ژین** "ی پێشوودا، ١٠ ڕۆژنامە ( **خـەبات، ئـازادی، ڕای گەل، بروا، پێشکەوتن، کوردسـتان، مەشـخەڵی نەورۆز، هیوای کوردستان** ، **ڕاستی** ، **دەنگی کورد** )و ١٩ گۆڤار ( **ڕزگاری، بلێسـە، ڕوناهی، ڕۆژی نـوێ، دەنگی قوتابیان، عیراقی نوێ، پێشـڕەو، نامیلکـەی سلێمانی، ملحقی ئەدەبیی عیراقی، نیشتمان، هونەر، سەیوان، هیوای کوردستان، ژیـان، نـەورۆز، ئـافرت، چارەسەری کشتوکاڵی، سەرچـنار، گـزنگ** )ی نـوێی کوردی دەرکـرا. دووان لەوانـە، هیـوای کوردسـتانو مەشــخەڵی نــەورۆز، وەك گۆڤــارو ڕۆژنامــەیش بڵاوبوونەوە . بەو پێیە، دوای گۆڤاری " **نزار** "ی تاقە بەرهەمی ڕۆژنامـەوانیی سیاسـیی کـوردیی تەمـەن یەکساڵە، بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی، ژمارەیـەك گۆڤارو ڕۆژنامەی سیاسیی کوردی هاتە دەرچوون .

ئەو قۆناغە نوێو ئازادە، بەهارێکی کورت خایـەن بوو، چونکە ئەوەندەی نـەبرد سیاسـەتی حکوومـەت بەرامبەر بە کورد گۆڕاو، دەرەتانی ئازادی بەرتەسك کرایەوە . ئەو حاڵوبـارە، کـارێکی کـرد ڕژێمەکـەی عەبدولکەریم قاسـم، لـە ٨ی شـوباتی ١٩٦٣دا، بـە کودەتایـەکی قەومیـەکانی عـەرەب و بەعسـیەکان ڕووخاو، ئەو ئازادییەش پێچرایەوە .

**٢- " ڕۆژی نوێ " :**

**٢-١- ناساندنی گشتی :**

**٢-١-١- ناوو ناونیشان :**

ناوی ئەم گۆڤارە، "**ڕۆژی نوێ** "، جـەمال شـاڵی هەڵی بژاردووە" واتـە دەورو زەمـانێکی نـوێی دوای نەمانی ڕژێمی پاشایەتی، کە بـۆ کـوردیش ڕۆژێکـی نوێ بووە . ناونیشـانەکەی، ((**گۆڤـارێکی ئـەدەبی، سیاسـی، کۆمەڵایـەتی**))یـە، بـە نـاوەڕۆك هـەمان

مەبەستی هێناوەتە دی . پێوانەی بەگشتی (٥ ،٢٤×١٧) سم ە . ناوو وێنەی سەر بەرگەکەی، تا ( ژ٢، ساڵ ٢ )، هونەرمەند عەلی ئەحمەد تەها سازی کردوون [1]. وێنەکە هەنگاوی بەرەو ئاسۆی سەرکەوتنی کورد لەو ڕۆژە نوێیەدا پێشان ئەدا . بەرگێکی تازە، لە دوادواییەکانی یەکەم ساڵەوە، بەدەست و قەڵەمی هونەرمەند قادر محەمەد مستەفا کوردی، بۆ گۆڤارەکە کراوە . بەڵام لەبەرئەوەی نێردراوە بۆ چاپخانەی (**الرابطة**) لە بەغدا تا بکرێتە کلێشەو، ئەو چاپخانەیەیش داخراوە، دوا کەوتووەو، لە (ژ٣، ساڵ ٢) بەدواوە ئەمجا بەکارهێنراوە[2] " ئەمیان، ڕەنگ پێدانەوەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردە لەسایەی خۆری ئازادیدا . بەرگی ژمارەکانی (١و٢ ، ساڵ ٢) ، بە دوو وێنەی مێژوویی سمکۆ و قەدەم خێر کراوەتەوە .

**٢ . ١ . ٢ . ئیمتیازو دەستەی نووسین :**

گۆڤارەکە، ٢٢ی شوباتی ١٩٦٠ مۆڵەتی دەرچوونی بە ئیمتیازو لێپرسراوی‌و سەرنووسەری جەمال فەقێ محەمەد شالی پارێزەر لە وەزارەتی ئیرشاد، دوای هەوڵی خاوەنی و فەتاح شالی ئامۆزای کە لە ئەفسەرانی کودەتاکە و ئەندامی ( **مەحکەمەی شەعب** ) بوو، بۆ وەرگیراوە[3] .

دەستەی نووسین بریتی بووە لە : محەمەد ئەحمەد تەها "**کامەران موکری**" وەك سکرتێری نووسین و، موحەڕڕەم محەمەد ئەمین و ئیحسان عەبدولکەریم ( د . **ئیحسان فوئاد** )و کەریم زەند و عەبدوڵڵا ئەژدەر وەك ئەندامان . کامەران، لە (ژ٩، ساڵ ١ )ەوە بووە بە سەرنووسەر . ئیحسان فوئاد، لەبەر چوونە یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا بۆ خوێندنی بەرز، هەر تا ( ژ٨، ساڵ ١ ) لەو دەستەیەدا ماوەتەوە[4] .

هیچ یەکێك لەوانە ئەزموونی پێشتری لە بواری ڕۆژنامەوانیدا نەبوە، پێویستی‌و بایەخی گۆڤارێکی‌وا


جەمال شالی

لەورۆژەدا کۆی کردوونەتەوە تا پێکەوە کار بۆ دەرکردنی بکەن .

**٢ . ١ . ٣ . ئامانج :**

ئامانجی گۆڤارەکە، خزمەتکردنی ئەم لایەنانەی ژیانی سیاسی‌و ڕۆشنبیریی کورد بووە :

**١ . زمان : گەشەپێدانی کوردی، لەڕووی چارەسەری گیروگرفتەکانی ئیملاو، یەکخستنی شێوەکانی زمانەکە بۆ دانانی بناغەی زمانێکی ستاندارد و، بژاری لە وشەو زاراوەی بیانی‌و بووژاندنەوەی کوردیی پەتی‌و هەوڵدان بۆ زاراوەسازی‌و، هەنگاونانەوە بۆ پێشخستن و ڕوونکردنەوە و پوختەکردنی ڕێزمانی کوردی .**

**٢ . تێکۆشین بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەی ئەدەبی کوردی، بە شیعرو چیرۆك و پەخشان و زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی‌و فۆلکلۆرو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەوە .**

**٣ . بایەخدان بە وەرگێران و بڵاوکردنەوەی شیعرو چیرۆك و بابەتی هونەری و زانستی‌و کۆمەڵایەتیی وەرگێڕدراو .**

**٤ . هەوڵدان بۆ ساخکردنەوەی مێژووی کورد بە شێوەیەکی زانستی‌و ورد[5] .**

**٥ . خزمەتکردنی کوردو کوردستان و پاراستنی کۆماری دیموکراتیی عیراق و خەباتکردن بۆ**

سەرختنو پێشختستنی نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا[٦]

**٢ . ١ . ٤ . دەرچوون :**

ئەم گۆڤارە مۆڵەتی هەبوە هەفتانەی سیاسی بێ ، بەڵام دیارە لەبەر کێشەی دارایی و چاپ و، ڕەنگە کەمی نووسەری تواناش، نەیتوانیوە وا دەربچێ، بەڵکە ڕێکوپێك مانگانە لە سلێمانی دەرچووە : ژ ١، ساڵ ١، نیسانی ١٩٦٠ و، دوا ژمارە ( ٦ )، ساڵ ٢، ئەیلوولی ١٩٦١ .

( ژ١٢، ساڵ ١ )، مانگی دەرچوونی پێوە نییە . لە ( ل ٨٠ )یدا نووسراوە : تا ( ل ٤٠ )ی ژمارەکە لە چاپخانەی ( **کامەران** )و، ئەوی تر لە هی ( ژین ) لەچاپدراوە " لەبەرئەوەی کامەران بە فەرمانی حاکمی عەسکەری لە ١٩٦١/٢/١٠دا داخراوەو تا ٢/٢٣ چاوەڕوان کراوە بکرێتەوە، نەکراوەتەوە ، بۆیە ناچار براوە بۆ ژین . ((**کرێکارانی ژین و چاپخانەی کامەران هەولێکی بێپایانیان لەپێناوی ئەوەدا داوە کە ژمارە ١٢ دوا نەکەوێ**)) . واتە لە کاتی خۆیدا، مارتی ١٩٦١، دەرچووە . بەڵام ( ژ١، ساڵ ٢ ) مێژووی مارتی ١٩٦٠ی بەسەرەوەیە، کە بەپێی زانیاری پێشوو، ئەبێ هەڵە بێو، ڕاست نیسانی ١٩٦٠ بێ .

" ڕۆژی نوێ "، بەهەمان ژمارەی لاپەڕە دەرنەچوە" کەمترین لاپەڕەی ١٠٠ ( ژ ٢، ساڵ ١ ) و، زۆرترینیشی ١٢٤ ( ژ ٦، ساڵ ١ ) بووە . سەرجەمی لاپەڕەکانی ( ٢٠٣٢ )ە . دوو ژمارەی ( ٣ ، ٧ ) بەرەودوا تایبەت بوون بۆ دوو بۆنەی مێژوویی : ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ی ڕۆژی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە ، مستەفا خۆشناو و عیززەت عەبدولعەزیز و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی" یادی حوکمداری و جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی گەورە .

**٢ . ١ . ٥ . بلاوبوونەوە :**

گۆڤارەکە لە ڕێگای پۆستەوە گەیەنراوەتە وەکیلەکانی گەلێ شارو شوێن . بنکەی سەرەکیی دابەشکردنی، ( **کتێبخانەی خەبات** ) بووە لە ناو سلێمانی" لەوێشەوە براوە بۆ ناوچەو شارەکانی وەك : هەولێر و کەرکووك و مووسڵ و بەغداو خانەقین و ڕەواندزو زاخۆ و شەقلاوە و کۆیە و حەریرو چەمچەماڵ و دەربەندی ڕایات و باڵەك و دیانەو چوارتاو دەربەندیخان و هەڵەبجەو پێنجوێن و قەلادزێو ڕانیەو سەیدسادق و هیتر . واتە لێرەولەوێ ڕەمێن و خوێندەواری زۆری هەبوە .

**٢ . ١ . ٦ . سەرچاوەی دارایی :**

جەمال شاڵی خاوەنی، تاسەر خەرجی کێشاوە[٧] . باوکیشی، کۆمەکی کردووە . بڕێك داهاتی، بە ئیعلانی حکوومی و بازرگانی و هیتر، بۆ دابین بووە . سەرچاوەیەکی تریش، ئابوونەی کڕیارانی بووە، کە یەکەم ساڵ بەم شێوەیە بووە :

١ ساڵ لە ناو عیراق ٢٥٠ ، ١ دینار

١ ساڵ لە دەرەوەی عیراق ٥٠٠ ، ١ دینار

١ ساڵ بۆ قوتابیان ٠٠٠ ، ١ دینار

دووەم ساڵ، لەبەر خەرجی زۆر و بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیی دەرچوون، وای لێکراوە :

١ ساڵ لەناو عیراق ٥٠٠ ، ١ دینار

١ ساڵ لە دەرەوەی عیراق ٧٠٠ ، ١ دینار

١ ساڵ بۆ قوتابیان ٢٠٠ ، ١ دینار

نرخی دانەیەکی یەکەم ساڵ ١٢٠ فلس و، دووەم ساڵیش ١٤٠ فلس بووە .

**٢ . ١ . ٧ . زمان :**

لەبەرئەوەی لە سلێمانی دەرچووەو، بەشی زۆری نووسەرەکانی خەڵکی ئێرە بوون، شێوەزمانی ناوچەی سلێمانیی تێدا پێڕەوکراوە . ئەو شێوە زمانە تا

ئەوکاتە، بگرە دواتریش، زۆرترین ئەدەبیاتی کوردیی بلاّوکراوەی لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ، پێ نووسرابووەوە. جگە لەوە، شارەکە لە ١٩٢٠ بەدواوە بێپسانەوە بوو بووە تاکە بنکەی گرنگی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کوردستانی عێراقدا . ئەمە وای کرد، تەنانەت مۆری شێوەزمانی ناوچەییی خۆیشی لە ڕۆژنامەوانیو ئەدەبیاتی سەردەمەکە بدات.

هەرچی ڕێنووسەکەیشیەتی، وەك دەرئەکەوێ، سادەو هاوچەشنی هەوڵەکانی پێشوو بووە، چونکە تا ئەوسا نیشانەی (٧)ی سەرو ژێری وشە -بەگشتی- لە چاپخانەدا نەبوە .

**٢ . ١ . ٨ . چاپ :**

تێکڕای ژمارەکانی **"ڕۆژی نوێ"** لە چاپخانەی ( **کامەران** )، کە دوای ئەوی ( **بەلەدییە** ) و ( **ژین** ) سێهەم چاپخانەی شارەکەو دووەم چاپخانەی خۆماڵی ( **ئەهلی** ) بووە، لەچاپدراوە" ژمارە ( ١٢، ساڵ ١ ) نەبێ کە لەبەر داخرانی، (٦٦ل)ی لە چاپخانەی ( **ژین** ) بەچاپ گەیەنراوە . تەکنیکی چاپ لە سلێمانی، لەچاو هی بەغدای پایتەختدا، تا ڕادەیەکی بەرچاو دواکەوتوو بووە، چونکە ئەوی ئێرە بە هەوڵی شەخسی کراوە " نە حکوومەت مەبەستی بووە چاپخانەی پێشکەوتووی تێدا بکاتەوەو، نە هیچ دەزگایەکی تری ڕۆشنبیریی سەربەخۆیش هەبوە کۆمەکی پرۆژەی چاپ بکات .

چاپی **"ڕۆژی نوێ"**، ئەو ڕۆژە، هەروا ئاسان نەبوە . بەلاّم مشوورخۆریی خاوەنی ئیمتیازو کۆششی بەردەوامی سەرنووسەر بۆ چارەسەری کێشەکانی چاپ و دەرهێنانی گۆڤارەکە، دەستەبەری ڕێکوپێك دەرچوونییان کردووە[٨] . ئەو گۆڤارە، بە شایەتیی ئیبراهیم حاجی محەمەدی پیت ڕێکخەری، کە پێشتر لە گەلێ چاپخانەی تری عێراقدا ئیشی کردووە، لەوبەرهەمە ڕۆژنامەوانییە دەگمەنانە بووە کە ماوەی ساڵێك مانگانە بە ڕێکوپێکی دەرچووە[٩] .

لەگەڵ ئەوەیشدا، تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی **"ڕۆژی نوێ"**، لەڕووی چاپ و بەکارهێنانی وێنەو ڕەنگ و بەرگەوە، بە بەراورد لەگەڵ هی پێشترو ئەوانەی ئەو سەردەمەی بەغدادا، پێشکەوتوو و بەرز بووە .

**٢ . ١ . ٩ . نووسەرەکان :**

بەرپرس و دەستەی گۆڤارەکە، لەپاڵ کۆمەڵێك نووسەری تردا، بەشدارییان کردووە بە نووسین :

کەریم زەند : ٣ نووسین و بابەتێکی ١٤ ئەڵقەیی ( ٦٧ل ) .

ئیسماعیل حەقی شاوەیس : ٧ نووسین ( ٦٠ل ) .

مەحەڕڕەم محەمەد ئەمین : ١٤ نووسین ( ٥٨ل) .

جەمال شاڵی : ١٢ نووسین ( ٥١ل ) .

شێخ محەمەدی خاڵ : ١٣ نووسین ( ٤٤ل ) .

محەمەد مستەفا کوردی : ١٢ نووسین ( ٤٠ل ) .

کامەران : ٢١ شیعر ( ٣٤ل ) .

عەبدوڵلاّ ئەژدەر : ٩ نووسین ( ٣٣ل ) .

شاکیر فەتاح : ١٢ نووسین ( ٣٣ل ) .

جەمال نەبەز : ٤ نووسین ( ٣٠ل ) .

عومەر عەبدوڕڕەحیم : ١١ نووسین ( ٣٢ ل ) .

غەفور ڕەشید داراغا : ١١ نووسین ( ٢٨ ل ) .

شێخ مستەفا : ٦ نووسین ( ٢٣ ل ) .

مەدهۆش : ٩ شیعر و نووسین ( ١٨ ل ) .

ئیحسان فوئاد : ٨ شیعر ( ١٧ ل ) .

نەجمەدین مەلا : ١٨ نووسین ( ١١ ل ) .

نووسەرانی تریش ، کامیل حەسەن ٧ و، قادر شاڵی ٦ و، هەریەکە لە قانع و شێرکۆ بێکەس و شێخ حەسەنی شێخ حەمەمارف و مەعرووف خەزنەدار ٤ و، هەریەکە لە شەوکەتی نووری عەبەکەو د . مەحموود عوسمان و ا . ب . هەوریو ئەخۆل و محەمەد نووری تۆفیق و عەبدوڵلا شاڵیو جەمیل ڕۆژبەیانی ٣ و،




هەریەکە لە محەمەد فیدا و مچەو بەشیرو دارا کاکە حەمەو شێخ نووری شێخ ساڵح و عەلی کەمال باپیرو عەبدولحافز ئەنوەر مائیو جەمال شارباژێڕیو برایم ئەحمەد و شێخ سەلام و عەلادین سەجادیو صادق بەهادین ٢ و، تاهر صادق و حەمە جەزاو سیامەند و سەروەندو عەبدولعزیم ماوەتیو مام جەلال و نەریمان و مەعرووف قەرەداغیو نەوشیروان مستەفا ئەمین و گەلاوێژ سەعید ئەحمەد و هێمن و محەمەدساڵح ڕەشید و کەژاڵ محەمەد قەرەداغیو نەوزاد و ا . ت . سوارەو محەمەدسەعید جاف و کەمال ڕەئووف محەمەد و ئەمین محێدین و مەحمود هەمزەو قارتۆ و ع . ت و قادر شەریف کوردەو هەڵکەوت و وریا نووری خەفاف و بەکر جاهید و کاروان و کەمال میرزا غەفوور و جگەرخوێن و فازل محەمەد عیرفان و ئەکرەم فەوزیو محەمەد باقی سەعیدو مەهاباد و عومەر حەسەن دەوڵەت و ئەژی گۆران و خالید دلێرو پەشێو مەجید ئاسنگەر و محەمەد ئەمین کاردۆخیو هۆگر گۆران و فەریدوون عەلی ئەمین و ا . جێژنی یەکی ( ١ ) نووسینیان هەیە. لە ( ٧ ) نووسەری ناو ئاشکرایان، دواتر تەنیا ( ٤٣ ) یان وەك نووسەری بەرهەم کەم یا زۆر مانەوە .

**٢ . ١ . ١٠. داخران :**

گۆڤارەکە، بە ڕەسمی، سەربەخۆ بووە . بەڵام لەبەرئەوەی دەستەی هەڵسووڕێنەکانی ئەندامی پێشتری پارتی بوون، کاك جەمال شاڵی وتەنی، وەك ڕاگەیاندنێکی پارتی وا بووە (١٠) .

ئەمەو، جەمال شاڵی یەکێکی ئەو وەفدەی پارتی بووە کە ٦ / ٩ / ١٩٦١ی ڕۆژی مانگرتنی خەڵکی سلێمانی، چووەتە دیوانی موتەسەریفییەت و، داواکانی میللەتی کوردی داوەتە حکومەت و، قبووڵ نەکراون . شۆڕشی ئەیلوولیش ، ١١ی ئەو مانگە دژی ڕژێمی بەغدا بەرپابووە . ئیتر حاکمی عەسکەری بڕیاری گرتنی جەمال شاڵیی داوەو، گۆڤارەکەیشی داخستووە (١١) . بەوە، ڕۆژی نوێ دوای ١٨ ژمارەی بەردەوام لە ئەیلوولی ١٩٦١دا داخراوە .

**٢ . ٢. ناوەڕۆك :**

**٢ . ٢ . ١. بە ژمارە :**

گۆڤارەکە سەروبەری ئەو ( ٢٠٣٢ ) لاپەڕەیەی خۆی، کەم و زۆر، بەم بابەتانە پڕ کردووەتەوە :

**مێژوویی :** ٣٨٠ ل ، واتە ١٩٪ی لێ پێکهێناوە .

**ئەدەبی :** ٤٩٥ ل ، واتە ٢٥٪ و بەم شێوەیە دابەش بووە ،

**شیعر :** ١٧٠ ل ، واتە ٩٪ .

**چیرۆك :** ١٢٠ ل ، واتە ٦٪ .

**ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی :** ١٤٣ ل ، واتە ٧٪ .

**پەخشان :** ٦٢ ل ، واتە ٣٪ .

**زمانەوانی :**١٤٥ل ، واتە ٧،٥٪ .

**هەواڵ :** ١٤٠ل ، واتە ٧٪ .

**کۆمەڵایەتی :** ٨٠ل ، واتە ٤٪ .

**جوگرافی :** ٦٢ل ، واتە ٣٪ .

**فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردی :** ٥٠ل ، واتە ٢،٥٪ .

**تەندروستی :** ٤٣ل ، واتە ٢٪ .

**زانستی :** ٣٧ل ، واتە ٢٪ .

**سیاسی :** ١٧ل ، واتە ١٪ .

**وەرزشی :** ١٨ل ، واتە ١٪ .

**هونەری :** ١٠ل ، واتە ٠،٥٪ .

**فەلسەفی :** ٥ل ، واتە ٠،٢٪ .

**ئابووری :** ٢ل ، واتە ٠،١٪ .

**ئیعلان : حکوومی** ٣٣ل ، ١،٦٪ .

**بازرگانی** ٤٢ل ، ٢٪ .

**کتێب** ٤٢ل ، ٢٪ .

**تێکڕا** ١٧٠ل ، واته ٥،٦٪ .

**هەمەجۆر :** ٢٨٠ل ، واته ١٤٪ .

ئەوی تریشی ، بۆ هەندێ ئاگاداریو ڕوونکردنەوەی گۆڤارەکە خۆی تەرخان بووە .

**٢ . ٢ . ٢. بە بابەت :**

**٢ . ٢ . ٢ . ١. مێژوویی :**

**" ڕۆژی نویَ "** هەوڵی داوە لە ڕێی بیرهێنانەوەی بەسەرهات و خاڵە گرنگ و دیاردەکانی مێژووی نوێو غەدرلێکراوی کوردەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا، لە قاڵبێکی سیاسییی هەست بزوێنـدا، هۆشیاریی مێژوویی بڵاوبکاتەوەو خوێندەواری کورد لە کۆمەڵێك ڕاستیی ڕابردوو بە ئاگابێنێتەوە . ئەوکارە، لەوڕۆژەدا کە هەڵچوونێکی فراوانی بیری کۆمۆنیستیو نەتەوەپەرستیی عەرەبی لە ئارادابووە، جۆرە کاردانەوەیەکی ناچاریو پێویستی بووە بۆ پاراستنی سیمای نەتەوەییی جیاوازی کورد .

نووسینەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس : حکومەتی کوردستان ( ژ ٥ ، ساڵ ١ ) ، کۆمەڵی کوردستان ( ژ ٦ ، ساڵ ١ ) ، میر عەبدوڕڕەزاق بەدرخان ( ژ ٧ و ساڵ ١ ) ، شۆڕشی قۆچگیری ( ژ ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ساڵ ٢ )، مەلا سەلیم ئەفەندی ( ژ ٨ ، ساڵ ١ ) ، خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژەکانی جەنگی گیتیی یەکەمنیدا لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان ( ژ ٩ ، ساڵ ١ )، کۆمیتەی ئیستیقلال ( ژ ١ ، ساڵ ٢ )، کە بیرەوەریو ئاگادرایی تایبەتی خۆین لەو باسانەدا، لە هەرە دیارترینی نووسینە مێژووییەکانی گۆڤارەکەن . ئەوانی تر، بە گشتی، بۆ مەبەستی سیاسی نووسراون و وردەکاریو بەڵگەنامەسازییان تێدا کزە . لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو وتارانە کاتی خۆی دەوریان لە ناساندن و ڕازاندنەوەی هەندێ دیوی مێژووی نوێماندا هەبوە .

**٢ . ٢ . ٢ . ٢. ئەدەبی :**

ئەم بەشە، زیاتر شیعرو کەمتر بۆ چیرۆك و پەخشان و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تەرخان بووەو، زۆرترین لاپەڕەی گۆڤارەکە ( ٤٩٥ل )ی گرتووەتەوە . شیعری کۆنی وەك کەلەپوورێکی کوردیی شایان تێدا زیندوو کراوەتەوەو، شیعری تازەیش دەرفەتێکی زیاتری دراوەتێ . لەناو ئەوانەداو کامەران موکری وەك شاعیرێکی نوێخواز و درێژەپێدەری ڕێچکەی شیعری تازەی کوردی، دوای پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووریی شێخ ساڵح، زۆرترین شیعری بڵاوبووەتەوە .

لەبەرئەوەی چیرۆك تا ئەوکاتە نەبووبووە هونەرێکی ئەدەبیی پڕ ئەزموون و بە شێواز و ناوەڕۆك دەوڵەمەند لەلای کورد، کەم هێزوپێزی بەو چەند چیرۆکە کەمە بڵاوکراوەیەوە دیارە . هەوڵە بەرچاوخراوەکانی کامیل حەسەن البصیر لە مەیدانی لێکۆلینەوەی ئەدەبیدا، سەرەتایەکی بەماناو بایەخدار بوون .

**٢ . ٢ . ٢ . ٣. زمانەوانی :**

**" ڕۆژی نویَ "**، بە وردی تاووتویێ هەندێ بابەتی ڕێزمانی کوردیو بە تایبەت زاراوەسازیی کردووە . لیستی زاراوەی نوێو دانراوی چەند لیژنەیەکی جیاجیای زانستی، لە چەندین ژمارەدا، بڵاوکردووەتەوە . زۆری ئەو وشەو زاراوانە لەو ڕۆژەوە جێی خۆیان لە قۆناغەکانی خوێندنی کوردیدا گرتووەو، پێڕەوی کراون .

**٢ . ٢ . ٢،٤. جوگرافی :**

تا ئەودەمە هەر هەوڵێکی پێشتری خۆماڵی بۆ ناساندنی جوگرافیای کوردستان بە قەڵەمی مستەفا شێخ نعیمەتوڵڵا لە گۆڤاری **" گەلاوێژ "**دا هەبوو . **" ڕۆژی نویَ "** پەرەی بەو بوارە داو، لەوڕووەوە زیاتر کەوتە ناساندن . بابەتە جوگرافیەکانی کەریم زەند، دیارترین بەرهەمی ئەو لایەنەن و، بە زۆری سەرنج و شارەزاییی شەخسین، لە ئەنجامی گەڕان و بینینی

ئێرەو ئەوێ ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە بە دەستی هێناون .

**٢ . ٢ . ٢ . ٥. سیاسی :**

ئەم گۆڤارە، لەبەرئەوەی سیاسی بووەو لە هەلومەرجێکی رووبەگۆڕاندا دەرچووە، گرنگی بە مەسەلە سیاسیەکانی رۆژ داوە، بە ستوونیەوە بە مێژووی نزیکی کوردەوە . نووسینەکانی ئەم خانەیەی موحەرڕەم محەمەدئەمین پڕ ناوەڕۆکترین بابەتی سیاسی تێدا پێك ئەهێنن. موحەڕڕەم، پێشتر رابردوویەکی پڕ چالاکیی سیاسیو حزبیی هەبووە، لەوپێناوەدا تووشی گرتن و بێبەشی لە خوێندن هاتووە . یەکەمین هەولە ئاشکراکانی ئەوزاتە، لە گۆڤاری " نزار "ەوە دەستی پێکردووە (١٢) . بۆیە پێشینەیەکی رۆشنبیریی سیاسیو شارەزایی بەو نووسینانەیەوە ئەبینرێ .

**٢ . ٢ . ٢ . ٦. هەوال :**

ئەگەرچی هەوالّ شەقلێکی دیاری رۆژنامەیە بە گشتی، کەچی " رۆژی نوێ " گرنگترین هەوالەکانی بە تایبەت پەیوەند بە کوردی لە جیهان و پارچەکانی کوردستاندا بەسەر کردووەتەوەو، جاروبار راپۆرتە هەوالی لە بارەیانەوە ئامادەکردووە . هەوالەکان، لەرووی مێژوویییەوە، شوێنێکی تایبەتیان هەیە .

**٢ . ٢ . ٢ . ٧. وێنە :**

ئەم گۆڤارە وێنەدار بووەو، وێنەکان بۆ کردنە زەنکۆگراف براونەتە بەغدا، چونکە ئەو تەکنیکەی چاپ هێشتا لە کوردستان پەیدانە بووبوو .

سەرجەم ( ١١١ ) وێنەی تێدا بلاوبووەتەوە . مەگەر " دەنگی گێتی تازە "و " پەیام " پێشتر ژمارەیەکی وا زۆری وێنەیان تێدا بلاوبووبێتەوە . وێنەکان، یا بە گشتی مێژووین، هی کەسانی وەك شێخ مەحموود و شێخ سەعیدی پیران و مستەفا بارزانی و سەردار رەشیدی ئەردەلانیو عەبدولکەریم قاسم و مەلای گەورەو ئەختەر و زێوەر، یان دیمەنی شارەکانی کوردستانن . کاك رەفیقی مەحموود ئەفەندیی رەسام بە وێنە هاوکاریی کردووە .

**٢ . ٢ . ٢ . ٨. ئیعلان :**

بلاوکردنەوەی ئاگاداریی جۆراوجۆر، هەر لەمزووەوە، سەرچاوەیەکی دارایی بۆ گۆڤارە یا رۆژنامە فەراهەم کردووە . " رۆژی نوێ "ش، لەوە بەدەر نەبوە . ( ٨٢ ) ئیعلان بازرگانیو ( ٣٨ )ی حکوومیی هەبوە .

**٢ . ٢ . ٢ . ٩. هی تر :**

گۆڤارەکە پێ بەپێ، لای لە بابەتی تەندروستیو زانستیو وەرزشیو هونەریو فۆلکلۆریش کردووەتەوەو، ئەوەندی کرابێ، بایەخی پێداون .

**٢ . ٣. بەراوردی لەگەل " گەلاوێژ "دا :**

" رۆژی نوێ "، بە پێی لێنانی جەمال شالی خۆی، بە کاریگەریو چاولێکەریی گۆڤاری " گەلاوێژ"ی پێش خۆی دەرکراوە، تا هەمان جێ بگرێ، یا هیچ نەبێ بەشێکی لێ پڕ بکاتەوە . وردکردنەوەی هەردوکیان، ئەم خالانەیان لێ بەدەست هات :

١. ئەم، سیاسی بووە، لە بارودۆخێکی ئازادو ئالۆزو پڕ ململانێی نێوان کورد و لە لایەکەوە شیوعیو، لەلایەکیترەوە نەتەوەپەرستانی عەرەبدا دەرچووەو، بابەتە سەرەکیەکانی بۆ رەوایی مەسەلەی کورد تەرخان بووە. لەبەرئەوە مۆرکێکی سیاسیی هەبوە بۆ خزمەتی ئەو مەسەلەیە .لە کاتێکدا " گەلاوێژ " لە دەورانێکی تا رادەیەك دامەزراودا دەرچووەو، سیاسی نەبوە . بۆیە، وەك پێویستییەکی سەردەمەکە ، زیاتر بایەخی بە مەسەلەکانی زمان و مێژووی کورد داوە .

٢. نووسەرانی " رۆژی نوێ "، ژمارەیەکی کەمیان نەبێ، ئەوانی تر لاوی تازەکاری کەم ئەزموون بوون، شارەزاییو تاقیکردنەوەی زۆریان لە نووسیندا نەبوە .

لەکاتێکدا " **گەلاوێژ** " چەند کەڵە نووسەرو شاعیرێکی گەورەی ئەو زەمانە بەردەوام تێیاندا نووسیوەو دەوڵەمەندیان کردووە . " **ڕۆژی نوێ** " خۆیشی ئەم خاڵەی وا درکاندووە:

**((هەندێك نووسەری بەڕێز هەن کە لە گۆڤاری گەلاوێژی بەنرخا ئەیاننووسی، کەچی ئەوە ماوەیەکی ئێجگار دوورودرێژە خامەکەیان داناوە . جا تکا لەو نووسەرانە ئەکەین کە پڕ بکەن بە خامەکەیان و بکەونە نووسین بۆ خزمەتکردنی نەتەوەی کورد . وە هیوادارین ئەو نووسەرە بەڕێزانە لە ساڵی دووەمی " ڕۆژی نوێ "وە وتاری بەنرخ و سوودمەندمان بۆ بنێرن . بێگومان لەلایەن ئێمەو خوێندەوارانەوە سوپاس ئەکرێن ، وە خۆشیان لە کۆتوزنجیری کەمتەرخەمی ڕزگار ئەکەن ))**[١٣] .

٣. وەرگێران کە کەناڵێکی گرنگی دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی هەر میللەتێکە، لە "**ڕۆژی نوێ**"دا، لە چاو "**گەلاوێژ** "، پانتاییەکی کەمتری بۆ تەرخان کراوە، تەنیا ( ٢١ ) بابەتی وەرگێردراوی، بە شیعرو چیرۆك و نووسینی ترەوە، بڵاوکردووتەوە .

٤. " **گەلاوێژ** "، زۆر هۆشیارانەو بەوپەڕی دان بەخۆداگرتنەوە، لە هەر باسێکی تایبەت بە کورد دوواوە . لەکاتێکدا " **ڕۆژی نوێ** "، ڕەنگە بە حوکمی کاریگەریی هەلومەرجەکەو وەك کاردانەوەیەك بووبێ، هەڵچوونو، جاروبار پێ لێ هەڵبڕین و بۆچوونی سەرکێشانەیشی پێوە دیارن .

٥. زمانی کوردی لە "**ڕۆژی نوێ**"دا، وەك ئەنجامێکی مسۆگەری گۆڕان و پێشکەوتنو، دوای بژارو خزمەتی ساڵانێکی پێشووتر، زیاتر گەشەی کردووەو، زاراوەسازیی بۆ کراوە . لەگەڵ ئەوەیشدا، زمان لە "**گەلاوێژ**" دا زیاتر تۆکمەو ڕەوانو بێگرێوگۆڵ بووەو، بەفراوانی بۆ چەند مەیدانێکی تازەی زانستو ڕۆشنبیری بەکارهێنراوە .

٦. "**گەلاوێژ**"، تەمەنی ١٠ ساڵێك بووە، توانیویە هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیو بەهرەکانی نووسینی ئەو قۆناغە بە چڕوپڕی بەرجەستە بکاتو ڕەنگ پێبداتەوەو، دواجار قوتابخانەیەکی دەوڵەمەندو هەمەلایەنەی ڕۆژنامەوانی پێك بهێنێ. لەکاتێکدا "**ڕۆژی نوێ**" بەوتەمەنە کورتەیەوە، ٢ ساڵ، نەیتوانیوە پەیامەکەی خۆی درێژە پێبدات.

سەرباری ئەوانە، ئەو دوو گۆڤارە ئاوێنەی ڕۆژگاری خۆیانن و، هەریەکەیان بە شێوەیەك ئامانج و پێویستیەکانی قۆناغی خۆی بەدیهێناوە .

## سەچاوەو پەراوێزەکان :

١ـ" ڕۆژی نوێ "، ژ ١ ، ساڵ ١ ، ل ٤١ .

٢ـ" ڕۆژی نوێ "، ژ ١ ، ساڵ ٢ ، بەرگی ناوەوە .

٣ـجەمال شاڵی، بەشێ لە بیرەوەریو یاداشتی ژیانم، چ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠١ ، ل٧٤ .

٤ـ" ڕۆژی نوێ "، ژ ٩ ، ساڵ ١ ، ل ٦٠ .

٥ـئامانجمان ، " ڕۆژی نوێ " ، ژ١ ، ساڵ ١ ، ل١-٥ .

٦ـئامانجی ڕۆژی نوێ ، " ڕۆژی نوێ "، ژ ٤ ، ساڵ ١ ، ل ٤٠ .

٧ـجەمال شاڵی ، هەمان سەرچاوە ، ل٧٥ .

٨ـهەمان سەرچاوەو لاپەڕە ، کامەران ، ڕۆژی نوێ ، " ڕۆژی نوێ " ، ژ١ ، ساڵ ٢ ، مارتی ١٩٦١،ل١-٣“ ئیبراهیم حاجی محەمەد، ڕۆژی نوێ چۆن گەشەی کرد و پیتەکانی چۆن کۆئەکرایەوەو ڕێك ئەخرا، هەمان سەرچاوە، ل٣٧ ٤٢ .

٩ـئیبراهیم حاجی محەمەد، سەرچاوەی پێشوو .

١٠ـجەمال شاڵی، هەمان سەرچاوە ، ل٧٥ .

١١ـ هەمان سەرچاوە، ل٦٣ ، ٦٥ .

١٢ـ ڕەفیق ساڵح، نزار ( ١٩٤٨ ١٩٤٩ )، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل٤٦ .

١٣ـ نامەیەکی تایبەتی ، " ڕۆژی نوێ " ، ژ١١ ، ساڵ ١ ، ل٥٢ .




# پەیامی راستی

## نموونەی گۆڤاری کوردی بە ئەزموون لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی پاش ڕاپەریندا

### لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانییە لەسەر (٥٤) ژمارەی گۆڤاری پەیامی ڕاستی


ئیبراهیم سالح
نیسانی ١٩٩٩


**پێشدەستی**

هەر هەوڵ و پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری کە لە دەوروبەرو گۆڕەپانێکی دیاریکراودا لە دایك دەبێت و بەرێ دەکەوێت، شایانی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوون و هەڵسەنگاندنە، تا بەتەواوی ئەگەری سەرکەوتن یا تەنگ و چەڵەمەو دژوارییەکانی شکستهێنانی بزانرێت.

پەیامی ڕاستی کە گۆڤارێکە تا ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٥٤) ژمارە تەواوی لێ دەرچووە، ئەو هەوڵە ڕۆشنبیرییە، کە بێ وەستان و حەوت ساڵی تەواوە، بێ پەروا بەرێوەیەو خزمەتەکانی پێشکەش دەکات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کەس ئاوڕێکی لێکۆڵینەوەو بەسەرکردنەوەی لێ نەداوەتەوەو هەڵسەنگاندێکی ئەکادیمی بۆ نەکردوەو باسی تێروتەسەلی لەسەر نەنووسراوە- چەند ڕاپرسییەکی کەم نەبێت کە گۆڤارەکە خۆی بە ئەنجامی گەیاندوەو لەبەر ڕۆشناییدا دەسکاری شێوەو قەوارەو بابەتی گۆڤارەکەی کردووە، کە دیارە ئەمەش بۆ گۆڤارێکی وەك پەیامی ڕاستی زۆر کەمە.

بەندە کە لە ژمارە ٣٦وەوە، واتە لە ئاداری، ١٩٩٥ ڕاستەوخۆ کارم تێیدا کردوە و ئاگاداری هەنگاوەکانی هەم، بە پێویستم زانی کە کورتە باسێکی لەسەر بنووسم، هەر چەندە ئەمە جورئەتدانێکی زۆرەو ناتوانم بڵێم مافی تەواوی گۆڤارەکەم داوە، بەڵام باسەکە لە ماوەیەکی کەمدا بەرهەم هاتووە وەك بەرکولێك و سەرەتایەك پێشکەشی دەکەم، هیوادارم کە لێکۆڵەرانی دیکە وردترو قوڵتر باسی لەسەر بنووسن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن.

باسەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان چەند باسێکی گشتییە لەسەر بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی ئیسلامی لە پاش ڕاپەرینەوە لە کوردستاندا، بەشی دووەمیشیان

هەواڵنامەی کتێب

تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەسەر پەیامی ڕاستی و تەنیا سێ تەوەرە وەك باسكردن بواری بۆ كراوەتەوە ئەوانیش: **كێشەی كورد، ئەدەبی ئیسلامی، كێشەی گەلانی ئیسلامی**- لە پەیامی ڕاستیدا. ئیتر زۆر تەوەرەی دیكە هەن لە بواری ئەم لێكۆڵینەوەیەدا نین و دەكرێ لە باسێكی سەربەخۆدا لەبارەیانەوە بنوسرێت.

لە كۆتاییدا دەڵێم ئەگەر ئەم باسە بۆ لێكۆڵینەوە و نووسەرێك شتێك بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو كاروانە مەزنەی پەیامی ڕاستی زۆر كەم و بچووكە، لە خوا دەخوازم بوار بۆ كەسانی پسپۆرو لێهاتووتر بڕەخسێنێت تا زیاتری لە بارەوە بكۆڵنەوە. والله ولي التوفيق.

## پەیامی ڕاستی
## نموونەی گۆڤاری بە ئەزموون لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی پاش ڕاپەڕیندا

### بەشی یەكەم

### چەند ڕاستییەك لەسەر ڕۆژنامەنووسی كوردی لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) وەرچەرخانێكی گەورە بوو، بۆ ژیان و كێشەی كۆمەڵگای كوردی، چ لەناوەوە: ئەویش بە نەمان و لاچوونی زوڵم و ستەمی، نزیكەی نیوسەدەی، سەر كۆمەڵگەو كشانەوەی دام و دەزگا داپلۆسێنەرو سیخورییەكانی ڕژێمی بەعس، وەرچەرخانەكە خۆی لە هاتنە دی كەشێكی ئازاددا دەبینێتەوە، بە جۆرێك زۆربەی زۆری ناوچە كوردییەكان كەوتنەوە ژێر دەستی هێزە كوردییەكان و ئیدارەو بەڕێوەبردنی نزیكی پێنج ملیۆن خەڵك ڕووبەڕوی هەرێمەكە بووەوە، لە دەرەوەش ، بە تایبەتی لە پاش كۆڕەوە گەورەكەی هەمان ساڵ، دۆسییەی كوردی- بەتایبەتی بەشەكەی بن دەستی عێراق- بە خێرایی چووەوە سەر مێزەكانی لێكۆڵینەوە و بووە مەسەلەیەكی دیكەی ڕیسوا كردن و ئاشكرا كردنی دڕندەییەكانی ڕژێم و ئەمیش چووە پاڵ پەلامارە دۆڕاوەكەی كوێت و گرنگی دانێكی جیهانی بە خۆوە بینی.

ئەو گۆڕانە ناوخۆییەی پاش ڕاپەڕین هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵگەی كوردی گرتەوە، زۆر لەو توانـاو دەنـگ و ڕەنـگ و جموجۆڵـە كـپ كـراوو چەپێنراوانە زۆر بە خێرایی دەرپەڕین و هەریەكەیان بە جۆر و قەوارەیەك دەیویست گوزارشت لە خۆی بكات و بوونی خۆی بسەلمێنێت ، وەك ئەوەی دەرگای زیندانێكی گەورە شكابێت و بەندییەكانی لەو پەڕی خۆشیدا سەمای ئازادبون بگێڕن، حیزب ورێكخراوەو دامەزراوە سیاسیو كۆمەڵایەتیو هونەری و ئەدەبییەكان دەستیان بە دەركەوتن كردو كەوتنە بڵاوكردنەوەی بیروڕاو بۆچوونەكانیان و هەریەكەیان متمانە و پێویست بوونی خۆی بۆ ئەو قۆناغە ناسكەی كۆمەڵگەی كوردی ڕاگەیاند.

یەكێك لەو لایەنانەی كە لێرەدا تەوەرەی باسە ، بواری ڕاگەیاندن بوو، بە تایبەتی دوای كشانەوەی دام ودەزگا كارگێڕییەكانی ڕژێم، كپیو بێ دەنگییەكی ڕێژەیی ناوچەكانی هەرێمی كوردستانی گرتەوە، ئەو بۆشاییە ڕاگەیاندنییە دەیخواست بە كۆمەڵێك دەنگی جدی و شارستانی پڕ بكرێتەوەو بە جۆرێكییش بێت بتوانێت ئاراستەیەكی دروست و نوێ بە خەڵكی بدات و بەرەو ژیانێكی مەدەنیو یاسایی پێشكەوتوو هەڵیان بنێت و ئامادەیان بكات لە دەوڵەت و حكومەتی خۆیاندا، وەك تاكێكی دڵسۆز و كارامە ڕۆڵ ببینن و بە هەموو لا زۆر لەو تۆمەت و ناوە دزێوانە لەسەر كورد بڕەوێننەوە كە ساڵان و زەمانێك بوو ناحەزان بە

دووی کوردیان خستبوو، کە گوایە ئەمانە کۆمەڵە خەڵکانێکی کێویو هیچ نەزانن و ئەوەیان لە باردا نییە خۆ بەڕێوە ببەن و شایەنی حکومەت و دەسەڵاتداری نین و ناتوانن ئاکارە شارستانییەکان بنوێنن. واتە ڕاگەیاندنی کوردی دەبوو بە گوتارێکی ڕۆشنبیری- کۆمەڵایەتی-رامیاری- ئابووری شارستانیانەوە دابەزێتە گۆڕەپانەکەوجدی لە خەمی لە خۆگرتنی خەڵکی دا بێت.

ڕاگەیاندنی کوردی بە گوزەرکردنی بە دووریانی راپەریندا چەند گیروگرفتێکی پێوە ئالا، کە دەبوو هەوڵی گەورە بدات بۆ تێپەراندنیان، وەك:

أ- ئەو چەوساندنەوە جەستەییو فشارو کاریگەرییە دەروونییانەی حکومەتە عەسکەرییە یەك لەدوای یەکەکان لەسەر تاکی کوردی دروستیان کردبوو، بە جۆرێك هەمیشە خۆی لە بەرانبەرو نەیاری دەسەڵات و دەوڵەتدا ببینێتەوە و متمانە و بڕوای بەوگوتارو پەیام و مەسەلانە نەبێت کە لە دەزگاکانەوە پەخش دەبوون.

ب- ئەو تۆقین و چاوترساندنەی بەسەر جەماوەردا هاتبوو، کە گۆشەگیرو بێ هیوا لە مەسەلەو ڕووداوەکان بڕوانێت و پێی وا نەبێت دەتوانێت کاریان لێ بکات، بە تایبەتی لە ڕێی رای گشتیو بەگەرخستنی توانای جەماوەرەوە، بەڵکو ئەوەی لاچەسپابوو کە دەسەڵات خۆی چی بوێ و لە بەرژەوەندی دابێت دەیکات و گوێی لە خەڵکی نییە چی دەڵێت.

ج- دیاردەی حەز بەسەرپێچی کردن و لادان و زیان گەیاندن بە دامەزراوە حکومیو گشتییەکان و بەتاڵان و برۆبردنیان، لەسەردەمەکانی ڕژێمدا شێوازێکی دەربڕینی ڕق و قینەو نارەزایی خەڵکی بوو، ئەوەیەکی تەواوی تێدا ژیاوو پەروەردە ببوو، بەڵام قۆناغە تازەکە پێویستی بە پێچەوانەی ئەوە بوو، دەبوو پاساپارێزی و پاراستنی ئەو دام و دەزگایانە لە هۆشیاری خەڵکدا بێت.

د- جموجۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، لە پاڵ ئیجابیاتەکانیدا زۆر لە سلبیاتەکانی حیزبی پێوە ئالابوو، لەو هەموو ساڵانەدا مەوداو گۆڕەپانێکی دیکەی ناکۆکیو دووبەرەکی حیزبی بوون، بەڵام کاریگەرییان لەسەر گشتی کۆمەڵگە سنوردار بوو، دەبوو پاش راپەرین لەو دەردە کوشندەیە رزگار بین و دەنگی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بن، بەڵام بە داخەوە نەك هەر ئەوە نەکرا بگرە بووە سەنگەری سەرەتاو زەنگی دەستپێکی زۆر لە ئاژاوەو دووبەرەکییە قوڵەکان و بە جۆرێکی دیکە ئەو ناکۆکییانەی گواستەوە بۆ ناو جەماوەر.

ر- کەمی شارەزایی و توانای ئەکادیمی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە ئەو سەردەمانە ڕژێم ئەو پەیمانگە و لقە زانستییانەی لەسەر کورد قەدەغە کردبوون و قوتابییە کوردەکان لەو بەشانە وەرنەدەگیران، بۆیە زۆربەی کارمەندو بەڕێوەبەرانی ئەو دەزگایانەی کە دەهاتن هیوایەت خواز و کەم خیبرە بوون.

و- لەپاڵ ئەم کێشانەی سەرەوەدا و سەرەڕای دواکەوتوویی و سادەیی ڕاگەیاندنی کوردی، جیهان بە گشتی پێی نایە قۆناغی سیستمی نوێ و پاشان جیهانگیرییەوە و هێرشێکی گەورەی ڕاگەیاندن زۆربەی وڵاتەکانی ناوچەکەی گرتەوە، ئەمەش لا لێ کردنەوەی جەماوەری بەلای ڕاگەیاندنی کوردیدا کەمتر کردەوە.

سەرەڕای ئەو بارو دۆخ و کەم و کورتییانە ڕاگەیاندن گەشەو بازدانێکی گەورەو بەرچاوی بە خۆوە بینی و هێندەی هەموو قۆناغەکانی پێشووی کۆمەڵگە بەرهەمی ڕاگەیاندن بەدی هێنرا، بە دەیان

رۆژنامەو گۆڤـار وبڵاوكـراوەی جیاجیـا لـە قـەوارەو بابـەت و كـاتی دەرچـووندا كەوتنـە گۆڕەپانەكـەوە، چـەندین رادیـۆو ئێسـتگە دەسـتیان بـە پەخشـی بەرنامـەكانیان كـردو لـە زۆر شـارو شارۆچـكەكانی كوردستاندا ئێستگەو كەناڵی تەلەفزیۆنی دامەزران و تا رادەیەكی باش ئەو بۆشاییە پڕ كرایەوە كەكەوتبوە گۆڕەپانەكــەوە. زۆربـــەی حیـــزب و رێكخـــراوە و سەندیكاكان بڵاوكراوەو دەنگی تایبەتی خۆیان خستە بەرچاوو گوێ.

وەك هــەموو دیاردەیــەكی دیكــەی مرۆیــی لــە كۆمــەڵگادا و لــەم قۆناغــە تازەیــەدا راگەیانــدنیش تووشی چەند گیروگرفت و كێشەیەك بۆوە لەوانە:

أ- زاڵ بونی سیمای وەسفی بەسـەریدا و كـەمی لێكۆڵینەوەی قوڵ وئەكادیمی لەچاو ئەو ژمارە زۆرەی رۆژانە دەكەوتە بەر دەست خوێنـەرانی. ئـەو ژمـارە زۆرییــە و ئــەو ڕووبــەرە گەورەیــە پێویسـتی بــە پڕكردنەوەیــەك هــەبووە تـا بڵاوكـراوەو رۆژنامــەكان نەوەستن و بەردەوامیان هەبێت، ئەمە لە كاتێكدا كە بەهەمان بابەت و ناوەڕۆك و شێوازەوە چەندین گۆڤارو بڵاوكراوەی جیاواز دەركەوتن، بەمەش توانا ئەكادیمی و هونەرییەكان پـەرت دەبـوون و بۆیـان نـەدەكرا لــە دەنگێكی هاوبەشی جدیدا كۆببنەوە، لەو حاڵەتەشـدا رێژەی نووسینە كـرچ وكـاڵ و رووكەشـییەكان زیـاتر دەبوون و خوێنەران بەرەو سادەیی دەچوون.

ب- كادیر وخیبرەو دەزگا راگەیاندنییەكان درەنـگ بەرهەم هـاتن و فریـای گۆڕانـە خێـراو كتوپڕییەكـە نەكەوتن، زۆریـان هــەر بــە ئــەزموون و پیـادەكردنی بنــەمای تاقیكردنــەوەو هەڵــەو راســت دامــەزراوو بەرهەمــەكانیان دەهێنایــە بــەرەو، دووربــون لــە پێگەیەكی زانستیو ئەكادیمی دروستەوە.




ح- راگەیانـدنی ئـەم قۆناغـە لەبـەر زۆری ژمـارە و هەڵگرتنی كێشە حیزبی‌یەكان و راگەیانـدنی جیهـانی لەلایەك و لەبەر گرانی بژێوی خەڵك و نالەباری دۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەنگدانەوەیەكی زۆری لەسـەر گۆڕەپانەكە نەبوو، ئەو بابەت و مەسەلانەی پێشكەش دەكران هەر بۆ مەبەستی راگەیاندن بـوون بەدەگمـەن نـەبێت، نەدەبوونـە رەوتـی كۆمەڵایـەتی، ئەمــەش هەندێك لـە هەوڵدەروكارمەنـدو لێهاتووەكـانی خـاو دەكردەو ناچاری وازهێنان و كۆچ كردن و گۆشـەگیری دەكردن، لەولاوەش جێگەیان بە كەسانی نەشـارەزا و تازە دەگیرایەوە و دەبـوو جـارێكی دی ئەزمونـەكانی ئەوان دووبارە بكەنەوە. واتە راگەیاندن لەبەر هۆكـارە خــودی و بابەتییــەكان توانــای كــاركردنی گــۆڕینی عەقڵیەت و رۆشنبیری خەڵكی كوردی كەمتر بۆوە.

د- بەهۆی بارودۆخی نائارامی سیاسی و ئەو چەندین گەڕەی شەری ناوخۆو خۆكوژییـەوە، پـردی متمانـەی نێوان راگەیاندن و جـەماوەر تـەواو باریـك و بچـوك بۆوە، كە پەیامەكانی راگەیاندن دەبوونە سەنگەرێكی

دیکەی براکوژی ، ئیتر خەڵکی لە هەموو پەیامێکی دیکە بەد گومان و دوودڵ دەبوو بە هەمان پێوانگ مامەڵەی لە تەکدا دەکرد.

ت- هەر لەبەر ئەو مەسەلەیەی سەرەوە پەیامەکانی ڕاگەیاندن ناجێگیرو بێ ستراتیژیەتێکی زۆریان بە خۆیانەوە بینی، ئەوەندەی بەکاربردنی ڕۆژانەو پرۆپاگاندەو ڕەت دانەوەو بەرچەکرداربوون، ئەوەندەی خەریکی عەیب و گەندەڵی هەڵماڵینی یەکدی و یەك شکاندن بوون، هەرگیز ئەوەندە نەکرا بەلای جەماوەردا بشکێنەوەو بەجدی کێشەکانیان لە خۆ بگرن، سەرەڕای ئەو هەموو بڕیاری شەڕ وەستان و ئاشتی و تەباییە، کەچی دیاهـا بەڵگەنامەو سووکایەتیان لەسەر یەك بڵاو دەکردەوە، بە جۆرێك جەماوەر هەر حیسابیان بۆ نەکات و زۆریان بە هەڵبەستراو ساختە لە قەڵەم بدات.

## سەرنجێك لە ڕۆژنامە نووسیی ئیسلامی

لە کۆمەڵگەی کوردی پێش ڕاپەڕیندا ئەو فشارو ستەم و کاریگەرییەی لەسەر ڕەوت و باڵە فیکرییەکانی دیکەی کوردی دروست دەبوو، بەهەمان شێوەو بگرە زیاتریش ڕەوت و جموجۆڵە ئیسلامییەکانیشی دەگرتەوەو ئەوانیش هەوڵ و چالاکییەکانیان یاساغ و سنوردار دەکراو ڕاوەدوو دەنران، هەموو دەنگ و ڕەنگێکیان لەبەردەم لێپرسینەوە و بە دواداچوونی سەربازییانەدا بوو، خاوەن هەوڵەکان بە خیانەتکارو گێرەشێوێن لەقەڵەم دەدران، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوچەکەدا بە گشتی و بە هۆی عەقڵیەتی گومانبەرو پیلانگێڕییەوە ئیسلامی‌یەکان درەنگتر چوون بەدەم ئەو پێشکەوتنە ڕاگەیاندنییەوە کە لە ڕۆژئاواوە دەهات و تا سەردەمێکی باش هەر بەحەرام و فەسادهێن و کۆمەڵگا تێکدەریان دەناسی و لێی دوورە پەرێز بوون، بۆیە زۆربەی کەس و کادیرو ناسراوەکانی تەنانەت عەرەبەکانیش لە ئایینەکانی دیکەی وەکو مەسیحی بوون.

لەبەر ئەم هۆیانەو بە درێژایی ساڵانی پێشوو، ڕۆشنبیرو خاوەن لێهاتنە ئیسلامییەکان ئەگەر بشبوونایە بە ناچاری دەربەدەرو ئاوارەی وڵاتان دەکران و لە کۆمەڵگە دوور دەخرانەوەو لە ویش لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخ و کەم دەرامەتی و کەم خیبرەیی ئەو هەوڵانەی دەدران زۆر سنووردار دەبوون و کاریگەری ئاشکراو زیندوویان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی نەبوو، ئەو هەوڵە ئیسلامییانەی ناوەوەش لەبەر کەمی دەرفەتی کار هەر خەریکی پەروەردەو بانگەوازی تاکەکەسی و چالاکی فەردی بوون و بوارێکی دیکە بۆ ڕاگەیاندن نەدەمایەوە، ئەوانەی کە هەشبوون زۆر بە نهێنی و ژێرزەمینی بەلاوازی بەڕێوە دەچوون. بۆیە فیکرو بۆچونی ئیسلامی لەبەر کەمی و بچووکی واقیعەکەی ئەوەندە گەشەی نەسەندبوو، ڕێکخستن و سەرپەرشتییەکانی واش نەبوو تێکڕای ئەو هەوڵانە کۆبکاتەوەو بە ڕێڕەوێکی سەرکەوتوودا بەرهەمیان بهێنێت.

بەدەر لە هەموو ئەمانە هەوڵی فیکری و ڕاگەیاندنی ئیسلامی، لەبەر زاڵی باڵە چەپ و عیلمانیو قەومییەکان کە نوێنەرایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردییان دەکرد، بەلای خەڵکی گشتی کۆمەڵگاوە نامۆ بوو، زۆر لەو تەرزەو چالاکییانە بە ناوی ئیسلامەوە لە فەرهەنگی ئەواندا مانای نەبوو، بۆیە ڕووبەرەکە جارێکی دی بچوکتر دەبووەوە.

لەسەرەتای هەشتاکانەوە لە ناوەوە بوارێك بۆ بڵاوبوونەوەی کتێبی ئیسلامی کوردی کرایەوە، زۆربەی لە ڕەتدانەوەو گفتوگۆی بیروڕای چەپەکاندا خۆی دەبینینەوە، لەدەرەوەش هەوڵی دەرکردنی

گۆڤارو بڵاوکراوەی ئیسلامی لە ئارادابوون، گۆڤاری (نداء الغريب) لە سەرەتای ١٩٨٤دا تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ حەوت ژمارەی لێ دەرچوو، کە گۆڤارێکی وەرزی بوو، لە بەرگەکەی نووسراوە-اسلامية هادفة- ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە ١٨٤. پاشان گۆڤارەکانی -النفير-والشهداء - لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامییەوە هەر لە هەندەران دەرچوون، لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەشدا هەندێك پۆسکارت و بڵاوکراوەی سنوردار دەرچوون، بەڵام ئەمانە بەدەگمەن نەبێت نەدەگەیشتنە ناو کۆمەڵگە و خەڵك پێی نەدەزانین. لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٣دا (١٠) ژمارە لە گۆڤاری ئەدەبیو ڕۆشنبیری ئیسلامی- گزنگ- دەرچوو.بەڵام لە پاش ڕاپەڕین و لەگەڵ بوار ڕەخسانێکی ئازادی دا هەوڵە ئیسلامییەکانیش لە پاڵ هەوڵەکانی دیکەدا دەرکەوتن، و لەم چەند ساڵەدا زیاتر لە ١٥ گۆڤار و ٦ ڕۆژنامەی ئیسلامی دەرکەوتن.

لێکۆڵینەوەی ورد لەمەڕ ئەو هەوڵ و بەرهەمانە زۆر لە سیما و عەقڵیەت و شێوازی مامەڵە و قۆناغی ئەو سەردەمەی فیکرو بیرو هۆشی ئیسلامی دەردەخات.

## گرنگی ڕۆژنامەنووسیی بۆ ڕابوونی ئیسلامی

ڕابوونی ئیسلامیش وەك هەر جموجۆڵ و بزاڤێکی دیکە ئەمڕۆ ڕووبەڕێکی بەرچاوی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا داگیرکردوەو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەو کۆمەڵگانە هیواو ئاواتی خۆیان پێوە گرێ داوەو لە دەوری خڕبوونەوە، بۆیە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسییەکی بەهێز و نەخشەداری پێویستە تا بتوانێت بەو ئەرك و ڕۆڵەی خۆی ببینێ کە چاوەڕوانی لێ دەکرێت، تا هەنگاوەکانی جێگەبگرن، بەگشتی ئەو گرنگییە لەم چەند لایەنەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ- ناساندنی ڕابوونەکە وەك پرۆگرام و سەرکردەو پەیڕەوی کار، تا زۆرترین ژمارەی خەڵکی کۆمەڵگە ئاگاداری ئەو مەسەلانە بن و لەسەرچاوەکانی خۆیانەو پێناسەو بیروهۆشیان بخوێننەوە.

ب- لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانییەوە ڕابوونی ئیسلامی دەتوانێت ڕایەکی گشتی ئیسلامی دروست بکات، کە بۆ پاڵپشت و بە جێنانی تێزو بیرو بۆچوونەکانی زۆری پێویست پێیانە، خەڵکیش بە سروشتی خۆیان لە تێزە ئیسلامییەکانەوە لە هەمووو شتێك نزیکترن. ئەمە جگە لەوەی کە ڕابوونی ئیسلامی بۆ ناسینی زیاتری کۆمەڵگەکەی پێویستی بە تێکەڵاو بوون و ناسینی خەم و کێشەکانی خەڵکی هەیە، تا هەوڵ و پرۆژەکانی لە پێناو چارەسەکردنیاندا ئاراستە بکات.

ت- بووژانەوەو زیندووبونەوەی ئیسلام، وەك ژیان و ئایین، پێویستی بەزەمینەیەکی جەماوەری هەیە، تابینە واقیع بۆی ، ئەمەش دەخوازێت کار لەسەر عەقڵیەت و ڕۆشنبیرییان بکرێت و لەگەڵ ڕاستییە ئیسلامییەکان بەرەو ڕوو بکرێنەوەو لە چەواشەو لێڵییەکان قورتار بکرێن، ڕۆژنامەگەریش بۆ ئەم مەبەستە هۆکارێکی کاراو بەجێیە.

د- کارکردنی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دەبێتە بوارێك بۆ خستنەگەڕو پێگەیاندنی ئەو وزەو توانایانەی لە دەوری ڕابوونەکە کۆبوونەتەوە، وەك هۆکارێك بە جەماوەریان دەناسێنێت و پرۆژەی شارستانی ئیسلامی تەواوتر دەکەن.

هـ- لە ڕێی ڕۆژنامەگەرییەوە کەناڵێکی دیکەی کاریگەر بۆ بانگەواز دەکرێتەوەو مەسەلە ئیسلامیو تێگەیشتنەکان بە زۆرترین ژمارە لە خەڵکی دەگەیەنرێن. ئەم هۆکارە کاریگەرەو ڕێگرتن و بەربەست بۆ دروست کردنی ئاسان و سادە نییە.

و- لــە رێگـــەی رۆژنامەگەرییـــەوە ئاگـــاداری و هۆشیارییەکی زیاتر بەرامبەر هەواڵی گەلانی دیکەی ئیســـلامی و کێشـــە و تـــەنگ و چـــەڵەمە و گیروگرفتەکانیان پەیدا دەبێت و لەدروست کردنی ئەو هەست و هۆشە ئیسلامییە گشتی کاریگـەری باشـی دەبێت.

## تەنگ و چەلەمەکانی راگەیاندنی ئیسلامی

یـەکێك لـەو کەناڵـە گـرنگ و کاریگەرانـەی لـە رۆژگاری ئەمرۆدا پێشکەوتن و زاڵیتی شارسـتانیەتی رۆژئاوا نمایش دەکات کەناڵی راگەیاندنە، تەنانەت لە هـەموو کەناڵـەکانی دیکـەی ژیـانی کۆمەڵایـەتی چاولێکەری و شوێن وکەوتەی پێوە دیارە. ئەو وڵاتانە نەك تەنیا وەك هۆکارێکی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری ، بگرە وەك کاریگەرییەکی دەروونی-سیاسـی بـەهێز بەکاری دەهێنن و گەلێ بەرژەوەندی و دەسـتکەوتیان لێوەی چنگ دەکەوێت و، بە ئاسانی دەتوانێت کار لە رای گشتی ئەو کۆمەڵگانە بکات و بە ئاراسـتەیەکی دیاریکراویاندا بەرێت.

لای زۆر لــە لێکۆڵــەران ئاســتی پێشــکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگەیەکی دیار کراو دەبەستنەوە بە ئاسـتی سیسـتەمە راگەیاندنییەکەیـەوەو ،بەگشـتی دەولەتانی دواکەوتوو خاوەنی سیستمێکی سەرەتای و سـادەی راگەیانـدن و نـاتوانن کاریگـەرییان بۆسـەر کۆمەڵگـەی خۆیـان یـا دەرەوەی خۆیانـەوە ببێـت. رابوونی ئیسلامسش وەك حاڵـەتێکی بووژانـەوەو بـە ئاگا هاتنەوەی زۆرێك لـە کۆمەڵگـە ئیسـلامییەکان یەکێك لەو گیروگرفتانەی دێتە رێی چۆنیەتی مامەڵەو کارلێکیـەتی لەگـەڵ راگەیانـدن و شـێوازەکانی، کـە دەتـوانین بـە گشـتی لـە کۆمـەڵگای کـوردی پـاش راپەریندا- لەم دیاردانەدا کورتی بکەینەوە:

- کاری راگەیاندن تا ئێستاش بـوارێکی فـەردی و تاکەکەسییە، هەر چەند لەسەر شێوازی دامـەزراوە و




کاری گشتی بـەرێوە دروات، بـەلاَم ئاسـۆی بیـنین و توانـای دەربـرین و سەرچـاوەی فیکـری و لێهـاتن و خیبرەی هەر پشت بە کۆمەڵە تاکەکەسێك دەبەستێت و نەچـووەتە ئاسـتێکەوە وەك دامــەزراوە مامەڵــەی لەتەکـدا بکرێـت و بـۆ وەڵامدانــەوەی داواکـاری و پێداویستییەکانی نەخشەی ورد وجدی نییە.

- عەقلیەتی ئیسـلامی بـە گشـتی عەقلیـەتێکی بانگـەوازی، پـەروەردەیی و رێکخسـتەن، کـەمتر دەتوانێت بەو هۆشیاری و گرنگی پێدانـەی پێویسـتە ئاوڕ لە راگەیاندن بداتەوە، هەرچەند رەنگە لە وتـارو لایەنی تیۆرییەوە گەلێك باس لـە گرنگـی راگەیانـدن کرابێت، بەلاَم لە رووی کرداری و پراکتیکـەوە هێشـتا لە ریزی دواوەی گرنگی پێدانەکانە.

- گوتـاری راگەیانـدنی ئیسـلامی گوتـارێکی کۆمەڵایەتی نییە و زۆرتر لەسەر مەسەلە عـاتیفی و رەوشتییەکان دامەزراوە، نـەیتوانیوە بچـێتە ئاسـتی گوتـاری خەڵکـەوەو ژییـە هەسـتیارو سـۆزییەکانیان بجولێنێت، تا ئاستێکی رێژەیی جۆرێك لە بێئاگایی و

هەواڵنامەی کتێب

ناحاڵی بوونی لەگەڵ هیواو ئامانج و ئاواتەکانی کۆمەڵگە هەیە. ئێستاش گەلێك مەسەلەو باس هەن ونن و لەسەر شێوازێکی لەبار- چەندین هۆی خودی و بابەتی- لەراگەیاندنی ئیسلامیدا شوێنێکی بەرچاویان نییە.

- گوتارو گرنگی پێدانی راگەیاندنی ئیسلامی بەرامبەر بە هەندێ توێژو چینی کۆمەڵگە، هێشتا لەچاو قەوارەیاندا، لە ئاستی پێویستدا نین، چ وەك بابەت و هێنانە بەرباس و لێکۆڵینەوە چ وەك بەشداری و کارکردن لەو بوارەدا، وەك ئافرەت، منداڵ، کرێکار . . .هتد. کەمتر تەرەفی جدیو پرۆژەی قەناعەت هێن لە گوتارەکانی راگەیاندندا بەرامبەر ئەمانە دیارە.زۆری و بەرفراوانی تارادەیەك پێشکەوتوویی راگەیاندنەکانی دی، وای کردوە راگەیاندنی ئیسلامی گیروگرفتی بۆ بێتە پێش، کەناڵەکانی کەمن، زۆر مەسەلە و بابەت هەن تا ئێستاش بەکارهێنان و مامەڵە لە گەڵیاندا ئاشکراو رون نییە، ئەمە جگە لەوەی گەنجینەی راگەیاندنی ئیسلامی لە چاو راگەیاندنەکانی تردا خاڵییە، ئەمەش جۆرە رۆتین و دووبارە بوونەوەو هەژارییەك بەو گوتارە دەبەخشێت. دەگمەن و کەمن ئەو دەزگاو کۆمپانیا و دامەزراوانەی بەرهەمێك پێشکەش بکەن کە رەچاوی ئەو سنوورە شەرعیانە- ئەگەر یەکلا بووبنەوە- بکەن و بەرهەمەکانیان رەنگ دانەوەی جیهانبینییەکی ئیسلامی بێت. سەرەرای ئەمانەش کەمی خیبرەی ئەکادیمی و لێهاتنی زانستی گیروگرفتەکە گەورەتر دەکات.

- رەنگدانەوەی ئەو تەرح و مەسەلانەو کەمی بەدواداچوون کە لەو گوتاری راگەیاندنانەوە دەکرێن، لەبەر جەنجاڵی و سەرقاڵی کۆمەڵگە و زۆری تەرحەکان کەمیان هەیە بتوانن ببنە رەوتی کۆمەلایەتی و گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بەدی بهێنن.

## تایبەتمەندییەکانی راگەیاندنی نووسراو

هەر شێوازێکی راگەیاندن -بیستراو بینراو نوسراو- تایبەتمەندیو کاریگەری خۆی هەیە و سروشتێکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و مامەڵە لەگەڵیدا جیایە لە شێوەکانی دیکە، لە راگەیاندنی نووسراودا ئەم تایبەتمەندییانە بەرچاوە:

١- گوتارەکە دەمێنێتەوە و هەرکاتێك ویسترا گەڕانەوە بۆی ئاسان دەبێت. زۆرجار دەبێتە بەڵگەنامەو وەك دۆکیومێنتی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٢- وەرگری پەیامەکە خۆی دەتوانێت کات و شوێنی گەیشتن بە پەیامەکە دیاری بکات، دەتوانێت بە جارێك یا چەند جارێکی جیاجیا ئاگاداری لەبارەیەوە بزانێت و بخوێنێتەوە.

٣- لە راگەیاندنی نووسراودا رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی وەرگر- وەك تەمەن، رەگەز، ئاستی کۆمەلایەتی، ئاستی رۆشنبیری- ئاسانە و دەتوانرێت وردەکاری زۆری تێدا بکرێت.

٤- راگەیاندنی نووسراو نرخەکەی هەرزانەو بەکارهێنان و دەستخستنی هەرزانەو دەتوانرێت بگەیەنرێتە زۆرترین ژمارە لە خوێنەرانی ، بە تایبەتی لە کاتی سەرکەوتوویيو ناوبانگی باشیدا، ئەمە جگە لەوەی چەند خوێنەرێك دەتوانن بەشداری لەیەك نووسراودا بکەن.

٥- راگەیاندنیی نووسراو لە داهاتوودا دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەکی زانیاری سوودی لێ ببینرێت و لێکۆڵینەوەی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی لەسەر بکرێت.

**بەشی دووەم**

**- بارودۆخی دەرچوونی پەیامی راستی**

- گۆڤارەکە چاپکراوێکی دەورییە، تەحقیق دەکات وێنە دەگرێت و رووداوەکان دەگێڕێتەوە ، کاری

یەکەمی گەیاندنی هەواڵ نییە.. لە هەندێ حاڵەتدا چیرۆکی هەواڵەکان دەگێڕێتەوە جۆرو شێوازی دەرچوون و کارکردنەکەی گەلێك تایبەتمەندی دەدەنێ کە جیایە لە گۆڤارەکانی دیکەو بە بەردەوامی دەرچوونی دەبنە ناسرەوەکانی.

- سەرەتای دەرچوونی پەیامی راستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ ، لە مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا، کە رووداوەکانی راپەڕین لەگەرمەیدا بوون و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا بە دەست لیژنەکانی بەرەی کوردستانییەوە بوو. ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ساڵەکانی پاش راپەڕیندا، کە ساڵی تاڵانی و ئاودیوکردنی زۆر لەکەرەستەو دام و دەزگاکان و رێ شل کردن بۆ هەندێ کارو دەوڵەمەند بوونی ژمارەیەك لە خەڵکی بوو، بە گشتی پشێوی و نایاسایی و کەس بە کەس نەبوون لە ئارادا بوو، گەلێك هۆکاریش بۆ ئەمە هەبوون، دەتوانرا نەك گۆڤار بگرە کاری گەلێك گەورەترو بەشێوەی نایاسایش ئەنجام بدرێت، بەڵام سەرەرای ئەمانە گۆڤارەکە مۆلەتێکی رەسمی بە ژمارە ( ) لە رۆژی ( ) دا لەبەرەی کوردستانی وەرگرت. لەسەروتاری ژمارە (سفردا) ئاماژە بە بارودۆخی خێرا گۆڕاوی ناوچەکەو جیهان و سەردەمی ئازادی و حەق وتن کراوە ( وەك لای هەموان ئاشکرایە بواریکی لەبارو هێوابەخش بۆ نەتەوەکەمان رەخساوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە مێردەزمەی دوژمن لەسەر سەری دەرکراوەو بە خوێنی چەندین گیان فیداکار دەرگای ئازادی بیرورا دەربڕین والاکراوە.. دیارە گۆڤار- کە هۆیەکی گرنگی راگەیاندنە لەم سەردەمەدا مینبەرێکی لەباری ئاراستەکردن و دوانگەیەکی کاریگەری شیکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیە، زمانی دەربڕینی حاڵی نەتەوەیە، کلاورۆژنەی گزنگ بەخشین بەهۆش و بیرو دەلاقەی روانینە گۆرەپانی واقیعە).

پاشان لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دەرچوونی یاسای بلاوکراوەکان لەلایەن پەرلەمانەوە لە رۆژی ١٩٩٣/٧/١١ مۆلەتنامەی ژمارە (٣)ی وەرگرت.

لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤارەکەو بە تایبەتی لە سەروتارەکانیدا ئەم چەند ئاماژە دەخوێنرێتەوە کە دەشێت وەك هێڵە گشتییەکانی گۆڤارەکە حیسابی بۆ بکرێت.

- گرنگیدانی هەمەلایەنە بەمەسەلە نەتەوەییەکان.

- جەخت کردنەوە لەسەر کاریگەری و گرنگی هەمەلایەنەی راگەیاندن.

- گۆڤارەکە گشتییە و بابەتی هونەری و ئەدەبی و زانستی و پزیشکی بلاودەکاتەوەو گرنگی بە کێشە رامیاریو کۆمەلایەتی و مێژووییەکان دەدات.

- بیرکردنەوەی گشتگیریانەی لە کێشەی کوردو ئاماژە بە خەباتی پر لە کۆسپ و درێژخایەنە.

- بزواندن و زیندووکردنەوەی گیانی بەرپرسیاریەتی ئایینی، وەك بەشێك لە دروستکردنەوەی کەسایەتی تاکی کوردی.

- بەئاگا هێنانەوەی مرۆڤی کوردو چاو هەڵهێنانەوە بەسەر برینەکانیدا.

- جەخت کردنەوە لەسەر یەکدەنگی و یەکریزی رۆڵەکانی جەماوەری کۆمەڵگەی کوردی بەرانبەر هەموو ئەو فشارو دوژمنایەتییەی دەکرێتە سەریان.

- گرتنەبەری رێگە چارەی گفتوگۆ و لێك حاڵی بوون لەبەرانبەر کێشەکانداو دوورکەوتنەوە لە توندو تیژی و بەکارهێنانی هێز.

- لە پێش دەرچوونی (١١) و لەلاپەرە (١٢)ی ژمارە (١٠)دا ، دەستەی نووسەران

هەولێرنامەی کتێب

روونکردنەوەیەکیان بڵاوکردۆتەوەو تیایدا بڕیاریان داوە ساڵی رۆژنامەگەری گۆڤارەکە بخەنەوە سەری ساڵی تازەی زایینی، واتە کانونی دووەمی ١٩٩٣ ، بەمەش لە ساڵی یەکەمدا (١٩٩٢) تەنیا (١١) ژمارەی لێ دەرچووە.

## چەند زانیارییەکی گشتی
## لەسەر ژمارەکانی (١-٥٤)ی پەیامی راستی

أ- کۆی ژمارەکان : ٥٤ ژمارە لە دووتوێی ٤٧٣٨ لاپەڕەی قەبارە جیاوازدا.

ب- بەشە سەرەکییەکانی گۆڤارەکە:

١- سەروتار: کەسیاسەتی گۆڤارەکەی دیاری دەکردو هەڵوێستی لەمەڕ رووداوە جیاوازەکان لەخۆ دەگرت.

٢- لە ژمارە (سفر) تا ژ (١٤) بابەتەکان بە تێکەڵی و بەدوای یەکدا چاپ بوون، بەڵام لە ژمارە (١٤-٣٥) بەشەکان بەم جۆرە جیاکراونەتەوە:

**پەیامی کۆمەڵایەتی.**

**پەیامی جگەرگۆشە کە لە ژمارە (١٨)ەوە بووەتە گۆڤارێکی سەربەخۆ.**

**پەیامی ئەدەبی و هونەری.**

**پەیامی زانستی.**

لە ژمارە (٣٥) تا ژمارە (٤١) دووبارە ناوی بەشەکان نەماون و لە ژمارە (٤١)ەوە تا (٥٤) ناوەکان هاتونەتەوە بەڵام بەبێ وشەی (پەیام) گۆشەکانی مێزگرد، هەر جارەی نووسەرێك هەر جارەی کێشەیەك ، تەوەرەو ریپۆرتاژ زیاد کراون.

أ- لەرووی قەوارەوە بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێپەریوە:

١- ژمارەکانی سفر-٣٤ بە قەوارەی، (٥، ١٤×٥، ١٩)سم ٢٣٩١ لاپەڕەی لێ دەرچووە.

٢- ژمارەکانی ٣٥- ٤٠ بە قەوارەی، (٥، ١٩×٥، ٢٣)سم ١٩٥٦ لاپەڕەی لێ دەرچووە.

د- لەرووی ماوەی دەرچوونەوە بەهەمان شێوە بەسێ قۆناغدا تێپەریوە:

١- ژمارەکانی سفر-٣٤ مانگانە

٢- ژمارەکانی ٣٤- ٥٠ دوو مانگ جارێك

٣- ژمارەکانی ٥١-٥٤ بە شێوەی وەرزی

هـ- بەرێوەبەرو دەستەی نووسەران و هەڵسوڕێنەرانی گۆڤارەکە:

١- لە ژمارەکانی ١-١٨ هیچ ناوێکی بەسەرەوە نییە، جگە لە دەستەی نووسەران.

٢- خاوەنی ئیمتیاز: ژمارەکانی ١٨-٤٧ عوسمان جوتیار ، ٤٦-٥٤ سالم الحاج.

٣- سەرنووسەر: ژمارەکانی ١٨-٤٧ هادی عەلی، ژمارەکانی ٤٨-٥٤ مەولود باوە مراد.

٤- جێگری سەرنووسەر: ژمارەکانی ٢٣-٤٧ مەولود باوە مراد، پاشان لە ژمارە (٤٨) هەڵگیراوە.

٥- بەرێوەبەر (یاسەرپەرشتی) نووسین: ژمارەکانی ١٨-٢٢ عومەر عەبدولعەزیز ، ژمارەکانی ٢٣-٣١ ئەندازیار ئیبراهیم ساڵ .

٦- سەرپەرشتی هونەری (یا بەرێوەبەری نووسینگە): ژمارەکانی ٢٣-٥٤ عەبدوڵا نەجمەدین.

و- لە رووی بڵاوکردنەوەی بابەتە جیاجیاکانەوە:

١- کێشەی کورد: ٤٩ بابەت لە ٤٢٥ لاپەڕەدا.

٢- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: ٨٧ بابەت لە ٥١٣ لاپەڕەدا.

٣- کێشەی گەلانی ئیسلامی: ٢٢ بابەت لە ١٠١ لاپەڕەدا.

٤- دەقی ئەدەبی: أ- ١٨ پارچە شیعر لە ٢٨٠ لاپەڕوەدا.

ب- ٨١ چیرۆك لە ٣٠٠ لاپەڕەدا.

٥- وتاری گشتی: ٧٠٦ ووتار لە ٢٨٤٥ لاپەڕەدا.

واتە بە گشتی: ٩٧٥ بابەتی جیاجیا لە (٢٨٤٥) لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.

ز- ژمارەکانی (٢٧-٢٨) و (٣٢-٣٣) لەبەر هۆی تایبەتی لەیەك بەرگدا دەرچوون.

ب- لە ژمارەکانی (١٤-١٨) بەشی منالان وەك بەشێك بووە لە گۆڤارەکە وبە ناوی (پەیام و جگەرگۆشەکان)، پاشان لە ژمارە (١٨)ەوە وەك گۆڤارێکی سەربەخۆ جیا بۆتەوە.

ط- لە رووی هونەرییەوە: گرنگە لەم رووەدا چەند کاریگەرییەك بخەینە بەرچاو کە چۆنیەتیو ئاستی رووی هونەری ئەم گۆڤارە و زۆر لە گۆڤارەکانی دیکەی گۆرەپانەکەیان دیاری کردووە، لەوانە:

- ئەو نائارامیو ئالۆزییە رامیاریو گەرە یەك لە دوای یەکانەی شەری ناوخۆو خۆکوژی کە هەموو روبەێکی هەرێمەکەیان هەراسان دەکردو گەلێك کەس و دام و دەزگاو دامەزراوی بێ لایەن پریشکیان بەردەکەوت و کەم تا زۆر زیانیان لێ دەکەوت. لە میانەی دەرچوونی ژمارە (٢٣)ی (پەیامی راستی) دا نووسینگەکەی بەهەڵە- بەرتالانی کەوت و زۆر لە کەلو پەل و بەشێکی ئەرشیفەکەی فەوتا.

- گەمارۆی ئابووری کە کارێکی گەورەی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەبوو، لەلایەن گرانی ولەلایەن دەگمەنی و دەست نەکەوتنی کەرەسەو ئامێرەکانی بەچاپ گەیاندن.

- کەمی دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوە ، ئەوانەی کە هەشبوون جگە لە حکومییەکان- زۆر سادەو سەرەکی بوون و، هەرگیز دەرهێنانی هونەرییانەی گۆڤاریان لە باردا نەبوو.

- کەمی و نەبوونی کادیری هونەری کارامەو ئەکادیمی کاریگەری خۆی هەبوو، زۆر لە کرێکاران و راپەرێنەرانی گۆڤارەکە بە ئەزموون و بەجێهێنانی هەلەو راست لایەنی هونەریان بە ئاکام دەگەیاند، بۆیە سەر وخوار وهەڵکشان و داکشان بە ئاسانی بە ژمارەکانییەوە دیارە.

١- لە ژمارە سفر تا ٣٤ چاپی وتارەکان میکانیکی و کارەبابیەو مانشێت و ناونیشانی وتارەکان بە دەست نووسراون و، ژمارەکانی ١-١٤ تەنیا رەنگی رەش و لە ١٤-١٨ دوو رەنگی (قاوەیی سەوز، شین+ سوور) و لە ژمارەکانی (١٨-٣٤) سێ رەنگ بەکارهاتووە.

٢- لە ژمارەکانی ٣٥-٤٨ چاپی وتارەکان بە کۆمپیوتەر کراون و رەنگی بەرگەکان تا ئاستێك پێشکەوتنیان پێوە دیارە.

٣- لە ژمارە٤٨-٥٤ سەرەرای چاپی وتارەکان و دەرهێنانی هونەری، بەرگی دەرەوەش پێشکەوتنێکی بەرچاوی پێوە دیارە.

ك: لەسەر هەموو ژمارەکان سالی زایینی و کۆچی ومانگەکانیان نووسراون.

ل: لە ژمارە(سفر) تا ژمارە(٢) لەسەر بەرگ و لاپەرەی یەکەمی ناوەوە نووسراوە: گۆڤارێکی رۆشنبیری مانگانەی گشتییە ، کۆمەڵی ئەدیب و نووسەر دەری دەکەن، پاشان لە ژمارە (٣-١٤) مەوە بووە بەکۆمەڵێ نووسەرو ئەدیبانی موسلمانی کورد دەری دەکەن، لە ژمارە(١٤) بەدواوە بووە بە کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان.

م: نووسینەکانی گۆڤاری پەیامی راستی ساکارن و ئالۆزو بەرفراوان نین، بەلام لەگەڵ گۆرینی قۆناغەکانیدا ئەوانیش گۆرانیان بەسەرداهاتووە.

١- لە ژمارەکانی سفر-٣٥ بابەتەکان لە نێوان( ٢-٤-٦ ) لاپەرەدان.

٢- لە ژمارەکانی ٣٦-٤٠ بابەتەکان لە نێوان ( ٨-١٠ ) لاپەرەی گەورەدان.

٣- لە ژمارەکانی ٤١-٥٤ بە گشتی بابەتەکان درێژدەبنەوەو لە نێوان ١٥-٤٠ لاپەرەدان.

س: تیراژی گۆڤارەکە: بە پێی قۆناغە جیاجیاکانی گۆڕانی بەسەرداهاتووە:

١- لە ساڵی یەکەم تا ساڵی چوارەم، ساڵی ١٢ ژمارە جگە لە ساڵی یەکەم لە١١ژمارە بوو- ساڵانە ٣٠ هەزار دانەی لێ چاپ بووە واتە هەر ژمارەی (٢٥٠٠)دانە.

٢- پاشان تیراژەکەی بۆ ١٢٠٠ و هەزار و هەشت سەدو پێنج سەد کەم بۆتەوەو بەرەو گۆڤارێکی دەستەبژێری چووە.

ع: لە گۆڤاری پەیامی راستی دا هەواڵ و رووداوە ناوخۆییەکان بەرچاو ناکەون، بەڵام باس لێکردن و شیکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتن لە بەرانبەر مەسەلە گرنگەکانەوە دیارە.

ف: ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینییە لەو ماوەیەدا حەوت ساڵ زۆر لە گۆڤارو بلاوکراوەکان. لەبەر هۆکاری خودی یا بابەتی لەکارکەوتن و لە چەند ژمارەیەکی کەم بەولاوە بڕیان نەکردووەو وەستاون، بەڵام گۆڤاری- پەیامی راستی- سەرەڕای ئەو بارودۆخ و ناهەمواریيانە دووچاری داخستن و وەستان نەبووە.

ص: تا ژمارە(٥٤) یش گۆڤارەکە هیچ جۆرە پڕوپاگەندە و راگەیاندنی بازرگانی بۆ هیچ دام و دەزگاو دامەزراوێك نەکردووە.

ق: یەکەم چاوپێکەوتن لە ژمارە(٢)ی گۆڤارەکەدا کراوە لەگەڵ بەڕێز: موئەیەد بریفکانیدا کە جێگری سەرۆکی رابیتەی ئیسلامی کوردە.




ر: یەکەم ریپۆرتاژ لەسەر شەری ناوخۆیەو لە ژمارە(٢٧، ٢٨) بلاوکراوەتەوەو بەشدارانی: تا بابان — لەتیف هەڵمەت = ئازاد قەزاز- بەختیار عەلی- حەسەن هەمزە- عەتا قەرەداخی- حەمەکەریم عارف- عەبدوللا بەرزنجی- یەو پەیامنێری - پەیامی راستی (شوان میرزا) ئامادەی کردووە.

ش: یەکەم وێنە لە ژمارە(٢)دا لەبەرگی ناوەوە وێنەی (خادیم)ی شاعیر و لەلاپەڕە (٢)دا وێنەی موئەیەد بریفکانی یە.

ت: لە ژمارە(٢) بەدواوە لاپەڕەی کۆتایی لە زۆری ژمارەکاندا تایبەت بووە بە هونەری کاریکاتێرو زۆربەیان لە وێنەکێشانی هونەرمەند(سەرباز)و ئەوانی دیکەش وەرگیراون.

## پەیامی راستی و کێشەی کورد

هەر لە ژمارە (سفر)ی پەیامی راستییەوە کێشەی کوردو لێکۆڵینەوە لەسەری و ناساندنی مێژوو وکەلەپیاوانی تەوەرەو مەبەستی سەرەکی بووە، هەر وەك ئاماژەی پێکرا لەم (٥٤)ژمارەیەدا (٤٩) بابەتی جیایا لە دووتوێی (٤٢٥) لاپەڕەدا لەسەر ئەم بابەتە نووسراوەو لە چەندین تەوەرەی جیاجیادا خۆی دەبینێتەوە وەك:

- هەڵدانەوەی لاپەڕە سەروەرییەکانی مێژووی کوردو دووبارە خوێندنەوەو شیتەڵ کردنەوەی هەندێ مەسەلەو بابەتی مێژوویی کە رەنگە ئاڵۆزی ولێڵی یان بەرانبەر دروست بووبێت.

- لاکردنەوە بەلای ئافرەتی کوردو ناساندنی کێشە و تەنگ و چەڵەمە و هیواو ئاواتەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا و پێشکەش کردنی تێگەیشتنی تایبەتی لەو بارەیەوە.
- هەواڵی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئامادەکردنی ریپۆرتاژ لە بارەیانەوە.
- ناساندن و بەسەرکردنەوەی کەلەپیاوو هونەرمەندو زاناو ئەدیبانی کوردو لاکردنەوە بەلای خزمەت و هەول و چالاکییەکانیان و هەوڵدان بۆ نەمرکردنیان، بەتایبەتی ئەوانەی نەناسراون یا کەس لای لێ نەکردوونەتەوە.
- بەسەرکردنەوەو یادهێنانەوەو شیکردنەوەی کارەساتە هاوچەرخەکانی کۆمەڵگەی کوردی، وەك تاوانەکانی کیمیاباران کردن و هێرشە دڕندەکانی بەناو ئەنفال و سووتاندنی دێیەکان و بەزۆر بەعەرەب کردن و هەڵمەتەکانی راگواستن. بۆ تۆمارکردن و بە زیندووهێشتنەوە لێکۆلینەوە لە بارەیانەوە.
- لاکردنەوە بەلای ئابووری کوردستان و چۆنیەتی وەبەرهێنان وبەکاربردنی سامان و داهاتە نەتەوەییەکان و هەولدان بۆ دروست کردنی هۆشیارییەکی تایبەت لەو بارەیەوەو چاوپێکەوتن لەگەل پسپۆڕو لێهاتووانی ئەو بوارەدا.
- گرنگی دان وتۆمارکردنی مەسەلەی کۆچ و رەوی عەقڵ و توانا کوردییەکان بەرەو هەندەران و شیکردنەوەی هۆکار و کاریگەری و ئاکامەکانی لەسەر ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی و باسکردن لە رەنگدانەوە نێو دەوڵەتییەکانی.
- شیکردنەوەو وێنەکێشانی حاڵە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی وەك سوالکردن و ژن هێنان و هتد.. وەك گرنگی دان بەو کێشە کۆمەلایەتییانەو هەوڵدانی پێشکەش کردنی رێگە چارەی شیاو لە بارەیانەوە.
- کردنەوەی دەروازە بۆ رۆشنبیرو نووسەران بۆ لێدوان لەسەر ستراتیژە بالاکانی نەتەوەیی کورد. وەك هەولێك بۆ لێك نزیککردنەوەی تێزو بیروهۆشە جیاوازەکان و خوڵقاندنی گەورەترین رووبەری زەمینەیی کاری هاوبەش و چاندنی گیانی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەو ستراتیژە بالایانەو کردنەوەی ئاسۆیەکی ئایندە بە رووی مەسەلەکەدا. ئەمەش وەك پێکهێنانی بەشێك لە رۆشنبیری نەتەوەیی تاکی کوردی.
- بەخشینی سروشتێکی ئیسلامیانە بە کێشەی کوردو هەوڵدانی بزواندنی وەك مەسەلەیەکی ئیسلامی، چ بۆ گورج کردنەوەو زیندووکردنەوەی گیانی بەرپرسیاریەتی و خەباتکردن لە ناوەو لای تاکی کوردی و باسکردن لە خزمەت بە گەلی کورد وەك بەشێك لە مەسەلەی ئایینپەروەری و رەواندنەوەی دوورەپەرێزی هەستی ئایینی لە هەستی نەتەوایەتی و توند پێکەوە گرێ دانەوەیان، لە دەرەوەش بۆ بزواندنی رای ئیسلامی و بەرپرسیارکردنی ئیسلامیانەی ئەو گروپ و رێکخراوانەی خەمخۆری کێشەی گەلانی ئیسلامیان کردۆتە دروشم. ئەمەش لە رێی سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتی جیاجیای ئیسلامی و ناسین و خستنە بەرباسی دیدوبۆچوونیان لە مەڕ کێشەکە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو گرنگیدانە هەمەلایەنی و گشتگیرییەی لە ژمارەکانی سەرەتادا باسی لێوە دەکرا، تا ئاستێکی باش بەجێ هێنراو خرایە بەرباس. بە وردبوونەوە لە کۆی ئەو وتارو باسانەی لەم کێشەیە کراون چەند تەوەرەیەکی سەرەکی خۆی دەنوێنێت، کە دەتوانرێت وەك هێلە گشتییەکانی بەرنامەی پەیامی راستی لەمەڕ چارەسەرو بەرەو پێشبردنی کێشەی کوردی بناسرێت، بە تایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ، کە لە زۆر لێکۆلینەوەدا، لەبەر هۆکارە دەرەکی و

دوژمنایەتییەکان، لاکردنەوە بەلای ناوەوەدا کەم بوەو زۆرجـــار شکســـتییەکان دراونەتـــە پـــاڵ هۆکـــارە دەرەکییـــەکان، ئـــەو هێلانـــەش کـــە لـــە میانـــەی باسەکانەوە دیارن ئەمانەن:

- زیـادکردن و خسـتنە پـاڵی هۆکـارێکی دیکـەی بەهێز بە خەباتی رزگاریخوازی کـوردی، کـە ئـەویش هەسـت و سـۆزی ئیسـلامی یـە، دیـارە ئەمـەش هـەنگاوێکی گـەورەو بەنرخـە، چـونکە کۆمەڵگـەی کوردی زیاتر لە ٩٥٪ی موسلمانەو، هەست و سۆزی ئاینی زۆر بەئاسانی و گەورەیی دەتوانێت بیجولێنێت و تواناو لێهاتنەکانی یـەك بخـات، **رەواندنـەوەی ئـەو گومانەی کـە گوایـە ئـایی پـەروەری و شۆڕشـگێری نەتەوەیی پێکەوە کۆ نابنەوە، کە ئەمـەش بـۆ خـۆی برینێکـی گـەورەی جەسـتەی برینـداری کۆمەڵگـەی کوردی بوو.**

- زیادکردن و پەرەپێدانی هۆشیاری تاکی کوردی بە قەوارەی راستەقینەو قۆناغی ناسکی کێشەکەی و ئەو خاڵ و دەروازە لاوازانەی کە دەشێت لێیانەوە زەفـەری پێ ببرێت و ئازار بە جەستەی بگەیەنێت، ئەمەش لە رێگەی لێکۆڵینـەوەو لاکردنـەوە بـەلای ئـەزموون و شکست و سەرکەوتنە مێژووییەکانەوە.

- ووردکردنەوەو شیتەڵ کردنەوەی کێشـەی کـوردی بـۆ هـەموو لایەنـەکانی دەرەوەو نـاوەوە، رووکـارە کۆمەڵایـــــەتی و رامیـــــاری و ئـــــابووری و رۆشنبیرییەکانییەوە، هەڵوێستە کردن لە ئاست هـەر یەکێکیانـدا بـە تـەنیا و پێشـنیاری تێپەرانـدن و چارەسەرکردنیان.

- نەفرەت کردن و رەتکردنـەوەی شـەڕو ناکۆکییـە ناوخۆییەکان، ئەوانەی ماڵی کـوردی کـاوڵ دەکـەن و جیاوازییـەکان قـوڵ دەکەنـەوە و دایدەبەزێننـە کایـە کۆمەڵایەتیەکانـەوە، باسـکردن لـەو هۆکارانـەی دەیانخولقێنن و گەورەیان دەکەن، پێشنیاری یـەکگرتن و توانـای سـینەفراوانی و لێبـوردن و قبـوڵ کردنـی فەرەلایەنی سیاسی و رێزگرتنی بەرانبەرەکان، هەموو ئەمانەش بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندی گەل و بنەڕەتی کێشەکە نەبێت، هیچ کام لە لایەنانی بەشـەڕ هـاتوو نەتوانن خراپ سوودی لـێ ببیـنن و بـەلای خۆیانـدا بیشکێننەوە. ئەمەش وەك سیاسەتێکی دانایانـە کـە بتوانێت خزمەتێك بە ئەم قۆناغەی کۆمەڵگە بکات و ئاگری شەڕەکان چـیتر هەیـە بـەرەو بچـووکی و کـەم قەوارەیی ببـات، گرنگـە لـە(٥٤) ژمـارەی حـەوت ساڵەی پرشەرو پشێوی دا برگەیەك یا رستەیەك نییە بۆنی شەڕو خۆشکردنی ئاگری لێ بێت، کە بە داخەوە زۆر لە گۆڤارو بلاوکراوەکانی دیکەی گۆڕەپانەکە کەم تا زۆر بە ئاگایی یا نائاگایی تێی دەکەوتن.

- باسکردن لە ژیـانی مـەدەنیـەت و دیموکراسـی و بانگەشەی ئاشـتی و گفتوگـۆ وەك رێگـە چـارەیەکی شارستانی بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەری کێشـەکان و، مەحکوم کردن و رەتکردنەوەی شێوازە توندو تیـژ و شەڕهێنەکان لە مەسـەلە ناوخۆییـە بچـووکەکاندا و جولاندنی هەست و سۆزەکان بەلای میانڕەویی و نەرم و نیانیدا.

- هەوڵدان بۆ تۆمارکردن و زیندوو هێشتنەوەی ئەو ستەم و زۆرەی لە گەلەکـەمان کـراوە، لـە دوێـنێ و ئـەمڕۆدا، هێنانـە کایـەی ئـەزموون و هەڵسـان وکەوتنەکان، بە مەبەستی لەبەرچاو بـوون و دووبـارە نەکردنەوەیان، چونکە پێی وابووە هەڵەی یەکەم جـار هەڵەیە و بواری لێبوردنی لە هەموو لایەکـەوە زۆرە، بەڵام دووبارە کردنەوەی بۆ دووەم جار دەبێتە تـاوان و ئەنجامدەرانی مەحکوم دەکات.

- بەرجەستە کردنی ستراتیژیەتی خەباتی نەتەوەیی کورد لە دەوڵـەتی کـوردی و کوردسـتانی گـەورەدا، لەگەڵ خوێندنەوەو ناسینی تان و پۆی واقیع و قۆناغی سیاسی کێشـەی کـوردو بارودۆخـە ناوچـەیی و نێـو

دەوڵەتییەکاندا. دان نان بە پلەبەندی و ریزکردنی هیواو ئاواتەکان و واقیعی بوون، بۆ ئەم قۆناغەش رازی نەبوون بە کەمتر لە فیدرالیەت.

- گفتوگۆ و خستنە بەر باسی هەندێ بابەتی گرنگ، کە کاریگەرییان لەسەر یەکخستنەوەی دیوی ناوەوەی ماڵی کوردیدا هەیە، وەك پەیوەندییەکانی: جەماوەر - دەستەبژێری- رۆشنبیر-دەسەلات، لەگەل جەخت کردن لەسەر پەرەپێدانی دامەزراوە مەدەنییەکان و هەوڵی کاراکردنیان.

## پەیامی راستی و ئەدەبی ئیسلامی

هەر چەندە زاراوەی ئەدەبی ئیسلامی تا ئێستاش یەکێك لەو زاراوانەیە کە گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری هەڵگرتووە و چەندین رای جیاوازی لە بارەوە وتراوە، هەر لە بە فەرزکردن و توند پەیوەست بوونەوە تا تەواو رەتکردنەوەو ناونەهێنان باسی لێوەکراوە. پەیامی راستیش ئەگەر ئەوەندەش لەسەر خودی زاراوەکە - ئەدەبی ئیسلامی- پێی دانەگرتبێت و ناولێنانی بەلاوە مەبەست نەبووبێت، ئەوا هەوڵی داوە لە رێی ئەو پارچە ئەدەبییانەی لە شیعرو چیرۆکەکاندا خۆی نواندوە کۆمەڵە چەمك و جیهانبینییەکی تایبەت پیشان بدات، واتە بوارێکی کرداری کردۆتەوە بۆ لێکۆڵەرانی ئەم رووبەرە تا بتوانن تەنزیری ئەدەبی ئیسلامی کوردی لەمیانەی بەرهەمە بلاوکراوەکانی پەیامی راستیەوە بکەن.

لاکردنەوەی پەیامی راستی بەلای ئەم بوارە گرنك و ناسکەدا جۆرە ئاشتبوونەوەو تەبایی و تازەبوونەوەیەکی پێوە دیارە، هەوڵەکانی لە نزیك کردنەوەی هەردوو رووینای ئایینی و ئەدەبییدا کاریگەرییەکی باشی هەبووە لە پەروەردەکردنەوەو گەشەپێدانی زەوقی ئەدەبی تاکی کوردیدا مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، مەودایەکی باشی کردۆتەوە بۆ حەوانەوەی مێشك و دل و دەروون بێ ئەوەی سنوورە شەرعییەکان ببەزێنێت و کاریگەری دەروونی خراپ لای خوێنەرانی بەجێ بهێڵێت.

رووبەری ئەدەبی پەیامی راستی زۆر مەسەلەی گرتۆتەوە هەر لە مەسەلە نەتەوەیی و مەرگەساتە کۆمەڵایەتی و دژوارییە رامیارییەکانەوە بیگرە تا مەسەلەکانی ئافرەت و منداڵ و جوانی و هونەرو سروشت، ماددەی بابەتەکانن و لەو جیهانبینیە تایبەتەوە تانوپۆیان پێدراوە، لە رووکارو جوانسازی دەرەوەشدا لە بەرهەم و ئەدبیاتی گۆڕەپانەکەی دوانەکەوتووە و دەنگی تایبەتی خۆی هەبووە. دەمێنێتەوە ئەوەی جێی سەرنج بێت کە هێندەی دەق و ئیلهامی ئەدەبی هاتوونەتە بلاوبوونەوە، ئەوەندە هەوڵی بەدواداچوون و مەیدانی رەخنەسازی و لێپێچانەوە گەرم نەبووەو بابەتەکان گفتوگۆی وایان لەسەر نەکراوە.

بەشی لێکۆڵینەوەو بەرهەمە ئەدەبییەکان لە قەوارەی پەیامی راستی نزیکەی چارەکێکە، کە ١٨٧ پارچە شیعر لە ٢٨٠ لاپەرەو ٨١ چیرۆك لە ٣٠٠ لاپەرەو ٨٧ باسی لێکۆلینەوەی ئەدەبی جیاوازە لە ٥١٣ لاپەڕەدا، واتە ئەدەب نزیکەی ١١٠٠ لاپەرەی پێ براوە وردبوونەوەی هێمنانە لەم قەوارە ئەدەبییە ئەم هێڵە گشتییانە بەرجەستە دەکات.

- لاکردنەوەو گرنگی دان بە گەشەپێدان و نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی دیارو ئاشکرایە، دەیان باس لەمەڕ ناوداران و شاعیرانی کۆنی کوردی کراوەو بابەت و بەرهەمە بلاونەکراوەکانیان بە رووناکی گەیەنراون و توێژینەوەیان لەسەر کراوە.
- گرنگی تایبەت بە ناساندن و پیشاندانی رێبازە ئەدەبییە رۆژئاواییەکان دراوە، وەك ئەزموونی ئەدەبی گەلانی جیهان، کە کەڵە پیاوو بەهرەمەندانی باشیان پێ گەیاندوە بەرگی نەمری و دەرچوون لەکات و شوێن بە بەر زۆر لەبەرهەمەکانیاندا کراوە.

- ئەمە بەرچاوی ئەوەی ئەم نموونانە شایانی سوود لێوەرگرتن و تەوزیف کردنن.

- بەرجەستەکردنی گەلێك مەسەلەی رامیاری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری لەمیانەی بەرهەم و دەقە ئەدەبییەکانەوە، پاش ئەوەی بە رووبینایەکی ئیسلامیانەدا گوزەریان کردووە، یا بەر مۆری رەزامەندی تێگەیشتنێکی ئیسلامی کەوتوون، کە ئەمەش رۆڵی لە لێك حاڵی بوون و نزیك کردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکاندا بینیووە.

- ناساندنی پەیرەوی ئیسلامیانە لە ئەدەبدا و روونکردنەوەی پانتاییەکانی لە رێی دەق یا لێکۆڵینەوە جیاجیاکانەوە.

- ناساندنی کۆمەڵێك لە شاعیرو چیرۆکنووسان بەگۆڕەپانی ئەدەبی کوردی: لەوانە شاعیران (جوتیار، ئارام ئەحمەد جاف، سەلاحەددین بابەکر، ئەبوبەکر کاروانی، رزگار هەڵەبجەیی، نەبەز هەورامی، عادل شاسواری، گۆران عەباس).

- چیرۆکنووسان(حەسەن مەحمود حەمەکەریم، سۆران سێوکانی، عەبدول حسێن، بەهرە عەلی، دایکی بینایی، سەبا، سەرەڕای چیرۆکنووسە ناسراوەکان: ئەحمەد قادر سەعید- محەمەد ئەمین ئەحمەد، نجم عبدالله لە باسە ئەدەبی و لێکۆلینەوەکانیشدا: ئەحمەد قادر سەعید، عومەر عەبدولعەزیز ، نەجم عەبدوڵلا ، ئیبراهیم سالح، رەعد فائق، بەرچاو دەکەون.

## پەیامی راستی – و کێشەی گەلانی ئیسلامی

وەك بوارێك بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیری گشتی و زیندووکردنەوەو پەرەپێدانی گیانی هاوسۆزی ئیمانی و چەوساوەیی گەلە ستەملێکراوەکانی جیهان، پەیامی راستی لە ژمارەکانیدا لای بە لای گەلێك کێشەی ئەو گەلانەدا کردۆتەوەو جۆرە ناساندن و گرنگی پێدانێکی پێ بەخشیون.

لەو(٥٤) ژمارەیە کە (٢٢) بابەت لە دوو توێی (١٠١) لاپەرەی قەوارە جیاوازدا لەمەڕ کێشەی گەلانی ئیسلامی وەك(چین، گویانا، ئەمریکا، بەریتانیا، کوریا، ئەلبانیا، سیبریا، فەتانی، کشمیر، تاجیکستان، بوسنەو هرسك، مالیزیا، ئۆزبەکستان، حەبەشە، سریلانکا، بلاوبوونەتەوەو (٨) بابەتیان ئەندازیار سدیق عەبدولعەزیز نووسیویەتی : لەسەرنجدانی هێواشی ئەم بابەتە بلاوکراوانە ئەم چەند راستییە بەرجەستە دەبن:

- پەیامی راستی گرنگی تایبەتی بە دروست کردنی هۆشیارییەکی باش دەربارەی کێشەو تەنگ و چەڵەمەی گەلانی جیهان بە گشتی و گەلانی ئیسلامی بە تایبەتی داوە، وەك دەرککردن بە واقیع و بارودۆخی ئەم سەردەمەی کە مرۆڤایەتی بەرەوهەزارەی سێیەم گوزەری پێدا دەکات.

- تۆخ کردنەوەی گیانی برایەتی ئیمانی و ئیسلامی و بزواندنی هاوسۆزی بەرامبەر بە کێشەی زۆرێك لەو گەلانەی شوێنە جیاجیاکانی جیهان، کە رەنگە تاکە هۆکاری ئازاردان و چەوسانەوەیان ئەو ناسنامە ئیسلامییە بێت کە رازی نابن بە سڕینەوەی.

- لە رێی باس و تاوتوێی ئەم کێشە و لێکۆڵینەوە لە هێزو رێکخستن و چالاکی گروپ و کۆمەڵە ئیسلامییەکانەوە تا رادەیەکی باش رەگی قوڵی باوەڕی ئیسلامەتی و رووبەری فراوانی رابوونی ئیسلامی هاوچەرخ بەرجەستە دەبێت.

- دەرگاکردنەوە بە رووی کۆمەڵێك ئەزموونی جیاجیای جیهاندا، بەرجەستە کردنی پەیوەندی نێوان جەماوەرو دەسەلاتداران و هاوکێشە ئالۆز و هەمەلایەنەکانی نێوانیان، وەك کۆمەڵە واقیعێکی شیاو بۆ سوود لێوەرگرتن بۆ قۆناغی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی.

- کردنەوەی دەروازەیەکی ئامادەو واقیعی کە مرۆیی و جیهانییەتی ئیسلام وەك بەرنامەیەك رابگەیەنێت و ئاستی پەیوەستی و لە دڵدا جێگیربوونی ئەو گەلانەی بۆ ئاشکرا بکات، کە چۆن پاش چەندین ساڵەی زوڵم و زۆرو بەکارهێنانی دەیان نەخشەوپلان و درندایەتی بەڵام باوەڕە ئایینیەکەیان هەر ماوەو خەفە نەبووە. ئەمە زۆر ڕەهەندی بەهێزی مرۆیی و سروشتی پاکی ئیسلام وەك ئایینێکی ئاسمانی دەردەخات.

## پەیامی راستی و رۆشنبیریی دەستەبژێر

لایەنە جۆراوجۆرەکانی گۆڤارەکە کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە، بۆیە هەر مەبەستێکی دیاریکراو کە گۆڤارێك یا بلاوکراوەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت، شێوەو قەوارەو دەرهێنانی هونەری و ماوەکانی دەرچوونی دیاری دەکەن. هەر وەك باسکرا کە سەرەتا پەیامی راستی گۆڤارێکی گشتی و رۆشنبیری بوو. لە قەوارەیەکی بچووك و بە ژمارەی (٧٠)لاپەڕەیەك دەردەچوو، بابەتەکانی سادەو کورت بوون و زۆریان بە ئاسانی ماناکانیان بەدەستەوە دەدا، گۆڤارەکەش مانگانەبوو، لەو سەرەتایەشەوە وەك نۆبەرەیەك کاری دیکەی ئیسلامی راگەیاندن لە پاڵیدا کەم بوون، بۆیە بەدەمەوە هاتنێکی گەورەی لە جەماوەرەوە هەبوو، مانگانە نزیکەی (٣٠)ژمارەی لێ تەواو دەبوو. بەڵام بە گۆڕانی یەکەم لە ژمارە(٣٥)دا بۆ دوو مانگ جارێك و هەڵکشان و داکشانی دەرهێنانی هونەری ئەو ژمارانە و پاشان لە ژمارە(٥١)دا بۆ گۆڤارێکی وەرزی گۆرانی خستە پەیکەرو دەرهێنان و چۆنیەتی گۆڤارەکەوە. یەکێك لە گۆڕانە بەرچاوەکان بەرەو دەستەبژێر چوونی گۆڤارەکە بوو، سروشتی گۆڤاری وەرزی وایە کە ئاسان نییە گشتی و سادە بێت و نووسەرو خوێنەرانیش پێویستە سێ مانگی تەواو لە نێوان دوو ژمارەدا چاوەڕوان بن.

ئەم گۆڕانە لە گۆڤارەکەدا لای ژمارەیەك لە خوێنەرانی- کە زۆریان خوێنەری گشتی- بوون بە ئاسانی قبوڵ نەدەکرا و گلەیی لە بەرانبەر بابەتەکانی لەملاولا دەبیسترا، کورتەی ئەو مەسەلانەش لەم خاڵانەدا خۆی دەنواند.

خوێنەرانی وا راهاتبوون، کە گۆڤارێکی مانگانە یا دوو مانگانەیان بچێتە بەردەست ،بەڵام وەرزێك ماوەکەی درێژەو دوورنییە هەندێکیان بیریشیان لە نەچێتەوە شێوەی زمانی نووسین لە پەیامی راستی دا گرانەو گەلێك زاراوەی نامۆ و ناباو بەکار دەهێنرێت، کە خوێنەران بە دەستییەوە ماندوو دەبن. بە تایبەتی لە بابەتە کۆمەلایەتی و ئەدەبی وفیکرییەکاندا. ئەم دیاردەیەش سەرەڕای گرانی و ئالۆزی بارێکی نادروستی زمانی کوردییەوە ئەوەندەی ڕەنگدانەوەی لاسایی کردنەوەی لێکۆڵینەوە رۆژئاواییەکانە ئەوەندە گوزارشت لە خودی رۆشنبیری کوردی ناکەن.

پرۆگرامی لێکۆڵینەوە و مەبەستی بابەتەکان چڕو ئاڵۆزن و خوێنەران ماندوو دەکەن و گەلێك جار- بەرای هەندێك خوێنەر هەر بێ مەبەست و ناوەرۆکن و هیچ بەدەستەوە نادەن. بابەتەکان قەوارەیان گەورەیەو هەر لە (١٥-٤٥) لاپەڕە دەبن و خوێنەران ئەوەندە کاتیان نییە بەدیار بابەتێکی ئاڵۆز و وردی لەو قەوارەیەوە دانیشن.

- جۆری هەندێ بابەت بەتایبەتی ئەوانەی لێکۆڵینەوەو رەخنەن لەسەر کۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکان و کەلتوری ئیسلامی- سیمایەکی لاسایی کردنەوەو گواستنەوەی راستەوخۆی بیروڕای هەندێك لێکۆلەری نائیسلامی پێوە دیارە و جۆرە ناهەقی و زبرییەك لە

مامەڵەیاندا لەمەڕ هەندێ مەسەلەی عورف و باو بەدی دەکرێت کە رەنگە بە ئاسانی قبوڵ نەبن و تێگەیشتنی هەڵەیان لە بارەوە بۆ دروست ببێت.

ئاماژە بەوە بکرێت باشە کە شێوەو قەوارەی بابەت و وتارەکان لە پەیامی راستیدا بە هێڵێکی پێشکەوتنی بەردەوام لە سەرەتاوە هەستی پێکراوە، لە ژمارەکانی(٣٠) بەدواوە قەوارەی وتارەکان هەست بەو گۆڕانە دەکرێت تیایدا، لە(٤٠) بەدواوە لە رووی بابەتەوە تەنانەت لەسەر بەرگی گۆڤارەکەش سیفەتی گشتییەتی پێوە نامێنێت و زیاتر لە تایبەتمەندی لە دوو بواری سەرەکیدا خەست دەبێتەوە ، کە بوارەکانی فیکرو ئەدەبە. لە کەوانیشەوە بەرەو دواندنی دەستەیەکی رۆشنبیری تا رێژەی کەمێك تایبەتمەندی.

نکۆلی لەوەش ناکریت کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە گەلێك بواردا دواکەوتنێکی بەرچاویان هەیە، بەتایبەتی ئەگەر لە رووی شارستانی مادییەوە بە رۆژئاوا بەراورد بکرێن، لە زۆر مەسەلەشدا چاولێکەرێو شوێن کەوتەیی لە ئارادایەو کاریگەری خراپی خۆی کردووە، ئەمەش بە جۆرێکە لە تاکی موسڵمان کەوتۆتە جۆرێك لە قەیرانەوە، بەتایبەتی لە نێوان ئەو گوتارەی دەربارەی ئیسلام هەیەتی لەگەڵ ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژی، لە باسکردنی شارستانی و گشتگیری واقیعی بوون و تازەبوونەوەی بەردەوام، واقیعی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان بەرهەم هێنەری ئەو گۆڕانانە نین کە کار لە جیهان دەکەن و چەمك و رەوتە کۆمەڵایەتییەکان داهێنراوی ئەوان نین و مۆرکی رۆژهەڵات و ئیسلامیانەیان پێوە نییە، بە مانایەکی دی لە ژێر فشارو کاریگەری نموونەی شارستانی زاڵدان و ئەو کاریگەرییەش زۆر رووی ژیانی لە رێژەی جیاجیا گرتۆتەوە.




کەواتە یەکێك لە قەیرانە گەورەکانی گەلانی ئیسلامی قەیرانی رۆشنبیرییە، دەمێکە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا هەر عەقڵیەتی پەراوێزکاری لە ئارادایە و خەریکی لێکدانەوەو شەرح کردنەوەی داهێنراوەکانی سەدەکانی پێشینە، زەمانێکی زۆرە کە رەوتی پێشکەوتنی رۆشنبیری لەم کۆمەڵگانەدا سستەو لاوازە، کۆمەڵێك باوونەریت و مەرج و شێواز چەسپاون و هەندێك تەرح و کەسایەتی وتێزی تایبەت ،تا ئاستی پیرۆزی ، دەسەڵاتیان پەیدا کردووەو کەس ناوێرێت لە بەرانبەریاندا وشەیەك بلێت وشتێکی تازە بخاتە پاڵیان ، بۆیە زۆرجار پرۆژە ئیسلامییەکان لەلایەن نەیارانییەوە بە گەڕانەوە بۆ دواوەو زیندووکردنەوەی وێنە مێژووییەکان تۆمەتبار دەکرێت.

رۆشنبیری هەر کۆمەڵگەیەك لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، ئەزموونە ناوخۆییەکان لە ئێستاو رابردوودا لەگەڵ ئەزموونە دەرەکییەکان، زۆر گرنگە

له کارلێك کردنی هەردوو ئەزموونەکەو مامەڵەیەکی هۆشیارانەوە سیستمە رۆشنبیرییەکان لەدایك بن، نەك گەورەکردن و بە پیرۆز زانین بەرامبەر بەشێکیان بکرێت و ئەوی دیان پشتگوێ بخرێت.

زۆر لەو چەمکانەی ئەمرۆ لە بواری لێکۆڵینەوەکاندا بە کاردەهێنرێن، زاراوە و چەمکی خۆماڵی نین، چونکە گرنگیدان بەو باسانە لەم سەردەمە تازەیەدا لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە نەبووە. هەریەکەیان شێوەی لە دایك بوون و داهێنانی تایبەتی خۆیان هەیە و بوشنەتە میکانیزمی ئەو لێکۆڵینەوانە، بۆیە چەندێك بە هۆشیاری مامەڵەکردن لە تەکیاندا و دڵنیابوون لە لایەنگری فیکری و رۆشنبیریان پێویستە، ئەوەندەش شارەزابوون و نەترسان لێیان گرنگە، دەنا وەلانان و رەتکردنەوەیان بە ناهۆشیاری لە مانەوە لەو حاڵەتە و دواکەوتن زیاتر چی دی بەرهەم ناهێنێت. هەر بابەتێکی دیاریکراویش زۆرجار خۆی ئاست و رێژەی ئاڵۆزی وسادەیی خۆی دیاری دەکات، تەنانەت لە زانستە ئیسلامی و رۆژهەلاتییەکانیشدا گەلێك بابەتی ئاڵۆز وچڕ هەن و هەموو کەسێك پێیان ناوێرێت، بەلاّم زۆر لەخۆ کردن و بەزۆر ئاڵۆزاندنی بابەتی سادە دەبێتە لاوازی و کەم پیشاندانی بەرهەم و خاڵی بوونەوەی لە ناوەرۆك ئەم بە رەچاوی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی زانستی دا بابەتی گران بە شێوەی ئاسان دەردەبڕرێت، بەلاّم لەبابەتی ئاساندا گرنگی زۆر و زیاتر بە شێوازو چۆنیەتی دارشتن دەدرێت.

مەسەلەیەکی دیکە کە پێویستی بە تێڕامان هەیە، ئەوەیە کە کەس نکوڵی باری دواکەوتووی ئەم کۆمەڵگە ئیسلامییانە ناکات، بە تایبەتی لە بواری فیکری و رۆشنبیریدا کە چۆن وەستان و چەق بەستن و بەسەرخۆدا شکانەوە بەسەر هەندێ لایەنیدا هاتووە، چۆن زۆر مەسەلەی هاوچەرخی هەنووکەیی و گرنگ هەن و بیروڕای ئیسلامیانە دەربارەیان نییە، تەنانەت چۆن لە هەندێ باردا گرژی و خۆ دوورخستنەوەو بەدگومان مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەرو سەردەمدا هەیە، چۆن زۆر دەرگا هەن پێویستیان بە لێدان و کردنەوە هەیە، تاکو عەقڵیەتی ئیسلامی بچێتەوە سەر گەنجینە فیکرییەکانی خۆی و راستەوخۆ بەرهەم وتێزی تازە لێوە بخولقێنێتەوە ئەمەش دیارە بە پرۆسەیەکی رەخنەگرتن و شلەقاندنی چەند گومێکی مەنگ و بزواندنی چەند مەسەلەیەك نەبێت نابێت، کە رەنگە زۆریان مۆری قەدەغە و ترسناکی و پیرۆزیان بە ناهەق لێ درابێت، بەلاّم گرنگە ئەوەش زیاد بکرێت کە ئەو رەخنەیە نابێت بە جۆرێك بێت هەرچی رابردوو شاکاری دێرین هەیە، کە بۆ سەردەمانی خۆیان رۆڵی گەورەیان بینیووە، رەت بکرێتەوە و متمانە بەم عەقڵیەتە نەهێڵرێت و شکستێکی دەروونی بەدوادابێت، پێویست بە رەخنە دەکات، بەلاّم رەخنەیەکی بوێرانەی بەسۆزانە، کە بە دانایی و لێزانی سەرقاپی مەسەلە مەنگ و دژوارەکان هەڵدانەوە:.

دەمێنێتەوە ئەوەی بوترێت کە جیاوازی لە نێوان هەردوو بواری عەقیدەو فیکردا گەلێك گرنگە، **یەکەمیان** سروشتی خواییەو جێگیرو تەواوە و کەس قسەی تێدا ناکات، بەلاّم **دووەمیان** بنەماو دەستپێك و میکانیزم و هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە دەشێت گۆڕان و کۆن بوون و هەڵە رووی تێ بکات و حوکمەکانی ئەم بوارە گەلێك سادەن و بواری جیاوازی تێیدا زۆر فراوانە بۆیە تێکەل کردنی لەگەڵ یەکەم بە هەردوو باردا دژوارو ترسناکە، بە عەقیدەکردنی فیکر یا بە فیکر کردنی عەقیدە، دوو مەسەلەی ترسناکن و حوکمی گەورە وگرانیان بەدوادا دێت و گرنگە بە هوشیاری مامەڵە لەگەڵ هەریەکەیاندا بکرێت.

هەقی خۆی نەدراوەتێ، بۆیە زوو بەزوو هەڵپەی ئەوەم کرد، دەستنووسی دەقە وەرگێڕدراوەکانم دەست بکەوێت، تا بەراوردێکی لەگەڵ کوردییەکەدا پێ بکەمەوە، بەتایبەتی کە پێشتر تا ئەوسا، هیچ گومانێکم لە کارەکانی وەرگێر نەبووە، بەتایبەتی لەو بابەتە وەرگێڕدراوانەدا، کە باسکارێکی بە توانای وەکو (سدیق ساڵح)پێیاندا چووبێتەوە.

بەڵام کاتێ لەم هەوڵەمدا بێ ئومێد بووم، بەتایبەتی کە دەمزانی ئەوەندەی ڕۆژنامەکە ئیشی لەسەر بکرێ هەر کەمە، هێشتا ڕژێمی (سەدام حسین) حوکم مابوو، چەند جارێك خۆم گەیاندە بەغداو (د.کەمال مەزهەر)م بینیو داوام لێی کرد کە یارمەتیم بدا، بەڵکو هەوڵێکیشم بۆ بدات، تا سینەم خانی کچی ڕەوشەن و جەلادەت بەدرخان، ڕازی بکات، دەقە تورکییەکانی ڕۆژنامەکە، بەهەمان تام و چێژی شێوەزاری جزیرو بۆتان بکاتە کوردی. ئەوەبوو یەك لەو سەفەرانەمدا، (د. کەمال)، مژدەی ڕازیبوونی ئەو خانمە بەڕێزەی لەسەر ئەم پڕۆژەیە پێدام، بۆیە بەخۆم و ماڵەوە سەفەرێکی تایبەتیم بۆ ماڵی (د.کەمال) لە بەغدا کردەوە، ئەو مامۆستا بەڕێزەم هەرچەندە ئەوسا زۆر نەخۆش بوو، بەڵام هەر سوور بوو، لە پێنا و پڕۆژەیەکی وادا خۆی بمانباتە ماڵی سینەم خان و مامۆستا سەلاح سەعدوڵڵای هاوسەری، کاتێ مەرامی پڕۆژەکەی خۆم پێگوتن، زۆریان بەدڵبوو و دڵیان بەکارەکەم خۆشبوو، بۆیە زوو بەزوو لەسەر ئەوە پێکهاتین هەندێ سەرچاوەی پێویستیان بخەمە بەردەست و سینەم خانیش وورده وورده دەقە تورکییەکان وەرگێڕێتە سەر زاراوەی کرمانجی سەروو، منیش کە هاتمەوە کوردستان، یەکسەر ئەوەی پێویست بوو، بۆیانم ئامادەکردو بە (پۆستەی تایبەت) هەموویم ناردە لای (د.کەمال مەزهەر)، دوای چەند مانگێك کە چوومەوە بەغدا، من بەتەمای ئەوەبووم مژدەی تەواو بوونی پڕۆژەکەم پێبدرێ، بەڵام بەداخەوە، پێیان گووتم: هیچ کام لەسەرچاوەکان نەگەیشتووە، دیارە سینەم خانیش بە بێ سەرچاوەکان کارێکی وا گەورەی پێنەدەکرا، کە لەوەرگێڕانی دەقە تورکییەکان، بۆ شێوە زاری کرمانجی سەروو، بێ ئومێد بووم، ناچار بووم جارێکی دیکە لە نوێوە ڕوو لەشاری سلێمانی بکەمەوە، داوا لەکاك سدیق ساڵح بکەمەوەو، هەوڵێکی جدیتر بدەم، هەر هیچ نەبێ، دەقێکی ڕاست و دروستی کرمانجی خواروو دەست بکەوێ، ئەوەبوو داوام لە کاك (سدیق ساڵح) کرد، یان ئەوەتا بمباتە لای کاك (شێرزاد کەریم ڕۆستەم)و بەیەکمان بناسێنێ، تا خۆم لە پڕۆژەکەی ئاگاداری بکەمەوەو قەناعەتی پێ بێنم یارمەتیم بدات، یان ئەوەتا خۆی قەناعەتی پێ بێنێ و کارێکی وا بکات کە دووبارە بەدەقە توورکییەکاندا بچێتەوەو هەموویان وەربگێڕێتەوە سەر زاراوەی کرمانجی خواروو، دوای چەند جارێك هاتوچۆ، ئەوەبوو لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣دا، کاك (سدیق ساڵح) موژدەی ئەوەی دامێ کە مامۆستا (شێرزاد) بۆ چوونەکانی بەدڵ بووە، چونکە ئەو خۆیشی لە ئەنجامی پڕۆژەکەی پێشوو ڕازی نەبووە، چونکە بەبێ مەبەست، زۆر شوێنی دەقەکان شێوابوون و هەڵەی چاپیان تێکەوتبوو، ئەوەبوو کاك(شێرزاد) ڕازی بوو جارێکی دیکە بە هەموو دەقە تورکییەکاندا بچێتەوەو دووبارە وەریان بگێڕێتەوە، هەموو ئەو دەقانەشیان بخاتە پاڵ، کە پێشتر وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی کوردی، دوای ئەو مژدە خۆشە، وا جارێکی دیکە دەستی پێدەکەمەوە تا چەند ژمارەیەکی دیکە، بە ڕێنووسی نوێ بخەمەوەسەر لاپەڕەکانی (ڕۆژنامەڤانی)، دڵنیام بە خوێندنەوەیان ئەوەندەی دیکە زمانی کوردیتان لەلا شیرین دەبێ، چونکە ئەوە (میقداد مەدحەت) و (عەبدولڕەحمان بەدرخان) بوون،

بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردییان دانا، بۆیە ئومێدم وایە، زۆر بە شێنەیی و لەسەرخۆ، هەوڵبدەن یەك لەدوای یەك، ناوەڕۆکی هەموو ژمارەکان بخوێننەوە، دڵنیابن ئەوسا زمانەکەی خۆتان لە لا شیرینتر دەبێ، خۆ منیش پێشتر، هەرکاتێ بابەتێکم بەزاراوەی کرمانجی سەروو بخوێندبایەوە، نەمدەتوانی هەمووی بخوێنمەوەو تەواوی بکەم، کەچی وا ئێستا لەم لایەنەوە زۆر چوومەتە پێش.

خاڵێکی دیکە، لە دوا ساتەکانی هەڵەبژێری ئەم چوار ژمارەیەی بەردەست، هەندێ گۆڕانکاریم لە ڕێنووسەکەی کردووە، بۆ نموونە: ئەو ڕستەیەی لە دامێنی چەند ژمارەیەکی پێشوو نووسرابوو، ( مەتبەعا جەمعیەتا تفاق و قەنجیا موسلمانا تەبع بییە)، ئەوەتا لە دامێنی هەر یەك لەم چوار ژمارەیە بەم شێوەیە نووسیوومەتەوە:

(مەطبعا جەمعیەتا تفاق و قەنجیا موسلمانا طبع بییە).

جگە لەوە لە ناوەڕۆکی ئەو چوار ژمارەیەدا، هەوڵمداوە هەموو ئەو وشەو دەستەواژانەی پیتی وەکو: (ث، ذ، ص، ض)ی تێدایە، لێرەدا وەکو خۆیان دابنێمەوە، هەقە پسپۆڕان لەم لایەنەوە ڕێنماییم بکەن، ئایا وا باشترە ئەم پیتانە وەکو خۆیان لە تەك وشەکاندا بنووسرێنەوە، یان بە پیتی کوردی بگۆڕدرێن.

ئومێدەوارم زوو بەزوو ئەو دوو کتێبەی محەمەدئەمین بۆزئارسلان و مالمیسانژم بەدەست بگات کە قوتابی دکتۆرا، کاك نەجاتی عەبدوڵلاّ لە بۆیپەیدا کردووم، خۆ ئەگەر هەر کەسێك لە پایتەختی فەرەنسا بگەڕێتەوە ئەم کتێبانەم لای ئەو برا بەڕێزە بۆ بێنێتەوە خزمەتێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسیی و کلتوری کوردی دەکات.


کوردستان

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی

١٨٩٨ — ١٩٠٢

کۆکردنەوەو پێشەکی :

دکتۆر کەمال فوئاد

بەغدا ١٩٧٢

هەواڵنامەی کتێب

عدد ١٣ | ﴿سالا عەوولی﴾ | رووپەر ١

حەجی ڤی کاغدەکی رێکە
ژمنرە دڤێ سەرکاغذێ وەها
بنڤیسە :
بجنرە نجل المرحوم بدرخان
پاشا عبدالرحمن بك
* * *
هەر جار دوو هەزار
جەریدەیا، ئەزێ رێکەم
کوردستانێ دا بەلاش بدەن
خەلکێ

کردستان
١٣١٠

(پازدە رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردیێە)
کردلری تحصیل علوم وفنونە تشویق ایدر نصایح وادبیات کردیەیی حاوی
(اون بش گوندە بر نشر اولنور کردجە غزتەدر)
غزتەنك مسلکنە موافق عربجە ترکجە فارسیجە مکتوبلر کردجەیە بالترجمە نشر اولنور

عنوان
جنرەدە (کردستان) غزتەسی
صاحب و محرر بدرخان پاشا زادە
عبدالرحمن
هر طبعدە ٢٠٠٠ نسخە
کردستان ولات عظامنە ارسال و
وساطتلریلە
قرا وقصباتە نشر وتعمیم
اولنەجقدر
* * *
کردستان خارجندە هر یرە ایچون
سنەلك ابونە بدلی ٨٠ غروشدر
کردستان داخلندە خصوصی
ایستیانلرە مجانا گوندریلور

﴿ رۆژا دوشەمبیدە ذی القعدة سنە ١٩١٦ی فی ٢٠ مارت سنە ١٣١٥﴾

## کاغەدەکە ژکوردستانی هاتی

ئەلحەمدولیلا ژ وێ خالقێ کەون و مەکان رە کو کرمانج ژی ل عالەمێ دان ناسکرن. خوەدێ علم و عومرێ میرێمە زێدە بکە! زەمانێ بابێ تە جەننەتمەکان بەدرخان بەگێ، حەمی کوردستان ل سایا عەدالەتێ وی مەعموورو راحەت بی.

نوها ژی، ئەلحەمدولیلا ل سایا علم و قەلەما وە، پاش نهۆ کورمانج حەمی وێ مەسعوودو بەختیار بن.

میرێ من: هونژی دزانن کو کرمانج ب خلقەتا خوە نەوعەك ژ بەنی ئادەمێن مومتازن، شەجیعن، جوامێرن، کێماییا وان علم و مەعریفەتە، سایا وە ب ئیزن و کەرەما خوەدێ تەعالا پاش نهۆ وێ مەیلا علم و مەعریفەتێ ژی بکن.

ئەڤە دوو سێ هەیڤە جەریدەیا کوردستانێ تێت وەلاتێن مە، لێ مەئموورین حکومەتێ ناهێلن ئەم سەربەست بخوینن، دگرن، دەست کی ببینن، وی مرۆڤێ حەپس و ئەزا دکن، دیسا ژی کرمانج حەمی گەلەك مەیلا جەریدەیێ دکن، ژ وێ نابوورن. ڤێ رێ دە ئەمێ گەلەك تشتا فیدا بکن، حەتا وەك قەوم و ملەتێن دی ئەم کرمانج ژی صاحبی تەرەققی بن. ئەز وە ئومێد دکم کو سولتان عەبدولحەمید قەنجییا مە دڤێ. لێ ئەڤ والی و قائیمەقام و مودیر، حاصلی چ قاس مەئموورێن رێدکە ل سەرێ مە، گەلەك ظالم و بێ ئینصافن، ئەوان کوردستان خراب کر، تو حال کەسی نەما، وەقتێ بابێ تە گوندێن سەد خانی، دە مال نەمانە، ئەو ژی رەبەن و ژارن. گەلەك کرمانج ژ کوردستانێ هیجرەت دکن. هن دچن نێڤ عەجەم، دچن نێڤ ترکا، هن ژی ژ رەبەنیێ مەحو دبن، ژ برچا دتەلفن.

ئەم کورد ژ تە هێڤی دکن کو تو جەریدەیا خوە دە ب ترکی ژ خونکار رە بنڤیسی، دا فەکرە حالێ کرمانجا، دا بزانبە کوردستان خراب دبە، ڤێ موسولمان حەمی بزانن کو، وەکی کرمانج نە ل ملێ کوردستانێ بینا، حەتا مسقۆف هاتی ئانادۆل زەبت کر بی، وێ هنگێ موسولمانییا ئانادۆلێ، حالێ ترکا وێ یەکجار خراب ببیا، لەوما دڤی ڤی حالی ژ خونکار عەرض بکن، دا مەئموورێن راست و عادل رێکە کوردستانێ. هەکی ئەڤ حالی ها وەها دەوام بکە، کورد ژی هەو ڤی ظولمێ رە تەحەمول دکن، وێ ببن هەڤالێ ئەرمەنییا، وێ ب هەڤرە ئەسبابێ عەدالەتێ بخوازن.

ئەز هێڤی دکم ڤێ ژی بنڤیسە، کو ڤان نێزیکییا دەرێن ژ دەستێ خونکار دەرکەتن، وەك بولغارستان و گریدێ، حەمی سەبەبا مەئموورا بی، ئەڤ مەعلومێ عالەمە کو عەدالەت ل کی ملی بە، مرۆو خوە ددە وی ملی.

بێژە خونکار (العدل اساس الملك)، حەیفا من تێت مەئموورێن وی نە عادلن، ظالمن، خائینن، بێ ئینصاف و مروەتن، هەر نەفعا خوە ل فەلاکەتا مە دگەرن.

بێژە خونکارا ئەی(امیر المؤمنین)، حەضرەتێ پێغەمبەر ئەمر کرییە کو: (الأمام مسؤل علی الناس عن رعیته)، چرە ڤی ئەمرێ پێغەمبەر جی ناکی! هەکە تو فەنەکری حالێ تەبەعەیێن خوە، تو ژی عیندەلالا مەسئولی، جەزایێ تەیێ ژ حەمییا زێدەتر بت.

بێژێ ئەی پادشاه تو نزانی: (عدل ساعة خیر من عبادة سبعین سنة).

بێژێ ئەی خەلیفە، فەکەرە پاش خوە، ئەسلاف و ئەجدادێن تە چ کرنە، دنیا رجڤاندنە. ئەجدادێن تە شیر ل دەستێ، دکەتن پێشییا عەسکەری، ئەو خوە دچوون، وەلاتێن خوە دگەران، لاوێن خوە رێدکرن تەحقیقا ئەحوالێن خەلقێ، تو چرا ژ سەرا خوە دەرناکەڤی! تو هەما فەدکری ل دۆرا خوە، تو هەما جامعا ل دۆر سەرا خوە چێدکی، کودەرێ بێ ئەصلەك هەبت، تو وی دینی مەزن دکی! جارەکێ سەرێ خوە هلینە، پچەکی دۆر خوە فەکرە، دا تو ببینی عەبدێن خودێ تەعالا چ ظولم و غەدری دبینن، چاوا دنالن، دا تو ببینی چاڤێن یەتیم و ژن و پیاو چاوا بارانا دبارن، دا تو کوردستانێ ببینی، حەچکو جەنگیز و تەموور تێ رە بوورینە، حەچکو زەلزەلە بیێ خانی خراب بینە، ژ عومرانێ ئەسەر نینە، ئەو ژن و زارو ل بەر دارو بەرا دگەرن، تازی برجی مانە، بێژی ئەی خەلیفە، حقوقێ ڤان عەبدێن خودێ ئسپارێ تەیە.

ئیمزا

ژ ئەشرافێن دیاربەکرێ

ش.م

* * *

## عولەماێن کوردا رە خیتابەك

گەلی عولەمانۆ: ئون حەمی دزانن کو پادشاە سەر ئینسانا حاکم و عولەما ژی سەر پادشاها حاکمن، ئەز دبینم کو عولەمایێن کوردا نەحاکمی پادشاه، لاکین مەحکووم و ئەسیرێ مەئموورێن پادشاهن. ئون دبینن کو ئەو مەئموور ژ عەدل و شەریعەتێ جودانە. لاکین ئون سەر ئیقبالا خوە، بەر وان ظالمیێ مەئموورا ستوویی خوە خوار دکن. ئون دبینن کو ژ وی حالی ئون بەدنام دبن، دیسا دەنگێ خوە ناکن. حەتا ئەڤ مەسکەنەت ل وە هەیە، ئون هەرچەند کو حائزێ علمن توجا ئون نائلێ موکافەئات نابن، چونکە ئون ئەمرێ خودێ و پێغەبەر ئیجرا ناکن و بیلعەکس ئون ژ حەمی کەسی زێدەتر شایانی تەقدیرن. ئون کو وەرەثەیێ ئەنبییانە، چاوا وان مەئموورا رە ئیتاعەت دکن: حەوقاس مەذەللەت ل سەر چەند پەرەکە دنیایێ نە. ئون قەت ئیستیقبالا زارویێن خوە، وەتەنتاشێن خوە نابینن بەرچاڤا، ئون قەط ترسا خودێ تەعالا نایننن بیرا خوە. عولەما دکارن حەمی تشتا ل پادشاه بدن ئیجرا کرن. چونکە هەکەر پادشاه ئیجرا نەکەت، ئەفرا مللەت دیدە ئیجرا کرن چونکە ئەو خودێ تەعالا، کو پادشاهێ پادشاهانە، کتێبا خوە دە هندە عولەما مەدح و ستایش کرییە. حەمی موسولمان دزانن کو ئەمرێن وێ کتێبێ ژ ئەمرێن حەمی پادشا گەلەك موئەثر و موعتەبەرترە، بینائەن عەلەیهی هەگەر عولەما هیمەت بکن، وان ئەمرێن خودێ

تەفهیمێ ملەت بکن، ملەتێ موطیعێ عولەما ببە، وێ هنگێ ملەتێ ژ بەلا جەهلێ خلاص ببە. وێ بزانبە کو پادشاە چیە، مەرتەبا عیلما چاوانە، حوقووقێ ئەفرادێ ملەت چاوا موحتاجێ حیمایەیە، لاکین هەگەر مللەت جاهل بمینە، عولەما ژی ب علمێ خوە عەمەل نەکن، یەعنی هەگەر عولەما ژ عولەمایێ سوء بن، غەیرێ سەفالەتێ تو تشت نە مەئموولە، ئون ئیمامێ برکەدی محەمەد ئەفەندی دناسن، کتێبا وی فیلە عالمێ ڤەکن بخوینن، دەرحەقێ عولەمایێ سوئدە چ دبێژە کتێبا حوجەتولئیسلام ئیمامێ غەزالی، رەحیمەهوللا، بخوینن، فەکرن ئەوی دەرحەقا عولەمایێ سوئدە چ ئایەت، چ حەدیث ذکر کردووە، ئون دزانن کو ئیمامێ غەزالی، د سنگێ وی دە حەمییا دهێژە، لەوما ئومید دکم کو نەصیحەتێن وی تەئثیرێ وە بکەت، ئەو ئیمام ئیرۆ ساخ بییا، وێ مەسکەنەت و منافقییا وە حوکم بکرا و ئەو حوکم پێغەمبەر تەصدیق و خوەدێ تەعالا قەبوول بکرا.

ئون دبینن کو ئەو مەئموورێن خونکار رێدکە سەری وە، حەمی جاسووس و خەفییەنە، دائیم مەقصەدا وان ئیفسادێ ئەفرادە. چونکە ب وی سوورەتی ئەفرادێ میللەت هەر بنیفاقن، ئیتیفاق ناکن. هنگی ئەفرادێ میللەت بنیفاقن، ژ قەوەتا ئیتیفاقێ مەحروومن. بینائەن عەلەیهێ، ضەعیفن، هنگی مللەت ضەعیفە، حکومەت ل سەر وی دکارە ئیجرایێ ظولم بکە، حاصلی، ب وی حالی ئون دبینن کو مەئموورێن ل سەرێ وە موفسیدن، خوەدێ تەعالا کتێبا خوە دا گۆتییە: (الفتنە اشد من القتل). دە ڤێجا مەعلووم دبە کو مەئموورێن ئون ژ وان رە هندە ب مەسکەنەت و جەبانەت ئیطاعەت دکن، ژ قاتلا شەرپرترن، مەظهەرێ غەزەبێ ئیلاهی نە.

من بەری چەند رۆژەکێ کاغەدەک ژ خەلقێ دیاربەکرێ ستاند، من ئەو کاغەد ڤی جەریدەیێ دە نڤیسی، ژ مندەرەجاتا وی کاغدی مەعلوم دبە کو ژ شەرێ فتنە، فەسادا مەئموورێن سەرێ وە ل مەیانێ وە ئیلقا دکن، کوردستان رۆژ و رۆژ خراب دبە، گەلەك خەلق مەجبوورێ هیجرەتێ دبن.

موفەسرێن کیرام تەفسیرا ئایەتا سەر فتنەیێ دە دبێژن کو (فتنە، یەعنی ئەوا ژ وە مەملەکەتێ وە نەفی و تەخریب دکە، مضررە)، ئون وێ فتنەیێ ژ مەملەکەتێ خوە دەرێخن، نەفی بکن).

دە ڤێجا ئەو مەئموورێن سەرێ وە، قاتلێن وەنە، چاوا وەکی وە دیت یەك هات وە بکوژە، ئون دەست داڤێژن شیرێ خوە، دڤێ ئون ب عەینێ سوورەتی وان مەئموورێن سەرێ خوە ب شیرێ خوە دەفع بکن. هەگەر نە، ئەوێ وە بکوژن، ئەو هەر رۆژ وە دکوژن، لاکین وە ها ژ خوە نینە حەتتا ئەو وە ب ئەزییەت دکوژن، چونکە پێغەمبەر، عەلەیهی لسەلام: (ومن قتل مؤمنا متعمداً فجزائە .. الخ ) یەعنی (نەفیا موئمنەکی مساوی قەتلا ویە). ئەز ئومێد دکم کو چڤاسی ئایەت و حەدیث هەنە ئون ئەمینێ صحەتا وانن، هەگەر قەلبێ وە ژی تەصدیق دکە، چرە ب ئیجابا وان ئەوامرا حەرەکەت ناکن: هەگەر ئون ژ وان ظەلەمەیێ مەئموورا دترسن، ترسا خوەدێ موعەییەن ژ ترسا وان عەظیمترە، هەگەر ئون فائیدەکی ژ وان غەددارێن مەئموورا ئومید دکن، موعەیەن فائیدا خوەدێ یا ژ حەمییا عەظیمترە. مرۆوێ کۆر و کەرِ واقفێ ڤێ حەقیقەتی یە، گەلی عولەمانۆ، چرە ئون وێ حەقیقەتا هندە ئاشکار نابینن! هەتا کەنگێ ئونێ ڤێ غەفلەتێ دە بمینن! ئینصاف بکن.

* * *

## بەدرخان بەگ

بەدرخان بەگ سالا ١٢٥٠دە بی حاکمێ کوردستانێ، پاش چەند سالەکێ وەقتا کو بی شەرێ نزیبێ عەبدولمەجید موراجەعەتێ موعاوەنەتێ وی

کر، بەدرخان بەگ ژی گەلەك عەسكەر ڤە چوو شەرێ، خزمەت و صەداقەت ئیبراز کر، پاش ڤی شەرێ ڤەگەڕا کوردستانێ.

وی زەمانێ کوردستان ناڤ دەستێ مەئموورێن حکومەتێ تالان دبی. مەئموور حەمی چاڤێن خوە سەر ئەموالێن کوردا ڤەکر بین، حەچیێ رشوەت نەددا مەئموورا، ب ئیفتیراکی نەفی و حەپس دبی. وەقتا کو بەدرخان بەگ ژ شەرێ نزیبێ عەودەت کر، کوردستان ڤی حالی دە بی، یەعنی دەستێ ظلمەمەیێ مەئموورا پەرێشان دبی. لاکین وەقتا کو بەدرخان بەگ جهێ خوە روونشت، چڤاس قەبائیل و عەشائیرێن بنێ دەستێ وی هەبین، ژ وێ ظولما مەئموورا خلاص کر، نەهیشت تو مەئموور ل سەر ئەفرادێن بنێ دەستێ وی تو نوفووذێ ئیجرا بکن و ب عەدالەت عەشیرێن خوە ئیدارە کر، ئەڤ عەدل و ئاسایشا ل ناڤ قەبائلێن بەدرخان بەگێ، مەسمووعی عەشائرێن جیوار بی، حەچی ئاغایێ ئەڤ ئەمن و ئاسایشا بەدرخان بەگێ بهیست، هات ئیلتیحاقێ وی کرو ب وی حالی گەلەك عەشیرەتێن دی ئیلتیحاقێ بەدرخان بەگێ بین و خوە ژ ظولما مەئمورا خلاص کرن . ژوی سەبەبێ ، نفوذو حاکمیا بەدرخان بەگی ژی گەلەك تەوەسوع کر. کوردستان حەمی، حەتا وەلاتێ هەکاریا کەت بنێ حوکمێ وی دە. لاکین چکو مەئموورا نەدکارین رشوەتا ژ عەشائرێ بنی دەستی بەدرخان بەگێ بستینن و چکو گەلەك عەشیرا ئیلتیحاقی بەدرخان بەگێ کرن، مەئموورێن حکومەتێ ژ وی حالی موطەڕرە دبین، یەعنی ب ظولم و خەباثەتا خوە نەدکارین پەرا ژ کوردان بستینن. لەوما، دەست شکاتا بەدرخان بەگێ کرن. بینائەن عەلەیهی، والیێ موصلێ ئەسعەد پاشاو گەلەك والیێن دی سولتان عەبدولمەجید رە نڤیسین کو: (کوردستان حەمی کەت بنێ دەستێ بەدرخان بەگێ دە، ئەو حال دەولەتێ رە موضرە، لەوما دڤێ بەدرخان بەگێ ژ وێ دەرێ راکن.

سەر ڤێ ئەشعارێ والیێ حەلەبێ عوسمان پاشا بێ موشیرێ ئۆردویا ئەناتۆلیێ و هات سەر بەدرخان بەگێ ، عوسمان پاشا عەسکەرێ خوە رە دیاربەکر ئۆردو ئیتیخاذ کر. سیە هەزار عەسکەر و چل پارە تۆپ ڤە ژ دیاربەکرێ رابی، چوو سەر جزیرێ، هێ ئوردییا عوسمان پاشا نەگیهایی جزیرێ، ژ ئیستانبولێ سولتان عەبدولمەجید مەلا ئەفەندی رێکر ژ بەدرخان بەگێ رە، دا بێت ئیستانبۆلێ، ئەڤ مەلا ئەفەندی ژ بەرێ ڤە بەدرخان بەگ دناسی. وەقتا کو مەلا ئەفەندی گیها نەزدیکێ جزیرێ بی، گۆ عوسمان پاشا کو : ئەز ژ طەرەڤێ خونکار دچم نك بەدرخان بەگێ، بەلکی ب نوصح و پەند بێ شەر کوردستانێ تەرك بکەت، حەتا ئەز جەوابێ نەدم تە نەوە سەر جزیرێ، ئو فەرمانا سەدرێ ئەعظەم رەشید پاشا ژی ئیبراز کر، ئەوامرنامە (موحەڕرات نادیرە) نام کتێب دە مەطبووعە.

عوسمان پاشا ئارەزوو دکر کو بەدرخان بەگێ رە شەری بکەو ب غالبییەتا خوە شان و شەرەڤێ ئیستیحصال بکە. لەوما، ناگیهانی خەبەرا مەلا ئەفەندی حیدەت کرو مەلا ئەفەندی حەپس کر، لاکین چکو نەدوێرێ یەکجاری ژ مەئموورییەتا وی مەنع بکە، ژ حەپسی دەریخست و رێ دایێ. مەلا ئەفەندی هات نك بەدرخان بەگێ، لاکین عوسمان پاشا ژی عەلەلعەجەلە ئوردیێ ڤەهات سەر جزیرێ، ئینتیظارا جەوابا مەلا ئەفەندی نەکرو دەست تەجاوزێ کر. مەلا ئەفەندی ژ ڤی حالی موتەحەیر ماو مەخجوولەن ژ بەدرخان بەگێ جەوابێ هات ئوردوویا عوسمان پاشا.

عوسمان پاشا قەباحەتا خوە دزانی، لەوما کەتمێ قەباحەت رە، ئیفتیرا لە مەلا ئەفەندی کر، مەوقووفەن رێکر ئیستانبۆل و خونکار رە نڤیسی کو: ئەڤ مرۆڤ موتتەفقی بەدرخان بەگی یە، خائنێ

دەولەتە، خونکار ژی بیلا تـەدقیق و تـەحقیق مـەلا ئەفەندی نەفییێ وانێ کر.

هەردوو ملا دەست شـەری کـر. میقـداریێ چـاردە شەرا مابەینا هەردوو عەسکەرادە بی، شەرەك گەلەك مەزن ل چەمێ زەیتـوونێ بـی. وێـدەرێ عەسـکەرێ عوسمان پاشا گەلەك شکەست. کـوردا گەلـەك تـۆپ ضەبت کر، لاکین نەدزانین بعەملینن. ئـاخر بـەدرخان بەگێ دیت کو عەسـکەرێ عوسمـان پاشـا ژ یـێ وی موجەهەزترە،لەوما تەحەصونێ قەلا ئـەورەخێ کـر. لاکین ئەڤ تەحەصون بێ فائیدە بـی. تـۆپێن ئۆردوپـا عوسمان پاشا د زەمانەك هندك دە قەلا تەخریب کـر. عەسکەرێ بەدرخان بەگێ ژ تۆپا گەلـەك موتەئـەثر دبی، نیهایـەت عەسـکەرێ بـەدرخان بـەگێ گەلـەك شکست، قـەوەتا وی گەلـەك ضـەعیـف بـی.لـەوما تەسـلیم بـی، ئۆردویـا عوسمـان پاشا ڤـە هـات ئیسـتانبۆلێ، عـائیلا وی حـەمی ژی وی رە هـات. وەقتا کو گیها ئستانبۆلێ نەفییبێ گریدێ بی. پاشـی پاش پازدە سالا سولتان عوبدولعەزیز بانی کر، هـات ئیستانبۆلێ، خونکار ژێ رە تەکلیف کر بکە والی لە رۆم ئێلیـێ، لاکـین بـەدرخان بـەگێ قـەبوول نـەکر، روخصەت خوەست دا بچـە شـامێ، خونکـار روتبـا (میرێ میران)یێ تەوجیەکر و روخصەت دایێ.

بەدرخان بەگێ پاش چەند سالەکێ وێ دەرێ وەفات کر. وەقتا کو وەفات کر شیست و سێ سالی بی. چل و دوویەك نەفەر ژ کورو ئیناث ئـەولادین وی هـەبین، ئـەولادێن وی رە چـوونا کوردسـتانێ قـەطعییـەن مەمنووعە. حکومەت ناهێلە، گەلی کوردنۆ: ئـون ژ ڤی تەرجومەیێ حالێ بـەدرخان بـەگێ دبیـنن کـو ژ کەنگیڤە مەئموورێن حکومەت رێدکـە ل سـەرێ وە، کوردستانێ تەخریب دکن. بـەدرخان بـەگێ ژ غیرەتـا خوە نەهێشت خەلق ظولمێ لە ئەفرادێن وی بکن والی بێ رشوەت مـان، لـەوما ئیفـتیرا لـێ کـرن. ئـۆردو کشاندن ل سەر. هەگەر وێ هنگێڤە کوردا بیئیلتیقاف عموومەن دەوامێ شـکاتێ بکـرا، مـەئموورێن ظـالم قەبوول نەکرانا، حەتا نهۆ ئەڤ حال دەوام نەدکرو ئـیرۆ ئون کوردی گەلەك بەختیار بینا، لاکین مەسکەنەتا ل وە، مانعێ سەعادەتا وەیە.

(ه) ئەو کوڤارییێت بزمانێ کوردی هاتی تە دەرئێخستن.

۱ـ کوڤارا (توتن)

کوڤارەکا وەرزی بو یا زانستی بو سەردەرامەتێ توتنێ دهاتە نڤیسین خودانێ وێ کارکتیریا (؟؟ التبغ) ل سالا ۱۹٦۳ جریا دویێ هاتە دەرئێخستن ل پەرتوکخانا نشتمانی گروپێ ۱۹٦۳ ـ ۱۹٦۷ـ ۱۹۷۲ یێت هەبن.

۲- کوڤارا (شورەشی کشتوکال) ل دەسپێکێ کوڤارەکا دەنکو باسێت حەفتی نامە بو ژمارا ئێکێ ل ۱۹۷۰/۷/۲۷ هاتە دەرئێخستن ل بەغدا ب(۵) ژمارا باشی هاتە راوەستاندن ب زمانی کوردی و عەرەبی دهاتە نڤیسینی خودانێ وێ/ وەزارەتا چاکرنا چاندنێ (الاصلاح الزراعی)رێڤەبەریا راکەهاندنێ وبەلاڤکرنێ ل سالا ۱۹۷۸ژمارا ئێکێ هاتە دەرئێخستنی وەك کوڤارەکا کشتی ب زمانی کوردی یا چاندنێ کوڤارە زانستی یا چاندنێ و یا هونەری و زانیاری دبیاڤێ چاندنێ وئاڤدانێ دا.

ماموستا (جمال خەزنەدار)سەرپەرشتیا ڤێ کوڤارێ دکر.

هەرسێ هەیڤا دەردکەفت

سەنڤیسەر / وەزیری چاندنێ بو

۳- کوڤارا کشتوکال

کوڤارەکا زانستی یە و یا وەرزی یە خودانێ وێ/ وەزارەتا چاندنێ و ئاڤدانی یا حکومەتا هەرێما کوردستانا عراقێ خودانێ ئیمتیازی/وەزیرێ چاندنێ و ئاڤدانێ ژمارا ئێکێ ل کاتینا ئێکێ یا سالا ۱۹۹۷ هاتە دەرێخستنێ.

ئەڤ کوڤارەیا بەردەوامە ژمارا(۱)- ۱۹۹۷ تاکو ژمارا (۱۵)-۲۰۰۳ یا دەرکەفتی و ل هەمی پەرتوخانێن دام دەزگێت چاندنێ یێت هەبن و ژمارا ۱۶-۲۰۰۳ یا ل بن چابکرنێ ب زمانێ کوردی و عەرەبی دهێتە نڤیسین و رولەکێ گەلەك پالاوکرتك بێ هەمی بو پەیداکرنا رەوشەنبیریەکا زانستی یا چاندنێ ئاڤ بەرا بسپوریت چاندنێ فەرمانبەریێ چاندنێ هەروەسا جەماوەرێ جوتیارا هەمی بابەتێ زانستی یێت چاندنێ ج بەرەمی رووەکی ـ بەرهەمی کیانەوەری و بابەتێت چاندنێ یێت جورە جورە دگەل و پێشا دهێتە بەلاڤەکرن بروفیسور دکتوریت کولیژێت چاندنێ رولەکێ بەرز باش یێ هەمی ناڤ بەرپەرێت ڤێ کوڤارێ کوڤارا رێبازا چاندنێ




کوڤارەکا وەرزییە، زانستی یە، گشتی یە ژمارا ئێکێ ل هەیڤا کولانێ سالا ۱۹۹۹ هاتە دەرێخستن پشتی ژمارا(٤)هاتە راوەستاندنا سالا ۲۰۰۰ رێڤەبەریا کشتی یا چاندنێ ل دهوکێ ب هاریکاریا رێکخراوا ئاو دەردێخست.

خودانێ ئیمتیازی/ پارێزکارێ دهوکێ سەرنڤیسەر - رێڤەبەرێ کشتی یێ چاندنی دهوك/ محمد شریف هسام سکرتێرێ نڤیسینێ/ محمد ابراهیم ئامێدی امین یاسین ئامێدی

ب دو زمانا دهاتە نڤیسین کوردی و عەرەبی بابەتێت زانستی دکشتی یێت چاندنێ یێت جورە جور دهاتە بەلاڤەکرن.

سەرپەرشتیا زانستی یا بێك هاتی بو ژڤان رێزدارا.

١- دکتورێ بروفیسور/ مەسعود کتانی

٢- بروفیسورێ هاریکار سعید اسماعیل سلڤانەی.

٣- دکتور نازم سلمان جقسی

سەرپەرشتیا زمانی کوردی

محمد سلیم مستەفا

کوڤارا (بزوێت)

کوڤارەکا زانستی یە یا وەرزی یە خودانێ وێ وەزارەتا چاندنێ و ئاڤدانێ ل پارێزکەها سلەیمانیێ بو سەرنڤیسەر / کریکار عبدالله حسین

ژمارا ئێکێ ل سالا ۱۹۹۷ هاتە دەرێخستن هەمی بابەتێت چاندنێ دگەل کاروبارێت خزمەتێت چاندنێ یێت زانستی دهاتنە بەلاڤەکرن.

■

# بیبلیۆگرافیای گۆڤاری هەولێر




ئامادەکردنی: خالد سابیر

ئەم گۆڤارە شارەوانیی هەولێر مانگی جارێك دەری دەکرد، یەکەم ژمارەی لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٠دا دەرچووە، مۆڵەتی دەرچوونی گۆڤارەکە بە پێی بڕیاری پارێزەری ئەوکاتەی هەولێر بووە بە ژمارە(٣٢٦١/٣٧)ی ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٢٤ ، جگە لە ژمارە ٥ ی ساڵی دووەم ١٩٧٢ لە چاپخانەی (الغري الحديثة) لە نەجەف چاپکراوەو دواژمارەشی ژمارە یەکی ساڵی سێیەم١٩٧٢ لە چاپخانەی (کوردستان) لە هەولێر چاپکراوە. سەرجەم ژمارەکانی دیکە لە یەکەم ژمارەوە لە چاپخانەی شارەوانیی کەرکوك چاپکراوە. گۆڤاری ناوبراو بەدوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، ژمارە یەك و دوو و سێی ساڵی یەکەم بەڕێوەبەرەکەی (سەعدی محەمەد ئەمین دزەیی) و سەرەکی نووسینی (محەمەد مولود_مەم)بووە، بەڵام لە ژمارە(٤-٥) ساڵی یەکەمدا تەنها ناوی سەرەکی نووسینی (محەمەد مولود_مەم) نووسراوە، شایانی باسە لە ژمارە٢ ساڵی دووەم١٩٧١ دا دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەری گۆڤارەکە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو (هاشم عەبدوڵلا-مەجید عومەر- بلال عزیز- مەغدید سۆران- پیربالْ مەحمود) تا دواژمارەی هەر ئەوانە دەریاندەکرد.

ئەم گۆڤارە تەنها بۆ ئەوە دەرنەکراوە کە ڕیپۆرتاژی مانگانە دەربارەی کاروباری شارەوانیی و لێکۆڵینەوە لە پڕۆژەکانی بێت، بەڵکو بە مەبەستی خزمەت کردنی جولانەوەی نووسینی زمان و ئەدەبی کوردیش بووە. گۆڤارەکە بودجەی تایبەتی خۆی هەبووە کە بریتی بووە لە ئابوونەو پیتاك کۆکردنەوەو ئاگاداری بلاوکردنەوە. ئەگەر چی ئەم گۆڤارە لەسەر بەرگی دەرەوەی ئاماژە بەوەدەدات کە گۆڤارێکی مانگانەیە، بەلاّم بەردەوام مانگانە دەرنەچووەو هەندێك جار لە نێوان بلاّوکردنەوەی ژمارەیەك و ژمارەیەکی تردا ماوەی دوو تا سێ مانگ بووە. نموونەی ئەوە لە نێوان ژمارە(٢، ٣)کە بەیەکەوە لە مانگی حوزەیران و تەمموزی ١٩٧٠ دا دەرچووە لەگەڵ ژمارە(٤ ،٥)کە بەیەکەوە لە مانگی کانوونی دووەم و شوباتدا دەرچووە پێنج مانگ ماوەی نێوانیانە.

لە ساڵی یەکەمدا لە مانگی مایسی ١٩٧٠ تاوەکو مانگی ئاداری ١٩٧١ تەنها شەش ژمارەی لێدەرچووەو لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا هیچ ژمارەیەکی لێ بلاّونەکراوەتەوە و ژمارە یەکی ساڵی دووەم لە مانگی ئایاری ١٩٧١ دا دەکراوەو ژمارە(٢) ساڵی دووەم لە مانگی ئەیلوول و ژمارە(٣ ،٤) ی ساڵی دووەم لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا دەرچووە، دواتر لە کانونی یەکەمی ١٩٧١ەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٢ هیچ ژمارەیەك دەرنەکراوە، پاشتر ژمارە(٥)ی ساڵی دووەم لە نیسانی ١٩٧٢دا دەرچووە، دوایی ئەو مانگە- مانگی مایس- هیچ ژمارەیەك دەرنەچووەو دوا ژمارەش کە ژمارە یەکی ساڵی سێیەمە ١٩٧٢ لە مانگی حوزەیرانی ئەوساڵەدا دەرچووە، بەم پێیە سەرجەم

ژمارەکانی گۆڤارەکە ١٢ ژمارەیەو لە (٩) بەرگدا دەرچووە بە ژمارە تایبەتەکەشەوە. ژمارەی تایبەت نەورۆز- کە ژمارە شەشی ساڵی یەکەمە ١٩٧١ شایانی باسە لە هەردوو کتێبی (رابەری رۆژنامەگەری کوردی- جەمال خەزنەدار)دا و تێگەیشتنی راستی- د. کەمال مەزهەر)دا ئاماژە بە سەرجەم ژمارەکانی ئەو گۆڤارە نەکراوە کە چەندی لێ دەرچووە. ئەم گۆڤارە یەکێکە لە گۆڤارە دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆی کە چەندین **بابەتی ئەدەبی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە لە گەلێك لە بوارەکانی ئەدەبدا.**

پێش دەست پێکردنی بیبلیۆگرافیای بابەتەکان پێویستە چەند سەنجێك بخرێتە روو:

١- ئەو بابەتانەی کە نووسەران و توێژەرەوان کەڵکیان لێ نابینن بە پێویست نەزانرا دابنرێنەوە، ئەوانەش بریتین لە: هەواڵی شارەوانیی، وتاری ژمارە، بەرهەمی چاپکراو، سەرنج و روونکردنەوە، سوپاسنامە، چەند دێرە شیعرێکی شاعیرانی کۆن، مەتەڵ، کۆرو کۆبوونەوە ئەدەبیەکان.

٢- ناوی بابەت و نووسەرەکەی بە رێنووسی ئەمڕۆ نووسراوەتەوە.

٣- ئەو بابەتانەی ناوی کەسیان پێوە نیە بە ناوی گۆڤارەکەوە تۆمارکراون.

٤- ناوی نووسەرو شاعیرەکان و نازناویان وەکو خۆیان دانراونەتەوە، تەنها لە چەند شوێنێکیدا پەراوێزکراوە بۆ ناوی شاعیرەکە.

٥- ئەو نووسەرانەی بەناوی خوازراوەوە بابەتیان بلاوکردووەتەوە بەهەمان شێوە ناویان نووسراوەتەوە.

٦- بیبلیۆگرافیای بەشە کوردی یەکەی گۆڤارەکە لە بەشە عەرەبیەی جیاکراوەتەوە.

٧- ب: بەش، ل: لاپەرە، ژ: ژمارە ، و: وەرگێر.

## زمانەوانی

١- زمانەوانی: فیلۆلۆجیا(١)- ئەحمەد نەقشبەندی-ژ٤، ٥ ساڵی(١) ١٩٧١ ل٣١-٣٣.

٢- زمانەوانی-فیلۆلۆجیا(٢) ئەحمەد نەقشبەندی- ژ ٢ ساڵی(٢) ١٩٧١ ل٢٣-٢٧ .

٣- خشتەی زمانەکانی سەر رووی زەوی- یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی ژ (٢)ساڵی(٢)١٩٧١ ل٥٣-٥٨.

## فۆلکلۆر

١- سایکۆلۆجیەتی یاریکردن(فۆلکلۆری یاری زانستی هوڵمان)- حەمەکەریم رەمەزان هەورامی- ژ ١ساڵی(١)١٩٧٠- ل٤-٧.

٢- تابلۆیەکی فۆلکلۆری کوردی- کۆکردنەوەی گەردی ژمارە(٤، ٥)ساڵی(١)١٩٧١ ل١١-١٢.

٣- رەگی تێکۆشانی چینایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیاندا-کەریم شارەزا- ژ(٢)ساڵی(٢) ١٩٧١-ل٢٨-٣٤.

٤- رەگی بۆرجوازی لەنێو پەندی پێشینانماندا- محەمەد مەنگوڕی ژ١ساڵی(٣)١٩٧٢ ل٥-١.

## زانست

١- شیردانی ساوا ب ١-د. خورشید دزەیی ژ١ ساڵی(١)١٩٧٠ ل٣٥-٣٨.

٢- شیردانی ساوا ب٢- د.خورشید دزەیی ژ٢، ٣ساڵی(١)١٩٧٠ ل٧٠-٧٤.

٣- هەندێ لە نەخۆشیەکانی منداڵان لە ئاووهەوای ساردا-د.خورشید دزەیی- ژ ٤، ٥، ساڵ(١) ١٩٧١ ل-٦٩-٧١.

٤- جوانکە- د. عەبدولرەحمان سلێمان ژ١ ساڵی(٢)١٩٧١- ل٤٩-٥٢.

٥- كارگەی كەرپووچ دروست كردن لە هەولێر- مەجید عومەر ژ٢ ساڵی(٢) ل٤٧-٥٠.

## ژیاننامە- بەسەرهاتی ناوداران

١- مەكسیم گۆركی- محەمەد حەسەن مەنگوڕی- ژ١ ساڵی(١)١٩٧٠-ل٨-١٠.

٢- چارلز دیكنز-عەبدولحەمید عەبدولڕەحمان- ژ٢ ،٣ ساڵی(١)١٩٧٠-ل٥٨-٦٠.

٣- زەردەشت وئاینەكەی-عەبدولخالق سەرسام- ژ٢ ،٣ ساڵی(١)١٩٧٠-ل٦١-٦٦.

٤- نەزهەت- ژ ٢,٣ ساڵی(١) ١٩٧٠-ل٧٦-٨٥.

٥- مەلا محەمەدی كۆیی- كەریم شارەزا ژ٤، ٥ساڵی(١)١٩٧١-ل٣٤-٤١.

٦- جیۆفری چۆسەر-باكوری-ژ١ساڵی(٢) ١٩٧١-ل١٧-١٩.

٧- بیرەوەری شاعیری نەمر(كانی)-عدبدولغەنی عەلی یەحیا- ژ١ ساڵی(٢)١٩٧١- ل٣٣-٤.

٨- ئیبن ئادەم- كەریم شارەزا-ژ(٢) ساڵی(٢) ١٩٧١ ل٧-٩.

٩- وەستا رەجەبی رەواندزی-ئەنوەر محەمەد نەوروز- ژ٢ ساڵی(٢)١٩٧١ ل٦-١٤.

١٠- لاپەرەیەكی شاراوە لە ئەدەبی گەلەكەمان- محەمەد عدبدولقادر بەرزنجی ژ٢ ساڵی(٢)ل٣٦-٣٧.

١١- ناودارەكانی هەولێر- یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی-ژ٣ ٤ ساڵی(٢) ١٩٧٢ ل٦٢-٦٦.

١٢- ناودارەكانی هەولێر - یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی ژ١ ساڵی(٣)١٩٧٢- ل١٢-١٦.

١٣- خەلیل خالید بەگی بابان- كەریم شارەزا - ژ(١) ساڵی(٣) ١٩٧٢ ل٣٣-٣٧.




## شیعری كوردی

١- بۆ شاری هەولێر- عەلی فەتاح دزەیی- ژ(١)ساڵی(١) ١٩٧٠ ل١٥-١٧.

٢- سلاوعوسمان خۆشناو-ژ١ ساڵی(١)١٩٧٠- ل١٩-٢٠.

٣- پێبكەنە- پیربال مەحمود- ژ١ ساڵی(١) ١٩٧٠-ل٢١.

٤- كاك-عبدوللا پەشێو-ژ١ ساڵی(١)١٩٧٠- ل٢٢.

٥- من وتۆ- خالید-ژ ١ ساڵی(١) ١٩٧٠- ل٢٣-٢٤.

٦- ئەچم-كەریم شارەزا-ژ (١)ساڵی١٩٧٠ ل٢٤-٢٥.

٧- كەوەكەم-كاكەی فەللاح - ژ(٢، ٣) ساڵی١ ١٩٧٠- ل٣٧.

٨- زەنگی ئاشتی-كەریم شارەزا-ژ ٢، ٣ ساڵی(١) ١٩٧٠ ل٤٣-٤٤.

٩- بۆ برای فـدایی فەلەسـتین-عـونی حـەبیب- ژ ٢، ٣، سالّی (١) ١٩٧٠-ل٤٤-٤٦-٤٧.

١٠- هەستیار-مـەلا مەسعود(بێ بـەش) ژ(٢ ،٣)سالّی(١) ١٩٧٠-ل٤٨.

١١- جەژنـە پـیرۆزە-جـەلال خۆشـناو- ژ ٢، ٣، سالّی(١) ١٩٧٠-ل٥١.

١٢- شەنگەبیری-ژ٢،٣ سـالّی(١)١٩٧٠ ل٧٤-٧٥(١)و(٢).

١٣- ناسـۆری تەشـەنا- (هـ...)-ژ٤، ٥، سالّی(١)١٩٧١ ل٣٠.

١٤- دیدەنی-شێرکۆ بێکەس - ژ ٤،٥ سـالّی(١) ١٩٧١ ل٤٩-٥١.

١٥- دەردی کۆمـەل-جـەلال خۆشـناو ژ(٤ ،٥)سالّی (١) ١٩٧١ ل٥٧-٥٩.

١٦- چارەنووسـی شـاعیر- هـێمن مهابـادی - ژ١سالّی٢ ١٩٧١- ل٢٠.

١٧- حەللـەق..مەللـەق- هـەژار- ژ١ سالّی(٢)١٩٧١ ل٣١-٣٢.

١٨- ئـامێزی ژن- مامـە حەسـەن- ژ(١) سالّی(٢) ١٩٧١ ل٤٦.

١٩- مووناپسـێنم- هـ.. ژ١ سـالّی (٢)١٩٧١ل٦٤.

٢٠- خەنـدەی ئەسـرین-جـەلال خۆشـناو- ژ١سال(٢)١٩٧١-ل٧٣.

٢١- یاداشتی پێشمەرگەیەك-ئازاد-ژ١سالّی(٢) ١٩٧١-ل٧٥-٧٧.

٢٢- جـوانی ولّـاتم-ع.قرگـەیی-ژ١ سـالّی (٢)١٩٧١-ل٧٨.

٢٣- کـانی-محەمـەد رەشـاد مفـتی-ژ١ سالّی(٢)١٩٧١ ل٨٥-٨٦.

٢٤- ئـەم هەلـە-مەجیـد ئاسـنگەر ژ١ سالّی(٢)١٩٧١-ل٨٧.

٢٥- پەیکـەری حـاجی قـادر-قوبـاد جـەلی-ژ٢ سالّی(٢) ١٩٧١- ل٢٢.

٢٦- فەوزیە-خالید- ژ ٢ سالّی (٢) ١٩٧١-ل٣٤-٣٥.

٢٧- کێ..؟ جەلال خۆشناو-ژ٢ سـالّی(٢)١٩٧١-ل٣٨.

٢٨- ئـەی گـەل- پیربـاڵ مـەحمود- ژ٢سالّی(٢)١٩٧١-ل٤٥.

٢٩- قـەلای هـەولێر-ع-قرگـەیی- ژ(٢)سالّی(٢)١٩٧١-ل٥٨-٥٩.

٣٠- گۆرانیـەتی بـێ سەروشـوێن-سـەعدوللا پەرۆش-ژ٢ سالّی(٢)١٩٧١-ل٦٣.

٣١- گەشترین ئامـانج-مەدحـەت بێ خـەو-ژ٣ ،٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٣٤.

٣٢- هەولێر ودانیشتوانی- شێخ رەئوف خانـەقا- ژ٣ ،٤ سالّی(٢)١٩٧١-ل٤٨-٤٩.

٣٣- مرازنەزرونیاز-کوردستا موکریـانی-ژ٣، ٤، سالّی(٢)١٩٧١-ل٥٩-٦١.

٣٤- رازی کـۆتر-مـەلا کچکـە-ژ٣، ٤ سالّی(٢)١٩٧١ - ل٧٣-٧٥.

٣٥- شـەقام- پـەژار-ژ٣ ،٤سـالّی(٢)١٩٧١-ل٧٦-٧٧.

٣٦- وشـەی نـەمر-عەبـدولخالق سەرسـام- ژ ٣ ،٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٨٨-٨٩.

٣٧- شـیرینەکەم-مـارف ناسـراو-ژ٣، ٤ سالّی(٢)١٩٧١-ل٩٥.

٣٨- یـەکیتی بـیر- موحسـین ئـاوارە-ژ ٣ ،٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٩٦.

٣٩- بیرەوەری صافی نەمر-مەدحـەت بێ خـەو- ژ٥سالّی(٢)١٧٩٢-ل٢١-٢٢.

٤٠- بـەفر-ئـازاد دلـزار-ژ ٥ سـالّی(٢)١٩٧٢-ل٤٤.

هەولێرنامەی دیجیتاڵ

٤١- راپۆرتێــك بۆدادگــایی شــیعر-عەبــدوللاّ پەشێو-ژ ١ سالی(٣)١٩٧٢-ل٢.

٤٢- تیشكێ بۆ سـەر هەڵبەستەكانمان-جەمیل رەنجبەر-ژ١ سالّی(٣)١٩٧٢-ل٢٩-٣٠-٣١.

٤٣- گــۆرانی لوتكــە-جــەلال مەدحــەت-ژ١ سالّی(٣)١٩٧٢-ل٣٨-٣٩.

٤٤- شەرحی رازێكی بیمار-حەیدەر نانەكەلی ژ١ سالّی(٣)١٩٧٢-ل٤٠.

٤٥- بزانـــە مـــن چـیم-پیربـــال مـــەحمود-ژ(١)سالّی(٣)١٩٧٢-ل٤١-٤٢.

٤٦- هــۆنراوێكی بــێ نــاو٠رەفیــق ســابیر-ژ١ سالّی(٣)١٩٧٢-ل٤٢.

## چیرۆكی كوردی

١- مــــەمو-مەجیـــــد ئاســــنگەر-ژ١ سالّی(١)١٩٧٠-ل٤٢-٥٠.

٢- پــەیمانی مــیری ســۆران-مــەم-ژ٢ ،٣ سالّی(١)١٩٧٠-ل٨٩-٩٧.

٣- زەرفی شــیرین-تــاهیر ســالح ســەعید-ژ٤، ٥سالّی(١) ١٩٧١-ل٧٧.

٤- قەلەرەش و مام رێوی-كوردستان موكریـانی ژ١ سالّی(٢)١٩٧١ ل٤٧-٤٨.

٥- نامەی پێشمەرگەیەك- مەغدید سۆران- ژ١ سالّی(٢) ١٩٧١ ل٧٩-٨٣.

٦- فەریكەیە نۆك-سەوزەڵەیە نۆك-محمد نـوری توفیق-ژ٢سالّی(٢)١٩٧١ ل٢٩-٣٣.

٧- گولــك و گولەســار دایكــی رەنــج خەســار-مەشخەل-ژ٣ ، ٤ سالّی(٢) ١٩٧١-ل ٧٨-٧٩.

٨- گەریدە لە هەلپەی ناندا-محمد رەشید فەتاح-ژ٣ ،٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٨٣-٨٧.

## چیرۆكی وەرگێردراو

١- رۆژێك لــە رۆژان-رەفیــق خـوری- و: مــەم-ژ١ سالّی(١) ١٩٧٠-ل٢٦-٣٢.

٢- گەنجینەی هەزاران-جبرائیل دانتزیو- مغدید سۆران- ژ٢,٣ سالّی(١) ١٩٧٠-ل٦٧-٦٩.

## شانۆگەری

١- ئەم میوانــە كــێ یــە؟ عەبدولغــەنی عــەلی یەحیا ژ٣، ٤سالّی(٢)١٩٧١ ل٥٤-٥٨.

٢- رەوشــتی پێشــمەرگە-عەبدولغــەنی عــەلی یەحیا ژ٥ سالّی(٢)١٩٧٢ ل٥٦-٦٤.

## هونەر

١- دووسێ قسە دەربــارەی هونــەر و گــۆرانی و مۆسیقای كوردی-بـاكووری-ژ١ سـالّی(١)١٩٧٠ ل٣٩-٤٠

٢- هونــــەر چــــییە؟ مغدیـــد ســــۆران-ژ٥ سالّی(٢)١٩٧٢-ل٣-٩.

## پەخشان

١- ئــاوازی ناچاری بــۆ خــەم ئــەلێم-عوسمـان خۆشناو-ژ٢ ،٣سالّی(١)١٩٧٠-ل٢٧-٣٠.

## شیعری كوردی وەرگێردراو

١- گولالەی سور-هۆنراوەی ڤێتنامی- و. هیوا سەرهەنگ-ژ ٤، ٥ سالّی(١)١٩٧١-ل٧٢-٧٣.

## لێكۆلّینەوەی ئەدەبی

١- وێـــژەو ژیـــانی مــــرۆڤ-عەبدولەجیـــد عەبدولرەحمان- ژ١ سالّی(١)١٩٧٠ل١١-١٤.

٢- شێوە لە شێوەی وێژەیی و شێوەی زانیـاری-عەزیز گەردی- ژ٢ ،٣ سالّی(١)١٩٧٠ ل٢٣-٢٦.

٣- شۆرشی وێژەو وێژەیی شۆرش- جەمال عەلی -ژ٢، ٣سالّی(١)١٩٧٠-ل٥٢-٥٧.

٤- دلّــدار لــە نێــوان كلاســیك ورۆمانتیــك و ریالیزمــــــدا-عــــــەزیز گــــــەردی-ژ٤ ،٥ سالّی(١)١٩٧١-ل١٨-٢٩.

٥- چەند تێبینییەك لە بابەت نەزهەت و میری سۆران-ن.ب ژ ٤،٥ ساڵی(١) ١٩٧٠ ل ٥٢-٥٥.

٦- کورتە لێکۆڵینەوەیەکی دیاری ویادگار-حەمەکەریم رەمەزان هەورامی-ژ ٤، ٥، ساڵی(١) ١٩٧١ -ل٦٣-٦٨.

٧- روخسار وناوەرۆکی لە هۆنراوەدا-عەزیز گەردی- ژ١ ساڵی(٢)١٩٧١-ل٩-١٦.

٨- ئایا مێژووی کورد لە چ ساڵێکدا دەست پێ دەکات؟ فرانسۆ هەریری-ژ١ساڵی (٢)١٩٧١-ل ٢١-٢٤.

٩- روونکردنەوەیەك دەربارەی شیعرەکانی نەزهەت-کەریم شارەزا - ژ١ساڵی(٢)١٩٧١-ل٥٣-٥٦.

١٠- بایەخی فیکری تازە-مەجید عەبدولرەحمان-ژ١ ساڵی(٢)١٩٧١-ل٦٥-٧١.

١١- مێژووی ساڵی کوردی-محەمەد حەسەن مەنگوری-ژ٢ساڵی(٢)١٩٧١-ل٣-٦.

١٢- مێژووی دوا رۆژی ئەدەبیات-فیلیپ تۆینبی-مغدید سۆران-ژ٢ساڵی (٢) ١٩٧١ -ل١٧-٢١.

١٣- روخسارو ناوەرۆکی لە هۆنراوە(ب)١-عەزیز گەردی-ژ ٣، ٤ساڵی (٢) ١٩٧١ -ل٢٧-٣٣.

١٤- خەیام تەنیا شاعیر نیە، بەڵکو مەزنترین زانایە-عوسمان شارباژێری-ژ٣، ٤ ساڵی(٢) ١٩٧١ ل٣٥-٤١.

١٥- چەند وردە سەرنجێك دەربارەی رێگەی دوور-کەکوش-ژ٣، ٤ساڵی(٢)١٩٧١-ل٤٢-٤٧.

١٦- لەسەر زەردەخەنەیەك-عومەر مەعروف بەرزنجی-ژ٣، ٤ساڵی(٢)١٩٧١-ل٩٤.

١٧- ئەدەب و ئەدیبەکانمان-محەمەد مەنگوری-ژ ٥ ساڵی(٢)١٩٧٢-ل١٨.

١٨- روخسارو ناوەرۆك لە هۆنراوەدا ب(٢)عەزیز گەردی - ژ ٥ ساڵی(٢) ١٩٧٢-ل٤٤-٥٢.

١٩- سەرنجێك لە مێژووی رەخنەی ئەدەبیدا-عەزیز گەردی- ژ ١ ساڵی(٣)١٩٧٢-ل١٧-٢٨.

٢٠- پاشاوەی لەسەر زەردەخەنەیەك-عومەر مەعروف بەرزنجی-ژ١ ساڵی(٣)١٩٧٢-ل٥١-٥٣.

## ئافرەت

١- دەوری ئافرەت لە خەباتی گەلەکەماندا-گەلاوێژ شفیع-ژ١ ساڵی(١)١٩٧٠-ل٣٧-٣٨.

٢- بەشی ئافرەتان-دایکی سۆران-ژ٢، ٣ ساڵی(١)١٩٧٠-ل٣١-٣٣.

٣- ئافرەت و هەڵسوڕاندنی منداڵ- گەلاوێژ شەفیع-ژ٤، ٥ساڵی (١) ١٩٧١-ل٧٥-٧٦.

٤- ئافرەت و خوێندەواری-سامیە چاوشلی-ژ١ ساڵی(٢)١٩٧١-ل٤٣-٤٥.

## وتوێژو چاوپێکەوتن

١- بۆچی مردو لینگی درێژ دەبێتەوە-وتوێژ لەگەڵ مامۆستا هەژار-محەمەد هەرسینی ژ١ ساڵی(٢)١٩٧١-ل٧٥-٦٢.

٢- لە بابەت ئەدەب و قوتابخانەکانی و ئەرکی نووسەری کورد-وتوێژ لەگەڵ چەند نووسەرێکدا ژ٣،٤ ساڵی(٢)١٩٧١-ل١١-٢٦.

٣- پرسیارو وەڵام لە بابەت هونەر-وتوێژ لەگەڵ چەند هونەرمەندێك-ژ٥ ساڵی(٢) ١٩٧٢-ل١٠-١٧.

## بابەتی دیکە

١-قسەو بێ دەنگی-ژ١ ساڵی(١)١٩٧٠-ل٢٥.

٢-خاڵۆی رێبوار-ژ١ساڵی(١)١٩٧٠-ل٣٥-٣٦.

٣-ئایا ئەزانیت- ژ٢، ٣ ساڵی(١)١٩٧٠-ل١٢.

٤-سەرنجێك دەربارەی شاری هەولێر-ح-ئەنتوان شیت-ژ٢، ٣ ساڵی(١)١٩٧٠-ل١٣-١٥.

٥-خالۆی رێبوار- ژ٢ ،٣ سالّی(١)١٩٧٠-ل١٦-٢٢.

٦-زانایان وتویانە- ١ ،٣ سالّی(١)١٩٧٠-ل٥١.

٧-دروشمی مرۆڤایەتی-عومەر سەید محەمەد بەرزنجی-ژ ٢ ،٣ سالّی(١)١٩٧٠-ل٨٦-٨٨.

٨-بۆچی مردو لینگی درێژ دەبێتەوە-هەژار-ژ٤. ٥سالّی(١)١٩٧١-ل٧-١٠.

٩- بەرەواژ- ئاسنگەر-ژ٤، ٥سالّی(١)١٩٧١-ل٧-١٠.

١٠- خالۆی رێبوار- ژ ٤. ٥سالّی(١)١٩٧١-ل٤٢-٤٨.

١١- تەلەفزیۆن- جەمیلە ئیبراهیم-ژ٤، ٥ سالّی(١)١٩٧١-ل٧٤.

١٢- بەیادی..یەکی ئایار-ممتاز حەیدەری-ژ١ سالّی(٢)١٩٧١-ل٥-٨.

١٣- خالۆری رێبوار-ژ١ سالّی(٢)١٩٧١-ل٢٥-٣٠.

١٤- نەزهەت و شێخ محەمەد صدیق نەهری-جیتو سەید تەها-ژ سالّی(٢) ١٩٧١-ل٦٣-١٥

١٥- - تۆزقالّێك- عەباس محەمەد-ژ١ سالّی(٢)١٩٧١-ل٧٤.

١٦- گلکەند وتانکی وسەعاتەکەی هاروونە رەشید-د.مارف خەزنەدار-ژ٢سالّی(٢)١٩٧١-ل١٠-١١.

١٧- یادی بەرپابوونی شۆرش گەلی کورد-ژ٢ سالّی(٢)١٩٧١-ل٥١-٥٢.

١٨- یادی تێپەربوونی ٢٥سالّ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێکۆشەر ژ٢سالّی(٢)١٩٧١-ل٦٠-٦١.




١٩- ئایا ئەزانی- ژ٢سالّی(٢)١٩٧١-ل٦٤.

٢٠- ئەرکی نووسەری کورد-مغدید سۆران-ژ٣، ٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٣-٥.

٢١- بابرزێ گیانی پیلان گێرەکانی ٢٩ی ئەیلوولی١٩٧١-بارزان خالد-ژ٣، ٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٩-١٠.

٢٢- کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان-جەمیل رەنجبەر-ژ٣، ٤سالّی(٢)١٩٧١-ل٥٠-٥٣.

٢٣- پرۆژەی پەروەرەکانی هەولێر-سلێمان ئەلئەسعەدی-ژ٣ ،٤سالّی(٢)١٩٧١ ل٢٣-٢٧.

٢٤- بژی ئازادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان-فەرنسۆ هەریری-ژ٥سالّی(٢)١٩٧٢-ل٢٣-٢٧.

٢٥- یادی دووەمی یازدەی ئاداری پیرۆز-ئەحمەد شەریف-ژ٥سالّی(٢)١٩٧٢-ل٣٥-٣٧.

٢٦- شاری کۆیە یان کۆیسنجق-مەجید عومەر-ژ٥سالّی(٢)١٩٧٢-ل٣٨-٤٢.

٢٧- هاتوچو-م،ئەوەل پۆلیس عەبدولوەهاب-ژ١ ساڵی(٣)١٩٧٢-ل٤٣-٤٥.

٢٨- یەکی پوشپەر جەژنی منداڵانە لە جیهاندا- سامیە چاوشلی-ژ١ ساڵی(٣)١٩٧٢-ل٤٦-٤٧.

٢٩- فرۆلینا یان بەرەی رزگاری چار-ئەحمەد شەریف-ژ١ ساڵی(٣)١٩٧٢-ل٤٨-٥٠.

٣٠- خاڵۆی رێبوار-ژ١ ساڵی(٣)١٩٧٢-ل٥٤-٥٧.

ژمارە(٦)ی تایبەت بە نەورۆز کە بەشی زۆری بابەتەکان دەربارەی جەژنی نەرۆز بە جیا لە ژمارەکانی تر بابەتەکانی ئەو ژمارەیە دەخرێنە روو ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەو بابەتانە زۆر جیاوازن لە بابەتی ژمارەکانی تر، جێیی وتنە کە هەندێك بابەتی وەك مژدە و چەند دێرە شیعری شاعیرانی تر دانەنراونەتەوە:

١- دەسکە گوڵێك.. ل٢.

٢- نەورۆز و ئادار- سەرەکی نووسین(محەمەد مەولود (مەم)ل٣-٦.

٣- بەیانە مێژووییەکەی یانزەی مارت- ل٧-١٦.

٤- نەورۆز لە شیعری کوردیدا-کەریم شارەزا- ل١٧-٢٤.

٥- بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە(راست کردنەوەیەك)- ل٢٥-٢٦.

٦- یانزەی ئادارو نەورۆز (شیعر)-خورشیدە بابان.

٧- کورتە لێکۆڵینەوەیەکی دیاری ویادگار(پاشماوە وتار) د- حەمەکریم رەمەزان هەورامی- ل٢٩-٣٠.

٨- ئادارو نەورۆز(گیروگرفتەکانی هەولێر و کوردستان) چاوپێکەوتنی چەند ناسراو و روناکبیرێکە لەلایەن دەستەی نووسینی گۆڤارەکەوە ئەنجامدراوە- ل٣٣-٧٢.

٩- نەورۆز وکاوە(شیعر)-کامەران)-ل٥٢.

## بیبلیۆگرافیای بەشی عەرەبی

**گۆڤارەکە بە پێی ژمارەکان خراونەتە روو بە هۆی ئەوەی بابەتەکان کەمن و زۆر فراوان وجۆراوجۆر نین:**




ژ(١)ساڵی(١)١٩٧٠

١- اعیاد لا تنسی-حسین رشوانی-ص-٥٤-٥٧.

٢- اغنیة الی فلسطین- عبدالله پەشێو- تعریب(س) ص٥٨-٥٩.

٣- مشروع ماء اربیل المهندس المیکانیکي(بلال غلام جبار)ص٦٠-٦٢.

٤- الصیف ..من وحي المصایف- بیربال محمود(شعر)ص٦٣-٦٤.

ژمارە(٢، ٣) ساڵی یەکەم ١٩٧٠

١. راي في العدد الاول من (هەولێر) حنا انطوان شیت-ص١٠٣-١٠٤.

هەواڵنامەی کتێب

٢. بين لفظتي اربيل وهەولير-زبير بلال اسماعيل - ص١٥-١٠٨.

٣. ثلاث خواطر للاخرين-طارق ابراهيم شريف- ص٠٩.

٤. وجة الشمس (شعر) احمد تاقانه- ترجمة (نزار جرجيس)- ص١١٠.

٥. حركاة - للشاعره الامريكيه- ادنافنسنت فلاى-تعريب (ناصر يوسف منصور) ص١١١-١١٢.

٦. نم يا صغيري (دراسة)-سلطانه عبدالوهاب- ص١١٣-١١٤.

٧. صراخ(قصة)-ايان-ص١١٥.

٨. من اجل مسرح كردي منصور-نزار جرجيس علي-ص١١٦-١١٧.

**ژماره(٤، ٥) سال(١) ١٩٧١**

٩. معالم تاريخيه فى اربيل(١)زبير بلال اسماعيل- ص٨١-٨٨.

١٠.سيكولوجية الضمير-ظاهر احمد هناري- ص٨٩-٩١.

١١.هولاْ انجبتهم مدينة اربيل (اربيل)-الحلقة الاولي-عادل حسن امين-ص٩٤-٩٦.

١٢.مقطع من شعر كامران- ترجمة (سامى شورش)ص٩٦.

**ژماره(١) ساڵی(٢) ١٩٧١**

١٣.معالم اثرية في اربيل وانحائها(٢)-زبير بلال اسماعيل-ص٨٩-٩٤.

١٤.هولاْ انجبتهم مدينة اربيل (اربيل) الحلقة الثانية-عادل حسين امين ص٩٧-٩٨.

**ژ٢ ساڵی٢ ١٩٧١**

١- فليسقط الادب اللامسئول

٢- كلمة بمناسبة انعقاد مؤتمر الادباْ الاكراد في اربيل في١٤-١٧/٧/١٩٧١ص٦٥-٦٨.

٣- المفهوم العلمي للامة-مراحل تكوينها وسماتها-حازم عبدالله باجلال-ص٧٧-٧٩.

٤- معالم اثرية في اربيل وانحائها-زبير بلال اسماعيل- ص٧٧-٧٩.

**ژ(٣، ٤) ساڵی(٢)١٩٧١**

٥- (مناضل من كردستان).. البارزاني بطل قومي وقائد ثوري-ج. باجلالن ص٩٧-١٠٠.

٦- جائزة نوبل-ص١٠١.

٧- هؤلاْ انجبتهم مدينة اربيل(اربيل)-الحلقة الثالثة)-عادل حسين امين-ص١٠٢-١٠٤.

٨- خطة جهنمية-صالح ابراهيم-ص١٠٤-١٠٦.

٩- اربيل في سنة ١٨٢٠-ص١١٠-١١٢.

**ژماره(٥) ساڵی(٢)١٩٧٢**

١٠- جولة ونقد-ابو سەفين-ص٦٥-٧٢.

١١- قرات العدد الماضي من (اربيل)- سعيد يحيي خطاط-ص٧٣-٨٠.

**ژ(١) ساڵی(٣)١٩٧٢**

١٢- قلة الماْ واسبابة-هاشم عبدالله-ص٦٥-٦٨.

١٣- مجلة هەولير والسبل الممكنة لتطويرها-سعدي المالح-ص٦٩-٧٢.

١٤- كردستان- ع.ع.ص٧٣.

١٥- في ذكراك يا عاصم-هاشم عبدالله-ص٧٥.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم شیعرە خاوەنەکەی شاعیری ناودار(هێمن مهابادی-موکریانی)یە.

٢- شیعری ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ (هێمن مهابادی-موکریانی).

٣- هەروەها ئەو شیعرەش دەگەڕێتەوە بۆ (هێمن مهابادی).

# دیار محەمەد سەعید دۆسکی

## ژ ئەندامێن دەستەکا دامەزرێنەرێن سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ، وەغەرا داویێ کر

ئیسماعیل بادی*

دبیاڤێ رۆژنامەڤانیا کوردیدا، هژمارەکا زۆر یا ناڤێن گەش و پری بزاڤ و خەبات دهێنە بەرچاڤ، کو هەمی ژیاناخو تەرخان کرییت ژ بۆ کارێ رۆژنامەڤانیێ ئێک ژ ئەڤان ناڤان خودێ ژێ رازی بیت(دیار محەمەد سەعید دۆسکی)یە.

**- ژیانا وی**

رۆژنامەنڤیس دیار محەمەد سەعید دۆسکی ل سالا ١٩٤٧ێ ل گوندێ گەرماڤا ل بازێرێ دهۆك ژ دایك بوویە و ل دهۆك دەست ب خواندنێ کری یە هەتا قوناغا ئامادەیی بدوماهی ئینایی.

ژبەر کاودانێ سیاسیێ دەڤەرێ و خەباتا خودێ ژێ رازیێ بابێ وی(محەمەد سەعید دۆسکی) دناڤ ریزێن پارتی دا، نەشیایە بەردەوامیێ بدەتە خواندنێ. پشتی بابێ وی وەك نوینەرێ پارتی و بارزانی ل ئەمریکا بنە جه دبیت، ئەو ژی دچیتە وێرێ، دا بەردەوامیێ بدەتە خواندنا خو،

بەلێ ژبەر خەریبی یا وی بۆ جه و خەلکێ دهوکێ و هەڤبەندییا وی و گرێدانا وی ب دەیکا ویڤە ل دهۆکێ، جارەکا دی دزڤریتەڤە بۆ بازێرێ دهۆکێ بێ ی خواندنا خو تمام بکەت. دیسان ل وێرێ ژی بۆ وی دەمێ مایی، شیایە هەڤبەندی یێن باش دگەل هندەك هونەرمەند و رۆژنامەنڤیسان ڤە گرێ بدەت. بەلێ دسەر هندێ را، دبیتە خودان قەلەمەکێ چەلەنگ و ب زمانێ کوردی و عەرەبی باش دخوینیت و دنڤیسیت و بەرهەمێن خو بەلاڤ دکەت.

هەروەسا دژیانا خودا ژبەر کاودانێن سیاسی و بنەمالا وان، گەلەك جاران توشی نەخوشیا دبیت و هەتا لدوماهیێ شیای خو ژهەمی ئاریشەیێن دژوار یێن کو رژێمێ پەیدا دکرن خو بپارێزیت.

**- دیار وەك نڤیسەر:**

تشتەك ئاشکرایە دژیانا هەر رەوشەنبیرەکێ کورددا، ل دەستپێکێ ب بابەتێن ئەدەبی دەست پێکرییەو نەخاسمە ژی ب هۆزانی، رەحمەتی دیاری ژی دەست دایە ڤەهاندنا هۆزانێ و هۆزانا خویا نەخری لژێر ناڤێ (نەوروز) ل رۆژناما (هاوکاری) هژمار(١١) یا سالا ١٩٧١ ێدا بەلاڤکرییەو پاشی دەست دایە



چیرۆکێ و چیرۆکەك بناڤی(دلێ دایکێ) ل هژمار (١١٨)یا سالا ١٩٧٢ێدا بەلاڤکرییە، هەروەسا گوتارەك لدۆر بیرەوەریێن خو دگەل هونەرمەندێ ناڤدار (شەمال سائیب) لدەمێ ل ئەمریکا دیتی و نیاسی، د رۆژناما(بزاڤ)دا یا هژمار(٢٠) ل رۆژا ١٩٨٩/١٢/١٢ بەلاڤکرییە، هەروەسا گوتارەکا دیتر لدۆر زانایەکێ کورد (مەلا شوکری) هەر د وێ رۆژنامێدا ل هژمارا(١٨) یا رۆژا ١٩٨٩/١١/٢٨ بەلاڤکرییە.

پشتی سەرهلدانێ و ژ مشە بونا رۆژنامە و کۆڤاران، زێدەتر کەفتە قادا نڤیسینێ و بەرهەمێن هەمەرەنگ بەلاڤکرن ژێین ئەدەبی و سیاسی و رەوشەنبیرییا گشتی و دیرۆکی. چەندین گوتار درۆژناما (خەبات)دا ب زمانێ عەرەبی بەلاڤکرینە. هژمارا زۆرتر دکۆڤارا (مەتین)دا بەلاڤکرینە کو ژ کارمەندێن وێ ییێن سەرەکی بوویە.

دیسان شیایە دناڤ بەرپەرێن کۆڤارا مەتین دا وەك وەرگێرەك خو بدەتە نیاسین و پەرتوکا(چەند بەرپەرەك ژ خەباتا عەبدولرەزاق بەدرخان) یا پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل ژ زمانێ کوردی وەرگێریتە سەر زمانێ عەرەبی و ب زنجیرە دکوڤارێدا ل هژمارێن (٨٩) یا سالا ١٩٩٩ ێ هەتا هژمارا(٩٤) هەر یاوێ سالێ بەلاڤ بکەت.

هەروەسا لدۆر چەندین پەرتۆکان نڤیسی یە چ بدەتە نیاسین یان ژی هزر و بوچوون و تێبینی ییێن خو وەك رەخنە لسەر بەلاڤ بکەت.

**- دیارێ رۆژنامە نڤیس:**

پشتی قوناغا ئەدەبیاتیێ، زۆربەی نڤیسەرێن کو ژ نەچاری و دەلیڤە ڤالا بوونێ دبنە رۆژنامەنڤیس. پشتی سەرهلدانا بهارا سالا ١٩٩١ێ، سەیدایێ دیار د راگەهاندنا لقێ ئێکێ پارتی دا کاردکەت و دگەل هژمارەکا نڤیسەرێن دیتر کوڤارا مەتین ل سالا ١٩٩١ێ دەردئێخن و وەك ئەندامێ دەستەکا نڤیسەران کاردکەت و هەتا هژمار(٢٤)ێ ل سالا ١٩٩٣ێ، پاشی ژهژمارا(٢٥)یا چریائێکێ ١٩٩٣ێ وەك سکرتێرێ پشکا کوردی دەست بکاری کرییەو ژهژمارا (٤٢-٤٣)یا تیرمەه و تەباخا ١٩٩٥ێ بوویە سکرتێرێ گۆڤارێ یێ هەردوو پشکان. لدویڤ دا ژ هژمارا (٨٧)نیسانا ١٩٩٩ هەتا هژمارا وێ یا دوماهیێ (١٣٢)ێ بوویە سەرنڤیسەرێ کۆڤارا مەتین و کاروانێ وێ ب هەردوو زمانا هاژۆتی یە.

ژوێ بەر پسیاریا وی دکۆڤارێدا، شیایە هژمارەکا زۆر یا گوتارێن هەمەجۆر بنڤیسیت ب هەردوو زمانان و دناڤ بەرپەرێن کۆڤارا مەتین و چەند رۆژنامەو کۆڤارێن دیتردا بەلاڤ بکەت.

هەر دناڤ بەرپەرێن کوڤارا مەتین دا ب تیپێن لاتینی گۆشەیەك ڤەکری یە لژێر ناڤێ (ژ رۆژنامەگەرییا کوردی) تێدا (٩) خەلەك د هژمارێن (٤٦)یا سالا ١٩٩٥ێ هەتا هژمار (٥٧) یا سالا ١٩٩٦یدا بەلاڤکرینە.

هەروەسا ب زمانێ عەرەبی، لژێر ناڤی (من صحافتنا الکوردیە أیام زمان) گۆشەیەکێ دیتر دکۆڤارا مەتین دا ب زمانێ عەرەبی ڤەکری یەو ژ هژمارا (٤٧)یا سالا ١٩٩٥ێ دەست پێکری یە و ل هژمارا(٦٣)یا سالا ١٩٩٧ێ ب (١١) خەلەکا دوماهی پێ ئینایە و هەر جار تێدا کورتە گوتارەك لدور رویدانەکێ وەردگێرا سەر زمانێ عەرەبی. هەژی گوتنێ یە ئەڤ هەردوو گۆشەیە، یێ ئێکێ بناڤێ (رێڤینگ) بەلاڤدکر و یێ عەرەبی ژی بناڤێ (زاگرۆس) دهاتە بەلاڤکرن.

**- رۆلێ وی د سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێدا:**

خودێ ژێ رازی بیت (دیار محەمەد سەعید دۆسکی) پشتی وێ سەربورا وی دبیاڤێ گۆڤارا (مەتین)دا، شیا رولەکێ بەرچاڤ دناڤ رێزێن سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێدا بگێریت ژبلی کو ناڤەکێ ناسیار بوویە د راگەهاندنا پارتی دا ل باژێرێ دهۆکێ.

هەر ل دەستپێکا خو بەرهەڤکردنێ، رەحمەتی بوویە ئەندامێ دەستەکا دامەزرێنەرا سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ ل سالا ١٩٨٩ێ و دهەمی کومبوونێن وێدا بەرهەڤبوویە. پشتی دەرکەفتنا بریارا دامەزراندنا سەندیکایێ ژ وەزارەتا ناڤخۆ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ یا هژمار

(٤٥٥٨) ل رۆژا ١٩٩٨/٧/٧ێ، بوویە ئەندامێ لیژنا وەرگرتنا ئەندامان و پشتی گرێدانا کۆنگرێ ئێکێ ل رۆژا ١٩٩٨/١٢/٢٧ێ، بوویە ئەندامێ لیژنا سکالا و رەخنەگرتن یا کونگرەیی.

هەروەسا ل گرێدانا کونفرانسێ ئێکێ ل رۆژا ١٩٩٩/٨/١٢یدا ل هولا محمد عارفێ جزیری ل باژێرێ دهوکێ دبیتە سەروکێ لقێ دهۆك و دمینیت هەتا گرێدانا کونفرانسێ دوویێ ل رۆژا ٢٠٠١/٣/١٨ێ.

هەژی گۆتنێ یە پشکداری دهەردوو کۆنگرێن سەندیکایێ دا ل هەولێرا پایتەخت دا کری یە، دیسان ژبزاڤ و لڤینا وی دگەل ئەندامێن دەستەکا کارگێریا کونفرانسێ ئێکێ شیان بارەگایێ سەندیکا یا لقێ دهۆك ڤەکەن.

**ـ هەڤبەندیێن وی:**

رۆژنامەنڤیسێ مە دیار دۆسکی، ژبەر کو مرۆڤەکێ دلپاك و ژنەمالەکا خودان رەوشت و مللەت پەروەرو کوردایەتی بوویە، هەستا وی یا نەتەوەیی هەردەم دگوپیتکێ دا بوویەو ژڤێ چەندێ ژی تێکەلیێن وی دگەل بارا پتر ژ کەسان و رەوشەنبیرێن دەڤەرێ ب هێز بوینە جهێ وی ل کوڤارا (مەتین)، هەردەم کۆچکا روینشتنا رەوشەنبیر و کەسانێن سیاسی بوویەو گەلەك جاران ببوو شوین جهێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد ل دهۆکێ.

هەروەسا خودێ ژێ رازی ب هەڤبەندی یێن خوییێ ناڤدار بوو دگەل کەسانێن سیاسی و رەوشەنبیری یێن کوردێن سووریێ و نامەو پەرتوك و کۆڤار گهۆرین دناڤبەرا واندا یا بەردەوام بوویە و بڤێ چەندێ لدەمێ کۆڤارا مەتین دەست ب چاپکرنا پەرتوکان کری، پشکەك ژ وان پەرتوکان یێن نڤیسەرێن سوریێ بوینە.

**ـ وەغەرا داویێ:**

ل رۆژا ٢٠٠٣/٥/١٠ێ ل دەزگایێ خانی یێ رەوشەنبیری و راگەهاندنێ بەرهەڤی کومبوونەکێ دبیت لدۆر چارەنڤیسی دەزگایێن وان پشتی رزگارکرنا عیراقێ، هەر ل وێ رۆژێ، ل دانێ ئێڤاری نەخۆش دکەڤیت و پاشی دبەنە نەخۆشخانا (الرحمة) ل باژێرێ موسل بۆ چەند رۆژەکان و سەلامەتیا وی بەرەڤ باشتر دچیت، هەرچەندە نۆژداری وی یی تایبەت حز ناکەت دەرکەڤیت، لێ ئەو رژدێ لسەر دکەت بزڤریتە باژێرێ دهۆکێ، پشتی دوو رۆژان جارەکا دی سەلامەتیا وی تێك دچیتەڤەو دبنەڤە بۆ باژێرێ موسل و هەتا رۆژا ٢٨ێ گولانێ لدەمژمێر(٤)ێ سپێدێ ژ ئەگەرێ جەلتەیا دەماغی دچیتە بەردلۆڤانیا خودێ و هەر ل وێ رۆژێ ب بەرهەڤبوونا هژمارەکا زۆر یا کەسایەتی و نیاس و رەوشەنبیر و رۆژنامەنڤیسێن باژێرێ دهۆکێ ل گۆرستانا شاخکێ دهێتە ڤەشارتن لجەم گۆرێ بابێ خو محەمەد سەعید دۆسکی.

لدوماهیێ دبێژین، رەحمەتی دیار دوسکی هەژی هندێ یە گوتارێن وی دپەرتوکەکێدا بێنە کۆمکرن و چاپکرن.

**ژێدەر:**

١- مصطفی نەریمان: بیبلیۆگرافیای رۆژنامەی هاوکاری: بەشی یەکەم: سالانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٣/ بەغدا ـ ١٩٨٩/ بپ ٢١٤

٢- کۆڤارا: دهۆك/ هژمار(٢٠) خزیرانا ٢٠٠٣/ بپ ٦٢

٣- رۆژناما: بزاڤ/ بەغدا/ هژمار ١٨لرۆژا ١٩٨٩/١١/٢٨ و هژمار ٢٠ ل رۆژا ١٩٨٩/١٢/١٢.

٤- عبدالرحیم بادی: بیبلیۆگرافیا هژمارێن نەه سالێن خو لا سیێ ژ ژیێ مەتین (١-١٠٠)/ دهوك ـ ٢٠٠١.

٥- پێزانینێن من یێن تایبەت.

* ئیسماعیل بادی: نووسەرو رۆژنامەنووس، سەرۆکی لقی دهوك-سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

هەوالنامەی کتێب

# ئیندێکسی (٥٤) ژمارەکەی ڕۆژنامەی

# سەردەمی نوێ

# ١٩٨٦-١٩٩٠





**ئامادەکردنی: شوان سلێمان یابە**

**پێشەکی: د.جەمشید حەیدەری**

## پێشەکی

پارساڵ مامۆستا شوان سلێمان یابە ، کە مامۆستایە لە بەشی کوردی کولێجی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،پێشنیازی کرد کە بیبلیۆگرافیای هەر (٥٤) ژمارەی مانگانەی سەردەمی نوێ ئامادەبکات و منیش خۆشحاڵیم دەربڕی، ئەگەر ئەوکارەی ئەنجامدا ، پێشەکییەکی بۆ بنووسم و تیشك بخەمە سەر بارودۆخی دەرچوون و نووسەران و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە بە گشتی و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا، بەتایبەتی لێکۆڵینەوەیەکی تێرۆتەسەل لەسەر هەندێ لە بابەتەکانی بنووسم.مامۆستا شوان ئەرکەکەی بەجێگەیاند.منیش ئەو چەند لاپەڕەم لەسەر نووسیوە کە هیوادارم چ پێشەکییەکەو بیبلۆگرافیایەکە، جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردی بگرێ و یاریدەدەریش بێ بۆ نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ هەڵچنینی زانیاری و ڕۆڵی کوردە ئاوارەکانی هەندەران لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.

## پاشخان و هەلومەرجی دەرچوونی (سەردەمی نوێ)

بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرو نووسەرانی تێکۆشەری ڕێگای ئازادی کوردستان لە هەندەران و دابڕانی زۆربەیان، لەبەر چەند هۆی جیاواز، لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەرکردنی بڵاوکراوەیەك کە لە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بێت و هۆکارێکیش بێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەستەو توێژانە لە دەوری خۆی،بەمەبەستی درێژەدان بە خەبات و پشتگیری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردو ڕیسواکردنی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و سیاسەتیان بەرانبەر بەنەتەوەی کورد و مافە ڕەواکەی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا.

بیرۆکەی دەرکردنی ئەو مانگنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتمەدارو تێکۆشەرو نووسەری قەڵەم بەبڕشت،

مامۆستا کەریمی حیسامی(١٩٢٠-٢٠٠١). وەك دەزانرێ خەباتی چەکداری لە ناوەراستی حەفتاکانەوە لە باشووری کوردستان دووبارە سەری هەڵداوەو درێژەی هەبوو ، لە کۆتایی حەفتاکان شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حەمە ڕەزا شا دەستی پێکرد و سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ کودەتای لەشکری لە تورکیا ئەنجامدراو، لە ٢٢ ئەیلولی ١٩٨٠ شەڕی ئێران عێراق هەڵگیرسا.بۆ ناوەڕاستی هەشتاکان خەباتی چەکدار بەسەر کورددا سەپێنرا، کە سێ پارچەی کوردستانی گرتەوە ، کوردستان بووە مەیدانی پێکدادانی هێزەکانی عێراق و ئێران لە لایەکەوە، پێکدادانی هێزە کوردییەکان و رژێمە داگیرکەرەکانی و عێراق و ئێران و تورکیا لەلایەکی دیکەوە هەڵگیرسا ئەوە جگە لە شەڕی نێوخۆیی هێزە کوردییەکان ، لەبەر باری جیۆپۆلیتکی کوردستان ، هێزە کوردییەکان بۆ درێژەدان بەخەبات و بەرگری، هێزی هەر پارچەیەك خۆی دایە پاڵ یەکێك لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە.هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان کەوتنە هاوکاری لەگەڵ رژێمی ئاخوندەکانی ئێران و سوریای هاوپەیمانی، هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان روویان لە رژێمی کوردکوژی عێراق کرد،پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی باکووری کوردستان پاڵپشتیان لە سوریا وەردەگرت. ئەوەی شایانی گوتنە ئەو سێ دەوڵەتە لە کاتێکدا بە شێوەیەکی درندانە بزاڤی کوردیان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانیان سەرکوت دەکرد و لە دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد و مافە رەواکانیان هاوبیربوون، بەلاّم لەهەمان کاتدا یارییان بە کێشەی کورد دەکرد و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنا.هێزە کوردییەکانیش تا رادەیەك سوودیان لە ناکۆکی نێوان ئەو دەوڵەتانە وەردەگرت . هەڵوێستی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرانبەر بە ئەمریکاو ئیسرائیل و مەترسی بلاوبونەوەی پان ئیسلامیزم،دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دراوسێی ئێران و زلهێزەکانی کۆك کرد بۆ پشتگیری رژێمی سەدام حوسێن لە عێراقدا و چاوپۆشین لە هەموو تاوانەکانی بەرانبەر گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی، لە کاتێکدا عێراق بە پاڵپشتی راستەوخۆی هەموو ولاتانی عەرەبی ،جگە لە سوریا و بە یارمەتی چەك و تفاق و پشتگیری سیاسی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو جەنگێکی دژواری دژی ئێران هەڵگیرساند بوو و ئێرانیش شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ عێراقدا بەرێوەدەبرد، لەوکاتەدا هەردوو رژێمە داگیرکەرەکەی کوردستان ، شەڕی لە نێوبردنی کوردییان پیادە دەکرد و کوردییان کردبووە قوربانی بەرژەوەندی هەنووکەیی و داهاتووی خۆیان.هێزە کوردییەکانیش لە بەر بارودۆخی سیاسی و بۆ خۆپاراستن و وەرگرتنی پشتگیری هەریەکە خۆیان دابووە پاڵ یەکێك لەو رژێمانە ، بەناچاری بەرانبەر سیاسەتی ئەو رژێمەی خۆیان دابووە پاڵ بێ هەڵوێست بوون، بۆ نموونە هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە عێراق داڵدەی دابوون ، چاویان لە تاوانەکانی بەغدا دادەپۆشی و دەنگی نارەزاییان دەرنەدەبری و بە چاکەو خراپە لە راگەیاندنەکانیاندا باسیان لە سیاسەتی بەعس نەدەکرد، هێزە کوردییەکانی باشووریش بەداخەوە، نەك هەر تەنیا بەرانبەر بێدەنگ بوون لە سیاسەتی کوردکوژانەی رژێمی ئاخوندەکانی ئێران، ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی ، بەڵکو هەندێکیان تا رادەیەکیش سوپای پاسدارانیان هاوکار بوون و پێش قەرەول بوون لەگەڵ.پارتی کرێکارانی کوردستانی باکووریش نەك هەر بەرانبەر بە سیاسەتی شۆڤێنی بەعسی سوریا و حاشاکردنی لە بوونی بەشێك لە کوردستان لەو دەوڵەتەدا بێدەنگ بوو ، بەڵکو بالۆرەی ئەوەشیان لێدەدا کە کوردەکانی سوریا لە سەر خاکی خۆیان ناژین و پەناهەندەن و لە قۆناخە جیاجیاکاندا لە باکوورەوە روویان لەم ولاتە کردووە.

ئەو سیاسەتەی کە هێزە کوردییەکان لە کوردستان پیادەیـــان دەکـــرد تاڕادەیـــەکی زۆر لـــە دەرەوەی کوردســتانیش ڕەنگــی دابــوەوە و بووبــووە کۆســپ و تەگەرە لەبەردەم هەڵوێستی کوردەکانی هەنـدەرانیش بەرانبەر ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان. بۆ نموونـە، لە بۆنە کوردییەکان یاخود گەیشتنی هەواڵی دڵتەزێن لە کوردستانەوە کە کوردەکانی هەندەران دەیان ویست چـالاکی دژی سیاسـەتی ئـەو دەوڵەتانـە بنـوێنن، نوێنەری هێزە کوردییەکان هەریـەك لـەلای خۆییـەوە ڕایدەگەیاند کە ئەگەر باسی ئێران و سوریا بکرێ ئێمە بەشداری ناکەین،یاخود دژی عێراق بێت ،ئێمە ئامادە نابین .بۆ مێژوو دەبێ تۆمار بکرێت هەڵوێستی هێـزە کوردییـەکانی بـاکوور بەگشـتی جگـە لـە پـارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا ئەویش تەنیا بەرانبـەر سوریا هەڵوێستەی دەکـردو بـە شـێوەیەکی فـەرمی بەشـداری نـەدەکرد ،بـەڵکو هـەموویان بەشـێوەیەکی کوردستانی بیریان دەکردەوە و بەیەك چـاو تەماشـای داگیرکـەرانیان دەکـرد .لـەم بارودۆخـەدا دەبوایـە سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرانی سـەربەخۆ کـارێکی ئـەوتۆ بکەن و سیاسەتی داگیرکەران ڕیسوابکەن و مـەحکوم بکەن و ڕای گشـتی کـوردو میللـەتانی ئـەورووپا بـە تاوانەکانی ئەو ڕژێمانە ئاشنا بکەن و دەنگـی کـورد بەدەرەوە ڕابگەیەنن، ئەوەی بەهێزەکوردییەکان ناکرێ لەبەر هەل و مەرجی سیاسی و پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ڕژێمەکان، کەسانی دیکـە ئەرکەکـە ڕاپـەڕێنن. لـەم هەلومەرجـەدا بیرۆکـەی دەرکردنـی (سـەردەمی نوێ)سەری هەڵدا.

هەرچەندە دەستەی نووسـەرانی (سـەردەمی نوێ) بڕوای تەواویان بە یەکێتی خـاکی کوردسـتان و یەکێتی نەتەوەی کورد هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتـدا ئەوەشیان لەبەرچاو دەگرت کە کوردستان دابەشکراوەو جیاوازی لە نێوان ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشنبیری لەبەشـەکاندا بەرچـاو دەکـەوێ و خـەباتی ڕزگاریخوازی کورد لەهەرپارچەیەکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە باڵەکانی ئەو بزاڤە لەهەر یـەك لـەو پارچانەدا دەست لە کاروباری بەشەکەی دیکە وەرنەدا ،بەڵام پێویستە لە خاڵی هاوبەش و بەرژەوەندی گشتی بزاڤـی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلی کوردســتان هەلوێستی یەکگرتوو و هاوکارbن.

ژمارە یەکی -سەردەمی نوێ- لە کۆتایی شوباتی ١٩٨٦ دەرچوو ، هەواڵی تیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی ســوید ئۆلــف پالمـــە(١٩٢٧-١٩٨٦)ی تێـــدا بلاوکرایـەوە، کەلەشـەوی ١٩٨٦/٢/٢٨ کـوژرا. دوا ژمارەش لە ئەیلوولی ١٩٩٠ بلاوکرایەوە.

## هەندێ زانیاری گشتی لەسەر مانگنامەی سەردەمی نوێ

- سەردەمی نوێ- بە قەوارەی ٢٥×٣٥سم دەرچوو.
- مانگی جارێك دەردەچوو.
- تەنیا ژمارەی (١٩-٢٠)پێکەوە دەرچوو.
- بە ١٢ لاپەڕە دەردەچوو ، بەڵام ژمـارەی (١٩-٢٠)بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو و هەروەها ژمارە (٥٠)ش بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو.
- لە ژمارەکانی ٦،٤،٣،٢،١ بە زمانی فارسیش وتاری تێدا بلاوکرابۆوە.
- دوو پاشــکۆی فارســی بــۆ ژمارەکــانی (٦،٥)بلاوکرایەوە.
- چوار پاشکۆی بە زمانی ئینگلیزی بلاوکرایەوە.
- لـە ژمـارە ١-١٦ لـە ژێـر تـایتلی (نـاوی) ڕۆژنامەکە دەنووسرا لەلایـەن دەسـتەی نووسـەرانەوە دەردەچێ، هەرچەند لە ژمارەی (٨)ەوە نـاوی خـاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر دیاری کرابـوو. ئـەوەی شـایانی باسە ،دەستەی نووسەران لە نێـو خۆیانـدا صـارمخانی صادق وەزیریان بەسەرنووسـەر دانـابوو،صـارمخان لـە ژمارە(١-٥)ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاند ،بەڵام دوایـی کشایەوە ،لەبەر چەند هۆیەك کە لێـرە پێویسـت بـە ئاماژەکردن ناکات.

- لە ژمارە (٨)ەو بەرەسمی ناوی خاوەن ئیمتیاز : د. جەمشید حەیدەری و سەرنووسەر: کەریم حیسامی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بڵاوکرایەوە.

- سەردەمی نوێ، لە ژمارەی (١-٢٨)، بە دوو ئەلیفبای لاتینی و عارەبی دەردەچوو و بەهەردوو شێوەزاری کرمانجی خواروو و سەروو دەردەچوو،بەڵام لەبەر هاوکاری نەکردنی برادەرانی کرمانجی سەروو،هەرچەندە لە ژمارەی (٦)ەوە حەق دەستی وەرگێڕان و هێنانەسەر لاتینیمان دەدا.لە ژمارەی (٢٩-٥٤) تەنیا بە ئەلفبای عارەبی و بەشێوەزاری کرمانجی خواروو دەردەچوو.

- نرخی ڕۆژنامەکە لە ژمارە(١-١٢)بە (٦)کرۆنی سویدی بوو، لە ژمارە ١٣-تا ژمارە ٥٤ بە (١٠) کرۆن بوو،بەڵام لە ژمارەکانی ١٣،١٤ نرخەکە دیار نەکراو لە ژمارە (١٥)ەوە نرخەکە لەسەر ڕۆژنامەکەدا دیار کرابوو.

- تیراژی ڕۆژنامەکە لەسەر لاپەڕەکانی دیار نەکرابوو ، بەڵام لە نێوان (٥٠٠-١٠٠٠)دانەی لێ دەردەچوو.

- بەخۆڕایی بۆ خوێندکارانی کورد، لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەمریکا و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکانی کوردی و ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان چ لە هەندەران و چ لە کوردستان، ڕەوانە دەکرا،بەڵام دڵنیێم بەداخەوە ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ، بەدەگمەن نەبێ، نەئابوونەیان دەداو نە دەشیان کڕی. لەم بارەیەوە کاک کەریمی حیسامی دەنووسێ:

(هیچ یەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردی نەک هەر یارمەتیان بە-سەردەمی نوێ-نەدەکرد، کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو، لاپەڕەکانی خۆی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردبوو، بەڵکو ویدەچوو تەحریمیشیان کردبێ) کەریمی حیسامی- بیرەوەریەکانم- بەرگی ٩- لاپەرە٨٩.


سەردەمی نوێ
ڕۆژنامەیەکی سیاسی- فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە
گۆنفرانسی پاریس و چەکی کیمیایی

- هەرچەندە ژمارەیەک لە کوردە دڵسۆزەکانی هەندەران بەهەموو شێوەیەک دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردین چ بە پارە و چ بە پاڵپشتی کردن و ئەوانەی دەستی نووسینیان هەبوو بە قەڵەمەکانیان ژمارەیەک مرۆڤی دڵسۆز کۆمەکیان کردین چ لەدەرکردنی ڕۆژنامەکە، چ لە چاپدانی، بڵاوکردنەوەی، فرۆشتنی، لەدەرهێنانی هونەری(خۆشنووسی)،وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردی،هەندێک لە وەرگێڕانی بابەتەکوردییەکان بۆ چوار ژمارەی پاشکۆی (ئینگلیزی )سەردەمی نوێ...لێرەدا دەمەوێ ناوی ئەو بەڕێزانە تۆمار بکەم ، ئەگەر ناوێکیشم لەیاد چووبێ، داوای لێبوردن دەکەم لە هەموو ئەوانەی بەهەر شێوەیەک یارمەتیان داوین:

کاک کەریم سنجاری ،کاک حەمید نەورۆز،کاک حەنەفی چەلبلی،کاک دکتۆر مەجید جەعفەر،خوالێخۆش بوو محەمەد بەکر،کاک عەبدوڵڵا(لە هەفتەنامەی کوردستان پریس)، کاک موئەیەد تەیب(شاعیر)،کاک ناسری ئیبراهیمی،کاک محەمەدی زرازی،کاک ڕزگار شێخانی(شاعیر)کاک فەهد گردەوانی،کاک مەحفوز مائی(شاعیر)دکتۆر محەمەد کەریم شکاکی،دکتۆر تالیب کاکەیی،کاک محەمە تۆفیق- وەرگێڕانی بابەتی کوردی بۆ ئینگلیزی،محەمەد ڕەسول هاوار،سەید تەهای کەمالیزادە،دکتۆر کەمال میراودەلی،کاک مووەمتاز حەسەن،خوالێخۆش بوو فریاد محێدین،دکتۆر

هەواڵنامەی کتێب

ڕەفیق سابیر،م.گۆران(مەحموود خدر)،هاشم کۆچانی(شاخەوان)،مامۆستا نوری حەفید،کاکە باس و سەلام عەبدوڵلا.

- دوای چەند دانیشتنێك لەگەڵ ژمارەیەك لەو نووسەرانەی لە سوید دەژین بۆ بەشداریکردنی لە دەستەی نووسەران لەوانە کاك ناسری حەفید ،دکتۆر فەرهاد بەرزنجی و کاك حەمە سەعید حەسەن،بەڵام دواجار لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٨ بە ئامادەبوونی برایان : ڕەفیق سابیر،سەلام عەبدوڵلا،حاجی مەمۆ(کاکە باس)،حەمە سەعید حەسەن،خەبات عارف،جەمشید حەیدەری لە ماڵی کەریم حیسامی کۆبونەوە. لە کۆتاییدا کاك حەمە سەعید حەسەن و کاك خەبات عارف لەگەڵ ئەو ڕێبازەی ڕۆژنامەکە ڕێك نەبوون، خۆیان کشاندەوە،بەڵام ئەوانی دیکە ئامادەییان پیشاندا،بەمجۆرە لە ژمارەی (٤٥)ی سەردەمی دەستەی نووسەران بەم شێوەیە پێکهات: کەریمی حیسامی،جەمشید حەیدەری،شاهینی میکایلی(کاکە باس)، کاوەی هەورامی(ڕەفیق سابیر)،خەسرەو عەلی(سەلام عەبدوڵلا).

لە وانەیە خوێنەری بەڕێز پرسیار بکات ،بۆ ئەو سێ نووسەرە دیارەی کورد بە ناوی خۆیان بەشداریان نەکرد،بەڵکو نازناویان هەڵبژارد؟

ئەو سێ نووسەرە لە دیاریکردنی ڕێبازی گشتی ڕۆژنامەکەو بۆچوونی من و کاك کەریم یەکبوون،بەڵام لەبەر هەندێ هۆی سیاسی سەر بە دوو لایەنی سیاسی بوون، نەیان دەویست لە دەستەی نووسەران دا بەناوی خۆیان کار بکەن،هەرچەندە وتاریان بە ناوی خۆیان لەرۆژنامەکەدا بلاّودەکردەوە.

ئەوەی شایانی باس بێت ،دوای نیشتەجێ بوونی کاك کەریمی حیسامی لە ستۆکهۆلم،ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەکە کەوتە ئەستۆی من و کاك کەریم،چونکە دوای کشانەوەی صارمخانی صادق وەزیری،کاك محەمەد خدری و عەزیزی مامڵێ و ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی و پاشانیش کاك مستەفا دوزگون هێدی هێدی خۆیان دزییەوە ،بەڵام کە دەستەی نووسەرانی سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٨٩فرەوان کرا،دیسان کارەکە کەوتە ئەستۆی ئێمە هەردووکمان، بەشداری چالاکی ناسری ئیبراهیمی، چونکە ئەوسێ برادەرە نوێ یە ، تەنیا وتارەکانیان دەنووسی و ڕەوانە دەکرد. کە سەردەمی نوێ لە ساڵی ١٩٩٠ تووشی قەیرانی ئابووری هات و تواناییی درێژەپێدانی نەما،هەر من و کاك کەریم بڕیاری ڕاگرتنمان وەرگرت.لەم بارەیەوە کاك کەریم لە لاپەڕە(٩٦) بەرگی نۆیەمی بیرەوەرییەکاندا بەمجۆرە باس دەکات:

**(دوای ژمارە ٥٤ لەگەڵ دکتۆر جەمشید کەهەموو ئەرك و زەحمەتی ڕۆژنامەکەمان لەسەرشانی بوو ،پاش لێکدانەوەیەکی ورد گەیشتینە ئەم ئاکامە کە درێژەدانی ڕۆژنامە لە توانامان دانیە).**

ئەو گۆشانەی لەورۆژنامەکەدا لەسەرەتاوە سەری هەڵداوە و تاکۆتایش درێژەی هەبوو،هەروەها هەندێ گۆشەو بەشی دیکە، لەدوای ساڵێك یان دوان هاتوونەتەکایەوە بەمجۆرە بوون:

١- سەروتار (وتەی ژمارە)لە ٥٤ سەروتار، پەنجایان بۆ کێشەی کوردو باری کوردستان تەرخان کراوە .

٢- کوردستان لە چاپەمەنییەکاندا(چ لەبارەی کوردەوە لە ڕۆژنامەکانی بێگانە نوسراوە).

٣- یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان:

أ- (نەورۆز،یادی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان،یادی پێشەوا قازی محەمەد،یادی شێخ مەحموودی نەمر،یادی مەلای مستەفای بارزانی،سەید ڕەزای دەرسیمی،ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد،یادی کارەساتە خوێنینەکانی مێژووی کورد(کۆن ونوێ)،هەڵەبجە،یادی ڕاپەڕینی کرێکارانی گاورباخی،جێژنی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ...هتد.

ب- ساڵرۆژی لە دایکبوون و کۆچی دوایی کەڵەپیاوانی مێژووی کورد لە سیاسەتمەدارو نووسەرو هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان:سلێمان موعینی،عەزیزی یوسفی،سمایلی شەریفزادە،مەلا

ئاوارە، جەمال حەیدەری، نافیع یونس، شێخ مارفی بەرزنجی،،گیو موکریانی، جگەر خوێن،قەناتی کوردۆ،هێمن موکریانی، کامەران موکری، عەبدوڵڵا گۆران،حەسەن قزلجی، د.عەبدولڕەحمان قاسملۆ، چوار ئەفسەرە تێکۆشەرەکانی (عیزەت عەبدولعەزیز و هاوڕێکانی)، هونەرمەند تاهیر توفیق، دلدار (یونس رەئووف)، یەلماز گۆنای، د.نورەدین زازا،عیفەتی قازی (کچی پێشەوا قازی لەلایەن ئێرانەوە لە سوێد تیرۆر کرا)، ئازاد مستەفا(سکرتێری پاسۆك)، حاجی جندی، محەمەد مەولود (مەم).

ج- یادی هەندێ بۆنەی جیهانی و تێکۆشەرانی بێگانە لە پێناو ئازادیدا: یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە رووسیا،جێژنی یەکی ئایار،هەشتی مارس(جێژنی ژنانی جیهان،ڕۆژی جیهانی منداڵان، ژیاننامەی جی گیڤارا،ئازادکردنی نیلسۆن ماندیلا،کۆچی ئەکادیمی ساخەرۆڤ،تیرۆرکردنی ئۆلف پالمە،کۆچی عەزیز شەریف(سیاسەمەتداری بەنێو بانگی عێراقی و دۆستی کورد)دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی...هتد.

٤- چاپکراوی نوێ- پێناسە بە چاپکراوی کوردی و رەخنە و هەڵسەنگاندن بەو چاپکراوانەی بە زمانی بێگانە لەسەر کورد نووسراون.

٥- نامەکانی گەیشتوو و ئێمەو خوێنەران.

٦- گۆشەی ئەدەب.

٧- بیری ئازاد.

٨- پانۆرامای ڕووداوەکانی ساڵ.

٩- ریپۆرتاژو چاوپێکەوتن.

لەبەر ئەوەی سەردەمی نوێ-ڕێبازێکی سەربەخۆی پیادە دەکرد،واتە سەر بەهیچ ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانی و سەرانسەری نەبوو،بەڵکو بەپێی تێگەیشتنی نووسەرانی سەردەمی نوێ،بەرژەوەندی بزاقی رزگاریخوازی کورد لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە دادەناو لەم روانگەیەوەش هەر هەل و بۆچوونی چەوتی بەرچاوکەوتبایە و بەپێی لێکدانەوەی خۆیان رەخنەیان دەگرت و هەروەها چاوپۆشیان لە هەڵوێستی دژایەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەوڵەتە زلهێزەکان نەدەکردو ریسوایان دەکردو مەحکومیان دەکرد، بۆ نموونە ریسواکردنی سیاسەتی ئاخوندەکان بەرانبەر بە برای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان،یان هەڵوێستی دەوڵەتی سوریا لە بەعەرەب کردنی ناوچە کوردنشینەکان و بێ بەشکردنی لە (٨٠)هەزار کورد لە رەگەزنامەی سوری، هەڵوێستی سۆڤیەت لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پرچەك و کردنی عێراق یا تورکیا بەرانبەر گەلی کوردستان و مافەکەی،هەڵوێستی ولاتانی رۆژئاوا و پرچەك کردنی رژێمی بەغدا و یارمەتیدانی ئەو رژێمە لە شەری هەشت ساڵەی دژی ئێران و دابینکردنی پێداویستییەکانی سازکردنی چەکی کیمیایی و بایەلۆژی،هەڵوێستی ولاتە ئیسلامییەکان لە کێشەی کورد..هتد،ئەو رێبازەی (سەردەمی نوێ)لە لایەن هێزە سیاسییەکانی گۆرەپانی کوردستان مەقبول نەبوو،لەبەر پەیوەندی ئەو هێزانە هەریەك بەجۆرێك لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەڵام ئەو رێبازە بە پێچەوانەوە لە لایەن زۆربەی رووناکبیرانی کوردستان لە هەندەران پشتگیری دەکرا.

پێم خۆشە بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چوونەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنی هەندێ لەو رووناکبیرانە بخەمە بەرچاو. لە ١٩٨٦/٦/١١ خوالێخۆشبوو دکتۆر رەحیمی قازی لە نامەیەکدا دەنووسی :

**(بەر لەهەموو شتێك دەرچوونی- سەردەمی نوێ- بە جەنابتان (مەبەس کاك کەریمی حیسامی یە) و هەموو بەرێوەبەرانی وئەو رۆژنامەیە پیرۆزبایی دەڵێم هیوادارم ببێتە ناوەندی هەموو روناکبیرێکی دڵسۆزی گەلی هەژاری کورد).**

لە نامەیەکی دکتۆر جەمیل شەرەف کە لە ١٩٨٧/٣/٢٧ هاتووە:

**(نووسراوەکانی سەردەمی نوێم بەدڵن،دەرکردنی شتێکی باشە بیروڕاکانی ناو سەردەمی نوێ کە پێشکەوتوخواز و کوردایەتی لێ دەوەرێ بە دڵی منە بڵاوکراوەی گەلێك جۆر لە ئەوروپا بە کوردی یا بە زمانی دیکە دەردەچن،سەردەمی نوێ لە ڕیزی پێشەوە یان دادەنێم).**

هەرچەندە لەسەر لاپەڕەکانی سەردەمی نوێ ڕێگا نەدراوە هێرش بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکرێ،بەڵکو لاپەڕەکانی بۆ دەنگ و باس و خەباتی پێشمەرگەکانی کوردستان پێکەوە گرێدانی خەباتی شاخ و شار،ناوەوەو هەندەران تەرخان کردبوو،ئەو ڕێبازەی لە ژمارەی یەکەمەوە دیارکرابوو تا دوا ژمارە درێژەی هەبوو،لە ژمارەی یەکەم بەچەند خاڵێك ڕێبازەکە دەخەینە بەرچاو:

ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ بۆ هیچ ئیدەلوژیکی تایبەتی پڕۆپاگەندە ناکات،هەر لەوکاتەشدا بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و بەشەردۆستانە ڕێز لێ دەگرێ و لەگەڵ کۆنەپەرستی لە هەموو قالب و شکل و شێوەیەك دا خەبات دەکات و شەڕیەتی، لەلاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بۆ لێك دەرکردنی سیاسی و دەستەیی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان جێگایەك نییە.

(سەردەمی نوێ) لە کێشەی نێو حیزب و ڕێکخراوەکان دا ،دیفاع لە هیچ حیزب و دەستە و ڕێکخراوەیەك ناکات،بەلام هەر لەوکاتەشدا،بەبێ بەزەیی و بە شێوەی مەنتیقی ئەم هەڵوێستانە دەکوتێ و لەقاویان دەدا کە کۆسپ بخەنە سەر ڕێگای مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد،جا لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ.

(ڕۆژنامەی -سەردەمی نوێ- لایەنگری شێلگیری سەقامگرتوویی دیموکراسییە لە کوردستاندا...)

لەم بارەیەوە صادقخانی زەرزا دەنووسی:

**(پێموایە یەکێك لەباشترین هەنگاوەکانە بۆ خزمەت بە تاریخ و ئەدەبی کوردی و ئێستای میللەتی کورد)**

وەك لە شوێنێکی دیکە ئاماژەی پێکراوە ئێمە (سەردەمی نوێ)مان بۆ هەموو لایەك ڕەوانە دەکرد،دەگەیشتە دەستی پێشمەرگە،وەك لە نامەی ژمارەیەك پێشمەرگەی لقی (چواری سلێمانی)پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای شەڕی خواکورك هاتووە:

**(کاتێك ماندوو و شەکەت و برسی لەشەڕی خواکورك گەڕاینەوە ژمارەی(٣١)ی گەلاوێژی ١٩٨٨ی ڕۆژنامەی سەردەمی نوێمان بەدەست گەیشت،چاوی ڕوونکردینەوە،شەکەتی لەبیر بردینەوە،ڕۆژنامەکەتان بێ وەستان وەك دیاریەکی جوان ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد باوەڕیشمان وایە کە تێکۆشانی بێوچان ئێمەی پێشمەرگە لە کوردستانی نا ئاوەدانی خاپوورو وێرانکراو،وێڕای هەوڵدانی بێ وەستانی دڵسۆزانی وەك ئێوە دەبنە تەواوکەری یەکتر بۆ هێنانە بیری نوێ و سەردەمی نوێ و مرۆڤی نوێ و لەئەنجامیشدا کوردستانی ئاوەدانی نوێ).**

ئاماژە بەنامەیەکی دیکە دەکەین کەلەلایەن کاك هیوا ئەحمەد بۆ سەردەمی نوێ نێرراوە:

**( بەلەدایکبوونی سەردەمی نوێ لام وایە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی گەلەکەمان دەوڵەمەند تر بوو بۆ پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و زیندووکردنەوەی ).**

## دوا وشە

بێگومان ئامادەکردنی ئەو بیبلیۆگرافیایەی لەبەردەستی خوێنەرانی کوردە، ڕاستیەکی حاشا لێنەکراو دەخاتە بەرچاو ،ئەویش ئەوەیە دەستەیەك لە کوردەکانی، هەندەران لەتەك گۆڤارو مەڵبەندە ڕۆشنبیریەکانی دیکە چ ڕۆڵێکی شیاویان لە خزمەت و گەشەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەب و بیری سیاسی کوردو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بینیوە.

**د.جەمشید حەیدەری**
**هەولێر- کوردستان**
**٢٠٠٣/٥/١٣**

## بابەت

### ئافرەتان- جەژنی ٨ی مارس

- بە بۆنەی ٨ی ئادارەوە سەردەمی دوێنیی و ئیمڕۆی ئافرەت،د. سامیە چاوشلی، ژ(٢٦)ی مارسی ١٩٨٨،ل١+٨.
- بە بۆنەی ٨ی مارسەوە، ژ(١٤)ی مارسی١٩٨٧،ل١+٥.
- هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن،ح. گەوهەرێ، ژ(٣٨)ی مارسی ١٩٨٩،ل٢.
- هەشتی مارسی ڕۆژی ژنان، ژ(٢)ی مارسی ١٣٦٤(١٩٨٦)،ل٥.

### ئەدەبی کوردی- پەخشان

- بەهاری من،عەزیز ئەحمەد،ژ(٤٠)ی مای ١٩٨٩،ل٩.
- پەیامی شەهیدو فرمێسکی چیا،غازی ئیبراهیم یەعقووب،ژ(٤٧)ی یانواری١٩٨٩،ل١٠.
- حەیرانی دایکی نیشتمان، ژ(١)ی فەوریەی١٩٨٦،ل٣.
- خەرمانی وشە، کاکەباس،ژ(٤١) ی ئوتی ١٩٨٩، ل١٢.
- خەرمانی وشە، کاکەباس،ژ(٤٤) ی ئوکتوبەری ١٩٨٩، ل٩.
- خەرمانی وشە، کاکەباس،ژ(٤٦) ی دیسمەمبەری ١٩٨٩، ل١٢+٢.
- خەرمانی وشە، کاکەباس،ژ(٤٧) ی یانواری ١٩٨٩، ل١٢.
- خەرمانی وشە، کاکەباس،ژ(٤٨) ی فیریوەری ١٩٨٩، ل١٢.
- خەرمانی وشە، کاکەباس،ژ(٥١) ی ١٩٨٩، ل١٢+١١.
- دیاری خوێناوی ، هیوا،ژ(١٦)ی مای ١٩٨٧،ل٥+٨.

### ئەدەبی کوردی- شیعر

- ئاسیاو،مارف بەرزنجی،ژ(٢١)ی ئوکتوبەری ١٩٨٧،ل٨.
- بەستەی نەبەز،گۆران،ژ(٢٢)ی نوڤمبەری١٩٨٧،ل٨.


سەردەمی نوێ

داخوا ئەوە «ژینوسید» نیە؟!

دەنگدانەوەی جنایەتی حکومەتی عێراق دژی گەلی کورد

هەڵوێستێکی نا مرۆڤانە

- بەهاری کوردستان،ژ(١٥)ی ئەپریلی ١٩٨٧،ل٨.
- بەیادی نووسەرو تێکۆشەری کورد شێخ مارف بەرزنجی ،ژ(٣٠)ی یولی ١٩٨٨،ل٩.
- بووکە بە بارانە، ئاشتی ،ژ(١٩، ٢٠)ی ئوت و سپتامبری ١٩٨٧،ل١٢.
- بۆ مامۆستا کۆچ کردوم گۆران،هاوار،ژ(٢٢)ی نۆڤمبەری ١٩٨٧،ل٦+٧+٨.
- بۆ هەڵبجەی شەهید،جەنگۆ،ژ(٣٤)ی نوڤمبەری١٩٨٨،ل٧.
- بێتۆیی ،ئاشتی،ژ(٤٠)ی مای ١٩٨٩،ل١٠.
- تاقیکردنەوەی شیعریم،دڵزار،ژ(٤٦)ی دیسمبەری١٩٨٩،ل٩.
- تینیتویەتیم بە ماچ دەشکێ،هێدی،ژ(٤٨)ی فیریوەری ١٩٩٠،ل٩.

هەواڵنامەی کتێب

- پەردە،ئاشتی،ژ(٢٥)ی فوریەی ١٩٨٨،ل٨.
- پێشمەرگەم من ، جەلال دەباغ،ژ(١٨)ی ژولی ١٩٨٧،ل٦.
- پێشمەرگەم من ، جەلال دەباغ،ژ(٢٣)ی دیسمبەری ١٩٨٧،ل٩.
- جزەی پشکۆ،ئاشتی،ژ(٤٢)ی ئوتی ١٩٨٩،ل١١.
- جوانترین شیعر،ئەبوبەکر خۆشناو،ژ(٤٨)ی فیبریوەری ١٩٩٠،ل٩.
- جولانەوە،ڕفیق سابیر،ژ(٣٧)ی فۆرییەی ١٩٨٩،ل١٠.
- حوکمی ڕەش،ناسری ڕەزازی،ژ(١١)ی دیسامبری ١٩٨٦،ل٦.
- خەمێکی تر،هێرش،ژ(٣٩)ی ئەپریلی ١٩٨٩،ل٨+٩.
- دەردی دڵ،ئاشتی،ژ(٢٤)ی ژانویەی ١٩٨٨،ل٩.
- دوو شیعر،شێرکۆ بێکەس،ژ(٥٠)ی ئەپریلی ١٩٩٠،ل١٣.
- دوو چاوی گەش،جەلال دەباغ،ژ(٤٧)ی یانواری ١٩٩٠، ل١٠.
- دوو هۆنراوەی کورت،حەمە سەعید حەسەن ،ژ(٤٩)ی ماسی ١٩٩٠،ل١٠،
- دووی ڕێبەندان،شێواو،ژ(٣٦)ی یانڤاری ١٩٨٩،ل١٠.
- ژوانی خۆر،ئاشتی،ژ(٣٩)ی ئەپریلی ١٩٨٩،ل٩.
- ڕەبەنا سیپیدەریا، بەشیر بۆتانی ، ژ(٣٥)ی دیسیمبەری ١٩٨٨،ل٦.
- ڕەوەز ورد نابێ،هێمن،ژ(٢٨)ی مای ١٩٨٨،ل٨.
- شایەت،ڕەفیق سابیر،ژ(٣٩)ی ئەپریلی ١٩٨٩،ل٩.
- شینی گۆران،هێمن،ژ(٢٢)ی نۆڤمبەری١٩٨٧،ل٦.
- شینی هێمن، محەمەد ڕەسول هاوار،ژ(١٥)ی ئەوریلی ١٩٨٧،ل٤.
- فڕین،کەسرایی ،ورگێڕانی هێرش،ژ(٤٨)ی فیریوەری١٩٩٠،ل٩.
- کانی خوێن،هەڵۆ،ژ(٢٦)ی مارسی١٩٨٨،ل٥.
- کە شەو دادێ،عەبدولقادر حەمەدەئەمین،ژ(٣٤)ی نوڤمبەری ١٩٨٨،ل٧.
- نەرۆزو شیعری کوردی،فەخرەدین گەردی،ژ(٣٨)ی ماسی ١٩٨٩،ل٨+٩+١٠.
- نیشتمان،هێرش،ژ(٣٧)ی فوریەی ١٩٨٩،ل١١.
- نیشتمان،هێرش،ژ(٣٨)ی مارسی ١٩٨٩،ل١١.
- هەتاوی سوور، بۆکانی ،ژ(٢١)ی ئوکتوبەری ١٩٨٧،ل٩.
- هەڕەشە،ئاشتی،ژ(٢٧)ی ئەپریلی ١٩٨٨،ل٤.
- هەڵۆیست، شەپۆڵ،ژ(١٦)ی مای ١٩٨٧،ل٥.
- یادی هێمن ،خدر باپیر،ژ(٢٧)ی ئەپریلی ١٩٨٨،ل٨.شەونخوونی پێشمەرگەیەك،ژ(٣٧)ی فورییەی ١٩٨٩،ل١١.


## ئەدەبی کوردی- شیعری وەرگێڕدراو


- بۆ عەبدوڵلا گۆران،عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی،وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە لەتیف هەڵمەت،ژ(٢٢)ی نۆڤمبەری١٩٨٧،ل٦.
- شەوانە، ئەحمەدی شاملۆ،وەرگێڕانی ئاشتی ،ژ(٤٧)ی یانواری ١٩٩٠،ل٣.


## ئەدەبی کوردی- فۆلکلۆر


- فۆلکلۆر ملکی میللەتە،بروسك،ژ(١٣)ی فیوریەی ١٩٨٦،ل٥.


## ئەدەبی کوردی- لێکۆڵینەوە


- ئایا ئەدەبی کوردی دواکەوتوە، حەسەن قزلجی،ژ(٨)ی سپتامبری١٩٨٦،ل١+٦.

## ئەدەبی كوردی- هەڵبژاردە

- ئایا ئـەدەبی كـوردی دواكـەوتوە، حەسـەن قزلجی،ژ(٨)ی سپتامبری١٩٨٦،ل١+٦.
- باسـە لـە سـنووری دەسـتووری زمانەكـەمان دەرنەچین،ژ(٢٤)ی ژانویەی ١٩٨٨،ل٩.
- بەبۆنـەی تێپـەڕبوونی ٤٧ سـاڵ بەسـەر لـە دایكبـوونی و ٢٢ سـاڵ بەسـەر شـەهیدبوونی تێكۆشـەری قارەمـان شـەریفزادە، دڵـزار،ژ(٥١)ی مای ١٩٩٠،ل٢.
- بـەیانی كۆتـایی كـۆنگرەی یەكـەمی یـەكێتی نووسـەرانی كـورد لـە سـوید،ژ(٤٠)ی یـونی ١٩٨٩،ل١٠.
- بروتولت برێخت و فێربوون،ژ(٢٧)ی ئـەبریلی ١٩٨٨،ل٨.
- کوردسـتان کەلاکـە تێـوەربێن،ژ(١١)ی دیسمبەری ١٩٨٦، ل
- کـوردو کوردسـتان، م.س.لازاریـف،ب٢، ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل١.

- کوردو کوردستان،م.س. لازاریف، ژ(٢٣)ی کانونی ١٩٨٧،ل١+٣.
- کوردو کوردستان.م.س.لازاریف،ب٣، ژ(٢٥)ی شوباتی ١٩٨٨،ل١+٢.
- مەسەلەی کورد لە تورکیا، ژ(١)ی فەوریەی ١٩٨٦،ل١٢+١١.
- هەلێ کوردان ل ترکیێ، ژ(١٩، ٢٠)ی تەباخی ١٩٨٧،ل١.
- کۆنگرا ١٥یان یا یەکێتییا خوێندکارێن جیهانێ، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل١+٢.
- کۆنگرا ١٩ ێ کۆمەلا خوێندکارێێن کورد ل ئەوروپا، ژ(١٨)ی ئیرمای ١٩٨٧،ل٤.
- کۆنگرا ٧ یا فیدراسیۆنا، ژ(١٤)ی ئاداری ١٩٨٧،ل١+٢.
- کۆنگرا تەهران ژ کۆ دەرێ بۆ کۆ دەرێ، ژ(١٥)ی نیسانی١٩٨٧،ل١+٢.
- کۆنفرانسا رۆژهەلاتا ناڤین و پرسا کوردی، ژ(١٧)ی حزیرانی ١٩٨٧،ل١+٢.
- گالتەکرن بە ئازادی، ژ(٢٣)ی کانونی ١٩٨٧،ل١+٢.
- گەلێ ژیرکری، ژ(٧)ی تەباخی ١٩٨٦،ل٣+٤.
- گوتارا شەهید قودسی، ژ(٧)ی تەباخی ١٩٨٦،ل١+٣.
- گونەها حکومەتا ئێراقێ ل کوردستانێ، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل١+٢.
- ل سەر ئیسماعیل بێشکچی،ژ(٢٣)ی کانونی ١٩٨٧،ل١+٢.
- مافە مرۆڤی د ئیران و ئێراقێ دە،ژ(١٥)ی نیسانی١٩٨٧،ل٩.
- مافی دیاریکرنا چارەنووس،ژ(٨)ی ئیلونی ١٩٨٦،ل١+٢.
- ماڤ چارەنووس، ژ(٦)ی پوشپەڕی ١٩٨٦،ل١+٤.
- ماڤ مرۆڤ د ئیسلاما خومەینیدە، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل١+٢.
- مەحکومکرنا ئەمریکا ژ ئالیێ دادگاهێ ناڤنەتەوەیێ لاهای، ژ(٨)ی ئیلونی ١٩٨٦،ل٤.
- نۆ سال پشتی رأپەرینا گەلێ ئیرانێ، ژ(٢٧)ی نیسان و ئەپریلی ١٩٨٨،ل٢.
- نامەك ڤەکرتی ژ ولاتێن سۆسیالیست را،هاوار، ژ(٢١)ی ئۆکتۆبەری١٩٨٧،ل١+٢.
- نامەیەك ژ کوردستانێ، ژ(١٠)ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦، ل١+٤.
- نەتەوە ئان ئەسیر، ژ(٣)ی نیسانی ١٩٨٦،ل١+٢.
- نەخشەی پنتاگۆن و تورکیا، ژ(١٣)ی شوباتی ١٩٨٧،ل١+٣.
- نەورۆزە وە پیرۆز بە ، ژ(١٤)ی ئاداری ١٩٨٧،ل١+٣.
- هونەرو دیداردا میللەت، ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل٢.
- یادی شێخ مەحموودی مەزن،ژ(٩)ی ئۆکتۆبوری ١٩٨٦،ل١+٤.

### هەلبژاردە

- ئاخافتنا بێ مەسولیەت، ژ(٢٨)ی گولانی ١٩٨٨،ل١+٢.
- ئەرکێ خوێ،دکارا و د قۆناغا نو دە، ژ(١٩، ٢٠)ی تەباخی١٩٨٧،ل١+٢.
- ئەرکێ نڤیسکار و رۆناکبیرێن ل ئەڤروپا، ژ(١٢)ی جەنیەری ١٩٨٧،ل١+٤.
- ب ئارمانجا بەرێز رە، ژ(١٦)ی گولانی ١٩٨٧،ل٤.

- بـــــەر ب یەکێتیەکـــــە گشـــــتی و کوردستانی،ژ(١٢)ی جەنیەری ١٩٨٧،ل١+٢.
- چارەسـەرکرنا سیاسـیا پرسـا ئەفغانسـتانێ، ژ(٢٨)ی گولانی ١٩٨٨،ل١١+٣.
- جـەژنا کارکـەرا پـیرۆز بـە،ژ(٤)ی گـولان ١٩٨٦،ل١+٢.
- جـەژنا یـەکی گـولانێ،ژ(١٦)ی گـولانی ١٩٨٧،ل١+٣.
- خەتەرەك مەزن،ژ(٣)ی نیسانی ١٩٨٦،ل١+٤.
- خومـەینی ژ سـێبەرا خـو دەترسـە،ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل١+٢.
- د سـالا بـوری د رەوشـا جیهـانێ،ژ(١٣)ی شوباتی ١٩٨٧،ل ١+٢.

**یەلماز گۆنای- چاوپێکەوتن**

- هەڤیڤین ب یەلماز گونای را،د.رەهبەر رێزان، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل٢+٣.

# ئیندێکسی رێنووسی لاتینی

## نووسەران

**جەمشید حەیدەری (دکتۆر)**

- بیرانینـا (گـۆران)ێ مـەزن هـەر زینـدی بـێ، ژ(٢٢)ی چریا پێشی ١٩٨٧،ل١+٤.
- ژبـۆ یـەکێتیا نڤیسـکارێن کوردسـتان ل دەرەوەی ولات، ژ(٢٥)ی شوباتی ١٩٨٨،ل٣.

**رادی**

- بیرانینـا ٥٠ سـالیا سـەرهەلدانا دەرسـیمێ، ژ(٢٢)ی چریا پێشی ١٩٨٧،ل١+٣.

**رەفیق سابیر**

- کلتـورا تەڤگـەرا رزگـاریخوازا نیشـتمانی، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل٢+٣.

**رەهبەر رێزان (دکتۆر)**

- هەڤیڤین ب یەلماز گونـای را، ژ(٢٦)ی ئـادارو مارسی ١٩٨٨،ل٢+٣.

**س.ب. سۆرکولی**

- کـو دە جـون، ژ(٢٦)ی ئـادارو مارسـی ١٩٨٨،ل٣.

**س. ئڤدال**

- روبارو بزاڤ ، ژ(١٩، ٢٠)ی تەباخی١٩٨٧،ل٤.

**کەریم حسامی**

- ژکۆڤانا مـەزنتر، ژ(٢٧)ی نیسـان و ئـەپریلی ١٩٨٨،ل١.

**گۆران**

- بەسـتەی نەبـەز، ژ(٢٢)ی چـریا پێشـی ١٩٨٧،ل٤.

**م.س.لازاریف**

- کوردو کوردسـتان، ب٢، ژ(٢٤)ی جـەنیوەری ١٩٨٨،ل١.
- کـوردو کوردسـتان، ژ(٢٣)ی کـانونی ١٩٨٧،ل١+٣.
- کـوردو کوردسـتان،ب٣، ژ(٢٥)ی شـوباتی ١٩٨٨،ل١+٢.

**م. مای**

- ژ کانیـا فۆلکلۆریـا کـوردی، ژ(٢٨)ی گـولانی ١٩٨٨،ل٢+٣٢.

**هاوار**

- نامـەك ڤـەکرتی ژ ولاتـێن سۆسیالیسـت را،ژ(٢١)ی ئۆکتۆبەری١٩٨٧،ل١+٢.

**هەڵگورد**

- بیرانینـا هـێمن نـەمر، ژ(١٦)ی گـولانی

١٩٨٧،ل١+٣.

– پەیڤەک، ژ(٢٧)ی نیسان و ئەپریلی ١٩٨٨،ل٣.

## ئیندێکسی رێنووسی لاتینی

## ناونیشان

– ئاخافتنا بێ مەسولیەت، ژ(٢٨)ی گولانی ١٩٨٨،ل١+٢.

– ئەرکێ خوێ‌دکارا و د قوناغا نو دە، ژ(١٩، ٢٠)ی تەباخی١٩٨٧،ل١+٢.

– ئەرکێ نفیسکار و رۆناکبیرێن ل ئەڤروپا، ژ(١٢)ی جەنیەری ١٩٨٧،ل١+٤.

– ب ئارمانجا بەرێز رە، ژ(١٦)ی گولانی ١٩٨٧،ل٤.

– بەر ب یەکێتیەکە گشتی و کوردستانی،ژ(١٢)ی جەنیەری ١٩٨٧،ل١+٢.

– بەستەی نەبەز،گوران، ژ(٢٢)ی چریا پێشی ١٩٨٧،ل٤.

– بلندبونا تیرۆرستیکا پیرانوڤا، ژ(٢١)ی ئوکتوبەری١٩٨٧،ل١+٣.

– بیرانینا (گوران)ێ مەزن هەر زیندی بێ،د. جەمشید حەیدەری، ژ(٢٢)ی چریا پێشی ١٩٨٧،ل١+٤.

– بیرانینا ٥٠ سالیا سەرهەلدانا دەرسیمێ، رادی، ژ(٢٢)ی چریا پێشی ١٩٨٧،ل١+٣.

– بیرانینا پێشەوا،ژ(١٤)ی ئاداری ١٩٨٧،ل١+٢.

– بیرانینا هێمن نەمر،هەلگورد، ژ(١٦)ی گولانی ١٩٨٧،ل١+٣.

– بیرهاتنا ٥٠ سالیا راپەرینا دەرسیمێ، ژ(٢٥)ی شوباتی ١٩٨٨،ل١+٣.

– بیست ویەکێ رێبەندان جەژنەک پیروزا گەلێ کورێ، ژ(٢٥)ی شوباتی ١٩٨٨،ل١.

– تەقەلایێن دناڤبەرا تەهران و واشنتونێ دە، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل١+٢.

– تراژدیا میللەتەکی، ژ(١٤)ی ئاداری ١٩٨٧،ل٢.

– تورکیا ژ کێرە دوستە، ژ(١٦)ی گولانی ١٩٨٧،ل١+٢.

– تورکیا و پیلانێت ئیمپریالیزما ئەمریکی، ژ(١٥)ی نیسانی١٩٨٧،ل١+٢.

– توندبونا شەڕ و بومبارانکرنا کوردستان، ژ(٨)ی ئیلونی ١٩٨٦،ل١+٤.

– پەنجا سالا سەرهەلدانا دەرسیمێ ، ژ(٢)ی ئاداری ١٩٨٦،ل١+٣+٤.

– پەیڤەک،هەلگورد، ژ(٢٧)ی نیسان و ئەپریلی ١٩٨٨،ل٣.

– پێشخەبەر، ژ(٢١)ی ئوکتوبەری ١٩٨٧، ڤالودیا زادە مستەتو، ژ (٢١)ی ئوکتوبەری١٩٨٧،ل٣.

– پێنگاڤەکا پیروز،ژ(١٩، ٢٠)ی تەباخی١٩٨٧،ل١+٢.

– چاپکرینێ نو، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل٢.

– چاپکرینێ نو، ژ(٢٧)ی نیسان و ئەپریلی ١٩٨٨،ل٣.

– چارەسەرکرنا سیاسیا پرسا ئەفغانستانێ، ژ(٢٨)ی گولانی ١٩٨٨،ل١١+٣.

– جەژنا کارکەرا پیروز بە،ژ(٤)ی گولان

١٩٨٦،ل١+٢.

- جـەژنا یـەکی گـولانێ،ژ(١٦)ی گـولانی ١٩٨٧،ل١+٣.

- خەتەرەك مەزن،ژ(٣)ی نیسانی ١٩٨٦،ل١+٤.

- خومـەینی ژ سـێبەرا خـو دەترسـە،ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل١+٢.

- د سـالا بـوری د رەوشـا جیهـانێ،ژ(١٣)ی شوباتی ١٩٨٧،ل ١+٢.

- د کـاروانێ رۆژنامەگـەریا کوردیـدە، ژ(١١)ی دیسمبەری ١٩٨٦، ل١+٢.

- دەواما بیرانینا ٥٠ سـالیا دەرسـیمێ، ژ(٢٣)ی کانونی ١٩٨٧،ل٢.

- د ریـا کوردسـتاندا ژ بـۆ خەتـەرێ کوردستان،ژ(٥)ی حزیرانا ١٩٨٦،ل١+٤.

- دلژار باوەر،ژ(١٦)ی گولانی ١٩٨٧،ل٢.

- دو سالان تێکۆشانا بەردەوام،١+٢.

- دیتنا ئیسلامیا ژ بۆ پرسا کـوردی، ، ژ(١٧)ی حزیرانی ١٩٨٧،ل١+٣.

- دێریاسـینا کوردسـتان، ژ(٩)ی ئۆکتۆبـەری ١٩٨٦،ل٥.

- دیسـان تاوانەکـە دن،ژ(٧)ی تـەباخی ١٩٨٦،ل١+٢.

- دیموکراتی هەر ب گۆتنێ،باقی ئاری، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل١+٢.

- ژ ئـەدەبێ بیـانی، ژ(٩)ی ئۆکتۆبـوری ١٩٨٦،ل٥.

- ژ کانیا فۆلکلۆریا کـوردی،م. مـای، ژ(٢٨)ی گولانی ١٩٨٨،ل٢+٣٢.

- ژبـۆ یـەکێتیا نڤیسـکارێن کوردسـتان ل دەرەوەی ولات،د. جەمشـید حەیـدەری، ژ(٢٥)ی شوباتی ١٩٨٨،ل٣.

- ژکۆڤانا مەزنتر،کەریم حسامی،ژ(٢٧)ی نیسان و ئەپریلی ١٩٨٨،ل١.

- روبـارو بـزاڤ ،س. ئڤـدال، ژ(١٩، ٢٠)ی تەباخی١٩٨٧،ل٤.

- رپالیزمـا پۆلـەتیکا وەلاتـان یـا ئـیرۆ، ژ(١٠)ی نوڤەمبەری ١٩٨٦، ل١+٣.

- سـالرۆژا ژنـێن جیهـانێ، ژ(٢)ی مارسـی ١٩٨٦،ل٢.

- سەرگوتار،ژ(١)ی فەوریەی ١٩٨٦،ل١٢+١١.

- سلاڤ ل نەزان، ژ(١٤)ی ئاداری ١٩٨٧،ل٣.

- سوید، ژ(٢)ی ئاداری ١٩٨٦،ل١.

- سیاسـەتا دوریـا ئیرانـێ، ژ(٢٤)ی جـەنیوەری ١٩٨٨،ل١+٣.

- شـەش سـالیا دەسـەلاتا فاشیسـت ل ترکیـا، ژ(٩)ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦،ل١+٤.

- شۆرشـا ئۆکتۆبـەرێ،ژ(٢٢)ی چـریا پێشـی ١٩٨٧،ل١+٢.

- شۆرشـا سۆسیالیسـتا ئۆکتۆبـەرێ مـەزن، ژ(١٠)ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦، ل١+٢.

- شـەرێ ئێـران و ئێـراق و کوردسـتان،ژ(٢)ی ئاداری ١٩٨٦،ل١+٢.

- عـەزیز نەسـین و پرسـا کـوردی، ژ(٢١)ی ئۆکتۆبەری١٩٨٧،ل٢.

- فۆلکلـۆر ملکـی میللەتـە، ژ(١٣)ی شـوباتی ١٩٨٧،ل١.

- فەرهەنگ و هونەر دناڤ چڤاکا کوردەواری دێ، ، ژ(١٧)ی حزیرانی ١٩٨٧،ل١+٣.

- فیدراسیۆنا کۆمەڵێن ل سوید شاعیرێ نەمر هێمن ببیرئانی، ژ(٤)ی گولان ١٩٨٦،ل١+٣.
- فیری،س.ئاڤدەل، ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل٢.
- کەمپا رمادی لە ئیراقێ، ، ژ(١٧)ی حزیرانی ١٩٨٧،ل٢.
- کلتورا تەڤگەرا رزگاریخوازا نیشتمانی، رەفیق سابیر، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل٢+٣.
- کو دە جون،س.ب. سۆرکولی، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل٣.
- کورد ل بەر سیاسەتا نەهێلانا و ژ ناڤبرنێ، ژ(٢٨)ی گولانی ١٩٨٨،ل١+٢.
- کورد ل ترکیا،ژ(٥)ی حزیرانا ١٩٨٦،ل١+٤.
- کورد ل ترکیا،ژ(٦)ی پوشپەری ١٩٨٦،ل١+٥.
- کورد لە سوریایێ، ژ(٢١)ی ئۆکتۆبەری١٩٨٧،ل١+٢.
- کوردۆلۆژی،هـ.م،ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل١.
- کوردستان د رۆژنامان دە ،ژ(١٥)ی نیسانی١٩٨٧،ل٢.
- کوردستان د چاپەمەنیا دە، ژ(١٨)ی ئیرمای ١٩٨٧،ل٤.
- کوردستان د چاپەمەنیێ، دە، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل٣.
- کوردستان د چاپەمەنیێن جیهان دە، ژ(٣)ی نیسانی ١٩٨٦،ل٤.
- کوردستان د چاپەمەنیێن جیهان دە،ژ(١١)ی دیسمبەری ١٩٨٦، ل
- کوردستان د چاپەمەنیێن دە، ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل٣.
- کوردستان کەلاکە تێوەربێن،ژ(١١)ی دیسمبەری ١٩٨٦، ل
- کوردو کوردستان، م.س.لازاریف،ب٢، ژ(٢٤)ی جەنیوەری ١٩٨٨،ل١.
- کوردو کوردستان،م.س. لازاریف، ژ(٢٣)ی کانونی ١٩٨٧،ل١+٣.
- کوردو کوردستان.م.س.لازاریف،ب٣، ژ(٢٥)ی شوباتی ١٩٨٨،ل١+٢.
- کۆنگرا ١٥یان یا یەکێتیا خوێندکارێن جیهانی، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل١+٢.
- کۆنگرا ١٩ ێ کۆمەلا خوێندکارێن کورد ل ئەوروپا، ژ(١٨)ی ئیرمای ١٩٨٧،ل٤.
- کۆنگرا ٧ یا فیدراسیۆنا، ژ(١٤)ی ئاداری ١٩٨٧،ل١+٢.
- کۆنگرا تەهران ژ کۆ دەرێ بۆ کۆ دەرێ، ژ(١٥)ی نیسانی١٩٨٧،ل١+٢.
- کۆنفرانسا رۆژهەلاتا ناڤین و پرسا کوردی، ژ(١٧)ی حزیرانی ١٩٨٧،ل١+٢.
- گالتەکرن بە ئازادی، ژ(٢٣)ی کانونی ١٩٨٧،ل١+٢.
- گەلێ ژیرکری، ژ(٧)ی تەباخی ١٩٨٦،ل٣+٤.
- گوتارا شەهید قودسی، ژ(٧)ی تەباخی ١٩٨٦،ل١+٣.
- گونەها حکومەتا ئیراقێ ل کوردستانێ، ، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل١+٢.
- ل سەر ئیسماعیل بێشکچی،ژ(٢٣)ی کانونی

١٩٨٧،ل١+٢.

– مافـە مرۆڤـی د ئـیران و ئێراقـیّ دە،ژ(١٥)ی نیسانی١٩٨٧،ل٩.

– مـاف دیاریکرنـا چـارەنووس،ژ(٨)ی ئیلـونی ١٩٨٦،ل١+٢.

– مـــاڤ چـــارەنووس، ژ(٦)ی پوشـــپەڕی ١٩٨٦،ل١+٤.


سەردەمی نوێ
رێککەوتنێک لەگەڵ کوردناسی بە ناوبانگی سۆڤیەت میخائیل لازاریێف
کۆمیتەی جیهانی پشتگیری کورد، دەبێ پشتگیری بکرێ
ڕۆژی جیهانی کرێکاران پیرۆز بێ

– مـاڤ مـرۆڤ د ئیسلاما خومەینیدە، ژ(١٨)ی تیرمای ١٩٨٧،ل١+٢.

– مـەحکومکرنا ئـەمریکا ژ ئـالیێ دادگـاهێ ناقنەتەوەییێ لاهای، ژ(٨)ی ئیلونی ١٩٨٦،ل٤.

– مەسەلەی کورد لـە تورکیـا، ژ(١)ی فەوریـەی ١٩٨٦،ل١٢+١١.

– نۆ ساڵ پشتی ڕاپەڕینا گەلێ ئیرانێ، ژ(٢٧)ی نیسان و ئەپریلی ١٩٨٨،ل٢.

– نامەك ڤەکرتی ژ ولاتێن سۆسیالیست را،هاوار، ژ(٢١)ی ئۆکتۆبەری١٩٨٧،ل١+٢.

– نامەیـەك ژ کوردسـتانێ، ژ(١٠)ی نۆڤەمبـەری ١٩٨٦، ل١+٤.

– نەتـــەوە ئـــان ئەســـیر، ژ(٣)ی نیســـانی ١٩٨٦،ل١+٢.

– نەخشەی پنتاگۆن و تورکیا، ژ(١٣)ی شوباتی ١٩٨٧،ل١+٣.

– نـەورۆزە وە پـیرۆز بــە ، ژ(١٤)ی ئـاداری ١٩٨٧،ل١+٣.

– هەڤیڤین ب یەلماز گونای را،د.پەهبەر ڕێزان، ژ(٢٦)ی ئادارو مارسی ١٩٨٨،ل٢+٣.

– هەلێ کوردان ل ترکییێ، ژ(١٩، ٢٠)ی تـەباخی ١٩٨٧،ل١.

– هونەرو دیـداردا میللـەت، ژ(٢٤)ی جـەنیوەری ١٩٨٨،ل٢.

– یــادی شــێخ مــەحموودی مــەزن،ژ(٩)ی ئۆکتۆبوری ١٩٨٦،ل١+٤.

## ئیندێکسی بەشی فارسی

– دیپلۆماسی امریکا درچه مسیری گـام میـدارد، شـماره(٥) خــرداد ١٣٦٥،چــمیمه ســەردەمی نوێ،ص٢+٣.

– دوشیوه تفکر و دو نوع حکومـت، ژ(٤)ی مـای ١٣٦٥(١٩٨٦)،ص١+٩.

– سیاستهای امپریالستی در قبال رژیم نژاد پرست افریقـای جنـوبی، شـماره(٥) خـرداد ١٣٦٥،چـمیمه سەردەمی نوێ،ص٤.

– هشیار باشیم،شماره(٥) خـرداد ١٣٦٥،چـمیمه سەردەمی نوێ،ص١+٢.

– هشیار باشیم،شماره(٥) خـرداد ١٣٦٥،چـمیمه سەردەمی نوێ،ص١+٢.

– هفـــت ســـال گزشــت،ق٢، ژ(٢)ی مارســـی ١٣٦٤(١٩٨٦)،ص١+٧+٨.

– هفـــت ســـال گزشـــت،ق٣، ژ(٣)ئـــەوریلی ١٣٤٥(١٩٨٦)،ل،ص٩+١٠.

– هفـــت ســـال گزشـــت ، ژ(١)ی فەوریـــەی ١٣٦٤(١٩٨٦)،ص١+٢+٤+٥+٧+٨.


بارش


الحقيقة

صاحب الامتياز

رئيس التحرير

الجمعية ... التنظيم القادر على ضبط زمام قضيتنا

القضية التركمانية جزء لايتجزأ من الحركة التحررية

الافتتاحية


الحقيقة


بسم الله الرحمن الرحيم

عدد خاص

قارداشلق يولو

يوم الشهيد التركماني

تجسيد لمسيرة نضالية خالدة ومواصلة لنهج العمل الوطني

الافتتاحية

بسم الله الرحمن الرحيم

بيان


Çiçek

23 Nisan Dünya Çocukları Bayramı Münasebetiyle … Özel Sayı

Küçük kız küçük erkek
Bal gibi petek petek
Bezensin kuşlar yer gök
23 Nisan günü
23 Nisan günü çocukların düğünü


Sorumlu Sahibi Adnan Kasapoğlu

Genel Yayın Yönetmeni Mazin Bezirgan

KARDEŞLİK

28 Ağustos 2002 — Türkmen Kardeşlik Ocağı Tarafından Çıkarılan Siyasi ve Kültürel — Sayı: 56 / Dördüncü Yıl

TÜRKMEN SORUNU ÇÖZÜLMEZSE, IRAK SORUNUNUN ÇÖZÜMLENMESİ BÜTÜNLEŞMEZ

Arslan Barzani'yi Kutluyor

Barzani'den Arslan'a Cevabi Mesaj

Arslan, Sincari Görüşmesi


توركمن

ذكرى مجزرة ١٤ تموز ١٩٥٩ ضد شعبنا الأمن

في كركوك يزيدنا عزماً على مواصلة النضال

بيان


Yıl: 9
Sayı: 586
03 Ağustos 2003
Pazar

Türkmeneli

Üzeyirağalı Kızlarbat heyetini kabul etti

Kerkük'te Araplaştırma politikasından Kürtleştirme politikasına

Kürt partileri, Kerkük'te Kürtleştirme politikasına başladı. Devlet dairelerinde yalnız Kürtçe konuşulmasını empoze eden bu partiler, böylece eski rejimin uygulamış olduğu Araplaştırma politikasına benzer politikalar uygulamaya başlamış oldu. Ne var ki hem Kürtler hem de Türkmenler eskiden Saddam rejiminin Araplaştırma politikasından çok zarar görmüşlerdi. Ama nedense Kürtler bugün Saddam'a özeniyorlar. Bu konuyu Ali Kasapoğlu "Kerkük'ten geliyorum" …

دۆسیێ تایبەت




# ڕۆژنامەنووسیی

# تورکمانی








## خاوەنی ئیمتیاز

ئاشکرایە پێکهاتەی گەلی کوردستان، جۆرە مۆزایکێکی بە خۆیەوە گرتووە، کە ئەویش بوونی نەتەوەو رەگەزو ئایینی جیاوازە، لە چوارچێوەی (کوردستان)، کە بەشێکە لەو ولاّتە پان و بەرینەی، هەر لە دوای شەری نەگریسی چالدێرانەوە کە لە ساڵی (١٥١٤) روویدا، خاکەکەی تووشی **(لەت لەت بوون)** کردو سەرەتای ئەو دابەشبوونەوەی لێکەوتەوە، کە جارێکی دیکەش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، دووچاری هەمان چارەنووس بووەوە، کە تاکو ئێستاکە **(جەوری مێژوو)** و بەرژەوەندی بڕیار بەدەستانی ولاّتانی زلهێز، جگە لە کەموکوڕی خۆشمان، بواری ئەوەی نەداوە، هەر هیچ نەبێت سنوورەکانی نێوان، نەبنە **(ئەو سنوورە پیرۆزەی کە نابێت هەرگیزاو هەرگیز دەستی لێ بدرێت)**.

بەڵام دیسان ئەو **(واقع الحال)**ەی کە هەیە نەبۆتە هۆکاری بە پەراوێز بوونی ئەو گەلانەی کە لەسەر ئەو خاکە لەت لەت کراوە دەژین، ئەویش لە روانگەی ئەو خەسڵەت و رەوشت و ویژدان مرۆڤانەی نەتەوە دابەشکراوەکەی **(کورد)**ە، کە رێز لە بوون و ماف و پێکەوە ژیانی هەموو گەلان دەگرێ، کە بەهەموویان پێکەوە گەلی مەزنی کوردستان پێکدەهێنین، هەر هەموومان تێیدا مافمان پارێزراو بێ و هەموو لایەك مێژوو و کلتورو ئەدەب و کاری فەرهەنگیمان بە زوبانی خۆمان بخوێنین و رێز لە کەلەپوری یەکدی بگرین، هیچ هۆکارێکیش نەبێتە لەمپەر، لەبەردەم پەرەپێدانی ئەو سەرمایە نیشتمانییە.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستییانەی سەرەوە، سەرەرای بڕوا بوون بەو قسە پەند ئامێزەی کە دەڵێ: **(هەرگەلێك مافی گەلێکی دیکە زەوت بکات خۆشی ئازاد نییە)**.

ماوەیەکە **(رۆژنامەڤانی)** لە هەوڵ و تەقەلاّی ئەوە دایە کە **(دۆسێی تایبەتی)** بۆ مێژوو و کاری رۆژنامەگەریی، لەوانە هەردوو گەلی ئاشووری و تورکمانیش، تەرخان بکات.

ئەوەبوو لە ژمارەی پێشووی گۆڤارەکەماندا، **(دۆسێی رۆژنامەگەریی ئاشوری)**مان لە کوردستان بلاّوکردەوە، وا لەم ژمارەیەشدا **(دۆسێی رۆژنامەگەریی تورکمانی)**یش، بلاّودەکەینەوە، بێ گومان، ئێمە پێمان وایە، ئەو هەولاّنەمان لە ئاکامدا دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی یەکتری و لێکحاڵی بوونیی زیاتر لەو کارە رۆشنبیرییانەی کە شارستانییەتی ئەم ولاّتە پان و بەرینە دابەشکراوەی **(کوردستان)** نیشان دەدات.

## هەندێ چالاکی و بڵاوکراوەکانی

# تورکمن قارداشلق اوجاغی



جەمال عوسمان
و: راستی

لە ژمارەی (١١)ی ساڵی٢٠٠٣ ی گۆڤاری بارش کە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تورکمان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەریدەکات، وتارێکم سەبارەت بە گۆڤارو ڕۆژنامەو چاپکراوە تورکمانی خوێندەوە کە تایبەت بوو بە بیرەوەری تێپەڕبوونی (٩٢) ساڵ بەسەر یەکەمین ڕۆژنامەی تورکمانی (الحوادث) کە تێیدا نووسەری وتارەکە (بەڕێز مەحمەد ئیسماعیل) لە ناوەڕۆك و مێژوو و شوێنی دەرچوون و دەوری پێشیەنگانەی ڕۆژنامەکە لەو ڕۆژگارەی ژیانی کۆمەڵدا و بەتایبەتیش تورکمان و ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکەی خستیبووە ڕوو.

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەتورکمان، بە ڕۆشنبیری و مێژووی تایبەتی و بە خشش و خەباتی بەردەوامیان ڕۆڵیان لە نێو هەموو توێژەکانی کۆمەڵ لە بوارەی سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەری و مرۆڤایەتیدا هەبووە، ویستم شتێك بخەمە سەر ئەو وتارە، یان بە واتایەکی دی بۆ وەبیر هێنانەوە نەك لەبیرکردنی دەوری گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دیکە کەلە دوای ڕاپەڕینی شێرانەدا دەوری پێشەنگیان لەخزمەت کردنی نیشتیمان و گەل، بە قەلەمە پاك و بوێرەکانین بەرەنگاری ناخۆشی و کۆسپ و تەگەرەکان بوونەتەوە.

لێرەدا باسی ڕۆژنامەی (قارداشلق) کە( یانەی برایەتی تورکمان) لە هەولێر دەری دەکرد، کۆمەڵە ڕۆشنبیرو نووسەر و شاعیرێکی دڵسۆزی نیشتمان و گەلەکەیان بوون قوربانیان بە هەمووشت دا بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن تا سەربەرزانە لە گەل و ڕۆڵەکانی نیشتماندا بژین- سەرەتا دەمەوێ کورتە مێژووییەکی سەرەتای دەرچوونیان لە ساڵی١٩٦٠ بۆ بگێڕمەوە: لە بەغدا گۆڤارێك بە ناوی(قارداشلق) هەبوو هەموو ڕۆشنبیران و ئەدیبان لە هەولێر بەرهەمە ئەدەبی و هونەری و مێژوویی- وبیر وباوەڕو بۆ چوونکانیان بۆ دەرنادن تا لە ساڵی١٩٩٨ بەبیانووی کەم دەرامەتی و بیانووی بێ سەرو بەر وەستێنرا. خاوەن ئیمتیازی ئەو گۆڤارە سوبحی کەمال و بەڕێوەبەری نووسینی جەلال تەها عبدولقادر و سکرتێری د. فازل مەهدی بەیاتی بوون. ئەوانەی لە هەولێریش بەرهەم و وتاریان بۆ دەناردن ئەمانە بوون {فوئاد فایەق بازرگان- ئەسوەد هەولێری- حسام حەسرەت- جەمال ئۆکسز- عیمادئیلخانلی- فوئاد شێخ مستەفا- عەدنان قەساب ئوغلو- عەدنان تارزی} و خەڵکانی دیکەش. ئەگەر بەرهەمەکانیان بەسەر بکەینەوە، لە ئەدەب و شیعرو وتارەکانیداداوای ژیانێکی سەربەرزانە و ئازادی ڕاو بەرگری و ڕوو بەڕوو بوونەوەی زوڵم و ستەم و دوای ژیانێکی سەربەرزانە و ئازادی ڕاو بەرگری کردن بوو لە ئەدەب و شیعرو وتارەکانیاندا.

لە هەمان کاتدا لەگەل ئەو برادەرو ئەوانەی یارمەتیدەریانە بوون بۆ کێشەکەیان و ژیانی ئاسوودە و دوان بە زمانی خۆیان و لێکدانەوەی مێژوویان بۆ جیهان کەوا ئەوان هێشتا ڕێزو نرخی خۆیان هەیە بۆ ئەوانەی پشتیوانیان دەکەن و بۆ دوژمنانیش لە سەنگەردان. لەسەر ئەو بەرچاوروونی و بۆ چوونە

ڕەوایانەو ڕێك خستنی ژیانی رۆژانەو دوا رۆژیان بەردەوام بوون تا ساڵی١٩٧٤ ئەو كاتەی حكومەتی ناوەندی رازی بوو یانەی برایەتی توركمان لە هەولێر بكرێتەوە، ئەوە بوو لە ١٩٧٤/١٢/٣١ بە كۆشش و شەوخونی كۆمەڵە رۆشنبیرێكی لێ هاتوو لە خان رەژوو (كومرخانی)، لەوكاتەی كە دووچاری توانەوەی نەتەوایی و سڕینەوەی ناسنامەی توركمانی و كێشە نەتەوەییەكەی هاتبوون گەیشتبووە ئاستی لە ناوچوون، ئەو سەردەمە لەو بارودۆخەدا بانگی توركمانی بوون بە تاوان دادەنرا لەو.

بۆ یە هەڵواسینی تابلۆی(توركمانی) لەو بارودۆخەدا لەسەر خانووی یانە بە شۆڕش دادەنرا. رۆشنبیرەكانیش بە بەردەوامی بەرهەمەكانیان بۆ گۆڤاری ناوبراو دەنارد.

ئەوەبوو بیریان بۆ ئەوە دەچوو كە رۆژنامە یان گۆڤارێكی تایبەت بەخۆیان دەربكەن، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی نەیانتوانی ئەوكاتە رەزامەندی وەربگرن... لە ١٩٩٨/١٢/٢١ ژمارەی(سفر)ی رۆژنامەی(قارداشلق) لە هەولێر دەرچوو كە ئەمڕۆ بیرەوەری تێپەڕبوونی(٢٤)مین ساڵی دامەزراندنی یانەكە بوو هەركێشەی گۆڤاری (قارداشلق)یش خرایە سەر رۆژنامەكە تاكو ئێستا.... لە لای راستی سەرووی رۆژنامەكە(قارداشلق) بێ وێنەی مانگێك و لە ناویشیدا(هەڵۆیەكی باڵدار)ی تێدابوو، دەستەی كارگێری دەریانكرد، نەخاوەنی ئیمتیاز نە بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری رۆژنامەی نەبوو، بەڵكو كارەكە بە كۆمەڵ و پێكەوە دەكرا و رۆژنامەكە لە(٨) لاپەرەی قەوارە گەورە و بە سێ زمان بوو، سێ لاپەرە بەزمانی عەرەبی و(٤) لاپەرە بە زمانی توركی و رێنووسی لاتینی و یەك لاپەرەش بەزمانی توركمانی(عوسمانی) بوو و بابەتەكانیشی مێژوو و زانست و بەرهەمی شاعیران و نووسەران و راوبۆچوونی رۆشنبیرانی توركمان بوو وتێدا پەرۆشی خۆیان بۆ گەل و نیشتمان و ئاواتەكانی دوارۆژیان دەردەبری. جگە لە دەستەی كارگێری نووسەرو شاعیرانی دیكەش بەشداریان دەكرد.

لە یەكێ لەو قۆریاتانەی(غانم فەتاح)ی هونەرمەند كەلە ژمارەی(سفری)ی رۆژنامەكە بڵاوكراوەتەوە دەڵێت:

**قالدیرأعین**

**هرشەیین قالد یوأغاین**

**گیویلدەن دوستلوغ یاپاغ**

**دوشەنی قالدیراغین**

واتا بابینە برا و پشتی نەداران و زۆرلێكراوان و بە یەك دڵ لە پێناو گەورەیی و سەرفرازی مرۆڤ كاربكەین. رۆژنامەكە تا ژمارە(٦) مانگانە دەردەچوو، پاش ئەوە قەوارەكەی بچوك كرایەوە و ژمارەی لاپەرەكانی كرایە(١٦) لاپەرە: حەوت بەزمانی عەرەبی و حەوت بەزمانی توركی(لاتینی) و(٢)ی بەزمانی توركی(عوسمانی)بوو دەستەی كارگێری یانە سەرپەرشتی دەرچوونی دەكرد.

لەژمارەی(١٦)ەوە رۆژنامەكە هاتەسەر قەوارەی گەورەی جارانی و ژمارەی لاپەرەكانیشی (٨) بوون، چوار بەزمانی عەرەبی و سێ بەزمانی توركی (لاتینی) و یەكی بەزمانی توركی (عوسمانی) ئەمەتا ژمارە (٥٧) كە لە مانگی تشرینی یەكەمی ٢٠٠٢ بە هۆی بارودۆخی دارایی و ئابووری وەستا.

جێی ئاماژە پێكردنە، ئەم رۆژنامەیە لەبەر دوو هۆی سەرەكی دەركرا، یەكەمیان وەستانی گۆڤارەی(قارداشلق) كە لە بەغداد دەردەچوو، بۆ

ئەوەی بەردەوام بێت، دووەمیشیان کەشی ئازادی و دیموکرسی ناوچەکەو بەتایبەتی ئازادی رادەربرین و خستنە رووی گیروگرفت و کێشەکان بە راستگۆیی و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و رۆژنامەکان و بەدەنگ و رەنگ و وێنەوە.

ناوەرۆکی رۆژنامەکەش بریتی بوو لە چالاکییەکانی یانە وەك سەردانی دەستەی کارگێری بۆ حیزب و رێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان لە بۆ نەو یادەوەرییەکاندا و بەپێچەوانەشەوە ئەمە جگە - هەروەك گوتمان - لە نووسینی و ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی و زانستی و دەربرینی راو بۆچوون سەبارەت بە پێشهاتەکانی ناوچەکەو هەروەها شیعرو قۆریاتی نووسەران. لێرەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کەوا برایانی دەستەی کارگێری لەتەك بەرێوەبردنی کاروباری رۆژنامەکە، تاکە تاکەش چاپکراوی تایبەتیان دەردەکرد وەك کۆمەڵە شیعری شاعیران(حسام حەسرت، ئەسعدئەربیللی، عەدنان قەساب)و نامیلکەی بچووك و مام ناوەندی(کەمال لەتیف)ی شاعیر و دانانی نۆتەی گۆرانیە تازەکانی تورکمانی و تاهەنووکەش هەر بەردەوامن لە بەخشش بۆ ئەو گەلە سەربەرزە، لێرەدا دەمەوێ بڵێم رۆژنامەی ناوبراو(قارداشلق) لە ١ی حوزەیرنی ساڵی٢٠٠١ ودمی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، وەك رۆژنامەو گۆڤارە مۆڵەتراوەکانی هەرێم ئەگەرچی برگەیەکی پەیرەوی ناوخۆییانەش دەڵێت: یانە مافی دەرکردنی رۆژنامە یان بڵاوکراوەیەکی دیواری مانگانەی هەیە بۆ رۆشنبیرکردنی لاوەکان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و مێژووییەوە....هتد.

پاشان رۆژنامەکە بە(٨) لاپەرەی و سێ لاپەرە بەزمانی عەرەبی و سێ بەزمانی تورکی(لاتینی) و یەك لاپەرەی بەزمانی کوردی و لاپەرەیەکیشی بەزمانی تورکی(عوسمانی) دەرچووە. لێرە(عەدنان قەساب) بە خاوەنی ئیمتیاز و بەرێز(ماجیدبازرگانی) یش بە سەرنووسەری رۆژنامەکە دانراون.

بەڵام لەبواری ئێستگە واتە دەوری ئێستگە لە بڵاوکردنوەی هۆشیاری رۆشنبیری تورکمانی، دەستەی کارگێری پێی وابوو کە ئەمەش نرخ و بایەخی لە رۆژنامە کەمترنییە، بەڵکو کاریگەرتریشە و لە هاوولاتی نزیکە و راستەوخۆ دەیگاتێ و ئەوەندەشی تێناچێت، بۆیە دەستەی کارگێری نەخشەیەکی بۆ دامەزراندنی ئێستگە دانا بۆ ناساندنی هاوولاتی و گوێگران بە مێژوو کەلەپووری خۆیان و پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە دوای کشانەوەی یانە لە (بەرەی تورکمانی) بوو و بیرەکەش سەری گرت و بە کۆشش و دەست و بازووی خێرخوازانی رۆڵەکانی گەل سەرکەوت. بۆ زانینیش ئەو ئامێرو کەلوپەلانەی بۆ پەخشی و تۆمارکردنی بەکاردەهێنرا زۆرکۆن بوون لە چاو ئەو پێشکەوتنەی ئێستاکەی سەردەمی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووە وە بەرنامە پەخشکراوەکانیش هەمەرەنگ و جێی دڵخۆشی هەموو لایەك بوو و توانی خەڵکێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە. لەو بەرنامانەش: بەرنامەی (ئێوە دەپرسن و ئێمە وەڵام دەدەینەوە)، کە مەلا خەلیل و مەلا نەجیب پێشکەشیان دەکرد و بەرنامەی هەفتانەی وەرزشی کە مامۆستا (ئازاد بیلال) پێشکەشی دەکات و هەواڵ و چالاکییە وەرزشییەکانی جیهانی و ناوخۆی تێدا پەخش دەکرا. بەرنامەی (لاپەرەکانی مێژوو) (ئەسعەد ئەربیللی) شاعیر پێشکەشی دەکات و لە سەعات١١ی بەیانی رۆژی پێنج شەمە و رۆژی دووشەمە سەعات١٢/٥ دووبارە دەکرێتەوەو تێیدا مێژووی تورکمان و شەرو ئەو رووداوانەی لەبەرانبەر دوژمن و داخ لەدڵان و دەست درێژی کەران بۆ سەر مافەکانیان هەروەها ئەو سەرکردە و سەرۆکانەی کە دەوری دیاریان لە مێژووی

و شەرو سەركەوتنەكانیان بۆسەر دوژمنە كانیاندا هەبووە بەسەردەكردەوە. بەرنامەیەكی ئافرەتانیشی هەبوو ست (شەوقیە عیبدولا) رۆژانی هەینی هەرهەفتەیەك لە كاتژمێر ١٠ ی بەیانی پێشكەشی دەكرد كە گیروگرفت و چارەسەركردنی كابان تێدابوو، هەروەها پێشنیاری سەبارەت بە چۆنیەتی رێكخستنی خێزان و پەروەردە كردنی نەوەكان بەشێوەیەكی راست و دروست تێدابوو، ئەمە وێرای برگەی چۆنیەتی ئامادەكردنی خواردەمەنی هەفتانە، لە بەرنەرمەكانی دیكەشی بەرنامەی ( ئەدەبیات) بوو كە عیماد نەجاری شاعیر هەفتانە پێشكەشی دەكرد و تێیدا شیعر یان قوریات دەخوێندرایەوەو لێكدانەوە و ئامانجی ئەو شیعر و قۆریاتانەی تێیدا بوون و لە كاتژمێر٥/٢ دوای نیوەرۆ پێشكەش دەكرا. هەروەها بەرنامەی (پشووی كۆتایی هەفتە) (خوشكە نەسرین هەولێری) رۆژی پێنج شەمە سەعات چواری عەسر پێشكەش دەكرا و تێیدا شیعرو گۆرانی و قسەی خۆش و زانیاری گشتی و دیكەی تێدا پێشكەش دەكرا. لەبەرنامەی نواندن و شانۆگەری و كاریكاتێر لە بارەی گیروگرفت و خواست و ویستەكانی گەلی توركمان و خوورەوشتی گەل و چۆنیەتی ژیان لەگەل یەكدی و رەخنەگرتنی لەو لایەنە خراپانەی نێوكۆمەڵ بە شێوەیەكی سادەو چۆنیەتی رەفتار لە گەل كردنی چ لە ئێستاو چ لە دوارۆژدا. بلاودەكرایەوە.

لەتەك ئەمانەشدا گۆرانی فۆلكلۆری توركمانی و گۆرانی توركی شانبەشانی گۆرانی عەرەبی و كوردی و فارسی و تەنانەت بیانیشی پەخش دەكرد. چاوپێكەوتنی تایبەتی لە گەل بەرپرسان و كەسایەتییە پیشەییەكان دەكرا كە لە مێژە ئەو كارانە دەكەن و هێشتا لە ژیاندا ماون و چیرۆكی ژیانی رۆژانەی خۆیان و داب و نەریتی ئەو سەردەمانەیان دەگێرایەوە، جێی باسە بریاری بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرشی ژمارە٨٩ی ١٩٧٠\١\٢٤ كە دانی بە مافە رۆشنبیرییەكانی توركماندا نا بوو و لە(٧) برگە پێك هاتبوو بەو ئاوایەبوو:

زێدەكردنی بەررنامەی توركمانی لە تەلەفزیۆنی و دانانی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیر توركمانی و دەركردنی هەفتە نامەیەك. بەرنامەی(كتێبە چاپكراوەكانی توركمانی) كە فەلاح قەساب ئۆغلۆ لە نیومانگ جارێك لە كاتژمێر٥/٢ی پاش نیوەرۆ لە رۆژانی شەمە پێشكێش دەكرا، جگە لە دەنگوباسی(رۆژانەی وەرزش) كە یەكسەر دوای هەواڵەكان پەخش دەكرا و لە كاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانیش تا هەشت و نیو دەچووە پاڵ پەخشی ئێستگەی **B.B.C** و هەروەها لە كاتژمێر چواری ئێوارەش.

راوبۆچوون و لێدوانیش لە بارەی پێشهاتە نوێیەكانی گۆرەپانی جیهانی و عەرەبی و عێراقی و خۆجێی هەبوو. ئەو ئێستگەیە بەرسمی لە رۆژی٢٠٠١/٩/٩ كرایەوە و بەرپرسی راگەیاندنی ناوەندی (عەدنان قەساب ئۆغلۆ) و بەرێوەبەری ئێستگە (مەحمودقەساب ئۆغلۆ)و (فیكرەت تارزی باشی) بەرێوەبەری كۆمپیوتەر(یەشارهەمزە) بەرێوەبەری كارگێری ئێستگە بوون. پاش ماوەیەك لەبەر ئەوەی (عەدنان قەساب) نەخۆش بوو نەیتوانی بەردەوام بێت، (ئەسعەد ئەربیل)یان وەك بەرپرسی راگەیاندن داناو (شێروان بازرگان) یش بەرێوەبەری و (یەشارهەمزە)ش بەرێوەبەری كارگێری بوون.

گۆڤارێكی مانگانەی تایبەتیشیان هەبوو لەگەل چاپكردنی نووسراوە توركمانەكانی وەك شیعر و ئەدەب و كەلەپورو دامەزراندنی بەرێوەبەریەتی خوێندنی توركمانی و بەكارهێنانی زمانی توركمانی لە قوتابخانە توركمانییەكان لە خوێندنی سەرەتاییدا و بەكارهێنانی هۆیەكانی روونكردنەوە بەزمانی توركمانی. بەلام ئەو بریارە شوێن بزركرا و كەمێكی نەبێت جێبەجێ نەكرا و بۆ مە بەستێكی تایبەت بوو. بەلام لەدوای راپەرین و لە ساڵی١٩٩١ وە بەكردەوە ئەو برگانە بە تەواوی و بەفراوانی بەزیادەوەش جێبەجێ كران.

# (بارش)

# ئەستێرەیەکی گەشی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانیی

ئەلماز دبسلی

گۆڤاری بارش، وەك گوڵە گەنمێکی دیار و کەڵەگەت، خۆی خستە نێو ئامێزی گەرمی ڕۆژنامەنووسیی، بۆ ئەوەی هێمایەك بێت، بۆ برایەتی و تەبایی و یەکبوونی کورد و تورکمان، لەهەمان کاتیشدا بڵندگۆیەك بێت، بۆ دەربڕینی بیروڕای ئازاد و گەشەپێدانی ڕۆشنبیرانی تورکمانی، یان بەشێوەیەکی دیکە بڵێین ئاوێنەیەك بێت، لە تێکڕای بوارەکانی ژیاندا، گوزارشت لە هەقیقەتی تورکمانی بکات.

بەڵام (بارش)، هەر تەنیا گۆڤارێك نەبووە کە بۆ یەکەمجار ئەو پەیامە پیرۆزە هەڵگرێت بەڵکو لەمێژووی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانیدا گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکەش هەبوو کە پێشتر هەمان پەیامیان هەڵگرتووە، لەهەمان سۆنگەوە و ئامانجەوە هاتوونەتە کۆڕی ڕۆژنامەنووسیی.

بەڵکو زەمەنی بارش زەمەنێکی دیکە، لە سەردەمی دوای ڕاپەڕین لەدایك بوو، ئەم قۆناغەش تەنیا قۆناغێك نەبوو بۆ پێگەیشتن و سەرهەڵدان و تەشەنە سەندنی باری ڕۆژنامەنووسیی کوردی و تورکمانی و ئاشووری و کلدان، بەڵکو دەروازەیەکی کراوە بوو بۆ هەموولایەك و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی هەریەکەو لەلای خۆیەوە گوزارشت لە گوتارو ئامانجە سیاسی و ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی خۆیەوە بکات، چونکە ئەو زەمینە ئازادییەی کە لەو هەرێمەدا ڕەخسا، دەرگایەکی ئەوتۆی بۆ هەمووان خستە سەرپشت کە بەوپەڕی ئازادی و سەربەخۆییەوە تەکان بە باری ڕۆژنامەنووسیی ڕۆشنبیری خۆیانەوە بدەن.

لە پێودانگی ئەو پشتگیری کردنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکمان، سەردەمێکی نوێ بۆ باری ڕۆژنامەنووسیی تورکمانیش هاتە کایەوە، ئەوەبوو لەسەردەمی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمدا، گەلێ گۆڤارو ڕۆژنامەیی تورکمانی لەدایك بوون، لەوانە گۆڤاری بارش ـ کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەرزییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تورکمانی دەریدەکات، یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٠ و ژمارە (١٢)ی لە نیسانی ٢٠٠٣دا دەرچووە.

خاوەن ئیمتیازی وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەدین کاکەیی) و سەرنووسەر(ئومێد خەلیفە) بوو، سکرتێری نووسین (ئیسماعیل عەلی) و لە نووسینگەی گۆڤار پیتچنین و نەخشەسازی کراوە، لەم دوازدە ژمارەیەدا توانیویەتی لەنێو چاپەمەنی کوردستانیدا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەبێت، کە بەر لە هەموو شتێك بایەخدانە بە کولتوری تورکمانی، هەروەها و بە چەند زمانێك دەردەچێت، تورکمانی، عەرەبی، کوردی، لاتینی و بە ئاست و ناوەڕۆکێکی تێرو تەسەل و دەوڵەمەندەوەو دەرهێنانێکی زانستیانەی پێشکەوتوو کەوای کردووە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت و لە یەکەم ژمارەوە تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، لەم دوازدە ژمارەیەدا بە بەرگێکی قەشەنگ و پڕ واتاو لەچوار دۆسیەدا بە سەدان وتار و

بابەتی بەپێزی بڵاوكردۆتـەوە، بـۆ نموونـە: دۆسـیەی كوردی (٢٧٤)وتار، دۆسـیەی عـەرەبی(١٧١)وتـار، دۆسـیەی توركمـانی(١٧١)وتـار، دۆسـیەی لاتـینی (١١٥) وتــار و بەســەدان وێنــەی دەگمــەن و جــوان لاپەڕەكانی رازاوەتەوە، سەرباری ئەوەش نووسـەران و توێژەران و مامۆستایان و ئەدیبان و كەلتوور دۆستانی توركمانی و كورد و عــەرەبی نووسـان لـە شـارەكانی كەركووك و هەولێر و بەغدا و توزخورماتوو داقـوق، بە دەنگی ئەم گۆڤارە قەشەنگەوە هاتن و ئامادەگیان بۆ هاوكـاری كـردن لـە بـارش دا بـە بڵاوكردنـەوەی داهێنانەكانیان هەبوو، هەر ئەم هاوكاری و بەدەنگەوە هاتنەش بۆتە مایەی بەردەوامی گۆڤارەكەو خزمــەتی زیـاتر، دیـارە هــەر لەناوەكەیـەوە كـەواتای ئاشـتی دەبەخشێت ئاماژەیە بۆ خواست و دیدی میللەت بـۆ ئاشتی و دیموكراسی و پێشكەوتن.

هـەر لـە راپەڕینـە مەزنەكـەی گـەلی كوردسـتان بەتایبــەتی بــەردەوام هــەوڵی بنیاتنــانی ژیــانێكی ئاسوودەو دیموكراسی ژیـاوە لـە هەرێمـدا بەتایبـەتی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حكومەت، توركمانەكانیش لە سێبەری ئەم بارودۆخە لەبارەدا لە كـەش و هــەوای ئــازاددا بــە مافــە رۆشـنبیری و نەتەوەییـەكانی خۆیـان شـادبوون، لـە ٢٠٠٠/٧/٣٠ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری توركمانی دامەزراو دەستی كرد بە چالاكی رۆشنبیری توركمـانی گـورو تینێكـی گەورەتری بەخۆوە بینی (بارش)یش یەكێك بـوو لـەو بەرهەمانە بۆ گەشە پێـدانی رۆشـنبیری توركمـانی و بەردەوام بوونی رەوتی رۆژنامەنووسی توركمانی.

لێرەدا بە كورتی بە ژمارەكانی گۆڤـاری(بـارش)دا دەچینەوەو چەند تایبەتمەندییەكی دەخەینە بەرچاو.

ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠

گۆڤاری بارش لە دوو توێی بەرگێكی قەشـەنگ و رەنگاو رەنگدا، كە بە كـۆتری ئاشـتی و تـابلۆییێكی هونەرمەنـد ئـازاد شـەوقی و وێنـەی سـەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین رازابۆوە، بڵاوكراوەتەوە.

بەرگی دووەمی وێنەیێكی قەڵای دێرینی هەولێرە، لە (١٠٢) لاپەڕەدا، چوار دۆسـیەی لـەخۆ گرتـووە، دۆسیەی توركمانی كە (١٦) وتاری هەمەرەنگی لەخۆ گرتووە سەرەڕای وتاری سەرنووسەر و بەڕێز جـەودەت نەجار، وەزیری هەرێم و سەرۆكی كۆمەڵەی رۆشنبیری توركمان و چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایـەتی رۆشـنبیری توركمانی وتاری (عـراق تـوركمن ادبیـاتی تاریخنـده بیریاریراك) نووسینی: یوردسیوان میر اوغلو، (شیدائی و تـركمن شـیعرینه بیریاقـاش) نووسـینی جـەلال زەنگابادی، و لەگەڵ بابەخدان بە شیعر و ئەدەبیات و ژیانی شاعیران و گۆرانی بێژانی توركمـانی و بابـەتی فۆلكلـۆری، دۆسـیەی عـەرەبی (١٠)وتـاری لـەخۆ گرتووەو بەرچاوترینیان: التركمانية لغة مستقلة، هوما پالانی، الغناء التركمـاني، اعـداد" اومیـد جـرجیس باغچەچی، لمحة عن الشعر التركماني، وشیداني، جلال زنگابادی، نشأة المسرح التركماني في كركوك و الفنانين الرواد: تحسين شيخ اوغلـو. دۆسـیەی كـوردی: (٢٧) وتـاری لـەخۆ گرتـووە، سـەرەڕای وتـاری سـكرتێری نووسین، دوو شـەهیدی توركمـان، زاهـیر رۆژبـەیانی سـەربوردەی رۆژانـی برایـەتی و تـەبایی، مـەولود بێخاڵی، چەند لاپەڕەیـەك لـە ژیـانی گـۆرانی بێـژی ناوداری هـەولێر(مشـكۆ)، جـەلال خـدر، و چـەندان بابەتی فرە جۆری دیكە وەك، شانۆ، سینەما، دەقـی ئەدەبی و هونەرو هەمەرەنگ.

دۆسیەی لاتـینی (٩) وتـاری تێـدا بڵاوكراوەتـەوە وەك:

**Turkmen Hargatlari, Umit**
**CercisBagqocl**
**Gagdas Sant Sllar Vekerkute**
**Turkmen Tiyatro Kualmasi**

لەگەڵ چەندان وتاری فرە جۆری دیکە. بەگشتی، رۆشنبیری گشتی، ئەدەب و هونەر، شیعر، شانۆ چیرۆك، توێژینەوەی فرە جۆر، مێژوو، شوێنەوار، کولتووری تورکمانی، زمان و وەرزش، هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتە خۆی کە تا ژمارە(١٢) بە هەمان گوڕ و تین کاری بۆ کراوەو بەردەوامە.

ژمارە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، لە چوار دۆسیەدا، دۆسیەی تورکمانی(١٢) بابەت و دۆسیەی عەرەبی (١٣) بابەت و دۆسیەی کوردی (٢٦) بابەت و دۆسیەی لاتینی(٧) بابەتی لە خۆ گرتووە لە (١٠٨) لاپەڕەدا و لە دوو توێی بەرگێکی قەشەنگ، کە بە وێنەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (حەیدەر بەقال) و تابلۆی تیپی هونەرە میللییەکانی تورکمانی رازاوەتەوەو بەرگی دووەمیش بە دیمەنێکی قەلای دێرینی شاری کەرکوك رازاوەتەوە.

وەك ژمارەی رابردوو لە رووی نەخشەسازی و وێنەو نیگاردانان سەرکەوتووە.

ژمارە ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١ لە چوار دۆسیە پێك هاتووە، دۆسیەی تورکمانی زیاتر لە (١٦) بابەت و دۆسیەی عەرەبی (٢٠)بابەت و دۆسیەی کوردی (٢٧) بابەت و بە چەندان وێنەی قەشەنگ رازاوەتەوە، دۆسیەی لاتینی (١٠) بابەتی لەخۆ گرتووە، سەرجەم لە (١١٦) لاپەڕەدایە.

بەرگی پێشەوەی بەوێنەی (چاپخانەیەکی کۆنە قەیسری هەولێر) رازاوەتەوەو بەرگی دووەمی بە (شاری خانەقین).

ژمارە ٤ی نیسانی ٢٠٠١ لە چوار دۆسیەدا، دۆسیەی تورکمانی(٢٢) بابەت، عەرەبی(٢٠) بابەت، کوردی (٢٣)بابەتی، لەخۆگرتووە، دۆسیەی لاتینی زیاتر لە (١٣) وتاری جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، سەرجەم لە (١٢٨)لاپەڕەدا چاپ کراوە، بەرگی یەکەمی بە (وێنەی قوریات بێژی تورکمانی حاجی فائق بازرگان) و مام ئەسعەدی کورەچی، بەرگی دووەمی بەوێنەی (قەلاو منارەی شاری هەولێر) دێرین رازاوەتەوە.

ژمارە ٥ی گەلاوێژی ٢٠٠١ لە چواردۆسیەدایە، تورکمانی (١٩) بابەت، عەرەبی زیاتر لە (١١) بابەت و کوردی (١٢) بابەت، لاتینی (١٢) بابەت، سەرجەم لە (١١٦) لاپەڕەدا بە وێنەی جوان و لەبار بلاوکراوەتەوە.

بەرگی یەکەم بە وێنەی(کتیبخانەکانی هەولێر) و بەرگی دووەم بە وێنەی (چاپخانەی رۆشنبیری) رازاوەتەوە.

ژمارە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، لە چوار دۆسییەدا دەرچووە، تورکمانی زیاتر لە (١١) وتار، عەرەبی زیاتر لە (١٦) وتار، کوردی(٢٠) بابەت، لاتینی (١١) سەرجەم لە (١١٦) لاپەڕەدا بە چاپ گەیشتووە، بەرگی یەکەم بە وێنەی (د. عەبدولڕەزاق دەباغ و تیپی مۆسیقاو کەلتور)، بەرگی دووەم بە وێنەی هونەرمەند(هابا)، رازاوەتەوە.

ژمارە ٧ی بارش لە کانوونی دووەم ٢٠٠٢، لەم ژمارەیەدا خاوەن ئیمتیازی بوو بە وەزیری رۆشنبیری(مەحمود محەمەد مەحمود)،. لە دوو توێی بەرگێکی قەشەنگەو جوان دایە بەرگی یەکەم بەوێنەی تیپی هونەری میللی تورکمانی، بەرگی دووەمی وێنەی گەرماوی دێرینی قەلای هەولێر رازاوەتەوە.

لە چوار دۆسیەدایە، دۆسیەی تورکمانی(١٢) وتار، دۆسیەی عەرەبی (١٣) وتار، دۆسیەی کوردی(١٩)وتار و دۆسیەی لاتینی(١٠) وتار و دەیان وێنەی لەبار و دەگمەن بلاوکراوەتەوە. ژمارە ٨ نیسانی ٢٠٠٢ لە چوار دۆسیەدا دەرچووە، تورکمانی (١٤) بابەت عەرەبی(٢٠) بابەت، کوردی(١٧) بابەتی ولاتینی (١٠) بابەت لە (١٢٨) لاپەڕەدا، بەرگی پێشەوەی بە وێنەیەکی شاری کەرکوك و وێنەی بەڕێز (سوهام)وە بەرگی دووەمی بۆ یادی

(١٠٤) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی بە وێنەی میقداد مەدحەت بەدرخان و رۆژنامەی(کوردستان)ی دایك رازاوەتەوە.

ژمارە ٩ی ئەیلولی ٢٠٠٢، لە چوار دۆسیەدا، تورکمانی(١٤) وتار، عەرەبی(١٤)، کوردی(١٧)وتار، لاتینی (١٠) وتار و دەیان وێنەی لەبار و گونجاو لە (١٢٨) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە (١٠)ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٢، لەچوار دۆسیەدا، دۆسیەی تورکمانی(١٤) وتار، عەرەبی (١٣) وتار، کوردی(١٧) وتار لاتینی(١٢)وتار و چەندان وێنەی هەمەڕەنگ رازاوەتەوە، بەرگی یەکەم بە وێنەی دیواری قەڵای دێرینی هەولێر و بەرگی دووەمی پەیکەرێکی پڕ لە واتا و کەیەنەر، رازاوەتەوە لە (١٣٦) لاپەڕەدا بە جوانترین شێواز بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە ١١ی کانوونی دووەم ٢٠٠٣، لە چوار دۆسیەدا، تورکمانی (٩) وتار، عەرەبی(١١) وتار، کوردی (١٨) وتار، لاتینی (٦) وتار، لەگەڵ چەندان وێنەی جوان و نایابە لە (١١٢) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، بەرگی یەکەم بۆ یادی (٩٢) ساڵەی رۆژنامەگەری تورکمانی تەرخان کراوە کە رۆژنامە کۆنەکانی تورکمانی لە خۆ گرتووە، بەرگی دووەمی تابلۆیەکی هونەرمەند (فازل نەسرەدین) رازاوەتەوە.

ژمارە ١٢ی نیسانی ٢٠٠٣، لەچوار دۆسییەدا، تورکمان (١٧) وتار، عەرەبی(١٦) وتار، کوردی (١٧)وتار لاتینی تەنیا (٩) وتار و چەندان وێنەی دەگمەن لە (١٣٦) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، بەرگی یەکەم بەبۆنەی ئازاد کردنی عێراق و کەرکوك، بەتایبەتی بە وێنەی هونەرمەندی مقامات (محەمەد رەئووف) و تیپی مقاماتی کەرکوك، بەرگی دووەمی وێنەی قەڵاکۆنەکەی شاری کەرکوك رازاوەتەوە،

لێرەدا وەستانێك لەسەر بابەتەکانی دوا ژمارە (١٢)ی گۆڤاری بارش دەکەین، کە دوای ئازاد کردنی عێراق و بەتایبەتی شاری کەرکوك، کە یەکەم گۆڤاری تورکمانییە دەرچوو، کە تورکمانەکانیش وەك نەتەوەکانی دیکەی ستەمدیدە لەژێر زەبروزەنگی دکتاتۆرییەت بە درێژایی (٣٥) ساڵی سەرکۆنەکردنەوەو قاتوقڕ کردن و زەوتکردنی ئازادی لە گەلانی عێراق، بەشێکی زۆری چەوسانەوەی نەتەوەیی و فیکری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینیوە، کە بە جۆرێك لە نێو هەندێ لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیەدا کە گەشتێك بۆ شارەکەی بابە گورگوڕ کراوە، دوای ئازاد کردنی، نووسەر شاعیر و هونەرمەندانی تورکمان، بەوپەڕی لەخۆ بوردییەوە هەنگاو ئاوات دەخوازن بۆ عێراقێکی نوێی دیموکراسی و ئازادی بوونی عێراق بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی نەك هەر خەون بوو، بەڵکو ئاواتێکی بەرزی کورد و تورکمانەکان بووە، چونکە لەم شارەدا هەموو مافەکانیان پێ شێل دەکراو بێ بەش بوون و دووچاری زولم و ستەم و ئەشکەنجە ببوون، خۆ ئەدیب و نووسەر و رۆژنامەنووسان لەجیاتی ئەوەی رێزیان لێ بگیرێت و بواری وای بۆ دەستەبەر بکرێت و رۆژنامەو گۆڤارێکی تورکمانی هەبێت کە گوزارشت لە نەتەوەکەی بکات، سەرکوتی بیرو هزر و هەستی دەکرا.

ئەمڕۆ هەموو لایەك ئازادەو نامانەوێت زیاتر درێژە بە بابەتەکەمان بدەین لە کۆتایی دا دەڵێین:

(بارش) و ئازادکردنی کەرکوك لە هەمووان پیرۆزبێت.

**(بارش) و ئازادکردنی کەرکوك لە هەمووان پیرۆزبێت.**

# پانۆرامای مێژووی ڕۆژنامەوانیی تورکمانی و بەسەرکردنەوەی پتری (قارداشلق و یورد)



تەحسین شەعبان
((شێخزادە))

پاش تێپەر بوونی (۹۳) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی تورکمانی (حوادث) لە ۲٤ی شوباتی ساڵی ۱۹۱۱، لە(کەرکووک)ی شاری برایەتی و یەکێتی گەلانی عێراق، کوردو تورکمان و عەرەب و ئاشوری.. شاری زێڕی ڕەش و گڕی هەمیشەی بابەگوڕگوڕی نەمر، بۆ ئەوەی تێشکێك بخەینە سەر مێژووی ڕۆژنامەوانیی تورکمانی و ئەو هەوارە مێژووییە دیار و درێژەی ڕۆژنامەوانیی تورکمانی و ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئەو پانۆرامایە پێك دەهێنن.

أ- سەردەمی عوسمانی لە ۱۸٦۹تا۱۹۱۸، ئەو ماوەیە سەرەتای بزووتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی تورکمانی بوو، تیدا کۆمەڵێك ڕۆژنامە دەرچوون کە زۆربەیان بەزمانی تورکمانی و عەرەبی بوون، لە تەك ئەمانەشدا بە عەرەبی کوردی و فەڕەنسایی و زمانی دیکەش ڕۆژنامە دەردەچوو.

ب- زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی کە لەوماوەیەدا لە کەرکووك دەرچوون بەزمانی تورکمانی بوون.

ج- ڕۆژنامەی(زەوراء) کە لە بەغدا لە ١٥ی حوزەیرانی ۱۸٦۹ دەرچوو، ئەویش بە زمانی تورکمانی و عەرەبی بووە و لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی عێراقدا بەیەکەمین ڕۆژنامەی عێراقی دادەنرێ کە لە عێراقدا دەرچووبێت و پاشان زۆر ڕۆژنامەی دیکەی بەدواداهاتن، وەك ڕۆژنامەی(**بەغداد**)کە لە ٦ی ئابی ساڵی ۱۹۰۸ دەرچووە، لە ساڵێکدا(٥٠) ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە.

د- (**حوسێن فەوزی**) کە ئەو سەردەمە نوێنەری بەغدا بووە، ڕۆژنامەی(**قلیج- شیر- السیف**)ی لە ۳۱ی کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۰۹ دەرکردووە.

ه- لە ۹ی کانونی دووەمی ساڵی۱۹۱۰، ڕۆژنامەی (**یلدرم**)، و ڕۆژنامەی (**ینی مودا- مۆدەی نوێ- المواده الجدیده**) لە٤ی مایسی ساڵی ۱۹۱۱ دەرچووە. لە۱۱ی نیسانی ئەو ساڵەدا ڕۆژنامەی(**افکارعمومیه- رای گشتی**) بە کۆششی حوسێن عەونی و نەزهەت کامل دەرچووە. هەرچی (**المعارف و دومبلە**)شی بوون، لە ۱ی ئابی ۱۹۱۳ دەرچوون و هەروەها دوو گۆڤاری (**مقتبسات و مکتب**)یش دەرچوون...

ز- هەموو ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لە بەغدا و کەرکووك دەرچوونە.. لە بەسراش ڕۆژنامەی (**أني=بن**) بەزمانی عەرەبی و تورکمانی و بەچوار لاپەڕە دەرچووە. لە موسڵیش ڕۆژنامەی (نەینەوا) لە ١٥ی

تەموزی ١٩٠٥دەرچووە سەرنووسەرەکەی(**مەکتوب زادە و عومەرفەوزی**) بوون. وێڕای ئەمانە هەفتەنامەی(چنەباز)لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩١١ دەرچووە.(**ئاژانسی هەواڵەکانی عوسمانی**) یش وەك بڵاوکراوەیەك، لە ساڵی ١٩١٤ دەرچووە و چوار ساڵی بێ ناوبر نەوەستاوە.. جێی گوتنە یەکەمین دەزگای چاپەمەنی والی کەرکوك(**فەوزی پاشا**)لە ساڵی ١٨٧٩ دایمەزراندووە.

**(الحوادث)و درەوشانەوەکانی دی**

١- رۆژنامەی(الحوادث)، یەکەمین رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١١ لە کەرکوك دەرچووە و پێشەنگی رۆژنامەوانیی تورکمانییە، بەمەش بیرەوەری رۆژی رۆژنامەوانی تورکمانی رۆژی ٢٤ی شوبات دەچەسپێ و قودسی زادە زکی و ئەحمەد مەدەنی، دەبنە دوو پێشەنگی رۆژنامەوانی ئەو سەرەتا درەوشاوەیە کە تا داخستنی رۆژنامەکە لەلایەن داگیرکەرانی ئینگلیز و داگیرکردنی شاری کەرکوك ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوو.

٢= گۆڤاری (**المعارف**) لە ساڵی ١٩١٣ بەزمانی تورکومانی دەرچووە کە ئەمانە پێشەنگ بوون (**محەمەد جەواد قودسی زادە**)و(**ئەحمەد مەدەنی**). لە ساڵی ١٩١٥ گۆڤاری ((**کوکب المعارف**)) مستەفا یەعقوبی بە زمانی تورکمانی دەری کردووە.

٣- لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ هەفتانەمەی(**تجدد**) کە پێشەنگە نەمرەکان قودسی زادە و ئەحمەد مەدەنی و سەرنووسەرەکەی سەعدی ئەفندی دەریان کردووە.

**شەری یەکەمی جیهان و دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤار لە کەرکوك.**

أ- پاش کۆتایی شەری یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٨ و لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراق و چوونی عێراق بۆ ژێرباری ئینتدابی بەریتانیا بە کەرکوکیشەوە، کۆتایی ئەو هەوارو دەسپێکی هەوارێکی دیکە و سەردەمێکی زۆر ناسك و گرنگ بوو.

هەروەك عێراقی ئەمرۆ لە شەری هاوپەیمانانی ئەمەریکاو ئینگلیز و هەرەس هێنانی رژێمی (٣٥) ساڵە... لەو کاتەدا لە کەرکوك رۆژنامەی (**نجمە**) لە لایەن هەوادارانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز مل بەملی رۆژنامەی (**الحوادث**) دەردەچوو حەوت ساڵان بە سەرپەرشتی قودسی زادە و ئەحمەد مەدەنی بەردەوام بووم.

ب- لە ساڵی ١٩٢٦ لەسەر پێشنیاری(وەجدی ئەفەندی)سەرنووسەری، رۆژنامەی (**حوادث**) کرا (کەرکوك) و نزیکەی (٤٦) ساڵ بەردەوام بوو و لەژمارەی (٢٠٣٦)ی ئابی ١٩٧٣ بە یەکجاری وەستا.. رۆژنامەی کەرکوك (**الحوادث**)ی پێشوو بە تەمەنترین رۆژنامەی عێراقییە دەرچووبێ...

ج- پاش(٦٦) ژمارەی رۆژنامەی (**کەرکوك**)و لەدوای وەجدی ئەفەدی یەکەمین بەرێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەکە هیجری دەدەی شاعیری گەورەی تورکمانی کۆچ کردوو بووە سەرنووسەری.. لەدوای ئەویش عەبدولڕەحمان بەکر بووە و یەعقوبی زادە جەمال بەگیش بەرپرسی کارگێری بوو.

و- ئینگلیز(**یەعقوبی زادە جەمال بەگ**) یان گرت چونکە وتارێکی گاڵتە ئامێزی دژی هەواڵەکانی گفتوگۆ سەبارەت بە(**کێشەی موسڵ**)، بڵاوکردبۆوە.

هـ- لە ساڵی ١٩٥٩ ناوی رۆژنامەکە لە (**کەرکوك**)وەکرا بە(**گاوربارغی**) و ٣٤ ژمارەی لێ دەرچوو، هەندەی نەبرد ناوەکەیان کردەوە (**کەرکوك**)، سەرەتا بەزمانی تورکمانی بوو، پاشان بە تورکمانی و عەرەبی و لەدواییدا هەربەزمانی عەرەبی بووە و دواتر لەبەر هەندێ هۆی نادیار وەستا...

و- کتێبخانەی عەسری کە خاوەنەکەی محەمەئەمین عەسری بوو، رۆژنامەی(بەشیی بە زمانی تورکمانی و عەرەبی لە ١٩٥٨/٩/٢٣ دەر دووەو دەستەی نووسەرانی پارێزەر حەبیب هورمزی بەرپرسی بەشی عەربی بووە و عەتاتەرزی باشی پارێزەر و توێژەر سەرنوسەرو محەمەدعزەت خەتاتیش بەرپرسی کارگێری بووە و هەفتەنامەیەکی ئەدەبی بووە بە (١٦) لاپەرە...بەزمان و ناوەرۆك دەوڵەمەند بووە و ئاسۆیەکی زمانەوانی بەربلاوی لە مێژووی رۆژنامەوانیی تورکمانی داهێنا و(٣٦) ژمارەی لە ماوەی تەنیا حەوت مانگ لێ دەرچووە و لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٥٩ داخستراوە .

ز- رۆژنامەی **(افاق)** ی تورکمانی سەرنووسەرەکەی شاکر هورمزی باشی و پارێزەر حەسامەددین وپارێزەر عەتاتەرزی باشی بوون و پێنج ساڵ بەردەوام بووە و لە ٨ی مایسی ١٩٥٤ تا ژمارە(٢٠٢) لە ٢٧ی ئاداری ١٩٥٩.

دامەزراندنی یانەی برایەتی تورکمان لە بەغدا و دەرچوونی گۆڤاری**(الاخاء= قارداشلق)**

١- دوابەدوای رەزامەندی دەوڵەتی عێراق بۆ دامەزراندنی یانەی برایەتی تورکمانی= قارداشلق= لەبەغدا لە ساڵی ١٩٦٠، پاش ماوەیەك گۆڤاری مانگانەی**(قارداشلق)** بەزمانی تورکمانی و عەرەبی دەرچوو و تانزیکەی کۆتایی سەدەی نۆزدە بە چەند ساڵێك بەردەوام بوو... وێرای وەستانی هەندێ ماوەو گۆرانی سەرنووسەرەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یانە دواتر ناوی هەندێ لەو دەستانە دەنووسین.... بەڵام بۆ مێژوو دەڵێین ئەو گۆڤارە بایەخێکی تایبەتی لە ژیانی گەلی تورکمان هەبوو، لەهەمان کاتدا سەرەتای سەرهەڵدانی رۆشنبیرییەکی نوێ بوو لەژیانی گەلی تورکماندا، بەتایبەت لە ژیانی ئەدیب و رۆشنبیران و هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی نەوەی پێشەنگی یەکەم و هاوچەرخان و نەوەیەکی نوێی لە شاعیر و ئەدیب و نووسەران بە گشتی لێ دروست بوو بە وشەی راستگۆیانە و بەرهەمی شیعری نەمرو زیندووکردنەوەی مێژوو و زمان و هونەر و فۆلکلۆر و کەلەپوری ئەدەبی و نەتەوایەتی خزمەتی گەلی تورکمانیان کرد. لەماوەی دەرچوونی ئەم گۆڤارە بایەخدارە داوای زۆری لەسەر بوو، بەراستی بووە هۆی ژیانەوەی((**رۆشنبیری تورکمانی**))... لە حەفتاکاندا لاپەرەکانی کۆتایی، بابەتی یە پیتی لاتینی تورکی بلاو دەکردەوە، بەڵام زۆری نەخایاند ئەویش لەبەر هۆی سیاسی و مەترسی رژێم.. ئەوە بوو لە بۆنەیەکی دیکەدا گۆڤارەکە داخرا و لێ نەگەران بابەت بە((**توركی**)) بلاوبکرێتەوە. ئەوەش کاردانەوەیەکی لێ کەوتەوە و بووە نیمچە راپەرینێکی جەماوەری لە کەرکووك و خەڵکی زۆر گیران و هونەرمەندی ناسراو و ئەکتەری شەهید **(قمیل عەباس)** حسین عەلی توز لە کەرکووك بە کارەبا خنکێنران .

گۆڤاری **(الاخاء- قارداشلق)** دوای ئەو هەموو سەراوودەراوو هێنان و بردنەی بەسەریداهات وتا داخستنی مەیدانێکی بەربلاوی قەڵەمە هۆشیارەکان و چرۆ تازەکان بوو و کەمتەرخەمی لەهەق کەس نەکردوە کە شایەنی بێت... کۆششی ئەوانەی بە بابەتی بەرز یارمەتیان داوە بەرزنرخاندووە و هانی داون ودنەی داون کە سەروسۆراخی کاری رۆژنامەوانیی بکەن، هەرچەندە کۆسپ و تەگەرەش هاتبێتەرێیان. پتر لە سی ساڵان بە بەرپرسیاریەتی خۆی بابەتیانە و بە دڵسۆزی و رەسەنایەتی راپەرمووە و خۆێنەرانی بەرەو خێر بردووە نەك شەر.. بۆ سەرفرازی نەك مل کەچی و بۆ پاکی نەك پیسی. بۆ

ئەوەی ئەوانەی لەو کاروانە درێژەدا ماندووبوونەو مافیان نە خورێ ئەوا ئەو پێشرەوانە بەسەردەکەینەوە کە بەشانازییەوە بەرپرسیاریەتیە لە ئەستۆ دابووە. لە پێشەنگەکان: عەمیدی خانەنیشین شەهید عەبدولڵا عەبدولڕەحمان و دکتۆر مەردان علی و ئەندازیار جەمال دەمیرچی و نەجمەدین عزەدین و جەلال نەقیب و عەبدولقادر سلیمان و ئیمان سەدیق وە سەفمی و حەبیب هورمزی و ئەندازیار عەدنان بابەتلی، بوون. ئەوانەی دوای ئەمانەش عەبدولقادرسلیمان و ئیحسان وەسفی و شەهید ڕەزا دەمرچی و تەحسین بەهجەت و حەبیب هورمزی کە هەمیشە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارە کە بووە.

لەساڵی حەفدەهەمیشدا ئەمانە یەك لەدوای یەکدا بوونە سەرنووسەر: جەلال تەها عەبدولقادر و سکرتێری نووسین د. فازل مەهدی و دەستەی نووسەران حیلمی عوسمان و محەمەد و خەلیل ئەحمەد حەشی و عەدنان ئەحمەد سەعدوللا و تەحسین بەهجەت بوون.

هەرچی دوای هەشتاکان بوو بەتایبەتیش لە ١٩٨٢/٣/١٨ کارگێرانی یانەی(الاخاء- قارداشلق) و سەرۆکایەتی نووسین ژمارەیەك خەڵکی سەربە ڕژێم بوون کە ئەمانەن: د.سوبحی کەمال حەسون و نازم بەهجەت عەبدوللا و سەفوەت جەمیل وەنداوی و فەوزی نوری عەلی و مەردان بەیاتی و محەمەد سالح کازم بوون کە پاش گرتن و لە سێدارەدانی سەرکردە تورکمانەکانی وەك: زەعیم عەبدوللا عەبدولڕەحمان و نەجدەت قوچاق و د. ڕەزا دەمرچی و عادل شەریف ((ڕەحمەتی خوایان لێبێت)) لە ١٦ ئابی ١٩٨٠، یانەو گۆڤارەکەیان بەرێوە دەبرد. بۆ یە دەستەی نوێ جۆرو شێوازی گۆڤارەکەیان گۆڕی و ناسنامە نەتەوەیی و تێکۆشانەکە گۆڕی و بووە گۆڤارێکی ئاسایی.. وێڕای گۆڕانی کارگێڕی، بەلام هەربە لاوازی و ئاست نزمی مایەوە تالە ئاکامدا وەستا. هەرچی قەلەمە پاك و نەتەوەییە بەرزەکانی ئەو سی ساڵە ئەوا بەپێی شێوازو جۆری نووسینەکان و بیرو ڕایان لێیان دەدوێن:

١- ئەو نووسەرە دیارانەی بۆ گۆڤارەکەیان نووسیووە بەزمانی عەرەبی: د. سەفاء خەلوسی- د. مستەفا جەواد- پارێزەر حەسەن عیزەت- سەید عەزیزسامی- سەیدشاکرسابیرزابت- نەسرەت مەردان= حەبیب هورمز- هاشم قاسم سالحی- وسام هورمزشاعیر- نووسەران وەحیدەدین بەهادین و سەلاحەدین هورمزی و دەیان و سەدان نووسەری عەرەب و تورکمان..

٢= بەلام شاعیرە ناودارەکانی تورکمان کە بەبەردەوامی بەرهەمە شیعرەکانیان بلاودەکردەوە ئەمانەبوون: محەمە د عیزەت خەتات، فەلەك ئۆغلۆ تلەعفەری، نەسرین هەولێری، نەجم ئەمین، عەلی مەعروف ئۆغلۆ، جەلال ڕەزا ئەفەندی، ناسع بزرگان، سەلاح نەوەی، ئەکرەم سابیر کەرکوکی، شەوکەت کەمال، ئەحمەد قوشچو ئۆغلو، ئەحمەدئەوترەقچی ئۆغلۆ، جەلال ئۆرخان، حوسێن حەسەن کەوثەر، عەبدولقادر دەباغ ئۆغلۆ، فاروق فائق کوپرلو، هیدایەت کەمال بەیاتی، حەسەن گورەم، مستەفاگوك قایا، ئەحمەدکەرکووکی و دەیان کەس لەنەوەی نوێ کەئەمرۆ شاعیری هاوچەرخی تورکمانن و کتێبی شیعری و بەرهەمی جوانیان هەیە.... ئەمە وێرای پێشەنگانی بەرایی...

٣- هەرچی ئەو نووسەرانەی تورکمان ناویان کردو وتارەکانیان بە درێژایی ئەو سی ساڵە نیمچە بەردەوام بوو لە گۆڤارەکەدا هەر دیارییەکانیان ئەمانەن:

ڕەژی ئۆغلۆ عەبدولحەکیم مستەفا، ئەملیلا، ئایدن کەرکوك، ڕەسول ڕەزا،جەلال ڕەزا ئەفەندی ، دکتۆر مەردان عەلی،محەمەد خورشید داقوقلی، مەولود تەهاقایەچی، حەسەن عزەت، ئەنوەرتاهیر، عەزیزسامی، سانجاق، فوادحەمدی، عەلی مەعروف ئۆغلۆ، عەسکەر مەحمود........هتد

٤- لە گۆشە عەرەبییە بەردەوامەکانی گۆڤارەکە، دیدارێك لەگەڵ هونەرمەندانی تورکمان بوو لە ئامادەکردنی سابیرکەرکوکلیی شاعیر ، کە لەهەر ژمارەیەکدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هونەرمەندێکی تورکمان سازدەکرد. هەروەها خولێخۆشبوو (**جەوودەت ئاوچی**)یش بە بەردوامی چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەرزشەوانە تورکمانەکان دەکرد، وێڕای بڵاوکردنەوەی وتاری کەلەپووری نەتەوایەتی و فۆلکلۆری.. هەرچی (**مەولود تەها قایاچی**) بوو بەوتارو لێکۆڵینەوە جوانەکانی لە بارەی فۆلکلۆر و چیرۆك و کەلەپوری نەتەوایەتی تورکمان، بەشدارییەکی گەورەی لە پاراستن وتۆمارکردنی ئەولایەنە بایەخدارانە هەبوو... عەسکەر مەحمودی خانەنشینیش جێ پەنجەی لەبواری مێژووی سەربازی لە دەرخستنی لایەنی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ چەندین ساڵ دیاربوو. ئەم نووسەرانەش بابەتی تایبەت بە کەلەپوور و هونەرو ئەدەب و رۆشنبیریان دەنووسی، سەعدی تۆفیق کۆپرلو، حوسێن عەلی داقوقی، هیدایەت کەمال بەیاتلی، فریال مودەرس، عیسمەت ئۆزجان، ئەحمەدئوترەقچی ئۆغلۆ، جەبارقایاجان، عەبدولقادر سلیمان، ئەرشەد هورمزی، کەمال مستەفاداقوقلی، موحسین بەهجەت شاکر، عەبدولحسین قەزانچی، نەسرەت مەردان و قاسم ساری کە هییەو دەیانی دیکەش بە گوڕوتین و دڵسۆزییەوە دەیان نووسی، بێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشتی گۆڤارەکە بکەن... نووسینی خۆی...هەستی نیشتمانی و نەتەوەییە نەك پارەوپوول و پاداشت....

٥- ئەو شاعیرە تورکمانانەی بە عەرەبی شیعریان دەنووسی و بە هەستێکی تورکمانی نیشتمانی دەیان نووسی هەرچەندە کەمیش بوون، بەڵام کۆمەڵێکی دیاریان هەن و بەشانازییەوە ناوی بژاردەکانیان دەنووسین و بە شانازی و راستگۆیانەوە ناویان دەبەین، ئەوەش ناوەکانیان. خدرعەباس ساڵحی، قەحتان هورمزی، وسام هورمزی، شوکرنوری، عەبدولواحید، نەسرەت مەردان و چەندانی دیکە.....

٦- گۆشە بەردەوامەکانی گۆڤاری(**الاخاء - قارداشلق**) تەنانەت دوای خستنەسەری تورکیش وەك گوتمان ئەوگۆشانەبوون: خلق شعرلردن امورنەکلر گنج قلملر- فوللکور- اوگرنجی کوشەسی- الریاضة- قادیت کوشەسی- لقاء مع الفنانیین الترکمان- یرالی خبرلر- یارشمە-**-ARDESL iCiN DOSTLARI** - الادب فی شهر- رکن الفنون- اخبار نادی الاخاء- تاریخ یاپراقلر نوت- کلمە العدد شعلرو **Kadin DunyasI GENCLi GiN SESi KULTURVE DiL**.....چەندانی دیکە

**بوارەکانی دیکە**

لەساڵی ١٩٧٠ کاتێ حکومەتی ناوەندی لە (٢٤ی ئۆجاق)دا دانی بەمافە رۆشنبیرییەکانی تورکمان نا کە جگە لە راگەیاندن و رۆشنبیری تورکمانی ئەوەی دیکە زۆری نەخایەند. ئەوە بوو رۆژنامەی(یورد- نیشتمان- الوطن) دەرچوو کە تا ئەمرۆ بەردەوامە. نازانین دوای شەڕی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و رووخانی رژێمی سەدام ئەوشەڕە چ ئاکامی دەبێت. بەڵام ئەو رۆژنامەیەش جێپەنجەی بەسەر نەخشەی رۆشنبیری تورکمانی دیار بوو بە تایبەتیش دوابەدوای ساڵی ١٩٧٠، شاعیر و نووسەر و ئەدیبی بە هۆیەوە پێگەیشتن و دەرکەوتن کە لە بنچینەدا لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون، بەڵام هەریەکەو بیروباوەڕو بۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو و هەر ئەوانە "**ئەندامی یەکێتی نووسەرانی تورکمان**" بوون و هەندێکیان لەتەك رۆژنامەی ((**یورد**)) گۆڤاری(**دەنگی یەکێتی- صوتالاتحاد- بیرلك سەسی**)) یان وەرکرد بەڵام پاش چەند ژمارەیەك کە بە تورکمانی و عەرەبی دەردەچوو، لە ئاکامی پاشە کشەی حکومەت لە بڕیارەکە دوای ساڵێك و نیو وەستا. دیارترین سەرنووسەرەکان ئەمانەن:

عبدولەتیف بەندەرئۆغلۆ- عادل فواد بوون، دەستەی نووسەرانیشی وەحیدەدین بەهائەدین وتاریق عەبدولباقی و هادی مەردان و ئەکبەر عەلی شەوکەت بوون. گۆڤارەکە بابەتی بەزمانی عەرەبیش

بلاوەدەکردەوە: سەروتار و دیدار، گفتۆگۆ لەگەڵ شاعیران- لێکۆڵینەو لاپەرەی یاداشتەکان. چیرۆکی ژمارە- هونەرەکان- را. هەرچی بابەتی تورکمانەکانیش بەزۆری ئەمانە بوون: أرشقراماڵار، شعروأزادلق، تورکمن ادبیاتند برودر سیوگیسی- ادب- صنعت، دیارترین ئەوانەی تێیاندا دەنووسی: عادل فوئاد، عەبدولەتیف بەندە ئۆغلۆ- عەلی تەلەعفەری- عەدنان حەقی شەهاب- ئیسماعیل ئیبراهیم- عەدنان سلێمان- حەمزە حەمامچی ئوغلۆ- سەدیق شاکر ئەربیللی- محەمەد دقەساب ئۆغلۆ- رەمزی چاووشین- موحسین کەوسەرتوزلی- تالیب سەمین داقوقلو- خەیروڵلاکازم- هاشم رەشاد ئاق سو- هاشم ساڵحی- چەندین نووسەری تورکمانی دیکەی ئەندامی یەکێتی نووسەرانی تورکمان بوون. هەرچی هەفتەنامەی(یورد- وطن- نیشتمان) بوو دوای نۆوە دەکان چوار لاپەرە بوو و ژمارەکانی گەیشتە پتر لە ٢٥٠٠ ژمارە. ساڵانێکی درێژ عەبدولەتیف ئۆغلۆ سەرنووسەری بوو تاڵە سەرەتای ٢٠٠١ ناچاریان کرد خانەنشین بێت. شاعیری گەورەی تورکمانی عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆ کۆمەڵێکی زۆر کتێبی شیعری و مێژووی تورکمانی عێراق هەیەو بەچاودێری و سەرپەرشتی ئەو سەدان کتێبی تورکمانی بەنرخی نووسەرو شاعیرانی تورکمانی لە چیرۆك و رۆمان و مێژوو و فۆلکلۆری تورکمانی بلاوکرایەوە، لەو کاتەی کە بەرێوەبەری رۆشنبیری تورکمانی بوو هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٠ تا هەڵوەشاندنەوەی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە.

عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆ کۆمەڵێکی زۆر شاعیرو نووسەران و رۆشنبیرانی تورکمان بەدرێژایی ئەو ساڵانە دەوریان دابوو و((**گەنجینە**)) یەکی بەرزیان کتێبی بەنرخ و بەیاخدار بۆ گەلی تورکمان دەست کەوت بووە وەك جۆگەلەیەکی رۆشنبیری لە رۆژگارێکی سەخت و تاریکی سەپێنراوی رژێم بۆ سەر رۆشنبیری و مێژوو و کەلەپوری گەلی تورکمان. گۆشەو بابەتەکانی رۆژنامەگەری- بەزۆری- شیعرو بەتایبەتی شاعیرانی لاو ئەویش وەك چاودێری کردن و بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان- هەروەها سەروتاری سیاسی- هەواڵی جیهانی-(**أسکی کتابلادوەن= لەکتێبەکۆنەکان**)- خوریات قاوغاسی أسکی فوللکور مریدان- لە فۆلکلۆری دێرینمان- پەندو چیرۆك- هەواڵەکانی هونەری لە کەرکوك و شیعر... و بابەتی دیکە. لە رۆژنامەکەدا نووسەرانی دیاری تورکمان لەو ٢٥٠٠ ژمارەیەدا نووسیوویانە، لە هەندێ کاتیشدا لە بەر هۆی سیاسی وەستێنبراوە، لەمانە: سەلاح نەورس- د. عەبدولەتیف بەندەرئۆغلۆ- قاسم ساری کەهیە- ئەکرەم سابیر کەرکوکی- بەهجەت مەردان- سابیر دەمرچی- حەسەن عزت چارداغلی- محەمەد قەساب ئۆغلۆ= فاروق فائق کەپرلو- هاشم قاسم ساڵحی- فوئاد حەمدی-خیرڵلەکازم- عەدنان ساری کەهیە= رەشاد هاشم ئاق سو- فوئادچریسجی ئۆغلۆ- سەدان شاعیری لاو و گەورە و رۆشنبیری تورکمان... ئەو رۆژنامەیەش لەتەك گۆڤاری(**الاخاء =قارداشلق**) جێ بایەخی رۆشنبیرانی تورکمان بووەو بە درێژایی ساڵانی دەرچوونی لەو سەروبەندە سیاسییە دژوارانەی مێژووی تورکمانی عێراق.....

**سەرلەنوێ {الاخاء - قارداشلق - برایەتی}**

دوابەدای وەستانی گۆڤارەکە بەیەکجاری لە بەغدادو لەوێش و ئازار و دژایەتییە ئاشکرایەی رژێمی سەدام بۆ تورکمانەکان و کپ کردنی دەنگیان کە لە لایەکی عێراق بێدەنگ کرابوو... دوابەدوای راپەرینی شکۆداری ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق و تورکیا و لە جیاتی ئەو گۆڤارەی پەکی خراو داخرا، گۆڤاری(**الاخاء = قارداشلق**) لە تورکیا مانگانە یان وەرزانە بە شێوازێکی دیکە بەسێ زمانی عەرەبی و تورکی لاتینی نوێ و بەئینگلیزی دەرچووە. لەو چەند ژمارە کەمەی کە بەدەستمان گەیشتووە ناوەرۆکی ژمارەکان کە بابەتی سیاسی و رۆشنبیری گشتی بوون

بە شێوازێکی نوێوە و دەرخستنی گەمارۆی زۆردارانە سەر گەلی تورکمان.

هەروەها دەرخستنی لایەنە مرۆڤایەتییەکان و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی داستانی شەهید بوون و قوربانیدان کە رۆڵەکانی گەلی تورکمان لەو سی وپێنج ساڵەدا لەلایەن حکومەتی ناوەندی سەدامی زۆردارەوە دووچاری هاتبوون هەرچی لە کوردستانی عێراق و بەتایبەتی لە هەولێر لە ژێر چەتری دیموکراسیەت و برایەتی و ئازادی کاری سیاسی و رۆشنبیری راگەیاندن و خەباتی هاوبەشدا کۆمەڵێکی زۆر رۆژنامەی سیاسی و رۆشنبیری تورکمانی دەرچوون، ئەگەرچی رەنگە لە دەرەوەی ئەوپانۆرامایەدا بێت، بەڵام خراپ نییە وەك واقعی مێژوویی ناویان بێنین و لەکاروانی رۆشنبیری تورکمانیدان و لە لایەن ئەو حزب و بزووتنەوەو کۆمەڵە سیاسییانەوە دەرچوونەو زمانحاڵیان بووە، لێرە باسی پوختی و ناوەرۆك و دەرکردن و بیروبۆچوونیان ناکەین، بەڵکو وەك بوون و دەرچوونیان لە کوردستانی عێراق و راگەیاندنی مەیدانە کە ناویان دەهێنین: الاخاء - قارداشلق- قردالشلق یولوا- الحقیقە- گۆڤاری دوغرو- گۆڤاری بارش بەهەرسێ زمان- بابەگوڕگوڕ- دوغوش باغمسیز-الترکمان- تورکمن ایلی- گوگبوری- ینی قوشاق= و چەندانی دیکە و رەنگە هەندێکیان لەبەر هۆی تایبەتی یان دارایی و شتی لەوبابەتە وەستابن.. بەگشتی لەو پانۆرامایەدا کە گۆڤاری (**الاخاء - قارداشلق**)- رۆژنامەی (**یورد- لوطن**)ی گرتەخۆ دەبێ دوا قسەی خۆمان سەبارەت بەو لایەنەو... لەهەق هەموو ئەوانەو رۆژنامەوانی نەتەوایەتی و نیشتمانیمان بڵێین کەوا: رۆژنامەوانیی ئێمەی تورکمان تاهەنووکەش سەکۆیەکی راستگۆو تیرۆژێکی جوانە بۆ خزمەت کردنی نەوەو رۆڵەکانی گەلی تورکمان، بەو رۆژنامەو گۆڤار و تەنانەت ئەو هەموو سەدان کتێبە تورکمانییەی (**گەرەنگە رۆژێ لە رۆژان لێیان بدوێین**).

بەڵام کاروانی رۆژنامەوانیی و راگەیاندن و روناکبیری تورکمانی... وێرای خەم و پێشهاتەکان هەر((**نەتەوەیی و نیشتیمانییە**)) چ ئەدەب یان شیعر و کەلەپورو فۆلکلۆرو چیرۆك بێت. تیرۆژێکی جوان بۆ ئەو نەمرانەی کە چوونەوە بەر دلۆڤانی خودا و رەحمەتی خودایان لێبێت و ئەوانەی هێشتا و وێرای هەمووشتێ هەر کار لە ئەدەب و هونەرو رۆشنبیری و شیعر و تەنانەت سیاسەتیش دەکەن.. خوای گەورە تەمەنیان درێژبکات.... بەڵێ هەموو ئەو پێشەنگانەی کۆن و نوێ خزمەتی رۆڵەکانی گەلی تورکمانی خۆیان و عێراقیان بە جوانی و بەرزی و لە خۆبوردوویی و بە بەدڵسۆزی کرد ماوەیەك بەو (وشە راستگۆ)یانەو بیروبۆچوونە نەتەوەیی و نیشتیمانییە جوانە و بەبێ دەنگی و سەربەرزی....

بەڵێ رۆژنامەوانیی تورکمانی ئامانج و ئامانجە نەتەوەییەکانی بە راستگۆیی و هزری روون بە هەموو لایەنەکانییەوە لەواقعی ئێمەدا لە عێراقدا هەڵگرتبوو بە باکورو ناوەڕاست و باشوورەوە.. لە هەر کوێیەك هەبین... روانینەکانمان وەك گەلانی تورکمان و کورد و عەرەب و ئەوانی دیکە روانینێکی رەوا بوو کە بەردەوام لە هەولی وەدی هێنان داین لە عێراقێکی(دیموکراتی) کە بەبێ جیاوازی دایکی هەمووان ئامێزبێت بۆ هەموو رۆڵەکان.

دوای گەشتێکی بەردەوامی شەکەتی هەزاران سڵاوی رێزو نوازش بۆ ئەمانەو هەزارای رەحمەت بۆگیانی ئەوانەی ماڵئاواییان لێ کردووین..... هەزار سڵاو و رێز و سوپاس کە بەردەوام لە بەخشش دان.. لەوانەش رۆڵەکانی گەلی تورکمان.بۆ هەموو رۆژنامەکانمان و هەموو ئەو قەڵەم بەدەست و وشە راستگۆیانە بەبێ جیاوازی.... هەزار.

# لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەنووسیی تورکمانی لە کەرکووك

# ئەحمەد مەدەنی قودسی زادە

## رابەری رۆژنامەنووسیی تورکمانی*

ئیسماعیل عەلی

مێژووی رۆژنامەنوسیی تورکمانی خۆی لە دەروروبەری سەدەیەك دەدات و بە چەندەها قۆناغدا تێپەڕبووە، بەهۆی رژێمە دیکتاتورە یەك لەدوای یەکەکانیشەوە، توشی چەندەها نەهامەتی و گیروگرفتو داخستنی رۆژنامەو گۆڤارەکانی هاتووە، سەرەرای ئەمانەش، بەڵام توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ و لەکاروانی خۆیدا بەردەوام بێت. ئەوەبوو لە ٢٤شوباتی ساڵی١٩١١دا ئەحمەدمەدەنی قودسی زادە توانی یەکەم رۆژنامەی تورکمانی بە ناوی(**حوادث**) لەشاری کەرکوکدا دەربکات. ئەم کەڵە رۆژنامەنووسە تا ساڵی١٩١٨ توانی بۆماوەی حەوت ساڵ ئەم رۆژنامەیە بە شێوەیەکی فۆتۆکۆپی دەربکات، بەڵام دواتر لەگەڵ داگیرکردنی کەرکوك لەلایەن ئینگلیزەکانەوە رۆژنامەکە داخرا.

### کورتەیەك لەژیاننامەی مەدەنی

ئەحمەد مەدەنی قودسی زادەی رۆژنامەنووس و شاعیرو رۆماننووس، شوێنێکی دیارو بەرچاوی هەیە لە دڵی تورکمانەکاندا و بەرابەری رۆژنامەنووسیی تورکمانی و بە یەکێك لە پێشرەوانی رۆژنامەنووسانی تورکومانی دەژمێردێت، دەورێکی کاریگەرو مێژوویەکی پڕ لەسەروەری لەم بوارەدا تۆمار کردووە، ئەو بەبیرو بۆچوونەکانی خۆیەوە توانی سەرەتایەك بۆ ئەم کاروانە دەست پێ بکات و پاشانیش درێژەی پێ بدات، مەدەنی ئەم خەسڵەتە ئەدەبیەو ئەم بەهرە نووسینەی لە باوکیەوە بۆ بەجێ مابوو. بەڵام باپیرسین ئەحمەد مەدەنی کێیە؟ کوری عبدوڵلا قودسی زادەیە، باوکی لە ساڵی(١٢٧٦)ی کۆچیدا لە خێزانێکی رەسەن لەشاری کەرکوك لەدایکبووەو لە حوجرەی مەلایانی ئەو شارەدا خوێندویەتی، بەڵام نازانرێ چۆتە قوتابخانە یا نا؟ ئەوەش روون نەبۆتەوە کە لەو وەختەدا قوتابخانەی رەسمی لەو شارەدا هەبووە یان نا؟ بەهەرحاڵ، ئەو توانیویەتی سوود لە خوێندنی خۆی وەربگرێت و لەزانستە بنچینەییەکاندا قووڵببێتەوە، ئەمەش لەئاکامی خۆ ماندوو کردن و بەدوا گەڕاندا ئەو زانستانە فێر بووە، توانیویەتی لە کۆڕی مەجلیسی زانان ئامادەبێت و گفتوگۆ بکات، عەبدوللاقودسی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی، پێغەمبەرمان، محەمەد(د٠خ)ی لەبەرکردووە، لەکاروباری ئاینی و تەفسیری قورئانیشدا شارەزاییەکی زۆری هەبووە، خۆشنووسێکی بەتوانای سەردەمی خۆشی بووە٠ مامۆستا(ئەسعەد ئەلنائب) دەربارەی ئەو نووسەرە دەڵێ: عەبدوڵلا پیاوێکی خواناس و بەویقار بوو، پەیوەندییەکی دۆستانەی هاورێییەتی لەگەڵ باوکمدا(سەعید ئەلنائب) پتەو بووە، هەرجارەی بهاتایە ماڵمان چەند دێرێکی بەدەستنووسی خۆی لەکتێبی(کەرکوك نوکتە لار) باسی عەبدوڵلا قودسی دەکات کە چەندەها گاڵتەجاڕی لەگەڵ هاورێکانیدا کردووە. دنیای لە خۆی حەرام کردبوو، کە وەك فەرمانبەرێك لەفەرمانگەی نفوسی کەرکوك کاری دەکرد زۆر قەناعەتی بەکارەکەی خۆی هەبوو، تامردنیش لە ساڵی(١٣٢٦)ی کۆچیدا، هەر لەو فەرمانگەیەدا مایەوە٠ لەبەرهەمە چاپکراوەکانیشی (**وسیلە حسنی**)بوو، کە کورەکەی ئەحمەد مەدەنی بۆی چاپکردبوو، هەروەها چەند پارچە شیعرێکی لەژێر ناوی(**ئامۆژگاری- پند پدری باوك**)، کە ئەحمەدی کوری لە ساڵی١٣٢٧ی کۆچی لە رۆژنامەی(**حوادث**) بلاوکردۆتەوە.

عەبدولڵاقودسی زادە لە ئامۆژگاریەکانیدا داوای ئەوە دەکات پێویستە موسڵمان پابەندی ڕەوشتی چاك بێت وبەپێی ڕێساکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کار بکەن و لە گوناه کردن خۆیان بپارێزن،نیازی خەراپ، لەخراپە و پەشیمانی زیاتر هیچ سودێك ناگەیەنێت، دەبێ ئاگاداری باری ئابوری ودارایی خۆمان ببین بەپێی پێویستیمان پارەوپول سەرف بکەین. (قودسی)گرینگی وبایەخێکی زۆری بەموسڵمانە چاکەکان داوەو هەموو وزەو تواناو خزمەتێکی پێشکەش کردون، ئازادی وسەخاوەت وهێمنی ولێبوردەیی لەکاتی دەسەڵاتداری دا، ئەوەتا ودەڵێ:

## نزیك بوونەوە لە پیاو چاکەکان

**کوڕەکەم۰۰!**
**لە پیاو چاکان نزیك بەرەوە**
**ڕێزیان لێ بگرە، خۆشیان دەوێیت**
**دڵیان مەڕەنجێنە بە کاروکردەوەی خراپ**
**دڵ شووشەیە گەر شکا یەکتری ناگرێتەوە**
**قوڕ بەسەری ئەوکەسانەی خراپە دەکەن**
**ژیانە شیرینەکەی خۆیان تاڵ دەکەن**
**خانوویان بەسەر خۆیان وێران دەکەن**
**کوڕەکەم۰۰!**
**باڵت بەسەر لاوازو لێقەوماواندا بکێشە**
**ڕێزیان بگرە**
**بەفریات دەکەون لەکاتی تەنگانەدا**
**کاری بە ئاکامی کۆتای دەناسرێتەوە**
**توندوتیژ مەبە لەگەڵ برادەرەکانت**
**لە پیاوی زانای بەدڕەوشت دووركەوە**
**قسەکانیان تەنها لە خۆ هەڵکێشانی ئاژەڵ دەچێت**
**تۆ لەو جۆرە مرۆڤانە مەبە**

عەبدوڵڵا قودسی زادە پیاوێکی ڕووخۆش و قسەزان بووە، یادگاریەکی پڕ لە میهرو خێرەمەندو ڕوویەکی پیاوچاکانی لێ بەدی دەکرا۰ دڵی گەورەبوو، زۆرشتی لە دڵی خۆی دەشاردەوە، تەنها شتە باشەکانی نیشان دەدا، قودسی، تا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەنیازێکی خاوێنەوە ئەنجامی دەدات، ئەو زۆر جاران دەیگووت : دەبێ مرۆڤ دڵی بێ گەردو ساف بێت، پشت بە خودا ببەستێ، لە بەر ڕوناهی فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەر کە دەفەرموێ **(ژیریی بکەو پشت بە خوا ببەستە)**۰ جگە لە وەی عەبدوڵڵا زادە شاعیرێکی چاکساز بووە، خۆشنووسێکی دەست ڕەنگینیش بووە، بەدیارترین خۆشنووسەکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت، قورئانی پیرۆزی بە دەستنوسی خۆی بەشێوەیەکی هونەرییانە نووسیبۆوە، بەرهەمەکانی ئەو کەڵە پیاوە تا ئەمڕۆکەش لەلای خزم و دۆستەکانی هەڵگیراون وپارێزراون. ئەحمەد مەدەنی قودسی زادە لەساڵی(١٨٩٠)م لەشاری کەرکوك لەگەڕەکی(مێلی) چاوی بەدنیا هەڵێناوە، هەر لەمنداڵیەوە ئاوێتەی خوێندنەوەی شیعر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی لەبنەماڵەیێکی ئایینپەروەر بووە، پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وازی لە قوتابخانە هێناوەو لە تەمەنی بیست ساڵیدا وەك فەرمانبەر دامەزراوە، هەر لە تەمەنی لاویەتیدا کاریگەری باوکی بەسەرەوە بووە، لەئامۆژگاری و شیعرە نەتەوەییەکان پابەندبووە بە خواستەکانی گەلی تورکمان کە لەوساتەدا بەچەند قۆناخێکی دژواری مێژوویدا تێپەڕ بووە، لە ئەنجامی ئەو زۆرداری و چەوسانەوەی کە لەلایەن کاربەدەستانی ناوچەکەوە ڕووبە ڕووی گەلەکەی بۆتەوە، بۆیە لە شیعرەکانییدا هەمیشە داوای عەدالەتی کردووەو لەرووی زۆرداری و چەوساندنەوەی گەلەکەی ڕاوەستاوەو ململانێی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە میللەت لە مافە ڕەواکان بێ بەش دەکەن و سامانی نیشتیمانیان لێ زەوت کردوون. جگە لەوەش مەدەنی لە شیعرەکانیدا داوای لە گەلەکەی دەکات کەفێرە عیلم وزانست بن و ئەو عیلمە وەك چەکێك دژی داگیرکەران بەکار بهێنن وببنە خاوەنی ڕێبازو هۆش و بڕوای خۆیان۰ ئەحمەد مەدەنی لەشاری کەرکوك، دۆستی نزیکی ئەدیب ونووسەرانی کوردو تورکمان بوو، لەوانەش(محەمەد ڕاسیخ، هجری دەدە، ڕەفیق حیلمی، موحێدین قابل

ئەفەنـدی، زەینەلعابـدین ئەفەنـدی ایچـین، لـەبیب، خەیرەدین ئەلفارقی، سـەعید ئـەلنائب)) چـەندەهای دیکە··

مەدەنی، تەنها شاعیرو رۆژنامەنووسێکی لێهـاتوو نەبوو، بەڵکو مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕی نیشـتیمان پەروەرانـەی نەتەوەییانـە بـوو، زۆرجـاران لەسـەرئەو هەستە پاکەیەوە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی راگیراون کە ئەو کاری تێدا دەکرد، کەرکوکی بەلاوە لانەی باوك و بـاپیرانی بـوو، بۆیـە نەیـدەتوانی لـە کـەرکوك و رۆژنامەگــەری دابڕێــت، بــەڵکو هەمیشــە بــۆ خۆشەویسـتی کـەرکوك شـیعرو رۆمـانی دەنووسـی، هەمیشە ئەحمەد مەدەنی،شانازی بەوەوە دەکـرد کـە بەهۆی رۆژنامەگەری دەتوانێـت خزمـەتی گەلەکـەی بکات، بۆیە هەرچـی لـە دەسـەڵاتی دابـوو لـەبواری رۆژنامەنووسییدا بـۆ خزمـەتی کـەلتورو کەلـەپوری نەتەوەکە یەوە دەبخستەگەر، ئەوەی ئەحمەد مەدەنی لە زۆرشاعیرو نووسەرانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە توانی یەکەم رۆژنامە تورکمانی (حوادث) لەمێـژووی خۆیـدا بـەجێ بهێڵێـت وتورکمانـەکان هەتاهەتایـە شانازی بەوکەڵـە پیـاوەوە بکـەن، پیاوێـك کـەتوانی مێژوویەك بۆ بواری رۆژنامەنووسیی تورکمانی تۆمار بکات و هەمیشە وەك ئەستێرەیەکی پرشـنگدار لـە ئاسمانی رۆشنبیریی تورکمانیدا بەشـانازییەوە پەنجـەی بۆ درێژ بکرێت·

بۆیە ئەحمەد مەدەنی قودسی زادە، دەستی لەبواری رۆژنامەگەری هەڵگرت و ماڵئاوایی لێ کردین، چووە ریـزی نـەمرانی وەکـو(میقدادمەدحـەت بـەدرخان وپیرەمێردو حوزنی و گیو موکریانی) و دەیانی دیکـە لــە رۆڵــەکانی ئــەو قوتابخانەیــە بــەردەوامیان بەوکاروانەدا، تا بـەمڕۆ گەیشـت رۆژنامـەی کـوردی وتورکمانی لـە سـەردەمی ئـازادی خۆیـدا بکەوێتـە قۆنـاغێکی زێـڕینی خـۆی و هاوشـان لەگـەڵ ئـەو پێشــکەوتنە بەرفراوانــەی کــە ئــەمڕۆ لــەدنیای تەکنەلۆژیاو عەولەمەدا لە ئارادایە، رۆژنامەنووسیی تورکومــانیش شــوێن پەنجــەی دیــار بێــت و لەگۆڕەپانەکەدا بوونی خۆی بسەلمێنێت·

ئەحمەد مـەدەنی لـە ١٩٤٠/١/٢٤ماڵئـاوای لـێ کردین وگۆڕەکەشی لەگۆڕستانی گەورەی (مێلی)یە لە شاری کـەرکوك، لـە نزیـك گـۆڕی(جمعـە) نێـژراوە·

ئێستاش کە کەرکوکی شاری برایـەتی و تـەبایی لـە کەشوهەوای ئازادی خۆی دەژیت وسەردەمێکی نـوێ لە گەیاندنی بیروڕای ئـازادو فیکـری ئـازادی سـەری هەڵداوە، یەکێك لەخەونە هـەرە گـەورەکانی ئەحمـەد مەدەنی رۆژنامەنووس و دەیان نووسـەرو رۆشـنبیر و رۆژنامەنووسی دیکە وەك ئەحمەد مەدەنی هاتەدی··

ئەو ئازادییەی ئەمڕۆکە ئەوەمان لێ دەخوازێ کە ئەو کەشوهەوای ئازادە هەڵقۆزینەوە بۆ بەردەم ئەم کاروانە پیرۆزەی کە رابەران و مامۆستاو گەورە پیاوانی ئێمـە لە پێنـاوی بـەدیهێنانی ئـەو رۆژە پـیرۆزە دەسـتیان پێکرد· پێویستە لە قوتابخانەی نیشتیمانپەروەرایەتی ئەوانـداو لــە کەشــوهەوای ئەمڕۆکــەی ئازادیــدا، هەوڵبدەین هەموو وشەو هزرو ئامانجەکانمان یەکخەین بــۆ خواســتەکانی گــەل و قەشــەنگکردنی بــاری رۆژنامەنووسیی بەو شـێوەیەی کـە رەنگدانەوەیـەکی راســتەقینەی ئــەمڕۆی بونیاتنــانی دیموکراســی و پێشکەوتن و ئازادی بێت·

* سکرتێری نووسینی

گۆڤاری بارش (رۆژنامەڤانی)

**سەرچاوە:**


* کرکوك شاعرلری: نووسینی: عطا ترزی باشی

* دلیل الصحافة في کرکوك: أحمد قوشچو اوغلو _ بەهجەت مەردان غەمگین

* گۆڤاری بارش: ژمارە ٨و١١ساڵی ٢٠٠٢و٢٠٠٣ .

* گۆڤاری بیرلیك سەسی ژمارەکەی لەسەر نەمابوو.

*گۆڤاری یۆرت (الاتحاد)، ژمارە ٣٨ساڵی١٩٨٦.

* لە بارەی رۆژنامەنووسیی کـەرکوك و بوارەکـانی دیکـەی رۆشنبیریی کەرکووکییەکان هەموو لایەك دەبـێ وردبـین بـین، نابێ رووداوەکانی دوێنێ بە چاوی ئەمڕۆ تەماشا بکـەین، لـە بارەی ئەحمەد مەدەنی قودسی زادە دەبینین لەم نووسینەدا بـە تورکمان دانراوە، کەچی بابەتێك لـە ژمـارە (٥)ی گۆڤـاری هـاواری کـەرکوك، کـە بـە ناونیشـانی (ئەحمـەد مـەدەنی پێشـەنگی رۆژنامەگـەریی کـوردی لـە شـاری کـەرکووك) لەنووسینی گولەر سیامەنسووری، بە کورد دانراوە، ئەوە نـەك هەر ئەوەندە لە زۆر سەرچاوەی دیکـە (شـێخ رەزاو هیجـری دەدە)ش بە تورکمان خوێنراونەتەوە.

# رۆژنامەی( الحقیقە )ی تورکمانی رووێکی گەشی رۆژنامەنووسیی دوای را پەڕین

عیماد خەتات

رۆژنامەی(الحقیقة) لە رۆژی دەرچوونییەوە، بەو ئامانجە لە دایك بووە، کە لەو کەش و هەوا رۆشنبیری و فیکری و سیاسیە ئازادەی، کە ئەمڕۆکە بۆ گەلی تورکمان، رەخساوە لە کوردستانی عیراقدا، بتوانێت رۆڵی نیشتمانپەروەرانەی خۆی ببینێت لە بزاڤی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسیدا هەموو ئامانجەکانی خۆی لە پێناو زیندوو کردنەوەی شیعرو کەلەپوورو فۆلکلۆری نەتەوایەتیماندا تەرخان بکات، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوە بدات کە گیانی برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی لە نێوەندی رۆشنبیران و نووسەران برەخسێنێ ، بۆ ئەوەی هەموولایەك، بە بیروباوەڕێکی یەکگرتوو، خزمەتی یەك ئامانج بکەین، کە ئەویش خزمەت گەیاندنە بە گەل و بە هەرێمی کوردستان و ئامانجە پیرۆزەکانمان.

ئەوەبوو، رۆژنامەی(الحقیقة)لە سەرەتای دەرچوونییەوە بەشێوەی بلاوکراوەیەکی رۆشنبیری مانگانە بوو، کە هەشت ژمارەی لێ دەرچوو، دواتر کە بلاوکراوەکە شوێنی خۆی کردەوە، بڕیاردرا کە بکرێتە رۆژنامەیەکی نیو مانگی لە ژێر هەمان ناوونیشان.

ئەرکی سەرەکی راگەیاندن بە گشتی و رۆژنامە بە تایبەتی بلاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و وشیارکردنەوەی کاتی خۆشگوزەراندنە، رۆژنامەنووسیش هۆکارێکی گرنگ و کاریگەری هەنگاونانە بەرەو دابینکردنی ئێستای بێ کەم و کورتی و ئایندەیەکی گەشاوەو پێشکەوتوو کە رۆژنامەو گۆڤارەکان بەردەوام تۆماری هەوڵ و خەباتی نەتەوە بووینە لە رێگای هێنانەدی ئازادی و پاراستنی کولتوور و ئاوێنەی باری سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوونە، لەم روانگەیەوە رۆژنامەی(الحقیقة) کە رۆژنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری نیو مانگ جارێکە، زمانحاڵی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە هەولێر هەمان کۆمەڵە دەریدەکات.

یەکەم ژمارەی لە ئاداری ٢٠٠٠ و ژمارە (٣١)ی لە ئایاری ٢٠٠٣ دەرچووە. خاوەن ئیمتیازی ئومێد خەلیفەو سەرنووسەری نەجمەدین موختارە، بەسێ زمان و چوار لاپەڕە. لەم (٣١) ژمارەیەدا توانیویەتی لەنێو چاپەمەنی و رۆژنامەگەریەکانی دیکەی تورکمانی و کوردستانی شوێنی خۆی بکاتەوە، بەر لە هەموو شتێك بایەخ بە کەلتور و هونەری تورکمان و زیندووکردنەوەی شیعری شاعیرە دێرینەکانی تورکمانی دەدات و هەروەها بە چەند زمانێك دەردەچێت، عەرەبی، تورکمانی، کوردی لە یەکەم ژمارەیەوە تایبەتمەندییەکی بۆ خۆی پاراستووە. بەدەیان وتار و بابەتی بە پێز و دیمانەی لەگەڵ هونەرمەندان بلاوکردۆتەوە.

هەر لە دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا، گەلی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی تورکمانیش بەرەو هەوڵ و بنیاتنانی ژیان و ئاسوودەو دیموکراسی فرە بنکەی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەنگاوی ناوە.

تورکمانەکانیش لە سێبەری ئەم بارودۆخە لە بارەو کەش و هەوا ئازادەدا بە مافە رۆشنبیری و نەتەوایەتیەکانی خۆیان شادبوون. لە ١٩٩٨/١٢/٣دا کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی دامەزراو چالاکی رۆشنبیری تورکمانی بە گوروتینێکی گەورەوە هاتە گۆڕەپانەکە، ئەوەبوو رۆژنامەی(الحقیقة) یەکێك بوو لەو بەرهەمانە، بۆ گەشەپێدانی رۆشنبیری و رۆژنامەگەریی تورکمانی. یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (الحقیقة) لە ساڵی ٢٠٠٠ چوار لاپەڕە بە عەرەبی و کوردی و تورکمانی لە خۆ گرتووە. لاپەی یەکەم بۆ هەواڵەکانی ناوەخۆو دەرەوەو سەروتار تەرخان کراوە. لاپەڕەی دووهەمیش بە زمانی عەرەبی (العصر الجدید.. عصر الحوار) نووسینی سەرۆکی کۆمەڵ، وتاری (الترکمان في العراق) نووسینی کازم ئەربیللی و گۆشەی رۆژنامەنووس(أخي الترکمان) نووسینی نافیع قەساب لەگەڵ ژیانی شاعیران و گۆرانی و مەقاماتی تورکمانی.

لاپەڕەی کوردییەکەی، کە دەکاتە لاپەڕەی سێهەم، بابەتێکی تێروتەسەل دەربارەی(پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵەکەمانە) نووسینی سەرنووسەر و (زانیاری و مرۆڤ) نووسین و ئامادەکردنی دایکی بەڵێن، لەگەڵ ئاگاداریەك دەربارەی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمانی کە لەم رۆژانەدا دەکرێتەوەو لێپرساوێتی ئەم دەزگایەش بە کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی دەسپێردرێت.

لاپەڕەی تورکمانییەکەی کە دەکاتە چوارەم لاپەڕە گشتی بە شیعر و قۆریاتی تورکمانی لە خۆ گرتووە.

**ژمارە(٢) ی لە نیسانی ٢٠٠٠دا**

ئەمجارە بە شەش لاپەڕە دەرچووە، لاپەڕەی یەکەمی بە هەمان شێوەی جاران، بەڵام ناوەڕۆکی هەواڵەکان گۆڕان و بەڵام لاپەڕەی دووەم دیمانەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ بەرێز جەودەت نەجار وەزیری هەرێم و سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی لەلایەن بەرێز زەکەریا نەجار سازدراوە. گۆشەی رۆژنامەنووسی ئەم جارە (أكثر من رأي) لەلایەن بەرێز عەبدوڵلا بەکر نووسراوە لاپەڕەی سێهەمی هەمان گفتوگۆی بەرێز جەودەت نەجار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و سەروتارێك لەسەر (ئەم واقیعە بەکۆشش مرۆڤی تورکمان دەگۆڕێ) نووسراوە.

لاپەڕەی چوارەم بە چەند بروسکەو روونکردنەوەو دەقی وتارەکەی نووسینگەی ئافرەتان رازاوەتەوە. لاپەڕەی پێنجەم، سرودێك بۆ هەڵەبجە و بابەتێك دەربارەی لە نۆیەم ساڵیادی راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١دا. دوا لاپەڕەی شەشەم، چەندەها گۆرانی و مقاماتی تورکمانی بە زمانی تورکمانی داڕێژراوە، لەوانە شاعیرە ناودارەکان (محمد عزت خەتات و ئەسعەد أربیل و ئایدن شاکر عراقلی).

**ژمارە ٣ لە مایسی ٢٠٠٠**

بە چوار لاپەڕە دەرچووە، هیچ گۆڕانکارییەکی تیانییە کە جیابێت لە ژمارەکانی پێشوو تەنیا بابەتەکان جیاوازی هەیە.

**ژمارە ٤ لە حوزەیرانی ٢٠٠٠**

لەم ژمارەیەدا کە لە چوار لاپەڕە پێك هاتووە، جیاوازیەك بەدی دەکرێت، ئەویش لە هەمان لاپەڕەدا جگە لە هەواڵەکانی ناوەخۆ دوو گۆشە کراوەتەوە، یەکەمیان سەروتارەو لە نووسینی سەرنووسەر،

**دووەمیشیان** بە (لـو) لـە نووسـینی ئینتسـار بـەکر سالح.

لاپەڕەی دووەم بەدیمانەیەك لەگـەڵ بـەڕێز (غـەفور مەخموری) سازدراوە لەگەڵ چەند بابـەتێکی دیکـەی تورکمانی و لاپەڕەی سـێیەمی ئـەمجارە بۆتـە بەشـی تورکمانی بە بابـەتێکی (تورکمـانی قیـزی) و چـەند شیعر و پەندی تورکمانی لەخۆ گرتووە. بەڵام لاپەڕەی چوارەم و کۆتایی ئەمجارە بۆتە کوردی و بەرپرسیارێتی دراوەتـە نووسـەر و رۆژنامـەنووس بـەڕێز(إسماعیـل عەلی) بۆتە ئەندامی نووسەرانی ئەم رۆژنامەیە.

هەڵبەتــە جیاوازییــەکی زۆری هەیــە لەگـــەڵ ژمارەکـانی پێشـوو لێـرەدا، گۆشـەیەك کراوەتــەوە بەناوی(دەروازە) کورد و تورکمان یەك ئـاوات و یـەك چارەنووس لە نووسینی ئومێد خەلیفـە. و دیمانـەیـەك لەگــەڵ ئینتیســار بــەکر کــراوە لــە ئامــادەکردنی ئیسماعیل عەلی، چەندەها هەواڵی هونەری سـەیر و سەمەرە و یادەوەری وێنەیەکی شانۆگەری (ئاداب) کە لە ١٩٨٣/١١/٢٧ لە سەرشانۆی رۆشنبیری پێشکەش کراوە.

**ژمارە ٥ی لە گەلاوێژی ٢٠٠٠**

بەهەمان شێوەی پێشوو دەردەچوو و تەنیا نووسین و بابەتەکانی گۆڕاون.

**ژمارە ٦ لە ئابی ٢٠٠٠**

کــە ئــەمجارە خــۆی لــە شــەش لاپــەڕە دەدات و لەلاپەڕەی یەکەمی بە گۆشەی کراوە کراوەتەوە و لـە گەڵ چەند هەواڵ و چالاکی ناوەخۆی لـەخۆ گرتـووە و لەگەڵ گۆشەی (لو) نووسینی ئینتیسار بەکر.

لاپەڕەی ٢ ریپۆرتاژێکی تێروتەسەل لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی و جێگـرو ئەنـدامان و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی تورکمانی سازدراوە بـە کوردی لەلایەن (ئیسماعیل عـەلی) ئامادەکراوە.

لاپەڕەی سێیەم بە چەند بابەتی بەپێز و لە شیعری شاعیرانی تورکمانی لەخۆ گرتـووە. لاپـەڕەی چـوارەم گەشتێك بەنێو قەیسەری هەولێر کـراوەو چـاویان بـە بەقاڵ(محەمـەد)کەوتووە باسـی فرۆشـتنی هـەنگوین و پـەنیر دەکــات لــە قەیســەری هــەولێر، لەلایــەن پـەیامنێر(عمـاد خـەتات). لاپـەڕەی سـێیەم چـەند هەواڵێکی نـاوەخۆ و گۆشـەیەك و دووبابـەتی دیکـە لـەخۆ گرتـووە بلاوکراوەتـەوە لەلاپـەڕەی چـوارەم چـەندەها هــەواڵ و چــالاکی کۆمەڵــەی رۆشــنبیری تورکمانی.

پێنجەم لاپەڕە بـە تورکمانیـەو چـەندەها شـیعر و بابــەتی کــەلتوری تورکمــانی رازاوەتــەوە. لاپــەڕەی شەشەم دەروازەی ئەمجارە دەربارەی ئازادی نەتــەوەیی و پاراستنی ئەزموونی هاوبەش لـە نووسـینی(سـابیر رەشــید)ە، چــەندەها هــەواڵی نــاوەخۆ هونــەری و رۆشنبیری و شانۆی لەگەڵ چـالاکییەکانی رۆشـنبیری لەخۆ گرتووە.

**ژمارە (٧)لە ئابی ٢٠٠٠**

بــە چــوار لاپــەڕە دەرچــووە، لاپــەڕەی یەکــەمی بەگۆشەی کـراوەو هەواڵـەکانی نـاوەخۆ و دەرەوە بـە عەرەبی داڕێژراوە.

لاپەڕەی دووەم، گۆشەیەك و دیمانەو بابەتی ماوەی لاپەڕەی یەکەمی لەخۆ گرتووە، لاپـەڕەی سـێیەم بـە زمانی تورکمانی کە بابـەتێکی بـەناوی (مـرال) لـە نووسینی عەدنان محەمـەد سـاری کەهیـەو چـەندەها قسەی نەستەق و شیعر و نووسـەر و شـاعیر (غـالب کفرلی) بەرپرسی لاپەڕەی چوارەم بـەدەروازەی (**سـلاو لە ١٦ی ئابی پیرۆز**) لە نووسینی ئیسماعیل عـەلی. چـــەندەها بابـــەتی کـــورتی هونـــەری و هـــەواڵی هونەرمەندانی نـاوەوەو دەرەوەی وڵات بلاوکراوەتـەوە لەگەڵ وێنەیەکی برنادشۆ.

**ژمارە ٨ لە ئەیلوولی ٢٠٠٠**

بەچوار لاپەڕەی دەرچـووەو لاپـەڕەی یەکـەمی بـە هەمان شێوەی جارانی گۆشەی کراوە و بە هەواڵەکانی ناوەخۆی لەخۆ گرتـووە جگـە لـە گۆشـەی (لـو) لـە

نووسینی ئینتیسار بەکر ساڵح لاپەڕەی دووەمی هەمان شت بە زمانی عەرەبی جگە لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان گرنگی بە بابەتێکی (تاريخ الادب التركماني) لە نووسینی (د. ابراهيم الداقوقي) لە کتێبی (فنون الادب الشعبي التركماني) وەرگیراوە.

**لەگەڵ گۆشەیەکی سەربەست.**

لاپەڕەی سێ هەمی بەزمانی تورکمانی چەندەها شیعری شاعیرانی لەخۆ گرتووە، لەوانە شیعرێکی زۆر بەرز لەسەر سەرکردەی مەزن کاک **(مسعود بارزانی)** گوتراوە بە ناوونیشانی **(یاشا بارزانی یاشا)** لە نووسینی تورکمن أوغلو.

**ژمارە ٩ لە ١٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٠**

هیچ جیاوازییەکی تیانەبوو لەگەڵ ژمارەکانی دیکە کە شایەنی باس کردن بێت.

**ژمارە ١٠ لە ١ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٠**

ئەوەی جیاوازی تیا بەدی دەکرێت لە ژمارەکانی دیکە تەنیا ناوی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە نووسراوە لەوانە (زەکەریا نەجار، ئیسماعیل عەلی، ئینتیسار بەکر، غالب کفرلي)

**ژمارە ١١ لە ١٥ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٠**

هیچ جیاوازی تیا نییە لە ژمارەکانی پێشوو کە چەندەها بابەتی هەمە لایەنی جوانی بەخۆ گرتووە بەتایبەتی دوالاپەڕە.

ژمارە (١٢) لە ١ی تشرینی دووەم ٢٠٠٠

ئەوەی لەم ژمارەیەدا جێگای سەرنجە لە لاپەڕەی یەکەمدا، کە بەڕێز سەرۆك (مسعود بارزانی)وەڵامی کەناڵی **mbcT.V** دەداتەوە بە (هناك فرق بين التركمان.. و الجبهة التركمانية).

وە بابەتێکی دیکە کە لە هەرێمی کوردستاندا، میهرەجانێکی گەورە سازدەکرێت بە یادی سەد ساڵەی جەواهیری (كوردستان السلام والمحبة تحتفل بمهرجان مئوية الجواهري). لاپەڕەکانی دیکە بە هەمان شێوەی جاران بابەتەکانی بلاوکراوەتەوە تەنیا نووسەرو هونەرمەند (یوردسیوان میرأوغلو) کە بەڕێز (تحسين شيخ أوغلو) دەکات لەم ژمارەیەوە بوو بە بەرپرسی لاپەڕەی تورکمانی تاکو ژمارە(١٥) کاری تیا کردووە.

**ژمارە ١٣ لە کانوونی یەکەم ٢٠٠٠**

ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی تایبەتییە، ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر وەکو خۆی ماوە، تەنیا بەڕێوەبەری نووسین دانراوە بەڕێز(ئیسماعیل عەلی) ناوی دەستەی نووسەران هەڵگیراوە ئەم ژمارەیەش بوو بە (٦) لاپەڕە.

لاپەڕەی یەکەم بە چەندەها بروسکەی پیرۆزبایی ڕازاوەتەوە لەگەڵ گوتاری کراوە. لاپەڕەی دووەم بەناوەڕۆکی ئەم بابەتانەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوەوەدەرەوە سەردانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانیان کردبوو بلاوکراوەتەوە.

لاپەڕەی سێهەم، بابەتێکی بە پێنووسی سەرنووسەر بەعەرەبی نووسراوە (التركمان بنطلقون من أقليم كوردستان لمواصلة نضالهم القومي)وە چەند بابەتێکی دیکە بلاوکراوەتەوە.

لاپەڕەی چوارەم بە زمانی عەرەبی چەندەها وێنەی کەسایەتی ناسراوی شاری هەولێر و بەرپرسانی حکومی و حزبی بەبۆنەی دووەم ساڵیادی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان سەردانی سەرۆك و دەستەی کارگێڕیان کردووە بەم بۆنەیەوە. لاپەڕەی پێنجەم چەندەها بروسکەی پیرۆزبایی لەساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەدا بلاوکراوەتەوە بە زمانی کوردی.

لاپەڕەی شەشەم هەمان بابەتەکانی بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان بە وێنە و بابەتی بەپێز دابەزیون.

ڕۆژنامەی الحقيقە ژمارەکانی ١٤ تاوەکو ٢٧ مانگی جارێك دەرچووە هیچ گۆڕانکارییەك نەبووە لەسەر ڕووی ڕۆژنامەکە تەنیا دوا ژمارە بوو کە بەڕێوەبەری نووسین بەڕێز (ئیسماعیل عەلی) کاری

تیاکردووە لە ژمارە ٢٧ کە لە مانگی ئاداری ٢٠٠٢ دەرچووە، ناوی لەسەر رۆژنامەکە نەماوەو بەلکو وازی هێناوە. سەرەڕای ئەمەش کە بەڕێزی بۆ دواجار ئەم دووا لاپەڕەی بەوێنەی باوکی نەتەوایەتی بارزانی نەمر وێنەی مەزاری پیرۆزیان رازاندۆتەوەو بابەتێکی بەپێزی (لەساڵیادی ماڵئاوایی رابەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بارزانی نەمر) نووسیوە. ئەوەی شایەنی وتنە لەژمارە (١٦) لە ئاداری ٢٠٠١ تاوەکو ژمارە ٢٨ لە نیسانی ٢٠٠٢ بەڕێز(نیاز قەیاچی) کاری کردووەو بەرپرسی لاپەڕەی تورکمانی بوو لە رۆژنامەی (الحقیقە)دا.

**ژمارە ٢٩ لە حوزەیرانی ٢٠٠٢**

کە لاپەڕەی یەکەمی گوتاری کراوەو هەواڵەکانی ناوەخۆی لەخۆ گرتووەو لاپەڕەی دووەمی بابەتێکی (نعم للحقوق.. لا للتغیە ولا للتقیم..؟) لە نووسینی نافع قەساب وە چەند بابەت و چالاکیەکانی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی تێدایە . لاپەڕەی تورکمانی بەرپرسیارێتی دراوەتە بەڕێز (عەلی عبدالباقی) بە بابەتی(عصراق تورکمن ادبیاتی تاریخی) چەند شیعرێك بلاوکراوەتەوە.

**ژمارە ٣٠ گەلاوێژی ٢٠٠٢**

لاپەڕەی یەکەمی بە گوتاری سیاسی و چەند چالاکی و هەواڵی ناوەخۆی تیادا باس کراوە، لاپەڕەی دووەمی بەشی دووەمی بابەتەکەی (نافع قەساب)ە. لەگەڵ چالاکییەکانی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان.

لاپەڕەی تورکمانیش باس لە ژیانی هونەرمەندی تورکمانی(حیدر بەقال) دەکات و دیمانەیەك لەگەڵ هونەرمەند(غەمگین)کراوە.

لاپەڕەی چوارەم بەراپۆرتێکی تێروتەسەل دەربارەی مافی رۆشنبیری کە بە تورکمانەکان دراوە بە (مافی گەلی تورکمان لە رووی رۆشنبیری و ئیداری و سیاسیدا وەکو مافی کورد و کلدان و ئاشوری، سیاسەتێکی دێرینە) لەلایەن بەێز (ئومێد خەلیفە) خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەو بەڕێوەبەری رۆشنبیری تورکمان، بەبۆنەی هەلگیرساندنی مۆمی سێیەمی ساڵیادی دامەزراندنیی بەڕێوەبەرایەتییەکەی روون کردۆتەوە.

**ژمارە ٣١ مایسی ٢٠٠٣**

ئەوەی جێگەی پرسیار و سەرنجە، بەڕاستی ئەم رۆژنامەیە ماوەیەکی باش بەردیدی خوێنەران نەکەوتووە، کە نزیکەی (١٠) مانگ دەبێت ئینجا هاتەوە گۆڕەپانی رۆژنامەگەری تورکمانی ئەو پرسیار و وەڵامە بۆ خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی جێ دەهێلین. دەرچوونی رۆژنامەی الحقیقە جیاوازییەکی دیکەی لێ بەدی دەکرێت ئینجا دوای ئازادکردنی گشت شارەکانی عێراق، لەو کەش و هەوا ئازادەی خۆیدا دەژیت.هەروەکو لەلاپەڕەی یەکەمی دا سەرۆکی هێژا کاك(مسعود بارزانی) پێشوازی لە سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان کردووە لە شاری بەغدا و هەمان لاپەڕە بەڕێز جەوەدت نەجار وەزیری هەرێم و سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان سەردانی شارۆچکەی تەلەعفەر و رەشیدیەی کردووە لە شاری موسڵ دا جگە لە سەروتاری سەربەست دا، وەلاپەڕەی دووەمی بەزمانی عەرەبی چەند بابەتێکی تێدایە وەك(کردستان العراق کنموذج للدیمقراطیة)نووسینی سیوگل، و چەندەها بابەتی دیکە، لاپەڕەی تورکمانی بە (قۆییات حقیندا بیلگیلر) دەست پێ دەکات و بە شیعری شاعیر (أسعد أربیل) تەواو دەبێت، جگە لە لاپەڕەی چوارەمی کوردییە بە چەند بابەتێکی هەمە لایەنە نووسراوە لەوانە (پێویستە کەرکوك هێمای پێکەوە ژیانی کوردستانی بێت) نووسینی (میران)، لەکۆتاییدا هەر ئەوەندەماوە بڵێین لەدوای راپەڕین و بەتایبەتی لەو چەند ساڵانەی دواییدا، سەردەمێکی زێڕین لە تەمەنی رۆژنامەنووسی تورکمانی سەری هەڵداو چەندین دەسکەوتی رۆشنبیری و نەتەوەیی گەورە بۆ تورکمان هاتەدی لەوانەش دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی و رۆژنامەی الحقیقە و گۆڤاری دۆغرو چەندەها بنکەو کۆمەڵەی رۆشنبیری و هونەری دیکە، کە بە زمانی رەسەنی خۆیانەوە دەردەچن.

# رۆژنامەگەری و بڵاوکراوە رۆشنبیرییە تورکمانیەکان لەدوای راپەرینی کوردستان

ئینتسار بەکر سالح

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ع. ر

رۆژنامەگەری تورکمانی لە دوای راپەرینە کوردستانیەکەی ساڵی ١٩٩١دا لە بڵاوکردنەوە دا تایبەتمەندی خۆی هەبوو، لەبەر هاتنەکایەوەی کەش و هەوایەکی ئازادو دیموکراتیانە و دامەزراندنی پارتی سیاسی وکۆمەڵە و بنکە و رێکخراوی رۆشنبیری، ئەو کەش و هەوا ئازادییەش پتر تەکانی بە رۆژنامەگەریی تورکمانی دا بۆ ئەوەی ئەم رۆڵە کاریگەرە بگێرێت لە پێشخستنی رۆژنامەگەری کوردستانی بە هۆی بەشداریکردنی لە رێگەی گەلێ بابەتێ گرنگ کە یەکێتی ئشتنی کوردستان دەسەلمێنێت.

ئەوەش زۆر لەلایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکمانی روون کردەوە، لە هەمان کاتیش دا بیرۆکەیەکی روون و ئاشکرای لەمەر رۆشنبیری و مێژووی تورکمانەکان گەیاند، کە لە ژێر سایەی رژێمی بەعسی بەسەرچوودا نەدەتواندرا باسی لێوە بکرێت.

رۆژنامەگەری تورکمانی لەماوەی نێوان ساڵی(١٩٩١)ەوە تاوەکو ئێستا دەستی کردووە بە بەکارخستنی مافەکانی لە دەربرینی ئەو زانیاریانەی کە چەندین ساڵە کۆبووتەوە، ئەویش لە رێگای ئەو مافەیەوە رۆژنامەکانی تورکمانی توانی قەرەبە قەرەی رژنامە کوردستانیەکان بڕوات و، چەندین رۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوە دەربکات و بیرو بۆچوونی پارتە تورکمانەکان دەرببڕێت و، ئەوەش هەلێکی باش بوو بۆ تورکمانەکان رەخسا، کە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی بەعسی بەسەرچوودا بەدەستیا نەکەوتبوو.

ئێمە لێرەدا پەرۆشی ئەوەین مێژووی رۆژنامەگەری تورکمانی لەو سەردەمە پێشکەوتووەی کوردستاندا دوای راپەرین بنووسینەوە،کە لەرێگەیەوە جەماوەری کوردستان توانیان ژیان بۆ سروشتە ئەسڵیەکەی خۆی بگەرێننەوە، هەرکەسیش مافی خۆی چنگ کەوێتەوە، بۆیە ئێمەش لێرەدا تەنیا ئەو ماوە کورتەمان وەرگرتووە، چونکە زیندووترین و بە جموجۆڵ ترین ماوەی رۆژنامەگەری تورکمان دادەندرێت،و پتر گیانی ئازادی تێدا هەیە لە دەربڕیندا، ئێمە لێرەدا تەنیا باسی رۆژنامەی پارتە تورکمانەکانی ئەو ماوەیەدا دەکەین، لە گەڵ نەبوونی رۆژنامەیەکی ئازاد.

لە هەمان کاتدا ئێمە دڵنیاین کە رەنگدانەوەی دەربڕینی توێژێکی دیاری کراوی لە نەوەی تورکمانەکان دەربڕیووە، کە ئەوەش ترۆپکی گەیشتنە بە دیموکراتیەت و ئازادی لە ناوچەکەدا، کە هەموو جیهان بە چاوی رێزەوە سەیری دەکات.

لە راستیدا کاری نووسینەوەی رۆژنامەگەری تورکمان لەو ماوەیەدا کارێکی زەحمەت نییە وەکو هەندێ کەس وای بۆ دەروانن، لەبەر ئەوەی ئەو رۆژنامەی کە لەلایەن پارتە تورکمانەکانەوە دەرکراون لەبەردەستی هەموان دان و، دەتوانین سەیریان بکەین و وێنەیەکی راست و رەوان لە سیاسەت و ئامانجەکانیان وەدەست بهێنین و گرنگترینیان حزبەکانیان یان بیروبۆچوون و ئامانجەکانیان بناسین و، رووداوەکانی خاکی کوردستان لە نووسینەوەدا دەربرین، هەروەها رووداوە جیهانیەکانیش،و ئێمە خۆمان بە مێژووی دامەزراندنی پارتە تورکمانەکانەوە نابەستینەوە، بام هەرکامەشیان بەر لەوی دیکە دەمەزرابێ، بەڵکو ئێمە مێژووی یەکەم کاری دەرکردنی رۆژنامەی نووسراو دەست نیشان دەکەین، چ بڵاکراوە چ رۆژنامە یان گۆڤار بێت و، لە ناوەرۆکی ئەم چاپکراوانەدا دەکۆڵینەوە، هەروەها هەوڵ دەدەین هەندێ دەستەواژە لە دەسپێکی ئەو رۆژنامانە بخەینە روو ولە سەریان بنووسین، هەروەها بۆ مێژوو زۆر لایەنی ئەو بڵاوکراوانە بە پێی گرنگیان دەنووسینەوە.

بەو هیوایەی کە بتوانین بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەوەی پەیوەندی بە رۆژنامەی تورکمانیەوە هەیە بخەینە روو، هەروەها نووسینەوەی مێژووەکە شیاندا سەرکەوتوو بین، دڵنیاشم کە لە دوای ئێمەوە خەڵکانێك دێنەکایەوە ئەم رۆژنامانە دەنووسنەوە و کاروانەکە دەگەیەننەشوێنی خۆی، هەر وەکو رۆژنامەنووسە دێرینەکانیش بەر لە ئێمەوە هەر وایان کردووە، ئەم کارەشم کە پێشکەشتانی دەکەم پێم کارێکی سادەیە بەو هیوایەم کە ببێتە مایەی سودبەخشین بۆ پسپۆرو تایبەتمەندەکانی(رۆژنامەگەری تورکمان دوای راپەڕینە کوردستانیەکەی ئاداری ١٩٩١دا هەروەکو لە پێشەوە ئامەژەمان بۆ کرد لە سەرەتای راپەرینەوە حزبی سیاسی و کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان بەدیارکەوتن،و دەبوایە یەکێك لە هۆیەکانی پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە بەدەست بێنن و، سەرباری کەناڵەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو، ئەو پارت و کۆمەڵانە زۆر رۆژنامە و گۆڤاری هەمەجۆری حەفتانەو مانگانەو دوو هەفتە جارێك و وەرزیان دەرکرد، کە لە دواییدا باسیان لێوە دەکەین.

سەرەتا باسی رۆژنامەی(**کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان**) دەکەین:

کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی سەرەتا دەستی کرد بە دەرکردنی دوو بلاوکراوە، یەکەمیان(**الحقیقە**) بوو کە نووسینگەی راگەیاندنی کۆمەڵە دەری دەکرد و سیاسی و رۆشنبیری بوو، پاشان بوو بە رۆژنامەیەکی مانگانە، دووەمیان(**قدرت**) کە لەلایەن نووسینگەی ئافرەتانی کۆمەڵەکەوە دەردەکراو، وەبایەخی بە جموجۆڵی ئافرەتانی تورکمان لە کۆرەپانی کوردستاندا دەداو، هەر دوو بلاوکراوەکە مانگانە بوون و بە زمانەکانی(عەرەبی و کوردی و تورکمانی) بلاودەکرایەوە.

**سەرەتاکانی بلاوکراوەی الحقیقە:**

یەکەمین ژمارەی بلاوکراوەی(**الحقیقە**) لە کۆتایی ئاداری ساڵی(١٩٩٩)دا دەرکرا،و توانی بوونی خۆی لە کۆرەپل نی رۆژنامەوانی کوردستاندا بسەلمێنێ، دواجار پتر پەرەی سەند وەکوو هەموو گۆڤارێکی دیکە خۆی نیشاندا، تەنیا لە بەرگ و رەنگدا نەبێ، لاپەڕەکانی بە جوانی و رێك و پێکی وێنەکانی لە گەڵ بابەتەکانی کۆك بوون، لە ژمارە چواریدا، کە لە حوزەیرانی ١٩٩٩دا بلاوکرایەوە، بەرگەکەی بە شێوەیەکی جوان چاپکرابوو، لە سەرەوەیدا بەناوی بلاوکراوەکەو دروشمی کۆمەڵەکەش نووسرابوو، لەلای چەپیشدا دەستەواژەی(وشە دەچێنین بۆ ئەوەی رۆشنبیری بدوورینەوە) نووسرابوو، ئەو دەستەواژەیەش جێگای رێزە، سەرباری ئەو بەشانەی دیکەی وەکوو:(ئالای کوردستان هێمای برایەتی و خۆشەویستیمان... شەڕ و شەڕ هەتاکەی...؟ بابەتی مێژوویی بە ناونیشانی(والی حەسەن پاشا)و هۆنراوەیەکی درێژ کە لە لاپەرەی(١٣)دا بە ناونیشانی(نامەیەك لە برینی کۆچڕەوێك)ەوە کە باسی کۆچرەوەکەی تورك ی کوردستان بۆ ولاتی غەریبان دەکات.

زۆر بابەتی دیکەی زانستی و تەندروستی و لاپەڕەی وەرزشی تێدا بلاوکراوەتەوە، هەروەها بابەتێکی دەربارەی یاریگای هەولێری نێودەوڵەتی کە تازە کاری تێدا تەوا کرابوو، لە دوا لاپەرەش چەندین بابەتی تێدا بلاوکرابۆوە، لەوانە ستونی راست بەناونیشانی(الحقیقە) لە نووسینی ئەیهیان کورەچی و، ستونی چەپ و سەربەست، لە ناوەراستی لاپەڕەکەوە دوو بابەت بلاوکراوەتەوە بە ناونیشانی(چرایەك بەیارمەتی خۆت - پشووبدە) یەکەمیان بۆی هەیە دیمانەیەکی بە پەلە بێ و دووەمیان چەند زانیاریەك لێرەولەوێ.

دەسپێکی ئەم ژمارەیە دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کۆمەڵەی یەکەم بوو کە لە ١٩ی حوزەیرانی/١٩٩٩کرا، کە تێیدا هاتبوو(لە١٩ی حوزەیرانی١٩٩٩ ئەنجومەنی کارگێری کۆمەڵە هەڵبژێردرا، لە کەش و هەوایەکی ئازادی و دیموکرتیدا کە گەلی تورکمان پێشتر بە خۆیەوەی نەدیبوو دەنگدرا،و لەژێر سێبەری کابینەی سێیەم لە شاری

قەڵا و منارەوە لەسەر خاکی کوردستانی خۆشەویست بەرێوە چوو،(الحقیقە) بەزمان حاڵی کۆمەڵە بانگەوازی کرد بۆ یەکبوون برایەتی خەڵکی کوردستان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری گشتی و ئەقڵمەندی لە چارەسەرکردنی کێشەکان، بەو هیوایەی کە کوردستان ببێتە نموونەیەکی زیندووی دیموکرتیەت و ئازادی لە ناوچەکەدا.

زۆر لە ئەندامە روشنفکرەکانی کۆمەڵە بەشداریان لە نوسین و ئامادەکردنی بابەتەکانی بڵاوکراوەکە کرد و ژمارەی لاپەرەکانی لە(٢٥-٣٠) لاپەڕە بوو.

**قدرت: بڵاوکراوەیەکی ئافرەتانی تورکمان بوو:**

کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی دا رێگا بۆ ئافرەتانی تورکمان خۆش بکات بۆ بەدیار کەوتن لە کۆڕەپانی رۆشنبیری لە دوای راپەرینەکەی کوردستان،و پێویستە لە میانی ئەو ماوەیەکە بە ئافرەتانی تورکمانەوە رەوا بیندرا، بتوانین بیر وبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن کە لە ژێر سایەی پیاوانی ئەمن و دەسەڵاتی بەعسی و دام و دەزگانی نەدەتوانرا دەری بڕن بەڵام یەکێك لە هۆکارەنی دەربڕینی ئافرەتانی کۆمەڵە بڵاوکراوەی(قدرت)بوو، کە ژمارە یەکی لە مایسی ١٩٩٩ دا بڵاوکرایەوە، زۆر بابەتی هەمەجۆری لە خۆگرتبوو، کە بەشی زۆریان پەیوەست بوون بە پرسی ئافرەتان و رۆشینبیری گشتی... ژمارەیەکی زۆر لەو بڵاوکراوەیە دەرکرا کە لەبیست ژمارە رەتی دا، ئەندامەکانی نوسینگەی ئافرەتانی کۆمەڵەو زۆر لە ژنانی دیکەی دەرەوەی کۆمەڵە بە شداریان لە نووسینی بابەتەکانی بڵاوکراوەکە دەکرد، پاشان ئەم بڵاوکراوەیە وەستا بە هیوای ئەوەی گۆڤارێکی تایبەت بە ئافرەتان سەرلەنوێ دەربکرێتەوە.

ئامادەکارو نووسەرانی بڵاکراوەکە سەرکەوتوو بوون لە میانی دەرکردنی ئەو ژمارانەدا، لە گەیاندنی بیروراکانیان بەخوێنەران بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا و بەبێ کۆسپ، ئەم بڵاوکراوەیە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی دەرکران بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی عێراق تییان بکەن.

**رۆژنامەی(الحقیقة)**

لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیری تورکمانی بە شێوەیەکی فراوان، کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان، دەربەستی ئەوە بوو بڵاوکراوەی(**الحقیقة**) بکاتە رۆژنامەیەکی تایبەتی و رێگا بگرێتە بەر بەرەو گۆڕەپانی رۆژنامەگەری وەکو هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکانی لە کوردستانی عێراق دەردەچن.

لە پێناوی ئەوەی کوردستان و عێراق لە بیروڕای تورکمانەکان ئاگادارن(الحقیقە) بەزمانی تورکمانی و کوردی و عەرەبی بڵاودەکریەوە، ژمارەی یەکەمیش لە شوباتی ساڵی٢٠٠٠دابە قەبارەی گەورە و بە هەشت لاپەڕە دەرکرا، ئەم رۆژنامەیە هەر لە ژمارە یەکەمەوە ژیاو لە کۆڕەپانی کوردستان بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر هاوبەشی رۆژنامەکانی کوردستان بکات لە پێناو بنیات نان و گەشەپێدانی کوردستان، خاوەن ئیمتیازی(الحقیقە) مامۆستا ئومێدخەلیفە بوو کە جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانە و بەرێوەبەری رۆشنبیری تورکمان بەرێز نەجمەدین موختاری مافپەروەر سەرنووسەریەتی، هەر لەسەرەتاوە رۆژنامەی(الحقیقە) لەگەڵ بارودۆخی کوردستان تێکەڵاوبوو و لەگەڵ بارە تازەکانیش خۆی گونجاند، ئەم رۆژنامەیە تاوەکو ئێستا(٢٢) ژمارەی لێ دەرچووە ، کەواتە بە شێوەیەکی رێك و پێك دەرچووە، بەڵام لەم رۆژگارەدا ژمارەی لاپەرەکانی تەنیا(٤) لاپەڕەیە!! ئەندامانی کۆمەڵە هاوبەشی لە نووسینی بابەتەکان دەکەن.

**(گۆڤاری دوغرو)**

لەتەك رۆژنامەی(الحقیقة)دا کۆمەڵە گۆڤارێکی مانگانەی قەبارە بچووکی پەیوەست بە کاروباری رۆشنبیری و سیاسی دەرکرد، خاوەنی ئیمتیازی مامۆستا(جەودەت نەجار) وەزیری هەرێم و سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان و بەرێز زەکەریا نەجار بەرێوەبەری نووسینگەی راگەیاندن سەرنووسەریەتی، لە وتاری یەکەمیدا کە بەدەسپێکی گۆڤارەکە دادەنرێت هاتووە،(دوغرو) کارێکی رۆژنامەوانی باشە کە کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستاندا دەری دەکات، هەرێمی دیموکراتیەت و بیروڕادەربڕینی ئازاد، لە کۆتاییدا وتارەکە هیوای سەرکەوتنی بۆ هەرکەسێك خواست کە خزمەتی گەلەکەی دەکات و هاوبەشی لە بنیاتنانی کوردستانی خۆشەویست دەکات، لەلاپەرەی سێیەمی دا، لەگەڵ وێنەیەکی سەرۆك بارزانی، دەنگ و باسی پێشوازی کردنی بەرێزیان لە نوێنەرانی یەکێتی و رێکخراو و نووسینگەکانی قوتابیانی بڵاوکرابۆوە، لە وێنەکەدا سەرۆکی نووسینگەی قوتابیانی کۆمەڵە و بەرپرسی پەیوەندییەکانیانی تێدا دیارە، هەروەها دەنگ و باسێکیش دەربارەی ئاهەنگی کۆمەڵەی تایبەت بە بۆنەی سەرکەوتنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی شاری هەولێر بڵاوکرابووەوە کە لە ٢٠٠١/٦/٢٤ لە کۆشکی تازە سازکرا، لە لاپەرە پێنجەمدا بابەتێك لە نووسینی جەودەت نەجار سەرۆکی کۆمەڵە بەناوی(دواندنی کەسی خۆت، دواندنی ئەقل) کە بابەتێکی فیکری بوو داوا دەکات مرۆڤ لەگەڵ خووی خۆیدا بکەوێتە گفتوگۆ بەر لەوەی لەگەڵ کەسانی دیکە بکەوێتە گفتوگۆ.. ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمەڵە و هەندێ نووسەرو رۆشنبیرانی دیکەی دەرەوەی کۆمەڵە بەشداریان لە نووسینی بابەتەکانی کۆڤارەکە و ئامادەکردنی کردووە لە دەرەوەی کۆمەڵە(ئەیوب گەلاڵی) بابەتێکی لەمەڕ قەڵای هەولێر نووسیووە،و گوڵبەهاری هەولێری بابەتێکی دەربارەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر و شوێنەوارەکانی نووسیووە، ئەم گۆڤارە لە ژمارەی یەکەمیدا سێ لاپەڕەی بۆ وەرزش تەرخان کردبوو، دوایین لاپەڕەی بۆ بابەتەکانی زمانی تورکی بە پیتی لاتینی تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان لە عێراق و تورکیادا بڵاوببێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری عێراقی و تورکی شارەزاییەکی دەربارەی تورکمانەکانی عێراق، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، هەبێ.

ژمارەی دووەمی(دوغرو) لە ئابی/٢٠٠١دا بە هەمان قەبارە دەرچوو، ئەم گۆڤارە رێڕەوی نەگۆڕی خۆی وەکو جاران هێشتەوە... لە لاپەرەی نۆدا دیمانەیەکی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر سازدا بوو، کە تێیدا ئاماژەی بۆ زۆر لە هیواو ئارەزوەکان بۆ پەرەسەندنی هەولێر کردبوو بە هۆی پرۆژەی گرنگەوەو، بابەتی دیکەش دەربارەی هەولێری کۆن و قوتابخانەکانی، گەلێ بابەتی دیکەش سەبارەت بە تورکمانەکان و هونەر و ئەدەب و وەرزش، هەروەها دیمانەیەك لەگەڵ بەرێز(مەحمود عەزیز) کرابوو کە پێشکەشکاری پرۆگرامی وەرزش بوو لە سکرینی تەلەفیزۆنی گوڵان لە هەولێر... بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری هونەری یان دارایی(دوغرو) لە دەرکردن وەستا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ گفتوگۆ لە کونجی کۆمەڵە دەکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەر لەنوێ دەربکرێتەوە بە جۆرێك لەگەڵ شێوەی جارانی جیاوازبێ، خۆ هەرکەسێك ژمارەی دووەمی بخوێنێتەوە سەرنجی پەڕاندنی وتاری یەکەم دەدات کە بە دەسپێکی گۆڤاۆەکە دادەندرا، بۆی هەیە بابەتی یەکەمیان لە لاپەڕەی دووەم لە جیاتی ئەوە دانابێ کە بە قەڵەمی سەرنووسەر نووسراوە لە ژێر ناونیشانی(پێویستە تورکمانەکانی هەولێر رێبازی

نیشتمانی دیموکراتی لە رێبازە کۆنەپەرستەکان جیا بکەنەوە) کە ئەوەش بابەتێك بوو پەیوەندی راستەقینەی بە نوێنەریەتی راستەقینەی تورکمانەکانەوە هەبوو، ئایا کێ مافی ئەوەی هەیە بە راستی نوێنەرایەتی ئەم توێژە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکات؟ دەتوانین بڵێین رۆژنامەی کۆمەڵە دەورێکی روون و ئاشکرای لە دەوڵەمەند کردنی رۆژنامەگەری تورکماندا گێرا، هەر لەدوای راپەرینەکەی ساڵی(١٩٩١)ەوە، بەراستەقینە بەشداریەکی کاریگەری لەپەرەسەندن و پێشخستنی کرد.

**(بارش)**

گۆڤارێکی رۆشنبیری بوو، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان دەری دەکات.

بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان لە ٢٠/٧/٢٠٠٠ کرایەوە کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمە. دوای کردنەوەی بەماوەیەکی کەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ژمارەی یەکەمی گۆڤارێکی وەرزی و رۆشنبیری گشتیە خاوەن ئیمتیازی وەزیری رۆشنبیریە، سەرنووسەرەکەی ئومێدخەلیفە.

ئەم گۆڤارە بەزمانەکانی تورکمانی و کوردی و عەرەبی و لاتینی دەرچوو، زۆر بابەتی جۆراوجۆر لە رۆشنبیری گشتی تورکمانی و بابەتی دیکە دەربارەی هونەر و ئەدەب و وەرزشی لە خۆگرتووە.

ئەم گۆڤارە هەتا ئێستا(١٢) ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤارەکە قەبارەی گەورەیە بە بەرگێکی رەنگاورەنگ لە ئامادەکردن و نووسینی دا ژمارەیەك رۆژنامەنووس و نووسەر لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی هاوبەشی دەکەن.

**(پارتی برایانی تورکمان(حزب الاخاء التركماني)**

**رۆژنامەگەری تورکمانی**

رۆژنامەیەکی حزبییە، لەسەر خاکی کوردستاندا دوای راپەرینی ساڵی١٩٩١ کەوتە جموجۆڵ، کەدەربرینێکی ئازادانەی بیروڕای پارت و کۆمەڵە و سەنتەرەکانی رۆشنبیرییە و، کۆمەڵێك توێژی جیاجیای گەلی تورکمانی تێدا رەنگ دەداتەوە، توانییان بیرو بۆچوونی تورکمانەکان بەهەمان کەش و هەوای ئازادی کە رۆژنامەگەری کوردستان کاری تێدا دەکات دەربڕن، ئێمە لێرەدا هەڵوەستەکانمان لەگەڵ رۆژنامەی(پارتی برایانی تورکمان- حزب الاخاء ترکمانی) دەبێ و بەتایبەتیش لەگەڵ رۆژنامەی(قرداشلق یولو) کە بەمانای(رێگای برایەتی)دێت رۆژنامەیەکی(نیوە مانگی بوو) واتە دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، ژمارە یەکەمی لە ئەیلولی/١٩٩٨دا دەرچوو، خاوەن ئیمتیازەکەی (وەلید شەریکە)بوو، کە سەرۆکی حزب بوو، هەروەها سەرنووسەرەکەی(ئەحمەدعەلی قەساب)بوو پاشان(عەبدولئەمیر دوزلو). لەگەڵ گۆرانی ناوەناوەی قەبارەو ژمارەی لاپەرەکان...ئەم رۆژنامەیە شان بەشانی بارودۆخی کوردستان رۆیشت و لە هەڵبەزو دابەزی بارودۆخەکانیدا کۆك بوو و لەگەڵیدا تێکەڵاو بوو. ئەم رۆژنامەیە لەلاپەرەکانی یەکەمیدا بەردەوام وێنەی شەهیدی بزوتنەوەی تورکمانی(عەبدوللا عەبدولرەحمان)ی دادەنا، کە لەلایەن دەسەڵاتی بەعس بەسەرچووەوە لە ١٦/١/١٩٨٠ لە سێدارەدرا...رۆژنامەکە لە رۆژی دەرچوونیەوە تا ئێستا بەردەوامە.

**(ئەو بڵاوکراوانەی پارتی برایەتی تورکمانی/ عێراق دەری کردن)**

بڵاوکراوەی(گونەش) واتە رۆژ: بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو یەکێتی ئافرەتانی گەلی تورکمان کە سەر بەحزببە دەری دەکات ، ژمارە سفری لەسەرەتای مانگی شوباتیدا ١٩٩٩دا دەرچووە، ئەم بڵاوکراوەیە بەیەخی بە کاروباری ئافرەتانی تورکمانی کوردستان و گشتی دەدات،و بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی چاپ دەکرا و ئافرەتانی سەر بەحزب و

دەرەوەی حزب هاوبەشیی ئامادەکردنیان دەکرد، ئەم بڵاوکراوەیە لە دەرکردن وەستا، دوای ئەوەی(٨) ژمارەی لێ چاپکرا کەدواژمارەی لێ چاپکرا ، دواژمارەی لە تشیرینی ١٩٩٩/١ دا دەرچوو.

(ینی شەفەق) لە لایەن لقی دووەمی حزبەوە دەردەکرا، بڵاوکراوەیەکی دەوری بوو بەزمانی عەرەبی و تورکمانی چاپ دەکرا، ژمارە یەکەمی لە تەموزی/١٩٩٨و دووەمی لە مانگی ئابی هەمان ساڵ دەرچوو، لەدوای ژمارەی دووەمی هیچ ژمارەیەکی دیکەی لێ چاپ نەکرا.

(ئیشقلی یول) واتە ڕێگای ڕوناك، تەنیا ژمارەیەکی لێ دەرچوو کە تایبەت بوو بەیەکێتی قوتابیان و لاوانی گەلی تورکمانی سەر بەحزب و لە ٢٠٠١/١٠/١٤و بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی چاپکرا، ئەویش بەبۆنەی کۆنفراسی قوتابیان لە سلێمانی بوو.

(یانەی برایانی تورکمان - نادي الاخاء التركماني)

بە کۆنترین دەزگا ڕۆشنبیریەکانی تورکمان دەناسرێت، لە ساڵی١٩٦٠دا لە بەغدا دامەزراوەو، لە ساڵی١٩٧٢ ئەم یانەیە لقێکی لە شاری موسڵ کردەوەو، لە ١٩٧٤/١٢/٢١ لقێکی دیکەی لە شاری هەولێر کردەوە، ئەم یانەیە گۆڤارێکی لە شاری بەغدا دەرکرد، بەڵام هیچ دانەیەکمان لەو گۆڤارە چنگ نەکەوت ، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١)دا ، دوای دامەزراندنی بەرەی تورکمان ئەم یانەیە پەیوەندی پێیانەوە کرد، دوای ئەوە ڕۆژنامەی(قارداشلق) واتە(برایان) کە دووهەفتە جارێك دەردەچوو، ژمارە سفری لە١٩٩٨/٦/٢١لە چوارچێوەی بەرەی تورکمان دەرکرا، دەستەیەکی نووسەرانی تایبەت سەرپەرشتی دەکرد و بەقەبارەی بچوك بوو پاشان گەڕایەوە سەر قەبارەی گەورەکەی.

لە ٢٠٠٠/٦/٧ ئەم یانەیە دەست کێشانەوەی لەبەرەی تورکمان ڕایانگەیاند، بەڵام بەردەوام بوو لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە و بەهەمان ناو و قەبارەی جاران،و خاوەن ئیمتیازەکەی لە ژمارە ٤٥ لە ك٢٠٠٢/٢ (عەدنان قەساب)بوو، سەرنووسەرەکەشی(ماجد بازرگان)بوو...ئەم ڕۆژنامەیە لە دوای ژمارە(٥٦)ی لەبەر هەندێ هۆی دارایی و ئابووری وەستا،(قارداشلق) خاوەن بیروڕایەکی ئازاد بوو لە دەربڕینی بیرو بۆ چوونە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی پەیوەندیدار بە بارودۆخی کوردستان و عێراق و جیهان بەگشتی، سەربەستانە دەهاتە مەیدانەوە سەربەخۆیی خۆی دەپاراست، ئەندامەکانی یانە و ڕۆشنبیرەکانی هاوبەشیەکی باشیان لە ئامادەکردن و نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە کردووە، ئەوە جگە لەو بەشداربوانە لە دەرەوەی یانە بەشدارییان کردووە، ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و بەپیتی لاتینی تورکی و هەشت لاپەرە دەرچوو، ئەوەی کە جێگای سەرنجە لاپەڕە تورکمانیەکەی بە پیتەکانی قورئانی پیرۆز نووسراوەتەوە، بابەتەکانی دەوڵەمەند نین بە پێچەوانەی لاپەرە نوسراوەکانی بە زمانی لاتینی تورکی، بەڵام(لاپەرە تورکمانیەکەی کە بە پیتی عەرەبی نووسراوە) کە ئەمانە زمان و نووسینی تورکمانەکانە کە پڕن لە شیعرو هۆنراوە، لەوانە لە هەندێك ژمارەیدا تەنیا یەك بابەتی لە خۆگرتبێ، ئایا هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی نووسەری تورکمان کە بتوانن بەزمانی تورکمانی بنووسن؟

ئەگەر هەشبن دیارە زۆر کەمن، یان باوەڕیان وایە کە زمانی لاتینی تورکی زمانی دایکیانە، ئەمەش لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی تورکمان کە لەکوردستانی عێراق دەردەچن ڕەنگ دەداتەوە، لە ژمارە(٥٠)دا بابەتێك دەربارەی زمانی تورکمانی لە نووسینی(ئەحمەد عەبدولقادر) نووسراوە، سەرنجی ڕاکێشام، کە داوا لە تورکمانەکان دەکات زمانی دایکیان فێربن، بەڵام کام زمان؟ ڕوونی ناکاتەوە، زمانی تورکمانی کۆنی

نووسراوە بە پیتی عەرەبی یان بە پیتی لاتینی تورکی، بەڵام من بە نووسەری ئەم گوتارە دەڵێم ئەگەر داواکاریەکەت رەوایە، ئەگەر زمانی دایك دەزانیٚ با لەرێگای رۆژنامە تورکمانیەکانەوە خەڵکی تورکمانی فێربکات ئەگەر بە هۆی ستونێکی تایبەتیش بێت بۆ فێرکردنی بنەماکانی زمانی دایك، بەم ریٚگایەشەوە نووسەر دەتوانێت نەوەیەکی نوێ دروست بکات کە ئەم زمانە بزانێت و بەکاری بهێنێت لە قسەکردن و ئیش و کاری تایبەتیشیان دا ئەمەش چەند تێبینیەکی تایبەتی خۆم هیوادارم بە سنگ فراوانیەوە نووسەر لێم قبوڵ بکات...!!

ئەوەی جێگای سەرنج راکێشانە ئەم یانەیە چەند کتێبێکی ئەدەبی و رۆشنبیری دەرکردووەو، بۆتە بنەمایەکی مێژوویی بۆ رۆشنبیری تورکمان، زۆربەی ژمارەکانی لە بەرهەمی شاعیری تورکمان(ئەسعەد اربیل)ە، رۆشنبیران و نووسەرانی یانەکە هاوبەشیەکی باشیان لە دەرچوونی بڵاوکراوەکەدا کردووە، لەوانە **(عەدنان قەساب)کە خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی(قارداشلق)ە**

(رۆژنامەگەری بەرەی تورکمان لە کوردستانی عێراق دوای راپەرینی کوردستان)

بەهۆی ئەو پشتیوانیە گەورەی کە دەوڵەتی تورکیا لەبەرەی تورکمانی کرد کۆمەڵێك بڵاوکراوەی رۆژنامەوانی حزبی لە کوردستانی عێراق دەرکرد، کە ژمارەیەك پارتی تورکمان لە ژێر چەتری بەرەی تورکمان کۆبوونەتەوە و هەریەك لەم پارتانە بنکەیەکی رۆشنبیری رۆژنامەگەری تایبەتی خۆی کردوە لە هەرێمی کوردستان. کە پێشتر لە ژێر سایەی رژێمی دیکتاتۆری لەو مافانە بێبەش بوون،... بەناوی پارتی نیشتیمانی تورکمان رۆژنامەی(تورکمان ئیلی)دەرچووە، کە بەمانای(نیشتمانی تورکمان)دێت، لەدوای یەکگرتنی پارتە تورکمانەکان لە ژێر سێبەری بەرەی تورکمان، ئەم رۆژنامەیان بەناوی بەرە دەرکرا لە ناونیشانی سەرەکی ژمارەی یەکەم دا هاتووە:(مافی هەموو نەتەوە عێراقیەکان لە دەستووردا مسۆگەر بکریٚ) ئەوەش داواکاری هەموو نەتەوە عێراقیەکانە لەم بارودۆخەدا، هەر ئەوەش داواکاریان بووە لەژێر سێبەری دیکتاتۆریدا.

رۆژنامەکە بە قەبارەی گەورە ولە(١٢) لاپەرە و بەزمانی عەرەبی و لاتینی تورکی دەرکرا، بەڵام لە ژمارە دووەمیدا(٨)لاپەرەی بە لاتینی بوو، بۆ زمانی عەرەبی تەنیا چوار لاپەرە تەرخان کرابوو، لەسەرەتاوە رۆژنامەکە هەر(١٥)رۆژجارێك دەردەچوو، پاشان بوو بەهەفتانە بەهەمان ژمارەی لاپەرەی جاران.

سەرنووسەرەکەی(نیهاد ئیلخانلی)بوو، خاوەن ئیمتیازیش(مونازیل سەوزەچی اوغلو)بوو، بابەتەکانیشی سیاسی و رۆشنبیری و وەرزشی بوو، هەندیٚ جار بابەتی زانستی تێدا بوو، بەو پێیە دەتوانین بڵێین رۆژنامەیەکی سیاسی و رۆشنبیری و گشتی بوو، پاشان(حوسام حەسرەت) سەرنووسەری گرتە دەست، خاوەن ئیمتیازیش(ویداد ئەرسەلان)بوو کە سەرۆکی بەرەی تورکمانی بوو، بەڵام بەریٚوەبەری نووسینی(محەمەد عبدوللەتیف)بوو، بەڵام سەرنووسەری ئێستای رۆژنامەکە(تومێد بەننا ئوغلو)ە، خاوەن ئیمتیازیشی(دڵشاد تەرزی)بوو.

لەلایەن(پارتی نیشتیمانی تورکمانی عێراق) بڵاوکراوەی(دوغوش) ، واتە لەدایك بوون، دەرکرا، بە قەبارەی مامناوەندی(٨)لاپەرەیی و بەزمانەکانی عەرەبی و لاتینی تورکی بوو ئەمەش نزیکتر بوو لە رۆژنامەکانی ئاسایی.

لەلایەن(بزوتنەوەی تورکمانی سەربەخۆوە) بڵاوکراوەی(قورتولوش) واتە رزگاربوون، یەکەم ژمارەی لە ١٩٩٥/١١/١٥دەرچوو خاوەن ئیمتیازیشی(محمود ئەحمەد محەمەد)بوو سەرنووسەریشی(سالم سابیر ئەترەقچی)بوو، بەڵام بۆ ماوەیەك وەستا، پاشان بەناوی(باغمیز) دەرکرایەوە لە

ئاداری ۱۹۹۸، کە ئەم جارە خاوەن ئیمتیازی(کەنعان شاکر عزیز)بوو، سەرنووسەرەکەشی(جەمال کەمال لەتیف ئەربیللی)بوو،و لەلایەن یەکێتی لاوانی تورکمانی عێراق ،کە سەربە بەرەی تورکمانییە، بڵاوکراوەی(دوغزو دوشونجە) واتە(بیری راست)کە بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو و بە قەبارەی بچووك و بەزمانی عەرەبی و لاتینی تورکی و(۸) لاپەرەیی دەرکراو، تایبەت بوو بەکاروباری لاوانی تورکمان و لەلایەن نووسینگەی راگەیاندنی ناوەندی پارتی تورکمان ئیللی بڵاوکراوەی(تورکمن) کە(۱٥) رۆژجارێك دەردەچوو و سیاسی و رۆشنبیری بوو بەقەبارەی بچووك و(۸) لاپەرەیی بە هەردوو زمانی لاتینی تورکی و عەرەبی چاپ دەکرا.

لەلایەن بنکەی(رۆشنبیری تورکمان) سەر بە بەرەی تورکمان ژمارەی یەکەمی گۆڤاری(گوگبورو) لە۱۹۹۸/۷/٥ بە قەبارەی گەورە و بە(٥٠) لاپەرەیی دەرکرا، سەرنووسەرەکەی(تەحسین شەکەرچی)بوو، بەهەردوو زمانی عەرەبی و لاتینی تورکی چاپ کرا، گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی بوو. لە ژمارەی چوارەمیەوە(تائفە قەساب) سەرنووسەری گۆڤارەکەی گرتە دەست، کە بەرێوەبەری بنکەی رۆشنبیری تورکمان بوو، پاشان ژمارەی لاپەرەکانی کەم کرایەوە بۆ(۲۰) لاپەڕە، تەنیا بەزمانی لاتینی تورکی چاپ دەکرا، لەژمارە(١٤)ەوە، بەزمانی عەرەبی و لاتینی تورکی و ئینگلیزی دەرچوو.

لە هەمان بنکە چەند چەند گۆڤارێك بۆ منداڵان دەرکرا بە ناوی (چیچیك) ، واتە منداڵ ، کە مانگانەو رەنگاو رەنگ بوو دوای چەند ژمارەیەك وەستا، دوایی بەزمانی لاتینی تورکی دەرکرا، کە لاپەرەکانی جێگیر نەبوو.

گۆڤاری(یەنی قوشاق= واتە نەوەی نوێ) ئەمەش زمانی لاوانی تورکمانی عێراق بوو کە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی تورکمان دەردەچوو، کە سەرنووسەرەکەی(محمد ئیلخانلی) بوو بە قەبارەی گەورە و بە(۲۰) لاپەڕە بە زمانی لاتینی تورکی دەردەچوو و، گرنگی بە کاروباری قوتابیان و لاوان، هەواڵ و چالاکیەکانیان، لەناوەوەو دەرەوەی عێراق دەدا، کە تائێستاش لە دەرچوون بەردەوامە.

بڵاوکراوەی (نحن النساء) تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچوو، ئەویش بە بۆنەی رۆژی ئافرەتان جیهان کە لە۸ ی ئاداری ۲۰۰۱)ە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری بەهاوکاری فەرمانگەی پەروەردە و رۆشنبیری سەر بە بەرەی تورکمانی دەرچوو و، پاشکۆی گۆڤاری(گوگبور)بوو... بڵاوکراوەکە بە هەردوو زمانی تورکی لاتینی و عەرەبی و(۸) لاپەڕەیی دەرچوو بە یەکسانی لە نێوان هەردوو زمانەکە دەرکرا، گۆڤارەکە تایبەت بوو بەکاروباری ژنانی تورکمان و کاروباری گشتی،(تاکفە قەساب) سەرپەرشتی ئامادەکردنی دەکرد، کە بەرێوەبەری رۆشنبیری تورکمان بوو، لە دەسپێکی گۆڤارەکە داوای کرد رێگا بە ئافرەت بدرێ بۆ ئەوەی شوێنێکی شیاوی لە کۆمەڵگادا هەبێ و داوای لە ئافرەتان کرد کە هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ بەدەست هێنانی ئەم مافانە، کە بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئافرەتانی داوای دەکەن، لە دوای ئەمە هیچ رۆژنامەو گرڤارێك کە تایبەت بە ئافرەتان دەرنەچوو.

**(بڵاوکراوەکانی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان و بنکەی رۆشنبیری تورکمان)**

لە راستیدا ئەم دوو دەزگا رۆشنبیرییە کە بە سەرپەرشتی(تایفە قەساب)بوو بەدڵسۆزی کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان دا کرد.

ژمارەیەك لە کتێب و بڵاوکراوە و رۆژنامەیان دەرکرد، جگە لە جالاکیەکانی تایبەت بە فلکلۆری تورکمان و کەلەپوری نەتەوایەتیان بە هەموو لقەکانییەوە، یەك لەم بڵاوکراوانە دووبارە چاپکردنی

دیوانی شیعری(أچي حياة) واتە ژیانی تاڵ بوو، کە کۆمەڵێك شیعری لە خۆگرتبوو بە زمانی تورکمانی عوسمانی و لاتینی تورکی بۆ شاعیر نورەدین سەعاتچی لە ساڵی(٢٠٠٠)دا بە چاپ گەیاندرا، بڵاوکراوەیەکی دیکە بەناوی(مملكتمنن حكايتلر) واتە چیرۆکەکانی وڵاتی من، لەلایەن نووسەر(عەبدولقادرحاجی ئۆغلۆ) کە کۆمەڵێك چیرۆکی کورتی بەزمانی لاتینی تورکی لەخۆگرتبوو، کتێبی(گیولده قوريات اغلر) واتە قۆریاتەکان لە دڵمدا دەگرین، قۆریات وەکوروباعیات وایەو تورکمانەکان پێی ناسراون ، کتێبی کۆمەڵەی (قوريات ربا عيات) لە نووسینی عمر ئاعیناش بە هەردوو زمانی لاتینی تورکی و تورکمانی عوسمانی نووسراوە، لەلایەن بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان کتێبی(الاثار الدينية في اربيل= واتە شوێنە ئاینینەکانی شاری هەولێر) لە نووسینی(شێرزاد شيخ محمد) لە ساڵی٢٠٠٢ دا لە هەولێر چاپکراوە، ئەم کتێبە شایەنی خوێندنەوەیە، چونکە باسی مزگەوت و گۆرستانەکان و تەکیەکانی هەولێر دەکات، کتێبەکە لەلاپەرە(١٨٢)یدا باسی بنەماڵەی ئەحمەدیە لە هەولێر دەکات و، نووسەر ئەم بنەماڵەیە بەکۆنترین بنەماڵە لە هەولێر دادەنێت و، دەیگەرێنێتەوە بۆ سەید ئەحمەد ئەربیللی رفاعی و ئیمام محمد ئەربیللی رەفاعی کە هەردووکیان بە باپیدانی ئەحمەدیەکان لە هەولێر دادەنێت، کە چەلەکیان بۆ سەید ئەحمەد رفاعی ئەلحوسێنی ئەلکەبیر و، ئەویش لە شوێنی خۆی دەگەرێتەوە بۆ ئیمام عەلی زەین ئەلعابدین کوری ئمامی شەید حوسێن کوری عەلی کوری ئەبی تالیب سەلامی خوایان لێ بێ.

نووسەر پشتی بە ژمارەیەك سەرچاوەی کۆن وەك(تاريخ اربيل= لابن المستوفي) زانا و مامۆستایانی هەولێر وەك زوبیر بلال اسماعیل بەستووە.

**پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق:-**

لەوانەیە رۆژنامەگەری تورکمانی لەم پارتەدا گرنگیەکی زۆری پێ نەدرابێت بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی پارتەکانی دیکە، ئەویش رەنگە لەبەر چەند هۆیەك بێت کە لەدەرەوەی خواست و ویستی خۆی بێت، کە هۆکاری دارایی بە پلەی یەکەم دێت، بۆیە تەنیا یەك بڵاوکراوەیان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ دا دەرچووە، کە وەرزی و بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی و تورکمان لە کوردستانی عێراق و لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی دەکات، کە لە کاتی رژێمی لە ناچوو دا لە دەرەوەی وڵات بوو، گۆڤارەکە لە سەرەتاکانی٢٠٠٠ گۆرا بۆ رۆژنامەکی چوار لاپەرەیی قەبارە ناوەندی و بە زمانەکانی عەرەبی کوردی و تورکمانی چاپ دەکرا، کە تەنیا یەك پارچە شیعری تێدابوو بەناوی(کرکوك قەلعەسی) واتە قەڵای کەرکوك، خاوەن ئیمتیازەکەی تاکو ئێستاش(سەیفەدین دامرچییە) کە سەرۆکی حزبەو ئاماژە بۆ سەرنووسەر هەرناکات... تاوەکو ئێستا بە بەردەوامی دەردەچێ، لاپەرەیەکیان بە زمانی لاتینی بۆ زیاد کردووە، هەروەها ناوی سەرنووسەر ئازاد عەزیز یان بۆ زیاد کردووە، هەروەها دوولاپەرەی دیکەشیان بۆ زیاد کردووە، کۆمەڵێك نووسەرو خەڵکانی سەر بەحزب و دەرەوەی حزب لە نووسین و ئامادەکردنی رۆژنامەکە دا بەشداری دەکەن.

لەدواییدا سوپاسێکی بێ پایان پێشکەش بە هەموو حزب و کۆمەڵە تورکمانەکان دەکەم، چونکە زانیاری تەواویان پێ بە خشیم دەربارەی رۆژنامەگەری تورکمان هەر لە سەرەتای راپەرینەوە لە ساڵی ١٩٩١و بەتایبەتی کۆمەڵێك هاورێیانی رۆژنامەنووس و نووسەر ئەوانەی لە نێو ئەو حزب و کۆمەڵانەدا کاردەکەن، و ئەوانەی بەراستی و بە شێوەیەکی فراوان زێدە زانیاریان پێ بەخشیم کە هەڵێنجراوە لە رۆژنامەکانی نوێی تورکمان لە کوردستانی عێراقدا.

# ( دوغوش ) یەکەمین رۆژنامەی تورکمانی
# لە دوای را پەڕینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١



ئومێد بیرەقدار

دوای ئەوەی راپەڕینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١ سەرتاپای عێراقی گرتەوەو پاشان سەرکوت کردنی لەلایەن رژێم و کاربەدەستانی بەغدا و لە ئاکامیشدا کۆڕەوی ملیۆنی بۆ ولاتانی دەوروبەر و دواتریش بەهۆی فشار و بڕیاری نێودەوڵەتی بۆ پاراستن و دانانی کوردستانی عێراق وەك ناوچەیەکی ئارام بە دیاریکردنی هێڵی ٢٤ ـ ٣٦، خەڵك گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.. لەدوای بارودۆخی سیاسی نوێ و ئارام و دامەزرانی حکومەتی کوردستان لە ئاکامی کێشانەوەی دەزگاکانی رژێم و هەڵبژاردنی پەرلەمان و بەشداری حیزبە نیشتمانی و کوردستانییەکان و رەوشی دیموکراسیانەی کاری سیاسی لە کوردستانی عێراق بۆ هەموو نەتەوەو حیزبە کوردستانی و عێراقییەکان و بزاڤە ئیسلامییەکان و یەکێتییە جۆراوجۆرەکانەوە.. لەژێر ئەو هەلومەرجەدا تورکمانیش وەك خەڵکانی دیکە، لەسەر گۆڕەپانی کوردستان و راگەیاندنی کاری سیاسی و کۆتایی هێنان بە کاری نهێنی، لە تەك هێزە سیاسییەکانی دیکەوە چووە ناو (کۆنگرەی نیشتمانی عێراق) بۆ هێزە نەیارەکانی عێراق و د.موزەفەر ئەرسەلان، دامەزراندنی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی راگەیاند وەك نوێنەری تورکمانانی عێراقی و وەك یەکەمین پارتی پێشڕەوی تورکمان. پاشان پارت هاتە هەولێر بۆ خەبات کردن بۆ دیارکردنی مافی رەوای نەتەوایەتی وەك رۆڵەی گەلانی دیکەی، براو هاوژین لە کوردستانی عێراقدا، لەبەر ئەوەی مەسەلەی (نیشتمانی)پێشڕەوی ئەو حیزبە تورکمانیانە بوو هەربۆیەش دواتر دامەزران و خەڵکی تورکمان پێشوازییان لێکردن.

وەك کاری پێویستی راگەیاندن بۆ هەر پارت و بزووتنەوەیەك و خزمەت کردنی رەوشەکە و بنەما ئیدیۆلۆژییەکان و خۆتێکەڵ کردن لەگەڵ واقیع و رووداوی سیاسی و هاوخەباتی...

رۆژنامەی(دوغوش)بە پیتی عوسمانی.. وەك کەناڵێکی راگەیاندنی ناوەندی بە هەردوو زمانی تورکمانی و عەرەبی دەرچوو.. لەتەك رادیۆو تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکانی دیکەی تورکمانی.. بۆ وشیارکردنەوەی رۆڵەکانی گەلی تورکمان

## سەرەتای دوغوش

سەرەتای (دوغوش)لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ١٩٩٢ بوو، ژمارە (سفر)ی لە کانوونی یەکەمی کۆتایی ساڵی ١٩٩١ دەرچوو و تا ژمارە (١٦) لە ساڵی ١٩٩٤ لە هەولێر بە (٨) لاپەڕە بەردەوام بوو. دوو لاپەڕەی سیاسی و دووەکەی دیکەش ئەدەبی و رۆشنبیری و چوارە عەرەبییەکەشی هەر ئاواو بە قەوارەی گەورە و پاشان بە قەوارەی مام ناوەندی وەك هەموو ئەو رۆژنامانەی کە لە هەولێر دەردەچوون. لە ژمارە(٨)ی تەمووزی ١٩٩٣ لەسەر دوو رووپەڕی

کێشەی لاپەڕەی یەکەمی نووسرابوو(تورکمانی و عەرەبی)و ئەو ئایەتە پیرۆزەشی- وەك دروشمی سەرەکی پارت نووسرابوو: بسم الله الرحمن الرحيم (وقد اعلموا فسيرى الله عملكم و رسوله و المؤمنون) صدق الله العظيم.

هەروەها نووسرابوو: زمانحاڵی تورکمانی عێراقە و نرخی دانەیەکی (نیو دینارە).

نە ناوی خاوەنی ئیمتیاز و نە دەستەی نووسەرانی لەسەر نەبووە، ئەویش لەبەر هۆی سیاسی. بۆیە دەتوانین بڵێین د. موزەفەر ئەرسەلان، وەك سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراق، خاوەنی ئیمتیاز بووە و هەر تورکمانێك و رۆشنبیرێك و نووسەرێکی تورکمانی هەقی بڵاوکردنەوەی وتارو نووسینی هەبوو بۆ بەدەستەی نووسەرانی گەلی تورکمانی بوو چ لە دەرەوە چ لە ناوەوەی عێراق و ژمارەیەك شاعیر و نووسەر و ئەندامانی سەرکردایەتی و هونەرمەند دەوری دیاریان لەبەردەوام بوونیدا هەبووە، لەگەڵ سەرەتای دروست بوونی بەرەی تورکمانیش لە نیسانی(١٩٩٤/١٩٩٥)ز وەستاوەو ناوەکەی لە (دوغوش)ەوە کراوەتە (تورکمن ایلی)و خاوەن ئیمتیازی (حەسەن ئۆزمن)و دەستەیەکی نووسەرانی ئاشکراشی هەیە و تا ئەمڕۆکەش هەر بەو ناوە بەردەوامە.

هەندێ نموونەی سەردێڕی ژمارەکانی لە بواری سیاسی و رۆشنبیری و مێژوویی.

**- ژمارە(٧) حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٣.**

* سیاسی (لەبەر رۆشنایی نامەی د. موزەفەر ئەرسەلان بۆ ئەنجومەنی راپەڕاندنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی یەککرتوو.)

(دەوری کاریگەری تورکمانەکان لە هەر کات و شوێنێکدا)

**وتاری سەرۆکی پارت لە کۆڕی هیرینك لە جنێف**

بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی گشتی یەکەمی پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی (١٧ـ١٨)نیسانی ١٩٩٣.

حزب لە دابەشکردنی کەرستەی بەهاناوەچوون لە هەولێر بەردەوامە).

رادیۆی دەنگی تورکمانی لە هەولێر پەخشی دەست پێ دەکات.

کردنەوەی بارەگای پارت لە شارۆچکەی کفری

یەکێتی قوتابیانی تورکمانی دەسکەوتێکی گرنگی خەباتە.

گرنگترین بابەتە مێژوویی و رووناکبیرییە عەرەبی و تورکمانییەکان:

- تورکمانی عێراق - بڵاوکراوەی نوێ
- تورکمانی لە عێراقدا
- داقوق نیشتمانتە
- داستانە میللیە تورکییەکان
- هجرلر دەشهرلریمیتر - شیعری تورکمانی - شارەکانمان لە ئەلفابای زماندا.
- شەهید روشدی رەشاد
- هەڵبژاردنی ٤ی نیسان لەهەولێر
- نووسەر و کتێب
- فۆلکلۆری تورکمانی عێراقی

**- ژمارە (٨)تەمموزی ١٩٩٣**

سیاسی

پەلاماری درندانە دژی تورکمانەکان لە کەرکوك.

لەسێدارەدانی حەوت تێکۆشەر و مردنی پتر لە دە زیندانی

لەیادی شەهیدانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٩

موخابەراتی سۆڤیێتی پشتگیری سەدامی کرد، پرۆفیسۆر دۆغرەمەچی بایەخی ناسنامەی نەتەوایەتی تورکمان دوویات دەکاتەوە.

رۆشنبیری

هەڵبژاردە لە چاپکراوە عەرەبییەکان

**- ژمارە(١١) کانوونی دووەمی ١٩٩٤**

سیاسی

د. موزەفەر ئەرسەلان لە واشنتۆن دەگەڕێتەوە، خەونەکانمان لە تخووبی نیشتمان ناترازێن ئەزموونی دیموکراتی پێشەنگ.

رۆشنبیری

عیسمەت هورمزی پێشەنگی شانۆی تورکمانی، لە شانۆکانیدا هەمیشە ئێش و ئازاری تورکمانەکانی دەردەبڕی، تورکەکانی عێراق و مافی مرۆڤ

گەشتێك بە جیهاندا، لەپێناو شاعیری گەورە فزولی شیعری خۆی دەنووسێتەوە

بە تورکمانیش

هەق نادرێ.. وەردەگیرێ

**- ژمارە(١٤) حوزەیرانی ١٩٩٤**

سیاسی

سەدام لە پێشێلکردنی مافی تورکمانەکان بەردەوامە، وا دەخوازێ تورکمان لەگەڵ عەرەب و کورد و ئاشوورییە براکانی پشتی یەك بگرن.

د. موزەفەر ئەرسەلان داوا لە کوردەکان دەکات شەڕ رابگرن، بیرەوەری کۆنگرەی پارت لەبەر رۆشنایی پێشهاتە هەنووکەییەکان، راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە عێراق

رۆشنبیری

لە پەنجەرەی ژیانەوە

شیعرێکی تورکمانی(**محەمەد عیزەت خەتات**)ی شاعیری تورکمانی لەگەڵ چەندین بابەت و وتاری سیاسیی و رۆشنبیری و مێژوویی.

**جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ رۆژنامەی(دوغوش)**

دوای وەستانی رۆژنامەکە لە ساڵی ١٩٩٤ هەروەك پێشتر گوتمان لە ژمارە(٩)ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٣ دروشمەکەی گۆڕا بۆ (**یەك دەست لە مەندەلییەوە بۆ تەلەعفەری تورکمان**) قەوارەی گۆڕاو دانەکانی زێدی کران و بابەتەکانیشی هەمەجۆر بوون و توانای بەدواداچوون و رووداوە سیاسییەکانی زێدەبوو.

جارێکی دیکە وەك دەنگی پارتی نیشتمانی تورکمانی دەرچووە، دوای ئەوەی پارت و بزاڤە تورکمانییەکانی رۆژنامەی تایبەتی خۆیان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠١دەرکرد بەبێ خاوەن ئیمتیاز و دەستەی نووسەران، چونکە دەستەی نووسەرانی لە کادیری حزبەکان و هەندێکیان لە دەرەوەی پارت و بەهەمان دروشمی نوێ هەر لە ژمارە(٩)ی ئەیلوولی ١٩٩٣وە بایەخی بابەتی سیاسی و رۆشنبیری و مێژوویی تورکمانەکانی عێراق دەدا، بۆ ئەوەی ئەندام و کادیرەکانی رۆشنبیری وریابکاتەوەو لە چوارچێوەیەکی تەسك و کەم بێ و دەکرایەوەو ژمارەکانی گەیشتە(٤٦) لە ئەیلوولی ٢٠٠٢ لە ئاکامی هەلومەرجی سیاسیی و شەڕی عێراق و خۆ ئامادەکردن بۆی وەك ئەوانی دیکە ئەویش وەستا، دوغوش وەك رۆژنامەیەکی تورکمانی و پێشەنگی ئەو رۆژنامە تورکمانییانەی کە لە هەولێر دەردەچوون لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١، لەوانەش (**قارداشلق، بابا گرگر، یاغمسیز، کەرکوك، عزویولو، حقیقت، گۆڤاری ـ بارش**)، گوگری، ینی قوشاق وەك گۆڤاری تورکمانی وەرزی، ئەوا وێڕای دەرچوونی وەرزانەیان زۆربابەتی رۆشنبیری و مێژوویان بڵاوکردۆتەوە کە رۆڵەکانی گەلەکەمانی وشیارکردۆتەوە لە هەولێر و ناوچە رزگارکراوەکانی وەك کفری و سلێمانی و شوێنانی دیکە. هیوادارین لە کاروانی رۆشنبیری و سیاسی بەردەوام بێت بۆ خزمەت کردنی رۆشنبیری و هوشیاری سیاسی و خزمەت کردنی رۆڵەکانی گەلی عێراق بە تایبەتیش لەو هەوارەدا کە عێراق لە چنگی سەدام رزگار بوو و رژێمە سەرکوتکەرەکەی هەرەسی هێنا.

# چاپخانەکانی کەرکوک

ئامادەکردنی: دڵخواز هەمەوەندی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : ع. ر

(ترزی باشی) نووسەر باس لە یەکەم چاپخانە دەکات کە لە کاتی والی عوسمانی مەدحەت پاشا، لەسەردەمی عوسمانیەکان لە ساڵی ١٨٩٦ دا گەیشتۆتە بەغدا، ئەو چاپخانەیە بە هەڵم کاری دەکرد، دوای دە ساڵ، واتە لە ساڵی ١٨٧٩دا یەکەم چاپخانە هاتە شاری کەرکوک، کە ئەویش چاپخانەی(ویلایەت)بوو، پەڕاوەکانی فەرمی و پسوولەکانی چاپ دەکرد، دوای ئەوەی متەسەڕفی شاری کەرکوک(عەونەڵلا عەونی) توانی چاپخانەیەکی نوێ بۆ قوتابخانەی (الصنایع) بە بڕی(١٥٠٠) لیرە زێڕ بکڕی،(بەهجەت فەندی) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو رایسپارد بە لەچاپ دانی هەندێ رۆژنامە، لەوانە رۆژنامەی(جۆرنال) کە دەنگ و باسی بەیانەکانی فەرمی دەربارەی شەڕەکانی زەمانی عوسمانیەکانی بلاودەکردەوە، ئەو بەیانانەی کە سەرکەوتنی هێزی عوسمانیەکانی، لە هەموو بەرەکانی شەڕدا، هەڵ دەگوت، کەچی لە راستەقینەشدا ئە وتراژیدیا و کاولکاری و کوشت و برەی سەربازی وڵاتەکانی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری عوسمانی بە ئەژمار نەدەهات.

لە چاپخانەی قوتابخانەی ئەلسەنایع، زۆر کتێب و دیوانی شیعرو چەند رۆژنامەیەك لە چاپ دەدرا، لە سەرەتای شەری یەکەمی جیهانی لە دوای کشانەوەی عوسمانیەکان ، لە ساڵی١٩١٨ لە کەرکوك (محمد قودسی زادە) چاپخانەی حەوادسی کڕی، پاشان شارەوانی کەرکوك لە ساڵی١٩١٩دا ئەم چاپخانەیەی لێ بەکرێ گرت، ١٩٢٠ لێی کری و کردی بە چاپخانەی شارەوانی... هێزەکانی بەریتانی ئەو چاپخانەیان بە کارهێنا بۆ چاپ کردنی رۆژنامە (ئەلنجمە) لە ساڵی ١٩٢٧دا دواجار بە یەکجاری لەکار کەوت .

لە سەردەمی پاشایەتیدا چاپخانەی شارەوانی ، کە هەر چاپخانە کۆنەکەی ئەلحەوادس بوو، بۆ چاپکردنی رۆژنامەو کتێب لە شاری کەرکوکدا بەکار دەهات ، پاشان ئینگلیزەکان کڕیان ، ئەم چاپخانەیە بەدەست کاری دەکرد بەڵام توانرا گەلێك کتێب و رۆژنامەی پێ چاپ بکەن ، بەتایبەتی رۆژنامەی کەرکوك کە (٤٠٠) ژمارەی لێ چاپ کرا . بەڵام چاپخانەی (تەتویچ) لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئەڵمانیا کڕا لە دواییدا لەسەردەمی کۆماریدا ناوەکەی گۆڕا بۆ چاپخانەی کەرکوك ، کە چەندین کتێبی پێ چاپ کرا ، لەوانە کتێبی (بەشیر) کە لە ١٩٥٥/٤/١٩ کراو زۆر کتێب و رۆژنامەو راگەیاندنی بازرگانی و سینەماو کارتی بانگێشە کردن لێ چاپ دەکرا ، لە

سەرەتای ساڵی ١٩٥٥دا ناوەکەی گۆڕا بۆ چاپخانەی (بەشیر) پاشان لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵ فرۆشرا .

چاپخانەی (ئەهیلال) ئەو چاپخانەیە بەلایەنێك فرۆشرا کە ناوەکەی نەزاندراوە و تەنیا یەك کتێبی لێ بە چاپ گەیشت ئەویش کتێبی ( شرح قانون الاصلاح الزراعی ) بوو کە لە نووسینی پارێزەر (محەمەد مەردان ئەلقەلمەچی) بوو . چاپخانەی شیمال : لە ١٩٥٦/١٠/١٦ دامەزرا پاشان لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن خاوەنەکەیەوە (فەرەج عەبود) بۆ شاری بەغدا گواسترایەوە ، نیزیکەی(٣٠) کتێبی پێ چاپ کرا، لەوانە (سادة البرزنجیة) کە بەزمانی عەرەبی بوو کە لە نوسینی (عەبدولقادر محەمەد ئەلبەرزنجی) بوو، بەڵام لە سەردەمی کۆماریدا وەکو نووسەرەکە باسی دەکات، تواندرا پەرە بە چاپخانەی شارەوانی بسێنن، ئەویش بە کڕینی چاپخانەیەکی ئەلمانی خودکار لە ساڵی ١٩٥٩دا. لە ساڵی ١٩٦٠دا شارەوانی کەرکوك بە زمانی تورکمانی دەربارەی چاپخانەی نوێ رایگەیاند:(ئەم چاپخانەیە، چاپەمنیە هونەریە پێشکەوتووەکانی بە نرخێکی گونجاو پێش کەش دەکات) پاشان زۆر کتێب و رۆژنامە و ساڵنامەی دیواری بە چاپ گەیاند.

**چاپخانەی نەینەوا:** لە ساڵی١٩٦٠دامەزرا لەلایەن هەردوو برا(ئەلەشماس داود بنیامین)و (گورگیس بنیامین)، ئەم چاپخانەیەش(٥) کتێبی بەزمانی سریانی بە پیتی کلدانی لێ چاپ کرا، پاشان لە ساڵی ١٩٦٣ دا گواسترایەوە بۆ شاری بەغدا.

چاپخانەی بازگانی خاوەنەکەی محمد ئەمین عەسری بوو، سەرەتا بە چاپکردنی راگەیاندنەکان دەستی پێ کرد، شوێنی لە شەقامی سەرەکی گەڕەکی شاترلۆبوو.

**چاپخانەی کۆماری:** خاوەنەکەی(ئیبراهیم بەیرەقدار)بوو کەلە شەقامی ئەتلەس بوو، ئەو ئیبراهیمە دەرچووی کۆلیژی زانستە سیاسیەکان بوو، لە بەرهەندێ بارودۆخی تەنگە تاوە وە کە رووبەرووی بووەوە، دەربەستی ئەوە بوو بەخاوەن مەکتەبەی کەرکوکی بفرۆشێتەوە، ئەویش هەندێ ئامێری نوێی بۆ زیادکرد و بۆ شەقامی بازرگانی گواستەوە، دەستی کرد بە چاپ کردنی پەڕاوی بازرگانی و پەڕاو و قورتاسیەو کتێب و ساڵنامەی دیواری و رۆژنامە کە لەسەردەمی کۆماریدا دەرکران، ئێمە دەتوانین لە میانەی نووسینەکانی نووسەر(عەتاتەزی باشی)ئەوە بسەلمێنن کە، رادەی کاریگەری عوسمانیەکان لە سەر شارێکی زیندووی وەکو کرکووك دەربخەین ، بە جۆرێك عوسمانیەکان لە میانەی دەسەڵاتیان بەسەر عێراقدا توانیان کار لە بارودۆخی گشتی و زمان و تا گۆڕینی ناوی شەقام، گەڕەك، کۆڵان، قوتابخانە، مزگەوت، ناوی کەسان، کونیەو نازناو بکەن، چونکە دەسەڵاتی عوسمانیەکان رێگایەکی تازەیان بۆ گۆڕینی ناسنامەی کەرکوك گرتەبەر، ئەویش لە رێگەی داسەپاندنی هەندێ نازناوی پیشەیی لەسەرهەندێ بنەماڵەی کوردی لە شاری کەرکووك دا بۆ سرینەوەی ناسنامەی ئەسڵیان کە ئەوانەیش لە رەگەزنامەی عوسمانی تۆمارکران و، ئەو نازناوانەش ئەگەرچی تا ئێستاش کاتی خۆی کاریگەر بوون و . ئەو نازناوەنە بە خاوەنەکانیانەوە نوسان، بەڵام نەیان توانی بنچەو رەسەنی راستەقینەی بنەماڵەکانی کەرکوك، لە شەقام و گەڕەك و کۆڵانەکان و مێژووە رەگ داکوتاوەکەی بسڕێتەوە.

# راگەیەندراوی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان

به ئامانجی زیاتر کاراکردنی رۆڵی رۆژنامەنووس لەکوردستان و لەسەرجەم کایەو ئاستە جۆربەجۆرەکان و بەشداری کردن لەو هەوڵانەی کە لەسەر رێگای سڕینەوەی ئاسەوارە ترسناکەکانی شەڕی نێوخۆ، رۆژی ٢٠٠٣/٦/١٥

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان کرد. ئەم کۆبوونەوەیە بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەبوو کەوا سەندیکا و یەکێتی رۆژنامەنووسان لە (٣١)ی ئایاری ٢٠٠٣ لە شاری سلێمانی لەسەری رێککەوتبوون و خوودی کۆبوونەوەکەش لە دەرەنجامی سەردانی نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسان کە بریتی بوو لە بەڕێزان زیرەک کەمال و عەبدولڕەزاق عەلی هاتبووە کایەوە ئەمەش دەقی راگەیەندراوی هاوبەشی هەردوولایە کە تیایدا لەسەر کۆمەڵێک بابەت و بڕگەو پرسی زیندووی سەرگۆڕەپانی سیاسی بەگشتی و مەسەلەکانی تایبەت بە رەوتی رۆژنامەنووسان لەکوردستان کراوە.

به مەبەستی زیاتر پتەوکردن و کاراکردنی رۆڵی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێو کایەو مەیدانە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و بەشداریکردن لەسڕینەوەی ئاسەوارەکانی دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی نێوەندە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان، رۆژی (٢٠٠٣/٥/٣١) لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەک لەنێوان ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنجوومەنی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوە چوو.

دواتر بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەو خاڵ و بابەتانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریان لەسەر درابوو، هەروەها زیاتر هەنگاونان بەرەو پراکتیزەکردنی ئامانجەکان، کەخۆی لە یەکخستنی هەردوولا دەبینێتەوە، رۆژی (٢٠٠٣/٦/١٥) لەشاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی دیکە لەنێوان هەردوولا ئەنجامدرا، کە نزیکەی دوو کاتژمێر و نیوی خایاند.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوای ئەوەی هەردوولا بەشێوەیەکی بابەتییانە تاووتوێی کۆمەڵێک مەسەلەڕ گرنگی تایبەت بەڕەوشی کاری پیشەیی، کۆمەڵێک بڕیاری گرنگ و چۆنایەتییاندا، کەبریتیبوو لە دورستکردنی نێوەندێکی هاوبەش بۆ هەردوو رێکخراوەکە بەناوی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان و دواتر لیژنەیەک بەناوی ئەنجوومەن بۆ فیدراسیۆنەکە هەڵبژێردرا کە ژمارەیان بریتیبوو لە (١٢)ئەندام.

هەروەها هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ئەرکەکانی ئەم ئەنجوومەنە دەستنیشانکرا کە بریتیبوو لەم خاڵانە:

١-خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی سەرتاسەریی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە تاکو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) ئەنجام بدرێت.

٢-یەکخستنی هەڵوێست و بۆچوون دەربارەی ئەرکە نیشتمانی و پیشەییەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا.

٣-هەوڵدان بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ رێکخراوە رۆژنامەوانییە نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها بڕیاردرا، هەردوو یەکێتی و سەندیکا لەسەر

ئاستی نێوخۆیی و هەڵسووڕاندنی کاروباری رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بن تاکو بەستنی کۆنگرەی سەرتاسەری.

شایانی باسە کۆبوونەوەکە بەگیانێکی بەرزی نیشتمانپەروەرییەوە زیاتر جەختی لەسەر یەکخستنەوەی هەردوو نێوەندی رۆژنامەنووسی

و زیاترگەشەپێکردنی رەوشی رۆژنامەنووسی لە کوردستان و پاراستنی پێکهاتەی مۆزائیکی سەندیکاو یەکێتییەکە کردەوە.

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجوومەنی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان

هەولێر

٢٠٠٣/٦/١٥

*رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٠٩٤)ی رۆژیی شەممەی ٢٠٠٣/٦/١٧دا بڵاوکراوەتەوە.

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
## تیرۆر کردنی ئەحمەد کەریم-ی رۆژنامەنووس مەحکوم دەکات

شەوی ٢٠٠٣/٧/٣\٢ لە شاری موسڵ دەستێکی تیرۆریست و دژ بە پرۆسەی ئازادی عێراق کاکە ئەحمەد کەریمی رۆژنامەنووسی لە شاری موسڵ تیرۆر کرد. هەربەم بۆنە خەمناک و دڵتەزێنە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەم راگەیەندراوێکی بڵاو کردوەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.

لە دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەغداو، ئازاد کردنی گەلی عێراق لە جەورو ستەمی ئەم رژێمە نەگریسە، سەرەتایەکی نوێ لە وڵاتەکەمان دەستی پێکردو، دەروازەیەکی نوێش لە سەرجەم ئاستەکاندا بۆ گەلەکەمان کرایەوە، بزووتنەوەی رۆژنامەگەرییش لە بواری چلۆنایەتی دا چووە نێو بارودۆخێکی نوێوە.

دیارە لەنێو ئەم وەرچەخانە نوێیەش کۆمەڵێک ئەرکی نوێ و گرنگیش کەوتنە سەر شانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکەی کوردستان، سەتەلایتی کوردستانیش وەکو بەشێکی گرنگ لەم بزووتنەوە رۆژنامەگەرییە زیاتر بەرەوی بە کاری رۆژنامەوانی خۆیداو، لە زۆربەی

شارە گەورەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی رووخاو، نووسینگەو بارەگای خۆی کردەوە، بەڵام وا دیارە پاشماوە پۆخڵ و نەگریسەکانی دیکتاتۆرو، نا حەزانی ئازادی و دیموکراسیی، بەردەوامن لەسەر دروست کردنی لەمپەرو بەربەست لەبەردەم کاروانی ئەم بارودۆخ و سەردەمە نوێیە، ئەوەبوو شەوی (٢٠٠٣/٧/٣\٢) تاقمێکی تیرۆریست لە پاشماوەکانی ئەو رژێمە گۆڕبەگۆڕە هەڵیان کوتایە سەر نووسینگەی سەتەلایتی کوردستان و، کاکە (ئەحمەد کەریم)ی رۆژنامەنووسیان شەهید کرد، کاکە ئەحمەدی شەهید لە دایک بووی ساڵی (١٩٦٣)ی شاری شەقڵاوەیەو، ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، هەروەها کاک (هۆشیار ئەحمەدی)ی خەڵکی شاری سمێل سەر بە پارێزگای دهۆک،

کە ئەویش کارمەندی نووسینگەکە بوو و، بە سەختی بریندار کرا.

ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئەم کارە دزێوو چەپەڵە ریسواو مەحکوم دەکەین، لە هەمان کاتیشدا داوا لە هاوپەیمانان دەکەین هەرچیی زووە پەلە بکەن لە گرتن و سزادانی دەستەو تاقمە تێکدەرەکانی بەعسی رووخاو و، هەنگاوەکانیش لەسەر رێگای بونیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی و سڕینەوەی سەرجەم ئاسەوارە ترسناکەکانی کاراتر بکرێن.

هەروەها بواری داکۆکی کردن، لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان زیاتر فەراهەم بکرێن و، گرنگی پێ بدرێت، چونکە رەوتی رۆژنامەنووسان لە کوردستان بەشێکی گرنگ و چالاک بووە.

لە بەشداریی کردنی پرۆسەی رزگار کردنی عێراق لە دیکتاتۆرییەت، بە قەڵەم و کامێراو دەنگ و رەنگ، وزەو توانای خۆیان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە تەرخان کرد. بۆیە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی هاوپەیماناندایە.

سلاو بۆ گیانی پاکی شەهید کاکە (ئەحمەد کەریم)و سەرجەم شەهیدانی کاروانی رۆژنامەنووسی و ئازادیی بیرو را. هەروەها هیوای چاک بوونەوەش بۆ کاکە (هۆشیار ئەحمەد) دەخوازین، دڵنیاشین کەپاشماوەکانی بەعسی رووخاو هەرگیز ناتوانن پەی بە هێزو وزەو توانای داهێنەرانەی تێکۆشەران و نیشتمانپەروەران ببەن و، ئایندەش هەر بۆ دیموکراسیخوازان و رێبوارانی کاروانی پێشکەوتن و نوێخوازی دایە، لە ناوچوونی یەکجارەکیش هەر بۆ تاقمە مرۆڤ کوژەکانی بەعسی گۆڕبەگۆڕە.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٢٠٠٣/٧/٣

## نوێنەری سەندیکا لەگەڵ ژمارەیەك رۆژنامەنووسی بەغدا کۆبوونەوە

بەمەبەستی ئاگادار بوون لە رەوشی رۆژنامەنووسی لەدوای (٩) نیسان، واتا رۆژی کەوتنی پەیکەری سەدامی دیکتاتۆرو وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئاقاری کارکردن و نەخشەو پرۆژەی رۆژنامەنووسان لە شاری بەغدا، رۆژی ٢٠٠٣/٧/١٠ شاندێکی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان زیرەک کەمال جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان و حاکم ئازاد حەمەڕەش ئەندامی ئەنجومەن و سەردانی شاری بەغدایان کرد لە بارەگای کۆنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق لەگەڵ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسی کۆبوونەوە. شاندی ئەنجومەن، لەم کۆبوونەوەیەدا، لە نزیکەوە بە شێوەیەکی راشکاوانە هەڵوێست و دیدی سەندیکایان بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە راگەیاند و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان خاوەنی پەیامی راستەقینەو قەوارەی سیاسی و رۆژنامەوانی سەربەخۆیەو بەهیچ شێوەیەک نابێتە بەشێک لە هیچ سەندیکا و پەیوەندیێکی عێراقی و ئامادەیی سەندیکاشیان دەربڕی لە پشتگیرکردنی مەعنەوی هەر

هەوڵێک کە کار لە پێناوی هێنانەکانی سەندیکایەکی سەربەخۆو دیموکراتیانە بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراق بکات و ئەو پشتگیری ئەو پشتگیریە مەعنەوییەشی لە ڕێگای لیژنەیەک دیاری کرد.

## ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

بە مەبەستی زیاتر تاووتوێ کردنی پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەنووسیی و زیاتر یەکخستنی هەنگاوەکان رووەو بەستنی کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسان و هەڵوەستە کردن لەسەر ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی پەیوەستن بە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی، ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دووەمین کۆبوونەوەی خۆی، لە ڕۆژانی ٢٠٠٣/٧/٢٠-٢١دا لە شاری سلێمانی ئەنجامداو دواتریش ئەم ڕاگەیاندراوەی ڕاگەیاند:-

**ڕۆژانی ٢٠-٢١/٧/٢٠٠٣ ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دووەمین کۆبوونەوەی خۆی لەشاری سلێمانی، بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن، ئەنجامدا.**

ئەنجومەن لە سەرپرسی پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەوڵەی لە ئارادایە بۆ دروست کردنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق و هەر ڕێکخراوێکی تری هاوشێوەی ئاوا سەرتاسەریی عێراق وەستاو هەڵوێستی خۆی بەمجۆرەی خوارەوە دیاری کرد:

یەکەم: فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پارێزگاری لەسەربەخۆیی ڕێکخراوەیی خۆی دەکات و بەشداری ناکات لە دروستکردنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی چاوەڕێکراو.

دووەم: پەیوەندی فیدراسیۆن لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە حاڵەتی دروستبوونیدا پەیوەندی هەماهەنگی دەبێت کە لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ڕێکدەخرێت.

سێیەم: هەر ڕۆژنامەنووسێکی ئەندام لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ببێت بە ئەندام لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە حاڵەتی دروستبوونیدا مافی ئەندامەتی فیدراسیۆن لەدەست دەدات.

بەرەو زیاتر بەنەریتکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و بەدیهێنانی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان

ئەنجومەنی فیدراسیۆنی
ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
سلێمانی٢١ /٢٠٠٣/٧

## ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ هەردوو لیژنەکە کۆبووەوە

ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/٣١ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ هەردوو لیژنەی سەر بە ئەنجوومەن لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کردن کۆبووەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک خاڵ و برگەی زیندووی تایبەت بەرەوشی ڕۆژنامەنووسی شرۆڤە کرا.

پێـک هێنـانی فیدراسـیۆنی رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و بەئەنـدام بـوونی سـەندیکا لـە فیدراسـیۆنی رۆژنامونووسـی نێـو دەوڵـەتی و چـۆنیەتی پەیوەنـدی سـەندیکا لەگـەڵ لیژنـەی ئامادەکـاری سـەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق سێ پرس و تەوەرە و گرنگی کۆبوونەوەکە بـون و ئەنجوومـەن بـەووردی قامکی لەسەر ووردەکارییەکانی تایبەت بەم مەسەلەیە دانا.

# ئاگاداربیەك لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانەوە

ئەنجومـەنی فیدراسـیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سێ یـەمین کۆبوونـەوەی خۆیدا بڕیاریدا سێ لیژنەی تایبەت بە هەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی رۆژنامەنووسـان بـۆ کـۆنگرەی گشتی خۆی، پێکهێنا.

- لیژنـەی یەکـەم لـە سـنووری سـلێمانییە سـەرۆکایەتی کـاک مستەفا ساڵح کەریم

- لیژنەی هەولێر بە سەرۆکایەتی زیـرەک کـەمال و ئەنـدامێتی ئەکەد موراد و ئینتسار ئەبوبەکر و خالـد عەبـدوڵلا و شـەوقی حوسێن

- لیژنەی دهۆک بە سەرۆکایەتی فەهیم عەبدوڵلا.

- دواتـر هـەر بـەم بۆنەیـەوە ئەنجوومـەن راگەیانـدراوێکی بلاوکردەوە کە تیایدا بڕیاریدا کـەوا رۆژی ٢٠٠٣/٨/١٥، تـاکو رۆژی ٢٥ـ٩ـ٢٠٠٣ کـاتی ئەنجامـدانی پرۆسـەکە بێـت و ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە لەگـەڵ لیسـتی دەزگاکـانی راگەیاندن:

سەرنجی سەرجەم دەزگاکانی راگەیانـدنی کوردستان بـۆ ئـەوە رادەکێشـین، کـە بـەپێی ئـەو خشتەی خوارەوەی دیاریی کراوە بـۆ پرۆسـەی هەڵبـژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سەرانسەری رۆژنامەنووسـانی کوردستان لـە دەزگاکان دەست پێدەکات.

تکایـە لـە ئێسـتاوە رۆژنامەنووسـانی ئەنـدام لـە سەندیکا ئاگادار بکەنەوە، بـۆ ئامادەبوونیـان لـەکاتی دیـاری کـراودا بـەپێی بڕیـاری ئەنجوومـەنی فیدراسـیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

بـۆ ئاگـاداریش لیژنـەی سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن بریتین لەم رۆژنامەنووسانە:

١ـ زیرەک کەمال

سەرۆکی لیژنە

٢ـ ئەکەد مراد

جێگری سەرۆک لیژنە

٣ـ ئینتسار بەکر ساڵح

ئەندام لیژنە

٤ـ خالد عەبدوڵلا

ئەندام لیژنە

٥ـ شەوقی حوسێن

ئەندام لیژنە

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە
١١ /٢٠٠٣/٨

تێبینی: مافی هەڵبژاردن و بەشداری، تەنیا بۆ ئەم رۆژنامەنووسانەیە، کە ئابوونەی ساڵانەیان داوەو تازەکردۆتەوە.

لیستی ناوی دەزگاکان لەگەڵ رۆژی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردن

| ناوی دەزگا | رۆژ | ناوی دەزگا | رۆژ |
|---|---|---|---|
| راگەیاندنی ئازادی، رۆژنامەی رێگای کوردستان | ٢٠٠٣/٨/١٦ | رۆژنامەی رزگاری گۆڤاری کاروان | ٢٠٠٣/٨/٣٠ |
| رادیۆو تەلەفزیۆنی ئاشوور، رۆژنامەی بەهرا/ بانیبال | ٢٠٠٣/٨/١٧ | گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە | ٢٠٠٣/٨/٣١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەزگای راگەیاندنی گوڵان | ٢٠٠٣/٨/١٩ | گۆڤاری خەباتی قوتابیان، گۆڤاری پێشکەوتن | ٢٠٠٣/٩/١ |
| گۆڤاری هەرێم | ٢٠٠٣/٨/١٩ | گۆڤاری هەنگ، کۆمەڵەی رۆشبیری تورکمان | ٢٠٠٣/٩/٤ |
| تەلەفزیۆنی هەرێم، رادیۆی هەرێم | ٢٠٠٣/٨/٢٠ | رۆژنامەو رادیۆی بێت نەهرێن /رۆژنامەی دەنگی میللەت | ٢٠٠٣/٩/٥ |
| رۆژنامەی خەبات | ٢٠٠٣/٨/٢٣ | دەنگی قەلا، یاساپارێزی | ٢٠٠٣/٩/٧ |
| سەتەلایتی کوردستان | ٢٠٠٣/٨/٢٤ | رۆژنامەی وەرزش/ رۆژنامەی میدیا | ٢٠٠٣/٩/٨ |
| تەلەفزیۆنی کوردستان، رادیۆی دەنگی کوردستان | ٢٠٠٣/٨/٢٥ | گۆڤاری الهدر، گۆڤاری کشتوکاڵ | ٢٠٠٣/٩/١١ |
| رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆنی یەکگرتوو | ٢٠٠٣/٨/٢٦ | رۆژنامەڕ حەمرین، گۆڤارڕ ژیار، رۆژنامەڕ پاڵە | ٢٠٠٣/٩/١٢ |
| رۆژنامەی هاووڵاتی | ٢٠٠٣/٨/٢٧ | متفرقە | ٢٠٠٣/٩/١٣ |

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

# شەهید کردنی اية الله العظمى محمد باقر الحكيم مەحکوم دەکەین

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە راگەیاندراوێکی هاوبەشدا بەناوی سەرجەم نووسەران و رۆژنامەنووسانی کوردستان شەهیدکردنی اية الله العظمى محمد باقر الحكيم یان مەحکوم کرد و بەسەرەتایەکی ترسناکیشیان زانی لە بارودۆخی ئەمڕۆی سیاسی عێراقداو ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:-

گەلانی عێراق بە گشت نەتەوەو کەمینە نەتەوەو ئایین و ئاینزاکانەوە دەیان ساڵە لەژێر ستەم و وەحشییەت و دیکتاتۆریی رژێمی بەعس و سەدام دا، ئەوپەڕی تاوان و سوکایەتی پێکراوە، کە رەنگە لە مێژووی بەشەریەتدا هاوێنەی نەبێ، بە کۆمەڵ کوشتن و گۆڕستانی بە کۆمەڵ و کیمیاباران کردنی ملیۆنەها لە عێراقییە تێکۆشەرەکان، نموونەیەکی تۆماری تاوانە زۆرەکانی بەعس بن، کە کوردو شیعەش لە پێشەکی قوربانییەکان دێن، دوای راپەڕین و قوربانییە زۆرەکانی گەلانی عێراق و دواترینیان لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقدا، بە ئومێدەوە دەڕوانینە پاشەڕۆژێکی سەرفرازو عێراقێکی ئازادو دیموکراسی و فیدرالی، کەچی زۆر بەداخەوە، هێشتا چڵکاوخۆرەکانی رژێمی رووخاوی بەعس و داخ لە دڵانی کۆنە پەرست دەیانەوێ رەوڕەوەی مێژوو بە تاوانە ئیرهابی و ترسنۆکەکانیان راگرن و دەیانەوێ خوێن لە جەستەی عێراق هەر رێچکە ببەستێ و ئەم میللەتە ئارام و ئاسوودە نەژی، گەورەترین تاوانیش تەقاندنەوەی ئەو ئوتومبێلە بوو کە لە نەجەفی پیرۆزکرا، تێیدا تێکۆشەری گەورەو مەرجەعییەتی ناسراو محمد باقر الحكيم لەگەڵ سەدانی دیکە شەهیدو بریندار بوون.

شەهید محمد باقر الحكيم، شەهیدی گشت گەلانی عێراقە، ئێمە وەکو نووسەرو رۆژنامەنووس و ئەدیبانی کورد، لە کوردستان بە توندی ئەو تاوانە مەحکوم دەکەین و لەبەری دەوەستین و داواکارین بە زووترین کات تیرۆریستان بە سزای گەل بگەیەنرێن و ببن بە پەند تا جارێکی دیکە دەستیان نەچێتە خوێنی تێکۆشەران و خەڵکی سیڤیل و ژێرخانی ئەم نیشتمانە وێران نەکەن..

بەڕێزان..

لە کاتێکدا ئەم کارە نامرۆڤانەیە بە توندی ریسواو مەحکوم دەکەین وێڕای خەبات و تێکۆشان و هەڵوێستی نیشتمانپەروانەو پشتگیری کردنی شەهید اية الله محمد

باقر الحکیم لە داواکانی ڕەوای خەڵکی کوردستان و لە بەجێهێنانی خەونە ڕەواکانی کورد، وێڕای ئەو قوربانییە گەورەی لە ژمارەی خێزانی ئەو مرۆڤە خۆڕاگرە، نەتەوەی کورد هەرگیز هەڵوێستی جوامێرانەو بە جورئەتی خوالێخۆشبوو (محسن الحکیم)یش لەبیر ناکات، کە (٤٠) ساڵ لەمەوبەر ئامادە نەبوو بە یەک وشەش، دژایەتی شۆڕش و خەباتی ڕەوای گەلی کوردستان بکات.

ئێمە سەرجەم نووسەرو ئەدیب و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، شەهید بوونی ئەم مرۆڤە گەورەیە بە زیانێکی گەورە دەزانین و پشتیوان و دڵسۆزێکی دۆزی ڕەوای کوردو کوردستانمان لەدەست چوو، بۆیە بە بۆنەی ئەم کارەساتە گەورەیە ڕوو لە سەرجەم هاوڕێیانمان، لە ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و نووسەرانی عێراق و عارەب و ڕای گشتی جیهان، دەکەین، هەموومان دەبێ هۆشیارانەترو بابەتیانەتر تەماشای ئەمڕۆی عێراق و پاشەڕۆژو دابین کردنی تەبایی و پتەو کردنی ڕیزەکانمان لەپێناو نەهێشتنەوەی درزو کەلێنێک تاکە دوژمنانی وڵاتەکەمان و تیرۆریستان و دوژمنانی ئازادی و دیموکراسییەت بتوانن بە کارە تیرۆری و ترسنۆکەکانیان گەمە بە چارەنووسی ئەم گەل و نیشتمانە نەکەن..

بەتایبەت ئەرکی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دەوڵەتی یاساو گەڕاندنەوەی ئیرادەی سەربەخۆ بۆ گەلانی عێراق لە ئەرکە بەراییەکانی موفەکیرو ڕۆشنبیرانە، دەبا هەموو قەڵەم و هەوڵە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانمان لەپێناو ئاسایش و ئازادی و دیموکراسییەت و فیدرالییەت بێ بۆ وڵات و کۆمەڵگەیەکی سەفراز.

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادی یەکێتی نووسەرانی کورد

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٢٠٠٣/٩/١

## لە کۆڕی ئەمڕۆی نووسەران و ڕۆژنامەنووساندا
## د. مەحمود عوسمان لە (ڕەوشی عێراق و ئایندەی کوردستان) دەدوێ

کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/٢١، لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەهاوبەشی، کۆڕێکیان بۆ بەڕێز (د.مەحمود عوسمان)، ئەندامی ئەنجومەنی حوکمرانی عێراق، بە ناونیشانی (ڕەوشی ئێستای عێراق و دەستوورو ئایندەی کوردستان) ساز دەکرد. کۆڕەکە لە باخچەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوە چوو.

## ڕاگەیێندراوێك لە
## ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژانی ١ و ٢٠٠٣/١٠/٢ لە شاری دهۆک، ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سێیەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، لەم کۆبوونەوەیدا ئەنجومەن کۆمەڵێک بابەت و تەوەری گرنگی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوەو کارو ئەرکی ئەو لیژنانەشی تاوتوێ کرد کەوا ئەنجوومەن، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی،

دروستی کردوون و دواتریش راگەیەندراوێکی بلاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

دوای ئەوەی هەردوو ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سلێمانی لە ناوەراستی حوزەیرانی ٢٠٠٣ بە مەبەستی یەکخستنەوەی هەردوو رێکخراو ژمارەیەک دیدارو کۆبوونەوەی هاوبەشیان لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر ئەنجامدا و دواتریش ئەنجومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستانیان راگەیاند، دوای ئەمەش ئەنجومەنی فیدراسیۆن بەردەوام بوو لەسەر کۆبوونەوە و چالاکیەکانی خۆی بە مەبەستی خۆشکردنی زەمینە و دابین کردنی میکانیزمەکانی بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی سەرانسەری بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان و وەرگرتنی هەڵوێستێکی هاوبەشانە لەسەردەرکەوتەو پێشهاتەکان لەسەر ئاستی سیاسی و پشەیی. هەر لەم چوارچێوەیەشدا فیدراسیۆن لە رۆژی ١و٢-١٠-٢٠٠٣ لە شاری دهۆک سێ یەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و لە میانەی ئەم کۆبوونەوەیەشدا ژمارەیەک بریارو راسپاردەی گرنگ و بابەتی لەمەر کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگ وەرگرت، کۆبوونەوەکە دەسپێکی کارەکانی خۆی بە پێداچوونەوە بە ئەرک و چالاکی ئەو لیژنانەدا دەستی پێکرد کە ئەنجومەن بە مەبەستی ئامادەکردنی ئالیەت و رەخساندنی زەمینەی بەستنی کۆنگرە دروستی کردوون، هەرلەم کۆبوونەوەیەشدا لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە لیستی نوێنەرانی کۆنگرەی خستە بەردەمی ئەنجومەن، کەوا دەزگاکانی راگەیاندن و نێوەندەکانی رۆژنامەگەری لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر لە رێگای بەستنی کۆنفراسی تایبەتی خۆیان لەسەر بنەمای بۆهەر پێنج رۆژنامەنووس نوێنەرێک هەڵیانبژاردبوون، دواتر لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی خوێندەوە کەوا تیایدا خەملانی خۆی لەسەر ئەو پێداویستیانەکرد بوو کەوا کۆنگرە بۆ بەستنی خۆی پێویستی پێیەتی، ئینجا ئەنجومەن سەیری ئەو ئارمانەی کرد کە ژمارەیەک لە هونەرمەندانی کوردستان بۆ دروشمی کۆنگرە ئامادەیان کردبوون، داتریش هەڵبژاردوە یەکێک لەو نموونانە دواخرا بۆ ماوەیەکی تر، ئەنجومەنی فیدراسیۆن، هەرلەم کۆبوونەوەیەدا، بریاریدا کەوا کۆنگرەی گشتی خۆی لە مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵ ببەستێت و ناوی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەکەش بە پێی ئەلف و بێ لە دەزگاکانی راگەیاندن لە ناوەراستی ئەم مانگەدا بلاوبکرێنەوە و بۆئەم مەبەستەش ئەنجومەن داوا لەسەرجەم ئەندامانی هەڵبژێدراو بۆ کۆنگرەی گشتی دەکات کەوا وێنەیەکی خۆیان بدەنە هەریەک لە بارەگاکانی ئەنجومەن، لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی، بەمەبەستی دروست کردنی باجی تایبەتی خۆیان.

لەتەوەرەیەکی تری کۆبوونەوەی خۆیدا، ئەنجومەنی فیدراسیۆن، تاوتوێی ئەو نامانەی کرد کەوا لەلایەن هەریەک لە لیژنەی ئامادەکاری سەندیکای رۆژنامەنووسان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراقی ئاراستەی کرابوو، جارێکی تریش ئەنجومەن جەختی لەسەر ئەو هەڵوێست و مەبدەئە بنچینەییەی خۆی کردەوە کەوا لەمانگی تەمووزی رابردوو لەسەر ئەم مەسەلەیەدا خستبوویە روو کە تیایدا راشکاوانە سەربەخۆیی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستانی راگەیاندبوو کە نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەو رۆژنامەنووسانەی کوردستانیش دەکات کە لە بەغدا خەریکی کاری رۆژنامەوانین، هەروەها

فیدراسیۆن بەمافی رەوای خۆی دەزانێت کە قەوارەی خۆی بەسەربەخۆیی بهێڵێتەوە رێگا بەهیچ ئەندامێکی خۆشی نادات ببێتە ئەندامی هیچ سەندیکاو یەکێتیەکی رۆژنامەنووسی کە لە بەغدا دادەمەزرێت.

هەر لەم گۆشە نیگایەشەدا هیچ ئەندامێکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداریی هیچ لیژنەیەک و هەڵبژاردنێکی ئەوان ناکات و هەرکەسێکیش لە ژێر هەر ناوێک بێت بەهیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی ئێمە ناکات.

چونکە ئەنجومەنی فیدراسیۆن بریاری داوە ئەگەر لە ئایندەدا نێوەندێکی رۆژنامەنووسان لەسەر بنەمایەکی دیوکراسیانە لە بەغدا دامەزرا پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەو نێوەندە لە رێگای لیژنەیەکی تایبەتی خۆیەوە دەبێت، کەئەم لیژنەیە ببێتە پردی نێوان هەردوولا بۆ هاوکاریکردنی یەکتری لەرووی پیشەیی و مەعنەوی.

جێی باسە ئەنجومەنی فیدراسیۆنی هەرلەم کۆبوونەوەیەدا بریاریدا دوای بەستنی کۆنگرەی گشتی خۆی لقێکی لە شاری بەغدا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو لقە سەرجەم ئەو رۆژنامەنووسانەی کوردستان بگرێتەخۆی کەلە شاری بەغدان و خەریکی کاری رۆژنامەنووسین.

هەروەها کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فیدراسیۆن جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا هەرچی زووە لیژنەکان پەلە بکەن لە خۆ ئامادەکردن و دابینکردنی میکانیزم و پێداویستەکانی بۆ ئەوەی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسان لەسات و کاتی دیاریکراوی خۆی ببەسترێت.

دواتر کۆبوونەوەکە لە کۆتایی کارەکانی خۆیدا سوپاس گوزاری خۆی ئاراستەی لقی دهۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد کەوا شوێن و پێداویستەکانی بە مەبەستی کۆبوونەوەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان و هەروەها بریاریش درا ئەنجومەنی فیدراسیۆن کۆبوونەوەی داهاتووی خۆی لە شاری هەڵەبجەی شەهید ئەنجام بدات.

ئەنجومەنی فیدراسیۆنی
رۆژنامەنووسانی کوردستان
دهۆک ٢٠٠٣/١٠/٢

## راگەیێندراوی چوارەمین کۆبوونەوەی
## ئەنجومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان

لە پێناوی زیاتر تۆکمە کردن و پتەوکردنی هەنگاوەکانی فیدراسیۆن بۆ راپەڕاندنی ئەرکە مێژوییەکانی خۆی و دارشتنی نەخشەو پلانی باشترو خێراتر رووەو بەستنی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسان ، رۆژانی ٢٣- ٢٤ /٢٠٠٣/١٠ ئەنجومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەڵەبجەی شەهید چوارەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێدا و دواتر بەم بۆنەیەوە ئەنجومەن راگەیەندراوێکی بلاو کردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی :

رۆژانی ٢٣- ٢٤/١٠/٢٠٠٣ ئەنجومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان چوارەمین کۆبوونەوەی خۆی لە شاری هەڵەبجەی شەهید ئەنجامدا.

سەرەتا ئەنجومەن بەر لە دەستپێکی کارەکانی خۆی سەردانی یادگاری هەڵەبجەو مەزاری شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە کردو چەپکە گوڵی

ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنوسانی کوردستانی لەسەر مەزاری شەهیدان دانا، دواتر ئەنجوومەن لە هۆڵی یادگاری هەڵەبجە دەستی بە کۆبوونەوەکانی خۆی کردو سەرەتای کۆبوونەوەکەش پێدا چوونەوە بوو بەئەرك و کارەکانی ئەو لێژنانەدا کە ئەنجوومەن بۆ مەبەستی ئامادەکاریی بەستنی کۆنگرەی گشتی دروستیکردوون.

لەپاشان ئەنجوومەن دوای گفتوگۆیەکی بابەتیانە بڕیاریدا کۆنگرە لەژێر دروشمی (لە پێناو چەسپاندنی رۆوژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان)دا بەڕێوە بچێت، هەروەها بابەتێکی تری کۆبوونەوەکە قسەکردن و تاوو توێکردنی ئەو فۆرمانە بوو کە ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کوردستان بۆ ئارمی کۆنگرەی گشتی ئامادەیان کردبوو، دواتریش ئامادەبووانی کۆنگرەکە کۆبوونەوە کە ئارمەکەی هونەرمەند محەمەد فەتاح-یان پەسند کردو باجی ئەندامانی کۆنگرەش بڕیاری لەسەر درا.

هەروەها تەوەرێکی تری سەرەکی کە چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە شێوەیەکی بابەتیانەو تێرو تەسەل هەڵوەستەی لەسەر کرد لەدوایشدا بەووردی گفتوگۆی لەبارەوە کرد ، ئەو پرۆژەیە بوو کە لێژنەی پێداچوونەوە بەیاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی کردبوو، دوای شیکردنەوەی هەڵوەستەکردنی لەسەر برگەو بابەتەکانی ئەم پرۆژەیە پەسندکرا.

جێی باسە کۆبوونەوەکە بڕیاریدا گۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەرۆژی (١٣، ١٤و ٢٠٠٣/١٢/١٥)دا لەشاری هەولێر بەرێوەبچێت.

لە کۆتاییشدا ئەنجوومەنی فیدراسیۆن سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی دەستەی ئیداریی یادگاری هەڵەبجەو بەرپرسانی حکومی و حزبی شارەکە کرد کە بەوپەڕی گەرمی و دڵسۆزییەوە لە پێشوازی ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوون و بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە هەماهەنگی و ئاسانکارییان کرد.

هەڵەبجەی شەهید
٢٠٠٣/١٠/٢٤

# تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس ئەحمەد شەوکەت مەحکوم دەکەین

رۆژی ٢٨/ ٢٠٠٣/١٠ لە شاری موسڵ رۆژنامەنووس ئەحمەد شەوکەت تیرۆرکرا، بەم بۆنەیەوە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، وەکو نەریتێکی چەسپاوی خۆی، راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

رۆژی ٢٨/ ٢٠٠٣/١٠، رۆژنامەنووسی کورد (ئەحمەد شەوکەت)ی سەرنووسەری رۆژنامەی (بلا اتجاه) لەشاری موسڵ تیرۆرکرا.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەو رانگەیەوە کە هەمیشە دژی تیرۆر و رەشەکوژی بووە، بەتوندی تیرۆرکردنی ئەحمەد شەوکەت ئیدانە دەکات و داوا لەدەزگا بەرپرسەکان دەکات تیرۆرکارەکان بدۆزێتەوەو بیانداتە دادگا.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر١ /٢٠٠٣/١١

# ئەندامیەتیمان لە (IFJ)دا

لە ژمارەکانی (٣، ٦، ٧)ی (رۆژنامەڤانی)دا،دەربارەی بەئەندامبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە (**IFJ**)، باسی ئەو نامەکارییەو هەڵوێستانەی نێوان ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و لێژنەی راپەڕاندنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (**IFJ**)مان کردووە، نامەی یەکەم لەسەرەتای بەهاری ساڵی ٢٠٠٠دا، لە هەولێری پایتەختی کوردستانەوە بۆ بروکسلی پایتەختی بەلجیکا نێردراوە، تیایدا داوا کراوە سەندیکاکەمان لەم رێکخراوەدا مافی ئەندامیەتی بدرێتێ.

وەڵامی (**IFJ**)یش، کە بە ئیمزای سکرتێری کۆمیتەی جێبەجێکردن (کریستیان دینز) درابووەوە، پێمان دەڵێ ئەوان ناتوانن، لەبەر هۆی یاساییو دەستوری، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە (**IFJ**)دا وەربگرن، هەرچەند ئەو جەختی لەسەر هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ سەندیکا کردبۆوە، بەلاّم ئێمە لە پێناوی رۆژنامەنووسانی کوردستان و گەیشتن بە مەرامەکانمان کۆڵمان نەدا، بۆیە چەند جارێکی دیکەش، بەهۆی هەوڵی برایانی رۆژنامەنووس: شیرکۆ حەبیب لە لەندەن، حسین سنجاری لە بروکسل، بورهان جاف نوێنەری حکومەتی هەرێم لە یەکێتی ئەوروپا کە بارەگاکەی لە برۆکسلە، ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوانمان لە ئارادابوو، ئەوە سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی (جیم مۆبیلا)ی راوێژکاری یاسایی (داین وایت)ی سکرتێری گشتی(**IFJ**)، کە لە دوادیداری رۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٨دا، لەگەڵ بەڕێز (فەرهاد عەونی) نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە لەندەن ئەنجامدرا، تێکڕای ئەو هەموو نامەو هەوڵ و کۆششانە بوونە هۆکار، بۆ بە ئەندامبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتیی وەك (ئەندامی بەشدار)، ئەمەش یەکەم جارە سەندیکایەکی کوردستانی لە مەحفەلێکی نێو دەوڵەتی وادا وەردەگیرێ.

ئەو فیدراسیۆنە نێو دەوڵەتییەی رۆژنامەنووسان لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی بەکار کردووە، لە ساڵی ١٩٥٢وەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لە کارەکانی بەردەوامە، تا ئەمڕۆ نزیکەی ٤٥٠ هەزار ئەندامی هەیەو سەربە (١٣٠) وولاتن، بۆ دەستەبەرکردنی سەربەستی و ئازادی رۆژنامەنوسییو عەدالەتی کۆمەلاّیەتی و بێ لایەنی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان هەوڵ دەدات، هەر چەندە ئەم رێکخراوە دەزگایەکی سیاسی نییە و کاری سیاسەتیش ناکات، بەلاّم پشتگیری لەمافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و بۆچوونە مەزهەبیەکان دەکات و دژی ئەوەشە کە میدیاکان بۆ کاری رەگەزپەرستییو ناکۆکییەکان بەکاربهێنرێن، لە هەمان کاتدا باوەڕی بەکاری سیاسی و بەرگریکردن لە کەلتوری هەر رێکخراوێکی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە.

ئەندامییەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە٧-٨ی حوزەیرانی٢٠٠٣دا، لە کۆبوونەوەی لێژنەی راپەڕاندن راگەیاندراوە، لەمەولا رۆژنامەنووسانی کوردستان دەتوانن، لە رێگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، داوای ناسنامەی (هویە)ی(**IFJ**)بکەن، ئەمەش سەرەڕای داکۆکی لە ئەندامان، هەرپێشێلکارییەك بەرامبەریان رووبدات لە بواری رۆژنامەنووسیی لە سەرتاسەری جیهان ئاسانکارییان بۆ دابین دەکات.

**(ئەنجومەنی سەندیکا)**

# ناوەرۆکی سەرجەم ژمارەکانی

# ڕۆژنامەڤانی

سمکۆ جەباری

**هێشتا ژمارە ٩ی گۆڤارەکەمان بلاّونەکرابۆوە، شوان سلێمان یابە، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، کە پێشتر، بەچەند بابەتێکی بیبلیۆگرافیای گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردی، بەشداری لە گۆڤارەکەمان کردووە، نیازی وابوو، هەرکاتێ کە (ڕۆژنامەڤانی) ژمارە١٢ی لێ دەرچوو، بەڕێزیان بیبلیۆگرافیایەکی تێروتەسەلی بۆ بکات، بە قسەی ئەو، کە پسپۆریی لەم بوارە پەیدا کردووە، ئەم گۆڤارە خزمەتێکی بە هەموو لایەك کردووە، بۆیە شایانی ئەوەیە بایەخی پێ بدرێ، کاتێکیش نەخشەسازی ئەم جووت ژمارەیە هێنرایە ئەو ئاستەی کە دەربچێ و تەمەنی پڕ لە خزمەتی لە بواری ڕۆژنامەنووسیی بپێچرێتەوە، خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکەمان بە پێویستی زانی بیبلیۆگرافیایەکی بۆ ئامادە بکرێ ، کاتێ داوامان لە مامۆستا شوان کردەوە گفتەکەی خۆی بەجێبێنێ، ئەو پێی وابوو کارەکەی ئەو هی ئەوە نییە بەچەند لاپەڕەیەك پێك بهێنرێت، بەڵکو پتر لە ١٠٠ لاپەڕەی گۆڤارەکەمانی پێ دەوێت، ئێمەش کە ئەم بابەتە شێوە بیبلیۆگرافیایەمان بە ناونیشانی (ڕۆژنامەڤانی-م خوێندەوە)و لە بەردەست بوو، ناچاربووین پوختەی بکەینەوە، ئەو ناونیشانەی سەرەوەشی بۆ دابنێین تا مەبەستەکەمان بپێکین، ئەوە بوو دەستکاری خشتەکەمان کردو ناوەڕۆکەکەیمان بەش بەش کردو خانەیەکیمان لێ لاداو لەگەڵ ژمارەی گۆڤارەکەو لاپەڕەو بابەت خستمانە لای سەرەوەی ناوەڕۆکی هەر ژمارەیەك، جگە لەوەی خشتەی لاپەڕەو ڕۆژی دەرچوون و قەبارەشمان لێ لابرد ، لەبەر ئەوەی گۆڤارەکەمان، جگە لە ژمارە ١ی کە بە پێوانەی (١٨,٥×٢٨)سم دەرچووە، ژمارەکانی دیکە هەموویان تیایدا ڕەچاوی ئەوە کراوە لە (١٩,٥×٢٩,٥)سم تێنەپەڕی، خۆ ئەگەر جیاوازییەك بە یەك دوو ملیم لە پێوانەکەی هەبووبێت، ئەوا لەناو کوردان ئەو جۆرە گوناهانە بەئاوی دەستنوێژ دەشورێنەوە. جگە لەم خالاّنەی سەرەوە ئامادەکاری ئەم بابەتە، وا دیارە لەبیری کردبوو سەروتارو دواوتارەکانی ناوەوەی هەردوو بەرگی گۆڤارەکە لە خشتە سەرەکییەکەدا تۆمار بکات، بۆیە ئێمە ناچاربووین کە ناوی ئەو دوو جۆرە بابەتەش لەگەڵ ئەو تێبینیانە بنووسینەوە کە لە ژێر ناونیشانی (تێبینییەکانی - ڕۆژنامەڤانی)، لە لایەن ئێمەوە، بۆ هەر ژمارەیەك دانراوە.**

**دواجار هیوادارین ڕۆژێك دابێت حەزەکەی مامۆستا شوان سلێمان یابە بێتەدی و لە کتێبێکی سەربەخۆدا بیبلیۆگرافیاکەی بۆ چاپ بکرێ ، سوپاسیش بۆ ئامادەکاری ئەم بابەتە کە جارێ ئەم خەمەی لەکۆڵ کردینەوە .**

### "ڕۆژنامەڤانی"

لە دوای پێداچوونەوەی ژمارەکانی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**)، کە دوویان (٦-٧) لە بەرگێکدا دەرچووە، زمانحاڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، کۆمەڵێك تایبەتمەندی تیا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی کە یەکەم گۆڤاری کوردی ئەم ئەزموونە نوێیەی دوای ڕاپەڕین مێژووییەکەی ساڵی ١٩٩١ی زایینییە، تایبەتە بە کلتووری ڕۆژنامەنووسیی و بەرهەمێکی ناوازەی سەندیکایە،

چاوهەڵهێنانی خەرمانەی خەبات و کۆششی ڕۆژنامەنووسانی کوردە لەبەرەبەیانی سەهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەییمان لە ڕۆژنامەی(کوردستان-٢٢/نیسان/١٨٩٨)ی تاراوگەو گەشتە سەختەکەی لە چەند شارێکی دوور لە خاکی نیشتمان لە ئەنجامی چەوساندنەوەو سەرکوتکردن و ئاوارەییدا.

نۆبەرەیەکی سەربەخێری ڕێچکە شکێن لەسەر دەستی هەردوو گەورە ڕۆژنامەنووسیی ڕابەر، جووتە برا میقداد مەدحەت و عەبدولرەحمن بەدرخان، کە لە سەر زەوی کینانە چاوی بۆ دنیای پڕ لە جەنجاڵی ڕۆژنامەنووسیی هەڵێناو وەکو بلندگۆیەکی ئازاد بۆ ئازادیخوازانی کوردو نەتەوە ژێردەستە گیرۆدەبووەکانی دەستی زۆرداریتی و هۆڤێتی عوسمانی و پردێکی تۆکمەو نەپساوە بۆ برایەتی و هاوچارەنووسیی سەرجەم نەتەوە ماف لێ زەوت کراوەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی پیاوە نەخۆشەکە و سەرکۆنە کردنی گیانی دەمارگیری شۆڤینی نەتەوەیی و ئایینی، و بەربەست کردنی هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان کوردو نەتەوە گیرۆدەکانی دەستی هەمان داگیرکەر، بە تایبەتی گەلی ئەرمەنی قڕکراو. ڕاگوزارکردن بە چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەی دەوری و ڕۆژنامەنووسانی پێشەنگ و گیان بەخت کردوو لە پێناوی ئەو کاروانە نەمرەدا و سەفرازی وشەو ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، لە پێشەوەیان ڕۆژنامەنووسی پێشەنگ شەهید شاکیر فەتاح و مێژوونووسی کاروانی ڕۆژنامەنووسییمان شەهید جەبار جەباری و ڕۆژنامەنووسی تێکۆشەر شەهید موسا عەنتەر و چەندانی دیکە.

هەنگاو هەڵهێنانی ئەم سەندیکایە بۆ بەستنی دوو کۆنگرە و دەرچوواندنی ئەم بەرهەمە دانسقەیە و داین کردنی مافی ڕۆژنامەنووسان و یەکگرتنەوە لەگەل **(یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)** لە چوارچێوەی **(فیدراسیۆن)**، وەکو سەرەتایەك بەرەو گرێدانی **(کۆنگرەی یەکگرتنەوە)** و وەرگرتنی **(فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)** وەکو ئەندامی بەشدار لە **(سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی)**، زەنگێکی دڵخۆشکەرە بۆ ئایندەی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسییمان و لە چاوەڕوانی دەسکەوتی زیاترو شەقاوی بەگوڕتر بۆ پێشەوە.

سەرجەم بابەتە بلاوکراوەکانی گۆڤاری **(ڕۆژنامەڤانی)**، بە پێی تایبەتمەندی بوارەکان، دەتوانین بەم جۆرەی خوارەوە پۆلینی بکەین:

١- **مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و کاریگەریتی لەسەر مەیدانی ژیانی کۆمەڵی کورددا.**

٢- **مێژووی ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەو گەلانی دراوسێی کوردو ڕۆژنامەنووسیی جیهانی.**

٣- **لێتوێژینەوە و هەلسەنگاندنی بلاوکراوە کوردییەکان(ڕۆژنامەوگۆڤار) ، چ ئاشکراو چ نهێنی، لە لەدایکبوونی ڕۆژنامەی(کوردستان)ەوە.**

٤- **ڕۆلی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی لە پێشخستنی شارستانێتی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی و ئەو وتارو بابەتانەی تایبەتن بەکاری ڕۆژنامەنووسییەوە.**

٥- **بابەت و وتارە وەرگێڕاوەکانی دەربارەی ڕاگەیاندن بە سەرجەم کەناڵەکانییەوە.**

٦- **خستنە ڕوو و خوێندنەوەی کتێبە تایبەتییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی و وەرگیراو(مقتبس) و هەڵبژاردە و فەرهەنگ و بەڵگەنامەو ئەرشیف و دیاریی ژمارە.**

٧- **چالاکی و هەواڵەکانی سەندیکاو بەدواداچوون و ڕوونکردنەوە.**

٨- **دۆسیەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان.**

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بەم جۆرە خشتەڕێژ بکەین.

## ژمارە ١ ی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠ ، ( ١٩ ) بابەت، (٢١٨) لاپەڕەیە

| بوار | ژ. بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ١-دەبــێ ڕۆژی ٢٩/٤/١٩٦٧ نەك٦/٥/١٩٦٧ ساڵیادی ڕۆژنامەی برایەتی بێ. | عەبدوڵلا زەنگەنە |
| | | ٢-كورتە باسێك دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی لە كوردستانی عێراقدا | فەرهاد عەونی |
| | | ٣-ڕۆژنامەگەریی لەدەڤەرا بەهدینان | وەسفی حەسەن |
| ٢ | ٣ | ١-لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهانییەوە: لەسەرەتاوە تا ساڵی ١٨١٥ سەرەتاكانی ڕۆژنامەگەریی(١) | و:عەبدولكەریم شێخانی |
| | | ٢.ڕۆژنامەگەریی ئاشووری شارەزایی١٥٠ ساڵ/بەشی یەكەم | سۆزان خوشابا |
| | | ٣-سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی جیهانی و ڕۆشنایی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسیی فەرەنسی و بەریتانی و ئەمەریكی وعەرەبی | غەریب شێخ ڕەئووف |
| ٣ | ٧ | ١-ڕۆژنامەگەریی پاشكۆ پێویستییەكی هەمیشەیی ڕۆژنامەگەری كوردییە | تاریق جامباز غازی حەسەن |
| | | ٢-هەواڵ و ئاگاداری و پڕوپاگەندە لە گۆڤاری ڕووناكیدا | حەمەساڵح فەرهادی |
| | | ٣-بەبۆنەی یادی٧٨ساڵەی دەرچوونییەوە كورتەیەك لە هونەرەكانی ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژنامەی(ڕۆژی كوردستان)دا | حامد محەمەد عەلی |
| | | ٤-لێكۆڵینەوە:ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی كوردستان گرفتەكانیو بڵاوكردنەوە، ڕۆژنامەی یەكگرتوو وەك نموونە | عومەر عەلی غەفور |
| | | ٥-نێرینەك د ڕۆژنامەڤانیا زاروكاندا گۆڤارا سقورە وەك نموونە | ئا: حەسۆ هورمی |
| | | ٦-هەگبەی زانیاری(بانگی كوردستان) چ جۆرە دەنگوباسی بڵاوكردۆتەوە(٢) | ئا: نەتەوەپەروەر |
| | | ٧-پێناسەیەكی كورتی گۆڤاری پێشكەوتن | قارەمان مەهدی |
| ٤ | ٢ | ١-هونەری نووسین و گرفتی ڕێنووسی ئەمڕۆمان | ئەحمەد سەلام |
| ٥ | ١ | ٢-بەرەو ڕۆژنامەگەرییەكی لیبراڵ | كامەران جەلال |
| | | - بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسیی و ڕای گشتی | و:كامەران محەمەد عومەر |
| ٦ | ١ | -خەرمانەی١-٢كتێبی ژمارە(ڕۆژنامەگەریی كوردی چەند سەرەقەڵەمێك لە بارەی تەكنیك و هونەرەكانی) نەژاد عەزیز سورمێ+خەرمانە٢-٢ | غازی حەسەن |
| ٧ | ٢ | ١-هەندێ دیكۆمێنتەكانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان | - |
| ٧ | ٢ | ٢-دۆسیەی ژمارە: (سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان چۆن دروست بوو)؟ | ئا:م.ح(٣) |

## تێبینییەكانی ڕۆژنامەڤانی

**- سەروتار: كاروان بەردەوامە ..! / فەرهاد عەونی**

**(سەروتاری هەر ١٢ ژمارەكەی ڕۆژنامەڤانی- لە نووسینی خۆیەتی)**

**١- نووسینی : فرنادۆ ترۆ- فەرەنسا**

**٢- ئیمزای (نەتەوەپەروەر)، لەمەودوا لەسەر هەر بابەتێك هەبێت، ئەوە هی مومتاز حەیدەرییە.**

**(ئیمزای (م.ح)، لەسەر هەر كام لە بابەتەكان هەبێت، ئەوە مومتاز حەیدەرییە).**

**- دواوتار: ئاسۆی روناكە..: /مومتاز حەیدەری**

**(تا ژمارە ٨ی (ڕۆژنامەڤانی)، دواوتارەكان لە نووسینی خۆیەتی)**

**ژمارە ٢ی ئابی ٢٠٠٠ ، (١٢) بابەت،(١٨٨) لاپەڕە**

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | -چاوگێڕانێك بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی حزبی شیوعیدا | جەلال دەباغ |
| ٢ | ١ | ڕۆژنامەگەری ئاشووری شارەزای ١٥٠سال /بەشی دووەم(١) | و نسۆزان خۆشابا |
| ٣ | ٥ | ١-یۆبیلی زێڕینی گۆڤاری نزار/بەشی یەکەم | د.جەمشید حەیدەری |
| | | ٢-ڕۆژنامەنووسی منداڵان لە کوردستاندا | حەمەساڵح فەرهادی |
| | | ٣-ڕەتدانەوەی ڕۆژنامەوانی لەسەر لاپەڕەکانی (ڕۆژی کوردستان ) و(پێشکەوتن)دا | سۆران عیزەدین فەیزی |
| | | ٤-لەبارەی گۆڤاری(هەنگ)ی منداڵانەوە لە ژمارە(٣٥)ی ١٩٩٩- ژمارە(٥٠)ی ٢٠٠٠ | ڕۆستەم باجەلان |
| | | ٥-دادگاییکردنی خەبات یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی ڕۆژانەی کوردی /بەشی یەکەم | عەبدوڵڵا زەنگەنە |
| ٤ | ١ | ١-ڕۆڵی کۆمپیوتەر وتۆڕی ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەگەریی کوردی | لوقمان قادر ڕواندزی |
| ٥ | ١ | ١-شێوازەکانی سیستەمی رادیۆیی(٢) | و:کامەران محەمەد عومەر |
| ٦ | ٢ | ١-لە ئەرشیفی مامۆستا عیزەدین فەیزییەوە | - |
| | | ٢-بەدواداچوون: ئێمە و ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی جیهان | زیرەك کەماڵ |
| ٧ | ١ | -هەگبەی دەنگوباس و چالاکییەکان(٣) | ڕۆژنامەڤانی |

**تێبینییەکانی ڕۆژنامەڤانی**

- سەروتار: هەر داری بەردار بەردی تێ دەگیرێ..!

١- نووسینی: یوناو بنیامێن

٢- نووسینی: د. ئیبراهیم داقوقی

٣- ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری

- دوا وتار: بەپەلە لەبارەی شارستانییەوە..!

**ژمارە ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، (١٥) بابەت،(٢٨٨)لاپەڕە**

| بوار | ژمارەی بابەت | ناوونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ١-چەند لاپەڕەیەك لەدەفتەری یرەوەرییەکانی ڕۆژنامەنووسێکی خانەنشین(١) | - |
| | | ٢-کورتەیەك لە بارەی ڕێڕەوی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە بەشی خۆرئاوادا - سوریا(٢) | عەبدولقادر بەدرەدین |
| ٢ | ٢ | ١-لە ساڵی ١٨١٥وە تا ساڵی١٩١٤ دەستپێکردنی ڕۆژنامەگەریی و ئەوپەڕی بەرزی | و: عەبدولکەریم شێخانی |
| | | ٢-زەهریری بهرا یەکەم ڕۆژنامەی ئاشوورییە | ئەکەد موراد |
| ٣ | ٣ | ١-دادگاییکردنی خەبات یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی ڕۆژانەی کوردی/بەشی دووەم | عەبدوڵڵا زەنگەنە |
| | | ٢-گۆڤاری ئەدەبی بێگانان و یەکەمین قوتابخانەی وەرگێڕان | محەمەد خدر مەولود |
| | | ٣-یۆبیلی زێڕینی گۆڤاری نزار/بەشی دووەم | د.جەمشید حەیدەری |
| ٤ | ١ | ١-خوێندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێت | لوقمان قادر ڕواندزی |
| ٥ | ٤ | ١-ڕاگەیاندنی تایبەتمەند(٣) | ئەدیب خضور |

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| | | ٢-واقیعی سیاسی لە چەرخی تەلەفزیۆندا(٤) | و:کەمال غەمبار |
| | | ٣-یاسای چاپەمەنی لە دەوڵەتی عوسمانیدا(٥) | و: عەبدوڵلا نەجمەدین |
| | | ٤-رۆژنامەوانی لەسەردەمی تەلەفزیۆن و سینەماو رادیۆدا | و:ئەحمەد تاقانە |
| ٦ | ٢ | ١-رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی دوای راپەڕین | یوسف هەولێری |
| | | ٢-فەرهەنگی رۆژنامەنووسان | ئا: ئازاد عوبێد |

## تێبینییەکانی رۆژنامەڤانی

**- سەروتار : بەرەو دووەم کۆنگرەی رۆژنامەنووسان**

**١-محەمەدی مەلا کەریم، دوا بەدوای بابەتی (دەبێ رۆژی ٢٩/٥/١٩٦٧ نەك ٦/٥/١٩٦٧ ساڵیادی رۆژنامەی برایەتی بێ .. !!) نووسیویە، لە ژێر دەسەلاتی رژێمەوە، لە بەغداوە ناردبووی، بۆیە بەبێ ئیمزا بلاوکراوەتەوە.**

**٢- وەرگێڕ: ؟**

**٣- وەرگێڕ: ؟**

**٤- نووسینی : ئۆستن راتی**

**٥- لە فارسییەوە:**

**- دواوتار: دووەم کۆنگرەی رۆژنامەنووسان نیشانەی شارستانییە**

**ژمارە ٤ی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠١، (٢٢) بابەت،(٣٣٦)لاپەڕە**

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ١-لە یادی نەمراندا: شاکر فەتاحی شەهید | حوسێن حاجی قادر |
| | | ٢-نووسەرو رۆژنامەنووسی نەمر جەبار جەباری | جەوهەر کەریم خۆشناو |
| ٢ | ٣ | ١-لەمێژووی رۆژنامەگەریی جیهانییەوە لە ساڵی١٩١٤ەوە تا ئەمرۆ راگەیاندنی نوێ | و: عەبدولکەریم شێخانی |
| | | ٢-چەند زانیاریەك لەبارەی: رۆژنامەوانیی کلدانی پەیدابوون و پەرەسەندنی | نوری پەترۆس |
| | | ٣-چاوگێرانێك بە واقیعی رۆژنامەوانیی ئاشووری لەسەرەتای سەدەیەکی تازەدا | یەعقوب گورگیس |
| ٣ | ٣ | ١-رۆژنامەی(کوردستان)ی تاران و بیبلیۆگرافیای بابەتە پەیوەندیدارەکانی بە کوردو کوردستانەوە | فەرهاد عەونی |
| | | ٢-دادگاییکردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی سیاسی کوردی/بەشی سێیەم | عەبدوڵلا زەنگەنە |
| | | ٣- شاکارێکی رۆژنامەنووسیی | ئازاد عوبێد ساڵح |
| ٤ | ٢ | ١- بەراوردێك لە نێوان گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسانی ئافرەتی عەرەب و رۆژنامەنووسانی ئافرەتی کورد | و: کەمال غەمبار |
| | | ٢-هونەری نووسینی رۆژنامەگەری سەروتار نووسینی ستوونە رۆژانەییەکان | رەشید حوسێن خۆشناو |
| ٥ | ١ | -دووبابەت لە کتێبی تیۆری رۆژنامەنووسی | مەگدید سەپان |
| ٦ | ٤ | ١-دیاریی ژمارە(١) | |
| | | ٢-تیۆری رۆژنامەنووسی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن | حەمەساڵح فەرهادی |
| | | ٣- بەڵگەنامەی رۆژنامەوانی: هەڵوێستی (ئیتیحادوتەرەقی) لەبارەی کێشەی گەلی کورد | د.فەرهاد پیربال |
| | | ٤- بەدواداچوون: فەرهەنگی رۆژنامەنووسانی کۆچ کردووی کوردو هەندێ سەرنج و تێبینی | کەریم شارەزا |
| ٧ | ٢ | ١- فایلی دووەم کۆنگرە | نەتەوەپەروەر |
| | | ٢- فایلی کۆنفراس و لقی دهۆك | |

## تێبینییەكانی رۆژنامەڤانی

- سەروتار: لە (كوردستان)ـەوە بۆ (رۆژنامەڤانی)

١- دیاری ژمارە: لەلایەن (خەلیل گادانی و كەمال كەریمی)یەوە نێردراوە

- دواوتار:سەدو سێ ساڵ پاش راپەڕینی قەڵەمی كوردی دەكرێ پرۆژەی مێژووی رۆژنامەنووسیی كوردی بنووسرێ ...؟

**ژمارە ٥ی ئابی ٢٠٠١، (٣٩) بابەت، (٣٤٤) لاپەڕە**

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ١- چالاكی رۆژنامەنووسیی مامۆستا نەجمەدین مەلا | سكۆ جەباری |
| | | ٢- بزاڤی رۆژنامەگەریی كوردی لە توركیا لە نێوان دووریانی ئازادی و تەنگژەدا..!! | فەخرەدین تاهیر |
| ٢ | ٢ | ١- ئاشور خەرپووت یەكەم شەهیدی رۆژنامەوانی ئاشوورییە | ئەكەد مراد |
| | | ٢- رۆژنامەی تایۆی بەریتانیایی | رەشید خۆشناو |
| ٣ | ٤ | ١- رۆژنامەیا ستێر بەرهەمێ دوایی یێ بنەمالا بەدرخانیانە | ئیسماعیل بادی |
| | | ٢- شەست ساڵ بەر لە ئیستا:رۆژنامەی خورمال و بەجێ هێنانی ئەركە كۆمەڵایەتییەكانی رۆژنامە | غەریب شێخ رەئووف |
| | | ٣-خواندنەك د رۆژناما كوردستانا دایكدا - پشكا توركی | ئەنوەر محەمەد تاهیر |
| | | ٤- رۆژنامە یان گۆڤاری ئازادی | سكرتێری نووسین |
| ٤ | ٧ | ١- بەجیهانی كردنی راگەیاندن و بلاوبوونەوەی سەربەستانەی هەواڵ و زانیاری[1] | فاروق عەلی عومەر |
| | | ٢- نابوت كردنی ئامرازی پەیوەندی لە زمانی رۆژنامەگەرییدا | د. شێركۆ بابان |
| | | ٣- سەرەقەڵەمێك لەبارەی رۆژنامەگەریی كوردستان و خەڵك | تاریق جامباز |
| | | ٤- شۆڕشی رۆژنامەگەریی | دلێر عەونی |
| | | ٥- هەندێك هەڵەی زمانەوانی لە بواری راگەیاندندا | عەبدولكەریم شێخانی |
| | | ٦- هونەری كاریكاتێری كوردی[2] | سەردەم |
| | | ٧- قالبەكانی دارشتنی هەواڵ لە رۆژنامەنووسیی كوردیدا لەساڵی ٢٠٠٠دا | سەركوت پێنجوینی |
| ٥ | ٢ | ١- كاری رۆژنامەگەریی بە یارمەتی كۆمپیوتەر[3] | و.:رۆژنامەڤانی |
| | | ٢- دەست نیشان كردنی واتەوات[4] | و. رۆژنامەڤانی |
| ٦ | ١ | - دیاریی ژمارە[5] | رۆژنامەڤانی |
| ٧ | ١ | - راپۆرتە هەواڵ | ڤیرجین كسپر |
| ٨ | ٢٠ ٢ | - دۆسیەی تایبەت: (هاوار)و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی كوردیدا | عەبدوڵلا زەنگەنە |
| | ١٩ | ١- تیشكێك بۆ سەر..! | ع.زەنگەنە |
| | | ٢- (هاوار) و كوردی عێراق | د.كەمال مەزهەر |
| | | ٣- هاوارو چاندا كوردی[6] | د. نورەدین زازا |
| | | ٤- جەلادەت بەدرخان و رۆژنامەگەرییا وی ب كورتی[7] | حەمەرەش رەشۆ |
| | | ٥- هاوار دەنگێ زانین و خوە ناسینێ[8] | محەمەد بەكر |
| | | ٦- كۆڤارا هاوار[9] | جەمشید حەیدەری |
| | | ٧- هاوارو پرسا یەكیتیا زمانێ كوردی[10] | د.حوسێن حەبەش |
| | | ٨- جەلادەت ئالی بدرخان و خەباتێن وی یێن ل سەر زمان[11] | محەمەد ئۆزون |

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| | | ٩- جەلادەت بەدرخان ژیان و رامانێن وی[١٢] | کۆنی رەش |
| | | ١٠- بیرانینا میر جەلادەت بەدرخان[١٣] | کۆنی رەش |
| | | ١١- ئەمیرە رەوشەن بەدرخان[١٤] | کۆنی رەش |
| | | ١٢- هاوار هات هاوارا مە[١٥] | فرات جەوەری |
| | | ١٣- پیرۆزنامە[١٦] | حامد فەرەج |
| | | ١٤- ب هنجەتا پیرۆزنامەکێ[١٧] | جەلادەت ئالی بەدرخان |
| | | ١٥- برۆنکارا مەزن و خۆشەویستا هەمیان میر جەلادەت بەدرخان[١٨] | سەید حوزنی |
| | | ١٦- هاوار[١٩] | شاکیر فەتاح |
| | | ١٧- عەکسی سەدای هاوار[٢٠] | پیرۆت |
| | | ١٨- لەسەر کۆڤارا رۆناهییێ و خوەدییێ وێ[٢١] | چاپخانا ژینا نوو |
| | | ١٩- بەشداران و ئابۆنەکانی گۆڤاری (هاوار)[٢٢] | دلاوەرێ زەنگی |

## تێبینییەکانی رۆژنامەڤانی

- سەروتار: با گیانی لێبوردن سیمای رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت..؟!

١- نووسینی: فاروق عەلی عومەر

٢- هونەرمەند: محەمەد قادرە

٣- محەمەد نزار

٤- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عیزەدین رەزا

٥- ئەرشیف و ئامادەکردنی : مومتاز حەیدەری (٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥ ) گۆڕینی لە لاتینیەوە :عەبدوڵلا زەنگەنە (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠) : نوێکردنەوەی رێنووس :عەبدوڵلا زەنگەنە.

٢١- ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی :عەبدوڵلا زەنگەنە.

٢٢- گۆرینی لە تیپی لاتینیەوە: ئاکۆ محەمەد

- دواوتار : بەیادی چڵ ساڵەی شۆرشی ئەیلولەوە: دەبێ رەوتی راگەیاندنی ئەو شۆرشە هەڵبسەنگێندرێ..!

## ژمارە (٦،٧)ی (پاییز-زستان) ٢٠٠١/٢٠٠٢، (٣٨) بابەت،(٣٦٠)لاپەڕە

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ١- لەکلاشینکۆفەوە بۆ کیبۆرد: رۆژنامەگەری کوردی لە عێراق لەچیاوە دادەبەزێ بەلام بەرەو کوێ دەچێت[١] | و: حسین علی ولی |
| | | ٢- رووناکی یەکەمین گۆڤاری شاری هەولێر ١٩٣٥/١٠/٢٤-١٩٣٦/٥/١٦ | د. ئەمیر شیت چەلەبی |
| ٢ | ١ | ٣- ئەنتەللوەلەکی هەری گرینگێ کورد میر د.کامیران عالی بەدرخان[٢] | ئەزهار بامەڕنی |
| ٢ | ١ | -چەند بابەتێکی کوردی لە رۆژنامەی(النجاح)ی مووسڵی ١٩١٠-١٩١٢[٣] | د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی |
| ٣ | ٣ | ١- زمانی رۆژنامەنووسیی کوردی دوای راپەڕین١٩٩١-١٩٩٩ | د.هیمداد حوسێن بەکر |
| | | ٢- مێژگرد: لەبارەی رۆژنامەنووسیی وپرۆژەی رۆژنامەگەریی ئەهلی | سازدانی: فەرەیدون سامان |
| | | ٣- خەرمانەی وشە: نۆبەرە گۆڤاری ئەدەبی نوێخوازیی هەولێر | محەمەد خدر مولود |
| ٤ | ٢ | ١-رۆژنامەگەریی و یاسا | م. کەمال سەعدی |
| | | ٢- کاری هۆکارە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەکان لەسەر رۆژنامەوانی و راگەیاندن | نوری پەتروس |
| ٥ | ٦ | ١- لە ولاتی جەزائیر: قەسابخانەو رۆژنامەوانی[٤] | و:رۆژنامەڤانی |
| | | ٢- لە کتێبی لە نێوان رۆژنامەگەریی و سیاسەتدا/بەشی یەکەم رووناکی وسێبەر[٥] | و:رۆژنامەڤانی |
| | | ٣- کەنالی(الجزیرة)بەرنامەی زیاتر لە رایەك[٦] | و:رۆژنامەڤانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٤- ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە نێوان ڕەوایی وناڕەواییدا(٧) | و: ژاڵەکەماڵ |
| | | ٥- لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهانییەوە لە ساڵی ١٩١٤ەوە تا ئەمڕۆ ڕاگەیاندنی نوێ(٨) | و:عەبدولکەریم شێخانی |
| | | ٦- عەبدولڕەحمان کوردی پێشەنگی ڕۆژنامەڤانیو پەخشکارانی ئوردون(٩) | و:سالار عەبدولڕەحمان |
| ٦ | ٤ | ١- دیاریی ژمارە(١٠) | |
| | | ٢-خوێندنەوەی کتێب : أ)ڕۆژنامەنووسیی سەربازی(١١) | و.ئا: ڕۆژنامەڤانی |
| | | ٣-خوێندنەوەی کتێب: ب) ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا بەراییەکان ١٩١٤-١٩٣٩ | ئازاد عوبێد |
| | | ٤- تێبینی دەربارەی: ڕۆژنامەگەریی ئاشووری | یوسف هەولێری |
| ٧ | ٣ | ١- نامەیەك بۆ فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی | |
| | | ٢- یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان | ئا:زادوق ئادەم |
| | | ٣- چالاکییەکانی سەندیکا لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا | |
| ٨ | ١٦ | - دۆسیەی ژمارە: (گۆڤاری ژین و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا) | عەبدوڵلا زەنگنە |
| | | ١- (ژین)گۆڤاری سەردەمی سەرەتای ڕاچەنینەکانی کورد | عەبدوللا زەنگنە |
| | | ٢- زانیاری گشتی لەمەڕ گۆڤاری (ژین)(١٢) | م.ئەمین بۆزئارسلان |
| | | ٣- (ژین)ی ئەستەنبۆل (گۆڤار)(١٣) | مالمیسانژ ومەحمود لەوەندی |
| | | ٤ - (ژین)ی ئەستەنبۆل (ڕۆژنامە)(١٤) | مالمیسانژو مەحمود لەوەندی |
| | | ٥- هەشتاوسێ ساڵ لەمەوبەر: شێخلئیسلام ئیبراهیم حەیدەری سەروتاری یەکەم ژمارەی (ژین)ی ئەستەمبولی نووسیوە | ئا: مومتاز حەیدەری |
| | | ٦- زانیارییەکی پێویست دەربارەی گۆڤاری(ژین)ی ئەستەمبول | مستەفا نەریمان |
| | | ٧- کوردین نەژبیر کرنێ هەمزەبەگی موکسی(١٥) | د.نورەدین زازا |
| | | ٨- هەمزە موکسی کییە..؟(١٦) | ڕێبەری سلێقی |
| | | ٩- مەمدوح سەلیم نیوسەدە خەباتی بێ وچانی کوردانە(١٧) | مەسعود محەمەد |
| | | ١٠- مەمدوح سەلیم لە(سیبیا ئەڤینێ)ی محەمەد ئۆزون(١٨) | مەحمود حەسەن حاجی |
| | | ١١- گۆڤاری ژین- ئەستەمبول١٩١٨-١٩١٩ | د.فەرهاد پیرباڵ |
| | | ١٢- قازی زادە مستەفا شەوقی لەبارەی ژیان-خەبات-شیعرەکانی | عوسمان دەشتی |
| | | ١٣- یەکەمین وتاری قازی زادە مستەفا شەوقی | مەحمود زامدار |
| | | ١٤- بەسەرهاتی دکتۆر مستەفای قازی زادە | ئەمیری حەسەنپوور حەسەنی قازی |
| | | ٥- پەخشان و وتارەکانی قازی زادە مستەفا شەوقی(١٩) | |
| | | ١٦- پەخشان و وتارەکانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری(٢٠) | |

## تێبینییەکانی ڕۆژنامەڤانی

**- سەروتار: یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان لە نێوان دەستکەوتێکی گەورەو بێ خەمی ڕۆژنامەنووساندا**

**١- نووسینی : ماگی زانگەر**

**٢- نووسینی :؟**

**٣- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولکەریم شێخانی**

**٤- لە ئینتەرنێتەوە**

**٥- نووسینی: جەعفەر شیرازی**

**٦- لە ئینتەرنێتەوە**

**٧- نووسینی : جەعفەر شیرازی**

**٨- هەمان نووسەری ژمارە (٣)ی (ڕۆژنامەڤانی)**

**٩- نووسینی: محەمەد عەلی سویرکی**

**١٠- ١١ی ایلول(گۆڤار)، ئەرشیف و ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە**

**١١- گۆڕینی لە تیپی لاتینییەوە بۆ کرمانجی خواروو: عەبدوڵلا زەنگەنە**

**(١٣، ١٤، ١٥، ١٦):- گۆڕینی لە پیتی لاتینیەوە: عەبدوڵلا زەنگەنە**

**(١٧، ١٨) :- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئازاد عوبێد**

**(١٩، ٢٠):- نوێکردنەوەی رێنووس: عەبدوڵلا زەنگەنە**

**- دوا وتار :ئازادی رادەربڕین کۆمەڵگەیەکی پتەوی کۆمەڵی مەدەنییە**

## ژمارە ٨ی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٢، (٣٨) بابەت،(٤١٦) لاپەڕە

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ١- هەندێ لە دادگاییکردنەکانی رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا | پارێزەر طارق جامباز |
| | | ٢- (نەورۆز) وکاروانی رۆژنامەڤانیا کوردی | س. زرەیی |
| | | ٣- رەوشا رۆژنامەگەرییا کوردێن بنخەتی[١] | کۆنێ رەش |
| ٣ | ٦ | ١- رۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی کۆماری کوردستان١٩٤٦-مەهاباد | د.هیمدادی حوسێن |
| | | ٢- رۆژنامەی(کوردستان)ی تاران و بیبلۆگرافیای بابەتە پەیوەندیدارەکانی بە کوردو کوردستانەوە | فەرهاد عەونی |
| | | ٣- کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریی کوردیدا | محەمەد قادر |
| | | ٤- مێزگرد: هونەری کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریی کوردیدا | ئا: فەرەیدون سامان |
| | | ٥- بەسەرکردنەوەیەکی خێرای رۆژنامەوانی کوردی لە شۆڕشی ئەیلوول١٩٦١-١٩٧٥ | ئازاد عوبێد ساڵح |
| | | ٦- ئیندێکسی چوار ژمارەکەی نووسەری کورد خولی راپەڕین لە ساڵی١٩٩٢دا | ئا: شوان سلێمان یابە |
| ٤ | ٢ | ١- چۆن ریپۆرتاژێکی سەرکەوتوو ئامادە دەکەیت؟! | حامد محەمەد عەلی |
| | | ٢- کەنالی (الجزیرة)وەك دیاردەیەکی ئازادیخوازانە وسنوور بەزێن | کارۆخ کەریم میران |
| ٥ | ١ | - رۆڵی میدیای ئازاد | و: ئیبراهیم عەلی مراد |
| ٦ | ١ | - دیاری ژمارە | رەفیق ساڵح |
| ٧ | ١ | - بەیاننامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە(١٠٤)مین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی کوردستان | ئەنجومەنی سەندیکا |
| ٨ | ٢٤ | - ژمارە یان دۆسییەی تایبەت(رۆژنامەی کوردستان) | |
| | | ١- کردستان لە تاریکییەوە بۆ رووناکی[٢] | عەبدوڵلا زەنگەنە |
| | | ٢- کردستان لە ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی کوردیدا[٣] | |
| | | ٣- سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی | و: د.دلێر ئیسماعیل حەقی |
| | | ٤- ئایا رۆژنامەی کردستان١٨٩٨-١٩٠٢ئۆرگانی حزبی(ئیتحیادو تەرەقی) نەبووە؟ | د.فەرهاد پیربال |
| | | ٥- نەخێر رۆژنامەی کردستان(١٨٩٨-١٩٠٢)ئۆرگانی حزبی (ئیتیحاد و تەرەقی) نەبووە | فەیسەڵ دەباغ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٦- منیش دەڵێم..نەخێر رۆژنامەی کوردستان١٨٩٨-١٩٠٢ئۆرگانی حزبی(ئیتیحادوتەرەقی)نەبووە، بەلاّم عەبدولرەحمان بەدرخان لە ریزەکانی(ئیتیحادوتەرەقی)دا ئیشیکردووە | ئارام قەلاّدزەیی |
| | | ٧- کوردستان ٢٢ی نیسانی١٨٩٨ | مارف خەزنەدار |
| | | ٨- هایدارییَن گشتی ل سەر رۆژناما کوردستان(٤) | م.ئەمین بۆزئارسلان |
| | | ٩- (کوردستان)، سەرەتای رۆژنامەوانی کوردی | نەوشیروان مستەفا |
| | | ١٠- دیسان رۆژنامەی (کوردستان)(٥) | د.کەمال مەزهەر |
| | | ١١- رۆژنامەی( کوردستان)وسیاسەتی سولتان عەبدولحەمید | د.عبدولفەتاح عەلی بۆتانی |
| | | ١٢- بەرەو خوێندنەوەی سۆسیۆ رۆشنبیری لە یەکەمین رۆژنامەی کوردیدا | عوسمان یاسین |
| | | ١٣- دامەزراندنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی وچالاکی لە کوردستان(٧) | جەلیلی جەلیل |
| | | ١٤ - رۆژنامەی (کوردستان) چەند بۆچوون و سەرنجێك | مەحمود زامدار |
| | | ١٥- چەند لایەکێ رەوشەنبیری د رۆژناما(کوردستان) دایك دا | رەشید فندی |
| | | ١٦ - رۆژناما کردستان و شۆرەشا رەوشەنبیری | شەوکەت تاهیر سندی |
| | | ١٧- رۆلی رۆژنامەی کوردستان(١٨٩٨-١٩٠٢)لە بوژاندنەوەی ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا | فەرهەنگ موزەفەر محەمەد |
| | | ١٨- سەربوردەی رۆژنامەی کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی(١٨٩٨-١٩٠٢/١٩١٧-١٩١٨ | جەمال خەزنەدار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ١٩- دوو هەژمارێت دن یێن رۆژناما(کردستان)١٧و١٨) هاتن دیتن. | میکائیل جان پولات |
| | | ٢٠- رۆژنامەی کردستان١٨٩٨-١٩٠٢خوێندنەوەیەکی مێژوویی | د.عەبدوڵلاّ عەلیاوەیی |
| | | ٢١- رۆژنامەنووس و سیاسەتمداری گەورەیی کورد عەبدولڕەحمان بەدرخان(٨) | مالمیسانژ |
| | | ٢٢- رۆژنامەڤان عبدولرەحمان بەدرخان و بزاڤا وی سیاسی و رەوشەنبیری | ئیسماعیل بادی |
| | | ٢٣- ئۆریژناڵەکانی رۆژنامەی کردستان(٩) | |
| | | ٢٤- ئیندێکسی رۆژنامەی کردستان١٨٩٨-١٩٠٢(١٠) | |

## تێبینییەکانی رۆژنامەڤانی

- سەروتار:ئەو کاروانەی لە رۆژارێکی سەخت و تاریکدا کەوتە رێ

١- گۆرینی لە پیتی لاتینییەوە:عەبدولڵاّ زەنگەنە

٢- ئامادەکردن و ئەرشیفی عەبدولڵاّ زەنگەنە

٣- کاتی خۆی، لە شەستەکان د. کەمال مەزهەر ئەو بابەتەی بەزمانی روسیو بە ئیمزای (م.کەمال) لە گۆڤارێکی سەردەمی سۆڤیەتی جاران بلاّوکراوەتەوە

٤-بەناوی محەمەد کامەران بلاّوکراوەتەوە، ئەو ئیمزایەش لەسەر هەر بابەتێکی (رۆژنامەڤانی) هەبێت ئەوە هی عەبدولڵاّ زەنگەنەیە.

٥- دوای وەرگرتنی رەزامەندی نووسەرەکە، عەبدولڵاّ زەنگەنە ئامادەی کردووە، بەلاّم لەو پێشەکییەی بۆ بابەتەکەی نووسی بوو، لەترسی زەبرو زەنگی رژێمی جاران وای نیشان داوە کە د.کەمال مەزهەر ئاگاداری ئەم کارەی ئەو نییە.

٦- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدلکەریم شێخانی

٧- وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: سدیق سالّح

٨- وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئارام خدر قەڵادزەیی

٩- نوێکردنەوەی رێنووس: عەبدوڵلا زەنگەنە

١٠- ئامادەکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە

- دواوتار: ئەم سەردەمە تەکانێکی چلۆنایەتی دەوێ / زیرەك کەمال

### ژمارە ٩ی هاوینی ٢٠٠٢ ، (٤٣)

### بابەت،(٤٣٢)لاپەڕە

| بوار | ژمارەی بابەت | ناوونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | - سەرەتاکانی رۆژنامەوانی ئاشووری | دنیا شەمعون یەلدا |
| ٣ | ٨ | ١- رهێلەو بیری نوێ<br>٢- دوو گۆڤار.. دوو سەرەتای جیا | محەمەد خدر مولود |
| | | ٢- رەنگدانەوەی هونەرەکانی رۆژنامەنووسیی و رۆشنبیری کوردی پەنجاکانی شاری هەولێر لە گۆڤاری(هەتاو)دا | د. هیمدادی حوسێن |
| | | ٣- رۆژنامەی(کوردستان)ی تاران وبیبلۆگرافیای بابەتە پەیوەندیدارەکانی بە کوردوکوردستانەوە و لەگەل چەند سەرنجێك /بەشی سێیەم | فەرهاد عەونی |
| | | ٤- ئیندێکسی (٥) ژمارەکەی گۆڤاری (بانگ)سالی١٩٨٩-١٩٩٠ی شاخ | ئا: شوان سلیمان یابە |
| | | ٥- مێزگرد: لەم پەراوێزە ئازادییەدا چی بۆ رۆژنامەگەریی منداڵانی کورد کراوە | سازدان:فەرەی دون سامان |
| | | ٦- ئیعلانات لە رۆژنامەی (ژیانەوە)دا | ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٧- نووسینەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی سەرەتاو دەسپێك | سمكۆ جەباری |
| | | ٨- میر جەلادەت ئالی بەدرخان د ناقبەرا پۆلیتیك و رۆژنامەڤانییێ دە[١] | کۆنێ رەش |
| ٤ | ٦ | ١- قەیرانی ئازادیی رۆژنامەگەریی و رێگا چارەیەك | کەمال سەعدی |
| | | ٢- رای گشتی لە کۆمەلگای شارستانی(مدنی)ی هاوچەرخدا[٢] | فاروق عەلی عومەر |
| | | ٣- زمانی رۆژنامەگەریی و هەڵسوڕاندنی هەواڵ | د.شێرکۆ بابان |
| | | ٤- رۆڵی پەیامنێران لە دروستی و راستگۆیی هەواڵدا | سامان محەمەد |
| | | ٥- رۆژنامەگەری سەردەم | گۆرگیس یوسف |
| | | ٦- چەند پەیڤێك دەربارەی ئازادی رۆژنامەنووسیی | حامد محەمەد عەلی |
| ٥ | ٣ | ١- پەیوەندی لە نێوان راگەیاندن و مێژوودا[٣] | و.سالار عەبدولرەحمان |
| | | ٢- کۆنترین رۆژنامە لە جیهاندا[٤] | و.ئەحمەد سەلام |
| | | ٣- رۆژنامە بەرێوەبردن[٦] | و: عەبدولکەریم شێخانی |
| ٦ | ١ | - دیاریی ژمارە [٧] | کوردێکی یەکڕەنگ |
| ٧ | ٢ | ١- هەلەکردن و پۆزش هێنانەوە..!! | رۆژنامەڤانی |
| | | ٢- لە هەوال و چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان | - |
| ٨ | ٢٢ | - دیاریی ژمارەو دۆسیەی تایبەت (کورد تەعاون تەرەقی غەزەتەسی و گۆڤاری زاری کرمانجی) | - |
| | | ١- کورد تەعاون تەرەقی جەمعیەتی[٨] | د.جەلیلی جەلیل |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٢- کورد تەعاون وەتەرەقی غەزەتەسی (ڕۆژناما ئالیکاری و پێشکەتنا کورد) ئەستەنبول١٩٠٨(٩) | مالمیسانژو مەحمود لەوەندی |
| | | ٣- ناوەرۆکی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی(کورد) کە لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨دا دەرچووە(١٠) | و: ئازاد عوبێد سالح |
| | | ٤- کوردو چەند زانیارییەکی نوێ(١١) | د.جەبار قادر |
| | | ٥- پێشکێشی ل سەر کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی کوڤارا کوردی-ترکی(١٢) | م. ئەمین بۆزئارسلان |
| | | ٦- کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی | نەوشیروان مستەفا |
| | | ٧- کۆمەلا هەڤکاری وپێشکەتنا کوردان و ڕۆژناما (کورد-تعاون-تعاون وترقی غزتسی) | موسەددەق توفی |
| | | ٨- کورد تعاون و ترقی غزتەسی | جەمال خەزنەدار |
| | | ٩- لە جەلادەت بەدرخانەوە بۆ حوزنی موکریانی(١٣) | وتعوسمان ڕەشاد موفتی |
| | | ١٠- بەسەرهات و کەسێتی(حوزنی) لە یادەوەری(گیو)ی موکریانیدا(١٤) | هیوا محەمەد |
| | | ١١- مامۆستا حوزنی موکریانی | نەجمەدین مەلا |
| | | ١٢- داماوی موکریان | شاکر فەتاح |
| | | ١٣- خانووەکەی حسین حوزنی لە ڕواندز | مەلا حەسەن |
| | | ١٤- نووسین و پیتچنی.. چاپخانەی زاری کرمانجی | سەعید ناکام |
| | | ١٥- حوزنی.. کوردایەتی.. تۆمەتبار کردن..؟!! | هەژاری موکریانی |
| | | ١٦- حزنی موکریانی ڕۆژنامەنووس و زاراوە مێژوویەکان(١٥) | کەمال مەزهەر |
| | | ١٧- گیانی نەتەوەپەروەریی حوزنی لەزاری کرمانجیدا | مومتاز حەیدەری |
| | | ١٨- زاری کرمانجی وخەمخۆری لەبەکارهێنانی زمانی کوردیدا(١٦) | تارق جامباز |
| | | ١٩- زاری کرمانجی ئەو گۆڤارەی بایەخی بە شیعردەدا | م.خ.م |
| | | ٢٠- گۆڤاری زاری کرمانجی و دەوری لە پێشخستنی هونەری ڕۆژنامەڤانی کوردیدا | کەریم شارەزا |
| | | ٢١- هونەرەکانی نەخشەسازیی لە زاری کرمانجیدا(٢١) | ئاسکرتێری نووسین |
| | | ٢٢- چەند نموونەیەك لە وتارەکانی زاری کرمانجی(٢٢) | ع.ز |

## تێبینییەکانی ڕۆژنامەڤانی

**- سەروتارنەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە نێوان ئازادی ڕۆژنامەنووسی و پیادەکردنی یاسادا**

**١- ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی: محەمەد کامەران (عەبدوللاّ زەنگەنە)**

**٢- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: عەبدولکریم شێخانی**

**٣- نووسینی: عبید الشقصی**

**٤- نووسینی: عبدالله حسین**

**٥- نووسینی: س. م. توسوکاسوف**

**٦- ئەرشیف و ئامادەکردنی: کوردێکی یەکرەنگ (ئیمزایە لەسەر هەر کام لە بابەتەکانی ڕۆژنامەڤانی دانرابێ، ئەوە هی عەبدوللاّ زەنگەنەیە).**

**٧- نووسینی: عەبدوللا زەنگەنە**

**٨- ئەنوەر محمد قادر لە ڕوسییەوە کردوویە بەکوردی**

**٩- لە لاتینییەوە هێنانی بۆ سەر ڕێنووسی باو: ڕێباز بۆتانی**

**(ئەو ئیمزایەش هی عەبدوللاّ زەنگەنە) یە.**

**١٠- نووسینی: د. عەبدولفەتاح بۆتانی**

**١١- ئامادەکردن و ڕاستکردنەوەی: عەبدوللا زەنگەنە**

**١٢- ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی: ڕێبەری بەهدینا**

**(ئەو ئیمزایەش هی عەبدوللاّ زەنگەنە) یە.**

**١٣- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: عەبدوللاّ زەنگەنە.**

هەواڵنامەی کتێب

١٤- (هیوامحمد) ئیمزای (عەبدوللازەنگەنە)یە.

١٥- بە هەمان شێوەی ئەو بابەتەی د. كەمال مەزهەر، كە لە بارەی(كوردستان)ەوە،لە ژمارە(٨)ی (رۆژنامەڤانی) بلاوكراوەتەوە، ئەم بابەتەش هەر لە لایەن (عەبدوللا زەنگەنە)وە ئامادەكراوە.

١٦- م.خ.م = محمدخدرمەولود

١٧- ئیمزای سكرتێری نووسین لەسەر هەركام لەبابەتەكانی(رۆژنامەڤانی) هەبێت، ئەوە هی عەبدوللا زەنگەنەیە

١٨- ع.ز= عەبدوللا زەنگەنە

- ئەم سەردەمە تەكانێكی چلۆنایەتی دەوێ..! / زیرەك كەمال

ژمارە١٠ی (پایز، زستان)ی ٢٠٠٢/٢٠٠٣ ، (٣٨) بابەت، (٣١٢)لاپەڕە

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ٣ | ٧ | ١- لەبارەی دەنگی گێتیی تازەوە | مستەفا نەریمان |
| | | ٢- رۆژنامەنووسیی ئافرەتی كورد یان كەرستەی دۆلمە..؟!! | عەبدوللا زەنگەنە |
| | | ٣- بەسەركردنەوەیەكی خێرای رۆژنامەوانی كوردی لە شۆڕشی ئەیلوول و چەند تێبینییەك | وریا جاف |
| | | ٤- دەنگی مامۆستا دەنگی دلێری مامۆستایانی كوردستان(شوباتی ١٩٧١-كۆتاییی١٩٧٣). | ئیدریس عەبدوللا مستەفا |
| | | ٥- پەراوێزێك بۆ گۆڤاری دەنگی مامۆستا | عەبدولكەریم شێخانی |
| | | ٦- لەبارەی هەفتەنامەی (هێلانەی مندالان)ەوە | رۆستەم باجەلان |
| | | ٧- ئیندێكسی گۆڤاری كۆلیجی ئەدەبیات سالی١٩٧١-١٩٧٩ | ئاشوان سلێمان بابە |
| ٤ | ٤ | ١- ئەو دەنگەی زیاتر لە نووزە دەچێت | زیرەك كەمال |
| | | ٢- لە پێناو سیستیماتیك كردن و بەیاساكردنی ئازادی راگەیاندن لە كوردستاندا/ بەشی یەكەم | ئازاد حەمەدەمین |
| | | ٣- هەوال وهەوالنووس لە كورتە باسێكدا[١] | خالید بەكر ئەیوب |
| | | ٤- پانۆرامای بارودۆخی رۆژنامەنووسان لە جیهاندا | ئا:خالید سابیر |
| ٥ | ٦ | ١- مافی هەوال زانین، پیادەكردنی دیموكراسیەو گەندەلیش لە پشت دەرگا داخراوەكاندا گەشە دەكات[٢] | و:هەندرێن ئەحمەد |
| | | ٢-پەیامی رۆژنامەگەریی [٣] | و.ئەحمەد سەلام |
| | | ٣ - رۆژنامەگەریی مندالان | و: سالار عەبدولڕەحمان |
| | | ٤- وتاری رۆژنامەوانی[٤] | و.ئەحمەد سەلام |
| | | ٥- ئیندیرا كریشنان لە گفتوگۆیەكدا:عیشق،مندال، خەیال، فانتازیا[٥] | و:كەریم سۆفی |
| | | ٦- بایەخ و گرنگیی(رۆژنامەوانیی پسپۆڕ)لەجیهاندا[٦] | و:بەهات حەسیب قەرەداخی |
| ٦ | ١ | - دیاریی ژمارە[٧] | كوردێكی یەكڕەنگ |
| ٧ | ٣ | ١- راست كردنەوەیەك | جەوهەر غەمگین |
| | | ٣- بۆ سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەڤانی بەرێز (روونكردنەوەیەك) | جەوهەر غەمگین |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٨ | ١٧ | دۆسیی تایبەت(رۆژنامەنووسیی سریانی)[٨] | |
| | | ١- دۆسیێی رۆژنامەنووسیی سریانی بۆچی؟! | فەرهاد عەونی |
| | | ٢- وێنەی (زهریری دبهرا)ی یەکەم رۆژنامەی سریانی | د.یوسف حەبی |
| | | ٣- رۆژنامەی سریانی وسورت | ئەکەد موراد |
| | | ٤- رۆژنامەوانیی سریانی دوای راپەرینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١ | |
| | | ٥-لاپەڕەی رۆشنبیری ئاشووری لە رۆژنامەی(التآخی) لە ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٧٤دا | گورگیس یوسف |
| | | ٦- گۆڤاری سریانی کلگاماش راوتیبینی | پەتروس ورمز |
| | | ٧- نەعوم فایەق مامۆستای رۆژنامەنووسیی نەتەوەیی پابەند | ئەکەد موراد |
| | | ٨- گۆڤاری قالا سوریایا | حنان ئەویشا |
| | | ٩- بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی رۆژنامەگەریی ئاشوورییەوە: رۆژنامەگەریی پیشەی سەرئێشەیە | لەتیف نوعمان |
| | | ١٠- بەهرا وێنەیەکی گەشی رۆژنامەگەریی ئاشوورییە | نوری پەترۆس |
| | | ١١- چاوپێداخشانەوەیەك بە رۆژنامەگەریی ئاشووریدا | گۆرگیس یوسف |
| | | ١٢- ئازادی رۆژنامەنووسیی | یەعقوب گۆرگیس |
| | | ١٣- رۆژنامەگەرییمان و خاسیەتەکانی راگەیاندن | نرسای وەردا |
| | | ١٤- رۆژنامەگەریی ئاشووری لە نێوان هیواو ئاوات و واقیع دا | بهنام مارتانی |
| | | ١٥- رۆژنامەگەریی پیشەو ژیانە | یەعقوب گۆرگیس |
| | | ١٦- چەند روپەلەك ژ دیرۆکا رۆژنامەڤانیا سریانی- پارێزگەها دهۆك وەك نموونە | ئیسماعیل بادی |
| | | ١٧- گولبژێرێك لە رۆژنامەنووسیی سریانی، لە ژمارەکانی پێشووتری(رۆژنامەڤانی) | |

## تێبینیەکانی رۆژنامەڤانی

- سەروتار: بریارو داوەتنامەو هەڵوێستێك .

١- نووسینی: فەخری کەریم

٢- نووسینی: جۆزێف سغلیتز ، وورومین ئیسلام

٣- نووسینی: عبدالله حسین

٤- نووسینی : د. عبداللطیف حمزة

٥- دیمانە بە زمانی فارسی : ئیسماعیل سالمی، هایدە هامری، ئیلهام مەهویزانی

٦- د. عونی عبدالفتاح عزام

٧- عەبدوڵلاّ زەنگەنە

٨- بابەتەکانی (دۆسییەی سریانی)، جگە لە هەردوو بابەتی (چەند رووپەلەك ژ دیرۆکا رۆژنامەڤانیا سریانی)و (رۆژنامەوانی سریانی دوای راپەرینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١)، هەموو بابەتەکانی دیکە لەلایەن (کەماڵ غەمبار)ەوە وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی .

- دواوتار: ئازادی رۆژنامەنووسیی گرنگترین پایەی کۆمەڵگای مەدەنییە

ژمارە (١١، ١٢)ی ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥) بابەت. ( ) لاپەڕە

| بوار | ژمارەی بابەت | ناونیشانی بابەت | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ئەزموونی رۆژنامەگەریم | فەرهاد عەونی |
| ٣ | ١١ | | |

١-تیراژی رۆژنامەکان- قازانج و ئاشتی حەمە

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | | زەرەر لە فرۆشتنیان(١) | سالح |
| | | ٢-ئیندێکسی ٥٤ ژمارەکەی ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ)(٢) | شوان سلێمان بابە |
| | | ٣-بابەتێن ڕۆژنامەڤانی ب زارێ کرمانجی | ئیسماعیل بادی |
| | | ٤-بیبلیۆگرافیای گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢ | خالید سابیر |
| | | ٥-گرۆگالی مندالانی کورد-پێشەنگە گۆڤاری دنیای ڕۆژنامەگەریی مندالان | ئیدریس عەبدوللا |
| | | ٦-گۆڤاری ڕۆژی نوێ ١٩٦٠-١٩٦١ | سدیق سالح ئەحمەد |
| | | ٧-گۆڤارێت چاندنێ | محەمەد ئیبراهیم ئامێدی |
| | | ٨-ڕۆڵی ئومێدی ئیستیقلال لە گەشەپێکرنی بیری نەتەوەیی کورد(٣) | عومەر ئەحمەد ڕەمەزان |
| | | ٩-هەواڵە سیاسییەکان لە ئومێدی ئیستقلالدا | سەباح پیربال |
| | | ١٠-"ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە"(٤) | ئازاد عوبێد |
| | | ١١-پەیامی ڕاستی نموونەی گۆڤاری بە ئەزموون لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا | ئیبراهیم سالح |
| ٤ | ٣ | ١-تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریی و ئەو بەرپرسیارییە یاساییانەی لێی دەکەوێتەوە(٥) | د. کەمال سەعدی |
| | | ٢-گوزارشت (ڕیپۆرتاژ) چاوی تیژی ڕۆژنامەوانی | ڕەحیم سورخی |
| | | ٣-گەڕیانێك بەنێو باخچەی ڕیپۆرتاژو هەواڵدا | خالید بەکر ئەیوب |
| ٦ | ٤ | ١-ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی | ١- ڕەفیق سالح ٢- عەبدوللا زەنگەنە |
| | | ٢-دیار محەمەد سەعید دۆسکی | ئیسماعیل بادی |
| | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٣-دیاری ژمارە | کوردێکی یەکرەنگ |
| | | ٤-ئۆریێنتاڵەکانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی | سکرتێری نووسین |
| ٨ | ٩ | ١-دۆسیێ ڕۆژنامەگەریی تورکمانی لە کوردستان | فەرهاد عەونی |
| | | ٢-چاپخانەکانی کەرکوك | دڵخواز هەمەوەندی |
| | | ٣-(بارش) ئەستێرەیەکی گەشی ڕۆژنامەنووسیی تورکمانی | ئەڵماز دبسلی |
| | | ٤-پانۆرامای مێژووی ڕۆژنامەوانی تورکمانی و بەسەرکردنەوەی پەتری (قارداشق و یورد) | تەحسین شەعبان |
| | | ٥-(دوغوش) یەکەمین ڕۆژنامەی تورکمانی لەدوای ڕاپەڕینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١ | ئومێد بیرەقردار |
| | | ٦-ڕۆژنامەگەریی و بلاوکراوە ڕۆشنبیرییە تورکمانییەکان لەدوای ڕاپەڕینی کوردستان | ئینتیسار بەکر |
| | | ٧-ڕۆژنامەی (الحقیقە)ی تورکمانی ڕوویێکی گەشی ڕۆژنامەنووسیی دوای ڕاپەڕین | عیماد خەتات |
| | | ٨-ئەحمەد مەدەنی قودسی زادە | ئیسماعیل عەلی |
| | | ٩-هەندێ چالاکیو بلاوکراوەی (تورکمن قارداشلق ئۆجاغی) | جەمال عوسمان |
| ٧ | ١ | -هەواڵ و چالاکییەکانی سەندیکا | ڕۆژنامەڤانی |

## تێبینییەکانی (ڕۆژنامەڤانی)

سەروتار: بەرەو کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

١- سەرپەرشتی: د. عزەدین مستەفا ڕەسول.

٢- پێشەکی د. جمشید حەیدەری.

٣- سەرپەرشتی: د. کەمال عەلی.

٤- نامەی ماجستێر.

٥- نامەی دکتۆرا.

دواوتار: کۆن و نوێ لە تەرازووی گۆڕانکاریدا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەو بابەتە وەرگێراوانەی بە تایبەت لە دۆسیە تایبەتەكاندا بڵاوكراوەتەوە خاوەنداریێتی دراوەتە پاڵ نووسەری دەقە ئەسڵییەكە، لە كاتێكدا بە پێی عادەت و عورفی نووسین و لەلای هەمووان روونە كە وەرگێڕ خاوەنی دەقی وەرگێڕاوە، ئەمەیش چەند نموونەیەكە:

١- ناوی هەر یەك لە(عبدالمنعم سامی، د. مانگی زانگەر و محەمەد حەسەنین هەیكەل) لەگەڵ وتارو بابەتەكانیاندا لە وەكو بەشداربوو هاتووە، كاتێكدا ئەو بابەتانە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی كوردی.

٢- بابەتی هەر یەك لە(م. ئەمین بۆزئارسلان، د. نورەدین زازا، رێبەری سلیقی، مەسعود محەمەد، مەحمود حەسەن) لە دۆسیەی ژمارە(٦-٧)دا (گۆڤاری ژین و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی كوردیدا)، یان وەرگێڕدراوەتە سەر زاراوەی كرمانجی خواروو، یان لە پیتی لاتینییەوە بۆ سەر پیتی عەرەبیی یان لە عەرەبییەوە بۆ كوردی وەرگێڕدراون.

خاڵێكی دیكە، ئەو هەڵەی زمانەوانی و چاپەیە، كە وەكو كەموكورییەك، بە تایبەتی بە ژمارە بەراییەكانییەوە دیارە، هەروەها كورتكراوە عەرەبییەكەی بابەتەكانیش، پێم وایە پەیرەوێكی بەسەرچووە و دانانی وێنە بە هەڵە لە هەندێك بابەتدا، وبڵاوكردنەوەی بابەتی زنجیرەدا بە پچرپچری هەر وەكو بابەتە وەرگێڕاوەكەی مامۆستا عەبدولكەریم شێخانی لە مێژووی رۆژنامەگەریی جیهانییەوە، بۆ زیاتر بەدواچوونی لەلایەن خوێنەرەوە، دەبوایە بە بێ دابڕان، لە ژمارە دوابەدوای یەك دابەزیبوایە.

لەكاتێكدا ئەم بەسەر كردنەوە خێرایەم بۆ هەر دە ژمارەكەی ئەم بەرهەمە ناوازەیە دەخەمە بەردەست ئێوەی هێژا، لە بیر ناكەم دەستی یەكە بەیەكەی سەرنووسەرو سكرتێری نووسین و ستافی نووسەرانی (رۆژنامەڤانی) بگوشم و دەستخۆشیان لێ بكەم كە بەم كارە شایستەیەیان، سەرباری گیروگرفتی جۆراوجۆر، فەرهادانە خزمەتێكی دیكەیان گەیاندە بواری رۆژنامەنووسیی نەتەوەییمان . بە ئومێدی بەردەوام بوون هەر بەرخوردارین.

**پەراوێز:**

* هەر لەم رووەوە، بابەتێكم بە زمانی عەرەبی، لە گۆڤاری (گولان العربي- العدد ٣١/تموز/٢٠٠١) بەناونیشانی(رۆژنامەڤانی علامة وضاءة على الدرب) بڵاوكردۆتەوە.

* ئەم بابەتانەی بەم ناوە بڵاودەكرێنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤارەكە.

* (دۆسیەی ژمارە) دیارە ئەو بابەت و وتارانەی لەم دۆسیەدا بڵاودەكرێتەوە لێتوێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەن دۆسیەكەی بۆ تەرخانكراوە، جا لەبەر ئەوەی بواری تایبەتیمان پێداوە هەر لەو بوارەدا ناونیشانی ئەو وتارو بابەتانەمان نووسیوەتەوە.

* نیازمان بوو خشتەیەك بەناوی نووسەرانی بەشداربوو و ژمارەی بابەتەكانیان ئامادە بكەین، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بابەت بەناوی(**رۆژنامەڤانی**)یەوە وناوی خوازراوەوە بڵاوكراوەتەوە لێیی بوردین.

# خوێنەرانی بەڕێزو دوا ژمارەی (رۆژنامەڤانی)

ژمارە (١)ی (رۆژنامەڤانی)، کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی (٢٠٠٠) ، رێکەوتی (١٠٢)هەمین ساڵیادی لەدایك بوونی، یەکەمین رۆژنامەی کوردی، (کوردستان)ی جووتە برا میقداد مەدحەت و عەبدولرەحمان بەدرخاندا دەرچووە، تاکو ئەمڕۆ (٢٠٠٣/١٢/٥) ، (١٢)یەمین ژمارەی بە پێزو بەرەکەتی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، ئێمە خۆمان نامەنەوێ لێرەدا (مەدحو سەنای) گۆڤارەکە بکەین چونکە هەموو ژمارەو بابەتەکانی ، بۆ هەڵسەنگاندنی لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە، لەبەر دەستن و خۆیان دەسەلمێنن ، بەلام لێرەدا دەمانەوێ ئەم راستییانە بخەینە روو:

**یەکەم:** ئەو بابەتانەی بۆ(رۆژنامەڤانی) هاتوون، بە جیاوازی بیروراو بۆچوونی ئایین و نەتەوەکان، بەوپەڕی بێ لایەنییەوە لە ئامێز گیراون.

**دووەم:** (رۆژنامەڤانی) تەنیا گۆڤاری رۆژنامەنووسانی کورد نەبووە، بەڵکو گۆڤاری تێکڕای رۆشنبیرانی کوردستان، بە (کوردو کلدۆ ئاشووریو تورکمان)ییەوەو هەموو جیاوازییەکانیانەوە بووە، ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی مەلەفی رۆژنامەگەریی ئاشووری لە ژمارەی پێشوودا، هەروەها مەلەفی رۆژنامەگەریی تورکمانی لەم ژمارەیەدا، بەڵگەی دروستی ئەم راستییە بووە لە روانگەی هەڵوێستی راست و دروستی سەندیکاوە، کەخۆی بە خاوەنی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دادەنێ‌و بۆیان بۆتە چوارچێوە.

**سێیەم** : پاش هاتنە ئارای هەلومەرجی دروستبوونی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەردوو (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)و (یەکێتی رۆژنامەنوسانی کوردستان)، ئەنجوومەنی فیدراسیۆن بڕیاریدا، لە پاش کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥دا لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەبەسترێت، گۆڤارێکی دیکەی نوێ، لە جیاتی هەردوو گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)و (رۆژنامەنووسان)، کە یەکەمیان ئەوا ژمارە (١١و ١٢)یتان لە بەردەستە، دووەمیشیان تاکو ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارە (١)ەوە بەناوی (رۆژنامەنووسان)ەوە دەربکات.

(رۆژنامەڤانی) لە رێگای ستافی خۆیەوە، وێڕای سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو خاوەن قەڵەمە بەرێزانەی کە بەشدارییان لەسەرهەڵدانی (رۆژنامەڤانی) کردو تا دوا ژمارە لەگەڵیدا بەردەوام بوون، داواکارە لە تێکڕای نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانی سەراپای کوردستان، لەمەودوا (رۆژنامەنووسان)یش لە زادەی بیری خۆیان، بەتایبەتی لەبواری رۆژنامەنووسیدا کە هەموو لایەنێکی ئەم بوارە دەگرێتەوە، بێبەش نەکەن، هیوادارین قەڵەمی بە برشتان گیانی هەردوو پێشڕەوانی ئەم کاروانە شارستانییەمان، (میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەگ بەدرخان)و تێکڕای شۆرە سوارانی ئەم بوارە شاد بکات.

**رۆژنامەڤانی**

# کۆن و نوێ لە تەرازووی گۆڕانکاریدا

زیرەك کەمال

بۆی هەیە ماوەو پانتایی نێوان دوو سەردەم و قۆناغی سیاسیی و کۆمەلایەتی بە چرکەکانی زەمەنی ساڵ و مانگ و هەفتە بپێورێت و هەر ئەو چرکەو کاتانەش لە رووی مێژووییەوە تەمەنی هەردوو کایە و قۆناغەکە دیاری بکات، بەلام مەرج نییە هیچ کاتێك زەمەن بتوانێت شوناسنامەو روخساری نوێ بەیەکێك لەو قۆناغە ببەخشێت و کۆنیشی بەوەی تریان. چونکە پێوەری تازەگەرو نوێخوازیو کۆن خوازی هەر قۆناغێك و بگرە بۆ هەر مرۆڤ و بزووتنەوەیەکی سیاسیو کۆمەلایەتیش بە نێوەرۆك ئەو ئاراستە فکری و سیاسی و دنیا بینینە، دەکرێت کە هەر یەکێك لەوانە هەلگرینی- هەرگیز ناکرێت بەسەردەمێك بلێین نوێ ئەگەر لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك چەمك و بونیادی تەقلیدیو فکرو ئاراستەی باو تێك نەشکێنێت و دوای ئەمەش سەرەتایەکی نوێ لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەلگا نەهێنێتە ئاراوە – ناشکرێت بەزەمەن و قۆناغێکی رابردوو بلێین کۆن و مردوو ئەگەر لە هەناوی خۆیدا چەندین توخم و رەگەزو دیاریدەی زیندووی هەلگرتبێت. لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەوە دەلێم من هەرگیز پێم وانییە رابردوو چەندە جوان و پرشنگدارو درەوشاوە بێت، ئێستای بە قوربان بکەین.

چیرۆکی کۆن و نوێ و کۆنە پەرست و تازە گەر لە مێژووی کۆمەلگای مرۆڤدا کۆنەو چەندین حالەت و رووداوی خوێناویشی بەخۆیەوە بینیوە، ئێمەش ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە بارو زروفێکدا دەژین کە کێشەی نێوان ئەو دووکایەو رەگەزە لە ئارادایەو بگرە تا رادەیەك ئەم کێشەیە بەرگی شەڕو توندو تیژیشی لەخۆیدا لوولداوەو پێشدەچێت کێشەکە لە داهاتوودا زیاتر ئاراستەی ژیانمان بەرەو ئالۆزی و رووداوی ناخۆش رەنگرێژ بکات، چونکە لای ئێمە نەکۆن ئامادەیە دەستبەرداری بوون و پلەو پایەی خۆی بێت نە نوێش بەم شێوەیە هاتۆتە ئاراوە کە مایەی هیواو ئومێدی هەموو لایەك بێت. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا کەمن ئەو خەلکانەی کە ئەمڕۆ لە رێگای قەلەم و چالاکی جۆراو جۆر ، جەنگی تازەگەریو نوێخوازی دەکەن و لەبەرامبەر ئەمەشدا کەمنین ئەوانەی کەشەڕ لە پێناوی پاك راگرتنی هەموو رابردووەکان و چەمك و دیارە رزیوەکان دەکەن، واتا لای ئێمە تەوژمی کۆن و نوێ هەردووکیان لە ئارادان، بەلام بەداخەوە کۆنەکە بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراوو رێکخراوی کارەکەی خۆی دەکات و نوێخوازیش تەنها لەسەر ئاستی تاکدا هەیەو بەپێی پێویست نەبۆتە هێزێکی کاریگەرو فشار بەر، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا پێم وایە لەو جەنگەدا هەر نوێ دەیباتەوە بەلام جارێش نا.

لە کاتێکدا قۆناغی دوای راپەڕینی ئازار لەهەرێمی لاوییەتی دابوو مێژووی ئێمە شەڕی نێوخۆیی بەرهەم هێنا- لەدوا مانگەکانی کۆتایی هاتنی سەدەی بیستەمیش ( جند الاسلام) بەرهەم هێنا . یەك لەو هەنگاوانەش کە، دوای ٩/ نیسان واتا رۆژی کەوتنی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر کەمایەی دلخۆشی بوویێت لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی یەکخستنەوەی سەندیکای رۆژنامەنوسان و یەکێتی رۆژنامەنوسان بوو، بەبێ زیادە رۆییش دەکرێت شێوازی ئەم یەکخستنەوەی ئەزموونی یەکخستنەوەی هەموو ئەو پارچانە بێت کە شەڕی نێوخۆی دروست کردوون.

# ROZHNAMAVANE

Aperiodical magazine specialized in press
Issued by Kurdistan Journalist's Union

